**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 54

**ساڵی/** 2009 – **بەرگی پەنجاوچوار**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی** 2009

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی (2009)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 54
چاپی یەكەم: 2009
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/8/20 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/8 ل 39

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/9 ل97

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/15 ل 155

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/16 ل213

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/10/6 ل221

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/10/19 ل 245

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/21 ل 273

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2009/10/26 ل 339

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/28 ل 441

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2009/11/15 ل 487

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/11/17 ل 569

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/12/2 ل 585

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/15 ل 591

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/29 ل 641



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 20\8\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك

## پێنج شەممە رێكەوتی 2009/8/20

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2009/8/20 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان, بە ئامادە بوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆكی پەرلەمان و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسپێكی خولی سێیەم, سالی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە حوكمی مادده (46،48،47) لە یاسای ژمارە (1)ی سالی 1992 ی هەموار كراودا، بەرنامەی كاری دانیشتنی كردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بەم شێوەیە دەبێت:

1-كردنەوەی دانیشتنەكە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز.

2-یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

3-ژەنینی سروودی نیشتمانیی عێراقی و سروودی نەتەوەیی كوردستان.

4-وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان (خولی دووەم) بە بۆنەی كۆتایی هاتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دەسپێكی خولی سێیەمی هەڵبژاردن.

5-بانگ كردنی بەتەمەنترین ئەندامی پالێوراوانی سەركەوتووی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ سوێند خواردن و بەڕێوەبردنی دانیشتنەكە.

6-سەرۆكی كاتیی دانیشتنی یەكەمی خولی سێیەم پالێوراوانی سەركەوتووی پەرلەمان بانگ دەكات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

7-سەرۆكی كاتیی دەرگای خۆپالاوتن دەكاتەوە بۆ پلەی سەرۆكی پەرلەمان و جێگری پەرلەمان و سكرتێری پەرلەمان وەبەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

8-سەرۆكی كاتیی دوو بچووكترین ئەندامی پەرلەمان بانگ دەكات بۆ ژماردن و جیاكردنەوەی دەنگەكان.

9-سەرۆكی كاتیی ئەنجامی هەڵبژاردن رادەگەیەنێت و داوا دەكات سەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان لە شوێنی تایبەت بەدەستەی سەرۆكایەتی دابنیشن.

10-سەرۆكی هەڵبژێردراوی پەرلەمان وتارێك پێشكەش دەكات، پاشان بۆ ماوەیەك پشوو بە دانیشتنەكە دەدات.

11- سەرۆكی پەرلەمان بانگهێشتنی سەرۆكی هەڵبژێردراوی هەرێم دەكات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

12-وتاری سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ.

13-وتاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ.

14-وتاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ.

15- وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

16-سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی بەدانیشتنەکە دەهێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی مەراسیمی کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان - عیراق دەکەینەوە، سەرەتای ئەم دانیشتنە بە چەند ئایەتێکی پیرۆز لە قورئانی کەریم لە لایەن مامۆستا کاوە با بفەرمێ.

**بەڕێز مامۆستا کاوە:**

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الله يأمر بالعدل و الاحسان و ايتاء ذي القربى و ينهى عن الفحشاء و المنكر والبغي يعظكم لعلكم تذكرون، واوفوا بعهد الله اذا عاهدتم ولا تنقضوا الايمان بعد توكيدها، وقد جعلتم الله عليكم كفيلاً، ان الله يعلم ما تفعلون و لاتكونوا كالتي نقضت غزلها من بعد قوة انكاثاً، تتخذون ايمانكم دخلاً بينكم ان تكون امة هي اربى من امة، انما يبلوكم الله به وليبينن لكم يوم القيامة، ما كنتم فيه تختلفون. صدق الله العظيم.

**بەڕێز عدنان رشاد موفتی:**

زۆر سوپاس، کردنەوەی ئەم خولە وەك هەمیشە پێویستە بەڕێزلێنان بێت بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عیراق، بە تایبەتی شەهیدانی رۆژی خوێناوی دوێنێ کە لە بەغدا بە کارێکی تیرۆرستی سەدان هاوولاتی شەهید بوون، سەدانی تریش بریندار بوون، بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە داواتان لێدەکەم ساتێك بوەستن، فەرموون.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان پاش وەستان دەقیقەیێك بۆ گیانی پاکی شەهیدان، عەزفی نەشیدی وەتەنی عیراقی، دواتر نەشیدی قەومی کوردی کرا، فەرموون.

زۆر سوپاس، بە پێی بەرنامەی کار ئێستاش وتاری بەندەیە، سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

زۆر بەڕێز جەنابی کاك مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان جێگری سەرۆکی هەرێمی کورستان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز قازی مدحت محمود، بەڕێز نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بەڕێزان وەزیرانی حکومەتی فیدرال و وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان سکرتێر و لێپرسراوانی حیزبەکانی عیراق و حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان پالێوراوانی پەرلەمان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان، ئیجازەم بدەن بە ناوی ئێوە بەخێراتنی هەموو مێوانە بەڕێزەکان بکەم، بە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشەوە، کە لە بیرم چوو ناویان بێنم.

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

سەرەتا پیرۆزبایی گەرم لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە بە شێوازێکی ئازاد و دیموکراسیانە بەڕێوەچوو، دەکرێ بە سەرکەوتنێکی مێژوویی

تۆمار بکرێت بۆ گەلەکەمان، لەڕووی ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و ئاستی هوشیاری ڕۆشنبیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چ لەڕووی بەشداریکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵك، بە تایبەتی بەشداربوونی ڕێژەییێکی دیاری ژنان و ئافرەتان، چ لە ڕووی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری خەڵك لە مامەلەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، چونکە نموونەیەکی پێشکەوتووی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستانەوە نیشانی دونیای دا، وەك پرۆسەییێکی دیموکراتی پێویست لە هەر کۆمەڵگایەك دا کە بیەوێ بەشێوەیەکی دیموکراتیانە ئالوگۆڕی دەسەڵات بکات، خەڵك بەشدار بێت لە دیاری کردنی نوێنەرانی خۆی بۆ قۆناغێکی دیاری کراو، بەم شێوەیەش کۆمەلگا پێش دەکەوێت و، گیرو گرفتەکان چارەسەر دەکرێت، لایەنێکی تری گرنگی پرۆسەکە لەوەدا خۆی دەگرێتەوە کە لە ئاستی نێو دەولەتییەوە بە بایەخەوە گرنگی بەو هەڵبژاردنەی کوردستان درا، وەك دیاریش بوو ژمارەیەکی بەرچاو لە چاودێرانی نێو دەوڵەتی بە تایبەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەی بیانی لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا حازربوون و شایەدی سەرکەوتنی پرۆسەکە و گەلی کوردستان بوون لەو قۆناغەدا، ڕاپۆرت و لێدوانەکانیان ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات، کە هەڵبژاردەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پرنسیپ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەچووە، کە ئەمەش جێگای شانازی گەلەکەمان و هەموو قەوارە سیاسییەکانە، دیارە لە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووش هیچ پرۆسەیەکی وا گرنگ نیە کە بێ کێشە و کەموکوڕی تێپەڕێت، بۆیە پێویستە ئەو تێبینی و سەرنجانەی لێرە و لەوێ خرایە ڕوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەهەند وەربگیرێن، بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکان دووبارە نەبنەوە، ئەمەش مەسئولیەتی گشت قەوارە سیاسییەکانە کە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەین، بە ئومێدی بەرەوە پێشچوون و دابین کردنی تەواوی پیداویستیە تەکنیکیەکان، تا دەگاتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بەڕێوەبردن و شێوازی لێکدان دا، خوشك و برایانی بەڕێز بە ناوی سەرۆکایەتی و ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەم، پیرۆزباییێکی گەرم لە جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین بە بۆنەی وەرگرتنی ئەو متمانەیەی کە لەلایەن گەلەکەمانەوە پێی دراوە و، بۆ جاری دووەم وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، بە ئومێدی سەرکەوتنی تەواو لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی و پیادەکردنی بەڵێن و بەرنامەکانی هەڵبژاردن لە پێناو پێشخستنی کۆمەلگای کوردستان لە هەموو لایەکەوە، هەروەها پیرۆزبایی گەرم لە گشت کاندیدانی هەڵبژێردراو بۆ ئەندامییەتی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە دوای چەند ساتێکی تر پاش سوێند خواردنیان وەك ئەندامانی نوێی پەرلەمان لێپرسراوییەتی ئەو پۆستە دەخرێتە ئەستۆیان، دیارە بەهۆی گرنگی قۆناغەکەوە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی زۆر شت لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن لەڕووی بەجێگەیاندنی ئەو بەڵێنانەی کە لە بەرنامەی سیاسی قەوارە سیاسیەکانا هاتووە، ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی کوردستان دراوە، پێویستە وەك پێداویستییەکی گرنگ لە قۆناغی ئێستا و داهاتوو جێبەجێ بکرێت بۆ پێشخستنی کۆمەلگا، لە پێش هەموویانەوەش خزمەتکردنی کۆمەلانی خەڵك لە ئاوەدان کردنەوە و دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی

حوكمی یاسا و خزمەتكردنی زیاتری كەس وكاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و كیمیاباران، دیارە ململانێی سیاسی و حیزبی كارێكی سروشتیە لە هەموو كۆمەڵێكی دیموكرات و ئازاد دا، لە كوردستانیش شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ئەو ململانێیەی پێوە دیار بوو، خەڵكی كوردستانیش بەو سەرخستنەی پرۆسەی هەڵبژاردن، سەركەوتنێكی تریان بۆ مێژووی خەباتی گەلەكەمان تۆماركرد، بەلاَم پێویستە هەمیشە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێ كە پاراستنی ئەو ئازادییە و سەرجەم دەستكەوتەكانی گەلەكەمان كە بە خوێنی هەزاران هەزار شەهید و قوربانیانی كارەساتەكانی كیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدكردنی گەلەكەمان و وێران كردنی كوردستان بەدەست هاتووە، بەندە بە بایەخ دانی زیاتر بە یەكڕیزی گەلەكەمان و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و،بە یەك هەڵوێستی و مامەلەكردن لەگەڵ بەرژەوەندی و پرسە چارەنووس سازەكانی گەلەكەمان، بە تایبەتی جێبەجێكردنی ماددەی 140 و، یەكلاكردنەوەی ئەو ناكۆكیانەی كە لە نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدرال دا هەیە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم تەئكید لەسەر پابەندبوون بە دەستووری هەمیشەیی عیراق بكەینەوە بۆ چارەسەر كردنی تەواوی كێشەكان، پێویستە هەموو لا دەستوور بكەینە بنەمای چارەسەر كردنی ناكۆكییەكانی ئێستا و داهاتوو، سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كە لە سەرەتای خولی دووەمی پەرلەمان دا كاری لەسەر كرا و پێش كۆتایی هاتنی خولەكەش بە زۆرینەی زۆری دەنگی ئەندامانی پەرلەمان لە 24 ی حوزەیرانی 2009 پەسند كرا، دەستكەوتێكی گرنگ و مێژوویی خەباتی گەلەكەمانە، لەبەر گرنگی پرۆژەكە و، بۆ ئاگاداربوونی خەڵك لە ناوەرۆكەكەی زیاتر لە 850 هەزار دانە لە پرۆژەكە چاپكراوە بەسەر خەڵكی كوردستان دابەش كراوە، بە ئومێدی ئەوەی بەپێی یاسا كاری پێویست ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕاپرسی لەسەر دەستوور دیاری بكرێت، خەڵكی كوردستان لە ئایندەیەكی نزیكدا ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، دیارە دەبێ ئاماژە بەوە بكەین كە ئەم دەستوورە بۆ هەموو خەڵكی كوردستانە بە كورد و عەرەب و توركمان و كلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەنەوە، نەك تەنیا بۆ نەتەوەی كورد و یان حیزبێك و لایەنێكی سیاسی، لیژنەی پێداچوونەوەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووریش لەو چوار ساڵەی كە كاری بۆ ئەم پرۆژەیە كردووە هەموو قۆناغەكانی پێویستی تێپەڕاندووە بە تایبەتی كە ساڵێك زیاتر بە دواچوونی لەسەر ئەو تێبینی و پێشنیازەی حیزب و ڕێكخراو و كەسانی پسپۆر دا كرد و، زۆریشی بە هەندوەرگرتبوو كە لەخزمەتی دەوڵەمەندكردنی پرۆژەكەدا بوون، بەو پەڕی بەرپرسیاریەتیشەوە هەوڵی داوە كە ئەو دەستوورە ناكۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عیراق، بۆیە پێموایە داڕشتنی ئەو پرۆژەیە واقیع بینانەیە و، تەعبیر لەڕای زۆرینەی خەڵكی كوردستان دەكات بەرچاوكردنی فرەنەتەوەیی و چەسپاندنی تەواوی مافەكانی دیموكراسی و ئازادی ماڤ تاكە لە كۆمەڵدا، دیارە ئەگەر ڕۆژگار هەر كەموكورتییەكی دەستو ورەكەی دەرخست دەكرێت هەمواربكرێت بە پێی ئەو میكانیزمەی كە لە خودی دەستوورەكەدا هاتووە، بەڕێزان ئەگەر بە شێوەیێكی كورت ئاماژە بە خولی دووەمی پەرلەمان بكەین كە لە قۆناغەكی جیاواز لەگەڵ قۆناغی ئێستا و، خولی نوێی پەرلەمان بەڕێوەچووە، چونكە ئەركەكانی چوار ساڵی ڕابردوو

جیاواز بوون لەگەڵ ئەم قۆناغە، بەڵام بەشێوەیێکی گشتی پەرلەمانی خولی دووەم توانی زۆربەی ئەو بەڵێنانەی کە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی ساڵی 2005 دا بە خەڵکی دابوو جێبەجێیان بکات، بە تایبەتی یەکخستنی هەردوو ئیدارەی هەرێم و دەرکردنی دەیان یاسا و بڕیاری گونجاو کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵك و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە و پرۆسەی دیمەکراسی و دابینکردنی ئازادی بوو لە گشت بوارەکاندا، لە چوار ساڵی ڕابردوودا پەرلەمان 92 یاساو 49 بڕیاری جۆراو جۆری دەرکردووە دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، وەك یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، یاسای وەبەرهێنان، یاسای نەوت و گاز، یاسای تایبەت بە مافی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، یاسای سندووقی پشتگیری و هاوکاری بۆ خانەوادەی شەهیدان، یاسای دەسەڵاتی دادوەری، یاسای دیوانی چاودێری دارایی، یاسای پەسند کردنی بودجەی هەرێم لە ساڵانی (2007 ، 2008، 2009 )، یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە، یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە، یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان، یاسای ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری، یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، یاسای پەسند کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن،یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشان لە شوێنە گشتییەکان، یاسای ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بڕیاری سەرف کردنی قەرزی خانوو و بەرە، جگە لە دەیان یاساو بڕیاری تر کە لە بوارە جیاجیاکان دا بۆ خزمەتکردن و بەرژەوەندی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەرچووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی گشت ئەندامانی خولی دووەمی پەرلەمان و لیژنەکان بکەم هەر یەکە بە پێی ماندوو بوون و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، هەروەها سوپاسی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران بکەین لە ڕووی هاوکاریکردنیان لەگەڵ پەرلەمان، ئامادەبوونیان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی ئەو بانگهێشتانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە بۆیان چووە، دیارە هیچ کەسێك و لایەنێك و دەزگایەکیش بێ کەم وکوڕی نابێ، بۆیە دەبێ لە هەندێك بواردا ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە وەك پێویست نەمانتوانیوە ئەرکەکانمان بەجێبێنین، چ بەوەی فاکتەری بابەتی کە بایەخێکی زیاتر بە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان و نەهێشتنی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی لە کوردستان دا هەبوو، چ بە هۆی پێویستی بایەخدانی زیاتر بە داڕشتنی یاسا و بڕیاری پێویست بۆ ڕێکخستنی یاسا و بڕیارەکانی سەردەمی دوو ئیدارەیی، بۆیە ئەرکی پەرلەمان لە چاودێریکردنی حکومەت و کاری وەزارەتەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێ کردنی یاساکان وەك پێویست بەڕێوە نەچووە هەرچەندە ئەمە مەسئولییەتێکی هاوبەشە، پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسا دانان بە یەکەوە خەبات بکەن دژی هەموو دیاردەیەکی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا، لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵێکی مەدەنی کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و دەسەڵاتی یاسا بینا کرابێ، جگە لەم سێ دەسەڵاتەش دیارە لەو مەسەلەیەدا میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لێرەدا وێرای

سوپاس و دەستخۆشی لە میدیاکان بە گشتی کە بایەخیان بە چالاکیەکانی پەرلەمان داوە، بەوانەشەوە کە ڕەخنەی ڕاست و بابەتیان لە پەرلەمان گرتووە و سوودی لێ وەرگیراوە بۆتە هاندەرێك بۆ بە دوا داچوون و چارەسەر کردنی بابەتەکان، ئومێد دەکەم نموونەیان زۆر بێت، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کار دەکەن پێویستە ڕەچاوی یاسای کاری ڕۆژنامە نووسی بکەن لە پێش هەموویانەوە ڕەچاو کردنی ئەرکی گەیاندنی ڕاستیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵك لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و ئەتەکێتی کاری ڕۆژنامەنووسین، لە کۆتایی دا کە دوا ساتە بۆ خولی دووەمی پەرلەمان جێی خۆیەتی ئاماژە بەو پرۆژە یاسایانە بکەین کە لە چەند مانگی ڕابردوودا لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر کاریان لەسەر کردووە بە هۆی نەبوونی کات، بوار نەبووە تەواو بکرێن، ئومێدەوارم کە خولی داهاتوو بە بایەخەوە بیانخاتە بەرنامەی خۆی و وەك یاسا دەربچێت، چ ئەو پرۆژانەی لیژنەکان ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادەکردووە، چ ئەوانەی ڕەوانەی حکومەتی هەرێم کراوە، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان، پێویست دەکات جارێکی تر بەپێی یاسا بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و بخرێنە بەرنامەی کاری خولی نوێ، بۆ نموونە ( پرۆژەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی خێزان، پرۆژەی یاسای وەدەستهێنانی زانیاری، پرۆژەی یاسای بودجەی حزبەکان، پرۆژەی یاسای زمەی مالی، پرۆژەی یاسای دیارکردنی رۆژی ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆژەی یاسای پاراستنی بەکاربەر (حمایە مستهلك)، پرۆژەی یاسای نەهێشتنی قۆرخ کردن، پرۆژەی یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان، ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان، پرۆژەی یاسای خاوەنێتی هزی و هونەری لە کوردستاندا، (حمایە الحقوق الملکیە فکریە والفنیە)، پرۆژەی یاسای هەموارکردنی باجی دەرامەت)، لەکۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایتان لێدەکەم، پاڵێوراوانی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەم و ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانتان، هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن، سوپاس.

لێرەدا کۆتایی بەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دێنین، داوا لە بەڕێز کاك شێروان ناصح حەیدەری دەکەم، کە بەتەمەنترین کاندیدی ئامادەبووی ئەم هۆڵەیە، لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی سێیەم، بفەرمووێت بۆ سوێند خواردن وبەڕێوەبردنی ئەم دانیشتنە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شێروان ناصح حەیدەری)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش کۆبوونەوەی کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانە.

بەڕێزان دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەك دەكەین، زۆر زۆر بەخێربێن بەسەرچاو، سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم كە دەست پێكی ئەم كۆبوونەوەیە، بەدوو خاڵ دەست پێدەكات، یەكەمیان: سوێندخواردنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژێردراوە، دووەمیشیان: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی تازەیە، دیارە بەنیسبەت سوێندخواردنی ئاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە ماددەی (10 و11 و 12) لە پێڕەوی ناوخۆ هاتووە، لەهەمان كاتدا لە ماددەی (47)لە یاسایی ژمارە (1)ی ساڵی 1992 هاتووە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەست بەكار بن و مافی تەواوی ئەندامێتیان پێ بدرێت پێویستە سوێندی یاسایی لەبەردەم پەرلەماندا بخۆن، بۆیە بەپێی ئەو ماددانە داوا لەیەكە یەكەی ئەندامانی بەڕێزی هەڵبژێردراو دەكەم، كە بفەرموون بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن بەپێی ئەو تەسەلسول و ئەو ناوانەی كە لەلایەن كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانەوە بۆمان هاتووە، ئێستاش دەست بەناوی ئەندامانی لیستی كوردستانی دەكەین، یەكەم ناو لەو لیستە د. بەرهەم ئەحمد صالحە، با بفەرمووێت بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صاڵح:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (بەرهەم ئەحمد صاڵح) م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزن ئێستا پێنج، پێنج ناوەكان بانگ دەكەم بۆ ئەوەی لەولاوە سەرە بگرن، تا یەكە، یەكە سوێندی یاسایی بخۆن بەڕێزان (د. رۆژان عبدالقادر احمد بایز دزەیی، محمود محمد محمود، سۆزان شهاب نوری صاڵح، محمد قادر عبدالله محمد، ارسلان بایز اسماعیل محمد).

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (رۆژان عبدالقادر احمد دزەیی)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم).

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (سۆزان شهاب نوری صالح)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله ( د. كەمال كەركووكی):**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (محمد قادر عبدالله محمد)م ناسراو بە ( د. كەمال كەركووكی)، سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم).

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (ارسلان بایز اسماعیل محمد صادق)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەلّ و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزان ( زکیە صالح عبدالقادر رشید، رزگار محمد امین حمە سعید، حسن محمد سورە محمد، تارا تحسین یاسین تقی الدین، فرست احمد عبدالله الیاس، عونی کمال سعید عزیز بەزاز، ئەڤین عمر احمد فرج، عمر عبدالرحمن علی عبدالله).

**بەڕێز زکیە صالح عبدالقادر رشید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (زکیە صالح عبدالقادر رشید)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز رزگار محمد امین حمە سعید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (رزگار محمد امین حمە سعید)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز حسن محمد سورە محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (حسن محمد سورە محمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز تارا تحسین یاسین تقی الدین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (تارا تحسین یاسین تقی الدین)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز فرست احمد عبدالله الیاس:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (فرست احمد عبدالله الیاس)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عونی کمال سعید عزیز بەزاز)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (ئەڤین عمر احمد فرج)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی عبدالله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عمر عبدالرحمن علی عبدالله)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزان( شیلان عبدالجبار عبدالغنی ابراهیم، عمر حمد امین خدر قادر، اسماعیل محمود عبدالله ابـراهیم، کەیلی اکرم احمد اومر، شوان عبدالکریم جلال محمود، عبدالسلام مصـطفی صدیق علـی، نیشـتمان مرشـد صالح اسماعیل، عیماد محمد حسین حسام الدین، گۆران ئازاد محمد عبـدالله، صـبیحە احمـد مصـطفی شـوان، سەردار رشید محمد احمد).

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی ابراهیم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان مـن (شـیلان عبـدالجبار عبـدالغنی ابـراهیم)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز عمر حمد امین خدر قادر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عمر حمد امـین)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگـاری لەیـەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله ابراهیم:**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان مـن (اسماعیـل محمـود عبـدالله ابـراهیم)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال محمود:**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان مـن (شـوان عبـدالکریم جـلال محمـود)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد اومر:**

بەناوی خوای گـەورەو میهرەبـان مـن (کـەیلی اکـرم احمـد اومـر)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگـاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق علی:**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان مـن (عبدالسـلام مصـطفی صـدیق علـی)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح اسماعیل:**

بـەناوی خـوای گـەورەو میهرەبـان مـن (نیشـتمان مرشـد صـالح اسماعیـل)م سـوێندبێ بەیـەزدانی مـەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز عیماد محمد حسین حسام الدین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عیماد محمد حسین حسام الدین)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد عبدالله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (گۆران ئازاد محمد عبدالله)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى شوان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (صبیحە احمد مصطفى شوان)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز سەردار رشید محمد احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (سەردار رشید محمد احمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزان( بەشیر خلیل تۆفیق عبدالواحد، شونم محمد غریب طە، صباح بیت الله شکر محمود، شۆڕش مجید حسین مرسل، شلێر محی الدین صالح محمد، رفیق صابر قادر طە، فاضل محمد قادر نادر، تارا عبدالرزاق محمد عمر، قادر حسن قادر حسن، سەروەر عبدالرحمن عمر باوەکر).

**بەڕێز بەشیر خلیل تۆفیق عبدالواحد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (بەشیر خلیل تۆفیق عبدالواحد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شونم محمد غریب طە:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شونم محمد غریب طە)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز صباح بیت الله شکر محمود:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (صباح بیت الله شکر محمود)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز رفیق صابر قادر طە:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (رفیق صابر قادر طە)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين مرسل:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شۆڕش مجيد حسين مرسل)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شلێر محی الدين صالح محمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز فاضل محمد قادر نادر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (فاضل محمد قادر نادر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد عمر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (تارا عبدالرزاق محمد عمر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز قادر حسن قادر حسن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (قادر حسن قادر حسن)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر باوەکر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (سەروەر عبدالرحمن عمر باوەکر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزان( امينە زکری سعيد يوسف، محمد دلێر محمود، خورشيد احمد سليم يونس، شلێر محمد نجيب عبدالحميد، حازم تحسين سعيد علی، ئاراس حسين محمود کريم، ژيان عمر شريف عبدالله، سالار محمود مراد علی، دڵشاد شهاب حاجی محمد، پەروين عبدالرحمن عبدالله اسعد).

**بەڕێز امينە زکری سعيد يوسف:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (امينە زکری سعيد يوسف)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز محمد دلێر محمود فتاح عبدالله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (محمد دلێر محمود فتاح عبدالله)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (خورشید احمد سلیم یونس)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز حازم تحسین سعید علی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (حازم تحسین سعید علی)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز شلێر محمد نجیب عبدالحمید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شلێر محمد نجیب عبدالحمید)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز ئاراس حسین محمود کریم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (ئاراس حسین محمود کریم)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز ژیان عمر شریف عبدالله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (ژیان عمر شریف عبدالله)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز سالار محمود مراد علی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (سالار محمود مراد علی)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (دڵشاد شهاب حاجی محمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله اسعد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (پەروین عبدالرحمن عبدالله اسعد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێزان( شڤان احمد عبدالقادر عزیز، خلیل عثمان حمدامین رسول، لانە احمد محمود عبدالقادر، محمد احمد علی عبدالرحمن، بکر کریم محمد صالح، گەشە دارا جلال احمد، عمر صدیق محمد ابراهیم، دانا سعید سۆڤی حمد، سمیرە عبدالله اسماعیل معروف، عبدالله علی ابراهیم حسین، جمال طاهر ابراهیم محمد، بێریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ، علی حسین محمد حسن).

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر عزیز:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (شڤان احمد عبدالقادر عزیز)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین رسول:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (خلیل عثمان حمدامین رسول)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز لانە احمد محمود عبدالقادر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (لانە احمد محمود عبدالقادر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز محمد احمد علی عبدالرحمن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (محمد احمد علی عبدالرحمن)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز بکر کریم محمد صالح:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (بکر کریم محمد صالح)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز گەشە دارا جلال احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (گەشە دارا جلال احمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز عمر صدیق محمد ابراهیم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عمر صدیق محمد ابراهیم هەورامی)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز دانا سعید سۆڤی حمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (دانا سعید سۆڤی حمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل معروف:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (سمیرە عبدالله اسماعیل معروف)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (جمال طاهر ابراهیم محمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (بێریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم حسین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عبدالله علی ابراهیم حسین)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز علی حسین محمد حسن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (علی حسین محمد حسن)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

لیستی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی( بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی مظهر) لیستی گۆڕان بەڕێزان( نەوشیروان مصطفی امین خضر، کوێستان محمد عبدالله معروف علی، عثمان عولا قادر عبدالله، پەیمان عزالدین عبدالرحمن مصطفی، محمد تۆفیق حمە رحیم کریم، شاهۆ سعید فتح الله فتح الله، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر رسول، کاردۆ محمد پیرداود حاجی، زانا رؤوف حمە کریم صالح).

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی مظهر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (هاژە سلێمان مصطفی مظهر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله معروف:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (کوێستان محمد عبدالله معروف علی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (پەیمان عزالدین عبدالرحمن)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر رسول:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (پەیمان عبدالکریم عبدالقادر رسول)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (شاهۆ سعید فتح الله)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود حاجی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (كاردۆ محمد پیرداود حاجی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە كریم صالح:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (زانا رؤوف حمە كریم صالح)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز پەریهان قوبلای محمد علی، بەڕێز برهان رشید حسن محمود، بەڕێز كاروان صالح احمد رسول، بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله عبدالرحیم، بەڕێز جعفر علی رسول محمد، بەڕێز عدنان عثمان محمد علی، بەڕێز سیویل عثمان احمد محمد، بەڕێز رێباز فتاح محمود نادر، بەڕێز نەریمان عبدالله قادر احمد، بەڕێز پەیام احمد محمد امین محمد.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد علی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (پەریهان قوبلای محمد علی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز برهان رشید حسن محمود:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (برهان رشید حسن محمود)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم، هەروەها سوێندیش دەخۆم بەرگری لە سیستەمی دیموكراتی ماف و ئازادیی مەدەنی و سیاسیەكانی وڵاتی خۆم بكەم.

**بەڕێز كاروان صالح احمد رسول:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (كاروان صالح احمد رسول)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله عبدالرحیم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

مـن (ڤیـان عبـدالرحیم عبـدالله)م سـوێند بـێ بـە یـەزدانی مـەزن پارێزگـاری لـە یـەکێتی گـەل و خـاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز جعفر علی رسول محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (جعفر علی رسول محمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود نادر:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (رێباز فتاح محمود نادر)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد علی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عدنان محمد علی)م سـوێند بـێ بـە یـەزدانی مـەزن پارێزگـاری لـە یـەکێتی گـەل و خـاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (سیویل عثمان احمد)م سوێند بێ بە یـەزدانی مـەزن پارێزگـاری لـە یـەکێتی گـەل و خـاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز پەیام احمد محمد امین محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (پەیام احمد محمد امین)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز نریمان عبدالله قادر احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (نریمان عبدالله قادر)م سوێند بێ بە یـەزدانی مـەزن پارێزگـاری لـە یـەکێتی گـەل و خـاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی، بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید حسین، بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا، بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد محمود، بەڕێز عبدالله محمد نوری عبدالمحمد امین، بەڕێز نەسرین جمال مصطفی نجیب.

لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی:

بەڕێز احمد ابراهیم علی احمد، بەڕێز گولیزار قادر اسماعیل امین.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (اسماعیل سعید محمد گەلاڵەیی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید حسین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (پێشەوا تۆفیق مغدید حسین)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز احمد ابراهیم علی احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (احمد ابراهیم علی احمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عظیمة نجم الدین حسن)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری عبدالمحمد امین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عبدالله ملا نوری)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سرهنگ فرج محمد محمود:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (سەرهەنگ فرج محمد محمود)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى نجیب:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (نەسرین جمال مصطفى نجیب)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل امین:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (گوڵێزار قادر اسماعیل)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی:

بەڕێز عمر عزیز بهاءالدین صادق، بەڕێز سەرگول رضا حسن حمەخان، بەڕێز عبدالله محمود محمد سان احمد، بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری، بەڕێز فاضل حسن اسماعیل حسن، بەڕێز صباح محمد نجیب حسن، بەڕێز هاوار شێخ احمد حمد مام بایز، بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حمە بەگ، بەڕێز احمد سلێمان عبدالله حمە، بەڕێز بەفرین حسین محمد ولدخان.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین صادق:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عمر عبدالعزیز بهاءالدین صادق)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز سرگول رضا حسن حمەخان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (سەرگوڵ رضا حسن)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد سان احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عبدالله محمود محمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (بەیان احمد حسن کۆچەری)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل حسن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (فاضل حسن اسماعیل)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز صباح محمد نجیب حسن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (صباح محمد نجیب حسن)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حمە بەگ:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (سمیر سلیم امین بەگ حمە بەگ)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز هاوراز شێخ احمد حمد مام بایز:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (هاوراز شێخ احمد حمد مام بایز)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله حمە(بلال سلێمان):**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (احمد سلێمان عبدالله ناسراو بە بلال سلێمان)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد ولدخان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (بەفرین حسین محمد ولدخان)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز حمە سعید حمە علی ئەورحمان محمد، بەڕێز ایوب نعمت قادر رحمان، بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم عبدالرحیم.

لیستی:

بەڕێز سالم تۆما کاکۆ برایموك، بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین اسماعیل.

لیستی کلدانی ئاشووری سریانی:

بەڕێز ثائر عبدالاحد اوغسطين مۆشێ، بەڕێز سۆزان يوسف خۆشابە عصرانی، بەڕێز امير گوگا يوسف عۆديش.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علی ئەورحمان محمد:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (حمە سعيد حمە علی ئەورحمان محمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر رحمان:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (ايوب نعمت قادر)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم عبدالرحيم:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (ناسك تۆفيق عبدالكريم عبدالرحيم)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ برايموك:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (سالم تۆما كاكۆ برايموك)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز پائر عبدالاحد اوغسطين مۆشێ:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (ثائر عبدالاحد اوغسطين)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز جيهان اسماعيل بنيامين اسماعيل:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (جيهان اسماعيل بنيامين اسماعيل)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز سۆزان يوسف خۆشابە قصرانی:**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.

من (سۆزان يوسف خۆشابە قصرانی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندييە بالآكانی بكەم.

**بەڕێز امیر گوگا یوسف عۆدیش:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (امیر گوگا یوسف عۆدیش)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی:

بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین عبدالله، بەڕێز حمدیة معروف احمد طه، بەڕێز یاووز خورشید عثمان یونس.

لیستی هەولێری تورکمانی:

بەڕێز شێردڵ تحسین محمد حمادی.

لیستی چاکسازی تورکمانی:

بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل عبدالصمد، بەڕێز ارام شاهین داود باکۆیان لە برا ئەرمەنیەکانە.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین عبدالله:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (یشار نجم الدین نورالدین عبدالله)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان یونس:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (یاووز خورشید عثمان یونس ارسلان)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز حمدیە معروف احمد طه:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (حمدیة معروف احمد طه)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد حمادی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (شێردڵ تحسین محمد حمادی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاَکانی بکەم.

**بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل عبدالصمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (عبدالقادر اکرم جمیل عبدالصمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز ارام شاهین داود باکۆیان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (ارام شاهین داود باکۆیان)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێزان.

لێرەدا دێینە کۆتایی ناوەکان و دوایی سوێند خواردنی ئەندامانی پەرلەمانی تازە بەناوی ئێوەی بەڕێزەوەو بەناوی خۆم پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمانی تازە دەکەم، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە ژیانی پەرلەمانی خولی سێیەمدا.

بەڕێزان.

ئێستا دەچینە خاڵی دووەم، ئەویش پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، دیارە بە پێی مادده 13 لە پێڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان و مادده (47) لە یاسای ژمارە (1)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992، پێویست بەوە دەکات کە دەستەی سەرۆکایەتی لە یەکەم دانیشتندا هەڵبژێردرێ، پرۆژەی هەڵبژاردن یاخود پرۆسەی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت، سەرەتا دەرگای پاڵاوتن بۆ سەرۆکی پەرلەمان دەکرێتەوە، دواتر دەرگای پاڵاوتن بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکرێتەوە، دواتریش دەرگای پاڵاوتن بۆ سکرتێری پەرلەمان دەکرێتەوە، پاشان دەرگایەکان دادەخرێ و، دواتر پرۆسەی دەنگدان دەست پێ دەکات، ئێستا داوا لە لیستەکانی ناو پەرلەمان دەکەم، ئەوانەی کە کاندیدیان هەیە بۆ لیستی سەرۆکی پەرلەمان، با ناوی سیانی رابگەیەنن، دەرگای پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەکەینەوە، فەرموون.

**بەڕێز بەرهەم احمد صالح:**

بەڕێز کاك شێروان، ئێمە لە لیستی کوردستانی، پێشنیازی (محمد قادر عبدالله) ناسراو بە (د.کمال کەرکوکی) دەکەین، بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڵێ، ئێستا دەرگای پاڵاوتن کراوەیە، هەر لیستێکی دیکە ئەگەر کاندیدی تری هەیە با بفەرمووی ناوی سیانی رابگەینێت، ئەگینا هەوڵ دەدەین دەرگای پاڵاوتن دابخەین، دەرگای پاڵاوتن بە نیسبەت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دادەخەین، یەك کاندید هەیە ئەویش کاندیدی لیستی کوردستانیە، بەڕێز( محمد قادر

عبـدالله)، كـه ناسـراوه بـه (د.كـەمال كـەركووكی)، ئێستا دەرگـای پـاڵاوتن دەكەینـەوە بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان، داوا لـە لیسـتەكان دەكـەین كـە ئەگـەر پاڵێوراویـان هـەبێ، بـا نـاوی سـیانی رابگـەینن، فەرموو د.بەرهەم.

**بەڕێز د.بەرهەم صالح احمد:**

بەڕێز كاك شێروان ئێمە لـە لیسـتی كوردسـتانی، پێشـنیازی كـاك (د.ئەرسـەلان بـاییز) دەكـەین، بـۆ پۆسـتی جێگری سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڵێ، دەرگای پاڵاوتن كراوەیە ئەگەر هەر كاندیدێك هەبێ بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی پەرلەمان لـە لایـەن لیستەكانی ترەوە، ئەگەر كاندیدی تر نەبێ محاوەلە دەكەین دەرگای پـاڵاوتن دابخـەین، دیـارە یـەك كاندیـد هەیـە بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان، ئـەویش بـەڕێز (د.ئەرسـەلان بـاییز)ە، بۆیـە ئێمـە دەرگـای پـاڵاوتن دادەخـەین بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان، ئێسـتا دەرگـای پـاڵاوتن بـۆ پۆسـتی سـكرتێری پەرلەمان دەكەینەوە، داوا لە لیستەكان دەكەین ئەگەر كاندیدیان هەبێ بـۆ پۆسـتی سـكرتێری پەرلـەمان بـا بفەرمووێ ناوی سیانی بڵێ، فەرموو كاك د.بەرهەم.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح:**

بەڕێز كاك شێروان ئێمە لە لیستی كوردستانی پێشنیازی كاك (فرسەت احمد عبـدالله) دەكـەین، بـۆ پۆسـتی سكرتیری پەرلەمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

دیارە لیستی كوردستانی بەڕێز(فرسەت احمد عبدالله) كاندید دەكات بۆ پۆستی سكرتێری پەرلەمان، داوا لە لیستەكانی تریش دەكـەین، ئەگـەر كاندیـدیان هەیـە بـۆ ئـەو پۆسـتە، فـەرموون نـاوی سـیانیان رابگەیـەنن، دەرگای پاڵاوتن كراوەیە ئەگەر هەر لیستێك كاندیدی هەیە بۆ پۆستی سكرتیری پەرلەمان، ئەگەر كەس نیە دەرگای پاڵاوتن بە نیسبەت پۆستی سكرتیری پەرلەمان دادەخەین، تـەنها كـاك (فرسـەت احمـد عبـدالله) كـە كاندیدی لیستی كوردستانیە، بۆ وەرگرتنی پۆستی سكرتیری پەرلەمان، بۆیـە دەرگاكـە دادەخـەین، بـەڕێزان، بـە پێـی مـاددە (11) لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی پەرلـەمان، پێویسـتە ئەنجامـەكانی هەڵبـژاردن رابگەیـەنین، ئەنجامـەكانی هەڵبـژاردن بـەم شـێوەیە، بـەڕێز كـاك (د.كـەمال كـەركووكی) پۆسـتی سـەرۆكی پەرلـەمان وەردەگرێت، بـەڕێز كـاك (ئەرسـەلان بـاییز) پۆسـتی جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان وەردەگرێـت، بـەڕێز كـاك (فرسـەت احمـد عبـدالله) پۆسـتی سـكرتێری پەرلـەمان وەردەگرێـت، كەسـی تـر نیـە لەبـەر ئـەوەی هـیچ مونافسێك نەبوو، ئێستا داوا لە بەڕێز كاك كەمال كـەركووكی، سـەرۆكی پەرلـەمان و كـاك ئەرسـەلان بـاییز جێگری سەرۆكی پەرلەمان و كاك فرسەت احمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان دەكەم، كـە بفـەرموون جێگـای تایبەتی خۆیان لێرە وەربگرن، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر كۆبوونەوەكە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کەمال کەرکووکی):**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، ڕێزدار جەنابی کاك (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار کاك (کۆسرەت رەسول) جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار کاك (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار کاك (عیماد احمد) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار کاك (عەدنان موفتی) سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، باڵوێز و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و قونسولگەرەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتانی جیهان، سەرۆك و نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و پارتە سیاسیەکان، ڕێزدار د.مدحت محمود سەرۆکی دادگای ئیتیحادی، کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی و دادوەران و رۆشنبیران و رۆژنامە نووسان، بەخێر بێن، ڕێزداران، یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمانی خولی دووی کوردستان، زۆر بەخێر بێن، بەر لە هەموو شتێك، سڵاو و ڕێز بۆ گیانی پاکی شەهیدە سەربەرزەکانی کورد و کوردستان و هەموو عێراق، سڵاو بۆ گشت خوشك و برایەکی پێشمەرگە لە هەر شوێنێکدا هەن، سڵاو و ڕێز بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان دوورن و لە هەندەران دەژین، بیر و دڵیان لە کوردستانە، سڵاو بۆ گشت دانیشتووانی کوردستان و عێراق، هەڵگرانی بیری پاکی ئازادی، ئامادەبووانی بەڕێز، بەخێر بێن و سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، لە ڕیورەسمی دەستپێکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، زۆر بەخێر بێن، ڕێزداران، بەناوی خۆم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و گشت پەرلەمانتارانی ئەم دەورەیە، بە دەرفەتی دەزانین پیرۆزبایی لە گشت گەلی عێراق بکەین، بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، هەروەها پیرۆزبایی گەرم لە یەکەم سەرۆکی سەربڵندی هەڵبژاردراوی گەلی کوردستان، ڕێزدار کاك(مسعود بارزانی) بکەین، ڕێز و سڵاوی بێ پایان لەیەکە یەکەی پەرلەمانتارانی خولی دووەم، بە تایبەتی ڕێزدار کاك (عەدنان موفتی)، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، خولی دووەم دەکەین، سوود لە ئەزموون و شارەزایی ئەوان وەربگرین، دەبێ ڕێز لە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو ئەوانە وەربگرین کە دەوریان هەبووە لە دانان و دامەزراندنی بناغە و بەرز راگرتنی ئەم سیستەمە سیاسیە دیموکراتیەی ئەمڕۆی کوردستان، کە بوویتە جێی چاوی هەموو وڵاتپارێز و دیموکراتخوازانی گەلەکەمان، سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار کاك (نێچرڤان بارزانی) و جێگرەکەی و تەواوی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، کە رۆڵی زۆر گرنگ و کاریگەریان نواند بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەهێز کردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان، ئەم پەرلەمانەی ئێستامان وەکو هەردوو دەورەی یەکەم و دووەم، پەرلەمانێکی فرە ڕەنگە، لە رووی نەتەوەیەوە، کورد، تورکمان، کلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەنی، تێدایە، لە رووی ئایینەوە موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی تێدایە، لە رووی سیاسی و حیزبیەوە، نوێنەرایەتی 15 حیزب و گروپ و ڕەوتی سیاسی جیا جیا لە خولی ئەم پەرلەمانەدا جێگای خۆیان گرتووتەوە، جێگای شانازییە بۆ گەلی کوردستان، ڕێژەی ئافرەتان لەم پەرلەمانەی ئەم خولەی 35٪و بەشێکی بەرچاوی پەرلەمانتاران لە خوارووی 40

ساڵیەوەن، هیواداریـن هەمووموان لە ئاستی ئەو متمانەیە بین کە خەڵکی کوردستان لـە پرۆسـەیەکی ئـازاد و سەرکەوتووانەی هەڵبژاردندا پێی بەخشیوین، پڕ ئومێدین کـە پەرلـەمانی ئـەمجارە، مـۆدێلێکی ئـەکتیف و کاراتری کـاری پەرلـەمانی پێشکەش بکات و تاقیکردنـەوەکی پـوختتر بخاتـە سـەر ئەزموونـەکانی پێشـووی گەلەکـەمان، هـەم بکرێتـە تەواوکـەری دەورەکـانی پـێش خـۆی و هـەم هاوکـار و بژارکـەر و پەرەپێـدەری سیستەمی دیموکراسی بێت لە کوردستاندا، هیواداریـن سـەرجەم لیستـەکان، بـە شـێوەیەکی کـارا و شـەفاف و پۆزەتیفانە، جا لە هەر پێگەیەکدا بن وەکو بەشێکی زیندووی سیستەمی سیاسی کوردستان، ئـەو سیسـتەمە تەکامول پێ بکەن، تەبایی هەر سیستەمێکی پەرلەمانتاری دیموکراتی لەسـەر بنـەمای هاوشـانی تـەکافوء و هاوکاری و چاودێری لەگەڵ دەسـەڵاتەکانی تـردا بـە تایبـەتی لەگـەڵ حکومـەتی ئاینـدەدا، وێـرای پاراسـتنی دەسکەوتەکان و بەدیهاتووەکان، وڵات لە ئاستێکی باڵاتری بە دامەزراوەیی بوون و حـوکمڕانی قـانون و ڕێـز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و خزمەت کردن بە گەلەکەمان بـن، بـۆ ئـەوەش پێویسـتە پەرلـەمان ئـەدای باشـی خۆی باشتر بکات، لەسەر بنەمای بەرنامە ڕێژی و کاراکردنی ڕۆڵـی لێژنـەکان و بەشـداری پێکردنـی کوتلـە سـەرەکییەکان لـەو لێژنانـە، هـەروەها ڕێزگـرتن لـە کـات، کـات بکرێتـە کـاری بەهەمهێنـەری پۆزەتیـف بـۆ چەسـپاندن و پەرەپێـدانی دیموکراسـی و ڕاپەرانـدنی خێـرای پرۆژەکـان، ئـەوە سـەرباری تـەفاعول و هەماهەنگی نێوان حیزبەکان و ڕێز گرتن لە یەکدی و لەبەر چاوگرتنی ئەرکەکان، ڕەنگدانەوەی ئیجیابیش بۆ سەر دەسەڵاتەکانی تر و تەواوی کۆمەڵگە دەبێت، جێگەی خۆیەتی ئـەوەش بڵێین، کـە لـە نێـوان لیستـە براوەکانـدا چـەندین خـاڵی هاوبـەش هـەن کـە دەکـرێ لیسـتەکانی نـاو پەرلـەمان، بـە یەکـەوە بـە پێـی ئەجینداییـەکی هاوبـەش کـار بـۆ جێبـەجێکردنیان بکـەین، ئـا ئـاوا بـە بـڕوای ئێمـە دەشـێ لـە ئاسـتی بەرپرسیارێەتی و داخۆزیـەکانی ئـەم قۆناغـە بـین، لەبـەردەم خـوا و خـەڵکی کوردسـتاندا سـەربەرز بـین و ویژدانی خۆشمان ئاسـوودە و سـەرفیراز بێـت، بـەڕێزان، بـۆ ئـەوەی راسـتیەکان نەشـێوێندرێ و بـە تایبـەتی دەبینین زۆر هەوڵی ئەوە دەدرێت کارە دروست و دیموکراسیەکانی هەرێمی کوردسـتان، بـە پێچەوانەوە بـۆ رای گشتی عێراق و جیهانی بگوازرێتـەوە، هـەر بۆیـە پێویسـتە و زۆریـش گرنگـە کـە لـەو رۆژە مێژووییـەدا بڵێین، بۆ نموونە کە دەوترێـت، مـاددەی (140)ی دەسـتووری نـەماوە و کـاتی بەسـەر چـووە، ئـەو ماددەیـە دانــدراوە بــۆ چارەســەرکردنی ئــەو شــوێنانەی کێشــەیان لەســەرە، باشــە کێشــەکان هێشــتا مــاون و چارەسەرنەکراون، کە چارەسەر نەکرابێت، ئایا دروستە ئەو رێگەیـە بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـەیە دانـدراوە دایبخەین، کێشەکەش هەر بمێنێ و ئاڵۆزتر بێت، بێگومان هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و دیموکراسی خـواز دەڵێت نەخێر، لە لایەکی ترەوە هێرش دەکەنە سەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کەچی پرۆژەی دەستووری هـەرێمی کوردسـتان بـە ڕێگەیـەکی ئاسـایی و یاسایی، ئامـادەکراوە، مـافێکی دەسـتووری خـەڵکی هەرێمی کوردستانە، ماددەکانی گونجاون لەگەڵ ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ، هەروەها دەڵێن لـە پـرۆژەی دەسـتوور، هـەرێمی کوردسـتان شـوێنە کێشـەدارەکانی خستووتە سـەر سـنووری ئیـداری هەرێمی کوردستان کەچی لە راستیدا وا نیە، لە ماددەی دووی پرۆژەی دەستووری هـەرێمی کوردسـتان، زۆر

به روونی باس لەو شوێنانە دەكات، كە بە پێی بەڵگەنامە و دۆكیۆمینتی كۆمەڵی گەلان و نەخشە و كتێبی جوگرافیا و مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هۆڵەندیانی و جیهانی، لەگەڵ جوگرافیاناسانی عەرەب، لەسەدەی 16 تا سەدەی 20، كتێبی جوگرافیای قوتابخانەكانی میسر، دوای جەنگی جیهانی یەكەم و هەموو ڕۆژهەڵات ناسان، بەو شوێنانە دەوترێت (كوردستان)، ئەو شوێنە كوردستانیانەش كە كێشەیان لەسەرە، بە پێی ماددەی 140 ڕێگە دراوە بە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شوێنانە، وەكو مرۆڤێكی ئازاد لە ریفراندۆمێكی سەربەخۆیی و بێگەردا، بڕیاری چارەنووسی ئیداری شوێنەكانیان بدەن، نەك پێش وەخت لە پرۆژەكە بە بێ ئیرادەی خەڵكی ئەو شوێنانە بڕیاری لەسەر درابێت و خرابێتە سەر سنووری ئیداری هەرێمی كوردستان، ئێمە بە گشتی لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكانی گەلەكەمانین، بە بێ خوێن ڕشتن و دوور لە توند و تیژی و بە ڕێگەیەكی دیموكراسی، جاران دەوترا، تەنها چیاكان دۆستی نەتەوەی كوردن، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە دەڵێین، دۆستی راستەقینەی نەتەوەی كورد و گەلی كوردستان و گشت ئازادیخوازێك لە هەر شوێنێك بێ، لە رۆژگاری ئێستاماندا، دۆستی راستەقینەی ئەوە دیموكراسی حەقیقیە، ئێمەش پشت و پەنا بە خوای گەروە و گەلی كوردستان بەڵێنتان پێ دەدەین، بەو پەڕی دڵسۆزی و توانامان كار بكەین بۆ بەرژەوەندی گەلەكەمان و ئەو سوێندەی داومانە بە پاكی رایبگرین، بەو پەڕی تەوازوع و واقیع بینی، بێ جیاوازی لە نێوان گشت پێكهاتە و بیر و ڕای جیاوازەكانی ناو پەرلەمان، هەوڵ بدەین ئەو ئامانەتەی لەسەر شانمانە، بە دروستی جێبەجێ بكەین، راستە سەركەوتن لە هەڵبژاردن خۆشە، بەڵام سەركەوتن لە كاری راستەقینە لەبەرژەوەندی گەل و وڵات، پیرۆزتر و بەرزترە، ئیتر هەر شادو سەربەز و سەركەوتوو بن، دووبارە بەخێر بێن و، زۆر سوپاس بۆ ئەو متمانەی كە بە ئێمەتاندا، بەڕێزان ئێستاش دانیشتنەكەمان بۆ ماوەیەكی كورت كۆتایی پێ دێنین و رایدەگرین، پاشان ڕێزدار سەرۆكی هەڵبژێردراوی گەل، ڕێزدار كاك (مسعود بارزانی) سوێندی یاسایی دەخوات، بۆیە بۆ 5 دەقیقە كات، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەم كە ئیسراحەت بكەن و هەر لێرەش بن، دووبارە بەرنامەی دووەم دەست پێ دەكەین، زۆر سوپاس.

بەڕێزان تكایە دابنیشن بۆ ئەوەی دانیشتنەكەمان دەست پێ بكەینەوە.

بەناوی خوای گەرەو میهرەبان.

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنی ئەمڕۆمان، پێشەكی پڕبەدڵ بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆك كۆمار (مام جلال) دەكەین، قاعەكەی شادكرد، زۆر بەخێربێت، ئێستاش ڕێزدار سەرۆكی هەڵبژێردراولەلایەن گەلەوە كەرەم بكات بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات.

**بەڕێز مسعود بارزانی (سەرۆكی هەرێمی كوردستان):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من مسعود مصطفى بارزانی سوێند بێت بە خوای مەزن پارێزگاری لە مافەكان و دەستكەوتەكان و یەك ڕیزی و بەرژەوەندیەكانی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بكەم و ئەرك و فەرمانەكانم بە دڵسۆزی ئەنجام بدەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لە بەڕێز سەرۆكی كۆمار، بەڕێز مام جلال تاڵەبانی دەكەم بۆ پێشكەش كردنی وتەیەكی بەنرخی لەم بۆنەیەدا.

**بەڕێز جلال تاڵەبانی (سەرۆكی كۆماری عیراق):**

بسم الله الرحمان الرحيم، فخامة الرئيس الاخ (مسعود البارزاني) الموقر، الاخوة الاكارم، الاخوة الاكارم اعضاء و عضوات البرلمان العراقي المحترمين، السادة الافاضل الوزراء و السفراء المحترمين، اخواتي عضوات برلمان كوردستان الفاضلات، اخواني الاعزاء اعضاء برلمان كوردستان ، السلام عليكم و رحمة الله و بركاته، يشرفني ان احضر هذه الجلسة التأريخية لبرلمان كوردستان، و اجدد تهاني القلبية الحارة لاخينا الرئيس (مسعود البارزاني) بمناسبة انتخابه في استفتاء شعبي حر وديموقراطي، رئيساً لاقليم كوردستان العراق، متمنياً لفخامته النجاح، في تحقيق مهامه الجسام في خدمة شعبنا العراقي الكريم، بجميع قومياته و طوائفه، و كذلك اقدم التهاني لجميع عضوات و اعضاء البرلمان الكوردستاني المنتخبين، ايها الحفل الكريم، ينعقد اجتماعكم بعد يوم دام شهدته عاصمتنا الحبيبة (بغداد) جراء الاعمال العدوانية النكراء التي قامت بها عصابات الارهابي التي لطخت اياديها الاثمة مرة اخرى بدماء ابناء شعبنا العراقي الابرياء، ان هذه الجرائم النكراء تتصاعد كلما اقتربنا من الاستحقاق الانتخابي الهام في بداية العام القادم، و كلما اقترب موعد انسحاب قوات التحالف من العراق، مما تبرهن عداوة الارهابيين العمياء مع شعبنا العراقي و محاولاتهم اليائسة لعرقلة مسيرة شعبنا العراقي الديموقراطية والتنموية، فلقد دقت جرائم الامس النكراء ناقوس الخطر مجدداً لاستمرار المحاولات المعرقلة و استمرار المؤامرات التي نتصدى لها بوحدة شعبنا المؤمنة بالمسيرة الديموقراطية و بصمود عراقي مشهود، و تعاون الجماهير الشعبية مع الاجهزة الامنية العراقية لاحباط هذه المؤامرات التي تستهدف اعادة العراق الى عهود الدكتاتورية الظلامية، و حرمان شعبنا من مكاسبه العديدة، و يقيناً ان اقليم كوردستان رئيساً و حكومة وبرلماناً، سيلعب دوره التأريخي في تعزيز الوحدة العراقية الوطنية، باعتبارها الصخرة الصلبة التي تتحطم عليها المؤامرات الارهابية الاجرامية، هذه المؤامرات التي تشتد كلما تقدمنا نحو تعزيز و ترسيخ نظامنا الديموقراطي الاتحادي و التي تبغي اثارة الفتنة الطائفية و القومية سبيلاً للوصول الى اهدافها الخبيثة، لذلك علينا جميعاً عرباً و كورداً و تركماناً و كلداً واشوراً و مسلمين و مسيحيين و ئيزيدين و صابئة، ان نعزز وحدتنا الوطنية و نشدد نضالنا لاحباط هذه المؤامرات التي لا بد من التصدي لها بحزم و بقوة، دون الاستهانة بخطورتها و دون ان ننام على اكاليل الانتصارات الكثيرة التي حققناها في مجالات مختلفة، و يقيناً اننا قادرون،بالاستناد على وحدة صفنا العراقي على الانتصار على هذه العصابات الارهابية، و دحر جميع المحاولات و المؤامرات المعادية للعراق الديموقراطي الاتحادي المستقل و الموحد، و لن يعود عراقنا الجديد ابداً الى الوراء مهما كلفنا النضال من دماء و دموع و تضحيات جسام، فشعبنا العراقي هو شعب البطولات و الامجاد، شعب الوثبات و الثورات و الانتفاضات، هو شعب الفداء و الشهادة، و هو المنتصر

حتماً و بأذن الله على اعدائه كافة، و تحية مجددة الى اعضاء و عضوات برلمان كوردستان جميعاً و الى رئيس اقليم كوردستان و هيئة رئاسة البرلمان، المجد و الخلود لشهداء العراق و النصر المؤزرلشعبنا العراقي المتحد و المستقل، و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی ئەگەر كەرەم بكات بۆ پێشكەش كردنی وتارەكەی.

**بەڕێز مسعود بارزانی (سەرۆكی هەرێمی كوردستان):**

برای بەڕێز مام جلال سەرۆك كۆماری عیراقی فیدڕاڵ، برایانی بەڕێزی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بەڕێز نوێنەری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، وەزیرە بەڕێزەكان، حیزبە هاوپەیمان و دۆستەكانی عیراقی، سەفیر و نوێنەرانی دەوڵەتانی دۆست، ئامادەبووانی بەڕێز، بەخێرهاتنێكی گەرمی هەموو لایەكتان دەكەم و سوپاستان دەكەم بۆ بەشداری بوونتان لەم ڕۆژەدا لەگەڵ ئێمەی خەڵكی هەرێمی كوردستان، پێش ئەوەی من دەست بە وتارەكەم بكەم بە پێویستی دەزانم ئاماژەبەو كارە تیرۆرستیەی كە دوێنێ ڕووی دا لە بەغدا كە ئێمەی هەژاندووەو زۆر زۆر ئازاری داین و چونكە خەڵكێكی یەكجار زۆر كە بە دەیان شەهید و برینداری لێ كەوتەوە بەهۆی ئەو كارە تیرۆرستیە كە هەموویان خوشك و برای ئێمەن، زۆرمان پێ ناخۆش بوو و زۆریش دلگیر و غەمگین بووین، من لە كاتێك دا كە سەرەخۆشی لە خۆمان و هەموو خەڵكی عیراق دەكەم سەرەخۆشی لە كەسوكاری شەهیدان دەكەم و دوعای شیفای بە پەلە دەكەم بۆ بریندارەكان، لێرەشەوە ڕایدەگەیەنم كە ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوكاریەك لەگەڵ برایانمان لە حكومەتی فیدڕاڵ بۆ هەر كارێكی كە پێویست بێت، پیشم وایە تەنها وەڵامێك بۆ ئەم كارە تیرۆرستیانە بۆ دوژمنانی عیراق یەكێتی ڕیزەكانی ئیمەیەو خەڵكی عیراق و پتەوكردنی برایەتی خۆمانە، ئەمە وای نیشان دەدات كە دوژمنانی عیراق هێشتا لە كەمین دان و خەریكی پلاندانانن نایانەوێت وەزعی عیراق ئیستقرار بكات، نایانەوێت برایەتی كوردو عەرەب و هەموو خەڵكی عیراق پێكەوە جێگیر بێت، بۆیە ئومێدەوارم كە ئەم كارە تیرۆرستیانەو ئەو تاوانانە ببنە مایەی پتەوكردنی هاوكاری دۆستایەتی و برایەتیمان وە بەرگری كردنمان لە عیراق و لە گیانی خوشك و برایانی خۆمان لە هەموو پارچەیەك لە عیراق، سوپاسی بێ پایان بۆ سەرۆكی پەرلەمانی پێشوو و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی پێشوو بۆ ئەو ئەركەی كە ئەنجامیان داوەو زەحمەتیان كێشا، وەهەروەها بەخێرهاتن و پیرۆزبایی لە پەرلەمانتارانی تازە دەكەم، پیرۆزبایش لە سەرۆك و سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم لە هەموو خوشك و برایان لە پەرلەمانی تازە، داوای سەركەوتنتان بۆ دەكەم، دەزانم كە ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغێكی تازە، بەڵام من دڵنیام كە بە هەست كردن بە مەسئولیەت و دەست لەناو دەستی یەكتر دەتوانین خزمەتێكی گەورە بە گەلەكەمان بكەین، من پێم وایە خوشك و برایانی خۆشەویست بیروڕای جیاواز و بۆچوونی جیاواز و فرە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی لەم پەرلەمانەدا دەبێت ببێتە مایەی بەهێز بوونی پەرلەمانەكەمان، دەبێت پەرلەمانی ئێمە جوان ترو چالاكتر

بکات، دەتوانین رەخنە لەیەکتری بگرین، رەخنە گرتن بۆ ئەوەی کارەکانمان باشتر بێت، بۆ ئەوەی کەموکورپیەکان نەهێڵین نەك بۆ شکاندنی یەکتری بێت، من دڵنیام کە هەمووتان پابەندی ئەو سوێندە دەبن کە خواردووتانە، چونکە سوێندێکی گەورەیە و هەمووشمان دەبێت پابەندی ئەو سوێندە ببین کە هەوڵ بدەین بۆ یەکریزی و بۆ تەبایی و بەرژەوندیەکانی گەلەکەمان، من خۆم بەبرای هەموو یەکێك لە ئێوە دەزانم بە بێ جیاوازی و ئامادەشم گوێ بگرم لە هەموو رەخنەیەك هەتا ئەگەر رەخنەیەکی رەقیش بێت، گەر لە پێناوی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان دابێت، پێش هەڵبژاردن هەموو لایەنێك بەرنامەی خۆی پێشکەش کردو ئێستاش کاتی جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەیە کە بە گەلەکەمان داوە، لەناوەوەو لە دەرەوە هەموو چاودێری هەرێمەکەمان دەکەن، چاودێری بریارەکان و هەنگاوەکانمان دەکەن، ئایا ئێمە لە ئاست ئەو بەڵێنانە و لە ئاستی ئەو مەسئولیەتە دەبین یان نا؟! بەڵێ ئەگەر هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتری بەڵێ لەو ئاستە دەبین و زیاتریش، من دڵنیام چونکە خەڵکانێکی زۆر دڵسۆز هاتوونەتە ئەو پەرلەمانە و هەمووتان کوری ئەو میللەتەن وە هەمووتان دڵسۆزی ئەو میللەتەن، با بە بیروباوەری جیاوازەوە بێت، بەڵام مادم ئامانجەکە خزمەتی گەل و نیشتمانە ئەوەی تر هەمووی بە ئەو ئەهمیەتە ناهێت، بەبروایەکی تەواوەوە هەنگاو دەنێین بەرەو ئایندە، رابردوو دەبێت بۆ ئەوە بێت سوودی لێ وەربگرین، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین هەرچی پێمان بکرێت گەلەکەمان بەختەوەر ترو باشتر بکەین، بە نیسبەت پەیوەندیمان لەگەڵ برایانمان لە بەغدا هەروەکو خۆشتان دەزانن بریاری پەرلەمانی کوردستانە کە ئێمە لەچوارچێوەی عیراق دەمێنین و لەچوارچێوەی عیراقی فیدراڵی دیموکرات، دوای رووخانی رژێم لەگەڵ جەنابی سەرۆکی عیراقی فیدراڵ چووینە بەغدا و بە کردەوە ئیسپاتمان کرد کە ئێمە حەریسین لەسەر یەکێتی عیرا ق و برایەتی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان وئاشوور، ئێستاش ئێمە دووبارەی دەکەینەوە هەتا ئەگەر هەندێك جار بۆچوونی جیاوازیش هەبێت، بەڵام نابێت ئێمە نە برایانمان لە بەغدا نابێت ئەو مەجالە بدەین بە دوژمنانی عیراق کەلێنێك بدۆزنەوە کە رەخنە بکەن و بێن ئەو برایەتیە و ئەو وەزعە و ئەو ئازادیەمان لێ تێك بدەن، ئێمە دەستوورێکمان هەیە کاتێك کە خیلاف دروست دەبێت دەگەرێینەوە بۆ ئەو دەستوورە و کێشەکانمان بە پێی ئەو دەستوورە چارەسەر دەکەین، ئێمە هەموو هاوپەیمانی یەکرتری بووین و خەباتمان کردووە پێکەوە و خوێنمان داوە پێکەوە، لەمەودواش پێکەوە دەبین لە بونیادنانی عیراقی فیدراڵی یەکگرتوو و دیموکرات، کەموکورپیەکانیش بێ گومان دەبێت لەبەرچاو بگیردرێن و خسوسیەتی کوردستانیش دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت، جارێکی تر من دەڵێم ئێمە دەگەرێینەوە بۆ دەستوور لە کاتی سەرهەڵدانی هەر گرفتێك، چەکی هەردوولامان دەستوورە، چەکی گەلی عیراقیش دەستوورە، لەگەڵ دراوسێکانمان خۆشحاڵین کە پەیوەندیمان رۆژ بەرۆژ بەرەوە پێشتر باشتر دەچێت و هەموو هەوڵێك دەدەین کە پەیوەندیەکانمان زۆر زۆر بەهێز تر بێت و زۆر باشتر بێت، من بەخۆشحاڵیەوە دەیڵێم ئەو جەوەی ئەمرۆ لە تورکیا دروست بووە زۆر زۆرجێی خۆشحاڵیە، ئێمە ئومێدەوراین کە ئەم موناقەشاتانە بەردەوام بن تا گەیشتن بە ئامانجێکی وا کە لە خزمەت لە هەموو

لایەك دابێت، ئێمە دڵخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین بەو جەوە تازەیەی کە لە تورکیا دروست بووە، لەگەڵ دەرەوەش هەموو هەوڵێك دەدەین کە باشترین پەیوەنیدمان هەبێت لەگەڵ دۆستەکانمان، ئەو پەیوەندیانەی کە هەیە فراوانتر و بەهێز تر و قوڵ تر بکرێن کە لە بەرژەوەندی گەلی عیراق و بەتایبەتی گەلی کوردستان و ئەو کوردستانەمان دابێت، من نامەوێت بچمە تەفاسیلی بەرنامەکانمان، چونکە لەکاتی هەڵبژاردن بەرنامەی لیستی 54 ئیعلان کرا کە ئەوە دەبێت ببێتە بەرنامەی حکومەتی ئایندە وە لە هەمان کاتیش دا بە دڵنیایەوە بە هەموو برایان و خوشکانم دەڵێم ئێمە سوود لە بەرنامەی لایەنەکانی تریش وەردەگرین، بە نیسبەت خۆشم من ئەولەویاتی خۆشم ڕاگەیاند لە کاتی هەڵبژاردن، ئومێدەوارم خوای گەورە پشتیوانمان بێت بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانەی بە گەلەکەمان داوە جێ بەجێ یان بکەین، وە تەئکید لەسەر هەمان ئەولەویات دەکەمەوە و ئومێدم زۆرە کە سەرکەوتن بە دەست دەهێنین، وە لە سەرووی هەموو ئەولەویاتی منیش پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمانە، هەروەها تەئکید دەکەمەوە لەسەر پاراستنی پەیوەندیمان پەیوەندی دێرینیمان لەگەڵ برایانی عەرەب دەبێت هەمیشە بەردی بناغە بێت بۆ عیراق، برایەتی کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوور، ئێمە بەو برایەتیەوە بەهێزین هەموومان پێکەوە بەهێزین و نابێت انشاللە جارێکی تر دوژمنانی عیراق و دوژمنانی کوردستان دڵیان خۆش ببێت بەوەی کەوا لەناو عیراق دا برایەتیمان تێك بچێت، انشاللە قەت ناهێڵین تێك بچێت، هەروەها داکۆکی دەکەین لەسەر قووڵ کردنی دیموکراسی و ئازادی لە هەرێمی کوردستان وە هەوڵ دان بۆ بەختەوەری گەلەکەمان و خزمەتی گەلەکەمان، من لە کۆتایی دا سوپاسی بێ پایانم دەنێرم بۆ گەلی کوردستان کە بەڕاستی سەری ئێمەیان بەرزکردەوە لەو هەڵبژاردنە، بەڵێ بەچەند قەوارەی جیاواز ئێمە چووینە ناو هەڵبژاردنەوە، بەلام سەرکەوتن، سەرکەوتنی هەموو لایەك بوو من پێشی هەڵبژاردنیش گوتم و ئێستاش دەیڵێمەوە ئەوە گرنگ نیە کام لیست چەند کورسی هێناوە، گرنگ ئەوەیە ئێمە ڕووی گەشی گەلەکەمان پیشانی جیهان دا، ئێمە بەوە سەربەرزین، وە بۆ ئەو متمانەی کە بە نیان دا پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەم، ئومێدەوارم خوای گەورە پشت و پەنامان بێت، بەلام داوای هاوکاری لە هەمووتان دەکەم بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بتوانین لە ئاست ئەو مەسئولیەتە و ئەو بڕوایە بین کە میللەتەکە پێی داوین، وە لە کۆتایی دا سلاو دەنێرین بۆ گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوزای کوردستان و عیراق و هەموو ئازادیخوازانی جیهان، زۆرسوپاستان دەکەم جارێکی تر بەخێربێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێزداران برووسکەیەك هاتووە لە جێگری سەرۆك کۆماری عیراق، ڕێزدار کاك عادل عبدالمهدی ، سکرتێری پەرلەمان ڕێزدار کاك فرست دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبداللە:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەی هەرێمی کوردستان کە دیموکراتیەتی ڕاستەقینەی پیشان دا خەڵکێکی فراوان بەشداری کرد لەم هەڵبژاردنە کە بە ئازادی و بە شەفافیەت

نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی ئێوە دەکەین و هەموو برایانی ئەندامانی پەرلەمان داوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازین کە هەرچی پێیان بکرێت بۆ خزمەتی گەلی کوردستان ئەنجامی بدەن، هیوادار بووین کە ئێمە بەشدار بووباین لەگەڵ ئێوە بۆ کردنەوەی خولی پەرلەمان، بەڵام دەرفەتی ئەوەمان نەبوو، بەهۆی سەفەرکردنمان، ئێمە برایەتی و یەکێتی و هاوکاری لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم دووپات دەکەینەوە بۆ پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەعیراق، بۆ چارەسەر کردنی هەندێك لەو کێشانەی کە تا ئێستا بە هەڵپەسێراوی ماون، بەرِازی بوونی هەموو لایەك جارێکی تر پیرۆزبایتان لێ دەکەم بەم بۆنە پیرۆزەوە.

**جێگری سەرۆکی کۆمار**

**عادل عبدالمهدی**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لە سەرۆکی کوتلەکان دەکەین رِۆژی دووشەممە سەعات 10 ئامادە بن بۆ تەرتیباتی دەست پێ کردنی ئیشەکانمان، هەروەها بۆگشت وەزیرە بەرِێزەکانی حکومەتی هەرێم کە لێرە حازرن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان خولی دووەم و ئەندامانی پەرلەمان خولی سێیەم لە تابقی دوو ئەمرِۆ بۆ نان خواردن میوانی سەرۆکایەتی هەرێمن، زۆر بەخێر بێن، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، خوای گەورە یاوەری هەموو لایەك بێت، هەر سەرکەوتوو بن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 8\9\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/8

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1-وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2-خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان (د.بەرهەم احمد صالح) و خستنەڕووی جێگرەوەکەی لەلیستی کوردستانی بەپێی بڕگە (دووەم)ی ماددەی(61)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و بەڕێز (جلال علی عبداللە عثمان) کە زنجیرەی ناوەکەی (60)ە لە لیستی کوردستان و سوێند خواردنی یاسایی.

3-خستنەڕووی پێشنیاری هەموارکردنی ماددەی (38) و بڕگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارەی (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە(1) لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن دەکەمەوە، لە ڕۆژی 2009/9/8، بەرنامەی کارمان.

1-وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2-خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز(د. بەرهەم احمد صالح) و خستنەڕووی جێگرەوەکەی لە لیستی کوردستانی بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی (61) یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، بەڕێز( جلال علی عبداللە)کە زنجیرەی ناوەکەی (60)ە لە لیستی کوردستانی و سوێندخواردنی یاسایی.

3-خستنەڕووی پێشنیازی هەموارکردنی ماددەی (38) و بڕگەی (3) لە ماددەی(39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوی پەرلەمان. دیارە سەعاتی ناو پەرلەمان غەڵەتە 10

دەقیقە لەپێشە بۆ ئاگاداریتان، ئێمە لەکاتی خۆمان لە سەعات 11 ئامادە بووین لێرەدا بۆ ئاگاداریتان، خاڵی یەکەم: وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق. ئەم کاتەتان باش بەخێر بێن، جارێکی تر بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لە یەکە یەکەی فراکسیۆن و پەرلەمانتارەکان دەکەم، هیوادارم هەموومان پێکەوە، بەڕۆحێکی برایانەوە کار بکەین، تا ئەم دەوورەی پەرلەمان هەم تەواو کەری دەوورەکانی تر بێت و هەم ئەکتیف تر بێت، لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و وەزیفە بنەڕەتیەکانی خۆی، ئەویش بەهەوڵ و هیمەتی هەموولایەك دێتە دی، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵ دەدەین جێگای متمانەی ئێوە بین وەکو یەك، سەیری هەموو فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران وێڕای جیاوازی بیرو بۆچوون، لە هەر پێگەیەکدا بن بکەین، هەموو بیرێکی سیاسی لەم پەرلەمانەو لەم کوردستانە ئازادە و کەسیش نابێت سزا بدرێت لەبەر ئەوەی بۆچوونێکی تایبەتی هەیە، کە زەرەر بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان نەگەیەنێت، گرنگ بەلای ئێمەوە ئەوەیە بتوانین پێکەوە پارێزگاری لە سیستەمی پەرلەمانی دیموکراتی و کۆمەڵگە بنەڕەتیەکانی ئەو سیستەمە بکەین لە کوردستاندا، کە بریتین لە تەعەدودیەتی حزبی و ئازادی ڕا دەربڕین و بڵاو کردنەوەو مافە ئازادییە بنەڕەتیەکانی تری تاکە کەس، ڕێزگرتن لە ڕاو ڕای بەرامبەر، جیاکردنەوەی دەسەڵاتە گشتیەکان و ئەم دەست و ئەو دەست پێکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لەڕێگەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە، هەر ئەم پارێزگاری کردنەو ڕۆڵە ئەکتیفەش وادەکات پەرلەمانی کوردستان بە هەیبەت و جێگای متمانەو ڕێزی خەڵك بێت، سیستەمی سیاسیش تۆکمەو بەرەوپێشەوە ببەن، دیارە ئەمڕۆڵەی پەرلەمان ئەو دەمە چاك وپڕ بەرهەم دەبێت کەلەگەڵ دەسەڵاتەکانی تردا بەتایبەت لەگەڵ حکومەتدا هەم هاوکارو هەم چاودێر بن، بەسەر ئەداو کاروباری یەکتریەوە، هیوادارین پەرلەمان لەم دەوورەیدا لەپاڵ یاسادانانداا زیاتر چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بێت کە کابینەی شەشەم لە پەرلەماندا متمانەی ئێوەی پێ وەردەگرێت، هەر ئەوەش لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێت، لێرەدا دەمەوێت ئەگەر بەپەلەش بێت ئاماژە بۆ هەندێ خاڵ بکەم، کە حەقە ئەم دەوورەیە کاریان لەسەر بکات و بیخاتە ئەجندای کارکردنیەوە، ئەو ماددەو بڕگانەی لەناو دەستووری عێراق کە کە بڕێکی باش لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردستان دەستبەر دەکەن، دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دۆستەکانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کار بۆ جێبەجێکردنیان بکەین، لەبەر ئەوە هەڵوێستی سەرجەم لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان کە هەموویان جێگای ڕێز وئیحترامی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانن، بۆ دیفاع کردن لە دیموکراسی و پرسە چارەنووس سازەکان پێویستە ئەویش دەربڕی خواست و ئازادی گەلی کوردستان لەم قۆناغەی ئێستادا لەپێش ئەو پرسە چارەنووس سازانەش پرسی کەرکووك وشنگار و خانەقین و مەندەلی و گشت ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر بەئازادانە بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، چونکە ئەوان وەکو شوێنەکانی تری عێراق چاوەڕوانن کە بڕیار لەسەر

چارەنووسی ئیداری خۆیان بدەن، شوێنەکانی تری عێراق بەئازادانە بڕیار دەدەن، لەچارەنووسی ئیدارەی خۆیان، بۆیە شوێنە کێشەدارەکانیش پێویستە ئەو مافەیان هەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە پەرلەمانی کوردستان وەکو چۆن پێشتر خەمخۆر و مەرجەعیەتی ئەو پرسە چارەنووس سازە بووە، هەر ئاوا شێل گیرانەتر لەسەر ئەم ڕەوتەی بمێنێتەوە، هەوڵ بدات زۆر بەجدی یەکڕیزی دانیشتوانی کوردستان بپارێزێت، هەروەها لێرەدا بەپێویستی ئەزانم کە پەرلەمانی کوردستان بایەخێکی تایبەت بەو کوردانەی کە لەدەرەوەی وڵات دەژین بدات، کە لەڕۆژانی سەخت و تەنگانەدا فیداکار بوون، دەوریان لە ناساندنی دۆزی گەلەکەماندا هەبووە، گرنگ ئەوەیە ڕایەلگەو پەیوەندی لەگەڵ ئەو خوشك وبرایانەماندا پتەو بکرێ وبەوڵات ببەسرێنەوە چونکە کوردستان نیشتیمان و زیدی هەموومانە، ئەم پەرلەمانە پێویستە بەحەق تەجسیدی خواست و هیواو وماف وبەرژەوەندیەکانی خەڵك بێت، چونکە خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و دەستەو توێژەکانیەوە چاوەڕوانی زۆری لەم پەرلەمانەی ئێمە هەیە، لەپێشەوە کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و پاکتاوی نەژادی وبێ سەروشوێن کردنی بارزانی و فەیلییەکان وزۆر لە هاووڵاتیانی گشت شوێنەکانی تری کوردستان لە سۆران ولە بادینان، پێویستە زیندانیە سیاسیەکان و دەستەو توێژە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێویستە منداڵان وگەنجان و ئافرەتان جێگەی بایەخی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان بن، پێویستە کارێکی وا بکرێت ئەم هەرێمە بکرێت بە هەرێمێکی بەرهەمهێن، وەك دەزانن هەموو سەرچاوەو بنەماو کەرەستەیەکی ماددی ومرۆیی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە لەکوردستاندا هەن، ئەو ڕێگەی ڕاست و دروستی بەرەوپێش بردنی وڵات و ڕەخساندنی دەرفەتی کارو کەمکردنەوەی بێکاری و وەگەڕ خستنی تواناو بەهرەکان وبەرەوسەر بردنی ئاستی بژێوی گوزەرانی خەڵك، بۆ ئەمەش حەقە زیاتر کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکان و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی وکەرتەکانی تر لەڕێگەی پلانێکی تۆکمەوە بکرێت، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا وا پێویست دەکات چاودێری بازاڕ بکرێت و مافەکانی بەکاربەر بپارێزرێت، چاودێری دارایی زۆر ئەکتیف وکارا بکرێت، سەروەت و سامانی خەڵك لەجێگای خۆیدا سەرف بکرێت، لیژنەی نەزاهە بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی دابمەزرێت، گرنگی بەسکاڵاو ڕازی هاووڵاتیان بدرێت، ڕۆژانە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، ئەوانە هەمووی پێویستیان بە دیراسەو لێکۆڵینەوەی ورد وڕێکخستنی یاسایی هەیە، هەروەها پێویستە چاو بەهەندێ یاسادا بگێڕدرێتەوە، هەموار بکرێنەوە، لەوانە قانونی پێکهێنانی ئەحزاب، کۆڕو کۆمەڵی سیاسی و مەدەنی، هەروەها دانانی یاسایەك بۆ ئەوەی بودجەی حزبەکان پەسەند بکرێت، کە لە خولی دووەم ئامادە کرابوو، پرۆژەکە لەبەر دەست بوو، بەڵام پێویستە دووبارە زیندوو بکرێتەوە و بخرێتەوە بەردەستی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، تا یەکسانی لەناو هەرێمەکەماندا هەبێت، جیاوازی نەبێت لەبەینی ئەو لایەنە سیاسیانەی کەلەناو هەرێم کار دەکەن بۆ بەرژەوەندی کوردستان، هیوادارم لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان دەست بەکاری خۆیان بکەن، چونکە بەحەق لیژنەکانی پەرلەمان وەکو

مەتبەخی تەفاعولی بیروڕا و پڕۆژە جیاجیاکان وگەڵاڵە کردنی پڕۆژە یاساکانە و هەر لەو لیژنانەشەوە چاودێری کاری یەکە یەکەی وەزارەت ودامەزراوە حکومیەکان دەکرێت، بۆ ئەمەش دەکرێت سوود لەخەڵکی پسپۆڕو شارەزا لەدەرەوەی پەرلەمان وەربگیرێت، لەکۆتاییدا دەمەوێت جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو قسەیەی خۆم بکەم کە 8/20 لەبەردەم ئێوەی بەڕێزدا جەختم لەسەر کردەوە، بەبیری ئێوەی بەڕێزی بهێنمەوە خوشکان برایان ئەمە پەرلەمانە، پەرلەمانی هەموومانە، پەرلەمانی هەموو خەڵکی کوردستانە حەقە تەواوی لیستەکان تەواوی پەرلەمانتاران کار بۆ بەجێگەیاندنی خاڵە هاوبەشەکانی ناو پەرلەمانەکەتان بکەن، بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکان تەفاعولێکی ئیجابی لەگەڵ یەکتردا بکەن وڕێز لە بیروڕای یەکتر بگرن، هەروەها هیوادارم پەرلەمان بۆ زیاتر شارەزا بوون وسوود وەرگرتن لە تەجروبەی میللەتانی تر وبۆ ناساندنی زیاتری دۆزی گەلەکەمان پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی ئیقلیمی وڵاتانی تری جیهان دابمەزرێنێت، داوا لە ئێوەی بەڕێزیش ئەکەم، لەناو پەرلەمان هەمیشە ڕێز لەبەرنامەی کار بگرین، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و جێبەجێی بکەین، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکان هەوڵ نەدەین لە بەرنامەی کار دەربچین چونکە ئیلتیزام بەیاساوە، ئیلتیزام بەنیزامەوە لەبەرژەوەندی هەر هەموانە، جارێکی تر بەخێر هاتن، ڕێزو سڵاوم بۆ هەمووتان هەیە، هەر شادو سەرکەوتوو بن، بەڕێزان ئێستا خاڵی دووەمی بەرنامەی کار خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز(د. بەرهەم احمد صالح) و خستنەڕووی جێگرەوەکەی لە لیستی کوردستانی بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی (61) یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، بەڕێز( جلال علی عبدالله عثمان)کە زنجیرەی ناوەکەی (60)ە لە لیستی کوردستانی و سوێندخواردنی یاسایی. بەڕێزان ئەوەش ئیستیقالەکەی دکتۆر بەرهەمە،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (کاك د. کەمال)**

**بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە**

سڵاو ڕێزم..

بەم نامەیە دەست لەکارکێشانەوەم وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی سێیەم ڕادەگەیەنم، داواکارم بفەرموون بەقبوڵکردنی ئەم داوایە، هیوادارم ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەمیشە سەرکەوتووبن، لەخزمەتی کۆمەڵانی خەڵك وبەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، لەگەڵ ڕێزی بێپایانم

**براتان د. بەرهەم احمد صالح**

**ئەندامی پەرلەمان خولی سێیەم**

**2009/8/20**

خوشك وبرایانی بەڕێز ئێستا ئیستیقالەی دکتۆر بەرهەم دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە کەوا ئەم ئیستیقالەیە قبوڵ بکرێت تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، یەك کەسی لەگەڵدا نیە،

بەزۆرینەی دەنگ ئیستیقالەکە وەرگیرا، ئێستا ڕێزدار کاك( جلال علی عبدالله) ئێستا فەرموو بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆیت.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (جلال علی عبدالله عثمان) م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرنامەی کار خاڵی سێیەم: خستنەڕووی پێشنیازی هەموارکردنی ماددەی (38) و بڕگەی (3) لە ماددەی(39) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوی پەرلەمان.

بەڕێزان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دوای ئەوەی لیژنە هەمیشەییەکان دائەمەزرێن وبەڕێزتان دەنگی لەسەر ئەدەن، ئینجا پرۆژەی هەموارکردنی زۆربەی ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەخرێتە بەردەست ئێوەی بەڕێز بەس لەبەر زەرووریەتی ئێستا ئەم ماددەیە پێشنیار کراوە، ئێستا ماددە، ماددە بۆتان دەخوێنینەوە چونکە لیژنەکان کۆتایی پێدێت بە کۆتایی خولی دووەم، ئێستا دووبارە ئەو لیژنانە جارێکی تر هەڵدەبژێردرێنەوە، ماددەی پێشنیارکراو بۆ هەموارکردن ماددەی یەکەم، ماددەی(38)تەمینی هەموارکردن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەمەویت ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە پێشنیاری بەڕێزتان سەبارەت بە ئیقتراحی تەعدیلی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو، من پرسیار لە بەڕێزتان دەکەم، سەبارەت بەوەی کە ئایا تاچەند لەڕووی یاساییەوە کارکردن لەگەڵ پێشنیاز کردنی تەعدیل، ئەو پێشنیازەی کە بەڕێزتان بە پشت بەستن بە ماددەی (94) پێشنیازتان کردووە، تاچەند لەگەڵ ماددەی (71)ی هەمان پێڕەوی ناوخۆدا یەك دەگرێتەوە، کاتێ کە ئێمە ئەگەر ئەمە وەکو پێشنیازێك حساب بکەین، جا ئەگەر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە پێشنیاز کرابێ یان لەلایەن (10)ئەندام پەرلەمانەوە پێشنیاز کرابێ، تاچەند لەگەڵ ئەوەدا کۆك ئەبێت، ئێمە تا ئێستا لیژنەکانمان پێك نەهاتووە، تائێستا لیژنەکانی پەرلەمانمان نیە، ئایا واباشتر نەبوو کە ئەم پرۆژانە بخرێتە بەردەمی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی یاخود ئەو لیژنانەی تر کە پەیوەندیدارن، ئینجا دواتر بێین گفتوگۆی لەبارەوە بکەین، من ئەمەویت ئەم هەلەش بقۆزمەوەو لەسەر ئەم تەوەرەش قسە بکەین، ئەگەر وابێت و پێشنیازەکان بەم پەلەیە بێت، هەمووومان یان تەسەور ئەکەم زۆربەمان، ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە، کۆکین لەسەر ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کاتێك دانراوە ئێستا پێویستی بە گۆڕانی

ناوەڕۆکەکەی هەیە، خۆزگە بمانتوانیایە لەگەڵ ئەم پرۆژەی بەڕێزتاندا هەمووارکردنێکی گشتگیر هەبوایە لەهەموو برگەو ماددەکان، ئەگەر ئێمە سوود وەربگرین لەکاتەکە، ئێستا ئەم پێشنیازە بەم شێوەیە بەبڕوای من ئەتوانین شتێکی زۆر باش بکەین، بەتایبەتیش کە من لیستێك لەبەردەمم دایە کە بەشێکی زۆری ئەو برگەو ماددانەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، بەشێکی زۆیان پێویستیان بەپێداچوونەوە هەیە، بەدیراسەت کردنێکی وورد تر هەیە، هیوادارم ئەم پێشنیازە لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی جارێکی تر جەخت ئەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە تەناقوزێکی زاهری هەیە لە نێوان ماددەی (94) و (71)کە نابێ هیچ پرۆژەیەك یان ئیقتراحێك دیراسە بکرێت تا نەچێتە بەردەم لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرەزەن تەسەور بکە، ئەمە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانە، کەهێشتا هیچ نیزامت نیە، بەهەمان شێوە ئەکرێت، لەبەرئەوە تەناقوز نیە، ئێستا بۆ هەموارکردنی ئەم ماددەیە زۆر تەبیعیە، پاشان هەموارکردنی گشت پەیڕەوی ناوخۆ کاتێکی زۆر ئەبات، چونکە ماددەکانی زۆرە، ئەویش لەکاتێکی تر ئیزافە ئەکرێت، ئەگەر نوقتەی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری ئەوەی کە تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاك دکتۆر زانا ئەکەم، دیارە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین هەر لە ڕابردووشدا لەگەڵی بووین، کە دەزگایەکی نەزاهە هەبێت، بۆ نموونە زۆر گرنگە دەزگایەکی نەزاهە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە بابەتەکە دەرمەچۆ، لەسەر ئەصڵی مەوزوعەکە ڕەئی خۆت بدە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای حەقی ماڤی بەکاربەر دەکەم و پشتگیریشی لێ دەکەین، پێشتریش سەرۆکی فراکسیۆنەکەمان قسەی لەگەڵ جەنابت کردووە، پێشنیاریشی کردووە بۆ جەنابتان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشداین کەوا لیژنەی وەرزش و لاوان هەبێت و بەئەرکی خۆی هەستێت ولامان زۆر گرنگە، لەگەڵ ئەوەشداین کە لیژنەی پاکسازی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن برای ئەزیزم جارێ نەمانخوێندۆتەوە، با تەواو بێت ئەوکاتە مەجالتان دەدەمێ، تکایە رجائەن ئێستا نا ئیحترامم بۆ جەنابت هەیە، ماددەکە ئەخوێنینەوە پاشان ئیزافەت هەبوو قسەی لەسەر بکە، ڕاستە حەقتە بەس حەق بەنیزامە، سۆزان خان نوقتەی نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا دەكەم لەبەرنامەی كار لانەدرێت، ئەوەی كە هەیە ئێستا جەنابت ئیقتراحێك هاتە پێشەوە، سەبارەت بەوەی كە ئایا ئێمە ئێستا ئەم نیقاشە بكەین، یان هەموو پەیڕەو پێكەوە بێت، ئەگەر جەنابت وەڵامێكی لەسەر بدەیتەوە بۆ ئەوەی دەست بكەین بە موناقەشات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی كاك زانا وتی وەك ئیزافەیەك من وائەزانم لە ماددەی (20)یش پێشنیار و ڕاپۆرت وتەعدیلات هەمووی ئەبێت پێش دوو ڕۆژ بگات بەئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی موناقەشەی زیاتر بكرێت، ئەوە من وەكو پرسیار ئاراستەی ئەكەم، ئایا ئەمە تەعاروزی نیە لەگەڵ ماددەی(20)؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو خاڵەی كە مامۆستا وتی منیش هەمان خاڵم هەبوو بە ئیزافەی خاڵێكی تریش، وابزانم پەلە نەكەین لە لیژنەكان، چونكە با وەزارەتەكان تەشكیل ببێت، لە نیزامی پەرلەمانیدا بەپێی وەزارەت ئەبێ لیژنەش هەبێت، بۆ ئەوەی هەماهەنگی و بەدواداچوون هەبێت لەلایەن لیژنەكانەوە بۆ كاری وەزارەتەكان، لەبەر ئەوە با پەلەنەكەین لە هەمواركردن و دروست كردنی لیژنەكاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسیبەت ڕەئی مامۆستا زیاتر لە دوو ڕۆژە، پرۆژەكە لەناو سندوقەكانداپە، بەس بەحوكمی ئەوەی كە ئەندامان تازەن، ئاگادار نین كە بەرنامەی كار لەگەڵ پرۆژەكە لەناو سندوقەكاندایە، ئەوە بە نیسبەت مەوزوعی دوو ڕۆژەكە، بەنیسبەت مەوزوعی (10) ئەندام یان سەرۆكایەتی حەقی هەیە گۆڕانكارییەك بەسەر پەیڕەوی ناوخۆدا بكات، ئەگەر برادەران تەماشای پەیڕەوی ناوخۆ بكات، موشەرع هاتووە جیاوازی كردووە لە نێوان پەیڕەوی ناوخۆ كە لەماددەی(94) هاتووەو لەگەڵ بڕیار و تەعلیمات كە لەماددەكانی

تری هاتووە، لەویٚ ئەوەی جەنابتان دەیڵێن ئەوە ڕاستە، ئەگەر بێت وقانونێك یان تەشریعێکی ئیعتیادی بێت، پەیوەندی لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ نەبێت، پەیڕەوی ناخۆیی (94) حوکمەکەی جیاوازی کردووە، مادام جیاوازی کردووە حوکمی ئەو ماددانە، بەڕەئی من لەسەری تەتبیق ناکرێت، دوو: وەك بیدایەتی دروست کردنی پەرلەمان، کەوتووەتە واقیعێك ئیستیحالەیەکی قانونی و ماددی هەیە، ناتوانی لە حەلەقەیەکی موفرەغ ئەگەڕێین، ئەگەر بێت و بەنیزامی داخلی کۆن بکەین لیژنەکانی کۆن، لازمە تەشکیلی بکەین و پاش ماوەیەك جارێکی تر تێکی بدەین و جارێکی تر تەعدیل دەست پێ بکەین و تەشکیل دەست پێ بکەین، ئەگەر ئێوە موافقن لەسەر ئەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەتوانیٚ تەصویتی لەسەر بکات، هیچ مانع نیە بەگوێرەی ماددەکەی کۆن بکەین، بەڵام بەڕەئی من ئیش وکاری پەرلەمان تەئخیر ئەبێت دوور نیە بەمانگێك بێینە سەر سکەو پرۆژەکانی تازە دەست پێ بکەین، هیچ موخالەفەیەکی نیزامی تێدا نیە، ئەوە رەئی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو ڕەئی هەیە، چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە هەمووی بەیەکەوە موناقەشەی لەسەر بکرێت، سەرۆکی لیستێکیش داوای کرد کە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، دوو ڕەئی جیاواز هەیە هەندێك ئەیانەوێت کە تەعدیلەکە تەئخیر بکرێت، هەندێکی تریش ئەیانەوێت بەردەوام بین،کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دوای ئەوەی کە جەنابتان ئەوەتان خستە دەنگەوە، یەك نوقتەی نیزامیم هەیە، لەناو بەرنامەی کار ئەمرۆ خستنەڕووی پێشنیاری هەموارکردنەکەیە بۆیە پێویستە گفتوگۆکردنەکەی بکەوێتە ڕۆژێکی تر، بۆیە پێشنیار ئەکەم سبەینیٚ سەعات 10 بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کوێستان خان، ئەمە کە دامان ناوە، موناقەشەی لەگەڵ بوو ماددەکە لیژنە، لیژنە موناقەشەی بکەین ڕەئیتان بدەن و پاشان بخرێتە دەنگەوە، بۆ ئەوەی کە قبوڵتانە یان نا، بەس ئێستا موقتەرەحێك هات لەلای بەڕێزێکەوە، کە پاڵپشتیشی هەبوو، چەند پەرلەمانتارێکی تر کە ئەڵێن با هەموو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەیەکەوە بخرێتە بەر گفتوگۆو موناقەشەی لەسەر بکرێت، ئێستا ئێمە لێرەدا ئەمە ئەخەینە دەنگەوە کە ئایا ئێستا ئەم هەموارەی کە هاتووە لەبەرنامەی کاردا، بەم شێوەیە ئەمرۆ لەسەر ئەم بابەتە، موناقەشە بکەین باشە کاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: تەئخیر کردنی تەشکیلاتی لیژنەکان یەعنی تەئخیر کردنی کاری پەرلەمان، باشە ئێمە چۆن ئەتوانین گشت پەیڕەوی ناخۆ بێنینە ناو پەرلەمان، لەکاتێکدا کە لیژنەکان تەشکیل نەکراوە بۆ ئەوەی ئیحالەی لیژنەکان بکرێت، لیژنەکانیش ڕاپۆرتی خۆیان ئاراستەی پەرلەمان بکەن، بۆیە بەقەناعەتی من یەکەم شت تەشکیلی لیژنەکان بکرێت، ئینجا بەشێوەیەکی بنەڕەتی یان بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی ناوخۆ بێتە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن ئێستا دوو بۆچوون هەیە، ئەوانیش وازحن، چەن بەڕێزێك دیفاعی لێ بکات ئەوەی کە ئەیەوێت بەرنامەی کار بەردەوام بێت، چەند بەڕێزێکیش دیفاعی لێ بکات کە پەیڕەوەکە هەمووی بێت، بۆیە لە لیستی کوردستانی دەنگ دەدەم بە سێ کەس، لە لیستی گۆڕانیش بە دوو کەس، لە لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری دەنگ دەدەین بە یەك کەس، کە لەسەری قسە بکەن، لە لیستی کوردستانی سێ ناوم ئەوێت لەسەری قسە بکەن، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە کە بەرنامەی کار وەکو خۆی بڕوات، لەبەر ئەوەی لەئێستادا تەعدیل کردن و هەموارکردنەکە، هەموارکردنێکی جزئیە کەهەم لە دووبارە ناونانەوەی لیژنەکانی پەرلەمان کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و سروشتی پێکهاتنی حکومەتی تازەدا دەگونجێت، هەروەها پێشنیار کردنی هەندێك لیژنە کە دیسان ئەو لیژنانە بوونیان، وەگەڕکەوتنیان لە بیدایەتی دەسپێکی خولی تازەوە بەزەرور دەزانێ هەروەکو لەبەرنامەی کاردا هاتووە بە تایبەتی لیژنەی نەزاهەو لیژنەی وەرزش و لاوان و لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها لیژنەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، ئەم چوار لیژنانە هەر چواریان لیژنەی پێویستن لە داهاتوو دا دەکرێت بکرێتە یەکێك لەو خاڵانەی کە پەرلەمان ئەکتیف دەکات، هەروەها تەعدیلێکی جوزئی تریش پێویستە، ئەویش لەسەر ژمارەی ئەندامانی لیژنەکانە کە وەکو لەبەرنامەکە داهاتووە کە بەرزترین ڕێژە واتە ژمارە 11 بێت و کەمترینیشی 5 بێت، بۆیە ئەم گۆڕانکاریە و هەموارکردنە جوزئیە لە دەسپێکی خولی تازەدا زەرورەو بە پێویستی دەزانین و کار دەکاتە سەر ئەوەی پەرلەمان لە یەکەم هەنگاوی دا چوست وچالاك تر بێتە مەیدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیستی کوردستانی داوا دەکەین کە گفتوگۆکانمان ئەمڕۆ بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەست بکەن بەکارەکانی خۆیان لەناو لیژنەکانی خۆیان دا، سەبارەت بە ئەوەی کە ئێمە چاوەڕێی

پێکهێنانی حکومەت بکەین، پەرلەمان ئەرکی ئەوەیە ئەو لیژنانە بە پێی پێویستیەکانی کۆمەڵگا دابەش بکات، زۆرێك لە وەزارەتەکان لە کابینەی ئاییندەدا دەمج دەکرێن، بەڵام ئێمە بە پێی لیژنەکانی خۆمان وئیختیساسەکانی ئەو لیژنانە دەتوانن لە چەندین وەزارەت دا هەبێت بەدواداچوونی خۆیانی بۆ بکەن، سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکانیش ئێستا ئیتر لە 5 کەمتر نەبێت و لە 11 زیاتر نەبێت، ئەوە دەبێت تەسبیت بکرێت، لەبەرئەوە من داوادەکەم، ئەمرۆ لە گفتوگۆکانمان بەردەوام بین، بۆ ئەوەی پەرلەمان دەست بکات بە کارەکانی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێزشێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێداچونەوە بە لیژنەکانی پەرلەمان لە هەر خولێکی پەرلەماندا بە شتێکی ئاسایی دەزانم، وە ئەگەر سەیری خولی یەکەم و دووەمی پەرلەمان بکەین دەبینین کە لیژنەکان هەموار کراوە بە پێی پێویستی کۆمەڵگا و بە پێی پێویستی وەزارەتەکان، وە مەرجیش نیە ژمارەو لیجانی پەرلەمانی بە پێی وەزارەتەکان بێت، بەڵکو ئیمکان هەیە ژمارەو ناوی لیژنەکان هەم تەختیتەی ئیش و کاری وەزارەتەکان بکات، وە هەمیش تەختیتەی هەموو وەزارەتەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە بکات، بۆیە بە قەناعەتی من پێویستە ئەوەڵەن لیجانی پەرلەمانی بە پێی ئەو پرۆژەی کە دەستەی سەرۆکایەتی ئامادەی کردووە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، وە ئەگەر زیادەیەك هەبێت لەسەر ئەو لیجانە دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئینجا دوای ئەوەی کە گفتوگۆ دەکرێت ئەم پرۆژەیە بخرێتەوە دەنگدانەوە، ئینجا ئەگەر ویستمان لە ئاییندەدا هەروەکو ئێستا پرۆژەیەکی ئامادەکراومان هەیە بە نیسبەت نیزامی داخلی ئیمکان هەیە ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەند بکرێت، وە ببێتە پرۆژەیەکی ئاسایی وە تەقدیم بکرێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی هەموو لیجانەکانی پەرلەمان، بۆئەوەی دیراسەیەکی تەفسیلی بکەن و پێشنیار و راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی پێشکەش بەسەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا گفتوگۆیەکی بنەڕەتی لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەگەر تەعدیل کردن لە پەیڕەوی ناوخۆ بە هەموو ماددەکانیەوە دوابخرێت، ئەمە هیچ تەعتیل کردن نیە لە کارەکانی پەرلەمان، بگرە ئێمە زۆر لەگەڵ ئەوە بووین کە 9/1 یش دانیشتنی پەرلەمان بکرێت، نەك تەئخیر بکرێت، من وەکو خۆم پێم وایە هەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پێشوو تر

ئەوەی کە هەبووە لیژنەکان دروست بکرێت و لە دواییدا پەیڕەوی ناوخۆ هەمووی بەیەکەوە تەعدیل بکرێت، قسەیەکی تریشم هەیە لەسەر کاك فرست کە دەڵێت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جیاوازە لە یاساکانی تر، من دەپرسم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هیچ مەوزوعێکی تەزکییەی تێدا نیە، ئەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بە تەزکییە داندرا؟ یەعنی ئەو تەناقوزە بۆ هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا رۆوف حمە کریم صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە پەیڕەوی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەمووی بەیەکەوە گفتوگۆی دەربارەیەوە بکرێت، ئەمە یەکەم، دووەمیان: پەرلەمان هەرگیز نابێتە لەکارکەوتنی کاری پەرلەمان، ئێمە کە ئێستا 14 لیژنەی پەرلەمانیمان هەیە، دڵنیام ئێمە لە لیستی گۆڕاندا ئەو پێشنیازانەی کە ئیقتراحی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە کراوە زۆر تەئیدی ئەو پرۆژانە دەکەین دروست کردنی لیجانەکان، لیجانی نەزاهە و ئەو لیجانانە هەمووی لیجانێکن لە خزمەت خەڵك دان، بەڵام لە هەمان کاتدا مەفروزە ئەم پرۆژەی پێشنیازی تەعدیل کردنە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی گشتگیر تر دا بێت، ئەویش بریتی بێت لە هەموار کردن،چونکە من دڵنیام بەرنامەی بەردەوام بوون لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ وا دەکات کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەو چوار لیجانەی تریش کە پێشنیاز دەکرێت بەشێوەیەك لە شێوەکان ببێتە هۆی لەکارخستنیان، پاشان هیوادارم کە ئێمە ئیش بکەین لەسەر ئەوەی کە لیجانەکان وەکو خۆی پێك بهێندرێنەوە بەزووترین کات، چونکە من گومانم هەیە لەوەی کە ئێمە بتوانین لە ئێستادا یەکسەر بڕیار بدەین لەسەر پێکهێنانی ئەم چوار لیژنەیە لە هەمان کاتدا بۆ قسە کردن لەسەر هەموارکردنی گشتگیری پەیڕەوی ناوخۆ بڵێین وەڵلا کاتێکی زۆرمان هەیە، لەکاتێکدا ئەمەیان بەو شێوازە بە شێوەیەکی خێرا بمانەوێ گفتوگۆی دەربارەوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە تەعدیل هەیە، هەمووی پێویستی بە هەموار کردن هەیە، ئەو لیژنانە پێویستیان بە ئەوە هەیە کە لیژنەکان هەمووی تەرتیب بکرێن، ئەگەر ئەو لیژنانە کە پێشنیار کراوە بەڕاستی هەم لیژنەی نەزاهە و هەم لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی بەکاربەر و هەم لیژنەکانی تریش، ئەو لیژنانە زۆر گرنگن پێویستە هەموو لیژنەکان پێك بهێندرێن، نەك هەندێکیان دوابکەون، چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر دابەش کردنی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر لیژنەکان، لەبەرئەوە

ئەگەر لیژنەکان هەمووی تەواو بکرێن، دابەش کردنی ئەندامانی پەرلەمان ئاسان تر دەبێت بەسەر هەموو لیژنەکان، نەك هەندێکیان لەو لیژنانەی کە ئێستا هەن ئەندامەکان دابەش بکرێت پاشان هەندێك لیژنەی تر دروست بکرێت، ئەمە کاریگەری سلبی دەبێت، لەبەرئەوە جارێکی تر دەبێت ئەندامەکان دابەش بکرێتەوە، بە قەناعەتی ئێمە پێویست دەکات ئەو لیژنانە بخرێنە دەنگدانەوە، ئەگەر هەر حەزف و ئیزافەیەکیش هەبوو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە با قسەی لەسەر بکرێت، ئەمە بە زەرور دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەواو، هەمووتان گوێتان لە یەکتر گرت، تکایە لە وەختی خۆیدا دەست بەرز بکەنەوە، بەس من لەبەرئەوەی تازەیە لێمان تێك چوو، بەڕێز د. احمد وامان زانی لە لیستی خزمەتگوزاریە، کەرەم کە جەنابت کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەو دوو ماددەیە، بە پێی بۆچوونی من ماددەی 20 کە زۆر تەئکید دەکات لەسەر ئەوەی پێش دوو ڕۆژ مەفروزە ئەندام پەرلەمانەکان ئاگایان لەو پێشنیارانە بێت کە دەکرێن، بۆ بیرۆکەی لیژنەکان کە بەشێکە لە فەسڵی پێنجەم لەپەیرەوی ناوخۆ، پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر هەمووی ئێمە پێکەوە موناقەشەی بکەین حەتمەن دەوڵەمەند تر دەبێت و باشتر دەبێت، بەنیسبەت ئەوەی کە کاك فرست فەرمووی بەڕاستی ئەوە وەکو خۆت جەنابت دەزانی ئەوە دەبێت سکرتێر بیگەیەنێت بە یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان، لە هەموو کوردستاندا، من تەئکیدم ئەمە موفاجەئەیەکە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن، دوای ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە نینە زۆ دوابکەوێت، بە دوا کەوتن حەتمەن زەرەر دەکەین، بەس لەوەیە کە 24 سەعات یان 48 سەعات مۆڵەت بدرێت بۆ ئەوەی بەکاوەخۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە بابەتەکاندا بچنەوە، ماددەی 71 تەئکید لەوە دەکات کە دەبێت حەیسیاتی یەعنی موناقەشە نەکرێت، بەڵکو ئەسبابی موجبە بخرێتە بەردەم ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ئەوەی پیابچنەوەو تێبینی خۆیان تێدا دەربخەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆچوونەکەی جەنابت تەئیدی دەکەم سەدی سەد، لەمەودوا دەبێت رەسائیلی موسەجەلە کە جاران هەبوو ئەو پرۆژانە بە ئیمزا بدرێت، ئێمە تەرتیبی دەکەین، چونکە سەندوق ئیحتماڵە ئەو ئەندامە بەهانە بێنێت بڵێت نەگەیوەتە دەستم، یان یەکێکی تر دەسکاری بکات، من سکرتێری مەکتەبی خۆم تەبلیغ دەکەم ئەو نوسخەیەك هەم لە سندوقەکانتان هەبێت، هەم هەر 111 ئەندامەکان بەڕەسمی لەدەست سکرتێرەکەی من وەری بگرن بۆ ئەوەی هیچ برایەك و هیچ خوشکێك بێ بەش نەبێت لەوەی کە نەگاتە

دەستی، ئێستا برا تورکمانەکان یەکێکیان قسەی بکەن، هەروەها برا کلدان، سریان، ئاسوریەکانیش قسە بکەن و رەئیان بدەن لەسەر ئەو مەوزوعە، کاك امیرفەرمو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو رەئیا مە کو ئەو لیجانەت هەی بەری نوکە هەر چاردە لیجانەکە هاتنە تەشکیل کرن، ئەڤ لیجانێتە دەست شول و کارێت خۆ بکا دوای ئەو هەر چار لیجانێت تر هاتنە پێشنیار کرن ئەوان ژی موناقەشە لەسەر کردن ئەڤە باشترە، چونکە پشتی ئەڤ هەر چاردە لیجانێ تر ئیجتماعێت خۆ بکن ئەو کات دەزانین رەئیەت خۆ، موناقەشاتێت خۆ پێتڤی چ گۆرانکاری هەیت ڤان لیجانات هەی ئەز دبێژم باشترە کو بێتە تاخیر کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برایەکی تورکمان، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی تاخیر کردنی ئەو لیژنانە تاخیر کردنی ئیش وکارەکانی پەرلەمانە، بەڕاستی چەند زوو ئەو لیژنانە دابندرێت، ئیشی لەسەر بکرێت ئەوەندە زووتر ئیشەکانمان بەکاردەکەوێت دەڕوات، بۆیە پێم باشە ئیشەکان زووتر بڕوات باشترە و دەست بە لیژنەکان بکەین باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا موناقەشە خەلاس، بەڕێزان، خوشکان، برایان گوێتان لێ بوو، ئێستا ئەو موقتەرەحەی کە دەیەوێت کە ئەم پرۆژەیەی لەبەردەستمانە کە ئەمیش بەنیسبەت پرۆژە ئەسڵیەکە بە نیسبەت پەیڕەو کە پرۆژەیەکی تازەیە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەموو پرۆژەکە بەیەکەوە تەسویتی لەسەر بکرێت، ئایا بۆ ئەوەی ڕوون تر بێت ئەو موقتەرەحەی هاتووە ئێستا لەبەردەستمانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەی لەسەر بکەین، لیژنە لیژنە و بڕیاری لەسەر بدەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیەی کە ئەمڕۆ پێشنیار کراوە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت، کێ لەگەڵ موناقەشەکەیە بەردەوام بێت، تکایە دەستتان بەرزبکەنەوە؟ بەڕێزان 69 کەس لەگەڵ ئەوەیە بەڕێوە بچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیەکە بەڕێوە نەچێت؟ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ 34 کەس لەگەڵ ئەوەیە بەرێوە نەچێت، بۆیە ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کارەکانمان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی یەکەم، ماددەی 38 ـەمینی هەموار کراو لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەموار دەکرێ و بەو شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

ماددەی 38

لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێك دەهێندرێن:

1 ـ لیژنەی یاساکاری و کاروباری یاسایی.

2 ـ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

3 ـ لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

4 ـ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

5 ـ لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان.

6 ـ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

7 ـ لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی و ژینگە.

8 ـ لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و پەرەپێدانی گوند.

9 ـ لیژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن.

10 ـ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

11 ـ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

12 ـ لیژنەی مافی مرۆڤ.

13 ـ لیژنەی پیشەسازی و ووزە.

14 ـ لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار.

15 ـ لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر.

16 ـ لیژنەی وەرزش و لاوان.

17 ـ لیژنەی پاکسازی (نزاهە).

18 ـ لیژنەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئێستا یەکە یەکە دێینە سەر لیژنەکان و یەك یەك دەیدەینە دەنگدان، (لیژنەی یاساکاری و کاروباری یاسایی)، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم لەسەر هەمووی بێت یان بەس لەسەر لیژنەی یاسایی قسە بکەین لەسەر ناونانەکە؟ ئەگەر هەر تەنها لیژنەی یاسایی بێت، لیژنەی یاساکاری نیە، یەعنی ئەوە تۆزێك نامۆیە لە زمانی ئێمە (یاسادانان و کاروباری یاسایی) باشترە رێك وەکو عەرەبیەکەی لێ دێتەوە (التشريع والشؤن القانونية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەسەر لیژنەی یاسا قسە بکەین یان هەمووی؟ من پێم باشە هەمووی بێت، چونکە کاتەکەمان بۆ دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر گشت پەرلەمانتارەکان پێتان باشە لەسەر هەمووی قسە بکەن دەستتان بڵند بکەن تکایە؟ زۆر سوپاس، لەسەر هەمووی قسە دەکەین، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاساکاری پێشنیار دەکەم وەکو خۆی لێ بێتەوە، بکرێتەوە لیژنەی کاروباری یاسا، لەسەر لیژنەی کاروباری ئافرەت وخێزان ئێمە بەڕاستی لەم هەرێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە کە کێشەی ژنانە، یەکێك لەسەروەریەکانی پەرلەمان ئەوە بوو کە پێشتر لیژنەیەکی هەبوو لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان ، من داوا دەکەم وەکو خۆی لێ بێتەوە، هەروەها لیژنەی سکاڵای هاووڵاتیان، جا ئەگەر لەگەڵ لیژنەی ڕێکخراوەکان دابندرێت یان لەگەڵ لیژنەیەکی تر ئەوە زیادبکرێت، چونکە تا ئێستا هاووڵاتیان شوێنێکیان نیە کە سکاڵای خۆیانی لێ بکەن کە ئێرە ئەو شوێنەیە کە ئەوان دەنگیان پێی داوە، ئەو شوێنەیە کە مافی خۆیانە سکاڵای لەلا تۆمار بکەن، بۆیە ئەویش جێی بکرێتەوە، یان بە لیژنەیەکی زیاد ببێتە لیژنەی 19 یان لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ ناوەکەی دابندرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان تۆ قسەکانت تەواو بکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم وتمان یاسادانان و کاروباری یاسایی، یاسادانان مەبەستمان ئەو تەشریعاتەیە کە دێتە ناو پەرلەمانەوە و دەکرێتە ئەو پرۆژانە و دەکرێت بە یاساش، سەبارەت بە خاڵی سێیەم لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان، چونکە ئێمە بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی ئاسایشەکان و ئەوە کارێکە کە حکومەتی ئایندە دەیکات، خاڵی 8 لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن وپەرەپێدانی گوندەکان، بۆ ئەوەی هەر لەڕووی زمانەوانیەوە، سەبارەت بە ژمارە 17 لیژنەی پاکسازی، پاکسازی نیە، لیژنەی پاکی یان ئەستۆ پاکی، هەرچیەکی ناوبنێی، بەڵام خۆی پاکسازی نیە، ئەستۆ پاکیە یەعنی هەر کەسێك زمەی مالی خۆی دەخاتەڕوو لەلای ئەو لیژنەیە، ئەو لیژنەیە بەدوای ئەستۆ پاکی و نەزاهەتی ئەو کەسانە دەڕوات کە سکاڵاکە دەخرێتە بەردەمی، لیژنەی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نەك لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، سەبارەت بە لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان ئێمە سەبارەت بەوەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەت ئێستا لەبەرئەوەی بەشێوازێکی تر بیری لێ

ئەکەینەوە کەوا منالْ و خێزان ئەوانیش دەبێت داکۆکی لە مافەکانیان بکرێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت و مندالْ و خێزان چی لێ ناو دەنێن بینێن، بەلاّم داکۆکی کردنەکە بەردەوام بێت، چونکە هێشتا موستەزعەفی ئەم کۆمەڵگایە و ئەو چینەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمدامین حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی تەشریع، پەرلەمان خۆی هەمووی تەشریعە، لیژنەی سیاغە لەمە باشترە، نازانم لەوێ لە کوردیەکەی ئەگەر عەرەبیەکەی لیژنەی یاسادانان لەگەڵ تەشریع موعادەلی ئەوە، بەس تەشریع نیە لیژنەکە، بۆچوونی سیاغەی دەکات ئەوە موناقەشەی دەکەن وسیاغەی دەکەن، دوایی دەیدەنە پەرلەمان و ئەوان تەشریعی دەکەن، دوایی ئەو لیژنەی ئوسرە مەبەست ژن ومندالْ و دوایش ئوسرە مەبەست چیە ئەوە لەوێ؟ قەسدتان پیرەکانیش باس نەکراوە، مندال و ژن و یەعنی ئوسرە هەمووی دەگرێتەوە یان چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا قسەم لەسەر وەرگێڕان هەیە، حەقە وەرگێڕان ئیشی زیاتر لەسەر بکرێت، چونکە ئاشکرایە و ئەوانەی پێش منیش ئەو بەڕێزانە قسەیان لەسەر کرد کە وەرگێڕانەکە زۆر خراپە، من قسە زیاتر لەسەر عەرەبیەکەی دەکەم، چونکە کوردیەکەی زۆر خراپ وەرگێڕدراوە، لیژنەی تەشریع ئەمە بۆ خۆی بەڕاستی بڵێین سەندنەوەی مافی یاسادانانە لە کۆی ئەندامانی پەرلەمان و چڕکردنەوەی لە تەنیا لیژنەیەك دا، کە ئەمە بۆ خۆی مەترسی زۆر گەورەی هەیە لەسەر دەسەلاّت و ماف و ئەرکەکانی هەر پەرلەمان بۆ خۆی و ئەندامانی پەرلەمانیش کە بەڕای من بگەڕێتەوە سەر کاروباری یاساییەکە باشترە، ئەوەی لیژنەی 5 کە لیژنەی شئونی مەرئەو مندالْ و ئوسرە، بەڕاستی ئەمە بێجگە لەوەی کە ناحەقیە بە مەسەلەیەکی گرنگ کە مەسەلەی ژنە، هەر بۆ خۆشی ناحەقیە بەمنالْ و خێزانیش، چونکە بەتەسەوری من ئەوە دوو بابەتی جیان، پێویستە بکرێت بە دوو لیژنەی جیاواز وە لیژنەی شئونی مەرئەش بەتەنیا نەبێت لەگەڵیا جێندەریش کە ئێستا با بڵێین مەفهومێکی شمولی تری هەیە بۆ مەسەلەی ژنان، مەسەلەی ژنانیش کاریگەر تر و گەورەترە لەوەی کە ئێمە ئاواهی وەکو ئەوەی کە ڕەنگە لەگەڵ (ڕێزم هەیە بۆ بەتەمەنەکان) لەگەڵ منالْ و بەتەمەن و هەموویان تێکەڵی بکەین، بەڕای من ئەوە جیابکرێتەوە، ئەوەی کە لیژنەی نەزاهە بەڕاستی بەتەسەوڕی من پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، پێش ئەوەی قسەی لەسەر بکەین کە

دەسەڵاتی ئەو لیژنەیە چی دەبێت؟ ئەرکەکانی چی دەبێت؟ چۆنیەتی تەشکیل کردنی ئەو لیژنەیە چۆن دەبێت؟ چونکە لیژنەیەکی تازەیە، پێش ئەوەی ئێمە قەرار بدەین لەسەر ئەوە با وردەکاری زیاترمان لەلا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرمو.

**بەڕێزعظیمة نجم الدین حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی یاسایی و کاروباری یاسایی، من پێم وایە ئەم مەفهومە تێنەگەیشتنێکی تێدایە و وازح نیە، کە دەڵێین لیژنەی یاساکاری و یان کاروباری یاسایی هەر لیژنەی یاسایی دەگرێتەوە، کە گوتمان لیژنەی یاسایی واتە کاری یاسایی و کاروباری یاسایش دەگرێتەوە، لیژنەی یاساییەکە مەعقول ترە، خاڵێکی تر لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی پەیوەندیەکان و لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگە، خۆی بۆ خۆی خێزان دەچێتە زمنی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە، کارکردنیان و ئیشکردنیان لە لیژنەکان لەکاروباری خێزانە، لیژنەی کاروباری ئافرەت وەکو لیژنەیەك کە زەرورە ئەو لیژنەیە وەکو لیژنەی ژنان کە هەبووە ئەو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوەو کە خێزانەکە بچێتە سەر زمنی ئەو لیژنەیەی کە هەبووە لە تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم لەسەر خاڵی یەکەمە، لیژنەی یاسایی ئەو قسانەی کە من دەمەوێت بیکەم پەیمان خان ئیشارەی پێدا، من ئەو قسانە دەکەمەوە واباشترە وەکو پەیڕەوی ناوخۆی پێشوو لیژنەی کاروباری یاسا هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە مەسەلەی لیژنەی تەشریعی و شئونی یاسایی، ئێمە دەزانین لیژنەی یاسایی پەرلەمان موجەرەد پرۆژە یاساییەکان ئامادە دەکات دواتر ئەوەی کە تەشریعی دەکات و ئەوەی کە دەیکاتە قانون پەرلەمانە، نەوەکو تەوجیهەکە بۆ لیژنەیەك بێت، لەبەرئەوە من ئیقتراح دەکەم هەروەکو خۆی بمێنێتەوە بەناوی لیژنەی کاروباری یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە هەڤاڵەكانم گوتیان بە تایبەتی كاك سەرهەنگ، منیش پشتگیری لەوە دەكەم كە كاروباری یاسایی وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی تەشریعی بدرێت بە لیژنەیەك كەم كردنەوەی دەسەڵاتی لیژنەكانی ترە وەكو پەیمان خان گوتی، سەبارەت بە لیژنەی پاكسازی واتە كە تەرجومە كراوە بە نەزاهە، تەرجومەكەی تەرجومەیەكی تەواو نیە، لەهەمان كات من پێشنیار دەكەم لیژنەكە بۆ ئەوەی تەوەسوعێكی زیاتری پێ بدەین بكرێت بە هەیئەی نەزاهە و ئیستسنایەكیش بكرێت لە ژمارەی ئەندامەكانی لەبەرئەوەی بتوانێت پەرلەمان بەهەموو فراكسیۆنەكانی و بە هەموو ئەندامەكانی و بە هەموو لایەنەكانیەوە تێدا بەشدار بن و پێشنیارم ئەوەیە تا 20 كەس بێت بكرێت بە هەیئەیەك نەك لیژنەیەك بۆ ئەوەی دەسەڵاتەكانی فراوان تر بێت، لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان لە وەزعی كوردستان دا ئاگادارین كە گەندەڵی گەیشتووەتە ئاستێكی لەكەداری، ناوی نەتەوایەتی میللەتەكەمانی زڕاندووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو ئیقتیراحە بۆ هەموار كردنی ماددەكە، خودی لێژنەكان ئەوە بۆ خۆی مومكینە قسەی زیاتر هەڵبگرێ، بەڵام وەكو ئەو ئیقتیراحەی كە هاتووە، هەندێ ئیشكالات هەیە لە تەرجومەی ماددەكە، ئەگەر ئێمە كوردیەكەی بكەین بە ئەسڵ، یان عەرەبیەكەی بكەین بە ئەسڵ و كوردیەكە بكەین بە تەرجومە، هەوڵ بدەین ناوی لێژنەكان دەلالەتی بەهێزتر بێ، عینوانەكان بە هێزتر بێ، نەك تیكراری تێدا بێ، بۆ نموونە لێژنەی یاساكاری و كاروباری یاسایی، ئەم تیكرارە جوان نیە، ئەو بەدیلەی كە هێناومانە لە ئەصڵەكە باشتر نیە، لێژنەی كاروباری یاسایی هیچ عەیبێكی وای نیە، چونكە بۆ خودی وشەی تەشریعیش كێشەی تێدایە، هیچ لێژنەیەك لە پەرلەمانی كوردستاندا ئەتوانێ لێژنەی تەشریع بكات؟ ئەوە یەكەم، دووەم: سەبارەت بە لێژنەی كاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، پێم وایە لێژنەیەكی تایبەت هەبێ بە كاروباری ئافرەتان، بەهێزترە لەوەی كە كاروباری ئافرەتان تێكەڵ بكرێ بە كاروباری خێزان، ئەكرێ مەسەلەی منداڵ و خێزان لە زمنی لێژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتیدا جێی بكرێتەوە، سەبارەت بە لێژنەی پاكسازی، ئەو وشەیە بە مەعنای تەتهیرە نەك بە مانای نەزاهە، ئیقتیراحی ئەوەی دەكەم كە لێژنەكە بكرێت بە لێژنەی ئەستۆپاكی، سەبارەت بەوە تەئید دەكەم كە لێژنەیەك هەبێ بۆ لێپرسینەوە لە سكاڵای هاووڵاتیان، چونكە ئەوە داخوازی زۆر دەكا لە چین و توێژینەكانی گەلی كوردستان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو هاوکارانم ئاماژە بەوە دەکەم، ئەو یاساکاری و تەشریعە هیچ ڕەبتێکی بە لێژنەی یاساییەوە نیە، چونکە تەشریع ئەوە پێناسەکەی دیارە، ئێمە دەبێ ناوی لێژنەکان ئینسیجام لەگەڵ پێناسەکان بکا، دەکرێ ببێتە موناقەشە ئەم لێژنانە چۆن ناوی لێ دەنرێن، لە پەیڕەوەکەدا هەیە، چونکە تەشریع پەیوەندی بە سوڵتەی عامەوە هەیە و موختەصە و پەرلەمان حەقی ئەوەی هەیە، ئێمە لێژنەیەکی فەنیین زیاتر لە صیاغەکردندا، من پێم وایە ئاسار پەیوەندی بە لایەنی سەقافیەوە هەیە، بچێتە بواری رۆشنبیری، خاڵێکی تر هەندێ موئەسەساتی ترمان هەیە کە پەیوەندی بە ئەمنیتەوە هەیە لە لێژنەی ناوەخۆ، بەڵام ئەم موئەسەساتە ئەمنیەی ئێمە پەیوەندیان بە وەزارەتی ناوەخۆوە نیە، موستەقیلن، بۆیە من پێم وایە کە لێژنەی کاروباری ئاسایش و پێشمەرگە بێت باشە، پەرلەمان موتابەعەی ئەو موئەسەساتانەی بکات باشە، خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، هەندێ تایبەتمەندی هەیە وەکو شەهیدان و ئەنفال، ئەم تایبەتمەندییە ئێمە لە کوێ جێی بکەینەوە کە پەرلەمان دەیەوێ موتابەعەی بکات، لێژنەیەکی تر هەیە کە من پێم وایە بۆ پەرلەمان گرنگە، ئەویش لێژنەی بەدواداچوون بۆ پەیوەندی هەرێم و ناوەند، کە لەو لێژنانەی ئێستا نیە کە بۆ پەرلەمان ئەهەمیەتێکی گەورەی هەیە، کێشەی هەرێم و ناوەند کە ئەبێ لێژنەیەکی تایبەت هەبێ لە پەرلەمان کە موتابەعەی ئەم کاروبارانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری لە قسەکەی کوێستان خان دەکەم کە ئەڵێ: لێژنەی کاروباری یاسایی وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە لە پەیڕەوە کۆنەکە هەیە، چونکە ئەوە پێم وایە دەسەڵاتی فراوانترە، هەروەها کۆمەڵێك گۆڕانکاری کراوە، بۆ نموونە لێژنەی ناوەخۆیی و ئەنجومەنی خۆجەییەکان داندراوە، بەراستی ئێمە تا ئێستا موناقەشە لەسەر ناوەکانە، باشە ئەرکی ئەوانە چییە؟ من پێم وایە ئەرکەکان گرنگترە قسەیان لەسەر بکەین، ئێستا دێین بۆ نموونە لێژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، ئایا ئەم لێژنە ئیشی چییە؟ دەبێ دیاری بکەین، حەقە موناقەشەی ئەرکەکانیان بکەین، دەڵێی لێژنەی وەرزش و لاوان، تۆ لە پێشەوە وتت لێژنەیەك هەیە هی وەرزش و لاوان لە ئەصڵدا بەشێکە لەو لێژنەیەی کە پەیوەندی بە لێژنەی پەیوەندی و رۆشنبیری هەیە، ئێستا تۆ چۆن ئەوانە جیا دەکەیتەوە؟ حەق وایە سەرباری موناقەشە کردنی ناوەکانی. دەسەڵاتەکانیشی دیاری بکرێ و ئەرکیان چیە؟ ببوورە هەر ئەوەندەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا معروف حەمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیاز دەكـەم ئـەم گۆڕانكاریانـە بكـرێ، یەكـەم: ئـەوەی كـە تایبـەت بـێ بـە خـاڵی نۆیـەم، لێژنـەی پەیوەندییەكان و رۆشنبیری و راگەیاندن، بە بڕوای من ئەبێ لێژنەی پەیوەندییەكان جیا بكرێتـەوە و نـاو بنرێت لێژنەی نیشتمانی و دەرەكییەكان، ئێمە ئـەزانین دەسـەڵاتی جێبـەجێ كردنـی پۆسـتی سـەرۆكایەتی حكومەت و سەرۆكایەتی هەرێم چەند گەشتێكی مەكۆكیان هەیە بۆ وڵاتانی جیهان، یاخود سەردانی وەفدە بێگانەكان بكەین لە هەرێمی كوردستان، یاخود ئەوانەی كە لە ناوەندەوەن یاخود ئەوانەی لە ولاتانی ترەوە دێن، ئێمە بتوانین لێژنەیەكی پەرلەمانمان هەبێ بە شێوەیەكی سەربەخۆ بۆ بەدواداچوونی ئەم حاڵەتانـە، لە هەمان كاتدا ئاگاداری ئەو وردەكارییە بێ كە لە لایەن دەسەڵاتی جێبـەجێ كردنـەوە ئـەكرێ، لـە هـەمان كاتدا، لێژنەی پەیوەندییەكان بوارێكی سەربەخۆیی زیاتری پێ بدرێ، بۆ تەكمیلە كردنێكیش، من پێشنیاز دەكەم هەر لەم بڕگەیەدا، پابەند بكرێن هەر یەكێك لەم لێژنانە پەیڕەوی ناوەخۆی خـۆی هـەبێ، كـە ئـیتر لێـرە نەكەوینــە نــاو وردەكارییــەوە كــە ئایــا ئــەم لێژنەیــە چــۆن ئــیش دەكــات، راســتە ئەگــەر دوایــی ئەندامەكانیش وەكو پەیڕەوەكە چۆن دەستنیشـان دەكـرێ سـەرۆك و جێگـر و موقـەریری بـۆ دەسـتنیشـان دەكرێ، بەڵام لـە هـەمان كاتـدا ئامـاژەش بـدرێ بـەوەی كـە پـەیڕەوی نـاوەخۆ ئیلزامـی بكـات بـە پـەیڕەوی ناوەخۆ، سێیەمیان: گرنگیدانە بە لێژنەی سكاڵا، بەراستی یەكێك لـەو وەزیفانـەی كـە پێویسـتە پەرلـەمانی كوردستان لەو خولە بە تایبـەتی رۆڵ ببـینێ ئـەویش بەدواداچـوونی ئـەو سـكاڵانەیە، نموونـە بێنمـەوە كـە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا نزیكەی زیاد لـە 1700 كـەس لـە هـەرێمی كوردسـتاندا بـە هـۆی بـارودۆخی سیاسی لە دوای هەڵبژاردنەكانەوە و لە پێش هەڵبژاردنـەكانیش تووشـی هەڵمـەتێك بووینـەوە ئـەویش كـە بریتیـە لـە هەڵمـەتی نـان بـڕین، بەڕاسـتی ئێسـتا وەزیفـەی پەرلەمانـە ئێمـە وەكـو نوێنـەران، نوێنـەری هاووڵاتیـان، لـە دەرەوە خـەڵكێكی زۆر هەیـە لـە هـەرێمی كوردسـتاندا چاوەڕێی ئـەوە ئەكـەن، ئـەو داوا و داخوازیانەیانـە بچێت، بۆیـە مـن پێشـنیاز دەكـەم تـەركیز بكرێتـە سـەر لێژنـەی سـكاڵا و لـە هـەمان كاتـدا تەركیز بكرێتە سەر ئەوەی كە پەیڕەوی ناوەخۆی ئەم لێژنانە دەستنیشان بكرێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس هەر بۆ ئەو تێبینیەی بەڕێزتان لەسەر ئەو نان بڕینـە، بـۆ ئاگاداری گشت پەرلـەمانتارە بـەڕێزەكان، سەرۆكی هەرێم لێژنەیەكی پێك هێناوە لـە وەزارەتـی نـاوەخۆ و لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە لـە مەكتەبەكـەی خۆی، بەدواچوون ئەكەن، ئەوانـە هـەر كەسـێك كـە كارمەنـد بێـت، مـوەزەفی حكومـەت بێـت، لەسـەر بـیری سیاسی نـانی كـەس نابڕێـت، ئـەوە دڵنیاتـان ئەكەینـەوە ئێسـتا زۆر بـە جیـدی لەسـەری كـار ئـەكرێت، كـاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست پێ ئەکەم بە خاڵێك تەصەور ئەکەم، هیوادارم دەرنەچم لە مەوزوع، ئەم مەسەلەی سکاڵا لە هەموو پەرلەمانەکانی دونیا حەل کراوە بە ڕێگایەکی تر، نە بە ڕێگای لێژنە، بە ڕێگای موئەسەسەیەك لە پەرلەمان ناوی(ئومبوسمانە) یەعنی (مظالم محقق الشكاوي)، لە ڕەشنووسی دەستوور هەبوو و بەداخەوە نەماوە، من پێشنیار دەکەم بۆ سەرەتا ئەو لێژنەیە ئیزافە بکەین، بەڵام بە مەبەستی ئەوەی تەتویری بکەین و بیگەیەنینە موئەسەسەی (ئومبوسمان)، موئەسەسەی (ئومبوسمان) پێشکەوتووترە لە لێژنەی سکاڵا، ئەرکەکانی دیارن، ئێمە لە ڕێگای ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەشنووسێك لەگەڵ کوراسێکی مەعلوماتمان ئامادە کردووە، ئەتوانم پێشکەشی بکەم بە بەڕێزتان، ئەوە یەك، دوو، من پشتگیری ئەو ئیقتیراحە ناکەم ئەوانەی باسی ناوچە کێشەدارەکانیان کرد بە حەقیقەت، چونکە لە پرۆگرامی ئێمە و لە ئەولەویاتەش باست کرد جەنابت، ئەگەر بتوانین لێژنەیەك هەبێت تا ئەو مەوزوعەی 140 تەواو نەبێتن ئێمە فیعلەن ئەکتیف بین و پەرلەمان لەناو مەوزوعەکە بێت، سێیەم، ئەو گفتوگۆیەی کرا لەسەر مەوزوعی ئافرەت و ژن و منداڵ و خێزان، من پێشنیارێکم هەیە، ئێمە لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە بکەینە دوو لێژنە، لێژنەیەك ببێتە تەندروستی و ژینگە، لێژنەیەکیش بکەین بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و کار و خێزان، کاروباری کۆمەڵایەتی کار وعەمەل ئەگریت، مەسائیلی زەمان ئیجتیماعی ئەگرێت، بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە، ئێمە حەقمان بەوەی نیە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەر پێکەوە بوو، هەر ئەوەندەم هەبوو و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجی یەکەمم ئەوەیە، ئەو چەند لێژنانەی کە ئیزافە کراون، بەڕاستی پێناسەیان بۆ نەکراوە، ئەگەر بیلزەبت پێناسەیان بۆ بکرێ پێم وایە ئەوە هەندێ ئیشکالیەتی هین ئەکردەوە، چونکە لێژنەکانی تر لە پەیڕەوی ناوەخۆوە با بڵێین روونکردنەوە لەسەر ئەرك و وەزیفەکانی کراوە، با بڵێین جۆرێك لەتێگەیشتنی جیاواز، بۆ نموونە لەسەرلێژنەی نەزاهە هەبێت، هەندێك وا بزانێ تەنها ئەستۆ پاکییە و هەندێکیش ئەرکی لێژنەی نەزاهە بە خۆی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، لە بەغدادا هەیە کە ئەرکێکی زۆر گەورەو و فراوانە بە تایبەتی لە بوونی مەوزوعی گەندەڵی بەفراوانی لە کوردستاندا، بۆیە حەق وابوو پێناسەیەکی بکرابا ئەو لێژنە تازانەی کە لێرە پێشنیارکراوە، دیارە ئەو لێژنەی سکاڵایە کاك زانا بە وردی باسی کرد، من زۆر پشتگیری ئەوە دەکەم، دەبێ لێژنەی سکاڵا هەبێ بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی خەڵك، ئەو پێشنیارەی کاك عبدالسلام بەڕاستی خاڵێکی زۆر گرنگە، لە ئێستا ئەتوانین ئیکتیفا بەوە بکەین، بەڵام دواتر دەتوانین بگەینە ئاستێکی گەورەترەوە وەکو جەنابی باسی کرد (ئومبوسمان)، کارێکی زۆر زۆر گرنگە و ئەرکی پەرلەمانیش گەورەتر دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە

رۆژانـەکانی خـەڵك، دیـارە بـۆ لیژنـەی یاسـاکاری، مـن پـێم سـەیرە ئـەو وشـەیە بۆچـی دانـراوە لـەوێ؟ لەعەرەبیەکـەش کـراوە بـە تەشـریع، چـونکە وەزیفـەی لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی دیـارە لیـرە تەشـخیص نەکراوە، ئەرکەکەی چییە، ناوەکە گۆڕاوە، بەڵام لە پەیڕەوی کۆندا، ببورە، ئـەوەی کـە ئێسـتا ئیشـی لەسـەر دەکەین، داڕشتنی یاساکان و سەلامەتی لە رووی یاساییەوە تەوزیحی کردووە، تەشریع نیە، بـەڵام صـیاغەیە لە رووی قانوونیەوە، ئەگەر ئیشکالاتێکی قـانونی هـەبێ و ئیشکالاتی زمانـەوانیش هـەبێ، بۆیـە یاسـاکاری ئەوە ئەرکی لیژنەکانی تریشە لە پەرلەمان، ئەرکی لیژنەیەك نیە، بۆیە هەر تـەنها کاروبـاری یاسـایی بێـت وەکو خۆی و هەرلیژنەی کاروباری یاسایی بێت، بەو شێوەیە بێت ئەوە پـێم وایـە مەبەسـتەکە پێـك دێـتن، دانانی ئەو وشەیە لە زیادەو وخراپە و لە وەزیفەکـەی لا ئـەدات، مـەوزوعی ئافرەتـان دیـارە وەکـو بـەڕێزان باسیان کرد، ئێستا کێشەیەکی گەورەیە لە کۆمەڵگای کوردی، توندو وتیـژی بەرامبـەر بـە ئـافرەت، کوشـتنی ئافرەت، یەعنی بەڕاستی ئەوە کێشەیە، بوو بە زاهیرە، لەمەسەلەی فـەردی دەرچـووە، پێویسـتە لیژنەیـەکی پەرلەمانی هەبێ بۆ بەدواداچـوونی ئـەو مەوزوعـە و بـۆ تەشـریع کردنـی کۆمەڵـە یاسـای مـافی ئـافرەت کـە بتوانرێ بیپارێزێ، بۆیە بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە جیا بکرێتەوە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە کاك عبدالسلام کـردی، بـۆ مـەوزوعی مەسـائیلە خێزانیەکانـەو ئـەوە پێشـنیارێکی زۆر زۆر باشـە، مـن بـۆ پەیوەندییـەکان، بەداخەوە ئێمە وا هەست دەکرێ هەر لە هەرێم بـەو پێناسـەی کـە خـەڵکی تـر بۆمـان ئـەکات ئێمـە قسـەی لەسەر ئەکەین، بچووکی ئەکەینەوە لەوەی کە نەتوانێت خـاوەنی پەیوەندییـەکی تونـد و تـۆڵ بێـت لەگـەڵ دەرەوە، لە ئەقلیمەکانی تری عێراق، لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر، بۆیە لیژنـەی پەیوەنـدی دەبـێ لیژنەیـەکی موستەقیل بێت لە پەرلەماندا، بۆ ئەوەی هەم بتوانێ لەگەڵ دەزگا تەنفیزیەکانیش سەردان و ئاگاداری ئەو هەموو کەین و بەینە بێت و ئەو هەموو قسە و باسانە بێت کە دەکرێ لەسەر ئـەوە و پەیوەندیشـی لەگـەڵ بەغدا هەبێ، مەوزوعی لیژنەی پەیوەندییەکان زۆر گرنگە جیا بکرێتـەوە، چـونکە ئـەرکی جیـاوازی هەیـە لەگەڵ ئەوەی کە لەگـەڵ لیژنـەی رۆشـنبیری و ئەوانـە دانـدراوە، بـۆ ناوچـە دابراوەکـان، پـێم وایـە کێشـەی ناوچە دابراوەکان دەرچووە لـە کێشـەیەکی موئەقـەت بـۆ کێشـەیەکی مـوزمنی هـەرێمی کوردسـتان و گـەلی کورد، پێم وایە ئەوە زۆر گرنگە لیژنەیەکی هەمیشـەیی هـەبێ تـا ئـەو مەسـەلانە یەکلائەکرێنـەوە، ئەگـەر جەنابت ئیجازە بدەی یەك خاڵی کورت قسە لەسەر ئەوە بکەم، ئەوە پرسیارە لە جەنابت و بەڕێزان بکـەم، ئایا بۆ پەرلەمانێکی 111 کەسی و بوونی ئەو هەموو لیژنە زۆرانە کارێکی پێویستە؟، ئایا ئەو جۆرێـك لـە تەفر و تووناکردن و تەشهیرکردنی توانا و تاقەکانی ئەندامانی پەرلەمان نیە؟ بـوونی ئـەو هـەموو لیژنانـە کە جەنابتان ئەزانن و زۆر لە بەڕێزان ئەزانن، زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکانی جیهان کە رێژەیەکی زیاتریان لە ئێمە هەیە، چەند لیژنەیەکی هەمیشەییان هەیە، یەعنی قسەکەم لەسەر ئەوەیە کە ئەکرێ هەندێ لـەو لیژنانە دەمج بکرێ، با لیژنەکان فراوان نـەبن لە رووی عەدەدیـەوە، بـەڵام بـا لـە رووی ناوەرۆکـەوە فـراوان بێت و کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو خاڵانەی كە باسكرا، منیش رام وایە كە لێژنەی ژنان خۆی بە تاقی تەنها بمێنێتەوە، چونكە لەسەر ئاستی كۆمەڵگای كوردستان، كێشەی ژنان كێشەیەكی زۆر گەورەیە، منداڵ و خێزان لەگەڵ شوئونی صیحی یان ئیجتیماعی بكرێن بەیەك وەكو باسكرا، یان بكرێن بە دوو لێژنە، یاخود لەگەڵ ئەو لێژنەیە بكرێن بەیەك، هەروەها لە شوئونی صیحی مەفروزە، من پێم باشە ئەگەر بكرێت، تەشخیصی شتەكان بكرێن، بۆ نموونە پیرەكان و كەم ئەندامەكان لە تەفاصیلی لێژنەكاندا كە دائەرێژرێ، باسی ئەوانە بكرێ، چونكە ئەو شەریحەیە لە كۆمەڵدا چاوەڕێن شتیان بۆ بكرێ و ئیشیان بۆ بكرێ، هەروەها بە نسیبەت لێژنەی سەقافە و ئیعلامەوە ئاساریش ئیزافە بكرێ، منیش پێم باشە، لێژنەی شەهیدان و ئەنفالمان هەیە ئێمە، لەم لێژنانە باس نەكراوە، نازانم لە چ جێگایەكدا خۆی ئەگرێتەوە؟، شەهیدان و ئەنفال كە دوو بەشی زۆر گەورەن لەم كۆمەڵگایە، ئەگەر تۆزێك ئیشیان بۆ بكرێن، من پێم باشە ئەگەر لێژنەیەك بكرێ لەگەڵ لێژنەی حقوقی ئینسان بكرێن بەیەك، هەروەها بە نیسبەت لێژنەی سیناعە و تاقە، سەرچاوە ئاوییەكانیش ئیزافە بكرێ لەو لێژنانەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەكەمیان دەربارەی لێژنەكان، خاڵی یەكەم لێژنەی یاساكاری و كاروباری یاسایی، ئەگەر سەیری ئەصڵی ماددەكە بكەین، لێژنەی شوئونی قانونی دوو تایبەتمەندی بۆ دیاری كردووە، یەكەمیان سەیركردنی هەموو مەسائیلی زاتە تابیعی قانونی بێت، دووەمیان صیاغەی قەوانین، ئەگەر مەبەست لە صیاغە بێت ئەو یاساكارییە، داڕشتنی یاساكان تەرجومەكەیەتی بە كوردی، ئەوە دەربارەی خاڵی یەكەم، یەعنی یاساكاری ئەگەر مەبەستتان صیاغەیە دەبێ داڕشتن بێت لە شوێنی، دەربارەی لێژنەی مافی مرۆڤ، من بە پێویستی دەزانم یان لێژنەی سكاڵای هاووڵاتیان بە جیاجیا بكرێتەوەن یان بنووسرێ لێژنەی مافی مرۆڤ و سكاڵای هاووڵاتیان، دەربارەی خاڵی 18 نووسراوە لێژنەی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەڕێز لە قانونی هەرێمی كوردستان ئەگەر باسی كۆمەڵگەی مەدەنی دەكەی دوو جۆر تەركیبە هەیە، یەكێكیان كۆمەڵەكانە و یەكێكیان ڕێكخراوەكانە، ئاشكرایە كۆمەڵەكان یاسای 12ی ساڵی 1993ی

پەرلەمانی کوردستان ڕێکی خستوون، ڕێکخراوەکانیش یاسایەکی تری تایبەت بە خۆیانەوە هەیە، بەرەئی من ئەوە نوقصانە، ئەبێ زیادی بکەین و بنووسرێ لیژنەی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، ئەگەر وتت لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، بەپێی تەعریفی قانونی بەس ڕێکخراو دەگرێتەوە و کۆمەڵەکان و سەندیکا و یەکێتیەکان ناگرێتەوە، ئەوە دەربارەی لیژنەکان، دەربارەی تەعریفی ئەو لیژنانە، بەڕێز ئەگەر سەیری ماددە کۆنەکان بکەین هەموو لیژنەیەك دوو ئیشی موهیمی بۆ دیاری کراوە، تەرکیبەی لیژنەکە و تایبەتمەندی و صەلاحیاتەکانی، من نازانم کە ئەو تەرکیبە و تایبەتمەندییانەی لەیەکراوەتەوە و تەعدیلەکە تەرحکراوە؟ ئایا بەتەما نین ئەو تەرکیب و تەعریفەی بۆ بنووسنەوە؟ هەر لیژنەیەك عایدی چیە؟ یەعنی ئەوە زەرووره هەر لیژنەیەك تەرکیبە و تایبەتمەندی خۆی بۆ دیاری بکرێتەوە بۆ لیژنەکان، من هەر ئەوەندەم هەبوو و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردبوو ناویان بنووسرێت، جارێکی تر دەنگیان پێ نادەین، یەعنی رجام لە هەمووتان ئەوەیە بۆ ئەوەی ئیلتیزام بە نیزامەوە بکەین لە بیدایەت کە ئیعلان دەکەین کێ ئەیەوێ قسە بکات ئەوجا ناوی خۆی ئەنووسێ، کە ناویان نووسرا، پاشان ئەگەر قسەی کرد ئەوە تەواو دەبێت، ئەگەر ناوی نەنووسێت و دوایی داوا بکات مەجالی پێ نادەین، نوقتەی نیزامی کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە لە سەرەتاوە تەنها موناقەشەکە لیژنە لیژنە بوو، دواتر ئەوانەی کە دەستیان بەرز کردبووە بەس بۆ لیژنەی یاسایی بوو، دواتر کە هەمووی پێکەوە خرا دەنگدان ئەوانەی کە داوای قسەکردنیان کرد ڕێگەتان پێ نەدا، ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن دووبارە تیکرار کراوە کە کوێستان خان پێشنیاری کرد، تەعدیلمان کرد، یەك کەسێك بوو و دوایی ئەوە دووبارە دەستمان پێکردەوە، کەس مولاحەزەی نەبوو، باشە ئێستا لیژنە لیژنە دێینە خوارەوە، هەر چەندتان ویستتان ڕێتان ئەدەمێ قسەی لەسەر بکەن، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نەنووسیوە وایان زانیوە لیژنە لیژنەیە موشکیلە نیە، ئێستا دێینە سەر لیژنەی ژمارە یەك، لیژنەی ژمارە یەك، لیژنەی یاساکاری و کاروباری یاسایی، پێشنیار هەیە بۆ ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە وەکو خۆی لە پەیڕەو و پرۆگرامی کۆن هاتووە بمێنێتەوە، کێ لەگەڵێتی با دەستی بەرزکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ ئەوە ژمارە یەك وەکو خۆی ماوە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کاك عومەر نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عمر محمد خدرنورەدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی تەصویتەکە ئیشکالەك هەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو ئەوەی لە بەرنامەکە پێشنیار کراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو ئەوەی کۆن، ئەوەی پێشوو (لجنة الشؤون القانونية)، ئەوە وەکو خۆی مایەوە، ئێستا ئەچینە ماددەی دوو، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کەس لەسەر ئەم لیژنەیە شتێکی هەیە؟ کاکە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کە ئەو ئیشکالانە دروست نەبێت، کە ناوەکانت نووسی، جەنابت ئەگەر لوتف بکەی ناوەکان بە خێرایی بخوێنێتەوە ئەو کاتە ئیشکال دروست نابێت کێ ناوی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید قسەکەت مەنتیقیە، داوای لێبوردن ئەکەین ئەوە یەکەم جەلسەیە و ناوی هەمووتان نازانین، بەس زوو فێر دەبین ئینشاالله، ئیتر ناوەکانمان کە نووسی هەمووی ئەخوێنینەوە، ئەوەی ناوی نەنووسرابێ دووبارە ئەینووسینەوە، کەرەم بکە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هینە قانونیەکە گەڕانەوە نیە، هەڵەیەکی زمانەوانی هەیە لە کۆنەکە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، کوردیەکە ئەڵێ لیژنەی کاروباری یاسا عەرەبیەکە ئەڵێ (لجنة الشؤون القانونية)، یان ئەبێ ئەوە بکەین بە لیژنەی کاروباری یاسایی، یان ئەبێ عەرەبیەکە بکەین بە لجنة شؤون القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شوئونی قانونیە، هەر ئەوەی ئەکەینە ئەساس، ئەم جەلسەیە تا تیمێکی زمانەوانی باش دێنێن عەرەبیەکە ئەکەینە ئەساس، ئینشاالله لەو گرفتانە نەجاتمان ئەبێ، کەرەم کە.

**بەڕێز برهان رشید حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تەعریفەکەی، ئایا تەعریفەکەی بۆ ئەنووسرێتەوە یان هەر ئەوها بە ناوەکەی ئەڕوات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به نیسبەت هەر ناوێك، مەعنای ئەوەی نیە هەر کاری لێژنەیەك لە ناوەکەی رەنگبداتەوە، ناوەرۆکی لێژنەکە ئەویش بە پێی پەیڕەوی یاسایی کە هەیە دائەندرێت و ئەویش ئەخرێتە بەر دەست بەڕێزتانەوە، کاك فرسەت موداخەلەیەکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاگاداری برادەران ئەکەم، ئەو تەعریفەی لەناو پەیڕەوی ناوەخۆ، ئەو کیتابە ئێستا نەماوە، چونکە لە تەئریخێکی زوو، لە 23\8\2005 لێژنەکان جارێکی تر تەشکیل کران، بێ تەعریف بوو، ئەوەی لەغو بوو ئەو ماددەیە، بەس چونکە چاپ کردنی ئەو کیتابە پێش تەعدیلەکە بوو لەبەر ئەوە ئیشارەتمان پێ نەدا، ئەوە بۆ ئاگاداری جەنابتان، لێژنەکانیش مەعلومن ئەگەر ماوەیەکی تر ببێنن بە خۆتان ئەزانن هەر لێژنەیەك چۆن ئیش و کاری خۆی ئەکات، لێژنەکانی پەرلەمانی لە هەموو عالەم دیارە، دوو، ئەو بابەتانە سەرۆکایەتی تەحویلی لێژنە ئەکات، تەماشای مەزموونەکە ئەکات، تەماشای بابەتەکە ئەکات، عایدی کامە لێژنەیە تەحویلی ئەوێ دەکات، ئەگەر هات و پرۆژەی قانون بێت یان بریار بێت، لێرە ئیعلان دەکرێت، لەسەر مینەصە ئیعلان دەکرێت، ئەو پرۆژەیە بۆ فیلان لێژنە و فیلان لێژنەیە، ئەوەتا بە خۆتان ئەزانن ئیشی خۆتان چۆنە و چۆن نیە، ئەتوانن ئیشی خۆتان تەواو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ژمارە دوو، لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ، اللجنة المالية و الشؤون الاقتصادية، کەس قسەی هەیە لەسەری؟ فەرموو کاکە.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری من پێم باشە بازرگانیشی بۆ زیادبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بازرگانیش هەر عایدی ئەوانەیە، ئیلا لە عینوانەکەی نیە، شەرت نیە لە عینوانەکەی دابنێی، هەر ئیشێك پەیوەندی بە کاروباری دارایی هەبێ ئەچێتە ئەو لێژنەیە، چونکە لە ئیختیصاصی ئەوان ئەبێت، ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵن لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەم شکلە بێت ناوەکەی، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوە پەسندکرا، سێیەم، لێژنەی ناوەخۆ و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، ناوەکانتان دەنووسم، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوامان کردبوو کە لێژنەی داخیلی و شوئونی ئەمنی ئیزافە بکرێ، هەر خۆی لەناو خۆیەوە ئەوەی عیلاقەی هەیە بە کاروباری وەزارەتی ناوەخۆوە لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش لەگەڵ مەجالیسی مەحەلی مونتەخەب لە ئەنجومەنی پارێزگاوە دەگرێتەوە هەتاکو ئەنجومەنی ئەقزیە و نە واحی، ئەوانەی کە دروست دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، داوا دەکەین ئەو ناوە بەو شێوەیە بگۆڕدرێت، لجنە الداخلیە و الامنیە و المجالس المحلیە، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە ژمارەی دووی پێشوو بە هەڵە خوێندتەوە، لجنة المالیة و الشؤون الاقتصادیة، بەڕێزت بە لجنة الشؤون المالیة و الاقتصادیة خوێندتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە بە هەڵە نەمانخوێندەوە، لێرە تەسبیت کراوە، لجنة الشؤون المالیة و الاقتصادیة، سوپاس، راست دەکەی ئەوەی تۆ دروستە، کاک اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سۆزان خان وتی منیش پێشنیاری ئەوەم هەیە ئاسایشیش ئیزافە بکرێتە سەر لێژنەی ناوەخۆ، بە پێی تەجروبەی پێشتر کە هەمان بوو، لەبەر ئەوەی ئاسایش دەزگایەکی سەربەخۆیە، لە داهاتووش کە یەکی گرتەوە ئەو دەزگایە دەبێتە دەزگایەکی سەربەخۆ و راستە و خۆ سەر بە لێژنەی ناوەخۆیە، چونکە شەرت نیە دەزگای ئاسایش سەر بەوەزارەتی ناوەخۆ بێت، رەنگە دەزگایەکی سەربەخۆ بێت بەپێی ئەو پرۆژە یاساییەی کە پێشتریش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، رەنگە دەزگای ئاسایشی کوردستان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆ ئەوەی لێژنەی ناوەخۆ بتوانێ لێپێچینەوە لە ئاسایشیش بکات و ئەو ئاسایشەش ئیزافەی سەر لێژنەی ناوەخۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی ئەم لێژنەیە، من تەئیدی هاوڕێم کاک کاردۆ دەکەم سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان توانای ئەوەی هەبێ کە لێپێچینەوە لەگەڵ ئاسایشیدا بکات، واتە ئاسایش ببێتەوە بە دام و دەزگایەکی یاسایی لە

کوردستاندا، له ژێر ڕەقابەی پەرلەماندا بێت، سەبارەت بە مەجالیسی مەحەلی من پێم وایە ئەمانە جیایە ئەو مەجالیسانە کە ئێمە ئیشارەتی پێ بدەین، ئەبێ ئێمە تەکریسی ئەوە بکەین کە مەجالیسە مەحەلیەکان بەهێز بن و بێ نرخیان نەکەین و ڕۆڵی خۆیان هەبێت، لەبەر ئەوەی کوردستان ئەگەر بەرەو ئەوە بڕوات ئەبێ بە ئەزموونێکی دیموکراتی، نابێت مەرکەزیەتی تێدا بێت، بەڵکو دەبێت مەجالیسە مەحەلیەکان بەهێز بکرێن، ئێمە بۆمان هەبێ تەداخول لە کار و بە تایبەتی ئەوەی کە بە پێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان پارێزراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاک شاهۆ پێت وانییە موراقەبەی پەرلەمان بۆ هەموو شوێنێك چەند بڕواتە خوارەوە باشترە، یەعنی ئەوە مەعنای ئەوە نییە لە قیمەتیان کەم بکات یان ئازادیان نەکات لە بۆچوونی پەرلەمان، هەموو دام و دەزگاکان من سەد لە سەد لەگەڵتانم بۆ ئەوەی بۆ ئاسایشیش بچێتن، بۆ هەموو مەجالیسەکانی تریش بچێت بۆ ئەوەی ئەوە نەبێت، یەعنی شتی نادروست لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان جێ بەجێ نەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە دکتۆر لە دەستووری عێراقدا و، بە پێی هەموو ڕژێمێکی دیموکراتی، مەرکەزییەت زۆر ترسناکە و، مەرکەزییەت وڵات بەرەو دکتاتۆرییەت دەبات، بۆیە ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە ئیش بکەین لەسەر تەکریس کردنی لامەرکەزییەت ، ئەکرێ کوردستان بەرەو وڵاتێکی دیموکرات بەرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نوقتەی نیزامی؟ نیزامی بێ، ئەگەر نیزامی نەبێ ڕاتدەگرم، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، وەڵام و وەڵام دانەوە نیە لە نێوان سەرۆکایەتی و یەکێ لە ئەندام پەرلەمانەکانەوە، هیوادارم هەردوولا پابەند بن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قبوڵی دەکەین، تەواو دروستە، خوشکە ڕێزدار پەیام، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەم لێژنەیە، لێژنەی ناوخۆ، پشتگیری کاك کاردۆ دەکەم کە پێشتریش باسی کرد، لێژنەی ئاسایشیش بێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ لێژنەی پەرلەمان ڕەقابەیەکی هەبێ لەسەر ئاسایش کە تا ئێستا ئەو لێژنەیە نەبووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك فاضل، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن إسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی كاروباری پارتە سیاسیەكان زیاد بكرێ، كە ئێستاكە كاروباری ..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ڕەجائەن، ئێستاكە لەسەر خاڵی سێ قسە دەكەین، پاشان ئەگەر هات لە ئەخیردا دەتوانی داوا بكەی ئەوە ئیزافە بكەی، ئێستا فەقەت (اللجنة الداخلية و المجالس المحلية)، ئەتەوێ لەگەڵ ئەمە دەمج بێ؟

**بەڕێز فاضل حسن إسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئی لیژنەی ناوخۆیە، من پێشنیار دەكەم كە لیژنەیەكی سەربەخۆی هەبێ، لیژنەی كاروباری پارتە سیاسیەكان، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بە هۆی فرەحیزبی، حیزبی سیاسی زۆرن، كێشە و مەشاكیلیان زۆرە، تەداخولات زۆرە، جا لەوانەیە بەشێك لەو حیزبە سیاسیانە لە پەرلەمانیش نەبن، یەعنی بۆ كاتێ كە كێشەكیان بۆ دروست دەكرێ ، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بتوانێ كاروباری پارتە سیاسیەكان ڕێك بخات، پەیوەندییەكانیان ڕێك بخات، بەتایبەتی لەگەڵ حكومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی ناوخۆ من پشتگیری لە ئەو بەڕێزانە ئەكەم، كە باسی ئاسایشیان كردووە، كە بكرێتە ناو ئەو لیژنەیەوە، من ئیزافەم هەیە بۆ ئەوە، لەبەر ئەوە دەزگای تری هەواڵگری هەیە كە لە خاریجی ئاسایشیشن و حیزبییە، بۆ ئەوەی بخرێتە ناو ئەوەوە و كۆنترۆڵ بكرێ لە خاریجی، بۆ ئەوەی ئەو دەزگا ئەمنییانە زۆر حەساسن و گرنگن، تۆزێكیان لە دەرەوەی یاسا كار ئەكەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش كۆ بكرێتەوە لە نێوان ئەو لیژنەیە، بكرێ بە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و هەواڵگری و دژە تیرۆر و ئەنجومەنە خۆجێییەكان، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم دەزگایانە بوونیان هەیە، فەعالن و كاریش ئەكەن و، زۆربەشیان لەدەرەوەی یاساوە كار دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تەواو بوو، ئێستا بۆ ئەم لیژنەیە، پێشنیار ئەوە هەیە کە ئاسایشی ئیزافە بکرێ، لەسەر ئەوە پشتگیری هەبوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەکە ببێتە (لجنة الداخلية و الأمن و المجالس المحلية)؟ دەست بەرز کەن تکایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری (لجنه الزراعه و الرى)، کێ لەسەر ئەم لیژنەیە قسەی هەیە؟ تکایە دەست بەرز کا، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە، ناویان دەخوێنمەوە، ئەوەی ناویان نە نووسراوە تکایە دەست بەرز کەن، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، فەرموو کاك عبدالقادر.

**بەڕێز عبدالقادر إكرام جميل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەبیعی حالیەن کە ئێمە ئێستا سێمان خەلاص کردییە، لیژنەی یاسایی و دارایی و ناوخۆ، یەعنی ئەمن ئێستا هەست دەکەم ئەو سێیە هەر یەکە ئەوەی خۆیان هەیە، یەعنی هەر یەکە ئیشی خۆیان هەیە، ئەمما کە دێیە سەر کشتوکاڵ و ئاودێری، ئایا ئەوە ئیشەکەی ئیدارییە؟ فەنییە؟ یەعنی حەق بوو ئەو شتانە ئاشکرا بێ، یەعنی ئێستا ئی کشتوکاڵ و ئاودێری ئاشکرانیە، حەزمان دەکرد ئەوە ئاشکرا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بێ باشە، یان لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و پەرەپێدانی گوندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچوونی کاك کاروانم هەیە، ئەو دوو لیژنە بدرێ لە یەك لایەنی کەم، یان ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ کارێکی باشە، چونکە ئەوە یەکێك لەوەی لەگەڵ قسەی کاك عەدنان دا، کە فراوان بوونی لیژنەکان پێموایە شتێکی زیادە، لەکەڵ ئەوە لەیەك بدرێ کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هـەر تەئیـدی ئـەو دوو برایـەی دەکـەم کـە قسـەیان کـرد، منـیش هـەر لەگـەڵ ئـەوەدام کـە لیژنـەی کشتوکاڵ و ئاودێری بێ، ئـیتر ئاوەدانکرنـەوەی گونـدەکان و پەرەپێـدانی گونـدەکان بخرێتـە ئـەوێ، چـونکە هەمووی بە یەك ئاراستە بێ، وابـزانم ئەگـەر لـەوێ بـێ چاکتر ئـیش لەسـەری دەکـرێ، بەڕاسـتی گونـدەکان پێویستیان بە خەدەمات و ئاوەدانکردنەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە کشتوکاڵیش ئیشی بۆ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەو لیژنەیە ئێمە هەم دارستان و، سامانی ئاویشمان هەیە، بۆیە ئەم لیژنەیە دارستان و سامانی ئاویشی تێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك بلال، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم پێشتر باس لەوە کرا، ئەو تەعریفە کە پێشتر دانـدراوە و، لە ماددەکەدا هەیە، ئـەو تەعریفـە دەمـێنێ یان نا؟ ئەو جوابە نەدرایەوە، بەڵام لە تەعریفی پێشتردا باس دەکات کە سامانە سروشتییەکان و مەسەلەی وزە لە ناو ئەو ماددەیەدا، لە ناو ئەو لیژنەیەدایە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، من پێشـنیار دەکـەم ئەگـەر ئەمە دەمێنێتەوە، بخرێتە سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە، چونکە لێرە تێ گیرانەك دروست دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوورە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری منیش هەر ئەوە بوو کە پەرەپێدانی گوندەکان ئیزافـە بکـرێ و، قسـەی لەسـەر کـرا، بۆیـە چیتر قسەی لەسەر ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەواو بوو، یەك تێبینیێك بۆ ئێوەی بەڕێز، پەرەپێدان پێویستی بە شتی هەندەسی هەیە، بە شـتی سناعی هەیە، زۆر مەجال ئەگرێتـەوە، بۆیـە ئـەوە لـە مادەیـەکی تـر هەیـە، لیژنەیـەکی تـر دانـدراوە ، لـە ئیعمار و ئیسکان داندراوە، بەس بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێز دەمێنێتەوە، چەند ڕێزدارێك پێشـنیاریان کـرد کـە ئـەو گۆڕانکارییـەی بەسـەر بێـت، بەتایبـەت ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان بخرێتـە سـەری، ئێسـتا پـێش

بیخەینە دەنگدان، ئەمەوێ لە لیستەکان چەند کەسێك لەگەڵ ئەوە بێ، با لەهەر لیستێك یەك کەس قسە بکات، لیستی کوردستانی ئەگەر ڕەئیتان لەسەرە یەکێکتان. فەرموو، سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئێستا وەکو خۆی بێ، چونکە پەرەپێدانی گوندەکان دەکەوێتەوە زمنی ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و جارێکی تر دەچێتەوە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بە جادە و بانە، بە دروست کردنی قوتابخانەیە، بە تەتویرە، یەعنی کە دەڵێی تەتویر، زۆر لایەن دەگرێتەوە، ئەوە لەبەر ئەوە من پێم باشە هەر وەکو خۆی چۆن هاتووە، ئەمە (لجنة الزراعة و الري) بێ و، لەوەی تر دا (تطوير الريف) ئەچێتە ناو ئاوەدانکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان وایە پەرەپێدانی دێهات لە کشتوکاڵ دانابڕێ، ئەوەی تر کە باسی کرد پەیوەندی بە خەدەمات و خەستەخانە و صناعە، هەموو ئیشی خەدەماتیە، بەڵام بتەوێ گوند ئاوەدان ببێتەوە، دەبێ لایەنی کشتوکاڵیەکە شتی سەرەکی بێ، بۆیە دەچێتە ئەم بوارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوراز شێخ أحمد حمد بایز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەو پێشنیارەمان وایە کە بەڕاستی بۆ ئەوەی بە یەك ئاراستە ئیش بکرێ بۆ گوندەکان، ئیشی باشتر بۆ گوندەکان بکرێ و، خەمی باشتر لە گوندەکان بخورێ، پەرەپێدان پچێتە پاڵ خاڵی چوار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە کە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری وەکو خۆی بێ، بەڵام ئەوەی کە زۆرێ لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، کە ئەو تەعریفە بەڕاستی زۆر لە موشکیلەکان حەل دەکات، یەعنی ئەگەر پێناسەکە بۆ هەر یەکێك لەو ماددانە بێ ئەو لیژنانە، ئەو کاتە هەندێ لە گرفتەکان حەل دەکات، یەعنی ئەگەر پێناسەکەی کە لەو لیژنەیە هاتووە، کە ئەو مەسائیلانەی تری تێدایە، کە وابوو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری وەکو خۆی بمێنێتەوە باشە، بەڵام پەرەپێدانی گوند لەبەر ئەوەی بەشێکە لە ئاوەدانکردنەوە هەر لەگەڵ لیژنەی ئاوەدانکرنەوە و نیشتەجێ کردن و پەرەپێدانی گوند بێ، بەلام ئەگەر ببێتە پەرەپێدانی گوندەکان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى مظهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێمباشە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری پەرەپێدانی گوندەکانی لەگەڵ بێ، یەعنی پەرەپێدانی گوندەکان لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك شێردڵ، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد حمادى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی (لجنة الزراعة و الري) هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئێمە پەرەپێدانی گوندەکان، ئیحتیمالە لیژنەی ئەشغال و ئیعمار هەیە، لەگەڵ ئیعمار تێکەڵی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك أمیر، فەرموو.

**بەڕێز أمیر گوگە یوسف عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەروەکو خۆی بێ (لجنة الزراعة و الري)، چونکە شاملە، زراعە شاملە و ڕەییش شاملە، یەعنی هەر وەك خۆی بمینێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزێکی برایێکی ئەرمەنمان هەیە، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز ئارام شاهین داود باکۆیان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لیژنەی (شؤون الزراعة و الري) وەك خۆی بمێنێت، چێترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ برایموك:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە لە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری وەكو خۆی بمێنیتەوە، چونكە پەرەپێدان جێگای لە دوو شوێنی تر دەبینێتەوە، یان شارەوانییەكان چونكە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری تەخەصوصییە زیاتر، ئەوەی تر (تطویر و إعمار الریف) دەچێتە یان شارەوانی، یان ئاوەدانكردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا تەواو بوو، ڕەئی خۆتان دا و، ئێوەی بەڕێزیش گوێتان گرت لەو بەڕێزانە، ئێستا كێ ئەیەوێت لیژنەكە وەكو لە تەعدیلەكە هاتووە (لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری)؟ كێ ئەیەوێ بەو شكلە بێ دەستی بەرز كات تكایە؟ شەست و سێ ئەندام لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێ، كێ لەگەڵە كە پەرەپێدان ئیزافە بكرێتە سەری؟ سی و شەش كەس لەگەڵە كە پەرەپێدان بچێتە سەری، بۆیە وەكو خۆی ئەمێنێتەوە، تكایە بۆ خاڵی پێنج، لیژنەی كاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، ناوتان ئەنووسین بەس تكایە هەركەسێ ناوی خۆی بڵێ، چونكە یەكەم ئەوەیە، ناوتان نازانین، ڕێزدار كاك یشار، كەرەم كە.

**بەڕێز  یشار نجم الدین نورالدین عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكە هەندەك بە دوور و درێژی هاتییە، لە كوردییەكەی لیژنەی (كاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان)، ئەگەر تەنها بیكەن بە خێزان، خێزان خۆی ناوێكی گشتگیرە، لە خێزان ئافرەت هەیە منداڵ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د. بشیر، فەرموو.

**بەڕێز بشیر خلیل توفیق عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت لیژنەی (كاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان)، من پێم باشە ناوەكە وەكو خۆی بمێنیتەوە و، پڕ بە پێستی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر هاتو منداڵ و خێزانمان لە ئافرەت دابڕی، ئەوە كێشەكانیان نەفسی كێشەیە، كێشەی ئافرەت هەمان كێشەی منداڵ و كێشەی خێزان و كێشەی ناو ماڵیشە و، ئەوڕۆ ئەوەی داوا دەكرێ داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت ئەو مافانەیە، با بڵێین ئەو ئەستەمەی كە لە ئافرەت دەكرێ بە زۆری لە ناو خێزانە و، لە ناو كۆمەڵگایە، بۆیە جێی ئافرەت بەڕاستی لەگەڵ منداڵ و

لەگەڵ خێزاندا زۆر ڕێك هاتووە، ئێمە بۆ تەنها ئافرەت جیا بکەینەوە لە مرۆڤ، جیای بکەینەوە لە منـداڵ، جیای بکەینەوە لە ماڵ، یەعنی بە خۆی ئەسلەن دەبایە ئەوە لەگەڵ مـافی مـرۆڤ بایـە، مـافی مـرۆڤ هـەمووی هەر مرۆڤە، ئافرەت مرۆڤە، منداڵ مرۆڤـە، پـیر مرۆڤـە، یـەعنی کـە ئێمـە دەڵێین مـافی مـرۆڤ، مـافی منـداڵ دەگرێتەوە، کە بووە لیژنە با لیژنەی (کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێـزان) بـێ، وشـەی داکۆکی کـردنیش، ئەوا دەکرێ داکۆکی کردن نەیێ لەوە، داکۆکی کردن ئەگەر داواکردنـی مـاف بـێ، مـرۆڤیش داواکردنـی مـافی هەیە، کەواتە لێرەش دەبێ بڵێین داکۆکی کـردن لـە مـافی مـرۆڤ، مـادام لـەوێ نـەگوتراوە، لێـرەش بەهـەمان شێوە، یەعنی لیژنەی کاروباری ئافرەت واتە داکۆکی کـردن، پێویسـت ناکـات ئـیتر وشـەی داکـۆکی کردنەکـە زیادە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن حمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو لیژنەیە، کە لیژنەی (کاروباری ئافرەتان)ە، من پێم باشـە تـەنها لیژنەکـە تایبـەت بێـت بـە کاروباری ئافرەتان، لەبەر ئەوەی منداڵ و خێزان تەنها تایبەت نیە بە ئافرەتەوە، بەڵکو خێزان، کە ئـەڵێین خێزان تایبەتە بە پیاویشەوە، تەنها ئێمە تایبەتی نەکەین بە ئافرەتەوە، منداڵ و خێزان بکەینـە لیژنـەکی تر، لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەبێ، یان لیژنەیەکی سەربەخۆی بۆ دابنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین تقی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم لیژنەی داکۆکی لە مافە پێشێلکراوەکانی ژنان، نەك هەر ژنان چونکە زۆر ژنیش هەیە مافی دراوە، یا بەڕای خۆی، خۆی نابینێ پێشێلکراوە، لەبەر ئەوە من وا بە باشی دەزانم لیژنەی داکۆکی لـە مافـە پێشـێلکراوەکانی ژنـان و منـداڵی لەگـەڵ بـێ، چـونکە زۆر جـار هـەر ئـەو منداڵەیـە لەبـەر پێشـێلکراوەکانی دایکەکەی منداڵەکەش پێشێل دەکرێت، لەبەر ئـەوە کێشـەی دەبێت،لەبـەر ئـەوە ئەگـەر وا چـاك بکرێتـەوە، پێم باشە، خێزان بچێتە بەر لایەنە کۆمەڵایەتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

من حەز دەکەم پێش ئەوەی بڵێم (بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان)، من هەر خوازیاری ئەوەم هـەموو ژنـانی نـاو پەرلەمان پێکەوە هەموومان فراکسیۆنێکیش دروست بکەین بە ناوی فراکسیۆنی ژنانەوە، بۆ ئەوەی چونکە

ئەم جارە بوونیشمان زۆر زۆرترە لە ناو پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە (شؤون المرأة و الطفل)، من لەپێشی قسەکانیشم دا داوام کرد، کە منداڵ و ژن بمێنێتەوە، داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و منداڵ، منداڵ بەو پێیەی کە ئێستا بەڕاستی پێشێلکاریەکی زۆر ئەکرێ بۆ مافەکانی و لە تازەترین کاری ڕێکخراوەکان و وەزارەتی ناوخۆ دروستکردنی تەلەفۆنێك، خەتێکی تەلەفۆن بۆ ئەوە منداڵانەی کە یەکسەر تووشی کێشەیەك بن پەیوەندی بکەن بەو ژمارەیە کە ژمارە 116، یەعنی لێرە هەست بەوە دەکرێ لە ناو ئەم کۆمەڵگایە منداڵ و ژن مافەکانیان پێشێلکراوە، بۆیە هەتا ئەوڕۆژەی کە یەکسانی جێندەری تەتبیق دەبێ و، ژنان و پیاو یەکسان دەبن و، منداڵەکان بە چاوی بوونەوەرێك و مرۆڤێك سەیر بکرێن، نەك بەچاوی ئەوەی ئیتر ئەوە منداڵی خۆمە گۆشتی بۆ من و ئێسقانی بۆ تۆ، ئێسقانی بۆ من و گۆشتی بۆ تۆ، ئەوە نابێ بمێنێتەوە بەوە شێوەیە، من حەز دەکەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ و هیوادارم هەموو ژنانی پەرلەمانیش داکۆکی لەوە بکەین کە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و منداڵ بێ و، بەشی خێزانەکە بچێتە لای کاروباری کۆمەڵایەتی، هەر خۆی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانێ بەوە هەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەو خاڵە بکەم، بەڕاستی نوقتە نیزامییەکەم لە خەیاڵدایە حەز دەکەم باسی کەم، دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر ئیدارەی جەلسە هەموو جار ئاوا بێ تۆزێ قورسە، وا بزانم بە پێی ماددەی (19) لە پەیڕەوی ناوخۆ، ناونووسین و تۆمارکردنی ناو ئیشی بەڕێز سکرتێرە، ئەگەر بکرێ بۆ ئەوەی ئیشەکان تەوزیع بن، صەلاحیاتەکان وەك کەمتریش، جەنابت ماندوو دەبی، وابزانم وا باشترە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر بە نیسبەت لیژنەی کاروباری ئافرەت، پێموایە هەر خۆی باشە داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و منداڵ و خێزان، ئێمە لەم کۆمەڵگایە کێشەمان ئەوەیە منداڵ زۆرتر پەروەردەکردنی خراوەتە دەست تەنها ژن، دوورخراوەتەوە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێ لێرە ئەگەر بڵێین ژنیش مرۆڤە، ئێستا قەزییەیەکی هەیە و وازحە لە کوردستان و، لە جیهان دا قەزییەیەکی هەیە، لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان، بەڵام منداڵ و خێزان بچێتە ناو کاروباری کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد حمد بایز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەدام ئەگـەر لیژنـەی کاروبـاری ئافرەتـان و منـداڵان وەك خـۆی نەمێنێتـەوە، لێـرەدا ئێمـە شتێکمان لەبیر نەچێتەوە، منداڵ زۆر گرنگە، یـەعنی ئێستا کـە دەڵێین منـداڵ و خێـزان، منـداڵ و خێـزان هەموو کێشەکان لە ناو خێزان دا سەر هەڵدەدەن، هەرچی ئافرەتێکە زوڵمی لێ دەکرێ، لە وێـوە دەسـت پـێ دەکـات، کـە لـەناو خێزانەکەیـەوە زوڵمـی لـێ دەکـرێ، مـن دەڵـێم ئەگـەر ئێمـە وەکـو دەڵـێن کێشـەی ژنـان کێشەیێکی جیهانی و ئەوانە، بەڵام مەسەلەی جەندەریش ئاگامان لێ بێ بەڕاستی، لەگەڵ کەلتووری ئێمە و لەگەڵ میللەتی ئێمە و لەگەڵ ئەوەی ئێمە گونجاو نیە، یەعنی لەهەر عالـەمێك دا بەشـێوەیەکی خـۆی جـێ بـەجێ دەکـرێ، یـەعنی نـاکرێ بەسـەر هـەموو عالـەم دا تـەتبیق بکـرێ، بـەعزێکی لـە گـەڵمان دەگـونجێ و زۆریشی لەگەڵمان نـاگونجێ، ئـەوە شـتێکە نـاکرێ تـەعمیم بکـرێ و، بـۆ شـتێك بـۆ وڵاتێـك، چـونکە لەگـەڵ کەلتووری ئێمە دوورە، ئەگەر ئـەوە جیـا بکرێتـەوە، مـن پـێم باشـە بەڕاسـتی مەسـەلەی ئوسـرە و (طفـل)، منـداڵ و خێـزان گرنگییـەکی بەرچـاوی پـێ بـدرێ، یـان سـەربەخۆییەکی هـەبێ، نـا بڵـێین بخرێتـە پـاڵ کۆمەڵایـەتی و بخرێتـە پـاڵ ئـەوە بەڕاسـتی، ئـەو پاڵدانـە بـە شـتێك نـەبێ، گرنگـی تـەواوی پـێ بـدرێ و گرنگییەکی زۆری پێ بدرێ، چونکە بەڕاستی منداڵ جێگای ئیهتیمام پێ دانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەیان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد حسن کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مـن دەڵـێم ئـەو ئیقتیراحـە کـە ئێسـتا هەیـە بـەو شـێوە، مـن ئـەڵێم ئیقتیراحێکی ڕێـك و پێـك و واقیعییە بەڕاسـتی، یـەعنی شاملیشـە، یـەعنی نابێـت ئێمـە فەسـڵ بکـەین، چـونکە تەئسـیراتی جـۆراو جـۆر دەبێتن لەسەری، من ئەڵێم بە فیعلی ئەگەر بەو شێوە بێ خزمـەتێکی بـاش بەهەرسـێکیان دەگـات، چـونکە ئەگـەر فەسـڵ بکـەین هەرسـێکیان بـە تەئکیـد خراپکارییێکی وازح دەبـێتن لەسـەر خێـزان، چـونکە خێـزان یەعنی وەکو ئەڵێین (کل)، یـەعنی بنچینـەی کۆمەڵگایـە، یـەعنی بـەو شـێوە خزمـەتێکی بـاش دەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بڵێین هەر بۆخۆی ئەم موناقەشەیە لەسەر ئەم لیژنەیە زەروورەتی ئەوە دەردەخـات کـە پێویسـتە لیژنەی ژنان لیژنەیەکی تایبەتمەند بێت، چونکە ئەگەر مولاحەزە بکەین، لێرەش دا، لـە نـاو پەرلـەمان دا، کە هەموومان لە ئاستی با بڵێین یاسا دانان داین، بۆ خۆی ئەم لیژنەیە تایبەت کراوە بـۆ ژنـان، مـن سـەرەتا خۆشحاڵ بووم بەوەی کـە بڵـێین، لـە کـۆی ئەوانـەی داوای قسـەیان کردبـوو، شەشـیان لـە ئەنـدام پەرلـەمان

پیاوەکان بوو، بەو پێیەی کە ئەوانیش ئەو مەسەلەیە بە بابەتی خۆیان ئەزانن و ئیشی لەسەر بکەن، لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو دوو برادەرەی لە بیدایەتەوە قسەیان کرد، ئەوان بەو نەزرەیە قسەیان کرد کە موجتەمەع مەسەلەی ژنان ئەبینێ، نازانم برادەرەکەی تر چۆن قسە ئەکەن..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن لەسەر بۆچوونی ئەندامەکان، تکایە بۆ هەموو ئێوە، قسە مەکەن، ڕەئی خۆت بدە دەربارەی مەوزووعەکە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەچمەوە ناو ئەوەی کە مەسەلەی ژنان مەسەلەیێکی کاریگەرە، بە تەنیا مەسەلەی تایبەت نیە بە تاکە ژنەکان لە پەرلەمان دا بێ، یان هەر شوێنێك دابێ، ئێستا نابێ چاوپۆشی لەوەش بکەین کە کوشتن و بڕین و تۆقاندنی ژنان، خەریکە دەبێتە ناسنامەی ئەم هەرێمە، بۆیە نابێت ئێمە بەچاوێکی کەم سەیری بکەین، نابێ وا کە لەناو خێزان و لەناو ماڵ و منداڵدا بیهێڵینەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام کە بۆ خۆی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بە تەنیا شتێکە، کە ئێمە ژن و پیاو بە یەکەوە پێشێلکاری بەرامبەری دەکرێت، بەڵام ژن بۆیە بەتەنیا پێشێلکاری بەرامبەری دەکرێت، لەبەر ئەوە بە تەنیا ژنە بەوەی کە ئێمە لە 35٪ی ئێستای پەرلەمانین، مانای ئەوە نییە کە ئێمە پێشێلکاری بەرامبەرمان ناکرێت، حەز دەکەم ئەوە بیری هەمووان بهێنمەوە، بە ئێمەشەوە کە ئەندام پەرلەمانین، لەبەر ئەوەی ژنین ڕۆژانە دێن جۆری توندوتیژی بەرامبەرمان دەکرێت، لەبەر ئەوە گرنگە کە داکۆکی لە ئەوە بکەین کە ئەو لیژنەی ژنان بە تەنیا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ژنیش ئەندامێکە لە خێزان، بەشێکە لە خێزان، کاتێك کە خێزان کێشەی بۆ دروست دەبێت، یان منداڵ کە کێشەی بۆ دروست دەبێت، دووبارە بەشێکی ژنە، جا بۆیە من پێموایە ئەگەر ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیویل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو خاڵەی لیژنـەی كاروبـاری ئافرەتـان و منـداڵ و خێـزان، پـێم باشـە وەكـو خـۆی بمێنێتـەوە، بەشی منداڵ و خێزان بچێتە كاروباری كۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی چاودێری كردنی خێزان و كاروباری كۆمەڵایەتی بەشێك هەیە پێی دەڵێن بەشـی چاودێری خێـزان، بەشـێكی تـریش هەیە بەشی پاراستنی مافی منداڵانی هەیە، جا بەشی چاودێری خێزان تەنیا لە بەشی كۆمەڵایەتی، لیژنـەی كۆمەڵایەتی تەنیا ئەو ژنانە دەگرێتـەوە بەشـی زۆری ئـەوەی بـابڵێین بێوەژنـە، ئەنفالـە، یـەعنی هاوسـەری نییە، بۆیە وەكو خۆی بمێنێتەوە پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەریهان فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو سیویل خان ئاماژەی پێدا لیژنەی كاروباری ئافرەتان تۆزێـك لـە تەعریفەكـەی موشـكیلە هـەبێت، كاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان یەعنی (شؤون)، بەڵام ئەمە ناكرێت زۆر زۆر قەزایە هەیە بـۆ ژنـان كـە توندوتیژی هەیە، كە ئەمە پێویستی بە داكۆكی كردنـە، لەبـەر ئـەوە پێویستە لیژنـەی داكۆكی كـردن بـۆ ئافرەتان كاروباری منداڵ و خێزان بچێتە لیژنەی تەندروستی و كۆمەڵایەتی، هەروەها پیرەكانیشمان لە بیر نەچێت، چونكە خێزان ئەوە زۆر دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە لیژنـەی داكـۆكی كـردن بـۆ مـافی ژنـان و ئافرەتـان بمێنێتەوە وەكو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیەكەی دكتۆرە پەریهان و سـیویل خـان دەكـەم، كـە لیژنـەی كاروبـاری ئافرەتـان بـە تـەنیا بێت، لەبەر ئەوەی كێشەی ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە كە ئێمە پەیوەستی بكـەین بـە منـداڵ و خێزانـەوەو منداڵ و خێزان بچێتە لیژنەی كاروباری تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر لایەنی ئەو ڕایانە دەگرم، كە لیژنەی داكۆكی كـردن لـە مـافی ئـافرەت وەكـو كۆنەكـە بمێنێتـەوە، بەڕاسـتی تێكـەڵ كردنـی مـافی ئـافرەت لەگـەڵ خێـزان و منداڵـدا تۆزێـك وەكـو بڵـێین دەوری ئـافرەت كـەم

دەکاتـەوە، چـونکە ئـەو ئافرەتـە ئەگـەر بـێین سـەیری خـاڵێکی سـەرەکی بکـەین لـە ژیـانی هـەموو کاتێـك موعەڕەزە بۆ ئەو کارانەی کە دەکەوێتە سەر خێزانەکەی، جا بۆ باش کردنی بـارودۆخی ئـافرەت هـەروەکو یەك لە هەرە خاڵە گرنگەکان کاتێك نان بڕانی پیاوەکە، یان تووشبوونی هەر یەك لە ئەندامی خێزانـەکەی بـە هـەر کاروبـارێکی کۆمەڵایەتیـەوە، یـەعنی تووشـبوونی بـەگیروگرفتێك، ئـەوە یەکسـەر رەنـگ دەداتـەوە لەسەر کاروباری ئافرەتەکە، بۆیە گەر هاتو داکۆکیمان کرد لە مافی ئەو ئافرەتەو تۆزێکمـان لـەو مافـە وەکـە بڵێین زەوت کـراوەی بـۆ گەڕانـدەوە، ئـەو کاتـە سەربەسـتیەکی دەدەیـنێ و مانـەوەی لـە خـاڵێکی تایبەتیـدا دەورێکی زۆر دەداتە ئافرەت، ئێمەش وەکو ژنـان لـە پەرلـەمانی نـوێی کوردسـتان بـەبێ هـیچ جیاوازییـەك سەیری هەموو ئافرەتی کورد بکەین بە یەك چاو بەبێ گوێدانە بڵێین لایەنی سیاسی، ئـەوە زۆر لـە نرخـی ئافرەتەکانمان بەرز دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم بابڵێین ئەو سێ ئافرەت و منداڵ و خێزان کۆکردنەوەی ئەوانـە لـە یـەك لیژنـەدا هەسـت دەکەم ئیشکالێك دروست دەکات، ئەگەر مەبەستمان با بڵێین داکۆکی کردنە لـە مـافی ئـافرەت و منـداڵ، ئـەو کاتە خێزان دەبێت دەربچێت لەو هاوکێشەیە، ئەگەر مەبەستمان رێکخستنی کاروبارەکـانی بـاری کەسـایەتی و ناو خێزانە، ئەو کاتە ئافرەت دەبێت دەربچێت و لەو لیژنەیە نەمێنێت، جا وەك هاورێیان لێرە ئاماژەیان پێدا، ئەگەر بڕیارەکە وا بێت کـە کاروبـاری ئافرەتـان، یـاخود داکـۆکی کـردن لـە مـافی ئافرەتـان لیژنەیـەکی سەربەخۆی هەبێت، یاخود بخرێتە پاڵ لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەوە ئەو لیژنەیە بەناوی لیژنەی باری کەسێتی و کاروباری خێزان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی لیژنە لەناو پەرلەمان بەو ناونیشانە دان نانێکی راستەوخۆیە بە رۆڵی سەرەکی ئافرەت لە پەروەردە کردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان، کەوا رۆڵی سەرەکی لەو بوارە دەبینێ، بۆیە کە بەو شـێوەیە هاتووە کێشەکانیان یەکە، بەرپرسیاری و ئەرکەکانیان یەکە، کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، راسـتە کـە پێشتر لیژنەیەکی ترمان هەبوو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی کارەکانی بەڕێوە دەبـرد، بـەلام هـیچ لاریـەك نییە کەوا بە یەکەوە بن و، لە خولی دووەمی پەرلەمانیش هەر کێشەیەك تایبەت بـوو بـە منـداڵ دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیحالـەی لیژنـەی ئافرەتـانی دەکـرد، کێشـەکانیان یەکـە بـەو جـۆرە دەتـوانین زیـاتر

داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت بکەین کە وەکو دایکێك لێرە سەیری دەکەین کە باس لە منـداڵ دەکـەین وەکو دەورێکی سەرەکییە لە خێزان، بۆیە زۆربەی زۆری کێشەکان لە چوارچێوەی خێزانە، ئەگـەر ئێمـە بتـوانین کێشەکان لە چوارچێوەی خێزان چارەسەر بکەین، وەکو بنچـینیەك بـۆ پێکهێنـانی کۆمەڵگەیـەکی دروسـت، دەتوانین ئەوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین و مافەکانی وەربگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کەیلی فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەمە کە ببێتە لیژنـەی داکۆکی کـردن لـە مافـەکانی ئـافرەت، خێـزان و منـداڵیش بگەڕێتـەوە بـۆ لیژنەی کۆمەڵایەتی، چونکە زیاتر پەرتوبلاًو دەبێت لە زیمنی ئەو نیتاقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێر فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کارکردن بۆ مافی ئافرەت و منداڵ و خێزان، لەڕاستیدا بابەتی ئافرەت و ژنـان، بابـەتی منـداڵان دوو بابەتی زۆر زۆر گرنگن، بەڵام هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە بە ڕەئی مـن وا باشـە لیژنـەیـەك تایبەت بێت بە کارکردن لە مافی ئافرەتان، ئـەویتریش بـۆ منـداڵ و خێـزان، لەبـەر ئـەوەی خێـزان و منـداڵ ڕەبتێکی تەواویان هەیە بە یەکەوە، بـەخێو کـردن و پـەروەردە کردنیـان لـە خێزانـەوە دەسـت پـێ دەکات، منداڵیش بنەمای کۆمەڵە، بۆیـە ئـەم لیژنەیـە دەبێت گرنگیـەك و تایبەتمەندییـەکی تـەواوی پـێ بـدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەروین فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ئەو لیژنەیە، لیژنەی کاروبـاری ژن و منـداڵ و خێـزان، بـەگوێرەی ئـەوەی کـە ژن لـە کۆمـەڵگای ئێمەدا مافەکانی زۆر پێشێل کراوە من وا پێشنیار دەکەم کەوا یان ئەوەتا داکۆکی کردن بێت لە مافی ئافرەت و منداڵ بچێتە سەر لیژنەی مافی مرۆڤ، خێزانیش بگەڕێتەوە سەر لیژنەی کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەلامەوە پەسندە کە لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ڕاستە منداڵ و ژن یاخود منداڵ و خێزان تەواوکەری یەکترن، بەلام کێشەکانی ژنان زۆر گەورەترە، ڕاستە منداڵیش کێشەی هەیە زۆر جار بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی ناو خێزانەکەوە منداڵ دەبێت بە زەحیەی نێوان ژن و دایك و باوکەکە، بەلام کێشەی ژنان جیاوازە لە کێشەی منداڵ، بۆیە پێم باشە بەشی دووەمی کە دەڵێت منداڵ و خێزان دەمج بکرێت لەگەڵ بەشی کۆمەلایەتی، لیژنەی ژنان وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیام فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، دیارە ئێمە پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان بێت، دیارە خۆتان باش دەزانن کێشەی ژنان بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، ئێستاوای لێهاتووە بەپێی ئامارەکان لە توندوتیژیدا دەورێکی زۆر بالأمان هەیە، بۆیە دەکرێت ئەم لیژنەیە زۆر کارا بێت، زۆر ئیشکەر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سیمایەی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بووە بەرامبەر بە ژنان ئەوە نەهێڵین، هەرچەندە منداڵیش زۆر زۆر گرنگە، خێزانیش زۆر زۆر گرنگە، بەلام ئەمە دەکرێت ئێمە گرنگیەکی زۆر باشیان بدەینێ، بەلام دەکرێت لە لیژنەی کۆمەلایەتیدا بێت، یان لیژنەیەکی تری بۆ دابنێین، بەلام ناکرێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ کێشەکانی ژناندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ژیان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، بە ڕەئی من ئافرەت و منداڵ لەناو کۆمەڵگەی ئێمە دوو شەریحەی زۆر هەستیارو زۆر ماف خوراون، دوو کەلتور هەیە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە کەلتورێك لەگەڵ مافی ئافرەتدا، کەلتورێك دژی مافی ئافرەتە، ئەو شتانەی تا ئێستا کراوە ئافرەت و منداڵ لە ئاستی ئێمە نییە، دەبێت کار بکەین بۆ بەهێز کردنی ئەو کەلتورەی لەگەڵ مافی ئافرەت و منداڵدا، بە ڕەئی من ئافرەت و منداڵ دوو شەریحەن کە زۆر بەیەکەوە پەیوەندییان بەهێزە، باشتر وایە لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ بە یەکەوە بن، خێزانیش بچێتە پاڵ لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەلایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی لیژنەی کاروباری ئافرەتان و منداڵ و خێزان، بەڕاستی من پێم باشە، چونکە ئەساسەن ئەو لیژنەیە لە پەرلەمان بۆ ئەوە دروست بووە کە داکۆکی لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان بکات، بۆیە من پێم باشە جیا بکرێتەوە لەگەڵ منداڵ و خێزان، هەروەکو خۆی بمێنێتەوە لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان و ژنان، جیا بکرێتەوە لەگەڵ منداڵ و خێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، من پێموایە ئەم لیژنەیە زۆر باش لە شوێنی خۆی هاتووە، ئەو لیژنەیە ئەگەر بە لیژنەی ئافرەت و منداڵ و خێزان بمێنێتەوە، پێموایە ئەو لیژنەیە زیاتر دەتوانێت کارەکانی باشتر بەڕێوە ببات، زیاتر تەرکیز لەسەر پارێزگاری مافەکانی ژن و لەسەر مافەکانی منداڵ بکات، کە ژن و منداڵ من پێموایە ئەو دوو چینەن برادەران زۆر باسیان لەسەر کرد، کە بە حەق خوراو باس کراون، حەقیان زیاتر خوراوە، بەلاَم من دەڵێم دوو چینن تەواوکەری یەکترین و دابڕانیان لە یەکتری زەرەر گەیاندنە بە منداڵیش و کەم کردنەوەی شەئنی ژنانە، بەنیسەت لیژنەکانی تری، لیژنەی کاروباری کۆمەلأیەتی کە هەمانە، لیژنەی مافی مرۆڤ، چوونە سەر لیژنەکانی کاروباری کۆمەلأیەتی و سەر لیژنەی مافی مرۆڤ، من پێموایە کەمکردنەوەیە لە هەیبەتی پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنان، لە هەیبەتی خێزان، کە بنچینەی کۆمەڵگەیەو کۆمەڵگای لەسەر دروست بووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە لیژنەی پارێزگاری و داکۆکی کردن لە مافی ژنان و منداڵ و خێزان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بتوانێت تەواو تەرکیزی خۆی لەسەر ئەو بابەتە بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار بێریڤان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی کاروباری ئافرەت و منداڵ و خێزان، بە رەئی من ناوەکی لێ بنێریت کورت بکرێتەوە ناوی لێ بنێرێت کاروباری خێزان، چونکە خێزان پێکهاتووە لە باوکیش، لە پیاویش، ئەگەر وابێت بە مافی مرۆڤ ناوی پیاویش لێ بنووسرێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت داکۆکی بکەین لە مافی ئافرەت، دەتوانین لە سێ لیژنە ئیشی لەناو بکەین، لیژنەی کاروباری خێزان، لیژنەی مافی مرۆڤ، هەروەها لیژنەی تەندورستی و کۆمەلأیەتی، بۆیە ئەو رستەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی تەسەور دەكەم چەند كەس بوون، من ئاخیر كەس بووم وابزانم، زۆر قسە كرا سوودم لێ وەرگـرت، لەلای ئێمە وابزانم هێشتا دیار نییە، ئێمە كە باسی ئـافرەت دەكـەین لـە چ روانگـەوە، ئەگـەر ئـافرەت وەكو دایك، وەكو خوشك، وەكو ژن، واتا بەشێك لە پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی كە پێی دەڵێن دەزگای هاوسـەرگیری و خێزان راستە ئەوە دەبێت بچێتە ئەو جێگایانەی بەڕێزان باسیان كرد، ئێمە دەبێـت جیـاوازی بكـەین بـە تەسەوری من لەنێوان دوو شت، تەماشای مافەكانی ئافرەت دەكەین كە خوشك و برایـەكان باسـیان كـرد لـە ئەنجامی پێـوەرو بـەهای كۆمەڵایـەتی كـە نـاگونجێن لەگـەڵ پێشكەوتنی كۆمـەڵگامان هـاتووە، بۆیـە هەسـت دەكـەین كـە دیاردەیـەك هەیـە، دیـاردەی چەوسـاندنی ئـافرەت لـە رووی جەندەرییـەوە، هەنـدێك هەنـە مومكینە جەندەر بەكار بێنن ئەگەر رێگام بدەنێ مـن پسـپۆریم لـە كۆمەڵناسـی، جەنـدەری واتـا چۆنیەتی تێڕوانینی كەسێك لە رووی پێكهاتە بایلۆجیەكەی، واتا ئەمـە ئافرەتـە بۆیـە مـن وا تەماشـای دەكـەم، ئەمـە پیاوە وا تەقیمی دەكەین، ئەوە ئـەنجامی كـەلتورێكی تـرە، ئـەو كـەلتورەی لـە دەرەوە دێـت تەئسـیر دەكات، ئافرەت، یان رەگەز ئەوە مێیە، یان نێرە، بەڕاستی ئێمە پێویسیتمان هەیە رووبەڕووی ئەو دیاردەیـە ببین، ئەو دیاردەیەی كـە لـە روانگەیـەكی كەلتوورییـەوە بـە كـەمی تەماشـای ئـافرەت دەكـات، یـەكێك لـە خوشـك برایـەكان گـوتی خەریكـە ئـەو چەوسـاندنەوەی ئـافرەت بـە كوشـتنەوە ببێتـە یـەكێك لـە پێناسـەكانی هەرێمەكەمان، بۆیە من زۆر بە حەماسەتەوە داوای ئەوە دەكەم لیژنەكە ببێتە لیژنەی جەندەرو مافەكانی ئافرەت لەو روانگەیەی كە ئێمە مولتەزەمین بە لادان، یان رووبەڕوو بـوون، یـان رێگـا گـرتن لـەو دیاردەیـە بزەبت كە چەوساندنی ئافرەتە، لە رووی تەنها ئەوەی كە ئافرەتە، منداڵ و خێزان جیا ناكرێن لە ئـافرەت، بـەڵام ئەگـەر لـە روانگـەی كـەونیان، یـان لـە پێكهاتیـەكی كۆمەڵایـەتی راسـتە، ئـەو كاتـە داعـی نییـە ئـەو خصوصـیەتە بـدەین، ئێمـە دەمانـەوێت ئـەو خصوصـیەتە تایبەتیـە بـدەین بـە ئـافرەت، منـداڵ و خێـزان بەشێكن لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، لە لیژنەی كۆمەڵایەتی پێشنیاركراو مافەكانیان، ئیتر پەیوەندییەكانیان، یاسا هەمووی دیاری دەكرێت، من تەنها ویستم لێرە قسە بكـەم بـۆ ئـەوەی بێتـە بیرمـان ئێمـە پێشـنیارێكی ترمان هەیە بۆ دامەزراندنی لیژنەیەكی تایبەت بە كاروباری كۆمەڵایەتی و كار، ئەو كاتە ئەمانـەی هـەموو باس كران لـە دەرەوەی ئـەو تێڕوانینـەی جەنـدەری، یـان چەوسـاندنەوەی بـۆ ئـافرەت هـەمووی لـەوێ جـێ بەجێ دەكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانی من کرا، منیش پاڵپشتی ئەو ڕەئیە دەکەم، کەوا دانانی لیژنەیەك بە تایبەتمەند بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان، لەبەر خودی ناوی ژن نییە، لەبەر بوونی دیاردەی چەوساندنەوەی ژنە، یەعنی ئێمە دەبێت فەرق لەنێوان ئەو دوو حاڵەتە بکەین، باس لەوە بکەین لیژنەیەك هەبێت بۆ پیاو، لیژنەیەکیش هەبێت بۆ ئەوە، بەلاّم ئێمە دیاردەیەکی چەوساندنەوەمان هەیە لە کۆمەڵگا کە ڕووبەڕووی ژنان بۆتەوە، بۆیە داوای ئەو لیژنە سەربەخۆیە دەکەین، بەنیسبەت منداڵیش من پێموایە بەشێك لە چەوساندنەوەی منداڵیش هەیە، بەلاّم بەشێك لە چەوساندنەوەی منداڵ دەرئەنجامی چەوساندنەوەی خودی ژنانە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم لیژنەکە بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە بۆ داکۆکی کردن لە کاروباری ژنان، ژنان و ئافرەتانیش حەزم لێیە هەر کەسێك بەو جۆرە قسەی کرد، منداڵ و خێزان بچێتە ناو بواری کۆمەلاّیەتی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەواو بوو، زۆر بە تێرو تەسەلی ڕەئی ئێوەی بەڕێز بیسترا، دەمێنێتەوە بۆ بڕیاری بەڕێزتان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا زۆربەی بەڕێزان لەگەڵ ئەوە بوون کە لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت بە تەنها بێت، منداڵ و خێزانیش بچێتە بوارێکی ترەوە، ئێستا ئێمە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەر یەکسەر بە دوو پێشنیار، چونکە ئێستا بەڕێزت باست لەوە کرد بە شئون داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان و منداڵ و خێزان بچێتە لای کۆمەلاّیەتی، خاڵی دووەم یەعنی ئەوە بوو کە داوامان کرد جەندەر و داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان، ئەوە جارێکی تر دەخەیتە دەنگدانەوە، یاخود بە یەك جار، بە یەك صیغە بخرێتە دەنگدانەوە، جەندەرو داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەندەر چیە؟ نازانم.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی نایزانن دەمانەوێت لیژنەیەکمان هەبێت، بۆ ئەوەی فێرتان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە تەنها دوو کەس دیفاعی لێ کرد، بەس ئەویتر کە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، فەرموو کوێستان خان ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پەیمان خان یەکەم کەس بوو ئەو پێشنیارەی کرد، مەسەلەی جەندەر تەعریفێك بکات، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەی حەتمەن وشەکە تازەیە، هەندێك بەڕێز ئاساییە کە نەیزانێت، رەنگە زۆری بیزانێت، بەلاّم بەڕێزتان گوتت من نایزانم، ئەگەر پێتان باش بێت پەیمان خان تەعریفێکی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، جەنابت گوتت دوو کەس پشتیوانی لەو پێشنیارە کرد، سێ کەس بوو، چونکە منیش لە سەرەتاوە قسەم لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە وەکو کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێ کرد، جەندەر یەعنی رەگەز، بە مانای رەگەزەکەی و راستە کەم بەکار هێنراوە، حەز دەکەم ئیشارەت بەوەش بکەم کە ئەمە موستەڵەحێك نییە کە دژ بە کەلتوری ئێمە بێت، یەعنی شتێك بێت بەدەر بێت لە دابونەریت و عورف، ئەم نەوعی ئیجتیماعیە مانای سەر لەنوێ دابەش کردنەوەی رۆڵ و ئەرك لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی، نەك لەسەر بنەمای رەگەز ئەوەی کە ژنە ئەوەی دەیدەمێ، یان پیاوە ئەوەی دەیدەمێ، ئەم ژنە، یان ئەو پیاوە چەند لێهاتووە بۆ ئەم کارە ئەوەندە ئەو کارە وەردەگرێت، کە ئەمە نەوعی ئیجتیماعییە، ئەگەر رووە چەوساندنەوەکەشی وەربگرین وەکو ئەوەی کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێ کرد، ئەوە دەگەیەنێت کە بلێین بە تەنیا لەبەر رەگەز چەوساندنەوەی مرۆڤێکە بە تەنیا لەبەر رەگەزی، وەك چۆن جۆرێکی تری چەوساندنەوە هەیە بە تەنیا لەبەر رەنگی پێستی، یان بە تەنیا لەبەر زمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم لە ئەدەبیاتی کوردیش، ئێستا زۆر لە مامۆستای زانکۆش، ئەوەی خۆیان بە رۆشنبیر دادەنێن نێوان رەگەزو جەندەر تێکەلاّو دەکەن، خوشکێك گوتی جەندەر ناگونجێت لەگەڵ ئێمە، جەندەر

نە تیۆرییە، نە مۆدەیەکە، جەندەر تێڕوانینێکە، موجەرەد تێڕوانین، یەعنی چۆن تێڕوانینی صیراعی هەیە، هی مارکسی هەیە، هی لیبڕالی هەیە، جەندەر وەصفی هەموو ئەو بیروبۆچوون و هەڵوێستانەیەو ڕەفتارانەیە کە لەگەڵ مرۆڤ دەکرێت لەسەر ئەساسی لە کام ڕەگەزە، یەعنی ڕاستە ڕەگەز بەشێکە لە تێڕوانینی جەندەر، بەڵام جەندەر دەکۆڵێت لەو هەموو بابەتانە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە ئێمە نە تەنها مافی ئافرەت، یان داکۆکی لە مافی ئافرەت، بەڵکو جەندەر وەکو بۆچوون، وەکو نیمچە فەلسەفەیەك، فەلسەفە نییە، بەو شێوەیە یەعنی جەندەر نازانم وازیح نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێویست ناکات دووبارە پێدا بچینەوەو موناقەشەی بکەین، نوقتەی نیزامییە، کاك دکتۆر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان داوای پێناسەتان کرد، پێناسەکە وابزانم نوقصان بوو، ئەگەر بکرێت تەواوی بکەین، مەسەلەی جەندەر، جەندەر جیاوازە لە ڕەگەز، ڕەگەز نییە، جەندەر نەوعی ئیجتیماعیە، جۆری کۆمەڵایەتییە، بە تەئکید بە مانای ئەوە دێت لایەك لە لایەنەکان، یەعنی واتا ئافرەت نەوعێکی ئیجتیماعییە واجیباتی چیە، دەکرێت پیاویش نەفسی واجیبات بگێرێت، ئافرەتیش نەفسی واجیباتەکە بگێرێت، یەعنی هەتا مەسەلەی با بڵێین ئافرەت کە مەسەلەن ببێتە خێزان، دەکرێت ئافرەت بکرێت، یەعنی پیاویش، بۆ ئەوەی لەیەکتری مارە بکرێن، ئەویتریش هەر لە جەندەرەوە هاتووە، بۆیە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین ئاگامان لێ بێت لەگەڵ دابونەریتی ئێمەدا، زۆر شتی ئەمە لەگەڵ دابونەریتی ئێمە ناگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەبەر ئەوەی نوقتەیەکی هەستیارە، دیارە بەڕێزانیش ئیختیلافیان هەیە، هەر من نیم باش لێی تێنەگەیشتم، لە خوشکانیش هەیە باش لێی تێ نەگەیشتوون، ئێستا ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ئەوە قسە بکەن مافیان دەدەمێ و ناویان دەنووسم شەرحی بکەن، زۆر سوپاس، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، عێراق ئیتیفاقیای سیدای ئیمزا کردووە (مع تحفظ) تەحەفوزی هەیە لەسەر هەندێك بابەتی، بەڵام ئیمزای کردووە، ئێستا داوا کراوە لە هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕێگەی ئەوەوە چاودێری بواری جەندەری بکرێت و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئیتیفاقیەی سیداو لەناو عێراقدا، سەبارەت بەوە جەندەر ئەوەی دەڵێت لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا عیلاقەی نییە بەسەر ئەوەی ژن ئیشی پیاو ببینێت، پیاویش ئیشی ژن ببینێت زەواجی (مثليين)، ئەمە بابەتێکە ئەو بەڕێزانەی کە زیاتر بەرهەڵستکاری مافەکانی ژنان و یەکسان بوونی ژنان، یەکسانی بوونیان لەناو کۆمەڵگادا بە مەبەست

یەکسانی بوون لە مافەکاندا، لە ئەرکەکاندا، من لەلام سەیرە یەعنی تۆ ئەگەر داوا بکەیت بڵێی من دەمەوێت ئەرکێك هەڵبگرم یەکسان بە ئەرکی پیاوەکە، ئەوەت لێ قەبول نەکرێت.
دووەم/ لەهەموو پەرلەماناتی دنیاو بەتایبەتی لە پەرلەمانی بەریتانی کراوە لە ساڵی 1973ەوە لیژنەیەك دامەزرا بەناوی لیژنەی جەندەرو بەدواداچوونی هەلی یەکسان، هەلی یەکسان مەبەستیان لەوە بووە کاتێك کە دوو کەس بەهۆی ئەوەی کە یەکێکیان نێرەو یەکێکیان مێیە با بەو شێوەیە تەعریفی بکەین، کە تەقدیمی کارێکی دەکەن کاتێك کە ئەفزلیەت دەدرێت بە پیاوەکە، لەبەر ئەوەی رەگەزی پیاوە، ئەوەیە پێشێلکاری، بۆ زانیاریتان ئەگەر بێتو سەیری بکەیت لە خیبرەو لە کەفائەو لە هەموو ئەو رێنماییانەی، یاخود ئەو مەرجانەی داوا دەکرێت بۆ ئەو ئیشە، بەلام پێشێلکاری دەکرێت بەرامبەر بە بوونی ژن لەو شوێنە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی بوونی ژنە، ئێمە کە باسمان لەوە کردووە نوێ بوونەوە، کە باس لە نوێ بوونەوە دەکەین، دەبێت لەناو پەرلەمانیشدا کۆمەڵێك نوێ بوونەوە بەخۆیەوە ببینێت، یەکێك لەمانە لەمەودوا بەدواداچوونی ئەو هەلی یەکسانی کارەکان بۆ ژن و پیاو، کاتێك کە تەنانەت حکومەتیش ئەو پۆستەکانیش دابەش دەکات و خەڵکەکانیش تەعیین دەکات، ئەمە لەبەر ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی ژنان دەبێت بەو شێوەیە هین بکرێت، ئەمە کارەساتێك هەیە لەناو ئەم کۆمەڵگایە بە کەم سەیر کردنی ژن هەیە، پێگەی لەناو کۆمەڵگادا لاوازە، هەتا ئێستا زۆر کەس قەبولی ناکات، تەنانەت وەکو تەسەور تەسەوری بکات لە شوێنێکدا سەرۆکایەتی بگرێتە دەست، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین لە بەڕێزت، ئێمە ئەو داوایەی کە بەدواداچوونی جەندەری یەکێك هەبێت لەو کارانەی کە بەدوای ئەو پێشێلکاریانە دەڕوات کە لە مافەکانی ژنان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە تەئکید خۆتان بڕیار دەدەن، ئێوەی پەرلەمانتاری بەڕێز لێرەن، کە دەخرێتە دەنگدانەوە زۆرینەو کەمینە هەیە، ئەوەی زۆرینەی دەنگی هێنا ئەو دەبێتە بڕیار، رێزدار ناسك فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم یەکێك بووم لەوانەی لەگەڵ ئەوەم کە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان بە موستەقیلی بمێنێت، چونکە بەڕاستی قەزیەکمان هەیە قەزیەی چەوساندنەوەی ژنەو کێشەکانی ژن زۆر بە وازیحی دەیبینی، بەلام بە هیچ جۆرێك لەگەڵ هێنانی وشەی جەندەر نیم، نەك لەبەر ئەوەی دەترسم لەناوێك، نەك لەبەر ئەوەی موتەشەنجم بە ناوێك، بەلام لەبەر ئەوەی دیراسەی وردمان کردووە، من لە ساڵی 1994ەوە ئێمە لەناو رێکخراوێکی ژناندا کار دەکەین لە ساڵی 1998ەوە ئێمە ئیش لەسەر مەوزوعی جەندەر دەکەین، ئەم جەندەرە لە ولاتان کە پیادە کراوە کە منداڵ لە دایك دەبێت هەویەکەی لەسەری نانووسرێت (ذکر)ە یان (انثی)یە، بەجێی دەهێڵن لەسەری دەنووسن جەندەر، ئەگەر ئەم کچە کوڕانە گەورە کرا دوایی پێی دەڵێن کوڕە، ئەگەر کوڕیش کچانە گەورە کرا، یەعنی دوایی بیئە تەحدیدی دەکات،

ئایا ئەمە ژنە، یان پیاوە؟ ئەمە لە ولاّتان ئەم ئەزموونە تەجروبە كراوە نەتیجەی خراپی هەبووە خێزانی (لانمطي) لێ دروست بووە، ئێمە پێویست ناكات هەر لەبەر ئەوەی نوێ بوونەوە بكەین و وشەی غەریب بێنین، ئێمە ئەڵێین با لیژنەی داكۆكی لە مافەكانی ژنان وەكو خۆی بمێنێتەوە بە فیعلی كێشەیەكمان هەیەو چەوساندنەوەی ژن هەیە، وەلاخستنی ژن هەیە، بەلاّم ئەوە لەوە دەچێت ئێمە لە زۆربەی كۆمەڵگا عەرەبیەكان زۆر زۆر باشتر بین، بەلاّم هێشتا هەر ماومانە، زۆریشمان ماوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ژنان بمێنێت، بەلاّم لەگەڵ وشەی جەندەردا نیم، چونكە دەزانم ئەمە ئەزموونێكە تاقی كراوەتەوە نەتیجەكەی باش نەبووە، بەپێچەوانەوە دوایی ژن تیایە چەند پیاو زەرەرمەند دەبێت، ژنیش تیایدا ئەوەندە زەرەرمەند دەبێت، ئەگەر بكرێت ئەم مەوزوعە لەنێوان پێناسەكانی ئێمە جیاواز دەبێت، دەكرێت موتەخصیص بێنین لەو بوارە كە قسە بكات لەسەر مەسەلەی جەندەر، ئێمە دكتۆرامان هەیە خاص لە جەندەر دكتۆرای هێناوەتەوە، دەكرێت پرس بە موتەخەصیص بكرێت، ئەگەر بڵێین هەر كەس بەناوی خۆیەوە پێناسەیەكی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكو مەسەلەی سكالاّكان، مەسەلەیەكی فەردیە، پەرلەمانی كوردستان، یاخود هەر پەرلەمانێك باس لە مەسەلە عمومیەكان دەكا كە موعالەجەی شەریعەیەك بكاتن، بۆیە بەراستی من لەگەڵ ئەوەمە كە لیژنەكە وەكو خۆی هاتووە بمینێتەوە، وە لیژنەی سكاڵەكانیشی لەگەڵ نەبێتن وە پێموایە لەم دەستنیشان كردنی بەم شێوەیە ئێمە موەفەق دەبین، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز: خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

من زۆر تەئكید لەوە دەكەم كە خاوەن پێداویستیەكان جێگای خۆیان هەبیت لە لیژنەیەك ئیتر لەو لیژنەبیت یان لە هەر لیژنەیەكی تر بیت بەلاّم ئەوەی باشە لەو لیژنە دابیت، چونكە بەراستی هەتا ئێستا دامو دەزگای حكومەت یەعنی ئەو پێویستی ئیهتیمامی پێویست پێیان نەداوە لەبەر ئەوی زۆر لە جێگای خۆیەتی ئێمە باس لەو چینە بكەین چینی خاوەن پێداویستیەكان بەتایبەت لە جیگای خۆیدایە لەو لیژنەدا هەبێ،زۆر سوپاس .

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە هەرچەندە من لە پێشدا لەگەڵ ئەو تەرحەدابووم سكالاّ ئیزافە بكرێ بەس قسەكانی كاك (شێروان حەیدەری) زۆر مەعقولە كە ئێمە هەموومان لیژنەیەكی سكالاّ بین، سكالاّ لابرێ، بەلاّم چینێك

هەیە ناوی زیندانـە سیاسـیەکانە، زۆر گلـەیی لێمـان هەیـە، لـە هـەموو لایـەکمان کـە هـیچ حیسـابێکمان بـۆ نەکردوە، داواکارم بخرێتە پاڵ لیژنەی مافەکانی مافەکانی مرۆڤ زیندنە سیاسیەکانیش بـۆی ئیزافـە بکـرێ بۆئەوەی چیمان پێ بکرێ بۆیان بکەین ،زۆر سوپاس .

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی سکالاّ و مافی مرۆڤ خۆی لیژنەکە مافی مرۆڤە من بەپێویستی ئـەزانم کـە سکالاّشـی تیـابێ، لەبـەر ئەوەی سکالاّی هاوولاّتیان بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ دوای ئەوی ئێمە سکالاّی تایبەتیمان هەیـە شەخسـییە و سـکالاّی گشـتیمان هەیـە تایەتـە بـە چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵگا لەوانەیـە بگاتـە ئـەو جێگایـە، مـن بـە پێویسـتی ئـەزانم کـە لیژنەکـە ببـێ بەلیژنـەی سـکالاّ و مـافی مـرۆڤ و خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتیـەکان و زیندانیانی سیاسی ، سوپاس .

**بەڕێز د. رەفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەپێی مـاددەی (56) لەپـەیڕەوی نـاوەخۆی پەرلـەمان، ئەنـدام پەرلـەمان پێویسـت ناکـا قسـەی ئەوانـەی پێشووی خۆی دووباوە بکاتەوە، قسەی ئەندامانی تر .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەزانم زۆر راستە قسەکەت لـە جێگـای خۆیـەتی، بـەلاّم رات لێ نیـە هێـواش هێـواش ماوەیـەك فەیناکە.

**رێزدار هاوڕاز احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمباشە لیژنەکە وەکو، ناوەکە بکرێ بە لیژنەی مافی مرۆڤ و زیندانە سیاسیەکان، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا تەواو بوو مویاقەشە، ئەو پێشنیارانەی، بەڕێزان پێشنیارەکان بـەم شـکلە ئـەوە کـراوە، یـەك ئەو پێشنیارەی کەهاتن مافی مـرۆڤ و خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتیـەکان ئـەوە مەجموعەیـەك لـە خوشـك و براکان تەئکیدیان لەسـەر کـرد دوایـی مجموعـەی تـر داوایـان کـرد مـافی مـرۆڤ و سـکالاّکان ئیزافـەی سـەری بکـرێتن مـافی مـرۆڤ و دکـۆکی لـە خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتیـەکان و بـێ سـەرو شـوێنەکان ئـەویش هـی بەڕێزێکی تر بوو بیروڕای ئەوەش هەبوو وەکو خۆی بمێنێتن لەبـەر ئـەو سـەبەبانەی کـە روون نەکرایـەوە سکالاّی هاوولاّتیان زیاد بکرێ، چەند بەڕێزێك لەگەڵ ئەوە بوو مافی مرۆڤ و زائیدەن زیندانە سیاسـیەکان ئـەویش چـەند بـەڕێزێك پشـتیوانی لێ کـرد سـکالاّی مـافی مـرۆڤ و خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتییـەکان و

کاروباری زیندانە سیاسیەکان ، تەئکید لێ کرایەوە سکاڵای مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانە سیاسیەکان ئەمەش

بەرێزان پێشنیارەکان لەم خاڵانە کۆ ئەکرێنەوە یەکەو ئەم پێشنیارانەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان کە ئەوە دابنرێ، بۆچوونێکی تر مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، بۆچونێکی تر مافی مرۆڤ و سکاڵاکان و زیندانە سیاسیەکان، بۆچونێکی تر وەکو خۆی.

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ پێشنیاریش هەیە، ئەڵێ سکاڵاو مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانیانەی سیاسی.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دورستە یەکەم خاڵیش بوو سکاڵاو مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانیانی سیاسی، بونە پێنج موقتەرەح ئینجا یەك یەك دێینە خوارەوە

بەرێزتان ئێستا بەم شێوەیە، لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان، ئەوە یەك. لیژنەی مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان و زیندانە سیاسیەکان، وەکو خۆی وەکو ئەوەی لە ئەسلی پرۆژەکەوە هاتووە لە لیژنەی مافی مرۆڤ، سکاڵاو مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانە سیاسیەکان، جا ئێستا یەك یەك دێینە خوارەوە ئەیخەینە بەر دەنگدان،

**بەرێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە شتی لەمە کەمتر گرینگ رێگا بدات دوو، سێ، چوار قسە بکەم پاشان دەنگ دان بدەن من ئیقتراح ئەکەم یەك عەل ئەقەل بۆ هەر پێنج لەوانە یەکێك قسە بکات هیچ نەبێت عەل ئەقەل لەوانە بن لەوانەی قسەیان کردووە، چونکە کرا، بۆیە دەڵێم.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێستا پێنج موقتەرەح هەیە نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێشنیارەکان چیا چیا بوون وا پێویستە دەنگدانەکە بەم شێوەیە وەك چۆن پێشتر لیژنەی پەیوەندی ئەوەمان خستە دەنگداوە، دەنگدانەکە بەم شێوەیە بێت یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە سکاڵای بۆ زیاد بکرێ؟ ئەمە بخرێتە دەنگەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانی بۆ زیاد بکرێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە زیندانیانەی سیاسی بۆ زیاد بکرێ؟ ئەمە ئاسان تریشە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نه پێچ موفتەرەح هەیە ئێمە وای لێ ئەکەین یەکەم یـەك یـەك ئەیخەینـە دەنگدانـەوە موقارەنـەی ناکـەین لەگەڵ ئەسلەکە بە تەسەلسول دێینە خوارەوە موفتەرەح هەیە مافی مـرۆڤ و سـکاڵاکان چـەند دەنگی هێنـا تەسجیلی ئەکەین، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمان تکایە نابێ بۆ دوو موفتەرەح دەنگ بدا، یـەعنی بـۆ دووجـار دوو دەنگ نەبێ بۆ یەکێك، ئەوجار چیە قسە ئەکەن؟ نیزامیە؟

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ موفتەرەحی پێنچەم سکاڵاکەی لێ لاببەی ئەویش بیکەیتـە شەشـەم، چونکە وا بـزانم سـکاڵاکە لاببەی من خۆم یەکم لەگەڵ ئەوە بووم سکالا بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نە خاوەن موفتەرەحەکە ئەبێ ئەوە بکاتن، چونکە ئێمە نووسیمانە، خوشکی من نوسیومانە کێش دیفـاعی لەو بۆچوونە کردووە جەمع بەندیمان کردووە بەو شکلە دەرچووە ئـەویش رەئیـی خۆتانـە هـی ئێمـە نیـە، هی سەرۆکایەتی نیە، تکامان لێتان ئەوەیە کەس دوو دەنگ نەداتن، یەك، یەك.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێت ئەندامی پەرلەمان تەئیدی دوو موفتەرەح بکات ئەوی تەئیدی یەك موفتەرەح بکات نابێت تەئیـدی ئیدیش بکاتن دەڵێین با لەئێمەش تێك نەچێت دەنگدان دوای نەتیجەکە وای لێ دێ دزع لـەناو ئەنـدمانی پەرلەمان دەر ئەچێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئەمنیش هەر ئەوەم روونکردەوە، ئێستا بـۆ ئـەوەی یەکـەم مـافی مـرۆڤ و سـکالا کـان ئەیخەینـە دەنگدانەوە، یەك کەسێك دیفاعی لێ بکا.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا وا بە گونجاو تر ئـەزانم ئـەوە بکرێتـە دەنگدانـەوە کـە ئایـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە یـان بگۆڕێ، دوایی لەسەر گوڕانەکان هەڵبژاردن بکەین

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیارێکی وەجیهە، ئەبێ پێشی بخەین، ئەوە موفتەرەحی چوارەمە ئەگەر ئێوەی بـەڕێز موافـق بـن لەسەر ئەوەی بەو شکلە دەنگی لەسەر بدەین دەستان بەرز بکەنەوە تکایە، زۆر سـوپاس، وای لێ ئەکـەین بـۆ ئەوەی تەفسیرات نـەمێنێ، ئێستا ئـەو موفتەرەحـە ئەخەینـە دەنگدانـەوە وەك خـۆی بمێنـێتن ژمـارە(12) لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جارێ حەز ئەكەم ئەگەر دەنگ درا ئێستا دەنگ درا بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە وەك خۆی بمێنێتەوە یاخود بە شكلێكی كە، حەز ئەكەم ئەگەر دەنگی هێنا شێوازێكی دیكە بێ یا ناوی بگۆڕێ، ئەو ناوە موقتەرەحانە هەمووی بخوێنیتەوە، چونكە ئێمە چەندین ئەندام هەڵستان داوایان كرد بكرێ مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستە تایبەتیەكان، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر دەنگی ئەكسەریەتی بەڕێزان ئەندمانی پەرلەمان ئەوە بوو وەك خۆی بمێنێ وەك خۆی ئەمێنێ، تەواو ئیتر هیچ ناخەینەوە دەنگدانەوە، ئەگەرنا ئەوجا موقتەرەح موقتەرەح دێین موقتەرەحەكە بەم شێوەیە لێژنەی مافی مرۆڤ كێ لەگەڵ ئەوەیە؟ دەستی بەرز كا تكایە . بەڕێزان (63) لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بێتە گۆڕین؟ (38) لەگەڵە وەك خۆی مایەوە ،بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە ئەم لیژنەیە وەكو ئەوەی جارانە سەعات (2) كۆتایی بە دانیشتنەكە دێنین، كوێستان خان فەرموو، كەرەمكە دوو دەقیقە كاتت هەیە، تكایە زیاتر لێی دەرباز نەبی.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ئێمە د.شاهۆمان تەحویل كردوە قسە بكات

**بەڕێز شاهۆ سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەكەم كە دەرفەتت دامێ سەبارەت بە دیاریدەیەكی مەترسیدار كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان ئەگوزەرێ باس بكەم وە هیوادارم لە هەموو دانیشتنێكی پەرلەمانا باس لە هاووڵاتیانی كوردستان بكەین ئەو دیاردە ترسناكەی كە ئێستا رووی لە كوردستانە سزای سیاسیە، سزای سیاسی لە هیچ رژێمێكی دیموكراتی نیە، سزای سیاسی تەنها لە رژێمە دكتاتۆریەكان هەیە، ئێستا هەڵمەتێكی زۆر نا عادیلانە دەستی پێكردووە بۆ نان بڕین، دەركردن و دوور خستنەوە و نەفی كردن لەسەر بیرو بۆچوونی سیاسی بۆئەوەی هاووڵاتیانێك دەنگی بەلیستێك داوە و بە لیستێكی تر نەدراوە ئێستا ئێمە كە چەند رۆژێكمان ماوە بۆ جەژن، چەند رۆژێكمان ماوە بۆ ئەوەی كە قوتابخانە دەست پێبكاتن، چەندین منداڵ لە كوردستان بێبەش كراوە لە رزق كەمافێكی رەوای هەموو خێزان و هەموو منداڵ و هەموو ئینسانێكە، ئێمە سوپاسی سەرۆكایەتی هەرێم ئەكەین كەلیژنەی لەو بارەیەوە پێهێناوە وە ئێمە بەو موناسەبەتەوە پرۆژەی بڕیارێكمان خستۆتە بەر دەم ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بڕیار بدرێ بەهەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارە

زارەکی و تحریریانەی کە دراون بە مەبەستی سزای سیاسی وەهیوادارم ئێمە هەمووومان لە بەردەم ئەوسوێندەی کە خواردمان کار بکەین بۆ یەك ریزی گەلی کوردستان، رێگا نەدەین لەسەر سزای سیاسی جیاکاری بکرێ لە نێوان هاوولاتیانی کوردستان، ئەمە بۆچی (1742) هاوولاتی کوردستان کە سزای سیاسی دراون دوێنێ (25) بەرێوبەرو (25) معاون مدیر تەنها لە قەزای دوکان سزا دراوە روتبەیان کراوە بە مامۆستا لەبەر ئەوی دەنگیان بەلیستێك داوە وە بە لیستێکی تر نەیانداوە، هەر ئەم بەیانیە (4) مدیر کراونەتەوە بە مامۆستا نەك لەبەر ئەوەی کە موخالەفەیەکی قانونیان کردبێ یاخود موخالەفەیەکی ئیداری تەنها وەکوسزایەکی سیاسی، من لەو بڕوایە دام ئەتوانین لەم پەرلەمانەوە کار بکەین بۆ ئەوەی کە قەوارەی کوردستان هاوسۆزی نیشتمان لەناو کوردستان دروست بکەین، هەر لەم پەرلەمانەشەوە ئەگەر کار نەکەین بۆ ئەوەی کەسزای سیاسی بەتەواوی لە کوردستان هەڵبگیرێ ئێمە لە بەردەم مەترسیەکی زۆر گەورە داین، هیوادارم هەمووتان ویژدانتان زیندوو بێ، لە دەرگای ویژدانی هەمووتان ئەدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ترسناکە .

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت کە بە نووسراوی رەسمی وەك تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمانتان کرد گەیشتۆتە ئێمە بۆ ئاگاداری پەرلەمانتارانی بەرێز و جەنابتان و گشت خەڵکی کوردستان رێزدار سەرۆکی هەرێم بۆ ئەو بابەتە لیژنەیەکی پێکهێناوە لیژنەکە لە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و سەرۆکایەتی هەرێم تەدقیق ئەکرێتن لەوشتانەی کە جەنابتان پێشتریش تەقدیمی جەنابی سەرۆکتان کردوە وە بە تەئکید هێشتا نەتیجەکان دەرنەچووە، دەربچێتن حەقیقەتەکە ئەگەیێنێتەوە خەڵکی کوردستان، ئەگەر وا بێ کەسێك لە شوێنێك لەسەر باری سیاسی لەکارەکەی لادرابێتن ئەوا یاسای کوردستان و سەرۆکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان قبولی ناکاتن، بەڵام ئەگەر هەر ئاڵو گۆڕیەك لەناو حزبێك بێتن، لە پۆستی حزبایەتی بێت ئەوا بۆخۆیان مەتروکە، بەڵام ئێستا ئێمە ناتوانین حالیەن نە تەئیدی بکەین نە نەفی بکەین هەتاکو نەتائجی تەحقیق دەربچێتن، ئەوجا رێزدار سەرۆکی هەرێم من خۆم گوێم لێ بووە ئیعلانیشیان کردووە و لیژنەکەش ئیعلان ئەکرێ وە ئێستاش دەست بەکارە نەتائیجی ئەو ئیشانە بلاو ئەکرێتەوە وە هیچ کەسێك لەناو ئەم کوردستانە لەبەر بیری سیاسی عیقاب ناکرێتن، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێتان ئەڵێین.

**رێزدار: سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیستی کوردستانی لەگەڵ هیچ جۆرە سزای سیاسی نین، ئێمە خۆمان بە نوێنەری هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دەزانین بەوانە کە دەنگیان بۆ داین وە ئەوانەی کە دەنگیان بۆ نەداوین کە ئەوکاتەی دەستمان خستۆتە سەر قورئانەکە و سوێندمان خواردووە نوێنەراتی هەموو هاوولاتیانی کوردستان دەکەین، لەبەر ئەوە هیچ کەسێك موزایەدە بەسەر ئەوی تر لێ نەدا، بڵێ من نوێنەری ئەو کەسانەم کەنانیان بڕاوە،

ئەوی تر بڵێ نا ئەگەر هاتو کارێکی وا کرابێت لەناو هەرێمی کوردستان ئەوە بەراستی بە پێچەوانەی یاسایەکانە کە ئیتر ئێمە کاتی ئەوە هاتووە بەپێی یاسا مامەڵە بکەین، کاتی ئەوە نەهاتووە بەپێی مەزاجی شەخسی ئەو کارانە ئەنجام بدرێ، ئەگەر هاتو ئەم بابەتە دوو بابی هەیە ئەگەر وەکو حیزبیش کاری وا کرابێ، هەموو حیزبێك پەیرەوی ناوەخۆی خۆی هەیە وەك چۆن ئەندام دەبێتە ئەندامی هەر چ حزبێك ئەرکو مافی هەیە لەسەر ئەساسی ئەو پەیرەوی ناوخۆی حزبە، ئەو حزبە مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانی خۆ دەکا وە ئێمە وەك چۆن قبوڵ ناکەین سزای سیاسی، نانی کەس ببڕێ هەروەها قەبوڵیش ناکەین هیچ کەسێك پۆستی خۆی لە بۆ مەرامی حیزبی بەکاری بهێنێ چ وەکو یەکێتی چ وەکو پارتی چ وەکو هیچ حزبێکی تر، هیچ لیستێکی تر وە هیچ قەوارەیەکی تر کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە هەرێمی کوردستان بخەینە سەر رێچکەییێك کە ئەو کەسەی کە دائەنیشێ لە شوێنێك کە کار دەکا وەزیفەیەکی پێ ئەسپێرێ بێ لایەن بێ لە جێ بەجێ کردنی ئەرکو مافەکانی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ حزبێك بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز بۆ هیچ حزبێك نیە ئەگەر ئەندامێك لە پۆستێکی عەسکەری، پۆلیس، ئیداری لابدا وکو حزب لای بدا ئەوە ئرکی ئیداریە عقوبەی هەبێتن، مخالەفەی هەبێتن، قانونی عقوابات هەیە، بەلأم بۆ هیچ حزبێك نیە کەسێك لە هیچ پۆستێك لابدا من لێرە کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنم و خوا ئاگادارتان بێ.

| | |
|---|---|
| فرست احمد عبداللە | محمد قادرعبداللە (د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**چوارشەممە رێكەوتی 9\9\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## چوارشەممە رێكەوتی 2009/9/9

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/9/9 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, سالی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەلبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/9/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیازی هەموار كردنی ماددەی (38)و برگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی سالی 1992ی هەموار كراوی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، خولی سێیەمی هەلبژاردن خولی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم ژمارەی دانیشتن (2)، رۆژی دانیشتن 2009/9/9، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەلبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/9/9دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیازی هەموار كردنی ماددەی (38)و برگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی سالی 1992ی هەموار كراوی پەرلەمان.

بەڕێزان، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر كارەكانمان، دوایی دوێنێ كە وەعدماندا بۆ قسە كردنی برادەرێك دەیخەینە پاش گفتوگۆیەكەو قسەكانی خۆتان دەكەن، ئێستا لە فەقەرە شەشین، لیژنەی كاروباری ئافرەت و مندال و خێزان تەواو بوو، دەچینە فەقەرەی شەش/ لیژنەی پەروەردەو فێركردنی بالاو توێژینەوەی زانستی، ئەو لیژنەیە لە كۆنەوە وا هاتووە گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت قسە

بکەن لەسەر ناوەکەی باشە، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە ئەو بەڕێزەی دەستی بەرز دەکات ناوی خۆی بڵێت هەتا ناوەکانتان فێر دەبین، ڕێزدار کاك دانا کەرەم بکە.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ناوی لیژنەکە بگۆڕێت، دوو پێشنیارم هەیە، یان ئەوەتە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بێت لەجیاتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەبەر ئەوەی پێموایە تەرجەمەی حەرفی کراوە لە عەرەبیەکەوە با بڵێین تەعلیمی عالی، بەلاّم لە ئینگلیزیەکەی ئێمە لێرە پەروەردەمان هەیە (ئیجوکەیشن)مان هەیە لە ئینگلیزیەکە، (ئیجوکەیشن) هەم پەروەردەش دەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بێت، یان ئەوەتا لیژنەی خوێندن و توێژینەوەی زانستی بێت، ئەو دوو پێشنیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕام وایە ناوی لیژنەکە بەو جۆرە لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی تەرجومەکە حەرفی کراوە فێرکردنی باڵا لە تعلیمی عالیەوە وەرگیراوە، ڕەئیم وایە بکرێتە خوێندنی باڵا، واتا لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێنشنیاری ئەوە دەکەم بۆ لیژنەکە وشەی خوێندن لە پاڵ پەروەردە دابنرێت، چونکە پەروەردە شتێکی شمولی زیاترە، بابڵێین پەروەردەی خێزانیش دەگرێتەوەو، لە پێناسەی پەیڕەوەکەی پێشوودا هەر پەروەردەو فێرکردن هاتووە، بکرێتەوە پەروەردەو خوێندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم توما کاکۆ برایمۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەصفی لیژنەکە چۆن بێت، مومکینە ناوی لیژنەکە زۆر درێژ دەبێت زیاتر لە چوار، پێنج وشە دەبێت، بە قەناعەتی من تەرکیز بکەینە سەر ناوەڕۆك و وەصفی لیژنەکە، لە وەصفی لیژنەکە هەموو شتەکانی دەمانەوێت دەنووسرێت، ناوەکەی با کورت بکرێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەم لیژنەیە، لیژنەی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام جیاکردنەوەی پەروەردە لەگەڵ خوێندنی باڵا دوو فەقەرەنە لەناو لیژنەکە، یەعنی وا پێشنیار دەکەین پەروەردەو فێرکردن، چونکە سەر بە دوو وەزارەتی جیان، پەروەردە سەر بە وەزارەتی پەروەدەیە، فێرکردنیش سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، لەناو لیژنەکە وا داخوازی دەکرێت کە جیا بکرێتەوە هەریەکە کاروباری خۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار کاك فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من یەك تێبینی بچووکم هەیە، مەسەلەی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەحەقیقەت مولاحەزەیەکی بچووك لە سیستەمی پەروەردە، بە حەقیقەت کۆمەڵێك سیستەمی پەروەردە هەتاکو ئێستا لەسەر سیستەمەکەی کۆن دەچێت، مەسەلەن یەکێك لەوانە خوێندنە بنەڕەتیەکان لە بیست و چوار کاتژمێری شەو و رۆژدا قوتابی سێ کاتژمێر لەناو قوتابخانەیە، ئەمە پێموایە بەتایبەتی لە سیستەمی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە ئەمە سیستەمێکی دیموکراتی پیادە دەکەین، بەڕاستی ئەم سیستەمە منداڵ لە بیست و چوار کاتژمێردا سێ کاتژمێر چی فێر دەبێت؟ باقیەکاتی تری لە دەرەوەی قوتابخانە بێت، ئەوە بەڕاستی پێویستی بە چارەسەرێکی زیاتری قوتابی لە خوێندنگاکان و لەقوتابخانەکاندا هەیە بۆ زیاتر پەروەردە کردنی منداڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەمە بەس لەسەر ناوەکەی موناقەشە دەکەین، نەك لەسەر شتەکانی تر، سوپاس، رێزدار کاك دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی لیژنەکە، ئێمە نامانەوێت بچینە ناو مەسەلە زمانیەوانیەکە، دوێنێ قەرار درا کە ئەو بابەتانە یەکلا بکرێتەوە لە رووی زمانەوانیەوە، من پێم باشە ناوی لیژنەکە وا بمێنێتەوە، بەس توێژینەوەی زانستی لێ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەی زانستی شتێك نییە تایبەت بێت بەوەزارەتی خوێندنی بالآ بە تەنها، راستە ئەمە ناوی وەزارەتەکەیە، بەلآم مەرج نییە ناوی وەزارەتەکە دەقیق لەناو لیژنەکاندا رەنگ بداتەوە، توێژینەوەی زانستی، ئێمە شاهێدی ئەوەین کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالآ بە دەیان گۆڤاری زانستی و بە دەیان ناوەندو سەنتەرو ئەکادیمیای زانستی هەیە، کە توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدەن، رەنگە توێژینەوەکانیان لەو گۆڤارە مەحدودانەی ناو زانکۆیەکانیش دەربچێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دوو وشەیە لە لیژنەکە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالآو توێژینەوەی زانستی، بە رەئی من لیژنەی پەروەردە لەگەڵ لیژنەی فێرکردنی بالآو توێژینەوەی زانستی بکرێتە دوو لیژنە، یەعنی لیژنەی پەروەردە لەگەڵ لیژنەی فێرکردنی بالآو توێژینەوەی زانستی، چونکە ئەگەر بزانین ژمارەی قوتابیەکان یەکجار زۆرە بەنیسبەت پەروەردە، یەعنی حکومی و ئەهلی هەیە، هەردوو کەرتیش بەنیسبەت پەروەردەو فێرکردنی بالآ کەرتێکی گرنگە بەڕاستی تەئسیری لەسەر بوارەکانی تریش هەیە، هەروەها ژمارەی زانکۆیەکانمان بەنیسبەت ئەهلی و حکومی ژمارەکانیان زۆرەو بەرەو زیاتر دەبێتن، ئەگەر بکرێتە دوو لیژنە، لیژنەیەك تایبەت بێت بە پەروەدە، لیژنەیەکیش تایبەت بێت بە فێرکردنی بالآو توێژینەوەی زانستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ناوی لیژنەکە وەك هاتووە، سێ پێشنیار هات کە دەیانەوێت لیژنەکە پەروەردەو فێرکردنی بالآ لە یەك جیا بکرێنەوە، پێشنیاری تریش هات کە کەس تەئکیدی لەسەر نەکردەوە کە توێژینەوەی لێ لابدرێت، بۆ ئەوەی ئایا لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێت؟ چونکە خوێندن ئەوە لە تەرجومەکە بە هەڵە هاتبوو، خوێندنی بالآ هەر لەگەڵیەتی، ئەوەی لێرە وەکو لە پێشنیارەکە هاتووە وا بمێنێت، دوو کەس، سێ کەس، دیفاعی لێ بکات ئەوەی جیا بێتن دوو کەس، سێ کەس دیفاعی لێ بکاتن، ئینجا دەیخەینە

دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکات کە وەکو خۆی بمێنێتن کێ قسە دەکات سۆزان خان، دکتۆر سەروەر، کاك سالار، ئەوانەی دەیانەوێت جیا بکرێتەوە پەیمان خان، کەسێکی تر هەیە کە پەروەردەو خوێنـدنی بـالا لـە یـەك جیـا بکرێنـەوە، کـاك ئیسماعیل، خـاتوو لانـا، ئێستا سـێ بـەڕێز دیفـاعی لـێ دەکـەن وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، سێیانیش دیفاعی لێ دەکەن کـە جیـا بێتـەوە، ڕێـزدار سـۆزان شـەهاب کـە دیفـاعی لـێ دەکـەیت کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ لامەرکەزیەت و پێدانی ئۆتۆنۆمی زیاترو سـەربەخۆیین، زیـاتر بـۆ زانکۆیـەکان کاتێـك کـە تـۆ دێیـت جیـای دەکەیتـەوە، ئینجـا ئـەم لیژنەیـە یەکـەم سـەبارەت بـە لیژنـەکان گـەورەتر دەبێـت، بـەلاّم دەتوانێـت هـەموو لیژنەیـەك لەناوخۆیـدا بکـات بـە دوو کەرتـەوە، بەشـێکی ئـەوەی کـە مەلـەفی پـەروەردە دەگرێـت بـە دەسـتیەوە، بەشـێکیش ئـەوەی کـە مەلـەفی خوێندنی بالاّ دەگرێت بە دەستەوە، ئەوانە دەتوانن لەناو لیژنەکەدا کارەکەی خۆیـان جیـا بکەنـەوە، بـەلاّم هەر خۆشی بەدواییدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە، چونکە دەبێت ئەو بڕیارانە بەکۆی ئەنـدامانی لیژنەکە بڕیاری لێ بدرێت، زیاد کردنی لیژنەکان مانای ئەوە نییە ئەکتیف کردنی پەرلەمان، بەڵکو لـەوەدا خۆی دەبینێتـەوە، ئـەم لیژنانـە خۆیـان هەڵسـتن بـەکاری خۆیـان و بەدواداچـوونی بـۆ بکـەن و ئەنـدامانی پەرلەمان ئەو کارەی دێتە بەردەستیان بە جددییانە بەدواداچوونی بۆ بکەن، نەك لـە جیاکردنـەوەو زیـاد کردنی لیژنەکاندا، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام بەم شێوەیە بمێنێتەوەو، هەمووومان کار بـۆ ئـەوە بکـەین سەربەخۆیی زانکۆیەکان زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی چی تر دەست لەکاروباری وەرنەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار خاتوو پەیمان دژیەتی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی ژمارەی قوتابیان، یانیش با بڵێین خوێندکاران کە دوو موسـتەڵەح بـەکار دەهێنرێـت وەك جـەنابتان دەزانن، وا پێویستە بەگوێرەی ئەو داواکارییەی کە لە قوتابخانەکانـەوە داوا دەکـەن کـە حـەقێکی تایبـەتیان بدرێتێ، تایبەتمەندییەك بدرێتە بواری پەروەردەو فێر کردن، کە هەر لە خوێندنی باخچەکان دەگرێتـەوە هەتاوەکو دوا پۆلی شەشی ئامادەیی دەگرێتـەوە، چونکە بەڕاسـتی زۆر زۆر مافیـان هەیـە، بەتایبـەتی دوای گۆڕینی سیستەمی خوێندن زۆر شت هەیە کە هێشتا خۆیان تێدا ورد نەبوونەوە، کە تێدا شارەزاییان پەیدا نەکردۆتەوە، بۆیە پێویستیان بە سەربەستیەك هەیە لەگەڵ زانکۆیەکان کە ئەوانە لە چینی ئامادە کـردنن بۆ زانکۆیەکان، وابزانم یەعنی حەقێکی شەرعی خۆیەتی مامۆستا بیەوێت جیا ببێتـەوەو سەربەسـت بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی جیا کردنەوەی لیژنەکان من لەگەڵیدا نیم، لەبەر ئەوەی هەردووك پەروەردەو خوێندنی باڵا پەیوەندییەکی زۆر زۆریان بە یەکەوە هەیە، ئێمە لە سەرەتاشدا گوتوومانە کەوا پێویست ناکات لیژنەکان بەپێی وەزارەتەکان بێت، لەوانەیە لە هەندێك حاڵەت سێ وەزارەت بکەوێتە لیژنەیەکەوە، لە هەندێکدا بە پێچەوانەوە لیژنەیەك، دوو لیژنە پەیوەندیدار بێت بە وەزارەتێکەوە لە تێکەڵی ئیشەکانیاندا، سەبارەت بەو ناونیشانەی کە بەڕێزێك گوتی توێژینەوەی زانستی لێ بکرێتەوە، چونکە توێژینەوەی زانستی لە دەرەوەشدا دەکرێت، من پێموا نییە بەم جۆرە بێت، چونکە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لە دەرەوە دەردەچن توێژینەوەیان تێدا دەکرێت دەکەونە چوارچێوەی کاروبارەکانی ڕۆشنبیرییەوە، واتا لیژنەی ڕۆشنبیری زیاتر پەیوەندیدار دەبێت بەمە، ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، بەڵام لێرەدا من شتێکی تر دەڵێم تەنها زانکۆیەکان ناگرێتەوە، ڕاستە ناوی وەزارەت خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییە، بەڵام ئێمە دامودەزگای تریشمان هەیە، دامودەزگای زانستی ئەوانەی توێژینەوە دەکەن، ئەوانە دەکەونە چ چوارچێوەیەکەوە، بۆ نموونە دەزگای کوردۆلۆجی هەیە، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوو ماوەیەك، دوایی بیر لەوە کراوەتەوە کە بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەزگای تری ستیراتیجیمان هەیە بە هەمان شێوە ئەوانە دەکەونە چ چوارچێوەیەکەوە؟ ئەگەر لیژنەیەك نەبێت کاروباری ئەوانە ڕێك بخات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامی کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان باسی ئەوەت کرد کێ تەئیدی ئەوە دەکات ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە سێ کەس قسە بکات؟ کێ تەئید دەکات جیا بکرێتەوە؟ حەقە لەزیمنی ئەوەندا قسە بکەین و جەنابتان لە جەلسەی پێشوو گوتتان کەس قسە لەسەر قسەی یەکێکی تر نەکات، یەعنی مەفروزە لەوە دەرنەچین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئەوەیە، بەڵام تێکەڵیانم کرد، لەبەر ئەوەی یەکێك دیفاع دەکات، یەکێك دژیەتی، ئینجا ئەوەی کە دیفاع دەکات ڕوون کردنەوە دەهێنێتن کە بۆ بمێنێت، ئەوەی کە دەیەوێت لابدرێت ئەویش ڕوون کردنەوە دەهێنێت کە بۆ لابدرێت لەو ڕوانگەیەوە، زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە موئەسەسە علمیەکان و دەزگای توێژینەوەی زانستەکان حزب ئەوەنـدە دەسـتی تێ خستووە، لەبەر ئەوە لێرەوە دەبێت هەنگاوی یەکەم بنـێین بـۆ سـەربەخۆیی ئـەم موئەسەسـانە، لەبـەر ئەوە من پێم باشە هەر لە ئێستاوە ئەو موئەسەسانە سەربەخۆ بکرێن، هەنگاوی یەکەمیش دەبێـت لێـرەوە دەست پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن ناوی حزب لێرە نەهێنن، ئێوە لیژنەیەك لە پێشتانە دیفاع لە لیژنەکە دەکەن، ناوەکـەی وا بێـت، ئەگەر وابێت بۆ؟ ئەگەر وا نەبێت بۆ؟ زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من تەنیا سالارم، پرۆگـرام و فەلسـەفەی هـەردوو بـواری پـەروەردەو خوێنـدنی بـاڵا بـە بـەردەوامی پێویستی بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە هەیە هەم لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و خوێندنـە باڵاکانـدا، هـەم لـە دەرەوەی ئەم دوو کایە، بۆیە لە باشترین حاڵەتدا بەپێی تەسەلسولی لیژنەکان توێژینـەوەی زانسـتی لەگـەڵ لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تەعلیقم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بـۆ هـەموو ئێـوەی بـەڕێز مـەعلوم بـوو، ئەگـەر بمێنـێتن لەبەرچـی بمێنێـت؟ ئەگـەر لابچێت بۆچـی لابچێت؟ ئەو موقتەرەحەی کە دەڵێت ببێتە دوو لیژنە، کە موقتەرەح بوو هات لەسەر ئەسڵەکە دەیخەینـە دەنگدانەوە، کێ دەیەوێت لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ببێتە دوو لیژنەو لە یەك جیـا ببنـەوە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ کـەس نییـە، یـەك کەسـی لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیـە وەکو خـۆی بمێنێتـەوە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، بـۆ ژمـارە حـەوت لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و کۆمەڵایەتی و ژینگە، لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگە دوێنێ منداڵ و خێزان ئیزافـەی بۆ کـرا، ئـەویش ئیزافـە دەکرێتـە سـەری، دەبێتـە لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و کۆمەڵایـەتی و ژینگـەو منداڵ و خێزان، هەر کەسێك کە دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی ناو بنووسین ناوی خۆی بڵێتن، کاك دکتۆر حەسەن فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم لیژنەیە بەناوێکی درێژەوە هاتووە، لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگەو منداڵ و خێزان، لە مەهام و ئەرکەکەشیدا ئیش و کاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش دەکات، بۆیە بە رەئی من سێ ئیختیصاصی زۆر جیاوازن، لێرە دەکرێت بیکەینە دوو لیژنەو بەشێکیشی بخرێتە سەر لیژنەیەکی تر، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لیژنەیەك بێت، کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزانیش لیژنەیەك بێت، کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالیش بچێتە سەر لیژنەیەکی تر وەکو لیژنەی پێشمەرگە، یان هەر لیژنەیەکی تر کە دوایی پێشنیار دەکرێت، من تێبینیەکیشم هەیە، تێبینیەکەشم ئەوەیە لە ئیختیصاصی برادەران کە سەیر دەکەیت لە سیدیەکەیان دەبینین ئەوانەی کە ئیختصاصی تەندروستی و کۆمەڵایەتیان هەیە ئەم ژمارەیە وەکو (11) فەت پڕ ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا بەس لەسەر ناوەکەیە تکایە، بۆ ئەوەی زوو شتەکان حەسم بکەین وەختێ هاتینە ئەوێ، ئەوە لە شوێنێکی تر موناقەشە دەکرێت، ڕێزدار نیشتمان خان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو لیژنەیە زۆر فراوانە، هەر بۆیە پێم باشە ژینگە بخرێتە پاڵ لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شارەوانیەکانیش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من باس کرا، دووبارەی ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کۆکردنەوەی ئەو هەموو ناوە لەناو لیژنەیەکدا قەرەباڵغێکی زۆرە، من پێم باشە لیژنەکە بکرێت بە لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی دژی خێزان، چونکە دەچێتە چوارچێوەی خێزانەوە،

خێزانیش له منداڵ پێك دێت، لێرەدا توندوتیژی خێزان گشتگیر تره، وەك ئەوەی لیژنەکە ئەوەندە چڕو پڕ بن هەرچەندە لێرەدا گرنگ ناوەڕۆك و مەهام و ئەرکی لیژنەکانە، نەك ناوەکەی و، ژینگەش بچێتە نێو لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانییەوە، چونکە شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ ژینگەدا هاو پەیوەندن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاو الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ئەوەی تەئیدی پێشنیارەکەی کاك دکتۆر حەسەن دەکەم، کە بکرێتە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و ژینگە، چونکە ئەو دووانە زۆر بەیەك نزیکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە ئەوانەی دووبارەن، بڵێن سوپاس، چونکە پێویست ناکاتن دووبارە بکرێتەوە، ڕێزدار کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ برایمۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبەر فراوانی لیژنەی تایبەت بە تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هاتنە سەری پاراستنی خێزان و منداڵ، من پێشنیار دەکەم ژینگەی لێی جیا بکرێتەوە، بچێتە سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە، چونکە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە، کارگەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە لەسەر زائیدەن وەزارەتی کاروباری سامانە سروشتیەکان، ئەوانە هەموویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە، بەتێکدانی ژینگەوە پێشنیار دەکەم بچێتە سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە داڕشتنی ناوەکە بەو شێوەیە بێت لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە، ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، یەعنی کاروباری تەندروستی نەبێت لە سەرەتاوە، لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە بێت، لە عەرەبیەکەشدا (لجنة الصحة والشؤون الاجتماعية والبيئية) لەبەر ئەوەش بە هەڵە هاتووە (الشؤون الاجتماعية والبيئة) نووسراوە، ئەو کاتە دەبێت (الشؤون البيئية) بنووسرێت، یان بڵێ (شؤون البيئة) واتا بەبێ ئەلف و لام، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە ژینگە بچێتە سەر لیژنەیەکی تر، ئەگەر دەکرێت لەسەر لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی بێت، بۆی منداڵ و خێزانی تێدا

جێ بکرێتەوە، واتـا لیژنەکـە بـەو شـێوەیە بێـت لیژنـەی تەنـدروسـتی و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و خێـزان و منداڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ویستم وترا، بـەس تـەنها ئەوەنـدە هەیـە حـەز دەکـەم بڵێم دەبوایـە ئێمـە سـەرەتا تەصـویتمان لەسەر ئەوە بکردایە ئایا ژمـارەی لیژنـەکان (18) بـن؟ یـان کـەمتر بـن؟ یـان زۆرتـر بـن؟ چـونکە بەڕاسـتی ئەوەش تەصویتی دەوێت، بۆ ئەوەی ئایا مەجالمان هەیە لیژنە زیـاد بکـەین؟ یـان نـا؟ چـونکە ئەگـەر ئێسـتا (18) بێت عەمەلیەتی حیسابی بۆ بکرێت هیچ لیژنەیـەك لـە شـەش، سـێ لیژنـەش حـەوت کـەس، یـەعنی ئەگەر سیانی موقەریرو سەرۆك و جێگر بێت سێ کەس دەمێنێتەوە، وابزانم ئەو لیژنانەش ناوەکانیان زۆر قورسە، مەسەلەن ئێسـتا ئـەو لیژنەیـە پێـنج، شـەش ئیشـی گرتۆتـە خـۆ، یـەعنی بـڕوا ناکـەم شـەش کـەس بتوانێت ئـەم ئیشـانە بـە یەکـەوە جـێ بـەجێ بکات، لەبـەر ئـەوە پێموایـە لـە پێشـدا دەنگدانمان بـۆ ئـەوە بکردایـە، ئایـا (18) کـەس سـابت بێـت؟ یـاخود کـەمی بکـەین، یـان دەتـوانین زیـادی بکـەین، لەسـەر ئـەوە تەصویتمان بکردایە، دواتر قسەمان لەسەر دەکرد، ئەم لیژنەیە هەم ناوەکەی فراوانە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائـەن ئێسـتا بەرنامەکـە لەسـەر ناوەکەیـە، داوای لێبووردنـت لـێ دەکـەم لـە مەوزوعەکـەش دەرچـووی خوشکی من، ئێستا بۆ ناوەکان ڕەئیت هەیە کەرەم بکە ڕەجائەن لە مەوزوعەکە دەرمەچن، ئیلتیزام بکـەن، ئێسـتا فەقـەت لەسـەر ناوەکەیـە، ئەگـەر ئـەم نـاوەت پـێ باشـە، ئـەوە تـەواو، ئەگـەر پێـت بـاش نیـە دەبـێ جودابێتـەوە و مولاحـەزەت هەیـە، ڕەئـی خـۆت بـدە، ئـەوە مـەوزوعێکی تـرە، سـوپاس، ڕێـزدار بـەیان خـان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من وترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك د.حسن قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك د.حسن باس دەکات، لێژنەی پێشتر ناوی کاروباری تەندروستی، لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، مادام منداڵ و خێزانیشی هاتە سەر، ژینگەش بچێتە سەر لێژنەی شارەوانی و خزمەتگوزاری پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك جەعفەر عەلی.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەمان ڕەئیەکەی سیوەیل خان و برادەران دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەریهان فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەها تەئیدی قسەکانی سیوەیل خان و د.جەعفەر و د.حسن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە تێبینی دەکەم، ناوی شەهیدان لە هیچ لەو لێژنانە نەهاتووە ئەوەی ڕاستی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن فەقەت باسی ئەوەی تەندروستی و ئەوەی تر کە پێشنیارت هەیە جیایە، ئێستا ناوەکەی هەبێت یان بگۆڕدرێ، یەك لێژنە بێت، چۆن بێت؟، لەسەر ئەو مەوزوعە قسە دەکەین.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە من كەم كردنەوەیە بۆ شەهیدان، بچووك كردنەوەیە بۆ شەهیدان، ئەگەر لێژنەیەكی خاص نەبێت؟ تایبەت نەبێت لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە زیاتر دەگونجێت كە ئیزافەی سەر لێژنەی پێشمەرگە بكرێت، شەهیدان و ئەنفالكراوەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك یاووز.

**بەڕێز یاووز خورشید عپمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرمووو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی لێژنەكە، راستە تۆزێك دوور و درێژە، بەڵام هەر ئەبێ وابێ، بە رەئی من منداڵ و خێزان، چونكە هەردووكیان منداڵ و خێزان لە كۆمەڵدا ئەبینینەوە، ئەوانیش هەر ئیشەكەیان ئیشی كۆمەڵایەتیە، ئەگەر بێت و ئێمە تەنها كۆمەڵایەتیەكە دابنێن، منداڵ و خێزانەكەی لێ دەربێنین، ئێمە ئەگەر بێت و ژینگە لەگەڵ تەندروستیەوە دابنێن، لێژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە و كۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك عومەر.

**بەڕێز عمر حمد امین نورالدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی لێژنەكە كە لەوێدا وشەی كۆمەڵایەتی هاتووە، وەكو ئاماژەشی پێدرا، پەیوەندییەكی هەیە لەگەڵ شەهیدان و كاروباری قوربانیانی جینوسايد، من پێشنیار دەكەم كۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو لێژنەیە جیا بكرێتەوە، بكرێتە لێژنەی كۆمەڵایەتی و كاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، بۆ ئەم ناوە؟، چونكە بەڕاستی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید هێزێكی كۆمەڵایەتی گەورەن، هەروەها لە رووی چۆنایەتییەوە، ماف و ئەركی تایبەتیان لەسەر ئێمە هەیە، لە رووی سیاسی و نەتەوەییشەوە جینۆساید پرسێكی ستراتیژی و سیاسی پڕ بایەخە، پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە داهاتوودا كاری لەسەر بكەن بۆ ئەوەی بە نێودەوڵەتی بكرێ و كار لەسەر ئەم ئاراستەیەش بكرێ، بۆیە من پێشنیار

دەكەم كە ئەمە جیابكرێتەوە، یان شەهیدان و كاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینوساید بخرێتە سەر لێژنەی پێشمەرگە، یان لەگەڵ كۆمەڵایەتی جیا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار حمە فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم لێژنەیە سەرباری ئەوەی كە دوور و درێژە، پەیوەندی بە كۆمەڵە توێژی گرنگ، كۆمەڵەك كەرتی تایبەت و كەرتی گشتی گرنگەوە هەیە، ئەو موبەریرە منیش لەگەڵیانم كە لێژنەكان زیاد بكرێن، نابێ لەسەر حیسابی خصوصیەت و ئەهەمیەتی لێژنەكان بێت، بۆیە خۆت دەزانی كەرتی تەندروستی یان ژینگە كە ئەمڕۆ لەم چەرخە گرنگیەكی تایبەتی بە ژینگە دەدرێ، بۆیە من پێشنیار دەكەم ببێت بە لێژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە، چونكە ژینگە پەیوەندیدارە بە جوگرافیا و بە مرۆڤ و بە ئاو و هەوا، حەتا بە داراییشەوە، من ئەڵێم ئەگەر بخرێتە سەر شارەوانی ئەوە دوور و درێژتر دەبێ، پیشەسازی و وزە دوور و درێژتر دەبێ، بەڵام لێژنەی تەندروستی و ژینگە ئەوە ببێت بە لێژنەیەك، لێژنەی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و خێزان و ئافرەت كە كاریش گرنگە، كرێكار و كار، باسی نەهاتوە لێرە، راستە ئەوەی دكتۆر باسی كرد بۆ ئەهمیەتی جینۆساید و ئەنفال و كیمیاباران و شەهیدان، ئەوە لێژنەیەكی تایبەتیان بۆ دروست بكرێت، ئەوەش جێی ئەهمیەتی خۆیەتی، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەم لێژنەیە ببێتە دوو لێژنە و ئاوای لێ بێ(لێژنەی تەندروستی و ژینگە)، (لێژنەی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی و خێزان و ئافرەت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم بكرێتە لێژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس قسەكانم كرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوێنیش باسم كرد، پێشنیارێكی موحەددەدە، ئەم بوارانەی لەناو ئەو لێژنەیە هاتووە دابەش بكرێنە سەر دوو لێژنە، لێژنەیەك بۆ تەندروستی و ژینگە، لێژنەیەكیش كۆمەڵایەتی و كارو خێزان، ئافرەت براندومانە دوێنێ، بۆیە ئیقتیراحەكەم بەم شێوەیە، دوو لێژنە بن، كۆمەڵایەتی زۆر شت دەگرێتەوە، تەئمینە، قانونی ئیشە، زەمانە، تەنها شتێكی بچووك نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیازەكەم ئەوەیە كە ژینگە ئەو بوارەی كە پێی دراوە بەڕاستی، ئەو ئەهمیەتەی كە هەیەتی ژینگە و دارستان زیاد بكرێ، بخرێتە سەر لێژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس قسەكانی من كاك عبدالسلام بەرواری كردی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا موقتەرەحەكان ئەكەینە دوو قسم، ئایا یەك لێژنە بێ وەكو هاتووە یان جودا بێ، پێش وەقت بیخەینە دەنگدانەوە، هەمووتان گوێتان لێ بوو ئەو بەڕێزانەی كە وتیان و ڕەئی خۆیان دا، ئێستا دوو كەسم ئەوێت دەنگ لەگەڵ ئەوە بدات كە وەكو خۆی بمێنێ، دوو كەسیش لەگەڵ بێت كە دژی بێ، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دام كە ئەو لێژنەیە جیا بكرێتەوە، یەكەمیان ببێتە لێژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە، ئەوە ببێتە یەك لێژنە، واتە (لجنة الشؤون الصحية و البيئة)، هی دووەمیش ببێتە لێژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و خێزان و منداڵیش بگرێتەوە، واتا (لجنة الشؤون الاجتماعية و رعاية الاسرة و الطفل)، ئینجا مەسەلەی شەهیدان و ئەنفالكراوەكانیش بۆ ڕێز لێنان لە شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، هەر چەندە ئەوانیش كێشەی كۆمەڵایەتیان هەیە بەشێوەیەكی گشتی، بەڵام پێم باشە لەگەڵ لێژنەی پێشمەرگە ناویان بێت، چونكە لە ڕێزی هەمان قوربانیانی پێشمەرگە دابێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدارێکی تر کە دیفاعی لێ بکات، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێ باسی لێژنەکان دەکەین، دەبێ باسی زەرورەتەکەی بکەین، من دوێنێش باسی ئەهمیەتی شەهیدان و قوربانیان و جینۆسایدەکەمان کرد، بەڵام دەکرێ ئەوە لە مافی مرۆڤ دابنێین، ئەم بەشەی کە ئەهەمیەتی خۆی هەیە، ئەوەی ئێستا لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگە، سێ بەشن، پەیوەندییەکی زۆر زیندوویان بە یەکەوە هەیە، لێژنەی پەرلەمان دەتوانێ موتابەعەیان بکات بە بواری جیا جیا، بۆیە، پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزێکی تر دیفاعی لێ بکاتن.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە باس لەسەر لێژنەکان ئەکەین، گرنگە ئەوە بزانین کە ئەو لێژنانە لە لایەکی ترەوە بە پێی زەرورەتی وەزارەتەکان ئیش دەکات و بۆ چاودێری کارەکانی ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکە ئێستا بەس بمێنێ یان نا؟ دیفاعی لێ بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کابینەی داهاتوودا ژمارەی وەزارەتەکانیش کەم ئەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ژمارەی لێژنەکانیش کەم بکەینەوە، با بڵێین کارەکانمان، یان هەوڵە کانمان چڕتر ئەکەینەوە بۆ ئەو لێژنانەی کە باشتر چاودێری ئەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ جودا بکرێنەوە، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک شێروان حیدەریش لەگەڵ ئەوەدا بوو کە جیا بکرێتەوە، جەنابت لەوانەی کە تەئید ئەکرێ بۆ ئەوەی کە بمێنێتەوە وەکو خۆی دوو کەست وەرگرت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تێبینیەکەت، دەست خۆش، ئێستا کاك عبدالسلام و کاك عومەر تەنها لەسەری قسە ئەکەن کە جودا بێتەوە، ئەبێتە سێ، دەنگێك دەدەینە برادەرێکی تر بە عەکسیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ ئیزافەم نیە، ئەوەی کاریش بخەینە ناو ئەو لێژنەیە، ژینگە و تەندروستی پەیوەندییەکی زۆر پتەویان بە یەکەوە هەیە، راستە ژینگە لەگەڵ صیناعە و شتی تریش دێت، بەڵام کۆمەڵایەتی بارێکی زۆرە، لە کوردستاندا ئێمە بۆ قۆناغی داهاتوو پێویستیمان هەیە خۆمان ئامادە بکەین بۆ گواستنەوەمان بۆ کەرتی تایبەت و بازاڕی ئابووری ئازاد، بۆیە زۆر کەلێن لە یاساکانی ئەوانەی کۆن هەن، ئەوانەی کە هێشتا نیمانە، زەمانە، زەریبەیە، یەعنی تا کەی خەڵك دابمەزرێت لە پشت پەردەوە؟ با سیستەمی کارکردن و دامەزراندن، ئەو شتانە هەمووی گەورەن، ئەو کێشە تازانەی کە خێزانی کۆمەڵگای تازەی شار و ئەو لەگەڵ خۆی دێنێت، هەمووی پێویست دەکات ئێمە بواری کۆمەڵایەتی بە حەقیقەت بارێکی قورسی لەسەرە، کار بخرێتە ناوی، چونکە لە هیچ بوارێکی تر باس نەکراوە، یەك نوقتەی تر، ئەوەی هانی من ئەدا کە ئەوەندە، خوشك و برای تریش باسیان کرد، کە بە ئازادی بیر بکەین، لێژنەکان پێکەوەیە یان پێکەوە نیە مەسەلەکە ئەوەیە من خۆم شەخصی خۆم رزگار کردووە لەوەی چ وەزارەتێکمان هەیە و وەزارەت چیە، ئێمە لە پەرلەمان پێویستە بیر لە کەرت و بوار بکەینەوە بە تایبەت، کام بابەتە پێویستی هەیە کە لێژنەیەکمان هەبێت، ئینجا ئەو کاتە ئەو وەزارەتەی هەبێت یان نەبێت بەڕئی من ئێمە بەو شێوە بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاوالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەجالەکان زۆر زۆرن، چڕکردنەوەی ئەو هەموو بوارە بە تایبەتی بواری کۆمەڵایەتی و خێزان و منداڵ و، لەولاشەوە صیحەوە، یەعنی هەر چۆن سەیری ئەکەی مەعقول نیە لە لێژنەیەکدا بن، بۆیە پشتگیری ئەو رەئیە ئەکەین کە بکرێتە دوو لێژنە، لێژنەی تەندروستی و بیئە بە یەکەوە بێت و لێژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش لەگەڵ بێ یان لەگەڵدا نەبێ ئەوە هینەکمان لێی نیە، موهیم ئەوەیە بکرێتە دوو لێژنە بەو شێوەی کە پێشتر چەند بەڕێزێك باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدارێکی تر کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ دیفاعی لێ ئەکا؟

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیفاع لەوە ئەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە ئەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئێمە ئەگەر لێژنەیەکی کارا بین و ئەو چەند کەسە کە دائەنرێ لەو لێژنەیە، ئەتوانێ بە پێی ئەو لێژنەیە تەوزیع بێ لەسەر ئەو بەشانە و ئیشەکانی بە ڕێك و پێکی بکات، چونکە ئیش کردنی ئەو لێژنانەو زۆر کردنی لێژنەکە پێم وایە سوودبەخش نابێت و باشتر نابێت، زۆر لە پەرلەمانانی دونیا هەیە لێژنەکانیان زۆر کەمن، ئیشەکانیشیان زۆر بە باشی و بە ڕێك و پێکی ڕۆیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو موقتەرەحەی کە هاتووە کە تەقسیم بێ لێژنەکە، ئەیخەینە دەنگدانەوە بکرێتە دوو لێژنە، تقسیم (لجنة الشؤون الصحية و البيئة) یەعنی لێژنەی تەندروستی و ژینگە، بکرێتە لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەقسیم بێ؟ فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە پێویست بە تەوزیحێك دەکات کە ئایا شەهیدان لەگەڵ ئەو دوو لێژنەیەیە دەمێنین یان نا؟ بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەونوقتەیە بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئێرە بەو بۆچوونە نا، لە جێگایەکی تر شوێنی ئەو لێژنەیە ئەکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو ئەو تەقسیمە بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە، 78 کەس لەگەڵێتی، کێ لەگەڵدا نیە تکایە دەستی بەرز بکات؟، 25 کەس لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس، ئەوە پەسندکرا کە بکرێتە دوو لێژنە، لێژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، بۆ خاڵی 8، لێژنەی ئاوەدان کردنەوە ونیشتەجێ کردن پەرەپێدانی گوندەکان، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن با ناویان بنووسین، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم لێژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی گوند و قەزا و ناحیەکانی بێتە سەر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبداللە.

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لێژنەی ئاوەدانکردنەوەی دێهات و نیشتەجێکردن بێت، چونکە دائیمەن دێهاتەکان تا ئێستا خراپ بوونە ئەوان پێویستە جارێکی تر ئاوەدان بکرێنەوە، دواتر ئەوەی تر لە شارەکان نیشتەجێکردن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رام وایە بکرێت بە لێژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی گوندەکان، چونکە بەراستی ئێمە لە دوای راپەڕینەوە هەتاکو ئێستا زۆر باسی گوندی هاوچەرخمان کردووە، لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە گوندەکان وەکو پێویست کاری بۆ بکرێ، کارە خزمەت گوزارییەکانی بۆ بکرێ، باسی گوندی هاوچەرخمان کردووە، پێم باشە ببێتە هاوچەرخکردنی گوندەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بکرێت بە لێژنەی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی شار و شارۆچکەکان، لەبەر ئەوەی وای دەبێنم کە سەرەتا کاری ئەم لێژنەیە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان بێت، چونکە پێشتر وەکو پێویست نەتوانراوە گوندەکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئاوەدان بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیام.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەم لێژنەیە بکرێت بە لێژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی هاوچەرخ کردنی گوند، بۆیە ئێمە وەکو پێشنیارێك داوا ئەکەین ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، چونکە خۆمان باش ئەزانین گوندەکانی کوردستان چەند وێرانن، بتوانین تەئکید بکەین لەسەر ئەوەی ئەو گوندانە وەکو بەڵێنمان داوە،

پشتگیری لە قسەکەی نەسرین خان دەکەم بۆ ئەوەی بکرێنە گوندی نموونەیی و هاوچەرخ بێت و ئەو فەرق و جیاوازییەی کە لە نێوان شار و گوندا هەیە نەمێنێ و بتوانین کەمی بکەینەوە، بۆیە گرنگیەکی زۆر بدەین بە گوندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شاهۆ.

**بەڕێز شاهۆ سعید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە وشەی هاوچەرخکردن بەکاربێنین، چونکە وشە دەلالەتی خۆی هەیە، ئێمە لەدوای راپەرینەوە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان و دەورە جیاوازەکانی پەرلەمان هەموویان بەڵێنیان داوە کە گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە، گەشەیان پێ بدرێ، بەڵام بەڵێنەکە نەچووە سەر، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئێمە خۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان خۆمان مولزەم بکەین بەوەی کە گوندەکان هاوچەرخ بکەین، گەشە پێدانی ئاسۆیی نێوان شارەکان و گوندەکانی کوردستاندا، ئەو جیاوازییە گەورەی کە لە نێوان گوند و شارەکان هەیە نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە کاتی باسکردنی هەر بابەتێکی تازە، هەر ناوهێنانێکی لێژنە سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕێگا بە هەڵسەنگاندن و گێڕانەوە و کارەکانی رابردوو بگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن نا، ئەوە نیزامی نیە، داوای لێبوردنت لێدەکەم، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ناوەکە بکرێتە لێژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی لادێیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك جەعفەر.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە بکرێتە لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و هاوچەرخ کردنی گوند، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان دەزانین، یا پاساومان بۆ ئەو پێشنیارە، یاخود لادانی وشەی

پەرەپێدان و دانانی وشەی هاوچەرخ لە شوێنی ئەو، ئەوەیە کە گوند هەمووومان دەزانین لانەی پێشمەرگە بووە، خەڵکی گوندەکان قوربانیەکی زۆریان داوە لە پێناو بەدیهانینی ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، بە قەدەر ئەو قوربانیە و خوێنە خزمەت نەکراون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ڕەجائەن ئێمە باسی ناوی لیژنەکە دەکەین، ئەوە پێویست ناکات، ئاوەدانکردنەوە شامیلە، بەلام جەنابت دەتەوێ گوندی لەگەڵ بێ بەسەرچاو، بەس کراوە و نەکراوە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ڕەجائەن لێرە میهەنیەتی کارەکە رابگرین و باس بکەین ئایا ناوەکە وەکو خۆی بێ، تەقسیم بێ؟ ئیزافەی بۆ بکرێ، لابردرێ؟ بەلام چی کراوە و چی نەکراوە؟، ڕەجائەن نا.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یان بریتیە لەوەی کە گوند هاوچەرخ کرا، ئێمە هەمووومان ئەزانین، بواری کشتوکاڵ دەبوژێتەوە، واتە لایەنێکی تری ئیقتیصادی دەگرێتەوە، دەکرێ ئێمە پشت بە گوندەکانی خۆمان ببەستین لە جیاتی ئەوەی سەرەتایی بەربوومە کشتوکاڵیەکان لە دەرەوەی وڵات بهێندرێ وەکو ئێستا دەبیندرێ، لەبەر ئەو هۆکارانە پێمان باشە کە وشەی پەرەپێدان لابردرێ و هاوچەرخ کردن لە شوێنی ئەو دابندرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرمووو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەی نەسرین خان دەکەم، ئەڵێم ناوی بنێین لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و هاوچەرخ کردنی گوندەکان، لەبەر ئەم موبەریراتانە، لەبەر ئەوەی هەندێك جار ئێمە ئەبینین بۆ نموونە هەندێ جار حکومەتی هەرێم لە رابووردوودا وتوویەتی فلان گوند لەبەر ئەوەی یەك ماڵە ئێمە ناتوانین خزمەت گوزاری پێ بگەینین، ناتوانین مەدرەسەیەکی پێ بگەینین، بەلام ئێمە ئەگەر توانیمان گوندەکانمان گوندی هاوچەرخ بێت، چەند گوندێکی نزیکی یەکتر لە شوێنیکدا کۆ بکەینەوە، ماڵی باشیان بۆ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله رەجائەن، ناوی لێژنەکەمان ئەوێ، ئەوە پلانی حکومەت دەبێ، پەرلەمان موراقەبەی حکومەت دەکات، لێژنەکە بەکاری خۆی هەڵئەستێت، لێرە ئێمە ئیشەکەمان ئەوەیە ئەو لێژنەیە بە چ شکلێك بێ؟

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەوە ئەکەم کە وشەی هاوچەرخی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەو هۆکارانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازل فەرموو.

**بەڕێز فازڵ بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وشەیە کە دەوترێ نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی گوندەکان، بە رەئی من راستە لە سەرەتاشەوە مەسەلەی ئاوەدان کردنەوە هاتووە، بەڵام ئەو مەسەلەی پەرەپێدانە بکرێ بە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، چونکە بەراستی ئێمە تا ئێستا گرفتی ئاوەدانکردنەوەمان هەیە، زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان لە ساڵی 91ەوە لەبەر باری ئابووری خۆی رۆیشتووتەوە گوندەکان، بەڵام بە حەقیقەت لەبەر ئیهتیمام پێ نەدانی ئیدارە و هەتا ئێستا زۆربەی گوندەکانی پڕە لە لوغم و ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئاوەدانی گوندەکان بکرێتەوە و گوند بکرێتە دێهات بەراستی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازڵ رەجائەن ناوی لێژنەکەم ئەوێ، ئەوە لێژنەیەکی تەنفیزی نیە، هەر هەمووتان بیزانن، ئەوە لێژنەیەکی رەقابیە، حکومەت موراقەبە دەکات، بیزانین ئەو وەزارەتانەی مەعنی کە دائەنرێ، ئیشەکەی خۆی ئەکا یان ناکات بۆ ئەوەیە، ئێستا فەقەت ناوی لێژنەکە چۆن بێت و بە چ شکل بێت، پێکەوە بێت یان لەیەك جیا بێت؟

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.حسن.

**بەڕێز د.حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رای من پەرەپێدانی گوندەكان بكرێتە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان، لەبەر ئەوەی وشەی پەرەپێدان، لێرە زۆر مەنزوری هەیە، بە تایبەتی ئەگەر.لەگەڵ هەر وەزارەتێك بێت مەنزوری تایبەتی خۆی بێت و لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ بێت، گوندەكان دەگونجا، بەڵام ئێستا لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە زیاتر مەنزووری سیاحە و ئەو جۆرە شتە دەدا، نەك مەنزووری ئاوەدانكردنەوە، پێموایە پەرەپێدان زۆر مانا دەبەخشێ، بۆیە زیاتر ئەگەر بە ئاوەدان كردنەوە بێ باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جارێكی تر واجبە من ڕوونكردنەوە بكەم، موداخەلە ناكەم، جەوابیشتان نادەمەوە، كاری ئەم لیژنانە كاری رەقابیە، كاری تەنفیزی نیە، حكومەت تەنفیز دەكات، ئینجا ئەو نوقتەیە، ئەمەی ئێستا بۆ ئێمە موهیمە ناوی لیژنەكە چ شكل بێ، ئینجا ناوی لیژنەكە گوندی لەگەڵ بێت، یان نەبێت، ئەو وەزارەتەی كە ئاوەدانكردەوە دەكات، لیژنەكە پێویستە بە پێی بڕیاری پەرلەمان موتابەعەی بكات، حكومەت تەكلیف بكات، ئەبێت بەم كارانە هەڵبستێت، ئینجا ئاوەدان بێ، پەرە بێ، بەس ئایا ئەو موستەلەحەی هاتووە بۆ ناوی لیژنەكە، ئینجا ئەندامانی پەرلەمان لە ناوی، ئەوان بە ئەركی خۆیان هەڵدەستن، زیرەك بن زۆر بە ڕێك وپێكی رەقابە بكەن، كە حكومەت مەجبوور بێت و، وەزارەتی مەعنی مەجبوور بێ لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان كار بكات، جا بۆ گوندە، بۆ شارە، بۆ شارۆچكەیە، ڕێزدار كاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ یەك لاكردنی بابەت پێموایە ئەم عینوانە ئەبێتە گۆردن، ببێتە (لجنة الإعمار و الإسكان و التنمية الريفية المتكاملة)، چونكە ئێستا ئەو موستەلەحە (التنمية الريفية المتكاملة)، بەكاردێت، لە ئەدەبیاتی پلاندانان و گەشەپێدان ئەگەر بڵێین (التنمية الريفية المتكاملة)، بواری ئابووری، بواری كۆمەڵایەتی، بواری سەكەن و عومران بە خۆدەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا من ژێك ئەو بی ڕاستیدا وەکی کاك جەمال، کە پەیڤا (تطویر الریف) بهێتە گهورتنێ شیناوێ بێتە تەنمیە نا بەس تەنمیە ریفیە، انما تەنمیە، ئەز بێژم پەیڤا (تنمیة) گەلەك تشتت گریتن نا بەس ئاڤا کردنا گوندا، بەلێ ئاڤاکردنا وتەطویرا گوندا وقەزا وهەر هۆسا باژێرا یەعنی گەلەك تشتی پتر تڤێت ، ئەگەر بکەنە عەرەبی دبیتە (لجنة الاعمار والاسكان والتنمیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ڕام وایە لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها من ئیشکالێکم لەگەڵ وشەی گوند هەیە کە پێشم وایە وشە مەدلول و کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام پەرەپێدان کە پێشگری گوند هاتووە شیاو ترە لە وشەی هاوچەرخ، چونکە هێشتا زۆرینەی گوندەکان یان کەم خزمەتن، یان دەستی خزمەتگوزاریان وەك پێویست پێنەگەیشتووە و، بە گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو ئێمە دەبینین......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ڕجائەن، ئەوە چەند جار ڕوون بکەینەوە، ئەوە لیژنەیە برای عەزیز ئەو لیژنەیە تەنفیزی نیە، ڕەقابەتی حوکمەت دەکات، بەس ناوی لیژنەکەم ئەوێ، ئەگەر بۆچوونێکت هەیە بۆ ناوی لیژنەکە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی گوندەکە بگۆردرێ بە لادێکان، چونکە لە موورادیفی گوند ئێمە دێمان هەیە، لادێمان هەیە، دێهاتمان هەیە، ڕام وایە، ئەوەندەی من شارەزا بم، دێ نزیکترە لە جادە و بان، ئەوانەی بە جۆرێك لە ڕێگاوبان ئەوانەی تێگەیشتبێ، لادێ بەو شوێنە نیشتەجێ بوونە دەوترێ کە لاڕێیە و، کەمترین خزمەتی پێگەیشتووە، بۆیە ڕام وایە ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وشەی گوند بکرێتە لادێکان، ئەگەر گوندیش مایەوە بکرێتە گوندەکان، جەمع بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا خان، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر ئەوەندە دەڵێم، لیژنەی ئاوەدانكرنەوە و نیشتەجێكردنی لادێكان، پەرەپێدانەكە لابدرێت كافیە، چونكە ئێمە مەبەستەكەمان ئاوەدانكرنەوەكەیە، بەڕاستی بۆ لادێكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا موناقەشە تەواو بوو لەسەر ئەو بابەتە، چەند پێشنیار هات، پێشنیار هات كە گوندەكان ئیزافە بكرێت، پێشنیاری تر هات، گوندەكان بكرێتە لادێ، پێشنیاری تر هات ئاوەدانكردنەوە و هاوچەرخی گوندەكان، ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر كام بابەت، بەڕێز كاك فرست موداخەلەییێكی هەیە، كەرەمكە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە تەماشای موناقەشاتی برادەران بكەین زۆربەیان وەكی جەنابت ڕوونكری، بۆچوونەكەیان وابوو و كەئەنەهوو ئەو لیژنانە ئەو ئیشانە دەكەن، یەعنی گوند دروست دەكەن، گوندی عەصری دروست دەكەن، مەوزووعەكە بەو شكلە نیە، سبەی پرۆژەكانی قانونی بۆ ئێمە دێن، یان بابەتەك دێ، یان پێشنیارەك دێتن، یان دیراسەیەك دروست دەكرێتن، سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمان بزانن، ئەو شتە تەحویلی كامە لیژنە بكات، كامە لیژنە موختەصە، چونكە دوو لیژنە، دوو ئیتیجاهمان هەیە، لیژنەی قانونی تەقریبەن هەموو پرۆژەكان بۆیان ئەچن، لیجانی تر لە دیو ئیختیصاص بۆی دەچێ ، مەسەلەن، میسال هات ناحیەی عەرەبی، ئێستا بڵێین (تطوير الريف)، ئێستا بڵێین (عصرنة الريف)، مەعنایەكە هەر یەكە بە نیسبەت ئێمە، چونكە هەر شتێك بۆ ئێمە بێت، وەك پرۆژەی قانونی بێت یان پێشنیارێك بێت یان دیراسەیەك بێت، عیلاقەتی دوور یان نزیك لەگەل چ لادێكان هەبێت، لەگەڵ گوندەكان هەبێت تەحویلی ئەو لیژنەیە دەكرێت، وەكی تر ناوەكە زۆر تەئسیر ناكات، چونكە وەكی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان باسی كرد، ئەو لیژنەیە بە خۆی هەڵناستێت گوندەكە دروست بكات، ناحیەی تەنفیزی دەیكات، موراقەبە و دیراسەتی ئەو مەوازیعانە دەكات، عینوانەكە زۆر موهیم نیە، یەعنی بە نیسبەت لیژنەی پەروەردە، ئەگەر شتێك بۆ ئێمە بێتن لەسەر دروست كردنی قوتابخانەكان تەحویلی ئەوێ ئەكەین، ئەگەر شتێك بۆ ئێمە بێت لەسەر مەناهج تەحویلی ئەوێ ئەكەین، ئەگەر كێشەیەك بۆ ئێمە بێت عیلاقەی بە مامۆستایان هەبێ تەحویلی ئەوێ ئەكەین، بەس ئەگەر تەماشا بكەین، نە ناوی مامۆستا، نە ناوی قوتابی، نە ناوی قوتابخانە لە عینوانەكە نەهاتووە، مەعنای ئەوە نیە ئەگەر هاتو ناوەكە نەهات إذن ئەو لیژنەیە عیلاقەی لەگەڵ ئەو بابەتە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك لەو پێشنیارانەی هات، كە وەكو خۆی نەمێنێت، بۆیە دوو كەس ئەوەی وەكو خۆی بمێنێت، بۆیە دوو كەس كە ئەوەی تەقسیمی بكەین، ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارت بە، ئەمە تەقریبەن ئەبێتە نوقتەی نیزامیش، كەس داوای لێك جیاكردنەوەی نەكردووە، ئەوەندەی كە من لەناو هۆڵەكەدا بووم، بەڵام تەنها ووشەی (تطوير الريف)، (تنمية الريف)، یەعنی فەرق ناكات و، چونكە ئێمە دەبێت ئاگادار بین هەتا چەندێك ژمارەی لیژنەكان زۆرتر بن، ئەركی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر دەبێت، دەبێت خۆیان چڕ بكەنەوە لە لیژنەكان دا، كە بەدواداچوون بكەن، موراقەبە بكەن، دیراسات بكەن، لەبەر ئەوە تكا دەكەم، یەعنی وایە هەموو لیژنەیەك كۆمەڵێك بابەتی لەخۆی گرتووە، لەناو لیژنەكەدا لیجانی فەرعی دروست دەبێت، هەر لیژنەی فەرعی خۆی هەڵدەستێت بەدواداچوون دەكات بۆ بەشێك لەو عینوانە، لەبەر ئەوە تكا دەكەم ئەو هەوڵانەی كە ئێستا دەدرێ بۆ زیادكردنی لیژنەكان، هەوڵێكی هەڵەیە، عینوانەكە، لە دوای ئەوە بابەتەكان ڕەبت دەكرێ بەو عینوانەوە، زۆر سوپاستان دەكەم، لەبەر ئەوە من تەئید دەكەم، تەئیدی ئەوە دەكەم تەنها وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر (تطوير الريف) بكرێ بە (تنمية الريف)، كێشەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەرچەندە لە جێی خۆمەوە قسەكەم كرد، من ئەوەندەی ئاگادار بم، هیچ بەڕێزێك داوای ئەوەی نەكردووە كە لیژنەكان، ئێمە لەسەرتاوە، هەر دوێنێ برادەرانی ئێمە باسی ئەوەیان كرد كە هەڵەیە ئەگەر لیژنەكان پەرت بكرێ و، ڕوونكردنەوەمان دا لەسەر ئەوەی كە ئەكرێ ئەم لیژنانە لە ناویان دا لیژنەی فەرعی بكرێ، بۆیەش لەگەڵ ئەوە نەبووین كە لیژنەی پێشتر پەرت كرابوو بە دوان و، تەئید دەكەین كە هیچ لیژنەیەك پەرت نەكرێ، ئەمە زۆر باشە هەر ئەوەیە كە ئەو پەرەپێدانە بكرێ بە هاوچەرخ كردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەكی زانستی و ئەكادیمیە، مەسەلەیێكی هەندەسیە، یەعنی بواری ئەندازەیی زۆر لە خۆی دەگرێ و، ئەو وشانە و وشە و موستەلەحی عیلمین و مانا و مەدلوولی تایبەتی خۆیان هەیە بەڕاستی، ئاوەدانكردنەوە، نیشتەجێ كردن، پەرەپێدان ئەمانە هەمووی گرنگن مانای تایبەتی خۆیان هەیە و، گوندەكانیش وەكو وترا كە بەڕاستی موستەحەقن و، جێگەی ئیهتیمامن، بۆیە من پێم باشە بۆ ئەوەی

هەموو ماناکان و، بە شێوەی هاوچەرخ و عەصریش بێت، ناوی لیژنەکە ئاوای لێ بێت، (لیژنەی ئاوەدانکردنەوە)، چونکە پەرەپێدان ئەمڕۆ وەکو دەزانن تەنمیەی بەشەری هەیە، تەنمیەی ئیقتیصادی هەیە، تەنمیەی کۆمەڵایەتی هەیە و، زانستی تەنمیەی بەشەری بووە بە زانستی سەردەم و، ئیهتیمام و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چ لە ڕووی ئاوەدانییەوە، چ لە ڕووی بەشەرییەوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە پێم باشە لیژنەکە ئاوای لێ بێت، (لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخ)، ئەو کاتە هەموو ئەو مانایانەی کە بەڕێزان فەرموویان لە خۆ دەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم پێشنیارە بەم شکلە هاتووە (لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و پەرەپێدانی گوندەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخ)، پێشنیارێکی موشەخەصمان بدەنێ، ئەوانی موقتەرەحی دەکەن بە نووسین، شێوازی ناوەکە تەسبیت بکەین، تکایە بە دەست نا بە نووسین، موقتەرەحێکمان بدەنێ بە نووسین کە ناوەکەی چۆن بێ بۆتانی دەخوێنینەوە، چونکە زۆرە، هەر چەند بەڕێزێك کە وشەیەکی ئیزافە بکرێ، وشەیەکی لابرد، بە نووسین شتێکمان بۆ بنووسە، فەرموو نوقتەی نیزامی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك کەس ئەو تەسمییەی داواکرد، ئەو ناونانەی داواکرد، تکا ئەکەم ئێستا حەسم بکرێ، بیخەرە دەنگدانەوە، ئایا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ یاخود تەتویر بکرێ بە تەنمیە و، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، موقتەرەحی تریش هەبوو، خوشکی من ئەوە نابێ، کاك کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە خودی ئەمە بخەرە دەنگدانەوە، ئایا ناوەکە بگۆڕین یان نا، ئەگەر ئەکسەریەتمان لەگەڵ گۆڕینی بووین، ئەو کاتە ئیقتیراحێك تەقدیم دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکەت زۆر لە جێگای خۆیەتی، ئێستا بەڕێزان پێش هەموو شتێکەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا ناوەکە گۆڕانکاری بەسەر بێت؟ یان وەکو خۆی بمێنێتن؟ ئێستا ئەو موقتەرەحەی هاتووە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر بێت، ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوجا ناوەکان، ئەو موقتەرەحانەی کە بەڕێزتان ناردووتانە، ئەیخوێنینەوە و، لەسەری موناقەشە دەکەین، دەخەینە دەنگدان، ئێستا بەڕێزان بۆچوونی زۆر لە ئێوەی بەڕێز ئەوە بوو کە ئیزافاتی لێ بکرێ، کە یەك وشە لابدرێتن، کێ لەگەڵە ناوەکە گۆڕانکاری

بەسەر دابێت، دەستی بەرز بکات؟ (27) کەس لەگەڵە کە گۆڕانکاری بەسەر ناوەکە دا بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ناوەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، دەستی بەرز بکات؟ (74) کەس لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆیە ناوەکە وەك خۆی ئەمێنێتەوە بە بێ ئیزافە، کەرەمکە مامۆستا، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەڕاستی کار ئاوها بڕوات ئێمە بە دوو دانیشتنی دیکەش ناوەکان تەواو ناکەین، یەعنی ئەوە لە ناوەڕۆك زیاتر بکۆڵینەوە، من پێشنیار دەکەم کەوا لەسەر کەلیمەیەك، تەقدیم بکەین، بگۆڕین، زۆر ڕانەوەستین و بڕۆین، زوو تەواوی بکەین، ئەوڕۆ بەڵکو ئەوە تەواو بکەین، ئەوانی دیکە لە کار و وەزیفەی لیژنەکان بکۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پێشنیاری مامۆستا بشیر، لە دانیشتنی داهاتوو لە پێش جەلسەکان، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان دادەنیشین، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین، کە لە لیجانەکانیش حەسم بکرێتن، بەڵام ئێستا چونکە بیدایەتە ڕێگا ئەدەینە ئەو بەڕێزانە، بۆ ئەوەی هەر بەڕێزێك ویستی قسەی بکات، با بیکات، بەڵام منیش تەمەننا ئەکەم کورت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان بەرەو پێش باشتر ببەین، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ خاڵی (9) (لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن)، تەمەننا ئەکەم ئەویش سعاتێ موناقەشە نەکەین، دوایێ وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس، ڕێزدار عبداللە حاجی محمود، کەرەمکە.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم کە (پەیوەندییەکانی) لێ بکرێتەوە، بکرێ بە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، چونکە لە تەفسیری پەیڕەوەکەی ناوخۆ هاتووە، تۆزێ ئاڵۆزی تیایە، ئەگەر بشمێنێ بکرێ بە لیژنەی پەیوەندی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، یان هەر لێی بکرێتەوە، پەیوەندییەکان بەجیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم أمین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو لیژنە من پێشنیار دەکەم، ببێ بە دوو لیژنە، لەبەر گرنگی پەیوەنییەکان لەسەر دۆخی سیاسی و لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانمان، بۆ چاودێری زیاتر و پرسینەوە لە پەیوەندییەکان، پێشنیار ئەکەم لیژنەی پەیوەندییەکان لیژنەیەکی سەربەخۆ بێ و، بۆ چاودێری کردن و لێپرسینەوە لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئاسەوارەکانی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان، لە ڕووی تیرۆر و

لـە ڕووی لێبـووردەیی و، لـەڕووی پێکـەوە ژیـان، لـە ڕووی سـەقافەی دیموکراسـی، پێشـنیار ئەکـەم ڕەوتـی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیش لیژنەیەکی سەربەخۆ بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سمیرة، فەرموو.

**بەڕێز سمیره عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وشەی پاراستنی شوێنەوارەکان ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کە ئەڵێی لیژنەی پەیوەندییەکان لە قەوسێك دا داخلی و خاریجی بۆ ئیزافە بکرێ ئینجا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ئێمە وەکو میللەتی کورد ڕەنگە هەندێ کەس بپرسێ بۆچی؟ لەبـەر ئـەوەی وەکو میللـەتی کـورد هەنـدێ موعاناتمـان هەیـە، ڕۆژانـە حـدودەکانمان لەگـەڵ ئێـران دا تـۆپ بـاران دەکـرێ، عیلاقـات لەگـەڵ تورکیـا تێـك دەچـێ، نـاتوانین موتابەعـەی پەیوەندییەکانمان بکەین لەگەڵ بەغداوە، هۆیەکانی چیە؟ کـە ئەوانـە خەلەلـە، بـۆ ئـەوەی حـەقی ئـەوەش بدەین، موتابەعەی ئەوە بکەین، بزانین کاروبارەکان بە کوێ ئەگا، دووبارە زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش پێشـنیار ئەکـەم، لیژنـەی پەیوەندییـەکان بکرێتـە لیژنـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان و ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن و، شوێنەواریشی بۆ زیاد بکرێت، مەبەسـت لـە پەیوەندیـە گشـتیەکانیش لەڕاسـتی دا وەکو کاك برهـان ئامـاژەی پێـدا ئەوەیـە، ئـەم لیژنەیـە ڕۆڵێکـی کـارای هـەبێت لـە چـاودێری کردنـی پەیوەندیـە جۆراوجۆرەکان، بۆ نموونە پەیوەندی هەرێم لەگەڵ مەرکەزدا و، هەروەها پەیوەندی هەرێم لەگـەڵ دەرەوە وەکو خۆتـان ئاگـادارن ئێسـتا پەیوەندیـەکان بووەتـە پەیوەنـدی شەخسـی یـان پەیوەنـدی لایـەنی سیاسـی و ..............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن، مەڕۆ سەر تەحلیلی وەزعی مەکەن، لەسەر لیژنەکە قسە بکەن رجائەن.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەواریشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە وڵاتی ئێمە شوێنەواری زۆری تیایە، لەوانە قەڵای هەولێر زۆر گرنگە بایەخی پێ بدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندیە گشتیەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن، سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو لیژنەیەوە من دەپرسم پەیوەندیەکان هیچ رەبتێکی نیە لەگەڵ راگەیاندن، من پێشنیار دەکەم لیژنەی پیەوەندیەکان جیاواز بێت، ناوی لێ بندرێت پەیوەندیە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، یان دەرەکی و ناوخۆییەکان و، ڕۆشنبیری و راگەیاندن کارێکی جیاوازە بە سەربەخۆ لیژنەیەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم لیژنەکە ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی بۆ زیاد بکرێت، یەعنی لیژنەی پەیوەندیەکان و ناوچەکانی دەرەوە، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێم بە حکومەتی فیدڕاڵی عیراق و ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم کە تا ئێستا وەزارەتیشی بۆ تەرخان کرا بوو، ناوی لیژنەکە بەو شێوەی لێ بێت، لیژنەی پەیوەندیەکان و ناوچەکانی دەرەوەو رۆشنبیری و ڕاگەیاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە ئیستیسنا لەوەی کە پێشتر بەڕێز کوێستان خان ئیشارەتی پێدا، من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەهمیەتی بابەتەکە لیژنەی پەیوەندیەکان جیا بکرێتەوە، چونکە ئەو ڕۆڵە تازەیەی کە پەرلەمان وەك ئەوەی بەڕێز د.احمد ئیشارەی پێیدا بێ گومان بیخەینە ژێر هەمان ناونیشانەوە، ئێمە بڵێین ناوچە جێ ناکۆکەکانیش تەنانەت دەتوانین لێرە جێگەی بۆ بکەینەوە و، ئەو ناوچانەی کە پەیوەندیان هەیە بە دەرەوەی هەرێم ناوێکی بۆ دابندرێت لەژێر ناوی پەیوەندیە نیشتمانی و دەرەکیەکان، کە ئەمەش دیسانەوە نرخاندنی ڕۆڵی پەرلەمانە و لە هەمان کاتدا هاوکاری کردنی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە جا لە هەرێمی کوردستان دا

یاخود ئەوانەی کە لە ناوەند دان و نوێنەرایەتی کورد دەکەن بۆ تەنسیق کردن و ڕێکخستنی هەڵوێستەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەڕاستی دا ئیشی لیژنەی پەیوەندیەکان زۆر جیاوازە لە گەڵ کاری ڕۆشنبیری، پەیوەندیەکان یەکێکە لە گرنگیەکانی کاری پەرلەمان کە پەیوەستە بە قونسوڵخانەکانەوە و بە ئیستیحقاقاتی کوردەوە، بۆ نموونە لە عیراق و دەستووری عیراقی دا کە ئێمە دەتوانین نوێنەرایەتیمان هەبێت لە هەموو وڵاتەکان و لە هەموو سەفارەتەکانی عیراق دا، ئەمەش بەڕای من پێویستە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری پەرلەمانی کوردستان دا بێت، نوێنەراتیەکانی هەرێم لە دەرەوە دەبێت لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەوەوە بێت، ئێمە پیاچوونەوە بکەین و تەقیمی ئادای نوێنەرەکانی کورد بکەین لە دەرەوە و ئەو پەیماننامانە و ڕێکەوتنانەی کە هەرێم لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بۆ شوێنەکان دەیکات بە هەمان شێوە، بۆیە ئەمە لەڕاستی دا یەکێکە لە لیژنە زۆر گرنگەکان، لیژنەی پەیوەندیەکان دەکرێت ئەو کۆمەڵە ئەرکەی کە وەك باسم کرد ئەو ئەرکانە لە خۆی بگرێت و بتوانین هەڵسەنگاندنی ئادای نوێنەرەکانمان لە دەرەوەو لە پەرلەماندا قسە لەسەر پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ دەرەوەی خۆی دا و، لە گەڵ دەوروبەری خۆیدا، لەگەڵ بەغداو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دا بکات، دیارە ئێمە لەڕاستی دا دوێنێش باسمان کرد، ئێستاش باسمان کرد و، کە لەگەڵ زیادکردنی لیژنەکان دانین، بۆیە من پێم وایە ئیستیسنایەك بکەین لەوەی کە ئەم دوو ئەرکە و، ئەم دوو کارە زۆر جیاوازن، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کارێکی جیاواز تر و ئیشێکی موشەخەصی خۆیانیان هەیە، ئێمە دەکرێت شوێنەواریشی بۆ ئیزافە بکەین، لەگەڵ ئەوەی کاك عبدالله دام، بەڵام پەیوەندیەکان جیابکرێتەوەو بکرێتە لیژنەیەکی تایبەت و، ئەرك و وەزیفەکانیشی بۆ تەشخیص بکرێت و، پێناسەی بکرێت، تەعریفی ئەرك و وەزیفەکانیشی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، من قسەم نەما لەبەر ئەوەی باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی(9) لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەڕای من ئەو لیژنەیە، لیژنەی پەیوەندیەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە بەڵام ببێ بە لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان، لەبەرئەوەی ئێمە کە ئەڵێین پەیوەندیە گشتیەکان واتە پەیوەندی ناوخۆ و پەیوەندیەکانی دەرەوە هەمووی بە یەك ئاراستە، بەڵام ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن شوێنەواریشی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە تا ئێستا شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستان لە هەندێك ناوچەدا هیچ گرنگی پێ نەدراوە و، بەشێکە لە ڕۆشنبیری و شارستانیەتی ئەم وڵاتە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە شوێنەوارەکانیش زیاد بکرێ لە گەڵی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو لیژنەیە وا باشە لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان، یەعنی جیانەکرێتەوە، لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان و ڕاگەیاندن بە پێش کەوێت، پێشی ڕۆشنبیری بکەوێت، ئینجا پەیوەندیە گشتیەگان و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبری و شوێنەوار ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. حسن ، فەرموو.

**بەڕێز. د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ڕاستە پەیوەندیەکان وڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئیختصاصاتی جیاوازن، بەڵام هەروەکو گوترا مانع نیە ئەگەر لە یەك لیژنەش دا کۆبکرێتەوە، دەکرێت ئەندامانی لیژنە تەوزیع بن لەسەر ئەم دوو بەشە، یەعنی لەناو لیژنەکەدا، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەم کە پەیوەندیەکان لێرە بەڕووتی هاتووە، یەعنی زیاتر لەو حاڵەتە پەیوەندیەکانی پەرلەمان بە ناوخۆوە تەفسیر دەکرێت، من لە وتارەکەی جەنابتان وام دیت کە پەیوەندی دۆستانە، واتا ئەگەر تەرجومەی بکەین بۆ عەرەبی (الصداقة)، یەعنی زیاتر لە جێی وشەی پەیوەندیەکان هاتووە، ئەگەر بەو شێوەیە بگۆڕێت من بە باشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا بەعەکسەوە پەیوەندی، عیلاقات لەگەڵ پەرلەماناتی دنیاوە، لەگەڵ پەرلەمانی عیراق موتلەقە، یەعنی بۆ هەموو عیلاقەیەك ئەو دەورەی هەبێتن، جا دەمێنێتەوە لەسەر ئەو بەڕێزانەی کە لەناو ئەو لیژنەیە کار دەکەن، چۆن کارەکان دابەش دەکەن و بە ئەرکی خۆیان بە تەواوی هەڵدەستن، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو پێشنیارەم هەیە كە بكرێت بە لیژنەی پەیوەندیەكان و ڕۆشنبیری شیوێنەوارو ڕاگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سعید.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی پەیوەندییەكان منیش پێم باشە، كە ئیستسنا بكرێت، چونكە وەكو ئەزانین كاری پەیوەندییەكان و دبلۆماسی، كاریگەرییەكی زۆرو بەرچاوی هەیە لەسەر بارودۆخی سیاسی، نەتەوایەتی، نیشتمانی، پرسەگرنگەكانی گەلی كوردستان، حەتا لەسەر بواری ئابووری و كۆمەڵایەتی، حەتا بواری ئەمنیش، چ عیلاقاتی پەرلەمان بێت چ عیلاقاتی حكومەت بۆ دەوڵەتەكانی ناوچەكەو ئیقلیم و هەروەها بۆ دەوڵەتەكانی دونیاش و پەرلەمانەكانی دونیاش، پەیوەندییەكان كاریگەریەكی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێم باشە پەیوەندییەكان جیا بكرێتەوە، بۆ ئەو مەبدەئەش كە لیژنە زۆر نەكەین، ئەكرێت رۆشنبیری و ڕاگەیاندن ببەینە لای مافی مرۆڤ یان ببەینە لای وەرزش، ئەوكاتە ژمارەی لیژنەكان زیاتر نابێت، بەڵام من پێم باشە پەیوەندییەكان سەربەخۆییەكی تایبەتی خۆی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووتان، بەڕێزان ئێستا ئەو بۆچوونانەی كە هاتن داوا دەكەن كە جیا بكرێتەوە، یەعنی پەیوەندییەكان لە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن جیا بكرێتەوە، ئەوە پێشنیارێك بوو، كۆمەڵێك لە ئەندامان پشتیوانیان لێ كرد، كۆمەڵێكی تریش ئیزافەی شوێنەوارەكانیان كرد، ئێستا یەكەم دەنگدان بۆ ئەوەیە كە جیا بكرێنەوەK واتە تەنها پەیوەندییەكان بێتK ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لێ جیا بكرێتەوە، باشە فەرموو كاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە لێرەدا بەكارمان هێناوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، یەكەم شت موقتەرەحی سەرۆكایەتی دەخرێتە دەنگەوە، ئینجا ئەگەر موقتەرەحەكە سەری نەگرت، ئەوكاتە ئەچینە موقتەرەحی دووەم بۆ جیاكردنەوەی لیژنەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی كە موقتەرەحیان كرد تازەترە بەنیسبەت ئەوەی ئێمە بۆ ئەصڵەكەی ناو پەیڕەوی ناوخۆ تازە بوو، بەس بۆ ئەوەی ئێمە ئەمە تازەتر، ئەمرۆ ئەوەشمان تازە كرد، ئێستا موقتەرەحی ئەوەی كەجیا

ببێتەوە دەیخەینە دەنگەوە، ئێستا بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکان ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن جیا بکرێتەوە، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، 31 کەسی لەگەڵدایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، واتە وەکو خۆی بمێنێتەوە جیا نەکرێنەوە، پاشان ئیزافەکە ئەکەین، 67 کەسی لەگەڵدایە بۆیە جیا ناکرێتەوە زۆر سوپاس، ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە شوێنەوارەکان ئیزافە بکرێت، باشە کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار بەڕێزیش ئیزافەی ئەوەیان کرد کە ببێت بە پەیوەندییە گشتیەکان و لەگەڵ شوێنەواریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو موقتەرەحی تازە هەیە، فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە هەموو دانیشتنێك لەسەرەتای کۆبوونەوەکەوە ناوی ئامادەبووان، ناوی غائیبەکان، ناوی موجازەکان، بنووسی و ئاگادار بکرێینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەمە لە مەوزوعەکە دەرچووی، ئەمە نوقتەی نیزامی نیە، هەمووی لەلای ئێمە تەسجیلە ئێمە ئێستا لەسەر بابەتێك قسە ئەکەین، نەك ئەو خاڵە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پەیوەندییە گشتیەکان، ئیزافە بکرێت، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە داوای پەیوەندییە گشتیەکان و ئاساریشمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو تەصویت دەکەین، جارێ بۆ پەیوەندییە گشتیەکان دوایی ئەوی تر، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێت بە پەیوەندییە گشتیەکان، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 22 کەسی لەگەڵدایە، فەرموون ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پەیوەندییە گشتیەکان ئیزافە نەکرێت، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، زۆرینەی لەگەڵدایە، ئێستا ئاسەوار دەخەینە دەنگەوە، واتە شوێنەوار بۆ سەر ئەصڵەکە ئیزافە بکەین، بادەستیان بڵند بکەن تکایە؟، فەرموون 63 کەسی لەگەڵدایە ئێستا کێی لەگەڵدا نیە؟، 9 کەسی لەگەڵدا نیە، واتە ئێستا شوێنەوارەکان ئیزافەکرایە سەری، ئەبێت بە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن و شوێنەوار، ئێستا بۆ خاڵی دەیەم، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئێستا کێ ئەیەوێت قسەی لەسەر بکات بادەستی بڵند بکات؟، نیشتمان خان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی ئەوقاف وكاروباری ئایینی، من وا پێشنیاز دەكەم ئەوقافەكە لابرێت، بەس ببێتە لیژنەی كاروباری ئایینی، لەبەرئەوەی ئەوقاف و كاروباری ئایینی هەر یەك مانایان هەیە، واتە هەر ئایین ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د. بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرجار باسی ئەوەمان كردووە، كە مەرج نیە ناوی لیژنە لەگەڵ ناوی وەزارەتەكەدا ڕێك بكەوێت، بالفعل منیش لەگەڵ ئەوەدام وشەی ئەوقاف خۆی بەشێكە لە كاروباری ئایینی، ئەگەر وشەی ئەوقاف لاببەین، بەڵام كاروباری ئایینی شتی تری بۆ زیاد بكەین، بڵێین لیژنەی كاروباری ئایینی وگەشەپێدانی ڕەوشت وبەها بەرزەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڕەفیق فەرموو.

**بەڕێزد. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە تەنها لیژنەكە ناوی لیژنەی كاروباری ئایینی بێت، لەبەرئەوەی خۆی ئەوقاف بەشێك لە كاری وەزارەتەو بەشێكە لە ئایینیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا سێ ئەندام قسەیان كردووە، لەگەڵ ئەوەدا بوون كە ئەوقاف لابرێت، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كاك عومەر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی لابردنی كەلیمەی ئەوقاف، لێرەدا ئیدارەی ئەوقافە لە كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە كاك عومەر ئەوە نیزامی نیە، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێستا یەك موقتەرەح هەیە، ئەبێت جەنابت موئەید و دژ وەربگریت بۆ ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە یان بگۆڕدرێت، نەك یەکسەر بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هەردووکیان دەتوانین، بەس مادام دەنگێك هەیە ئەیەوێت موئەیدی مانەوە بکات، ئەوە ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەوقاف لابرێت وبکرێت بەکاروباری ئایینی، ئەوە سێ کەس با لەسەری قسە بکات، کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، ئەمە دوو مەسەلەیە، ئەوقاف ئیدارەی ئەموال و مومتەلەکاتی مەوقوفە ئەکات کە ئەخرێتە خزمەتی شوێنە ئایینیەکانەوە، هەروەکو باخ و خانوو ئەو شوێنانەی کە خاوەنەکانیان وەقفیان کردوون بۆ خزمەتی ئەو شوێنە دینیانە، بەڵام کاروباری ئایینی ئەوە خزمەتی هەموو ئەو شتە ئاینیانە ئەکات یان ئایینیەکان ئەکات، هی مزگەوتەکان، شوێنی پەرستنەکان، ئەوانی تر، جا لەبەر ئەوە پێویستە کاروباری ئەوقاف تێدا بمێنێتەوە لەگەڵ کاروباری دینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك عومەرم هەیە، ئەبێت مەسەلەی کاروباری ئەوقاف ڕەچاو بکرێت، ناوی ئەوقاف لەناو ئەو لیژنەیەدا بمێنێتەوە، ئێستا ئەگەر تەماشای عێراقیش بکەین، دەبینین دیوانی وەقفی سونی هەیە، هی شیعی هەیە، هەموو بۆ ئیدارەی ئەموالی ئەوقافە، بۆیە من وای بەباش ئەزانم کە ئەو کەلیمەیە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من تەئیدی ئەوە ئەکەم ببێت بە لیژنەی کاروباری ئایینی، هۆکەی ئەوەیە خۆ ئێمە وەزارەت نین، تا مودیریەتێکی عامە بەناوی ئەوقافەوە بکەینەوە، دووەم: ئێمە هەرێمەکەمان بەرەو دیموکراتی ترو

کرانەوە تر ئەچێت، لەناوخۆو لەدەرەوەی جوانتر نیە ڕۆژنامەنووسێك یان یەکێکی بیانی بەچاوی وا سەیری ئێمە بکات کە تەعاتوف و فەزڵێکی زیاترمان داوە بە ئیسلام، ڕاستە ئێمە هەمووما موسوڵمانین وشانازی بەوەوە دەکەین، من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەی کاروباری ئاینی بێت، جوانترە دیموکراتی ترە لەبەردەم دونیای دەرەوەدا، ئەو ئەوقافە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێمە لەبەر ڕۆژنامەنووسێك دژی ئیسلام هیچ هەنگاوێك نانێین، ئیسلام دینێکی پیرۆزو موقەدەسە، ڕێزم بۆ ڕەئی جەنابیشت هەیە، مەبەستم بۆ ئەوە بوو کە موداخەلەم کرد، لەبەر ڕۆژنامەنووسێك یان یەکێکی بیانی ئێمە تەنازول لە شتە ئەساسیەکانمان نەکەین، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بۆ دیفاع بوو بۆ مانەوە، کە کۆمەڵێك ئەڵێن با ئەوقاف بمێنێتەوە، کە منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەی کاك شێروان و کاك عومەرم، ئەوقاف پەیوەندی بە ئەموالەوە هەیە، ئێستاش لە کوردستان ئەم واقیعە هەیە، جیاوازیشە لە مەسەلە دینیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو کەس دیفاع بکات بۆ مانەوە یەکێکیان کاك کاردۆ کردی ئەوی ترکاك رەفیق، فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: لەڕاستیدا مەسەلەی ئەوقاف لەبنەڕەتدا کاری حکومەت و وەزارەتی ئەوقافە، دووەم: کاروباری ئاینی زۆر فراوانترو شامل ترە وەکو دەڵێن، سێیەم: ئەگەر مەسەلە بێتە سەر وەقفی مزگەوتەکان، ئەوەی لەسەر مزگەوتەکان وەقف کراوە، ئاینەکانی تریش موڵك وئەموالیان هەیە، کە پەیوەندی بە ئاینەکەی خۆیانەوە هەیە، لەبەرئەوە کە ئێمە ئەڵێین کاروباری ئاینی هەموو مەسەلەیەکی ئاینەکە ئەگرێتەوە، بە وەقفەکەشیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو ڕەئی مشەخەص هەیە، پێشنیار هەیە کە ئەوقاف لابرێت و بمێنێتەوە تەنها کاروباری ئاینی، چەند برادەرێکیش تەئیدیان لێکردەوە، ئێستا موقتەرەحێکی تر هەیە، ئەڵێت با لابرێت و بکرێت بەلیژنەی کاروباری ئاینی، ببورە د. بەشیر گەشەپێدان ناوی نەهات هەر جەنابت بووی، هەر پێشنیارێکیش ئەگەر لە یەك کەس زیاتر نەبێت ناتوانین وەری بگرین بۆیە داوای لێبووردن ئەکەم، ئێستا لیژنەی کاروباری ئاینی دەخەینە دەنگەوە کێ دەیەوێت بەو شێوە بێت، واتە ئەوقاف لابچێت، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، 3 کەس کێی لەگەڵدایە کەوەکو خۆی بمێنێتەوە، بەزۆرینە باشە سوپاس، کەواتە وەکو خۆی مایەوە، ئێستا بۆ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، کاك فاضل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم وایە لە وەزارەتی پێشمەرگەشدا، وا هاتووە ئەڵێت لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، یەعنی باسی مافی پێشمەرگە ناکات، باسی ئەرك ئەکات، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بکرێت بە لیژنەی کارو مافی پێشمەرگە، چونکە بە ڕاستی خۆبەخشترین کەس پێشمەرگەیە، کەم ماف ترین خەڵکیش ئەمڕۆ پێشمەرگەیە لە کوردستاندا بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێت بە لیژنەی کارو مافی پێشمەرگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم بکرێت بە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی، چونکە باسی پێشمەرگەمان کرد شتەکە شامل ئەبێت، هەم پێشمەرگەی سەنگەر ئەگرێتەوە، کەم ئەندامی سەنگەر هەم پێشمەرگە دێرینەکانیش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم، لەبەرئەوەی لە هیچ شوێنێکی تر ناوی شەهید و بێ سەرووشوێن و زیندانی سیاسی نەهاتووە، ئەمە ئیزافە بکرێت بۆ ئەم لیژنەیە، لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهید وبێ سەرووشوێن وزیندانی سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بکرێت بە لیژنەی پێشمەرگەو کاروباری شەهیدان وقوربانیانی جینۆساید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان ڕەئی کاك خەلیلم هەیە، بەڵام پێشمەرگە شەهیدان و کەم ئەندامانیشی لەگەڵدا بێت، چونکە کەم ئەندامێکی زۆریشمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، ئێمە وەکو کاك فرسەت قسەی کرد لەسەر ناوو ئەهەمیەتی ئیشەکان، ئێمە هەموومان ئەزانین، کە لیژنەکان ئیشیان چاودێری کردنە بەتایبەتی بۆ کاری حکومەت، کاری حکومەتیش ئەبێ ئەو بوارانە بگرێتەوە کە ئێمە موتابەعەی دەکەین، بۆ پێشمەرگەش هەمان گرفتمان هەیە، کە ئێستا زۆر ناوی تر هەیە پاسەوانی سنوور هەیە، زێرەڤانی هەیە، هیزی جیاجیا ناومان هەیە، من خۆم پێم وایە ناوەکانمان لەگەڵ دەستووردا لەگەڵ یاساکاندا بگونجێت، بۆ ئەوەی موتابەعەی ئێمە دیاریکراو بێت، بۆیە پێمان وایە لەگەڵ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە تەعریفەکەی جێگای بۆچوونی ئەم برادەرانە بگرێتەوە، کە کاروباری پێشمەرگە پەیوەندی بە کەم ئەندامی سەنگەریشەوە هەیە، بە شەهیدانیشەوە هەیە، لە تەعریفەکە ئیشەکە ئەمەش بگرێتەوە، بەس بۆ ناوەکە ئەی چی لە پاسەوانی سنوور ئەکەین، ئەی ئەمەش دەگرێتەوە لە ڕووی یاساییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عبدالله مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەو لیژنەیە ناوی لێ بنرێت لیژنەی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) لەبەر سێ هۆکار، یەکەم: بۆ ئەوەی لەژێر سێبەری ناوەکەدا لەڕاستیدا ئەبێ هیزی چەکدار ببێت بەهێزی پارێزەری هەرێم نەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، هەروەها فرە ناوی نەمێنێت، وەکو هێزی زێرەڤانی وپێشمەرگەو چەکدار وئەو شتانە، دووەم: کە زۆر گرنگە پێم وایە لە ڕێگەی ئەم ناوەوە دەتوانین هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە هێزی پاسەوان لە حکومەتی فیدراڵدا هەیەتی لەڕێگەی ئەم ناوەوە هەمان ئەو ئیمتیازاتانەش بۆ هێزی پاسەوانی هەرێمی خۆمان دابین بکەین، بۆ نموونە لەوێ (900)هەزار وەر ئەگرن لێرە(250)هەزارە، سێیەم: پێم وایە شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بچنە سەر لیژنەی مافی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، من ڕەئیم وایە لەبەر ئەوەی ئیستیناد لەسەر ماددەکانی(120 - 121)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی 2005، ئەم ناوە بە تەعبیرێکی قانونی بەناوی حەرەسی ئیقلیمەوە هاتووە، (پاسەوانی هەرێم)، هەم خۆمان لە ئیتیهام بەدوور ئەگرین، هەم سەرەتایەکی باش ئەبێت بۆ تەوحیدی هێزی پێشمەرگە، هەم بۆ خزمەتکردنی ئەو چینەی کە ئێمە قەرزاریانین، بۆ ئەوەی نەفسی ئیمتیازات و ڕێزلێنانیان بۆ بکرێت و سیفەتێکی یاساییان پێ بدرێت، من داواکارم بکرێت بە لیژنەی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، لە هەموو دونیاشدا لیژنەی هێزە چەکدارەکانە لە پەرلەمانەکاندا، دەربارەی پاسەوانی سنووریش پاسەوانی سنوور مەرکەزییەن سەر بە بەغدادە، سەر بەقیادەی قواتی بەڕییە، پەیوەندی بە ئێمەوە نیە تا لیژنەی بۆ دروست بکەین، شەهیدان وجینۆساید و کەم ئەندامانیش پەیوەندی بە لیژنەی مافی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەندەیە ئیقتراحەکەم لیژنەی کاروباری هێزەکانی پاسەوانی هەرێم بێت، وەکو لە ماددەی(120 – 121) دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاک عەدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو لیژنەی کە ئێمە قسەی لەسەر ئەکەین، لیژنەی هێزی بەرگری کەرە لە کوردستان، ئێمە قسە لەسەر لایەنی دیفاع دەکەین، قسە لەسەر مەسەلەی ئینسانی و خزمەتکردنی پێشمەرگە وەکو ئینسانێك ناکرێت، ئەوانەی تر مەسەلەی جینۆساید وئەنفال ئەوە کاك عبدالله قسەی لەسەر کرد، ئەکرێت بخرێتە لیژنەی ترەوە، وەکو مافی مرۆڤ، لەگەڵ مافی مرۆڤ دەمج بکرێت، چونکە کارە ئینسانیەکانە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر لیژنەیەك دەکەین کە موختەسە بە مەسائیلی بەرگری کردن لەهەرێمی کوردستان، وە یەکخستنەوەی هێزە چەکدارەکان لە کوردستاندا لەژێر یەك مەرجەعیەتدا، لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستان بەگوێرەی دەستوور، بۆیە لەڕاستیدا کەئێمە لێرەدا دەڵێین لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سبەینێ بەگوێرەی دەستووری عێراق، وەکو کاك بورهان باسی کرد، هێزی پاراستنی سنوور دادەنرێت، کە من لەگەڵی نیم، ئەوە لە سەلاحیەتی هەرێمە، ئەوە چی لێ ئەکرێت، چۆن و لە چ لیژنەیەکدا دائەندرێت، چ لیژنەیەك لە پەرلەماندا موتابەعەی ئەوە ئەکات؟، بۆیە ئەم لیژنەیە لەڕاستیدا موسەمەیەتەکەی چۆن بێت؟، بەڵام تەشخیص کردنەکەی زۆر زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە لیژنەی بەرگری کردنە لە کوردستان، یان هێزی بەرگری کەرە لە کوردستان، ئەو ناوە تەبعەن وەك باسکرا لە ڕاستی دا وشەی پێشمەرگە وشەیەکە بۆ جۆرێك لە ناسنامەی ئێمە هەر هەمووومان ڕێز و تەقدیرێکی زۆرمان هەیە بۆی و خەڵکانێکی

زۆرمان مانـدوو بـووە لـە ڕێگەی وشـەی پێشمەرگە، بمێنێتـەوە وەکو شـتێکی ئـەخلاقی و پابەنـدبوونێکی ئەخلاقی لەگەڵ ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر زۆر باشـە، بـەڵام دەبێت نـاوێکی لێ بنـێین، نـاوێکی موشـەخەس بێت کە تەعبیر لە ئەرك وەزیفەی بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبداللە (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز من لەبەر ئەهمیەتی پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفال و زیندانی سیاسی مـن پـێم باشـە بخرێتـە نـاو ئەو لیژنەوە، لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی هەر پێشمەرگەیە شەهید بـووە و هـەر پێشـمەرگەیە زینـدانی بـووە، بۆیـە هۆکارەکـان ڕەبتیـان پێکەوەیـە، هۆکـاری ڕاسـتەوخۆیان بەیەکەوەیـە، هـەم زینـدانی سیاسـی و هـەم شەهید و هەم ئەنفال، بۆیە من پـێم باشـە ئـەو لیژنەیـە ئـاوای لێ بکرێـت، لیژنـەی پێشـمەرگە و کاروبـاری شەهیدان و ئەنفال و زیندانیانی سیاسی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکۆی قسەکان لەسەر ئەو ڕەئیە دەبێ بگیرسێیەنەوە کەوا منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە کەوا پێشمەرگە هەم لەبەر مەهامە گرنگەکەی، هەم لەبەر کۆمەڵێك کێشە کە ئێستا پەیوەستە بەکاروباری پێشمەرگەوە وە یەك نەخراوەتەوە بە تەواوەتی وە ئەرکەکەی گرنگە، من لەگەڵ ئەوەم لیژنـەی کاروبـاری پێشـمەرگە بـە تـەنها بمێنێتەوە و دواتـریش وشـەی پێشـمەرگە بمێنێتـەوە یـان ببێتـە پاسـەوانی سـنوور، دەکرێـت دواتـر لەگـەڵ دەستوور دا موتابەقە بکرێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئـەو لیژنەیـە بەسـەربەخۆیی بمێنێتەوە، باقی تـر شـەهیدان، ئـەنفال کراوەکـان هـەموومان دەمانـەوێت بایـەخ بـەو توێـژە بـدەین، بـەڵام ئەوەی زۆرن، ئەوەی کە ئێمە بێین ناویان بدەین، شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و کەم ئەندامە، کـە کـەم ئەنـدامی سـەنگەرە، زینـدانی سیاسـیە، مـن وای پێشـنیاز دەکـەم، کـەوا ببێتـە لیژنـەی شـەهیدان و ئـەنفال

کراوەکان و قوربانیانی دەستی ڕژێم، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ دابێت، بەڵام پێناسەی هەر هەموویان لە قوربانیانی دەستی ڕژێم کۆبکرێتەوە لەپاڵ شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەکەم ببێتە لیژنەی پێشمەرگە و کاروباری خێزانی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قسەکان کرا، بەڵام من ئەوەندەم هەیە پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم بۆ ناساندنی زیاتری هێزی پێشمەرگە لە کەوانەیەك دا ئیزافە بکرێتە سەر پێناسەکەی و بکرێت بە پاسەوانی هەرێم، لەبەرئەوە لە دەستووری عیراقیش دا بەهەمان شێوە لە ماددەی 121 و 140 وەك ئەوەی کاك بورهان باسی کرد هاتووە بۆ ئەوەی حقوق و مافەکانیان پارێزراو بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد سان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەموویان قوربانی و شەهیدیان داوە، بەڵام لەپێش هەموویانەوە هێزی پێشمەرگەیەو ئەوانەیە کە بەهێزی پێشمەرگەوە ڕەبتن شەهیدیان زۆرتر داوە، بۆیە وشەی پێشمەرگە وەکو ڕەمزێکی نەتەوایەتی و پیرۆزی ڕەنگە قابیلی دەسکاری کردن نەبێت، پێشنیار دەکەم ناوی شەهید وئەنفال کراوەکان بخرێنە گەڵ ئەو لیژنەیە بۆ کەم کردنەوەی لیژنەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لە کاروباری ئەم لیژنەیە دا کە پێویستە پەرلەمان چاودێری بکات، مەسەلەی دیفاع و بەرگریە، بەڵام من پێم وایە لە وشە و لە چەمکی پێشمەرگەدا مانای دیفاع و بەرگری ئامادەیە، هەم مانای مقاوەمەت و بەرخودانیش ئامادەیە، چونکە دەبێت ئێمە واقعیانە خوێندنەوەیەکمان بۆ قەوارەی سیاسی

کوردستان هەبێت کە هێشتا ئێمە دەوڵەت نین وتا ئێستاش قۆناغی رزگاری نیشتیمانیمان بە تەواوەتی نەبڕیوە، بۆیە لە چەمکی پێشمەرگە دا هەم مانای بەرگری و هەم مانای فیداکاری و هەم وەکو سیمبول و وەکو پێکهاتەیەك هەیە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە هەتا ئێستا ئیعلامی دونیا و ڕۆژنامەنووسانی دەرەوە هەم عەرەبی و هەم غەیرە عەرەبیش وشەی پێشمەرگە بەکاردەهێنن، بۆیە پێشمەرگە وەکو خۆی بمێنیتەوە، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم ببێتە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، ڕاستە مەسەلەی زیندانیانی سیاسیش گرنگە، بەڵام زیندانانیانی سیاسی وەکو ڕێکخراوێك دەکرێت لەپاڵ لیژنەی ڕێکخراوەکان و ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵی مەدەنیەوە هەیە ئەوانیش لەتەعریفی ئەم لیژنەیەدا ئیهتیمام بە ئەوانیش بدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە گوتنەکانی کاك عبداللە و کاك عمر نورەدینی دەکەم لەسەرتەسمیە سەرەکیەکە یاخود رەئیسیەکەی کە دەمێنێت بە پیرۆزی پێشمەرگە بێت، پێناسەیەکی تر یاخود وشەیەکی تری بخرێتە گەڵی، وشەکە بخرێتە ناو کەوانە، نەك ناوە رەئیسەکەی پێشمەرگە، لەبەرئەو هەموو خسوسیاتانەی کە باسکران، بە دیتنا من ناوی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید وئەنفالکراوەکان وەکو دوو رەمزی مەزن و ئەهمیەتی میللەت ناویان بێت وجیاوازیان لەگەڵ ئەوانەی کە لە چوارچێوەی کارەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ دا لیژنەکانی مافی مرۆڤ پتری ئەو مرۆڤانەن کە مەوجودن و ماون، زیندانیەکانیش پەککەوتووەکانن، کۆمەڵێك شتی ترن کەوا لە حەیات ولە ژیاندان، جیاوازیەکە ئەوەیە کە زۆر تر ناوی قوربانیانی زیندانیان جینۆساید لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەدا بێت و ناوی پێشمەرگەش بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونی کاك دڵشادم هەیە، بۆ هەر وشەیەك بۆ بەرز ڕاگرتنی وشەی پێشمەرگە وشەکانی تر بخرێنە کەوانەوە زائیدەن شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و کیمیابارانی بۆ زیادبکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو لیژنەوە من پێم باشە ئاسایشی بۆ زیادبکرێت، لیژنەی پێشمەرگە و ئاسایش و قوربانیانی ڕژێم، لەبەرئەوەی کە دەڵێین قوربانیان دەتوانی لە قەوسێك دا دەست نیشانی بکەی (جینۆساید و ئەنفال) هەروەها زەرەرمەندانی تریش کە لە ڕژێمی پێشوو زەرەریان وەرگرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاسایش چووە ناو لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ، یەعنی پێشتر بڕیارمان لەسەری دا ببورە، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر پێشنیازی هەموو ئەو برادەرانەی کە گوتیان زۆری گوترا، بۆیە من بەس ئەوەندە دەڵێم لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگە بێت، شەهیدان لەبەرئەوەی خۆمان دەزانین ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی هەر ئەو پێشمەرگەیەشە دەبێتە شەهید، بایەخ دان بەو شەهیدانە وا دەکات پیشانی پێشمەرگەکان بدرێت کە تۆ نەشمای لە ژیاندا شوێنی خۆت هەیە، مافەکانت، ئەرکەکانت، کە هەت بووە لە دوای خۆشت دا دەست خۆشی دەکرێت ئەو شتانەی کە پێشێل کراوە پێیان بدرێت، یانیش زیادکردنی شتێك بۆ شەهیدان کە مایەی سەروەریە بۆ هەموو کۆمەڵەکەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان وقوربانیانی ڕژێمی پێشوو یاخود ڕژێمی لەناو چوو بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێت تێکەڵ نەبێت لیژنەیە و دیفاعیش لە ئەوانیش دەکەی، ڕێزدار گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی هەموو ئەو قوربانیانە بگرێتەوە کە بە دەستی ڕژێمی پێشوو بوونەتە قوربانی، جیۆناساید هەموو ئەو قوربانیانە ناگرێتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر هەموو قوربانیانی ڕژێمی پێشوو شمولی ترە و باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کەوا شەهیدان و ئەنفال کراوان لەگەڵ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بێت و لە کۆمەڵایەتی نەمێنێت، بەڵام تێبینیەکم هەیە ئەویش وشەی ئەنفال کراوەکان وابزانم بگۆڕدرێت بە قوربانیانی جینۆساید، یەعنی ئەوە لە دوا ڕۆژ دا بیکەینە پرۆژەیەك، ئەم وشەیە نەمێنێت، چونکە بەکارهاتنی ئەم وشەیە وەختی خۆی لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە لەبەر دوو هۆ بووە، لەبەر هۆیەکی ئایینی و سیاسی بووە، هەروەها لەبەر چەند هۆیەکی دەروونیش بووە، لەبەرئەوە ئیشمان زۆر کردووە بۆ ئەوەی کە لە هەموو جیهان ئەمانە بناسرێن وەکو جینۆسایدێك، ئێمە لە پاش ئەوەی کە لە جیهان دا جینۆساید ناساندرا، بۆ ئێستا دیسان ناوەکەی بە ئەنفال دێنینەوە؟ پێم باشە بکرێتە قوربانیانی جینۆساید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە تەواو بوو، ئەوانەی کە داوایان کردبوو قسە بکەن، ئێستا سێ موفتەرەح هەیە، موفتەرەحێك هەیە کە چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێی کرد، یەکەمیان ئەوە بوو کە ناوی پێشمەرگە بکرێتە پاسەوانی هەرێم، دووەمیان: ئەوە بوو کە ناوی پێشمەرگە بمێنێتەوە بەس بکرێتە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید و زیندانە سیاسیەکان، سێیەمیان....... کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە وشەی پێشمەرگە وەکو خۆی بمێنێت، بەڵام لە کەوانەیەك دا پاسەوانی هەرێمی بۆ زیادبکرێت، پێشنیارەکانی ئێمە ئاوا بوو، پێشمەرگە ئەسڵیەکە بێت و پاسەوانەکە لای خۆمان تەسبیتی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامیەکەت لە جێی خۆی بوو، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت پێشمەرگە بمێنێت، بەس پاسەوانی هەرێم لە ناو کەوانەیەك بێت، ئەوە پێشنیارێك بوو، سێیەمیان: لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، موفتەرەحێکی تر کرا بوو شەهید و ئەنفال بچێتە لای لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەوە کە هاتینە سەر مافی مرۆڤ لەوێ قسەی لەسەر دەکەین، ئێستا لیژنەی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)، ئەوە دەخەینە دەنگەوە، ئەو موفتەرەحە یەکێك پێشناری کرد و چەند بەرێزێك پشتگیرین لێی کرد، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێشمەرگە بمێنێت و لەناو کەوانەش پاسەوانی هەرێم هەبێت، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بلند بکات؟ 31 کەس لەگەڵ بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و

شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بێت، تکایە دەستی بڵند بکات؟ 62 کەس لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس ئێستا دەچین بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە بکرێت بە مافی مرۆڤ و مافی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، هەرچەندە خاوەن پێداویستیەکان ئەوانیش مرۆڤن و هەموو مافێکیان هەیەو نابێت جیابکرێنەوە، وەکو ئەوەی کە لە وەزارەتی پەروەدە لە سیستەمی نوێ هەموو مافێکی خوێندنیان پێدراوە لە هەموو قۆناغەکان بە بێ جیاوازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەندێك پێداویستی تایبەتیان هەیە، دەبێت بە تایبەتی کاریان بۆ بکرێت و بۆیان دابین بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کەلیمەی خاوەن پێداویستی تایبەت بخرێتە سەر ئەو لیژنەیە، حەزدەکەم یەك شت ڕوون بکەمەوە بۆ برادەران هەموویان ناوی کەم ئەندام دێنن، کەم ئەندام ئەو وشەیە لە هەموو عالەم ئەو موستەڵەحە نەماوە، براردەران پێیان دەوترێت خاوەن پێداویستی تایبەت، یان (ذوی الاحتیاجات الخاصة)، لە ئینگلیزی (سپێشەڵ میتس)، بۆیە لە عالەم هەمووی ئەوە لەغو کراوە کە پێیان ناڵێت کەم ئەندام، کە گوتت خاوەن پێداویستی تایبەت، کەم ئەندام هەموو نەوعەکان دەگرێتەوە، کەم ئەندام و هەموو موعەوقەکانی تر، ئەوانەش پێویستیان هەیە و بە ئەمەلن کە لەو پەرلەمانە نوێیەدا بەتایبەتی کاریان بۆ بکرێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان فیدای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش داوادەکەین کە لیژنەی مافی مرۆڤ و لەگەڵیشی دا پێداویستیە تایبەتیەکان و سکاڵای هاووڵاتیان دابنرێ، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ بابێك بۆ ئەوەی یەکسەر هاووڵاتی بتوانێت سکاڵای خۆی پێشنیار بکات بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکرێت، زۆر زۆر زەروریە ئەم سکاڵایەی هاووڵاتیان بچێتە ناو ئەو لیژنەیەوە، لەبەر بارودۆخی ئێستا کە سکاڵای هاووڵاتیان زۆر زۆرەو نازانن لە کوێوە تەقدیمی سکاڵای خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ قسەکانی دکتۆرە پەریهان، لیژنەی مافی مرۆڤ زائیدەن سکاڵای هاووڵاتیان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانیانی سیاسیش بگرێتەوە، یان لە مەجالی تەعریفەکان دا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەی مافی مرۆڤ سکاڵای بۆ زیادبکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان دەزانین میللەتی ئێمە میللەتێکە پڕلە ئازارە و پڕ لە شەکواو گلەیی و گازاندەیە، مافی مرۆڤیش ئەوە دەگرێتەوە کەوا ئێمە لە ڕێگای ئەو لیژنەوە بتوانین لەگەڵ تاکی کۆمەڵماندا پەیوەندیمان هەبێت و لەسکاڵاکانیان تێ بگەین و بزانین چیان دەوێت و چۆن دەتوانین بە دەنگیانەوە بێین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا ڕۆوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە دەڵێت لیژنەکە ناوەکەی بگۆڕدرێت بە لیژنەی سکاڵاکان و مافی مرۆڤ، چونکە بەڕای من هیچ بەهایەك نامێنێتەوە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ئەگەر تۆ جیهەتێکی مەعنیت نەبێت، دەکرێت ئێمە لێرەشەوە ئیستغلالی ئەو فکرەیە بکەین، ئیتر ئەوە ڕاپۆرتەکان نەدەین بە لیژنە نێو دەوڵەتی و ناوخۆییەکان، با ئیتر ئێمە بۆ خۆمان بەدواداچوون بکەین بۆ بیرۆکەکان، دەکرێت لە ناوەڕکا کاتێك دێینە سەر شەرح کردنەکە ئەو فیئانەش دەست نیشان بکەین کە وەکو تەحدید کردنێك و وەکو ئەوەی ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێیدا سەبارەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان یاخود بە زیندانیانی سیاسی یاخود هەر رەبتێکی تر، بەڵام پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی کە مافی مرۆڤ بەبێ ئیهتیمام دان بە سکاڵاکان بە بڕوای من هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاک کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لیژنەی مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان یان داکۆکی کردن لە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا ئیقتراح دەکەم کە ئەو لیژنەیە بەناوی لیژنەی مافی مرۆڤ و زیندانیە سیاسیەکان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان وسکاڵای هاووڵاتیان بێت، یانیش ئیزافەی بێ سەروشوێنەکان، چونکە تا ئێستا سەدان خێزان هەیە دوای تێ پەڕینی نزیکەی 20 ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادی هێشتا هیچ زانیاریەکی نیە لەسەر ڕۆڵەکانیان کە بە دەستی ڕژێمی پێشوو بێ سەروشوێن کراون یان ئیعدام کراوەو کوژراوەو هیچ زانیاریەکی نیە و ناشزانێت شوێنی و تاریخی و هیچ شتێکی دەربارەیەوە نازانێت، کەواتە پێویستە ناوی ئەوانیش ئیزافە بکرێت بەڕاستی، چونکە ئەو کەسانە زۆر زۆر خاوەن گلەیی و گازاندەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم هەندە لیجنە هاتنە چێکرن، یەعنی مافێت مرۆڤان لوێری دا با لیجنەیەن دی هاتنە کرنێ، ئەز باوەردکەم لوێرێ دا تێنە پاراستنێ، بۆ نموونە لیژنا داکۆکیا مافی ژنان، هەروەسا کاروباری کۆمەلایەتی، وبچیکاو خێزانا، ئەڤ لیژنا 16 کە لیژنا وەرزشی و یا لاوان، لیژنا ڕێکخرا و ئەڤ ناڤە دهێتە گۆرتنێ، بەس نزانم جڤاتا مەدەنی، کە گەلەك جڤاتا مەدەنی ڕێکخراو هەن کار دکەن بۆ مافی مرۆڤا، ئەز برم هەندە لیژنا هاتنە کرنێ و بێنە کرنێش، چ کار نەهێلاتنا بۆ لیژنا مافی مرۆڤان، وێ جا ئەگەر لیژنا مافێ مرۆڤا بمینێتن وەکی ناڤ بێ کار و بێ چاڤدێری، نەبیتن باشترە، ئەز دبێژم چ بۆ نەهێلان، چەند لیژنە هاتنە کرن لە لیژنەیەن دی دا بۆ مافێت مرۆڤا لەگەڵ هەمی دگرێتن ژ لاوان دگرێتن، ژ بچیکێت دگرێتن، ژ خێزانی دگرێتن، کار نەهێلاندنا بۆ لیژنا مافی مرۆڤ، ڤێ جا ئەز دبینم دووبارە تهێتە کرن، لیژنا مافێ مرۆڤا وەکو ناڤ بەس وەکی شکل، بەس بێ کار و بێ چاڤدێری، باشترە بلا نەمینیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە سکاڵای هاووڵاتیان بۆ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ زیدە بکرێت ئەویش لەبەرئەوەی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش هاتووە کە هاووڵاتیان بۆیان هەیە سکاڵای خۆیان بە دەسەڵاتە گشتیەکان بگەیەنن، دیارە پەرلەمانیش یەکێکە لە دەسەڵاتە گشتیەکان، بۆیە پێم باشە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ سکاڵای هاووڵاتیان زێدە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سكالآ زيادبكريّت؟ ريّزدار هاژه خان فەرموو.

**بەريّز هاژه سليّمان مصطفى:**

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پيّشنيار دەكەم كه ليژنەى مافى مرۆڤ بكريّته مافەكانى مرۆڤ، يەعنى تەنها يەك ماف نيە، مافەكانى مرۆڤ و سكالآكانيشى لەگەلّ بيّت، چونكه لە پەيرِەوى ناوخۆش دا هاتووه سكالآكان لەگەلّ مافى مرۆڤ هەيە، وە ليژنەى ريكخراوەكانى كۆمەلگاى مەدەنيش دەمج بكريّت لەگەلّ ليژنەى مافەكانى مرۆڤ سكالآكان و كۆمەلگاى مەدەنى، چونكه زياتر ئيشى ريّكخراوەكانى كۆمەلگاى مەدەنيه بۆ بەدەست هيّنانى مافەكانى مرۆڤە، بۆيه دەمج بكريّت باشترە.

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان:**

ريّزدار ناسك خان فەرموو.

**بەريّز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پشتيگيرى ئەو رايه دەكەم كه سكالآكانى بۆ زيادبكريّت لەگەلّ زيندانيه سياسيەكان، چونكه وەكو ئەوخوشكەى پيّشى من قسەى كرد ژن و منالّ و ئەنفال و قوربانيانى جينۆسايد باس كراون له شويّنەكانى تردا، ئەگەر ناوى زيندانيانى سياسى ليّره بيّت لەگەلّ ليژنەى سكالآكان بكريّت به يەك لەگەلّ مافى مرۆڤ.

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان:**

ريّزدار د.احمد فەرموو.

**بەريّز د.احمد ابراهيم على:**

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان.**

منيش پشتيوانى لەوە دەكەم كه وشەى سكالآ زيادبكريّت بۆ مافى مرۆڤ، ليژنەى سكالآ و مافى مرۆڤ، خاوەن پيّداويستيه تايبەتييەكان وزيندانى سياسى و بىّ سەروشويّن بچيّته پالّ ليژنەى ريّكخراوەكانى كۆمەلگاى مەدەنى، لەبەرئەوەى مافى مرۆڤ چەمكيّكى گشتيه و هەموو مافەكان دەگريّتەوە، بەلآم بۆ وشەكه مافەكان يان ماف بيّت ئەوە له كورديدا زۆر تەرجومەكەى دەبيّته تاك به جەمع ناخويّندريّتەوە، واته ماف بيّت باشترە، ئاواى لىّ بيّت ليژنەى سكالآ و مافى مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان:**

ريّزدار كاك شيّروان فەرموو.

**بەريّز شيّروان ناصح حيدرى:**

**بەريّز سەرۆكى پەرلەمان.**

من لەگەلّ ئەوەدام ليژنەى مافى مرۆڤ چۆن له پرۆژۆەكەدا هاتووه بەم شيّوەيه پەسەند بكريّت، لەبەرئەوەى مافى مرۆڤ هەموو بوارەكان دەگريّتەوە، راسته ئيّمه يەك، دوو خالّمان ليّى جياكردۆتەوە،

بەڵام ئەوانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە من لەگەڵ ئەوە دانیم لیژنەی سكاڵاكان لێرە بێت،چونكە ئێمە تەجروبەیەكمان هەیە لە دەورەی یەكەمی پەرلەمان لیژنەی سكاڵاكانمان دانا ئەو سكاڵایانەی كە دەهاتن تەوجیهی لیژنەكانیان دەكردو دەیانگوت ئەرێ رەئیتان چیە لەم سكاڵایە، واتە ئەو لیژنەیە شەلەلی كرد، بۆیە هەڵمان گرت، چونكە لیجانی پەرلەمانی هەموو ئیعتیبار دەكرێن بە لیژنەی سكاڵا، لەبەرئەوەی هاووڵاتی بۆی هەیە موراجەعەتی هەموو لیژنەكان بكات، جگە لەوەش مەسەلەی سكاڵا مەسەلەیەكی گرنگە، یەعنی مەسەلەیەكی وانیە ئێمە بەعابر لەسەری بڕۆین، ئەو لیژنەیە بەسەدان هەزار سكاڵای بۆ بێت، ئەو لیژنەیە دەرەقەتی ئەو سكاڵایانە دێت؟ كە بەڕێوەی ببات و هەمووی بچێت موتابەعاتی ڕۆژانەی بۆ بكات؟! چونكە مەسەلەی سكاڵاكان، مەسەلەیەكی فەردیە، پەرلەمانی كوردستان، یاخود هەر پەرلەمانێك باس لە مەسەلە عمومیەكان دەكا كە موعالەجەی شەریعەیەك بكاتن، بۆیە بەراستی من لەگەڵ ئەوەمە كە لیژنەكە وەكو خۆی هاتووە بمینێتەوە، وە لیژنەی سكاڵەكانیشی لەگەڵ نەبێتن، وە پێموایە دەستنیشان كردنی بەم شێوەیە ئێمە موەفەق دەبین، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من زۆر تەئكید لەوە دەكەم كە خاوەن پێداویستیەكان جێگای خۆیان هەبیت لە لیژنەیەك ئیتر لەو لیژنەبێت یان لە هەر لیژنەیەكی تر بێت بەڵام ئەوەی باشە لەو لیژنە دابێت، چونكە بەراستی هەتا ئێستا دامو دەزگای حكومەت یەعنی ئەو پێویستی ئیهتیمامی پێویست پێیان نەداوە، لەبەر ئەوەی زۆر لە جێگای خۆیەتی ئێمە باس لەو چینە بكەین، چینی خاوەن پێداویستیەكان بەتایبەت لە جیگای خۆیدایە لەو لیژنەدا هەبێ،زۆر سوپاس .

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە هەرچەندە من لە پێشدا لەگەڵ ئەو تەرحەدابووم سكاڵا ئیزافە بكرێ، بەس قسەكانی كاك (شێروان حەیدەری) زۆر مەعقولە كە ئێمە هەموومان لیژنەیەكی سكاڵا بین، سكاڵا لابرێ، بەڵام چینێك هەیە ناوی زیندانە سیاسیەكانە، زۆر گلەیی لێمان هەیە، لە هەموو لایەكمان كە هیچ حیسابێكمان بۆ نەكردووە، داواكارم بخرێتە پاڵ لیژنەی مافەكانی مرۆڤ، زیندانە سیاسیەكانیش بۆی ئیزافە بكرێ، بۆئەوەی چیمان پێ بكرێ بۆیان بكەین ،زۆر سوپاس .

**بەڕێز عظیمة  نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی سكاڵا و مافی مرۆڤ خۆی لیژنەكە مافی مرۆڤە من بەپێویستی ئەزانم كە سكاڵاشی تیابێ، لەبەر ئەوەی سكاڵای هاووڵاتیان بەشێكە لە مافەكانی مرۆڤ دوای ئەوی ئێمە سكاڵای تایبەتیمان هەیە شەخسییە

و سكالأى گشتيمان هەيە تايبەتە بە چين و توێژەكانى كۆمەڵگا لەوانەيە بگاتە ئەو جێگايە، من بە پێويستى ئەزانم كە ليژنەكە ببێ بەليژنەى سكالاْ و مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان و زيندانيانى سياسى ، سوپاس .

**بەرێز د. رەفيق صابر قادر:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەپێى ماددەى (56) لەپەيرەوى ناوەخۆى پەرلەمان، ئەندام پەرلەمان پێويست ناكا قسەى ئەوانەى پێشووى خۆى دووباوە بكاتەوە، قسەى ئەندامانى تر .

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەزانم زۆر راستە قسەكەت لە جێگاى خۆيەتى، بەلأم رات لێ نيە هێواش هێواش ماوەيەك قەيناكە.

**رێزدار هاوڕاز احمد حمد:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پێمباشە ليژنەكە وەكو، ناوەكە بكرێ بە ليژنەى مافى مرۆڤ و زيندانە سياسيەكان، سوپاس .

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەرێزان ئێستا تەواو بوو موناقەشە، ئەو پێشنيارانەى، بەرێزان پێشنيارەكان بەم شكلە ئەوە كراوە، يەك ئەو پێشنيارەى كەهاتن مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان ئەوە مەجموعەيەك لە خوشك و براكان تەئكيديان لەسەر كرد دوايى مجموعەى تر داوايان كرد مافى مرۆڤ و سكالأكان ئيزافەى سەرى بكرێتن، مافى مرۆڤ و داكۆكى لە خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان و بێ سەرو شوێنەكان ئەويش هى بەرێزێكى تر بوو، بيروراى ئەوەش هەبوو وەكو خۆى بمێنێتن لەبەر ئەو سەبەبانەى كە روون نەكرايەوە سكالأى هاوولاتيان زياد بكرێ چەند بەرێزێك لەگەڵ ئەوە بوو مافى مرۆڤ و زائيدەن زيندانە سياسيەكان ئەويش چەند بەرێزێك پشتيوانى لێ كرد، سكالأى مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتييەكان و كاروبارى زيندانە سياسيەكان ، تەئكيد لێ كرايەوە، سكالأى مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان و زيندانە سياسيەكان ئەمەش

بەرێزان پێشنيارەكان لەم خالأنە كۆ ئەكرێنەوە يەكەو ئەم پێشنيارانەى مافى مرۆڤ و سكالأكان كە ئەوە دابنرێ، بۆچوونێكى تر مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان، بۆچوونێكى تر مافى مرۆڤ و سكالأكان و زيندانە سياسيەكان، بۆچوونێكى تر وەكو خۆى ،

**بەرێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سێ پێشنياريش هەيە، ئەڵێ سكالأو مافى مرۆڤ و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان و زيندانيانى سياسى.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دورستە یەکەم خاڵیش بوو سکاڵاو مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانیانی سیاسی، بوونە پێنج موقتەرەح ئینجا یەك یەك دێینە خوارەوە

بەڕێزتان ئێستا بەم شێوەیە، لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان، ئەوە یەك. لیژنەی مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان و زیندانە سیاسیەکان، وەکو خۆی، وەکو ئەوەی لە ئەسلی پرۆژەکەوە هاتووە لە لیژنەی مافی مرۆڤ، پێنج لیژنەی سکاڵاو مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و زیندانە سیاسیەکان، جا ئێستا یەك یەك دێینە خوارەوە ئەیخەینە بەر دەنگدان.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە شتی لەمە کەمتر گرینگ ڕێگا بدات دوو، سێ، چوار قسە بکەم پاشان دەنگ دان بدەن من ئیقتراح ئەکەم یەك عەل ئەقەل بۆ هەر پێنج لەوانە یەکێك قسە بکات هیچ نەبێت عەل ئەقەل لەوانە بن لەوانەی قسەیان کردووە، چونکە کرا، بۆیە دەڵێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێنج موقتەرەح هەیە، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێشنیارەکان جیا جیا بوون وا پێویستە دەنگدانەکە بەم شێوەیە وەك چۆن پێشتر لیژنەی پەیوەندی ئەوەمان خستە دەنگداوە، دەنگدانەکە بەم شێوەیە بێت یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە سکاڵای بۆ زیاد بکرێ؟ ئەمە بخرێتە دەنگەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانی بۆ زیاد بکرێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە زیندانیانەی سیاسی بۆ زیاد بکرێ؟ ئەمە ئاسان تریشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نە پێنج موقتەرەح هەیە ئێمە وای لێ ئەکەین یەکەم یەك یەك ئەیخەینە دەنگدانەوە موقارەنەی ناکەین لەگەڵ ئەسڵەکە، بە تەسەلسول دێینە خوارەوە، موقتەرەح هەیە مافی مرۆڤ و سکاڵاکان چەند دەنگی هێنا تەسجیلی ئەکەین، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمان تکایە نابێ بۆ دوو موقتەرەح دەنگ بدا، یەعنی بۆ دووجار دوو دەنگ نەبێ بۆ یەکێك، ئەوجار چیە قسە ئەکەن؟ نیزامیە؟

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ موقتەرەحی پێنجەم سکاڵاکەی لێ لاببەی ئەویش بیکەیتە شەشەم، چونکە وا بزانم سکاڵاکە لاببەی من خۆم یەکەم جار لەگەڵ ئەوە بووم سکاڵا بێ.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نە خاوەن موقتەرەحەكە ئەبێ ئەوە بكاتن، چونكە ئێمە نووسیمانە، خوشكی من نوسیومانە كێش دیفاعی لەو بۆچوونە كردووە جەمع بەندیمان كردووە بەو شكلە دەرچووە ئەویش رەئیی خۆتانە هی ئێمە نیە، هی سەرۆكایەتی نیە، تكامان لێتان ئەوەیە كەس بۆ دوو لا دەنگ نەداتن، یەك یەك

**بەرێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نابێت ئەندامی پەرلەمان تەئیدی دوو موقتەرەح بكات، ئەوی تەئیدی یەك موقتەرەح بكات نابێت تەئیدی ئیدیش بكاتن دەڵێین با لەئێمەش تێك نەچێت.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید ئەمنیش هەر ئەوەم روونكردەوە، ئێستا بۆ ئەوەی یەكەم مافی مرۆڤ و سكالاَ كان ئەیخەینە دەنگدانەوە، یەك كەسێك دیفاعی لێ بكا.

**بەرێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان .**

لەراستیدا وا بە گونجاو تر ئەزانم ئەوە بكرێتە دەنگدانەوە كە ئایە وەكو خۆی بمێنێتەوە یان بگۆڕێ، دوایی لەسەر گوڕانەكان هەڵبژاردن بكەین

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیارێكی وەجیهە، ئەبێ پێشی بخەین، ئەوە موقتەرەحی چوارەمە ئەگەر ئێوەی بەرێز موافق بن لەسەر ئەوەی بەو شكلە دەنگی لەسەر بدەین دەستان بەرز بكەنەوە تكایە، زۆر سوپاس، وای لێ ئەكەین بۆ ئەوەی تەفسیرات نەمێنێ، ئێستا ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگدانەوە وەك خۆی بمێنێتن ژمارە(12) لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ حەز ئەكەم ئەگەر دەنگ درا ئێستا دەنگ درا، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە وەك خۆی بمێنێتەوە یاخود بە شكلێكی كە، حەز ئەكەم ئەگەر دەنگی هێنا شێوازێكی دیكە بێ یا ناوی بگۆڕێ، ئەو ناوە موقتەرەحانە هەمووی بخوێنیتەوە، چونكە ئێمە چەندین ئەندام

هەڵستان داوایان كرد بكرێ بە مافی مرۆڤ و خاوەن پێداویستە تایبەتیەكان، زۆر سوپاس .

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر دەنگی ئەكسەریەتی بەرێزان ئەندمانی پەرلەمان ئەوە بوو وەك خۆی بمێنێ وەك خۆی ئەمێنێ، تەواو ئیتر هیچ ناخەینەوە دەنگدانەوە، ئەگەرنا ئەوجا موقتەرەح موقتەرەح دێین موقتەرەحەكە بەم

شێوەیە لیژنەی مافی مرۆڤ  کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز کا تکایە؟ بەرێزان (63) لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بێتە گۆڕین؟ (38) لەگەڵە وەك خۆی مایەوە ،بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە ئەم لیژنەیە وەکو ئەوەی جارانە. سەعات (2) کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین، کوێستان خان فەرموو، کەرەمکە دوو دەقیقە کاتت هەیە، تکایە زیاتر لێی دەرباز نەبی.

**بەرێز کوێستان محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ئێمە د.شاهۆمان تەخویل کردووە قسە بکات

**بەرێز شاهۆ سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەکەم کە دەرفەتت دامێ سەبارەت بە دیاریدەیەکی مەترسیدار کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەگوزەرێ باس بکەم وە هیوادارم لە هەموو دانیشتنێکی پەرلەمانا باس لە هاوولاَتیانی کوردستان بکەین، ئەو دیاردە ترسناکەی کە ئێستا رووی لە کوردستانە سزای سیاسیە، سزای سیاسی لە هیچ رژێمێکی دیموکراتی نیە، سزای سیاسی تەنها لە رژێمە دکتاتۆریەکان هەیە، ئێستا هەڵمەتێکی زۆر نا عادیلانە دەستی پێکردووە بۆ نان بڕین، دەرکردن و دوور خستنەوە و نەفی کردن لەسەر بیرو بۆچوونی سیاسی بۆئەوەی هاوولاَتیانێك دەنگی بەلیستێك داوە و بە لیستێکی تر، نەدراوە ئێستا ئێمە کە چەند رۆژێکمان ماوە بۆ جەژن، چەند رۆژێکمان ماوە بۆ ئەوەی کە قوتابخانە دەست پێبکاتن، چەندین منالَ لە کوردستان بێبەش کراوە لە رزق کەمافێکی رەوای هەموو خێزان و هەموو منالَ و هەموو ئینسانێکە، ئێمە سوپاسی سەرۆکایەتی هەرێم ئەکەین کەلیژنەی لەو بارەیەوە پێکهێناوە وە ئێمە بەو موناسەبەتەوەی پرۆژەی بڕیارێکمان خستۆتە بەر دەم ئێوەی بەرێز بۆ ئەوەی بڕیار بدرێ بەهەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارە زارەکی و تەحدیدیانەی کە دراون بە مەبەستی سزای سیاسی وەهیوادارم ئێمە هەموومان لە بەردەم ئەوسوێندەی کە خواردمان کە کار بکەین، بۆ یەك ریزی گەلی کوردستان رێگا نەدەین لەسەر سزای سیاسی جیاکاری بکرێ لە نێوان هاوولاَتیانی کوردستان ئەمە بۆچی (1742) هاوولاَتی کوردستان کە سزای سیاسی دراون دوێنێ (25) بەرێوبەرو (25) معاون مدیر تەنها لە قەزای دوکان سزا دراوە روتبەیان کراوە بە مامۆستا لەبەر ئەوەی دەنگیان بەلیستێك داوە وە بە لیستێکی تر نەیانداوە، هەر ئەم بەیانیە (4) مدیر کراونەتەوە بە مامۆستا نەك لەبەر ئەوەی کە موخالەفەیەکی قانونیان کردبێ یاخود موخالەفەیەکی ئیداری، تەنها وەکوسزایەکی سیاسی  من لەو بڕوایە دام ئەتوانین لەم پەرلەمانەوە کار بکەین بۆ ئەوەی کە قەوارەی کوردستان هاوسۆزی نیشتمان لەناو کوردستان دروست بکەین، هەر لەم پەرلەمانەشەوە ئەگەر کار نەکەین بۆ ئەوەی کەسزای سیاسی بەتەواوی لە کوردستان هەڵبگیرێ ئێمە لە بەردەم مەترسیەکی زۆر گەورە داین، هیوادارم هەمووتان ویژدانتان زیندوو بێ لە دەرگای ویژدانی هەمووتان ئەدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ترسناکە .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی كە جەنابت كردت كە بە نووسراوی رەسمی وەك تەقدیمی سەرۆكایەتی پەرلەمانتان كرد گەیشتۆتە ئێمە، بۆ ئاگاداری پەرلەمانتارانی بەڕێز و جەنابتان و گشت خەڵكی كوردستان رێزدار سەرۆكی هەرێم بۆ ئەو بابەتە لیژنەیەكی پێكهێناوە، لیژنەكە لە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و سەرۆكایەتی هەرێم تەدقیق ئەكرێتن لەوشتانەی كە جەنابتان پێشتریش تەقدیمی جەنابی سەرۆكتان كردووە وە بە تەئكید هێشتا نەتیجەكان دەرنەچووە، دەربچێتن حەقیقەتەكە ئەگەیێنێتەوە خەڵكی كوردستان، ئەگەر وا بێ كەسێك لە شوێنێك لەسەر باری سیاسی لەكارەكەی لادرابێتن ئەوا یاسای كوردستان و سەرۆكی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان قبوڵی ناكاتن، بەڵام ئەگەر هەر ئاڵو گۆڕێك لەناو حزبێك بێتن، لە پۆستی حزبایەتی بێت ئەوا بۆخۆیان مەتروكە، بەڵام ئێستا ئێمە ناتوانین حالیەن نە تەئیدی بكەین نە نەفی بكەین هەتاكو نەتائجی تەحقیق دەربچێتن ئەوجا رێزدار سەرۆكی هەرێم من خۆم گوێم لێ بووە ئیعلانیشیان كردووە و لیژنەكەش ئیعلان ئەكرێ وە ئێستاش دەست بەكارە نەتائیجی ئەو ئیشانە بلاو ئەكرێتەوە وە هیچ كەسێك لەناو ئەم كوردستانە لەبەر بیری سیاسی عیقاب ناكرێتن، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێتان ئەڵێین.

**رێزدار سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیستی كوردستانی لەگەڵ هیچ جۆرە سزای سیاسی نین، ئێمە خۆمان بە نوێنەری هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان دەزانین بەوانە كە دەنگیان بۆ داین وە ئەوانەی كە دەنگیان بۆ نەداوین كە ئەوكاتەی دەستمان خستۆتە سەر قورئانەكە و سوێندمان خواردووە نوێنەراتی هەموو هاووڵاتیانی كوردستان دەكەین لەبەر ئەوە هیچ كەسێك موزایەدە بەسەر ئەوی تر لێ نەدا، بلێ من نوێنەری ئەو كەسانەم كەنانیان بڕاوەو ئەوی تر بلێ نا ئەگەر هاتو كارێكی وا كرابێت لەناو هەرێمی كوردستان ئەوە بەراستی بە پێچەوانەی یاسایەكانە كە ئیتر ئێمە كاتی ئەوە هاتووە  بەپێی یاسا مامەڵە بكەین، كاتی ئەوە نەهاتووە بەپێی مەزاجی شەخسی ئەو كارانە ئەنجام بدرێ، ئەگەر هاتو ئەم بابەتە دوو بابی هەیە ئەگەر وەكو حیزبیش كاری وا كرابێ، هەموو حیزبێك پەیرەوی ناوەخۆی خۆی هەیە وەك چۆن ئەندام دەبێتە ئەندامی هەر چ حزبێك ئەركو مافی هەیە لەسەر ئەساسی ئەو پەیرەوی ناوخۆی حزبە، ئەو حزبە مامەڵە لەگەڵ ئەندامەكانی خۆ دەكا وە ئێمە وەك چۆن قبول ناكەین سزای سیاسی، نانی كەس ببڕێ هەروەها قەبولیش ناكەین هیچ كەسێك پۆستی خۆی لە بۆ مەرامی حیزبی بەكاری بهێنێ چ وەكو یەكێتی چ وەكو پارتی چ وەكو هیچ حزبێكی تر، هیچ لیستێكی تر وە هیچ قەوارەیەكی تر كاتی ئەوە هاتووە كە ئێمە هەرێمی كوردستان بخەینە سەر رێچكەیێك كە ئەو كەسەی كە دائەنیشێ لە شوێنێك كە كار دەكا وەزیفەیەكی پێ ئەسپێرێ بێ لایەن بێ لە جێ بەجێ كردنی ئەركو مافەكانی و زۆر سوپاس .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:

هیچ حزبێك بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز بۆ هیچ حزبێك نیە ئەگەر ئەندامێك لە پۆستێکی عەسکەری، پۆلیس، ئیداری لابدا وکو حزب لای بدا ئەوە ئرکی ئیداریە تەعقیبی هەبێتن، مخالەفەی هەبێتن، قانونی عقوبات هەیە، بەلأم بۆ هیچ حزبێك نیە کەسێك لە هیچ پۆستێك لابدا من لێرە کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنم و خوا ئاگادارتان بێ.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 15\9\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/15

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2009/9/15 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم، ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیازی هەموار کردنی ماددەی (38)و بڕگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، خولی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم ژمارەی دانیشتن (3)، ڕۆژی دانیشتن 2009/9/15، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/9/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیازی هەموار کردنی ماددەی (38)و بڕگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوی پەرلەمان.

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کار بکەین، غائیبەکانی دانیشتنی (2) دەخوێندرێتەوە لە لایەن سکرتێری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی ڕێکەوتی 2009:/9/9

1- ڕێزدار سەردار رشید محمد احمد مۆڵەتی وەرگرتبوو.

2- ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن عمر غائیب بوو.

3- ڕێزدار عبدالقادر اکرام جمیل عبدالصمد غائیب بوو.

بەنیسبەت ئێمە ئەوەی ئیمزای نەکرد تەماشای ئیستیمارە دەکەین، ئیعتیبار دەکەین غائیبە، بەخۆی بێت اعتراز بکاتن بڵێ من ئامادە بووم سەهوەك بووە، یان شتێك بووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئێستا خاڵی یەك/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیازی هەموار کردنی ماددەی (38)و بڕگەی (3) لە ماددەی (39) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوی پەرلەمان.

گەیشتبووینە ژمارەی (13- لیژنەی پیشەسازی و وزە) ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەسەری قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، تکایە ناوتان بڵێن بۆ ئەوەی تەسجیل بێت، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم لیژنەیە (لجنة الصناعة والطاقة) بە رەئی من دوو ئیزافەی لێ بکرێت (موارد الطبيعية، لجنة الطاقة، لجنة الصناعة والطاقة والموارد الطبيعية والقوى العاملة)، مەواردی تەبیعی مەبەستم گازو غازو کانزاکان ئەوەی زۆر موهیمە، چونکە ئەمڕۆ لە ئابووری کوردستان ئەمانە زۆر جێگای خۆیان هەیە (القوى العاملة) مەبەستم ئەو کەسانەی کە لە قیتاعی صناعە ئیش دەکەن، ئەمانەش مەشاکیلیان زۆرەو قیتاعی صناعە موشکیلەیان زۆرە لەگەڵ ئەوانە، بە رەئی من ئەو ئیزافەیە بکرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك ئیسماعیل گەلاڵەیی فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو کاك خورشید دەستخۆشی لێ دەکەم بزەبت هەمان رەئیم هەیە، سامانە سروشتیەکان لە وڵاتی ئێمە بەڕاستی ئەهمیەتێکی زۆریان هەیە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە بەڕاستی لە رووی زراعییەوە، لە رووی صناعییەوە وڵاتەکەمان هەم بەهۆی ئەو شەڕانەی کە کراوە، هەم بەهۆی نەزانینی ئیدارەی خۆمانەوە، ئەو جانبانە هەمووی تەدمیر بووە، ئەوەی هەمانە لە عێراق و لە کوردستانیشدا بەڕاستی سامانە سروشتیەکانە لە زیمنیدا قیتاعی نەوت کە ئەهمیەتێکی زۆر کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت، یەعنی ئێمە نازانم بیرمان چووە، یان بۆچی ئەو لیژنەیە ناوی نەهاتووە، لەبەر ئەوە زۆر زەرووری سامانە سروشتیەکان لەناو لیژنەکان جێی بۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە تەئیدی قسەکانی کاك ئیسماعیل دەکەم داواکارم لیژنەی صناعەو سامانە سروشتییەکان بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئاگاداری چۆنیەتی ئیدارەی سامانە سروشتیەکانی وڵاتی خۆمان بین، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك محەمەد دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەم لیژنەیە بەناوی لیژنەی (الصناعة والطاقة والقوة العاملة) بێت، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی وەکو بەرنامەی لیستی کوردستانی گرنگی زۆری داوە بە بواری پیشەسازی، بەتایبەتی لە بواری کەرتی تایبەتدا، ئەگەر چۆتە رادەی ئەوەی کە قەرزیان بداتێ، ئەگەر چۆتە رادەی ئەوەی کە دەورات بکاتەوەو وەکو کرێکاری شارەزای لێهاتووە، ئەمەش بە مەبەستی چی؟ بووژاندنەوەو گەشە پێدانی ژێرخانی ئابووری وڵات، لە هەمان کاتدا هەلی کار بڕەخسێت بۆ خەڵکی گەنج و بۆ کرێکاران، لە هەمان کاتدا ئێمە خاڵێکی ترمان هەیە لە بەرنامەکەماندا دەڵێ کار نەکردن لە بڕیاری (150)ی ساڵی 1987، کە ئەمە ڕێگا بە کرێکارانی کەرتی گشتی دەدات کاری ڕێکخراوەیی و نەقابە بکەن لە هەمان کاتیشدا بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت داوا دەکات کە زەمانێکی ئیجتیماعیان هەبێت بەشێوەیەك، کە گونجاو بێت لەگەڵ پێوەرەکانی کاری نێودەوڵەتی، ئەمە خاڵێك.

لە هەمان کاتدا خاڵێکی ترمان هەیە، ئێمە ئەگەر سەیری کەرتی تایبەتی بکەین بەتایبەتی صناعنە، یەکێك لە گرفتەکانیان ئەوەیە کە کرێکار لە لایان ئیش ناکات، دەچێتە کەرتی............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە باسی ناوەکە بکە، لەوە زیاتر دەرمەچن، ئێمە بەس ناوەکانمان دەوێت، ئەو بەڕێزانە پێشنیاریان کرد کە ئەوە ئیزافە بکرێتن، جەنابت شتێکی ترت هەیە بڵێ، بەلأم شەرحی بکەین و قوە عامیلەو ئەوانە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی صناعە مەشاکیلی ئەوان حەل بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە وا بێت، صناعەو کرێکاریش وەکو ماسی و ئاو پێکەوە بن، وەکو تاقەکەی تر شتی ژێر زەوی دەگرێتەوە، سامانی سروشتی دەگرێتەوە، کارەبا دەگرێتەوە، هەموو شتێك دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، رێزدار کاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەکەم ئەم لیژنەیە بکرێتە لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی، واتا بازرگانی و زائیدەن سامانە سروشتیەکان، لەبەر ئەوەی کەرتی بازرگانی لە ئابووری کوردستاندا بە حەقیقەت دەتوانم بڵێم جوولەیەکی زۆری تێدایە، زۆرێك خەڵکی کوردستان بە کەرتی بازرگانیەوە خەریکن، ئەمە یەك.**

**خاڵێکی تر، تۆ ناکرێت لە هەمان خاڵ کە باسی پیشەسازی بکرێت باسی بازرگانی بەدواییەوە نەیەت، ئێستا یەکێك لە کێشەکانی ئابووری کوردستان کێشەی بازرگانی کردنە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، رێزدار کاك عبداللە فەرموو.**

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە گرنگی بدرێت بە سامانە سروشتیەکان، یەعنی بکرێت بە لیژنەی پیشەسازی وزەو سامانە سروشتیەکان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، رێزدار بەفرین خان فەرموو.**

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە ئەم لیژنەیە لەبەر ئەهمیەتی ناوەکەی بکرێتە لیژنەی پیشەسازی وزەو سامانە سروشتیەکان و بەگڕ خستنەوەی کارگەکان، لەبەر ئەوە ئێمە وەك دەزانین سالأنی پێشتر کۆمەڵێك کارگەی باش لە**

کوردستان هەبوو لەهەموو ناوچە جۆر بە جۆرەکان، پشتی بەستووە بە بەروبوومە خۆماڵیەکان، لەبەر ئەوە ئێستا ئەگەر ببووژێنێتەوە باشە بۆ نەهێشتنی دەستی بێ کاری لە وڵاتدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ناوەی کە گوتت دووبارەی بکەوە تکایە.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پیشەسازی وزەو سامانە سروشتیەکان و بەگڕ خستنەوەی کارگەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانم کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو پێشنیازە دەکەم کە ئەو لیژنەیە ناوی بکرێتە لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان، لەبەر ئەوەی ئێمە وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، هەم بۆ ئەوەی بکەوێتە نیتاقی ئەو لیژنەیەو کاروباری ئەو وەزارەتەوە، هەم لەبەر ئەوەش ئەو سامانە کەرتێکی گرنگی سامانی ئەو وڵاتەیە، لەڕاستیدا سامانە سروشتیەکان موڵکی یەك بە یەکی فەردی ئەم وڵاتەیە، من پێموایە بەکارهێنان و فرۆشتن و هەموو سەرف کردنی ئەو مەواریدە، ئەو سامانە سروشتیانە دەبێت لە ژێر چاودێری پەرلەماندا بێت، ئەوەش بە حەقی یەك بە یەکی ئەندامانی پەرلەمان دەزانم، داواکارم کەس ئەو حەقە لە خۆی وەرنەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا تەواو بوو، ڕێزداران ئێستا دوو موقتەرەح جێی گرنگی ئێوەی بەڕێز بوو، یەکیان ئەوەی سامانە سروشتیەکان ئیزافە بێتن، ئەوەی تریش کە سامانە سروشتیەکان و قوەی عاملە ئیزافە بکرێت، پێشنیارێکی تریش هەبوو کەس پشتگیری نەکرد، کە مەعمەلەکانیش زیاد بکرێت، بۆیە ئێستا سامانە سروشتیەکان کە ئیزافە بکرێتە سەر ئەسڵی ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە سامانە سروشتیەکان ئیزافە بکەین لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی وزەو سامانە سروشتیەکان، یەکەم ئەوە ئیزافە دەکەین دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئیزافەی دەکەین، پاشان قوەی عاملە

زیاد دەكەین، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ناوی لیژنەكە ببێتە لیژنـەی پیشەسازی وزەو سامانە سروشـتیەكان دەستی بەرز بكاتەوە؟ (77) دەنگ لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ (7) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ئیزافە كرا، سامانە سروشتیەكان بە (77) دەنـگ ئیزافە كرا، ئێستا دێینە سەر ئەوەی قوەی عامیلـە ئیزافـە بكرێتن، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە، فەرمووو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، وابزانم لە گفتوگۆ كردنـی پێكهێنـانی لیژنـەی كۆمەلأیـەتی و خێـزان، ئەگـەر لـەبیرتان بێـت لـەوێ تـەبریرات زۆر هێنـران نامـەوێت دووبارەیـان بكەمـەوە، كۆمەلأیـەتی كـارو زەمـان و تەقاعـدو ئـەم شـتانە مەوزوعێكی پێكەوەنە، من نازانم لە پرۆتۆكۆل ئەخیرەن ناوەكەی تەسبیت كرا، یان نا، من تەسـەور دەكـەم كـار لـەو لیژنەیـە ئێـرە تاقـەو صـناعە بـوارێكی تـرە، كـار لەسـەر مەسـائیلێكی ئـەفرادە، لەسـەر مەسـائیلی قەوانینی دەرەوەی تاقەو ئەوەیە، بۆیە بەڕەئی من ئەگەر ئەم مەبدەئە ڕەچاو بكرێت پـێش ئـەوەی دەنگـی بۆ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیەكەت لەجێگای خۆی بـوو، ئەگـەر ئـەو بەڕێزانـە قبوڵیـان كـرد كـە پێشنیارەكەیان سـەحب بكەن، ئەوە نایخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر نا دەیخەینـە دەنگدانـەوە، ئـەوە سـەحبیان كـرد تـەنها یـەك كـەس مایـەوە ئـەویش ناخرێتـە دەنگـەوە چـونكە یـەك دەنگـە، بۆیـە ئێسـتا بـوو بـە لیژنـەی وزەو سـامانە سروشتیەكان، ئەچینە لیژنەیەكی تر، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن وگەشتوگوزار، كێ ئەیەوێت قسەی لەسەر بكات، بادەستی بڵند بكات تا ناوی بنووسین، كاك صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم كە ببێت بەلیژنەی شارەوانی وخزمەتگوزاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بكرێت بە لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەكان، بۆ ئـەوەی شـامل بێـت و هـەموو جانبـەكانی خزمەتگوزاری بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەو لیژنەیە تۆزێك درێژە بکرێت بەلیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار تەقریبەن ئەمە سێ، چوار وەزارەتی لەخۆی گرتووە، ئەگەر بکرێت هەرچەندە لیژنەکانی تر تەواو بووە، تائەو لیژنانەی تر بچنە سەر ئەوان، بەڵام ئەگەر ئەبێت ئەوە باشە، هەرچەند هەندێ لەو خزمەتگوزارییانە لە لیژنەکانی تردا جێگایان کراوەتەوە، بەڵام ئەگەر خزمەتگوزاری گشتی بێت ڕەنگە شامل تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من بکرێت بە لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، چونکە زۆر لیژنە هەیە کەناوی لێرەدا نەهاتووە، بەڵام لێرەدا کەتۆ ناوی گشتیەکانت هێنا ئەوانەش ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو برادەران باسیان کرد، ئەگەر بکرێت بەدوو لیژنە، بکرێت بەلیژنەی کار و خزمەتگوزاری شارەوانیەکان، بەشەکەی تریشی بکرێت بەلیژنەی گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار، کارەکە زیاد بکرێت بۆ پاراستنی مافی کرێکاران، بۆ بەشی یەکەم بکرێت بە لیژنەی کارو خزمەتگوزاری شارەوانیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من کاك ئەحمەد وەرتی خستیە ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عومەر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە خزمەتگوزارییەکەی لێبکرێتەوە، چونکە تەحصیل حاصلە، چونکە خۆی هەر لێرەدا پێشکەشکردنی خەدەمات و خزمەتگوزارییە، ببێت بە لیژنەی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار، ئەخیرەکەشی گواستنەوەو گەیاندن(النقل والمواصلات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بکرێتە لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، ئەمانە بگرێتەوە، تەندروستی و شارەوانی وکارەباو گواستنەوەو گەیاندن وپۆستەو گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی بەزار، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری لە پرۆژەکەی جەنابت دەکەم، بەپێی دەسەڵاتی خۆت کە لە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(1)ی ساڵی 1992 هاتووە، بۆ مەبەستی گونجاندنی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمان، لەگەڵ بارودۆخی نوێ کەلە کوردستاندا لەئارادایە، بەتایبەتی دەست بەکاربوونی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان و پێشبینی کردنی دامەزراندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە من پشتگیری لەو صیاغەیە دەکەم کە لە ژمارەی (14)دا هاتووە، لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاراس حسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەحەقیقەتدا من بۆچوونێکم هەیە، لەگەڵ بۆچوونی هەندێ لە برادەران دەگونجێ، بەڵام ئەو لیژنەیە تۆزێك دوورو درێژە، ئەگەر بکرێت وەکو خۆی بکرێت بەدوو بەشەوە، لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیەکان و گەشتوگوزار، لەگەڵ لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، ئەگەر بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو پێشنیارمان پشتیوانی لێکراوە، کە بکرێت بە لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، ئەو پێشنیارە چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێکردووە، ئەوی تریشیان لیژنەی شارەوانیەکان وخزمەتگوزارییە، یەکێکیشیان پێشنیاریان کردووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دەخەینە دەنگەوە، سۆزان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەر گرنگی شارەوانیەکان، چونکە بەنیسبەت مەسەلەی زەوی وزارەوە ناکرێ هەروا ناوەکەی دەربهێنین، بەڵام ئەتوانین بەشێوەیەکی تر صیاغەی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە سۆزان خان، ئەوە نیزامی نیە، ئێستا لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دەخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 10 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆرینەی لەگەڵدا نیە؟، ئێستا لیژنەی شارەوانیەکان وخزمەتگوزارییە گشتیەکان دەخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 44کەسی لەگەڵدایە کە وای لێ بێت، کێی لەگەڵدا نیە؟، ئەگەر دەنگی زیاتری هێناو مایەوە ئەوە وەکو ئەصڵەکە ئەمێنێتەوە، 51کەسی لەگەڵدا نەبوو، بۆیە وەکو ئەصڵەکە ئەمێنێتەوە، ئێستا دەچینە سەر لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، کێ ئەیەوێت قسەی لەسەر بکات بادەستی بڵند بکات تا ناوەکانیان بنووسین،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم لێژنەیە ئەهمیەت و زەرورەتی خۆی هەیە، خۆزگە یاسای مافی بەکاربەر دەرچووبایە، هەر چەندە پێشنیازی خولی رابوردووی پەرلەمان، ئەگەر پەلەی لێ بکرێ زۆر زۆر چاکە بۆ رەقابە لەسەر بازاڕ و مافی بەکاربەر لە کوردستاندا، هەرچەندە دەزگای کوالیتی کۆنترۆل هەیە، بەڵام من پێم وایە

ئەهمیەتی ناوەکە لە دەرچوونی قانونەکەیە، بۆیە داوا دەکەم پەرلەمان ئەم پرۆژەیە پەلەی لێبکەن بۆ دەرچوونی و ناوەکەش وەکو خۆی لێ بێتەوە، ئەگەر قانونەکەی دەرچێ ئەو کات دەمانتوانی لە قانونەکە تێبگەین بۆ ناولێنانەکە وەکو پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار کاك فازڵ.

**بەڕێز فاضل محمد قادر بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك کاردۆ ئیشارەتی پێکرد، بەڕاستی ئەم لێژنەیە بەبڕوای من لێژنەیەکە زۆر گرنگ و ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە، زۆر بە کورتی ئیشارەتی پێکراوە، بۆیە بە رەئی من بکرێت بە لێژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر و بەرهەمهێنەر، چونکە بە حەقیقەت ئەوەی کە نووسراوە تەنها دەستەیەکی زۆر بالا کە وەکو تاجر ئیشارەتی پێ دەکات، بەلام لێژنەی مافی وەبەرهەمهێنەر و ئەوانە ئیشارەت پێ بکرێ، هەموو وەبەرهەم هێنەر و بەرهەمێنەرەکانی کوردستان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی هەموو خەڵك بەکاربەرە، بەرهەمهێنەرێکی ئیزافە بکرێ، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی وەرزێر و جووتیار و خاوەن مەڕ و مالات و خاوەن ڕەز و بیستانەکانمان ساڵانە گلەیی لەوەی دەکەین کە بە مایەی خۆیشان هەڵناستنەوە، بۆیە ئەگەر پارێزگاری لە مافی بەرهەمهێنەر، بە تایبەتی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان، من بە ناقیصی دادەنێم، پێشنیار دەکەم بەرهەمهێنەری ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار شیلان عبدالجبار.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری من ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەو لێژنەیە هەر نەمێنێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەهمیەتی نیە و گرنگی نیە، بەڵکو بە عەکسەوە دەتوانین ئێمە مافی بەکاربەر بە شێوەیەکی تر بە چاو بگرین بە یاسا و لێژنەی یاسایی دەتوانی بە یاسایەك ئەوە بکات، چونکە ئەبینم لێژنەی تر هەیە دەتوانێ پشتگیری لە

مافەكانی بەكاربـەر بكات، وەك لێژنـەی مـافی مرۆڤمـان هەیـە، لێژنـەی كاروبـاری كۆمەڵایـەتیمان هەیـە، وا بزانم لێژنەی كافیمان هەیە كە بتوانێ ئیشەكە بكات، پێشنیارم ئەوەیە كە نەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزدار حسن محمد.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕای مـن ئـەم لێژنەیـە و بـوونی ئـەم لێژنەیـە زۆر زۆر گرنگـە بـۆ تـەنزیم كردنـی مـافی بەكاربـەر، یـان پاراستنی بەكاربەر، لەبەر ئەوەی كە ئەمڕۆ سەلامەتی بەكاربەر و پاراستنی بەرژەوەندییەكانی بەكاربـەر و مافی بەكاربەر زۆر زۆر زەروورییە لە هەموو ئەو خواردەمەنیە و ئەو بەربوومانەی كە تەندروستن، هەروەها تیجارەتی نا مەشروع و بەرزبوونەوەی سیعر لـە بـازاڕ هـەروەكو دەبیـنین كـە هاووڵاتیـان زۆر زۆر ناڵەیانـە بەدەستی و شیكات و سكاڵایەكی زۆر زۆریان هەیە، بەڕەئی من لێـرە وشـەی مـاف زیـادە، بكـرێ بـە لێژنـەی پاراسـتنی بەكاربـەر، چـونكە تـەنها پاراسـتنی مـاف نیـە، پاراسـتنی سـەلامەتیتی، پاراسـتنی مەصـالحیەتی، پاراستنی هەموو بەكاربەرە لـە هـەموو مەسـائیلی ناتەندروسـت، چ لـە تیجـارەت و چ لـە بەربوومـەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزدار عومەر حمد امین خدر نورەدینی.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم كە لێژنەكە بكرێتە لێژنـەی پاراسـتنی مافـەكانی بەكاربـەر، چـونكە وەكـو لـە بڕیـارەكی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە 1985/4/9 هاتووە، بڕیاری 39248، مافەكانی بەكاربەر دیاری كراون كە بریتین لە 8 ماف، لەبەر ریعایەت كردنی وەقت ئیشارەیان پـێ نـادەین، دەنـا جەمعیـەی عامـەی ئومەمی موتەحیدە هەشـت مـافی دیـاری كـردووە بـۆ ئـەوەی كـە مـافی بەكاربـەرە، بۆیـە لـە مافـەوە بكرێتـە مافەكان، چونكە ئەوە زیاتر لە مافێكە، جگە لەوەش من بە پێویستی دەزانم لە داهاتوودا مەسەلەی یاساكە زۆر گرنگە، خاڵی سێیەم كە كاری ئەم لێژنەیـە تـەواو دەكـات بـە دامـەزراوەكردنی ئـەم پرسەشـە، هـەم بـە دامەزراوكردنی یەكێتی یان كۆمەڵەی بەكاربەرانی كوردستان لەسەر ئاستی كوردستان، پاشـان لەسـەر ئاسـتی پارێزگاكـان، هـەتا قـەزاكانیش ئـەوە خاڵـەكی زۆر گرنگـە، لـە ئـەمریكا و لـەناو موئەسەسـاتی ڕەسمیشـدا بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی كاروبـاری بەكاربـەر، دەكـرێ لـە داهـاتوودا لـەناو وەزارەتـی پیشەسازی و بازرگانیشدا بەڕێوەبەرایەتی تایبەت هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزدار عبداللە محمود فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم لێژنەیە گرنگە، من پێشنیار دەکەم گرنگی تری پێبدرێ، بکرێ بە لێژنەی وەبەرهەمهێنان وپاراستنی مافەکان و مافیش بکرێت بە مافەکانی بەکاربەر، یەعنی بکرێتە لێژنەی وەبەرهەمهێنان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار محمد سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە لێژنەکە بمێنێ بۆ ئەوەی قسەی بەڕێزانیش کە باسیان کرد باسی وەبەرهەم هێنانیان کرد، مەسەلەکی تری گرنگ هەیە لە وڵاتەکەماندا ئەویش مەسەلەی کەرتی تایبەتە کە پێویستە پەرلەمان مەسەلەن یاسای خۆی هەیە و چۆنیەتی کارکردنی و ئاوەدان کردنەوە و ئەویش گرنگیەکی تری هەیە لەناو ئێمە، بۆیە وا باشە ئەو وەبەرهێنانەش بمێنێتەوە، چونکە وەبەرهەم هێنان هەر کەرتی تایبەتی نیە، شتی تریش دەگرێتەوە، من پێم باشە ببێ بە لێژنەی کەرتی تایبەت و پاراستنی ماف، یان مافەکانی بەکاربەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت لێژنەکە، لجنە حمایە حقوق المستهلك، ئەوە تەواو، بەس و حقوق المنتج، بۆ؟ ئەمرۆ بەرهەمی کوردستان تووشی شاڵاوێك بووە، شتێك لەناو کوردستان بێتە بەرهەم هێنان، تەماشا دەکەین بازاڕ پڕ دەبێ لە هەمان چەشن لە دەور و بەری ئێمە، شتەکانیش زۆر وازیح دیارە، زۆر خەڵك کارگەی دانایە و گەیشتیتە مەرحەلەی ئینتاج، بازاڕ پڕ بووە لە هەمان چەشن و مەجبوور ئەویە مەعمەلەکە تەواو بکات و ئیحتیماله ئەو پارە و سەروەتەش بە بەلاش بچێ، ئەوە زۆر موهیمە لجنە حمایە المستهلك و المنتج لەگەڵی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزدار كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە لیژنەی پاراستنی مافەكانی بەكاربەرو وەبەر هێنەر، بە پێی خسوسیاتی ئەوەی كەلە كوردستان تێبینی دەكرێت، ئەو وەبەر هێنەرە ئیزافە بكرێت، بە تەئكید خزمەتێكی زۆر بەجێ دەگەیەنێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چۆن چۆن بیلێیەوە تكایە، ڕێزدار كاك جمال، فەرموو، بەڵێ قسە دەكەی، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكە ببێتە لجنة حماية حقوق المنتج والوسيط والمستهلك، چونكە ئیستهلاك پێش ئەوە نایەت، پێش ئینتاج، ئینتاج پێش ئیستهلاكە، دەبێت ئێمە حیمایەتی حقوق بكەین، لە ناوەندی ئیستهلاك و ئینتاج كابرایەك هەیە، ئەوەی دەگواسترێتەوە و دێنێت و دەبات، ئەوانە پێی دەڵێن وەسیت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوەكە چۆن بێت بزەبت، ناوەكەمان پێ بڵێی.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حقوق المنتج والوسيط پاشان المستهلك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕێزدار كاك ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، لە حەقیقەتدا من لیژنەی مستهلك و منتج نەوەكو وەبەرهێنەر، یەعنی بەرهەم هێنەر، یەعنی لەباتی وشەی وەبەرهێنەر، بەرهەم هێنەر، چونكە جیاوازی هەیە لە نێوان مستەسمر و منتج، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕێزدار عبدالله، ڕێزدار كاك عبدالرحمان، ڕێزدار كاك دلشاد، فەرموو.

**بەڕێز دلشاد شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم، بۆ ئەوەی لە نێوان بەرهەم هێنەرو مستەسمر و منتج تێكەلاَویەك دروست نەبێت، دروست وایە پاراستنی بەرو بووم، پاراستنی ئینتاج زیاد بكرێت، واتە ببێتە لێژنەی پاراستنی مافەكانی بەكاربەرو بەرو بووم، ئینجا سیانەكەی چۆن دەبێت مەبەست پاراستنی ئینتاجی مەحەلییە، نەوەكو منتج نەوەكو مستەسمر، بەڵكو ئەو بەرهەمەی كەلە كوردستان دێتەوە بەرهەم، چ بەرهەمێكی پیشە سازیە، چ بەرهەمێكی كشتوكاڵیە، ئاوام پێ باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ هەمان ڕام، لجنة حماية حقوق المستهلك والانتاج، یەعنی لێرەدا مەبەستەكەمان ئەوەیە پەرە پێدانی ئینتاجەكان بكەین، یاساشمان دەركردووە، قانون حمایە الانتاج الزراعی، لە خولی پێشودا، ئەوەمان دەركردووە، ئەوە بۆ حمایە كردنی ئینتاجە، نەوەكو بۆ منتج، ئێمە دەزانین گرنگیەكی زۆر دراوە لە دنیای ئێستا بە مستهلك، بەو كەسانەی كە كۆنسیو مێنتن ئەو كەسانەی كە كالاَكان بەكار دەهێنن، ئەوانە دەبێت مافیان بپارێزرێت، ئەوانەی زۆر شەریحەیەكی گەورەترن دەبێت ئەوانە بزانین كێن كە دەیهێننە ئینتاج، لەبەر ئەوەی من وای بەباش دەزانم لجنە حمایە حقوق مستهلك والانتاج.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح محمد، فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو پێشنیازانەی كە پێشكەش كران هەر هەموویان قابیلی ئیستیفادەو وەرگرتنن، بەلاَم ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت كە هەرێمی كوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ڕووی بازرگانیەوە، ڕێگەی ئینتاجی ناوخۆیی و ئیستیراد تەسدیرەوە، ئەو لیژنانەی كە دادەنرێن ئەبێت بەڕاستی تەعبیر بداتەوە لەو واقیعەی كە كوردستان تیایەتی، ئێستا هەندێك كەس ڕەنگە بڵێت، باس كردن لە مافی بەكار هێنەر، ڕەنگە تەعەروزێكی هەبێت لەگەڵ بوونی بازاری ئازاد، لە حاڵەتێكدا ئێستا دەبێت هەماهەنگی تەنسیق و جۆرێك لە تەوفیق هەبێت لە بەینی بازاڕی ئازاد و بەكار هێنەردا، خاڵێكی تر كە دەمەوێت ئاماژەی پێ بكەم، وەكو ئەو ڕاوێژانەی كە خۆم كردوومە بەندە بە پسپۆڕو بواری ئابووری و لە بواری بازرگانیدا، ئێستا فكری ئەوە هەیە كە وەزارەتی پیشە سازی لەگەڵ وەزارەتی بارزگانی دەمج بكرێت، بوونی بازرگانی وەكو واقیعێك لە كوردستان، لە حاڵەتێكدا ناویشی لەم لیژنانەدا نیە، هەرچەندە بە جۆرێك لە تەئویل ئەتوانی بخەیتە ناو

لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری، بەڵام گرنگی خۆی هەیە لایەنی بازرگانی، كە شامله هەم بۆ منتج هەم بۆ ئینتاج هەم بۆ برەودان بە ئینتاجی ناوخۆ و ئیستیراد و تەسدیرو ئەمانە، پەیوەندیەكی ڕاستەو خۆشی هەیە بە مەسەلەی بەكاربەرەوە، بۆیە من پێشنیاز دەكەم ناوی لیژنەكە بەو شێوەیە بێت، لیژنەی بازرگانی و مافی بەكاربەر، یان مافی پاراستنی بەكاربەر، یەعنی ئێمە هەرچەندە ناوی لیژنـەكانمان كـورت تـر بـن و تـەعبیریان زیـاتر بێـت، مـەجالی تـەئویل زیـاترە و باشـترە لـەوەی كـە ئێمـە زۆر قسـە لەسـەر لایەنـە زمانەوانیـەكان بكـەین، بۆیـە ئێمـە ئەگـەر بازرگـانی جـێ بكەینـەوە لـەم هینـەدا، وشـەی بازرگـانی زۆر دەلالـەتێكی گـەورەو فراوانـی هەیـە، لەگـەڵ پاراسـتنی بـەكار هێنەرەكـە ئـەبێت بـە تـەعبیری حیمایـەتی مستەهلیك، وابزانم هەموو ئەو پێشنیازانە لـە خۆیـدا جـێ دەكاتـەوە، كـە هاوكارانم پەرلـەمانتاران باسـیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دەمەوێ تۆزێك بە درێژی قسە بكەم، بۆ ئەوەی وازح تر بێت، ئێمە لە هەرێمی كوردسـتان بـە پێی ئەم تەجروبـە درێـژە بڕیارمـان داوە سیاسـەتی ئـابووری بـازاڕی ئـازاد بـەكار بهێـنین لەسـەری بـڕۆین، سەرەتا من دەڵێم وەبـەر هێنـان و بەرهـەم هێنـان، بـواری گـرنگن، پێویست بـوو هـەتا لیژنەیەكیشـیان بـۆ بكەین، بەڵام مەسەلەی ئێمـە بـە كوردی پێـی دەڵـێین بەكاربـەر مـن دژی ئـەو وشـەمە مستهلك، بەراسـتی بەكاربەر نیـە، بـازاڕی ئـازاد ئالیـەتێكی پێویسـتە بـۆ دابـین كردنـی دوو، سـێ فاكتـەری رەئیسـی، یـەكێكیان كـۆنترۆلی بـازاڕ و كـۆنترۆل كردنـی جـۆر و نـرخ، دووەمیـان هەوڵـدان بـۆ پاراسـتنی دەرفەتـەكانی ژیـان بـۆ زۆرتـرین كەرتـەكانی كۆمـەڵگا، واتـە نەوعـە دادوەریـەكی كۆمەڵایـەتی، بۆیـە لـە دەرەوە ئەسـڵەن ئـەو( RIGHT OF CONZUMENS) هەنـدێكیان بـە كۆمسـیۆنێكی بـاڵای سـەربەخۆیان دانـاوە، هەندێكیان بە بەشێك لە وەزارەتێك و هەنـدێك بـە سـەندیكا، بـە یاسـا، ئـەوە یەكێكـە لـە پێویسـتیە هـەرە سەرەكیەكانی رێكخستنی موونافەسە، بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی بەكاربەر نەبێت، بۆیە من تەصەوەر دەكەم لێژنەیەكی تایبەت بۆ ئەم بوارە، ئەصڵەن پەرلەمان چونكە ئـەوە تەجروبەیـەكی نوێیـە بـۆ ئێمـە، چـونكە ئەو ژینگە سیاسیەی كە ئێمە تێدا دەژین، بە سیستەمە سیاسیەكانی مەنتیقە هەموو ئەم مەسەلەیان پـاش خستووە لەبـەر یـەك مەسـەلەی رەئیسـی، چـونكە هـەموویان بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان ئـابووری ئاراسـتە كراویان رەچاو كردیە، لە ئابووری ئاڕاستە كراو حكومەت مـاف ئـەدات بـە خـۆی ئـیتر تـەنزیمی صـیناعە و ئینتاج و ئـەو شـتانە بكـات، لـە بـازاڕی ئـازاد دەبـێ خـەمی ئـەو خەڵكـە بـین، چـونكە بەكاربـەرەكە هـەموو خەڵكە، هەموو خەڵكی كوردستانە، هەموو خەڵكی ئەو كۆمەڵگایەیە، بۆیە دەبێ بە حەقیقەت زیاتر خەمی ئەو بخۆی، ئەگەر پێویست بوو وەكو برادەران باسیان كرد، من ڕێزم هەیە، گرنگە ئەو مەوزوعـە لەكانـدنی

وەبەرهەم هێنەر یان بەرهەم هێنەر لەگەڵی، من تەصەور دەکەم وەختی خۆی کە باسی ئافرەتمان دەکرد، کەم ئەکات لە بایەخدانی ئێمە و لە گرنگی مەسەلەی مافەکانی موستەهلیك، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە بمێنێ و خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی فیعلەن کارێکی زۆر بکەین، چونکە زۆربەی زۆری رەخنەکان لەوێدانە، زۆربەی زۆری پێشلکارییەکان لەوێدانە، ئێمە دەبێ ئەو لێژنەیە بەتەنیا پێ بدەین وەکو خۆی لەگەڵ ئەوەی تەعدیلێك لە کوردی مافە و لە عەرەبیەکە حقوقە، پێشنیار دەکەم لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کرد وەکو خۆی بمێنێ تا گرنگیەکەی زیاتر بێ، ئەگەر پێویست بوو بکرێتە پێشنیارێك، یەك لەوانە لێژنەیەکی تایبەتی تر هەبێت بۆ ئەو بوارانەی تر، تەصەوەر دەکەم باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك عەونی بەزاز.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی هەردوو پەرلەمانتار دڵشاد شەهاب و سۆزان شەهاب دەکەم، صیاغەکەی بەو شێوەیە دەبێت (لجنە حمایە حقوق المستهلك و الانتاج)، بە کوردییەکەشی(لێژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر و بەربووم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەڕێز یاووز خورشید ئەرسەلان.

**بەڕێز یاووزخورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو پێشنیارانە دەکەم بۆ گۆڕینی ناوی لێژنەکە، لێژنەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و وەبەرهەم هێنەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێز و ئیحتیرامم بۆ ئەو برادەرانەی ئەوەی ئەو پێشنیارانەیان کردیە، بەس بە رەئی من ئەگەر پەرلەمان قانونی مافی موستەهلیك دەرهێنابا، ئێحتیمال هەبوو ئەو پێشنیارە نەهاتبا پێش، چونکە زۆر جار مافەکانی هەردوولا بەرەنگاری یەکتر دەبن، زۆر جاریش دوور نیە موتەناقز بن لەگەڵ یەك، هەتا ئەگەر لێژنەیەکمان هەبێت بۆ ئینتاج یان مونتیج، مەفروزە لەگەڵ ئەو لێژنەیە ڕێك نەخرێت، لەگەڵ یەك نەبێت، چونکە دوو مەزوعی زۆر لە یەك جیاوازن، با هەندێ مافەکانی بەکاربەر باس بکەین، ماددەیەك هاتە ناو بازاڕ ئیکسپایەرە، ئەوە یەکێك ئینتاجی کردیە، تۆ مەفروزە دیفاع لە مافی بەکاربەر بکەی، چونکە

ئـەو ماددەیـە تـەعویز بکرێتـەوە ئـەوەل جـار و ئیـتلاف بکرێـت لـەناو بـازاڕ، ماددەیـەك هاتـە نـاو بـازڕ مواسەفاتی فەنی تێدا نیە، کاغزێکی لێدایـە، وەرەقـەکی لێدایـە باسـی مواصـەفات دەکـات، بـەس حەقیقـەت هیچ مواصەفاتی تێدا نیە، لێرە دیفـاع لـە کـێ ئەکـەی؟ لـە مـافی موسـتەهلیك دەکـەی یـان لـە مـافی منـتج؟، ماددەیـەکت کـڕی لـە بـازاڕ بردتـە مـاڵ و تەجروبـەت کـرد عەتـەلی تێـدا بـوو، ئەیبەیـە لای دوکاندارەکـە ئیمتیناع دەکات و وەریناگریتەوە، لێرە ئەو قانونە دیفاع لـە تـۆ دەکـات، ئەچیـە نـاو مەحـەلێك مەجموعـە مەوادی هەیە یان مەجموعەی ئەجهیزەی هەیە، قانون حەق بە تۆ دەدات ئینتیقائی ئەو ئینتاجـەی بکـەی ئەوەی بە دڵی تۆ بیت، دوور نیە مەنعی تۆ بکات، زۆر جار لـە بـازاڕ ئـەوە رووی دایـە، باشـە دیفـاع لـە کـێ ئەکەی؟ لە مافی موستەهلیك دەکەی یان مونتیج؟ ئەچی ماددەیەك ئـەکری لـە بـازاڕ مـوددەی زەمـانی تێـدا نیە، مەفروزە بە گوێرەی قانونی مەستەهلیك هەر ماددەیەك موددەی زەمانی تێدا بێت، باشە لـەو حاڵەتـە چی ئەکەی و مەوقیفت چ ئەبێت کە موستەهلیك؟ نوقتەی تر هەیـە نەفسـی مـونتج موسـتەهلیکە لـە زۆر مەجالات، ئینتاج لە مەجالێك ئەدات، بەس لە دوو سـەد مـەجال ئیعتیبـار دەکـرێ بـە موسـتەهلیك، لەبـەر ئەوە من ئەڵێم ئەگەر بێت و قەزیـەی ئینتـاج قەزیـەکی مـوهیم بێـت و لێژنەیـەکی تایبـەتی هـەبێت، مـن لەگەڵیمە، دژی ئەوە نیمە، بەس من دژی ئەوەمـە هـەردوو مـەوزوع رێـك بخـرێن لـەناو یـەك لێژنـەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە هاتن، یەك پێشنیاریان کە زۆر پشتیوانی هەبوو، ئەوە بوو کە مونتیج و موستەهلیك هەردووکی بخرێتە سەر لێژنەکە، رەئی تریش هەبوو کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا ئـەوە کە ئەیەوێت، نووقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە ئەوەها بوو مونتیج نا، ئینتـاج، ئینتـاج پەیوەسـتی موباشـری هەیـە لەگـەڵ موسـتەهلیك، واتـە هەردوو بابەتەکە یەکن و جیاوازیان نیە، بەڵام کە بڵێین مـونتیج دیفـاع لـەو کەسـەی دەکـەین کـە ئینتـاج دەکات، بەڵام کە ئینتاج، خۆی بەربوومەکـە گرنگـە، پێشـنیارەکە بـۆ ئـەوەی کـراوە کـە ئینتاجەکـە ئیزافـە بکرێ، نەك مونتیج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخەر یەك شتە کاکە، تۆ ئەو شتەی کە ئینتاج ئەکات ئەبێ دیفاعی لێ بکەی هەر لەو دیفاع ئەکات، دیفاع لەوە ناکات چ رەنگێك بێ و چ نەوعێك بێ؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیفاغ له مونتەج ناكەین، دیفاع له ئینتاجەكە دەكەین، وەكو كاك فرسەت گۆتی ئینتاجەكە باش بیت و ئیكسپایەر نەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوێندەوەی بە پاراستنی مافی ئینتاج خۆی هەڵەیە، مافی ئینتاج نیە، مافی ئەو كەسەی كە خاوەن ئینتاجەكەیە بپارێزرێ، ئەو كاتە ئەبێ بڵێی پاراستنی بەروبووم و مافی بەكاربەر، نابێ بڵێی پاراستنی مافی بەروبووم، مافی بەروبووم ناوترێت، بەڵكو خاوەنی بەربوومەكە مافەكە ئەپارێزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەم شیكلەی لێهات، پاراستنی حقوقی موستەهلیك و ئینتاج، كە هەر یەك شت ئەگرێتەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی جەنابت دەڵێت تەحریفە بەرەئی من، ئێمە مەبەستمان مونتیجە نەك ئینتاج، ئەوە گۆڕینی پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە رەئی جەنابتە، بە رەئی برادەرانی تر هەن كە ئینتاجە، بە رەئی ئێمە وەكو خۆی دروستترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئیحتیرام بۆ رەئی ئێوە دەكەین و ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە پاراستنی حقوقی موستەهلیك و ئینتاج بێت دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟، هەشت كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ ئەكسەریەتی ساحق لەگەڵدا نیە، پێشنیارەكەی تریش وەكو ئیحتیرام بۆ ئێوەی بەڕێز ئەویش ئەخەینە دەنگدانەوە، پاراستنی حقوقی موستەهلیك و مونتیج، ئەویش ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە؟ نۆ كەسی لەگڵدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ ئەكسەریەتی ساحیق لەگەڵدا نیە، ئێستا ئەكسەریەت ئەخەینە دەنگدانەوە، لێژنەی پاراستنی مافی بەكاربەر، كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرز بكات؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ چوار كەس لەگەڵدا نیە، وەكو خۆی مایەوە، بۆ 16 لێژنەی وەرزش و لاوان تكایە، كێ ئەیەوێ قسە بكات؟ ناوتان بڵێین تا بینووسم، كاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی لیژنەی وەرزش و لاوان، من پێشنیار دەكەم بگۆڕێ بە لیژنەی وەرزش و چارەسەركردنی كێشەی گەنجان، بۆچی؟ لەبەرئەوەی گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتە مەغدورترینی چینی ئەم وڵاتەن لەڕووی بێ كاریەوە، لەڕووی موشكیلەكانیانەوە.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن نوقتەیەكی نیزامی، چونكە ئەمە چارەسەر ناكات، كەرەم كە، حكومەت چارەسەری ئەوە دەكات، تۆ موتابەعەی ئیشی حكومەت دەكەی بزانی ئەو پارەیەی لەدەستیەتی بە ئەمانەت و بە پاكی و بە دڵسۆزی بۆ ئەو كارە بەكاری دەهێنێت یان لە گیرفانی خۆی دای دەنێت، ئیشی ئەم لیژنانە ئەمەیە، بۆیە ئێمە تەنفیزی نین، ئێمە ریقابین، رەقابەتێكی ڕێك و پێك دەكرێت، لەبەرئەوە ناتوانین وابڵێین، داوای لێ بوردن دەكەم، كاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من كێشەیەكی زۆرم لەگەڵ ناوەكەی دا نیە، قسەی من زیاتر لەسەر ناوەڕۆكەكەیە و پێشنیارێك دەكەم لەو ڕووەوە، تەقریبەن مەسەلەی وەرزش لەگەڵ گەنجاندا وەكو لازم و مەلزومێكی لێ هاتووە، زۆر جار كە باسی وەرزش دەكرێت یەكسەر باسی گەنج دەكرێت، یان كە باسی گەنج دەكرێت یەكسەر باسی وەرزش دەكرێت، دیارە ئەو حەقلە گرنگە وەرزشەكە، بەڵام لە هەمان كاتیش دا مەوزوعی گەنج تەنها پەیوەست نیە بە وەرزشەوە، یەعنی دەكرێت قسە لەسەر هەموو لایەنەكانی كێشەكانی گەنج لە هەموو وڵات دا بكرێت لە كێشە كۆمەڵایەتیەكانەوە لەسەرروویانەوە بێ كاری و پێكەوەنانی خێزان و مەسەلە سیاسیەكان، بەشداری گەنج لە ژیانی سیاسی و مەسەلە ئابووریەكان و مەوزوعی بێ كاری و تەعینی گەنج و ئەمانە، یەعنی ئەوانە مەوزوع گەلێكن من پێم وایە یان دەبێت پێناسەی ئەو لیژنەیە، یەكەم جار بە جەنابتم گوت و گوتم پێناسەكان دانەنراون نازانم كەی دادەندرێن؟ لە پێناسەی ئەو لیژنەیەدا كە باس لە گەنج و لاوان دەكرێت پێناسەیەكی كامل بۆ كاروباری لاوان بكرێت، هەموو ئەو وەزیفانەی كە ئەم لیژنەیە دەیگرێتە ئەستۆ بۆ موراقەبە كردنی وەزعی گەنج لە كوردستان، پێشنیار كردنی پرۆژەی یاسا بۆ باشتر كردنی ژیانی گەنج وە یان لەڕاستی دا دەكرێت هەر ئێستا بڵێین لیژنەی وەرزش و كاروباری گەنجان، بۆ ئەوەی ئەو كاروبارە ئەگەر لە پێناسەكەدا تەوزیح نەكرابێت، لێرە تەوزیحێكی وا بكرێت كە ئەو مانایە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کەوا ناوی لیژنەی وەرزش و لاوان بگۆڕدرێت بە لیژنەی لاوان، چونکە تەنها خواست و کێشەی لاو نیە کەوا ئێمە بەس موراقەبەی ئەوە بکەین کەوا وەزارەتی وەرزش و لاوان یاخود چ وەزارەتێك دێت و بەچ ناوێك دێت، تەنها موراقەبەی ئەوە بکات کەوا لاوان کێشەیان یاخود خواستیان تەنها لە وەرزش دایە، هەروەها تەنها لاو وەرزش ناکات، بەڵکو دەبێت پەروەردە کە منداڵ دەبێت لەوەوە دەست پێ بکرێت بە وەرزش کردن، چونکە ئەو زیاتر لە لاو پێویستی بە وەرزش هەیە، هەروەها پیریش وەرزش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام لاوان کێشەیان جیاوازە، خواستەکانیان لە کۆمەڵگادا جیاوازە لەگەڵ کێشەکانی وەرزش، چونکە وەرزش بوارێکی تایبەتە، بەڵام لاوان بخرێتە سەر لیژنەی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی چاکترەو زیاتر دەگونجێت لەگەڵ ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە چی لێ بێت؟ کاك یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەنها لیژنەی لاوان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەنجان و لاوان توێژێکی زیندوون بەڕاستی وە توێژێکی کاراشن دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە پێشخستنی کۆمەڵگا، مافیان وەکو پێویست پێ نەدراوە، بۆیە دەبێت تەخسیسێکی تایبەتی هەبێت، خۆ بەسەر چووە تازە لیژنەی وەرزش جیابکەینەوە لێیان بیبەینە پێشەوە یان بیبەینە پاڵ لیژنەیەکی تر، بۆیە من پێم باشە لیژنەی وەرزش و داکۆکی لە مافی لاوان و کارا کردنی ڕۆڵیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەلای منەوە چاکە لیژنەی کاروباری لاوان بێت، لەبەرئەوەی لاوان بە غـەیری وەرزش کۆمـەڵێك خواسـت و ئارەزووی تریان هەیە وەکو ئـەدەب و هونـەر و گەشـت و خوێندنـەوە، بۆیـە نابێـت قـەتیس بمێنێـت تـەنها لەوەرزش دا، چونکە وەرزشیش لە پاڵ ئەوانە و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سمیرە خان فەرموو.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من وام پێ باشە لیژنـەی وەرزش و لاوان بکرێـت بـە لیژنـەی تواناسـازی لاوان، چـونکە لاوان سـەرمایەیەکی مرۆیی بە نرخن بۆ داهاتووی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـن ڕام وایـە لیژنەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، لیژنـەی وەرزش و لاوان، ئـەمڕۆ لاوان توێـژێکن بایـەخێکی هەمەلایەنەیان هەیە، هەم لە بواری سیاسی و هەم لە کایە جۆراوجۆرەکانی تـر، بـەڵام لـەناو ئـەو کایایانـە وەکـو ئـەو وتەیـەی کـە گـوترا لازم و مـەلزوم، وەرزش و لاوان بـەڵێ پێکـەوە دەگـونجێن ومەسـەلەی وەرزش یەکێکە لەو مەسـەلە بایـەخ دارانـەی لـە هـەرێمی کوردسـتان و ئێسـتا لـە هـەموو دنیـاش دا بایـەخێکی زۆر بەرفراوانی پێ دەدرێت، گرنگە جێی بکرێتەوە لەناو ئەم لیژنانە و نزیکترین لیژنە لەو مەسەلەیە لیژنـەی لاوانە، بۆیە من ڕام وایە ناوی لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوەو سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سەرهەنگ فەرموو.**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی من کرا زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، کاك جلال فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لیژنەکە ناوی کاروباری لاوان بێت، چونکە وەرزش بۆ هەمووانە نەك تەنها بۆ لاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وشەی وەرزش لێرە بە زیاد دەزانم، لەبەرئەوەی وەرزش تایبەت نیە هەر بەلاوانەوە، لایەنی تریش و پیر و منداڵ و گەنج هەمووی پێویستی بە وەرزشە، لاوانی ئێمە فرە بەهرەن، ئەدەب و هونەر و هەموو لایەنێکیان دەگرێتەوە، بەڵام ناکرێت هەموو ئەو وردەکاریانە لێرە ڕوون بکەینەوە، بەڵکو دەکرێت لەناو هامش و پێناسەکان دا ئەو وشانە بوترێت، من پێم باشە بکرێت بە لیژنەی کاروباری لاوان یان لیژنەی تواناسازی لاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین حسام الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەز دگەل وێ چەندێ مە وەرزش بمینێ دگەل لاوان، ژ بەرکو وەرزش بەشەکی گرنگە و گرێ دایە بە ژیانا لاواندا، دووەم ژی چونکی دام و دەزگاهێ وەرزشیشی پێتڤیە بمینن لەژێر چاودێریە پەرلەمانێ، چونکی لە هەمی وڵاتا وەرزش سامانێکی نەتەوەییە، وە دبێت ئەڤ سامانە هەمی بکەویتە بن چاودێریا پەرلەمانێ کوردستانێ، ڤ شك لێ بێتە سیاغە کرن ببێتە لیژنەی لاوان و کاروباری وەرزشی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ثائر فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو لیژنەیە بمێنێ وەکو خۆی لیژنەی وەرزش و لاوان، لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر تەماشای وەرزش بکەین لە هەرێمی ئێمە موئەسەساتی وەرزشی زۆر بڵاو بووەتەوە بە دوو تەوەر وەرزش دەکرێتەوە بە ناحیەیەکی ئەهلی وەکو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، دووەم بە ناحیەتێکی حکومی وەزارەتی وەرزش و لاوان، وەزارەتەکانی دیکەش وەرزش دەکەن وەکو وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوە هەموو وەزرشی تێدایە، ئەو لیژنەیەی موتابەعە و بەدواداچوونی ئەو ئیش و کارانە دەکات، پێم باشە ئەو لیژنەیە بمێنێ وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم وایە ئەو لیژنەیە دوو مەهامی هەیە، پێم وایە مەهامی لاو، گەنج تەنها وەرزش نیە، بگرە عەقڵە پەرەپێدانی تواناکانیانە، لەلایەکی تریشەوە خواستیان هەیە، کێشەکانی لاوان زۆرن، بۆ نموونە من پێم باشە ئەو لیژنەیە بکرێتە (لیژنەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان و بەدیهێنانی خواستەکانیان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بێریڤان خان فەرموو.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من رەئیم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە و پشتگیری لە رەئیەکەی کاك سالار دەکەم، چونکە وەرزش و لاوان هەردووکیان پەیوەندیەکی یەکجار زۆریان بە یەکترەوە هەیە، کە دەڵێین لاوان ئەمە یارمەتی کاروباری لاوان یان وەرزش مانای ئێمە پشتگیری لاوان دەکەین بۆ وەرزش، چونکە پێشکەوتنی وڵات و پێش کەوتنی هەرێم لەڕێگای وەرزشی لاوانەوە دەبێت، پێویستە هەموو کەس وەرزش بکات، گەنج بێ و پیر بێ و منداڵ بێت، بەڵام ئێمە بەلاوان پێشکەوتوو دەبین، دەبێ ئیش بۆ ئەوە بکەین کە پشتگیری لەلاوان بکەین لەلایەن وەرزشەوە، وەرزشیش هەموو شتێك دەگرێتەوە کە ئێمە یارمەتی وەرزشماندا و یان ئیشمان بۆ کردن، یەعنی یارمەتی باری تەندروستیشمان دا، دورخستنەوەشیان لەچەند تاوانی جۆراو جۆر و مەشغوڵیان دەکەین بە وەرزش، بۆیە حەز دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك گۆران فەرموو.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کەوا وەرزش جیابکرێتەوە لەلاوان و هۆکارەکانیش بەڕێزانی پێشتر ڕوونیان کردەوە، پێم باشە لیژنەکە بکرێت بە لیژنەی داکۆکی کردن لە ماف و ئەرکی لاوان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لەبەرئەوەی گەنجان هەروەکو بەڕێزەکان وتیان ئەو دایەنەمۆیەن کە پیشان دراوەو دیاریشە کە زۆر شت دەگرێتەوە، لەبەرئەوە ئەهمیەت و بایەخدان بە گەنجان وا دەخوازێت بەڕای من تەنها کۆمسیۆنێك هەبێت بۆ گەنجان کە وەکو لیژنەیە و لە جیاتی وشەی لیژنەش دەتوانین بەکاری بهێنین هەروەکو پەرمان و فراکسیۆن و ئەو وشانەی کە بەکارمان هێناوە، ئەو کۆمسیۆنە بۆ گەنجان بێت.... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن ئەمە لیژنەیەکی پەرلەمانیە، بۆ موتابەعەی ئیشی حکومەت هەڵدەستێت بە ئیشی لاوان، لاو مەجالی زۆرە، لاو هەیە موهەندسە، لاوان لە دائیرەکان ئیش دەکەن، هەمووی بە قانون لەو شوێنانە مافی خۆیان هەیە و ئەرکی هەیە، بەڵام ئەمە ئەو لیژنەیەی کە حکومەت تەشکیلی دەکات لە وەزارەتێك کە بە ئیشی لاوان و وەرزش و ئەوانە هەڵدەستێت، ئێمە موتابەعەی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو ئیشی باش دەکات یان نا؟ ئینجا بۆ ناوی لیژنەکە ئەو بێت کە هەردووکیان بگرێتەوە، هەم ئیش و کاری وەرزش بگرێت، هەم کاروباری لاوان، لەو مونتەڵەقەوە بە تەنها بێت لەگەڵ یەك بێت و لابچێت، ئیزافەت هەبێت، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەنجان بە تەنها بێت، وەرزیش خۆی لە خۆیدا زۆر شت دەگرێتەوە، لەبەرئەوە تەنها لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بۆ وەرزش، چونکە وەرزش هەموو لایەك دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کاك عماد چارەسەرێکی زۆر گونجاوی دۆزیەوە، تەوزیحێکم لەسەری هەیە، لاوان گرنگتر و شمولی ترن لە وەرزش، دەبێت لاوان لە پێشەوە بێت، نەك وەرزش ولاوان، بۆیە ئەگەر لاوان وەکو تایبەتمەندیەتی خۆیان تەئیدی هەموو ئەو گوتنەی برادەران دەکەم و کاروباری وەرزشی، ئەمە لەلاوانیش جیا دەکاتەوە، وای لێ ناکات کە تەنها وەرزش پەیوەستە بەلاوەوە تەنها، بەڵکو بە هەموو فیئاتی عومری، بە هەموو لایەنەکانی تریشەوە، ئەو خسوسیاتی وەرزشیشە تێدا دەپارێزێ وەکو ئەوەی کە باسکرا، تایبەتمەندیەکانی لاوانیش دەپارێزرێ وە لاوانیش دەخرێنە پێشەوە کە ئەگەر وەکو تەسمیەش بێت

تەركیزەكە زۆر تر لەسەر لاوان دەكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم كەوا ببێتە لیژنەی لاوان و كاروباری وەرزشی، بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئیحتیوا بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی وەرزش و لاوان بە رەئی من وەكو خۆی بمێنێتەوە و زیاد نەكرێت و دەتوانین گۆڕانكاری تیا بكەین، بیكەین بە لیژنەی وەرزش و كاروباری گەنجان، لەبەرئەوەی كاروباری گەنجان تەنها یەك لایەن ناگرێتەوە، سەرجەم كایەكانی ژیان دەگرێتەوە كە گەنجان تیایدا سەرقاڵ دەبن، هەر لەبواری خوێندن و لەبواری كۆمەڵایەتیەوە، لەڕووی ئابووریەوە و لەڕووی سیاسیەوە كە ئێستا توێژێكی زۆرن لە بواری سیاسی دا كاردەكەن، كە گوتمان كاروباری گەنجان هەموو كایەكانی ژیان دەگرێتەوە، پێم وایە بكرێت بە لیژنەی وەرزش و كاروباری گەنجان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لەبڕی ئەو لیژنەیە بكرێت بە لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی گەنجان، لەبەرئەوەی گەنجان شمولی ترە، ئێمە كە باسی لاومان كرد، لاو لەگەڵ گەنجدا جیاوازی تەمەنیان هەیە، كۆمەڵگای كوردستانیش كۆمەڵگایەكی گەنجانەیە، لەبری ئەوە بە هەزاران گەنج هەیە لەم كوردستانە چاوەڕێی ئەوەنە لە پەرلەمان كە لیژنەیەك پێك بهێندرێ بە نێوی لیژنەی گەنجانەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لەبری ئەو لیژنەیە بكرێت بە لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی گەنجان، وەرزیش دەتوانرێ كە ئێمە لە بیدایەت باسی لیژنەكانی ڕۆشنبیریمان كرد كە ڕابورد ناش بێت بكرێت، وەرزش دەچێتە زمنی ئەوەوە، بۆیە پێشنیار دەكەم بكرێت بە لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی گەنجان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تـەبیعی مـن پێشـنیار دەکـەم لیژنـەی وەرزش و لاوان بمێنێتـەوە، یـەعنی ئەگـەر مـەجالم بـدەن دوو دەقیقەیەك واقعێك هەیە بۆ برادەران بـۆ ئـەوەی بۆیـان شـەرح بکـەم، وەرزش و لاوان چ گرنگیـەکی هەیـە، وەرزش تەبیعی ئێستا لە دونیا زۆر پەرەی پێـدراوەو خاسـەتەن لـە کوردسـتان زۆر پێشکەوتووە، چـەندین بینایات و وەرزش کار هەن، تەبیعی ئێمە وەکو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان زیارەتێکی کوێتمـان کـرد ئـەوە واقعێکە دەمـەوێت بۆتـان بگێڕمـەوە، چـونکە ویستمان هـەرێمی کوردسـتان بیهاوێینـە وەکـو دەوڵەتـەکانی هۆنگ کۆنگ و مەکاوی و ئەوانە موشـارەکاتی ئۆڵۆمپیـان پـێ بکـەین، کـە ئێمـە چووینە مەجلسـی ئاسـیای ئۆڵۆمپی لەگەڵ رەئیسی مەجلسی ئاسیای ئۆڵۆمپی دانیشتین پێمانیان گوت دەبێت لـەناو پـەیڕەوی نیزامـی خۆتان باسی وەرزش بکرێت، یەعنی لیژنەیـەکتان هـەبێت بـە نـاوی لیژنـەی وەرزش، ئـەو لیژنەیـە لەگـەڵ لیژنەی عیراق دەبێت ئێمە دانیشین و داخلی ئـەقالیمی ئـەوەی بکـەین، نـاوی وەرزش داخلـی ئـەقالیم بێـت هەتا وەکو موشارەکەی بوتولاتی ئۆڵۆمپی و بوتولاتی ئاسـیەوی بکـەین، ئێمـە دەبێـت لیژنەیـەکمان هـەبێت بـەناوی لیژنـەی وەرزشـی هـەتا بتـوانین دیفـاع لـە وەرزشـی کوردسـتان بکـەین، موشـارەکاتی ئـەقالیمی پـێ بکەین، موشارەکاتی دوەلی پێ بکەین، موشارەکاتی ئۆڵۆمپی پێ بکەین، بۆیە پێشنیاری مـن ئەوەیـە لیژنـەی وەرزشی بمێنێتەوە لەگەڵ لاوان پێکەوە بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو بەڕێزان قسەیان کردو کەس نەما، نیشتمان خان ببورە فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك دڵشاد کردی، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی بیروبۆچوونی جودایان دا تەبعـەن هەنـدێك هـەبوو بـەس یـەك کـەس رەئـی خـۆی دا ئەوانە ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە زۆربەیان لەسەر دوو نەوع کۆکن، یەکەم: لیژنەی کاروباری لاوان و وەرزش، دووەم: لیژنەی لاوان و کاروباری وەرزشی، ئەوەی تر لیژنەی وەرزش و کاروباری لاوان بوو، بە عەکسەوە، هەردووکی یەك شتە، ئێستا یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە لیژنـەی لاوان و کاروبـاری وەرزشـی، ....... نوقتەی نیزامی هەیە کەرەم کە کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحی ئەسڵ ئەوەیە لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ناوەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، بەڵام ئەوە دەخرێتە دوا، دائیمەن موقتەرەحی ئەسڵ ئەگەر پێشـنیاری تـری بـۆ هـات، پێشـنیارەکان دەخرێتە دەنگدانەوە و ئەوەی ئەسڵەکە لە پاشەوە دەخوێندرێتەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واتە یەکێکە لە موقتەرەحەکان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لیژنەی لاوان و کاروباری وەرزشی، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ 31 کەس لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 45 کەس لەگەڵ دانیە، موقتەرەحی یەکەم رەفز کرا، موقتەرەحی دووەم لیژنەی وەرزش و کاروباری لاوان، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە؟ 26 کەس لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 50 کەس لەگەڵی دانیە، ئێستا موقتەرەحی ئەسڵی دەخەینەوە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی فەرموو کاک سەروەر.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکی تر هەبوو چەند برادەرێك دیفاعیان لێی کرد کەوا پێویستە ناوەکەی لیژنەی کاروباری لاوان بێت، بەڕێزتان ئەوەتان ئیشارەت پێی نەدا، ئاخۆ ناوەکە بەو جۆرەی بمێنێتەوە یاخود وەرزشی لەگەڵ نەمێنێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موتەفەرقە بوو، هیچ موقتەرەحێك نەماوە کە دووکەس یان سێ کەس پشتیوانی لێ کردبێت و نەمان خستبێتە دەنگدانەوە، هەریەکی بە نەوعێك باسی کردووە، یەکێك باسی گەنجی خستە پاڵی، یەکێکی تر لاوی خستە پاڵی، لەبەرئەوە موقتەرەحە ئەسڵیەکە ماوەو دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا لیژنەی وەرزش و لاوان وەکو لە موقتەرەحی ئەسڵی دا هاتووە تکایە دەستی بەرز بکات، 43 کەس لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 33 کەس لەگەڵ دانیە، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، دەڕۆین بۆ خاڵێکی تر کە لیژنەی پاکسازیە (نەزاهە)، کاك عبدالسلام کەرەم کە نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرەنسیپێك هەیە لە دەنگدان ئەگەر هاتوو دوو، سێ پێشنیار هەبێت، نابێت یەکێك دەنگ بدات بە دوو، سێ پێشنیار، ئێستا ئەم حاڵەتە ڕووی دا، من دەزانم دانیشتنەکەی ئێمە ئەو ئالیەتە زۆر بە زەحمەت دەیەخێت، بەڵام بەس تەنها بۆ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەتەئکید نیزامیەکەت لە جێگای خۆیەتی، بەڵام بەڕاستی هێشتا ناویان بە کۆنکرێتی نازانین، وە ئیحترام بۆ ئەو بەڕێزانە، تەمەنا دەکەین خۆیان ئیلتیزام بەو موقتەرەحانە بکەن، ئێستا دەچینەخاڵی 17 کە لیژنەی پاکسازی (النزاهە)، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واهەست دەکەم زۆربەی موداخەلەکان لەسەر ناوەکە بێت، وشەی پاکسازییەکە بکرێت بە ئەستۆ پاکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ناوی لیژنەکە هەر لیژنەی نەزاهە بێت، یەعنی هەر وشە عەرەبیەکە بەکار بێت، لەبەرئەوەی ئەم موستەڵەحە زیاتر جێگای خۆی کردۆتەوە ئەمڕۆ لەم کۆمەڵگایەدا، لەناو کەوانەشدا بنووسرێت(دەستپاکی) یەعنی لیژنەی نەزاهە لەناو کەوانەشدا بنووسرێت (دەستپاکی)، چونکە وابزانم دەستپاکی گونجاوترە لەگەڵ مانای نەزاههدا، چونکە مانای نەزاهە واتە (البعد عن السوء والمكره)، کەوابوو دەستپاکیەکە باشترە تا پاکسازیی، بۆیە پێم باشە ناوی لیژنەکە، لیژنەی نەزاهە بێت لەناو قەوسدا( دەستپاکی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر زمانەوانیەکەی قسەم هەیە، بەراستی لیژنەی پاکسازی بەمانای تەتهیر دێت، بۆیە دەستپاکی بێت باشترە وەکو دکتۆر ئەحمەدیش ئیشارەتی پێدا، ئەگەر دەستپاکی بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە صاڵح، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ناوی ئەو لیژنەیە بۆ ئەوەی هەندێ شمولی تر بێت، بیکەینە لیژنەی شەفافیەت ونەزاهە، نەك تەنها نەزاهە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دروست کردنی لیژنەی نەزاهە، خاڵێکی گرنگەو خاڵێکی وەرچەرخانە، ئێمە لە لیستی کوردستانی بەڵێنمان دابوو بۆ دروست کردنی ئەو لیژنەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو لیژنەیە دروست بێت، ئەم لیژنەیە جگە لە گرنگیەکەی پێویستی بەکۆمەڵێك قەوانین هەیە، چونکە ئێمە لە کوردستاندا سیستەمی داهاتی گشتیمان کۆمەڵێك کێشەی هەیە، لەوانە بۆ نموونە سپی کردنەوە ئەموال، لەقانونی ئێمە باش ڕێك نەخراوە، هەروەها قانونی دەستکەوتی ناشەرعی و لەهەمان کاتدا سیستەمی بانك و ئەو شتانە، بۆیە پێویستە هەمووی بەقانون ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەی یارمەتی ئەم لیژنەیە بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێمە لەسەر ناوەکەی قسە ئەکەین، بۆ ئەوەی خەڵك گەندەڵی نەکەن بۆ ئەوەی خەڵك کاری پاك بکات، دزی نەکات، ئیشی خراپ نەکات، بۆیە ئێمە لەسەر ناوەکە قسە ئەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش شەرحەکەم بۆ ئەوە بوو کە ئەو لیژنەیە بتوانێ بەباشی ئیشەکانی بکات، من بۆیە ئەو تەوزیحەم دا، چونکە ئەگەر ناوەکەشی بکرێت وەکو نەزاهە عەرەبیەکەی بەکار بهێنین، شەفافیەتیش ئیزافە بکرێت، چونکە بەبێ شەفافیەت ئەو لیژنەیە ناتوانی بەکاری خۆی هەستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی منیش ئەوەیە کە لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ناوی ئەو بێتە گوتنێ ناوی نەزاهە بۆ من نازانم بەس گرێدرایە شتێ ئابووریە بەس بێتە گۆڕین و فراوانتر بکرێت، یەعنی موستەڵەحێکی تر دابندرێت کە نەك هەر گەندەڵی و شتی ئابووری بگرێتەوە، بەڵکو هەر شکاندنێکی قانونیش هەبێت بیگرێتەوە، پێشنیاری من ئەوەیە کە بکرێت بە لیژنەی رەقابە، نەك هەر چاودێری کاروباری حکومەت بکات، بەڵکو رقابەی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمانیش بێت، شەرت نیە مەسەلەی گەندەڵی بێت بەتەنها لەچەند وڵاتێك لیژنەی رەقابە وکۆنترۆڵ هەیە وایە، بەڵکو هەر شکاندنێکی یاسایی بێت، وەکو نموونە یەکێ بەخێرایی سەیارە لێبخورێت، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر، فەرموو.

**بەڕێز قادرحسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم بكرێت بە لیژنەی دەستپاكی لەناو كەوانەدا (نەزاهە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فازڵ، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەولیژنەی چونكە بڕیارێكی زۆر خێرایە، ئەڵێت لیژنەی پاكسازی ونەزاهە، پاكسازی یەعنی ئیجرائاتێكی توند ئەگرێتەوە، بۆیە بكرێت بەلیژنەی پێداچوونەوەو نەزاهە، چونكە هەمووكەس قابیلی نەزاهە نیە، پێداچوونەوە یەعنی تەحقیق دوایی نەزاهە، چونكە ئەوە ئەبێتە بڕیارێكی موتڵەق، بۆیە بكرێت بە لیژنەی پێداچوونەوەو نەزاهە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عبداللە مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر داوای سەرۆك قسەكانی بڕا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەوە دووجار لە نیزام دەرچوویت نابێت، ئەمە پەرلەمانە، ئێمە باسی ناوی لیژنەیەك دەكەین، ئەگەر فەسادێك یان گەندەڵیەكت دی بەو لیژنەیە تەعقیب كراو بە ئصوڵی قانونی هاتە ناو پەرلەمان و موناقەشە كرا، ئەوكاتە هەموو عقوبەیەك ئەدرێت، بەڵام ئێستا تۆ ئەڵێیت هەیە، بۆیە منیش وەڵامی جەنابتم دایەوە، تكایە وەرە سەرناوەكە بەتەنها و قسە لەسەر ناوەكە بكە، ئەگەر شتی وا هەبوو ئەوە ئیجرائات ئەكرێت و ئێمە بەدواداچوونی بۆ ئەكەین و پاشان مەحكەمە هەیەو قانون هەیە، ئەبێت هەموو شتێك بە ئصوڵی بێت و بەقانونی بێت، ئەمانەتێكە لەسەر شانم بۆ ئەوەی بوەستین بەرامبەر بەو گەندەڵیەی كەهەیە، چونكە هێشتا هیچ نەبووەو لیژنە تەشكیل نەكراوە، تا ئێمە لێپرسینەوە بكەین خۆ من ناڵێم گەندەڵی نیە بەس ئەبێت بەشێوەی قانونی بێت، ئەبێت بزانین كەی و چۆن ئیسپاتی ئەكەین و ئەوكاتە هەموومان ئەكەوینە لێپرسینەوە، كاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قەناعەتم وایە، لیژنەكە ببێت بەلیژنەی نەزاهەو نەهێشتنی گەندەڵی، ئێمە لێرەدا بۆ ئەوە نەوەستاوین ئیتیهامی كەس بكەین، بەڵام هەندێك حەقیقەت هەیە، لەماوەی ڕابردوو لە دوو هەفتە پێشتر لە یەكێك لەڕۆژنامەكاندا بڵاوكرایەوە، بەناوی جەلالی سام ئاغا، مودیری رەقابەی مالی سلێمانیەوە، كە(2700)ڕاپۆرتی گەندەڵی هەیە، ئێمە بۆیە ئەڵێین با نەهێشتین گەندەڵی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی

هەیبەتێك بدات بە پەرلـەمان، کـە خـەڵك لـەخۆی بترسێت کـە شـوێنێك هەیـە بەدواداچوونی بـۆ ئـەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەحوکمی ئـەوەی کـە ئـەم لیژنەیـە یەکێکـە لـەو چـوار لیژنەیـەی کـە پێشـتر ئـەزمونێکمان نـەبووە لـە پەرلەمانی کوردستاندا، بۆیە هەست دەکەم ناکۆکیەکە لەوەوە دەست پێئـەکات کـە پێشـینەیەکمان نـەبووە، بۆ ئەم لیژنانە، خۆزگایە تەفصیلێکی لەگەڵدا بوایـە، ئەگـەر دوو، سێ دێـڕیش بێـت، سـەبارەت بـەوەی کـە بزانین ناوەڕۆکەکەی چیە؟، ڕەنگە بتوانین بەو دوو، سێ دێڕە هەموو ناوەڕۆکەکەی تێدا کۆ بکەینـەوە، تـا بزانین لیژنەی نەزاهـە تـەنها خیلافێکی زمانەوانیـە، تـا ئێمـە لـەڕووی زمانەوانیـەوە سـەیری بکـەین، یـان لیژنەی نەزاهە بەرائە زمەیە، کەمن ئەڵێم زمەی خۆم کەشف ئەکەم، بەدواداچوونێك هەیە، یـان لەهـەمان کاتیشـدا ئەگـەر هـەبێت بـاس لـەوە بکرێـت کـە لـەناو ناوەڕۆکەکـەدا بەدواداچـوونی گەنـدەڵی تێـدا بێـت، لەهەمان کاتیشدا شەفافیەت لەخۆ بگرێت، جا ئەمە لەڕێگەی دەستنیشان کردنی ناوەکەی بـۆی زیـاد بکـەی یـان ناوەڕۆکەکـەی بێـت، و لێـرەدا پێشـنیاز بکـەین کـە ئێمـە چـەند دێڕیـك ئیزافـە بکرێـت، چـونکە ئەمـە یەکێکە لە لیژنە زیاد کراوەکان، پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەم ئەزموونی هەیە لە چواردە لیژنـەدا، بەڵام ئەمەیان ئەزموونمان نیە، ئەگەر لە تەفصیلەکەدا بنووسرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، حەزدەکـەم ڕوونکردنەوەیـەك بـدەم، ئەمـە ئـەو لیژنەیـە وەکـو لیژنـەی نەزاهـە، کەلـە حکومـەتی ئیتیحادی هەیە، لەناوەڕۆکەکەی دیـارە بـۆ ڕێگـرتن لـە هـەموو گەندەڵیەکـە، هـەموو ناقانونیەکـە، کەلـەناو هەرێمدا ڕوودەدات، ئیمە پەی پێ ببەین و بچینە سەری، کاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جەلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وشەی نەزاهە، یان مەسەلەی نەزاهە لەبەرنامەی لیستی کوردسـتانیدا یەکێکـە لـە ئەرکـە گرنگـەکانی بەرنامەی لیستی کوردستانی، قسەو پێشنیازی زۆری لەسەرە، بۆیە پێم باشـە مەسـەلەی نەزاهـە، پایەیـەکی پتەوە بۆ حکومڕانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سەرف کردنی داهاتی گشتی، بۆیە پێم باشە نـاوی لیژنەکـە بە کوردی بێت، ناوی لیژنەی ئەستۆپاکی بێت، لەبەینی دوو (نەزاهە)بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر ڕێباز نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لەسەرۆكایەتی دەكەم، وەكو یەك تەعامول، لەگەڵ ئەندامەكاندا بكات، چونكە ئەوە دوو بەڕێز هەستانەوە باسی لیستی كوردستانیان كرد، قسەشتان نەكرد، بەس بەڕێزێكی تر هەڵئەسێتەوەو باسی گەندەڵی دەكات كە بەواقیع لەكوردستاندا هەیە و قسەی لەسەر ئەكات، كەچی قسەكەی پێ قەتع ئەكەیت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ویژدانت هەبێت، زۆر بەعەدالەت بووم، لەناو ئەم پەرلەمانەدا هیچ لیستێك بۆمن فەرقی نیە، هەمووتان ئەندامی پەرلەمانن، هەموو جێگەی ڕێزن خاوەنی هەر بیروڕایەكی سیاسی بن، لەهەر لیستێك بن، من محاوەلەیەكی جدی ئەكەم كە كۆنترۆڵی دانیشتنەكان بكەم بۆ ئەوەی لە نیزام دەرنەچێت، ئەو لیژنەیەش ئەزانین بۆ چیە؟ بۆ دژی گەندەڵیە، بەڵام من لەوە ئەو بەڕێزەم ڕاگرت كە ئیتیهامی حكومەت ئەكات، ئیمە وەختێ ئیتیهامی حكومەت دەكەین كە دۆكۆمێنتمان لەبەردەست بێت، بەدواداچوون بێت وبیهێنین لەناو لیژنەكانمان لەپەرلەمان موناقەشەی لەسەر بكەین وبیهێنینە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئینجا هەر وەزیرێك بێت بە ئصوڵ بانگ ئەكرێت وپرسیاری لێ ئەكرێت، ئەویش جوابی خۆی ئەداتەوەو ئێوەی بەڕێز قەرار دەدەن، من بەتەنها قەرار نادەم، بۆیە من ئەو وەڵامەی جەنابت، ئیحترامم بۆی هەیە، لێرە لەم سەرۆكایەتیە، لەگەڵ خۆم ویژدانم و خوای خۆمەوە ئیدارەی دانیشتنەكە دەكەم، كاك شێردڵ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی باسی لیژنەی ئۆڵۆمپی كوردستان كرا، بەس سەر بە لیستی كوردستانی نیە، من موستەقلم لەوێ، من نوێنەری توركمانم لەناو لیژنەی ئۆڵۆمپیەكە، كەباسیشم كرد زۆر بەتەبیعی باسم كرد، كە بزانن شتێك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەتەئکید منیش لەگەڵ ئەو برایەدام کەباسی کرد، یەك دێڕی تەعریف ئەم هەموو کێشەیەی لێ دروست نەدەکرا، تەعریفێك زۆر زۆر پێویستە کە هەبێت، من لەگەڵ ئەو موقتەرەحەم کە لیژنەی دەستپاکی لەبەینی قەوس(نەزاهە) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەم لیژنەیە بەناوی لیژنەی دەستپاکی و چاودێری و لێپرسینەوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێ و شوێنی ئەوتۆ بگرێتە بەر تا بتوانێ شەفافیەت لەسەرجەم دەزگاکاندا بهێنێتە دی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە تەنها دەستپاکیت وت.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر دەستپاکی و چاودێری و لێپرسینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوی ئەم لیژنەیەوە پاکسازی پڕبەپڕی ئەم لیژنەیە نیە، پێشنیاز دەکەم لیژنەی پاکیەتی بێت، نەك ئەستۆ پاکی یان دەستپاکی، تەنها ئەو دوو خاڵە ناگرێتەوە ئەولیژنەیە، پاکیەتی و لە بەینی کەوانەشدا (نەزاهە) بنووسرێت، دوای ئەوەش شەفافیەتیشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم چوار لیژنەی تازەیە پێناسەیان نیە، لیژنەکانی تر پێناسەیان هەیە، بۆیە ئەبێ پەرلەمان پێناسە بۆ لیژنەکان دابنێت، بۆیە منیش پێم باشە لەبەر ئەهەمیەتی ئەم لیژنەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە کاك حمە سەعید، لیژنەکان هەموویان بێ پێناسەن ئێستا تازە پێناسەیان بۆ دادەنێین، لەکۆنەوە نەبووە، ئێستا خەریکین،

**بەڕێز حمە سعید حمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە پێشنیاز دەکەم لایەنی کۆمەڵایەتی وئەخلاقی بگرێتەوە ئەمەش گرنگە، بۆیە وائەزانم کارێك وئەرکێکی پیرۆزو گەورەی پەرلەمانە، بۆیە پێویست دەکات و منیش پشتگیری کاك زانا ئەکەم و ئەوەش سێ کەسین کە پشتگیری لێ دەکەین، با بەدێڕێك پێناسەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لانا خان، فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی نەزاهە کە بکرێت بە لیژنەی شەفافیەت و نەزاهە، هەروەها دوو برادەری تریش ئیشارەتیان پێدا، ئیزافەی کەلیمەی شەفافیەت بکرێت، چونکە شەفافیەت مورادیفێکە عەکسی فەسادە، شەفافیەت یەعنی لەدوارِۆژدا ئەبێت، شەفافیەتی ئیداریمان هەیە، هی دەولیمان هەیە، هی تەنزیمیمان هەیە، هەروەها وات لێدەکات کە ئیجتیهاداتی شەخصی کەم ببێتەوە، واش دەکات کە ئیسلاح و تەنمیە ڕووبدات، بۆیە ئیزافەی کەلیمەی شەفافیەت بکرێت لەگەڵ نەزاهەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، ئەگەر مەجالم بەیت، لیستەکان سەرۆکی خۆیان هەیە، بەس وابزانم سەرۆکی لیستەکان ئەتوانن بەناوی لستەکەوە قسە بکەن، دیقەتمانداوە سێجار موزایەدە ڕووی داوە بەناوی ئەوەی ئێمە لە لیستی فلانین، داوام وایە ئەوە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەستت خۆش بێت، تکایە لەناو هۆڵەکەدا هەموومان ئەندامی پەرلەمانین، بۆیە دەبێ ڕێز لەو ئصوڵەی بۆمان دانراوە بیگرین، هەرکەسێك بیری خۆی بەپاکی بدات، لەوکارەی لەبەردەستماندایە دەرنەچین و کەسیش لەوە بەرامبەری نەشکێنێتەوە، یەعنی یەکێك لە لیستێك قسەی کرد، حەقی ئەوی تر نیە بڕواتە گیانی، ئێمە ئەوەی لەبەردەستماندایە موناقەشەی دەکەین، سوپاس، فەرموو کاك مەلا بەشیر.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وشەی نەزاهە لە عەرەبیدا ئەگەر بەرامبەرەکەی بە کوردی بڵێین تەماشا بکەین بازنەیەکی فراوانە، هەر لەپاکسازی وچاکسازی وئەستۆپاکی ئەوانە هەمووی ئەگرێتەوە، ماناکەشیان زیاترە، بۆیە من دەڵێم وشەی ئەستۆپاکی نزیکترین شتە لەماناکەی، ئەگەر ئەوەش نەکرا، باهەر بەعەرەبیەکەی بمێنێتەوەو پێی بڵێین نەزاهە، ئەمەش ماناکەی بەتەواوەتی دەبەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ کەریم، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە، بنووسرێت لیژنەی نەزاهەت نەك نەزاهە، وەکو زۆر شتی تریش لەکوردیدا وایە، بەڕاستی دەبینم دوو شت تێکەڵ دەکرێن بۆ نموونە لیژنەی نەزاهە لەگەڵ ئەو هەیئەی کۆمیسیۆنە کەڕەنگە دابمەزرێت، ئەمەش دوو شتی لێك جیان، بۆیە لێرەدا ئاوا ئەو دوو شتە لێك جیا بکەینەوە، ئەو کۆمیسیۆنەی کە سبەی دادەمەزرێت و بۆ گەندەڵی و بۆ شەفافیەتە ئەو لیژنەی پەرلەمانیەش کە بۆ نەزاهە دادەمەزرێت ئەویش شتێکی دیکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من شتێکی سروشتیە کەوشەیەکی عەرەبی بەکار بهێنین بەرامبەری ئەویش کوردیەکی دەقیق نەبێت، ئەوەتا لەدەوروبەری ئێمە تورك وفارس هەیە، ووشەکانیان بەکار دەهێنین، بۆیە بۆ ئەوەی بەدەقیقی بەکاری بهێنین بەڕای من نەزاهە بڵێین ئەوە شتێکی زۆر ڕەوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەیلی خان، فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو بۆچوونانەی کەهات، دوو موقتەرەحی ئەساسی هاتووە، ئەصڵیەکەش ئەمێنێت بەوەوە ئەبنە سێ موقتەرەح، یەکەمیان: لیژنەی نەزاهەو موکافەحەی فەساد، دووەمیان: لیژنەی شەفافیەت ونەزاهە، ئەویش موقتەرەحێکی تر بوو کە دەنگی لەسەر بوو، ئێستا یەکەمیان دەخەینە دەنگەوە، تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون 38 دەنگی هێناوە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 44 کەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە ئەم موقتەرەحە وەرنەگیرا، سۆزان خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئیم وایە، کە ئەڵێن لەگەڵدا نیە، بۆ ئەوەی تەفسیراتی غەڵەتی بۆ نەکرێت، بڵێن ئەوەندە ئەندام پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی نەزاهەدا نەبوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە ئەوە نیزامی نیە، چونکە موقتەرەحی تر هەیە، کە دەنگی نەهێناوە موقتەرەحی تر ئەخرێتە دەنگەوە، دوایش ئەصڵەکە ئەخرێتە دەنگەوە بزانین کامەیان دەنگ دەهێنێت ئەوە ئەبێت، ئێستا دووەم: دەخەمە دەنگەوە، لیژنە شەفافیەت و نەزاهە، تکایە کاتی دەنگدان دەستان دامەگرن تاکۆتایی باشە، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون12 کەسی لەگەڵدایە، ئێستا کێی لەگەڵدا نیە؟، 46 کەسی لەگەڵدا نیە، ئێستا ئەصڵەکە دەخەینە دەنگەوە، لیژنەی نەزاهە، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون53 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، تەنها یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، ئێستا کاك نەریمان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینیم هەیە لەسەر شێوەی دەنگدانەکە، لەگەڵیەتی و لەگەڵی نیە، جاری وا هەیە سێ موقتەرەح هەیە، من لەگەڵ یەکێکی نیم و دەنگی بۆ دەدەم، پاشان لەگەڵ یەکێکی تر نیم ودەنگیش دەدەم و لەگەڵ یەکیکی تریشیان نیم، بۆیە ئەمە عەمەلییەکی ناتەبیعیەو ئەبێت بە شەش دەنگدان، بۆیە پێشنیار دەکەین کێ لەگەڵ ئەوەدایەو کێ لەگەڵ ئەوەی تردا نیە، بۆ نموونە من لەگەڵ ئەوەدا بووم کەلیژنەی نەزاهەو موکافەحەی فەساد بێت، پاشان کە دێینە سەر لیژنەی نەزاهە من لەگەڵی بووم تا ئەوێ بەس حەزم لێبووە موکافەحەی فەسادیشی لەگەڵ بێت، بەس کە دێینە سەر ئەوەی کە لەگەڵیت یان لەگەڵی نیت و ڕێگاشم نادەیت دەنگی بۆ بدەم بۆیە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك نەریمان، بەس ئێمەش وەكو قسەی جەنابتمان كرد، سێ موقتەرەح هەبوو بە تەسەلسول خرانە دەنگدانەوەو ئەوەی ئەخیر دەنگی هێناو ئەوانی تر ڕەفز كران، خۆتان ڕەفزتان كرد ئەندامانی پەرلەمان، یەكەم بە دەنگدان رەفزتان كرد، گوتمان كێ لەگەڵ موقتەرەحی (أ) ئەوەنە دەنگی هێنا، كێ لەگەڵ دانینە، ئەوا زۆر تر لەگەڵ دا نەبوو، لەبەرئەوە رەفز كراو لادرا، چوینە موقتەرەحی دووەم ئەكسەریەت لەگەڵی دا نەبوو ئەویش رەفز كرا، هی سێیەمین ئەكسەریەتی هێنا، لەیەكەمەوە، بۆیە ئەوە مایەوە، نوقتەی نیزامی كاك د. عمر كەرەم كە.

**بەڕێز عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بابەتی لەم بابەتەدا لە دانیشتنەكانی ڕابردووش جەنابت ئیجازەت دەدا كە لەبەرامبەر ئەم دوو رەئیەدا هەندێك دیفاعی لێ دەكەن و هەندێكی تر............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خوا سەلامەتت بكات! چی ڕێم نەداوە، ئەوە سەعاتێكە لەسەری قسە دەكەن، ئێمە ناتوانین نەیخەینە دەنگدان برای عەزیزم، هەر موقتەرەحێك لە كەسێك زیاتری هەبوو پشتگیری هەبوو دەیخەینە دەنگدان، ئەوجا خۆتان قەرار دەدەن، یان قبوڵی دەكەن یان قبوڵی ناكەن، نوقتەی نیزامی بێت تكایە، كاك شڤان فەرمووو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە موقتەرەحەكە تەبیعی ئەوەی خرا دەنگدان، هی عەرەبیەكەش بوو دەبوایە كوردیەكەش باس كرابایە، لیژنەی نەزاهە بە كوردی شتمان لەسەری باسكرد، یەعنی بەكوردیەكەی چیە، یەعنی............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەرجومەی عەینەن شتە، ئەو جێیەی بە كوردی دەینووسیت تەرجومەی وشەی نەزاهە وەكو كاك د.باسی كرد، بەهەمان شكل دادەنرێت لە تەكیەوە لەناو قەوس دادبنرێت زۆر تەبیعیە، ئێستا بۆ لیجنەی منەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، كاك برهان كەرەم كە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی لیژنەی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی من رەخنەم لە ناوی لیژنەكە هەیە، ئەگەر موجتەمەعی مەدەنی بێت، موجتەمەعی مەدەنی لە كۆمەڵەو ڕێكخراو پێك دێت نەك هەر مونەزەمە، لە

ولآتى ئێمه كۆمەڵە جیایەو ڕێكخراو جیایـە، كۆمەڵـەكان وەكو لـە یاسـا و قـانونی ڕەقـەم 18 سـاڵی 1993 هەیە، ڕێكخراوەكان وابزانم یاسای ژمارە 280یە، یەعنی لەڕووی قانونیـەوە یـان دەبێت لیژنـەی كاروبـاری موجتەمەعی مەدەنی بێت، یان لیژنەی جەمعیات و مونەزەماتی موجتەمەعی مـەدەنی بێـت، لەبەرئـەوەی موفهومی قانونی جەمعیە ومونەزەمە دوو شتی جیـاوازن، یـەعنی ناوەكـەی یـان دەبێت لیژنـەی كاروبـاری كۆمەڵگای مەدەنی یان لیژنەی كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی مـەدەنی كۆمەڵەشەو ڕێكخراویشە، منەزەمات كۆمەڵگەی مەدەنی نیە، تەسنیف هەیە لە قـانونی ئێمـە بـە مـەفهومی قانونیەكەی جەمعیە لە مونەزەمە جیـاوازە هەردووكیشیان كۆمەڵـەو ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگـەی مـەدەنی، لەڕووی قانونیەوە مەفهومەكانیان جیاوازە، هەردووكیشیان بە كۆمەڵگەی مەدەنی حیساب دەكرێن، دووبارە سوپاست دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش بەهـەمان شـێوە لیژنـەی كاروبـاری كۆمەڵـەو ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگـەی مـەدەنی، لەبەرئـەوەی ڕێكخراوەكان هەمانە بێ لایەنەو هەمانە سەر بەلایەنەكانە، بەڵام كۆمەڵەكان زۆربـەی زۆری خێرخوازینـە، بێ لایەنن، پـێم باشـە ئەگـەر ئـەو وشـەیەی بـۆ زیادبكرێـت (كۆمەڵـەكان) بـۆ نموونـە ئێمـە كۆمەڵەیـەكمان هەیە، كۆمەڵەیـەكی خێرخوازیمـان هەیـە، مـاوەی سـاڵێكە كـەس هـەتا ئێسـتا لێمـان ناپرسـێت پـارەی چـۆن وەردەگرن و سەرف دەكەن و لێتان وەردەگرن، مەبەستم ئەوەیە لیژنەی كاروبـاری كۆمەڵـەو ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو لیژنەیـە كـە پێشـنیاری لیژنەیـەكی نوێیـە، زەرورەتـی خـۆی هەیـە لـە بـواری كۆمەڵگەی مەدەنی، كە پێویستە ئـەم لیژنەیـە هـەبێت، جـارێكی تـر دەكەوینـە ئەشـكالاتی پێناسـە كردنـی، ڕەنگـە لـە پێناسەكان تەوزیحات بدرێت باشتر ئەركی لیژنەكە دیاری دەكرێت لە پەرلەمان، بۆیە ئێستا ڕێكخراوەكان با بڵـێین بەشـێكن لـە دامـەزراوەی كۆمەڵگـەی مـەدەنی، هەرچـەندە ئەگـەر بڵـێین لیژنـەی دامـەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بێت، دەكەوینە تـەعریفی جیـاوازی ڕێكخـراو چیە و جەمعیـە چیەو ئـەوە مەنفەعـەی

عامە و ئەو ئەموالی هەندێك ئەشخاسە، بەم سەرەڕای هەموو ئەو شتانە بۆ ئـەوەی ئەشـكالاتی ناوەكـان زۆر نەبێت ئەوەم پێ باشە لیژنەی كاروباری كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز داخازێت دكەم ناڤێ ڤێ لیژنە ببیتە لیژنا كاروباری كۆمەڵی مەدەنی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەو ناوە بگۆڕدرێـت بـە لیژنـەی كاروبـاری كۆمـەڵی مـەدەنی، لەبەرئـەوەی ئێمـە ئەگـەر وەكو پێشوو بیهێڵینەوە كاروباری ئـەو لیژنەیـە تـەنها پابەنـد دەبێت بـە ڕێكخراوەكـانی كۆمـەڵی مـەدەنی، بەڵام ئەگـەر بیكـەین بـە كاروبـاری كۆمـەڵی مـەدەنی، ئـەو كاتـە لەسـەر ئاسـتی تاكـە كـەس، لەسـەر ئاسـتی دامـەزراوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئابووریەكان ئەم لیژنەیـە دەتوانێـت ئـیش بـۆ ئـەوە بكـات كـەوا كۆمـەڵی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان دا بەرەو پێش ببات و گەشە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك امير فەرموو.

**بەڕێز امير گوگە يوسف عوديش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رەئیا من ئەگەر ببێت لیژنا كاروباری ڕێكخراوەكان، ڕێكخراوەكان شاملە، چونكە ڕێكخراوەكانمان مە گەلەك هەنە، هەروەسا كۆمەڵەشی گەلەك هەنە لە كوردستانێ، فە شامل ببت لیژنەی كاروباری.............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن هەركەس ڕاوەستا ئیحترام بۆ مەجلسەكە بكەن تكایە، كاك امير فەرموو.

**بەڕێز امير گوگە يوسف عوديش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵەو ڕێكخراوەكان با شامل بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنيار دەكەم كە ليژنەكە ببێتە ليژنـەی كۆمەڵەو ڕێكخراوەكـان، يـەعنی كۆمەڵگـەی مـەدەنی لەگەڵ نەبێت، ڕێكخراوەكان هەر كۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوە، ليژنە و ڕێكخراوەكان، لەبەرئەوەی لە پێشـەوەش باسی خاوەن پێداويستی تايبەت وزيندانی سياسـيمان كـرد لـە ليژنەيـەك دا جێمـان بـۆ نەكردنـەوە، لەبـەر گرنگی پێدانی تايبەت پێم باشە خاوەن پێداويستی تايبەت و زيندانی سياسيش لەگەڵ ئـەو ليژنـە جێيـان بـۆ بكرێتـەوە ئـەو كاتـە نـاوی ليژنەكـە ليژنـەی كۆمەڵـەو ڕێكخراوەكـان و خـاوەن پێداويسـتی تايبـەت و زيندانيانی سياسی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گوليزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵيزار قادر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە 18 خاڵ دا تا ئێستا قسەمان كردووە وجێگەی زيندانيە سياسيەكانمان نەكردووەتەوە، نە لـە مـافی مرۆڤ و نە لە كاروباری پێشمەرگە، نە لە كاروباری شـەهيدان، بۆيـە مـن داوا دەكـەم ئـەو خاڵـە وەكـو خـۆی بمێنێتەوەو، بەڵام زيندانی سياسيشی بێتە پاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رفيق فەرموو.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنيار دەكـەم كـە لـە پـاڵ كۆمـەڵی مـەدەنی ڕێكخـراوە سياسيەكانيشـی بخرێتـە سـەر، لەبەرئـەوەی ئـەوانيش بەشـێكن لـە سيسـتەمی سياسـی وڵات و بودجەيـەكيش لـە حكومەتـەوە وەردەگـرن، پێويسـتە پەرلەمان چاودێری ئەوان بكات، جگە لەوەی بەشێك لە كێشەی ناو ئەو حيزبانە و ئەو ڕێكخراوە سياسيانە جارێكی تر دەبێتەوە كێشەيەكی كۆمەڵايەتی لەناو عەواقبی كۆمەڵايەتی و شتی تری لێ دەكەوێتەوە، بۆيـە من پێشنيار دەكەم كە ليژنەكە ناوی بندرێت ليژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێكخراوە سياسيەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی كاروباری كۆمەڵی مەدەنی و ڕێكخراوە سياسـيەكان؟ كـاك نـەريمان بـا نوقتـەی نيزاميەكـەی ئيزافـە بكات، فەرموو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت ئەو هەڤاڵەمان کە بە دانیشتنەوە قسەی کرد بەڕێزت، بەڕاستی وەستان بە پێوە وەکو ئەوە وایە کە ئەو موخالەفەی قانونی کردبێت بەرامبەر ماددەی 56 هەموو ئەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە بە دانیشتنەوە و بە پێوە قسە بکات، بۆیە ئەوە نوقتەیەکی نیزامیە نەدەبوو جەنابت هەڵت بساندایە، لەبەرئەوە من بۆ خۆم پێم باشە بە دانیشتنەوە سەیتەرە زیاتر دەکەی، شتەکان دەخەیتە بەردەست و تێبینیەکان زیاتر بۆت دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس عورف لێرە ئیحترام بۆ پەرلەمان، نەك بۆ سەرۆکایەتی بۆ گشت ئەو پەرلەمانە بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە هەمووی ببینێت و ئەو ئسلوبەمان بەکارهێناوە، کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی ئەو لیژنەیە من ڕام وایە بکرێت بە لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی، بۆ ئەو مەبەستەی کە وشەی کاروبار لە جێی ڕێکخراوەکان دابندرێت، چونکە ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکانیش دا لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەواری دا کە جموجۆڵێکی کۆمەڵی مەدەنی هەیە سەنتەر و سەندیکا و ناوەند نیقاباتی جۆراوجۆرمان هەیە، بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئەشکالیەتە ئەو کاروبارە لە جێگەی ڕێکخراوەکان بێت کارێکی باشە، لەڕووی زمانەوانیشەوە کۆمەڵگاکە بکرێتە کۆمەڵ، چونکە ئەو پاشگرەی (گا)یە زۆر جار لە زمانەوانی دا بۆ جێگا دێت زۆر تر، بۆیە ڕام وایە لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی بێت، چونکە کۆمەڵی مەدەنیش ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی ناویان هاتووە و ئەوانەی ناویان نەهاتووە، هەندێك بیروبۆچوون هەیە داکۆکی لە زیندانیە سیاسیەکان دەکات، پێم وایە لێرەش جێگەی دەبێتەوە، لە ڕێکخراوە سیاسیەکانیش، چونکە ڕێکخراوە سیاسیەکانیش بەشێکن لە چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، لەو بارەیەوە ڕام وایە هەندێك بۆچوونی پێشتریش هەبوون کە لیژنەکە وەکو ناوەکەی وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی بێت کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی؟ سوپاس کاك دانا فەرمووو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە لیژنەکە لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی بێت، لەبەرئەوەی ئەگەر کۆمەڵی مەدەنی تەرجەمەی حەرفی بێت بەرامبەر (سیڤیل سۆسایتی)ی ئینگلیزی، من پێم وایە هەموو ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، ئەوجا ئەو ڕێکخراوانە سیاسی بن، یاخود سیاسی نەبن، حکومی بن یاخود حکومی نەبن، جا بۆیە من پێم وایە دەکرێت هەروەکو خۆی تەنیا مەسەلەی کاروباری بۆ زیادبکرێت و ڕێکخراوەکان لابچێت

و وەك ئەوەی كاك سالار باسی كرد (كۆمەلگا) دەكرێت بكرێت بە (كۆمەڵ)، لەبەرئەوەی كۆمەلگا لە زمانی كوردی هەندێك كات مانای شوێن دەدات، ئەو پاشگری (گا)یە، یەك خاڵ دەمەوێت ڕوونی بكەمەوە ئەوەیە ئایا مەهامی ئەو لیژنەیە چی دەبێت دوای ئەوەی كە یاسای ڕێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی كە دەردەچێت؟ لەبەرئەوەی ئەوە ئێمە نین با بڵێین پەرلەمان نیە كە بەدواداچوون دەكات، تەعقیبی ڕێكخراوەكانی كۆمەلگەی مەدەنی دەكات، بەڵكو ڕێكخراوەكانی كۆمەلگەی مەدەنین كە ئەوان ئەو تەعقیب و بەدواداچوونەی دەكەن، چ پەرلەمان بێت یاخود كاروباری حكومەت بێت، جا بۆیە من پێم باشە ئەو كاتەی كە تەعریفی یاخود پێناسەی دەكەی یاخود مەهامەكەی دیاری دەكرێت وابكرێت كە پێناسەكە بەو شێوەیە بێت كە ئەو لیژنەیە بەدوای كاروبارەكانی ڕێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی دا دەچێت لەو وەزارەتە یاخود لەو فەرمانگایەی كە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بزەبت چی لێ بێت ناوێكم بدەرێ بەڕێز.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵی مەدەنی بێت، لەبەرئەوەی ڕێكخراوە سیاسیەكانیش دەگرێتەوە ئەو كاتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پێشتریش بەڕێزێك تەئكیدی كرد، سوپاس، كاك فرست موداخەلەیەكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕاوەستان و دانیشتنی ئەندامان، ئەوە لە نیزامی داخلی ماددەی 56 لە فەقەرەی 1 كە لە جێگای خۆی بێت ڕادەوەستێت، ئەگەر بێتە سەر ئەو مەنەسەیە دادەنیشێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من پێم باشە لیژنەی كاروبارەكانی كۆمەلگای مەدەنی بێت، ئەگەر بكرێت لە پێناسەكەدا لە بەینی دوو قەوس شتێك ئیشارەت بدەین بەو ڕێكخراوە پیشەییانەی كە وەكو یەكێتی مامۆستایان و بۆ ئەوەی سەلاحیەتی ئەم لیژنەیە موتابەعەی لایەنی ماددی و یاخود هەر كاروبارێكی تری ئەم ڕێكخراوە پیشەییانەش بچێتە زمنی سەلاحیەتی ئەم لیژنەیە.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی لیژنەكە چی بێت بەڕێز؟ .

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی كاروباری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێكخراوە پیشەییەكان) وەكو یەكێتی مامۆستایان و سەندیكای تەندروست كاران و ئەوانە، بۆ ئەوەی بتوانێ سەلاحیەتی هەبێت ئەو لیژنەیە موتابەعەی ئەوانیش بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانیش ڕێكخراوی مەدەنین خوشكی من، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەروەكو برادەران دیارە قسەكەی منیان كرد، بەڵام بەو پێیەی كە هەم حیزبیش وەكو ئاداتێكی موجتەمەعی مەدەنی حیساب دەكرێت، وە هەم لە پێناسەكەدا جیگەی بگرێتەوە، هەم ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان و هەم نەقابات و ئیتیحادات هەمووی ئەمە لە هینەكەدا ڕێك بخرێت، بەڵام وەكو ناوەكەی بە موختەسەری با لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو پێشنیارەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی تەسەور دەكەم دروست ترە، چونكە داعی نیە تیكراری قسەكان بكەم ئەوانەی تر هەمووی لە ناو كۆمەڵگای مەدەنین، یەك شتی تر دەمەوێت بیڵێم ئێمە لە زمانی كوردی چەند چەمكێكی ئەكادیمیمان هەیە، ئێمە (سۆسایەتی) یمان كردووە بە كۆمەڵگا، (كۆمیونتی) یمان كردووە بە كۆمەڵ، بۆیە تەسەور دەكەم (گا) یەكە بۆ وەختە یان بۆ جێگایە و بۆ جێگا نیە كە ئایدیایەك خۆی چەسپاند ناچی بگەڕێی وشەكانی لەكوێ هاتوونە، سۆسایەتی و موجتەمەع یەعنی كۆمەڵگا، كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی تەنها ڕێكخراوەكان ناگرێتەوە، كۆمەڵگای مەدەنی كە دەكاتە كۆمەڵگای سیڤیل، ئەو بوارەیە لەنێوان دوو بەش و دووچەمكی گەورەی كۆمەڵگا كە یەكێكیان بۆ دەسەڵاتەو سیاسەتە ئەوەی تریشیان بۆ قازانجەكەیە كە ئابووریە، ئەگەر تەماشا بكەین بڵێین كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی واتە نە بەس ڕێكخراوەكان، بەڵكو هەموو نەشاتاتی تری كە دەكرێن لە دەرەوەی سیاسەت و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالسلام قسەی منی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە کاك ئاسۆ و کاك عبدالسلام دەکەم کە لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بێت، کۆمەڵگا هەروەکو دانیشتگا شوێنێکە لەناو کۆمەڵەگەدا ئەو کارانەی دەکرێت لەناو کۆمەڵگە هەر بە کۆمەڵگایش بمێنێتەوە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەس نەما قسەی بکات لەوانەی کە ناویان نووسی بوو؟ بەڕێزان دوای موناقەشە کردنی ئێوەی بەڕێز لەسەر ناوی لیژنەکە، سێ موقتەرەحی بەرچاوە کە پشتیوانی هەبوو، یەك لەوانە (لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی)، دووەم: لیژنەی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی، سێیەم: لیژنەی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیقتراحەی یەکەم لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنیە، نەك کۆمەڵەی مەدەنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕاستە کۆمەڵی مەدەنی، ئێستا یەکەم پێشنیار دەخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 53 بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە نیە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟ 26 کەس لەگەڵ دانیە، بۆیە ئەم موقتەرەحە 53 و 26 دەرچوو، موقتەرەحی دووەم لیژنەی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی، تکایە دوو جار دەنگ مەدەن، کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟ 19 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ نوقتەی نیزامی فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم جارە هەتاوەکو کۆتایی گوێم لێ بگرە، ئێمە تاوەکو ئێستا ئەو سیستەمەمان بەکارنەهێناوە، لەبەرئەوە تکا دەکەم هەروەکو جاران کێ لەگەڵ دایە، ئەو دەنگ بدات و ئەوەی لەگەڵ دانیە با ئەو ئەشکالیەتە دروست نەبێت تاوەکو ئەندامان ڕادێن لەگەڵ ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك فرست تەوزیح دەدات فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەگەڵ موقەرەحێك بێت مەفروزە یەك جار تەسویت بکات، نابێت لەگەڵ سێ موقتەرەح بێت، بەس ئەوەی لەگەڵ دانەبێت دەتوانێ لەگەڵ ئەوانی تریش نەبێت، یەعنی دەتوانێت دووجار و سێ جار لەگەڵ نەبێت، ئەوەی تریش ئەگەر ئێمە پێش ئێستا بەشێوەیەك و بە شکلێکی ناڕێك بەڕێوە چوو بێت خۆ شەرت نیە، ئێمە ڕاستی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو موقتەرەحی دووەمە لیژنەی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی، کوێستان خان کەرەم کە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم کە دەنگی زۆرینەی هێناو لەبەرامبەریەك کە کەمینە لەگەڵی نەبوو، ئیتر تەواو، بە ڕەئیی من پێویست ناکا هی دووەم بخرێتە دەنگدان، تەواو ئیتر پێشنیاری یەکەم زۆرینەی هێنا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا من تەئیدی کوێستان خان دەکەم

نوقتەی نیزامی کاك شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش لەگەڵ نوقتەی خوشکی بەڕێزێم کوێستان خانم، ئێمە کە زۆرینە دەنگمان هێنا، مەعنای وایە کە کەمینەکە بە نەزەر ئیعتیبار وەرناگیرێ دووبارە ئێمە تەسویت بکەین، لەسەر چ تەسویت بکەین؟ من نازانم بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆرش، فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە سەرەتای هەر دانیشتنێك ژمارەی ئامادە بوان بزانین، بۆئەوەی لە لێکجیاکردنـەوەی دەنگـەکان بزانین زۆرینە کامەیە وکامە نیە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەتەماینە ئێمە سیستەمی ئەلیکترۆنی، کەهەر کەسێك کە دەنگی دا دیـار بـێتن، ناوەکـان دیـار بێتن، خەریکین ئێمە هێشتا زۆری ماوە، بەلاّم تەنزیمی ئەکەین بە دڵی ئێوە ئەبی ئینشاء الله، کاك فرسـەت قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(53) دەنگ تەئیدی موقتەرەحی ئەوەلیان کرد، مەعنای ئەوەیە (58)ی تر ماون، ئیحتمال هەیە بەتەمانە تەئیدی موقتەرەحەکەی تر بکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەمن لەگەڵ رەئیی کاك شێروانم، ئەگەر بێتو بلعەکس با (60) دەنگ تەئیدی ئەوەلیان کردبا، مەعنای وایە ئەوانی تر ئەفەلیەتن، ئـەوەی مـاون بـۆ موقتـەرەحێکی تر، چونکە لێرە (53) دەنگن هیشتا (58) دەنگی تر ماون، ئیحتمال هەیە تەئیدی موقتەرەحی تر بەکەن، لەبەر ئەوە مەفروزە ئـی سێیەمیش بخرێتـە دەنگدانـەوە، ئـەو وەختـە تەماشـا ئەکـەین کـێ زیـاتر دەنگـی هێنایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەگـەر (53) دەنگـی هێنـا، مـەعنای وایـە تەسـویتی دووەم و سـێیەم ئەکیـدە لـە (53) زیـاتر دێنـێ، چونکە دژی رەئیەکەی خۆیەتی، چۆن دژی رەئیـی خـۆی تەسـویت دەدا، بـە تەئکیـد بـە نـەفی سـەوت دەدا، نەك بە ئیجاب، سەوت بدا، بە نیسبەت موقتەرەحی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق، فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من راستیەکەی دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە (53)ەکە پێویستە بەردەوام بین لە دەنگ دان،چونکە هەمیشە کۆی دەنگەکان وەر بگرین، ئەگەر یەك دەنـگ لـە کۆی ئامـادەبوان زیـاتر بـوو ئەوکاتـە پێویست ناکا بەردەوام بـین، بـەلاّم ئایـا ئێمـە (107) کـەس لێـرەین ئەگـەر (105) کـەس لێـرە بـین بـەڵی

(53)ێیه، و پێویست ناكا ئەمە یەك، دووەمیشیان كاك فرسەت فەرمووی كە ئینسان بۆی هەیە دوو جار بلێ نەء دەنگ بدا، ئەمەش من وا تێگەیشتم ئێوە فەرمووتان، كە دەبێ یەك جار پشتگیری پێشنیارێكی دیاری كراو بكا، بەلاَم بۆی هەیە دوو جار یان زیاتر لە جارێك دژی پێشنیارێك دەنگ بدا، ئەمەش رەوا نیە؟ چونكو كە پێشنیارێك (50) دەنگ دێنێ، رەنگە (60) كەس ئەوەی كە دوو جار دەنگ دەدا دژی بێت، پێشنیارەكە بكەوێ لەو حالەتەدا بەلی من وا تێگەیشتم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئیمڕۆ پینج غایبمان هەیە، (4) رێزدار لە لیستەكانن، بەلاَم نەهاتوونە، ئەكا (9)، لێی دەركەیت (53) یەعنی لە نیوەی زیاترە، نوقتەی نیزامی، كەرەم كە كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لە پێشتریش لە خولی پێشتر هەر وا بووە، هەر رەئیەك، هەر پێشنیارێك، كە هات دوو ئەندامانی پەرلەمان پشتوانی لێ كرد، ئەو رەئیە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ بخرێتە دەنگ، ئیلا ئەگەر رەئیەكەی خۆی سەحب بكاتەوە، ئێستا سێ ئیقتراح هەبووە، سێ رەئی هەبووە، رەئیێكیان ئەوە بووە رێكخراوی كۆمەلی مەدەنی، رەئی دووەم: ئەوە بووە كاروباری رێكخراوەكان وكومەلگاكانی مەدەنی لەگەلی،، هەر سێكی ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، یەكەمیان بخرێتە دەنگدانەو بزانین چەند دەنگی هێنا، پێویست ناكا بلێی كێ دژیتی، دووەمیان پێشنیاری دووەمیش بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیاری سێیەمیش: بخرێتە دەنگدانەوە كێ دەنگی ئەكسەرییەی هێنا تەواو ئیتر سقوت ئەكات و كۆتایی پێدێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ناوی غایبەكان ئەخوێنین، ئەگەر غایبەكان (بلفعل) غایب بن، نەوەك خۆیان لێرە بن ئیمزایان نەكردبێ، ئەگەر (53)یەكە لەنیوەی زیاتر بێ ئەوە حەسم ئەبێ، ئەگەر نا وەكو خۆی ئەڕۆین، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز احمد سلێمان عبد الله، غایبە، ایوب نعمت قادر رەحمان، غایبە، سەردار رشید محمد ، شەونم محمد غەریب طه، گەشە دارا جەلال،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شوان عبد الكريم ئەويش ئيجازەيە لەگەڵ خاتو گەشەو شەونم خان و كاك ئەرسەلانيش لێرە نيە كاك محمد محموديش لەگەڵمان نيە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان (53) ئەغلەبيەتە، چوار ڕێزدار هێشتا سوێندی ياساييان نەخواردوە، وە شەشيش ئيمرۆ لەناو ساڵۆن نين، ئەوە ئەبێتە (10)، (91) تەقسيم دوو بكەين (50) كەمتر ئەبێ، بۆيە موقتەرەحی يەكەم قبووڵ كرا وە ئەچينە فەقەرەيەكی تر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر،فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امين خدر نورەدينی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

لەپێشكەش كردنی پێشنيار چەند شێوازێك هەيە، ئەگەر يەك پێشنيار بێ ئەوە دەكرێ هەردوو لای ئەوەی كە دەنگی پێ دەدا ئەوەی كە دژيەتی هەردووكی وەربگيرێ، لە حاڵەتی دوو پێشنياردا، پێشنيارێك كە ئەكسەريەتی هێنا ئەوەی تر بەخۆی ڕەفز دەبێتەوە، حاڵەتی سێيەم پێی دەوترێ تەعەددوديەتی پێشنيار، واتا لە يەك كات دا چەند پێشنيارێك هەيە هەر سێ پێشنيارەكە دەخرێتە دەنگدانەوە، لەنێو پێشنيارەكاندا ئەوەی كە ئەكسەريەتی هێنا ئەو وەردەگيرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم ماددەيە يەك يەك دەنگتان لەسەر دا، بەڵام گشت ماددەكە ئەخەينە دەنگدانەوە، هەر (18)ەی، تكايە كێ لەگەڵە؟ دەستی بەرز بكاتن ببورن، (19)ەيە، كێ لەگەڵدايە؟ دەست بەرز بكات، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ شەش كەس لەگەڵی دانيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسند كرا، ئەچينە ماددەی دوو برگەی دوو لە ماددەی (39)ی هەموار كراو بەم شێوەيەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، ليژنە هەميشەييەكان لە ژمارەيەك ئەندام پێكدێن، كەلە پێنج ئەندام كەمتر نەبن وە لە (11) ئەندميش زياتر نەبن، ليژنەيەكيش لەناو ئەندامانی دا سەرۆكێك و جێگری سەرۆك و بڕياردەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، عەرەبيەكەشی (تعدل الفقرة الثالثة من المادة (39) المعدلة وتقرا كالآتي: تشكل اللجان الدائمية من عدد لا يقل عن خمسة أعضاء ولا يزيد عن (11) عضوا تنتخب كل لجنة من بين أعضائها رئيسا ونائبا للرئيس ومقررا لها ) ئێستا بەڕێزان بۆ ئەو ماددەی دوو كێ ئەيەوێ قسەی لەسەر بكاتن ناوی خۆی بدا تا بەشدار بێت، ئەو ڕێزدارانەی كە ويستيان قسە بكەن لەسەری كاردۆ، د. احمد عمر عبد العزيز، محمد سعيد، ناسك، سۆزان، عەونی بەزاز،اسماعيل، نەريمان عبد الله، ناويان ئيزافە كرد كەسی تر هەيە؟ نيە ڕێزدار كاردۆ كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە لیژنەی هەمیشەییەكان كە ئێمە ئێستا دەنگمان لەسەردابوو بۆ دانانی لیژنەكان، ئەگەر لە پێنج ئەندام كەمتر نەبێ، ئەگەر ئێمە زیاتریشی كەین بڵێین لە حەوت ئەندام كەمتر نەبێ ئیجابی ترە، یەعنی بەلای منەوە ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تریش ئێمە لێرە لە فراكسیۆنی جیا جیا، واتا پەیوەندی بە ئەوە هەیە كە ئەو ئینتخاباتە ئێمە یەكێك لە پێوەركانمان بوونی هەر كەسێك لەو لیژنانە پەیوەندی بە ئارەزوو و پسپۆری هەیە، من پێم وایە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ویژدان و ئینسانەكان هەیە كە چۆن دەنگ ئەدەن، بەڵام ئێمە ئەگەر تەناسوبێكی تیابكەین، ئینسافێكی تیا بێ لە حیساب كردنی كەفائەتی ئینسانەكە، یەعنی نەك بەوەی لە لیستی منە ئیتر ئەبێ من بە عەدەد دەنگی پێ بدەم، یەعنی مەسەلەن زۆر كەس هەیە لە لیستێكە ڕەنگە ئەقەلیەش بێ لە خۆی دا، بەڵام كەفائەتی ئەوەی هەیە خۆی میهنەكەی ئەوەیە، ئەگەر بتوانین شت زیاد بكەین تەناسوبی تێدا بێ بۆ هەڵبژاردنەكە بە ئیجابی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د. احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ ژمارەی ئەندامەكان، پێم باشە لە پێنج ئەندام، چونكە ئەگەر (19) لیژنەمان هەبێ ئەندامەكان دابەش كەی، ئەگەر زیاتر بێ وابزانم خەڵكی بەرناكەوێ، هەر لیژنەیەك بەڵام ئەو رایەم هەیە، كە وەكو كاك كاردۆ باسی كرد وهەڵبژاردنی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنەكە، من پێم باشە وا بنووسرێ هەر لیژنەیەك لەناو ئەندامەكانی دا سەرۆك وجێگرێك وبریاردەرێك بۆ خۆی دیاری بكات، بۆ ئەوەی بوارێك بهێشترێتەوە بۆ شێوازێك لە تەوافوق، هەموومان ئەزانین پێكهاتەی پەرلەمان چۆنە، بۆ ئەوەی كە هاوسەنگیەك ببێ لە دیاری كردنی سەرۆك و جێگر و مقەرری لیژنەكان، یەعنی ئەگەر بوترێ دیاری دەكات نەك هەڵدەبژێری بوار ئەمێنێتەوە بۆی واتا لیژنەكان لە نێوان خۆیان شێوازێك لە تەوافوق بتوانن ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر روونكردنەوەیەك ئێستا لەسەر ژمارەكان ئیتفاق بكەن ئەو تەفسیلاتە پاشان لەناو لیژنەكان، ناو فراكسۆنەكان، لەگەڵ یەكتر دبنیشن، ئیتفاق بكرێ لەوێ بریاری لێ بدەن، زۆر مەنتقیە تەوافق بكرێتن، بەڵام ئێستا بەس ژمارەكەیە لەچەند كەمتر نەبێ، لە چەند زیاتر نەبێ؟ كاك عبد السلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن بەپێی ئەوەی من اختصاصم ریاضیاتة، ئەگەر کردتە شەش ئێمە (114)مان پێویستە، بۆیە وابزانم، ئەگەر برادەران و خوشکان ئەیانەوێ موناقەشەی مەسائیلی تر بکەن من پێشنیاری ئەو قسەی جەنابت دەکەم، پێنج حەدی ئەعلایە بۆ حەدی ئەدنای خوارەوە، یەعنی (19) لیژنەیە لە پێنج کەمترە نابێ بکرێ، لەشەش کەمتر نەبێ، یان لە حەوت کەمتر نەبی، چونکە بەشی ناکا، ئەگەر خیلاف هەبی لەسەر (11) زیادو کەم ئەوە مەوزوعێکی ترە من پێشنیار ئەکەم، ئەگەر قسە لە دەرەوەی رەقەمەکە بێ رێگا نەدەیت تا تەسبیت ببێت، پاشان رێگا بدە بۆ موناقەشەی مەسائیلی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمرۆ بەپێی بەرنامەمان، لێرە بۆچۆنیەتیەکەی لە ناو فراکسۆنەکان، لەناو لیژنەکان، لەگەڵ سەرۆکایەتی موناقەشە ئەکەین، بەس لێرە ژمارەکە تەحدید بکەن ئێوەی بەرێز حەدی ئەدنا چەند بێت، لەچەند کەمتر نەبێ، لە چەند زیاتر نەبێ، ئەو دو رەقەمە تکایە کاك، عمر عبد العزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا نوقتە نیزامیەکم هەیە، کە ئەم ماددەیە تەنها باسی ژمارە نییە، چونکە ئێمە سێ خاڵمان لەبەر دەستایە، باسی دیاری کردنی لیژنەکانە، باسی دیاریکردنی سەرۆك، ئەویش وەکو تێبینیەك بەنسبەت من ناڕوونیەك ئەبینم لە ماددەکانی پەیوەست بەمە کەلە فەسلی شەشە، وابزانم لە خاڵەکانی تر لە شێوەی سەلاحیاتی دابەش کردن سەلاحیەتی سەرۆکایەتی بەرێز بۆ دابەش کردنی لیژنەکان من راسپاردەم هەیە، یەعنی نازانم ئەچێتە چ خانەیەکەوە، چونکە عرزم کردی، ئەگەر هەرباسی ژمارە بێ ئەوە قسەم نیە، بەس باسی شتی تریش بێ من پێمباشە لیژنەکان تەنەوعی تێدابێ، تکام وایە لە بەرێزتان هەوڵ بدەن فراکسیۆنەکان بۆ دەوڵەمەند کردنیان بۆ ئەوەی باشتر خزمەت بە بوارە جۆراو جۆرەکان بکرێ ئەگەر تەنەوع لە لیژنەکان هەبێ، ئینسافی تیابێ، حیساب بۆ کەفائەت و ئەهلیەت و ئەوانە بخرێتە پێش هەموو شتێك زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

روونم کردەوە بۆ بەرێزت وتم ئەوەی تر پاشان مناقەشەی لەسەر ئەکەین، ئێستا ژمارەکانمان بۆ تەحدید کەن، وەکو لێرە هاتووە پێشنیار کراوە لە پێنج کەمتر نەبێ لە (11) زیاتر نەبێ، نوقتەی نیزامی کەرەمکە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەیڵێمەوە نوقتەکەم ئیحتماله ئێستا بڵێی نیزامی نیە، بەڵام جەنابت تەئکیدت کردەوە تەنها لەسەر ژمارە، لەبەر ئەوە قسە کردن لە دەرەوەی ئەو بابەتە قسەکە دەچێتە دەرەوەی بابەتەکە، تکاتان لێدەکەم هەر ئەوەندە لەسەر ژمارەکان روونی بکەنەوە جارێکی تر وە لە پاشان لەسەر ئالیەتیەکە مەجال زۆرە خۆمان قسە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی، فەرموو،

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، برادەران قسە لەسەر بابەتێك دەکەن خارجی بەرنامەی کارە، بەرنامەی کار، ئەگەر مولاحەزە بکەین لە ماددەی دوو تەنها باسی فەقەرەی سێیەم دەکا لە ماددە(59) پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر ئەو تێبینیەی ئەو بەڕێزە کە ئیختساسی ریاضیات بوو منیش هەر ئەوەم هەیە بەراستی لەکاتی تەسویتی لیژنەکان وتم لیژنەکان زۆرن، ئەگەر بڵێین لە پێنج کەمتر سێیانی ئەڕوا بۆ سەرۆکایەتی ئەوە نابێ لە دوو ئەندامی کەمتری هەبێ، حەدی ئەدناکەی لە پێنج کەمتر نابێ، بەلاّم (11) زۆرە ئەوکاتە هەندێك لیژنە عەددەدی زۆر زۆر ئەبێ وە هەندێکی هیچی بۆ نامێنێتەوە، بۆیە پێم وایە سەقفی ئەعلاکەی لە حەوت زیاتر بێ، هیچی بۆ نامێنێ، پێنج بۆ حەوت لەمە زیاتر عەمەلی دەرناچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

بەڵێ بەس هەر ئەندامێك حەقی هەیە لە دوو لیژنە بێت وە ئەتوانرێش لە یەك بێ د.احمد، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ئێمە کە قسەمان لەسەر ئەوە کرد ئەو برگەیە راستە، برگەی سێیەمە لە ماددەی (39)، بەلاّم هەمان برگە تەنها باس لە ژمارەکە ناکات، یەعنی حەقی ئەندامانی پەرلەمانە موناقەشەی هەموو برگەکە بکەن کەباس لە هەڵبژاردنی ئەندامان و سەرۆك و جێگر و موقەرریش ئەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك حەمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من ئەڵێم لیژنەكان زۆر گرینگن، كاری پەرلەمان بەستراوە بە كاری لیژنەكانەوە، ئەوە خاڵێك وە ئەم برگەیەی كە بەڕێزتان داتانە بەر تەعدیل و هەموار كردنەوە فعلەن هەر باسی ژمارە ناكات باسی چۆنیەتی پێكهاتەو دانانی سەرۆك و جێگر و مقەررەكە من وا ئەزانم تەواوە برگەكانی ماددەی (39) گرنگن، بۆیە داوا ئەكەم ئەگەر نەبێ بە مخالەفە و مخالەفەی نیزام ئەوا پێشنیار دەكەم لە كۆبوونەوەی داهاتوو وابێ، یان جەنابتان چۆن بە موناسبی دەزانن هەر ئەو برگانەی تریش هەموار بكرێ، چونكە دانانی لیژنەكان دەڵێ سەرۆكایەتی دایدەنێ پێویستە سەرۆكی فراكسیۆنەكانی تیابێ، چونكە سەرۆكی فراكسیۆنەكان مەسەلەی دابەش كردنی لیژنەكان و دانانی سەرۆك و جێگر و ئەمانەش تەوافقی تێدابێ وە هەندێ برگەی تێدایە ناچمە ناو تەفاسیلی بۆئەوەی كات بهێڵمەوە موبەریری نازانم بۆ بكرێ بە پێنج موبەریرەكەی، حەز ئەكەم بفەرموون وە من پێم باشە هەر حەوتەكە بێ، حەوت بۆ؟ ئەگەر مەفتوح تر بێ لە (11) زیاتر بێ تەبیعیە، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە رەئی جەنابتە كە حەوت بێ، رەئی هەندێ ئەندامانی تر ئەوەیە كە لە پێنج كەمتر نەبێ وە هی برایەكی تر لە حەوت زیاتر نەبێ هەموو رەئیەكان بە ئیحترام وەرئەگرین، خۆتان بڕیاری لێئەدەن ئێستا یەكەم شت با رەقەمەكە دیار بكەین، ئەگەر بۆ مەوازعی تریش ویستتان مناقشە بكەین، بەڕێزان لە داهاتوو هەموو نیزامەكە جارێكی تر پێیدا ئەچینەوە لەكوێ شتێكمان دیت گرینگە خزمەتی هەرێمەكەمان ئەكا خزمەتی ئەم پەرلەمانە ئەكا باشتر ئیش بكاتن پێدا ئەچینەوە ئەمە شتێكی ثانی بوو ئەم لیژنانە ئەبێ هەبێ بۆ ئەوەی دەست بەكار بین لەم زروفە، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ماددەیە ئەكەم وەك خۆی (تشكل اللجان الدائمیة من عدد لا یقل عن خمسة اعضاء ولا تزید عن (11) عضوا و تتنتخب كل لجنة من بین اعضائها رئیسا و و نائبا للرئیس و مقررا لها ) وە ئەو بەڕێزانەی زۆر زۆر قسەیان لەسەر مەوزوعی ئالیەتیەكە كرد وە چۆنیەتی دانانەكە وا بزانم لە هەڵبژاردن دیموكراسی تر نیە، بەڵام ئەگەر باسی ئیتفاقات بكەین ئەوەلەناو هۆڵی ئەم پەرلەمانە نەكرێت، ئێمە خۆمان لەگەڵ بەڕێزان سەرۆكی فراكسیۆنەكان دانیشتن ئەكەین، وە ئەو مەوزوعانە هەموو دەبڕێتەوە، حەز ئەكەم بۆ مەوزوعی پێنج كەمتر نەبێ، بەڕێز كاك فرسەت ئەو روونكردنەوەی ئالیەتیەكە بدات بۆچی لە پێنج كەمتر نەبێت دانراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی، فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کەلە پرۆژەکەدا هاتیە دەکەم، بەتایبەتی ئێمە ئەزموونەکی زۆر وازحمان هەبوو لە خولی دووەمی پەرلەماندا سەبارەت بە ژمارەکان، ژمارەی لیژنەکان کە چەند زۆربێ بەراستی ئیش لە لیژنە ناکرێ، لویێ پرۆژەکە بەم شێوەیە هاتووە لە پێنج کەمتر نەبێ وەلە (11) زیاتر نەبێ، وە زۆر پرۆژەیەکی مەعقولە و مەنتقیە،، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل، فەرمووو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش هەروا وەك کاك عەونی باسی کرد، بەپێی تەجروبەی پێشوومان لە پێنج کەمتر نەبێ ولە (11) زیاتر نەبێ، چونکە شەرت نیە هەموو لیژنەکان (11) تەواو بکا یان (7) تەواو بکاتن، بۆیە وەکو خۆی کە هاتیە زۆر باشە وا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نریمان، فەرمووو.

**بەڕێز نەريمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو رەئیە ئەکەم بەراستی نیسبە و تناسب هەبێ لە دانانی سەرۆکی لیژنەکان و جێگر و موقەڕڕەکان بەشێوەیەکی تەوافوقی بکرێ، لەبەر ئەوە ئێمە هەر لە حکومەتی عیراقیشەوە لەناو پەرلەمانی حکومەتی عیراقیشدا ئەوەمان بەکارهێناوە تەنانەت لە موسلیش ئێستا ئەو کێشەمان هەیە کە ئیمە بە تەوافوق ئەوکارانە ئەکەین بۆ ئەوەی کەس هیچ فراکسیۆنەکان هەست بە غوبنێك نەکەن لە مەوزوعی سەرۆکایەتی و جێگرو موقەرر، بەلاّم وەکو عەمەلیەکی دیموکراتیش زیاتر من پێشنیار ئەکەم، من قسەکەم بۆ (5)ەکەو (11)ەکە نیە، هیچ کێشەیەکم نیە تەئیدی ئەکەم، بەلاّم من پێشنیارێکم هەیە لێرە ئەلێ هەر لیژنەیەك لەناو ئەندامانیدا بە یەك هەڵبژاردن سەرۆکێك و جێگری سەرۆك و بریاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، بۆ ئەوەی یەك عەمەلیەی هەڵبژاردن بکەین، کێ دەنگی زیاتری هێنا سەرۆك بێ کێ دووەم دەنگی هێنا جێگر بێ، کێ سێیەم بوو موقەرر بێ، لەبەرئەوە پێموایە هەم عەمەلیەیێکی

دیموكراتیە و هەم تەوافوقەكەش نیە، من ئەو پێشنیارم كە بڵێم بەیەك هەڵبژاردن هەر سێیەكیان دەست نیشان بكرێ نەك بەجیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تەواو بوو ئەو بەڕێزانەی ویستبوویان قسە بكەن موقتەرەح هەیە لە (7) كەمتر نەبێتن لە (11) زیاتر نەبێ، موقتەرەحی تریش هەیە وەكو خۆی بمێنێ، لە (5) كەمتر نەبێ، لە (11) زیاتر نەبێ ئەو موقتەرەحەی كە ئەڵێت لە (7) كەمتر نەبێ، لە (11) زیاتر نەبێ، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن كەلە (7) كەمتر نەبێت، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونكردنەوەی كاك عبد السلام كردی كە عەدەدی پەرلەمانتار ئگەر (19)بێ بەش ناكا، یەعنی شتەكە موستەحیلە ئێمە داواشی بكەین بڵێین (7) خۆی كەدابەشی دەكەی ئەوەندە عەدەدی ئەندام پەرلمان نیە كەواتە ئەمە بەخۆی ڕەفز ئەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دوو كەس با دیفاعی لێبكاتن بۆ لە (7) كەمتر نەبێ وە لە (11) زیاتر نەبێ، دوكەسیش دیفاعی لێبكات بەعەكسەوە، كێ پێی باشە كە لە (7)كەمتر نەبی؟ با هەڵبستێت بە تێرو تەسەل موناقەشەی بكات، شەرحی بكا بۆ پەرلەمانتارەكان، كێ ئەیەوێت لە (7) كەمتر نەبێت؟ كەس هەیە؟ كەس نیە برا كێ ئەیەوێ لە (5) كەمتر نەبێ و لە (11) زیاتر نەبێ؟ كاك عبد السلام كەرەمكە.

**بەڕێز عبد السلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەزمەكە خۆم هەڵمكرد، پاشان خۆم پەشیمان بووم، داوای لێبوردن دەكەم، حیسابی ئەوەم نەكرد ئێمە هەر یەك ئەچیتە دوو لیژنە واتا دەبێ حیساب كەم (122) كەس تەقسیمی (19) ئەوكاتە ئەو قسەی من كردم هەمووی ریازیاتیەن غەڵەت بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیستا كێ لەگەڵ ئەوەیە لە (7) كەمتر نەبێ لە (11) زیاتر نەبێ؟ تكایە دەست بەرز بكەن،نا نا هەر یەك كەس نەبوو، برا موقتەرەح هەبوو چەند رێزدارێك هەبوو وتیان لە (7) كەمتر نەبێ، ئەوانەی ئەڵێن لە (7) كەمتر نەبێ؟ با دەست بەرز بەكەن؟ نیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە لە (5) كەمتر نەبێ و لە (11) زیاتر نەبێ؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟ بەكۆی دەنگ لە (5) كەمتر نەبێ لە (11) زیاتر نەبێ پەسەند كرا.

ئێستا ماددەی دوو هەر هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە دوو وەك خۆی بمێنی؟ دەست بەرز بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ دوو كەس، كاك نەریمان كەرەمكە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئاخیر كەس بووم كە قسەم لەسەر ئەو فەقەرە كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبیرمە بەس یەك كەس بووی، چاوەكەم یەك كەس، یەك موقتەرەح ئێ من چی لێ بكەم غێر بۆ ئەو مەوزوعانە ئەبێ پێشتر لە لای خۆتان موناقەشەبكەن، ئیتفاقی لەسەر بكەن، دوایی لێرە تەرح بكرێ، موشكیلە نیە هەردووكی یەكە، ئیجازە هەیە بۆت روون بكەمەوە، بەس یەكێك حەزی لێ نەبێ موقەرربێ، بەزۆر بیكەی ببیتە موقەرر ئەویش نابی چاوەكەم یەعنی ئەمە مادام ئەڵێین رەغبە، ئیحتمالە یەكێك حەزی لێ بێ سەرۆك بێ، بیكەیتە جێگریش نەیكاتن، جا لەبەر ئەوە ناتوانین فەرز كەین، ئەوە رەغبەتی ئەندامەكەیە، ئەو ئەندامە بەڕێزە لەوەیە یەكێ حەز ئەكا موقەرر بێ بیكەیە سەرۆكیش نایكا، نابێ فەرزی كەین، ئەوە بۆخۆیان، بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێ بمینێ، ئێستا ماددەكە قبول كرا، ماددەی سێ ماددەیەكی زەروریە كار دەكرێت بەم هەموار كردنە لە رۆژی دەرچونیەوە وە لە رۆژنامەی (واقعی كوردستان ) بلاو ئەكرێتەوە ( یعمل بهذا التعدیل أعتبارا من تاریخ اصدارە و ینشر فی الجریدة الرسمیة(وقائع كوردستان). كەس هەیە قسەی لەسەر بكات؟ یەك كەس، رێزدار كاك عەونی بەتەنها هیچ موقتەرەحێكت وەرناگرین، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، من پێشنیار دەكەم صیاغەكە بگۆڕێت بەو شێوەیەی لێ بێت:

(یعمل بهذا التعدیل اعتباراً من تاریخ تشریعە وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان). لەبەر ئەوەی ئیصدار لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە دەبێت بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار كراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی یەك دەنگ بوو، كەسیش نەیویست قسە بكات، موقتەرەحەكەی كاك عەونی بەزاز وەرناگرین داوای لێبووردنی لێ دەكەین، ئێستا ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا گشت پرۆژەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئومێدەوارین كە سوودتان وەرگرتبێ سبەی سەعات (11) دانیشتنی پەرلەمانمان هەیە، دانیشتنی ئاسایی بۆ دەست نیشان كردنی سەرۆك و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام سەعات (10) سەرۆكی لیستەكان ئەگەر تەشریفیان بێ ئێمە دانیشتنێكیان لەگەڵ دەكەین لەسەر تەوزیحاتی تری ناو پەرلەمان و كارەكان، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سكرتێرى پەرلەمانى
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)
سەرۆكى پەرلەمانى
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## چوارشەممە رێكەوتی 16\9\2009

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2009/9/16

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2009/9/16 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2009/9/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1-دەستنیشـان كردنـی ڕێـزدار كـاك (بەرهـەم احمـد صـاڵح احمـد)بـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانـی كوردستانی عێراق.

2-دەستنیشان كردنی ڕێزدار( ئازاد محمد نجیب محمد سلیم) بەجێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، دانیشتنی ژمارە(4)ڕۆژی دانیشتن 2009/9/16 بەرنامەی کار.

1-دەستنیشان کردنی ڕێزدار کاك (بەرهەم احمد صالح احمد)بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق.

2-دەستنیشان کردنی ڕێزدار( ئازاد محمد نجیب محمد سلیم) بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی کەدوێنێ ئامادە نەبوون ناوەکانیان ئەخوێندرێتەوە، پاشان دێینەوە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غیاباتی دوێنێ ئەمانەن( سەردار رەشید، شەونم محمد غریب، گەشە دارا، شوان عبدالکریم، کاك سالم، عبدالقادر اکرام، ئارام شاهین، ایوب نعمت)، ئەوانەش بەئیجازە حیساب ئەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارمان، دەستنیشان کردنی ڕێزدار کاك (بەرهەم احمد صالح احمد)بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی عێراق. کاك زانا، مولاحەزەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسەی کە لێرەدا پێویستە بکرێت، با ئاماژە بدەین بەوەی کە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرتنی ئەوەی کە لە بڕگەی (12)ی ماددەی(10)یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، تایبەت بەدەست نیشان کردن و تەسمیە کردنی سەرۆك وەزیران هەیە، هەموومان ئاگادارین کە تەنها یەك کەس تەکلیف ئەکرێت، بەڵام پاش هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(2)ی ساڵی 2006من لێرەدا لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەپرسم، بەحوکمی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان ئێستا هەڵبژاردنەکان لەکوردستان ئەنجام دەدرێت بەیەك بازنەی هەڵبژاردن، نوێنەرێك لێرەدایە نوێنەری هەموو کوردستانە، من لێرەدا لەبەڕێزتان دەپرسم، لەچ سیستەمێکی پەرلەمانی وڵاتانی دونیادا هەیە، تەکلیف کردن بۆ دوو شەخص بێت، تەسمیە کردن و تەکلیف کردنی کەسێك بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری تەنها بۆ یەك کەس دەبێت، لەهەموو سیستەمەکانی جیهاندا وایە، ئەم حاڵەتە بەم شێوازە بڕوات بەبڕوای من ئەمە دیسانەوە ئەبێتە تەکریس کردنی مەفهومی ئیداری، بۆیە من لەم پێناوەدا پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێزتان لەم سێ خاڵەدا یەکێك لەمانە بڕیاری کۆتایی ئەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی

بەڕێز، کە یەکێك لەم پێشنیازانە وەربگیرێت، یەکەم: ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت ئەبێت لەناو هەرێمی کوردستاندا وەلەو لە وڵاتان وەزیرێك ئەبێت بەجێگری سەرۆکی حکومەت، ئەگەر ئەبێت ئەم حاڵە بەجێبهێڵرێت بۆ کاتی مەنحی سیقە بەحکومەت، چونکە تەسمیە کردن بەم شێوازە ئەبێتە دوو کابینەی حکومی، دووەم: کار بکرێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەعدیلی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە دەستنیشان کردن لەجیاتی ئەوەی بۆ یەك کەس بێت بۆ دوو کەسە، سێیەم: پێشنیازە بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئەزموونی حوکمەتی کابینەی ڕابردوو جێگری سەرۆك وەزیران لەبەردەم پەرلەماندا تەکلیف کرا، متمانەشی پێبەخشرا، بەڵام کەلاچوو پەرلەمان ئاگاداری ئەم حاڵەتە نەبوو، من لێرەدا پێشنیاز دەکەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ناوێك، ئەگەر تەسمیە کردنی سەرۆك وەزیران وجێگری سەرۆك وەزیران لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا دەبێت، من پێشنیاز دەکەم لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەی جێگری سەرۆك وەزیران کابینەی وەزاریش هەڵبوەشێتەوە، چونکە هەردووکیان بەیەکەوە تەسمیە ئەکرێن، لادانی یەکێکیان ئەبێتە هۆی لادانی ئەوی تریشیان، کەواتە لێرەدا پەرلەمان چۆن لەسەرەتادا وجودی هەیە، لەنیهایەتیشدا وجودی هەبێت، نەك نەیبێت، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە بەردەوام بوون لەسەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بوونە لەسەر تەکریسی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك شێروان حەیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاك زانا ئیشارەتی پێدا، پێویست دەکات بەپرۆژەیەك پێشکەش بەپەرلەمان بکرێت، ئەمە ناکرێت بەم شێوەیە تەرح بکرێت، ئێمە لەبەردەم خاڵێکداین ئەویش تەسمیە کردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و جێگری سەرۆکی حکومەتە، ئێستا بەپێی هەموارکردنی یاسایی ژمارە (1)ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کە فەقەرەی (12) لە ماددەی(10) لەم یاسایە تەعدیل کراوە، کە پێویست بەوە دەکات سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان بکرێن، دوای ئەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە تەکلیف بکرێن بۆ ئەوەی ناوی کابینەکە لەماوەی مانگێکدا دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی متمانەی پەرلەمان وەربگیرێت، بۆیە بەقەناعەتی من ئەوەی ئەو برایە ئیشارەتی پێدا کاتی موناقەشەکردنی ئەو خاڵە نیە ئێستا، پێویست بەوە دەکات بە پرۆژە پێشکەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە یاسامان هەیە، یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ئیزافەتەن لەسەر قسەكانی كاك شێروان، ئێمە ئێستا یاساكە جێبەجێ دەكەین، مولزەمیشین بەو یاسایە، نابێ ئیشارەت بەوە بدەین كە لەوڵاتانی تر شتی وا هەیە یان نا، ئێمە هەرێمێكین یاسای خۆمان هەیەو جێبەجێی دەكەین، جێبەجێكردنی یاساش فەرزە لەسەرمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وا ئەزانین داوای سەرۆكی هەرێم بۆ دیاری كردنی كاندیدیان لە لیستی كوردستانی بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كافی بوو، تەبیعی ئەمە بۆچوونە، لەوانەیە جەنابتان وەڵامتان هەبێت لە لائیحەكە، بەڵام باسی جێگری سەرۆك وەزیرانی تێدا نیە لائیحەكە، بۆیە ئێمە سەرنجمان هەیە لەسەر جۆری ئەم كاندید كردنە لە دوو لایەنەوە، یەكەم: حەق وابوو تەنها باس لەسەرۆكی حكومەت بكرێت، دووەم: پێڕەوی ناوخۆ باسی دەست نیشان كردن دەكات، باسی دەنگدان ناكات، بۆ نموونە ڕێژەی دانگدانی تێدا نیە، كە نهێنی بێت یان ئیقتراحی سری بێت، دواتر كە سەرۆكی دەستنیشان كراو دیاری كرا، خۆی و كابینەكەی ئەبوایە پێكەوە متمانەیان پێبدرایە، جا ئەگەر ڕوونكردنەوەیەكی موقنیع لەلایەن جەنابتانەوە هەبێت، ئەگینا ئەم كاندید كردن و دەنگدانە لەگەڵ ئەم لائیحەیەدا یەك ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەك ڕوونكردنەوەیەك بۆ دواكەوتن لەزۆر وڵات هەیە كە چەند مانگێك ئەبات، چونكە ئەوە پۆستێكی گرنگەو موناقەشەی لەسەر دەكرێت، كوتلەیەكیش كەزۆرینەی دەنگی هێناوە، ئەمڕۆ لەپەرلەمانی كوردستان لیستی كوردستانیە، ئەوانیش ئەم دوو بەڕێزەیان پێشنیار كردووە، هەر بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر لەسەر قسەكان بۆچوونەكانیش هەموویان جێگای ڕێزن، لە بڕگەی (12)ی ماددەی(10)ی یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 2005 هاتووە، دەستنیشان كردنی سەرۆكی وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراقەوە دەكرێت، پاشان لەساڵی 2006 ئەم بڕگەیە هەمواركراوە بەپێی یاسای ژمار(2)ی ساڵی 2006 بەم شێوەی خوارەوە، دەستنیشان كردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراقەوە دەكرێت و ڕادەسپێردرێن بەپێكهێنانی وەزارت و ئەویش لەماوەی(30)رۆژ لەمێژووی ڕاسپاردنەكەیەوە، بۆیە ئەو پێشنیارانەی كەوا كران، هەموویان وەجیهن و لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستانن، پاشان كە لیژنەكان دەستبەكار بوون دەتوانن وەكو پرۆژەیەك پێشكەشی بكەن وتەعدیلی بكەینەوە، ئێوەی بەڕێز بڕیار دەدەن كە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەتەنها لەداهاتوودا تەکلیف بکرێت یان بەم شێوەیە بێت کە ئێستا هەیە، کاك فرسەت ڕوونکردەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەر نەصێکی قانونی، ئەگەر بێت و ئیحالە پەرلەمان بکرێت حەتا ئەگەر باسی بڕیاردانیش نەکات، باسی دەنگدانیش نەکات، مەفروزە بەدەنگدان بێت، چونکە هیچ شێوەیەکی تر نیە، سەرۆکایەتی مانای ئەوە نیە پەرلەمانە، ئەگەر وتیان پەرلەمان، یەعنی جەنابتانن ئێوەی ئەندامان، دوای ئەوەش شێوەیەکی تر نیە کە دیاری بکەین کە پەرلەمان چ بڕیارێکی لەسەر دەدات، مەوزوعی دەنگدانیش، ئەگەر هاتوو ڕێژەکەیان دیاری نەکرد ئەچینە قاعیدەی عام ئەویش (الاغلبیة البسیطة) ئەوی تریش پێی ئەڵێین(الاغلبیة المسمات)قەزیەی سێی یەك یان ربع بێت، ئەوەش لازمە ناوی لێبنرێت، مادام ناوی ڕێژەکە دیاری نەکراوە ئەو کاتە دەچینە قاعیدەی عام، بۆ زۆرینەکە، زۆرینەی ئاسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ وروژاندنی ئەو بابەتە، حەز دەکەین وەکو لیستی کوردستانی ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەین کە ئێمەش، ئەگەر مەسەلەکە دروست کردنی کابینەی حکومەت نەبوایە، لەپێش ئەم دانیشتنەدا هەرچی فراکسیۆنێك هەبوایە لەناو پەرلەمان، پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەش بکردایە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، کە پرۆژەیەك هەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتەو پێشکەشی بکەین بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بچێتە قاڵبێکی واوە کە وا هەموار بکرێت جێی ڕەزامەندی هەموو لایەکمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا هەموولایەکمان مولزەمین بۆیە دێینەوە سەر خاڵی یەکەم، بەنیسبەت دەستنیشان کردنی ڕێزدار( بەرهەم احمد صالح) بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون 73ی لەگەڵدایە، ئێستا کێی لەگەڵدا نیە؟، 28 کەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کە ڕێزدار (بەرهەم احمد صالح) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە کە ناو بندرێت، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی دووەم: دەستنیشان کردنی ڕێزدار( ئازاد محمد نجیب محمد سلیم) بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون 73 کەسی لەگەڵدایە،

باشە کێی لەگەڵدا نیە؟، 28 کەسی لەگەڵدا نیە؟، ئێستا ئەو دوو ڕێزدارە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ناونرا، و ئەچێتە بەردەم سەرۆکی هەرێم و ئەویش لەماوەی مانگێکدا تەکلیفیان دەکات، بۆ دروست کردنی کابینەی شەشەم، زۆر سوپاستان دەکەین دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهات، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، کە دەکەوێتە دواى جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوەو تەمەنا دەکەین کەوا جەژنێکی خۆش و شاد بێت بۆ ئێوەو بۆ گەلی کوردستان، خواتان لەگەڵ.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 6\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/10/6

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2009/10/6 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (5)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/10/6 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-وتـەی بـەخێرهێنان لەلایـەن سـەرۆكی پەرلەمانـەوە بەبۆنـەی ئامـادەبوونی خـاتوو دانیـال میتـەران لـە دانیشتنی پەرلەمان.**

**2-وتاری خاتوو دانیال میتەران.**

**3-پشوویەكی كورت.**

**4-بەردەوامبوونی دانیشـتنەكە بـۆ خسـتنەڕووی پێكهێنـانی لیژنـە هەمیشـەییەكانی پەرلـەمانی كوردسـتان و دەنگدان لەسەریان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 5، ڕۆژی دانیشتن 2009/10/6 ، بەرنامەی کار، وتەی بەخێرهاتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بە بۆنەی ئامادەبوونی خاتوو دانیال میتران لە دانیشتنی پەرلەمان، دووەم: وتاری خاتوو دانیال میتران، سێیەم: پشوویەکی کورت، بەردەوام بوونی دانیشتنەکە بۆ خستنەڕووی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدان لەسەریان.

بەڕێزان پێش هەر شت زۆر زۆر پڕ بەدڵ بەناوی ئێوەی بەڕێزو گەلی کوردستانەوە بەخێرهاتنی خاتوو دانیال میتران دەکەین کەئەم ڕێزدارە دەوری زۆر گرنگی هەبووە لەهاوکاریکردن بۆ پاڵپشتیکردنی گەلەکەمان لەڕۆژانی سەخت ونالەباردا و، گەلی ئێمەی کوردیش بەوەفایە بۆ دۆستە دێرینەکانی کەئەمڕۆ ئەم بەرهەمە بەرهەمی خەڵکی تێکۆشەرو خەباتکەری کوردستان وهەموو ئازادیخوازێکە لەدونیا کەپشتگیری لەم ئەزموونە کردووە و لەگەڵیانیش وە ڕادەیەکی زۆر بەرزیش مەدام میتران.

خاتوو دانیال میتران یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ تەمەن درێژی بەئەزموونی زیادو گونجاو بەگەنجی ماوەتەوە.. تەمەنا ئەکەین عومرێکی درێژ بمێنێ لەگەڵمان وە نموونەیەکی پشتیوانی بێت بۆ هەمووگەلانی ژێردەست و ستەم دیدە لەهەرشوێنێك هەن.

خاتوو دانیال میتران لەدایك وباوکێکی شۆڕشگێرو پێشکەوتووی سەردەمی خۆیان هاتۆتە دنیاوە، کەدەوریان هەبووە لەتەئسیرکردن لەسەر بیروبۆچوونی گرتنە پێشی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی وپشتیوانی لەخەڵکی بندەست وزوڵم لێکراو.

لەپاش ئازادکردنی فەرەنسا، فرانسوا میتەران کەهاوسەری خاتوو میترانە بووە بەوەزیری جەنگاوەرە دێرینەکان و خاتوو دانیال میتەران بووە بە بەرپرسی کۆمسیۆنی کاروباری منداڵانی بی دایك و باوکی شەر.

خاتوو میتران بەپاڵپشت و لایەنگری لێقەوماوان و بێدەرەتانانی جیهانی سێیەم ناوبانگی دەرکردووە و بەتایبەتیش پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکای لاتین و کێشەی کوردەوە هەبووە زۆر بەباشی، ناوبراو پشتگیری لە ڕژێمی فیدڵ کاسترۆ لە کوبا دەکات و کردوویەتی لەکاتی خۆیدا چەندین جار سیاسەتی ئەمریکای دژی ئەم وڵاتە ئیدانە کردووە.

خاتوو میتران یەکێکە لەو کەسایەتیە بەرچاوانەی کە بە ئاشکرا سیاسەتی چین لە تبت ئیدانە کردووە و چەندین جار چاوی بە دالایی لاما کەوتووە.

سەرەتای ئاشنایەتی خاتوو میتران لەگەڵ کێشەی کورد بۆ کۆتایی ساڵەکانی هەشتا دەگەرێتەوە لە سایەی خەمخۆری و هیمەت و تەقەلاّی بێوچانی خاتوو میتران بوو کە نزیك بە 200 خێزانی کورد لە ساڵی 1989 لە کەمپەکانی تورکیاوە راگوێزران بۆ فەرەنسا و ئەو وەختەکە رۆلاّنی گەلەکەمان لەکوردستان دەربەدەربوون شوێنیان نەدەما لەکەمپەکان ئەژیان ئەم رێزدارە هەوڵی بێوچانی ئەدا تائەوەندەی بتوانێ ئەو بەرێزانە خۆشحاڵ بکا شاد بکا، بتوانن ژیانێکی سروشتیان هەبێت وببنە پشتیوانییەك بۆ میللەتەکەیان لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەولاتانی دەرەوە.

خاتوو میتران لە کاتی کۆچ ڕەوەکەشدا سەردانی کوردستانی کرد و هاتە کوردستان و لەرۆژانێکی سەخت ودژواردا چاوی بەسەرۆك بارزانی کەوت و هەر لەوێشەوە توانی هەوڵی خۆی چڕتر بکات هەوڵی زیاتر بدات لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی تاکو ئەو شوێن هێلّی ئامن بۆ کوردستان دەستنیشان بکرێت.

خاتوو میتران لەدژی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپابوو تاکێشەی کورد یەکلا نەکرێتەوە.

لەساڵی 1996 خاتوو میتران خەلاّتی (باکوور و باشوور) ی ئەنجومەنی ئەورروپی پێبەخشراوە بە نیشانەی رێزگرتن لەهەوڵ و تەقەلاّی بێوچانی بۆ یارمەتیدانی گەلانی بندەست لە ئەفریقیا و رۆژهەلاّتی ناوەراست .

لە ساڵی 1986 خاتوو میتران دەزگای فرانس لیبرتی دامەزراندووە ، ئەم دەزگایە هاوکاری ولاّتانی ئەفریقی دەکات بۆ زاڵ بوون بەسەر نەخۆشی ئایدز و ئاستی ژیانی خەڵك لە ولاّتان لەڕووی مالیەوە بەرز بکاتەوە.

خاتوو میتران خاوەنی سێ کتێبە، لەوانە بەئازادیەکی تەواو (کە فەسلێك لەو کتێبە تایبەتە بە کوردو گەلی کوردو کوردستان و ئەو کتێبە لە 1996 چاپ کراوە، کتێبێکی تری بەناوی ئەوانە هەموویان برای ئێمەن ( لەسەر مەکسیکیەکانە). کتێبی تریشی هەیە بەناوی ئەشکەنجە لە تونس .

خاتوو میتران خاوەنی دوو کورە : ژان کریسۆڤ و ژیلبێرت میتەران، داوای تەمەن درێژییان بۆدەکەین.

هەموو ئەم بیروبۆچوونانەی ئەم رێزدارە ئەوە ئەگەیێ کەهەمیشە هەوڵیداوە لایەنگیری خەڵکی بندەست و زوڵم لێکراو بگرێ وە لایەنی دیموکراسی بووە وە لەولاّتەکەی خۆشی دەوری زۆری بینیوە بۆئەوەی حکومەتەکەی باشتر خزمەتی چینی ژێردەست وهەژارو لێقەوماو بکات، خاتوو میتران دایکی دوو کوڕەو بە ناوەکانی(جان کریستۆڤەر و ژبلێرت میتران) داوای تەمەن درێژیان بۆ دەکەین،دووبارە ئێمە ئیمرۆ لەپەرلەمانی کوردستانەوە بەسەربەرزی ئەو میوانە رێزدارەمان میوانداری کردووە، کەمیوانداری رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بەفەرمی بانگەێشتکراوە بۆ هەرێمەکەمان، تەمەنای سەرکەوتنی بۆ دەکەین.

وە بەخێرهاتن وسوپاس بۆ وەفدی یاوەری لەرێزدار کاك کەندال نەزان هەروەها نوێنەری حکومەت کاك سەیوان بارزانی و وەبرای عەزیزمان کاك خانی کوری مام هەژار کە لەفەرنسا دەورێکی هەبووە لەگەڵییان دووبارە بەخێرهاتنیان ئەکەین.

ئێستا داوا لەو ڕێزدارە بەرزە ئەکەین خاتوو میتران بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی لەپێش ڕۆڵە هەڵبژێردراوەکانی کوردستان کەئێوەی بەرێز ئیمرۆ نوێنەری خەڵکی کوردستانن بەهەموو بیروبۆچوونی سیاسی کەهەتانە بەوانەی کەئۆپۆزۆسیۆنن لێرە ئەوانەی کە لیستەکەیان حکومەت تەشکیل ئەکات سوپاسیان ئەکەین تەمەنا ئەکەین کاتێکی بەختەوەر لەگەڵ ڕێزدار ببەنەسەر، فەرموو بۆ سەر مەنەسەکە.

**بەڕێز مادام دانییێل میتران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەرم کە بەرامبەرتان قسە دەکەم، زۆر کەم بۆم هەڵدەکەوێت بەرامبەر ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراودا قسە بکەم، بەڵام لە کوردستان هەست دەکەم کە لە وڵاتی خۆمم، ئێمە یەك خانەوادەین و بەو هەستەوە دەمەوێت چەند وشەیەکتان بۆ بڵێم.

ئێوە وەکو نوێنەری گەل هەڵبژێردراون.

بەر لە هەموو شتێك پیرۆزباییتان لێ دەکەم، هەروەها حەز دەکەم پێتان ڕابگەیەنم کە تا چ ڕادەیەك دۆست و هاوڕێیانی کورد شانازی بە ڕێکخستنی ئەم هەڵبژاردنە ئازاد و دیموکراتیە دەکەن کە لە کوردستاندا بەڕێوە چووە. زۆر خۆشحاڵم کە لە ناو پەرلەمانەکەتاندا ڕێژەی ئافرەتان زۆرە، بە جۆرێك کە لە ڕێژەی ئافرەتان لە ناو پەرلەمانی فەرەنسادا زیاترە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و زمانەوانیەکانی خەڵك نوێنەرانی خۆیانی بە ئازادی ناردووەتە پەرلەمان.

ئەمەش فرە ڕەنگیەکە کە نیشانەی دەوڵەمەندیە و جێگای شانازیی و سەربڵندیە بۆ پەرلەمانەکەتان. هەروەها هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی نیشانەی بوونی دیموکراسیەکی پێگەیشتوو و تەندروستە، چونکە دیموکراسی تەنیا هەڵبژاردنێکی نیە کە جاروبار ساز دەکرێت، جا هەرچەندە ئازادیش بێت، بەڵکو کەلتووری گفتوگۆیە لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەروەها سیستەمێکە کە بالآنسی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش ڕادەگرێت، بۆ ئەوەی بە باشی کار بکات پێوستی بە دامەزراوی پتەو و کۆمەڵگایەکی شارستانی چالاك و دادپەروەریەکی سەربەخۆ و میدیای ئازاد، بەڵام بەرپرسی هەیە.

دەبێ بڵێم لە بواری دیموکراسیدا کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاو و گرنگی بە خۆیەوە بینیوە، هێشتا یادگاریە زیندووەکانی یەکەم سەردانم بۆ کوردستان لە بیر ماون.

کاتێك لە کۆتایی نیسانی 1991 لە ڕێگەی کوردستانی ئێرانەوە هاتم بۆ بینینتان، خەڵکم لە سەر ڕێگاکان دەبینی کە لە ترسی ئازار و مەینەتیەکان و سوپای سەددام حوسێن، کۆچیان دەکرد و هەڵدەهاتن، نوێنەری حکومەتی ئێران تا سەر سنوور هاوڕێی کردم، لەوێوە بە قاچاخ سنوورم بڕی، مەسعوود بارزانی و چەندین بەرپرسی تری شۆڕشم لە حاجی ئۆمەران لە نزیك دەشتێکی پڕ لە مین بینی.

وێنەکانی ئەو کۆچڕەوە زۆر شپرزەی کردم، هەروەك وێنەی خەڵکانی پاشماوەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی کە ئاياری 1989 لە کەمپەکانی مێردین و دیاربەکر و مووش لە کوردستانی تورکیا، بەرچاوم کەوتبوون.
ئەو وێنانە کاریگەری زۆریان کردە سەر سیاسەت و ڕای گشتی جیهانی و فەرەنسی و فەرەنسا ڕۆڵێکی کاریگەری لە چەسپاندنی بڕیاری 688ی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووکان بینی کە بووە هۆی دامەزرانی ناوچەی دژەفڕین و پاراستنی کوردستان. ئەمەش یەکەمین جار بوو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیارێك دەربچێت باس لەگەلی کورد بکات، کەواتە دەتوانین بڵێی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی دەتوانێ هەندێك جار ئاوڕێك لە مەینەتی و نەهامەتیەکانی گەلانی جیهان بداتەوە. دوای دەیان ساڵ چەوسانەوە و کارەسات کە بەسەرتان هات، نەتەوە یەکگرتووەکان توانی کورد ببینێت و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت هەوڵی یارمەتیتان بدات.
بە بەهانەی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی سەربەخۆ و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان، بڕیاری 688ی ئەنجومەنی ئاسایش چەندین کەموکورتی تیادا بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەو بڕیارە بووە هۆی ئەوەی میللەتەکەتان بتوانێت بگەڕێتەوە سەر خاك و ماڵی خۆی و نەبێتە پەنابەر و ئاوارە و دەربەدەر نەبێت وهەروەها بتوانێت ئایندەی خۆی بگەڕێتە دەستی خۆیەوە.
سەردانی تەمموزی 1992م دێتەوە یاد کاتێك لە پێکهێنانی یەکەم حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانیی کوردستان کە بە هەڵبژاردن هاتبووە کایەوە، ئامادە بووم. بە وڵاتێکی وێران و کاوڵدا تێدەپەڕیم کە چەندین ڕێکخراوی ناحکومی وەکو ڕێکخراوەکەی من بە گوڕوتینەوە و بە توانایەکی زۆر کەمەوە هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە و دروستکردنەوەی قوتابخانە و ڕێگاوبان و پرد و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان دەدا. بۆ دەسپێکرنەوەی ساڵی نوێی خوێندن و نەوەستانی خوێندن لە کوردستاندا، بە سەدان هەزار کتێبی قوتابخانەمان لە چاپخانەی نیشتمانیی فەرەنسی چاپ کرد و بە لۆری گەیاندمانەوە کوردستان.
مامۆستایانی ئێوە بە مووچەیەکی زۆر کەم کاریان دەکرد و بە بڕوایەکی پتەو هەوڵیان دەدا منداڵانی کورد پەروەردە بکەن و داهاتووی کوردستان بنیات بنێن.
وێڕای سەپاندنی دوو سزای ئابووری لە سەر کوردستان و هەروەها دەستێوەردانی جۆراوجۆر و لەوانە دەستێوەردانی سەربازیی وڵاتانی دەوروبەر و ساتە ڕەشەکانی شەڕی کورد و کورد، بەڵام ئێوە توانیتان وڵاتی خۆتان ئاوەدان بکەنەوە و بە سەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ بن و توانیتان ڕێگاوبان و فرۆکەخانە و قوتابخانە، نەخۆشخانە و زانکۆ بنیات بنێنەوە. خۆشگوزەرانی ئابووری و ئازادیی و ئاسایشی ناوچەکەتان بوونەتە نموونە و خەونی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە دوورەوە هەست دەکەین ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە ئێستا هەتانە ناسکە. ڕاستە کە دیکتاتۆرە زاڵمەکە - سەددام حوسێن - نەماوە، بەڵام کێشە دەستوورییەکانتان لە گەڵ بەغدا

هێشتا چارەسەر نەکراون، دراوسێیەکانتان نایانەوێت بە هیچ شێوەیەك ئایندەی عێراق بە سەقامگیری بمێنێتەوە.

بە کورتی کوردستان هێشتا نەبووەتە سویسرا. لە بەرامبەر ئەو هەمووگیروگرفتانەی کە چاوەڕێتان دەکات، ئێوە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیتان بە یەکڕیزی نیشتمانی هەیە و هەروەها هەوڵی تەواو و جددی بۆ ناساندنی کێشەکەتان بە ڕای گشتی جیهان و پتەوترکردنی زنجیرەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا بدەن.

یەکڕیزی گەل تەنیا بڕیارێك نیە، بەڵکو بەهەوڵ و تەقەلای هەموو لایەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی خەڵك لە ناو سیستەمی سیاسی دا بڕوای پێ هەبێت، بۆ ئەمەش دەبێت سیستەمێکی دیموکراتی ڕوون و دروست و بەهێزی هەبێت. ئێوە لە تراژیدیەکاندا زۆر هاوکار و تەبا بوون، چونکە یەك چارەنووستان هەبوو. ئەگەر لە سەردەمی ئاشتی دا ڕێگەی لیبرالیزمێکی بەرەڵارە چاوبکرێت کە تیایدا نە یاسا باڵادەست بێت و نە متمانە هەبێت، ئەوسا کۆمەڵگایەکی زۆر نادادپەروەرانە دروست دەبێت کە تیایدا خەڵکێکی زۆر، زیانی بەر دەکەوێت. دیاردەی گەندەڵی دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا و سستبوونی پەیوەندیەکانی برایەتی کەهێزی هەرەگەورەی هەموو میللەتێکە.

بیستوومە هەندێکتان پێشنیاز دەکەن کە کوردستان بکرێت بە دوبەی یان قەتەر، من گومانم هەیە لەوەی کە ڕوانگەیەکی ڕاست بێت. بە هەرحاڵ زۆر حەیفە ئەم وڵاتە کە خاوەنی کەلتوورێکی زۆر جوانە و یەکێکە لە لانکەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، ببێتە ئیمارەتێکی نەوتی قازانجکەر و بەکاربەر، چونکە ئەگەر شتێکی وا ببێت، خەڵکەکەتان پێناسە و کەسایەتی خۆی لە دەست دەدات.

بەش بە حاڵی خۆم دەمەوێت کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ پێشکەوتنێکی درێژخایەنی دادپەروەرانە و هەرەوەزی. ئێوە شانستان هەیە کە لە سەر خاکێکی بەپیت دەژین کە سەرچاوەی ئاوی هەیە. کشتوکاڵ وئاژەڵداری کە سەرچاوەی دەوڵەمەندی هەزاران ساڵی میزۆپۆتامیا بووە، بەداخەوە پێ دەچێت ئەمرۆ پشتگوێ خرابێت. پشتبەخۆ بەستنی خۆراکی بنەمای مانەوە و بەردەوامی خەڵکە. ئاو سامانێکە زۆر لە نەوت گرنگترە، چونکە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ مرۆڤایەتی توانیویەتی بە بێ نەوت بژیت، بەڵام ناتوانێت بە بێ ئاو بژیت.

کێشەی کۆنترۆڵ کردن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو دەبێتە یەکێك لە کێشە هەرە ستراتیژیەکانی سەدەی 21 و هەر بۆیەشە پێویستە کوردستان ئاگاداری ئەم کێشەیە بێت و بە هەندی وەربگریت.

ڕێکخراوی فرانس لیبرتێ ئەمڕۆ خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی بیرۆکەیەکی زۆر سادە تەرخان کردووە کە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە، بەلام وڵاتان و کۆمپانیا جیهانیەکان کە مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، دژی ئەم بیرۆکەیەن. بیرۆکەکە ئەوەیە کە ئاو نابێ وەکو کاڵایەك مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، ئاو سەرچاوەیەکی گشتی مرۆڤایەتیە و مەرجێکی سەرەکیە بۆ ژیانی وەکو خۆر و زەوی و هەوا کە

پێکەوە ژیانی سەرزەمینی پێك دێنن، مرۆڤایەتی دەبێ بە جۆرێك ڕێز لە ئاو بگریت کە تا هەتایە نەگۆڕ بێت. ئەمە جەوەەری خەباتی من و هەموو نیازپاکانی جیهانە.
دەزانم کە ئەم پەیامە دەگاتە گوێی خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەتان بەشێك دەبێت لە بزووتنەوەی جیهانی بۆ پاراستنی ئاو کە ڕێکخراوی فرانس لیبێرتی لەم بارەیەوە دەستپێشخەر بووە و ئەمڕۆ لە هەموو کیشوەرەکانی جیهان بانگەشە بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو دەکات.
ئێوە لە من باشتر دەزانن کە ئایندەی نەتەوەی کورد بە کوردستانی عیراقەوە پەیوەستە، ئەگەر ئێوە لە هێنانەکایەی دیموکراسیەکی نموونەیی دا سەربکەون، ئەمە دەبێتە ئیلهامبەخشی هەموو کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش و بڕوا بە ڕای گشتی جیهانیش دەهێنێتە بەوەی کوردەکان دەتوانن کاروباری خۆیان لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتانی ئێستادا بەڕێوە بەرن. ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر.
ئێستا کونسوڵخانەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لە کوردستان کراونەتەوە، حکومەتەکەتان دەتوانێت بە شێوەیەکی رێك وپێك پەیوەندیان پێوە بکات. لە بەرژەوەندی حکومەتی کوردستان و هەموو کوردێکدا دەبێت کە نوێنەرایەتی دیپلۆ ماسی و ناوەندی کەلتووری چالاك و بەهێزی لە پایتەختی وڵاتە گەورەکاندا هەبێت بۆ پتەوکردنی پشتیوانیە خەڵکی بیانی بۆ کێشەکەتان و زیادکردنی ژمارەی دۆست و لایەنگرانی کوردستان.
لە ساتە دژوار و ناخۆشەکانی مێژووتاندا توانیتان سوود لە هاوکاری چەندین کەسایەتی جیهانی وەربگرن، وەکو ئاندرێ ساخارۆف و ئێدوارد کەنەدی و نیلسۆن ماندێلا. بە هۆی هێزو و بازووی ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا، سەرکردەی چەندین وڵاتی ئەورووپی وەکو فرانسوا میتەران و برۆنۆ کرایسکی و ئۆڵۆف پالمێ و ڕۆشنبیری و بەناوبانگی وەکو سارتەر و سیمۆن دوبۆڤوار بەرگریان لە ئێوە کردووە، ئەمەش لە سایەی هەبوونی ئەم ڕەوەندە چالاکە بووە کە لە ئەوروپا ژیاوە.

ئەم ڕەوەندە شانسێکی زۆر گەورەیە و دەوڵەمەندیەکی مرۆڤیە بۆ ئێوە، تکایە پشتگوێی مەخەن!
هەروەها بە ڕای من ئەرکی ئێوەیە کە هاوکاریەکی چالاکی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان بکەن. زۆر جار ڕوشنبیران و هونەرمەندانی کوردی تورکیا بوونەتە هۆی ناساندنی کێشەکەتان بە دەرەوە، خۆم یەکێکم لە شاهیدەکانی ئەو میوانداریيە گەرم و گوڕ و برایانەی کە کوردەکانی تورکیا و ئێران لە پەنابەرانی کوردی عیراقیان کردووە. لە کامپەکانی تورکیا بینیم چۆن کوردەکان هەمووانی بە یەکەوە بۆ یارمەتی دانی ئەو کوردانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفال رزگاریان ببوو کۆ ببوونەوە و توانیمان هەندێکیان بەرینە فەرەنسا.
ئێستا نۆرەی ئێوەیە برایەتی و هاوکاریتان بەرامبەر بەوان بسەلێنن، ئەمەش لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و میدیادا. ئەوان لە کاتی تەنگانەدا باشترین هاوکارتان بوون. هاوکاریکردنیان بە هەموو

شێوەیەك بۆ هێشتنەوەی زمان و هونەرەكەتان و پتەوكردنی یەكڕیزی گەلی كورد تەنها گارانتیەكی بۆ سەركەوتنتان.
بە كورتی بەو شێوەیە كە خەڵكی ئیمارات هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكی فەلەستینی و میسریدا دەكات، ئێوە لەگەڵ براكانتان وا مەبن، بەڵكو برایانە وەكو كورد لە گەڵیاندا بجووڵێنەوە، هەروەكو چۆن ئەوان لە رۆژانی رەشدا نانی رەقیان لە گەڵتاندا بەش دەكرد.
لە ماوەی ئەو 30 ساڵەدا كە دۆستایەتی كوردم كردووە، فێری خۆشەویستی خەڵكی ئێوە بووم، و ئێستاش خۆم بە یەكێك لە ئێوە دەزانم. كێشەكەتان كێشەیەكی ڕەوایە و دابونەریتە جوانەكانتان مایەی شانازین، بۆیە بڕوام وایە ئەو ڕۆژەی  كوردەكان لە نێو خۆیاندا لە یەكتر دەگەن، هەموو دونیا لە گەڵیان باش دەبێت و هاوسۆزی لەگەڵ رزگاربوونیان دەكات. زۆر جار بە من دەڵێن دایكی كورد، دایك هەمیشە دەیەوێت منداڵەكانی لە یەكتر تێ بگەن و لەناو خۆیاندا هاوكار و تەبا بن.
پەیامی خۆم ئاراستەی ئێوە دەكەم كە هەڵبژێردراوی گەلن و وەكو كۆبوونەوەیەكی خێزانی دەمەوێت دڵی خۆمتان بۆ بكەمەوە و نیگەرانیەكانم لەگەڵتان باس بكەم. خۆتان ئایندەی خۆتان بنیات دەنێن.
شانسێكی باش بۆ  هەمووتان بە ئاوات دەخوازم.
بژی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ ڕێزدار خاتوو مەدام میتران كە وتەیەكی بەنرخی پێشكەش كرد، لێرەشەوە پێویستە بڵێین سوپاسی حكومەت و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا دەكەم كە كۆنسولێكی زۆر ڕێزدار و جیدی ناردۆتە كوردستان، ئەو ئێستا لە بەینمانە، دووبارە بەخێرهاتنی گشت شاندەكە دەكەین، سەركەوتوو بن، ڕێزداران ئێستاش پشوویەك و پاشان زەنگ لێ ئەدرێتەوە بۆ بەردەوام بوونی كۆبوونەوە ئاساییەكەی خۆمان، ئێستاش خاتوو میتران بەڕێزەوە بەڕێ ئەكەین، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا دێینە برگەی چوار، بەردەوام بوونی دانیشتنەکە بۆ خستنە ڕووی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدان لەسەریان، بەڕێزان ماوەیەك بوو کە خەریك بوون چۆن ناوەکان لەسەر لیژنە هەمیشەییەکان دابەش بکرێ، دانانی ئەندامان لە لیژنەکان، لەکاری سەرۆکایەتییە بە پێی ماددەی (39) فەقەرە (1) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام مەجالمان دا سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل بکەن و، ئەو ناوانەی کە ئامادە کراوە ئەمڕۆ لەبەردەستی ئێمەیە، سەرۆکایەتیش ڕەزامەندی لەسەرە، بۆیە لیژنە لیژنە ئەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، بۆ دەنگدان لەسەر ئەندامانی ناو لیژنەکە،یەعنی پێکهاتەی هەر لیژنەیەك، بەڵام سەرۆکی لیژنە، جێگر، مقرر، ئەوە خۆتان پاش ئەوەی ئەندامان لێرە دەنگی لەسەر دەدرێ، ئیتیفاق دەکەن بەو شێوەیەی کە خۆتان لەسەری ڕێك ئەکەون، ئەتوانن، خۆی بە هەڵبژاردن دەبێ، بەڵام ئەتوانن ئیتیفاقیش بکەن بۆ ئەوەی شتێك کە پەرلەمانێکی مونسەجیم و باشتر و کارا تر بێت، بتوانن بەیەکەوە بە ڕێك و پێکی کار بکەن، ئێستا لیژنەی کاروباری یاسایی، ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان کاك فرست ئەگەر ناوەکان بخوێنی، ئەگەر هەر بەڕێزێك مولاحەزەی هەبێ لەسەر ناوی هەر لیژنەیەك وەك ئەوەی لێرە هاتووە، پاشان لەگەڵ**

سکرتێری پەرلەمان دائەنیشن، ئەگەڕێنەوە بۆ پرۆتۆکۆلی کە دەنگەکان تەسجیلن، بەو شێوەیە ئەنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری یاسایی، ناوی لیست:

1- عونی کمال سعید- لیستی کوردستانی.

2-شێروان ناصح عبدالله- لیستی کوردستانی.

3- د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد- لیستی کوردستانی.

4-عمر عبدالرحمن علي- لیستی کوردستانی.

5-عمر حمد أمین خضر- لیستی کوردستانی.

6-گۆران ئازاد محمد- لیستی کوردستانی.

7-د. زانا رؤوف حمه کریم- لیستی گۆڕان.

8-برهان رشید حسین- لیستی گۆڕان.

9-کاردۆ محمد پیرداود- لیستی گۆڕان.

10-أیوب نعمت قادر- لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاریی.

11-د. أحمد إبراهیم علي- لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاگاتان لە ناوەکان بوو و، ئەو ناوانەی کە لەو لیژنەیە هاتووە، بەو شێوەیە ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

1-ئاراس حسین محمود- لیستی کوردستانی.

2-خورشید أحمد سلیم- لیستی کوردستانی.

3-لانه أحمد محمود- لیستی کوردستانی.

4-عمر صدیق محمد- لیستی کوردستانی.

5-محمد دلێر محمود- لیستی کوردستانی.

6-جلال حاجي علي- لیستی کوردستانی.

7-إسماعيل سعيد محمد- ليستى گۆڕان.

8-عدنان عثمان أحمد- ليستى گۆڕان.

9-كاردۆ محمد پيرداود-ليستى گۆڕان.

10-سمير سليم أمين بەگ- ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو ناوانەى كە گوێتان لێ بوو ئەخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكايە دەستى بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، بۆ ليژنەى ناوخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنى خۆجێيەكان، تكايە فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ليژنەى ناوخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنى خۆجێيەكان:

1-إسماعيل محمود عبدالله- ليستى كوردستانى.

2-شۆڕش مجيد حسين- ليستى كوردستانى.

3-عبدالله مام علي- ليستى كوردستانى.

4-قادر حسن قادر حسن- ليستى كوردستانى.

5-صباح بيت الله شكري- ليستى كوردستانى.

6-نريمان عبدالله قادر- ليستى گۆڕان.

7-كاروان صالح أحمد- ليستى گۆڕان.

8-سمير سليم أمين بەگ- ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

9-شێردڵ تحسين محمد- هەولێرى توركمان.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەو ناوانەيە كە بيستتان دەستى بەرز بكات تكايە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، بۆ ليژنەى كشتوكاڵ و ئاودێرى تكايە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ليژنەى كشتوكاڵ و ئاودێرى:

1-جلال حاجي علي- ليستى كوردستانى.

2-حازم تحسين علي- ليستى كوردستانى.

3-زكيه صالح عبدالقادر- ليستى كوردستانى.

4-ژيان عمر شريف- ليستى كوردستانى.

5-شۆڕش سيد مجيد- ليستی كوردستانی.

6-محمد أحمد علي- ليستی كوردستانی.

7-پێشەوا توفيق مغديد- ليستی گۆڕان.

8-نسرين جمال مصطفى - ليستی گۆڕان.

9-عبدالله محمود محمد - ليستی چاكسازيی و خزمەتگوزاريی.

10-سالم تۆما كاكۆ- ليستی رافدين.

11-عبدالقادر إكرام جميل- ليستی بزووتنەوەی چاكسازيی توركمانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزداران ئێستا كێ لەگەڵ ئەو ناوانەيە بۆ ئەم ليژنەيە تكايە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستاش بۆ ليژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، تكايە فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت:

1-شەونم محمد غريب- ليستی كوردستانی.

2-سميرة عبدالله إسماعيل- ليستی كوردستانی.

3-عبدالسلام مصطفى صديق- ليستی كوردستانی.

4-گەشە دارا جلال- ليستی كوردستانی.

5-كوێستان محمد عبدالله - ليستی گۆڕان.

6-پەيام أحمد محمد أمين - ليستی گۆڕان.

7-نازك توفيق عبدالكريم - ليستی چاكسازيی و خزمەتگوزاريی.

8-سۆزان يوسف خۆشابا- ليستی ئەنجومەنی كلدانی و سريانی و ئاشووری.

9-حمدية معروف أحمد- بزووتنەوی ديموكراتی توركمانی.

10-گوڵێزار قادر إسماعيل- بزووتنەوەی ئيسلامی.

11-هاژە سليمان مصطفى- ليستی ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵايەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستاش كێ لەگەڵە تكايە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، تكايە بۆ ليژنەی پەروەردە و فێركردنی باڵاو توێژينەوەی زانستی.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی پەروەردە و فێركردنی باڵاو توێژينەوەی زانستی:

1-سۆزان شهاب نوري- ليستى كوردستانى.

2-عمر حمد أمين خضر- ليستى كوردستانى.

3-د. دانا سعيد صوفي- ليستى كوردستانى.

4-د. سەروەر عبدالرحمن عمر- ليستى كوردستانى.

5-آمنة ذكري سعيد- ليستى كوردستانى.

6-شلێر محي الدين صالح- ليستى كوردستانى.

7-د. جعفر على رسول - ليستى گۆڕان.

8-عظيمة نجم الدين حسن - ليستى گۆڕان.

9-پەيمان عبدالكريم عبدالقادر - ليستى گۆڕان.

10-صباح محمد نجيب - ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

11-د. ثائر عبدالأحد أوغسطين- ليستى ئەنجومەنى كلدانى و سريانى و ئاشوورى.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزداران ئێستاش كێ لەگەڵە تكايە دەستى بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، بۆ ليژنەى كاروبارى تەندروستى و ژينگە، تكايە فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ليژنەى كاروبارى تەندروستى و ژينگە:

1-د. حسن محمود سورە- ليستى كوردستانى.

2-بێريڤان إسماعيل محمد- ليستى كوردستانى.

3-نيشتمان مرشد صالح- ليستى كوردستانى.

4-قادر حسن قادر حسن- ليستى كوردستانى.

5-تارا عبدالرزاق محمد- ليستى كوردستانى.

6-د. ڕێباز فتاح محمود - ليستى گۆڕان.

7-د. پەريهان قبلاي محمد علي - ليستى گۆڕان.

8-جهان إسماعيل بنيامين- ليستى رافدين.

9-هاوڕاز شێخ أحمد حمد - ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش ئەو ناوانەى كە گوێتان لێ بوو،كێ لەگەڵە دەستى بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، بۆ ليژنەى كاروبارى كۆمەڵايەتى و منداڵ و خێزان، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان:

1-ژیان عمر شریف- لیستی کوردستانی.

2-عبدالسلام مصطفی صدیق- لیستی کوردستانی.

3-کەیلی أکرم أحمد- لیستی کوردستانی.

4-تارا تحسین یاسین- لیستی کوردستانی.

5-د.ڕۆژان عبدالقادر أحمد- لیستی کوردستانی.

6-سەردار رشید محمد- لیستی کوردستانی.

7-سیوەیل عثمان أحمد - لیستی گۆڕان.

8-پەیمان عبدالکریم عبدالقادر - لیستی گۆڕان.

9-بەیان أحمد حسن- لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

10-حمدیة معروف أحمد- بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش ئەو ناوانەی کە گوێتان لێ بوو،کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستاش بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخکردنی لادێ، مولاحەزە لەسەر ئەوە هاتووە، بەس پاشان هەر کەسێك لەسەر ناوەکە مولاحەزەی هەیە موراجەعەی سکرتێری پەرلەمان ئەکات، لە پرۆتۆکۆل ناوەکە دەردەکەن وەکو چۆن دەنگمان بۆی دا، لە ناو پەرلەمان، ئەوها دادەنرێتن، سوپاس.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و هاوچەرخکردنی لادێ:

1-دڵشاد شهاب حاجي محمد- لیستی کوردستانی.

2-شلێر محمد نجیب- لیستی کوردستانی.

3-جمال طاهر إبراهیم- لیستی کوردستانی.

4-شڤان أحمد عبدالقادر- لیستی کوردستانی.

5-خلیل عثمان حمد أمین- لیستی کوردستانی.

6-کاروان صالح أحمد- لیستی گۆڕان.

7-پەیام أحمد محمد أمین- لیستی گۆڕان.

8-حمە سعید حمە علي- لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

9-ئارام شاهین داوود- لیستی ئەرمەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستاش بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان:

1-د. رفیق صابر قادر - لیستی کوردستانی.

2-بکر کریم محمد - لیستی کوردستانی.

3-شیلان عبد الجبار عبدالغني - لیستی کوردستانی.

4-شوان عبدالکریم جلال - لیستی کوردستانی.

5-د.حسن محمد سورە - لیستی کوردستانی.

6-د.شاهۆ سعید فتح الله - لیستی گۆڕان.

7-پەریهان قبلاي محمد - لیستی گۆڕان.

8-أحمد سلیمان عبدالله - لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

9-سۆزان یوسف خۆشابا- لیستی ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشووری.

10-یشار نجم الدین نورالدین- لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی.

11-د. أحمد إبراهیم علي- لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

1-د.بشیر خلیل توفیق - لیستی کوردستانی.

2- رزگار محمد أمین- لیستی کوردستانی.

3-حازم تحسین سعید- لیستی کوردستانی.

4-على حسين محمد- ليستى كوردستانى.

5-عمر عبد الرحمن علي- ليستى كوردستانى.

6-سميرة عبدالله إسماعيل- ليستى كوردستانى.

7-نەسرين جمال مصطفى- ليستى گۆڕان.

8-صباح محمد نجيب- ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

9-يشار نجم الدين نورالدين- ليستى بزووتنەوەى ديموكراتى توركمانى.

10-گوڵيزار قادر محمد- ليستى بزووتنەوەى ئيسلامى.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش كێ لەگەڵە دەستى بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، ئێستاش بۆ ليژنەى كاروبارى پێشمەرگە و شەهيدان و قوربانيانى جينۆسايد، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ليژنەى كاروبارى پێشمەرگە و شەهيدان و قوربانيانى جينۆسايد:

1-محمد أحمد على- ليستى كوردستانى.

2-عبدالله على إبراهيم- ليستى كوردستانى.

3-فاضل محمد قادر- ليستى كوردستانى.

4-پەروين عبدالرحمن عبدالله- ليستى كوردستانى.

5-شڤان أحمد عبدالقادر- ليستى كوردستانى.

6-صباح بيت الله شكرى- ليستى كوردستانى.

7-برهان رشيد حسين- ليستى گۆڕان.

8-ڤيان عبدالرحيم عبدالله- ليستى گۆڕان.

9-عبدالله محمود محمد- ليستى چاكسازيى و خزمەتگوزاريى.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستاش كێ لەگەڵ ئەو ناوانەيە دەستى بەرز بكات تكايە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆى دەنگ پەسند كرا، ئێستاش بۆ ليژنەى مافى مرۆڤ، تكايە فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ليژنەى مافى مرۆڤ:

1-رزگار محمد أمين- ليستى كوردستانى.

2-بكر كريم محمد- ليستى كوردستانى.

3-سالار محمود مراد- ليستی كوردستانی.

4-تارا تحسين ياسين- ليستی كوردستانی.

5-علی حسن محمد- ليستی كوردستانی.

6-پەيمان عزالدين عبدالرحمن- ليستی گۆڕان.

7-ڤيان عبدالرحيم عبدالله- ليستی گۆڕان.

8-بەفرين حسين محمد- ليستی چاكسازيی و خزمەتگوزاريی.

9-سۆزان يوسف خۆشابا- ليستی ئەنجومەنی كلدانی سريانی ئاشووری.

10-هاژە سليمان مصطفى- ليستی ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵايەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش كێ لەگەڵە تكايە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستاش بۆ ليژنەی پيشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتييەكان، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی پيشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتييەكان:

1-شەونم محمد غريب - ليستی كوردستانی.

2-خورشيد أحمد سليم - ليستی كوردستانی.

3-ئەڤين عمر فرج - ليستی كوردستانی.

4-سەردار رشيد محمد - ليستی كوردستانی.

5-محمد دلێر محمود - ليستی كوردستانی.

6-عبدالله محمد نوری - ليستی گۆڕان.

7-اسماعيل سعيد محمد - ليستی گۆڕان.

8-ناسك توفيق عبدالكريم - ليستی چاكسازيی و خزمەتگوزاريی.

9-سالم تۆما كاكۆ- ليستی رافدين.

10-ياووز خورشيد سليمان - ليستی بزووتنەوەی ديموكراتی توركمانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش كێ لەگەڵ ئەو ناوانەيە بۆ ئەم ليژنەيە، تكايە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستاش بۆ ليژنەی خزمەتگوزارييەكانی شارەوانی و گواستنەوە و گەياندن و گەشت و گوزار، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار:

1-جمال طاهر إبراهیم - لیستی کوردستانی.

2-شلێر محمد نجیب - لیستی کوردستانی.

3-شوان عبدالکریم جلال - لیستی کوردستانی.

4-نیشتمان مرشد صالح - لیستی کوردستانی.

5-فاضل محمد قادر - لیستی کوردستانی.

6-شیلان عبدالجبار عبدالغني - لیستی کوردستانی.

7-سەرهەنگ فرج محمد - لیستی گۆڕان.

8-سیوەیل عثمان أحمد - لیستی گۆڕان.

9-ئارام شاهین داوود- لیستی ئەرمەن.

10-أحمد سلیمان عبدالله - لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵ ئەو ناوانەیە بۆ ئەو لیژنەیە، تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستاش بۆ لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، تکایە فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر:

1-ئاراس حسین محمود- - لیستی کوردستانی.

2-عماد محمد حسین - لیستی کوردستانی.

3-لانە أحمد محمود - لیستی کوردستانی.

4-صبیحة أحمد مصطفی - لیستی کوردستانی.

5-بێریڤان إسماعیل محمد - لیستی کوردستانی.

6-پەروین عبدالرحمن عبدالله - لیستی کوردستانی.

7-عبدالله محمد نوری - لیستی گۆڕان.

8-نەریمان عبدالله قادر - لیستی گۆڕان.

9-فاضل حسن إسماعیل - لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

10-أمیر گوگا یوسف - لیستی ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەیە، تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستاش بۆ لیژنەی وەرزش و لاوان، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی وەرزش و لاوان:

1-کەیلی أکرم أحمد - لیستی کوردستانی.

2-سالار محمود مراد - لیستی کوردستانی.

3-گەشە دارا جلال - لیستی کوردستانی.

4-تارا عبدالرزاق محمد - لیستی کوردستانی.

5-عماد محمد حسین - لیستی کوردستانی.

6-د. ڕێباز فتاح محمود - لیستی گۆڕان.

7-عظیمة نجم الدین حسن - لیستی گۆڕان.

8-بەفرین حسین محمد - لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

9-ثائر عبدالأحد أوغسطین لیستی ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشووری.

10-شێردڵ تحسین محمد- لیستی هەولێری تورکمانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵە، تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستاش بۆ لیژنەی دەستپاکی (نزاهة)، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دەستپاکی (نزاهة):

1-د. رفیق صابر قادر - لیستی کوردستانی.

2-د. بشیر خلیل توفیق - لیستی کوردستانی.

3-د. سەروەر عبدالرحمن عمر - لیستی کوردستانی.

4-عونی کمال سعید - لیستی کوردستانی.

5-شلێر محي الدین صالح - لیستی کوردستانی.

6-ئەڤین عمر فرج - لیستی کوردستانی.

7-زانا رؤوف حمە کریم - لیستی گۆڕان.

8-عدنان عثمان محمد - لیستی گۆڕان.

9-سەرهەنگ فرج محمد - لیستی گۆڕان.

10-حمە سعید حمە علي - لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی.

11-عبدالقادر إکرام جمیل- لیستی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش کێ لەگەڵە، تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سۆزان خۆشابا لە سێ لیژنە دا ناوی هاتووە، لە ژنان، پەیوەندییەکان، مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، کەرەمکە، دەبێ تەنازوول لە لیژنەیەك بکەی، ڕێزداران هەر کەسێك لە سێ لیژنە هاتبوو، ئۆتۆماتیکی ئێمە خۆمان لە لیژنەیەك لای ئەبەین، ئینجا مەعلوم بێ لەلای هەمووتان، ڕێزدار سۆزان خۆشابا لە لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت تەنازوولی کرد، دووبارە ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە لیژنەکە بە بێ سۆزان، تکایە دەستی بەرز بکات وەك پێشوو؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نییە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا .

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی دانانی لیژنەکان دا کەبەڕێز سکرتێری پەرلەمان بانگهێشتی کردین، داوای لە ئێمە کرد کە دوو ئەندامان بکێشینەوە لەبەر ئەوەی زەخمێکی زۆر هەیە لەسەر لیژنەی ژنان، ئێمە دوو ئەندامی خۆمانمان کێشایەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئێستا ئەتوانین ئێمە ئەندامێکی خۆمان دابنێینەوە، بۆ ئەوەی کە ئیزافەی کەینەوە بۆ ئەم لیژنەیە، بۆ ئەوەی ناوەکەتان بدەمێ ئێستا، یاخود ئەمە لە دوایی دا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزداران، ئێستا کە سۆزان خان سەحب بوو، ژمارەی لیژنەکە ئەبێتە (10)، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پەیوەندی پێکردین، ئێمەش لەو لیژنەیە کەسێکمان لابردووە، لە لیژنەی پەیوەندیش یەکمان لابردووە، جا بۆیە ئێمەش داوا دەکەین کە ئەو یەکەمان بۆ بگێرنەوە بۆ لیژنەی ژنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە تاخیر دەكەین بۆ وەختێكی تر، لەسەری گفتوگۆ دەكەین، ئینجا لە جەلسەیەكی داهاتوو حەسمی دەكەین، لە جەلسەیەكی تر حەسمی دەكەین، ئێستا لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی:

1-د. دانا سعید صوفي - لیستی كوردستانی.

2-خلیل عثمان حمد أمین - لیستی كوردستانی.

3-عمر صدیق محمد - لیستی كوردستانی.

4-زكیە صالح عبدالقادر - لیستی كوردستانی.

5-پەیمان عزالدین عبدالرحمن - لیستی گۆڕان.

6-پێشەوا توفیق مغدید - لیستی گۆڕان.

7-سەرگوڵ رضا حسن - لیستی چاكسازیی و خزمەتگوزاریی.

8-یاووز خورشید سلیمان - لیستی بزووتنەوەی دیموكراتی توركمانی.

9-صبیحة أحمد مصطفى - لیستی كوردستانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش ئەو ناوانەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە، تكایە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بەڕێزان ئێستا بۆ سەرۆكی لیژنەكان و جێگر و موقەریر، بە پێی نیزام ئەڵێ بەپێی هەڵبژاردنە، ئەیهێڵین بۆتان، لە بەینی خۆتان گفتوگۆ بكەن، بەزووترین كات تەواو بكرێت بۆ ئەوەی دەست بەكار بین، چونكە ئەگەر سەرۆك و جێگر و موقەریری لیژنەكان نەبێ، ناتوانین ئیشەكانی ترمان بكەین، چونكە یاسایەكی زۆر، بابەتی زۆر لەبەر دەستن بتوانین كارەكانمان بكەین، سوپاسی هەمووتان دەكەین، زۆر بە هەستێكی بەرزەوە بە یەك دەنگەوە هەمووتان لیژنەكانتان قبوڵ كرد، كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، تاكو جەلسەیەكی تر خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**دووشەممە رێکەوتی 19\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

### دووشەممە ڕێكەوتی 2009/10/19

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2009/10/19 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی

بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/10/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان لە حكومەتی هەرێم، بۆ ڕوونكردنەوەی هەڵوێستی حكومەتی هەرێم لەبارەی ئەو بابەتانەی كە لە نێوان كۆمپانیای (DNO) ی نەوتی و بۆرسەی ئۆسلۆی نەرویج بەرپا كراوە،

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 6، ڕۆژی دانیشتن 2009/10/19 ، بەرنامەی كار، ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان لە حكومەتی هەرێم، بۆ ڕوونكردنەوەی هەڵوێستی حكومەتی هەرێم لەبارەی ئەو بابەتانەی كە لە نێوان كۆمپانیای (DNO) ی نەوتی و بۆرسەی ئۆسلۆی نەرویج بەرپا كراوە، بەم بۆنەیەوە بە تەنسیق لە نێوان سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و رێزدار د.ئاشتی هەورامی وەزیری نەوت و سامانە سروشتیەكان، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگوباسەی لەبارەی نەوتەوە، دوای ئاراستەكردنی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەڕێزیان و وەڵام دانەوەی لە كاتی یاسایی خۆیدا، خۆی بەباشی زانی بۆ ئەوەی ئەو رموزانەی كە هەیە لەسەر سیاسەتی نەوتی لە هەرێمی كوردستان و ئەو كێشەیەی كە ڕووی داوە بێتە پەرلەمانی كوردستان ڕوونكردنەوەیەك بدات، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە داوا لە بەڕێزیان دەكەین، با بفەرمویێت بۆ ڕوونكردنەوەكەی، كاك د.ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری نەوت و سامانە سروشتیەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ میواندارى كردنم، من خۆشحاڵم كە ئەمرۆ لەگەڵتان بم بۆ ڕوونكردنەوەی مەسەلەی (DNO)، و ڕووداوەكەی ئۆسلۆ لە ماوەی سێ، چوار هەفتەی ڕابردوو دا، هەروەها بە فرسەتێكی گرنگی دەزانم كە ئەمرۆ نەختێ باسی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم بكەین، ئەگەر وەختان هەبێت كە زۆر بە كورتی

ئینجازەکانی دوو، سێ ساڵی ڕابردووتان بۆ باس بکەم، بۆ ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار بن کە تا ئێستا ئیشی ئێمە چۆن بووەو چۆن یارمەتی خەڵکی کوردستانی داوە، پێش ئەوەی کە دەست پێ بکەم بە فرسەتێکی دەزانم کە زۆر پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکەم بۆ سەرکەوتنتان و بۆ هەڵبژاردنتان بۆ دانانتان بۆ ئەندامی تازەی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا دەمەوێت باسی دروست کردنی کێشەکانی ئۆسلۆ بکەم کە لە بەینی (DNO) و بۆرسەی ئۆسلۆ بووە، بەڕێزتان ئەوەی کە دیوتانە و بیستوتانە یان وتراوە لە ئۆسلۆ سەبارەت بەم مەسەلەیە تا ئێستا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی بچووك لە ئۆسلۆ دەرچووە، کە ئەمڕۆ تەواو بووم لەگەڵتان دیارە بەڕێزتان هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار دەبن کە ئەوەی وتراوە و نووسراوە لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەوە درۆ بووەو بە عەدالەت بڵاو نەکراوەتەوە، کە ئەمڕۆ تەواو بووم بەڕێزتان موتمەئین دەبن کە هەموو شتێك لە شوێنی خۆی بووە، من کە وەکو وەزیرێك ئیشم کردووە و حکومەت بە یاسایی و ڕێك و پێکی ئیشمان کردووەو لە باشترین مەسڵەحەتی هەرێمی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی کەبتوانم ئەمە ڕوون بکەمەوەو بڵێم درۆیە تەواو موستەمسەکاتت هەیە و خواحافیز، بەڵام حەز دەکەم چەند دەقەیەك بچمە سەر تەفاسیلەکاندا تاوەکو گومان نەمێنێت کە ئێمە بە تەواوی ئیشمان کردووە و مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان ویستووە، لەبەرئەوە ڕوون کردنەوەکە پێویستە بە چەند تەفاسیلێکە کە ئاگاداری بن، یەکەم کڕین و فرۆشتنی ئەسومەکان، موراسەلاتی بانکی (HSPC)ی لەگەڵ بۆرسەی ئۆسلۆ، موراسەلاتی (DNO)ی بۆرسەی ئۆسلۆ و بەینی خۆیان و هەردوو لا، بڕیارەکانی بۆرسەی ئۆسلۆ کە چۆن غەرامەی داوەو بۆچی؟ ئینجا دێمە سەر نووسراوەکانی ڕۆژنامەکەی کە نەرویج بلاوی کردووەتەوە، پێش هەموو شت با ئاگادارتان بکەمەوە ئایا ئێمە وەکو حکومەت بۆچی حیسابمان هەیە لەلای بانکی (HSPC)؟ ئەم حیسابە بۆ ئەو کێشەیە و بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوەتەوە، ئەم حیسابە حیسابێکی تەئریخیە چەندین ساڵە کەهەمانە، بۆیە دەمەوێت باسی ئەوە بکەم لە پێشدا، ئێوە وەك ئاگادارن و دەزانن چەند کۆنتراکتێکی نەوتمان هەیە لە کوردستان، لەو کۆنتراکتانە شەرتمان داناوە بۆ موقاولەکان، دەبێت منحە بدەن، کە دەڵێین منحە بۆ هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم، بۆ بەکارهێنانی پرۆژەکانی بونیەی تەحتی، ئەو منحەیە یان دەبێت بە نەقد یەعنی پارە بدرێت، یان دەبێت موقاولەکە خۆی پرۆژەیەکی تایبەتمان بۆ بکات کە بە توانای خۆی بێت و بەڕەزامەندی حکومەت، بۆ ئەوەی کە منحەکە بدرێت یەعنی پارەکە پێویستمان بە حیسابێك هەیە لە دەرەوە بۆ ئەوەی کە موقاولەکان بتوانن لەڕێگەی بانکەکانی خۆیاندا منحەکە یەعنی پارەکە بدەن بە حکومەت بە موجەبی کۆنتراکتەکانی خۆیان، ئێمە نەمان دەتوانی داوا لە موقاولەکان بکەین کە لێرە پارەکە بدەن و موباشر بینێرن بۆ کوردستان، یان بە نەقد بیهێنن، چونکە کۆمپانیای عالمی وا ئیش ناکات، بانکەکانیان ڕێگا نادات پارە بە نەقد وەرگرێت و بیهێنێنە کوردستانەوە بڵێ فەرموو ئەوەتا 20 ملیۆن وەری گرە، بەو شێوە بووە کە پێویستمان بە بانکێکی عالمی بوو کە موتمەئین بێت و پارەکە کە دەدرێت بە حیسابێکەوە و بێتە حیسابێکی تری حکومەتی هەرێمەوە، کردنەوەی حیساب لەناو بانکێکی گەورە لە

عالەمدا وەك (HSPC) وابزانم ژمارە یەكە ئەوەندە ئاسان نیە و نەش بووە، زۆر وەختی خایاند، چونكە زۆر مەسەلەی شەفافیەت و مەسئولیەتی تێدایە بۆ بانكەكە، ئێمە ئیشی زۆرمان لەسەر كردووە، دەمەوێت پێتان بڵێم ئەگەر شەخسی خۆم نەبووایە ئەو بانكە سیقەی بە ئێمە نەئەدا، چونكە من 30 ساڵ لە بەریتانیا ژیاوم، فەحسیان كردووەو زانیویانە من شەخسیەتم چۆنە، لەبەرئەوە ئەو بانكە ڕێگای دا بە هەرێمی كوردستان كە حیسابی هەبێت لەو بانكە، ئەگینا هەزار نامەت بنووسیایە حیسابی بۆ نەدەكردی، بەكارهێنانی حیساب لەلایە (HSPC)تەخویلات و ئیجرائات و پرۆسەی خۆی هەیە كە ڕێككەوتنی لەسەر كراوە لە مابەینی حكومەتی هەرێم و بانكی (HSPC)، خاڵی یەكەم و دووەمی نامەی (HSPC) ئەوە نیشانەكە بڵاوكراوەتەوە و لای جەنابتانە، فەقەرەی یەكەم دەڵێت (تم انشاء جمیع الحسابات بصورة منتظمة وتحت اسم وزارة الثروات الطبیعیة /حكومة اقلیم كوردستان/ مجلس الوزراء/ اقلیم كوردستان ـ العراق ـ بموجب التعلیمات المكتوبة التی وصلتنا من قبل الوزارة)، فەقەرەی دووەم دەڵێت (تم العمل بهذه الحسابات فی جمیع الاوقات حسب الاسلوب الذی اتفق علیه حكومة اقلیم كوردستان مع مصرف (HSPC) و فضلا عن هذا فقد تم ذلك بتواقیع من المخولین حیث ضم من جمیع الاوقات نسخة اصلیة من تعلیماتكم المكتوبة حیث استلمناها من (HSPC)، موقعین دائما رئیس الوزراء اول اسم).

ئێستا با باسی ئەسهومەكانی (DNO) بكەم، ئەمە موقەدیمەیەك بوو تا بزانن ئێمە بۆچی حیسابمان لە دەرەوە بوو، پەیوەندی بە ئەسهومەكان نیە بە عەقدەكانەوە، كڕین و فرۆشتنی ئەسهومەكان بەناوی حكومەتی هەرێمەوە بووە لە ڕێگای حكومەتی هەرێمی كوردستان لای (HSPC) كراوە، هەموو بڕیارەكانی من دراون بە (HSPC) وەكو وەزیرێك نەك شەخسی، بە پێی ئەو پرۆسەیەی كە ئیتیفاقی لەسەر كراوە لەگەڵ (HSPC) و حكومەتی هەرێم، لە هەموو كاتێك بە ڕەزامەندی سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێم بووە، بڕیار دان كە یارمەتی (DNO) بدرێت لە ڕێگای كڕینی ئەسهومەكانیان بۆ ئەوەی بۆ كۆمپانیایەكە و بۆ شەریكەكە پارەكە بڕوات، خۆی كە كاوروباری خۆی تەواو بكات لە كوردستان، چونكە ئەوە بۆ مەسڵەحەتی خۆمان بوو كە ئیشەكە تەواو بێ بۆ ئەوەی تەسدیری نەوت ببێت، كڕین و فرۆشتنی ئەسهومەكان و ئەو پرۆسانەی كە هێنایە بەسەر ئامۆژگاری شارەزاكانی بانكی (HSPC) كرا، ئەوان هەموو شتەكەیان كرد بۆمان بەو شێوەیەی كە باشیان زانی كەئەسهومەكان بكڕن كە خۆیان وەك بانگ واجیهە بن بۆ هەرێمی كوردستان و بۆ حكومەت، پارەی كڕینەكە لە حیسابی حكومەت دەرچووە، پارەی فرۆشتنەكانیش گەڕاوەتەوە بۆ حیسابی حكومەت، لەلای (HSPC) هیچ فائیدەیەك یان دۆلارێك یان سەنتێك نەچووە بۆ لای كەس و بە دەست كەس نەكەوتووە لەم ئیشەدا، ئەسهومەكان كە فرۆشران حكومەت 15 ملیۆن دۆلاریشی قازانج كردووە، ئەوەش چووەتەوە حیسابی حكومەت لە (HSPC)، نامەی (HSPC) لە فەقەرەی 3 و 4 و 5 باسی ئەوەش دەكات، ئەوە فەقەرەی 3 (ان حساب شراء الاسهم كان حساب رسمی لحكومة اقلیم كوردستان) باسی ئەسهومەكان دەكات، (استخدمت فقط اموال الحكومة لشراء هذه الاسهم وجمیع ایرادات البنك تم ایداعها مرة اخری الی حساب الاقلیم من البنك، بهدف شراء الاسهم قام

مصرف (HSPC) بهذا العمل نيابة عن حكومة الاقليم، (المصرف مـو اشـتى هـورامى) وتم اسـتخدام حساب مصرف (HSPC) باسم المصرف نفسه لهذه الاغراض، وتم هذا العمل بالتشاور مع وزير الثـروات الطبيعيـة، (مو اشتى هورامى كشخص) ان استخدام حساب باسم المصـرف نفسـه بـدلا مـن اسـتخدام الاسـم المباشـر يعنـى (الحكومة) لهذه الاغراض يعد امرا طبيعيا وقانونيا ويستخدم كثيرا من قبل المنظمات والشركات والمستثمرين للحفاظ على خصوصياتهم.

دەمەوێت نەختێ باسی كێشەی (DNO) لەگەڵ بۆرسەی ئۆسلۆ بكەم، چونكە ئەمە سـەبەبی كێشـەكەیە، (DNO) ئەندامێكە لەبۆرسەی ئۆسلۆ ئینجا لەبەرئـەوە واجبـە لەسـەری كـە ئەگـەر شـەریكەكە تـەعامول بكات بە ئەسهومی خۆی دەبێت بۆرسەی ئۆسلۆ ئاگادار بكات، مەگەر نەك ئەوەی كە دەیكڕێت، دەبێت ئـەو بیكـات لەلایـەنی خۆیـەوە، لـە مـانگی 2008/12 تـا چـەند جارێـك بۆرسـەی ئۆسـلۆ داوای كردبـوو لـە (DNO) ئێمـە ئاگـادار نـەبووین لـەوە كـە ناونیشـانی ئـەو جیهەتـە كـە ئەسـهومەكانی كڕیـوە لـە ڕێگـای (HSPC)ەوە ئاشكرا بكات، زۆر نامەو كۆبوونەوە بـووە لـە نێـوان (DNO) و بۆرسـەی ئۆسـلۆ و نووسـراو بڵاوكراوەتەوە لەسەر ئـەم مەسـەلەیە، بـەڵام (DNO) ئـەوەی پیشان داوە كـە هـەموو مەعلوماتەكـەیان لا نیە، لەبەرئەوە نازانن كە موشتەریەكە كێیە؟ وایان گوتووە بە بۆرسەی ئۆسلۆ، ئەم كێشەیە بەردەوام بـووە لەنێوان (DNO) و بۆرسەی ئۆسلۆ تا مانگی 9ی ئەمساڵ، تەقریبەن 11 مـانگ، ئێمـە هـیچ ئاگاداری ئـەو مەسەلەیە نەبووین، ئەو كاتە بۆرسەی ئۆسلۆ گەیشتووەتە قەناعەتی خۆی كە (DNO) بـە عەمـدی نـاوی موشـتەریەكە ئاگـادار ناكـات، لەبەرئـەوە بۆرسـەی ئۆسـلۆ بڕیـاری خـۆی داوە كـە غەرامەیـەك بخاتـە سـەر شەریكەی (DNO)، ئەوە لە 2009/9/17 بوو، باشە با بـزانین ئێمـە چیمان كـردووە؟ كـە ئەسـهومەكان كڕابوون و وەكو هـەموو جارێـك كـاتی فرۆشـتنی دێـت بـانكی (HSPC) ڕاپـۆرتێكی نـاردووە بـۆ بۆرسـەی ئۆسلۆ ئەمە تەقریبـەن 6 جـار بەتـەواوی ئـەوانی ئاگادار كـردووە كـە حیسابەكە هـی حكومـەتی هـەرێمی كوردستانە و وەزارەتی سامانە سروشـتیەكان و وەزیـری سـامانە سروشـتیەكانی هـەرێمی كوردسـتان ئاشـتی هەورامی ئەمرەكەی كردووە بەناونیشانی (موشتەریەكە ـ ئەنجومەنی وەزیران ـ كوردستان ـ عـیراق)، ئەمـە 6 جار كە ئەسهوم كراوە و ئەو مەعلوماتە بەو شێوەیە بۆرسەی ئۆسلۆ ئاگادار كراوەتـەوە، ئینجا بۆرسـەی ئۆسلۆ، چونكە ئەو مەعلوماتەی وەرگرتووە لە ڕێگای بـانكی (HSPC) هـیچ كێشـەیەك لەگـەڵ ئێمـە یـان لەگەڵ (HSPC) نەبووە، ئەوەشیان نووسیوە لە ڕاپۆرتەكەی خۆیاندا، هەروەها دوای ئەوەی كە ڕۆژنامەی ئۆسلۆ بە خراپی ناوی ئێمەی نووسی بوو ئێمە چووین بۆ ئۆسلۆ لەوێ دووبارە لە 2009/9/28 بۆرسـەی ئۆسلۆ تەسریحێكی بڵاو كردەوە، بۆرسەی ئۆسلۆ گوتی (هیچ كێشەیەك لەگەڵ (KRG) (Kurdistan Regional Government) نەبووە و هیچ كێشەیان لەگەڵمان نیە) زۆر (package) هەیـە كـە باسـی ئەوە دەكات و فـەرموون ئەمـە ئـەمڕۆ دەرچـووە وابـزانم، سـەیری كـەن ئەمـە ڕەئیسـی لیژنـەی تـەحقیقی خۆیانە كە موقابەلەی كراوە لەگەڵ ئەم مجلەیە و دەڵێت كێشەمان لەگەڵ حكومەتی كوردستان نیە، ئەگـەر بیخوێننـــەوە دەڵێـــت هـــەر نـــەبووە، ڕەئیســـی لیژنـــەی دووەم، ئەمـــە تەقریبـــەن دە پەڕەیـــە، حەزدەكـــەم

بیخوێننەوە و من خۆم نەمخوێندووەتەوە هەر هێنەکەم بینی، ئەمە ڕەئی مجلەکە نیە، موقابەلەیە، ئەمە وەکیلەکەیە، عەینی شت ئێمە کێشەکەکان لە کۆمپانیای (DNO)ی خۆمان بووە نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئینجا بۆرسەی ئۆسلۆ چونکە ئەو مەعلوماتەی وەرگرتووە لە ڕێگای بانکی ئێمەوە کە بانکی (HSPC)یە هیچ کێشەیەك نەبووە لەگەڵ ئەوەدا، هەروەها دوای ئەوەی ڕۆژنامەی ئۆسلۆ کە کێشەکە لەوێوە دەستی پێ کردووە بەخراپی ناوی ئێمەی نووسیوە ئەوەی گوتووەو ڕوویان کردووە بۆ هەموو کەسێك، پاشان بڕیارەکانی ئۆسلۆ چۆن بووە؟ و بۆچی تێك چووە لەگەڵ ڕۆژنامەکە؟ بۆچی ڕۆژنامەکە ئەو مەعلوماتەی بە عەینی شێوە بڵاونەکردووەتەوە؟ لە 2009/9/17 بۆرسەی ئۆسلۆ بڕیاری خۆی بڵاوکردەوە کە غەرامەیەکی خستۆتە سەری ئەمە، ئەو فەقەراتەی کە نووسیویەتی سەبەبەکەی چیە؟ لە بڕیارەکەی دا تەفاسیلی داوە کە چۆن بۆرسەی ئۆسلۆ لەڕێگای (HSPC) خۆی ئاگادار بووە کە موشتەریەکە (KRG)یە و حکومەتی هەرێمە، چونکە پێیان گوتراوە لە مانگی 11 ی ساڵی ڕابردوو پێی گوتراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا شەریکەی (DNO) زانیویەتی و بە عەمدی هەمان مەعلوماتیان نەداوە بە بۆرسەی ئۆسلۆ ئەوە ئیتیهامەکەیە تۆ عەینی وەخت زانیوتە، بەڵام نەتداوە، شەڕی لەگەڵ ئێمە نیە، لەگەڵ شەریکەکەیە، لەو بڕیارەدا بۆ ئەوەی بۆرسەی ئۆسلۆ پیشان بدات کە چۆن زانیویەتی کە (DNO) مەعلوماتی تەواویان لەلا بووە، وەختی خۆی ئیمێڵێکی ئاشتی هەورامیان پیشان داوە کە ڕەئیسی ئیدارەی شەریکەی (DNO) پەیوەندی بووە لەگەڵ من ئەو ڕۆژە، کەواتە ئەوە دەلیلە کە ئەو زانیویەتی ئەو ئیمێڵە باسی تەفاسیلی حیساب ناکات، ئەوە ئێستا کە پەیوەندی بووە ئیسپاتی کردووە و جەریدەکە ئەوەی وەرگرتووە کە ئەمە دەلیلە و ئیتیفاقێکی شەخسی کراوە بەینی ئیدارەو ئاشتی هەورامی کردوویەتی بە بەزم و ڕەزم و سێ پەڕەی لەسەر نووسیوە، بەداخەوە برادەران لێرەش بڵاوی دەکەنەوە و، لە هەموو عالەم لە ئینتەرنێت دەرچووە کە شتێکی خراپمان کردووە، بەڕاستی ئەوەیە جەریدە جەریدە فرۆشتن! لەوە زیاتر نیە و درۆو دەلەسەیە! چونکە ئەو ئیمێڵە هەر ناوی منی تیا بووە ئەوە جیا کراوەتەوە لە باقی هەموو دەلائیلەکە و تەقریرەکەی ئۆسلۆ خۆیەتی ئەوەی بەکارنەهێناوە، چونکە دەڵێت وەزیرە و حکومەتی هەرێمە و (HSPC)یە و ئەوەی بەجێی هێشتووە فەقەرەیەکی کاك ئاشتی هەورامی بە تەنیا دۆزیوەتەوە و بەکاری هێناوە، ڕۆژنامەکەی نەرویجی نەختێ باسی بکەم، ڕۆژنامەیەکی زۆر بچووکە و لە ئۆسلۆ کەس نەیبیستووە تا ئێستا، ئێستا خۆی گەورە کرد، ڕاپۆرتەکانی بۆرسەی وەرگرتووە و ئەو لەباتی کە باسم کرد کە هەموو تەفاسیلەکە بڵاوبکاتەوە بە عەدالەت بڵێ لەو فەقەرەیە وا دەڵێ و لێرەش وا دەڵێ کە دەڵێت (DNO) درۆی کردووە و گوتوویەتی ئاشتی هەورامیە، ئاخر مەبەستەکە داندراوە کە ئیتیهامی (DNO) دەکات کە درۆی کردووە، ئەو درۆیەکەی بەکارهێناوە دژی ئێمەیە، ئەوە عەدالەتە؟ بڕوا ناکەم! ئینجا لەبەرئەوە ئەو فەقەرانەی وەرگرتووە بڵاوی کردووەتەوە و کردوویەتی بە هێنێکی عالەمی و بڵاو بۆتەوە، بەو شێوەیە ناوی ئاشتی هەورامی بەکارهێنراوە و بە سێ پەڕە ڕۆژنامەکە زۆر شتی نووسیوە لەسەر مەسەلەکە و وای پیشان داوە کە ئاشتی هەورامی خۆی ئەسهومەکانی کڕیوەو قازانجێکی گەورەی کردووە و

بۆ گیرفانی خۆی بردووه، دوای ئەوەش هەمان ڕۆژنامە بەردەوامە و بەردەوامیش بووە چووەتە سەر مەسائیلی تر کە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، نووسراوێکی تریشی نووسیوە، هەمان کاری هێماکانی پێشەوەی هێناوەتەوە سەر مەقالە تازەکە، زۆر بەداخەوە ڕژنامەکانی تریش و لێرەش بەداخەوە لە ئینتەرنێت دووبارەیان کردووەتەوەو گەورەیان کردووە بەبێ ئەوەی لە حەقائیق تێ بگەن، یان پرسیارێك بکەن لە ئێمە با شتێکیان بدەینێ ئینجا بیکەنە قەناعەت و شتێك بڵاو بکەینەوە، کۆتایی لەسەر ئەو مەسەلەیە من بە سیفەتی وەزیر ئیشم کردووە، بەو سەلاحیاتانەی کە پێم دراوە و بەو تەخویلاتەی کە پێم دراوە تەجاوزی ئەوەم نەکردووە، هەموو پارەکە هی حکومەت بووەو لە حیسابی حکومەت دەرچووە و گەڕاوەتەوە بۆ حیسابی حکومەت تا لەگەڵ ربحەکەش، کەس ئیستیفادەی لە هیچ پارەیەك نەکردووە هەتا یەك سەنتیش، وەك پیشانمان دا لە نامەی (HSPC) پارەکە گەڕاوەتەوە حیسابی حکومەت، هیچ نیە لێرە تا پرسیار بکەین و وەڵام بدرێنەوە، من هاتووم هەر حەزم کرد ئەمە بە تەفسیلی باس بکەم، حکومەت هیچ زەرەری نەکردووە، بە یاسایی و ڕێکوپێکی ئیشمان کردووە و بە تایبەتی بۆمەسڵەحەتی حکومەت، چونکە ئێمە یارمەتی شەریکەمان نەداوە، مەبەستێکی ستراتیژیمان هەبووە کە تەسدیر ببێت کە 1ی حوزەیران کە هەمووی بەرێکوپێکی بیدەن، ئەگەر ئەو پارەیە نەبووایە چاوەڕوانی ئەو حەقلەتان نەدەکرد، ئەوە بوو سەبەبەکە، ئەگەر لە موستەقبەل بۆرسەی ئۆسلۆ وادیارە پرسیاریان نەماوە، کە ئەوان دەیانەوێت پرسیار لە ئێمە بکەن کە چۆن کڕیتان و بۆ کڕیتان؟ ئێمە ئەیدەین موشکیلەمان نیە، کەس لە ئێمەی نەپرسیوە هەر بەینی خۆیان قسە دەکەن، بەڵام هیوادارم ئەوە ڕوونی بکاتەوە بۆ هەموو لاتان من ئێستا حەزدەکەم ئەم فرستە وەرگرم کە مەجالم بدەن نەك ماوەی زۆر، دەمەوێت نەختێك لەسەر سیاسەتی نەوت و غاز باس بکەم و ئاگادارتان بکەم کە ئینجازاتەکانی حکومەتی هەرێم تا ئێستا چی بووە، سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەم بابەتە داندرابوو لە ماوەی دوو، سێ ساڵی ڕابردوودا، حەل کردنی کێشەی سوتەمەنی کوردستان، حەل کردنی کێشەی کارەبا لە ڕێگای بەکارهێنانی غازی حەقلەکان کە هەمانە، حەل کردنی مەسائیلی کۆنتراکتە کۆنەکان کە پێش دەستووری عیراقی مۆرکرابوو، حەل کردنی موزەکەراتی تەفاهوم، تەقریبەن بیست تا سی لەمانە هەبوو پێش دەستوور کە چۆن ئەوانە حەل بکرێن، دانانی یاسایەکی دەستووری بۆ ئیدارەی نەوت و غازی خۆمان، ئەوە سیاسەتی ئێمەیە کە دەستمان پێی کرد، دەست پێ کردن بە دۆزینەوەی نەوت و غازی زۆرتر لە ڕێگای تەعامول لەگەڵ شەریکاتی بە توانای جیهانی و لە چوارچێوەی دەستووری عیراق دا، ئەو سیاسەتە ئێمە سێ ساڵ لەمەوپێش دامان نا، باشە ئینجازاتمان چی بووە تا ئێستا؟ کێشەی سووتەمەنی من ئاگادارم کە هەموو کەسێك بەدوای نەوتا ئەگەڕاو سووتەمەنی زۆر کەم بوو سێ ساڵ لەمەوپێش، ئێستا چوار پاڵاوگە لە دروست کردنا دەستی پێ کردووە و لە دوو ساڵی داهاتوو دا تاقەی ئەو 170 هەزار بەرمیلە ڕۆژانە دەبێ و تەواو دەبێت، ئەوەی کە تەواو بووە تا ئێستا تاقەی 40 هەزار بەرمیلە لە ماوەی چەند مانگێك دا دەگاتە 80 هەزار بەرمیل ڕۆژانە، باقیەکەی تەواو دەبێت 18 ـ 24 مانگی تر، ئینجا بە تەواو بوونی ئەو پاڵاوگانە سوتەمەنی کوردستان وەکو بەنزین و ئەو

شتانه هەمووی حەل دەبێت و ئێستاش نەختێ ئاسان بووه هەروەکو ئاگادارن، کێشەی کارەبا من کە وەزیری کارەبا نیم، کارەبا ئەو ئیشەی کردووه، بەڵام ئێمە یارمەتیمان داون، من لەبیرمە کە هاتمەوه بۆ کوردستان سێ ساڵ تەقریبەن لەوەو پێش 10 سەعات کارەبامان نەبوو، بەڵام ئێستا وابزانم لە شارەکان دا تەقریبەن 20 سەعات زیاترمان هەیە، غازمان بەکارهێنا بۆ حەل کردنی ئەو مەسەلەیە و سەرکەوتووش بووین، ئێستاش خەریکین مەحەتەیەکی تازە دروست دەکەین لە هەولێر تەقریبەن 300 ـ 600 میگاواتە لەڕێگای کۆمپانیایەکی کۆریەوە کە بەمنحە دەیکەن، چونکە عەقدی نەوتمان داوە و پارەش نادەین، هەمان کۆمپانیا مەشاکیلی تەحویلی کارەبا کێشە هەیە لە سلێمانی ئەو مەشروعەش دەکەن لە منحەکە کە بەدایان ناوه لە عەقدی نەوتەکە ئێمە تەقریبەن ملیارێك دۆلار لەسەر ئەو بونیە تەحتیەی کە بە پێی عەقدی نەوتەوە هاتووه، ئەوە دەوری ئێمە بووه بۆ کێشەی کارەبا حەل کردن، با بێمەوه سەر مەسائیلی دەستووری و یاسایی نەوت و غاز کە شتێکە دەبێت جەنابتان هەموو ئاگادار بن لەسەری، دەستووری عیراقی سیاسەتێکی گشتی داناوه بۆ نەوت و غاز، ئەوەش لە ماددەی 111 و 112 و 115 و 121 دا هاتووه، یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2007 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو سەلاحیاتی هەرێمی کوردستانی بە دوورو درێژ داناوه ئەوەش لە چوارچێوەی دەستووری عیراقی دا بووه، هەشت جەلسەی پەرلەمان تەرخان کراوه بۆ ئەو یاسایە، من زۆر زۆر فەخر دەکەم ئەو یاسایە بوو، چونکە وڵاتەکەی ئێمە دەگۆڕێت، یاسای کوردستان زۆر شتی داناوه کە ئێمە ناتوانین بە کەیفی خۆمان تەسەروف بکەین لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، حەزدەکەم بیخوێننەوه دووبارە، چونکە زۆرتان ئەندامی تازەن لێرە، مۆدڵ کۆنتراکتی داناوه کە ئاشکرای کردووه چۆنە، حدودی داناوه بۆ کولفەی موقاولەکان، حدودی داناوه بۆ ربحی موقاولەکان، چۆن ناوچەی عەقدەکان تەرخان دەکرێت بۆیان، ماوەی عەقدەکانیان تەرخان کردووه و دەبێت هەموو عەقدێك بەو شێوەیە بکرێت، یاسای کوردستان کە ئیشی پێ دەکەین دەسەڵاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و وەزیری سامانە سروشتیەکانی بە تەفاسیل داناوه، دەسەڵاتی مۆرکردنی کۆنتراکتەکانی داوە بە لیژنەیەکی باڵا کە 5 ئەندامن، رەئیسی وزەرایە و وەکیلەکەی و سێ وەزیرە، کە یەکێکیان وەزیری سامانە سروشتیەکانە، یاسای کوردستان داوای کرد وەختی خۆی کە ئێمە دەمانزانی کێشەمان هەبوو بە داوای پەرلەمان بوو بەڕاستی کە ئەو (ئیمەویانە) کە ئیمەوی پێ دەڵێن موزەکەراتی تەفاهومە هەمووی لەغو بکرێت، چونکە درابوو بە شەریکاتی بچووك وەکو ئەوەی مەحەلی کەس، بڕوای نەدەکرد کە بتوانن ئیش بکەن لێرە، داوای کرد هەمان کات کۆنتراکتە کۆنەکان ئەوەی پێش دەستوور کرابوو کە موراجەعەیان بکرێت و بگونجێن لەگەڵ دەستوور و دەگەڵ یاسای تازەی کوردستان، جێ بەجێ کردنەکەی ئێمە چی بوو لەسەر ئەوە؟ هەموو موزەکەراتی تەفاهوم لەغو کران دوای دەرچوونی یاسایەکە، ئەوە بەڕاستی ئاسان نەبوو کێشەی زۆری لەسەری هەبوو گلەیی زۆر بوو لەسەری، بەڵام توانیمان لەغوی بکەین و کێشەکان لاببەین، کۆنتراکتێکی کۆن هەبوو یەك لە دهۆك ئەویش شەریکەی (DNO) کە باسمان کرد، وە سێ لە ناوچەکانی سلێمانی و کۆیە بوون، ئەوانیش موراجەعەی تەواویان کرایەوە، هەمووی مۆر کرانەوه دووبارە

بەتەعـدیلاتێکی گـەورەو ڕێـك و پێـك لەگـەڵ یاسـای نـەوت و غـازی تـازە، ئـەو تەعدیلاتـە ناوچـەی کۆنتراکتەکان کەم کرانەوە، حسـەی کولفـەی موقاولەکە زۆر کـەم کـراوە، حسـەی ربحیـان زۆر بچووك بـوو، مـاوەی عەقـدەکانیان کـەم کرایـەوە، لـە هـەمان کـاتیش موقاولـەکان منحـەی تازەیـان دا، هـەروەکو موقاولـە تازەکان ئەوانیش داوامان لێ کردن دەبێت منحـە بـدەن بـۆ بونیـەی تـەحتی تـەرخانی بکـەن بـۆ مەشـاریعی خۆیان بیکەن تاوەکو یارمەتی هەرێمی کوردستان بدەن، ئەو ناوچانەی کە ئێمە وەرمـان گرتـەوە مەنتقـەی عەقدەکانمان کەم کردەوە ئێمە هەشت کۆنتراکتی تازەمان بە دەست کـەوت، لـە پێشـەوە هەشـت کۆنتراکتی تازە کە دوو ملیار دۆلاری تازەی هێنایەوە بۆ ئێمە لەو مەشاریعە بونیەی تـەحتی کـە دوایـی باسـی دەکـەم، بەشـی دووەم دەسـتمان کـرد بـە ئیشـی تـازە دوای یاسایەکە 25 عەقـدی تـازە کـراوە لەگـەڵ زیـاتر لـە 30 کۆمپانیای جیهانی لە 16 وڵاتەوە هاتوون، لە صینەوە تا ئوستراليا و ئەمریکا و کۆریاو زۆر وڵاتـی ئـەوروپا و بریتانیا تا ئێستا 4 حەقلی تازەیان دۆزیوەتەوە، من باسی حەقلی کۆنەکان ناکەم تەق تـەق و مەنتیقـەی تەوفی ئەوەی (DNO)، ئەمە عەقدی تازەیـە لـەم چـەند مانگـەی ڕابـردوو دۆزراوەتـەوە، نـەوتی زۆریشـی تیایە و غازیشی تیایە، ئێستا خەڵك زۆر باسی ئیش دەکەن لەسەر تەسدیری غاز لە کوردستان بۆ تورکیـا و بۆ ئەوروپا، ئەمە بۆ ئێمە زۆر باشە مەشاکیل حـەل دەکـات و خـەڵك ئیهتیمامـت پـێ دەدات لـە دەرەوە، لـە نەوتیش تەبعەن سـەرکەوتوو بـووین توانیومانـە کـە ئیسـپاتی بکـەین کـە تەسـدیری نـەوت دەتـوانین هـین بکەین کە تاقەمان هەیە بۆ 100 هەزار بەرمیل ئێستا ئەوە دەبێتە تەقریبـەن 250 هـەزار ـ 300 هـەزار لەماوەی ساڵێك دا دەتوانین بیکەینە 450 هەزار ـ 500 هەزار ماوەی دووساڵە، سێ تا چـوار سـاڵ دەگەینـە ملیۆن بـەرمیل، تـۆ حیسـابی ئـەوە بکـە هـەموو عـیراق 2ملیـۆن دەکـات ئێسـتا، حسـەی تـۆ لـە عـیراق دوای نەفەقاتی ئیتیحادی تەقریبەن موقابیلی 300 هەزار بەرمیلە، تـۆ لـە سـاڵێك دا لەمـەودوا دەتـوانی عـەینی موازەنەت بۆ بێت ئەگەر کێشەت نەبێت لە موازەنەت لە عیراق، یـاوەکو ملیۆنێـك دەخەیـە سـەر موازەنـەی عیراق دەبێ هەموو کەسێك بڵێین زۆر سوپاست دەکەم هەرێمی کوردستان، سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەوە بووە، ئەمە بۆ عیراق باشە، بۆ کوردستانیش باشە، ئەمە زۆر یارمەتی ئیقتسادی عیراق دەدات، مـن خۆشـحاڵم کـە سیاسەتی ئێمە سەرکەوتوو بووە و سیاسەتی حکومەتی ئیتیحادی تا ئێستا فاشل بووە، بەڵام هیـوادارین کـە دوای ئینتخابـاتی تـازە ئـەوە بگـۆڕێ و سیاسـەتێکی ئیستسـماری بـاش ئیتیفـاقی لەسـەر بکرێـت بـۆ ئـەوەی سەرکەوتوو بین لەسەر ئەوە، باشە ئیش کردنمان چۆن بووە؟ ئێمە لەچوارچێوەی دەستوور ئیشمان کردووە هەموو کەسێك دەزانێ یاسایەکە پەرلەمان پەسەندی کرد، دەزانم کە موناقەشەی گـەورەی لەسـەر هـەبووە، بەڵام هەتا باسی ئەوەش مەکە ئەمە تەوزیع کراوە پرۆفیسۆرێکی عالیە و محایـدە و ئـەوە بخوێنـەرەوە کـە هەمووی باسی ئەوە دەکات چۆن ئیشـەکانی ئێمـە دەسـتووریە، بـە هـیچ شـێوەیەك تـەجاوزی دەسـتوورمان نەکردووە، من نامەوێت بیخوێنمەوە لەوانەیە وەختتان کەم بێت، لە ناحیەی ئیقتسادیەوە ئایا ئیشـەکانمان باشە؟ چونکە جاروبار خەڵك گلەیی دەکات کە دەڵێن ئەمە عەقدی موشارەکەیە و ئەوەیە، ئەوە بخوێننـەوە موقارەنەی کردووە لەگەڵ عقودی ئەوەی بەغدا کە هەیـە، دەڵێـت ئەگـەر ئـەوەمان مۆرکردایـە ئێمـە 450

ملیۆن دۆلار زەرەرمان دەکرد بۆ عیراق، عەقدی ئێمە باشترە لە ناحیەی ئیقتسادیەوە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی کە باسی دەکەن لە بەغدا دەڵێن عەقدی خەدەماتە، عەقدی خەدەمات نیە، ئەگەر بیخوێنیتەوە وەکو عەقدەکەی ئێمە وایە، موشارەکەی ئینتاجە، بەڵام بەخراپ داندراوە ئەوەی ئێمە باشترەو عەینی مەعنای هەیە و عەینی تەفاسیلە، بەڵام ستراکچەری عەقدەکە باش نیە بۆ عیراق، چۆن ئەو کۆنتراکتانە یارمەتی هەرێمی داوە؟ چونکە بەشێکی باسی ستراتیژی دەکەین و یەعنی لەچەند ساڵی داهاتوو نەوت و تەسدیر چەند پارەمان بۆ دێتەوە، بەڵام لەهەمان کات دا ئێستا ئێمە لەسەر خەریتەی وزەی عالمین، هەرچی باسی نەوت لەهەر موئتەمەرێك دا کوردستانی لەسەرە، دەڵێت تاقەی کوردستان چەندە؟ غازی چەندە؟ نەوتی چەندە؟ ئەمە هاتووەتە پێشەوە، چونکە ئەم ئیشەی ئێمە و ئەو 35 کۆمپانیایە لێرە ئیش دەکەن، پەیوەندی ئابووری ئێمە زۆر بەهێز کردووە لەگەڵ دراوسێکانمان بە تایبەتی تورکیا وە هەروەها لەگەڵ ئەوروپاش، ئەمە زۆر باشە بۆ ئیستقرار و مەسائیلی تریش، گەنجەکانمان ئیشیان زۆرە لەگەڵ ئەو شەریکانە بەردەوامن زۆر تریش دەبێت، تەدریب و تەکنەلۆژیا بلاو کراوەتەوە بەرەو ڕاستەوخۆیی دەڕوات، تەشجیعی ئیستسمار لە قیتاعەکانی تریش دەکات، چونکە 36 کۆمپانیای نەوتی عالی لێرە بێت، قیتاعی تر ئاسانە کە بێت لێرە ئیش بکەن، ئەمە لە مەجالی تردا مەسەلەن زراعە و ئەو شتانە، ئەم شەریکانە بەم عەقدانە 10 ملیار دۆلار دێنێتە کوردستان بۆ ئیشەکەی خۆیان لەسەر مەجالی نەوت دا بۆ تەنقیب و بۆ تەشغیل بەشێك لەوە دەچێت بۆ میللەتی ئێمە، چونکە ئیش دەکەن بەیەکەوە موقاولات دەکەن، خەدەمات دەکەن بۆیان ئەم(35)شەریکەیە هەمان کات پێنج ملیار دۆلاری تەرخان کردووە کە منحە، بۆ ناوچەی عەقدەکان و بۆ بونیەی تەحتی کوردستان، ئەو منحانە بەشێکی بە پارە دەدرێت، وەکو کە باسمکرد (HSPC) حسابی بۆ کراوەتەوە، بەڵام زۆربەشی بە پرۆژە ئەکرێ وەکو ئەوەی کۆریەکان و چەند شەریکەیەکی تر، خۆی ئیشەکە ئەکا موقابل بەو مقدارەی کە داینـاوە لە عەقدەکە، تا ئێستا یەك ملیار دۆلار زیاتر سەرف نەکراوە بەم شێوەیە لە هەردوو تەرەف وە نزیکەی چوار ملیاری هێشتا ماوە، ئەم حکومەتەی تازە ئەتوانێ ئیستفادەی لێ بکا، ولاتەکەی دروست بکا، بونیەی تەحتی دروست بکاتەوە، ئەمە هەر سەرەتایە من کە ئەیبینم و زۆر باش ئەزانم وە هیوادارم زۆرتر منحە بێتە کوردستان، بۆ ئەوەی ژیانی میللەت باشتر بێ لە چەند ساڵانی داهاتوودا، هەندێك باسی شەفافیەت ئەکەم، بێ ئیشی ئێمە تۆ حسابی ئەوە بکە (35) شەریکەی عالەمی هاتوونەتە ئێرە، ئاسان نیە ئەگەر شەفافیەتت نەبێ، شەریکەی نەوت نایەتە کوردستان، شەریکاتی ئەهلین مراقەبەیان لەسەرە، ئێمە ئەگەر بە ڕێکو پێکی ئیش نەکەن هەر ڕائەکەن نایێنە ئێرە، ئێمە خەڵك ئەڵێ(مۆنترۆل کۆنتراکت) هیچ باس ناکەین، فەرموو ئەمە لەسەر ئەنتەرنێت بووە لەمانگی (11)ی(2007)ەوە ئەوە مۆدێلی ئێمەیە دوای یاسای کوردستان ئەو مۆدێلە نە گۆڕاوە هەموو مۆدێلکە نەختێ بۆشایی تیایە، ناوی موقاول ئەدەی مەنتیقەی ئەدەی، چەند پارە هەتە، ربح وەرئەگرێ، مۆدێلکە نەگۆرا، ئێستا باسی ئەوانی تریشت بۆ ئەکەم لە هەمان کات دا هەموو مەنتیقەی عەقدەکان ئێمە ئەویشمان بلاو کردۆتەوە وەکو (سپرێشید) بوو کە ئێمە تەوەقوعی چی ئەکەین، حسەی

موقاولەكان بیٚ لەو عەقدانە، یەك شت لەوە نەبوو، مەسەلەی پارە و منحە بوو، ئەو منحانەی كە دراوە یان ماوە كە بدرێت یان پارەیە یان پرۆژەیە ئەوەش بلاٚو كراوەتەوە، كتێبێكمان هەیە هیوادارم سەیری بكەن چەند پەڕەیەك هەیە حەز ئەكەم ئیشارەتی لەسەر بكەم، ئەم مۆدێلە كە ئەڵێ حسەی موقاولەكە چەندە؟ تەقریبەن لە10٪ یە، ئەگەر ربح بوو لە90٪بۆ عیراق لەرێگە كوردستانەوە ئەوە مۆدێلەكەیە ئەوە لە كۆنتراكتەكە باس كراوە، ئەوە ئیشی ئێمەیە با بێنە سەر، ئەڵێن موقاولەكان نازانین كێیە، فەرموو ئەوەتە لێرە هەموویان دانراوە (35) زیاترن ولاٚتەكە لە كوێ هاتن؟ حسەیان چیە؟ لە كوێ ئیش ئەكەن؟ ناوی مەنتیقەی عەقدەكە ئەمە تەقریبەن چەند مانگێكە بلاٚو كراوەتەوە لە عالەم. لە پەڕەی بەرامبەر ئەوەی هەرچی پارەیە لەوێیە، عەقد بە عەقد ئەوەی كە هاتووە باسی كردووە، ئەوەی كە ماوە باسی كردووە، ئەوەی كە بە پرۆژە ئەكرێ باسی كردووە، شەفافیەت لەوە زیاتر لە كوێ ئەدۆزیتەوە لە هەموو ولاٚتانی عالەم دا، من شتی وام نەدیوە لە عالەم، یەعنی من ئەتوانم ئێستا عەقدەكان بە ئیمزاكەوە بخەمە سە ر ئەنتەرنێت، بەخوا نایگۆڕێ لەبەر مەسالحی شەریكەكان نەمان كردووە، ئەگەر ئەتانەوێ ئەوەش ئەیخەینە سەر ئەنتەرنێت، چونكە ئەوە لەگەڵ ئەو ژمارانە وەربگری عەقدەكەت هەیە، شەفافیەت لەمە زیاتر لە عالەم قەت رووی نەداوە من یەك شت فەخری پێ ئەكەم یەكەم بەرەو دیموكراسی ئەچین، زۆر باشە ئەم پرسیارانە بكەن، بەلاٚم جارو بار حدود هەیە، ناحیەی ئیقتسادی تۆ ئەگەر هەموو شت كەشف بكەی، خۆت تووشی كێشەیەك ئەكەی، موقاولی تازە یەك ئەڵێ تۆ ئەوەت داوە بۆ ئەوەش بدە بەمن، یەعنی ئەبیٚ نەختێ حدود بێتەوە بۆئەوە ئیستفادەكەت بەردەوام بیٚ بۆ خۆت، جا من دووبارەی ئەكەمەوە هێشتا چوار ملیار لەو منحانە تەقریبەن ماوە حكومەتی تازە ئەتوانێت بەكاری بهێڵرێتەوە وەك پرۆژەی گەورە وە یارمەتی دانی ناوچەی عەقدەكان و دروست كردنی بونیەی تەحتی كوردستان، وەك ئاو رێگاوبان، كارەبا، ئەو مەشاكلانەی كە ئێمە ناتوانین بە موازەنەی عێراق حەلی بكەین، موازەنەی عێراق پێنج ملیارە وەلە 80٪بۆ كولفەی موەزەفینە، ناتوانی مەشاریعی گەورە بكەی، ئێمە وەكو موازەنەی دووەممان هێناوە لە رێگای عەقدی ئیستكشافەوە نەك عەقدی نەوت، چونكە نەوتیشمان نیە هێشتا كەشفمان نەكردووە، ئێستا تۆ سەیری عەقدەكەی بەغدا بكە ئەوەی ئیمزای دەكەن لەگەڵ (BP) 500 ملیون بۆنەسی داوە بۆ گەورەترین حەقلی عێراق، باشە ئەو بۆنەسەش بە قەرزە ئەبیٚ لە ماوەی (18) مانگ بیداتەوە وە كولفەشی لەسەرە لە5٪ ئەبیٚ روبح بدا، ئێمە ئەوەمان بە بەلاش بۆ هاتووە بەبیٚ ئەوەی نەوتت هەبیٚ، بەبیٚ ئەوەی ئیلتزامت هەبیٚ كە ئەو وەری ئەگرێتەوە ئەمە منحەیە؟ حەقی نیە ئەگەر نەوت نەدۆزێتەوە ئەبیٚ دەرچی خودا حافیز، ئەگەر بیدۆزێتەوە حەقی هەیە لە عەقدەكە، حەقی نیە ئەمە وەربگرێتەوە، ئەمە بۆ ئێمەیە، بۆ میللەتەكەیە، بۆ مەنتیقەی عەقدەكەیە پێی ئەڵێن (سۆشیال رسپۆنسبلتی)، ئەم شەریكانە بۆ ئەوەی خۆی پیشان بدا لە ولاٚتەكەی ئێمە ئیشی باشی كردوە بۆئەوەی بیخاتە سەر ئەنتەرنیت بلێ ئەمن لە كوردستان ئەو مەشروعەم كردووە بۆ كوردستان، سومعەم باشە، بۆ ئەوە ئەیكەن، ئێمەش ئیستفادەی لیٚ ئەكەین بۆ ئێمەش باشە، كۆتایی ئەم مەسەلەیە ئەم سیاسەتە پێویست دەكا

بەردەوام بێت، مافی دەستوری کوردستان پارێزگاری پێویستە وە لای جەنابتان و واجبی هەموومانە ئینتخاباتی ئێوە لەسەر مەسالحی کوردستان، بۆ پارێزگاری مەسلەحەتی کوردستان لە دەستورەکە دانراوە، سیاسەتی نەوت ئەبێ سیاسەتێکی موستەقبەلی دوور ودرێژبێت، بڕوا ناکەم بۆ مەسلەحەتی تر هەموو ئینتخابات موراجەعە بکەیتەوە بیگۆڕی، ناتوانی، فاشیل ئەبی بەم شێوە، نەوت ئەبێ نەختێ خارجی سیاسەت بێ، ئەبێ زۆر پەیوەندە هەبێ لە بەینی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی هەر ساڵێ جارێ نەبێ کە کێشەمان بێت هەموو کەسێ شکی هەیە و ئەو عەقدە بۆچی و بۆچی نەبووە، با هەموو جارێ مانگێك کۆ ببینەوە، موشکیلەم نیە حەز ئەکەم، بەخوا حەز ئەکەم کە هەموو شت ئاگاداربن، چونکە ئەتوانن دیفاعی لێبکەن لەباتی ئەوەی پرسیار بکەن، ئاگاداری بۆ میللەت باسی ئەکەن وەکو من باسی ئەکەم، هیوادارم کە بەرێزتان خۆتان شارەزا بکەن، هیوادارم مانعتان نەبێ با بڵێم لەسەر دەستور، چونکە زۆربەتان تازەن لێرە وابزانم پیرۆز بایتان ئەکەم، دووبارە لەسەر دەستوری عێراق بەتایبەتی مەسائیلی نەوت لەو ماددانە ئەم کتێبانە کەباسمان کرد، چونکە شەرحی تەفاسیلی تێدایە وە هەروەها یاسای کوردستان دووبارە بیخوێننەوە وە ئەوەی کە باسمان کرد لەم کتێبانە لە عەقدەکانە وە ئەگەر ئەوە تەواو نیە پرسیارێکت هەیە من دەرگاکەم کراوەتەوە، بانگم بکە یان من دێم بۆ لات، یا تۆ وەرە بۆ ئەوێ، موشکیلەمان نیە، ئێمە بەشێکین لەم وڵاتە ئێمە بەیەکەوەین ئێمە و ئێوە نیە حکومەت پەرلەمان ئێمە یەکین بۆ مەسلەحەتی کوردستان ئیش ئەکەین، هیوادارم ئەم شتانە نەختێ یارمەتیتان بدات، یارمەتی منیش ئەدا، یارمەتی ئەویش ئەدا کە ئیشەکە ئەکا، وە ئەمەوێ ئاگادارتان بکەم کە چەند مانگی داهاتوو دا پەیوەندیمان ئەبێت، چونکە حکومەت وە پەرلەمان ئەبێ زۆر بە یەکەوە ئیش بکەن لە سەر چەند یاسایەك کە ئێمە پێویستمانە لە وەزارەت، مەسەلەن یاسای ساڵی رابردوو( 2007) دوو، سێ شەریکە داناوە ئەو شەریکانە شەریکن لە مقاولەکان، شەریکاتی حکومین ئەبێ ئیدارەی بۆ دابنێی، ئەبێ تەنزیمی بۆ دابنێی، ئەبێ قانونی خۆی بۆ دابنێی، پێویستمان بەوە هەیە، مەعادینی زۆرمان هەیە لە وڵاتەکەمان بەڵام هێشتا قانونی مەعادنمان نەکردووە، زۆر زۆر پێویستە مەعادین وەك نەوت نیە هەموو سەلاحیاتی کوردستان خۆیەتی، ئەبێ تەنزیمی بکەین قانونێکی رێك وپێك بۆی دابنێین، جا لەبەر ئەوە لە چەند مانگانی داهاتوو دا تەوەقوع بکەن کە قەوانینی تازە بێت بۆ لاتان، بۆ جەنابتان بۆئەوەی پەسندی بکەن، لە کۆتایی ئەمەوێ بڵێم کە دوای(35) کۆنتراکت، (35) عەقد وە پێنج ملیار مینحە کە هاتۆتە کوردستان، و دێتە کوردستان ئەوانەی کە بەدوای کێشە ئەگەڕان و گەندەڵی ئەگەڕێن هیچیان نەدۆزیوەتەوە، ئەوە فەخرێکی گەورە هەیە بۆ من هەر ئەوەی توانی بکا کە ئیمێلێك تەزویر بکا کە ناوی من تێك بدا من ئەوە وازی لێئەهێنم، عەدالەت باسی ئەوە ئەکا، خۆی پێویست ناکا من دیفاعی لەسەر بکەم من فەخرم لەسەر ئەوە هیچ موشکیلەم نیە نەختێ کێشەی بۆ من دورست کرد، بەڵێ عاجز بووم، بەڵێ عائیلەکەم زۆر نارەحەتن، بەڵێ من هاتم بە سومعەیەکی گەورە، نامەوێ کەس فاشیلی بکاتەوە، رێگاشی نادەمێ، سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەوە بووە نەك چونکە بڵێین ئێمە پاکین و ئەمە لایەکە، من یەك

شت بڵێم من لەگەڵ رەئیسی حکومەت لەگەڵ ئەندامی چەند باڵا دانیشتین وتمان ئەگەر یەك گەندەڵە بێتە عەقدەکی نەوتەوە بە ناوی ئێمەوە هەموو سیاسەتەکە تێك دەدات، بەغدایە گژە گژی دەکا ئەڵێ حەقە، دستور نیە، ئەڵێ ئیشی خەراپ ئەکەی، هەموو ئەیکا بە کێشەیەك بۆ ئەوەی مافەکەت بباتەوە، دیفاعی یەکەمی ئێمە ئەوە بوو پاك ببە ئەتوانی مافەکە پەسند بکەین، ئەو مافە بەردەوامە، ئەبێ بەردەوام بێ، ئەبێ نەوت وغاز لە دەرەوەی سیاسەت بێ، لەدەرەوەی مەجال بێ کە کەس بێتە ناوی گەندەڵی دروست بکا، من ئاگام لە هیچ نیە لەو عەقدانە کە هەمووی پاکن وە دووبارە فەخر دەکەم زۆرکەس وادیارە دوژمنمان هەیە لە دەرەوە، لە شوێنی تریش ئەگەڕێ کە شت بدۆزێ، یەکێك لەوانەی عەرقەلەیە بۆی ئەگەر هەر نەیان دۆزیەوە وەڵلا ئەوە زۆر باشە، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك د.ئاشتی هەورامی، ئێستاش دێینە سەر پرسیاری ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، کە لە سەرۆکایەتی ئیتفاقمان لەسەر ئەوە کرد ژمارەی پرسیارەکان لە هەر فراکسۆنێك خۆی بگرێتن، لیستی کوردستانی ئێستا کەرمکە پێنج پرسیارتان هەیە تکایە نەچنە ناو موحازەراتەوە، دەقیق لەسەر ئەوە مەوزوعەی کە ئیستا بەرێز روونی کردەوە، لێرە لەسەر ئەوە قسە بکەن فەرموو.

**بەرێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، سەبارەت بە ئالیەتی دابەش کردنی پرسیارەکان، مەسەلەن بە چ ئالیەتێك دابەش کراوە، ئێمە وەکو فراکسیۆنەتی گۆڕان (20)پرسیارمان هەیە، یەعنی بۆ ئەو پرسیارانە تەرح نەکەین؟

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەرۆکایەتی تەحدیدی جەلسەکەمان کردووە وە بەو شکلە، وەبەو شکلە بەرێوە دەچێ، ئەتوانن پرسیارەکانتان سەرۆکی فراکسۆن یان ئەندامەکان بیکاتن پرسیارەکانتان ئەتوانن دەمج بکەن، روونکردنەوەی لەسەر بکەن فەرموو.

**بەرێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی کاك ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەم ، ئیمە وەکو لیستی کوردستانی، بە پێی ئەو ئیتفاقیەی کە کرا لەگەڵ بەرێز سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکایەتی، پێنج کەسمان هەیە کە هەڵدەستێت پرسیارەکانی خۆی دەکات بەم ناوانە یەکەم: بەرێز د.رفیق دووەم: کاك عومەر صدیق سێیەم: کا اسماعیل محمود چوارەم: د.دانا پێنچەم: کاك دڵشاد شەهاب، وە خۆی مەوزوعەکە زۆر زۆر ئینترێسی تێدایە بۆ هەمووومان ئەمانەوێ بگەینە حەقیقەتەکە، پرسیارمان زۆرە، بەڵام جەنابتان ئەم تەحدیدەتان داناوە .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر پرسیاری تر هەبوو پاشان ئەتوانن بە نووسین ئاراستەی بكەن، ئێمە جوابەكانتان بۆ دێنینەوە، لیستی گۆڕان كەرەمكەن.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پرسیارەكان وەكو هاوڕێم كاك سەرهەنگ باسی كرد ئێمە زیاتر لە (20) پرسیار ئامادەمان كردووە كورتی ئەكەینەوە، بەلاَم لەبەر چی لیستی كوردستانی كەهەر پێنج پرسیارەكە ئەكا ئینجا لیستەكانی تر، ئایە ئەمە ناعەدالیەتێك نیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەسەلسولی رێژەی ئەندامانی ناو پەرلەمان هاتینە خوارەوە، وە دمانتوانیش لە خوارەوە سەربكەوین، بەلاَم هەرمەنتقی تر ئەوەیە لیستی كە زۆرینەی ئەندامانی هەیە لەناو پەرلەمان، پاشان لیستی دووەم دێ كەلیستی گۆڕانە، پاشان چاكسازی دێ، بەو شكلە ئەبێت شێوەیەك بگرینە بەر، ئێستا ناوەكان ئەگەر تەشریف بكەن، لیستی چاكسازی كەرەمكە، فەرموو ناوەكان تكایە، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی، لیستی توركمانی هەولێری.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاوز خورشید دامانناوە پرسیارەكە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی كلدانی سریانی ئاشوری.

**بەڕێز امیر گۆگە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پرسیارم نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەرمەنی، نیەتی، رافیدەین نیەتی.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رێگەم بدەن پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە، رەجائەن نە بەخێرهاتن، نە محازەرە، برِۆ سەر پرسیارەکەت تەوجیهی ئەو بکە، کەرەمکە.

**بەرێز د.رفیق صابر قادر طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ولاَتی شەفافیەت و ولاَتی قانونە، بۆیە ئەگەر لەو بارەیەوە تومەتێك درابێتەوە بە بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان، دەتوانێ یا حکومەت دەتوانن لە دادگا لەوێ داوا تۆمار بکەن و بە یاسا سزای ئەو لایەنانە بدەن، ئەوەی کە هەیە لێرەدا بۆ(DNO)ئەم کارەی کردووە شاردویەتەوە؟ قسە لەوە هەیە کە ئەمە سەر دوای بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان بووە کە ئەمە ئاشکەرا نەکرێ، کێ ئەم سامانەی کرِیوە؟ لە هەمان کات دا بەرێز د.خالد رۆژی 27ی مانگ لە کۆسلۆ گوتی کەقازانجی ئەم سەهمانە کە (100)ملیۆن کرۆنی دانمارکیە، ئەوە دەچێت بۆ کۆمپانیای (جەنەڵ ئینێرجی) تورکی کە بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی ئەوەی نەکرد، من پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەراستی ئەو(100)ملیۆن کرۆنە بۆ ئەم کۆمپانیا تورکیە رۆیوە و حکومەتی هەرێم چ قازانجێك لەوە دەکات موغامەرەیەکی لەو جۆرە بکات؟ سەهم بایی ئەو پارە زۆرە بکرِێت؟ چونکە کرِینی سەهم بۆ خۆی موجازەفەیەکە، دەکرێ قازانج بکەیت و دەکرێ زەرەر بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز عمر صدیق محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك ئاراستەی بەرێز وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەم، پرسیارم ئەوەیە بەرێزتان لە بودجەی چ ساڵێك ئەو برِە لە سەهمەکانتان کرِیوە لە شەریکەی(DNO)؟ دواتر ئەو پارەیەی کە گەرِاوەتەوە لەگەڵ قازانجەکەی داخلی بودجەی چ ساڵێك بووە لە بودجەی حکومەتی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من لە وەزیری سامانە سروشتیەکان ئەوەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە پشکی ئەو کۆمپانیانە کە گرێ بەستیان هەیە لە کوردستاندا بکرِێت؟ وەئەگەر کرِیویەتی ئایا ئەنجومەنی هەرێم بۆ نەوت و غاز ئاگادارە؟ وە بە کام ماددەی یاسایی لە یاسای نەوت وغاز؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئاشتی باسی ئەوەی نەکرد، تەنها باسی ئەو قازانجە ئیکۆنۆمیانەو بەرژەوەندیانی با بڵێین بەرهەم هێنانی نەوت لێرە دەستمان دەکەوێت، بەلاَم بە هیچ شێوەیەك باسی لایەنی سیاسی، بەرژەوەندی سیاسی

هی حکومەتی هەرێم یان کوردستان لەوەدا چیە؟ بەرەئیی من ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بوو بەراستی زیاتر لەسەر مەسەلەی بەرهەم هێنانی نەوت بوو، زیاتریش هەدەفە سیاسیەکەی ئێمە لەوە دابوو لە پاشکۆیەتی بەغدا رزگارمان بێ لە رووی ئیکیۆنۆمیەوە، بەلآم ئایە تا چەند ئێمە توانیومانە لە بەرهەم هێنانی نەوت لەو پاشکۆ یەتیە رزگارمان بێ، ئایا ئێمە بەڕاستی کۆنترۆڵمان هەیە لەسەر داهاتەکانی نەوتی خۆمان، چونکە قسە هەیە دەڵێ گوایە بەشێوەیەك لەشێوەکان حکومەتی بەغدا جۆرێك لە کۆنترۆڵی هەیە لەسەر داهاتەکانی نەوتی با بڵێین ئەو داهاتانەی کە ئێستا کە بەو دوایە لە بەرهەم هێنانی نەوت لە کوردستانەوە بۆ حکومەتی هەرێم بووە، ئێمە وەك ئەندامانی پەرلەمان چۆن دەتوانین موتابەعەی سندوقی داهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەین؟ زۆرسوپاس.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە روونکردنەوەی جەنابی وەزیر دا هات کە کارەکان لەرووی یاسایی و دەستوری زۆر بە رێکو پێکیە، وە بەڵگەنامەکان زۆر روون و ئاشکەران، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایە کە ئەوەی دورست کراوە کە هەست دەکرێ زۆرتر خولقێنرابێ چییە و لە پای چیەوە لە شاردنەوەی حەقیقەتەکانی(DNO) لە بۆرصە لە ئیعلان کردن یاخود دانە دەستی هەندێك لەو شتانە لە لایەن بۆرصەوە بۆ راگەیاندن لە حالەتێکدا کە بۆرصە خۆی موستەمسەکات و جەوابی پێویستی لە بانقەوە لە لای هەبووە کە ئەم ئەسهومانە بۆ حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون، وە پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئیجرائاتی حکومەت یاخود بە دەنگەوە هاتنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ پێچانەوە لەو حالەتەی کەبۆی دروست کراوە چیە؟ چ هەنگاوێك دەگرێتە بەر؟ وە چ ئیجرائاتێك دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا پێش ئەوەی پرسیارەکانم ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم. پرسیارێکم هەیە ئاراستەی جەنابتان دەکەم وەکو رەخنەش بەچی ماددەو بڕگەیەکی پەیرەوی ناوەخۆ پێنج کەس لە لیستێك لەپێش هەموو لیستەکانی تر وەپێشی ئەخەن؟ چوار ساڵ پێش ئێستا نەکراوە لە هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان ئەمە رەخنەیە بۆ جەنابتان. من بەناو لیستی گۆڕانەوە بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم. دیارە وەك هەڤاڵەکانم ئیشارەتیان بەمن دا پرسیاری زۆرمان هەبوو بەلآم کورتی ئەکەینەوە، پرسیاری یەکەمان: تایبەتە هەر بەشێوازی عەقدەکە لە رووی یاساییەوە وەزیری سامانە سرشتیەکان سەرپرشکە لە کڕین و فرۆشتن بە ناوی کەسی وەزیرەوە؟ لیژنەی بالآی نەوت و غازی هەرێم چەند ئاگاداری ئەو گرێ بەستی کرین و فرۆشتنەیە؟ ئەو پاساوە یاساییانە چین کە وایان کردووە ئەو گرێ بەستە بە نهێنی بێت؟ هەر بۆ ئیزافەیەك بۆ ئەوەی ئەگەر لیژنەی بالآی نەوەت و غازی هەرێم ئاگادارن ئایا بەڵگەنامەیەك هەیە بۆ ئەوە؟ پرسیاری دووەمان: ئایە ئەم گرێ بەستە بەشێوەی موناقەصە بووە لە کاتی ئیختیار کردنی(DNO)

ئەگەر بە شێوەی موناقەصە بوو ئەو کۆمپانیانە کێن کە چوونە موناقەسەکەوە ئەگەر، نەخێرە هۆکاری ئەنجام نەدانی موناقەصەکە چی بووە؟ پارەی کرێنی ئەو پشکانە لە چ سەکتەرێکی ناو بودجەی هەرێم بووە؟ لەکاتێك دا کە بودجەی هەرێم هیچ مەجالێك ناهێڵێت بۆ کڕینی ئەو پشکانە، لە کاتێك دا کە سەندوقی داهاتە نەوتیەکان دورست نەکراو و هەیئەکەشی لە پەرلەمان سوێندیان نەخواردووە، نەهاتونەتە پەرلەمان، پەرلەمان دەنگی نەداونەتێ، قازانجی ئەو پرۆسەیە چۆتە ناو بودجەی هەرێم یان گەڕاوەتەوە بۆ مەرکەز؟ ئەگەر لەم مامەڵەیە حکومەتی هەرێم زەرەری بکردایە کێ باجەکەی ئەدا؟ رونکردنەوەی وەزارەت چیە؟ سەبارەت بە تێوەکلانی (شاهێن عبدالحق)گەورە ملیاردێری عەرەب و (پیتەر گالبرێت)گەورە دیبلۆماتی ئەمریکی، لەم گرێ بەستە ئایە حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە هیچ قەرەبویەك چۆن وە بۆچی؟ دیارە ئێمە پرسیارەکانمان زۆر لەمە زیاتر بوو، دواتر پرسیارەکانمان ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت رەخنەکەی جەنابت ئەبێت سەرۆکایەتی تەنزیمی جەلسەکە بکات، بەو شکلە بە تەبیعی هاتنە خوارەوە

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەس مۆڵەتم بدەی تەحدیدەکە نەگاتە حەدی ئەوەی ئەگەر نیو دەقە روون کردنەوەیەکی کورت عەرز بکەین، پێشموایە راستە لە سەلاحەتی جەنابتانە تەحدید و تەنزیم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارەکان لەوان بکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەموومان دڵ خۆشین تەبعەن بە ئینجازاتی نەوت، وە حەساسیاتی نەوتیش ئەزانین نەوت و ئاو هەموو ئەهمیەتی بۆ خۆی هەریەکە لە جێی خۆی هەیە، سەرچاوەی وزەیەو سەرچاوەی داهاتی هەر وڵاتێکە، خۆش بەختانە عێراق سەهمی باشی هەیە لەوە، مەسەلەی ناسەقامگیری یاسای نەوت وغاز لە عێراق تەبعەن یەکێکە لەوانەی کە ئەم هەموو مەشاکلیانەی لە عێراق دروست بێ و هەموو ئەم پرسیارە دورست بێ، ئەم مەسەلەیە دووساڵە ئەم گرێ بەستانە هەن لە موشاحەنەیەکی بەسیتی بەینی بۆرصەی ئۆسلۆ و DNO وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئەم کێشە گەورەیە لێرە دورست ئەبێ، ئایا پرسیارەکە ئەوەیەو هەم داوایە وهەم پرسیار ناکرێ ئەم گرێ بەستانەی کە هەیە لەگەڵ ئەم لایەنانە بهێنرێنە پەرلەمان، لێژنەیەکی یاسایی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی پێ کرد لە

تەفاصیلی ئەم گرێ بەستانە ئاگاداربێ، لیژنەیەکی ناو پەرلەمان تایبەت بەوە کە سەلاحیەتمان هەیە، لیژنەی تایبەت بەوە دانێن، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنیش ئاماژەی پێ کردووە بۆ ئەوەی ئەم گرفتە بەراستی لەم ئاستە زیاتر لە روونکردنەوە جەنابی وەزیر بێ، هەر لە زمنی ئەم پرسیارەش ئایا ماوەی دوو ساڵە ئەم گرێ بەستانە ئەکرێ ئەم هەموو وەڵامەی کە ئێستا ئەدرێتەوە نە ئەکرا زووتر بدرێتەوە بۆ ئەوەی ئیستغلالی ئەم نا شەفافیەت و نا روونیە نەکەن، خۆمان ئەڵێین دیوێکی ئیجابی هەیە کە پەیوەندی بە ئەمن و باری سیاسی کوردستانەوە هەیە نە ئەکرا زووتر ئەم تەوزیحاتە بدرێ؟ وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سرۆشتیەکان ئەکەین

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای لێبوردن دەکەم راستە........... .

**بەڕێز احمد سلێمان(حاجی بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵی لە جەریدەیەکی نەرویجی بە ناوی (نارین غز)باسی لەوە کردووە گوایە بەڕێز (د.ئاشتی هەورامی ) وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لە شەریکەی (DNO)ی نەرویجی کڕیوەتەوە بۆ شەریکەیەکی تری تورکی بەناوی (جینێل ئینێرجی)، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جەنابی وەزیر راستە ئەو هەواڵە یان نا؟ ئایا جەنابی وەزیر بوەتە مەیانگیر و واستە لە ما بەینی ئەو دوو شەریکەیە؟ ئەگەر بوەتە واستە بۆچی؟ هەدەف لەم واسیتە بوونە و مەیانگیرییە چی بووە؟ ئایا قازانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو مەیانگیریە چییە؟ بەشی دووەم لە پرسیارەکە، کۆمپانیای (بۆرکۆ باین LB)کۆمپانیایەکە بە شەراکەتی (پیتەر گالبرێت) و( ئەشرەف نوری) یەمەنی رێژەی لە5٪شەریکەی (DNO)یان کریوەتەوە؟ بەڵام دوا جار بەهۆی بێ بەش کردنی شەریکەی (بۆرکۆ باین LB)ئیستا ئەشرەف نوریش شکایەتی کردووە لە حکومەتی هەرێم و داوای (500)ملیۆن دۆلار قەرەبوو دەکاتەوە، ئایا بۆچی حکومەتی هەرێم ئەو قەرەبووە بداتەوە؟ بەڵێ سێیەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، سوپاس بەڕێز کاك دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەین، وە سوپاسی دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە بلاّو کرایەوە، سەبارەت بەو کڕین و فرۆشتنانەی لەنێوانی جەنابی و ئەو کۆمپانیایە

هەروەها بۆرصەی ئۆسلۆ بووە، دیارە تەوزیحاتەکانی رۆشن و جوان بوون، بەڵام پرسیارەکانیش کە ئەندامانی پەرلەمان دەیکەن مافی خۆیانە بۆ ئەوەی روونکردنەوەی زیاتر وەربگرن، بەتایبەتیش دیارە جەنابتان و وەزیری سامانە سروشتیەکان وە هەروەها ئەو عەقدانەش کە لە داهاتوودا ئەکرێن بۆئەوی کە زیاتر شەفافیەت بێ جەنابتان ئاماژەتان بە شەفافیەت، دا بەراستی جۆرێك لە کێشەکان خۆتان ئەزانن ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نارۆشنی یا شەفافیەت لەهەندێ لە کاروباری وەزارەتەکانی ئیمە، وابزانم لە حکومەتەکانی عێراقیشدا هەیە، ئێستا هەمان ئەو کێشانە روو بە رووی وەزیری ناوەخۆی نەوتی عێراق ئەبێتەوە، ئێمە پرسیارەکەمان لێرە ئەوەیە یەکەم: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەست کراوەیە بۆ هەموو ئەو بۆندانەی یا عەقدانەی لەگەڵ شەریکاتی ئەجنەبی ئەیکا؟ یان سنوورێکی هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقیش ئاگاداری ئەو بۆندانە بێ کە لە داهاتوو ئەنجامی ئەدا، من پێشنیاریشم ئەوەیە وەکو مامۆستا عمریش ئاماژەی پێ دا، کە لە داهاتوودا بۆ ئەوەی شەفافیەت زیاتر بێت وە هیچ غموزێك نەمێنێ لە بۆندەکان پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو بۆندانە بکا کە لە داهاتوودا لەگەڵ شەریکاتی ئەجنەبی ئەکرێ، بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تەنها وەزارەتی سامانە سرشتیەکان هەڵی نەگرێ وەلیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو بۆندانە بێ، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پەرلەمان خۆشی بتوانێ وەڵام گۆی ئەم پرسیارانە بێ کە دروست ئەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پرسیارەکان تەواو بوو، کەس نەما؟ رێزدار کاك دکتۆر ئاشتی ئەگەر تۆ لەکاتی خۆی دائیمەن دست بەرز ناکەیت، ئێستا ئاخر ئەگەر تۆ نەڵێی چۆن باشە کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان، من تەنها یەك پرسیارم هەیە ئەویش ئەوە ئایا حکومەتی هەرێم یان بەڕێز وەزیری سامانە سرۆشتیەکان پێش ئەوەی ئەو کێشەیە یەعنی لە دەزگاکانی راگەیاندن بلاو بێتەوە ئاگادار بوو لەو کێشەیەی کە لەنێوان بۆرصەی ئۆسلۆ و ئەو شەریکەیەدا هەیە؟ سوپاس، سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەوەی ئەو عەقدانە بێتە پەرلەمان ئێمە بەپێی یاسا وە لەخولی پێشودا بەپێی یاسا کە بریارماندا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نیە رەجائەن دانیشە، کاك یاووز فەرموو.

**بەڕێز یاووزخورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئیمێلێکدا کە (DNO)ئینتەر ناشناڵ(ASA)لە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ د.ئاشتیان ناردیـە بـە تـاریخی(2009/10/5)، تبعـەن ئـەوە ئیعتـزاری لـە حوکەمـەت کردیـە بـەس لـە فەقـەرەك لێـرە لـە ئیمێڵەکەی(أما بخصوص مطالب الطرف الثالث تؤكد شركةDNOهنا بأنه ليس لأى طرف الحق أو المطالبـة بالحق على وجود حصة أو مصلحة فى عقود شراكة فى أنتاج شركةDNOفى أقليم كردسـتان)،لێـرەدا ئـەوە عیبارەیەکە نەما، جیهەتێك پرسیاری کردووە لەوانە جواب درایە ئایا ئەگەر پرسـیار کرابـێ حـەزمان لێیـە ئەو ئیمێڵەی کە کەناردرایە بۆ DNOئەگەر ئیمێڵ بێ ئەگەر نا تەوزیحەك بکرێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وابزانم هیچ نەما، ئێستا کاك دکتۆر ئاشتی فەرموو کەرەمکە وەڵامی پرسـیارەکان یـەك یەکـە بـدەرەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری نەوت و سامانە سروشتیەکان):**

هەندێك لەمانە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، ئەو پرسیارەی تەرەفی سێیەم کە بە ئیمێـڵ لـە موراسـەلاتێك دۆزراوەتـەوە، هـەروەها باسـی پیتـەر گـالبرێس کـرا، هـەروەها باسـی وابـزانم شـاکر عبـدالحق کـرا، ئەمانـە هەمووی یەك شتە کە باسی بکەین، یەکەم: ئەو تەرەفی (ثالثة) کە بە ئیمێڵ نەتدۆزیوتەوە بـەقوربان مـن نووسیومە و من تەوجیهی شەریکەکەم کردووە و گوتم وەرە پێشەوە ئەگەر شـتێك هەیـە، شـتێك مـاوە لـەم عەقدە ئەبێ ئاگادار بم، ئەگەر نا عەقدەکە لەغوی دەکەین، جا لەبەرئـەوە بـوو یـەکێك لـە نوقتـەکان کـە ئەوانمان وەستاند کە تەسدیر بکەن، ئێمە بیستومانە شـتێك بـووە وەکو ئەمـە هەیـە، باسـی کـردو گوتمـان وەرە بزانین ئەم شتە لەعەقدەکەدا نیە بۆ خەڵك باسی دەکات؟ مـن دەمـەوێت لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە بـە شێوەیەکی عام وەڵام بدەمەوە، ئەم عەقدەی ئێمـە عەقـدێکی کۆنـە دەچێتەوە پـێش دەسـتوور لەسـەرەتای 2004 ئیمزا کرابوو، هەمان کات سێ عەقدی ترمان هـەبوو لـە ناوچـەی کۆیـە و سـلێمانی، ئـەو عەقدانـە وەختی خۆی کە هـاتن دوو ئیـدارەمان هـەبوو، دوو نیزامـمان هـەبوو، دوو شـێوە تـەعاملمان هـەبوو لەگـەڵ شـەریکەکاندا، شـتێك ئیعتیـادی بـوو، ئـەو وەختـە حکومـەت لـە سـلێمانی حیزبێـك بـوو، حکومـەت لێـرە حیزبێکی تر بوو، حیزبایەتی بوو لەباتی حکومەت، ئینجا تۆ دەبێت حیسابی ئـەوە بکەی و تـەقیمی ئـەوە بکەی ئەو شتانەی کە کرابوو وەختی خۆی لە چوارچێوەی وەزعـی سیاسـی کوردسـتان لـە سـلێمانی یـان لـە هەولێر، بەڵام کـە یاسـای کوردسـتان هاتـە پێشـەوە ئیقتراحـی پەرلـەمانی ڕابـردوو بـوو، زۆر لـە ئەنـدامانی پەرلەمان لە بیریانە زۆر موراجەعەی ئەو عەقدانەمان کرد، باسی زۆری لەسەر کرا کە چۆن تەعـدیل بـبن و لایان ببەین، کە هاتینە سەر موراجەعەی ئەو عەقدانـە هـەر چواریان شـتێکیان تیـا بـوو، (DNO) ئـەو دوو زەلامەی تیا بوو، زەلامێکی تـر بـوو نـاوی شـاکر عبـدالحق دوایـی هاتۆتـە ناویـان، ئەمانـە دوو موقـاوڵی خارجین یارمەتی (DNO)یان داوە کورد نین و عەرەبیش نـین، شـایر عبـدالحق دوایـی حسـەیەکی لـە مـن کڕیوە، یەکێ نەرویجیە و یەکێ ئەمریکیە وابزانم، ئەمە پەیوەندی بـە عەقدەکـەوە نـەبوو لـە عەقدەکـەش دانەنرا بوو، ئیتیفاقی جانبی بوو یارمەتی دەدەن دێتە کوردستان کە دەبێت ( compensation ) بـدەی

بە مـن و تـەعامولم لەگـەڵ بکـەی، چـونکە یارمـەتیم داوە شـتێکی ئیعتیادیـە لـە وڵاتـانی دەرەوە لای ئێمـە خراپـە، چـونکە نـاتوانین دیفـاعی لەسـەر بکـەین، ئێمـە کـە موراجەعـەی عەقدەکـەمان کـردەوە شـەرتێکی تازەمان داناو گوتمان تۆ ئەگەر 10٪ دا بەو دوو زەلامە مەعنای ئەوەیـە تـۆ دەتـوانی بیـدەی بـە حکومـەت، ئێمە حسەی موقاولەکە 10٪ یمان کەم کردەوە و بردمانەوە بۆ حکومەت، تۆ کە عەقدت کرد مانای ئەوەیە دەتوانی ئەوەندە بدەی و کەس حەقی نیە لە عەقدەکەو ئێمە دەیبەینەوە بـۆ حکومـەت، ئـەوە موافەقـەتی لەسەر کـرا و حسـەی (DNO) کـەم کرایـەوە، شـەرتێکی ترمـان دانـاوە ئیلتیزامـی (DNO) بەرامبـەر بـە حکومەت کە ئیمزایان کردووە، تەرەفی سێیەم لەم عەقدە هیچ حسەی نیـە هـیچ بەشـی نیـە، هـیچ حـەقی نیە، ئەگەر شتی واهەبێت ئێمە لەڕووی قانونیەوە دەسەڵاتمان هەیە تەعامول لەگەڵی بکـەین، عەقدەکـەش دەتـوانین لاببـەین، ئێمـە کـە ئـەوەمان دانـا ئـەو دوو موقاولـە کـە پەیوەنـدیان هـەبوو لەگـەڵیان چـوون بـۆ مەحکەمە ودژی (DNO) گوتوویانە ئیشمان بـۆ تـۆ کـردووە و باشـە نـاتوانی لـە عقدەکـەدا بیـت، چـونکە حکومـەت سیاسـەتی دەرکـردووە و نـاتوانی ئـەوە قبـوڵ دەکـەین، بـەلام ئێمـە یارمـەتیمان داوەو دەبێـت لـە ناحیـەی مالیـەوە چـەند سـاڵێك ئیشـمان بـۆ کـردووی و هیچـتان بـە ئێمـە نـەداوە، ئـەوە بـەینی ئـەو دوو شەریکەیە لەگەڵ (DNO)، هیچ پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیە، ئێمە گەیشتینە سـەر قەناعەت شتم دیوە من کە هیچ کامیان داوای ئەوە ناکات دەبێت بەشدار بم لە عەقدەکە هەتا کە چوون بۆ (ئاڤەزەیشن) کە باسی ئـەوە دەکرێت دەڵێت مـن دوو، سێ سـاڵە یارمـەتیم داوەو هیچـم پـێ نەگەیشـتووە، یارمەتیەکی زۆرم داوەو شتێکی عەدالەتە و (compensation )م داوە ئەوە بەینی خۆیانە ئێمە بەشدار نین، بەڵام من چونکە ئەو شەرتەم خستە سـەر ئەنتـەرنێت لەسـەریان، چـونکە خـەڵك باسـی دەکـرد، گوتم وەرە پێشەوە باسی بکـە ئەگـەر شـتەکە وا پـاك نەکراوەتـەوە ئێمـە حـەقمان هەیـە موراجەعـەی بکەینـەوە لەسـەر ئـەوە تەفاسـیلەکەیان داوە بـە ئێمـە کـە ئـەم عەقـدە پەیوەنـدی بـە کەسـەوە نیـە بـەینی ئێمـە و (DNO)یـە، ئـەوە وەڵامەکـە بـوو بـۆ ئـەوە، ئێمـە نـەوەکو شـتی تریشـمان بێتـە پێشـەوە لەسـەر عەقـدە کۆنـەکانی تـر ئـەوانیش کێشـەی خۆیانیـان هـەبوو هەریەکە بەشـێکی تیا بـوو بـۆ کۆمپانیایـەکی مەحـەلی ئەوانیش بە عەینی یاسا تەعامولان لەگەڵ کردن ئەوەی مەحەلی بـوو دەرچـوو، ئـەوەی مـن شارەزام کـەس بەشدار نیە لەو عەقدە کۆنە، ئەگەر بەشدار بێت دژی یاسایە، ئەگەر یەك کـەس مـەعلوماتی هەیـە لەسـەر عەقدی تازە یان کۆن ئەو شتە بێنە پێشەوە ئەگەر لە عەقدەکەدا نەنووسراوە و موافەقەتی لەسەر نەکراوە حەقمان هەیە تەعامولی لەگەڵ بکەین، بەڵام من بەسەراحەت ئاگادارنیم کە شتی تر هـەبێت لـەو عەقدانـە کە پێویستە موراجەعەی بکرێت، ئیحتیمالە، بەڵام مـن موافەقـەتم لەسـەری نـەکردووە، لیژنـە موافەقـەتی لەسەر نەکردووە، ئەگەر شەریکەیەك لەبەینی خۆی لەگەڵ شەریکەیەکی تردا ئیتیفاقێك بکات و بـە ئێمـە نەڵێ، ئێمە یەعنی لەوانەیە شتی وا هەبێت، بەڵام ئەگـەر بـوو حـەقمان هەیـە تـەعامولی لەگـەڵ دا بکـەین، ئەوە وابزانم وەڵامی سێ پرسیار دەداتەوە، چونکە عەینی کێشە بوو، ئایا ئێمە ئاگادار بووین ئەو مەسەلەی (DNO) ڕووی دەداو کێشەکە بوو بە ساڵێك لە بەینی بۆرسـەی ئۆسـلۆ و بـەینی (DNO)؟ بەڕاسـتی نـا،

بەداخەوە ئێمە ئاگادار نەبووینە، هەتا بانکەکەی خۆشمان ئێمەی ئاگادار نەکردووەتەوە کە مەعلوماتەکەی داوە بەو بۆرسەیە، ئێمە بەجێمان هێشت بۆ ئەوان تەعامولی لەگەڵ بکەن، ئێمە کە ئەو کێشەیە بوو ئەوجا بە دوای دا دەگەڕاین، چوون بۆ لای بانك و چیت داوە بەوەو چیت داوە بەو؟ هەمووی ئاشکرا بوو بۆ ئەوان، هەمووی لە دوای 17ی مانگ، من لەسەر تەیارەیەکدا بووم ڕۆژی 17 گەیشتمە ئەوێ لەهەموو شوێنێك رەسمی منی تیایە لەسەر تەلەفزیۆن، ئەمە چیە، زەلامێك هەیە من دەیناسم کێ یە ئەمە؟ مەسەلەکە چیە؟ هەفتەیەك تووشی سەدمەیەك بووین دەبێت بزانین چیە ئەوەو کێ کردوویەتی و سەبەبەکە چیە ئینجا ئەو مەعلوماتە هێواش هێواش گەیشتە دەستمان، چوون بۆ لای بانك باشە رەئیسی وزەرا هیچی نەوت، دە ڕۆژ ئەویش بێ دەنگ بوو گوتی دەبێت مەعلوماتم بۆ بێت تا شتێك بڵێم، ئەوەیان بۆ نووسیوە و ڕوونی کردووەتەوە کە هەموو پارەکە هی حکومەتە و لە حیسابی حکومەتە و گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت، کەس زەرەری نەکردووە، جالەبەرئەوە پرسیار هەبوو ئایا ئێمە دەتوانین دەعوا تەسجیل بکەین لەسەر کەس؟ ئێمە وڵاتێکە کە بەریتانیای تیایە. نەرویجی تیایە، چونکە بانکەکەی ئێمە لە بەریتانیایە، ئێمە خەریکی ئەوەین کە موستەشاریمان هەیە وەختی دەوێت، من وەختم نیە بۆ ئەو شتانە، خەبیریش نیم لەم قانونە، موستەشاری دەوێت کە لەو وڵاتانە شارەزا بێت، تەعامولی لەگەڵ دەکەین ئەگەر مەعلوماتی تازەمان بۆ هات ئاگادارتان دەکەین، بزانین کێشەکە لە کوێوە هاتووە، کە بڵێین کێشەکە لەوێوە هاتووە کە بەو شێوەیەی بۆرسەی ئۆسلۆ مەعلوماتەکانی دەرکردووە و نەختێ غموزی تیایە لە فەقەرەیەك دا و دووبارەی نەکردووەتەوە، یەعنی هەرێمی کوردستانە، هەموو شوێنێکی تری داناوە و ئەو جەریدەیە هاتووە ئەوەی داناوە، دەتوانی بپرسی ئەو جەریدەیە ئایا سەبەبێکی هەیە کە هجوم دەکاتە سەر ئێمە و سەر کوردستان، من نازانم! هەتا ئەوەش نازانم بەخوای بەڕاستی، ئایا هەر دەیەوێت جەریدە بفرۆشێت یان سەبەبێکی تری هەیە لە پشتیەوە؟ لەوەش ئاگادارنیم بەڕاستی، باسی ئەوە کرا ئایا بۆ شەفافیەت و ئەو شتانە؟ دوو بەش و دوو شوێن، پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بێت لە عەقدەکان و موراجەعەی بکاتەوە و ئەو شتانە، بەڕێزان من وەزیرێکم من قانون دانانێم، یاسای کوردستان داندرا بۆ پەرلەمان و 111 کەس دەستی بەرز کردەوە و پەسەندی کرد، ئەمە زۆر زۆر لەسەر ئەو ماددەیە باسکرا، ئایا کێ دەسەڵات وەردەگرێت؟ کێ ئیمزای دەکات و کێ دەسەڵات موراجەعە دەکاتەوە و چۆن دەبێت؟ تۆ ئەگەر هەموو عەقدێك بێنیە پەرلەمانەوە ئێوە ئیشی خۆتانە 111 ئەندام عەقدێك تەرجەمەت بۆ بکەن، بە دووساڵیش ناتوانی عەقدێك بکەی، ناتوانرێت ئەو وەختە پەرلەمان هاتە سەر قەناعەتی خۆی گوتیان وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەسەڵاتی ئەمەیە، لیژنەی باڵا دادەنێین، لە ناحیەی فەنی و ئیقتسادی ئەو بڕیارە دەدات، دەسەڵاتەکە وا پەرلەمان داینـاوە، ئەگەر دەتانەوێ بیگۆڕن من عەرقەلە نیم، بڕۆن بیگۆڕن، موشکیلەم نیە، بەڵام ناتوانی داوای عەقد بکەی هەموو جارێك کە ئیمزا دەکرێت با بیبینم ئەگینا من دژی عەقدەکەم، ئەگەر وابێت تۆ دژی یاسایەکەی کە خۆت داتناوە، ا دەبێت موناقەشەیەکی لەسەر بکەی ئەگەر بۆ مەسڵەحەتی عامە یاسایەکە تەغیر بێ و موافەقەتی پەرلەمانی لەسەر بێت بە رەئی من ئەوە ئیشی

پەرلەمان نیە، ئیشی حکومەتە، بەلام تۆ توانات ببێت ئەگەر شتێك، گەندەلێەك بێتە ناو عەقدێکەوە حەقت هەیە داوای لێ بکەی و بیهێنی موراجەعەی بکەیتەوە، من دەڵێم حەلی وەسیت باشترە کە ئەوە ئیقتراح بکەی، دەبێت زۆر جار پەیوەندی هەبێت بەینی ئەو لیژنەیە و یان وەزیری سامانە سروشتیەکان کۆبوونەوە هەبێت، با بڵێین هەموو سێ مانگ جارێك عەقد لیژنەیەکی باڵای خۆتان دانێن، نەك لە هەموو پەرلەمان، با ئاگادار بن باشترە بۆ ئێمە و بەڕاستی ئیشەکەی ئەو وەزیرە ئاسان تر دەکات، ئیشی لیژنەکە ئاسان تر دەکات، میللەت ئاگادار تر دەبێت، هەموو ئەندامان دڵنیان کە ئەمە ڕێك و پێك تر دەبێت و لە مەسڵەحەتی میللەتە، ئێوەش دەبن بە سەفیر بۆ ئێمە، ببورن بۆ کەلیمەکە، چونکە ئێوەش دەتوانن دیفاعی بۆ بکەن، من نامەوێت ئەوە بێت کە ئێمە ئیش دەکەین و لەژوورێکی تاریك دا کە خەڵك باسی دەکات، شەفافیەتی ئێمە لە هەموو وڵاتانی دنیا بەرز ترە، بە موجەب، چونکە زروفەکەمان وایە، بەلام ئەگەر ئەوەش کە مەعلوماتەکەم پێداوە بەخوا ئەگەر شارەزایان لە عەقد دا هەبێت، هەرکەس شارەزایی هەبێت، ئەوە مۆدێلەکە وەرگرە، ئەو کتێبە بکەرەوە، عەقدەکانن لەبەردەمایە، هیچ نیە لەو عەقدە شاردرابێتەوە، ناوی موقاولەکە بخەرەوە مەنتیقەی عەقدەکە لەگەڵ چەند کولفە و چەند ربحی هەیە، مەبلەغەکە لەوێیە، بیخەرە سەر ئەوە لەگەڵ پارەکە، تەواو عەقدەکەت هەیە، ئینجا ئەگەر دەتەوێ بەدوای شتێك بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە بەخوای لەوێیە، ئەوەی شارەزایە و لەدەرەوە دەزانێ عەقدەکانمان چۆنە، ئەگەر دەتانەوێ ئیقتراحێك بکەن و هەمووی دەخەینە سەر ئەنتەرنێت، مانع نین، من چوار، پێنج جار بە کۆمیتەی خۆمان گوتووە با بیخەینە سەر ئەنتەرنێت، گوتویانە حساسە بیخەیتە سەر ئەوێ هەموو کەسێك لەم شەریکانە کە شەریکەی ئەهلین خەڵك سەیری عەقدەکەیان دەکات بۆ ئەوان باش نیە، دەبێت نەختێك هینێکمان هەبێت کە حدودێك هەبێت بۆ ئەو شتانە، بەلام من شەخسیەن هەرچی دەتەوێ شەفافی بێت موشکیلە نیە بە نیسبەت منەوە، بەلام لە ناحیەی ئیقتسادیەوە بیری لێ دەکەیتەوە، بەلام ئەگەر دەتەوێ بیکەیتە ئیشی پەرلەمان من دەڵێم ئەوە غەڵەتە، بەڕاستی ناتوانی ئیشەکە بکەی، چونکە کە تۆ ئیشی زۆرت هەیە، یاسای تر هەیە ئیهتمامی پێ بدەی و ئەگەر عەقدی نەوت دێتە لات دەبێت هەموو عەقدێکی تر باڵا بێت بۆ پەرلەمان، ئێ باشە پەرلەمان ئیشی عەقدە؟ ئیشی چیە؟ باشترە کە یاسا دەرکەی بۆئەوەی تەنزیمی بکەی بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هەبێت لەسەری، دەڵێت بۆ ئیبرامی عقود و سەلاحیاتی مەجلسی ئیقلیمی لە ماددەی 5 دا لە یاسا داندراوە، لە زۆر شوێنی تر ئیشارەتی بۆ دەکات بۆ ئەوەی تەعدیلی عقود و هەموو شتێ لەوێ ئەگەر بتەوێ بیگۆڕی دەبێت یاسایەکە بگۆڕی، پرسیاری ئەوە کرا ئایا حکومەت چەند ئاگادارە لە کڕین و فرۆشتن؟ ئایا ئەو گرێبەستە موناقەشەی بۆ کراوە؟ ئەمە گرێبەست نەبووە ئەمە ئەسهومە و سعری هەیە، ئەوە عەقدی نەوتەکە کە لێرە هەیە؟ ئەو عەقدە کۆنەکانە، نازانم چوارە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونی بکەرەوە کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەڵام لە کاتی موناقەشە کردنی یاسای غازو نەوت دا قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە هەموو ئەو عەقدە کۆنانەش کە کراون بێتەوە بەردەمی لیژنەی باڵای نەوت و غازی هەرێم و ئەوان، یەعنی هەمان یاسا بیگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری نەوت و سامان سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووی ڕۆیشتەوە بۆ لیژنەی باڵا، لەوێ پەسەند کرا، وەکو گوتم مەنتیقەی عەقدەکە سەدمەیەکی گەورە بوو بۆ شەریکەکان، چونکە ئێمە زۆربەمان لابردن، هەشت موقاولی تر هاتە ناو ئەوەوە، ئەوە یەکێکی جەوهەری بوو لە تەعدیلەکان، ئەو شتانە کە چووە لیژنەی باڵا ئیمزا کرا، تەبعەن هەرچی عەقدێك کە دەکرێت لەوانەیە ئاگادار نەبن دوو ئیمزای لەسەرە، یەکێك نیابەتەن لە لیژنەکە دوای پەسەند کردنی، یەکێ وەزیری سامانە سروشتیەکان، ئەگەر ئەو دووانە نەبێت بە یەك، بەیەکەوە ناخوات و قانونی نیە، جا لەبەرئەوە هەموو عەقدێك کە پەیوەندی بە خودی ئینتاج و ئەو شتانە هەیە دەبێت ئەو دوو ئیمزایەی لەسەر بێت، یەکێ لە لیژنەکە دەبێت وەزیرەکە نەبێت، دەبێت یەکێ لە ئەندامەکان بێت، عادەتەن سەرۆك وەزیران یان نائیبە یان یەکێك لە ئەندامەکانە، بەڵام نەك وەزیر، وەزیر ئیمزای دەکات بە ناوی وەزارەتەوە، هەموو عەقدەکان بەو شێوەیە کراوە، ئەو عەقدانەش کە تەعدیل کراوە بە شێوەیەکە، هیوادارم ئەوە قازانجی هەبێت، ئەوە قازانجی نیە، چونکە هێشتا شەریکە هەر کولفە وەردەگرێتەوە، نەختێ باسی ئەوە بکەم، ئێمە ئیسپاتمان کرد کە تەسدیرمان دەبێت حەفلەیەکی ئیفتتاحی گەورەمان کرد، 50 ـ 100 هەزار بەرمیل دەرچووە، ئەمە چوار مانگە دەردەچێت، بەغدا یەکەم: هێشتا نەیانگوتووە سوپاس، دووەم: یەك دۆلاری نەداوە بە موقاولەکان، سێیەم: ئێمە عەداداتمان هەیە کە حیسابی دەکەین کە چەند نەوت دەچێتە ناو بۆڕیەکەوە، ئەوان حیسابی ناکەن، ئێمە نازانین نەوتەکە بۆ کوێ دەڕوات و بە کێی دەفرۆشن و پارەکە بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەگەر دەتانەوێ ئیشی خۆتان بکەن، بەڕاستی ئەوە ئیشێکی گەورەیە بۆ میللەتی ئێمە و بۆ هەموو عیراقیش، لەبەرئەوە ئێمە بڕیارمان دا بوەستێ تاوەکو ئیتیفاقێك ببێ، ئەگەر سەد هەزار بەرمیلت دەوێ ئێمە دەتوانین بیکەین بە دوو سەد و سێ سەد هەزار بەرمیل چەند مانگ و ساڵێکی تر، بەلاش نیە کولفەی هەیە، هەتا شەریکەی نەوتی وەتەنیشم هەیە، کولفەم هەیە، نەوت نابارێت کولفەی هەیە، دەبێت دەرچێت، موقاول هەیە و ئیلتیزامی هەیە و پارەی سەرف کردووە و یەکێ لەمانە تەقریبەن 500 ـ 1000 ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە، من نموونەیەکت دەدەمێ عەقدی تەق تەق شەریکە تەقریبەن 500 ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە و ملیارێك بەرمیل نەوتی دۆزیوەتەوە، ئەوە 5

ملیۆن موقابلی ملیارێك كه دەتوانێ ئینتاجی 100 هەزار ـ 150 هەزار بەرمیل نەوت دەركات، حەقڵێك هەیە پێی دەڵێن ئەحداب لە جنوبە كە شوبوب بوو وەختی خۆی، تەقریبەن ملیارێك بەرمیلی تیایە وەكو تەق تەق، ئینتاجیشی تەقریبەن 100 هەزار بەرمیل دەبێت، داویانە بە شەریكەیەكی سینی كە سێ ملیار دۆلار كولفە شەش جار زۆر تر، بڕۆ لەسەر ئەوە شەڕ بكە، چونكە ئەو سێ ملیار دۆلارە 17٪ لەسەر حیسابی ئێمەیە، ئێمە بە شەفافیەت ئیش دەكەین و بە كولفەی كەم ئیش دەكەین، شەریكەكان كە دێن بۆ ئێرە تەكنەلۆجی دەهێنن، تۆ لێرە شەریكەیەكت هێناوە شەش جار زیاتر كولفەی دەدەیتێ، ئینجا ئەو وەختە نەوتمان بۆ دێت كە بۆ عیراقە و ئێمە نەختێ بەشی لێ وەردەگرین، ئەوەی كە دەیەوێ رەخنە لە ئیشی ئێمە بكات با عەقدەكانی خۆیان كەشف بكەن، ئێمە ئەوەمان هەموو بڵاوكردووەتەوە، باشە كام عەقدت دیوە لە عیراقەوە بڵاو كرابێتەوە؟ ئەی ئێمە بەشدار نین لەو وڵاتە؟ بۆچی رەخنە لەوە ناگیردرێت كە ئەو دەڵێت عەقدەكەی شەفاف نیە بۆ لێرە بڵاوی دەكەیتەوە دووبارە؟ بۆ ناڵێی عەقدەكەی تۆ كوا؟ ئێستا گەورەترین حەقل هی رومێلە و حەقلەكانی تر كە زۆربەی ئینتاجی عیراقەو دەردەچێت ئیمزای دەكەن لەگەڵ شەریكاتدا، یەكەم عەقد كە ئیتیفاقی لەسەر كرابوو پێرێ مەجلس وزەرا كۆبووەتەوە، تەقریرێكی بۆ هاتووە ڕۆژێك لەوەو پێش، كە 60 ـ 70 نوقتەی قانونی ئیقتسادی تیایە، دەڵێت ئەمە عەقدە دەبێت ئیمزا نەكرێت، لەبەرئەو شتانە، چووە بۆ مەجلسی وزەرا بە بێ ئەو رەخنانە، گوتوویانە دەبێت ئەوە ببێت ئەوەپیشان مەدەن، هەمان ڕۆژە كە وەزیرە كوردەكان لەوێ نەبوون، تۆ حیسابی خۆت بكە، لەباتی ئەوەی سیاسەتی خۆت تێك بدەی دەبێ دیفاعی لەسەر بكەی و وای لێ بكەی ئەوانیش وەكو ئێمە ئیش بكەن، چونكە ئێمە بەشدارین لەو وڵاتە، دەبێت هەمووی شەفاف بێت، نەك هەر هی ئێمە، دەبێت هەمووی شەفاف بێت، بەڕاستی ئەوە ئیشی پەرلەمانە ئیشی من نیە، ئیشی پەرلەمانە، چونكە ئەمە دەستووریە وشتێكی دەستووریە و ئێمە بەشدارین لەم وڵاتە دەبێت دیفاع لەو شتانە بكەین بۆمافی خەڵكی كوردستان، مەسەلەی دەزگا كە شكات بكەین وابزانم وەڵامم دایەوە، پرسیارێك هەبوو لەسەر (گینێل ئینێرجی) من تەفاسیلی ئەوەم باس نەكرد، ئێمە كە حسەی هینەكانمان فرۆشت، وەجبەی یەكەم ئێمە یارمەتی شەریكەی (DNO)مان دا، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو مەرحەلەو ئەو تەسدیرە هەبێت، وابزانم ئەمە لەحەملەی ئینتخابی دوو حیزبەكە لەباڵای هەمووتان بوو، پیرۆزبایتان لێ دەكەم، ئەوە بەبەلاش نەهات، ئێمە 50 ملیۆنمان تەرخان كرد بە موافەقەتی رەئیسی وزەرا كە یارمەتی ئەو دوو شەریكەیە بدەین بە شێوەیەك كە ئەو ئینتاجە بگاتە مەرحەلەیەك كە ئیسپاتی بكەین 1ی حوزەیران دەتوانین تەسدیری نەوت بكەین، باشە بەقوربان ئێمە 5 ملیۆن دۆلارمان بۆهات لە ڕێگای عەینی موقاولەوە، بۆمان نیە 50 ملیۆنی بخەینەوە عەینی بونیەی تەحتی كە دیفاعی وڵاتەكەمان دەكات، هەتا ئەگەر بەبەلاشیش بوایە من دەتوانم دیفاعی لەسەر بكەم، بەڵام ئێمە چیمان كرد، گوتمان نا، یان بەدەل دەیدەین یان كە ئەسهومەكەت وەردەگری بتوانین بیفرۆشین و پارەكەی خۆمان وەرگرینەوە، كە ئەسهومەكان فرۆشرا پارەكە تەحویل كرا بۆ كەنێڵ وەكو دەینێكی تازە، عەینی پارەیە و دووجار بەكارمان هێنا و دوو موشكیلەمان حەل كرد،

گەیشتینە مەرحەلـە سـتراتیژیەکەی خۆمـان یـەك پارەشمـان خەسـارەت نـەکردووە، ئەوەیـە مەسـەلەکە جا لەبەرئەوە ئەگەر تەفاسیلت دەوێت، وەرە فەرموو ئەوە ئیمێڵ و شت هەیە وەرە بیخوێنەوە، من پێت دەڵێم یـەك دۆلار لەمـە کـەس ئیسـتیفادەی لێ نـەکردووە، حکومـەت موسـتەفیدە، کـەنێڵ لەوانەیـە نـەختێك ئیستیفادەی کردووە، چونکە کولفەی ئەسهومەکان کە تەحویل بوو لەو مەرحەلەیە بـە کولفـەی خـۆی بـوو دوایی بە ئەسهومەکان کە بەرز بووەتەوە، ئەو وەختە تەحویل کرابوو بۆ ئەو، ئەوە عافیـەتی بێـت کـەیفی خۆیەتی بەخوا نامەیەکیشیان نووسیوە بۆ من دەڵێن ئێمە بەدوای پارەکە دابووین، ئەو ئیزافیە کە هـاتووە پارەی وەرگرتووە، ئێمە دەیدەینەوە بە هەرێم، ئێمە بەدوای روبحا نەبووین، ئێمە بەدوای دەینەکە بـووین، بەڵکو ئیشەکەمان تـەواو بێـت، شـەفافە و هیچـی تیـا نیـە، ئـەو شـتەی کردوومانـە ئێمـە دەتـوانین ئیفـاعی لەسەر بکەین بە هەموو شێوەیەك بە قوەتیش بەڕاستی، ئەگەر ئەوە نەبووایە تۆ ئەم ئیشەت نـەدەبوو بـە قوربان! ئەو 50 ملیۆن دۆلارە کە سەرف کراوە لەو شتە موازەنەی ئێمە دەرنەچووە و لە پارەی بەغدا نیە، ئـەو 5 مليـار دۆلارەی کـە ئێمـە خۆمـان هێناومانـە حـەقمان هەیـە کـە نـەختێکی بـەکاربێنین بـۆ دیفـاعی ستراتیژیەکەی حکومەت، نەك گیرفانی کەس، بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەین سیاسەتەکەمان چـەند سـەرکەوتوو دەبێـت ئەگـەر وا نەبوایـە ئێمەکـە دەسـتمان پێـی کـرد مـانگی 8 و 9 ی سـاڵی ڕابـردوو بـوو ئـەو وەختـە ئەزمەیەکی ئیقتسادی عـالی زۆر گـەورە هـەبوو ئەگـەر لـەبیرتان بێـت، هـەتا لـە شـەریکاتی گـەورەش پـارە نەمابوو لە بانکەکانـدا کـە ئـیش بکـەن، ئەگـەر ئێمـە هیچمان نەکردایـە ئـەو دوو شـەریکەیە دەوەسـتان تـا ئێستاش، نەیان دەتـوانی ئیشـەکە تـەواو بکـەن، فەشـەل بـوونی ئـەوان فەشـەل بـوونی سیاسـەتی سـتراتیژی کوردسـتان بـوو، چـونکە ئـەم دوو شـەریکە دوو شـەریکەی یەکـەمن هاتنـە کوردسـتان، ئـەوان یەکـەمن کـە نـەوتیان دۆزیـەوە لـە کوردسـتان، ئەگـەر ئـەو دانیشـێ و سیاسـەتەکەی فاشـل بێـت نـەتوانێ لەبەرئـەوەی موەقەت پارەی نیە، ئێمە بۆ مەسڵەحەتی خۆمان و بۆ خۆمان پارەکەمان دانا، بـۆ ئـەوەمان ئیشـەکە بکات، بەڵام ستراتیژیەکەی خۆمان بوو بۆ ئەوەی تەنفیزی بکات بیگەیەنینـە ئـەو مەرحەلەیـە، ئایـا دەزانـی دوای ئەمە و دوای ئەو تەسدیرە لە هەموو وڵاتی عالەم کە دەڵێت کوردستان دەڵێن (کوردستان ـ نەوت ـ غاز) تـۆ لەسەر خەریتەی عالەی ئیعلام بێنی ئەوەت بۆ کات بەخوا 100 ملیۆنیشی بدات ناتوانێ ئەمەندە ئیشت بۆ بکات، یەعنی ئەو ئیشەی کە ئێمە کردمان هەموو ئیعلامی تورکی لە کوردستان بوون، ئەم وڵاتێکە جاروبار کێشەمان هەبووە لە گەڵی، بەڵام لە ڕێگای نەوتەوە ئەوەنە نەرم و باش بووە پەیوەندیەکان لـە بـەینمان دا ئەوە زۆر زۆر باشە، هەموو ئیعلامی تورکی هاتن، ئەو حەفلەیەی کە لێرە کرا لە تورکیا گەورەتر بوو، بـڕۆ لە جەریدەکان سەیر بکە ئەو وەختە چەندین قەناتی تەلـەفزیۆنی تورکیـا ئێسـتا باسـی کوردسـتان دەکات، باسی تاقە دەکات، دەڵێت بۆ تەعامول نەکەین و بۆ ئیش نەکەین؟ ئەگەر مـن (PR) بوومایـە بـەخوا 100 ملیۆنیشم بدەنێ ناتوانم ئیشێکی وات بۆ بکەم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ د.ئاشتی هەورامی، سوپاس بۆ ئەوەی بەڕێزیش، نوقتەی نیزامیت هەیە کەرەم کە کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت لیژنەکەوە ئێمە ئیقتراحمان نەکرد دەسەلاتی ......... نوقتەی نیزامە ئەگەر ئەوە نەبوو دامنیشێنەوە........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نوقتە نیزام نەبوو، مەوزوعی جودایە، دەتوانی موراجەعەی سەرۆکایەتی بکەی بە نووسین شتێکت هەبێت جوابت دەدەینەوە، نا بە نیسبەت لیژنە لێرە موفتەرەح ناکرێت، تەوزیحی دا و پرسیار کراو جواب درایەوە، ئەگەر یەکێك پرسیارەکەی جوابی نیە؟ تەواو رەجائەن کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین تاوەکو دانیشتنێکی تر، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**شەممە ڕێکەوتی 21\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## شەممە ڕێکەوتی 2009/10/21

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2009/10/21 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2009/10/21 دا بەم شێوەیە بێت:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم خولی گرێدانی یەکەم ژمارەی دانیشتن (7)ڕۆژی دانیشتن 2009/10/21 بەرنامەی کار.

1- هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کێشەی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك.

بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لەسەر کێشەی هەڵبژاردنە کەماوەیەکە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستی پێکردووە، لەسەر کێشەی هەڵبژاردنیش لەکەرکووك، ڕوونە لای ئێوەی بەڕێز و گشت بەڕێزانیش لە دانیشتوانی کوردستان و زۆرینەی خەڵکی عێراق ودونیاش، کەڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، تاوانی یەکجار گەورەو خەتەرناکی دژ بە گەلی کوردو گشت دانیشتوانی کوردستان و باشوری عێراق ئەنجام داوە، بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تاوانکارەکانیان کۆمەڵێك بڕیاری نادەستووری ویاسایی و دژ بەمرۆڤایەتیان دەرهێنا، لەلایەن بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، بەو بڕیارانە بەناحەق مافی کورد و دانیشتوانی کوردستان وباشووری عێراقی داگیردەکرد، لەسەر شوێنی خۆیانی لادەبرد و دانیشتوانی بەدەر دەکرد وگوندەکانی دەڕووخاند ودانیشتوانی بێسەرو شوێن وئەنفال و کیمیاباران دەکرد، (182)هەزار مرۆڤ لەخەڵکی کوردستانی بێسەروشوێن کرد، (4500)گوند لە گوندەکانی کوردستانی بەخاك یەکسان کرد، و خەڵکەکەی بێسەروشوێن و دەربەدەر کرد، شارەکانی تریش دانیشتوانی ڕەسەنی لێ دەردەکرد وکەسانی تری لەجێگەیان دادەنا، خەڵکێکی تری ئەهێنا، وەکو لای هەموو یەکێك لە ئێوەی بەڕێز ڕوونە، بەڵام پێویستە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان لەپێش چاوی هەموو خەڵك لەپێش چاوی دونیا ئەمە باس بکات، ئەو شوێنانەی کە دووره دەست بوو کیمیابارانی دەکرد، بۆردومانی ئەکرد، تاوانەکانی بەشێوەیەك گەورەو زەق بوون، تا گەیشتە ڕادەی ئەوەی بەڕەسمی لەدادگای عێراق ولە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و

لەپەرلـەمانی کوردسـتان بەجینۆسـاید بناسـرێت، ئێسـتاش کـاری بـۆ ئـەکریت لـە شـوێنەکانی تـریش ئـەو کردەوانە بەجینۆساید تۆمار ئەکرێت، ئەمڕۆ تاوانـە بـۆ هەرکـەس و لایـەنێك کەپشـتیوانی لـەو بڕیارانـەی سـەردەمی ڕژێمـی دیکتـاتۆری بـەعس بکـات، کەچـی بەداخـەوە چـەند کـەس وگـروپ و لایـەنێك لـەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن پرۆسـەی دیموکراسـی لـەعێراق تێـك بـدەن، لەکەرکووکەوە دەستی پێکردووە، کەرکووکیان کردووە بەبەهانە بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی دیموکراسـی لـەعێراق تێك بدەن، هەڵبژاردن نـەکرێت، هـەوڵ دەدەن فیدڕالیـەت لەناوەڕۆکـە ڕاسـتەقینەکەی بـەتاڵ بکـەن، کێشـە لەپێش جێبەجێکردنی مادده دەستووریەکانی دابنێن، بەهەموو شێوەیەك هەوڵـدەدەن تـەبایی وبرایـەتی و پێکـەوە ژیـان و پێکـەوە کـارکردن وژیـانی ئاسـایی وسـەقامگیری لـەعێراق تێـك بـدەن، تـۆوی دووبـەرەکی ئەچێنن لـەنێوان نەتـەوەکان، تـا بەئاسـوودەیی وبەیەکـەوە نـەتوانن ژیـان بەرنەسـەر، هەوڵـدەدەن کـاری دیکتاتۆری وغەدری سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بـەردەوام بێـت، مـاف خوراوەکـان مافیـان بـۆ نەگەڕێتـەوە، لـەژێر زوڵمـدا بمێـنن، ئـەو بڕیارانـەی سـەردەمی دیکتاتۆریـەت بـەردەوام بێـت، هەوڵـدەدەن کێشـە بـۆ هەڵبژاردنەکان دروست بکەن، کە مافێکی دیموکراسی گشت عێراقیەکـە، هەوڵدەدەن دژ بەدەسـتوور، دژ بـە مافی مرۆڤ، دانیشتوانی پارێزگای کەرکووك بەتایبەت لەمافی دەستووری خۆیان و مافی مرۆیی خۆیان بێبەش بکەن، ئەیانەوێت حاڵەتێکی ئیستیسنای بـۆ دابنـێن، دەیانـەوێ ئـەو بڕیارانـەی سـەردەمی ڕژێمـی دیکتـاتۆر کەتاوانەکانی پێ جێبەجێ ئەکرد بەردەوام بێت، ئەو بڕیارانەی کە هێشتا خوێنی لـێ ئـەتکێت، هێشـتا زۆر لەکەسـوکارەکانمان، لەهاوولاتیـەکانمان لەخوشـك وبراکانمـان، بێسەروشـوێنن وبـزرن و دیـار نـین لـەکوێن، ئەوانەی کە هەوڵی مانەوەی ئەو بڕیارانە دەدەن و دەیانەوێ کاری پـێ بکرێـت، ئـەمڕۆ تـەرکیزیان کردۆتـە سـەر کـەرکووك کـە ئـەو شـارە یەکێکـە لەوشـارانەی کـە تـاوانی زۆری بەرکـەوتووە بەداخـەوە، بـەپلان، بەبەرنامە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان هەوڵی ریشە کێشی نەتـەوەی ئێمـەی کـورد و گشـت ئـازادیی خـوازێکی ئـەو شارەی دەدا، ئێستا لێرەدا بەشێك پیشانی ئێوەی بـەڕێز دەدەیـن، کەبەبەرنامـەو بـەپلان چـۆن ئـەو ڕژێمـە دیکتـاتۆرە هـەوڵی دەدا دیمۆگرافیـای ئـەو شـارە بگـۆڕێ، ئێسـتا جێگـای سەرسـوڕمانە لـەناو ئەنجومـەنی نوێنەرانی عێراقدا کەسانێك هەبێت بەناوی عێراقی تـازە، بـەناوی فیدڕالیـەت، بـەناو مـافی مرۆڤـەوە، داوا ئەکەن ئەو بڕیارانە بمێنێت و قوەی یاسایی هەبێت، کاری پێبکرێت، سەدام لەبەر تاوانـەکانی دەسـتگیرکراو لەدەسەڵات دابڕا، ئیعدام کرا، بـەڵام ئـەوەی جێگای سەرسـوڕمانە کەسـانێك بـەناوی عێراقـی تـازە، بـەناوی دیموکراتیەت، بـەناوی فیدڕالیـەت، بیـەوێ ئـەو بڕیـارە نادەسـتوری و نایاسـاییانەی کـە ئـەو ڕژێمـە دایناوە ئەمڕۆ بەردەوام بێت، بۆیە ئەگەر ئێستا مولاحەزە بکـەن ئێـوەی بـەڕێز چـۆن دەسـتی کـرد بەدابەشـکردنی کـەرکووك و گـۆڕینی دیموگرافیـای شـارەکە، ئێسـتا کەسـانی نـاو ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق ئەیانـەوێت ئـەوەی کـە سـەدام کردوویـەتی بـەو شـێوەیە بمێنێتـەوە، ئـەو وێنـەی یەکـەم هـی قـەزای چەمچـەماڵە، کـە قەزایەك بووە سەر بە پارێزگای کەرکووك بووە، کەلاریش هەروایە و کفریش هەروایە، بەو شێوەیە بڕییان لە کەرکووك، یەکەم شت لە چەمچەماڵەوە دەستیان پێکرد، بە بڕیاری (608) لە 1975/11/6، خستیانە

سەر شاری سلێمانی بۆچی؟ لەبەر ئەوەی شاری چەمچەماڵ زۆرینـەی دانیشـتوانی خـەڵکی کـوردی ڕەسـەنی پارێزگای کەرکووکن، بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە کەم بکەنەوە، پاشان چـوونە سـەر کـەلار، ئـەویش بەهـەمان ژمـارەی پێشـوو،(608) لـە 1975/11/6، بـەو بڕیـارە نایاسـاییە ئەویشـیان لـێ دابـڕی و خسـتیانە سـەر سلێمانی، پاشان هاتنە سەر کفری و بەهەمان شێوە ئەویشیان دابڕی بەهـەمان بڕیـار و لەهـەمان ڕۆژدا، بـە بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورە، پاشان هاتن بەمەرسوومی جمهوری بـەژمارەی(608) لـە 1975/11/6، کەرکووکیان بەو شێوەیە لێکرد کە ئەیبینن، چەمچەماڵ و کەلار و کفری لێ دابڕا، خستنیانە سەر سلێمانی و کفریشیان خستە سەر دیالە، دوایی هاتنە سەر دوزخورماتوو، ئەویش بـەبڕیاری(41) لـە 1976/1/29، دوای ماوەیەك ئینجا ئەمیشیان دابڕی و خستیانە سەر تکریت(صلاح الدين)، ئینجا هاتنـە سـەر ئـەوەی کـە خەڵکی غەیری کورد لەشوێنەکانی تر، ئەو دێهاتانـەی کـە قـەزا و ناحیـەن و سـەر بەشـاری تـرن و ژمـارەی عەرەبی لێ زۆرە، هینانیانە سەر قەزای دوبز بۆ ئەوەی ژمارەی برای عەرەب لە دوبـز بـەنا دەسـتوری زیـاد بکرێت، بە بڕیاری ژمارە(33) لە 2/25 هەندێ گوند کە عەرەب نشینن لە ناوچەی قەراج و کەندیناوەیان دابڕی و خستیانە سەر دوبز، ئیزافەی دوبزیان کرد، هی ئەو ناوچانەی کە عەرەبیان تێدایە نـەك ئەوانـەی کە کورد نشینن، بە بڕیاری (514) لە 1984/1/1، قەزای شەرقات کە سەر بە پارێزگای موصڵ بـوو، کـە لە 98٪ی دانیشتوانی عەرەبن هێنایـانن وخسـتیانە سـەر حەویجە بـۆ ئـەوەی ژمـارەی عـەرەب زیـاد بکـات، چـونکە حەویجـە قەزایەکـە و کـوردی زۆرە، کـەرکووك بـەم شـێوەی لێهـات و گـۆڕا، بچـووکیان کـردەوە، بەتـەوەقوعی خۆیـان ئـەم شـوێنانە هـەمووی نفوسـی عەرەبـەو زیادیـان کـردووە بـۆ سـەر شـارەکە، لەگـەڵ ئەوەشدا لەناو کەرکووك و دەورووبەری نفوسی کورد هەر زیاتر بوو لەوانی تر، ئێستا ئـەو بەڕێزانـەی کـە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقن، کەمن زۆر پێم غەریبـە لـە عێراقـی تـازەدا باسـی دیموکراتیـەت و باسی فیدڕالیەت وباسی پێکەوە ژیان ئەکەن، محاوەلەش ئەکـەن ئـەو بڕیارانـەی مەجلسـی قیـادەی سـەورەو مەرسوومی جمهوری سەرۆك کۆماری عێراق جێگیر بێت و بەردەوام بێت، قوەی یاسایی هـەبێت، بۆیـە ئـەم دانیشـتنەی ئـەمڕۆمان بـۆ ئێـوەی بـەڕێز ئامـادە کـرد لەسـەر ئـەو وەزعـە نالـەبارەی کـە ئـەمڕۆ لـە نـاو ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق هەیـە، کەهـەوڵ دەدرێـت هەڵبـژاردنی عێـراق دوابخرێـت کـە ئێمـە لەگـەڵ دواخستنی نین و لەگەڵ ئەوەش نین کە هیچ ئیستیسنایەك بۆ هیچ شوێنێك لەناو عێـراق بکرێـت، هـەموو تاکێك ماڧی خۆی هەبێت و ئیستیفادە لە دەسـتووری عێـراق بکـات، نـاکرێ دەسـتووری عێـراق بڵێـین ئەمـە دەستوورێکی دیموکراتیە وبۆ عێراقە، بەڵام خـەڵکی کـەرکووك تـۆ حـەقت نیـە ئیسـتیفادەی لـێ بکـەی، تـۆ ئەبێ لەبن ئەو زوڵمە بمێنیت کە ڕژێمی دیکتاتۆر تۆی ئەچەوسانەوە، ئەمە ناعەدالەتیە، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ گوێ لە هەڵوێستی ئێوە و خەڵکی سەربەرزی کوردستان دەگرین، کە ڕەئی خۆتان بەڕاشکاوی بدەن و پاشـان لەسـەر ڕەئەکـەی ئێـوە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بـەیانێك دەردەکـات، هەڵوێسـتی خۆمـانی تێـدا بـەدونیا ڕادەگەیـەنین، بەشـوێنە پەیوەندیـدارەکان ڕادەگەیـەنین، کـە ئێمـە لەگـەڵ عەدالـەتین، لەگـەڵ یەکسـانین، غەریب ئەوەیە کۆمـەڵێکی کـەم نادەسـتووری، نـا دیمـوکراتی دژی دیموکراتیـەت، دژی ئـازادی ئەقەلیـەتێکی

زۆرن كه خۆیان كردووه به تەمسیلی عەرەب و ئەمەش وانیە، خۆیان كردووه بەنوێنەری توركمان  و واش نیە، چونكه زۆربەی زۆری برا توركمانەكان، برا عەرەبەكانمان له كەركوك ئەیانەوێت، ئەوانیش لەو عەدالەت و یەكسانی و دیموكراتیه بەشدار بن، بۆیه پێویست بوو پەرلەمانی كوردستان هەڵوێستی ئێوەی بەڕێز بەدونیا و لایەنه پەیوەندیدارەكان و حكومەتی فیدڕاڵ و پەرلەمانی بەغداش ڕابگەیەنێت، ئێمه دەستخۆشی له خوشك وبراكانمان دەكەین له هاوپەیمانی كوردستانی لەئەنجومەنی نوێنەران كه چەند ڕۆژێكه له بكێش بكێشێكی زۆرن، لەگەڵ ئەو لایەنانەی كه ئەیانەوێت پرۆسەی دیموكراتی له عێراق تێك بدەن، ئێستا دەرگای موناقەشه ئەكەینەوه بۆ ئێوەی بەڕێز، ئەو بەڕێزانەی كەئەیانەوێت قسه بكەن ناویان دەنووسین، تكایه دەستان بەرزبكەنەوه، پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وێڕای دەستخۆشیم له نوێنەرانی كورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستخۆشی له بەڕێزیشتان دەكەم بۆ ئەو سەردە مێژووییەی كه پێشكەشت كردین، سەبارەت بەو سیاسەته پەیڕەوی كراوانەی كه بەرامبەر به كەركوك كراوه له كوردستانی عێراقدا، بەڕاستی من ئەمەوێت قسه لەسەر ئەوەبكەم، كه ئەو هەولانەی ئێستا له ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەژێر پاساوی جیاجیادا دەكرێت، بۆ پەكخستنی هەڵبژاردن بەشێوەیەكی گشتی، یان گۆڕینی ئاقاری هەڵبژاردن لەكەركووكدا، بەشێوازێك له شێوازەكان درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەیه كه پێشتر بەرامبەر به كەركوك بەشێوەیەكی گشتی و بەرامبەر هەرێمی كوردستان كراوه بەتایبەتی، ئەوەی جێگای نیگەرانیه ئەوەیه كه ئەمڕۆ له عێراقی فیدڕالدا ئەو جۆره سیاسەتانه شەرعیەتی پێبدرێت یاخود ئیشی لەسەر بكرێت، یان دەنگی بۆ كۆبكرێتەوه، من پێم خۆشه كه سەرنجی هەمووتان بۆ ئەوه ڕابكێشم كه له بڕیاری ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی پەرلەمانی كوردستاندا دواتریش له ماددەی(56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا، ئیشارەت بەخاڵێكی گرنگ كراوه، كه پەرلەمانی كوردستان مەرجەعی سیاسی هەموو پرسه چارەنووس سازەكانی گەلی كوردستانه لەعێراقدا، كه بۆ ئەمه گرنگه ڕەئی پەرلەمانی كوردستان وئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بەهەند وەربگیرێت، بۆ هەموو ئەو پرسه چارەنووس سازانه، لەمەوه دێمه سەر ئەو خاڵەی كەبەلای منەوه زۆر گرنگە، لەقسەكانی جەنابتەوه كه جێگای سەرسوڕمانی هەموومانه كه ئەو دوو فاقیه له ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ببینین، كه لەلایەك باس له فیدڕاڵیەت و دیموكراتیەت ئەكرێت و لەلایەكی تریشەوه بەو جۆره مامەڵه ئەكرێت، من پێم خۆشه ئەو سەرسوڕمانه بگوازینەوه بۆ ناو پەرلەمانی كوردستانیش كەناكرێت هەمان ئەو دوو فاقیه لەناو ئەدائی پەرلەمانی كوردستان هەبێت، كاتێكه كه ئێمه به ماددەیەك و به بڕیارێك شەرعیەتمان بەوه داوه كه ئێمه مەرجەعی سیاسی هەموو پرسه چارەنوس سازەكان بین، ئەبێت مەرجەعی سیاسی بین، یاخود مەرجەع و چاودێر بین لەسەر ئەدائی نوێنەرەكانیشمان له بەغداد یان له حكومەتی عێراقدا، ئێمه كاتێك كه قسه لەسەر ئەو هەموو سیاسەتانه ئەكەین كه لەلایەن چ

شۆڤیەنێتەوە یان لەلایەن دەوروبەرەوە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیـە، یـان لەسـەر کـەرکووك و عێـراق هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەکرێت، گرنگە ئێمە کە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە بەتـەنها ئەوانـە فاکتـەر نین بۆ ئەم قەیرانەی کە ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێی گەیشتووە، دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردیش پێـی گەیشـتووە لەبەغـداد، گرنگـە ئێمـە قسـە لەسـەر ئـەوە بکـەین کـە فاکتـەرێکی گـرنگ ئـەدائی سیاسـی خۆمانە وەکو کورد لـە عێراقـدا، چ لـە ئەنجومـەنی نوێنـەران بێـت، چ لەحکومـەتی عێراقـدا بێـت، مـن بـۆ ڕاستی ئەم قسەیە، قسەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشووی عێراق بەنموونە ئەهێنمەوە( ابراهيم جعفـری)کە لـە کۆبوونەوەیـەکی ڕەسمـی ئیشارەتی بـەوە کـرد کـە یـەکێك لەخاڵـە گرنگـەکانی پەکخسـتنی ماددەی (140)و جێبەجێ نەکردنی خەم ساردی و کەمتەرخـەمی وەزیـرە کوردەکـان بـوو، یـەعنی خراپـی ئـەدائی سیاسـی کـورد بـوو لەبەغـداد، بەڕاسـتی مـن دێمـەوە سـەر دوو فاقیەکـە ئێمـە وەکـو پەرلـەمانی کوردستان ئەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کـە نابێـت تـەنها مەرجەعیـەت بـین لـەکاتی قەیرانەکانـدا، ئـەبێ ئێمە چاودێر و ئاگادار بین لەهەموو ئەدائێکی سیاسی کورد بۆ ئەوەی لەکاتی قەیرانەکاندا درەنـگ وەخـت خەبەرمان نەبێتەوە، کە ڕەنگە چارەسەری گونجاویشمان پێ نەکرێت لەوکاتەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی کێشەی کەرکووك، کێشـەیەکی زۆر حەسـاس و گـرنگە لـە واقیعـی ئـەمڕۆی کوردسـتاندا، پـێم وایە پەرلەمانی کوردستان لە پێشتردا، لەگەڵ پەرلەمانی عێراقیدا چەندێك هەوڵ دراوەو لەسەر ئیشـکردن بۆ گەڕانەوەی کەرکووك و چارەسەر کردنـی ئـەو کێشـانە، بـەڵام وەکو پێویسـت نـەبووە، بـەڵام کـاتی ئـەوە هاتووە کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیش خۆیان چاك بکەن، بەشـێوەیەکی باشـتر کـار لەسـەر ئـەو پـڕۆژەو بەرنامانـە بکرێـت بەتایبـەتی مـاددەی(140) کـە پەرلـەمانی کوردسـتان پێویستە پڕۆژەیەك پێشکەش بـە پەرلـەمانی عێـراق بکـات و داوای جێبـەجێ کردنـی ئـەو ماددەیـە بکـات، مودەیەکی زەمەنیش دابندرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە، ئێمە تا ئێستا زۆربەی زۆری کێشەکان کە لەکەرکووکدا هەیـە، خـۆی نـەك بـۆ کـەرکووك تەئسیری هەیـە، ئێسـتا بـەپێی ئـەو گۆڕینـەی دیمۆگرافیـای کەرکووك دیارە بۆ خـۆی کێشـەکە ڕووبـەڕووی کۆمـەڵێك لـەو قـەزاو ناحیانـەی دەورووپشـتی کـەرکووکیش بوەتەوە، یەکێك لەو ناوچانە چەمچەماڵە، من بۆ خۆم خـەڵکی چەمچـەماڵم تائێسـتا کێشـەی ئیـداری نـەك لەناو کەرکووکدا بووە بەکێشە، بەڵام لەقەزاکانیشدا لەو جێگایانەی کە ئێمەی تێدایە یەکلا نەبووەتەوە کە ئێمە سەر بە چ ئیدارەیەکین، ئیدارەکانمان دابەشکراوە نیوەی سەر بەکەرکووکە، نیوەی سەر بـە سـلێمانیە، ئەمانـە بـۆ خـۆی کێشـەیە، ئەگـەر هـەر ئـاوا بمێنێتـەوە، دیـارە بـۆ خـۆی ئـەو چارەسـەر نەکردنانـەش مـن

بەهۆکارێکی تری دائەنێم وەکو پەیمان خان ئیشارەتی پێدا، حەز ناکەم دووبارەی بکەمەوە، کەمتەرخەمی تێدا بێت لە پەرلەمانی عێراقیشە دوای ئەوە من یەکێکی تر لە خاڵە گرنگەکان و فاکتەرە گرنگەکان، کە بووە بەرێگر لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک دوو ئیدارەییە، لە پارێزگای کەرکووك وابزانم لە دوای 2003 وە گەورەترین کێشەو گرفت کە خۆم لەکەرکووك بوومە، کێشەی دوو ئیدارەییە لەو ناچەیەدا لەبەینی ئەم دوو لایەنەدا، ئەو موناقەسەو پەنجا بە پەنجایە دیارە نەك بۆ خۆمان بۆ زۆربەی لایەنەکانی تریش ئەوەیان پێزانیوە کە گەورەترین گرفت بووە، کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە ئێستا یەك هەڵوێستیمان هەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا، کۆمەڵێك پێشنیاری تازەمان هەبێت، ئەو پێشنیارانە بگەیەندرێتە پەرلەمانی بەغداد، ئیشی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی کێشەی کەرکووك هەروا بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە، دیارە بەخۆی بە بڕیارێکی ئەوەی کە ئێستا باست کرد، کە چەمچەماڵ و کەلار و کفری و دوزخورماتوو، چوونەتە سەر پارێزگاکانی تر بە بڕیاری ساڵی 1975 وا بزانم بە ماددەی(42)وە یان (41)ە وابزانم زۆربەی ئەو مەرسوومە جمهوریانە بە بڕیاری قیادەی سەورە بووە، کە زۆبەشیان هەڵوەشێندراونەتەوە، بەڵام ئەو ماددەی کە ئەم قەزایانەی پێماوەتەوە، تا ئێستا بەس ئەوە لەجێگای خۆی ماوەتەوە، ئێمە هیوادارین داوا بکرێت لە پەرلەمانی عێراقدا ئەو ماددەیە ماددەی(42) کە ئەو ناوچانەی دابڕیوە لەکەرکووك ئەو ماددەیە هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو قەزاو ناحیانەی کە دابڕاون بچێتەوە سەر کەرکووك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من وەکو خۆم کە خەڵکی ناوچەیەکم لەساڵی 1975 بۆ 1976 یەکەم شاڵاوی تەعریب لەو ناوچەیە دەستی پێکردو هەموو خزمانی ئێمە ڕاگواسترانەوە بۆ مەنتقەی ڕومادی، من تاڵاوو ژەهراوی شاڵاوی تەعریب و دوور کەوتن لەخاك وزەوی خۆم دەزانم، هەست بە موعاناتەکە ئەکەم، بۆیە دیارە ئەو ناوچەی ئێمەش سەر بەپارێزگای کەرکووکە، وەکو ئەوەی جەنابت باستکرد ئەو ناوچەیە بە بڕیارێك خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی و بەتایبەت ناوچەکەی ئێمە خراوەتە سەر پارێزگای دیالە، لەکەرکووك دەرکراون، من ئێستاش تەسکەرەی ساڵی 1969ی کەرکووکم هەیە، کە کفری، قەرەتەپە، کەرکووکە، من پێش هەموو شت پرسیارێك لە جەنابتان دەکەم، ئەوە چەند ڕۆژێکە پەرلەمانی عێراق گفتوگۆ لەسەر یاسای هەڵبژاردن و پرسی کەرکووك ئەکەن، ئەگەر پەرلەمانی عێراق دوێنێ، یان پێرێ یان لەم هەفتەیەدا بڕیاری بدایە، ئێمە ئێستا مەوقیعمان چی ئەبوو؟، ئەگەر ئەو بڕیارەش دژ بەخواستەکانی گەلی کورد بوایە پەرلەمانی کوردستان ئێستا چ هەڵوێستێکی ئەبوو؟ من پێم وایە ئەوەی کە هاوکارێکم باسی کرد بە ئیستیناد لەسەر ماددەی(56)لەیاسای هەڵبژاردن، وە بە بڕیاری ژمارەی (1)ی هەڵبژاردن لەساڵی 2005ی پەرلەمانی

کوردستان، کەخۆی بە مەرجەعیەتی یاسایی و دەستووری گەلی کوردستان دەزانێ لەعێراقدا نەك تەنها هەرێمی کوردستان، مەفروز وایە پەرلەمانی کوردستان لەو هەموو مەسائیلە چارەنووس سازانەدا، لەو هەموو گفتوگۆیانەدا کەلەسەر مەسەلەی کوردستان دەکرێت دەبێ قسەی هەبێت و پێش وەختیش کار بکات، وە نوێنەرانی کورد لە بەغداد ئیلزام بکات بەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان کە مەرجەعیەتە تەشریعیەکەی پەرلەمانی کوردستان دەیدات، بۆیە دەکرێ کە ئێستاش هێشتا دوابڕیار نەدراوە لەپەرلەمانی عێراقدا، ئێمەش قسەی خۆمان بکەین وپەرلەمانی کوردستان ڕایەکی ڕۆشن و وازحی هەبێت لەسەر ئەم پرسە، وەقسەیەکیش لەسەر خودی مەسەلەی کەرکوك بکرێت، پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی فیعلی و جدی هەبێت، دیارە ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕانیش پڕۆژەی بڕیارێکمان ئامادە کردووە، کە دەکرێت دواتر بیخەینە بەردەم جەنابتان بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن، ئەشکرێت ئێستا خاڵە ئەساسیەکانی باس بکەم، دیارە داوای ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، 1- لەگەڵ ئەوەدا بین کە نابێت هەڵبژاردن لەکەرکوك دوابخرێت، هەڵبژاردن لەکەرکوك وەکو هەموو پارێزگاکانی تری عێراق ئەنجام بدریت، 2- نابێت کەرکوك هیچ حاڵەتێکی تایبەتی بۆ دابندرێت، دەبێ هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوك وەکو هەموو پارێزگاکانی عێراق بەگوێرەی دەستوور بێت، 3- نابێ پەرلەمانی کوردستان ڕازی بێت هیچ جۆرە مساوەمەیەك یان سەوداو مامەڵەیەك بکرێت وهیچ ئیتیفاقێکی تر لەدەرەوەی ئیستیحقاقاتی دەستووری بۆ مەسەلەی کەرکوك بکرێت، 4- پێویستە لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت و هەموو لایەنەکان پابەند بن بە دەستووری عێراقەوە و بە بڕگەکانی دەستووری عێراقەوە، 5- دەبێ پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری گەلی کوردستانە، نابێ بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شێوازو ئیتیفاقی تایبەت بێت بۆ پارێزگای کەرکوك وەکو باسم کرد ئەبێ بەگوێرەی ئیستیحقاقاتی دەستووری بێت، 6- خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێم وایە کیشەی کەرکوك ئێمە دەبێ قسەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە تاکەی میحنەتی کەرکوك بەم شێوەیە بەردەوام بێت، تاکەی ئێمە چ لەپەرلەمانی کوردستان و چ لە هێزە سیاسیەکان لەکوردستاندا تەنها لەساتە وەختە هەستیارەکاندا قسە لەسەر کەرکوك و پرسی کەرکوك بکەین، بۆچی پەرلەمانی کوردستان کەنوێنەری گەلی کوردستانە قسەیەکی جدی لەسەر ئیستیحقاقاتی دەستووری گەلی کورد نەکات و خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك نەکات، پێم وایە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە و دەبێ ئێمە قسەی لەسەر بکەین، پەرلەمانی کوردستان پێم وایە سەرباری ئەوەی کە دەبێ بەڕۆشنی هەموو لایەنەکانی کورد ئیلزام بکات بەوەی کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ هیچ جۆرە ڕێك کەوتنێك نین لەدەرەوەی دەستوور و ماددەی(140) دابێت، لەهەمان کاتدا لەکورت ترین ماوەدا بڕیارێك دەربکات و هەموو لایەنەکان و هێزە سیاسیەکان و نوێنەرانی کورد ئیلزام بکات بەوەی کە لەماوەیەکی کورت خایەندا دەبێت هەموو دەستکەوتەکانی کورد و هەموو ئیستیحقاقاتەکانی لە دەستووری عێراقیدا هەبێت، بەتایبەتی ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، ناکرێ ئێمە چیتر لە 2005 وە بۆ 2007 و دوایش 2009 و پاشان بۆ ئەگەرێکی نادیار، وە باجەکەشی هەموو خەڵکی کەرکوك و گەلی کورد بیدات، ئەمە زۆر گرنگە کە ئێمە ئیشی لەسەر

بکەین، پەرلەمانی کوردستان وەکو تاکە مەرجەعیەتی سیاسی و دەستووری وقانونی و تەشریعی لە کوردستاندا و بۆ نوێنەرەکانی کوردیش لەبەغداد دەبێ هەڵوێستێکی جدیمان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەبێت و دوا بڕیاری خۆی بدات، چونکە ناکرێت ئێمە تەنها لەم ساتە وەختانەدا بەکۆمەڵێك وتاری حەماساوی و کۆمەڵێك قسەی حەماساوی کە ئەمە حەقەو من هیچ گلەییم لەوە نیە، ئەبێ ئێمە ئەمە کۆتایی پێبهێنین، بەڵکو ئەبێت ئێمە خاوەنی یاسایەکی دیاریکراو، بڕیارێکی دیاریکراو بین، بۆ ئەوەی ئەم پرسە چارەسەر بکرێت و هەموو خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان چ لەخانەقین چ لە کەرکوك و ناوچەکانی تر چاوەڕێی پەرلەمانی کوردستانن بۆ ئەوەی فشارێکی زیاتر بخاتە سەر نوێنەرەکانی کورد لەبەغداد، لەلایەنی تەنفیزی لەبەغداد، لایەنەکانی تر لەعێراقدا، لایەنە سیاسیەکانی تر لەعێراقدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە و بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر کوردستان، ئیتر ناشکرێت ئێمە کەمتەرخەم بین بەرامبەر بەو پرسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برهان رشید، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان، پێم باش بوو ڕەئی خۆم بەچەند خاڵێك بڵێم، یەکەم: بەڕێزان ئێمە لەساڵی 2005 وە بڕیارێکی تایبەتمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستانەوە، کە ئێمە تاکە مەرجەعیەتین بۆ هەموو مەساڵحێك کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەساسی گەلی کوردستانەوە هەبێت، بۆ لەساڵی 2005وە یەکجاری تر پەرلەمانی کوردستان کۆنەبووەتەوە، ئیلا لەکاتی ئەزماتا ئەبێت ڕەئی هەبێت، ئەمە ڕەئی تایبەتی خۆمە، دووەم: من ڕام وایە بڕیارێك دەربکەن بەڕێزتان بە ئیلزام کردن بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی کەرکووك داوانەخرێت، و لیستیش کراوە بێت، بە ئیلزام کردنی مەسئولینی خۆمان لەبەغداد کە موفەیەد بن پێوەی، هەڵبژاردنیش فرە بازنەیی بێت، نەك عێراق یەك دائیرە بێت، بەڵکو بازنەیی بێت، سێیەم: ئەگەر هەچ کەسێك هەیە داوای حاڵەتی تایبەتی بۆ کەرکووك ئەکات، لەبەر ئەوەی فرە ڕەنگە، موصڵیش فرە ڕەنگە، سەلاحەدینیش فرە ڕەنگە، دیالەش فرە ڕەنگە، نابێ بانێك و دوو هەوا بێت، با لە موصڵ، سەلاحەدین، دیالەش وابێت، چوارەم: من بەڕاستی بەشێکی گەورە لەو وەزعەی کەرکووك و هەموو ناوچە جێ ناکۆکەکان و هەموو خاکێکی ئەم وڵاتە، لەهەر جێگەیەك بێت ئێمە مەسئولین بەرامبەری، لەناوچەکانی موصڵ، لە سەلاحەدین، لەدیالە، لەکەرکووکیش هەموو ناوچە جێناکۆکەکان بەڕاستی بەشێکی مەسئولیەتی مێژووی و دواکەوتنی و گێڕانەوەی ئەو وەزعە من وەکو ڕەئی شەخصی خۆم، بە خراپی ئەدائی مەسئولینی کورد لەبەغدادی دائەنێم و ئەزانم، لەبەرچی؟، لەبەر ئەوەی ئەوە شەش ساڵە ئێمە نازانین نەتیجەی ئیشەکانیان لەبەغداد چی بووە؟، یەعنی هەندێ وەزع ڕووی داوە، دووجار ئەندامە کوردەکانی ئێمە لەبەغداد حەقی هەڵوێستیان هەبووە، جاری یەکەم: لەسەرکەم

کردنـــەوەی موچـــەی میزانیـــەی ســـەرۆکایەتی جمهـــوری بـــووە؟، جـــاری دووەم: لەســـەر مـــاددەی (23)ی هەڵبژاردنی کەرکووك بووە؟، ئەوەش هەمووتان ئاگادارن، لە 32٪ لەکەرکووك تەرویجی بۆ کـرا، (تورکمـان، عەرەب، کورد)مەسئولینی کورد کردیان، تەرویج کردن بۆ ئەوەی کەرکووك فیدڕالیـەتێکی سـەربەخۆ بێـت، هەر مەسئولینی کورد کردی، لەگەڵ ڕێزمدا بەبێ تـەعن، بـەڵام حـەقمان هەیـە ئێمـە موراجەعـەی خۆمـان بکەین، بزانین هەڵەکانمان کامەیە، باشەکانمان کامەیە، دەرس لەڕابردوومان وەربگرین، چیتر ئەو مەوزوعە دوا نەکەوێت، ناکرێ لەوەزعێکی حەساسی وادا نائیبی سەرۆکی وەزیران لەبەغداد جێگاکەی چۆڵ بێت، من ڕێـزی زۆر بێپایـانم بـۆ سـەرۆکی کۆمـار هەیـە، ناکرێـت دوو، سێ، مـانگ بەغـداد جێبهێڵێـت بـۆ حەملـەی هەڵبژاردن، لەبەر ئەوە من ڕەئم وایە هی تایبەتی خۆم، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە ئیستیناد لەسەر بڕیاری ژمارە(1)ی ساڵی 2005 قانونێکی تەواو بۆ بڕیاری ساڵی 2005 دەربکات، کە دەزگایەك دابنێت بۆ لێپرسینەوە و موتابەعەی ئەدائی مەسئولینی کورد لەبەغداد، بۆ ئەوەی بزانین چی ئەکەین و چی ناکەین، هەروەها کە ئێمە نوێنەری گەلی کوردستـانین بڕیـار بـدەین کـەزۆر بەشـەفافیەت، زۆر بەتەوازوعـەوە، زۆر بەئینسافەوە، بەبێ بیرکردنەوە لەوەی کە تۆ سەر بەچ لایەنێکی ومن سەر بەچ لایـەنێکم، تـەنها چـی باشـە ئەوە بۆ خزمەتی گـەلی کـورد بکـەین، ئـەگینا بـەڕێزان شـەش ساڵە دواکـەوتووە، بەدڵنیاییـەوە ڕۆژ بـەڕۆژ هەمووتان ئاگـادارن، هـەر ڕۆژەو دەوڵـەتێك تـەداخول ئـەکات، هەفتـەی ڕابـردوو سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا تەداخولی تێدا کرد، ئەم مەسەلەیە زیاتر درێژە بکێشێ دراوسێکانمان تـەداخولی تێـدا ئەکـەن و وەزعەکـە زیـاتر ئـاڵۆز ئـەبێت، بۆیـە ئەمـە هەڵوێسـتی بەپەلـەو یـەکگرتووی هـەموو لایـەکمانی پێویسـتە، مـن زۆر سوپاستان دەکەم، داواکارم ئیقتراحەکانم بۆ دروست کردنی ئەو دەزگایـە بـۆ ئـەوەی خۆپیشاندانێکی گشتی بکرێت، هەموو کوردستان ئیستینکاری ئـەو شـۆڤینیانە بکـەین، بـۆ ئـەوەی لیسـتەکە کـراوە بێـت، بڕیارێـك دەربکەین کە ئیلزامیان بکەین بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی کـەرکووك دوانـەخرێت، بـۆ ئـەوەی حاڵـەتی تایبـەتی نـەدرێت بەکـەرکووك، بـۆ ئـەوەی هەڵبـژاردن فـرە بازنـەیی بێـت، هـەموو ئەمانـە مـن داواکـارم یاسـایەکی پێدەربچێت، دەزگایەکی بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین کەچی ئەکەین و چی ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عبداللە مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی کەرکووك من بەپێی ئەوەی کە خۆم خەڵکی یەکێك لەو ناوچە دابڕاوانەم کە لە کـەرکووك دابـڕاوە، بـە بڕیـاری (608)ی سـاڵی 1975، مەسـەلەی کـەرکووك، مەسـەلەیەکی قەومیـە، لەڕاسـتیدا مەسەلەیەکە هەمیشە خاڵی ناکۆکی بەینی ئێمە وناحـەزانمان بـووە لەبەغـداد، وە هەمیشـە کـەرکووك ئـەو خاڵە بووە، کە بەداخەوە دراوسێکانمان دەستیان تێوەرداوە، زەرەرمەندی یەکەمیش ئێمە بووین وەکو کورد، بەتایبەتیش خەڵکی شارەکە، بۆیە من پێم وایە، لەڕاستیدا جگـە لەدەسـتوور، جگـە لـەماددەی (140)هـیچ

ڕێگا چارەیەکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بەڕاستی قابیلی قبوڵ نیە؟، تەنها ڕێگا چارەش ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە مافی کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لەکەرکووکدا ئەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت، ئەوانەش بەتایبەتی برا عەرەبەکانمان واتە عەرەبە ڕەسەنەکان، برا تورکمانەکان، ئەوانە برای ئێمەن، لەگەڵ ئەوەشداین کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بژین و بەپێی قورسایی و سەنگی خۆیان حەقە لە یەکە ئیدارییەکاندا دەسەڵاتیان پێبدرێت، لەهەمان کاتدا دژی ئەوەین کە لەپەرلەماندا هیچ بارودۆخێکی تر بەکەرکووك بدرێت، بۆیە زۆر گرنگە کە پەرلەمانی ئێمە بەو پێیەی کە برادەران باسیان کرد، بەپێی بڕیاری ساڵی 2005 زۆر پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ناکرێت هیچ بارودۆخێکی تایبەت بە کەرکووك بدرێت، خاڵێك هەیە کەبەلای منەوە زۆر گرنگە، کە حەقی خۆیەتی ئێمە لەئێستا بەدواوە ڕەخنە لەخۆمان بگرین، ڕەخنە لەبەرپرسانی کورد بگرین لەبەغداد، کە ئێمە توانیومانە چی بکەین و ئەبوایە چیش بکرایەو چیش نەکرایە، ئەمە بەرنامەی کاری حکومەتەکەی مالیکیە کاتی خۆی لەسەر ئەساسی ئەو ڕێك کەوتنەی کە لەبەینی ئیئتلافی عێراقی ولەگەڵ ئیئتلافی شیعی ولیستی کوردستانیدا کراوە، لەیەکێك لەخاڵەکاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەبێت لەماوەیەکی دیاریکراودا ماددەی (140) جێبەجێ بکرێت، کەچی بەداخەوە ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکراوە، بەرپرسانی ئێمەش لەبەغداد هیچ هەڵوێستیکیان نەبووە، وەکو کاك برهان ئیشارەتی پێدا لەڕابردوودا تەنها دووجار هەڵوێست وەرگیراوە، لەسەر مەسائیلی پارە بووە، زۆریش گرنگە ئێمە لەمەودوا کار لەسەر ئەوە بکەین کە دیاردەی دوو ئیدارەیی لەکەرکووك و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی تر نەهێڵین، هەموو ئەو هەڵانەش کەکراوە لەڕابردوودا، هەموو ئەو سیاسەتە چەوتانەی کەکراون و بەرپرسانی کورد لێی مەسئولن، قابیلی ئەوە نیە کە قبوڵ بکرێت، قابیلی ئەوەش نیە کە ڕێگە بدرێت و دووبارە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك کاردۆ، فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، کێشەی کەرکووك دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی ئێمە لە مافە دەستوورییەکانمان لەکەرکووك و ساغ کردنەوەی بەقازانجی ڕاستە مێژووییەکان، ئایندەی سیستەمی سیاسی و تەجروبەی هەرێمی کوردستانی پێوە بەندە، بۆ مانەوەی خۆی بەشێوەیەك کەفیعلەن کیانێکی سیاسی بتوانێ ئیدامە بەژیانی خۆی بدات، ئێمە ئێستا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ئەنجومەنی عێراقداین، کە دەتوانم بڵێم نەخشەی سیاسی عێراق دەگۆڕێت، لەدانانی یاسای هەڵبژاردنیش کێشەی کەرکووك هاتووەتە پێشەوە، وەکو کێشەیەك کەپێویستە ئێمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نەدەین بەوەی سازش یان نەرمی نواندن یان پەکخستنێك بکەوێتە کێشەی کەرکووك، چونکە بەمە کێشەی کەرکووك دەخرێتە ململانێیەکی سیاسی بۆ چوارساڵی تر بۆ خولێکی تر کەپێم وایە ئەمە بەئایندەی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك وبەتایبەتی کوردیش نیە، بۆیە

جیاکردنەوەی کەرکووك وەکو دۆخێکی تایبەت یان جیاکردنەوەی لەهەڵبژاردن یان کورسیەکان وەکو یەکی لێبکرێت، هەموو ئەوانە پێم وایە ئیستیسنایەو ئیستیسناش دژ بەدەستووری عێراقیە، دژ بەیاساکانە، سەرەڕای بیانوو هێنانەوەی ئەوەی کە ئەمە کێشەیەکی دیمۆگرافیە یان لایەنی تەکنیکی هەیە، ئەگەر پەیوەندی بەوردەکاری هەبێت لەسجلی ناخبین، ڕەنگە ئەمە بۆ هەموو پارێزگاکانی تر ڕەوا بێت، بەڵام ناکرێت ناکرێت، کەرکووکی لێ ئیستیسنا بێت، لەبەر ئەوە ئەم لایەنە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەجیندایەکی سیاسی لەپشتە، وە بۆچوونی سیاسی لەپشتە، کەئەمە بەڤازانجی سیستەمی سیاسی عێراقیش نیە، دژی دەستوورە، بۆیە ئەم سازشە، یان پەکخستنە، یان دواکەوتنەی کەرکووك دەبێتە مایەی کێشەیەکی گەورە، پێویستە ئێمە دژی بوەستینەوە بەو ڕێگایانەی کە دەتوانین پێشم وایە وەکو هاوڕێکانم ئاماژەیان پێکردە، یەکێك لەو سیاسەتانەی ئێمە ڕاستە ئێمە تایبەتمەند بەیاسای هەڵبژاردنین لەئاستی عێراق پێویستە ئەم هەڵوێستە یەکلاکەرەوە بنوێنین، گوتاری یەکگرتووی سیاسی کوردی ویەك هەڵوێستی دەربخەین لەوەی کە لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکین، یەکگرتووین، بەڵام دەبێ ئێمە لەبەرامبەر ئەمە ئەمڕۆ بگەینە ئەوەی کەلیژنەیەکی تایبەتمەند لەپەرلەمان هەبێت، ڕاستە لەپەرلەمانی ڕابردوو، لەخولی ڕابردوو لیژنەیەکی تایبەتمەند هەبووە، بەڵام پێم وایە نەیتوانیوە ئەم گرنگیەتی و فەعالیەتیەی خۆی بنوێنێت، بەڵام ئێستا پێویستی بەلیژنەیەکی تایبەتی زیندوو هەیە، ببێت بەم مەرجەعیەتە، موتابەعە بکات بۆ ئەوەی ئەم گرفتانەی کە ئێمە پێویستە موتابەعەی بکەین یان چارەسەری بکەین، بیدۆزینەوە، بەتایبەت ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و چاککردنەوەی لایەنی ئیداری وئابووری و ئاوەدانکردنەوەو تەعامولێکی ڕاست ودروست، لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کەرکووك، هەموو ئەوانە کارتی بەهێزن بۆ ئەوەی ئێمە لەئایندەدا نەکەوینە بەر ئەو فشارانەی کە ئێستا ئەمڕۆ لەبەردەمیداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالم تۆما، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ برایمۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەی کەرکووك، بەڕاستی کەرکووك تەنها شار نیە کە ڕاگوێزانی لەسەر کرابێ، عەزیەت درابێ، مەشاکیلی بۆ خولقابێت، بەڵکو زیاتر لەهەموو شارەکانی تر بەشی خۆی خواردووە، ئەوەشی کەجێگای دیارە، پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکووك هەموویان باجەکەیان داوە، چ بە ڕاگوێزان بێت، چ بە زەرەرمەندی بێت، چ بە گۆڕینی دیمۆگرافی بێت، بەقەناعەتی من جێبەجێ نەکردنی ماددەی(140)ئەساسەکەی کەرکووکە، لەوێ دەستی پێکردووە، لەناوچەکانی تریش جێبەجێ نەکراوە، ئێستا مومکینە کاتی ئەوەمان نەبێت کە لەسەر کێشەکانی کەرکووك قسە بکەین، تەنها مەوزوعی هەڵبژاردن نەبێت، هەڵبژاردن ناکرێ بۆ پارچەکانی تر عێراق بەشێوەیەك بکرێت و بۆ کەرکووکیش بەشێوەیەکی تر بێت، یاخود تەدقیقی سجلات لەکەرکووك بکرێت و لەشوێنەکانی تر نەکرێت، ئەوەی ئەبێت بکرێت کەرکووك بەشێوەیەکی گشتی وەکو پارچەکانی

تر تـەعامولی لەگـەڵ بکرێـت، ئەگـەر تـەدقیقی سجلات کـرا؟ بـۆ هـەموو شـوێنەکانی تـریش بکرێـت وەکـو کەرکووك، خاڵێکی تـر ئـەوەی کـەجێگای داخـە، کـەرکووك بەشـێوەی گونجـاو موعامەلـەی لەگـەڵ نـەکراوە، بەتایبــەتی مــەوزوعی ئاوەدانکردنــەوە و ئیهتیمــام پێــدانی چ لەلایــەن حکومــەتی عێــراق و چ لەلایــەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەنـدامانی هاوپـەیمانی کوردسـتان، هێـزە سیاسـیەکانی ئێمـە، دەسـەڵاتی ئێمـە لـە عێراقدا، لە شەڕێکی زۆر زۆر قورسـدان، ئـەو شـەڕە بەچـەندین شـێواز جێبـەجێیان کـردووە، گەیشـتووەتە ئەوەی کە موقاتەعەی دانیشتنەکانیان کردووە، هەرچی هـەوڵێك دەدرێـت بـۆ ئـەو حاڵەتـەی کـە کـەرکووك بکات بەحاڵەتێکی تایبەت، هەمووی ڕەد کراوەتەوە، بگرە زۆر حاڵەتیش هەیـە، هەرچـەندە زەرەری کـوردی تێدا بووە، وەکو لیستی داخراو، بەڕێزینە ئێوە ئـەزانن و کـاك عـدنان عوسمـانیش ئامـاژەی پێـدا، کـە کـاتی خۆی ئەوان ڕەوانەی ڕومادی کراون، نەفی کراون هەتا ئێستاش ئێمە کوردمان هەیە لەو ناوچانە، کە کاتێـك باس لەوە کراوە کە یەك بازنە بێت، بۆ ئەوەی مافی هیچ کوردێـك لـەهیچ شـوێنێك نەفـەوتێت، بۆیـە ئیمـە وتوومانە داخراو بێت و یەك بازنە بێت، لەبەر خاتری ئەوەی، ئەگەر تاکە دەنگێکیش هەبێت لـە شـوێنێك لە عێراقدا لەناو کوردستان نەبێت، نەفەوتێت، ئەو شەڕانە کراوە هـەر هـەمووی وە ئێمـەش پشـتگیرییەکی زۆر زۆر بەقوەتیان حەقە بکەین، تۆزێك دەست بخەینە سەر ویژدان و زەمـیری خۆمـان بڵێین، ئایـا ئەوانـە لـەوێ لـە چ مەوقیفێکـدان؟، موقاتەعـەی پەرلـەمانیان کـردووە، و هـی دانیشـتنی پەرلـەمانیان کـردووە، لەهەمان کاتیشدا قەناعەتیان بەهەنـدێ لایـەنیش کـردووە، کـە فیعلـەن ئـەوە حەقـە کەئـەوان موقاتەعـەی بکەن، ئەوە بەڕاستی ئەبێ باس بکرێت، نـەك بـەوەی تـۆ خـەت بهێنی بەسـەر هـەموو ئـەو هەوڵانـەی ئـەو بەڕێزانە، بەڵکو ئەبێ ئێمە بەهەموو شێوەیەك پشتگیرییان لێ بکەین، وابزانم دانیشتنەکەی ئەمڕۆش هەر لەبارەی ئەو مەسەلەیەوەیە، وەکو پەرلەمانی کوردسـتان پشـتگیری لـەو هەوڵانـەی ئـەوان بکـەین کـە لـەوێ دەیدەن، چونکە ئەوان هیچ نیازیان نیە کەوا تەنازول بکەن لەسەر مەسەلەی کەرکووك بەهیچ شێوەیەك و لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنیش، لەهەمان کاتیشدا من پێم سەیرە کە ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دێت باسی ئەوە ئـەکات، قسـەیەکی کابرایـەکی عـەرەب ئەهێنێتـەوە بـە نموونـە، کەهیچ ڕاسـتی تێـدا نیـە، هـەر لەدوای قسەکانی جەعفەرییەوە، دۆکۆمێنتێك بڵاوکرایەوە کـە لـەو مێـژووەی کەئـەو باسـی ئـەکات، بـەڕێز دکتۆر بەرهەم چۆن داوای لێکردووە، کە بەزووترین کـات لیژنـەی بـاڵا کـە حەمیـد موسی بـوو، کـە بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە کـە هێنامـان لـە لیژنـەی ماددەی(140) کـە هاتـە ئێـرە چۆن باسـی ئـەوەی کـرد، جعفەری ئەمری دەرنەکردووە بـۆ ئـەوەی ئـەو لیژنەیـە دەسـت بـەکار بێـت، چۆن نـەکراوە، بـۆ ئێمـە ئـەم

هەموو ناحەقیە بکەین بەرامبەر بە نوێنەرەکانی ئێمە لە پەرلەمانی عێراق، جارێکی تر ناحەقیە کە پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، چەندین جار ئێمە وەکو پەرلەمان دانیشتنمان کردووە، هەڵوێستمان هەبووە، بەبەیانیش بڵاوکراوەتەوە، من لێرەوە دەست دەکەم بەقسە کردن، بەڕێزان ئێمە کاتێك کە ئەڵێین زۆر لە مانشێتی ڕۆژنامەکان بەداخەوە باس لەوە ئەکەن، ئەڵێن تورکمان و عەرەب، حەقە لێرەدا یەك ڕاست کردنەوە بکەین، هەموو تورکمان نیە ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەوەستێتەوە دژی یاسای هەڵبژاردن و کەرکووك بکرێت بەچەند بەشێکەوە، ئەوانە چەند خەڵکێکن کە فکرێکی تایبەتیان هەیە، لەبەرئەوە ئەو تەعمیمە باش نیە، بۆ عەرەبیش بەهەمان شێوە، عەرەبێك هەیە، لەگەڵ ئێمەدایە و هاوپەیمانمانە و بزەبت وەکو ئێمە بیر ئەکاتەوە بۆ عێراقی نوێ، ئەوانەی ئەو هەڵوێستەیان هەیە، نە تەعبیر لەڕای هەموو تورکمان ئەکەنەوە، نە تەعبیریش لەڕای هەموو عەرەبەکان ئەکەنەوە، ئەمڕۆ ئێمە ئەتوانین بڵێین یەکەم: ئەگەر ئەو ئیدیعایانەی کە هەیە، لەسەر ئەوەی کە سجیلی دەنگدەر شکی لەسەرە، من بەداتا نموونەیەکتان بۆ ئەهێنمەوە، بەپێی ئەو ئیحسائیانەی کەکراوە، موصڵ لە80٪ ڕێژەی دانیشتوانی زیادبووە، بۆچی؟، چونکە ئێمە ئیعتیمادی سجلی ناخبین لەسەر فۆڕمی خۆراکە، تەزویراتی تێدا ئەکرێت، خەڵك بەزیادە ئەنووسرێت، جیهازی مەرکەزی ئامار لە عێراقدا ئەڵێت ڕێژەی زیادکردنی دانیشتوان لە عێراقدا لە8, 3٪ لە سەدا سێ کۆما هەشتە، ئەی بۆ لە موصڵ لە 80٪یە؟، ئەی ئەوە پرسیار نیە؟، بۆ لە کوت، لە نەجەف، لە کەربەلا، بۆ بزات هاتوون کەرکووکیان کردووە بەو شوێنەی کە ئەبێت قسەی لەسەر بکرێت ڕێژەی دانیشتوانی زیادی کردووە، ئەی بۆ باسی( موصڵ، نەجەف، کەربەلا) ناکەن باسی شوێنەکانی تریش ناکەن، تەنها باسی کەرکووك ئەکەن، کێ ڕێگر بوو لەوەی کە ئیحسائی عام بکرێت لە عێراقدا، بۆ ئەوەی ڕێژەی حەقیقی ئەو هەموو مکونات و ئەو شارانە هەمووی دەربکەوێت، ئێمە نەبووین کە ویستوومانە، لەبەرئەوە ئێمە داوا دەکەین ئەگەر هاتو لەهەرچی شوێنێك باس لەشك بکرێت لە سجلی دەنگدەراندا، دەبێ ئەو لیژنەیە دروست بکرێت، کە ئیقتراح کراوەو هاوپەیمانی کوردستانیش پشتیوانی لێ دەکات، لەهەر کوێیەك نەك تەنها کەرکووك، لە هەرکوێیەك لەعێراقدا شك خرایە سەر سجلی ناخبین، پێویستە ئەو لیژنەیە دروست بکرێت کە لەمانە پێك هاتووە، یەکەم: نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، دووەم: نوێنەرێك لە کۆمیسیۆنی باڵا کە تەبعەن ئەبێت کۆمیسیۆن سەرپەرشتی ئەم وەزعە بکات، نوێنەری خۆی تێدا دائەنێت، سێیەم: نوێنەرێك لەپەرلەمانی عێراق چوارەم: نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگاکە، کاتی خۆی لیژنەیەکیان دروست کرد بەناوی (لجنة تقصي الحقائق) هەر جارێکی تر لەسەر مەوزوعی ئەو شەکە بوو، لەسەر ڕێژەی دانیشتوان یەك ڕاپۆرتی پێشکەش نەکرد، بۆ زانیاریش ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بوون، لەهەموو ئەو لایەنانەش بوون کە ئێستا کێشە دروست ئەکەن، هەر لەبەر ئەم هۆیانە، لەبەرئەوەی کە کەرکووك جیانەکرێتەوە لەهەرێمی کوردستان ئێمە داوا دەکەین کەوا کەرکووك جیانەکرێتەوە وەکو حاڵەتێکی تایبەت، ئەوە تازە قسەشی لەسەرناکرێت، لەبەرئەوەی کە مەحکەمەی دەستووری، مەحکەمەی فیدراڵی لەکاتی دروست بوونی کێشەکانی ماددەی(23) هاوپەیمانی کوردستان کەداوای لێکردن، وتیان ڕەئی

خۆتان بدەن لەسەر ئەو مەوزوعە، بڕیاری ئەوان بڕیارێکی کۆتاییە، وتی کەرکووك بەهیچ شێوەیەك وەکو حاڵەتێکی تایبەت سەیر ناکرێت، بەپێی دەستووری عێراق کە ئەبێت تاکە مەرجەع بێت، قەراری ئەوانیش قەرارێکی قاتعە، لەبەرئەوە هەموو هەوڵێك ئێستا تەنها تەغلیفێکە بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی کە خۆیان حەز دەکەن قائیمەی موغلەق بێت و ناشیانەوێت بەسەراحەت بیڵێن، خۆیان حەز دەکەن یەك بازنە بێت و نایانەوێت بەسەراحەت بیڵێن، ناوێرن بەسەراحەت دیفاع لەو شتانە بکەن، ئێستا هێناویانە مەوزوعی کەرکووك، کە مەوزوعی کەرکووکیش لەلایەن مەحکەمەی فیدراڵی عێراقەوە بەتی پێکراوە، تەواو کەرکووك حاڵەتی تایبەت نیە، ئێمە بەراستی وەکو کورد حەق نیە بەهەر هەمووومان، بەهەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیشەوە، ڕازی نەبین ئەو مەسئولیەتە بهێنرێتە سەرشانی ئێمە وپێمان بڵێن خەتای کوردە تەعتیلەکە، وتوویانە کراوە، وتوومانە بەڵێ؟، وتوویانە فرەبازنەیی وتوومانە بەڵێ؟، بەڵام کەئەگاتە سەر کەرکووك و ئەوەی کەئەوان بەحاڵەتێکی جیاواز سەیر بکرێن، ئێمە ئەڵێین نەخێر، نەخێر، نەخێر، ئێمە ئێستا خۆمان وەکو لیستی کوردستانی پشتیوانی ئەو هەوڵانەی لیستی هاوپەیمانی دەکەین، پشتگیرییان لێ دەکەین، بەهەر شێوەیەك بێت لەشێوەکان ئەو بڕیارانەی کەئەوان دەیدەن ئێمە پشتیوانین لێی، چونکە دەزانین ئەوان لەوێ شەڕ دەکەن، لەپێشەوەی جەبهەی شەڕکردنەکەشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە ئێوەی زۆر بەڕێز دانیشتنێکی زۆر پیرۆزە، بەس ئەمە دانیشتنێکی تایبەتە و پیرۆزییەکی زیاتری هەیە، هەر ڕێزدارێك کەقسە ئەکات ئازادە، بۆیە مەجالم داوە بە ئارەزووی خۆتان قسە بکەن وکاتیشم بۆتان دیاری نەکردووە، کەس لەسەر قسەی یەکێکی تر تەعلیق نەدات، ڕەئی خۆت بدە، بەس تکایە بۆ ئەوەی جەوەکە تێکەڵاوی لەسەر دروست نەبێ، لەسەر قسەی یەکتر تەعلیق مەدەن، چونکە دوایی قەتع بەقسەکەتان دەکەم، نوقتەی نیزامی هەیە، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەسەر ئەو قسەی جەنابت، ئەمڕۆ هەستم کرد کە هەمیشە چەپەکان غەدریان لێکراوە، بۆیە جەنابت ئێمەت نەبینی کە دەستمان هەڵبڕی بۆ نوقتەی نیزامی، نوقتەی نیزامەکەم ئەوە بوو کە قسەیەکی پێشتری جەنابت بوو، دووجار برادەرانی ئەندام پەرلەمانت بڕی کە تەعقیبیان لەسەر قسەی یەکتری هەبوو، ئەمڕۆ بەشی زۆری قسەکانی سۆزان خان، تەعقیب بوو لەسەر قسەی ئەندام پەرلەمانەکانی پێشووی خۆی، تۆش نەتبڕی قسەکانی، هەندێ تەعقیبیش هەیە ناکرێ لەدانیشتنێکی ئاوا پیرۆزدا وەکو جەنابت دەیڵێیت، ئەبێت بەخیتابی سیاسی، ئەگەر مەجالت بەیەکێکدا کە خیتابی سیاسی بدات، ئەبێ مەجال بەوەی تریش بدەیت کە دیفاع لەخۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە، ڕێگا بەكەس نادەم تەعقیب بكات، كاك عەدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتای قسەكانی سۆزان خان، تەعقیب بوو لەسەر قسەكانی ئێمە و ڕەخنە بوو لەسەر قسەكانمان، بۆیە داوا لەجەنابت دەكەین كەوا یان قسەكانی لە مەحزەرەكەدا سەحب بكرێت، یان بوار بەئێمەش بدرێت كە وەڵام بدەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دانیشتنەكە بەردەوام دەبێت، تكاتان لێدەكەم لەسەر قسەی یەكتری موداخەلە نەكەن، هەر تەعلیقێكی ئەندامێكی پەرلەمان لەئێستاوە لەسەر قسەی ئەندامێكی تری پەرلەمان بێت ئەوە كۆمپلیت ئەسڕێتەوە، لەسەرەتاوە تاكۆتایی، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك كە یەكێك هەستێت و قسەیەك بكات كە وجودەكەی ڕاستیە، من قبوڵ ناكەم قسەی من بسڕێتەوە لە پرۆتۆكۆل، چونكە بە دۆكۆمێنت هەیە ئەو قسەیە، ئەگەر بەدۆكۆمێنت نەبوایە من هیچ تەعقیبێكم لەسەر نەدەدا، جعفری هاتووە ئەڵێت كورد خەم سارد بووە، ئەندامێكی كورد داوای نەكردووە، بەڕێز دكتۆر بەرهەم بە دۆكۆمێنت بڵاوی كردۆتەوە كە لەوكاتەی كەئەو قسەیە ئەكات، داواكاری كردووە بۆ دەركردنی ئەو مەوزوعە لەبەر ئەوە سڕینەوەی ئەو قسانەی من بەشتێكی ناقانونی ئەزانم...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەجائەن تەعلیق تەواو، مەسەلەی ئەوەی جەعفەری ئەوە ڕوونكردنەوەیە و ئەمێنێتن لە شوێنی خۆی، بەڵام تەعلیق بە ناوی یەكێكی تری ئەندام یان ناوی ئەندامێكی تر بێت لە بیدایەت یان نیهایەت من ئەیسڕمەوە، سۆزان خان ڕەجائەن قسەی خۆت بكە و شەرحی خۆت بكە و دیفاع لە خۆت بكە، بەڵام مەیخەنە بواری موشاحەناتەوە، ئەوە قبوڵ نیە، نەك لە جەنابت، لە هیچ لیستێكی تر قبوڵ ناكەین موشاحەنات دروست ببێت، هەر كەسێك ئەو ڕێگایەی گرتە بەر قەتعی ئەكەم و لە پرۆتۆكۆل ئەسڕێتەوە، كاك شێروان حەیدەری كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێزی ئەندام پەرلەمان، دیارە مەسەلەی كەركووك  و كێشەی كەركووك، مەسەلەیەكی ئەمڕۆ و دوێنی نیە، بەڵكومەسەلەیەكە بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی كورد بە هەڵواسڕاوی ماوەتەوە، تا وەكو ئەمڕۆش، من پێم وایە مەزلومیەتی میللەتی كورد لە ماوەی رابووردوو و، چەوسانەوەی

ئـەو میللەتــە لــە نیــو ســەدەی رابــوردوو، و خــاپۆرکردنی 4500دێ و ئــەنفالکردن و جینۆســایدکردنی نەتەوەیەك لە کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو عەقلـە شـۆڤینییەی ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێراق کە نەیانتوانی مەسەلەی کـەرکووك چارەسـەر بکـەن، تـاوەکو ئـەمڕۆش، لـە دوای ئـازادکردنی عـیراق، میللـەتی کـورد لـە کوردسـتانی عـیراق هیـوا و ئـاواتێکی گـەورەی هـەبوو، کـە کێشـەی کـەرکووك و ناوچـە دابڕاوەکان چارەسەر بکرێ، هەوڵێکی جیدی دا تاتوانی ماددەی 58 لە قانونی ئیدارەی دەولەت بچەسپێنێ کە گوازڕایەوە بۆ ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە چەسپاندنی ئەو دوو ماددەیـە هـەموو لــە پێنــاوی ئــەوە بــوو کــە کێشــەی کــورد چارەســەر بکــرێ، هــەولی ســەرکردایەتی کــورد و پەرلــەمانی کوردستانیش ئەوە بوو کە ئەو ماددەیە بچەسپێ لە دەستووری کوردستان، فیعلەن ئەو ماددەیـە چەسـپا لـە دەستوور، دوای ئەوەی کە 80٪ ی گـەلانی عێـراق دەنگیـان بـۆ دا، بـەڵام حکومەتـە یـەك لـە دوا یەکـەکانی عیراق، لە دوای ئازادی کردنـی عێـراق نـەیانتوانی هـەتا ئـەمڕۆش ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بکـەن، سـەرەڕای ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان داخیلی خـەت بـوون، دیسـان ئـەو هەوڵانـەی کـە درا وای کـرد کـە کێشـەی کەرکووك چارەسەر نەکرێ، من بە هەموو قەناعەتەوە دەڵێم، ئەمریکا و دوەلی تـەحالوف جیـددی نـین لـە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، لە مـاوەی رابـووردوو نامیلکەیـەك دەرچـوو لـە زەبـەلاحترین پـەیمانگای ئەمریکا کە پەیمانگای سەلامە، باسی سیاسەتی ئەمریکی دەکات لە ناوچەکە، بـە هـیچ شـێوەیەك سیاسـەتی ئەمریکی ئەوە نەبووە کە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ، بەڵکو بۆ ئـەوە دەچێت دەڵێت پێویسـتە کێشـەی کەرکووك بە حیوار و بە تەوافوق و بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، بـە قەناعـەتی مـن لـە عیراقـی فیدراڵـدا ئەو عەقلیەتـە شـۆڤینیە ڕێگـرە لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـەرکووك، بـە قەناعـەتی منـیش ئیرادەیـەکی سیاسی بەهێز نیە لە عیراقی فیدراڵدا کـە بیـەوەێ چارەسـەری کێشـەی کـەرکووك بکات، لـە لایـەك دەڵـێن سـەرژمێری لـە عێـراق دوا بخـرێ، لـە لایـەك دەڵـێن هەڵبـژاردن لـە کـەرکووك نـەکرێت، لـە لایـەك دەڵـێن مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ کەرکووك بکرێ، لە لایەکی ترەوە گروپی 22ی تەمووز لە عێراق پەیدا دەبێت، ئــەوە هــەمووی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوە کــە نایانــەوێ ڕێــژەی کــورد بــزانن لــە کــەرکووك چــەندە، چـونکە جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەندە بەرێژەی کەرکووك ئەویش زۆری هەیە، بۆیە من پڕ بـە دڵ پشـتگیری لە هەڵوێستی نەگۆڕ و یەکگرتووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکەم کە زۆر بوێرانـە هەڵوێسـتی خۆیـان ڕاگەیاندووە، لە هەمان کاتدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەڵوێستی خۆی رابگەینێ بە ئیعتیباری مەسـەلەی کـەرکووك لـە مەسـەلە چارەنووسسـازەکانە، لێـرەدا کۆتـایی بـە قسـەکانم دێنم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ قسەکانت، ڕێزدار کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی بەڕێز، من هەوڵ دەدەم هەندێك لە گوتنەكانی كە پێشتر وەكو شوعور دەربڕم لە لایەن هاوكارانمەوە و دووبارەی نەكەمەوە و بێمە سەر ئەوەی كە ئێمە چ لەو بابەتانە دەخوێنێنەوە و هەنگاوەكانی ئێمە چ بێت؟، بەر لە هەموو شت، من پێم وایە هەنگاوەكانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان و لیستەكانی تریش كەوا لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیدا هەڵوێستی ئازادیخوازانەیان هەبووە، هەڵوێستی دادپەروەرانەیان هەبووە، زۆر جاریش لەو هەڵوێستانە لیستی یەكگرتووی ئیسلامی هەڵوێستی كوردستانیانە و كوردانەیان هەبووە، تەقدیری ئەم هەڵوێستانە دەكرێ، بەبەرزی دەنرخێنین، هەموو توانایەكی خۆمان بخەینە گڕ بۆ پاڵپشتی كردن لەو هەڵوێستە جوانانە و جوامێرانەیان، ئەوە شتێكمان بە بیر دەخاتەوە بەڕێزان كەوا پلانی ناحەزانی ئێمە بەردەوامە لە دژی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی ئێمە، شتێكشمان بیر دەخاتەوە ئەوەی كە تا ئێستا توانیومانە خوڕاگری بەرامبەر ئەو پلانانە بنوێنین، یەكگرتوویی و یەكڕیزی میللەتەكەمان بووە، بۆیە من لێرەوە دوو پێشنیار دەكەم یاخود دوو داواكاری دەخەمە بەردەم ئێوەوە، سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بەڕێز، یەكەمیان داوای ئێمە وەكو پەرلەمانتارانی كوردستان لە گشت هێز و لایەنە سیاسیەكانی كوردی و كوردستانیەكان بە شێوەیەكی گشتی بێت، كە ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی خۆمان، بەرژەوەندییە ستراتیژی و چارەنووسەكانی خۆمان لە سەرووی بەرژەوەندییە سیاسی و بەرژەوەندییە حیزبیەكانەوە دابنێین، ئەوەی كە ئێمە لەناوەخۆی خۆماندا ململانێی لەسەر دەكەین و صیراعی لەسەر دەكەین بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات و هەر شتێكی تر بێت كەوا ڕەوایە لە مونافەسەی سیاسیدا، كاریگەری و ڕەنگدانەوە بەسەر خیتابی سیاسیدا، هەڵوێستی ئێمە دەرهەق بە مەسەلە چارەنووسسازی و نیشتمانیەكانی ئێمەوە نەبێ، ئەوەی تریش دیسان بیر خستنەوەیەك بیر دەخەمەوە كە هەموو ئەو شتانەی كە تا ئێستا بەدەست هاتوون لە یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی ئێمە بە دەست هاتوون، لە میللەت و پێكهاتە جیاوازییەكانی خەڵكی كوردستان بەدەست هاتوون، لە بیریشتان نەچێتەوە كەوا یەكێك لەو هەڵوێستە گەورانە ئەوە بووە كە سەرۆكایەتی كۆمار ئێستا بە دەستی كوردەوەیە، یاخود بە دەستی كوردستانەوەیە، یەكێك لە زەمانەتەكانی ئێمە كە جارێكی تریش ئەو زوڵمە لە میللەتی ئێمە نەكرێتەوە، ئەو ڤیتۆیە، كە ئێمە لە سەرۆكایەتی كۆمارمان هەیە، ئەم ڤیتۆیە بە یەك ڕیزی و یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی میللەتی كورد و گەلانی كوردستان بە دەست هاتووە، بۆیە ئەم خیتابە موەحەدە، ئەم یەك هەڵوێستیە و ئەم بەرژەوەندییە باڵایانە، سەیركردنیان لە سەرووی بەرژەوەندییەكانی ترەوە، تەنها زامنی وەحید و زامنی تاكە زامنن، بۆیە لە ئایندەدا ئێمە دووچاری هیچ كارەسات و هیچ وەزعێكی تر نەبینەوە، ئێمە ئەبێ ئامادە سازی لە ناوەخۆیی كوردستان و هەموو ئەگەرەكان بكەین، هەنگاوەكانمان بەم شێوەیە بێت، ئێمە پاڵپشتی لیستی هاوپەیمانی كوردستان و هەموو

لیستەکان و هەڵوێستی دۆستانمان بکەین، ئێمە موناشەدەی دۆستانمان و ئازادیخوازانی جیهان بکەین، چەندین بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت لەسەر ئەوە هەن کە لە ماوەی رابووردوی پرسی کەرکووکدا، چەندین بەڵگە نامەی لێکۆڵینەرەکان، ئی وەسیتەکانی ئێمە هەمیشە پاڵپشتی داخوازیەکان و پێشنیارەکانی خەڵکی کوردستان بووینە، چونکە هەمیشە پێشنیارەکانی ئێمە، چ لە رێگای پەرلەمانی کوردستان و چ لە رێگای ئەم دام و دەزگانەی کە پەیوەندیدار بووینە جێبەجێکردنی ماددەی 140، چ بە هەڵوێستەکانی لیستی هاوپەیمانانی کوردستانی هەمیشە هەڵوێستی قابیل بووینە بۆ چارەسەری، لە تەقاریرەکانیش ئەم پاڵپشتیانە بە شکلێکی وازیح یاخود بە شکلیکی تر دەرکەوتوون کە هەڵوێستەکانی کورد و کوردستان چین، خۆشمان ئامادە بکەین بۆ هەر پێشهاتێکی تر، و هەڵوێست و کارتی فیشارمان هەبێ بۆ سەر ئەو ناحەزانەی کە بەبەردەوام لە دژی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئێمە دەوەستن، دەکرێت ئەم هۆڵی پەرلەمانە، ئەم ژیانەی کەوا ژیانی نەتەوەیی و ئایینە جیاوازییەکانی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە لەناو ئەم هۆڵەدا، عەقلیەتی زۆرینەی کورد دەربخات کەوا تێڕوانینی کورد بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، ئەگەر زۆرینەش بێت لە شوێنێکدا، چۆن زەمینەی پێکەوە ژیان و ئاشتی و ئاشتی خوازی فەراهەم کردووە، ئەوە زەمانەتە بۆ ئەوەی کە ئەگەر لە کەرکووکیش وەکو حەقی خۆی بەڕێوە بچێت، ئەوە زەمانەتێکە کەوا نەتەوە و لایەنەکانی تریش هەست بە ئاسوودەیی و ئەمانەت و پاراستنی مافەکانیان بکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر پێم سەیرە کە لە ڕۆژی پاش رووخانی رژێم لە عێراقدا و دوای شەش ساڵ لە بەرپابوونی دیموکراتییەت لەم وڵاتەدا، خەڵکانێك هەبن کە خۆیان بە نوێنەری میللەت و ئەقلیاتی جیا جیا لە عێراق دانێن و بێن لە پەرلەمانی عێراقدا باس لەوە بکەنەوە کەوا بەم شێوە شۆڤێنیە، بەم عەقلیەتە کۆنە بیر لە چارەکردنی کێشەی کەرکووك بکەنەوە، ئەوان وامان لێ دەکەن کەوا ئێمە باسی مەسەلەی کەرکووك و کێشەی کەرکووك بکەینە کێشەیەکی نەتەوەیی، ئێستا کەرکووك تەنها کێشەیەك نیە، بە نیسبەت ئێمەوە کێشەی شارێکەو هەڵبژاردنی تێدا دەکرێ، بەڵکو ئێستا وای لێ هاتووە بووە بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی بە نیسبەت ئێمەی کوردەوە، جا زۆر پێم سەیرە هەروەها خەڵکانێك هەن داوا دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ سەر سجلی ناخبینی ساڵی 2000، کەواتە دیسان ئەمانگێڕنەوە بۆ زەمانێك کە زەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری بووە، بەڵکو کە باسی تەلاعوب کردن و یاری کردن بە سجلی ناخبین ئەکرێ لە کەرکووك، ئەوە پاساو و بەڵگە نیە بۆ ئەوان کە داوای تایبەتمەندێتی هەڵبژاردن بکەن لە کەرکووك، بەڵکو ئەوە تەنها حیجەیەکە، یاخود زەریعەیەکە بۆ ئەوان کەوا بتوانن بیر و بۆچوونی خۆیان یاخود مەرامەکانی خۆیان لەو شوێنەدا بسەلمێنن،

هەورەها ئێمە هەموومان ئەزانین کەوا کێشەی کەرکووك چارەسەر ناکرێ لە یاسای هەڵبژاردندا، بەڵکو کێشەی کەرکووك کێشەیەکی دەستووریە و هەرچەندە دەستوور لە ماددەی 140دا چەند ڕێگا و شوێنێکی داناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام نەبوونی هەڵوێست لەوان کەوا بێن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، ئەو ماددە دەستووریە وای کردووە کەوا کێشەی کەرکووك وا بە موعەلەقی بمێنێتەوە و چارەسەر نەکرێ، بەڵام لێرەدا من وەکو یەکێك لە خەڵکی ئەو ناوچە دابڕاوانەی سەر بە کەرکووك، داوام وایە، تکام وایە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر ڕا و بۆچوونی جیاوازمان هەیە لەسەر هەر مەسەلەیەك، یاخود خوێندنەوەی جیاوازمان هەیە بۆ باری سیاسی ئێستای کوردستان لە مەسەلەی کەرکووکدا با هەموومان یەك هەڵوێست بین، با هەمووومان یەك دەنگ بین، بە هەموو هەڵوێستی خۆمان پشتگیری لەو مەوقفە ئیجابیانەی کە هاوپەیمانی کوردستان دەریانبڕیوە لە پەرلەمانی عێراق، با ئێمە هەر هەمووومان پشتگیری لە هەڵوێستەکانی ئەوان بکەین، تا وەکو نەهێڵین ناحەزانی ئێمە، ئەو ئەفکارە شۆفینیانە و مەرامە گلاوەکانیان بێنن و لە ناوچەی کەرکووك جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برادەرانم هەموو باسیان کرد، تەدقیقی سجلات و هەڵبژاردن لە هەموو عیراق بکرێت، من یەك خاڵم هەیە لێرە، دوو ئیدارەیی کەرکووك وای لە کەرکووك کرد کە ئێمە نەتوانین زۆر لەگەڵ کەرکووك ئیش بکەین، بەڕاستی تورکمانە ڕەسەنەکان لە کەرکووك، تورکمان دائیمەن لە کەرکووك لەگەڵ برا کوردەکان هەر تەبا بووینە، پێکەوە ژیاینە، ئێستاش تورکمانە ئەصڵەکان هەر لەگەڵ برا کوردەکانن، بەس چەند کەسانێك هەنە کە دەیانەوێ ئەو وەزعەی تێك بدەن، ئەوەش لە هەڵەی دوو ئیدارەیی کەرکووك وا لێ کرد کە ئەوانە هەستن و دەربچن لە ئەوەی خۆیان، تەبیعی دوو ئیدارەیی کەرکووك تا ئێستا برادەرانی ئیدارەکە تورکمانە رەسەنەکان لەگەڵ سەرکردە کوردەکان دانەنیشتینە، ئەو کاتەی دادەنیشن کە وەختی هەڵبژاردن دەبێت و ئیشەکیان پێ دەبێتن، یەعنی تا ئێستا لە کەرکووك سەرکردە کوردەکان کەرکووکیان لە بیر نەبووە، تا ئێستا چووینە لە کەرکووك دادەنیشن و ئیشی بۆ کەرکووك دەکەن، ئێمە بەس ئیشمان کەرکووك نیە، ئێستا کەرکووکمان لە پێشە و مووسڵمان لە بیرکرد، دیالامان لە بیر کرد، جێیەکانی ترمان لە بیر کرد، هەموو بۆ کوردستان ئەو مەنتیقانە یەکن، بەس کەرکووك بۆ کوردستان هین نیە، لە مووسڵیش کێشەمان هەیە، کێشەی مووسڵمان لە بیر کرد، یەك لە خاڵەکان ئەوەیە تاریق هاشمی دوێنێ شەو و پێرێ شەو زۆر بە توندییەوە رەدی ئینتیخاباتی کراوەیی دەداتەوە و دەڵێ من ئەوەی ڕەفز دەکەم، باشە ئێمە سەرۆکی جومهوریەمان هەیە، باشە نابێ قسەیەکی لەگەڵ تاریق هاشمی بکات و بڵێت چۆن تۆ سەربەخۆ ئەو قەرارەی دەدەی؟ جارێ قەرارەکە نەدراوە، سێیەم شت کەرکووك شارێکی تەباییە، تورکمانە

ڕەسەنەکان تا ئێستا، یەعنی حەز دەکەم ئێمە لیژنەیەك پێك بێنین و بچین لەگەڵیان دانیشین، لیژنەی پەرلەمان با بچێ لەگەڵیان دانیشێ بزانین کێشەیان چیە، ئێمە واز نەینین و بەس لێرە قسەی دەکەین و نووسراوێك دەنووسین و دەنێرین بۆ ئومەمی موتەحیدە و جێیەکانی تر، بە خۆمان بچین لەگەڵیان دانیشین و بە خۆمان بچین لەگەڵیان قسەی بکەین، لیستی ئێمە پشتگیری لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکات، لەگەڵ هەر بریارێکی بدات وەکو تورکمان ئێمە بە بریار لەگەڵیانین و ئەوەی لە بەرژەوەندی کوردستاندا بێت ئێمە لەگەڵیانین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی لیستی هاوپەیمانی عێراق، ئێمە وەکو لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستمان ئەوەیە کە هەڵبژاردن بە یەك بازنەیی لە عێراق ئەنجام بدرێ، یەك ڕیزی و تەبایی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بپارێزرێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سەنگەی ئێستا هەمانە لە پەرلەمانی عیراق وەکو خۆی بێت، دەربارەی کەرکوك و هەڵبژاردن لە کەرکوك، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هەڵبژاردن لە کەرکوك دوا نەخرێ، لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن، ماف هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە کەرکووکن، مافەکانیان بپارێزرێت وەکو یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك ئەمیر فەرمووو.

**بەڕێز أمیر گوگە عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناڤێ لیستا ئەنجومەنێ گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری، حەزکەرناڤکەرناکی بلێم بێتە دان کو ئەم گەل هەندینە کو هەڵبژارنی کەرکووك وەکو هەڵبژاردنی تەبایی عیراقی بێت، هەروەسا بۆ جێبەجێ کردنا ماددەی 140، هەروەسا بزانین کو هەزاران خەڵکێ کلدانی و سریانی و ئاشووری کەرکووکی وە برادەرانی ئەز بێژم ئیشارەت بکەم کە هەزاران خەڵکی مە د کەرکووکێ و ئەز شانازییە بە کوردستان دەکەن ، لە کەرکووکێ کە چۆن خەڵکی ئێمە لە جێی دیکەی کوردستانێ شانازی بە کوردستان دەکەن، خەڵکی مە لە کەرکووکێ لێرەش شانازی بە کوردستان دەکەن، ئەگەر بەلاغێك یان خیتامیەکی یان شتەك نوکەها بەدەرکەت، ئیشارەت هیندە پێدانێ خەڵکی دی، نەتەوەی دی لە کەرکووکی هەنە لەگەڵ خەڵکی دی، لەگەڵ خەڵکی کوردستان حەز دەکەن پێکەوە ژیانێکی سەربەخۆ و ئازاد کە چۆن لە جێهی دی کوردستان نوکەهێ جین کرنا ماددەی 140 نەك تەنها بۆ کەرکووك، بەڵی بۆ جێهی دیش جێبەجێ کرن، چونکە ئەو جێبەجێ کردنەی ماددەی 140 هەروەسا ئەو ژی نیسبەتەی خەڵکی مە کلدانی و سریانی و ئاشووری

ئەویش دەبێتە بەشێك و تەئسیری لە داخوازی جێبەجێ کردنی ماددەی 140، هەروەسا کو هەڵبژاردنی عێراقی یەك و هەڵبژاردنی نەبێتە جودا کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەشار نەجمەدین فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تورکمان هەر لە زووەوە هەڵوێستی خۆی روونە لەمەر مەسەلە چارەنووسەکاندا، ئەمڕۆش ئێمەی تورکمان هاوهەڵوێستی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا هاوڕاین لە مەسەلەکاندا، بەڵام چەند خاڵێك هەیە دەمەوێ بۆ جەنابتان روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە یەکیان کە تورکمان ئێمە کەمە نەتەوە نین کە هەندێ کەس تا ئێستا تورکمان بە کەمە نەتەوە ناوزەد دەکەن، تورکمان نەتەوەیە لە هەولێر بێ یان لە کەرکووك بێ، لە هەر شوێنێکی عیراق بین ئێمە نەتەوەین، شتێك نیە ناوی کەمە نەتەوە بێت، دووەمینیان، لە هەندێ دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کە باس لە هەندێ هەڵوێستی لایەنی تورکمانی دەکرێ، تەعمیم دەکرێ بەسەر هەموو تورکمانانـدا، تورکمان وای وتووە، بەڕاستی ئەوەی لایەنێکی تورکمانی قسە بکات، حەق نیە بەناوی هەموو تورکمانەوە ئەوە بڵاو بکرێتەوە، هەر لایەنێکی تورکمانی ئازادە چ ڕا و بۆچوونێکی هەیە، بەڵام شەرت نیە ئەو ڕا و بۆچوونە ببێتە ڕا و بۆچوونی هەموو تورکمانەکان، پێشنیارێکیشم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەکە لێرە زۆر باسی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دەکرێ کە لە بەغدا کارو چالاکیەکانی چییە، چۆن کار دەکەن، پرسیارەکان زیاتر هەندێ جار ئاڕاستەی ئەوان دەکرێن، بەخۆیان لێرە نین، ئەگەر دەکرێ سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، جێگری و بڕیاردەری، یان وتەبێژی ئەو لیستە لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر، مێوان بکرێن لە پەرلەمانی کوردستان، لە نزیکەوە کێشەکانمان بۆ روون بکەنەوە، وەڵامی پرسیارەکان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیارە، لە مێژووودا زۆر هەوڵدراوە کە کەرکووك لە رووی جوگرافیەوە لە کوردستان دابڕێ، دیارە حکومەتەکانی عیراقی یەك لە دوای یەك، جیددی نەبووینە بەڕاستی لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، کە لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عیراقی دەتوانم بڵێم یەك لە خاڵە ناکۆکیەکانی نێوان لایەنی کوردی یان شۆرشی کوردی لەگەڵ حکومەتەکانی عیراقی بووە، ئەگەر چی بەڵگە مێژووییەکان دەسەلێنن کە کەرکووك لە رووی جوگرافییەوە سەر بە کوردستانە،

تەنانەت بەو بەڵگانەشەوە کە لە دەوڵەتی عوسمانیەوە ماونەتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پرسی کەرکووکدا ئەکرێ کە بە بڕینی لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1970 کە بەیانی 11ی ئازار دەرچوو، ئەو کاتە لە ڕێککەوتنی نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی عێراقی یەك لەو خاڵانەی کە زیمنەن ئیتیفاقی لەسەر کرابوو، بەڵام لە بەیانەکەیان نووسرابوو، ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان بوو لە کەرکوك لە ماوەی ساڵی یەکەمی ئەو چوار ساڵەی کە بڕیار بوو کە ڕێککەوتننامەکەی تێدا رابگەیندرێ، هەتا لە ساڵی 19970 تا 1974 ، پاشان حکومەتی عیراقی خۆی دزییەوە لە ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە، بە پێی زانیاریەکان کە هەندێ لە رۆژنامە بیانیەکان دواتر ئاشکەرایان کرد، حکومەتی عیراقی ئەو کاتە هەندێ لێژنەی وەهمی دروست کرد و هەستا بەسەرژمێری دانیشتووان لە ناوچەکانی کەرکووك، پاشان کە بۆی دەرکەوت زۆرینەی ئەو ناوچانە کوردن، هەم لێژنەکانی هەڵوەشاندەوە و هەم ئەنجامەکەشی رانەگەیاند، پاشان ئەو رێککەوتنە نەکرا، واتە ئەو سەرژمێریە ئەنجام نەدرا، نە لە ساڵی یەکەم و نە لە چوار ساڵەکەشدا، سەرژمێریەکە ئەنجام نەدرا، بۆیە سەیر دەکەین حکوماتی عیراقی یەك لە دوای یەك خۆیان دزیوەتەوە لەو رێککەوتنامانەی کە ئەکرێن، پاشان لە ماددەی 58دا لە قانونی کاتی دەوڵەتی عیراقی، پاشان لە ماددەی 140 کە ماددەی 58 گواسترایەوە، هیچیان لە کاتی خۆیاندا جێبەجێ نەکران، ئێستا حکومەتی عیراقی خۆی ئەدزێتەوە، دیارە لایەنی کوردی بەشێکە لە حکومەتی عیراقی بەراستی کە شەریکە لە بڕیارداندا، پێویستە فشارێکی زۆر گەورە دروست بکرێ بۆ جێبەجێ کردن و دوا نەخستنی ئەو ماددانەی کە پەیوەستن بە هەرێمی کوردستانەوە و لە زمنیاشیانەوە کەرکووك، ئێمە ئەزانین کە شەڕی نێوانی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراقی لەو کاتەدا دروست بووە لەسەر کەرکووك، لەبەر ئەوەی ئەو خاڵانە حکومەتی عیراقی جێبەجێی نەکردن، بەڵام دواتر بەڕاستی مرونەتی زۆر نواندرا لە دوای رووخانی ڕژێم، لە دواخستنن وا ئەزانم کە دەستێوەڕدانی دەرەکی زۆر کاریگەری هەبووە، بەراستی و بەداخەوەش زۆربەی دەست تێوەردانەکان سلبی بووینە لە مەسەلەی کەرکووکدا، بە ئەمریکاشەوە کە هیچیان جیددی نەبووینە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و هێشتنەوەی بە هەڵواسراوی تا ئێستاش، فشار نەخستنە سەر حکومەتی عیراقی کە ئەتوانرێ فشاری بخرێتە سەر بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بە تایبەتی، ئێستاش پێویستە رێگە نەدرێت بە چی تر هێشتنەوەی کەرکووك بەو جۆرە بە هەڵواسراوی و دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووك، یان پێدانی وەزعیەتێکی تایبەت یان بارودۆخێکی تایبەت بە مەسەلەی کەرکووك، ئێمە وەکو خۆمان وەکو لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی، هاوکار لەگەڵ هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان لەگەڵ ئەوەین کە بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدرێ و پەرلەمانی کوردستان کە هەڵوێستێکی روونی هەبێت لەسەر مەسەلەی کەرکووك، لەسەر دوانەخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووك و رێگە پێنەدانی بارودۆخێکی تایبەت بە کەرکووك، پێویستە رێگە دیبلوماسییەکانیش بە راستی بەکار بهێندرێن، چ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و چ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، یان حکومەتی عیراقیشەوە کە کورد بەشێکە یان هاوبەشە لەو حکومەتەدا، بۆ فشار دروست کردن، تا وەکو ماددەی دەستووریەکانی تایبەت بە

هەرێمی کوردستان و تایبەت بە کەرکووکەوە وە بە ماددەی 140ەوە جێبەجێ بکرێ، دیارە دواخستنی هەڵبژاردنەکان بەراستی یان پێدانی بارودۆخی تایبەت هەم پێچەوانەی دەستوورە و هەمیش پێچەوانەی ئەو تەوافوقە سیاسیەی کە لە عیراقدا هەیە یان دیموکراتیەتی تەوافوقی کە لە دوای رووخانی ڕژێمەوە عیراق لەسەری ئەڕوات، یەعنی پێویستە لایەنی کوردی و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق بە هەردوو لیستەکەیەوە کە لە وێ هەن، چ یەکگرتووی ئیسلامی، لە حکومەتی عیراقیشدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە ئێمە پێویستە دەستخۆشیشیان لێ بکەین، بەراستی مەوقیفیان مەوقیفێکی جوامێرانە بووە، تا ئێستا داکۆکیان لەسەر ئەوە کردووە، پێویستە بەردەوام بن لەسەر ئەوە، پێویستە بە هیچ شێوەیەك سازش نەکرێ لەسەری و لەژێر هیچ فشارێکدا، بۆ دواخستنی هەڵبژاردن یان پێدانی بارودۆخ وەکو رامانگەیاند، بەڵام هەڵوێستی یەکگرتووی کوردی بەراستی چ لەناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوە زۆر گرنگە، فرە هەڵوێستی یان فرە بۆچوونی یان فرە ئیدارەیی بەڕاستی ئەوە زیانی زۆڕی لە کورد داوە، بە تایبەتی لە ناوەخۆی کەرکووکدا کە هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکان ئاماژەیان پێدا، بە تایبەتیش کە مەسەلەی کەرکووك هەوڵ ئەدرێ لە لایەن زۆر لایەنە شۆڤینیەکانەوە لە لایەنی عەرەبیەوە یان لایەنەکانی تر کە ڕەنگە وەکو زۆر لە برادەران ئاماژەیان پێکرد، نوێنەرایەتی هەموو ئەو پێکهاتانە نەکەن، بەڵام پێویستە کورد فشاری خۆی هەبێ، لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێمەش پێشنیار دەکەین کە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی روونی هەبێ دوای کۆبوونەوەکە، راگەیاندراوێك بڵاوبکاتەوە و داوا بکات لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی کە مەسەلەی کەرکووك نەوەزعیەتێکی خاصی پێ بدرێ و نە هەڵبژاردن دوا بخرێ، چونکە ئەوە پێچەوانەی دەستوورە و هەم پێچەوانەی ئەو رێککەوتننامانەیە یان ئەو رێکەوتننانەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی عیراقدا هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاو الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا ئەزانم کە تەنها شارێك کە هەموومان کۆ ئەکاتەوە، هەموو ئایین و نەتەوە و پێکهاتە سیاسیەکان، کەرکووکە، خۆ ئەگەر هەموومان قسە لەسەر کەرکووك بکەین و بە حەماسیشەوە قسەی لەسەر بکەین، ئەوە حەقی خۆمانە، کەرکووك ئەو شارەیە کە لە هەموو شارەکانی تری کوردستان بە تایبەتی و لە عیراقیش بە گشتی زۆرترین تەزحیاتی داوە، ڕەنگە تەنها شارێك بێ کە ژمارە یەك بێ لە زیانمەندی و زیان لێکەوتوویی، لەبەر ئەوەی ماف خۆمانە بە هەموومانەوە، بە کورد و تورکمانەوە و ئاشوور و عەرەبی ڕەسەنەوە دیفاع لە کەرکووك بکەین، لە زمنی دەستوور و ئیستیحقاقاتی دەستووری خۆمانەوە وەکو گەلی کوردستان قسە لەسەر مەسەلەکە بکەین، من زۆرێك لەو خاڵانەی کە هەڤاڵانی خۆم باسین کرد ناچمەوە سەری، بەڵام پێم وایە کە دوو خاڵ عەرز بکەم جێی بایەخی بەڕێزان بێت، من پێم وایە روونکردنەوە یان

بەلاغ كافی نیە، من لێرە پێشنیار دەكەم كە یاداشتنامەیەكی خێرا و بەپەلە، وەكو پەرلەمانی كوردستان بنووسین و بیدەینە نەتەوە یەكگرتووەكان و وێنەیەك بدەینە هێزە سیاسیەكانی عیراق، بەو پێیەی كە ئێمە مەرجەعی سیاسی مەسەلەكەین، هەستیاریەكی گرنگیشی هەیە، ڕەنگە كافی نەبێت تەنها كافی نەبێت بە راگەیندراوێك یان بەلاغێك كۆتایی، كۆتایی بە دانیشتنەكە بێنین، پێشنیاری دووەمم ئەوەی كە لێژنەیەكی تەحقیقی، موحایەد بۆ ئەوەی مەسەلەی كە ئەورووژێنرێ و پاساوی تایبەت دەهێنرێتەوە، مەسەلەی تەلاعوبە بە سیجیلی ناخیبین، ئێمە نەترسین لە دروست كردنی لێژنەیەكی تەحقیقی بەڵكو داواش بكەین بەزووترین كات بە مەرجێك باسەكە باسی هەموو عیراق بێ، لە كەركووكەوە تا كوت و نەجەف باس لە هەوڵەكانی تەلاعوب بە سیجیلی ناخبین بكرێ، زۆر ئاساییە، چونكە مافێكی تەبیعی خۆمانە، وەكو برادەرانی تریش ئاماژەیان پێكرد، ئەو مەسەلەیە هەر لە كەركووكە، ئەگەر راستە ئەوە لە شوێنەكانی تر زیاتر كراوە، خاڵی سێیەم و كۆتاییم ئەوەیە، ئێمەش بەشەكەی خۆمان هەندێ لەوێ ئەگەر بیكەین بە ئەدائی خۆمان لە كەركووك و لە مووسڵ و لە بەغدا، باسی هەڵوێستی سیاسی نیە تا بكەوینە داكۆكی لێكردن لە هەڵوێستی سیاسیدا تا حەدێكی باش هەنگاو لێنراوە، باس لە ئەدائی تەنفیزیە، باس لە ئەدائی ئیداریە، باس لە جۆری مامەلە كردنە لە گەڵ كێشە مەیدانی و ئیجرائاتە رۆژانیەكان كە ئەوە خودی سەركردایەتی كوردستانیش تێبینی و سەرنجی لەسەر بوو، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چۆن مامەلەی لەگەڵ دەكەین خاڵێكی گرنگە لە ئێستادا، سروشتیە بەرامبەرەكان بە عەقلی ئێمە بیر ناكەنەوە، ڕوانگەكانیشیان وەكو ئێمە نیە، بیركردنەوە و ڕوانینی ئەوان جیاوازە لە بیركردنەوە و ڕوانین كورد، بەڵام بەداخەوە ئەولەویەت و قسە و باس و گفتوگۆكانی ئێمە وەك پەرلەمانیش بەرامبەراكانمان دیاری دەكەن لەبارەی حەساسترین قەزیە كە قەزیەی كوردە، ئەگەر بەرامبەرەكانمان لە بەغدا هەڵوێستیان لەبارەی هەڵبژاردنی كەركووكەوە وا نەبووایە، پێم وا نەبوو كەركووك قەزیە و قسە و باسی ئێمە بێ لێرەدا، هەروەها ئێستا مووسڵ و دیالی و شوێنە دابڕاوەكانی تریش، چونكە بەرامبەرەكانمان هەڵوێستیان شتێكی ترە، ئێمە لەم بارەیەوە ئەوە بابەتی گفتوگۆی ئێمە نیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگ بوو، ئێمە قسە و باسمان و حیسابی وردمان لەسەر بكردبایە، مامەڵەمان لەگەڵ بكردایە، یەك نموونە ئەهێنمەوە، لە كۆبوونەوەی پێشوودا د.ئاشتی هەورامی هات سەبارەت بە نەوت و مەسەلەی نەوت قسەی وردی كرد، سەركردایەتی سیاسی كورد، حكومەتی هەرێمی كوردستان توانیوەتی خەبیری نێودەوڵەتی، توانیویەتی گفتوگۆی چڕ و پڕ بكات بۆ چۆنیەتی سوودمەند بوون لە برگە دەستووریەكانی دەستووری عیراق بۆ هەنارده كردنی نەوت بۆ دەرەوە، سەركەوتووش بووە تیایدا، بەڵام بۆ قەزیەكی وەكو كەركووك، هەتا

ئەمڕۆ، پێم وا نیە سەرکردایەتی سیاسی کورد توانیویەتی خەبیرێك، لێکدانەوەیەك، تەفسیرێك بۆ ئەو بڕگە دەستووریانە بکات کە ئێمە سوودی لێ وەربگرین، ئێمە لە 2005 ەوە و دواتر تا ئێستا گرفتارین بە دەست ماددەی 140 ەوە، نەمانتوانی تەفسیرێك وەك بڕگە دەستووریەکانی هەناردەکردنی نەوت و غاز، بیکەینەوە بۆ ئەوەی قەزیەی کەرکوك دەرباز بکەین، لە قەزیەیەکی ناوەخۆیی بیکەینە قەزیەکی گەورەی نێودەوڵەتی، تەنانەت پشتگیری نێودەوڵەتیش لە پشتمان بێ، لە جیاتی ئەوەی بۆ نەوت کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان پشتگیریمان بکەن، ئەمانتوانی دەوروبەر پشتگیری قەزیەی کەرکوك بکاتن بەداخەوە تا ئێستا نەکراوە، ئەو مەوزوعەی جەنابت کە سەردێکی مێژوویيت کرد، قەزیەی کەرکوك و چۆنیەتی گۆڕینی دیموگرافی شاری کەرکوك و هەنگاوەکانی و بڕیارەکانی یەك لە دوای یەکی حکوماتی پێشوو، زۆر بە زەروورم دەزانی سەردێکیشت بکردبایە بۆ هەڵوێستە سیاسیەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بارەی کەرکووکەوە چی کردووە، لە 2005 ەوە تا ئێستا ئەو هەنگاوە جیدیانە چی بوو ناویەتی و تا ئێستا بە کوێ گەیشتووە، کێشە و گرفتەکانی ئێمە چی بووە؟ و چۆن توانیویەتی داکۆکی بکات و کێشە و گرفتەکانی ئێمە لە کەرکووکدا چی بووە؟ ئەوە گرنگتر بوو لە مەسەلەکان، چونکە مەسەلەی سیاسی تەنها حەقائیقی تەئریخی یەکلایی ناکاتەوە بە تایبەتی لە خەریتەی سیاسی ئێستای هاوچەرخدا، لە مەجلیسی ئەمن، لە ئومەمی موتەحیدە، لە سەرجەم کۆمیتە نێودەوڵەتیەکاندا، تەنها حەقائیقە مێژووییەکان ناتوانی خەریتەی سیاسی جیا بکاتەوە، بەڵکو حەقائیقی سیاسی هەیە و حەقائیقی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەبێ ئێمە فەرامۆشی نەکەین، گرنگە بۆ ئێمە کە پێم وایە ئێمەی کورد لە مامەلە کردن لەگەڵ قەزیەی کەرکووکدا تەنها ئیعتیماد لەسەر حەقائیقی کەرکووك دەکەینەوە، یەکێکە لە رەگەزەکان و توخمەکانی قەرار وەرگرتن هەمووی نیە و دووانەکەی ترمان فەرامۆش کردیە کە بە زەرەری ئێمە تەواو بووە، بەداخەوە ئێمە کارتەکان و کاتەکەمان لە دەست چووە، ئێمە لە وەختی زایعدا قسە لەسەر کەرکووك دەکەین، کاتێك کە هەڵبژاردن قسەی لەسەر ئەکرێ، کاتمان بە دەستەوە نەماوە و موفاتەعە کراوە، ئێمە لە کاتی زایعدا توانای هاوسەنگکردنی هاوکێشەکانماندا چەندمان ماوە؟ من یەك نموونە عەرزی پەرلەمانی بەرێز دەکەم، لە ساڵی پێشوودا لە 22ی تەمووزدا کە بەرامبەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك هەڵوێست دروست بوو، کارتێك بە دەست کوردەوە بوو نەهێڵێ مەسەلەی ئەنجومەنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك تێپەڕێ ئیلا ئەو کارتە بەکاربێنێ، ئەویش حکومەتی عیراقی پێویستی بە تێپەڕاندنی بودجەی تەکمیلی هەبوو، چونکە حکومەت پێویستی بە بودجەکە هەبوو، نوێنەرانی یەکگرتوو پێشنیاریان کرد لە سەر لیستی هاوپەیمانی لە بەغدا کە ئێمە نەهێڵین بودجەی تەکمیلی تێپەڕێ لە کوردستاندا هەتا وەکو پەرلەمان ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکمان بۆ تێنەپەرێنێ، بەڵام فیعلەن سەرەتا هاودەنگ بووین تیایدا دواتر ئیعازدرا بە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا کە مەلەفی بودجەی تەکمیلی جیا بکەنەوە لە مەلەفی کەرکووك، کارتەکەمان لە دەست چوو و لە 22ی تەمووزدا ئەوەی قەوما کە قەوما و بینیمان هەمووومان کە ئەمڕۆ گرفتارین پێوەی، ئێستا قسەکەم لەسەر ئەوەیە، ئێمە لە کاتێکدا قسە ئەکەین نە

کارتمان به دەستەوە ماوە وەکو پێویست و نە کاتیشمان بە دەستەوە ماوە، قەزیەکی تر کە حەز دەکەم شەفافانە بیوروژێنم، سیفەتی دەزگای باڵای هەرێم، تا ئێستا ئێمە موجامەلات و موزایەداتی سیاسی نەیهێشتووە دەربارەی کەرکووک پرۆژەیەکی هاوبەش، فۆرمێکی هاوبەش پێشکەش بکەین، لێکدانەوەی جیامان هەیە، ڕوانینی جیامان هەیە، ئەتوانم بڵێم ناوێرین بیڵێین، خەڵك تەعبیری لێ ناکات، ئەم موجامەلات و موزایەداتە سیاسیە قەزیەی کەرکووکی بە ئەمرۆ گەیاندووە، هەتا لە ناو پەرلەمانی عیراقیشدا ئەم موزایەدات و موجامەلاتە سیاسیە تێپەڕاندووە، دەخوازێ ئەم پەرلەمانە ببێتە گفتوگۆی بیر و بۆچوونە لێك جیاوازەکان بۆ ئەوەی پرۆژەکە وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، نەك وەکو ئەوەی لایەنێك ئەیەوێ یان کەسێك ئەیەوێ، بیر و بۆچوونی لایەنێك یان هێزێك ببێتە بیر و بۆچوونی باڵای سەرجەم هەرێمی کوردستان نەتوانین مامەڵە لەگەڵ قەزیەکە بکەین، چونکە قەزیەی کەرکووك قەزیەی هێزێك نیە، قەزیەی حیزبێك نیە، قەزیەی نەتەوەیەکە، حیزبەکان ئەڕۆن، بەس نەتەوەکە هەر ئەمێنێ، قەزیەکە هەر ئەمێنێ لەگەڵیدا، هەروەك تەئریخی ئەم قەزیە هاتووە هەتا ئێستا، ئێمە ئێستا بە نیسبەت پەرلەمانی هەرێمەوە، من نازانم ئێمە چ قەرارێکی ئیلزامی ئەتوانین دەربکەین، هەر پشتگیری نامەیەك ئەتوانین وەکو موزەکەرەیەك دەربکەین و هین بکەین بە نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەڵوێستی خۆیان بپارێزن و تەنازول نەکەن لە جیاکردنەوەی کەرکووك، لە غەیری ئەوە پێم وانیە هیچی ترمان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عبدالله محمود فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی گرنگە بە نیسبەت خەڵکی کوردستانەوە وەکو بەڕێزان خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، لە بزووتنەوەی کوردایەتی خەڵکی کوردستانیشدا بەڕاستی تەزحیە زۆر دراوە لەسەر کەرکووك، کەرکووك چاوی لەسەر بووە لە سەرەتاوە تا ئێستا، بەردەوامیش ئەبێ، لەبەر ئەوەی پێگەیەکی بەهێزە بۆ خەڵکی کوردستان، دەروازەیەکە بۆ شارەکانی تری عێراق، بنەمایەکی ئیقتیصادی بەهێزیشە بۆ خەڵکی کوردستان، دابەش کردنی کەرکووك لەسەر ئاستی جوگرافی یان دیموگرافی خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ستراتیژیەتی نەتەوەی کورد بە بۆچوونی من لە عیراقدا، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە وەکو جەنابتان لە سەرەتاوە قسەتان لەسەر کرد، هەڵوێستێکی روونی هەبێ، ئەگەر ئەو پێداگیریەی لایەنەکانی عیراق بەردەوام بیت لەسەر ئەو قسەیەی ئێستای کەرکووك، قسە هەیە لەسەر  مووسڵ و شارەکانی تری عیراق، وەکو دیالی، هەتا بەغدادیش، چونکە بۆ؟ جێگای پرسیارە لە موسڵ، وەکو ئیستیحقاقاتی ئینتیخابی دەکرێ بۆ کەرکووك بۆ نا؟ بۆ بۆ کەرکووك وا نەبێ؟ لەبەر زۆرینەی کوردە دیارە نایانەوێ، لە کەرکووك بە شێوازیکی تر قسەی لەسەر ئەکەن، لە موسڵ

به شێوازێکی تر، دەبێ هاوپەیمانیەتی کوردستان لەسەر ئەوە بە جیددی قسەی لەسەر بکات، هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا پێویستە پێداگری لەسەر ماددەی 140 بکات، بەڕاستی ماددەی 140 تەنها زامنە بۆ ئەو مەسەلەیە، لە ڕووی یاساییەوە، بە بۆچوونی من نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و لایەنی تریش، لایەنێکی گرنگی ئامادەیی ناو گفتوگۆکانی تایبەت ناو هەم هەڵبژاردن و هەم ئەو وەزعە سیاسیەی ئەمڕۆی کەرکووک، پێویستە قیادەی کوردی لە عیراقدا سەرکردایەتی سیاسی کوردی بە تایبەتی و نوێنەرانی کورد لە هاوپەیمانیەتی کوردستان لە بەغدا، کار لەسەر ئەو مەسەلەیە بە جیددی بکەن، یەعنی کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەمەش من پێشنیار دەکەم وەکو بەڕێزان قسەیان لەسەر کرد، پەیامێك لەو بارەیەوە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، کە قسەی ئێمە قسەی پەرلەمان بە رسمی پەیامێك بێ بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین خەلیفە فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە کردن لەبارەی مەسەلەی کەرکووك هەر چەندی بڵێین کەمە، بەڵام ئەگەر ئێمە بەو جۆرە درێژەی پێ نەدەین،کەواتە کێشەکە گەورەتر دەبێت، ئەگەر بێت و ئێمە باس لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی میللەتی کورد بکەین، دەبینین سەرجەم شۆڕشەکان لەسە چی بەرپابوویننە؟ لەسەر مەسەلەی جوگرافیای کوردستان و دیفاع کردن لە مەسەلەی جوگرافیای کوردستانەوە بووە، بۆیە ئێمەی میللەتی کورد دروشمەکانمان لە شۆڕشەکان هەمیشە دیموکراسی بووە بۆ عیراق و حوکمی زاتی بووە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە پێش ئەوەی کە جەخت بکەینەوە لەسەر هەرێمی کوردستان، جەخت دەکەینەوە لەسەر عێراق، عێراقێکی دیموکراسی بێت، بەراستی مایەی سەیرە کەلە عیراقی ئەمڕۆدا بەو جۆرە مامەلە لەگەڵ کورد بکرێ و دووبارە هەنگاوەکانی حکومەتی بەعس لەم سەردەمەدا دووبارە بکرێتەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە دۆخی تایبەت بۆ شاری کەرکووك دابندرێ یان تەقسیماتی جیایی بۆ بکرێ یان کورسییەکانی پارێزگای کەرکووك دابەش بکرێ پێش وەخت لە نێوان نەتەوەکاندا، ئەوە مایەی زەرەری میللەتی کوردە جارێکی دیکە، بۆیە ئێمە جێگای دەست خۆشییە جارێکی تر کە نوێنەرانمان لە بەغدا کاری باشیان کردووە، بەڵام پێویستە لەسەریان کەوا هەڵوێستی سیاسی خۆیان وەرگرن و بایکوتی دانیشتنەکانیان بکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە و ئێمە جگە لە نوێنەرانی پەرلەمانیش، بەڕاستی هەندێ پۆستی سیاسی باشیان هەیە ئێمەی میللەتی کورد تیایدا مافمەند بووە، ئێمە سەرۆکایەتی کۆمارمان هەیە و جگە لەوەش جێگری سەرۆك وەزیرانمان هەیە، بەڕاستی پێویستە لەو ڕێگەیەوە لە ڕێگای سکرتێرە بەڕێزەکانی حیزبەکانەوە، لەو ڕێگەوە هەوڵ بدرێ کەوا ئەو مەسەلەیە بە کۆتا بگەیەنێت، بۆیە ئەگەر بێتو سەیری شەهیدانی شاری کەرکووك و دەوروبەری بکەین، دەبینین ڕێژەیان لە زیندووان زیاترە،

ئەوەش مایەی ئەوەیە کە بتوانرێ هەوڵی جیددی بدرێ و هەنگاوی پێویست بنرێ، ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ و دۆخێکی تایبەت نەدرێ بە شاری کەرکووك، چونکە کەرکووك شارێکی لە مێژینەی عیراقە و شارێکە وەکو شارەکانی تری عێراق، بۆیە نابێ لێی جودا بکرێتەوە و ئێمە لەگەڵ دۆخی تایبەت نین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك محمد سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئاماژە بەوە ئەکەم بە پێی ماددەی (56)، بڕگەی دوو و بڕگەی سێ بە پێی بڕیاری ژمارە (1) ساڵی 2003، کە ئەوە ئەرکێکی گەورەی پەرلەمانە، کە ببێتە مەرجەعێکی سیاسی بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان، بەڵام جارێ بەداخەوە کە بە درەنگ کەوت، هیواداریشم بۆ هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان ببێ، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕیارێك بدرێ کە بۆ هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان و ببێتە مەرجەعێکی سیاسی، وەکو مەسەلەی موسڵ و حەدبا، وەکو ناوچەکانی تر، حەدباش هیچی کەمتر نیە لەو زوڵمەی کە لە کورد دەکرێ وەکو زوڵمەکانی تر، هەروەها بۆ هەندێ مەسائیلی تر کە لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بەرامبەر بە گەلی کوردستان دەکرێ، هەروەها پەرلەمان ببێ بە مەرجەعێکی سیاسی و چارەنووسساز بۆ کێشە و داخوازییەکانی هاووڵاتیان، چونکە بەرامبەر بە هاووڵاتیانن، بۆیە من داوا ئەکەم لەناو خۆشماندا هەندێ مەسائیل هەیە بەرامبەر بە هاووڵاتیان دەکرێ پێویستە بۆی بگەڕێنەوە، لێرەوە کە پابەند دەبین بەو پەیڕەو و پرۆگرامانە و یاسای پەرلەمانەوە دەمەوێ دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەم و دەستخۆشی لە لیستی هاوپەیمانی و لیستی یەکگرتوو دەکەم کە جەنابت لەبیرت چوو ناویان ببەی، کە بێگومان لەو هەڵوێستەیاندا دەستخۆشیان لێ ئەکەین، بەڵام بە چاکەکان دەڵێین چاك و ئەوەش مەسەلەیەکە بە شێوازێکی مەوزوعی و بە شێوازێکی عیلمی و بە شێوازێکی واقیعی و مەنتیقی، پێویست دەکات هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی بکەین بە دوور لە تەشەنوج، بە دوور لە میزاجی و شتی شەخصی، بەخۆداچوونەوەی هەر حیزبێك، هەر گروپێك، هەر نەتەوەیەك، هەر دەزگایەك، هەر پەرلەمانێك، بە خۆیان دانەچنەوە، مانای تەراجوع و بەرەوداچوونەوەیە، بۆیە بەڕاستی لەگەڵ دەستخۆشی لە شتە باشەکان و هەڵوێستەکانیانین، بەڵام ئەدای نوێنەرانی سیاسی کورد و ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کورد لە قۆناغە چارەنووسسازەکاندا جێگای ڕەخنە و جێگای گلەییەو و پێویست بەو بەدواداچوونەوە بۆ باشتر کردنی ئەدائەکەیە، نەك بۆ ڕەخنەی رووخێنەر، لێرەوە من دەڵێم پێویستە دیراسەیەکی عیلمی و قوول و یاسایی و کەسانی پسپۆڕ لە دەستووری عیراقیدا بیکەین بۆ ئەوەی ئێمە بە شێوەیەکی دەستووری و یاسایی و بە شێوەیەکی سیاسی و سەردەمانە بەرگری لە داخوازی نەتەوەکەمان بکەین، وەکو ئاگادارن لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی 2006دا، بە پێی ماددەی 142، لێژنەیەك پێك هات

كە دوای چوار مانگ دەبێ راپۆرتێك پێشكەش بكەن لەسەر هەموار كردنی دەستوور، ئەم هەموارانە بخەنە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە و بە زۆرینەی رەهای پەسند بكرێ و دواتر ریفراندۆمی لەسەر بكرێ، ئەوە سێ ساڵ تێپەڕی و نەكراوە، بە پێی ماددەی 126 بڕگەی 4، نابێ دەستووری فیدرالی هەموار بكرێ مەگەر بەرەزامەندی پەرلەمانی كوردستان و رەزامەندی زۆرینەی دەنگدەرانی كوردستان بێ، كە سەیری ئەكەی بە پێی ئەو دوو ماددەدەیە، ئەم رەوشتەی كە شۆڤێنیەكان و ئەو كەسانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەیانەوێ هەڵوێست وەربگرن بەرامبەر بە گەلی كوردستان، نادەستووریە و نا یاساییە و بۆیە پێویست دەكات ئێمە ماددەی 140 بكەین بە مەرجەعێكی دەستووری و مەرجەعێكی یاساییمان بۆ ئەوەی لەوێوە مونتەلەقی بۆ بكەین و داكۆكی لە هەموو مافەكان بكەین، بەرەنگاری ئەم كێشەیە ببین، تەبعەن كێشەیەكی چارەنووسساز و گرنگە و مێژوویەكی هەیە، بە شێوەیەكی سیاسی و دەستووری دەبێ و بەڕاستی بەغدا و ئەنجومەنی نوێنەران دەیانەوێ بە دەنگدان و لەناو پەرلەمانی عیراقدا بە زۆرینە ئەمە یەكلایی بكەنەوە كە ئەوە پێچەوانەی دەستوور و ماددەی 140، كە ماددەی 140 ئەو مەسەلەی بڕیوەتەوە و بە زۆڕینە ناكرێن ئەوە ئیفتیعالی قەزیەكە، كە ئیفتیعالەكە دیارە دژی یاسا و دەستوورە، بۆیە من پێشنیار دەكەم و تەصمیم دەكەم لەسەر پێشنیاری بەڕێز مامۆستا عومەر عبدالعزیز، یادداشتنامەیەك، موناشەدەیەك بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان، نوێنەریان لە عیراق، حەتا مەجلیسی ئەمن بۆ موئتەمەری رابیتەی ئیسلامی، بۆ جامیعەی دوەلی عەرەبی، بۆ سەرۆك كۆماری عیراق، بۆ سەرۆكی حكومەت و بۆ سەرۆكی پەرلەمان، بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان، حەتا بۆ ئەتراڤ شیعە و سوننە و مەرجەعی شیعی و بۆ هەموو لایەنە كوردستانیەكان وبۆ هەموو دەوڵەتانی ئیقلیمی، ئەوە پێشنیاری یەكەمم، ئێمە با شتی عەمەلی بكەین، پێشنیاری دوەمم، وەفدێكی پەرلەمانی كوردستان سەردانی ئەو دەزگا نێودەولەتیانەی كە باسم كرد، نەتەوە یەكگرتووەكان، جامیعەی عەرەبی، دەوڵەتی ئیسلامی، مەرجەعیەت و ئەتراڤ سوننی و شیعی و هەموو ئەترافە عیراقی و ئیقلیمیەكان كە پەیوەندیدارن بەو مەسەلەوە، چونكە ئەوە دیارە مەوزوعەكە ئەوها بە سادەباس نەكرێ، پێش ئەوەی ئەو وەفدە سەردان بكات بۆ ئەوەی هەموو لایەنەكانی كێشەكە، لایەنی جوگرافی، لایەنی مێژوویی و لایەنی دەستووری و لایەنە سیاسیەكانی روون بكاتەوە بۆ ئەو ئەترافە نێودەوڵەتیانە، بۆیە پێشنیار دەكەم لێژنەیەك لەناو پەرلەماندا دروست بكرێ كە لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكی فراكسیۆنەكان بێت و هەندێ پەرلەمانتاری تری پسپۆر، دیراسەیەكی ورد و قووڵی دەستووری عیراقی بكەن، هەموو ئەو رێ و شوێنە یاسایی و سیاسی و ئیعلامیانە، ئێمە پێویستە رایەكی گشتی نێودەوڵەتی و رایەكی گشتی كوردستانی و هەڵوێستێكی یەكگرتووانە هەموو لایەنە سیاسیەكان و هەموو پێكهاتەكانی گەلی كوردستان بەرامبەر بەم كێشەیە، دێمەوە سەر ئەو خاڵەی كە وتم بەخۆداچوونەوە بەراستی، ئێمە كەمتەرخەمیمان هەیە بەڕێزان، نكوڵی نابێ لێ بكرێ، پێویست بوو جەنابیشت، ئەو ئەنجامەی كە ئێستا پێی گەیشتووین بەداخەوە دەرهاویشتەی ئەو كەم و كوریانەیە كە ئێمە خۆمان وەكو لایەنە سیاسیەكان و وەكو سەركردایەتی سیاسی كورد و وەكو

نوێنــەرەکان کردوویانــە، تەبعــەن دەرهاویشــتەی ئەوەیــە، ئێمــە لــەو قۆناغــە جیاجیانــە و لــەو بڕگــە و مەقتەعانــە، ئێمــە هەڵوێســتێکی ترمــان بنوانایــە و ســازش نەکرایــە لەبــەر موعــادەلاتی سیاســی و لەبــەر موجامەلات و لەبەر هەندێك بەرژەوەندی کە نامەوێ تەفصیلی بدەمێ، هیوادارم بەچاوێکی واقیع بینانەوە و بە چاوێکی مەوزوعیەوە ئێمە دان بە کەم و کوریەکانی خۆمان بنێین و، ئەگـەر کـەم و کوریـەکان دەسـت نیشان نەکرێ ناتوانین ئایندەیەکی بەهێز بنیات بنێن، ناتوانین مافـەکانمان دابـین بکـەین و ئـەو قۆناغـەی کـە ئێمـە تێـدا ئـەژین ئـەوە قۆنـاغێکی هەسـتیار و گرنگـە، هیـوادارم مەسـئولانە چ بەخۆداچوونەوە و چ مەسئولانە هەنگاوی سیاسی و دەستووری و یاسایی بنێین و ئەو پێشنیارانەی کە کردم، پێشنیاری عەمەلین وتەصمیم لەسەر ئەو پێشنیاری بەڕێزانەی پێش من، بۆیە بخرێتە دەنگدان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵێزار قادر فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز د.احمد دەکـەم، هەڵبـژاردن نـابێ لـە کـەرکووك دوا کـەوێ، ئێمـە سـاڵەهای ساڵە وەکو میللەتی کورد یەك خەباتی هەبووە لە شاخ و لە شاردا، ئەویش هەدەفی ئەوە بووە کـە کـەرکووك بێتەوە سەر بەشی کوردستان، ئێستا داوام ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان هەموو شتێك ولانێن و بەهەمان شێوە، چۆن کاتی خۆی یـەك دەنـگ بـوون، ئێسـتاش یـەك دەنـگ بـن بـۆ قەزیـەی کـەرکووك، ئێمـە چونکە ساڵەهای ساڵە بە هەزاران شەهید و ناخۆشی و دەربەدەریمان دیوە، با ئێستاش هـەموومان یـەك دەنـگ بـین لەسەر قەزیەی کەرکووك، داواشم ئەوەیە لە حکومەتی کوردستان، کە لەگەڵ هەموو حیزبەکاندا دابنیشێت و بگەنـە صیغەیەك کـە هـەموو میللـەتی کـورد، یـەك هەڵوێسـتی هـەبێ بەرامبـەر بـە قەزیـەی کـەرکووك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ژیان عومەر فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو کەرکووکیەك، حەز دەکەم باسی یادەوەریەکی تاڵی خـۆم بکـەم لـە شـاری کـەرکووك، کـە مـن کچـە شەهیدێکم لە ساڵی 1974یەکەم خیزان بووین لە شاری کەرکووك لە گەڕەکی ئیمام قاسم کـە ئێوارەیـەکی سـارد بـوو، مـن تەمـەنم پێـنج سـاڵان بـوو، جەنـدەرمـەکانی بـەعس دایـان لـە دەرگاکـەمان، خـۆم دەرگاکـەم کردەوەکە گرتیان لە پەلم و منیان فریدایە ناو جیبێکی عەسکەرییەوە، هەموو خەڵکەکانی گـەڕەکی ئیمـام قاسم و ئیسکان شاهیدی ئەوەن، کە ئێمە باوکیشمان نەبوو، باوکم شەهید بوو، بەڵام گوێیان بەوە نـەدا، لـە

بیرمە کە دایکم حەزی لە بەخێوکردنی باڵندە بوو چەند مریشك و شتێکمان هەبوو لە حەوشەکەی خۆماندا لەبەرچاوی خۆم جەندرمەکان ملی مریشکەکانیان هەڵکێشا و وتیان باڵندەکانی ئێوەش وەکو ئێوە تاوانبار و موجریمن، قەت ئەو تالاوەم لەبیر ناچێ، ئێستا کە ئەو قسانە ئەکەم دڵم پڕ ئەبێ لە گریان و ئەو رۆژە سەختانەم بیر ئەکەوێتەوە، ئەوە نەك بڵێم ئەوە شتێك بێ بۆ عەتف باسی بکەم، بەلاّم خەڵکی کەرکووك و ئیمام قاسم شاهێدی حاڵی ئەو کارەساتەی کە ئێمە یەکەم ماڵ بووین لە کەرکووك ئەوەمان بەسەرهات، من لێرە وەکو ئەندام پەرلەمانێك، کە پەرلەمان مەرجەعیەتی بڕیارە بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکانی شاری کەرکووك و هەموو مەسەلەکانی ئێمە، ئەبێ بە هەموو توانای خۆمان پشتگیری لە خوشك و برایەکانی خۆمان لە لیستی هاوپەیمانی و لە پەرلەمانی عیراق بکەین، راستە ئێمە ئاگادارین کە هەر چەندە تا ئێستا موناقەشەکان نەگەیشتووە بە ئامانجێك لەوێ، لەبەر دوو هۆی سەرەکیە، هۆی یەکەم لەبەر شاری کەرکووکە، هۆی دووەم لەبەر زیادکردنی کورسییەکانی پەرلەمانە، کە ئەویش قازانجی ئێمەی تێدا نیە کە زیاد بکرێ ، ئەوان حەز دەکەن زیاد بکرێ، بەلاّم ئێمە حەز دەکەین کەمیش بکرێتەوە تا حەدێك، چونکە خۆمان ئەزانین ئێمە وەکو میللەتی کورد ئێستا کەلتوورێك لەناومان بلاّوبوویتەوە ناهێڵین لە دوو منداڵ زیاترمان ببێت، بەلاّم عەرەبەکان زۆر لە زیاد بووندان تەنها منداڵەکانیان گەیشتووتە 10 و 12، و ئەو کاتە ئێمە زەرەرێکی چاك دەکەین لە کورسییەکانی پەرلەمان، هەروەها ناحیەی ئەوە بۆ کەرکووك تەبعەن ئەوان ئەیانەوێت چەند لایەنێك، کە من بەداخەوە ئەیڵێم، چەند لایەنێکی شۆڤینیە، لە عەرەبەکان و تورکمانەکان، رێزم هەیە بۆ ئەوانی تر، شۆڤێنیەکان، مەبەستم ئەوەیە بەداخەوە ئەو شتە ئەڵێم، کە ئەوان ئەیانەوێت هەڵبژاردن بە چوار بازنەوە ئەبێت لە کەرکووك، ئەوە خۆی لە خۆیدا دابەش کردنە ئیتر بۆ هەڵبژاردن بکرێت، بۆ دەنگەکان تۆمار بکەین و بیکەینە چوار بازنەوە، هەروەها کە تایبەتمەندی درا بە شاری کەرکووك یا بە بەغداش بدرێ، چونکە هەموو نەتەوەکان لە بەغداشدا دەژین وەکو کەرکووك، بۆچی بەس کەرکووك ئەو تایبەتمەندییەی پێ بدرێ؟ من لێرەوە داوا ئەکەم لە خوشك و برایەکانم لە پەرلەمانی عیراق بە هیچ شێوەیەك سازش نەکرێ لەسەر ئەو مەسەلەیە، چونکە سازش کردن لەسەر مەسەلەی کەرکووك، کەڵەکە بوونی کێشەکانە، ئەو ململانێیە بۆ چوار ساڵی تر ئەمێنێتەوە، غەدرێکە ئەچێتە خانەی غەدر و نا عەدالەتیەوە لەو شارە پارچە پارچە کراوە، لەبەر ئەوەی ئەبێ هەوڵمان بخەینە ئەوە و پشتگیری برایەکانمان بکەین کە نابێت، ئەگەر بۆ بازنەیەکەش ئەگەر نەگەیشتین بە رێککەوتنەوە، بەلاّم بۆ مەسەلەی تایبەتمەندی شاری کەرکووك بە هیچ شێوەیەك ئێمە هەڵوێستمان لەگەڵ ئەوانە نییەو رێگە نادەین کە تایبەتمەندی بدرێ جارێکی تر بە شاری کەرکووك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار کاك دلێر مەحموود.

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاشكرایە كە كێشەی كەركوك كێشەیەكە ڕەگێكی قووڵی هەیە، لە هەمان كاتدا گرنگیەكی ئابووری و جوگرافی و سیاسی هەیە لە عیراقدا، لەبەر ئەو كێشەیە وا بزانین ئەو كێشەیە ئەگەر بتەوێ لە موناسەبەیەكدا باسی بكەی، ئەوە چارەسەر ناكرێ و پێویستی بە سەردە، پێویستی بە خەباتی سیاسی و خەباتی دیبلوماسی و جەماوەری هەیە، باشترین حەلیش ئەوەیە زیاتر وەكو قیادەی سیاسی كوردی هەوڵ بدەن ئەو كێشەیە لە لایەن كەركووكیان خۆیانەوە چارەسەر بكرێ، ئەوەندەی هاوسۆزی و هاوكاری لەگەڵ لایەنە عیراقیەكاندا هەیە، با ئەوەندەش لەگەڵ لایەنەكانی لای كەركووكدا هەبێت، لەبەر ئەوەی كەركووكیەكان خۆیان ئەزانن كێشەكانیان چۆنە و كێشەكانیان بە چ چارەسەر دەكرێ، هەروەها زۆر لە برادەرانی توركمانی ئەسڵ و عەرەبی رەسەن هەن لە كەركووكدا ئەوانە لایان چاكە كە كێشەی كەركووك لەناو خۆیاندا چارەسەر بكرێت، با ئەو لایەنە رەسەنانە و ئەو لایەن چاكانەی توركمان و عەربانە ئەگەر خیتابی سیاسی و سلبی لە لایەنی ترەوە كرا من پێم چاكە ئەوانیش رەدیان هەبێت، پارێزگاری لە هاونیشتمانیی خۆیان بكەن و پارێزگاری لە كەركووكیەتی خۆیان بكەن، بە نیسبەت كەركووكەوە من پێم چاكە ئەگەر هات و كێشەی كەركووك هیچ موساوەمەیەكی لەسەر نەكرێ بە شەرتێ ئێمە باسی ئەكەین لەسەر حەقائیقەكان، لە هەمان كاتدا رازی نەبین كە كەركووك بكرێت بە چەند بازنەیەك، ئەگەر ئەو كرا بە چەند بازنەیەك یان شتێكی وا هەبوو، ئەگەر شارەكانی مووسڵ و دیالا و تكریت و بەغداش كرا بە چەند بازنەیەك، ئەویش ئەو كاتە شتێكی وا ئەگەر هەبێت، لە هەمان كاتیشدا پێویستە كورد زیاتر كار بكات لە رێگای راگەیاندنەوە و راگەیاندنێكی موشتەرەك هەبێت لە نێوان هەردوو سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان ویەكێتی نیشتمانیی كوردستان، لەسەر شەقامی عیراقی، چونكە ئەزانین زۆربەی حیزبە سیاسیەكان تەوجیهاتەكانیان لە لایەن دەرەوە بۆیان دێت و تەوجیهاتەكانیان زۆربەی شۆڤینی دەبێت، نەك وەكو ئەوەی بڵێین هاونیشتمانی بێت، لە كۆتاییشدا داوا ئەكەم لەسەر مەسەلەی كەركووك وەكو ئەوەی كە ئێمە تاوانبار دەكرێن كە كورد ئەبێتە هۆی ئەوەی ئینتیخابات دوا بكەوێت یاخود كورد ئەیەوێت لیستی كراوە نەبێت و لیستی داخراوە بێت، بە قەناعەتی من زۆر لایەنی عیراقی هەن كە خۆیان وا ئەبینن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دۆڕاون، یاخود لەو دەرگانە نادەن، پێیان چاكە كە ئینتیخابات دوا بخرێت، كێشەی كەركووكیش ئەزانن كە كێشەیەكی گرنگە، كێشەیەكە كە كورد لەسەر حەقە و كەركووكیەكان لەسەر حەقی، تەبعەن ئەیكەن بە كێشەیەك تا ئینتیخابات دوا بخرێ، ئەشیانەوێت تاوانەكەی بخەنە سەر كورد، ئینجا ئەگەر بێت و ئینتیخاباتیش دوا بخرێ، بە قەناعەتی من وا چاكە كە سەركردایەتی كورد بە هیچ شێوەیەك مساوەمە لەسەر حەقەكان و راستیەكان نەكات، هەروەها داوایەكانم بە نیسبەت هەموو خەڵكی كوردستانەوە، زۆر چاو كراوە بن و دەست كراوە بن لەسەر مەسەلەی كەركووك

و زۆر بە گیانێکی نیشتمانییەوە چارەسەر بۆ ئەو مەوزوعە بکرێ، مومکینە بۆچوونەکانمان جیاواز بێت، بەڵام وا بزانم هەدەف و ستراتیژیەتی هەموو لایەکمان وەکو لایەنە سیاسیەکانی کورد و تورکمانە رەسەنەکان و عەرەبی رەسەن و هەموو وەکو یەکن و هاوشێوەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دانا سەعید فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری پێ بەخشینی بارێکی تایبەت بە کەرکووك لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا کە داواکارییەکە نا مەنتیقیەتی تێدایە و ناکۆکە لەگەڵ زۆر لەپرنسیپەکان کە تا ئێستا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقیدا ئیشی پێ کردووە، ئەوەش لەبەر دوو هۆوە، یەکەمیان، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کەرکووك جیا ئەکرێتەوە کە پێکهاتەکەی جیاوازە، دانیشتووانەکەی لە گروپی جیاواز پێك دێت، ئەوە تەواوی عیراقی با بڵێین ئەو حاڵەتەی هەیە، عیراق لە پێکهاتە و گروپی جیاواز پێك هاتووە، ئیتر بۆیە ئەگەر کەرکووك جیا بکرێتەوە دەبێ ئەو حاڵەتە تەعمیم بکرێ بۆ سەرلەبەری عیراق، هۆی دووەم ئەوەی کە کۆمسیۆن تا ئێستا کورسییەکانی لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتووان دابەش کردووە، بەڵام دیسان نا مەنتیقیەکە لەوەدایە ئەو حاڵەتە ئەگەر کەرکووکی نەگریتەوە ئیش نەکردنە بە پرنسیپەکانی خۆیان، من کێشەم لەگەڵ لیستی کراوە یان داخراو نیە، هەردوولا لایەنی پۆزەتیف و نیگەتیفیان هەیە، هەروەها مەسەلەی فرە بازنەییش هیچ کێشەیەکیان نیە، بەڵام ئەگەر فرە بازنییە، فرە بازنەیی ئەگەر لەسەر ئاستی پارێزگا بێت، ئەوە زۆر ئاساییە ئەگەر کەرکووکیش بازنەیێکی ئینتیخابی بێتن، بەڵام ئەگەر دابەش کردنی کەرکووك بۆ چوار بازنەی یەکسان و بە بێ ئەوەی بگەڕێیەوە بۆ ڕێژەی دانیشتوانی ئەو بازنە ئینتیخابیانە، دیسانەوە ئەوە جۆریکە لە ناکۆکی لەگەڵ ئەو پرنسیپەی کە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تا ئێستا ئیشی لەسەر کردووە مەسەلەی دانیشتوانەکان، ڕێژەی دانیشتووانە، مەسەلەی چوار بازنەیی ئەوەی ئیستا ئێمە لێی حاڵی بووین، ئیش کردنە بە شێوەیەك لە نیزامی کۆتا، یەعنی هەر بازنەیەك پێش وەخت ڕێژەیەکی کۆتای بۆ دابنرێ، بەڵام ئەوەی من ئاگادار بم، نیزامی کۆتا لە دوو حاڵەتدا تۆ دەتوانی بەکاری بێنی و پیادەی بکەی، یەکێکیان ئەوەیە ئەگەر تەواوی پێکهاتەکان یەکسان بن لە رووی ڕێژەی دانیشتوانەوە، ئەو کاتە دەتوانی سیستەمی کۆتا پەیڕەو بکەین، لە حاڵەتێکی تر دەتوانین سیستەمی کۆتا پەیڕەو بکەین ئەگەر پێکهاتەیەك یاخود چەند پێکهاتەیەك لە رووی هەڵبژاردنەوە ئەگەر بە هۆی ئەوەی کە گروپی بچووکن بە هۆی ئەوەی ڕێژەیەی دانیشتووانی کەمە، لە ڕێی هەڵبژاردنەوە نەتوانن نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان، بەڵام ئێمە لە حاڵەتی کەرکووك هیچ یەکێك لەو حاڵەتانەمان نیە، تەنیا یەك گروپ دەگرێتەوە کە ناتوانن لە ڕێی هەڵژاردنەوە بتوانن نوێنەرەکانی خۆیان بگەیەننە پەرلەمان، ئەویش تەنیا گروپی مەسیحیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار خورشید احمد فەرمووو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی من گەورترین موئامەرە لەسەر ماددەی 140 ، ئەمڕۆ دیارە، گەورەترین ئیصتیفاق قواتی شۆڤینی بە پیشتیوانی دەستی دەرەكی ئەمرۆش دیارە، ئەو كارەی ئەمڕۆ دەكرێت كارێكی سادە نیە، بە بەرنامەیەو دیراسەت كراوە و هەنگاو بە هەنگاو دێنە پێش، بۆ ئەوەی ماددەی 140 ، ئیلتیفاف لەسەر ماددەی 140 دەكرێت، من لێرە برادەران زۆر باسی مەسەلەی كەركووك وتاریخی و لە ناحیەی سیاسیەوە، من لێرە حەز دەكەم باسی یەك شت بكەم، كورد زۆر بە نیەتی پاك تەعامول لەگەڵ قەوارە سیاسیەكانی عیراق دەكات، قیادەی سیاسی كورد، پەرلەمانی كوردستان دەبێت لەمەو پاش بە وردی بە دوای مەوقیفی قەوارە سیاسیەكانی عیراق لە هەموو لایەنە سیاسیەكانی عیراق بچێت و، ئەو مەوقیفانە تەسبیت بكات، ئەوەی مەوقیفی ئیجابی و باش بێت، ئەو مەوقیفە بە هەند وەربگرێت و، لە بیر نەكەین، ئەوەی مەوقیفی سلبی بێت دەبێت ئەو مەوقیفەش تەسبیت بكەین و، واز لە موجامەلات بێنین، لەمەو پاش ئیتر موجامەلات نەكەین، قەزییەیەكی وەكو كەركووك هەڵوێستێكی سیاسی سلبی هەبێت، ئێمە پاشی دوو ڕۆژ، مانگێكی تر، وەڵلا برادەر دێت سەلام و علیكم، ئەوەی لە بیر بكەین، دەبێت ئەو شتانە لە بیر نەكەین، مەوقیف بە نامەیەكی بەڕاشكاو و دیار بگەینە هەموو لایەنە سیاسیەكان كە ئێمەی كورد لە مەو پاش مەواقیف لەبیر ناكەین، ئەوەی لە گەڵمان بێت، دۆستمان بێت، لەگەڵ حەقی بێت، لەگەڵ دەستوور بێت، لەگەڵ یاسا بێت، ئەوە بە نیسبەت ئێمە جێگای سوپاسە و،ئەوانەی تریش مەوقیفی سلبیان هەیە لەمەوپاش حیسابی بۆ دەكەین، ئەوە یەك، دووەم، دەبێت لە ئێستاوە، هەر لە پەرلەمانەوە دامودەزگای ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ئەوە بكەین كە مەوقیفی كورد مەوقیفێكە گونجاوە لەگەڵ یاسا، گونجاوە لەگەڵ دەستوور، ڕێگەگر نیە لە ڕێككەوتن لەسەر پرۆژەی هەڵبژاردن، بیلعەكس كورد هەندەك تەنازولاتی پێشكەش كردووە كە حەقی خۆیەتی، بەڵام تەنازولی دەكات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە باڵاكانی عیراق بپارێزرێت، ئەوە زۆر موهیمە ئێستا ڕاگەیاندنی دژ لەسەر ئەوە ئیش دەكەن كە فیعلەن كورد ڕێگرە، كورد بە هیچ قبوڵ ناكات، كورد بە هیچ ڕازی نابێت، ئەمە خەتەرە، چونكە ئێمە دەبێت ڕاییێكی گشتی كوردستانی، عیراقی، دەرەكی دروست بكەین كە كورد فیعلەن لەگەڵ حەلدایە، بەڵام كام حەل؟ حەلێك كە بگونجێت لەگەڵ یاسا، لەگەڵ بڕیارەكانی دادگای باڵای عیراق، بۆ ئەوەی خەڵكەكە باش بزانێت كە كورد هەموو جار و، لە هەموو مەوقیفەكان و، هەتا ئێستا مەوقیفی ئیجابی بووە لەگەڵ ئەوە بووە كێشەكان بەئاشتی و بە ئارامی حەل بكرێن، بەڵام ئێمە بە ئەوە ڕازی نابین كە بڵێن كورد دەبێت مەوقیفی نەرم بێت، مەوقیف نەرم بە

نیسبەت شۆفینیەکان یەعنی ئێمە تەنازوول لە مافەکانی خۆمان بکەین، مەوقیفمان نەرمە بەڵام لە چوارچێوەی یاسا و دەستوور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خلیل عثمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە چ لە ڕووی دەستوورییەوە، چ لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، ناکرێ هەڵبژاردنێك بکرێ و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا دا و نوێنەرانی کەرکووك لە پەرلەمانی بەغدادا وجودیان نەبێ، بەڵام بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە لە وڵاتانی دنیائەگەر لەبەر حالەتی ئیستیسنائی زۆر گەورە نەبێ، ئینتیخابات لە هیچ جوزئێکی ئەم وڵاتە دا تەئجیل نەکراوە، ئەمە پێموایە حیجەتێکی گەورەیە بە دەست لیستی هاوپەیمانی کوردستان دا و، دەبێ کاریشی لەسەر بکرێت و، بەدەست هەموو لایەکەوە، پێمان وایە ئەمە کێشەیەکی نەتەوەیی گەورەیە و بەردەوامە و، بەندە بە بوونی ئەو فکرە شۆفینیەی کە چەند ساڵە تەحەکومی بەو وڵاتەوە کردووە و، لەم وڵاتە گەشەی کردووە و، لەوانەیە بە دەیان ساڵی تریش ئەم کێشەیە لەسەر کەرکووك و لەسەرجەم نەتەوەکانی ئێمە بمێنێت، بۆیە من پێموایە هەموو ئەو ناوەندە ئیعلامی و سیاسیانەی کە لە کوردستان دا دەیان گوت خەتەر لەسەر کێشەی کورد نەماوە، من پێموایە ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، هەم بە ڕووی دەرەوە کە بەڕاستی لە کەم کردنەوەی کێشەی کوردی کەم کردەوە و، هەم تەئسیری هەبوو لەسەر کاڵکردنەوەی ئینتیمای تاکی کورد لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان کە ئێمە بەخۆمان بەڕاستی دەستمان لەو کێشەیە دا هەبوو، هەندێ لە میدیاکان بە ناوی ئەهلی و، هەندێ جەریدە لەم لاو لەملا لەسەر کەمکردنەوەی هەیمەنە و هەروەها مەوقیعیەتی نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا و، ئەمە حاڵەتێکی سلبی دروست کرد و، هەروەها نەمانی ئیدیعاکردن بۆ ئەوەی کە مەترسییەکان لەسەر کورد نەماوە و، هەروەها کورد ئیتر چۆن دائەبەزێ، بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکە لە دوای ئەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییە دروست بوو کە من پێموایە لەسەر ئەوەشەوە دروست بوو، کە ئێمە خیتابێکی وازحی جیامان نەبوو وەکو هەموو هێزە سیاسیەکان، وەکو هەموو هینەکان لە کوردستان دا، لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان و، نەیارەکانیشمان لە بەغدا پێموایە ئەم هەڵەیان قۆستەوە، زیاتر پێداگری لەسەر ئەو مەوزووعە دەکەم، بۆیە من پێم باشە هەر وەکو برادەران باسیان کرد لەسەر ئاستی دەرەوە برادەران باسیان کرد یاداشت بنووسرێ بۆ هەموو ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان و ئیقلیمیەکان و، کێشەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە داکۆکی لە کێشەکانی خۆمان بکەین، ئەمە لەسەر ئاستی دەرەوە، لە ئاستی ناوەوەش بەڕاستی پێویستە، لەسەر ئاستی ناوخۆ دا پێویستە ئێمە ئیستیعدادێکی جەماوەری گەورە بۆ ئەم هینە وەربگرین و، خەیاراتی ترمان لە

بەردەم دا بێ، کە دەتوانرێ بەڕاستی بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمان لەو لایەنە بکۆڵێتەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسی جەنابتان دەکەم، ڕێزدار سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە یەکەم هەڵوێست وەرگرتن نیە لەسەر کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، چ لە ناو پەرلەمان و چ لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستانیش، ئاماژە سیاسیەکان وامان پێشان دەدەن کە فشارەکانمان لەسەرە، جومگە گرنگەکانی پەیوەست بە خاك و خەڵکی کوردستان وامان لێ ئەخوازن نەهێڵین چیتر هیچ پیلانێك بەسەرمان دا تێپەڕێ، مەتلەبی سەرەکیش ئەوەیە خۆمان کۆك و تەباتر بکەین لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان وا دەرکەوت مەترسی لەسەر وەك دەوترا مەترسی نەما، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، گرنگە لەم دانیشتنەدا ڕەخنە و پشتیوانیمان بۆ حزوور و خەباتی بەڕێزان لە هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا بە بەرنامە و پێشنیار و پەیامی یاسایی و دەستووری و دیموکراسی بێت، من دەرفەت هەبێ چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو، یەکەم: قابیلی قبوڵ نەبێت لە یاسای هەڵبژاردن دا ناوی کەرکووك یاداشت بکرێت، واتا پێویستە حاڵی کەرکووك حاڵی پارێزگاکانی تر بێت، خاڵی دووەم: چیتر پێویست ناکات لە سەنگەری دیفاع و بەرگری لەخۆکردن دا بین، پێویستە مافە دەستوورییەکان وەك فشار بەکاربێنین و، چیتر کەرکووك غەدری لێ نەکرێ، پێویستە هەڵوێستی واقیعی و عەمەلی وەربگیرێ، خاڵی سێیەم لە ماددەی (49)ی دەستووری عیراقی دا هاتووە و ئەڵێ، بۆ هەر سەد هەزار هاووڵاتییەك نوێنەرێکی دەبێت لە ئەنجومەنی نیشتیمانی دا، واتا هەر پێشنیارێك بۆ دابەشکردنی کەرکووك بۆ چەند بازنەیەك و، بە نیسبە کردنی ئەندامێتی بە پێی پێکهاتەکان داوایێکی نادەستووری و نایاسییە، گرنگە لە پەیامەکەمان دا بە وازیحی تیشکی بخەینە سەر، خاڵی سێیەم: گرنگە لەم ساتە وەختەدا ئیش لەسەر ئیقرار کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین لە بەرامبەر دا، پێموایە لەم ڕۆژانەی ڕابردوو دا هاوکارمان کاك عونی بەزاز پێشنیارێکی لەو بابەتەی خستۆتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، خاڵی چوارەم: مەحکەمەی دەستووری لە گرێی ئاوا دا وا دەخوازێت پەنای بۆ ببردرێت، چونکە مەحکەمەی دەستووری لە ڕابردوو دا بێ لایەن و دەستووریانە زۆر مەسەلەی یەکلا کردۆتەوە، خاڵی پێنجەم: لە ماددە (22)ی کارنامەکەی حکومەتی مالیکی دا هاتووە کە مولزەمە بە جێبەجێ کردنی برگە بە برگەی ماددەی (140)ی دەستووری، حەقە ئەمە لێرە دا جارێکی تر بەڕەسمی بە بیری حکومەتی فیدرالی دا بهێندرێتەوە و مەسئولیەتی مێژووییشی لەسەرە، خاڵی شەشەم: لەم هەڵوێستانەی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی دا دەردەکەوێت ئایندەی دیموکراسی یان دیموکراتیزەکردنی سیستەمی حوکم لە عیراق دا ئەستەمە، ئەم هەڵوێستەش پێویستە

بـاڵۆیزانی ئـەوروپا و نەتەوەیـەکگرتووەکان وهـەموو دیمـوکرات خـوازانی جیهـانی لـێ ئاگـادار بکرێتـەوە، خاڵێکی تر: جگە لەم مەسەلەیە، لە ڕۆژانی ڕابردوو دا بینیمان هەڕەشەکردنی بێ پەردە لەسەر سڕینەوەی زمانی کوردی هەیە لە خانەقین و گەرمەسێر، هەروەها لە جەلەولا و سەعدیە و مەندەلی لە چەند مانگی ڕابردوو دا بە سەدان ماڵ کۆچیان کردووە بەرەو ناوچەکانی گەرمیان و سەرووتر، ئەمەش بە هۆی فشاری سوپای نـوێی عـیراق ناوچـەکەیان چـۆڵ کـردووە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم لیژنەیـەکی کـاتی لـە پەرلـەمان دا دروسـت بکرێـت تایبـەت بـێ بـە مـاددەی (140) و چارەنووسـی ناوچـە دابڕاوەکـان و ئـەو مەسـەلانەی کـە پەیوەستە بە خەڵکی ئەو ناوچەیەوە، ئێمە چەکی دەستمان تاکە زەمان دەستوورە و دەستووریش لەبەردەم سـیاغەکردنەوە دایـە، مەبەسـتمە بڵـێم کاتمـان زۆر بـە فـیڕۆ چـووە و، کـەممان لەبـەردەم مـاوە، گرنگـە هەڵوێستی مەبـدەئی و ڕوونمـان هـەبێت و، دۆخەکـە چـیتر نـە سازش هەڵـدەگرێ نـە موماتەڵەکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك ئاسۆ کریم، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد ( ئاسۆ کریم):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پەرلەمانتاران موافیـق بـن دواتـر چ بەیاننامـە دەربچـێ یـاخود یاداشـتنامە بـێ، مـن پـێم باشـە ئـەو خاڵانەی تێدا بێ، یەك: پشـتیوانی لـە لیسـتی کوردسـتانی، لیسـتی کوردسـتان مەبەسـتم لیستی هاوپـەیمانی کوردسـتان زائیـدەن لیسـتی یـەکگرتوو لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عـیراق بکـرێ، لـە داکـۆکی کـردن و لـە هەڵوێسـتی ڕاسـت و دروسـتیان بـە تایبـەتی لـەو خاڵانـە کـە تـا ئێسـتا دەریـان بڕیـوە، تـەئجیل نـەکردنی هەڵبژاردن، واتا لە کاتی خۆی دا بێ، جا بەهەر بڕ و بیانوویەك بێ کە دەیانەوێ تەئجیل بکرێ، دووەمیـان ڕەتکردنەوەی باری تایبەتی کەرکوك، ئـەوە چ لـە ڕێگـەی ئـەوە بـێ کـەرکووك بکـرێ بـە چـوار بازنـە یـان پەیڕەوکردنی جۆرێ لـە سیسـتەمی کۆتـا بـێ کـە بـەم دواییانـە ئەمـەش هاتۆتـە بـەر بـاس، چـوارەم: داوای تەحقیق کردن لەسەر سجلی ناخبین بکرێ لەو پارێزگایانەی کە ئیشـتیباهی ئـەوەی لـێ دەکـرێ دەسـتکاری کرابێ، بە تایبەتی لە ئـەنبار لـە نەجـەف لـە کەربـەلا لـە موصـل، پێنجـەم: حکومـەتی ئیتیحـادی تـەحمیل بکرێ مەسئولیەتی، وەکو مەسئولیەت تەحمیل بکرێ کە ئەو ڕێگـر بـووە تـا ئێسـتا لـە جێبـەجێ نـەکردنی ماددەی (140)، بە تایبەتی قۆناغی یەکەمی ئەوەیە کە ئاسایی کردنەوەیە، کە ڕەنگە زۆر لەو کێشانەی کە تا ئێستا چارەسەر دەکەن، دووەمیان: لە ئەنجام نەدانی یان ڕێگریکردن لە ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی، کە ئەو دەمە زۆر لە ڕاستیەکان دەردەکەوتن، شەشەم: موناشەدەی ڕای گشتی عیراقی، عەرەبی، نێو دەوڵەتی بکرێ، کە ِهیچ کارێك یـان یاسـایێکی دژە دەسـتوور لـە عـیراق دا تێنەپەڕێنـدرێ، حەفتـەم: تەئکیـد لەسـەر ئەوە بکرێ کە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردسـتان دەکـات بـە سـەرجەم پێکهاتـەکانی،

بە سەرجەم بیروڕا جیاجیاكانی كە یەك هەڵوێستە، یەك ڕیزە لە پشتیوانی كردن لەم داخوازییانە، ئیدی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. زانا رؤوف، فەرمووو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە پێویستی ئەزانم ئەم ئیزافانە هەبێت لەسەرەرای ئەوەی كە ئەو بەڕێزانە ئشارەتیان پێ دا، من جارێ نازانم ئەو بەیاننامەی كە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە دەرئەكرێت، ئایا پشتگیری كردنە بۆ نوێنەرانی كورد یاخود ئیدانە كردنی ئەو هەڵوێستانەی غەیری كوردەكانە، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە ئەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەكان ئەم سیغانەی تیا كۆ بكەینەوە، یەكەمیان: ئیعتیراف كردن بەهەستیاری ئەو بارودۆخەی كە ئێستا لە كەركووك دا هەیە، یاخود لە ناو عیراق دا هەیە تایبەت بە كەركووك، تەسەور دەكەم جێی كۆ دەنگی هەموو لایەكمان بێ لە ناو پەرلەمانی كوردستان و لە دەرەوەی پەرلەمانی كوردستانیش و، دڵنیاشین كە هیچ هێزێك نیە نە لە كوردستان دا نە لە دەرەوەی كوردستان دا بە تەنها بتوانێ واهەستی كەین ئەو دارێكی سحراوی بە دەستەیەوە، ئەو دارە سیحراوییە ئەتوانێت لە ماوەی شەو و ڕۆژێك دا چارەسەری كێشەكان بكات، بۆیە كۆدەنگی لەسەر ئەم حاڵەتە گرنگە لەم حاڵەتە، بەڵام لە هەمان كاتدا دەستخستنە سەر برینەكان مانای زیندوویێتی ئەگەیێنێ لەسەر ئەم حاڵەتانە، بۆیە من بە پێویستی ئەزانم ئەوە بڵێم كە خۆ دزینەوە لەبەرپرسیارێتی لە هەندێك حاڵەتدا لە بەرژەوەندی ئێمە نیە، ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستانیش كەم تا زۆر بەرپرسیاریەتێكمان دەكەوێتە ئەستۆ، من ئاماژەم بە وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بۆ خولی سێیەم لە دوای سوێندی یاسایی دا كە لە ناو پەرلەمانی كوردستان دا لێرە بەڕێزت ئاماژەت دا بەوەی كە ئێمە هەوڵ بدەین لە پەرلەمانی كوردستان لە خولی سێیەمی دا كار بكات لەسەر ئەوەی كە ئەو بیرو ڕایانەی كە لەناو كوردستان دا تەداول دەكرێت بتوانین حكومەتی ناوەندی پێ بەهێز بكەین بۆ نوێنەرەكانی كورد لە ناو حكومەتی ناوەند دا و، لە ناو پەرلەمانی كوردستان دا، ئێمە هەمیشە بە مەرجەعی دادەنێین كە ئەفكاری تازەی بدەینێ بۆ گرژو ئاڵۆزییەكان چۆن بتوانین و، ئەو بیروڕایانەی كە هەیە دەوڵەمەندی بكەین، بێگومان ئەو بیرۆكەیە هەڵقوڵاوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانە، لە هەمان كاتدا ئەو بڕیارەشی كە لە لایەن پەرلەمانی كوردستاندا دەركراوە، بۆیە زیندوو كردنەوەی ئەم حاڵەتە پێویست بەوە دەكات كە ئێمە هەڵوێستێكمان هەبێت، من بەش بە حاڵی خۆم لێرە پشتگیری هەڵوێستی بەڕێز كاك یشار ئەكەم، كە ئاماژەی دا بەوەی كە ئێمە پێویستە هەندێك حاڵەت وا پێویست ئەكات كە ئەو بەڕێزانەی كە نوێنەری كوردن لە بەغدا بانگهێشتیان بكەین بە دەعوەتنامەیەك بۆ ئەوەی بزانین چ باسە وەكو شتەكان؟ ئێمە تەنها لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەكانەوە هەندێك زانیاریمان دەست

نەکەوێت بۆ ئەوەی کە بتوانین کاتێك پشتگیریمان کرد، پشتگیرییەکی بەهێز بکەین، کاتێکیش کە نکۆڵیمان کرد، نکۆڵییەکی بەهێز بکەین، بۆیە کۆدەنگی لەسەر ئەم حاڵەتە ناتوانین تا لە دەم و لە زاری خۆیان شتەکان وەرنەگرین و، حاڵەتێکی تر ئێمە تەنها موراهەنەش لەسەر ئەوەش نەکەین ئێمە تەنها یاداشتێك بنێرین بۆ دەرەوەی هەرێم، یاخود بۆ دەرەوەی عیراق، یاخود بۆ وڵاتانی دراوسێ بەم سیغەیە بکرێ، بەڵکو لە هەمان کات دا ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە لە زەمینە جەماوەریەکانی خۆشمان دا چارەسەری بکەین، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە ئەگەرەکان بێنینە ئاراوە، ئێمە دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیك دا ڕۆژێك تەرخان بکەین بە ناوی ڕۆژی کەرکووك، یەعنی بۆ نموونە بتوانین فەعالیەتێکی جەماوەری دروست بکەین لەو حاڵەتەدا، چۆن بتوانین کۆ دەنگی بکەین، من دڵنیام لە ناو زەمینە جەماوەرییەکانی خۆشمان دا کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز هەیە، کۆمەڵێك ئەفکاری تەندروستی باش هەن، کە بتوانن بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم بابەتە دەوڵەمەند بکەن، بۆ ئەوەی کاتێك کە هەڵوێستێك دەرئەکرێت، هەڵوێستەکان هەموومان بە یەکەوە پشتگیری بکەین و، کاتێك کە دژایەتیش دەکەین هەموومان بەیەکەوە دژایەتی بکەین، چونکە ئەم پرسە بە بڕوای من هەموومان بەیەکەوە کۆ ئەکاتەوە، پاشان ئێمە ئەگەر گەیشتینە قەناعەتێك لە هەندێك لە حاڵەتەکان، بۆ نموونە بەیاننامەیەکمان دەرکرد، ئەم بەیاننامەیە دەرئەنجامێکی ئەوتۆمان لێ دەستنەکەوت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر چیە؟ یەعنی ئەم پرسانە، تەنها ئێمە،کێ بە دواداچوون بۆ ئەم حاڵەتانە ئەکات؟ ئەگەر بە دواداچوونمان کرد، تا چ ڕادەیەك ئەتوانین ئیش بکەین، بۆ نموونە ئێمە ئەوپەڕی توانای ئیشەکانمان دا، ئایا ئێمە ئەتوانین موقاتەعەی وەکو پەرلەمانی کوردستان بە پێی دەستووری عیراقی بۆ نموونە، پەرلەمانی کوردستان لە هەندێك حاڵەت دا بۆی هەیە ئینفازی ئەو قانونانە بکات کە لە عیراق دا دەردەچن، یەعنی ئەوانەی کە لە زیمنی صەلاحییەتی حەصری حکومەتی ئیتیحادی دا نین، بۆ نموونە لەم حاڵەتانە ئێمە تا چەندێك توانیمانە ڕێگری بکەین لە ئینفازکردنی ئەم یاسایانە لە ناو هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی تەندروستی ئەزانین، ئایا لە چ حاڵەتێك دا دەتوانین ئەم کارتە وەکو فشار بەکاربێنین؟ بێگومان هەندێك لە بەڕێزەکان ئیشارەتیان دا بە دەستووری عیراقی، ئەو لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری عیراقی ئێستا کارەکەی خۆیان تەواو کردووە لەسەر سایتی پەرلەمانی عیراقی دابەزێندراوە، من لێرەوە پێشنیاز ئەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان کە لیژنەیەك تەرخان بکرێت بۆ بە وردی دیراسەکردنی ناوەڕۆکی ئەم هەموارکردنانەی کە لە لایەن لیژنەکەوە ئامادە کراوە و موتەوەفیرە و، دەنگێکیش هەیە لە ناو ناوان دا باس ئەکات کە ئەڵێت ڕەنگە ئەگەر ئینتیخابات لە مەوعیدی خۆی دا بکرێت لە (1/16) دا، یەك ئینتیخابات نەبێت، بەڵکو هەڵبژاردنێك و دوو ڕاپرسیش بێ، ڕاپرسیەکیان بۆ ئیتیفاقیەی نێوان عیراق و ئەمریکا بێت، ڕاپرسیەکیشیان لەسەر ئەو تەعدیلانەیە کە بۆ دەستووری عیراقی دانراوە بە پێی ماددەی (142) کە ئیشارەتی پێدراوە بۆ ئەوەی کە لیژنەیەك پێك ئەهێنێ بۆ ئەو حاڵەتانە، چونکە ئەگەر دیقەتی ئەم هەموارکردنانە بدەین، ئەو پرۆژە هەموارکردنانە بدەین کە لە ناو دەستووری عیراق دایە، کۆمەڵێك بابەتی

زۆر خەتەری تیایە، ئێمە ئێستا وەکو هەندێك لەو بەڕێزانە ئاماژەیان پێ دا، بەڕاستی تاکە کارتێك بە دەستمانەوە مابێ، پابەندبوونمانە بە دەستووری عیراقییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەستووری عیراق ئەڵێ وەکو ئەوەی خەریکە ئەو بە ڕێژەییشە پێمان دەربهێندرێ لە دەستوورەکە کۆمەڵێك برگە و ماددەی تیا هەیە بە زیان لە سەرمان دا ئەشکێتەوە و، نموونەی ئەم حاڵەتانە من باسی بکەم، بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەستووری عیراقی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ، لە قۆناغی ئایندە مەجلیسی ریئاسە نامێنێت، ئەگەر ئێمە وا ئیعتیبار بکەین کوردێك پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بە پێی دیموکراتییەکی تەوافوقی بێ، یاخود بڵێین (على الأقل) لە ناو مەجلیسی ریئاسە کوردێك هەیە و، بۆ خولی ئایندەی عیراق مەجلیسی ریئاسە نامێنێت دەبێتەوە بە سەرۆکایەتی کۆمار و، پاشان ئیزافە کردنی مەجلیسی ئیتیحاد وەکو تەواوکارێك بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی، چونکە عیراق بەو ئیعتیبارەی کە دەوڵەتێکی ئیتیحادییە، مەجلیسی نوابمان هەیە، مەجلیسی ئیتیحاد، ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو برگە و ماددانە بکەین کە تایبەتن بە مەجلیسی ئیتیحاد ئەبینین، تەنها ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە کورتکردنەوە و کەمکردنەوەی فیدرالیەت و، وای لێدێت لە ئایندەیەکی نزیك دا فیدرالیەتی ئێمە دەبێتە ناوێکی بێ ناوەڕۆك، بۆیە هەڵویست وەرگرتن لەم حاڵەتەدا ئەبێت دابەش بکەین لەسەر چەند تەوەرەیەك دا، تەوەرەیەك یەعنی وەکو قەزییەکی سیاسی مامەلەی لەگەڵ بکرێت، تەوەرەیەکی تر یەعنی وەکو قەزییەیەکی دەستووری مامەلەی لەگەڵ بکرێت، تەوەرەی سێیەمیان تەوەرەیێکی زەمینە جەماوەرییەکانە کە ئێمە بتوانین ئیش بکەین، ئێمە تەنها جوهدەکانی خۆمان تەرخان بکەین لە یەك بوار دا سەیری بکەین فەرامۆشی جانبەکانی تری بکەین، ئەکرێ لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو بین، یەکسان بین، بەڵام لە قۆناغەکانی ئایندە شکستیمان بۆ بێتە ئاراوە، بە تایبەتیش ئێمە قسە لەسەر پرسێك ئەکەین کە پەیوەندی هەیە بە دەستووری عیراقییەوە، ئێمە ئەڵێین پێویستە هەموو هێزەکان لە عیراق دا بگەڕێنەوە بۆ دەستوور، ئێمە بە داخەوە یەعنی ئەو ئیشکالیەتەی کە دروست ئەبێ لە نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا و نوێنەرانی کورد لە کوردستان دا، بە تەحدید باس کردن لە ناو پەرلەمانی عیراقی و پەرلەمانی کوردستان بکەین،ئەو تەنسیق و هەماهەنگییە ئەگەر نەبێت کۆمەڵێك ئیشکالاتی گەورەمان لە ئایندە دا بۆ دروست ئەبێ، ئێمە ئەمانەوێ بە هەموو شێوەیەك پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق دا سەربخەین، بەڵام ئەوە چۆن دەتوانین سەربخەین، تاوەکو شتەکان وەکو خۆی لێی تێ نەگەین، بۆ ئەوەی بتوانین بیروڕاکانیان دەوڵەمەند بکەین، هەندێك جار بە داخەوە ڕەنگە لە ناو کوردستان دا ئەم شتانە بە غەڵەت تەفسیر بکرێ بە جانبێکی تر دا، کاتێ کە داوا بکرێ تەحدیدی بەرپرسیارێتی بکرێ لەم حاڵەتانە دا، مەبەستەکە هەموو جارێك بە جانبێکی سلبی دا نابێ بشکێنرێتەوە، بەڵکو بە جانبەکەی تریشیان دا ئێمە ئەمانەوێت ئەو بیروڕایانەی کە هەن دەوڵەمەندیان بکەین، پڕۆژەیەکی باشتریان بدەینێ، بێگومان ئەگەر دوو کەس بیر بکەنەوە باشە یاخود سێ کەس لەگەڵ یەك بیربکەنەوە، ئیزافە کردنێکی کەسێکی تر، ئیزافە کردنی بیروڕایەکی تر ئەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکان، ئەگەر ئێمە ئەتوانین بەم نەفەسە ئیش بکەین بێگومان کۆمەڵێك ئاسەواری سلبی ترمان

بـۆ دروسـت ئـەبێت و، وا تەصـەور دەكـەم بەشـێكی زۆر لـە هێـزە سیاسـیەكان لـە نـاو عیراقـیش دا یەكلابوونەتەوە لەوەی كە هەڵوێستی ئاشكرایان هەیە بەرامبەر بـە كۆمـەڵێك بابـەتی گـرنگ، بۆیـە ئێمـە دەبێ ئیتر لە ئێستاوە هەڵوێستێكی ئاشكرای خۆمان هەبێت بەرامبەر بەم حاڵەتانە، بەڵام لە هەمان كات دا ئەبێ لە ئێستاشەوە تەحدیدی بكەین كە ئیتر پەرلـەمانی كوردسـتان بەرپرسـیاریەتەكانی خـۆی بـە زیـاتر دەست پێ ئەكات، من دەستخۆشی ئەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كـە لەسـەر پرسـێكی گـرنگ و، لـە كـاتی خۆیدا كۆبوونەوەكەی بە ئـەنجام ئەگەیـەنێ، بـەڵام دەبـێ ئەمـە درێـژەی هـەبێت، بـەڵام بـە دواداچـوونیش هەبێ بە كۆبوونەوەكانی خۆمان كە بەیاننامەیەك دەرئەكەی بـۆ پشتگیری یـاخود بـۆ ئیدانـەكردن، یـاخود هـەر سـیغەیێكی تـر بـێ، ئـەبێ بـە دواداچـوون بێـت پشـت بەسـت بـەو كاردانەوانـەی كـە لـە لایـەن بەرامبەرەكانەوەیە، ئینجا بتوانین هەڵوێستی نوێی خۆمان گەڵاڵە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ڕەئیەكانی من برادەران هەموویان تەعبیریان لێ كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شڤان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز  شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو سەردەی جەنابت لە پێشەكی ئەو جەلسە دەست پێ كرد، بـاس لـە كەمینەیـەك كـرد لـەناو پەرلـەمانی عیراق، من بە هەموو میعیارێك دەبینم ئەو كەمینە كەمینەكی دەسەڵاتدارە لە پەرلەمانی عیراق دا، هەموو میعیارێك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، كە ئەو زۆرینەی دیكـەش كـە جگـە لـە كـورد، نـەك بـە دەمیـان بەڵام بە دڵیان لەگەڵن، زۆربـەی زۆرینەكـەش، بۆیـە پێمـوایە هـەر تـەنازولێك، هـەر تەسـاهولێك بەرامبـەر ئەمانە هیچیان قبوڵ نیە، تەنیا نەمانی وجودی كورد و، ئەمەش لە تاریخی ڕژێمی بـەعس، ئـەو ڕژێمانـەی كـە لەسـەر حـوكم بـوون، یـەك لـە دوای یـەك ئیسـپات بـوون نیازیـان چیە بەرامبـەر كـورد كـە هـەموو وەسیلەیەك لە پێناو نەمانیان، ئەمانەش كۆپییێكن، ئەگەر نەڵێن خۆیانن، كۆپییێكی هەمان سیاسـەتن، بۆیـە پێموایە ئەو تەساهولاتانە یان ئەو تەنازولاتانە بڵێین، لە سەرەتای، لـە دەسـتووردا بـۆ مەسـەلەی كـەركووك كراوە، زیاتر چیدیكە قبوڵ ناكرێ، بۆیە ئێمە دەستخۆشی لە نوێنەرانی كورد دەكەین لە پەرلەمانی عـیراق كـە ئـەو هەڵوێسـتەیان نووانـدووە و، پشـتگیریان لێ دەكـەین و، پێموایـە ئەگـەر هـیچ حـەلێك لـە خـاریجی دەستوور نەهاتە ئاراوە، من یەك پێشنیارم هەیـە كـە ئێمـە وەكو كـورد بـە یـەك دەنـگ سـەحب بكـەین لـە پرۆسەی هەڵبژاردن و، تەعتیلی عەمەلیەی دەستوور بكرێ و، ئەمەش بخرێتـە نـاو بەیاننامەكـە تـا ئیرشـاد

بدات كە ئۆباڵەكە لەملی ئەوانە كە قبوڵی هیچ حەلێك ناكەن، لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیارێكم هەیە، هەوڵی چارەسەری كەركووك، بەشێك لە چارەسەری كەركووك، بە چەند موئتەمەراتێكی دیبلۆماسی شەعبی، كە خودی خەڵكی كەركووك لێ خڕبكرێن لە خاریجی سیاسەت، خاریجی پەرلەمان، خاریجی بەغدا، خاریجی ئەو جیهەتانەی كە حەساسن مەسەلەن بۆ مەسەلەكە، مونەزەماتی كۆمەڵگەی مەدەنی پێ هەستن، بۆ ئەوەی ببێتە بەرچاو ڕوونیەك بۆ خەڵكی دونیاش، بۆ بەغدا، بۆ هەموو لایەك، كە خەڵكی كەركووك خۆیان، دەردەدڵی خۆیان بۆ یەكتر بكەن، بگەنە چ نەتیجەیەك خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن، ئەمە بەشێكە لە هەوڵەكانی ئێمە بۆ بەشێك لە چارەسەری، هەروەها پێشنیار دەكەم چیدیكە لە بەغدا فورسەتی زێرین لە دەست نەدەین، ئەو فورسەتانەی كە بۆ كورد دەهاتنە پێش لە بەغدا لە دەست نەدەین و، چارەسەری یان چاكسازی لە ئەدائی خۆمان لە بەغدا بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن، فەرمووو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی لە بەڕێزتان و لە سەرجەم هاوڕێكانم لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، كە هەموومان گشتگیرین، هەمووومان یەك هەڵوێستمان هەیە بە شێوەیەكی گشتی لە ختوتە عامەكان دا، سەبارەت بە پشتگیری كردن و، یاخود خەم خواردن لە كێشەی كەركووك، دیارە پەرلەمان تاكە مەرجەعە، گەورەترین مەرجەعە لە كوردستاندا، دەكرێت ئێمە بۆی بگەڕێینەوە، بەڵام لێرەدا ناكرێ ئێمە دوو هەڵوێستمان هەبێ لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان، چ بە نیسبەتی ئەحزابەكانەوە لە دەرەوە، چ بە نیسبەتی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئێمە لێرەدا هەمووومان لەسەر یەك كێشە كۆكین، كە ئەویش مەترسیەك هەیە لەسەر كەركووك و، یاخود لەسەر كێشەی كورد، هەر كێشەیەك كەوا سەیری دەكرێت و تێی دەڕوانرێت، دەكرێ ئێمە تەسنیفی بكەین و پلانی بۆ دابنێین، سەرەتا سروشتی كێشەكە چۆنە؟ دیارە وەكو بەڕێزتان لەسەرەتادا سەردێكی تاریخیتان بۆی باس كرد و، هەندێك لە هەڤاڵانیش باسیان كرد، دواتر گرفتەكان و، لەمپەرەكان و، ڕێگە چارەمان چیە ئێمە، من پێموایە سەبارەت بە كێشەی كەركووك زۆر شت كراوە، بەڵام كەم و كوڕیش هەبووە، ئەوەی كەوا دەڵێن هیچ نەكراوە و، یاخود ئێمە ئەگەر سەیرێكی مێژوو بكەین لە شۆڕشەكانی كورد دا باجێكی زۆر دراوە سەبارەت بە كێشەی كەركووك، ئەمەش نە ئەوەیە كە باسی بكەین وەكو ئەوەی بڵێین كەركووك شتێكمان بۆی كردووە، ئەگەر سەیرێكی مێژووی كورد بكەین لە ساڵی (1975) دا ئەگەر سەرۆك بارزانی لەسەر كەركووك مساوەمەی بكردبایە شۆڕشەكە هەرەسی نەدەهێنا، لە ساڵی (1984) دا ئەگەر یەكێتی نیشتمانیی كوردستان لەسەر كەركووك مساوەمەی بكردبایە مفاوەزاتەكە بە ئەنجام دەگەیشت، بۆیە دەتوانین بڵێین گەلێك شت كراوە و بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا كێشە هەیە، لەگەڵ ئەمەش دا من كۆكم لەگەڵ ڕای هەڤاڵانم لەسەرەتا دا خاتوو عەزیمە باسی لەوە كرد یەكێك لەو كێشانەی

کەوا دەستی خستە سەری، ئەویش مەسەلەی دوو ئیدارەیی بووە لە کەرکووك و، یاخود ئەو دوو بیروڕا جیاوازەبووە لەوێندەر، دەکرێ لێرەوە دەستی پێ بکەن، ئێمە لە دوو لایەنەوە کاربکەین، لایەنێك کێشەکانی خۆمان موعالەجە بکەین، کێشە ناوخۆییەکان سەبارەت بە کەرکووك بەسەری دا نەشکێتەوە، لایەنێکی تر لەگەڵ ناحەزەکانمان و دژەکانمان دا، هەروەها من پشتگیری لە ڕای هاوڕێم د. زانا دەکەم لەوەی کە دەڵێ ئێمە دەبێ کارێك بکەین چیتر فیدرالی نەبێ بە ناوێکی بێ ناوەڕۆك، ئەمانە هەمووی بیروڕای جوان بوون دەربڕدران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کەوا یەك خیتابی سیاسیمان هەبێ، ناکرێتن لە ئاست هەندێك دەنگ دا کە ئەمڕۆ هەن بێ دەنگ بین، کە دەنگێکە پێمان وا نیە لە خزمەتی کێشەی کورد دا بێ، ئێمە هەموو هەوڵ و کۆششێکمان بۆ ئەوەیە کەوا کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە یەك خیتابی سیاسی دەبێت، یەکێك لەو کێشانەی کەوا هەیە و، یاخود لەو دەنگانەی هەیە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەکرێ چ بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك، چ بۆ یەکخستنی دەنگی لایەنە سیاسیەکان کاری لەسەر بکەین ئەویش مەسەلەی ئەوەیە کە ناکرێت ئەو بیروڕایە سەر بگرێت کەوا پێیان وایە پێویستە تەفعیلی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، پارێزگاکان سەربەخۆییەکی زیاد لەحەدیان هەبێ و، یاخود ئەوەی کە قانونی موحافەزات دێتە گۆڕێ، ئەمە سەربگرێت، چونکە ئەگەر بێت و لە هەرکاتێك دا قانونی موحافەزات بێتە کایەوە لە کوردستان دا هەر پارێزگایەك دابڕدرێت ئەمە تەحصیل حاصلە کەوا کەرکووکیش نا ڕاستەوخۆ ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کەوا پێویستە کاری جددی لەسەر بکرێت، جگە لەمە خاڵێکی تر، ئێمە دەبێ ناحەزانیشمان لێرە تەسنیف بکەین، ئێمە کورد و عەرەب و تورکمان و کەمە نەتەوایەکانی تر بەیەکەوە دەژین جیایان بکەینەوە لەوەی، کێن ئەوانەی ئەو بیروڕایەیان دەربڕیوە، هەندێك لە تورکمانەکانن ئەوانەی کەوا سەر بە بەرەی تورکمانین و، هەروەها هەندێك لە عەرەبە شۆفینیەکانن، بۆیە من پێم باشە ئەو کێشەیە نەیکەین بە کێشەی کورد و عەرەب، یاخود کورد و تورکمان، هەتا دەکرێ ئێمە هێواش بین، لەسەرخۆ بین، بە زمانێکی نەرم هەڵوێستەکانمان دەربڕین، چونکە لە ڕووی یاساییەوە هەرگیز ناگونجێ ئەو بڕیارەی کەوا دەیانەوێ دەری بکەن کەرکووك لە پارێزگاکانی تر دابڕن، یاسای هەڵبژاردنەکان کە دەردەچێت سەبارەت بە هەموو عیراق دەردەچێت، سەبارەت بە سەرجەم پارێزگاکانە، ناکرێ هیچ پارێزگایەکی لێ دابڕدرێ کەوا پارێزگای کەرکووکە و، جگە لەمە ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کەوا نوێنەرانمان لە بەغدا چ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، چ لیستی یەکگرتوو، شەڕێکی زۆر قوڕسیان کردووە سەبارت بە مافەکانی کورد، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین، ئەو بەڕێزانە لە بەغدا بەردەوام سەبارەت بەو کێشانە لەسەر خەتن، چ لەگەڵ بەڕێز سەر کۆمار و، یاخود سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کەوا بەردەوام کێشەکانیان پێ گەیاندوون و کەسیان لەوانە بێ ئاگا نین، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم یەکێك ئەگەر بێتو ئێمە بەیاننامەیەك دەربکەین لێرە، خاڵی یەکەم وەکو هەڤاڵانی تریش ئیشارەتیان پێ دا، پشتگیریەکی تەواوی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی

یەکگرتوو بکرێ و، دووەمیان پەلە نەکەین لە هەندێك هەڵوێست وەرگرتن، بەوەی کەوا سەر لەو نوێنەرانەمان لە بەغدا نەشێوێنین، چونکە ئەوە مەهامی ئەوانە، ئەوە کاری ئەوانە لەوێندەر دەیکەین، بزانین ئاخۆ بە چی دەگاتەوە، جگە لە پشتگیری کردنەکە، چونکە ئەگەر بێتو بڕیارەکە لەوێ لە پەرلەمانیش دەربچێ، بێگومانم کەوا بەڕێز جەنابی مام جەلال کە سەر کۆمارە حەقی ڤیتۆ بەکاردەهێنێت، بەرامبەر بەوەی کەوا ئەو بڕیارە ڕەت ئەکرێتەوە و، یەکێکی تر لە خاڵەکان هەوڵ بدەین ئێمە ئەو مەسەلەیە تەصعید نەکرێت، زیاتر جگە لە ڕاگەیاندنەکان ژێر بە ژێریش هەوڵی دبلۆماسی بدرێت لەگەڵ لایەنەکانی تر دا و، خاڵێکی تر ئەوەیە، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین کەوا هانیان بدەین بەشداری لەو سەر ژمێریەدا بکەن، ئەو سەرژمێریەی کەوا دەکرێت لە کەرکووك دا، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە زۆرترین ڕێژەی خۆمان هەبێ، ئەو ڕێژە ڕاستەقینەیەی کەوا هەیە و، خاڵێکی تریان هانی ڕاگەیاندنەکان بدەین و، یاخود بە بەرنامەیەکی داڕێژراو دا، لە ڕێی ڕاگەیاندنەکان زیاتر کۆمەڵانی خەڵك هۆشیار بکەینەوە لەو ڕاستیانەی کەوا هەیە و، پێشنیارێکی تر دەکەم ئەگەر بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بە کەرکووك دابندرێت، ئێمە لە کوردستان دا ئەوەندەی ئاگادار بین لە زانکۆکان دا دەیان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، دەیان توێژینەوەی زانستی تر سەبارەت بە کەرکووك لەسەرجەم لایەنەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی نووسراون، ئەوانە دەکرێت لێرە دا زیاتر کۆبکرێنەوە و، چاپ بکرێن و، وەربگێردرێنە سەر زمانەکانی تر بۆ ئەوەی هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەش ئاگاداری کێشەی کەرکووك بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە من قسەم کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار زکیة صالح، فەرمووو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان. برئیامن ئەوە ئەڤرۆکە ئەم تبینین ئاکامێ کومەکا یاهوکارێت دەرەکی یت عیراق یت کوردستان و هەر وەسا خودێ کەرکوکێ کو ئەڤرۆکە ئەم ئەنجامێت وێ تبینین، ژ بەر هندێ ژیك هندەك ژڤانا قابلی چارە سەرێ ێنە وپێتڤێت پەرلەمانێ کوردستانێ ئەڤرۆکە هزر هندێ بکەینەڤە ومیکانزمەکێ بو بینین کو هندەك ژ ڤان هوکارێت بوین یان فاکتەرێت بوینە ئەگەرێ هندێ وکو ئەڤرۆکە بریارێت وسا بهێنە دانێ، ئەم ڕێکا چارەسەریی بۆ ببینڤە و میکانیزمەکی بۆ ببینمەڤەوە، ئەڤجا

دروست كرنا ليژنەكى بێت لە پەرلەمانێ كوردستانێ بە يان هەر رێگاكى تر بيتن، لێ ئەوە ئەڤرۆكە ئەم رونشتينە برئيا من بەرڤانى كرنا ژ مافێ هاوولاتى بوونە پێكهاتيەت كەركووكێ، ژ بەر هندێ ژ بێت ئەم پێداگريەت لسەر ڤى مافێ بكەين و هەلۆيستا مەژى دگەل هەلۆيستا نوێنەرێيت كوردستانى لە ئەنجومەنى نوێنەرێن عيراقى بێتن، كو براستى جهێ دەست خوشيە ئەڤ ماوەيەى چوو تايبەت بۆ دەرخستنا ياسا هەلبژاردنان ئەنجومەنێ نوێنەران لەعيراقێ هەولێت جدييەت داينێ كەتينە شەرو شوڤێ دگەل وان و ئەم ژیپشتگيرا وان دكەين و دەست خۆشيە لێ دكەين، ژ بەرهەندێ ژى ئەڤرۆكە رۆنيشتنا مە بۆ پشتگيرى كردنێيە ئەز دبينم بەهرا پتر بيتن، ژ بلێ هندێ ژى لسەر ئاستێ كوردستانێ ئەم رێكەكا ئن ميكانيزمەكە بدڤينيننەوە بۆ پشتگيريا جەماوەريا ژ بۆ نێنەرێت مە لە ئەنجومەنى نيشتمانى عيراقێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، هەر بۆ ئاگادارى ئێوەى بەڕێز، كاك د. ئەرسەلان لەگەلٚ بەغدا پەيوەندى كرد، ديارە جەلسەى پەرلەمانى عيراق، ئەنجومەنى نوێنەران ئيلغا بووە، نەيانكردووە، قەراريان داوە قيادەى سياسى لەو بوارەوە بڕيار بدات، بەدلٚنياييەوە من پێتان ئەلێم قيادەى سياسى كوردستان گوێ لە ئێوە دەگرێ، زۆر سوپاس، ڕێزدار بەيان احمد، فەرموو.

**بەڕێز بەيان أحمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

براو خوشكێت بەڕێز، ڕاستى مامۆستا يەعنى سياسێ وە دكەين بۆ ڤێ دانيشتنێ تايبەتمەندى ئەم لسەر كێشا كەركيكێ و هەلبژاردنا بۆ مەجلسا نوێنەرێن عيراقێ ئەم بەحس بكەين، بەلێ بەڕاستى دبێتە ئەز دبێژم و بەڕاستى دبێژم ئەم تەخيرين، مەتەئەخيرين بەڕاستى لە تشتێت خۆ دا، چنكێ دڤێت ئەمە هەندە شت هەبن، مەخوتە و نەخشە و تشت هەبن ئەم كارێ لەسەر بكەين، ئەز دبێژم دەسەلاتا سياسيا كوردى تۆزەكێ سارد بوو لە تەعامولا وێ دگەل ڤێ كێشێ دا، هەمى گاڤا ئەم محاولەت دكەين لە مەوقفا ديفاعێ داينە، خەلكانى تر محاولات دكەن دتشتا خۆ دا تەرحێ خۆ دكاتن وەكو كورد لە مەوقفێ ديفاعێ دا بەڕاستى ژى تەعامول ردود ئەفعالا بكەين تشتەكى نەيێ جانە، ئەڤرۆكە بەڕاستى يەعنى ئەم ڤێتن موبادەرات هەبيت، چونكە ئەم خودان قەزيەينە، قەزيا مە كەركيكە و ئەم هەمى تەئكيدى لەسەر بكەين، كو دڤێت چارەسەريەكا عاديلانە بۆ ڤێ قەزيە بێتە كرن و بەداخەوە دڤێتن مە موبادەرات هەبن، تشت هەبن رۆئيايەكا وازح مە هەبيتن بۆ ڤێ چەندێ، وجودا مە لبەغدايێ ڕاستە دڤێتن مە دەستكەڤتيەت هەين، دەستكەڤتێت هەر سەرۆكاتيا عيراقێ مە گەلەك دەستكەڤتێت هەى، وجودا هەيە وازحە بەڕاستى بەس دبێ ئەم پرسيارە لخۆ بكەين نە بۆ نوكەك و ئەم جهێ گلەيى و گازاندى بيتن، بەلكى ئەم بۆ سبەهى و دوو سبە و بۆ پاشەڕۆژێ ئەم ڤان نوقتا چارەسەريا بكەين و ئەم دووبارە نەكەينەڤەوە، براستى مە ئيستيسمارەكا باش بۆ وجودا خۆ كريا، ئەنا ئەڤە پرسيارەكە پێشكەشى وان خيشك و برايا كولوەرێ شول بكەن، ئەڤرۆكە ئەم سەح كەينێ چ بۆ هەلبژاردنێت بەغدا بێتن، چ بۆ كێشا كەركيكێ بێتين، بەڕاستى

ئەگەر ئەم سەح کەینێ ئەڤرۆ زەمانێ تەحالفاتانە و ئەگەر ئەم سەح کەینە عیراقێ، گۆڕەپانێ عیراقێ، گەلەك تەحالوفاتی مەزن کرنێ، ئەرێ ئەم لڤێرێ وەکو سەرکرداتیا سیاسیا کوردی مە چ کریە؟ یەعنی مە چ کریا ئەز دبێژم حەتا نوکە چ موبادەرات نەهاتینە کرنێ، مەوقفێ مە چ بیتن بڕاستی؟ لەوما یەعنی ئەڤرۆکە فکرا قەومی و فکرا مەزهەبی دەوری خۆی نەمایە لە عیراقێ و بۆ هەڵبژاردنێت پاشەرۆژێ کو دئێنە کرنێ، بەڵکی هەندێ تشتێت دی ئەولەویاتێت ترێ هەین، ئەرێ ئێمە وەکی میللەتێت کورد چ ئەولەویاتمان هەنە، چ پێنگاڤ و چ تشتێت وازح و روئیایەکا جوان مە هەیە؟ ئەڤە جهێ ئێرەیە کە ئەڤروکە تەئکیدێ لەسەر بکەین و، ئەم لڤێ کۆمبوونا پیرۆز ئەم تشتەکی باش و جوان ئەم دەرکەڤین، بڕاستی ئەژی هەر دەنگێ خۆ دێهێنە دگەل دەنگێ خوشك و برایەت مەدا کو تەحەروکەکا دبلۆماسیا باش بێتە کرنێ چ لیجان بێنە تەشکیل کرنێ، چ یاداشت نامە بێنە کرنێ، ئەڤە نوقتەکا گەلەکە فرە، بەلێ بەری هنگێ ژی تەئکیدێ لهەندێ دکەم کو موتاڵەبەیەکیش دکەم ژ هەمی لایەن و هێزێت سیاسیێ هەرێما کوردستانێ کو بڕاستی ئەم کۆنفرانسەك بێتە کرنێ ڕێکخستنا مالا کوردی، ڕاستە بیروبۆچونێت جدایەت هەین، بەڵێ ئەم وەکی مە گوتێ لبەغدا ئەولەویەتێت خۆیەت هەین، ئەرێ مە لڤێرێ چ ئەولەویات هەن، دڤێتن چەند ئیتیفاقێت لەسەر بکەین، میساق شەرەفەکە دناڤ دا هەیت لهەمی لایەنەدا بێتە مۆر کرنێ، بەلکو فعلەن ئەم یەك مەوقفێ جوان و تاریخی دەرکەڤین و،گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فاضل حسن، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم کێشەیە، تەنها کێشە نیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق، بەڵام ئەم کێشەیەی ئەوە کە زیاتر تایبەتە ئەوەی بە کەرکوك لە ئەنجامی ئەوەی کە ماددەی (140) جێبەجێ نەکرا یاخود دواخرا و، دیاریش نیە یەعنی سەقفە، زەمەنیەکەی کەی جێبەجێ دەبێ ئەمە من پێموایە کە هەرئەم کێشەیە نابێ، ئەم کێشەیەش چارەسەر بێ، کێشەی تری بەدوا دادێ، بۆیە گرنگە ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە ماددەی (140) جێبەجێ بکرێ، با سەقف زەمەنییەکی بۆ دیاری بکرێ، نە ئەوەبێ زۆر زوو بێ بڵێین ناکرێ و، نە ئەوەندە دووریش بێ هەر نەکرێ، سەبارەت بە پشتگیری ئێمە بۆ نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمانی عیراق، دیارە پێویستە نەك هەر ئێمە، هەموو خەڵکی کوردستانیش پشتیوانیان لێ بکات و، ئێمە هەر پشتیوانی ئەوانیشین، بەڵام دیارە کاری ئێمە تەنها هەر پشتیوانی نیە، پێویستە ڕەخنەش لە کەم وکورپیەکانیان بگیرێ، یەعنی ڕاستە ئێستا بۆ ئەم هەڵوێستەیان ئێمە پشتیوانیان لێ دەکەین، پشتگیریان لێ دەکەین، دەستخۆشانەیان لێ دەکەین، بەڵام بەڕاستی هەم ئەدایەکەیان وەکو پێویست نەبووە لە زۆر مەسەلەی تر درەنگ بە جواب هاتن، تاخیر بوون، یان بێ دەنگ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش درەنگ نیە، زووە، یەعنی باشە ئەگەر هەر لەسەر ئەو ئاستە بەردەوام بن، کێشەیەکی تر هەیە

لەم مەسەلەیە، ئەوەیە کە هەر ئەوە نیە کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمان هەڵوێستیان هەبێ، ئێمە کێشەیەکی تریشمان ئەوەیە، کە وەکو ئەوەی کە ئێستا باسی ئەو پەیوەندیەت کرد لەگەڵ بەغدا، زۆر جاران ئێمە هەڵوێست وەردەگیرێ لەسەر مەسەلەیەك هەتا دەگاتە ئەوەی کە خەڵکیش بەشداری ئەو هەڵوێستە دەکا، بەڵام دواتر لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی سیاسی کێشەکەی ئێمە زەرەری تێدا دەکەین، یەعنی مساوەمەی تێدا دەکرێ، یان بەشێکی زۆر لە حەقەکانمان دەخورێ، بۆیە گرنگە کە ئەم مەسەلانە زیاتر پێداگری لەسەر بکرێ، بە شێوەی یاسایی بەرگری لە مافەکانی خۆمان بکەین، نەك بە ڕێککەوتنێکی سیاسی، بەشێك لە مافەکانمان پشت گوێ دەخرێ، دوادەخرێ، کەم دەکرێتەوە، کە ئەمە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و، من پێشنیارەك دەکەم بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی عیراق، کە میکانزمێك هەبێ بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو گفتوگۆیانە هەبێت، چونکە نەك هەر ئەوە بێت کە ئەوان شتێکیان کرد، دوور بە دووری ئێمە پشتگیری و پشتیوانیان لێ بکەین، یان دوور بە دووری ڕەخنە لە هەندێك شتیان بگرین، لەوانەیە زۆرجار دیقەتیشی تێدا نەبێ لە مەسەلەکە، یەعنی هەر ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەگەر لە نزیکەوەش ئەو میکانیزمە هەبێت زۆرباشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەو سەردا جەنابت ژ بۆ مەزلومیەتا کەرکوکێ پێشکەش کری و ئەو دیکۆمێنتا کو ئەڤرۆکە لە هۆڵێ پەرلەمانێ هاتیە پێشکەش کرن دیار بیتن باشترین بەلگەیە دوژمن و ناحەزێت کورد چ دڤێتن، میللەتێ کورد بۆ پاراستنا جوغرافیا خۆ، بۆ پاراستنا ئاخا خۆ قوربانیەت گەلەك مەزن داین، هەروەکی کاك د.سەروەری بەحس کری، ئەگەر بارزانی نەمر مساوەمەی لسەر کەرکوکێ کردبا شۆرشا ئەیلولێ تووشی نەکسە نەدەبوو، بەر هەندێ ئەز دگەڵ هەڤاڵێت خۆ پشتەڤانیا لە هەڵوێستێ برایەت خۆ لە پەرلەمانێ عیراقێت دکەم، چ وەکو لیستا هاوپەیمانیا کوردستانی، چ وەکو یەکگرتووا ئیسلامی کوردستانی، بەڕاستی دەست خۆشیەت لێ دکەین و پشتەڤانیا لێ دکەین، پێشنیارەکا دی ئەگەر بێتو هەڵبژاردن لسەرتاسەری عیراقێ بێنە کرن ئەم دگەل دانینە کەرکووك بێتە ئیستیسنا کرن، چونکە ئەگەر حالەت بۆ کەرکووکێ بێتە دانان، ئەز دبیژم بەغدا و موسڵ و سەلاحەدین و دیالەش هیچ جوداییەك نیە دگەل کەرکوکێ، ئەوانیش گەلەك پێکهاتەیەت دناڤ دان، ئەڤ حاڵەتە برەئیا من کەرکووك نەیەتە ئیستسنا کرن، دوو: ئەز پێشنیار دکەم هیچ حالەتێت ئیستسنای تر دیسان بۆ کەرکووکێ نەیەتە کرن دڤێ هەڵبژاردنێ دا، چونکە بڕاستی مەراما ناحەز و نەیارێت مە گەلەکا دیارە بەرامبەر هەڵبژاردنی، بە تایبەتی ئەڤێ مەوزوعێ لسەر کەرکوکێ هەندە باس کرن، پێشنیارا دی مای کە ئەز دبێژم، چونکی هەڤاڵێت مە گەلەك ئاخافتن کرن و

گەلەك پێشنیار كرن، من دبێژم ئەوان پێشكەش كرن، ئەز دبێژم رۆلا راگەیاندنێ پێویستە گەلەكی كاریگەر بیت لەڤ قۆناغێ دا، چونكی براستی مەسەلا كەركوكێ مەسەلەكا گەلەكا گرنگ وحەساسە و چارەنڤیس سازە میللەتی كوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار محمد أحمد، فەرموو.

**بەڕێز محمد أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، ئەم هەڵبژاردنەی ئایندەی پەرلەمانی عیراقی، عیراق ئەگۆڕێ لە ڕووی، یان جارێكی دی دارشتنەوەی عیراقی یان دروستكردنی عیراق لەڕووی سیاسی، دبلۆماسی، ئیداری، لە ڕووی قەراراتی سیاسیەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەكەم، یا داواكارم ئەوە لە هەموو لایەنە سیاسیەكان بەبێ بیركردنەوەی جیاواز، بەبێ ڕای جیاواز، بەبێ ڕەنگی جیاواز، هەموومان یەك هەڵوێست بین لە بەغدا بۆ بەدەست هێنانی مافەكانی كورد، بۆ بەدەست هێنانی كورسیەكانی پەرلەمانی عیراق و، بۆ ئەو پۆستە سیادیانەی كە بەری كورد دەكەوێ پێشنیاری ئەوەم هەیە، بۆ مەسەلەی كەركووك دیارە برادەرەكانم پێشتر ئاماژەیان ئەدا، هەمیشە نوقتەی خیلاڤ بەینی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد و حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عیراق، كە بەداخەوە دەستێكی شۆڤێنی باڵا دەست بووە تیایدا، كەركووك بووە و، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆرمان د اوە، بەداخەوە ئێستاش دەیڵێم هەمان شۆڤینیەتی عەرەب جارێكی دیكە لە عیراقی تازە دا، جارێكی دیكە ئەیەوێتەوە لەسەر مەسەلەی كەركووك و ئەو شتانە جارێكی دیكە دووبارە دەبێت، بۆیە منیش ڕەئی خۆم ئەخەمە پاڵ ئەو برادەرانەم، كە پێشتر قسەیان كرد، كە هیچ جۆرە سازشێك لەسەر كەركووك نەكرێ، نەك لە هەڵبژاردن، بەڵكو بۆ گەرانەوەشی بۆ سەر كوردستان لە ڕووی هەموو سیاسیەكانەوە، ئەو شتانەی كە بۆ كەركووك داواكراوە، یان داواكاری میللەتی كوردە لە شۆڕشە یەك لە دوای یەكەكانەوە كە قوربانی دراوە و سازشی لەسەر نەكرێ ئەمە یەك، دووەم: وەكو ئەوەی كە كاك د. زانا ئیشارەتی پێدا، لە پاڵ ئەو خۆ ئامادەكارییە، بۆنەیەكی جەماوەری كە بكرێ من داواكارم ئەوەیە كە لە ڕووی ئیعلامیشەوە ئەم فەترانە چی ئیعلامی حیزبەكان، چی میدیای ئەهلیە، دەور و تەئسیرێكمان هەبێ كە ئەمە بیكەن بە قسەی ڕۆژ و بیخەنە سەر جادە بۆ ئەوەی هەموو كۆمەڵانی خەڵك ئاگادار بێ لە بیركردنەوەی ئەوانەی كە لە بەغدا، كە ئێستا كار بەدەستن، كە دەسەڵاتیان بە دەستە، ئەیانەوێ ئایندەی عیراق چۆن دابڕێژنەوە؟ چۆن جارێكی دیكە كورد یان كەركووك نەهێڵن بگەڕێتەوە سەر كوردستان و ئەمانە؟ ئەوەش پێشنیارێكمە، پێشنیارێكی دیكەشم ئەوەیە، حەقە سەركردایەتی سیاسی كورد بەڕاستی كە لەگەڵ دۆستەكان دا كە دائەنیشێ، كە لەگەڵ هاوپەیمانەكان كە لە بەغدا دائەنیشێت، چیتر جیددی لەسەر مەسەلە سیاسیەكان باس بكرێت، هەندێ عەواتیف و یان هەندێ سازش و ئەوانە نەكرێت بۆ ئاینده، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برادەران زۆر شتیان باس كرد كە من مەبەستم بوو بیڵێم، بۆیە من ئیكتیفا بەم چەند خاڵە دەكەم، سەرەتا سوپاس بۆ سازدانی ئەو كۆبوونەوەیە چونكە لەسەر بابەتێكی گرنگ و پیرۆزە بەحەقیقەت، دوو: من قەناعەتم وایە كە سەركردایەتی

سیاسی کوردستان، لەشەڕی دەستووری هەمیشەیی عیراق تا ئەندازەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆیە داکۆکی لەسەر جێبەجێ کردنی دەستوور وەکو خۆی پێویستە و، ئەمە کارتێکی بەهێز و مەقبوولە، چونکە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی دەنگی لەسەر دراوە، سێ: حەق وایە بە صەراحەت بەو لایەنانە بوترێ کە ئەم جۆرە هەڵوێستە خراپەیان هەیە لەسەر مافەکانی گەلەکەمان، کە درێژە پێدەری سیاسەتی پێشووی دکتاتۆریەت و شۆڤینیەتن، یان ئەبێ ئیعتیراف بکەن کە ئەوان تەبەنی سیاسەتی صدام و بەعس و دکتاتۆریەت دەکەن، یان دەبێ بە پرۆسە دیموکراسیەکە بەسیستەمی دیموکراسی و فیدرالی عیراق ڕازی بن، چونکە ئەمە کێشەیە، ئەگەر دونیا وا تێبگا کورد ئێستا لەگەڵ سیستەمێکی دیموکراسی شەڕ دەکات، یان موعاریزە، ڕووبەڕووی سیستەمێکی دیموکراسی فیدرالی بۆتەوە، ئەبێ یەك لا بکرێتەوە، کە ئەوان سیستەمێکی دیموکراسی نین بۆ ئەوەی ئێمەش دۆست ولایەنگر و دەنگی دەرەکیشمان زیاتر پاڵپشت بێ، هەروەها بە ڕەئی من مەوزووعی کەرکووك تەنها کێشەیەك نیە لە نێوان کورد و عەرەب، بەڵکو دەوڵەتە ئیقلیمیەکانیش تێدا تەرەفن، هەر بۆیەش پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر ئەم ئەساسە خۆی ئامادە بکات و ڕووبەڕووبونەوەی کێشەی کەرکووك و دیفاع کردن لێی لەسەر ئەم ئەساسە بێ، یەعنی بەم چاوەوە سەیر بکا، خاڵی کۆتاییشم پێشنیارە لە ئەوەی کە فەرقێکی زەمەنی دابنرێ بۆ ڕاپرسی لەسەر پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە من وای بۆ دەچم پەسندکردنی ئەم دەستوورە دەبێتە هێزێکی تر بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ چارەسەری کێشەکانیشمان لەگەڵ بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فاضل بەشارەتی، فەرموو.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەستخۆشی لەم دانیشتنە دەکەم کە بەڕاستی زۆر بەلامەوە پیرۆزە، چونکە باس لە مەسەلەی کەرکووك دەکرێ و باس لە چارەنووسی کەرکووك دەکرێ، بەڕاستی من وەکو بۆچوونی خۆم داواکارم سەرکردایەتی سیاسی کورد، پەرلەمانی کوردستان چیتر چاوەڕوانی لوتف و مەرحەمەتی شۆڤینیەتی عەرەب نەکەین لە دەسەڵاتی ناوەندی، چونکە لەو کاتەوەی عیراق دەوڵەتە هەتا وەکو ئێستا کورد تووشی گەورەترین ڕووبەڕووبونەوەی کێش مەکێشی سیاسی و نەتەوەیی بووە لەسەر مەسەلەی جوغرافیای کوردستان و بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی کەرکووك، ئەو بۆچوونانەی کە لەسەرەتای دەوڵەتی عێراقەوە لەسەر مەسەلەی کەرکووك هەیە لە ناو شۆڤینیەتی عەرەب، پێموانیە ئێستاکە هیچ گۆڕانکاریەکی بچووکیشی بەسەردا هاتبێ، لەسەردەمی صدامی دکتاتۆر گەلی کوردستان تەنها لەسەر کەرکووك ئەویش ئیتیفاقی سیاسی هەبوو کەوا کورد و بارزانی نەمر ڕازی نەبوون بە تەقسیم کردنی کەرکووك، کەوا لەگەڵیان ئیتیفاق بکەین، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتی ناوەندییەی کە باس لە دیموکراتیەت و باس لە هاوبەشی دەسەڵات لەگەڵ ئێمە دەکەن، پێموایە ئەو هاوبەش و ئەو دەسەڵات و دەوڵەتی دیموکراتیەت تەنها سەرکردایەتی سیاسی کورد و، خەڵکی کوردستان و، پەرلەمانی کوردستان باسی لێ دەکەین، بۆیە هیوادارم ئێمە چیتر زەمەنەکانی خۆمان نەکوژین و سیاسەتی خۆ خەڵەتاندن و میللەت خەڵەتاندن پەیڕەو نەکەین، پیادە نەکەین، بۆیە داواکارم بڕیارێکی چارەنووسساز لەسەر مەسەلەی کەرکووك، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر کەرکووك بدرێ، چونکە زۆر لە برادەران، لە ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز باسیان لەوە کرد کەوا ئێمە پێشنیارێك یان بەڕاستی بە بڕوای من، وەختی ئەوە نەماوە خەڵکی کوردستان پێشنیار و شەکوا بە ناوەندی بەغدا یان بە جامیعەی عەرەبی بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدا، چونکە هەموو نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو سەر ئەرز زۆر بە باشی قەزییەی ئێمە لە کەرکووك، لە کوردستان زۆر بەگەورەتر و زیاترە لە کێشەی قودس کە (22) دەوڵەتی عەرەبی پشتگیری لە دەوڵەتی فەلەستین دەکەن، بەڵام بەڕاستی ئەوە زوڵمێکە ئێمە لە خۆمانی دەکەین کە چاوەڕێی مەرحەمەتی شۆڤینیەتی عەرەب بین لە بەغدا و لە شۆڤینیەتی عەرەب بە گشتی، کەوا ئەوان مەرحەمەت بکەن و چی لەسەر کەرکووك، ساڵی ڕابردوو دیمان مەسەلە کەرکووك نەبوو گەورەترین

لەشکرکێشی دەسەڵاتی ناوەندی عیراق لە مەنتیقەی خانەقین و قەرەتەپە و سەعدیە و مەندەلی بۆ سەر کوردستان کرا، ئەوەبوو سەرکردایەتی سیاسی کورد بە گشتی هەڵوێستێکی مەردانە نیشان درا و، بەڕاستیەکەی لەو پلانەدا سەرکەوتوو نەبوو ن، بۆیە ئێستاش من داوا دەکەم چۆن هەڵوێستێکی توندمان لەسەر مەسەلەی خانەقین نیشاندا، لەسەر مەسەلەی کەرکووکیش کەوا یەك نەتەوەمان لە پێناویدا قوربانی داوە، بڕیارێکی سیاسیانەی چارەنووسازی یەکلاکەرەوە لەسەر مەسەلەی کەرکووك بدەین، چیتر چاوەڕێی مەرحەمەت و لوتفی شۆڤینیەتی عەرەب نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر نورەدینی، فەرموو.**

**بەڕێز عمر حمد أمین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی باش و لە جێگای خۆی بوو، بە تایبەتی قسەکردنە لەسەر هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان، هەم سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن کە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە لە عیراق، هەمیش لە ناویدا مەسەلەی کەرکووکە، دیسان ئەویش خاوەن بایەخێکی ستراتیجیە، لەیەك گۆشە نیگاوە سەیری بایەخی ستراتیجی مەسەلەی کەرکووك و ئەو ناوچانە بکەین، کە پێیان ئەو ترێ ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، لە دەوڵەتی فیدراڵدا هەر گۆڕانکارییەك بێتە ئاراوە، بە ئاراستەی ئەوەی کە نەخشەی سیاسی ئەم دەوڵەتە هەڵبوەشێتەوە بەرەو کۆنفیدرالی بوون، یان بەرەو ئەوە دەچێ کە ببێتە چەند دەوڵەتێك، نموونەش (یوغسلافیا)، لەوێدا سنووری هەرێمی فیدراڵ لەگەڵ هەر وەرچەرخانێك دا دەبێت بە سنووری دەوڵەت و ئەو قەوارە سیاسیەی کە لە داهاتوودا دروست دەبێ، بۆیە ئا لێرەدایە کە مەسەلەی کەرکووك لەبەرئەوەی مەسەلەی خاکە، مەسەلەی سنوورە لەگەڵ ناوچەکانی تر بایەخێکی ستراتیجی هەیە، سەبارەت بەوەی لە ڕابردوودا کە لە ئەدای سەرکردایەتی سیاسی کورد دا، چۆن بووە؟ چۆن نەبووە؟ بەڕەئی من دەبێ ئێمە چۆن سەیری ئەدای سیاسی کورد بکەین لە ڕابردوودا؟ ڕەبتی نەکەین تەنها بە هەل و مەرجی ناوخۆی کوردستانەوە، ڕەبتی نەکەین تەنها بە موتەغەیرات و فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو ئەزمەی کەرکووك یان ناوچەکانی کە کێشەیان لەسەرە بۆتەپرسێکی ئیقلیمی نێودەوڵەتی، کۆمەڵێك فاکتەر، کۆمەڵێك هێز، کۆمەڵێك لایەنی تر لە نا ئەو پرۆسەیەدا ئامادەییان هەیە، کە زۆرجار قەرار دان لەسەر پرسەکە دەکەوێتە سەرەوەی دەسەڵاتی تۆ، دەکەوێتە سەرەوەی ئیرادەی تۆ، سەبارەت بە بەیاننامەکە، جگە لەوەی کە نواندن و جێگیرکردنی پشتگیریکردن بێ لە نوێنەرانی ئێمە لە پەرلەمانی عیراقدا، کە باس لەوە دەکرێ پرۆسەکە دوانەکەوێ، باسی ئەوەش بکرێ بۆ دوا نەکەوێ، واتا کە ئێمە دەڵێین لەگەڵ ئەوە نین کە پرۆسەی هەڵبژاردن کە لە عیراقدا دوا نەکەوێ، لە ناو بەیاننامەکە دا سەرنجی لایەنەکان بۆ ئەوە ڕابکێشێ کە ئەگەر دوا بکەوێ ئەمە بۆ سەر ئایندەی عیراق، بۆ سەر سیستەمی سیاسی دیموکراتی فیدراڵی لە ئایندەی عیراقدا مەترسی هەیە، یەکێك لە مەترسیەکان ئەوەیە، کە قەیرانی ڕەوایەتی و شەرعیەت دروست دەکا بۆ دەسەڵاتی سیاسی، مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئایندەدا، سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووکیش کە ئیستیسنا نەکرێ و وەزعێکی خاصی پێ نەدرێ، دیسان باسی ئەوە بکەین کە بۆ پێی نەدرێ، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ دەستوور، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ مەبدەئی تەعەدودییەت، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ تەوافوق، واتا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە ئێمە بۆ لەگەڵ ئەوە نین کەرکووك دوا بخرێ، سەبارەت بە ئایندە، سەبارەت بە هەڵوێستی ئایندەی هەرێمی کوردستان، هەم بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەڕەئی من ئاماژەش بەوە بدرێ کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان دا هەموومان یەك هەڵوێستمان هەبێ، یەکگرتوویەکی سیاسی هەبێ، ئەم یەکگرتووە سیاسیە، دەکرێ هەم لە چوارچێوەی یەك لیستی دابێ، دەکرێ هەم لە چوارچێوەی فرەلیستی دابێ، لەبەر کەمی کات دەرفەتی ئەوەم نیە کە چۆن لە حاڵەتی یەك لیستی بێ؟ چۆن لە حاڵەتی فرەلیستی دا، دەکرێ ئێمە یەکگرتوویی سیاسیمان هەبێ؟ بەڵام بۆ ئەم حاڵەتە دا من تکام لە ئەوەیە کە دەکرێ ئێمە مافمان هەیە، با بە شێوەیەکی ئینفیعالیانە قسە بکەین، بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە قسە

بکەین، بە تایبەتی لە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، لە پرسە ستراتیجیەکانی وەکو مەسەلەی کەرکووك، بەڵام لە حاڵەتی قەراردان دا بەڕاستی دەبێ ئێمە دوو شت بکەین، یەکەمیان ڕەئی و بیرو بۆچوون و ڕەفتاری سیاسیمان ببەینە دەرەوەی حیزبی سیاسی، هەروەها لەسەر بنەمای عەقلانیەتی سیاسی لە دەرەوەی ئینفیعالیەت و هەست و سۆز، ئێمە هەوڵ بدەین بڕیار بدەین، بۆیە لە ئێستادا ئێمە بەو بەیاننامەیە ئیکتیفا بکەین، هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان ڕوون بکەینەوە، مەوزووعەکە زۆر لەوە زیاتر ئاڵۆز نەکەین، سەبارەت بە مەسەلەیەکی تری ئایندە کە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموو ئەم پرسانە هەوڵ بدا کۆنفرانسێك ئامادە بکات، کۆنفرانسێك هەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بەشداری تێدا بکەن، هەم خەڵکی موختەص و پسپۆر بانگ بکرێ، لە چەند ڕۆژێکدا هەوڵ بێ لەسەر ئەمانە، هەمووی ساغ بکرێتە وە، هەڵوێستێکی زانستیانە و بابەتیانە و سیاسیانە و واقیع بینانەی لەسەر بنیات بنرێ، یەکێك لەوانە مەسەلەی ئایندەی تەوافوقە، وەکو ئاماژەی پێدرا، لە داهاتوودا ڤیتۆی سەرۆکایەتیمان نامێنێ، یەکێك لە بنەماکانی تەوافوقی بریتیە لەوەی کە لایەنەکان لە پرۆسەی سیاسی و مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی ڤیتۆی موتەبادیلیان هەیە، بە نموونە لە بەلجیکا، لە ناو پەرلەمانی بەلجیکا دا لایەنەکان، هەر لایەنەکان وەکو ئێمە بڵێین هەم لە هەرێمی کوردستان، هەم لە دەرکردنی بڕیار لە ناو پەرلەمان دا، مەسەلەکە بە زۆرینە و کەمینە نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڤیتۆی موتەبادەل و تەوافوقە، چۆن؟ لەسەر هەر پرسێك پەیوەندی بە چارەنووسی ستراتیجی ئەو هەرێمەیە، ئەو لایەنە هەبێ، ئەو لایەنە مافی ڤیتۆی هەیە، هەموو لایەنەکانیش مافی ڤیتۆیان هەیە، بۆیە لە بەرامبەر یەکتری دا پێش ئەوەی پرۆژە یاسایەك هەبێ، یان پرۆژە قەرارێك هەبێ، هەموو لایەنەکان دەبێ لەسەری ڕێك بکەون، ئینجا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و دەخرێتە بەردەم پەرلەمانەوە، پێشنیارەکەی ترم ئەوەیە کە جەخت لەسەر مەسەلەی ئەو کۆنفرانسە دەکەم کە لە ناویشیدا باس لەو مەسەلەیە بکرێ ئایندەی ماددەی (140)، ئایندەی کەرکووك و ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، لە داهاتوودا لە ڕووی مەسەلەی سیاسیەوە و، لە ڕووی یاساییەوە و، لە ڕووی دەستوورییەوە، لە ڕووی جەماوەرییەوە، ئێمە چۆن تەعامولی لەگەڵ بکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك عمر هەورامی، فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا، سەرکردایەتی کورد و کورد لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو بەڵگەنامەی مێژووی جوگرافیانەی کە هەبوون، کوردستانی بوونی کەرکووکیان سەلماند، بەڵام ئێمە بە تەرحی ماددەی (58)ی قانونی ئیدارەی دەولە، (140)ی دەستووری عیراق ڕازی بووین، ئەم دەستوورە ماف و ئەرکی هەموو هاووڵاتیانی عیراق وەکو یەك تەماشا دەکات و، یەکسانی دا هەموومان، ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئەو هەڵوێستەمان نواندووە، بەو جۆرەش مامەڵە دەکەین کە دیموکراتیانە، دەستووریانە لەگەڵ هەموو لایەن و سەرکردە سیاسیەکانی نیە و گۆڕەپانی سیاسی عیراق مامەڵە ئەکەین، بەڵام بەردەوام ڕووبەڕوو مامەڵە لەگەڵ عەقلیەتێك دەکەین کە ئەوی تر قبوڵ ناکات، کە کورد و کۆمەڵێك لە قەومیاتی ترە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم، لەو بەیاننامەی کە دەرئەکرێت بە هەمان زمان قسە بکرێت بەوەی کە ئەگەر کەرکووك ئیستیسنا بکرێ، ئەوە هەر بڕیارێك کە کورد دەیدا، هەر بڕیارێك کە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم دەیدا، ئەو لایەنە تەحەمولی دەکەن کە بەربەست دەبن لە**

بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو شارەکانی عیراق وەکو یەك و، هەموو ئەو دامەزرانـە نێودەوڵەتیـە و هەرێمیانەی کە متەواجیدن لە جیهاندا، نەتەوە یەکگرتووەکان، جامیعەی عەرەبی و دەوڵەتانی دراوسێ و، نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی کەوا ئێستا لە عیراق تەواجودیان هەیە، ئەوانە بەرپرس دەبن لە بەرامبەر هەر بڕیارێك کە دەدرێ و، دواتر ئەو بڕیارەی کە درا، کاریگەرییەکەی کە لەسەر مەسەلەی عیراق دەبێت و، لەسەر ئاسایشی عیراق و ناوچەکە و جیهان بە گشتی دەبێ، تەنها کورد بە تەنیا تەحەمولی ناکات، هەموو ئەو لایەنانە تەحەمولی دەکەن، بۆیە پێویست دەکات قانونیانە و دەستووریانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بکرێت، هەروەکو لە هەموو ئەو برگە و ماددانـە کـەوا هەن لـە دەسـتووری عیراقـی و، لەگـەڵ قـانونی هەڵبژاردنی پێشووی عیراق، هەموو هاووڵاتیانی عیراق بەیەك چاو تەماشا دەکرێن و ، هەمووشیان یەك مافیان هەیە لەوەی کەوا یەکسانن لە کاتی دەنگدان و لەکاتی خۆپاڵاوتنیش دا، بۆیە ناکرێت هاووڵاتیـەکی کەرکووکی جیا بکرێتەوە لە هاووڵاتیەکی بەغدا، بەنیسبەت کەرکووکەوە بۆ کورد، بۆ کوردستانیان، کەرکووك هێڵی سوورە، بگرە پیرۆزتر لەهەموو ئەو شارانەی لە عێراق وجودیان هەیە بەنیسبەت کوردەوە، بۆیە دەکرێت لە بەیاننامەکە ئاماژە بەوە بکرێت، من پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم کەوا دروست کردنی لیژنەیەك تایبەت بە ماددەی 140 بکرێتە بەرنامەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی کەوا هەر لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و دروست بوونی حکومەتی نوێی عێراق ئەم لیژنەیە تایبەت بەدواداچوونی هەبێت و رای پەرلەمانی کوردستان و هەموو نوێنەرانی کورد بگەیەنێت بە دەوڵەتی ئیتیحادی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار ئارام قادر.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیلغا کردنی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی عێراق، بێگومان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا کێشەی کەرکووك تەنها کێشەیەکی یاسایی و دەستووری نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیشە، کێشە سیاسیەکە تەنیا لەچوارچێوەی ناوخۆی عێراقدا نەماوەتەوە، بەڵکو دەوڵەتە ئیقلیمیەکانیش پرۆژەو قسەی خۆیانیان هەیە، ئێمە بەتەنها ئەمڕۆ یاداشتنامەیەك، یاخود هەڵوێستێك، یاخود بە بەیاننامەیەك ئەم کێشەیە کۆتایی نایەیت، بەڵکو بە پێویستیەکی هەنووکەیی دەزانین، لیژنەیەکی بەدواداچوون هەبێت بۆ دۆزی کەرکووك، چونکە ئەگەر بێتو هەڵبژاردنی کەرکووکیش کۆتایی پێ بێت لە رووی قانونیەوە ئیستیحقاقی دەستووریمان هەر دەمێنێت سەبارەت بە کەرکووك، لەبەر ئەوە بوونی ئەو لیژنەیە لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی مێژوویی و یاساییە بەنیسبەت پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها سەبارەت بەوەی کەوا پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی هەبێت پێشنیار دەکەم بەوەی کەوا کۆنفرانسێك بگیرێت هەموو لایەنە سیاسیەکان، هەروەها هەموو رێکخراوە مەدەنیەکان تێدا کۆ ببێتەوە وەکو پشتیوانیەك بۆ دۆزی کەرکووك و خەڵکی کەرکووك، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە مەسەلەی کەرکووکەوە، چونکە ئەگەری زۆری هەیە کە نەخشەی سیاسی لە عێراقدا بگۆڕێت لە پاش ئەم هەڵبژاردنانە، لەبەر ئەوە چۆنیەتی بەشداری کردنی لیستە کوردییەکان بۆ ئایندەی هەڵبژاردنی ئەمجارە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کەوا کۆنفرانسێك بگیرێت ئەندام

پەرلەمانیش تیایدا بەشدار بن، لایەنە سیاسیەکان، هەروەها رۆشنبیران، بۆ ئەوەی کەوا میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەشداری بوون لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بکرێت، چونکە لەوێدا ئێمە دەتوانین، واتا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئەوەی ئێمە بتوانین مافەکانی خۆمان لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار بلال سلێمان فەرمووو.**

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت پرسی کەرکووك پرسێکی گرنگە، هەم لە رووی جوگرافی، هەم لە رووی ئیقتیصادی، هەر ئەوەشە وای کردووە کە کۆمەڵێك خەڵکی تەماعکار تەماع بکەن لە کەرکووك، ئێمەش وەکو میللەتی کوردو ئەو خەڵکە رەسەنەی کە لە کەرکووك دەژین، من پێموایە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئیقتیصادی، یان مەسەلەیەکی جوگرافی نەبێت، وەکو جوگرافی سیاسی، ئەهمیەتی سیاسی، وەکو ئەوە وایە ئەهمیەتی کەرکووك بۆ ئێمە بەڕاستی کەرکووك کوردستانەو ولاتی کوردانەو ئەو خەڵکەی کە تێدا دەژین خەڵکی رەسەنی کوردانە، ئەوانیش هەر لە زیمنی خەڵکی کەرکووکدان، بۆیە بەڕاستی من پێموایە ئەهمیەتدان بە کەرکووك ئەهمیەتێکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، وەکو ئەهمیەتدانە بە هەر بستێکی خاکی ئەو هەرێمە، بۆیە پێویستە ئێمە بەخۆمان دابێینەوە لەوەی کەوا بۆ خەڵکی کەرکووك، هەندێك لە خەڵکی رەسەنی کەرکووکیش ئێمە بۆ بیشارینەوە، هەندێك لە خەڵکی رەسەنی کەرکووکیش لەوانەیە گلەییان لە ئێمە هەبێت، بۆ ئێمە بە خۆمان دانەچینەوە لەو گلەییانەی کە لێمان دەکرێت، بابزانین ئایا ئەوان لەسەر حەقن؟ یان ئێمە؟ بۆ بەدواداچوونی لەسەر نەکرێت، من پێموایە هەروەکو لەو بەڕێزانەی کە ئەندامانی پەرلەمانیش باسیان کرد دوو ئیدارەیی لە کەرکووك لەوانەیە بەشێك بێت لەو گرفتانەی کە دروست بووە لە کەرکووك، بۆ پێداچوونەوە نەکرێت؟ دەست نەخەینە سەر ئەو خالانەی کە گرفتن بۆ ئێمە، بۆتە هۆکار کە گرفتمان بۆ دروست ببێت، من پێموایە بەڕاستی ئێمە دەبێت هاوکار بین لەگەڵ ئەو بەڕێزانەو ئەو کەسانەی کە لە کەرکووکن، کە خەڵکی رەسەنی کەرکووکن لە غەیری کورد، عەرەبە، تورکمانە، ئاشوورییە، هەرچی هەیە لەوێ، ئێمە بەڕاستی پێویستە دەست بەسەریان دابێنین و هاوکاریان بین و دڵیان رابگرین و کارێك بکەین نەیەڵین خەڵکی دەرەکی دەست بخاتە ناو کەرکووك، چونکە خەڵکی دەرەکی لە رێی ئەوانەوە دەتوانن دەست بخەنە ناو کەرکووك و کێشە بۆ ئێمە دروست بکات بەوەش ئەوە دەکرێت، کە ئێمە هاوکاریان بین، بۆ ئەوەی بتوانین رێگریان لێ بکەین، من بۆ ئەو مەسەلەیەش پێشنیار دەکەم ئەو هەڵبژاردنەی کە باس دەکرێت کەرکووك ئیستیسنای تیا بکرێت، بەشێوەیەك لەو شێوانەی کە باس دەکرێت چەند شێوەیەکە، من پێموایە ئێمە نابێت بە هیچ شێوەیەك موساوەمە لەسەر ئەوە بکەین، وەکو خەڵکی کوردستان، موساوەمە کردن لەسەر کەرکووك موساوەمە کردنە لەسەر هەموو هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر بگاتە موقاتەعە کردنی ئینتیخاباتیش بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئێمە موقاتەعەی ئینتیخابات بکەین، بەشداری لە ئینتیخاباتی عێراقدا نەکەین، ئەگەر بگاتە ئەوەی کە حیساب بۆ رەئیەکانمان نەکرێت، من پێموایە بەڕاستی وەکو کاك شێروانیش باسی کرد، بەڕاستی ئەمریکیەکان پێویستە گلەییان لێ بکرێت، چونکە ئەوان بەڕاستی پشتیوانی لە ئێمە ناکەن لە ماددەی 140 و بە پێچەوانەشەوە ئەو لێدوانانەی کە زۆر جار دەیبیستین لێیانەوە، ئەوە دەگەیەنێت بەشێوەیەکی غەیر موباشر هەڵوەشاندنەوەی ماددەی 140 دەڵێن با ئیتیفاقیات بکرێت و با تەوافوق بێت و کۆمەڵێك لەو شتانەی کە باس دەکرێن، بۆ پشتیوانی کردن لەو بەڕێزانەی لە ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراق و ئەوانەش کە هاوکارن لەگەڵمان، من پێموایە بەڕاستی هەر بەو بەیاننامەیە کۆتایی نەهێنین، یان بۆ پشتیوانی کردن شتێکی باشە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیار دەکەم کە

ڕێپێوان بکرێت لە هەموو کوردستاندا، ئەو ڕێپێوانە ڕێپێوانێکی هێمنانە بێت، بۆ پشتیوانی کردن لە قەزیەی کەرکوک و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، کە زۆر بە دڵسۆزی بیرو بۆچوونی خۆتان نیشاندا دەربارەی ئەو کێشە گرنگەی نەتەوەکەمان، کێشەیەکی حەقە، بە تەئکید دروستە، هەندێك پرسیار هەبوو پێویستە وەڵام بدەینەوە، یەك/ لەوەی کە باسی لیستی یەکگرتوو نەکرا، زۆر ڕاستە، ئێمە کە باسی بەغدا دەکەین، باسی هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەین لە هەموو لیستەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێ کار دەکەن، ئیشارەت بەوە درا کە کار نەکراوە، بە تەئکید کار کراوە، بەڵام تەقصیریشی هەبووە، ناتوانین بڵێین هەموو شتێك لەو پەڕی باشی بووە، ئەگەر لەو پەڕی باشی بوایە ئێستا کێشەمان نەدەبوو، بەڵام ئەسبابیش هەبووە، ئەسبابی زۆر قورس و گەورە هەبووە، بەڕێزێك ئیشارەی بەوەدا کە دەبوو سەردێك بکەین کە چیمان کردووە؟ زۆر بە سوپاسەوە ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، من خۆم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوك بووم لە هەڵبژاردنی 2005 هەڵوێستمان وەرگرت، داوامان کرد کە کوردستان بەشداری نەکات لە هیچ هەڵبژاردنێك، لەبەر ئەوەی ماددەی (58) کرا، پاشان بوو بە ماددەی (140)، ئێمە مەشکوك بووین لەوەی کە نیەت ساف بێت، دەمانزانی موڕاوەغە دەکرێت و نایانەوێت ئەو ماددەیە دروست بێت و زۆر موحاوەلات کرا، لەم پەرلەمانە لە خولی یەکەم ئێمە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك من و کاك دکتۆر ڕزگارو کاك محەمەد کەمال هاتین ئامادە بووین، ڕێزدار مام جەلال و ڕێزدار سەرۆك بارزانی و بەرپرسی گشت لایەنە سیاسیەکان و وەزیرەکانی ئەمریکاو سەفیرەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان هەمووی لێرە حازر بوون، ئەیاد عەلاوی نامەو کیتابی بۆ ڕێزدار مام جەلال نووسی بوو، کە تەعاهود دەداتن پێشتر ئەم مەسەلەیە جێ بەجێ دەکاتن ئیشەکەی نەکرد، نیگرۆپۆنتیس سەفیری ئەمریکا لە عێراق نامەی نووسیوە، ئێستاش هەیە کە دەڵێت ئێمە وەعد دەدەینە قیادەی سیاسی کوردستان، کە ئەو مەسەلانە چارەسەر دەکەین نەیکردووە، ئەدوارد تاپڵن سەفیری بەریتانیا بوو لە عێراق بە هەمان شێوە نامەی بۆ هەردوو ڕێزدار مام جەلال و کاك مەسعود نووسیوە، کە ئەو ماددەیە دەربارەی کەرکوك دراوە پەیمانتان پێ دەدەین کە جێ بەجێ بکرێت و مادده دەستووریەکان جێگیر بێت، هەمووی وەعود بووەو دراوە، هەتاکو لێرە من خۆم هەڵستام گوتم ئەگەر نەکرا چی دەکەین؟ داوام لە پەرلەمانی خولی یەکەم کرد نەماندەزانی ڕۆژێك دێت ئێمە دێینە ئێرە، چونکە نیەتی ئێرەمان نەبووە، ئێمە دەمانویست لە کەرکوك وەکو پێشمەرگەیەك، وەکو ئەندامێك، وەکو کادیرێك لەوێ خزمەت بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشەو زوڵمانەی لەسەریەتی، لایبدەین، داوام لە پەرلەمانی خولی یەکەم کرد ئەگەر نەیانکرد هەڵوێستتان هەبێت، هەمووی بە کۆی دەنگ ئەو مەوقیفە، یان ئەو هەڵوێستەیە نیشان بدات، کە هەڵوێستان هەبێ ئەگەر جێ بەجێ نەکرێت، زۆر بە جددی هەوڵ دراوە، یەعنی زۆر ڕێزدار لە دڵسۆزییەوە من ئیحتیرامم بۆ هەر یەکێك لە ئێوە هەیە، دەزانم خۆشم لە جێی ئێوە بووم لە وەختێك ئەوەی لەناو مەوزعەکەو لەناو موناقەشاتی سیاسی نەبێت تەوەقوع دەکاتن ڕەنگە قیادەی سیاسی کوردستان هەوڵی**

نەدابێت و موحاوەلەی نەکرد بێت، یان کەم تەرخەمی کرد بێت، بەڵام لە هەموو مەجالێکی سیاسی، لە مستەوای بەرزو تا خوارەوە یەکێك لە نوقتەکان لە شوێنە کێشەدارەکانە، لەناو شوێنە کێشەدارەکانیش شاری کەرکووکە، بەردەوام باس دەکرێت و پاداگرتنێکی زۆر بەهێز لەلایەن شەخصی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعودەوەیە، یەعنی بەسەراحەت زۆر وازیحەو بۆ هەمووشتان روونە، هەروەها لە 22/تەمموز ئەو بڕیارە وەرگیرا ڕێزدار مام جەلال رەفزی کردەوە، یەعنی نەیانهێشت ئەوە ببێتە یاساو ئەو دەورانە هەیە، ئەو موحاوەلاتانە هەبووە، لە بیدایەت زۆر ئاسان بوو، بەڵام نیەت ساف نەبوو، ئەگەر نیەت ساف بوایە ریفراندۆمێك دەبوو، چەند هەڵبژاردن و ئیستیفتا کرا لە عێراق لە زوروفێکی زۆر زەحمەت لەگشت عێراق، بۆ نەتوانرێت ریفراندۆمێك لە مەنتیقەیەکی مەحدود بکرێت، لە ئەساسەوە نیەت ساف نەبووەو محاوەلەی موڕاوەغە هەیە، بۆ ئەوەی کورد بە مروری زەمەن بخەڵەتێنرێت واز لە حەقەکەی بهێنێتن، ئەمەش موستەحیلە و مومکین نییەو کەرکووکیش وەکو خۆتان فەرمووتان خەتێکی سوورە، بۆ ئەوەی تەنازولی لێ بکرێت، من بە دڵنیاییەوە بە ئەمانەتەوە پێتان دەڵێم کە مومکین نییە موساوەمە لەسەر کەرکووك و شوێنەکانی تری کێشەدار بکرێت وەکو ئەو ئەفکاری رژێمی بەعسی رابردوو و شۆڤێنی و هەندێك بەکرێگرتەی دەرەکی هەوڵ دەدەن کە وەزعەکە ئاڵۆز بکەن، دیمستۆرا هات لێرە دانیشت لە پێش پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەم من جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووم وەعدیدا گوتی لە شەش مانگ ئێمە جێ بەجێی دەکەین، نوێنەری سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە لێرە وەعدتت پێ دەدات لە پێش پەرلەمان، لە پێش دنیا، دوایی ئیشەکە ناکات، دوایی مەجموعەیەك پرۆپۆزەلی پێشکەش کرد، کە هەمووی کوشتنی وەقت بوو، لێرە باس کرا، بۆیە دەچمە سەر یەکێك لەوە، پرۆپۆزەلێك، مەشروعێکی هێنا بوو کە کەرکووك کورد بۆ کورد دەنگ بدات، عەرەب بۆ عەرەب، تورکمان بۆ تورکمان، کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەنی و یەعنی بەو ناوە مەسیحی بۆ یەك قائیمە دەنگ بدەن، ئێمە رەفزمان کرد، پێمان گوتن ئەمە عونصوریەتە، کەرکووك عەوائیل تێکەڵە، کوردو تورکمان و هەیە باوکی کوردە خێزانەکەی تورکمانە، یان کچەکەی بە عەرەبێك شووی کردووە، ئەمە مەسەلەیەکی عونصریەت و ناتوانین بیکەیتەوە، ناتوانین ئەم عائیلانە تەمزیق بکەین، ئەمە لە چ تاریخێك، لە قانونێك و لە کوێی دنیا بووە؟ مەشروعێکی تریان هێنا ئەنجومەنی کەرکووك دە کورد بێت، دە عەرەب بێت، دە تورکمان بێت، چوار مەسیحی بێت، ئێمە ئەوەشمان رەفز کرد زۆر بە توندیش لەسەری وەستاین، گوتمان ئەمە، یەکەم/ ماددەی چواردە لە دەستووری عێراق دەڵێت "خەڵکی عێراق یەکسانە رەنگی، قەومی، باری کۆمەڵایەتی هەرچی بێت یەکسانە" تۆ بەم قانونەی جەنابت، ئەگەر کوردێك بیەوێت ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، دەبێت (31200) دەنگ بێنێت، ئەگەر تورکمانێك بیەوێت دەبێت هەشت هەزار دەنگ بێنێت، ئەگەر عەرەبێك بیەوێت دەبێت (6325) دەنگ بێنێت لەسەر ئەو ئیحصائیانەی کە لەبەردەستمانە، گوتمان ئەم قورسایی و سووکی و وەسەتی لە چ دیموکراسیەتێکی دنیادا هەیە؟ پێمان گوت دەڕۆین لە سوید نەدوە دەکەین، چونکە خۆی سویدییە، ژنەکەی دایکی ئیتالییە، خێزانەکەی فەرەنسیە، گوتمان ئێوە

ئەمەتان بۆ ئێمە ناردووە، فەرموون چ دیموکراسیەتێکمان فێر دەکات، ئەمە لە چ شوێنێك هەیە ڕەفزمان کرد، ئینجا لیژنەی بەدواداچوونی 140 لە پەرلەمانی کوردستان من سەرپەرشتیم دەکرد بە وەفدی ڕەسمی لە پەرلەمانی ئەورووپی لەناو قاعەی پەرلەمانی ئەورووپی نەدوەمان کردووە ئەو حەقائیقەی لەسەر کەرکووك هەیە بە تاریخەوە ڕۆیی، ئەم خەریتەی ئێستا لە سلایتەکە نیشان درا لەوێ نیشانماندا، جەرائیمی بەعس کە چی کردووە بە فلیم نیشانماندا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی بەلجیکی ڕجای کرد نیوەی بینی بوو گوتی تەحەمولم نەما ناتوانم ئەو تاوانانەی دژی ئێوە کراوە بە عەمەلی، من بە فلیمیش ناتوانم ببینم، سۆزان شەهابیش یەکێك بوو لە ئەندامەکانی وەفد لەگەڵمان بوو لەو سەفەرە بەچاوی خۆی بینی، لە پەرلەمانی نەرویج بە هەمان شێوە ڕوون کردنەوەمان لە مستەوای بەرز بۆ کردووە لەناو کۆنگرێسی ئەمریکی، لەناو قاعەی کۆنگرێسی ئەمریکی ماددەی 140 من خۆم نەدوە هەمان نەدوەمان بۆ کرد، هەموو ئەو سیاسیانەی سیاسی و عەسکەری و شەخصیاتی ئەکادیمی لەوێ بوون بەکۆی دەنگ تەئیدی مەوزوعەکەیان کرد، یەعنی موحاوەلات هەیە، بەڵام عەرقەلەش هەیە، ئەوە نییە هەموو لەماڵی خۆی دانیشت بێت ئێستاو شەو و ڕۆژیش ئێمە ئیش دەکەین، ئێستا وەفدێکی ئەمریکی لێرەیە پێرێ من بینیم، دوێنێ هەموو قیادەی سیاسی کوردستانی بینیوە، سبەی ئێواریش لە جێگایەکی تر من دەبیننەوە هەموو موحاوەلاتیان بۆ ئەوەیە تەوافوقێك بکەن، بەڵام موستەحیلە ئێمە لە ماددەی 140 نایەینە خوارەوە، ماددەی 140 ماددەیەکی دەستوورییە 80٪ خەڵکی عێراق دەنگی بۆداوە، کە دەڵێت تەوافوق، تەوافوقیش لەوێ بووە، ئەتراقی سیاسی تەوافوقی کردووەو دراوەتە خەڵکی عێراق، خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوە، ئەوەی لێ دەرچووە دەبێت ئێستا جێ بەجێ بکرێت، کە جێ بەجێ ناکرێت ئەفکاری شۆڤینی کۆنەپەرستی دژ بە نەتەوەکەمان هەیە، ڕاستە دەنگێکی ئەقلیەتە لەناو پەرلەمان، بەڵام بە عام ئەکسەریەتیش پشتیوانی لێ دەکەن، کە دێتە ئیمزا کۆ کردنەوە، ئیمزایەکی زۆر کۆ دەکەنەوە، بەڵام لە بەغدا بەبێ کورد ناتوانن ئیش بکەن، بەبێ کوردستان ناتوانێ، تەوافوقێکە، کورد هەیە، شیعە هەیە، سوننە هەیە، ئەمانە دەبێت دەوریان هەبێت، ئێمە دەورمان هەبوو بۆ ئەوەی کۆتا بۆ برا مەسیحیەکان هەبێت، یەعنی هەتاکو گوتمان باشە مادام کورد وەکو قەومەکانی تری لێ بێت، ئەی مەسیحیەکان بۆ وا بچووك دەکەنەوەو تەهمیشیان دەکەن، بە چ قانونێك؟ بە چ حەقێك؟ بە چ مافێك؟ یەعنی ئەمە ئەفکارێکی عونصرییە قەبولی ناکەین، پاشان ئینسانیەکەی کورد دەدەن بە لیستێکی عەرەب دەدا، عەرەب دەدات بە لیستێکی تورکمان دەدات، یان بە عەکسەوە، ئێوە بۆچی ئەم ئەفکاری عونصریەت لەبەینمان دەچێنن، تاکو ئێمە هەر ڕۆژێك چەقۆمان بەرامبەر هەڵگرتبێ و ئەو شتانە هەمووی گوتراوە، بۆ نموونە بەنیسبەت مەسەلەی فرە بازنەیی باس کرا، فرە بازنەیی ئێمە کە دەڵێین یەك بازنە بێت، بۆ ئەوەی دەنگەکانمان نەفەوتێ، ئێمە نەتەوەیەکین ژمارەمان کەمترە لە خەڵکی تر لە عێراق، کورد لە بەغدا هەیە، لە بەسرە هەیە، لە شوێنەکانی تر هەیە، ئەگەر فرە بازنە بێت دەفەوتێ، بەڵام عیلاجمان بۆ ئەوەش دۆزیتەوە، دەتوانین فرە بازنەییش بێت، بەڵام مەقاعیدی تەعویزی بە عەدەدێکی موناسب، بۆیە ئەو لایەنەی کە دەنگەکانی کەم

دەمێنێت دەتوانێت مەجموعەیەك مەقاعیدی تەعویزی بۆ دابنرێت چارەسەر بکرێتن، کراوەو داخراو، ئێمە هەڵوێستمان هەبوو، بۆ ئەوەی ماڤی ئافرەت نەخورێت، ئەو 25%ی کە ڕێژەییان هەیە لە دەستی نەدەن، دیارە ئێستا ئیجماعێك هەیە لە بەغدا، ئەگەر گەیشتە ئەوەی هەموو عەرقەلەکە ئەوە بێتن وا دەزانم زۆر موشکیلە نابێت، بۆ ئێمەش موشکیلە نابێت، ئێمە بەنیسبەت قەوائیمی خۆمان وا حیساب دەکەین ئەو خوشکانەی لە لیستەکاندا بن مافیان بزر نەبێ و نیسبەتێکی مەعقولیان لەلیستەکان هەبێت، بەنیسبەت لیستی تەحالوفی کوردستانی و یەکگرتوو هەردوولا جێگای ڕێزن، زۆر بە باشی و بە تەنسیقێکی باش کار دەکەن لە بەغدا، یەك هەڵوێستن، ئەوەش نموونەی دڵسۆزی و پیرۆزییە، من کە باسی بەغدا دەکەم مەبەستم هەموویان بوو، سوپاسیش بۆ ئەو برادەرەی کە ئەو مولاحەزەی نیشاندا، ئێمە تەفسیرێکی گەورەمان هەیە، زۆر زۆر ڕاستە، زۆر لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان ئیشارەتیان پێ کرد، ئێمە نەمانتوانیوە شەرم نییە بیڵێم، حەقیقەتی قەزیەکەی خۆمان وا لێ بکەین ئەوانی بەخۆیان لە دیموکراسیەتی حەقیقەتەکە، نەمانتوانیوە ئێستا باسی قانون دەکرێت، باسی دەستوور دەکرێت، ئێمە لەگەڵ قانونەکەین، لەگەڵ دەستوورەکەین، لەگەڵ حەقی ماڤی مرۆڤین، لەگەڵ شەرعیەتین، لەگەڵ پێکەوە ژیان و دیموکراسی و فیدراڵیەتین، ئەوەی شۆڤینیە، ئەوەی دژی دەستوورە، ئەوەی دژی قانونەکەیە، خەریکە ئەو ببێتە خاوەن حەق و ببێتە تاوانبار، تەفسیر لێرەیە، تەفسیرمان هەیە، تەفسیرەکەمان لێرەیە، ڕاستە ئەسبابی هەیە، بەلام موفەسیرین لەو نوقتەیە، وابزانم کاك شێروان ئیشارەی بەو نوقتەیە کرد، زۆر زۆر دروستە، نەتوانراوە حەقیانیەتی کێشەکانمان بە خەڵکی تر بە باشی بگەیەنین، مەسەلەی هەندێك مەسئوول بە حەقیقەت داوای لێبوردنتان لێ دەکەم دەمەوێت بەرچاو کەمێك ڕوونتر بێت، بۆیە دەمەوێت هەندێك نوقات تەوزیح بکەم، چونکە من شەو و ڕۆژ لەناو ئەو مەوزوعانەم، بەتایبەت مەوزوعی شوێنە کێشەدارەکان لە ئەیاد سامەڕائیەوە بگرە هێشتا سەرۆکی ئەنجومەن نەبووە، لەگەڵ تارق هاشمی، لەگەڵ هەر بەرپرسێکی تری ناو عێراق چ بە تەلەفۆن، چ بە نامە، چ بە دیتن یەکمان بینیوەو لەسەر ئەو مەوزوعە کارمان کردووە، چ وەکو گروپ، وەکو تیم کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە چەند جار چووینە بەغدا لەگەڵ یوئین دانیشتین، لەگەڵ ئەمریکیەکان، لەگەڵ موفەوەزیە، لەگەڵ زۆر بەرپرسی تر دانیشتووینە من شەخصی لەگەڵ کاك دکتۆر محەمەد ئیحسان و لەگەڵ تارق هاشمی دانیشتووین دوو قسە، قسەیەکت پێ دەکات و لەگەڵت دەیکات دەچێتە شتێکی تر، دەچێتە ناو پەرلەمانێکی تر، جەعفەری هاتە ئێرە لە پێش ئەم پەرلەمانە، نەك لەناو جەلسەی ڕەسمی لە پێش سەرۆکایەتی قسەیەکی زۆر گەورەی کرد، هەتاکو باسی ئەوەی کرد گوتی ئەگەر بۆ خۆتان دەوڵەتێکتان هەبێت بۆ نا، گوتمان وەرە ماددەی 140 موافەقەت بکە، ئێمە مەمنونت دەبین، بەلام ئەوە ناکات دەڵێت عەرقەلە هەیە، مەسەلەی جنوب هەیە، دەبێت لە کەربەلاو نەجەف و ئەمانەش نازانم چی بکرێتن، ئەوە نا، یەعنی شتی گەورەتر کە تۆ تووشی موشکیلە بکات، گوتمان تۆ وەرە جارێك ئەوەمان بۆ چارەسەر بکە، ئینجا بڕۆ باسی مەوزوعی ترمان بۆ بکە، شتێکی خۆشت پێ دەڵێن، تارق هاشمی بە منی گوت مەسەلەی 140 ئێوە ناتانەوێ، گوتم من بۆ ئەوە

هاتووم، بۆ ئەوە هاتوومە باسی بکەین، فەرموو ئەوە منم، ئەوە کاك دکتۆر محەمەد ئیحسانە، فەرموو با بچین بەیانی قەراری لێ بدەن، گوتی (هذا یکلف کثیر) یەعنی قسە دەکەن، قسەتان بۆ دەکەن، قسەی خۆش، بەڵام کە دێتە سەر سەنگی مەحەك پاشگەز دەبنەوەو نایکەن رەئیەکی تر دەدەن، 22/تەمموز مام جەلال نەبوایە قانونەکەیان دەرباز دەکرد، بەڵام قانونیان دەرباز کرد بوایە لێرە هەڵوێستمان دەبوو، لە کوردستان هەڵوێستمان دەبوو، هەڵوێستێکی جەماوەری گەورە، کە لە کەرکووکەوە دەستی پێ کرد، چەند شەهیدماندا، هەولێر، سلێمانی، دهۆك، زاخۆ، هەڵەبجە، گشت شوێنەکانی تری عێراق، ئێمە دەتوانین خەڵك تەحریك بکەین، بەڵام تەحریکەکە تاخیر بووە، سەبەبی هەبووە، من لەگەڵتانم دەبێت ئێمە داوا بکەین بڵێین قیادەی سیاسی کوردستان ئەمە رەئی پەرلەمانی کوردستانە، ئەی ئەمریکا، ئەی ئینگلیز، ئەی هەموو شوێنێك، ئەوە حەقی ئێمەیە فەرموون، بەڕێزێك پێشنیاری کرد لیژنە تەشکیل بکەین لەگەڵ فلان و فلان ناتبینن، یەعنی هەر بە سەراحەت پێتان بڵێم وا ئاسانیش نییە، بۆیە کە دێتە سەر هەندێك مەسائیلی گرنگ، دەچنە بابی پرۆتۆکۆلەوە، دەبێت بچیت وا بکەیت زۆر شت کراوە، زۆر هەوڵ دراوە، نالێم هەموو شتێکی پێرفێکتمان کردووە، بەڵام باوەڕ بکەن موحاوەلەی زۆر کراوە فەرقیش هەیە، لە بەغدا، لە شوێنە کێشەدارەکان، لەناو پەرلەمانی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش هەندێك زۆر هەوڵی داوە، هەندێك رەنگە یان لە بابی نەزانینەوە بێتن، یان زۆر لە لای گرنگ نەبێتن، یەعنی هەوڵەکان نەوەستانە، لە هەندێك جێ مونەحەنیەکە لە قومەیە، لە هەندێك جێ لە خوارەوەیە، لە هەندێك جێگا وەستە، بەس دەبێت ئەوە چاك بکەین و بێ تەنسیقیەکیش هەبوو، بێ تەنسیقیەك لە بەینی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و لایەنی سیاسی و هەندێك جار من خۆم دڵم پێیان دەسووتا لە موحیتێکی زۆر ناخۆش، وەکو ئەوەی چوو بێتە بەغدا دەزانێت وەکو لەناو سەنگەری شەڕ بێتن، بەڕەڵلاً کرا بێت، باك گراوندێکی بەقوەتیان نییە، خەڵکێك لە پشتیانەوە نییە بە دیکۆمێنت و بە وەسیقە رێگا نیشان بدات، هەندێکیشیان مەبەستیان نەبووە، هەندێکیشی کردوویەتی و هەوڵی داوە تاوەکو بان سەری هەوڵی داوە، لەوێ شەهیدیشمان داوە، بە دەیان پەرلەمانتارمان شەهید رۆییە، ئەویش بەدوای ئیشەوە بوو، هەروەها بە بەلاش نەیانکوشت، کە زانیان موئەسیرە لێیانداو کوشتیان و جەنازەکەیان بۆمان لە جادە فڕێ دا، کاتمان بە دەستەوە نەماوە، کاتمان بە دەستەوەیە هەتاکو ئێستا راستە تاخیر بووە، بەڵام سەیر دەکەن هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو پێش دەڕوات، کێشەی ناوخۆمان هەبوو نەما ئەلحەمدولله، دوو ئیدارە بووین، بووینەوە یەك، دوو میزانیە بووین، بووینەوە یەك، معارەزەمان نەبوو، ئەلحەمدولله ئێستا موعارەزەیەکی رێك و پێکمان هەیە، من زۆر دڵم پێ خۆشە، چونکە ئەگەر هەبێتن وا دەکات ئەوانی تر باشتر کار بکەن و زیاتر بەخۆدا بچنەوە، ئەوەش جێگەی خۆشیە، بەڵام موعارەزەیەك کە بۆ خزمەتی هەرێمەکەو کوردستان و بۆ پێشخستنی ئیشەکان بێتن، نەك هەر شتێکی سپی بێت، بڵێ رەشە، رەش بێت بڵێ سپیە، من هەتاکو ئێستا ئەو قەناعەتەم هەیە کە ئەو موعارەزەیە ئیجابیەو زۆریش لە بەرژەوەندی پەرلەمان و حکومەتەکەمان دەبێت، محاوەلە بکەین کورسیەکان زیاد بێت، کورسی پەرلەمانی

عێراق دەبێت دیراسەتێکی دەقیق بکرێت و رەئیەکی قانونی بدرێت لە (275)ەوە بکرێتە (311)، لەمە بۆ موسڵ (1600000) کەسیان زیاد کردووە، کەروێشکیش بێت ئەوەندە بەچکە ناکات بە چوار ساڵ، یەعنی زۆر زۆر غەریبە ئەو قانونییە، بەلاّم ئەوەی تۆ کە داوای دەکەیت و دەوری خۆت هەبێت و ئینتیخاباتێکی دەقیق بکەیت و بەشدار بیت لێت قەبول ناکەن، بەڕێزان، ئیشارەتیان پێ کرد با هەموو دنیا بێت لیژنەی تەقصی حەقائیق بێتن بزانێت ئەوە کەسێك خەڵکی کەرکووکی نەبێت بە ئەسڵ، دیکۆمێنتی نەبێت با لایبدەن، بەلاّم نەك بۆ تەنها کەرکووك، بۆ مووسڵیش، بۆ دیالەش، بۆ شوێنەکانی تری عێراقیش ئێمە بەسەرچاو، بەلاّم ئیستیسنای کەرکووك ئێمە بە هیچ شێوەیەك قەبولی ناکەین، چەند دەتوانین تەئسیریمان هەبێت، ئەگەر یەك هەڵوێست بین ناتوانن تەئیسریمان لێ بکەن، ئەمڕۆ زۆر پیرۆزە یەك هەڵوێست دەبینم، بۆچوونەکان هەر یەکە بە شێوەیەکە، زۆر زۆر ئیجابیە، یەك هەڵوێستین بەرامبەر ناوچە کێشەدارەکان، بەرامبەر کەرکووك، بەرامبەر پشتیوانی برایەکانمان، خوشکەکانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوە چەند رۆژە هەڵوێستیان وەرگرتووە، لەبەر تەئسیری ئەوان بوو، ئەمڕۆ، دوێنێ، پێرێ نەگەیشتنە ئەنجام، ئەمڕۆ تەئجیلیان کردووە، ئێمەش پشتیوانیانین، بەلاّم هەڵوێستەکەمان دەبێت زۆر زۆر وازیح بێت، زۆر روون بێت لە روانگەی ئەم قسانەی ئێوەی بەڕێز کردتان، ئێمە دەستە بەندی دەکەین، تەحالوفات بکرێت، کاکە وەڵلاّهی تەحالوفاتمان کردووە، حزب نەماوە لەناو عێراق لێرە نەیهێنین و هیچ خزمەتێك نەماوە نەیکەین بۆ ئێرە، چووینەتە لایان هەتا بەسرە، نەجەف، بەغدا، مووسڵ، رومادی، هێنراون و بردراون بە تاك و بە کۆمەڵ، هەندێك شت هەیە نامەوێتن باسی بکەم، چ شت کراوە، وەعدتت پێ دەدەن دەچن دوایی شتێکی تر دەکەن، یەعنی نازانی موصداقیەت زۆر کەم بووە، یەعنی موشکیلە لێرەیە، موصداقیەت و وەفاو ئەمەی کە باس دەکرا کەم بووە، ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، من خۆم لەوێ بووم، لەکاتی دەستوور، دەستوور جوان نووسراوە، دەستوور لە بەرژەوەندی کوردستانە، سوپاس بۆ ئەو وەفدەی کە لەوێ بوون و دەوریان بینی، نۆ خاڵ هەیە حەصرییە، ئەوە رەبتە بە حکومەتی ئیتیحادییەوە، ئەوەی موشتەرەك و ئەوەی باس نەکراوە حەقی ئێرەیە، ئەوەی موشتەرەك ئەگەر خیلافێك پەیدا بوو بەپێی دەستوور بەلایەنی هەرێمەوە چارەسەر دەکرێت، ئەوەی باسیش نەکراوە خۆی هەر هی هەرێمە، ئەوەی حەصریشە شتێکی زۆر ئیعتیادی و تەبیعییە، ئەویش دەوری براو خوشکەکانی ئێوە بوون لەوێ ئەو دەستوورەیان هێنا، هەروەها ئەحزابی کوردستانیش ئەو دەورەیان هەبوو، ئەوەی لە قسەکانتان بۆمان دەرکەوت هەموو لەگەڵ ئەوەن کە ئیستیسنا نەبێت، ئەوە زۆر زۆر شتێکی رێك و پێکە، ئێمەش پشتیوانیتان لێ دەکەین و هەڵبژاردنیش دوانەکەوێت، ئێمە نەبینە سەبەبی کوردستان و کەرکووك، بڵێ نا با بکرێت بەو شێوەیە بۆ هەموو عێراق بکرێت، بۆچی نەکرێت؟ لەگەڵ دانین هیچ شارێکی عێراق ئیستیسنا بکرێت، بەتایبەت کەرکووك ئەوەی بە ئێمەوە رەبتی هەیە پێمان ئەوەیە با بەسرە هەڵبژاردنی خۆی بکات، مووسڵ و بەغداو تەکریت و شوێنەکانی تری عێراقیش بیکات، بۆچی بڵێین نا ئیلا بەسرە تۆ نابێت بیکەیت، با بەسرەش بۆی بکرێت، مەسەلەی ماددەی 140 تەنها رێیە

بۆ چارەسەری ئەوە، لە جوملەیەکی موختەسەری ئەخیری ماددەی 140 دەڵێت حەقە دانیشتوانی رەسەنی ئەو شوێنە لە ریفراندۆم قەرار بدەن، ئیدارەکەیان لەگەڵ کوێ بێت، ئیدارەی ئەو شوێنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێت، یان لەگەڵ بەغدا، ئەرز ئەرزی کوردستانە، ئەمە لەسەر ئەوە موساوەمە نییە، بڵێی کەرکووك هی عاردەکەی کوردستانە، دیکۆمێنتی تاریخی هەیە، وەسائیقی عوصبەی ئومەم هەیە، جوگرافیاناسانی عەرەب بە قەرنی شانزدە تا قەرنی بیستەم کە لەسەر ئەو مەنتیقەیەی نووسیوەو بە ئێمەیان گوتووە کوردستان کتابی جوگرافیە، لە سانەویاتی میسر لە دوای حەربی عالەمی یەك کە تەدریس دەکەن دەڵێن کەرکووك لەناو خەریتەی کوردستان دادەنرێت، خەریتەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی ئەوەتا لێرە هەڵواسراوە کە عوسمانیەکان خەریتەکەیان کێشاوە، ئەمریکیەکان لە چاپیان داوە لە بیروت، نە بیروت، نە ئەمریکا، نە عوسمانی لەبن تەئسیری کورد نەبووە، واقیعێك هەبووە خۆی فەرز کردووە، من کوردستانم کەرکووکیش لەناوەڕاستیەتی، ئینجا ئێستا چەند کەسێك بیەوێت لێت بسەنێت، مومکین نییە، لەسەر ئیدارەکەیەتی، ئیدارەکەش کێ قەرار دەدات؟ دانیشتوانی رەسەنی ئەم شوێنە بە گشت پێکهاتەکەیەوە، دەڵێ تۆ نابێت، باشە بەسرە ئیمزای کۆ کردەوە بۆ ئەوەی ببێتە فیدراڵی، خەڵکەکەی ئەکسەریەتی نەیویست، لاچوو، باشە با کەرکووکیش وا بێت، با ئەویش داوای حەقی خۆی بکات، ئەوانەی ئەو هەوڵە دەدەن دەیانەوێت خەڵکێك لەناو کوردستان، لەناو کوردستانیش لە کەرکووك لە هەموو مافێکی دیموکراسی و دەستووری و شەرعی خۆی بێ بەش بکات، ئەویش مومکین نییە، یەعنی مومکین نییە ئێمە بە خۆمان بڵێین دیموکراسی دەبێت لەگەڵ ئەوە بین، عەرەبێکیش لەوێ مافی دیموکراسی خۆی بەکار بێنێت، تورکمانێکیش، برایەکی مەسیحیش، کلدان، سریان، ئاشوور، برا ئەرمەنیەکانیش، بۆیە ئێمە وەکو ئینسان لەگەڵ ئەوە نابین، ئینجا حجمیش، ئێمە پێش وەخت موافەقەتمان کردووە، بەیانی بڵێین کوردی زۆرە قەبول ناکەین، بڵێین کورد وەکو یەکە قەبولی ناکەین، هەر مەشروعێك بێنن ئەوە رەئی منە، دەزانم رەئی هەمووشتان بوو، پێش وەخت حجمی هیچ قومیەتێك تەحدید نەکەین، نە ئیحصا کراوە، نە سەرژمێری کراوە، دەڵێت وەڵڵا تۆ پەنجا منیش پەنجا، ئەوە ناکرێت، تۆ پەنجاو یەك، من چل و نۆ، ئەوەش ناکرێت، زیاتریش شمول ناکرێت، دەبێت پرۆسەی دیموکراسی هەڵنەوەشێنین، نەشێوێنین، ئەمە دەیانەوێت فێڵمان لێ بکەن، کلاوێك بکەنە بان سەرمان تا سەرچۆکمان، ئەوە لێمان دەرباز نەبێت، هەرچەندە ئەوانەی دژایەتی دەکەن لە ئیعلام لە کەرکووك ژمارەیان کەمە، بەڵام تەمسیلی عەرەب ناکەن، تەمسیلی تورکمانیش ناکەن، موجموعەیەکی پاشماوەی بەعس و هەڵگری ئەفکاری شۆفێنی و بەکرێ گرتەی دەرەکین، فەرموو با ئیحصا بکەین بزانین وایە، یان وا نییە، نایکەن، فەرموو ریفراندۆم بکەن، نایکەن، مانای وایە موسبەقەن ئەترسن و ترساون لە نەتیجەی ریفراندۆم، ترساون لە نەتیجەی هەڵبژاردن، لەبەر ئەوە دەیانەوێت حاڵەتێکی خاصی بۆ دابنێن، ئێمەش ئەوە رەفز دەکەین، بەپێی هەموو دیکۆمێنێت کە باسمان کرد کەرکووك شارێکی عێراقی بە هەویەی کوردستانی، هەولێریش شارێکی عێراقیە هەویەی کوردستانی هەیە، دهۆك و سلێمانیش، ئەمڕۆ فیدراڵی کوردستانی لەناو عێراق، باشە بۆ نایانەوێت کەرکووك بێتە لای

هەرێمی کوردستان؟ خۆ هەرێمی کوردستانیش شەریکە لە عێراق، خۆ ئێمە دژی عێراق نین، دژی بەغدا نین، شەریکین، ئەم شەریکە دەبێت دەوری خۆی ببینێت و پێکەوە ئیش بکەین و یەك هەڵوێست بین، ئەی بەغدای ئێمەی شەریف حەقی خۆمان دەوێت، نامانەوێت تۆ گوێچکەمان بگریت و ریشمان بگریت بە کەیفی خۆت، یەکێك ریشت درێژ بکات، یەکێکیش بۆت ببڕێت بە کەیفی خۆی بتهێنن و بتبەن، ئەوە ئەو زەمانە رۆیی، کە باسی دیموکراسی دەکەین لە دوای حەربی عالەمی یەك عێراق داگیر کرا لەلایەن بەریتانیاوە، دەوڵەتی عێراقی مەرکەزی بەهێز دروست کرا کلیلی ئیقتیصاد درایە دەستی و کوردیش دەوری هەبوو، وەزیری ناوخۆ، دیفاع، حاکم عەسکەری، رەئیس ئەرکان جەیش، محافزەکان گەلێك لە ئێستا زۆرتر دەسەلاًت لە دەست کورد بوو، هێواش هێواش خۆمان لەناو گۆڕی بە کۆمەڵ و غازی کیمیاوی دیتەوە، نامانەوێت ئەوە دووبارە بێتەوە، دەبێت عێراقی فیدرالی بێت، فیدرالیەکان موتەوازع، سەنترالێکی موتەوازع، کەسی جورئەتی ئەوە نەکات هەوڵ بدات ئەوەکەی تر قوت بدات، مونافەسە لەسەر ئەوە بێت کێ باشتر خزمەت دەکات؟ باسی نەوت کرا، کە بۆ نەوت هەوڵماندا، ئەوە عەصەبێکی شریانی ئێمە بوو، عەصەبی دڵمان بوو، ئەگەر بتوانین لە دەست سەرماو ئیحتیاجی ناوخۆ نەجاتمان بێت، ئێستا نەجاتمان بووە، بەرهەمهێنانی نەوت کوردستانی لەوە خەلاس کردووە، جاران لە بێجیەوە نەوت بۆ کوردستان دەهات، زۆر جار مەجبور دەبووی خاوە بدەیتە ئیرهابیەکان، بۆ ئەوەی نەیتەقێننەوە لە رێگا، بیدەیتە مەسئوولەکانی لەوێ ئیش دەکەن کە نەیتەقێننەوە لە رێگا، لەگەڵ ئەمریکیەکان قسەمان کردووە کە ئێمە دۆستین و سەدان جار لەگەڵیانمان قسە کردووە، گوتوومانە ئێوە لەگەڵ ئەو خەڵکەی قسە دەکەن، دادەنیشن کۆنە بەعسی بوونە، لەگەڵ حکومەت بووینە، دژی حولەفا بووینە، ئێوە ئێستا لەگەڵیان دادەنیشن لەسەر مەسەلەی دیموکراسی و تەقریری مەسیری ئێمە بەسەراحەت گوتیان وەڵلا راست دەکەن دەزانین ئەوانە کۆنە بەعسی بووینە، بەس بڕیارماندا وتیان ئیتر بە باشی ئیش دەکەین، یەعنی غەڵەتەکە لەوێیە، لەوێش حولەفا غەڵەتی گەورەی هەیە، برایەکی ئێمە لە دانیشتێك بێنە لەگەڵ بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکا گوتی ئەمە وەکو ئەوە وایە ئێوە لە ئەمریکا مەجموعە کەسێك نەوێرێت سواری تەیارە بێت بڵێت تەیارە خراپە، ئێوەش لەبەر خاتری ئەو مەجموعە کەسە کەمە ختوتی جەوی لەسەرانسەری ئەمریکا ئیلغا بکەنەوە، ئەوە مەعقولە؟ ئەمیش وایە، تۆ وەسائیقی تاریخیت هەیە، جوگرافی هەیە، ئەکسەریەت هەیە، فەرموو بیکە، ناوەڵلا مەجموعەیەکی کەم ناڕازین، ناڕازییە، با هەر ناڕازی بێت، یەعنی چی لێ بکەیت، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر پرەنسیپی دیموکراسی، ئێمە دەبێت لەوە لانەدەین، تەنها دۆستی ئێمە، من لە زۆر جێگا گوتوومە، جاران دەگوترا دۆستی کورد تەنها چیاکانە، تەنها دۆستی ئێمە دیموکراسییەو خۆمانین، باوەڕتان هەبێت ئێوەی بەڕێز پێکهاتەی کوردستان لێرە ئێمە یەك نەبین هیچ کەسێك بە هانامان نایەت، بەلاًم یەك بین هەڵوێستمان بۆ مەسائیلی مەسیری یەك بێت، سەرکەوتنی سەد لە سەد بەدەست دێنێت، لەناو خۆمانەوە ئەفکاری جیاوازمان هەبێ زۆر تەبیعییە، بۆ ئەوەی باشتر بێت، نەك بۆ ئەوەی بچینە قوڕی رەش، ئەو خالاًنەی کە جەنابتان باستان کرد هەمووم نووسیووە یەکە

یەکەی ئێوەی بەڕێز لەگەڵ ئەندامانی سەرۆکایەتی دووبارە ئیعادەی صیاغە دەکەینەوە، ئەو نوقاتانەی کە ئیشارەتتان پێ کرد بە تەواوەتی دەینووسین وەك بەیانێك دەریدەکەین، پێشنیارێك هەبوو بۆ پێکهێنانی لیژنەی 140، دوای پێکهێنانی حکومەت لە 100٪ ئەوە دەکرێت، ئەوە زۆر زۆر تەبیعییە بۆ بەدواداچوون، زۆر بواری تریش چاك دەکەین، بیر دەکەینەوە برادەراکانمان و خوشکەکانمان لە بەغدا چۆن کار دەکەن، ئێمە دەبێت حکومەتەکەمان تەفعیل بکەین لە گشت بوارەکان بزانین هەنگاو بە هەنگاو کێمان لەکوێیەو؟ کێ دەیکات؟ ئەو لیژنانەی ناو پەرلەمان هەیە تەوزیع دەبین هەموو پێکەوە شەوو ڕۆژ کاری بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین زوعفەکان لەکوێیەو دەنگمان بەرز دەکەینەوە، من دڵنیاتان دەکەم لە قیادەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەمان دڵسۆزی ئێوەو هەمان بۆچوون هەیەو ئومێدیشمان ئەوەیە ئەو خەلەلانە هەبووە، بڵێین نەبووە غەڵەتە، ئەگەر چاوی خۆمان بگرین بڵێین وەڵلا هیچ غەڵەتمان نەبووە، نەوەڵلا هەمانبووە، هیچیشمان نەکردووە، نەوەڵلا کاریشمان کردووە، من سوپاستان دەکەم، ئەوەی باسی پێکهێنانی لیژنەو ئەوانە دیراسە دەکەین و ئێمەش هەر لەگەڵ یەکین لێرە، جارێکی تریش لەسەری دادەنیشین، بۆ برا مەسیحیەکان و برا تورکمانەکانیش لە بەغدا ئێمە پشتیوانین کە کۆتایان هەبێت، نابێتن ئەوانیش بە تەنها فرێ بدرێن، مووسڵ مەسیحیان تیا نەهێشت، دەریان کردووە، کورد دەکوژن، خەڵکی دڵسۆز دەکوژن، بەڵام زیاد دەکاتن، یەعنی ئەمەش دەبێت ئێمە سەرێکی لێ دەربکەین بزانین چۆنە، من زۆر شادم بەوەی کە زۆر بە دڵسۆزی دەتانبینم بە جددی کار دەکەن، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاوالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوە ئێمە موتەفیقین لەسەر ڕاگەیرانەوەکە، بەڵام من پێشنیارێکم کرد تەئیدیشی لەسەر کرا کە موزەکەرەیەك بە پەلە بدەین بە ناوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان، بە جامیعە عەرەبی، بە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی ئیسلامی وابزانم کاریگەرییەکی سیاسی گەورەی دەبێت لە ڕووی لائیحیەوە، نازانم تا ئێستا ئەو جۆرە شتانە نەخراونەتە دەنگدان، یان چۆن بەسەریاندا تێ دەپەڕی، جەنابت تەعلیقت نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆچوونەکەت دیراسەت دەکەین و ئەوەی باش بێت بۆ خەڵکی کوردستان، ئێمە دەیکەین بەدڵنیاییەوە خۆمان بە موخلیص دەزانین، ئیتر نازانین چەند تیایدا سەرکەوتوو دەبین، باوەڕیش بکەن بەڕێزێك گوتی ئەگەر نامە بدەینە هەموو شوێنەکان، باوەڕ بکەن بە دەست هەموو شوێنەکان بێت هیچمان بۆ ناکات، حەز دەکەم ئەوە بزانن دەبێ خۆمان هەبین، خۆمان ئیش بکەین و بتوانین خۆمان فەرز بکەین لەسەر عەرزە نە ئەمریکا، نە ئینگلیز کەس هیچت بۆ ناکات، کاکە کەرەم.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە سەرۆکی پەرلەمان، منیش تەرحێکم کرد گوتم تەئیدی ئەوە دەکەم لە بەیاننامەکە لیستەکەش کراوە بێت، هەم دەزگایەکیش بۆ موتابەعەی ئەدائی بەرپرسان و ئەندام پەرلەمانەکانمان لە بەغدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەو شتانەی گوتوتانە، هەمووی نووسراوە، هەمووی بە دەقیقی دیراسەت دەکەین لەگەڵ خۆشتان قسە دەکەین، جەنابت و کاك عومەرو ئەو خوشك و برایانەی تریش هەموو جوملەیەکیش نەڕۆیشتووە، ئەوەی باش بێتن بۆ کوردستان دەیکەین، ئەوەشی نەکرێت بۆتان شەرح دەکەین کە بۆ ناکرێت، من دووبارە سوپاستان دەکەم، کاك دکتۆر ئەرسلانیش دەیەوێت قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

دەمەوێت هەندێك تەوزیحات بدەم لەسەر مەسەلەی کەرکووك و ئەو ئەدائەی کە لە بەغدا دەکرێت، دیارە دواخستنی، یان نەکردنی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی بەغدا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بێگومان کاریگەری راستەوخۆی پەرلەمانتارە کوردەکانی لەسەرەو باسیان لەوە کرد بە قەرارێکی سیاسی، بۆیە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ سەرجەم مکوناتەکانی عێراقی قسە بکرێت، بۆ ئەوەی بە حیسابی خۆیان مەخرەجێکیان بۆ بدۆزرێتەوەو بڕیاریشیان داوە وەفدێك دێتە کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ قیادەی کوردی و قیاداتی کوردی هەمەجۆر دانیشتن بکات و راوێژ بکات، من پێم باشە ئەگەر ئەو وەفدە هاتە کوردستان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەعوەت نامەیەکی بدەینێ، بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمانی کوردستانیش، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین راستەوخۆ هەم ئێوەش، هەم ئێمەش گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بزانین چ دەکرێت لەگەڵیان قسە بکەین، من تەئیدی قسەی ئەو برادەرە دەکەم مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکە هەر لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمان نییە بە تەنیا، مەسەلەیەکە شیعەو سوننەشی بخەنە سەر، مەسەلەیەکی ئیقلیمی و دەولییە، دڵنیا بن لەوە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی بە تێکڕایی پێیان خۆش نییە مەسەلەی کەرکووك بەشێوەیەکی ئیجابی لە بەرژەوەندی کورد بشکێتەوە، هەورەها دەوڵەتانی دەوروبەرو جیرانیش، هەتا دەوڵەتە گەورەکانیش کە مومکینە بە دۆستی خۆمانیان بزانین، دۆستی ئێمە بن، ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان بە کورد نادەن، بەڕاستی بەرژەوەندە گەورەکەی خۆیان بیانەوێت کەرکووك بە لایان گرنگ نەبێت کە چۆن چارەسەر دەکرێت، گرنگ ئەوەیە ئیستیقرارێك لە عێراق هەبێت، مومکینە چۆن بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە گەورانە چارەسەر دەکرێت؟ مەسەلەی سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکەی هەرسێکیان حەقی ڤیتۆیان هەیە، هەروەکو چۆن سەرۆك کۆمار بۆ مەسەلەی 22/تەمووز ڤیتۆی بەکار هێنا، ئەوانیش لە چەند موناسەبەتێکی وا لەبارەی مەسەلەی کورد، لەبارەی مەسەلەی ماددەی 140، لەبارەی مەسەلەکانی کە (متنازع علیه)ـە هەیە، ئەوانیش ڤیتۆیان بەکارهێناوە، بۆ شوێنێکی نموونەیی وەکو مەخموور کە هیچ قەرارێکی رەسمی مەکتوب نییە، کە مەخموور بچێتە سەر مووسڵ و لە هەولێر جیا بکرێتەوە، بەڵام تارق هاشمی موعارەزەی ئەوە دەکات، چونکە لە زەمانی حکومەتی عێراقی سەردەمی سەددام بەشێکی زۆری ناوچە شیعەکان دابڕێنراون خراونەتە سەر ناوچە

سوننیەکان، تارق هاشمی ئێستا حەقی ڤیتۆی هەیە لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە هیچ شێوەیەك نایەتە ژێر باری ئەوەی کەوا موافەقەت بکات لەسەر گەڕانەوەی ئەو شوێنانە، شیعەکانیش لە موقابیلی ئەوە دەڵێن ئێمە رازی نابین هیچ شوێنێکی دیکە بەبێ گەڕانەوەی ناوچە شیعەکان بگەڕێتەوە سەر شوێنە ئەسڵییەکانی خۆی، لەبەر ئەوە ئەو کێشانە کێشەیەکی کەم نین، بەڕاستی کێشەیەکی زۆر زۆرن، تەنانەت جاری وا هەیە لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە یەکەوە دانانیشن، ئەوەندە حەساسیەتە لەنێوان شیعەو سوننە هەیە، بۆیە شتێکی ئاسان نییە بەڕاستی کاری دەوێت، تەحەمولی دەوێت، بەدڵنیاییەوە منیش ئەو حەقیقەتە دەڵێم ئەوانەی کە لە بەغدان کاری زۆر باشیان کردووەو ماندوو بوون و دەبێت ئێمە تەقدیری ئەو شتانە بکەین، بەڵام هیچ کەسێکیش لە کەموکورتی بەدەر نییە، بەڵام هەموو شتەکان بخەینە خانەی خۆی چاکەکان لە شوێنی چاکە، خراپەکان لە شوێنی خراپ، بە هەردوو چارەسەری مەسەلەکان بکەین، چونکە بەرژەوەندی کورد لەوە دایەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێزان بۆ پێکهێنانی تەواو کردنی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەری لیژنەکان، داوامان کرد بوو کە ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێت، سەعات (2)ـە، ئینجا سەرۆکی لیستەکان ئەگەر بێن چەند دەقیقەیەك لەگەڵ ئێمە دانیشن، بۆ ئەوەی ئیتیفاقێك بکەین کە بەچ شێوەیەك بێتن، ئەگەر هەموو ئەندامان لێرەن، من مەجموعەیەك دەبینم دیار نین، ئەگەر غائیبن، یان لێرەن، بۆ ئەوەی ئیتیفاق بکەین چی بکەین، ئەگەر هەر ئێستا لە دوای ئەوە یەکسەر بێنە لای من لە خزمەتتان دەبین، بۆ ئەوەی ئیتیفاق بکەین، سەرۆك لیستەکان بێنە ئەوێ، بەخێر بێن سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 26\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2009/10/26

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/10/26 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/10/26 دا بەم شێوەیە بێت:

كۆبوونەوەی یەكەم، كۆبوونەوەی دووەم:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی كوردستاندا.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

كۆبوونەوەی دووەم:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی كوردستاندا.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (8)، ڕۆژی دانیشتن 2009/10/26، بەرنامەی کار:

ئەم دانیشتنەمان دوو کۆبوونەوە دەبێتن، کۆبوونەوەی یەکەم، کۆبوونەوەی دووەم:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

کۆبوونەوەی دووەممان هەر ئەمڕۆ:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان فەرموو بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی داواکاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانتان پێشکەش دەکەین، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێك لە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

سلاَو و ڕێز.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاَڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێك وەزارەت لە هەرێمی کوردستان، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:

1- شێروان حیدری.

2- عەونی بەزاز.

3- رۆژان دزەیی.

4- سۆزان شهاب.

5- تارا تحسین.

6- دانا سعید.

7- دڵشاد شهاب.

8- شۆرش سید مجید.

9- بکر کریم.

10- حسن محمد سورە.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

## پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2009

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوەو هەموو کەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستانداو بەپێی یاسا دەستکارییان دەکات.

یەکەم/ وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دووەم/ وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

سێیەم/ وەزارەتی ژینگە.

ماددەی دووەم:

وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن).

ماددەی سێیەم:

وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان).

ماددەی چوارەم:

وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان).

ماددەی پێنجەم:

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

ماددەی شەشەم:

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێکدەدرێن بەناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

ماددەی حەوتەم:

ڕێکخستن و هەیکەلی وەزارەتە لێکدراوەکان بەیاسا ڕێکدەخرێنەوەو کار دەکرێ بەو پێرەو ڕێنماییانەی کە لە بارەیانەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بۆ خوێندنەوەی یاسایەکە بە زمانی عەرەبی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون الغاء ودمج بعض الوزارات في الاقليم**

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**المادة الاولى: تلغى الوزارات المذكورة ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها الى مجلس وزراء الاقليم ويتصرف بشأنها وفق القانون.**

**اولاً/ وزارة حقوق الانسان.**

**ثانياً/ وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.**

**ثالثاً/ وزارة البيئة.**

**المادة الثانية:**

**تدمج وزارة النقل و وزارة الاتصالات في وزارة واحدة بأسم (وزارة النقل والاتصالات).**

**المادة الثالثة:**

**تدمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة بأسم (وزارة الزراعة والموارد المائية).**

**المادة الرابعة:**

**تدمج وزارة الثقافة و وزارة الرياضة والشباب في وزارة واحدة بأسم (وزارة الثقافة والشباب).**

**المادة الخامسة:**

**تدمج وزارة البلديات و وزارة السياحة في وزارة واحدة بأسم (وزارة البلديات والسياحة).**

**المادة السادسة:**

**تدمج وزارة التجارة و وزارة الصناعة في وزارة واحدة بأسم (وزارة التجارة والصناعة).**

**المادة السابعة:**

**يعاد تنظيم وهيكلة الوزارات المدمجة بقانون ويعمل بالانظمة الصادرة عنها لحين صدور مايحل محلها.**

**المادة الثامنة:**

**لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.**

**المادة التاسعة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة العاشرة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژە یاسایە دەدرێتە گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی، هەرچەند لە سندووقی پۆستەی ئەندامانی پەرلەمان دانرا، بەڵام جارێكی تر پێتان دەدرێتەوەو دیراسەی بكەن، بۆ ئەوەی لە كۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان گفتوگۆی لەسەر بكرێت، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە هەڵەیەك هەیە لە نووسینەوەی ماددەی سێیەم وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان نووسراوە، بەڵام لە پرۆژەكە بەناوی سەرچاوەكانی ئاوە، هەروەها لە عەرەبیەكەش پێموایە وایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەوە كە دێت گفتوگۆی لەسەر دەكەین ماددە بە ماددە، ئینجا دەتوانن تەعدیلی بكەن و ئیزافەی بكەن و موناقەشەی لەسەر بكەین، لیژنەی یاسایی وەڵامتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا كاتی موناقەشە كردن نییە وەكو جەنابت ئیشارەتت پێدا، لەكاتی ئامادە كردنی راپۆرتەكان، ئێمە ئەو مولاحەزەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین و ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پرۆژەی ژمارە دوو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سلاْو و رێزمان.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:

1- شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- رۆژان دزەیی.

4- سۆزان شهاب.

5- عمر نورەدینی.

6- بکر کریم محمد.

7- عماد محمد حسین.

8- ئاراس حسین محمد.

9- شلێر محمد نجیب.

10- عمر صدیق هەورامی.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

**پرۆژەی هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1994ی هەموارکراو.**

**یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2009**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2006 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:

1 - وەزارەتی داد.

2 - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

3 - وەزارەتی ناوخۆ.

4 - وەزارەتی دارایی وئابووری.

5 - وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

6 - وەزارەتی تەندروستی.

7- وەزارەتی پەروەردە.

8- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.

9- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

10- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

11- وەزارەتی پلاندانان.

12- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

13- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

14- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

15- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

16- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی.

17- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

18- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

19- وەزارەتی کارەبا.

**ماددەی دووەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

## مشروع قانون التعديل الثامن لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق رقم (3) لسنة 1992 المعدل
## قانون رقم (   ) لسنة 2009

**المادة الاولى:**

**تلغى المادة التاسعة المعدلة من قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق رقم (3) لسنة 1992 و المعدل بالقانون رقم(1) لسنة 2006 ويحل محلها مايلي:**

**يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:**

1- وزارة العدل

2- وزراة شؤون البيێشمەرگە

3- وزارة الداخلية

4- وزارة المالية والاقتصاد

5- وزارة الثروات الطبيعية

6- وزارة الصحة

7- وزارة التربية

8- وزارة الاعمار والاسكان

9- وزارة البلديات والسياحة

10- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

11- وزارة التخطيط

12- وزارة العمل والشؤون الاجتماعية

13- وزارة الثقافة والشباب

14- وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين

15- وزارة الزراعة والموارد المائية

16- وزارة الصناعة والتجارة

17- وزارة النقل والاتصالات

18- وزارة الاوقاف والشؤون الدينية

19- وزارة الكهرباء

المادة الثانية: لايعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكەن، تكایە خاڵی سێیەمی لە كۆبوونەوەی یەكەم، فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

سڵاو و رێزمان.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە كردووە بەناوی پرۆژەی هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو، تكایە بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ رێزماندا

ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پرۆژەكەیان پێشكەش كردووە:

1- كاردۆ محمد پیردواد.

2- عمر نورەدینی.

3- عمر عبدالرحمن علی.

4- احمد ابراهیم علی.

5- گۆران ئازاد.

6- شێروان حەیدەری.

7- رۆژان دزەیی.

8- عەونی بەزاز.

9- تارا عبدالرزاق.

10- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

11- نیشتمان مرشد.

12- شلێر محی الدین.

13- پەروین عبدالرحمن.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

**پرۆژە یاسای هەمواکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992**

**پرۆژە یاسای ژمارە(  )ی ساڵی 2009**

ماددەی (1):

ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی 2009 زیادکراوە، بڕگەیەکی بەزنجیرەی ( پێنجەم) وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

پێنجەم/ ئەگەر ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراو دا ئامادە نەبوو کە سوێند بخوات، ئەوا دوای (45) رۆژ لەبەرواری ناوبراو، مافی ئەندامێتی دەسووتێت، ئەگەریش لەو ماوەیەدا سوێند نەخوات، ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسا، ئەندامێکی تر جێگای دەگرێتەوە.

ماددەی(2):

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.

ماددەی(3):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەپەیوەندیدارەکانیش، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی(4):

ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ خوێندنەوەی بە زمانی عەرەبی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون التعديل السادس لقانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق**

**رقم (1)لسنة 1992 المعدل**

**مشروع قانون رقم ( ) لسنة 2009**

المادة (1):

تضاف فقرة الى المادة الخامسة المضافة بموجب التعديل الخامس لقانون برلمان كوردستان رقم (5) لسنة 2009:- وتكون بتسلسل (خامساً) وكالآتي:-

خامساً:- في حالة عدم حضور العضو المنتخب للبرلمان لأداء اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي (45) يوماً على التأريخ المذكور، وأن لم يؤد اليمين خلال تلك الفترة يحل محله عضو آخر وفق احكام القانون.

المادة (2):

تسري احكام هذا القانون على المرشحين لعضوية البرلمان اعتباراً من الدورة الانتخابية الثالثة.

المادة (3):

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (4):

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، دانیشتنی دووەممان، کۆبوونەوەی دووەم لە دانیشتنی ئەمرۆ سەعات یەك و نیو دەست پێ دەکاتن، تکایە بە وردی سەیری بکەن و ئامادە بن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، سەعات یەك و نیو ئامادە بن، لیژنەی یاساییش ئەگەر صیاغەی حازر بکەن، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم سەعات (12:30) بێت، مادام شتەکان حازرەو پێشتر قسەی لەسەر کراوە، سەعات (12:30) کاتێکی موناسیبە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەگەر تەسنیە بکرێت لەسەر پێشنیاری رێزدار کوێستان خان، ئێمەش پێمان باشە، ئێمە بۆ ئێوەمان بەجێ هێشت زیاتر بیری لێ بکەنەوە، هەر چەند لە دوێنێوە لەبەر دەستتان بووە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم مەشروعە دەمج و ئیلغا کردنە، لە دوێنێشەوە لەناو سندوقەکانە، من ئەو رەئیەی کوێستان خان زۆر بە وارد دەزانم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش لە سەرۆکایەتی موافیقین، کەواتە سەعات (12:30) تکایە هەمووتان لێرە بن، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتنی ژمارە (8)ی ئەمڕۆمان، لیژنەی یاسایی ئیعادەی صیاغەی پرۆژەکانیان کردووە، ئێستا لە ژێر چاپەو دێن و چاوەڕێیان دەکەین، تاکو دێنە ئێرە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك زاناو کاك کاردۆ ئەگەر بێنە سەر مەنصە لەگەڵمان لە دەستەی موناقەشە زەحمەت نەبی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان.

ئێستا کۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنی ژمارە (8)ی بەرنامەکەمان:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی کوردستان دەست پێ دەکەین. لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا، بەنیسبەت هەرسێ پرۆژە راپۆرتەکانمان ئامادەیە، ئێستا بەنیسبەت پرۆژەی یەکەم کە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکان و دەمجی وەزارەتەکانە، راپۆرتەکە لە لایەن دکتۆرە رۆژانەوە دەخوێندرێتەوە با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق**

## ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2009/10/26 بەرامبەر بە 4ی گەلاڕێزانی 2709ی کوردی، بە ئامادەبوونی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی (هەڵوەشانەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیارکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممە بەرواری 2009/10/26 و دوای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی، لیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی یەکەم: لیژنەکەمان پێشنیار دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها دەقە کوردیەکە کە دەستەواژەی (بەپێی یاسا دەستکاریان دەکات) بگۆڕدرێ بۆ (هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت).

ماددەی دووەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی سێیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی چوارەم: بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنە پێشنیار دەکرێت کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام هەندێك لە ئەندامانی لیژنە پێشنیار دەکەن ناوی وەزارەتەکە لە (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان) بگۆڕدرێ بۆ وەزارەتی (ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان).

ماددەی پێنجەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی شەشەم:

زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ ئەوەن کە وەکو خۆی بمێنێتەوە. بەڵام کەمینە تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە.

ماددەی حەوتەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی هەشتەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی نۆیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

### هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەهۆی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان ولێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا. لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامەی لیژنەش کە ئامادە بوونە واژوویان لەسەر راپۆرتەکە کردووە:

1-شێروان حەیدەری/ سەرۆکی لیژنە.

2- عەونی بەزاز/ جێگری سەرۆك.

3- رۆژان دزەیی/ بڕیاردەری لیژنەو ئەندامانی لیژنەش ئەمانەنن:

4- عمر عبدالرحمن علی.

5- عمر حمد امین.

6- گۆران ئازاد.

7- د. احمد ابراهيم علی.

8- كاردۆ محمد پيرداود.

9- برهان رشيد.

10- د.زانا رؤوف.

11- ايوب نعمت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

گوێتان لێ بوو وەكو خوێندرایەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەكۆی دەنگ پەسندیان كردووە، ئێستا ئەو رێزدارانەی ئەندامانی پەرلەمان كە دەیانەوێت قسە بكەن، لەسەر ماددەی یەكەم، ئەسڵی ماددەكە بە زمانی كوردی و عەرەبی بخوێننەوە، راپۆرتی لیژنەی یاسایی كە ئێستا خوێندرایەوە، پاشان ناوی ئێوەی بەڕێز تۆمار دەكەین، ئەوانەی دەیانەوێت موناقەشە بكەن، فەرموو ئەسڵی ماددەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم لە ئەسڵی پرۆژەكە:

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێتەوەو هەموو كەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی كوردستانداو بەپێی یاسا دەستكارییان دەكات.

یەكەم/ وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دووەم/ وەزارەتی كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم.

سێیەم/ وەزارەتی ژینگە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى: تلغى الوزارات المذكورة ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها الى مجلس الوزراء في الاقليم ويتصرف بها وفق القانون.

اولاً/ وزارة حقوق الانسان.

ثانياً/ وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

ثالثاً/ وزارة البيئة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی پرۆژەكەین، بەڵام دیارە ڕەئی جیاوازیش هەیە لە مەسەلەی ئیلغا كردن و دەمج كردنی ئەو وەزارەتانە، بۆیە ئێمە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەكە دەكەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەكەم، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بكەن ناویان دەنووسم، تكایە هەر بەڕێزێك كە دەیەوێت قسە بكات ناوی خۆی بڵێت، نوقتەی نیزامی كاك دكتۆر رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا پێش ئەوەی بچینە ناو موناقەشە كردنی ماددەكان یەك بە یەك، لەسەر مەسەلەی دەمج و ئیلغایەكە، دەڵێت لەبەر ئەوەی كە ئەو كابینەی نوێ تەقدیم دەكرێت، یان دەستكاری دەكرێت، ئێمە نازانین كابینەی نوێ چین؟ وەزارەتەكانی كە پێشكەش دەكرێن لە پەرلەمان ئێستا، لەم كاتەدا ئێمە مەجموعەیەك لە وەزارەت ئیلغا دەكەین، كابینەی نوێ، ناوی وەزارەت و وەزیر تەقدیم دەكات، یان ناوی وەزیر تەقدیم دەكات، ئەگەر ناوی ئەو وەزارەتانە بە كەیفیەت تەقدیمی دەكات بەم دەمجەی ئێستاوە، جاریٚ نەبۆتە قانون، قانونی پێشوو، وەزارەتی پێشوو، كابینەی پێشوو وەكو كیانی قانونی خۆی ماوە، ئەگەر ئێمە سیقە بدەین بە وەزارەتێك، كە ئێستا نەبۆتە قانون، نەچۆتە سەرۆكایەتی هەرێم و دەرنەچووەو بلاو نەبۆتەوە، چۆن سیقەی بدەینێ؟ لەسەر چ ئەساسێك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی بەپێی ماددەی نۆ لە قانونی ژمارە (3)، قانونی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو ماددەیە باسی وەزارەتەكانی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكات، كە بریتییە لە (27) كابینەی فەعال و (13) كابینەی هەرێم، كە هەروەكو لە ماددەكەدا هاتووە، پێویستە ئێمە یەكەم هەنگاو بەڕاستی ئەم ماددەیە ئیعادەی نەزەری لێ بكەینەوە، بۆیە بەپێی ئەو پرۆژەیە كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە بە هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حكومەت، ئێمە ئێستا مەعلوماتمان هەیە، كە وەزارەتەكان دەبێتە (19) وەزارەت، واتا لە رووی قانونییەوە ئێمە دەبێت ئەوەلەن/ ئەو وەزارەتانەی كە ئیلغا دەبێ سیفەتی خۆیانی بدەینێ و ئەو وەزارەتانەی كە دەمجیش دەبێ سیفەتی خۆیانی بدەینێ، دوای ئەوەی پرۆژەی دووەممان هەیە، كە مەسەلەی (19) وەزارەتەكەیە كە پێداچوونەوەیە بە یاسای ئەنجومەنی وەزیران بە ماددە (9)، لێرە پێویست بەوە دەكات ئێمەش ئیعادەی نەزەر لە ماددەی نۆ بكەینەوە، تەقلیصی وەزارەتەكان بكەین بە (19) وەزارەت، بۆ ئەوەی كە ئێمە متمانە دەدەین بە حكومەتی كابینەی شەشەم، متمانە لەسەر ئەو ئەساسە دەدەین، لەسەر ئەساسێكی تەشریعی، كە ئەویش تەعدیل كردنی ماددەی نۆیە لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار كاك فرسەت لەسەر ئەو نوقتە نیزامیەی حاكم رزگار موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حاكم رزگار وا تەسەور دەكات داوای سیقە بۆ حكومەت دەكەین، پێش ئەوەی ئەم پرۆژەیە ببێتە قانون، وا نییە، هەتا ئەو پرۆژەیە دەرنەچێت و ئیصدار نەبێت و قوەتی نەفازی وەرنەگرێت، كابینەی تازە داوای سیقەتدان و داوای سوێند خواردنی ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر سەرەتای پێشكەش كردنی پرۆژەكەو، ئێستاش پێشەكیەكەی دكتۆرە رۆژان پێشكەشی كرد، باس لەوە كرا كە ئەم پرۆژەیە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە پێشنیار كراوەو ئیمزای لەسەر كراوە، كە بەڕاستی ئەمە حەقە بۆ ئێمە روون بكرێتەوە، چونكە هەر یەكێك لە ئێمە دوو حەفتەش دەبێت ئێمە زانیمانە كە دەبێتە (19) وەزارەت، زانیمانە كە دەمجەكان چۆنە، زانیمانە ئەوەی كە لادەبرێت لە وەزارەتەكان چۆنە، زانیمانە ئەو وەزارەتە نوێنانەی كە ئیقتیراح كراوە كێیەو چۆنیش تەوزیع دەكرێت، كە ئەمە لە میدیاكانەوە بڵاو كراوەتەوە، ئینجا ئێستا قسەكە لەسەر ئەوەیە كە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ قسەكەی كاك رزگار، یەعنی ئەگەر ئەمە تەحصیل حاصلە، ئەمە بۆ شەرعیەتدانە، بۆ شتێك كە پێشتر بووە، یان بگوترێت ئەمە پرۆژەی حكومەتە هاتۆتە ئێرەو ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەكەین، یان ئەگەر هی ئێمەیە بۆ نموونە ئێمە هەر لە میدیاكانەوە گوێمان لێ بوو كە رۆژی چوار شەممە كۆبوونەوە هەیە بۆ متمانە دان بە حكومەت و ئیعلان كردنی، یەعنی بۆی هەیە ئێمە ئەمڕۆ نەگەینە ئەنجام، بۆی هەیە ئەو قانونە دەرنەچێت، چۆن یەكسەر رۆژی چوار شەممە تەحدید كراوە، كە بەڕاستی ئەمە تۆزێك لە رووی ئیدابییەوە خەلەلە بۆ جەلسەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ پرسیاری ئەو ئەندامانە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

راستە زانیاری زۆر بڵاو كراوەتەوە لە رۆژنامەكان و لە راگەیاندنەكان، بەڵام ئەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ پرۆژە یاسایە پێشكەشمان كردووە، ئەویتر هەر زانیارییەكی گشتییە، ئەو پرۆژە یاسایە تا پێش پرۆژەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەت بوو، كەوا لەسەر چی رێككەوتوون و چەند وەزارەت بمێنێتەوە، لە رووی

یاساییەوە پرۆژە یاسایەکە بەپێی ئەو نصابە قانونیەی داوا دەکرێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە یاسا پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ناویان دەنووسرێت، کێی تر دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، ڕێزدار کاك حەمە سەعید حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەپێی ماددەی (71) و برگەکانی، پێموایە قۆناغی داڕشتن و ئامادە کردنی ئەم پرۆژەیە، بەپێی ئەو قۆناغانە بەڕێوە نەچووەو ئوسولی خۆی و ئەتەکێتی خۆی نەگرتۆتەبەر، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تریش، من پێموایە دەبوایە ئەنجومەنی وەزیران خۆی پرۆژە یاسای ئامادە بکردایە، چونکە خۆی دەزانێت وەزارەتەکان، ژمارەکانی، چۆنیەتی دەمجی چی لێ دەکات، ئەوان ئامادەیان بکردایە.

خاڵێکی تریش، بەنیسبەت ئەم ماددەی یەکەمەوە ئەو هۆکارانەی بەڕێزیان باسیان کرد، هۆکارێکی موقنیع نەبوون، بەڵکو هۆکارەکان بۆ گشتی پرۆژەکە بوو، موقنیع نەبوو بۆ ئەم ماددەیە.

خاڵێکی تریش، باسی نەکردووە کە ئەم وەزارەتانە کاتێك ئیلغا دەبنەوە، هەڵدەوەشێندرێنەوە دەبن بەچی؟

خاڵی کۆتاییم ئەوەیە، کە من پێموایە ئەو وەزارەتانە وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەزارەتی ژینگە، وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم، سێ وەزارەتی گرنگن، بەتایبەتی مافی مرۆڤ و ژینگە، سێ وەزارەتی هاوچەرخن، ئەم رۆژگارەی دنیا ژینگەو مافی مرۆڤ گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانیش هەردووکیان ناچمە ناو تەفاصیلەوە چ ژینگەو چ مافی مرۆڤ، بۆ واقیعی کوردستان و بۆ ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەکەمانی پیا تێ دەپەڕێ، بۆ جوان کردنی سیمای ئەزموونی حکومەت و دەسەڵاتەکەمان مافی مرۆڤ پێویستە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت و، ژینگەش پێشکەوتنە زانیاری و تەکنەلۆجیاکان و پێشکەوتنەکانی کارگەو دروست کردنی هەموو ئەو بوارانەی تر ئەوە دەخوازێت، وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هێشتا کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم یەکلا نەبۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتە دەبێت ئەکتیف بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین قسەی زیاتری قانونی و دەستووری و سیاسی لەو کەناڵەوە بگەیەنین بە حکومەتی ناوەند و داکۆکیەکی جددی سیاسی و یاسایی و دەستووری بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە هەموو پرۆژە یاسایەك دیراسەی حالەی دەوێت و دیاری کردنی پێوەرو بناغەکانیشی پێویستە، ئەو ئەسبابە موجیبانەی کە باس کران لە لایەن لیژنەی یاساییەوە جۆرێك لە ناموحەدەدی تیایە، یەعنی موعەیەن نابێت، تەشخیص

ناكرێت، قیاس ناكرێت، قابیلی قیاس لەسەر كردن نییە، بەتایبەتی ڕێكخستنی هەیكەلیەتی حكومەت پێویستە ئەو ئەساس و ئەو ئەسبابانەی كە دیاری دەكرێت قابیلی، یەعنی تەحدیدو تەعین و قیاس بێت، بەنیسبەت ئێمەوە لە قۆناغی پێكەوەنانی ئەزموونێكی دیموكراتیدایین لە هەرێمەكەماندا، یەعنی مەرجەكانمان بڕیوە، مافی مرۆڤ یەعنی معیار بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ كە هەڵدەوەشێندرێتەوە، ئەسبابی هەڵوەشاندنەوەكەی چیە؟ دیار نییە، یەكێك لە پێوەرە هەرە گرنگەكان لەسەرتانسەری دنیادا مافی مرۆڤە و دیموكرات بوونی ئەزموونێك، یەكێك لەوەی پاراستنی هاوولاَتی لە سیاسەتەكان و پرۆژەكانی حكومەت، ئاسەوارەكانی لەسەر ژیانی هاوولاَتیان مافی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە روانگەی مافەكانی مرۆڤەوە ئاسارە سەلبیەكانی، یان یاساو پرۆژەكانی حكومەت تەحدید بكرێت لەسەر هاوولاَتیان لێرە هەڵوەشاوەتەوە، مەسەلەی وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، ولاَتانی دنیا لە رووی سیاسی، یان لە رووی تاریخییەوە حەقێك، مافێكیان بە ناوچەیەك، یان موحافەزەیەك لە ولاَتێكی تر هەبێ لە هەیكەلیەتی ولاَتەكەی خۆیاندا بودجەو میزانیەشیان بۆ تەشخیص كردووە ماوەتەوە، كەچی ئێمە لە رووی سیاسی، لە رووی تاریخی بەپێی دیكیۆمێنت هەموو مافمان بە ناوچەكانی دەرەوە هەیە، ئێمە لە پێكهاتەو پەیكەری حوكمڕانی خۆمان دەیكەینە دەرەوە، كە پێموایە خەلەلێكی سیاسی، خەلەلێكی ئیداری گەورەیە، وەزارەتی ژینگە پێم سەیرە ولاَتێك كیمیاباران كرا بێت، ولاَتێكی دوامین تەقەمەنی كوشندەی جیهانی لەسەر تاقی كرا بێتەوەو ولاَتێك ببێتە مەقبەرەی نیفایەتی هەموو دنیا وەزارەتی ژینگەی لێ دەربهێنی و هەڵبوەشێنیتەوە، یەكێكە لە پرسیارە هەرە گەورەكان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە كە دروست دەبێت.

خاڵێكی تر، وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەموو دنیادا لە ئەوروپا بگرە، لیژنەی ئۆلەمپی لەگەڵ یەكێتی تۆپی پێ سەرپەرشتی چالاكیەكانی............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەیەكی ترە، كەی هاتینە ئەوێ، ئینجا لەسەری قسە بكە، زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەكان، بەڕاستی هەرسێ وەزارەتەكان كە هەڵەشاندراونەتەوە گرنگی خۆیان هەیە، وەزارەتی مافی مرۆڤ نازانم ئەگەر هەڵوەشێتەوە چۆن یەعنی مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی، یەعنی كارو چالاكیەكانی و ئیشەكانی چۆن دەكرێت؟ ئێمە بە خۆمان لیژنەی مافی مرۆڤمان هەیە لە پەرلەمان، لەگەڵ كێ ئیش دەكەین وەكو بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی سەر بە چ وەزارەتێك دەبێ؟ یان چۆن مامەڵە دەكرێت لەگەڵی؟ هەروەها وەزارەتی ژینگە بەڕاستی من زۆر بە پێویستی دەزانم كە لێك بدرێت لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، كە پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان هەرسێكیاندا هەیە. دەربارەی ماددەی سێیەم، وەزارەتی كشتوكاڵ، وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان، من پێموایە .............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانە هێشتا نەهاتوینەتە سەری، كەی هاتین ئەو كاتی رەئی خۆت بدە، سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە وەكو فراكسیۆنی كوردستانی پشتیوانی ئەم پرۆژە یاسایە دەكەین، ئەم پرۆژە یاسایە........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە لەناو پەرلەمان وەك ئەندامی پەرلەمان ڕەئی خۆتان دەربڕن تاك، تاك چۆنی شەرح دەكەیت و چۆنی دەڵێی ڕەئی خۆت بدەو زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەكەین، ئەوەی كە جێگەی ڕوون كردنەوەیە، ئەگەر دەرفەتم بدەیت، چونكە ئێمە خۆمان پرۆژەكەمان پێشكەش كردووە، ئەو دە ئەندامەی كە ئیمزای كردووە، ئەو سێ وەزارەتەی ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، سێ وەزارەتی ڕەقابین و بۆ فەعال كردن و ئەكتیف كردنی ڕۆڵەكەیان لە جیاتی ئەوەی بەشێك بن لە پرۆسەی سیستەمی حوكمڕانەكەی، یاخود بەشێك بن لە سیستەمی ئەنجومەنی وەزیران دەبنە هەیئاتێكی سەربەخۆ كە ڕۆڵە ڕەقابیەكەی خۆیان دەبینن زۆر بە ئەكتیف تر لە جاران و لە هەموو دنیاشدا وایە، ژینگە كارێكی ڕەقابیە، تەنفیزی نییە، ماڤ مرۆڤ كارێكی ڕەقابیە، تەنفیزی نییە، مەسەلەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، ئەویش دەبێتە دەستەیەكی باڵا، زۆر زۆر سوپاستان دەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار كاك ئیسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن سوڵتەی تەنفیزی، یان حكومەت ئیحالە بكرا بوایە، لەوانەیە باشتر بوایە، یان بە لایەنی كەم نوێنەری حكومەت لێرە بوایە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار كوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەسەر مەسەلەی ئیلغا كردنی وەزارەتەكان، من پێشنیار دەكەم هەندێك وەزارەتی تر دەمج بكرێت، نەك ئیلغا بكرێت، بۆ نموونە دەكرێت وەزارەتی كارەبا لەگەڵ پیشەسازی بە یەكەوە دەمج بكرێت، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی لەگەڵ تەندروستی دەمج بكرێت، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیلغا بكرێت، دیارە ئەو وەزارەتانە كە دەڵێین دەمج بكرێت مەسەلەكە لەوە هاتووە، ئێمە باسی تەرشیقی حكومەت دەكەین، ئەم وەزارەتانە نزیكن لە یەكەوە، پێشتریش پێش چوار ساڵ ئەم وەزارەتانە پێكەوە یەك وەزارەت بوون، دەكرێت بۆ كەم كردنەوەی و بۆ باشتر تەرشیق كردنی حكومەت، بۆ كەم كردنەوەی هەندێك لە بودجەی تەشغیلی و هەندێك مەنصەب ئەم وەزارەتانە دەمج بكرێن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دكتۆر جەعفەر فەرموو.**

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لەو وەزارەتانە، وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئیزافە بكرێت، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دنیاش وەزارەتی خوێندنی باڵا وجودی نییە، بەڵکو بۆردێك، یاخود ئەنجومەنێك کە لە سەرۆکی زانکۆیەکان پێك دێت، لە کۆمەڵێك کەسایەتی پسپۆرو ئەکادیمی و شارەزا لەبواری ئیداری و سیاسی و زانستی تایبەتمەند پێك دێت، ئەمانە سەرجەم کاروبارەکانی خوێندنی باڵا بەڕێوە دەبەن لەو وڵاتەدا، نەك وەزارەتێکی تایبەت بەو بوارەدا دیاری بکرێت، بۆ نموونە ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لێرە دوانزدە مودیریەت، تا پانزدە مودیریەت هەیە، کە هەر یەکێك لەم مودیریەتانە من بڕوام وایە ڕەنگە ئەمە سەرنجی تایبەتی خۆم بێت، پێموایە هێندەی موعەرقیلن لەبەردەم پێشچوونی ئاستی زانستی و ئەکادیمی و بووژاندنەوەی دیراسەتی ئەکادیمی لە ناو زانکۆیەکاندا هێندە موشەجیع نین لە ڕووی زانستییەوە، بۆیە باشتر وایە ئەو کاتە دەتوانرێت سێ مودیریەت دابنرێت، بۆ نموونە لە زانکۆیەکدا پێویستی بە تاقیگە هەیە زەروورییە ئەو زانکۆیە خۆی پێداویستی تاقیگەییەکانی خۆی دەزانێت، تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ مودیریەتێك لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ تاقیگەکان تەرخان کراون، یاخود پێویستی بە کتاب هەیە، کتابە جۆراوجۆرەکان ئەم زانکۆیە خۆی باشتر دەزانێت لەوەی مودیریەتێك هەبێت لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیش بۆ خەڵك بدۆزێتەوە بەناوی مودیریەتی مەکتەبات، یان هەر ناوێکی تری لێ بنرێت، بۆ نموونە زەمالات و بەعسات هەبێت شتێکی زۆر چاکە بمێنێتەوە، مودیریەتێکی مالی هەبێت زۆر باشە بۆ سەرپەرشتی خەرجی زانکۆیەکان، چۆن سەرف دەکرێت مالیەن لە زانکۆیەکاندا، ئەگینا باقی دەسەڵاتەکانی تر ئیستیقلالیەتی ئیداری و مالی و علمی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆیەکان، من پێموایە ساڵی پاریش لە خولی دووەمی پەرلەماندا پرۆژە یاسایەك لەم جۆرە ئیقرار کرا لە پەرلەماندا، بەڵام بەداخەوە کاری پێ نەکرا، ئەگەر ئەم ئیستیقلالیەتە بدرێتەوە زانکۆیەکان، بۆ زانکۆیەکان بگەڕێتەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا نەبوونی باشترە لە هەبوونی، پێموایە بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی زانستیش لە کوردستان زۆر شتێکی باشتر دەبێت ئەم بۆردە پێك بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دکتۆر حەسەن فەرموو.**

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوێندنەوەی یەکەمی هەڵوەشاندنەوە کە خوێندرایەوە، من قسەیەکی کاك نێچیرڤانم دێتەوە یاد کە لە کاتی سوێند خواردنەکەی باسی کرد، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان پێویستی بەم هەموو وەزارەتانە نییە، لەڕاستیدا خۆی جەنابی کاك نێچیرڤان بۆ خۆی زۆر ڕەشیق بوو، بەڵام ئیدارەی حکومەتێکی قەڵەوی دەکرد، بەلایەنی کەم برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەو ڕەشاقەتەیان داوەتە حکومەتی نوێ و بێگومان ئەنجامیشی باش دەبێت.

دوو/ دەتوانم بڵێم دوو هەڵە لە کاری ئیدارەی پێشوودا دەبینرا، ئەویش ئەوەیە:

یەکەمیان/ وەکو سۆزان خان ئیشارەتی پێدا تێکەڵاویەك هەبوو لە بەینی کاری وەزارەتەکان و هەندێك ئیش و کاری تەنفیزی، بۆیە دەکرا هەندێك ئیش وکار کە تەنفیزی نییە، بەڵکو ڕەقابیە جیا بکرێتەوە لەو وەزارەتانە کە برادەرانی یاسایی ئەم کارەیان کردووە، هەندێك لەو وەزارەتانەیان هەڵوەشاندۆتەوە.

سێ/ (42) وەزارەت، تەبعەن موشکیلەیەکی گەورە لە کوردستان دروست دەکات لە مەسائیلی مالی، لە ڕەواتب و هەموو پێداویستیەکان سیارات و سەفەر، هەندێك پرەنسیپی تریش هەیە لە ئیعادەی هەیکەلیەت زەروورییە حیساباتی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کار نەکاتە سەر ئاستی خزمەتگوزاری، یەعنی بەڕاستی دەبێت هەوڵ بدەین لە وەزارەتی ئایندەدا هەموو خزمەتگوزاریەکان لەو نۆزدە وەزارەتە جێی بکرێتەوە، پێشموایە کراوە.

حاڵەتی دووەمیان/ ئەوەیە کە ئەم وەزارەتانەی لە یەك دەچن لە کاردا، بێگومان ئەوانە دەمج بکرێن، فیعلەن تەبیعی ئەمانە هەمووی کراوە، بۆیە من تەئیدی کاری لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان احمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام پرسیارم هەیە سەبارەت بەو سێ وەزارەتەی کە هەڵوەشاوە، ئایا نەدەکرا بەپێی ماددەیەکی یاسایی ئەگەر ئەم وەزارەتانە ببن بە لیژنە، یان بە هەیئە، یان دەزگا بەپێی بەندێکی یاسایی، یان ماددەیەکی یاسایی ئاماژە بەوە بکرێت بەپێی ماددەیەکی یاسایی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، کە ئەم وەزارەتانە لە شێوازێکی تردا ڕێك دەخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح محەمەد فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە، بێگومان هەموو ماددەیەکی یاسایی پێویستە موجیبات و ئەسبابی موقنعی خۆی هەبێت، لە کابینەی پێشوودا بوونی ئەم وەزارەتانە بۆ خۆیان ئەسبابیان هەبووە، ئەسباب و موجیباتی موقنعیان هەبوو، بۆیە ئیقرار کراو کارشیان کردو، کارەکانیان بەرچاوەو هیچ مانع نییە ئەگەر وەزارەتێك سیفەتی ڕەقابیشی هەبێت لە کابینەی حکومەتدا هەبێت، وجودی هەبێت، دەزگاکانی تەفعیل بکرێن، چونکە بەشێك لەو ڕەقابانە ڕەقابەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە لەسەر کەرتی تایبەت، بۆ نموونە وەزارەتی ژینگە لەوانە ڕەقابە بێت لەسەر کارخانەکان، لەسەر کاروباری ئەو لایەنانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پیس کردنی ژینگە، جا بۆیە لێرەدا هەمیشە ئەو پرسیارە خۆی بەرجەستە دەکات بۆچی ئەم وەزارەتانە هەڵبوەشێنرێتەوەو بە دائیلەکەشیان دیاری نەکراوە لە ماددەکەدا؟ لە پرۆژە یاساکەدا، بوونی بەدائیلەکە زەرورییە لە حاڵەتێکدا دیسان ئەگەر ئێمە مەبەستمان ئەوە بێت کە تەرشیقی ئیداری بکەین، هەندێك لە وەزارەتەکانی تریش کە ماونەتەوە بە تەنیایی دیسان گلەیی ئەوەیان لێ دەکرێت، کە قابیلی دەمجن، بۆ دەمج نەکراون؟ جا بۆیە لێرەدا پێویست دەکات ئێمە سەیری وەزائیفی وەزارەتەکان بکەین، کاتێك کە وەزارەتێك ئیش و کارەکەی هەر بمێنێ و ڕۆڵی هەر هەبێ و کارایی هەبێ و پێداویستیەکی حەیاتی بێت بە نیسبەت خەڵکەوە، حەقە بهێڵرێتەوە، یەعنی بە بەهانەی تەرشیقی ئیدارییەوە ئێمە هەندێك لەو وەزیفە ئەساسیانە ئیهمال نەکەین، یان نەکەینە پەراوێزەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەکو وەزارەتی ژینگە، وەکو وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم، یەعنی لێرە باسەکە تەنها باسی کەلوپەل و ماف و ئیلتیزاماتیان کراوە، ئەی باسی ئەرك و واجیباتیان، ئەو

ئەركانەی دەكەوێتە سەرشانی یەكێك لەم وەزارەتانە، پێویستە دیاری بكرێت و ڕۆشن بێت بۆ ئەو كەسەی كە تەماشای دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك حاكم ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەی خۆم كرد، هەر ئەوە بوو لەگەڵ ئەم دەمجە جارێ لەگەڵی نیم، تاوەكو كابینە تەقدیم نەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك شڤان ئەحمەد فەرمود.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری لە ئیلغا، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەزارەتانە دەكەم، من چەند تێبینیم هەیە، پێموایە دەكرا ئێمە پرۆژە یاسایەك جیا بێت بۆ ئیلغا تێكەڵ نەكرێت لەگەڵ دەمج، چەند نوقتەیەك زەرورییە تێدا بێتن، فەترەی زەمنی زۆر زەرورییە لە ئیلغا كردنی ئەوانەدا هەبێت، چونكە ئەوانە تەبەعییەی قانونی دەمێنێتن، خەڵك هەیە عەقدی هەیە لەگەڵ ئەم وەزارەتانە، دەبێت فەترەیەكی زەمنی دیاری كراو بێت، هیچ نەبێت لەماوەی مانگێك، یان دوو مانگ كەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەم تەبەعییە قانونیانە یەكلا بكرێنەوە، بۆیە با بەپرۆژەیەكی یاسایی جیا بوایە لەگەڵ ئەوانی تر دەمج و پێكەوە نەبێت، ئەو فەترە زەمنیە ئەگەر دیاریش نەكرێت هەر لەو ماددەیە فەترە زەمەنییەك دیار بكرێت، نەك لە كۆتاییەكەی نەشر دەكرێتن، چونكە نەشرەكە شمولی ئەو ماددەیەش دەكات لێرە، یەعنی ئەو فەترە زەمەنییە زەرورییە، بۆ ئەوەی تەبەعییە قانونیەكەی یەكلا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك قادر حەسەن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پرۆژەی لیژنەی یاسایی دەكەم، بەڵام بۆ ئەو وەزارەتانەی كە هەڵدەوەشێندرێنەوە، یاخود ئەوانەی كە دەمج دەكرێن لەگەڵ وەزارەتی ترەوە، پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ سەر لەنوێ ڕێكخستنەوە، چونكە فیعلەن ئەوانە بەرنامەی كاریان هەبووە، پرۆژەیان هەبووە، لەوانەیە بە نیوەچڵی مابێتەوە، دەبێت لەمەودوا شێوەكەیان دیاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم بۆ ئەو كارو ئەركانەی كە كێشاویانە، بە حەقیقەت من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر حەل كردنی وەزارەتەكان، بەتایبەتی وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، بەحەقیقەت ئەم وەزارەتە وەزارەتێكی كاراو دەركەوتوو بووە لەناو وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێموایە هەتاكو ئێستا ئێمە گەورەترین گرفتمان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە سنووری ئەو وەزارەتەی كە ئێستاكە حەل كراوە، ئێستا لەسەر ئەوە موناقەشە نییە، بەس لە هەمان كاتدا ئەو وەزارەتانەی تر كە حەل كراون، باسی دەمج كردنیان كراوە لەگەڵ وەزارەتێكی تر، ئەو باسی دەمج كردنەكەشی نەكراوە، لە هەمان كاتدا گرفتەكان وەكو خۆی ماوەتەوە هەتاوەكو ئێستا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری دەكەم لەو پرۆژە یاسایەی كە لیژنەی یاسایی پێشكەشی كردووەو دەستخۆشیشیان لێ دەكەم بۆ ماندوو بوونیان، بەڵام ئێمە جەختمان زیاتر لەسەر وەزارەتی مافی مرۆڤە، دانانی ئەو لیژنەیە، یان دانانی ئەو دەزگایە، ئەو هەیئەتەی دەیبات بەڕێوە، لەبەر ئیمان بوونمان بە دیموكراسیەت و ژینگەی ئێستا لەبارە لەناو كوردستاندا بایەخدان بە مافی مرۆڤ یەكێكە لە ئیشە هەرە گرنگەكانی كە دەبێت زۆر لەسەری جەخت بكەین و زیاتر روون بكرێتەوە بۆ خەڵكی، ئەو هەیئەتەی كە دادەنرێت هەمان كار دەكات، بەڵام بەس تەقلیص كردنێكە بۆ وەزارەتەكە، بۆ بەرژەوەندی ئەو كارەی ئێستا حكومەت پێی هەڵدەستێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار جەمال تاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، تەقریبەن مولاحەزەكانم زۆربەیان گوترا، بچینە سەرێ ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە نەصێ عەرەبی، ڤێرێ هەندەك عەرەبیا ئیحتیماله نەدیارە.

یا دوێ/ ژی ئێل ڤێرێ بەس تەئكیدا لەسەر ئەوێ دیار كری (موجوداتها وحقوقها والتزاماتها)، ئایا مەوردی بەشەری ئەوە بۆ كوێ دەڕواتن؟ بۆیە پێشنیار دكەم صیاغە دووبارە ببێتەوە، بڵێن (تلغی الوزارات المذكورة في ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها)، ئایا لێرە باسی كادیری نەكردووە؟ ئەگەر كادیری

هەیە، باشە (الى مجلس الوزراء) ئۆتۆماتیکیەن (فی الاقلیم) ئەو کەلیمەی (فی الاقلیم) یەعنی وابزانم دووبارە دەکرێتەوە (للتصرف بشأنها وفق القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەندە لە لیژنەی یاسایی وەکو لە ڕاپۆرتەکە دیارە، پشتیوانیمان بۆ پرۆژەکان کرد، بەلأم هەندێك تێبینیمان هەبوو سەبارەت بەوەی کوێستان خانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەویش پەیوەندی بە تێڕوانینە بۆ ئایندەی حکومەت لە کەم کردنەوەی وەزارەتەکان، کە لەم پرۆژەیە دەتوانین وەلأمی ئەوانی تریش بدەینەوە، هەتا ژمارەی وەزارەتەکان کە پێویستە کەم بکرێتەوەو هەم ئەزموونی کابینەی رابردوو، هەم ئێستاش هەرێمی ئێمە بەرگری کابینەیەکی خاوەن دامەزراوی گەورە، کە پێموایە بێتە بارێکی گران بۆ بەڕێوە بردنی حوکمڕانی لە کوردستانی ئێمە، ئێمە پێموایە لەگەڵ کەم کردنەوە بین، لەگەڵ خاڵێکی ئەوەش کە بۆ نموونە وەزارەتی کارەبا هیچ زەروری نییە دابڕێت لە وەزارەتی پیشەسازی، ئەم وەزارەتە خۆمان دەزانین وەزعی کارەبای کوردستان چۆنە؟ چۆن بووەو مەشاریعەکانی چی بووە، ئەم پارە خەیاڵییە لە دامەزراوەکە سەرف دەکەین، نەك لە کارە خەدەمیەکە بخرێتە خزمەت، دەتوانین وەزارەتی پیشەسازی کە نزیکە لە وەزارەتی کارەبا دەمج بکرێت، ئەمە دەبێتە خاڵێك کە گرنگە، لایەنێکی تر کە من تێبینیم لەسەر هەبوو، ئەویش ئەوەیە وەرزش کە دەتوانم، ڕاستە دابڕان نییە لە کۆمەڵگاو لە سەقافەی کۆمەڵگاش، بەلأم دابڕان نییە لە لاوان، ڕەنگە بڵێین ئێمە دامەزراوێکی تر دروست دەکەین کە تایبەت بێت بە وەرزش، بەلأم ئەمە ئیشی حکومەتە، یەعنی ئەمە لە پەرلەمانەوە حەقە تێڕوانینێکی تەواومان هەبێ، کە وەرزش بخرێتە سەر وەزارەت وەکو ئەهمیەتی خۆی، کە پەیوەندیان بە موجتەمەعەکەوە هەیە، بە سەقافەش هەیە، هەم بە لاوانیش هەیە، ئەمە خاڵێك بوو کە پێم باش بوو بیکەمە پێشنیاز بۆ کەم کردنەوەی کابینەکانی ئێمە، جگە لەوەی کە کاك دکتۆر جەعفەر باسی مەسەلەی خوێندنی باڵای کردو سەربەخۆیی زانکۆیەکان کرد، کە چەند گرنگە لە سیستەمی نوێی ئێستای ئێمە، کە ئەم وەزارەتانە چەند بۆتە هۆی ئەوەی کە حزب دەستکاری سەربەخۆیی زانکۆیەکان دەخاتە ژێر ڕەقابەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من لەناو بەڕێزان لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاساییشدا ئەو پێشنیازەمان کرد هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاش بێت لەم حاڵەتەدا، گوتمان تەحەفوزمان هەبوو، بەڕێزتان ئاگادارن تەئیدی ڕەئیەکانی دکتۆر جەعفەر دەکەم سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، چونکە ئەگەر بکرێت ئەنجومەنێك هەیە، پێی دەوترێت ئەنجومەنی

وەزارەت، یاخود لیژنەی خوێندنی باڵا، بەو مانا فراوانە سەیری بکەین، بەشێك لە رۆتینیاتی جامیعەكان كەم دەكەیتەوە، ئەوە یەك.

دووەمیشیان/ كاریگەرییەكی ئیجابی دەبێت لەسەر، تا رادەیەكی زۆر جامیعەكان بپارێزی.

سێیەمیشیان/ لەگەڵ هەمان پلانی كابینەی داهاتوودا یەك دەگرێتەوە، كە بریتییە لە بەشێك لە پێشێل كردنی وەزارەتەكان، یەعنی ئەمە لە سێ لاوە دەرئەنجامی ئیجابی دەبێت، ئەزموونی پێشووشمان هەیە لەگەڵ كاروبارەكانی وەزارەتدا، سەرەڕای ئەوەی كە مەوردێكی مالی زۆر دەبات، لە هەمان كاتدا تاقەیەكی بەشەریشیت لێ سەرف دەكات، لە هەمان كاتدا جۆرێك لە دیموكراسیەت و جۆرێك لە ئیش زیاد كردنیشی بۆ زیاد دەكات، بۆیە من پشتگیری ئەو رەئیەی دكتۆر جەعفەر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار دكتۆر ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە دەوڵەتانی پێشكەوتووی دنیا، كە سەدان ملیۆنن، زۆربەیان ژمارەی وەزارەتەكانیان لە پانزدە، شانزدە وەزارەت تێ پەڕ ناكات، ئێمەیەك بەو چەند ملیۆنیە لە كابینەی پێشوو (42) وەزارەتمان هەبووە، ئێستا لەم كابینەی دادێت كەم دەكرێتەوە، بووە (19) وەزارەت، ئەمە هەنگاوێكە بەرەو پێشەوە، هەنگاوێكە بەرەو تۆكمە كردنی حوكمڕانی حكومەت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت ئەو كارە بە كارێكی زۆر ئیجابی بزانین، بەڕاستی دەبێت پشتیوانی لێ بكەین.

خاڵی دووەم/ بێگومان ئەو پرۆژەیە، چونكە هەر لیستێك.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەگەر جێگری سەرۆكی پەرلەمان قسە بكات، دەبێت بێتە ناو ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر، شتی وا نییە، ئەگەر بیەوێت پرسیار بكات، تكایە دانیشە، نوقتە نیزامیەكە لە جێی خۆی نییە، لە سەرۆكایەتی یەكێك بیەوێت پرسیارێكت تەوجیە بكات، دەبێت بێتە جێگای خۆی دانیشتن، سەیری پەیڕەوەكە بكە تكایە، فەرموو كاك دكتۆر ئەرسەلان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم/ دەربارەی هەر یەکێك لێرە، یان هەر لیستێك لێرە، یان هەر کوتلەیەك لێرە، نوێنەری بیرو بۆچوونی یەك و لایەنێکە، بێگومان ئەو پرۆژەی کە تەقدیم کراوە، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە واژوویان لەسەر کردووە لەسەر ئەو پرۆژەیە، بێگومان ڕێڕەوی لایەنەکانی ژیانی خۆیان گرتووەو راوێژ بە حکومەتیش کراوە، ئەوانەی کە حکومەت تەشکیل دەکەن، بۆیە ئەوەیان تەقدیم کردووە.

بەنیسبەت هەندێك لە وەزارەتەکان کە دەمج دەکرێن، یەکێك لەوانە مەسەلەن وەزارەتی مافی مرۆڤە، خۆی ئەگەر خەڵك گلەیی بکات لە چی گلەیی دەکات، مومکینە لە دامودەزگاکانی حکومەت گلەیی دەکات، ئەگەر مافی خەڵك پێشێل بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت هەیئەتێك هەبێت، ئەو هەیئەتە تا رادەیەك ئازاد بێت، بۆ ئەوەی چاودێر بێت بەسەر ئەدای حکومەتەوە، بەڵام ئەگەر خۆی وەزارەتێك بێت، مومکینە هەندێك لەگەڵ مەسەلەکان بە ڕێکی نەیەتەوە، بۆ ئەوانی تریش دەمج کراوە، یان هەیئاتی نوێیان بۆ پێك دەهێنرێت، ئەو هەیئاتانە دەسەڵاتیان بۆ پێك دەهێنرێت و ئیمکانیەتیان دەبێت، بەڵام وەکو وەزارەتەکان، ئەو وەزارەتانەی ئێستا لەم پرۆژەیەدا هاتووە، پێموایە پڕ بە پێستیەتی بۆ ئەم وەزعەی ئێستای کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵام دەداتەوە، پێش ئەوەی ئەوە بێت، تکا دەکەم لێتان کەس لە بابەتەکە دەرنەچێت، لێرە نە هجوم بۆ سەر حزب، نە بۆ سەر شەخصێك، نە بۆ سەر کەسێك، لەسەر ئەو ماددەیەی کە هەیە قسە دەکەین، حزب زانکۆی خستۆتە بەردەست، بەڕێزێك ئیشارەتی پێ کرد، تکایە جارێکی تر موڕاعاتی ناو جەلسەکە بکەن، لەسەر ماددەی یەك موناقەشەکە بە دوورو درێژی دەکرێت، ئەو پەڕی حوریەت و وەقتیشم داوە پێتان، بۆ ئەوەی بیری پیرۆزی خۆتان پیشان بدەن، دووبارە داوا دەکەم ئیلتیزام هەبێت، پاشان موقاتەعەتان دەکەم، بۆ منیش ناخۆشە، ئێستا لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر مەسەلە ئیسارە کرا لەو جەلسەیە، خاڵ بە خاڵ پێدا دێین، یەکەمیان/ ئەوەیە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەت بەوە دەدەن، کە دەبوایە ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بکرێت، نەوەك لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تەبیعی ئێستا حاڵی حازر حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم، حکومەتی تەسریف ئەعماله، بۆیە ئەم مەسەلەیە دیراسەت کراوە لە لایەن راسپێردراوی حکومەت، کە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتن، دیارە ئەوانیش پرۆژەکەیان دیراسەت کردووە، واتا لە نیزامی پەرلەمانیش زۆر شتێکی تەبیعییە، کە هەماهەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمان هەبێت، بۆیە ئەگەر هاتو پرۆژەیەك تەقدیم کرا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئیمکان هەیە ئەمە هەم تەعبیر لە رەئی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بکات، هەم تەعبیر لە رەئی حکومەتیش بکات، دیارە ئەم پرۆژەیە بە دیراسەتەوە هاتۆتە کایەوە، بۆ کەم کردنەوەی وەزارەتەکان، چونکە حکومەت دەڵێت من دەتوانم بە جوانترین شێوە خزمەتگوزاری بگەیەنمە هاووڵاتیانی کوردستان، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆم داناوە، بەپێی ئەو ریزبەندییە ئیلغا کردنی چەند وەزارەتێك و دەمج کردنی چەند وەزارەتێك دەتوانم بەباشترین شێواز لە هەرێمی کوردستان

ئـەدای خـۆم بکـەم، جگـە لـەوەش هەنـدێك لـە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیشـارەتیان بـەوەدا کـە ئـەم هەیئاتانـە بـۆ تەشکیلاتەکانیان نەهاتۆتە ئێرە؟ ئێستا ئێمە بەرامبـەر بـە پرۆژەیـەکین، کـە پـرۆژەی ئیلغـا کـردن و دەمـج کردنـی هەنـدێك وەزارەتە، بە تەئکید ئەم هەیئاتانەی کە دروست دەکرێن، کە دەبنە بەدیلی ئەم وەزارەتانەی کـە ئیلغـا کـراوە، پرۆژەکـە دێتـە بەردەست جەنابتان، بۆ ئەوەی ئێوە لێرە بە تەفسیل موناقەشەی بکەن و ڕەئی خۆتان لەسەر دەربڕن.

سەبارەت بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئەوانە، بەڕاستی دیارە زۆربەی وڵاتان بـەرەو ئـەوە دەڕوات، کـە دەڵێت نابێت مـافی مـرۆڤ بەشێك بێت لە حکومەت، واتا بەشێك بێت لە سوڵتەی تەنفیزی، چونکە چۆن دەبێت بەشێك بێت لـە سـوڵتەی تـەنفیزی، لـە هەمان کاتیش دیفاع لە مافی مرۆڤ بکات؟ بۆیە زۆر وڵات بـەرەو ئـەوە دەچێت، کـە مـافی مـرۆڤ هەیئـەتێکی موسـتەقیل بێـت، ئینجا سەر بە چ لایەنێك بێت بۆ تەمویل ئەمە مەسەلەیەکی ترە.

ئـەرکی وەزارەتـەکان، هەنـدێ بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیشـارەتیان پێـدا، ئـەرکی وەزارەتـەکان کـەی هەیکەلیـەتی وەزارەتەکان هاتە ناو پەرلەمانەوە، ئەو وەختـە ئێمـە دەتـوانین بـە تەفسـیل هەیکەلیـەتی وەزارەت لێـرە موناقەشـە بکـەین و ڕەئی خۆمان لەسەر بدەین.

سەبارەت بە حقوق و ئیلتیزاماتی ئەو وەزارەتانەی کە ئیلغا کراونەتـەوە، ئێمـە لـە پرۆژەکـە ئیشارەتمان پێداوە دەڵێت ئـەم حقوق و ئیلتیزاماتی هەتا کاروباری فەرمانبەرانیش ئێستا داخیلمـان کـرد، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ ئـەوەی بەپێی یاسا موعامەلەی لەگەڵ بکرێت.

بەنیسبەت هۆکارەکانی ئیلغاو دەمج کردن، ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بکەین، ئێمە لە لیژنـەی یاسـایی ئەسـبابی موجیبەمان دیاری کردووە، کە ئەسبابی پێشکەش کردنی ئەم پرۆژەیە چیە؟ جگە لـەوەی دەمێنێـت هەنـدێك موقتـەرەحات کە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـراوە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە، یـاخود لەلایـەن کەمینـەی ئەنـدامانی لیژنـەی یاسـاییەوە، سـەبارەت بـە ئیلغـا کردنـی هەنـدێك وەزارەت، یـاخود بـە دەمـج کردنـی هەنـدێك وەزارەت، ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بیداتە دەنگدان، یان نەیدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو پێشنیارانەی کە بۆ وەزارەتی کارەبا هات، ئەوە لە وەختی خۆی دێت، کە چووینە سەر وەزارەتی کارەبا، ئەو وەختە ئەو پشتیوانەی لێکرا، ئێستا ئێمە ماددەی یەك، تکایە لیژنەی یاسایی بە کوردی و بـە عـەرەبی بیخوێننەوە، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیـارە ئـەوە جـەنابت روونـت کـردەوە، کـە دوو پێشـنیاری کارەبـاو پیشەسـازی و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی هەڵـدەگرن بـۆ کـاتی موناقەشـەی خـۆی، بـەڵام چـوار، پێـنج ئەنـدام پەرلـەمانی کوردسـتان پشتگیریمان لەوە کرد کە لە ئیلغایەکەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیلغا بکرێت، پێموایە دەکرێت ئەم بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ........... .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کە هاتینە سەری ئەویش لە زیمنی دەبێت، هیـچ ئـەو موقتەرەحاتانـەی کـراون تەسـنیە کـراوە، پێشـنیار هـاتووە کـە تەسـنیە کـراوە لەلایـەن چـەند ئەنـدام بـەڕێزی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە، کـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ئیلغـا بکرێتـەوە، ئێسـتا ئێمـە دەیخەینــە دەنگدانــەوە، وازیـح بـوو بۆتـان، پێشـنیار هـاتووە بـۆ ئیلغـا کردنـی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا، کـە وەکـو وەزارەت

نـەمێنێتن، دەیخەینـە دەنگدانـەوە، پـێش ئـەوە بیخەینـە دەنگدانـەوە، داوا دەکـەین دوو کـەس دیفـاعی لـێ بکـات، بـۆ ئـەوەی بمێنێت، دیفاعیش بکرێت بۆ ئەوەی نەمێنێت، ئەو بەڕێزەی دەیەوێت وەزارەتی خوێندنی باڵا بمێنێت تـەنها دوو کـەس، دوو کەس دەنووسین بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکات، دوو کەسیش دەنووسین ئەوەی دەیـەوێت ئیلغا بکرێـت، ئـەم دوو رێـزدارە پـەیمان عزالدین و برهان رشید بۆ ئیلغا، عبدالسلام بـەرواری و سـۆزان شـهاب بـۆ دیفـاع کـردن بمێنێت، ئێستا پـەیمان عزالـدین کـە دەفەرموویێت ئەوە ئیلغا بکرێت کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خاوەنی ئـەو پێشـنیازە ئاماژەیـان پـێ کـرد، کـە ئێمـە لـە خوێنـدنی بـاڵاو، لـە توێژینـەوەی زانسـتیدا، بەڕاسـتی ئـەوەی لـەو بـوارەدا شـارەزایی هـەبێ دەزانێـت گرفتێکـی هـەرە سـەرەکی ئـەم هەرێمـەی ئێمـەو زانکۆیـەکانی ئێمـە ئەوەیـە کـە مەرکەزیـەت رۆحـی زانسـتی کوشـتووە، مەرکەزیـەت پێشـکەوتنی زانسـتی کوشتووە بۆ ئەوەی هەموو لە ژێـر کـۆنترۆڵێکی مەرکەزیـدا، چ خوێنـدنی بـاڵا، چ خوێنـدنی زانکۆیـەکان، چ توێژینەوەی زانستی، کە هەموو ئەمانە بواری زۆر کاریگـەرن و دەبـێ لـە هـەرێمی کوردسـتاندا گرنگـی بـەو لایەنانە بدرێت، بۆ ئەوەی بزانین هەنگاوەکانی داهاتوومان چۆنە، بۆ ئەوەی لەسـەر ئەساسـی ئامـارو داتـای زانستی و پرۆژەی بـا بڵێین بەحسـی زانسـتیەوە ئـیش لەسـەر داهاتوومـان بکـەین، کـە ئەمانـە لـە ئێسـتاوە بەڕاستی وجودێکی ئەوتۆی نییە، رۆتین و کـاری ئیـداری و بەسـتنەوەی بـە وەزارەتێکـەوە، جگـە لـە دەسـت خستنە بینە قاقای زانکۆیەکان بۆ چ وەرگرتنی خوێندکار لە خوێنـدنی زانکۆییـدا، یـان خوێنـدنی بـاڵادا، چ پرۆژە تایبەتیەکانی دەزگا تایبەتیەکانی بە توێژینەوەی زانستی مراندوە، بۆیە من پشـتگیری لابردنـی ئـەو وەزارەتە دەکـەم، کـە جۆرێـك لـە سـەربەخۆیی وەکـو زۆربـەی هـەرە زۆری وڵاتـانی پێشـکەوتوو بـدرێت بـە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار برهان رەشید فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگـەڵ ئـەوەدام ئـەو وەزارەتـە نـەمێنێت، بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا خۆیـان وەزارەت ئەنجومـەنێکی هەیە، کە سەرۆکی جامیعەکان تیایدا ئەندامن، باشە ئەگەر وەکو تەجروبـەی وڵاتـانی کـە زۆربـەیان ئێسـتا وایە، ئازادی و سەربەخۆیی بدرێتە ئەو موئەسەسانە، خۆیان موئەسەسەکەی خۆیان بەرن بـەڕێوە بـە پێـی ئەو نیزامە ئەوروپییەی ئەمڕۆ ئیشی پێوە ئەکەین، هەم خزمەت بـە ڕەوتـی خوێنـدن و هـەم خزمـەت بـە رەوتی زانکۆکان و توێژینەوەی زانستیش ناکات؟ بـەرای مـن ئەگـەر ئێمـە ئەمانـەوێ خزمـەتی ئـەو سـیلکە بکەین، حەقە خۆیان موئەسەسە بن و ئێمە وەزارەتێ نەهێڵین بەو ناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار سۆزان شەهاب.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم لە خولی پێشووشدا یەکێك بووم لەوانەی کە داواکاریم کردووە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەو واقیعەی کە ئێستا ئەمڕۆ هەیە، ئێستا یەکسەر لە پڕ لایبەرین، بە تایبەتی ئێمە کۆمەڵێك بەڕێوبەرایەتیمان پێویستە کە ئەبێ هەبێت بۆ ئەوەی کە جێگەیەك بگرێتەوە بۆ یارمەتی ئەو بۆردە باڵایەی بکات، کە ئینشاڵلا یاساکەی دەخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، پێویستیمان بە کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی هەیە یاخود مەجالیس هەیە کە سەر بەئەنجومەنی باڵا بن، لەوانە مەجلیسی ئیعتیماد بۆ تەقییم کردن، مەجلیسی بەحسی عیلمی عالی کە ئەویش هەر ڕەبت ئەبێتەوە بە بۆردەکە، ئیتر ئەوە ئێستا هەڵوەشاندنی وەزارەت بە بێ دروست کردنی ئەو هەیکەلیەتانەی کە بچووك بچووك لە دوای یەك کۆ ئەکرێتەوە لە ژێر چەتری ئەنجومەنی باڵا، دەبێتە هۆی یەك خستن یاخود جۆرێك لە پشێوی نانەوە و بە تایبەتی هەتا وەکو ئێستا ئێمە فێر نەبووین چۆن خۆمان خۆمان بەڕێوەبەرین، بە تایبەتی لەناو زانکۆکاندا، ئەوەش هۆکارێکە لەسەر ئەوەی کە ئێمە ماوەیەك ئەو وەزارەتی خوێندنی باڵایە ئەو کارانە پێی هەستێت و ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە باڵایە دروست ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبدالسلام بەرواری فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام صدیق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە قسەکانم لاواز دەرئەچن، چونکە خۆم ئامادە کردبوو بۆ هەمان قسەکانی سۆزان خان، بەڵام من دەمەوێ بە شێوەی خۆم بیڵێم ئەگەر ئیجازەم بدەنێ، ئێمە دەبێ جیاوازی بکەین بەینی دوو بابەت، بابەتێك ئێمە باسی پێکهاتەی وەزارەتی تازە ئەکەین، بابەتێکی تر ئێمە تێڕوانینی خۆمان دەربارەی خوێندنی باڵا دەردەبڕین، بێگومان لەبەر ئەو هۆیانەی سۆزان خان باسی کرد، دەبێ پەلە نەکەین لەوەی هەر ئیلغائی وەزارەت، خۆم یەکێك لەوانەمە کە ئەو وەزارەتە موعەرقل بوو، یەك لەوانەم کە ئەڵێن، وەزارەتەکە ڕەنگە پێگەی دەزگایی هی زانکۆکانیشی لاواز کرد، بۆیە وەزعێکی وا خوڵقاوە ئەگەر ئێستا ئێمە یەکسەر وەزارەتەکە نەهێڵین، ڕەنگە لە رووی عەمەلیەوە هەر پابەندی ئەو ئیلتیزامە بین کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەبوو، بەڵام تەنها بۆ ڕواڵیتی بۆ دەرەوە وامان دەرکردووە کە ئەو وەزارەتە نەبێت، بۆیە من پشتگیری لەوە ئەکەم کە ئەو وەزارەتە جارێ بمێنێت، بە مەرجێك ئێمە پەلە بکەین لە دەرچوواندنی یاسایەکی مۆدێرنی ڕێکخستنی خوێندنی باڵاو توێژینەوە کە زانکۆکانمان لە شێوەی مەدرەسە دەربکات و بیکاتە زانکۆی دروست، ئەو هەموو گفتو و گۆ و کێشانەی لەسەر عبور و نا عبور، من لە ئەوروپا خوێندوومە و نەمدیوە، لەوێ تۆ چەند یونیتیت هەیە و بە چەند ساڵێك تەواوی ئەکەی، نە سەفی یەکەم و دووەم، ئەوە یەکەم، دووەمیش، هیوادارم لە کابینەی شەشەم وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگترین ئەرکی ئەوە بێتن ئەرکی خۆ هەڵوەشاندنەوەو ڕێك خستنی باری خوێندنی باڵا بە پێی ئەو یاسایە تازەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لە هەردوو بۆچوونەکە بوو، ئەوەی کە لابردرێ و ئەوەی کە بمێنێ، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە ئەو وەزارەتە ئیلغا بکرێ، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 33 ڕێزدار لەگەڵدایە کە ئیلغا بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەی دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ئەکسەریەتە، بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، ئێستا دێینە سەر ماددەکە، تکایە لێژنەی یاسایی وەکو خۆی بە کوردی و بە عەرەبی بیخوێننەوە، تا بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تلغى الوزارات المذكورة ادناه و تؤول كافة موجوداتها و مستحقاتها و التزاماتها و شؤون منتسبيها الى مجلس الوزراء للتصرف بها وفق القانون:

1-وزارة حقوق الانسان.

2-وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

3-وزارة البيئة.

ماددەی یەکەم: ئەو وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشرێنەوە، هەموو کەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان و کاروباری کارمەندانی دەدرێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، تا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت:

1-وەزارەتی مافی مرۆڤ.

2-وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

3-وەزارەتی ژینگە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی یەکەم وەکو خوێندرایەوە بە عەرەبی و بە کوردی، ئەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، 69 ڕێزداری لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

المادة الثانية: تدمج وزارة النقل و وزارة الاتصالات في وزارة واحدة باسم (وزارة النقل و الاتصالات).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی كە موداخەلەیان هەیە تكایە دەست بەرز بكەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین و ڕەئی خۆیان بدەن، كەس نیە تەنها یەك كەس هەیە، كاك خورشید احمد فەرمووو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دەبێژم ئەگەر نەصە عەرەبیەكە بكرێتە: تدمج وزارتي النقل و الاتصالات، ئەوە بە قوەتتر دەبێ.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو تێكەڵ كردنە، بەڵام پێم باشە لەگەڵ ئەو تێكەڵكردنە ئیزافەی كارەباشی بخەنـە سـەری، وەزارەتی كارەباش بچێتە ناو ئەو وەزارەتە و لەگەڵی دەمج بكرێ.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان: سوپاس، ئەوە یەك موقتەرەحەو ناخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەكە بـە گشتی ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددەكەیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتیە ئاوییەكان لە یەك وەزارەت لێك دەدرێـن بـەناوی (وەزارەتی كشتوكاڵ و دەرامەتە ئاوییەكان).

المادة الثالثة: تدمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة باسم(وزارة الزراعة و الموارد المائية).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە كۆی دەنگی ئەندامانی لێژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ ئەیەوێ موداخەلە بكات لەسەر ئەم ماددەیە تكایە دەستی بەرز بكات؟ ڕێزدار شاهۆ فەرمووو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم لە دەمج كردنی ئەم وەزارەتانە، ئیشكالیەتێك هەیە لە ئیختیصاصی ئەو دەمجانە، چونكە ئەگـەر ئێمـە مەبەسـتمان لـە دەرامەتیـە ئاوییـەكان، سەرچاوەی ئـاوی بـێ ئـەوە بەشـێكە لـە ئیختیصاصـی سەرچـاوە سروشـتیەكان، ئەگـەر مەبەستیشـمان ئاودێریـە، بـە فیعلـی ئـاودێری بەشـێكە لـە ئیختیصاصـی وەزارەتی كشتوكاڵ، سەرچاوەی ئـاوی تـەنها پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی كشـتوكاڵەوە نیـە، بـەڵكو لـە لایەكـەوە پەیوەنـدی بەئاساییشـی نیشـتمانی هەیـە، لـە لایـەكی تریشـەوە پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی ئاوەدانكردنـەوەن

وەزارەتی شارەوانی هەیە، هەموو ئەو وەزارەتانە بە جۆرێك لە جۆرەكان پەیوەندییان بە سامانی ئاوەوە هەیە، بۆیە من پێشنیارەكەم وایە، یاخود بكرێ بە وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، یاخود ئەگەر مەبەست سامانی ئاوە، بچێتە پاڵ ئیختیصاصی وەزارەتی سامانە سرووشتیەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رایەكانی د.شاهۆ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من پێم سەیرە لیژنەی یاسایی، ئەوەی كە من ئیشارەتم پێدا لە كۆبوونەوەی یەكەم، چاكیان نەكردەوە تا ئێستا، لەبەر ئەوەی دوو نەصی جیاوازیمان هەیە ئێمە، لە ناوی وەزارەتەكان، لە پرۆژەی هەمواركردنەكە بە شێوەیەكی تر هاتووە، ناوەكەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاوە، نەك دەرامەتە ئاوییەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دوو وەزارەتە كە لە پێشنیارەكەی لیژنەی یاساییەوە هاتووە كە دەمج بكرێ بە یەكەوە، بەراستی وەكو بەڕێز د.شاهۆ وتی دوو تەخەسوسی جیاوازی هەیە، كە هەر یەكێكیشیان گرنگیەكی یەكجار زۆری لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، بە نیسبەت كشتوكاڵەوە ئەگەر ئێمە تێبینی بكەین، بە تایبەتی كە زۆرینەمان كۆكین لەسەر ئەوەی كە ئەبێ كەرتی كشتوكاڵ بایەخی یەكجار گەورەی پێ بدرێ لە هەرێمی كوردستاندا، پێویست بەوە دەكات كە وەزارەتێكی تایبەتی هەبێ لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵام ئاودیری وەكو د. شاهۆ وتی لەگەڵ ئەو وەزارەتەیەوە بێ، بەڵام بە نیسبەت سەرچاوەكانی ئاوەوە، ئێمە ئەبێ لەوە دڵنیا بین كە گرنگی ئاو لە گرنگی نەوت كەمتر نیە كە لەناو سەرچاوە سروشتییەكاندا هەیە، شەڕی ئایندەیی و جیهانیش لەسەر ئاوە، ئەوە گرنگیەك بۆ خۆی دەرئەخات كە لە نەوت كاریگەری زیاتر ئەبێ لە داهاتوودا، بۆیە بەرای منیش سەرچاوەكانی ئاو بچێتەوە ناو سەرچاوە سروشتیەكان، چونكە لەوێ جێگای خۆی ئەبێت و گرنگی خۆێ پێ ئەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی هاورێکانم، د.شاهۆ و کاك کاروان و پەیمان خانم هەیە، پشتگیری رەئیەکەی ئەوان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرەئی من وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان یان دەرامەتە ئاوییەکان پەسندە، بەڵام بۆ مەسەلەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، دیارە ئاودیری ناولێنانێکی کۆنی وەزارەتەکەیە کە وەختی وەزارەتی ئاودێری بووە کە مونافەسە لەسەر ئاو گرنگیەکی زۆر تایبەتی نەبووە لە جیهاندا، دیارە ئێستا ئاو و کۆکردنەوەی ئاو، عیلمێکی تازە هەیە کە مەسەلەی دوورینەوەی ئاون، کە دیارە سەرچاوە ئاوییەکانیش بەشێکە لەوە، لەبەر ئەوەی بە رەئی من مانەوەی ناوی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاوییەکان یان ئەوەی تر زەرووڕە، چونکە ئاودیری بەراستی تەسمیەی کۆنە، ئیستا ئاودیری شێوازی تازە و عیلمی هەیە، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ شێوازەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەس هەر حەز دەکەم تەئکیدەك بکەم لەسەر ئەوەی کە دیارە ئاوییش یەکێکە لە سامانە سروشتییەکان، سامانێکی گرنگیشە کە لە کۆتایی هەشتاکانەوە باس لە شەڕی ئاو دەکرا لە 2010، ئێستاش سەرەتای ئەو شەڕە دەستی پێکردووە و پێم وایە ئەگەر بچێتە پاڵ سامانە سروشتییەکان، بۆ ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئیستیقلالیەتی خۆی وەربگرێ، چونکە بەراستی ئێمە لە ئاستی جیهاندا خاوەنی ئەرزێکی زۆر بەپیتین، خاوەنی تاقەیەکی وزەی خۆر و ئاوین، لەبەر ئەوەی پێم وایە وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان ئیختیصاصێکی جیاوازە و بگوازرێتەوە بۆ سامانە سروشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەوە ئەکەم کە وەزارەتی کشتوکاڵ بە تەنیا بمێنێتەوە، چونکە ئاویش بە سامانێکی سروشتی دادەنرێ، هەر بە تەنیا وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ جوابدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەوزوعی ئەو دەستەواژەیەی برایەکی بەڕێزم ئیشارەتی پێی دا، ئێمە بە نیسبەت مەشروعەکان، نەسی عەرەبی ئەساسە، بەلاّم لە تەرجومە ڕەنگە ئەو دەستەواژانە بەکاردێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی مەسئول نینە لە تەرجومە،بەڵکو ستافێکی تایبەت هەیە لە پەرلەمان ئەوان تەرجومەکە دەکەن مەشاریعی قەوانین، بە نیسبەت دەمجی وەزارەتەکان، دەمجی هەردوو وەزارەت تەبعەن بە قەناعەتی ئێمە، مەسادری مائی مەسدەرەکە مهمە، نەوەك بەڕێوەچونی ئاوەکە تەوزیع کردنی یان تروقی ڕەی، مەسدەرەکە عیلاقەی بە مەسەلە نەتەوەییەکان هەیە، نەوەکو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دابەش کردنی ئاوەکە، یان تروقی ڕەی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینی دیکەمان نیە، ئەگەر موقتەرەحاتی دیکە هەیە بە نیسبەت ئەوبەڕێزانەی کە ئیشارەتیان پێی دا، کە  ئاراستەی سەرۆکاتی کراوە،ئیمکان هەیە بدرێتە تەسویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیار هەبوو، تەسمیە کرا کە ئاو بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، یان ئەو موقتەرەحێك بوو، موقتەرەحی دووەمیش ئەوبوو، بچێتە سەر، لە زراعە جیا بکرێتەوە، ئێستا ئەو موقتەرەحەی ئەو ڕێزدارانە کە پشتگیریان لێی کرد، کە بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، دوو کەسم ئەوێت دیفاعی لێ بکات، لە موقتەرەحەکەی پێشنیار کرا، دوو برادەریش لە ئەسڵی مەشروعەکە وەکو لەگەڵیەتی دیفاع بکات، ئەو بەڕێزەی ئەیوێت کە پشتگیری لەو پێشنیارە بکات، کە بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، د. جعفر ، پەیام، کێ دەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، جەلال عەلی، سۆزان شەهاب، ڕێزدار د.جعفر فەرموو.

**بەڕێزجعفر علی رسول محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان ئەوە شتێکی زۆر وازحە، وابزانم ڕەنگە مناقەشە زۆر هەڵنەگرێت، کە ئاو بەشێکە لە سامانی سروشتی بە هەموو شکلەکانیەوە، چ باران چ ئاوی ژێر زەوەی وچ ئاوی سەرزەوی، ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، لەگەڵ کشتوکاڵ ڕاستە کشتوکاڵ گرنگە لە ولاّتی ئێمەدا پشت بە باران و بەسەرچاوەی ئاو دەبەستێت، بەلاّم سەرچاوەی ئاو بەخۆی بەشێکە لە سامانی سروشتی، یەعنی بەرگی تەبیعی، یەعنی

بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ كشتوكاڵ گونجاو نیـە، تـاوەكو ئەوەنـدەی لەگـەڵ سـامانە سروشـتیەكان دەگونجێت، بۆیە باشتر وایـە لەگـەڵ سـامانە سروشـتیەكان جێگـای بكرێتـەوە، دەكرێـت ئـەو وەزارەتانـە دواجـار خۆیـان تەنسیق بكـەن لەسـەر ئـەوەی چـۆن ئـاوی كشـتوكاڵ دابـین دەكرێـت، چـۆن سـوود لەسەرچـاوەی ئـاو یـاخۆد دەرامەتە ئاویەكان وەردەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار پەیام فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە مـن پشـتگیری لـە بۆچـوونەكانی برادەرەكـانم دەكـەم، ئێمـە بـاش دەزانـین ئـاو وەكـو باسـیان كـرد، سەرچاوەی سامانە سروشتیەكانە، پێویستە زۆر بایـەخی پـێ بـدرێت، و بخرێتـە پـاڵی ئـەوەوە، بـەڵام وەكـو ئـەوەی كـە ڕەی بـێ و كـە ئـاودێری بـێ بكرێـت لێـرە كشـتوكاڵ و ڕەی و ئـاودێری، نـاكرێ وەكـو سـامانە سروشتیەكان كە لێرە باس ئـەكرێ بخرێتـە پـاڵ كشـتوكاڵەوە، چـونكە لێـرە زۆر گرنگـە ئـاو لەگـەڵ سـامانە سروشتیەكان بێ، چونكە چۆن نەوت ئەهمیـەتی هەیـە ئـاویش هـەروا ئەهمیـەتی هەیـە، شـەڕی ئاینـدەمان لەسەر ئاوە، دەبێ ئەوە گرنگ بێ، دەمج بكرێ لەگەڵ سامانە سروشتیەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار جەلال عەلی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر پلانی پێنج ساڵەی وەزارەتـی كشـتوكاڵ كـە بەتـەنیاش بـووە، لـە 67.5٪ بودجـەی وەزارەتـی كشتوكاڵ داندراوە بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەكانی ئاودێری، ئەوە خاڵێكم كە ئەوە گرنگی خۆی هەیە، دیارە كشـتوكاڵ بـە بـێ ئاو لە وڵاتی ئێمە، ئەو وەزعەی كە ئەبینین ئێمە، كە ئیعتیماد دەكەینە سەر باران، ساڵی وا هەیە باران نابارێ و وشكە ساڵی هەیە، ئێمە بۆ كۆكردنەوەی ئاوەكانی خۆمان لـە 67٪ و نیـوی بودجـەی وەزارەتـی كشـتوكاڵمان دابـین كـردووە بـۆ مەسـەلەی ئاودێری و كۆكردنەوەی ئاو، دوو: مولاحـەزەم لەسـەر ئـەوەی هەیـە، راسـتە ئـاو سـامانێكی سروشـتیە، ئەگـەر سروشـتیە و لـە ناخی زەوییە، بڵێین مەعادینەكان و وزەی نەوت و گاز و غازی ترە، بەلام ئێمە دیارە سەرچاوەی ئـاوی سـەرەكیمان بارانـە، بـۆ كۆكردنەوەی باران، راستە سەرچاوەی سروشـتیە، بـەڵام مەوسمیـە، یـەعنی بـە پێـی مەوسـیمە، سـاڵی وا هەیـە نابـارێ، لەبـەر ئەوەی خستنە سەری سەرچاوە سروشتیەكان عیلمی نیە، زانستی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە لەگـەڵ مانـەوەی ئـەوەین كـە وەزارەتـی زراعـە و سەرچـاوە ئاوییـەكان بـێ كـە لەسـەر تەسمیـەی ئـەو وەزارەتانەی كە بە پێی ئەو كارە تەنفیزیانە ڕێكخراوە، ئـەو وەزارەتـەی كـە بـە كشـتوكاڵەوە پەیوەسـتە لـە

هەمان کاتدا ئاو کە سەرچاوەیەکە، بۆ بەڕێوەبردنی ئاو کە دەبێ ئەو وەزارەتەش تەنفیز کردنی کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو و ڕێکخستنی ئاو و دروست کردنی بەنداوەکان ئەچێتەوە ئیختیصاصی ئەوانن لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کە لەگەڵ ئەو هینە بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو پێشنیارەکە بۆ ئەوەی کە ئاو بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگدانەوە، وازیح دەبێ، ئاو بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، ئەو موقتەرەحە لە پێشەوە ئەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵیتی تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە گشتی وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیتی تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی وەزارەت لە هەرێمدا:

وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان لە یەك وەزارەت لێك دەدرێن بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

المادة الرابعة:

تدمج وزارة الثقافة و وزارة الرياضة و الشباب في وزارة واحدة باسم وزارة الثقافة و الشباب.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو زۆرینەی ئەندامانی لێژنەی یاسایی، لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەئی جیاواز هەیە کە دەڵێ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بگۆڕدریت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن با کەرەم بکەن کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ ئێستا ڕێزدار ڤیان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت دەمجی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، من بە پێویستی ئەزانم وەرزشی بۆ ئیزافە بکرێ، لەبەر ئەوەی وەرزش بوارێکی زۆر کاریگەر و پەرەپێدراوی هەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بە سامانێکی نەتەوەیی هەژمار دەکرێ، بۆیە یەکێکە لەو بوارانەی کە پێویستە لاوی پێ پەروەردە بکرێ ئەویش

**وەرزشە، بۆیە ناکرێ لە کوردستاندا ئێمە ئەو بوارە، کاریگەری ئەو بـوارە بـە بچووکی رابگـرین، بۆیـە بـە پێویستی ئەزانم بکرێت بە وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار رێباز فەتاح فەرمووو.**

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لەگەڵ ئەوەم کە وشەی وەرزش زیـاد بکـرێ بـۆ ئـەو وەزارەتـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە پێویسـتە زیـاتر ئیهتیمام بە وەرزش بدەین نەك لەوەی کە بچووکی بکەینـەوە، لەوانەیـە هـەر لـەناو وەزارەتەکانیشـدا ونـی بکەین، ئەگەر تۆ ناوی نەینی لە وەزارەتەکە، وەرزش تەنها ئەوە نیە پێت وابێ کە تایبەتە بـە لاوان ئەگـەر لە ژێر بوونی ناوی لە وەزارەتەکە، تۆ وەرزشـی لـێ بکەیتـەوە، چونکە وەرزش تایبەتـە بـە هـەموو چـین و توێژەکانەوە، پێم وایە ئەوە تەفسیرێکی غەڵەتە ئەوە ئەگـەر پێیـان وابـێ بـوونی وشـەی لاوان ورزشـەکەش ئەگرێتەوە، گرنگی وەرزش ئەوەیە تەنانـەت ئەگـەر بێـت تـۆ زۆربـەی لاوان وەکو سەرچاوەیەکی بازرگـانی بەکاری ئەهێنن، ئێستا تۆ بێتو وشەکە لا ببەی، ئەوە بچووك کردنەوەی ورزشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار سۆزان شەهاب فەرمووو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بە پێچەوانەی هەموو ئەو رایانەی کە ئەڵێ: ئەگەر باسی وەرزش نەکرێ یەعنی، وەرزش ئێستا لە دونیـادا قیتـاعی خـاص چوویتە ناویەوە، یەعنی ئێمە ناوی بهێنین و ناوی نەهێنین ئەوە قیتاعی خاص ئێستا تەبەنی وەرزشی کردووە، یانە ئـەکرێ و یانە ئەفرۆشرێ، یاریکەر ئـەکرێ و یاریکەر ئەفرۆشـرێ، دووەم: ئێمـە باسی ئیختیصـاص ئەکـەین، ئێمـە تێڕوانینـەکانمان ئەبێت دیاری بکەین کە ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئیختیصاص بگەڕێنینەوە بـۆ ئەصحابی شـەئن، یـان دەسـتی تـێ بخـەین؟ لێژنەی ئۆلۆمپی ئیختیصاصی بەڕێوەبردنی وەرزشە، ئینشاءالله بەم زووانە لێژنەی ئولۆمپی خۆمان ئەبێ لە هەرێمدا، کەواتە ئیختیصاصەکە بـا بـۆ لێژنـەی ئۆلـۆمپی بـەجێ بهێڵێن، ئێمـە وەکو وەزارەت دەسـتی تێنەکـەین و دانیشـین تەحـەکومی تێـدا بکەین یان هینی تێ بکەین، سەبارەت بەوەی کە وەرزش تەنها بۆ لاوان نیە، منیش ئەڵێم نەخێر بـۆ لاوان نیـە، بـەڵام بیرتـان نەچێ بەشی یەکەمی ئەو وەزارەتە وەزارەتی رۆشنبیریە، یەعنی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری وەرزشی کە ئیتر لەمەودوا وای لـێ دێ کەببێتە ئەرکێکی زۆر گرنگ لەو وەزارەتە کە ئەبێ ئەو جۆرە وشیاریە بڵاوبکرێتەوە کە تـەنها وەرزش بـۆ لاوان نـەبێت، بەڵکو بۆ گەورەو بچووك و بە تەمەنی ئەو وڵاتەش بێت، زۆر زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار شێردڵ فەرمووو.**

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعـەن وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان لـەجێگای خۆیـەتی بێـت، تەبعـەن ئێمـە دەزگایایـەکمان هەیـە لـە کوردسـتان، ئێمـە بـا تێکـەڵی نەکـەین لـە مابـەینی وەزارەت و لیژنـەی ئۆڵـۆمپی، بـوونی دوو دەزگا لەهـەر جێگایەك تەداخولی ئیشی وەرزش دەکات، نموونەیەکتان بۆ دێنم کـە ئێسـتا لـە عـیراق، یـەکێتی تـۆپی پێـی عیراقی ئەوە ساڵێك و نیـوە دەیـەوێت ئینتخابـات بکات، وەزارەتـی وەرزش و لاوان بـە هـەموو حکومەتـەوە دەیانەوێ ئینتخاباتەکە بکەن، یەکێتی تۆپی پێی عالەمی (فیفا) ناهێڵێ ئینتخاباتەکە بکرێت، چـەندی لـە فیفای دەپاڕێنەوە بەس ئینتخاباتەکە بکرێـت مـەجال نـادات، وەرزش بـەخۆی دەزگایـەکی شـوبهی رەسمیـە، رەسمی نیە سەر بە وەزارەت بێت یان سەر بە دەزگای حکومی بێت، بۆیە وەرزش دەبێت دەزگایەکی هەبێت کە شوبهی رەسمی بێت، نەك رەسمی بێت، چونکە فەنیاتی وەرزش لە دەزگا غیر رەسمیەکانە  و لـە لیژنـەی ئۆڵۆمپیە، لـە یەکێتیەکانـە، لـە لیژنـەی ئۆلـۆمپی عالمیـە و سـەر بەحکومەتـەکان نیـە لـەهیچ ئەترافـەکانی خۆمان ئەگەر سەیر بکەین، یـان لـە دونیـا سـەیری بکـەن، بـوونی یـەك دەزگـای وەرزشـی بـۆ بـەڕێوەبردنی وەرزش لە کوردستان و لە عیراق و لە هەموو جیهان پێش دەیەخی، بوونی دوو دەزگا کێشەمان بـۆ دروسـت دەکات، بۆ هەموو جارێك کێشە دروست دەکات، لە دەوڵەتانی جیهانیش هەر یـەك دەزگـا هەیـە بـۆ وەرزش، بۆیە ئەگەر بمانەوێ وەرزشی بۆ زیاد بکەین، مدیریەی عامـەت هـەبێت لـەناو وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان ئـەویش ئیشـی کـاری وەرزش دەکـات لـەوێ بـۆ مەڵبەنـدەکان، کـە مەڵبەنـد هەیـە و تـابعی مەڵبەنـدن، سەرپەرشتی ئەو مەڵبەندە دەکات، ئەویش عمری لـە 18 سـاڵ تـێ نەپـەڕێ، بۆیـە کـە 18 سـاڵ بـوو، بۆیـە یـاریزان کـە 18 سـاڵ بـوو دەچـێتەوە سـەر یانـەکان، پـێم باشـە بمێنێتـەوە وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەڵبەند مەبەستت چیە، ڕوونی بکەوە مەبەستی حیزبی نەبێت!؟ باشە، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە بکرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەڕاستی دا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە توێـژێکی زۆر و بـەرفراوانی هـەموو دونیـا سـەرقاڵی وەرزشـن و وەرزشـیش ئەهمیـەتی خـۆی هەیـە، ئـەو دەزگایەی کە باسی لێوە دەکرێت کە سەرپەرشـتی وەرزش دەکـات و لەحکومـەت دوور بکەوێتـەوە تـا ئێسـتا نـایبینین، بۆیـە لەئێسـتادا بـە زۆری دەزانـین بـە قەناعـەتی مـن لـەناو ئـەو وەزارەتـە بـوونی هـەبێت و سەرپەرشتیەکی ڕاستەوخۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی دیارە لەبەر بێ جێیە لاوان خراوەتە پاڵ ڕۆشنبیری، یان هەر چاو لێ کەریەکە لە حکومەتی عیراقی و حکومەتی پێشووی عیراقی کە وەزارەتی سەقافە و شەباب هەبوو، ئەگەر ڕاستیتان دەوێت رۆشنبیری لە تۆریزمەوە و لە سیاحەوەو لە گەشتیاریەوە نزیك ترە تالە لاوانەوە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم وەزارەتی رۆشنبیری و گەشتیاری بێت، نەك وشەی گەشتیاری و سیاحە، با گەشتیاری بێت نەك گەشتوگوزار، دووەم: لاوان بخرێتە گەڵ پەروەردە، لەبەرئەوە ڕەنگە لە چوارچێوەی پەروەردەدا مەسەلەی لاوان یان وەزارەتێکی تر بێت بەناوی وەزرش ولاوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە لە گفتوگۆیەك داین کە پەیوەندی بە تەقلیس کردنی وەزارەتەکانەوە هەیە، ئەگینا ئەگەر بێیتە سەر مەبەستی ئەسڵی لەم ماددەیەدا ئەوەی پەیوەندی بە رۆشنبیری و لاوانەوە هەیە دوو کایەی زۆر زۆر جیاوازن، بەڵام ئەو دۆخەی کە ئێستا دەیخوازێ ئێمە بەو جۆرە داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین کە بەیەکەوە بن ئەگینا من کتومت لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز د.رفیق دام و پێشم وایە ئەمە باکگراوندێکی دوور تری هەیە و شتێکی گونجاو نیە، ئەوەی پەیوەندی بە ناوهێنان و ئیزافە کردنی وەرزشەوە هەیە لەڕاستی دا ئەمە تەحمیل کردنی بارێکە بەسەر ئەو وەزارەتەی کە شەئنی ئەو نیە، ئیمە هەوڵ بدەین لەم تەقلیسەدا بتوانین ئەو شەئنانە بخەینە سەر ئەوەی کە ئەو کابینە وزاریانە، ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیوەندی بەکاروباری خۆیانەوە پێی هەڵبستن، ئەگینا حزوری لیژنەی ئۆڵۆمپی لە کوردستان داو پەیدابوونی چەند کەرتێکی تایبەت بۆ ئیهتمام دان بە کایە وەرزشیەکان و یاریگاکان و ئەوەی پەیوەندی بە وەرزشەوە هەیە، من لەگەڵ ئەوە دام وەزارەتەکە بۆ ئەم قۆناغە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ثائر فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە سۆزان خان و کاك شێردڵی دەکەم کە وەزارەتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە کە باسی لاوان دەکەین، وەرزش بەعام قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام وەرزش لەکنمان ئێستا بووە بە دوو بەش، دوو موئەسەسەی وەکو ئەوەی کە کاك شێردڵ باسی کرد، کە بووەتە وەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆڵۆمپی، وەکو ئەو وەزارەتەی کە ئێستا ئیستحداس کراوە رۆشنبیری و لاوان دەتوانم بڵێم جێگای ئەوە وەزارەتە دەگرێت لەبەرئەوەیە دەتوانن ئیشەکانی پڕبکاتەوە و لیژنەی ئۆڵۆمپی بە هەمان شێوە وەرزشی خۆی بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەهام و کاری ئەو وەزارەتە دیارە، کە چالاکی وەرزشی و رۆشنبیریە، پێویست ناکات هیچی بۆ زیاد بکەی یان فەرەبالغی بکەی بە جوملەیەکی ئەوسەر تا ئەوسەر، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو وەزارەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من وەزارەتی رۆشنبیری وەرزش و لاوان بە پێویست تری دەزانم، لەبەرئەوەی پێشتریش وەزارەتێك هەبوو بەناوی وەزارەتی وەرزشەوە، ئەم لایەنەش بەشێکە لە رۆشنبیری و بەشێکە لە کاری گەنجان بەتایبەتی وەرزش کە هی هەمووانە بە تایبەتی بۆ گەنجان، من بە پێویستی دەزانم لەم قۆناغەدا وەرزش بمێنێت و ببێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە وەرزش زیادبکرێت نەك لابدرێت، لەبەرئەوەی تەعاروزێك دروست بێت لە نێوان کاری لیژنەی ئۆلۆمپی و کاری وەزارەتی رۆشنبیری ئەگەر بۆی ئیزافە بکرێت، لەبەرئەوەی هەست دەکەم دوو ئیختساسی جیاوازن، لیژنەی ئۆلۆمپی لیژنەیەکە زیاتر لە کەرتی تایبەتەوە نزیکە کە من خۆم زۆر پشتگیری دەکەم و لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ئەو پێشنیارەیان کرد، بەڵام وەرزش بەشێکی دەچێتە پلانی حکومەتەوە، واتە حکومەتە کە ژێرخانی وەرزشی دروست بکات لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا لەو بڕوایەم کە دەبێت بچێتە کارنامە و پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە شاری وەرزشی و گوندی وەرزشی و شارۆچکەی وەرزشی لە هەموو شوێنێك دروست بکرێن، نەك ئەرکی لیژنەی ئۆلۆمپی بێت، کەواتە هەردووکیان گرنگن، بەڵام دوو ئیختساسی جیاوازیان هەیە، سەبارەت بە کێشەی لاوان، تەبعەن کێشەی لاوان بەشێکی جەستەییە بەشێکی کۆمەڵایەتیە، هەرچی کێشە کۆمەڵاتیەکانی لاوانە دەچێتە ئیختساسی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە، هەرچی ئەوەشە کە جەستەیین، پەیوەندیان بە وەرزشەوە زیاتر هەیە نەك لاوان، چونکە لاوان تەمەنێکە، بەڵام وەرزش چالاکیەکی فیزیکیە، کە لەو بڕوایەدام هەموو تەمەنەکان پێویستیان پێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش هەمان ڕای کاك د.شاهۆ و عظیمە خانم هەیە، زیادکردنی وشەی وەرزش بۆ ئەو بڕگەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان، تەبعەن گرنگیەکی تایبەت دەداتە حەزەکان و ویستەکانی لاوان کە لەسەرووی هەموویانەوە وەرزش بایەخێکی تایبەتی پێدراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەکان تەئکیدی زۆرمان لە مەسەلەی وەرزش کردەوە، ئەوەش حەقیقەتە بەڕاستی، من وادەزانم بۆ فەعال کردنی وەرزش و ئیهتمامێکی زیاتر من لەگەڵ ئەوەدام فعلەن ئەمە ببێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی سۆزان خان و کاك شێردڵ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئیزافە کردنی وەرزش بۆ ئەو وەزارەتە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر ئەستۆی ئەو وەزارەتە، لەکاتێك دا کە بۆ خۆی لیژنەی ئۆلۆمپی هەیە و یەکێتیە وەرزشیەکان هەیە، پێویستە حکومەت ئەو مافە بداتەوە بە لیژنەی ئۆلۆمپی و هەورەها بە یەکێتیە وەرزشیەکان کە عەرەبیەکەی (اتحادات ریاضية)یە بۆ ئەوان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەوەی کە لە ئەستۆی ئەوانە ئەوان بەڕاستی جێ بەجێ ی بکەن و نەبێت بەکارێکی وزاری و ڕۆتینی، دووەم: من پێم وایە ئەگەر جیابکرێتەوە لە وەزارەت باشترە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت لەمەودوا لە کوردستاندا برەو بسێنێ، چونکە ئێستا سەرەتایەکەیەتی، ئەوە دەفعێکی باش دەدات بە کەرتی تایبەت، دیارە ئەمە، حکومەت لەوە ئیعفا ناکات کە بونیەی تەحتی لە کوردستاندا باشتر بکات و برەوی زیاتری پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز ئەرسەلان باییز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێم وایە هەمووومان کارێکی وا بکەین وەرزش لە چوارچیوەی حیزب و دەسەلات بێنینە دەرەوە، لەقالبی نەدەین باشە، ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین کە لاسایی دەوڵەتانی پێشکەوتووی دونیا بکەین لە بارەی وەرزشەوە، ئەوەی کە لە مەکتەبەکان دەخوێندرێت ئەوە دەرسێکە ئەگەر هەبێ یەکێك لە مەکتەبەکانی تر کە ئەوان هەریەکێك لە وەزارەتەکانی خۆیان هەیە، بەلام ئەگەر سەیری یانەکانی دونیا بکەین ڕەنگی هەمەجۆر، ڕەگەزی هەمەجۆر تێیدا یاری دەکەن و وەرزش بووە بە دیاردەیەکی ئازادی هەموو دنیا، دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین لە حکومەتی بهێنینە دەرەوە بۆ ئەوەی ئازاد بێت کە چۆن یاری دەکەن، بەلام ئەگەر بخرێتە قالب و چوارچێوەی حیزبایەتیەوە، دوایە ئەو گەشەیە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆچوونەکان وازحن پێشنیارێك هات، مەجموعەیەك لە ڕێزداران پشتیوانی ئەوەیان کرد کە وەرزش لەگەڵ ناوی وەزارەتەکە بمێنێت، ئێستا دوو کەس ئەوەی کە دیفاع دەکات بمێنێت، کاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڵنیام ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیار دەکەن گەشە بە لیژنەی ئۆڵۆمپی بدرێت زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ کەرتی تایبەتی وەرزش کەببووژێتەوە و بۆ ئازادکردنی وەرزشە، من دڵنیام ئەوە پێشنیارێکی زۆر زۆر دڵسۆزانەیە، بەلام من پێشنیارێك دەکەم ئایا ئەرکی کێ یە ژێرخانی وەرزش لە کوردستاندا پەرەی پێ بدات، گوندی وەرزشی دروست بکات و شاری وەرزشی دروست بکات؟ ئایا ئەرکی حکومەتە یان ئەرکی لیژنەی ئۆڵۆمپیە؟، ئەگەر ئەرکی حکومەتە و لیژنەی ئۆڵۆمپی بەشێکە لە حکومەت لە حاڵەتێکی وا دا دەبێت سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی وەزیر بێت، ئەگەر سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی وەزیر نەبێت و کەسێکی موستەقل بێت و بە هەڵبژاردن هەڵبژێردرابێ، ئەی کەرتی گشتی چی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بدا بە کەرتی وەرزش؟ بۆ نموونە دروست کردن و ئیجبار کردن و ئیلزام کردنی وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەوەی کە پلان دابڕێژێ بۆ پەرەدان بە ژێرخانی وەرزشی، ئیلزام کردنی وەزارەتی بەلەدیات بۆ ئەوەی کە بە دابەش کردن و لەپلان ماستەری شارەکاندا شوێن بەجێ بهێڵدرێ بۆ ئەوەی شاری وەرزشی و بۆ یاریگا و بۆ گوندی وەرزشی ئەمە ئەرکی کێ یە؟ ئایا ئەمە ئەرکی لیژنەی ئۆڵۆمپییە کە ئەو وەزارەتانە ئیلزام بکات یاخود ئەرکی حکومەت و کارنامەی حکومەتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر من لە پەرلەمانی کوردستان دا نەبوومایە و ئەو وەزارەتەی کە قسەی لەسەر دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا نەبووایە 100٪ ڕام وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سۆزان خان دەبوو، بەڵام ئێمە با ئەوەمان لەبیر بێت ئەگەر کەرتی وەرزش لە دەسەڵاتی حکومەت بێنینە دەرەوە بەو مانایەی کە سنووردار نەبێت و لەلایەن دەسەڵاتەوە دەست نەخرێتە ناو کاری وەرزشیەوە، ئێمە تەجروبەی وەرزش و لیژنەی ئۆڵۆمپیمان لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاوە کە لە بەینی کێشمە کێشمی حیزبایەتیە و حیزب دەستی خستۆتە بیناقاقایانەوە، بۆ ئەم مەرحەلەیە وەکو ئەو پێشنیارەی یان ئەو قسانەی کەلەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کرا دەیهێنمەوە بیر جەنابتان بۆ ئەم مەرحەلەیەو هەتاوەکو ئەو کاتەی کە لیژنەیەکی ئۆڵۆمپی دوور لە دەسەڵاتی حیزب دروست دەبێت بە زەروری دەزانم حکومەت سەرپەرشتی کەرتی وەرزشی بکات و وەرزش لەناو ئەو وەزارەتەدا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت لەبیرمانە خۆ زۆر تاخیرنەبووین، کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبیعی لیژنەی ئۆڵۆمپی لە هەموو دونیا لیژنەیەکی سەربەخۆیەو چۆن هەڵدەبژێردرێ؟ لیژنەی ئۆڵۆمپی کە هەڵدەبژێردرێ لە یانەکانەوە دەست پێ دەکات، بیدایەت یانەکان هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتی شارەکان هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتیە ناوەندیەکانی هەموو وڵاتێك هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتی هەڵدەبژێردرێت بۆ یەکێتی خۆیان ئامادە دەکەن، سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی و ئەندامانی هەمووی موستەقلن هیچ عیلاقەیان بە حیزبایەتیەوە نیە، هەرکەسە و لە شارێك دێ و خۆی هەڵدەبژێرێت، ئێستا لەلای ئێمە یانەکانی کوردستان برادەرانی شیوعی تێدایە و برادەرانی یەکگرتوو و برادەرانی بزووتنەوەی تێدایە، برادەرانی تورکمانی تێدایە، پارتی و هەمووی تێکەڵە، هەرکەسێك تەمویلی خۆی وەردەگرێ لە لیژنەی ئۆڵۆمپی لە وەزارەت، وەزارەت ئیش وکاری ئەوە بوو کە ژێرخان دروست بکات، بەڵام وەزارەتەکەی ئێمە ژێرخانی دروست نەکرد، چوو فرۆکەخانەی دروست کرد، هەندێك پرۆژەی تری کرد کە عیلاقەی بە وەرزشەوە هەر نەبوو، بۆیە لیژنەی ئۆڵۆمپی کە پرۆژە تەقدیم دەکات، تەقدیمی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی دەکات، کە ئەو دەتوانێ ئەو پرۆژانە بۆ وەزارەت و لیژنەی ئۆڵۆمپی دروست بکات، لە هەموو دنیادا حکومەت تێکەڵی لیژنەی ئۆڵۆمپی نابێت، نیهائیەن تێکەڵی نابێت، لیژنەی ئۆڵۆمپی عیراقی تەقریبەن ساڵێك و نیوە کێشەیان لەگەڵ حکومەت هەیە، کە بە هەموو قوەتی خۆیەوە بە علی دەباغەوە و بە مالکیەوە بە هەموویانەوە دەیانەوێ ئینتخاباتەکی یەکێتی تۆپی پێ بکەن، چونکە ئیتیحادی ئەوروپی (فیفا) مەجال نادات، تەمویلی ئەو لیژنە ئۆڵۆمپیە کە تەمویلی بۆ دادەندرێ و پرۆژە تەقدیم دەکات، وەکو دەزگاکانی تر و وەکو جێگایەك چۆن گوند ئاوەدان دەکرێت، ئەوها تەمویلی بۆ دادەندرێ و ئیشی پێ دەکات، ئەگەر بکرێت رەئیسی لیژنەی ئۆڵۆمپی بە دەرەجەی وەزیر بێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دابنیشێ، تا ئاسانکاری بۆ دائیرەکان بکرێت و ئیش بڕوات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمه امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسە کردن لەسەر ئەوەی کە وەرزش بێتە ناو وەزارەتی وەرزش و لاوان یان نەیەت، کە لێرەدا وەکو لە پرۆژەکە هاتووەو من بەرگری لێ دەکەم وەکو خۆی بمێنێ واتە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، ئەمە بەم مانایە نیە کە وەرزش دەکەوێتە دەرەوەی بایەخ پێدانی حکومەت و ژێرخانی وەرزشی لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆش دەکرێت، دەبێت ئەو دوو شتە لێك جیابکەینەوە، واتە بایەخ پێدانی وەرزش تەنها بەوە نابێت کە مەسەلەی وەرزش بخرێتە پاڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، دەبێت ئەمە لێك جیابکەینەوە تا ئەگەر وەرزش لە دەرەوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیش بێت بایەخی خۆی لەلایەن حکومەتەوە هەر دەمێنێ و لەڕێگای موئەسەسەیەکی تایبەتیەوە سەرپەرشتی کاروباری وەرزشی و چالاکی وەرزشی و ژێرخانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان دا دەکرێت، هەڵبەتە لەوانەیە ئەگەر ئێمە وەرزش بخەینەوە پاڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەوانەیە بەڕێوبەراتیەکی تایبەتی بۆ دابمەزرێ، بۆیە بە رەئی من ئەگەر بەڕێوبەراتیەك بێت لە چوارچێوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بایەخەکەی کەم دەبێتەوە، نەك بایەخی زیاتری پێ بدرێت، بەڵکو** لە چوارچێوەی موئەسەسە و هەیئەتێکی تایبەتی لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشتیوانی لێ دەکرێت دەتوانێ باشتر خزمەتی بواری وەرزشی بکات، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بوونی هەیئەتێك کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت بۆ بایەخ دان بەکاروباری وەرزشی لە پرسێکی تر دەربازمان دەکات، یان لەگرفتێکی تر دەربازمان دەکات کە لە رابردوو دا کەند و کۆسپ بووە لەبەردەم بواری وەرزشی ئەویش بوونی فرە موئەسەساتی بووە، سەبارەت بە تەعامول کردن لەگەڵ وەرزش لە هەرێمی کوردستان، ئەوە لە ئایندەدا لە چوارچێوەی هەیئەتێك رێك دەخرێ و باشتر ئاراستە دەکرێت، هەروەها لە چوارچێوەی سیاسەتی تازەی بایەخدان بە وەرزش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەیە کە هەردوو کەرت، کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت بەیەکەوە بوونە پشتیوانی یەکتر و بۆ ئەوەی رەورەوەی وەرزش لە هەموو بوارەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەرەو پێشەوە بچێت، بۆیە من بەرگری لەوە دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان وەکو خۆی بمێنێتەوە و مەسەلەی وەرزشیش لە چوارچێوەی ئەو هەیئەتە تایبەتیەدا کە لەداهاتوو دا بۆی تەشکیل دەکرێت بایەخی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئێستا بۆچوونەکان وەزاح بوون، پێشنیارێك هەبوو کە وەرزش ئیزافە بکرێت و وەکو وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان بێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەرزش ئیزافە بکرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 22 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵە وەکو پرۆژەکەی کە هاتووە و لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێی کردووە؟ زۆر سوپاس بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت و گوزار لەیەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.**

المادة الخامسة:

تدمج وزارة البلديات و وزارة السياحة فى وزارة واحدة باسم وزارة البلديات والسياحة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەو ماددەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وەزارەتی شارەوانی لێرە لابېردرێت و لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانی دەمج بکرێت، لەبەر زۆر پەیوەند بوونیان بەیەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەشتێکەوە دەست پێ دەکەم کە بەڕاستی لەکێشەی تەرجەمە کە هەمانە ئەو بابەتانە کوردیەکەو عەرەبیەکەیان بەجۆرێکە کە گەلێك جار هەندێك لە فەقەرەکانی هەریەکەو مانایەك دەدات، بەرلەوەی بێمە سەر بابەتەکەم، ئەگەر ئیجازەم بدەن، کاتێك پێش ئێستا ڕووبەڕووی کاك شێروانیشیان کردەوە کە گوتی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی مەسئول نین، بەڵام کاتێك کە بڕیارێك دەربچێت هەڵەیەکی تێدا بێت، ئێمە هەموومان لێی مەسئولین، هەندێك لەو بڕیارانە وەکو دەیبینین لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوون و بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش موسادەقەی لەسەر کردووە هەندێك ناو پێشتر .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرەوە سەر ئەسڵی ماددەکەو رجائەن دەرمەچۆ، ئێستا ئێمە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قسە دەکەین، وەرە سەر ئەو مەوزوعە و رەئی خۆت بدە، کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەوە بڵێم ناوەکەی کە هاتووە ئاساییە هەردووکی بەیەکەوە بێت، بەڵام وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پەیوەندی بەلایەنە زمانەوانیەکەیەوە هەیە، لەزمانی کوردیدا کەمتر گوزار بەکاردێت، ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ لایەنە ڕەسەنەکەی، بەڵکو پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە وەزارەتی شارەوانی و گەشتیاری، چونکە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا گەڕاومەتەوە سەری ئەوانەی زمانناسن هەمووی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە گەشتیاری تەواو ترەو کە گوزار لەزمانی کوردیدا بەو جۆرە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی قسەکەی من بەشێکی کرا، ئێمە لە کوردیدا گەشتیاریەکە باشترە، چونکە اسمی فاعل زۆر سەختە لە کوردیدا دروستی بکەین، دەبینی کە گەشتوگوزارکەر، بۆ ئەوەی ئێمە لەو پاشگری(کەر)ە رزگارمان بێت دەیکەینە گەشتیاری، کەسێکیش کە تۆریستە و سائیحە دەبێتە گەشتیار، دووەم: من نازانم چۆن داوا بکەم ئێمە شیاو نیە زمانی کوردی پەرلەمان بەو شێوەیە بێت، تکا دەکەم ڕۆژێك جەلسەیەك دابندرێت بۆ ئەوەی ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەر کوردیەکەی خۆمان دا هەبێت، زۆربەی شتەکان بە غەڵەت و پەڵەت تەرجەمە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ڕێزمانی کوردی خەریکین کە لیژنەیەکی پسپۆر دابنێین بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە بۆمان دێ زۆر بەڕێکی چاکی بکەن و لەم نزیکانە دەست بەکاردەبێت، پێشنیارەکانی هەرسێکتان هیچ یەکیان لەوەی تر نەدەچوو لەبەرئەوە ئیسنادی نەبوو و ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەسڵی ماددەکە کە لیژنەی یاسایی بە کۆی دەنگ قبوڵی کردووە، نوقتەی نیزامی هەیە کاک رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش گەشتیارم گوت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ گەشتیارت گوت، ئەو گەشتیاری گوت، عەرەبیەکە دەکەینە ئەسڵ پاشان بەو ئیسلوبە چاکی دەکەین کە ڕێزمانەکان بۆمان دادەنێن، کێ لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس دەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لەیەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**الماده السادسه:**

**تدمج وزاره التجاره و وزاره الصناعه فى وزاره واحده باسم وزاره التجاره والصناعه.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شاهۆ فەرموو.**

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من دیسانەوە تێبینیم هەیە سەبارەت بەدابەشكردنی ئیختساسیان بۆ ئەم دوو وەزارەتە، ئەم وەزارەتە دوو ئیختساسی هەیە یەكیان بازرگانی و ئەوەی تریان پیشەسازیە، من پێم وایە بازرگانی زیاتر لە وەزارەتی دارایی و ئابووری نزیكە، چونكە لەم تەشكیلە وەزارەتێك داندراوە بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری، پێشنیار دەكەم بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، پیشەسازیش بچێتە پاڵ وەزارەتەكانی وزە و كارەبا و سەرچاوە سروشتیەكان، لە حاڵەتێكی وا دا ئیختیساسەكان باشتر دابەش دەكەینەوە، تەرشیقی زیاتریش دەكەین لە وەزارەتەكان، وەزارەتەكان لە 19 دەبن بە 17، ئەگەر وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ دارایی و ئابووری، وەزارەتی پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی كارەباو سەرچاوە سروشتیەكان بن بە یەك وەزارەت، بەرەئی من لە رووی ئیختیساسەوە لە یەك نزیكترن، لە رووی ترشیقیشەوە، زیاتر بەرەو تەرشیق دەڕوات، لە حاڵەتێكی وادەكرێت حكومەتەكە زیاتر لەسەربنەمای چوستی دامەزرابێت، نەوەكو بنەمای قەبەیی و بیروكراسیەت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.**

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڵێ منیش هەر قسەم لەسەر ئیختیساسەكانە بەراستی، پێموایە كارەبا لەگەڵ پیشەسازیەوە نزیكە، بازرگانیش ئەگەر بچێتە پاڵ سامانە سروشتیەكان زیاتر ئەگەر بكرێت یەعنی، ئیتیفاقەكە وانەبێت لە 19 كەمتر نەكرێت، كەمتر بكرێت، ئەوە هەم كەمتر دەبێت ژمارەی وەزارەتەكان هەم پیشەسازی كارەبا زۆر لە یەكەوە نزیكن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیام فەرمووو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك شاهۆ دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە باسمان کرد کە وەزارەتەکان کەم بکرێتەوە، پێم باشە وەزارەتی دارایی و ئابوری بازرگانی لەگەڵ ئەوانا بێت، لەگەڵ ئەوە پییشەسازی و کارەبا وسامانە سروشتیەکان لەگەڵ یەکا بێت، چونکە ئەوان لەیەکەوە نزیکن و ئیختیساسەکانیان لەیەکەوە نزیکن، بۆیە ئەوە پێشنیاری منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان فەرمووو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بۆ کەم کردنەوەی وەزارەتەکانیش وەزارەتی پیشەسازی و وزە، لەبەر ئەوەی لە کوردستان تەنها کارەبا وزە نیە، پێموایە لەداهاتوو وزەی غازیشمان هەیە، کە غاز دەبێت بە بەشێك لە وزە لە داهاتی کوردستان، زۆربەی پێکهێنەرەکانی وزە لە کوردستان بەقەد کارەبا گرنگی دەبێت، بۆیە پێموایە وەزارەتی پیشەسازی وزە، وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی، کارەباش نەمێنێت، وەزارەتی پیشەسازی وزە، کارەباو غازو هەموو ئەو وزارنە بگرێتەوە کەلەکوردستان گرنگی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ببێت بەیەك وەزارەت، چونکە بەڕاستی ئەوکاتیش نابێت وەزارەتی کارەبا هەبێت، هەموو ئەو مەسدەرانەی کە کارەبای لێ دروست دەکرێت بە وزە حیساب دەکریت، بۆیە وەزارەتی پیشەسازی و وزە زۆر گرنگە، وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی وئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم تۆما کاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی وەزارەتی پیشەسازی،پیشەسازی و وزە بوو، ئەو وەختە نە وزەمان ئەوەندەبوو چ کەرتی کارەباو چ کەرتی سووتەمەنی، دوایی لەبەر ئەوە کەرتەکە فراوان بوو، نەفت مەوزوعی سەرچاوە سروشتیەکان بوو، نەوت و دەرهێنانی نەوت و ناردنە دەرەوەی، هەروەها کەرتی کارەبا فرەوان بوو کە کۆنترۆلی پێ لەسەر نەکرا، کرا بەسێ وەزارەت، نوقتەیەکی تر هەیە، ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێمە کە وەزارەتی کارەبامان هەبێت، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانمان هەبێت، پیشەسازیو کشتوکاڵ و گەشت و گوزار وبازرگانیمان هەبێت، ئابووری چیمان لە وەزارەتی دارایی هەبیت ئابووری چیمان لە وەزارەتی داراییەوەیە، من پێم باشە وەزارەتی پیشەسازی و ئابووری بێت، ئابوریەکە لە وەزارەتی داراییەوە لێك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەهەر شوێنێك پیشەسازی وبازرگانی بەیەکەوە دێت حەساسیەتم هەیە پێی، لە ڕاستیدا پیشەسازی لە ولاتی ئێمە بازرگانی کوشتوویەتی، دیارە لە هەموو ولاتێکدا وانیە، بەلام ئێمە لە قۆناغێکداین، بازرگانی لای ئێمە هەر ئیستیراد کردنە، سادیراتمان نیە، بازرگانی بۆتە سەبەبێك بەڕاستی بۆ کوشتنی کەرتی پیشەسازی، لەبەر ئەوە من پێم باشە بازرگانی بچێتە لای دارایی و ئابووری، پیشەسازی خۆی بەڕاستی کەلە لیژنەکانی کە دروستمان کردووە، پیشەسازی لەگەڵ سەرچاوە سروشتیەکان دەمج کراوە، من پێم وایە ئاوا بکرێت، یەعنی پیشەسازی وسامانە سروشتیەکان بەیەکەوە بێت، بازرگانی بخرێتە لای دارایی و ئابووری، من لەکاتی خۆشی بەڕاستی پێشنیاری ئەوەم کرد، کە بازرگانی بخرێتە لای دارایی وئابووری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕەئیەکەی منی بەهەند وەرنەگرت، نەوەك لەبەر ئەوە پێی وابووکە بازرگانی خۆی لە خۆیدا جزئێکە لە دارایی و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا وانیە، ڕەئی خۆتان خرایە تەسویت، دیفاع کرا، دیفاع لەوەکەی تر کرا، زۆر بە جەوێکی دیموقراتی دەڕوات بەڕێوە، من دەنگیشم نەدا، هەر بۆ مەعلوماتت لەسەر ئەو نوقتەیە، ڕێزدرا بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دەمج کردنی وەزارەتی سناعەو تجارە، من بڕوام وایە یەکێك هەیە ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، ئابووری بەموستەلەحی علمی، ئەگەر سەیری علمیەکەی بکەین، داراییش دەگرێتەوە، تەرشیقی مالیش دەگرێتەوە، تجارەتیش دەگرێتەوە، بەرەئی من هەقە وەزارەتی تجارە بخرێتە پاڵ دارایی و ئابووری، بکرێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بازرگانی، لەلایەکی ترەوە عەمەلی نیە وەزارەتی تجارەو وەزارەتی سناعە بەیەکەوە بێت، من تێکەلاویم لەگەڵ جەماعەتی سناعە و تجاری هەیە لە زووری سناعە و تجارە قسەم لەگەڵ کردوون، لەبەر ئەوەی ئەگەر تجارە لەگەڵ وەزارەتی وەزارەتی دارایی و

ئابوری هەبێت، خۆیان مەشاکلی گومرگ و زەریبەیان هەیە، ئەگەر لە خودی وەزارەتی دارایی بێت، ئەو مشکیلانە ئەگەر لە سناعە بێت دەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەگەر لە خودی وەزارەتی دارایی بێت لە تەرکیبەی ئەودابێت، کێشەکان بۆ ئەو خەڵکە سەهل تر نەبێت، ئێمەش دەمانەوێت کێشەی خەلك سەهل بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتەوێت پیشەسازی بە تەنها بێت چۆن بوو، وازح نەبوو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزمن دەمەوێت تجارە بخرێتە پاڵ خاڵی چوارەمی تعدیلی قانونی ژمارە(3) بکرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بازرگانی، پیشەسازی هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام شاهین داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من چەند بۆچوونێکم هەیە، لەهەندێکیانە لەگەڵ هاوڕێکانم یەکین، ئێمە هەندێك تێکەڵاوی هەیە لە دانانی ناوی وەزارەتەکان، لە ڕاستیدا پیشەسازی و بازرگانی و دارایی هەرسێکی بابەتێکی ئابووریە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر هەریەك نەشاتی جیان، تەعاروز دەکەن، قانونی جیای هەیە، چالاکی تایبەتی خۆی هەیە، چوار چێوەی تایبەت خۆی هەیە، لەبەر ئەوە گونجاندنی بازرگانی لەگەڵ پیشەسازی لەیەك وەزارەتدا، بە هەقیقەت خیبرەی دەوێت، تەداخولاتی دەوێت لەهەموو لایەك،شارەزایی دەوێت و لە هەموو بوارەکان، بەرەئی من ئەگەر بکرێت، ژمارەی وەزارەتەکان وەکوخۆی بمێنێتەوە، پیشەسازی لەگەڵ وزە لەگەڵ کارەبا بەم شێوەیە داینێین وەکو یەك وەزارەت، بازرگانیش ئەگەر بکرێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا حالیەن بەنیسبەت ئابووری کوردستانەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستوە بە بازرگانی لە قۆناغی ئێستادا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ پیشەسازی دابێت کارەکان تێکەڵاو دەبێت، زۆر سوپاس، ئەگەر ڕێم پێ بدەی جەنابی سەرۆك، لە هەموارکردنی ناوی وەزارەتەکان، بڕگەی 16 وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەو شێوەیەی کە دامان ناوە، تەعبیر لەمە دەکات کە باسمان کرد، ئەگەر ژمارەی وەزارەتەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بازرگانی بەجیا بێت، پیشەسازی بچێتە ناو کارەبا، ئەتوانین ناوەکەشی بگۆڕین لە کارەباوە بۆ وزە، گرنگ ئەوەیە ژمارەی وەزارەتەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ڕاستیدا ئێمه به ئیشکالیەتی ناو لێنانی لیژنەکانی پەرلەمان، لێرەشدا دووباره نەبێتەوە، نزیکایەتی و تایبەتی و پیشەیی، ئەم ناوانەی که بۆ وەزارەتەکان هاتووە، دورایەتی و نزیکایەتیان مەسەلەیەکی نسبیه له هەقیقەتدا، ئەکرێت ئەم وەزارەتانەی که بەیاسایەوه کارەکانیان ڕێك دەخەن، لەناو یاساکانیانه تایبەتمەندی جیابکرێتەوە، من له ڕاستیدا مولاحەزەیەکم هەیه لەسەر ئەو دوو مەشروعه قانونەی که تەقدیم کراوە، تایبەت ئەوەی پەیوەندی به وەزارەتی سناعه و تجارەوه هەیه، لێرەدا مەسەلەی دەمجەکەیه، وەزارەت سناعەو تجاره هاتووه بەیەکەوە، ئەگەر ئێمه تەسویتی ئەمەیان بکەین، ئەمەی تریان ئیلغا دەبێتەوە، له مەشروعی تەعدیلەکه ، وەزارەتی سناعه و تجاره هاتووه ئەمه له رووی لوغەویەوە، هیوادارم بەڕێزانی لیژنه تەقدیم و تەئخیرەکەی وردەکاری تیا بکەن، ئەمه دیاره تەنیا له مەسەله کوردیەکەدا نیه، له عەرەبیەکەشدا هەیه، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایه، بەرامبەر ئەو مداخەلانەی که کران، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ڕەخنەیەکی بچووك بگرم، بەدڵێکی فراوانەوه وەری بگرن، دیاره من یەکەم کەس بووم که قسه لەسەر ئەو مەسەلەیه بکەم، بەڵام ناوت نەخوێندمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر له جێگەی خۆیەتی، داوای لێبوردنت لێ دەکەین، هەقی خۆته، ناوت نوسراوەو نەمان بینیوە، کەرەم که ئێستا فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیان کرد، من تەئیدی بیرو بۆ چونەکانی کاك شاهۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ناوت ڕەقەم 1 بوو، بەس لەسەر سەرەوه نوسرابوو داوای لێبوردنت لێ دەکەین، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه له لیژنەی یاسایی به زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوه بووین که پشتگیری ئەو پرۆژەمان کرد، که هەروەکو پێشکەش کراوە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی ڕەئی جیاواز هەیه، پێشنیار دەکەین، پێشنیارەکانی که بدرێته دەنگ دان، تەنها ئەوەی کاك سالار پێشکەشی کرد، ووشەکان پاشەو پێش کرا ئەوه چاك بکرێتەوە، پێشنیارەکانی تریش بدرێته دەنگ دان و یەکلا دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو مداخەلانەی کە کرا، سێ پێشنیار رەچاو کران، ئەگەر شتێکی تر مابوو پێمان بڵێن، یەك پێشنیار کرا بۆ ئەوەی بکرێت دارایی و بازرگانی و ئابووری لێك بدرێت، پێشنیاری تر پیشەسازی وکارەبا پێکەوە بێت، پێشنیاری سێیەم پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان بەیەکەوە بێت، ئەگەر پێشنیارێکی تر هەبوو، کاك شاهۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێکی تریش هەیە کە هەرسێ ئیختیساسەکە، وەزارەتی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان، واتە کارەباش بچێتە پاڵ ئەم وەزارەتە، واتە سێ وەزارەت یەك بگرێت، پیشەسازی کارەبا سامانە سروشتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری ئەخیر پیشەسازی و کارەباو سامانە سروشتیەکان، بەڵێ ئەوە چوار پێشنیار هەیە، ئەو ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆیەتی کە پێشنیار کراوە، کەرەم کە نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم، پێشنیاری دووەم و سێ یەم رەت ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە دەچێتە پاڵ ئیختیساسی وەزارەتی داراییەوە، هەتا ئەگەر پێشنیاری یەکەمیش زۆرینەی بەدەست هێنا، مانای ئەوە نیە پێشنیارەکانی تر رەت بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێرە خاڵێك هەیە، دەبێت بۆ هەمووتان روون بێت، بەڕێزێك بۆ موقتەرەحێك دەنگی دا، نابێت بۆ موقتەرەحەکەی تر دەنگ بدات، چونکە ئەوجا تێکەڵ دەبێت، ژمارەی ئەندامان زیاتر دەبێت لەم ژمارەیە، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ لە پێشدا ئەوە بخرێتە دەنگەوە کە ئایا ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە یان بگۆڕێت، ئینجا لە دوایدا موقتەرەحە بەدیلەکان، ئەگەر ئەوە بگۆڕێت دەنگی هێنا، ئەوسا موقتەرەحەکان بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ڕەئی من ئەگەر جەنابتان ئەسڵی مەشروعەکە یەکەم جار بخەنە دەنگدانەوە، ئەوە هەندێك لە ئیجحافی تیایە بەرامبەر بەرای کەمینەو بەرای ئۆپۆزسیۆن، چونکە من پێموایە یەعنی گومانم هەیە ئەگەر سپێتی ماستیش بخەینە دەنگ دانەوە گومانم هەیە لەیەك دەنگیمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ موقتەرەحێکی تازەمان نیە لەسەر نوسخەی ئەسڵی، بەڵام ئەو سێ موقتەرەحەی کە تەقدیم کراوە، چارەکە هەمووی بەرەو گۆڕینی ناوەکە دەچێت، واتە گۆڕینی ناوەکە ئەوەڵەن بدەینە تەسویت ئەگەر دەنگی هێنا ئینجا ئێمە دەچین چ ناوێك ئیستقرار بکات، خۆی دەبێت بەو شێوەیە بڕوات موناقەشەکە نەوەك بەشێوەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە کراون ئەو چوار پێشنیارە د.شاهۆ گوتی یەکەم پێشنیار باسی وزارەی پیشەسازی و کارەبا و سامانە سروشتیەکان دەکات، دووەم: باسی وەزارەتێکی تر دەکرێت کە دارایی و ئابووری و بازرگانیە، مەسەلەن من رەئیم دا لەسەر بازرگانی و ئابووری و دارایی ئەوە جیایە لەگەڵ ئەوەی کە دەنگ بدەم بۆ سامانە سروشتیەکان و کارەبا و پیشەسازی یەعنی ئەوە دوو وەزارەتی جیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەرۆکایەتی پێشنیارێکمان هەیە بۆ چارەسەری ئەو موشکیلەیە، چوار موقتەرەح هەیە، ئەسڵی مەشروعەکەش هەیە، یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە و دەڵێین کێ لەگەڵە، بۆتەغیرەکە ئەوەی پێشنیار بۆ تەغیرەکە، دەینووسین چەند دەنگی هێنا، بۆ پێشنیاری دووەمیش دەنووسین کە چەند دەنگی هێناوە، بۆ سێیەم و چوارەمیش، پاشان دەنگ لەسەر ئەسڵی مەشروعەکەش دەدەین، ئەمە حەلێکە، حەلێکی تر، کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە ماددەی دووەمەوە تاوەکو ئێستا هەمووی گۆڕینی ناوەکانە، هەمووشی پێشنیارمان خستۆتە دەنگەوەو هیچی ئەوەمان نەگۆڕیوە و نەخستۆتە دەنگەوە ئایا ناوەکە دەمێنێتەوە یان نا، یەعنی ئەمە پێچەوانەی هەموو دەنگدانی ماددەکانی پێشوە، یەعنی ئێمە دەبێت یەك شێوازی دەنگدان هەڵبژێرین، یان ئەوەتا پێشنیارە تازەکە بخەینە دەنگەوە یان کۆنەکە، بەڵام تا ئێستا لە ماددەی دووەمەوە تا ئێستا پێشنیارە تازەکانمان خستۆتە دەنگەوە، بۆیە حەق وایە ئەمەش هەروا بێت، ئەمە یەك، دووەم: ئێمە کە ئەوەی کە دەنگ دەدات ئەوەی بازرگانی و دارایی پێکەوە بێت، دەتوانێ دەنگیش بدات بۆ ئەوەی کە کارەبا و پیشەسازی پێکەوە بێت، چونکە ئەمە دوو شتی جیاوازە و دوو وەزارەتی جیاوازن، ناکرێت ئەوەی کە دەنگ بۆ ئەوە دەدات حەقی لەوە بسووتێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی قانونی ئێمە هەمووی نیزام داخلیەکەمانە، بە پێی نیزام داخلی کە هاتووە هەر پێشنیارێك دوو کەس تەئیدی کرد ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئیتر نازانم ئەو تەرحە چۆن دەکرێت! کە ئەسڵەکە بخەینە دەنگدانەوە کە بگۆڕێ یان نەگۆڕێت، هەر پێشنیارێك دوو کەس تەئیدی کرد بە پێی نیزام داخلی ئێمە دەبێت ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، دووەم: من کە لە پێشنیارێك دا دەیدۆڕێنم پێشنیارێکی تر هەیە و نزیکە لە بیرو ڕاکەی منەوە پێشنیاری دووەم بۆ حەقم نیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە نیزامی بێت، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بە پێی یاسا دەبێت ئەولەویەت بۆ موفتەرەحی یەکەم بێت کە موفتەرەحی لیژنەی یاساییە، ئەوە موفتەرەحی ئەسڵە، بۆ هەر موفتەرەحێکی تر ئەگەر دوو کەس دەیکەن و ئەوە لیژنەیەك کردوویەتی دواجار موفتەرەحە ئەسڵیەکە هەموو ئەو مەسەلانە یەك لادەکاتەوە و هیوادارم مەسەلەی بردنەوەو دۆڕاندن یان ئۆپۆزسیۆن و حاڵەتی تر نەهێنێتە ناوانەوە، چونکە لە موفتەرەحی زۆر باش دا پێ دەچێت هەموومان پێکەوە دەنگ لەسەر مەسەلە باشەکان بدەین، چونکە ئەمە تەنها پەیوەندی بە ناوەوە هەیە، پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نیە، ئێمە با شەڕەکانمان هەڵگرین بۆ ناوەڕۆك و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەڕ ناكەین، بۆ شەڕ دەكەین!؟ هەموو پێشنیارەكان لە بۆچوونێكی دڵسۆزانەوەیە بۆ ئەوەیە كە شتێكی ڕێك و پێك و بۆ خزمەتی هەرێم بێت، یەعنی هیچ شتێك بە هەڵە وەرنەگرن و سینگتان فراوان بێت، ئەو بەڕێزانەی كە نایانەوێ ناوەكە بگۆڕێ من خۆم ڕەئیم لەگەڵ ئەوەیە هەر موقتەرەحێك بخەینە دەنگدان ئەوانەی كە لەگەڵ ئەوەن ئەسڵی مەشروعەكە بمێنێ ئەوە دەنگ نادەن، ئیتر بۆ بترسێن! ئێستا یەكەم موقتەرەح دەخەینە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی كە هات دارایی و بازرگانی و ئابووری ببێتە یەك، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ 26 كەس لەگەڵە، دەچینە دووەم موقتەرەح پیشەسازی و كارەبا، كە ئەم دوو وازارەتە لەیەك بدرێت، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ 31 كەس لەگەڵ دایە، دەچینە موقتەرەحی سێیەم، پیشەسازی و سامانە سروشتیەكان، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كەس لەگەڵ دانیە، موقتەرەحی چوارەم كە پیشەسازی و كارەبا و سامانە سروشتیەكانە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ 4 كەس لەگەڵ دایە، ئێستا دێینە سەر ئەسڵی ماددەكە كێ لەگەڵ ئەوە دایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی مایەوە، بۆ ماددەیەكی تر د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ڕێكخستن و هەیكەلی وەزارەتە لێكدراوەكان بە یاسا ڕێك دەخرێنەوەو كار دەكرێت بەو پێڕەو ڕێنماییانەی كە لە بارەیانەوە دەرچون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

المادة السابعة:

يعاد تنظيم هيكلة الوزارات المدمجة بقانون ويعمل بالانظمة الصادرة عنها لحين صدور بما يحل محلها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی بە تێكڕای دەنگ لەگەڵ دەقی ماددەیەكەین وهیچ مولاحەزەمان نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان بە تەنها قسەی هەیە و یەك موقتەرەح وەرناگیردرێت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هیچ ناگۆڕم له مەوزوع، بەڵام لێره لەناو نەسەکەدا فاریزەیەك داندراوه (بالانظمة الصادرة) نابێت ئەو فاریزەیە لەو بەینەدا بێت، دوای ئەوه (لحين صدور ما يحل محلها) نابێت ، چونکه عادەتەن ئەوه دەبێت (لحين صدور القانون الجديد)، بۆچی (لحين صدور ما يحل محلها)؟ مايحل محل النظام؟ یان، مايحل محلها كالقانون؟ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی وەڵامتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەله هەر قانون نیه، مەسەلەکه تەعلیمات و ئەنزیمەشه بەڕاستی، بۆیەش (لحين صدور مايحل محلها) هەمووی دەگرێتەوه، تەنها قانون ناگرێتەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ دایه تکایه دەست بەرزبکاتەوه؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیه؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

لايعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

ماددەی هەشتەم:

کار به هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیار ناکرێت، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایه ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه لەگەڵ دەقی ماددەکەین، چونکه ماددەکه ماددەیەکی ئاسایی و پرۆتۆکۆڵیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەس دەیەوێت قسه بکات؟ ماددەیەکی رۆتینیه، کاك  خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاربه هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك، نەك بڕیار، بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایه ناکۆك بێ، سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ دکتۆره رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە بەڕێز لەڕووی زمانەوانیەوە دایدەڕێژینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە بە وەرگرتنی ئەو موقتەرەحە دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاودەکرێتەوە.

المادة العاشرة:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ اصداره وینشر فی الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لەو دەقە غەڵەتێکی شائیع دەبینم کە لە هەموو قانونەکاندا هاتووە، ئەو پرۆژەی کەلەبەر دەستە و بەو شێوەیەی کە هاتووەڕاستیەکەی من پێم وایە لەڕۆژی نەشر کردنی تەنفیز دەکرێت نەك لەڕۆژی ئیسداری، بە پێی قانون ڕۆژی نەشرکردن جێ بەجێ دەکرێت، ئەمە ئەگەر غەڵەتێکی ئیملایش بێت جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست وەڵامی بۆ جەنابت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك قاعیدەیەکی عام ڕاستە لە تاریخی نەشرە، بەڵام لە قانونی نەشری قەوانین هاتووە دەتوانین تاریخێکی تر دابنێین بۆ زەرفێکی موعەیەن، چونکە بە پەلەیە و لەڕۆژی ئیسدار تەنفیز دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزداران کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە؟ ببورە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس. د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

### هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەهۆی ڕێکخستن و کەم کردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێك وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەت دا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجبە تەنها بە کوردی نووسراوە پێ ڕانەگەیشتوون تەرجومەی بکەن، ئەگەر قسەتان لەسەری نیە هەموو پرۆژەکە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاك حمە فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەکە ئەخیرەن دیسانەوە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا پرۆژە لەگەڵ ئەسبابی موجبە ئێمە مادده مادده نا، نا، شتی وا نیە، خرایە دەنگدانەوە، ئەسباب موجبە لەگەڵ گشت پرۆژەکە، خرایە دەنگدانەوە، بەکۆی دەنگیش پەسند کرا، کێ لەگەڵ دایە؟ تەواو بوو، تەصویت کرا بە زۆرینەی دەنگ، ئێستا بۆ لیژنەی یاسایی، بۆ پرۆژەکەی تر، کەرەمکە فەرموو، بۆ کۆبوونەوەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە (8) خاڵی (2)، خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (3) ساڵی 1992 ی هەمواركراو، لیژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی ڕاپۆرتەکە لە لایەن ئەندامانی لیژنە دەخوێندرێتەوە بە زمانی کوردی، پاشان دەست دەکەین بە موناقەشەکردنی بڕگە بە بڕگەی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا لە ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 26-10-2009، بەرامبەر بە 4ی گەلاڕێزانی 2709ی کوردی، بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەی هەمواركردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە لە دانیشتی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممەی بەرواری 26-10-2009، دوای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە، لیژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگ پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە کابینەی نوێی حکومەت دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە هەندێ لە نوسخەکان ناوی وەزارەتی داد هاتیە بە وەزارەتی داد و داواکاری گشتی، خۆی ڕاستیەکەی وەزارەتی دادە، ئەمە یەك، دوو: ئێمە لە لیژنەی یاسا، بە تێکڕای ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەو پرۆژەمان خوێندەوە و، موناقەشەیەکی ئەوتۆمان لەسەر نەکرد، چونکە ئێمە پێمان وابوو لە لیژنەی یاسایی، ئیلغا کردنی هەندێك وەزارات، دەمج کردنی هەندێك وەزارات، ئەوە پەیوەندی بە پرۆژەی یەکەمەوە هەیە، کە لە پرۆژەی یەکەم دەنگی لەسەر درا، مەعنای ئەوەیە دەبێت موناقەشات بە نیسبەت ئەو پرۆژەیە کەمتر**

بكرێتەوە، ئەمە تەنها بۆ تەوزیح بوو، چونكە ئیستیقراری ڕەئیەك هەیە لەسەر مەوزووعەكە، بۆیە من ویستم تەوزیح بكەم، زۆر سوپاس.

المادة الأولى:

تلغى المادة التاسعة المعدلة من قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (3) لسنة 1992 المعدل بالقانون رقم (1) لسنة 2006، و يحل محلها مايلي:

يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:

1- وزارة العدل
2- وزارة شؤون البيشمركة
3- وزارة الداخلية
4- وزارة المالية و الإقتصاد
5- وزارة الثروات الطبيعية
6- وزارة الصحة
7- وزارة التربية
8- وزارة الإعمار والإسكان
9- وزارة البلديات و السياحة
10- وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
11- وزارة التخطيط
12- وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية
13- وزارة الثقافة و الشباب
14- وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين
15- وزارة الزراعة و الموارد المائية
16- وزارة الصناعة و التجارة
17- وزارة النقل و الإتصالات
18- وزارة الأوقاف و الشؤون الدينية
19- وزارة الكهرباء

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

ماددەی (9)یەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی سـالّی 2006 ی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (3)ی سـالّی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێتەوە:

1-وەزارەتی داد

2- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

3- وەزارەتی ناوخۆ

4- وەزارەتی دارایی و ئابووری

5- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

6- وەزارەتی تەندروستی

7- وەزارەتی پەروەردە

8- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون

9- وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار

10- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

11- وەزارەتی پلاندانان

12- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

13- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

14- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

15- وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتیە ئاوییەکان

16- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی

17- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

18- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاییینی

19- وەزارەتی کارەبا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس موناقەشەی هەیە لەسەر ئەمە، تکایە ناوتان بڵێن، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیل بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك حاکم ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووباره دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نوقتەی یەکەمجار، ئێستا ئێمە دەمانەوێ یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بگۆڕین، ئەم ئەنجومەنی وەزیرانەی ئێستا کە قائیمە، دەبن بەو وەزارەتانەی ئێستا؟ ئەی باس لەو وەزارەتانەی تر نەکراوە چیان لێ دێت؟ کە ئێمە ئەمانە ئەگۆڕین ئێستا، ئێستا ئێمە ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە بە تەرکیبەیەکی تر، بە پێی قانونێکی تر کۆمەڵێ وەزیری تری تێدایە، ئێستا کردمان بەمانە، ئەی مەصیری وەزیرەکانی تر چیان لێ هات؟ وەزارەتەکانی تر چیان لێ هات؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی جوابی ئەو ڕایە بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش ئێمە وەڵاممان داوە، ئێمە کە پرۆژەکەی ترمان پەسند کرد ئەو مەسەلانە کۆتایی پێ هات، دوو: من لە کاک حاکم ڕزگار دەپرسم، باشە ئەگەر ئەو ئیلغایەمان نەکردبا، ئەو (19) وەزارەتەمان پەسند بکردبا مەوزووع چی دەبوو؟ بزرەبت ئەوە عەکسی جەنابت دەڵێی بەو شکلە دەبوو، کەواتە ئەبێ ئێمە لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران ئەو وەزارەتانەی کە تەسبیت دەبێ، ئەبێ ئێمە لە ماددەکە تەسبیتی بکەین، ئەوەی کە ئیلغایە دەرمان هێناوە، واتە پەسندکردنی پرۆژەی یەکەم وا دەکات کە وەزارەتەکان ساف بچنە ناو قانونی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992، کەواتە ئێستا تۆ پاش ئەوەی کە ئەوە پەسند دەکرێ قانونی ئەنجومەنی وەزیران بخوێنیەوە، مەعنای وایە ئەم (19) وەزارەتەی لە خۆ دەگریتەوە، ئەوانی تر لەخۆناگرێتەوە، چونکە ئێمە بە بڕیارێکی پەرلەمان ئیلغامان کرد و ئەوی تریشمان دەمج کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەیەك لەسەر قسەی کاك شێروان، بە تایبەتی ئێمە ماددەیەکمان دانایە، ماددەی دووەم، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ، واتە لەوێ حەسممان کرد، ئەوەش هیچ ماددەیەکی قانونی نابێ موعارەزەی ئەو قانونە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە کاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێم وایە دەبێ بە پێی یاسا، ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێناوە لە (27) وەزارەت، ئەبێ ئەوە هەڵبوەشێتەوە و لێرە دەنگی بۆ بدەین، دووەم: یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئێستا دیار نیە لەبەردەمی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان، سێهەم: مولاحەزەم ئەوەیە، ئایا پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران هەر وەزیرەکان دەگرێتەوە یان سەرۆك و جێگرەکەی؟ بۆیە دەبێ لێرەش ئەوەی تیا بێت ئەگەر ئەوانە بگرێتەوە، خاڵێکی کە: ئەو هەیئەت و دەزگایانەی کە ئیلغا

بوونەتەوە ئەگەر دروست دەكرێن ئەبێ لێرە شوێنیان دیار بێ؟ ئایا بە پلەی وەزیرە یان بە پلەی وەزیر نیە؟ چونكە دواتر ئەنجومەنی وەزیران بۆی نیە بە ئارەزووی خۆی لە یاساكە دایبنێ یان دایـنەنێ و، مـن پێشنیار ئەكەم و پێموایە كە ئێمە پێویستە تەرشیقێكی وەزاری لە ژمارەی ئەو وەزارەتانە بكەین كە لێرەدا هەیە، چونكە وەك دەبینین لە وڵاتانی دونیا، چ لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان؟ چ لە ڕووی ڕووبەری جوگرافییەوە، زۆر وڵات هەیە (10) ئەوەندەی ئێمەیە (14) وەزارەتی هەیە، یان (15) وەزارەتی هەیە بۆیە پێشنیار دەكەم وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی یان لەگەڵ تەندروستی دا یەك بگرێت، دەمج بكرێ، یان لەگەڵ وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، ئەوە تەرشیقێكی جوانە و موناسیبیشە، هەردوو حاڵەتەكە موناسیبن و، هەروەها پێشنیار دەكەم، بەڕاستی وەزارەتی كارەبا.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوای لێبووردن دەكەم لە كاك محمد سعيد موفاتەعەم كرد، كاك شێروانیش ئیشارەی دا، ئێمە ئێستا تەصویتێكمان كرد لەسەر دەستنیشان كردنی ئەو وەزاراتانەی كە ئەمێنن و یان مەصیریان، بۆیە ئەم ماددەیە، موناقەشەی ئەم ماددەیە، بۆ ئەوە نیە ئێمە موناقەشەی وەزارەتەكان بكەین ئەوە قانونێك بۆی دەرچووە تێیدا تەحدید كراون، هەدەف لەم موناقەشەیە ئەوەیە، چونكە ئێمە یاسایەكمان دەركرد تەعریفی هەیكەلیەتی حكومەتمان كرد، چونكە دەقێكی یاساییمان هەیە، پێناسەیەكی تری هەیە، بۆیە دەبێ ئەم ماددەیەی هەیە، یان هەڵیوەشێنین یان بیگونجێنین لەگەڵ ئەو یاسایەی ئێستا ئێمە پێش دوو دەقیقە دەنگمان لەسەر دا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسا دێن (لا يعمل بنص، نشره)، من تەصەور دەكەم مەزیعەت وەقتە، ئەگەر ئێمە هەموو جار بڵێین كێ لەگەڵە؟ بیخوێنینەوە، چونكە ئەوانە مەسائیلی پرۆتۆكۆلینە، پێشنیارە ئەوە، ئەوی تر من ئەڵێم نیزامیەكە بەو شێوەیە بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە پەرلەمانە، قانونێك دەنگتان بۆ دا، تەصویت كرا، قبوڵ كرا پێش ئێستا، ئێستاش ئەمە دێ موناقەشە ئەكەن، ئێوە ئازادن لە دەنگدان هەمووتان، ئەگەر لە دواوە ماددەیەك دەرچوو بە عەكسی ئەوەكەی تر، ئەوەكەی تر ئیلغا ئەكرێتەوە، بۆیە ئەمێنێ بۆ تەسویتی ئێوە، ئەگەر ئەكسەریەتی پەرلەمان ئێستا لەسەر ئەم ماددەیە كە موتەئەخیر ترە لەوەی پێشی ئێستا، ئەتوانی ئیلغای بكەیتەوە، بەڵام ئەگەر باوەڕتان بە بیروڕاكانی خۆتان هەیە، وەكو ئەوە ئەمێنێ ئەوە هەروەها ئەمێنێت، بۆیە زۆر تەبیعیە موناقەشە بكەن و ڕەئی خۆتان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ، چوار مولاحەزەم وت سەرەتا، دوواییش وتم تەسمیەی یەکەم لەسەر قسەکەی جەنابت، چونکە ئەمە دوو پرۆژەی جیان، لە ڕووی قانونیەوە ئاساییە، ئەم موناقەشەی وەزارەت وەزارەت بکرێ، تەرشیقات باس بکرێ، ئەمە تەناقوزی نیە لەگەڵ ئەوەی پێشوو دا لە ڕووی لائیحەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەوەی کە ئەگەر یاسایەکی نوێ بێت بۆ ئیلغا کردنەوەی یاسای پێشوو، بێگومان ئێوە لەو پرۆژە یاسای کە پێشنیاز کراوە، نووسراوە ماددەی یەکەم، ماددەی (9)یەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2006 ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە، واتە ئەم پرۆژەیە لە کاتی تەصویت کردن تەنها ئەو مادده (9)یە لە خۆیەوە هەڵدەوێشێنرێتەوە بە تەصویت، واتە تەسویت دان لەسەر ئەم پرۆژەیە، یاخود لەسەر ئەم برگە و ماددەیە صەراحەتەن یان زمنەن کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەکە، ئەم ئیلغاکردنەوە دوو جۆرە ئیلغاکردنەوەمان هەیە لەم پرۆژە دا صەراحەتەن ئیشارەتی پێ ئەدرێ چونکە دوایی دەنگدان هەیە لەسەر ئەوەی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ و، زمنەن پەسندکردنی ئەم برگەیە، تەعدیل کردنی ئەم برگەیە، ماددەی (9)یەم ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ماددەی پێشوو، لە غەیری ئەم حاڵەتە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەموارکراو وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەم تەعدیل کردنە تەنها تایبەتە بە هەموارکردنی ماددەی (9)یەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالم، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارە تەئکید دەکەمەوە سەر ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری، وابزانم ئابووری پێویستی پێ نەما کە لەوێ بمێنێتەوە و، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش، کار نەهاتووە لە تەرجومە کوردییەکەی، ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەیەکی قانونی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەیەکی صەریح لە نیزامی داخیلی دا هەیە، مەوزووعەك تەصویتی لەسەر بکەی نابێت جارێکی تر بێی دەرگای موناقەشەی بۆ بکەیەوە، مەوزووعی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتەکانی تر، تەصویتمان لەسەر کرد، پرۆژەکەی هێشتا لەبەر دەستمانە، تەواو بوو، نابێت جارێکی تر موناقەشەی لەسەر بکەین، ئینتیهائی هات، ئەو ناوانە ئەوی لەو ماددەیە سێ نەوعە ناون، هەندێك لەغوو بوون، هەندێك مان، ناتوانین جارێکی تر مەوزووعی موناقەشە لەسەر بکەینەوە، هەندێ وەزارات دەمج بوون، جارێکی تر ناتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین، هەندێ وەزارەت وەك خۆ ماینە، هیچ پێشنیازێك نیە، داواکردنێك نیە، کە ناوی وەزارەتەکە بیگۆڕی، یەعنی بە ڕەئی من، وە لەو من مافی دەنگدان و موناقەشە لە ئێوە وەرناگرم، حەقم نیە، بەس بە ڕەئی من مەفرووزە ئەو ماددەیە ئیعتیادی بەڕێوەچووبا، چونکە خولاصە و نەتیجەی پرۆژەی یەکەمە، خولاصە و نەتیجەی هاتە بینا کردن لەسەر پرۆژەی یەکەم، ئەوە بەس بۆ ئەوەیە ماددەی (9) لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەی ئەوەل، ئەوەی تەصدیقمان لەسەر کردووە پێش ئێستا، بیخەینە جێگای ئەو ماددەیە، نە کەم نە زیاد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ناسك خان، نوقتەی نیزامی، کەرەمکە، فەرموو.**

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێموایە لە پێش دا ئێمە قسەیەك بکەین لەسەر تەصویتی ئەوەی ئێمە ڕازین بەوەی 19 بێ، یان کەمتر بێ؟ چونکە ئێمە هەدەفێك هەیە هەمووومان پێمان وایە ئەبێ زیاتر ئەم حکومەتە نوێ یە کەمتر بێ وەزارەتەکانی، با لە سەرەتا دا تەصویتێك بکەین لەسەر عەدەدی وەزارەتەکان، ئەمە یەك، دوو: ئێمە قسە ناکەین لەسەر دەمج کردنی ئەوانەی پێشوو، ئێمە قسە لەسەر شتی تر بکەین ئەگەر هەبوو، پێموایە ئەوە عەکسی، یەعنی دژایەتی یەکتر ناکەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**با وەڵامێ بدات، کەرەمکە کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵاهی من یەك تەوزیحم هەیە، تەوزیحەکەشم ئەوەیە، پەسندکردنی پرۆژەی یەکەم زمنەن پەسندکردنی پرۆژەی دووەمە، ئەوە مەخڵەصی قسەکانە بەڕاستی، ئێستا ئەمن سەر لە نوێ بێم، دووبارە ئەم وەزارەتانە بدەمەوە تەصویت، خیلافی تەصویتی یەکەم، ئەوە بەڕاستی وارید نیە و موخالیفی نیزامیشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کوێستان خان کەرەمکە.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

دیارە لە کاتی موناقەشە کردنی پرۆژەی یەکەم دا من چەند پێشنیارێکم هەبوو، هەر بەڕێزتان پێتان وتم کە ئەوە هەڵگرن بۆ پرۆژەی دووەم، وەك ئەوەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و، تەئکیدیشم کردەوە وتم زۆر باشە ئەمە هەڵئەگرین بۆ موناقەشەی دواتر، بەڵام ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بخەنە دەنگدانەوە، لەسەر ئەو ئەساسە و، هەندێك وەزارەت هەیە لە پێشتر ناوی نەهاتووە، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هیچی موناقەشەی لەسەر نەکراوە و، ڕەنگە ئێمە ئیزافەمان هەبێ، بمانەوێ وەزارەتێك ئیزافە بکەین، بۆیە من پێموایە ئەو وەزارەتانەی کە پێشتر ناوی نەهاتووە و موناقەشەی لەسەر نەکراوە، نەخراوەتە دەنگەوە، مافی ئەوەمان هەبێ موناقەشەی بکەین، بەڵام ئەوانەی کە موناقەشە کرا و خراوەتە دەنگدانەوە ئەو مافەمان نەبێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتە نیزامیەکەت دروستە، وەزارە، وەزارە دێینە خوارەوە، ئەوانەی کە ئێستا ژمارە (1) وەزارەی داد، کێ لەسەر وەزارەتی داد موناقەشەی هەیە، لەسەر ئەو نوقتەیە، نوقتەی نیزامی؟ کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە ناوی هەر (19) وەزارەتەکە بە یەك مادده هاتۆتە خوارەوە، باشترە موداخەلەکان ئەوانەی کە ڕەئییێکیان هەیە لەسەر کۆی ماددەکە، لەسەر وەزارەتەکان، چونکە کەمی ماوەتەوە ئەوەی کە لە یاسای پێشوو تردا، لە پرۆژەی پێشووتر دا باسی نەکراوە، بە کۆ قسە لەسەر ئەو وەزارەتە تازانەبکەین کە لێرە دا هەیە، نەك یەك یەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ کەرەمکە، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پێشنیار ئەکەم، هەر ئەندامێ هەستا لەسەر کۆی ماددەکە قسە بکات، بۆ ئیقتیصادی لە وەخت دا، چونکە ئەگەر وابێ لەو بڕوایەم تەواو نابێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من زۆر سوپاستان دەکەم، من لەگەڵتانم، بەڵام ئەترسم تێکەڵی بکەن، بەس باشە، پەیام أحمد، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارێکمان هەیە، وەکو کوێستان خان باسی کرد، وەزارەتی کۆمەڵایەتی دەمج بکرێ لەگەڵ تەندروستی، بەڵام پێشنیارێکی ترمان هەیە، هەرچەند ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە وەزارەتەکان کەم بکرێتەوە، لەوانەیە ئەم قسەی من تۆزێ پیاوان تووشی ئەوە بکات، بەڵام پێم باشە وەزارەتی ژنان ئیزافە بکرێت، چونکە باش ئەزانین ژنان لەم هەرێمە دا چەند گرنگە، چەند کێشەی زۆرە، هەر وەزارەتێ لەم

وەزارەتانـە دیـارە ژنـی تیایـە، بـەڵێ، بـەڵام هـەر ژنێـك لـەم وەزارەتانـە كێشـەی خـۆی هەیـە، حـەق وایـە وەزارەتێكی تایبەت بكرێتەوە بۆ ژنان، بۆ ئەوەی زیاتر داكۆكی لە مافەكانی ژنـان و لـە كێشـەكانی ژنـان و، لەم زرووفەدا كە ئێمە ئێستا لە دونیا دا باسی توند و تیژی دژ بە ژنان ئەكرێ، ئەو ئیشانەی كـە بەرامبـەر بە ژنان ئەكرێ كەمی بكەینەوە لە ڕێگای ئەم وەزارەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ڕاستی دا ئیزافەم هەیە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ، كە بە تەنها هاتووە، من پێم باشە، پێشنیارەكەم ئەوەیـە كـە وەزارەتـی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی بێ، بۆچوونەكانیشم بۆ ئەوەی كە ئەو وەزارەتە دەسەڵاتەكانی فراوان تر بـێ، بـۆ ئـەوەی بتـوانێ لە چوارچێوەی كارەكەی خـۆی دا سـەیتەرەی تـەواو بكات، كۆمـەڵێ هۆكـار و فاكتـەر هەیـە كـە لەوانـە خـۆی ئەبینێتـەوە بـۆ ئەوەی دەسەڵاتەكانی وەزارەت كەم نەبێتەوە، ئێستا تێكەڵاویەكی خراپ هەیە لە نێوان وەزارەت و دەزگاكـانی تـری هـەواڵگری دا لە هەرێمی كوردستان و، كاریگەری كردووە لەسـەر ناوبـانگی حكومەتەكـەمان و، دەزگای لابـەلا دروسـت بـووە كـە ئەمـەش ئاگرداذێكی دروست كردووە بە جۆرێك لە جۆرەكان، بەڕاستی كە ئەمـەش بۆتـە هـۆی پێشـێلكردنی مـافی مـرۆڤ و بـەر تەسـك كردنەوەی ئازادییەكان و، لە كاتێك دا كە ڕووبەڕووی وەزیری ناوخۆ ئەبینـەوە، یـان هـەر لایـەنێك لـە لایەنـەكانی كۆمـەڵگای مەدەنی، وەڵامی پێ نیە، ئەو كار و ئیجرائاتانەی كە كراوە، لە دەرەوەی ئەو كراوە، لە كاتێكدا وەزیـری نـاوخۆ موكەلەفـە بـە پارێزگاری كردنی ئەمنی ناوخۆیی وڵات، بۆیە من پێم باشە ئاسایشی نیشتمانی بۆ زیاد بكـرێ و، لـە ڕووی ڕۆتیناتیشـەوە لـە زۆر كێشە ڕزگارمان دەبێ، بە باشی ئیش و كارەكانی خەڵك و كارمەندان ئەنجام ئـەدرێ، ئێستا كێشـەیەكی زۆر گـەورە هەیـە لە نێوان هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش، بە تایبەتی ئاسایش و دەزگاكانی هەواڵگری تر كە لـە ڕووی ئیـداری و مەسـلەكیەوە لـە شوێنێكی تر تەرقیە و تەرفیعیان بـۆ دەكـرێ، لـە شـوێنێكی تـر ئـەوامر و فەرمانـەكانیان وەرئـەگرن و بەڕاسـتی تێكەڵاویـەك دروست بووە، ئەگەر بێتوو ئەمە بكەین، ئێمە ئەتوانین وەزارەت باشتر پـلان ڕێـژی بكات لـەو حاڵەتانـە هاوكـاری بكـەین، بـۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نیشتمانی و، وەزارەت لە ئاست گۆڕانكارییەكانی ناوخۆ و دەرەوە بێ، ئـەتوانێ لـە ئاسـتی پێویسـت دا بێت و پێشكەوێ بە شێوەی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی دونیا و هۆشیاری و مافـەكان دا، بـۆ ئـەوەی ڕزگارمـان بـێ لـە فرە وەزارەتیش و ناچار نـەبین لـە داهـاتوودا وەزارەتێكـی تـر دروسـت بكـەین بـۆ ئـەو دەزگایانـەی كـە لـە دەرەوەی وەزارەتـی ناوخۆ كار ئەكەن لە ڕووی ئەمنیەوە، كە ئێمە باسی تەرشیق ئەكـەین بـۆ ئـەوەی ئـەوەش نەیێتـە ئـاراوە، یـان هەنـدێك لـەو دەزگایانە، ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە، ئەو ئاژانسانەی كە دروست كراوە دەسـەڵاتی وەزیریـان پـێ دراوە و، بـە هـەمان شـێوە لـە بودجەكەشدا، بودجـەی وەزارەتیـان ئـەگـەر بـە زیـاتر دانـەنرابێ و، هـەروەها گرنگـی ئـەبێ لـە كەمكردنـەوەی خـەرجی و بـە فیڕۆدانی داهات لەو حاڵەتەدا و، هەروەها ئەركی سەرشانی ئەنجومەنی وەزرانیشیان قوڕس كـردووە، ئێمـە لێـرە لـە پەرلـەمان دا گفتوگۆمان كرد لەسەر كۆمەڵێ موئەسەساتی تر كە دروست ئەبێ، ئەنجومەنی وەزیـران لەوانەیـە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی بكات، ئەو دەزگایانەی ئەمنی بەڕاستی ئێستا ئەنجومـەنی وەزیرانیشـی نیگـەران كـردووە، بـە ئـەوەی هەنـدێ جار نـاتوانن لـە ڕووی یاساییەوە تەعامولیان لەگەڵ دا بكەن، كە ئێستا كێشەی هەیـە ئەنجومـەن، لەبـەر ئـەوەی یاسایەكی تایبـەتیان نیـە كـە ئەرك و ماف و فەرمانەكانیان دیاری بكات و، هەروەها لە خراپی دوو ئیدارەییش ڕزگارمان ئەبێ لەم بوارە دا..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایه ئێستا لەسەر وەزارەتەکان قسە بکە، مەچۆ سەر دوو ئیدارە و ئەم لاو ئەولا، ڕجائەن وەرەوە سەر مەوزووع.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

.........وەزارەتی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێ بە یەك وەزارەت بۆ ئەوەی زیاتر تەرشیق بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاروان صالح، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی وەزارەتی ناوخۆ من هەندێ تێبینیم هەیە، بەشێکیان کاك نەریمان کردی، بەڕاستی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە تا ئێستاکە حەق نیە لێی ڕاکەین، یەعنی ئێمە کۆمەڵێك دام و دەزگای ئاسایش و ئەمنیمان هەیە کۆ نەکراوەتەوە لە چوارچێوەی وەزارەتەوە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە شەرحم بۆ مەکە، چیت ئەوێ ناوەکەم بۆ تەرح کە، چونکە ئێمە لەسەر ناوەکە، ئایا وەکو ناوخۆ بمێنێ؟ ئاسایشیش لەگەڵی بێت؟ لا ببردرێ؟ شتی بخرێتە سەر؟ ئەوانەمان بۆ شەرح بکە، کەی هاتینە سەر یاساکەی کە پێیدا چووینەوە ئەوجا هەر چیت هەیە، پڕ بە دڵ خۆت.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی بێ، نەك بە تەنها وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دانا سعید صوفی، فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان قسەکەی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لەوانەی کە قسەیان لەسەر کراوە پێشتر بڕیاری لەسەر درا، پێویست ناکا، یاخود هەر جائیز نیە قسەی لەسەر بکرێتەوە، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە ئەمە دەکرێت بە بڕیارێك، دیسانەوە دێمە سەر ئەوەی هەڵە زمانەوانیەکانمان تێپەڕ نەکرێ.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەرە سەر ناوەکە، ڕجائەن، ناوەکەی ناوخۆیە برای من، ئەتەوێ ناوخۆ بمێنێ؟ نەمێنێ؟ ناوێکی تر لەسەری دابندرێ؟ ناوەکەم بۆ بڵێ، شەرحی زمانەوانی لەسەر ناو چیت ئەوێ؟

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئەوە دەبێت بە بڕیار وپاشان دەڕوا وەکو ئەوانی تر ڕۆیشتن، بۆیە دەیڵێم، بە نیسبەتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە، پێموایە وشەی کاروبارەکەی زیادە، خۆی هەر وەزارەتی پێشمەرگە بێ، بە نیسبەتی وەزارەتی ناوخۆوە، ئاخۆ وەزارەتی ناوخۆ چی دەگرێتەوە؟ ئێمە پێشتر چونکە وەزارەتی ناوخۆ بە جۆرێك بووە لەم دواییە، ئایا دەزگای ئاسایش دەکەوێتە سەر ئەو؟ یاخود وەکو دەستەیەکی تر تێی دەڕواندرێ؟ بە نیسبەت وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاریەوە، بە هەمان شێوە گەشتیارەکە ئەگەر هەوڵ بدەین تەسبیت بکرێتەوە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتیاری، بە نیسبەتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پێموایە لەوەشیان دا لە ڕووی زمانەوانییەوە کاری یەکەم زیادە، چونکە لە زمانی کوردی دا ئەگەر بڵێین وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاسترە، چونکە دەڵێ (وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية)، کاری یەکەم ئەمە عەمەلە، بارەکە (شؤون) دەگرێتەوە، ئەگەر لە فەرهەنگەکان دا هەموویان سەیریان بکەین، لە زمانی کوردیش دا هەروا هاتووە، واتە عەرەبیەکەش ناشێوێت بە نیسبەتی ئەمەوە، سەبارەت بەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویش لێرەدا کە هاتووە، لەمەشیان دا ئەگەر بێت و ئێمە یەکی بخەین، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە؟ یاخود وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاویەکانە؟ بە نیسبەتی ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیش بە هەمان شێوە لەو پاش و پێشەی هەبوو، قسەکەی من لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە ئەو هەڵانە دووبارە نەبێتەوە، کە یاساکان دوو یاسایە لە یەك ڕۆژ دەردەچێ و هەردووکی موتابیقی یەکدی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوە نیە، هەر ناوەکە بڵێین وا وانیە؟ باش، هەندێك موئەسەساتی ئەمنی هەیە، نەخراوەتە ناو چوارچێوەی قانونیەوە، زەرووره ئەو موئەسەساتانە بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی قانونیەوە، بەبڕوای من

باشتریش وایە چوارچێوەی قانونی بۆ ئەو موئەسەساتانە ناو وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم کە بکرێتە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە لە ژمارە (3) وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر ئاسایشی نیشتمانی بۆ زیاد بکرێ پێم باشە، ڕوونیشی ناکەینەوە لەبەرچی؟ ژمارە (14)ش وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ئەگەر زیندانی سیاسیشی بۆ زیاد بکرێ پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گلەییەکم هەیە کە ئەبوایە ئەم یاسایە بەڕاستی لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی بە موشارەکە بهاتایە، کاک شێروان جەوابی دامەوە، ئەڵێ: پرس و ڕا کراوە، بەڵام من نازانم چەند، جانبی دووەم ئەمە بەڕاستی مەجالی ئیختیصاصاتە، مەجالی ئیختیصاصات بە لایەنی کەم دەبوایە پرس بە لیژنەکان کرابایە، دیارە ڕاستە لیژنەکان سەرۆك و جێگر و موقەریری هەڵنەبژێردراوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە زەرووره بەڕاستی لایەنی کەم، پرس و ڕایەك لەگەڵ لیژنەکان بکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەوە لێرە هەموو ئەندامانی هەموو لیژنەکان لێرەن، هەمووتان ڕەئی خۆتان ئەدەن بۆ ناوە و، سوڵتەش، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوە، حکومەتی تەصریف ئەعمال حەقی نیە مەشروع تەقدیم بکات بۆ تەغیرات و ئەوانە و، هی تازەش سوێندی نەخواردووە، پەرلەمان لەو بۆچوونانەی کە لەبەرچاوێتی، ئەو مەشروعەیان هێناوە و، ئێوەش ئەتوانن قەرار بدەن، ئەتوانن رەفزی بکەن، ئەتوانن ئەکسەریەتی ئەندامانی پەرلەمان، کۆمپلیت مەشروعەکان دەنگی بۆ نەدەن، ئەشتوانن قەبولی بکەن، ڕەئی هەر تاکێك لە ئێوەش جێگەی ئیحتیرامە و، هەمووشمان ئیحتیرامی ڕەئی ئەکسەریەت دەگرین، ئەکسەریەتیش ئیحتیرامی ئەوانە ئەگرێت کە بۆچوونی جیاجیایان هەبوو، مەعنای ئەوە نیە دژایەتیان کردووە، سوپاس بۆ جەنابیشت بۆ ئەوەی کە، تکایە بۆ داهاتووش هەموومان فێربین، هەر کەسێ ڕەئی خۆی بەوپەڕی صەراحەت بدا، بەڵام بەرامبەر یەکتر ئەوە نەکەن، ڕێزدار کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی جەوهەریم هەیە سەبارەت بە دێری چوارەمی ماددەی (1)ەم، دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت، ئایا ئەم وەزارەتانە ئەندامن لە ئەنجومەنی وەزیران؟ چونکە ئەمانە موئەسەساتن، باشتر وایە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەم وەزارەتانە پێك بێن، چونکە ئەنجومەن ئەشخاص لەخۆ دەگرێ، ئەنجومەنی وەزیران تەنانەت سەرۆکی حکومەت ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیران دا، واتە دەبێ ئەم تێبینیە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ، سەبارەت بە تێبینیەکانی تریشم، قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژەی یەکەم دا باسی چەند وەزارەتێك کرا کە هەڵدەوەشێتەوە، وەکو مافی مرۆڤ و، لەو تەشکیلەی ئێستاش کە لەو پرۆژە یاسایەی کە هاتووە، تەشکیلەی حکومەت وەزارەتەکانی پێك دێت لە (19) وەزارەت، بەو پێیە، بۆ نموونە، پێشوەخت وەزارەتێکمان هەبوو تایبەت بە کاروباری ژنان و، هەمووشمان کۆببووین لەسەر ئەوەی کەوا هەندێك لە کاری ئەو وەزارەتانەی پێشوو کە هەڵوەشایەوە و، ئەوانەی واتا ناویان هاتووە و ئەوەی ناوی نەهاتووە وەك ژنان، لە هەیئەیەکی سەربەخۆی موستەقل ڕێك بخرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر کە تایبەتە بێرە لە ماددەیەکی سەربەخۆ دا باس لەوە بکرێ کە پێویستە ئەو وەزارەتانەی کە هەڵوەشاوەتەوە و کاروبارێکی موختەص بوون بە ڕێکخستنی بوارێکی تایبەت لە کۆمەڵگا وەك مافی مرۆڤ، یاخود ژنان، لە ئایندەدا لە شێوەی هەیئەی موستەقل دابمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر هەندێك لە وەزارەتەکان، مولاحەزەی خۆشمان دا لە کاتی موناقەشە کردن لەگەڵ برادەرانمان لە لیژنەی یاسایی، سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئاسایشی نیشتمانی بۆ زیاد بکرێ، وەزارەتی تەندروستی، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێتە سەر، کە ژمارە (12) یە لێرەدا، واتە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نەمێنێ، بچێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دا بێ، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، زیندانی سیاسیشی بۆ زیاد بکرێ، هەروەها وەزارەتی کارەبا، ووزەشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە پێشان پیشەسازی و ووزەمان هەبوو، ووزەش لەگەڵ کارەبا دا جێی بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەڕێزانەی پێش من باسی ئەوەیان کردووە، وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایشی نیشتمانی لەگەڵ بێت، ئەوە هەر بۆ تەئکید منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەکەم، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بێت، ئەوەش تەئیدی ئەوە دەکەم و، تەئیدی ئەوەش دەکەم لەبەر گرنگی مەسەلەی ژنان، وەزارەتی ژنانیش ئیزافە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پشتیوانیم بۆ قسەکانی کاك حەمە سعید، سەبارەت بەو هەیئاتانەی کە پێشتر هەبوون و، پلەی وەزیریان پێ ئەدرا، کە ئەوانە لەم پرۆژە دا، لەکوێ دا جێگەیان ئەبێتەوە؟ ئەوەش پرسیارە زیاتر کە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم بەو ئیعتیبارەی پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، ئێمە پێشتر لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم دا، کۆمەڵێك وەزارەتی هەرێممان هەبوو، ئەو وەزارەتی هەرێمانە لە ئێستا دا چیان بەسەر دێ؟ کە لە کاتێك دا لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە نیە، خۆ ئەگەر دواتر پرۆژەیەکی تر لە لایەن حکومەتەوە، حکومەتی کابینەی نوێوە پێشکەش بکرێت و، ئەو وەزارەتی هەرێمانە بگەڕێنرێنەوە، ئەوە ئەو ئەسباب موجەبەیەی پرۆژەکەی ئەمان وەکو ئەوەیە نەبووبێ، چونکە لە جیاتی تەرشیقی حکومەت، قەڵەوی ئەکەین بە زیاد کردنەوەی ئەو وەزارەتانە، پشتگیری ئەو ڕایەش ئەکەم کە هەندێ لە هاوڕێکانم، ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، گرنگە وەزارەتی ژنان قسەی جددی لەسەر بکەین، بیری لێبکەینەوە، چونکە ئەو گلەییەی کە جەماوەری ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیانبوو، ئەوەبوو کە مەسەلەی ژنانیان لە ناو وەزارەتێکی هەرێم دا قەتیس کردبوو، کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو، کە نەیتوانی هیچ لە کێشە و، با بڵێین پرسی ژن لە هەرێمی کوردستان دا بباتە پێشەوە، بۆیە گرنگە وەزارەتێکی تایبەتی هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو ڕایەم هەیە کە ئاسایشی گشتی لەگەڵ پاراستن و، هەروەها ئەو وەزارەتانەی کە هەڵوەشێنراونەتەوە، سەر بە چ وەزارەتێك بن، ئایا کاروباری ژینگە؟ یاخود مافی مرۆڤ؟ یاخود ئاسایشی گشتی سەر بە چ یەکێك لەو وەزارەتانە ئەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من گلەییم هەیە، ئەوڕۆ سێ جار منت فڕێ دایە دواوە، من قسەم بەس لەسەر نوقتەی سێیەم هەیە، وەزارەتی ناوخۆ بکرێ بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی وەکو خەتوەیەکی یەکەم بە قانون کردنی تەواوی موئەسەسەکان، وابزانم تەفسیراتیان زۆر دا، با سەری برادەران نەیێشێنم، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ کەمکردنەوە و دەمجکردنی وەزارەتەکان دام، بە ئێستاشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە وەزارەتەکان لابردراوە و، ژنانیش نە لە وەزارەتەکان دا، نە وەکو وەزارەتێکی سەربەخۆ لەناو ئەو تەشکیلە تازەیەدا نیە، من پێموایە ئەمە پێشێلکردنێکە لەوانە کە نە لە وەزارەتەکانی تر نە وەکو وەزارەتێکی تایبەت بەژنان، هیچ حەقێ بە ژنان نەدراوە لێرەدا، چونکە کێشەیە بۆخۆی ژنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو ئەو ڕێزدارانەی کە قسەیان کرد، ئێستا لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، بۆ وەڵامدانەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێشنیاز و ڕاو بۆچوونەکانی پەیوەندی بە دەمج و ئیزافاتەوەیە، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە باسی پلەی وەزیر کرا، تەبیعی هەر پرۆژەیەك پەیوەندی بە هەر موئەسەسەیەك هەبێت، ئەكید دێتە ئێرە بە پرۆژە یاسایەك، ئەو كاتی ئیمكان هەیە لێرە پەرلەمان پلەی وەزیر بدات بە سەرۆكی ئەم دەزگایە یان نەیدا، بە نیسبەت وەزارەتەكانی هەرێم، تەبعەن ئێمە كە دەڵێین (تلغى المادة التاسعة من قانون) ئەنجومەنی وەزیران، بە تەئكید هەموو وەزاراتی هەرێم لەوێ هاتیە، مەعنای ئەوەیە وەزارەتەكانی هەرێم هەمووی بە ئیلغا كردنی مادده (9) ئیلغا دەبێتەوە و، ئەو وەزارەتانەی كە ئێستا خوێندمانەوە جێگایان دەگرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایش، ئێمە ئێستا ناوی وەزارەتی داخلیە لە پرۆژەكە دا هاتووە، ناكرێ بەسەر پێی یەك بتوانین ئیزافاتێك بكەین، ئاسایش ئیزافە بكەینە سەر وەزارەتی داخلیە، ئەگەر لە موستەقبەل پرۆژەیەك هات، چۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ ئاسایش هاتە ناو پەرلەمان، ئەو كات ئێمە دەتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە بكەین و، لە دەورەی دووەمیش دا پرۆژەیەك ئامادە ببوو، بۆ یەكگرتنەوەی هەردوو ئاسایش و، ئێستا پرۆژەكە لە پەرلەمانە و، لە لیژنەی یاسایی هەیە و، ڕەنگە لە لیژنەی یاسایی گفتوگۆشی لەسەر كرابێ، ئومێد دەكەین لە ئایندەیەكی نزیك ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم پێشنیارانە هەیە، پێشنیارێك هەبوو كە وەزارەتی ناوخۆ بكرێتە (وەزارەتی ناخۆ و ئاسایشی نیشتمانی)، ئەوە پێشنیارێكە، پێشنیارێكی تر هاتبوو تەندروستی و كۆمەڵایەتی، كە ئەم پێشنیارانەی كە تەسمیەیان لەسەر كرا، تەندروستی و كۆمەڵایەتی، كۆمەڵایەتی بخرێتە سەر تەندروستی، واتا لە یەك بدرێن، پێشنیار كرا وەزارەتی ژنان پێك بهێنرێت، ئەم پێشنیارانە تەسمیە كران، ئەگەر شتێكی تر هەبووبێ لە بیرمان نەبوو حەزئەكەین پێمان بڵێن، كەرەمكە، ئاخر یەك كەس بوو، بەتەنها بوو كەس تەسمیەی نەكرد، لەبەر ئەوە ناخرێتە پێشنیار، ئێستا بەڕێزان كاك حاكم ڕزگار كەرەمكە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر قسەكەی جەنابی كاك شێروان، ئەفەرموێت ئەمە دوای ئەوەی كە ئەم نەصە تەصدیق بوو، وەزارەتەكانی كاروباری هەرێم ئۆتۆماتیكی هەڵئەوەشێنرێنەوە، ڕاستە ئێمە لێرە (3) وەزارەت، وەزارەتی ماف مرۆڤ، وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوە، وەزارەتی ژینگە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام ئەڵێی ئەو وەزارەتانە هەڵوەشێنرایەوە و چوونە سەر ئەنجومەنی وەزیران، ئەی ئەوان چۆن؟ وەكو بۆ ئەمان لێرە هەڵوەشانەوەی تێدایە، ئەی لەوێش هەڵوەشانەوەی تێدایە؟ ئەی بۆ لێرە بێ دەنگن، لەوێ قسەی لەسەر كراوە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی پەرلەمانتاران، ئێمە ئەگەر تەماشای پرۆژەكە بكەین، كە پێشكەشی پەرلەمان كراوەتەوە، داوامان كردیە، پێشنیارمان كردیە، كەوا ماددەی (9)ی هەمواركردنی (7)ەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەموار بكرێت، بەو شێوەیەی كە تازە خوێندرایەوە و موناقەشەی لەسەر كرا، ئەگەر مولاحەزەی فەقەرەی (ب) بكەین، فەقەرە (ب) ئۆتۆماتیكیەن لەغوو بوویەتەوە، دەڵێ دەكرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێكی هەرێم بگرێتە خۆ، واتە وەزیرەكانی هەرێم نەمان، بۆ زیاتر تەوزیح كردن، تەبیعی لە كابینەی پێشوو (27) وەزارەتی فعلی هەبوو بە پێی یاساكە، (8) وەزیری هەرێم هەبوو، (4) وەزیری هەرێم هەبوو بۆ دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ، داد، كۆیان (39) وەزارەت بوو، یەك وەزیر، (رئیس وزراء) سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، یەك جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، واتە كۆی وەزارەتەكان بە سەرۆك و جێگرەكەشی (42) وەزارەت بوو، ئێستا بەوەی كە (10) وەزارەت دەمج كرا، بووە (5) وەزارەت، لەوانە وەزارەتی نەقل و ئیتیصالات، زراعە و مەواردی مائی، ثقافة و الشباب، بلدیات و سیاحە، تجارە و صناعە، (10) وەزارەت بووە (5) وەزارەت، كە بەو شێوەیە تەصدیق كرا لە پرۆژەكەی یەكەم و، (3) وەزارەتی ئیلغا كرا لەوانە، وەزارەتی ماڤ مرۆڤ، وەزارەتی كاروباری دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی ژینگە، وەزارەتەكان حەصر كران ، ئێستا بە گوێرەی ئەو پرۆژەیەی بە (19) وەزارەتی فیعلی، واتە وەزارەتی هەرێم هیچ نەما لە پرۆژەكە، ئەو پێشنیارانەی كە ئەوڕۆ پێشكەش كرا، بە زیاد كردنی وەزارەتێك، ئەوە دەبێ بدرێتە دەنگدان، جا ئایا قبوڵی دەكەن ئەندامانی پەرلەمان؟ یان قبوڵی ناكەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، كەرەمكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ژمارە (14) وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، زیندانی سیاسیشمان تەرح كردبوو، وابزانم دوو كەسیش بووین یەك كەس نەبوو، موقتەرەحەكە زیندانی سیاسی بۆ زیاد بكرێ لە ژمارە (14)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرست موداخەلەیەكی قانونی هەیە، كەرەمكە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ڕای منە، ئیحتیمال هەیە من غەڵەت بم، من ئەڵێم ئیستیحداسی وەزارەتێك بە موقتەرەحەكی شەفەوی نابێت، لازمە پرۆژەی لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ئەو وەزارەتانەی كە لامان داوە، دەمج كراوە، ئیلغا بووە، هەبووە، ئەگەر بۆ ئەو وەزارەتانەی كە ئەتانەوێ زیاد بێ لە ئایندەیەكی نزیك، (10) ئەندامی پەرلەمان پرۆژەی خۆی حازر بكات، بیداتە سەرۆكایەتی، ئەیخەینە بەرنامەی كارەوە، موناقەشەی لەسەر بكەن، پەسند كرا، ئەوجا حكومەت مەجبوور

ئەكرێ ئیزافە بكرێت، بەڵام ئێستا ئەوها ئیزافەی بكەین بە موقتەرەحێك، هیچ پرۆژەیەكی نیە، كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی كە من تێگەیشتووم، ئەمڕۆ دانیشتنەكەمان بۆ ئەوەیە كە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە بكەین، بە زیاد كردن و بە كەم كردن و بە ئیلغا كردن و بە قبوڵكردنی هەموویەوە، ئەگەر ئەوەش ئەخەینە پرۆژەیەكی كە، یا وەكو ئەوەی پێشتریش كاك شێروان ئیشارەتی پێدا، كە لە داهاتوودا پرۆژەیەك تەقدیم بكەین بۆ ئیزافەی ئاسایشی نیشتمانی، كەواتە حیكمەت لەم دانیشتنە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەسەلەی وەزارات مەسەلەیەكی گرنگە، یەعنی فعلەن منیش لەگەڵ كاك فرستم، بەو سەر پێی یە ئێمە وەزاراتی تازە دابنێین، ئیستیحداسی وەزارات بكەین و دەمجی وەزارات بكەین، ئێستا حكومەتی ڕاسپێردراو دەڵێ من دەتوانم حكومەتێك پێك بێنم و، گۆڕین لەسەر حكومەتی پێشتر بكەم كە (41) وەزارەت بوو، بیكەمە (19) وەزارەت بەم شێوەیەی كە لە پرۆژەكەدا هاتووە و، پرۆژەكەش بە هەماهەنگی دیسان تەئكید دەكەمەوە، بەینی ئێمە و بەینی حكومەتی تازە دانراوە، بۆیە بە قەناعەتی من ئێمە تەحمیلی حكومەتەكە بكەین لە تاقەتی خۆی زیاتر وارد نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان كەرەمكە، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ وەكو چۆن زیاد كردن و كەمكردن و بەسەرپێی نابێ، كە زیادكردن بەسەر پێی نابێ، پێموایە ئەم دەمج كردن و شتەش ئێمە لە پرۆگرام دا قەرارە (48) سەعات پێش كۆبوونەوەكان بەرنامە لەبەر دەستمان بێ، بەس مع الاسف (24) سەعاتیش پێشتر لەبەر دەستم نەبوو، مادام ئەو پرۆژانە درەنگ هاتۆتە بەر دەستمان حەقی خۆمانە، بەڵێ من دوێنێ تا سەعات (12) لێرە بووم، لە سندووق دا كارنامەی تیانەبووە، لەبەر ئەوە كاتێك كە باس لە وەزارەتێك دەكرێ، وەزارەتی (شؤون المرأة)مان هەبوو پێشتر، وەزارەتی كاروباری ژنان، حەقی خۆی بوو ئێمە زیاتر قسەی لەسەر بكەین، لە ئیلغاكانیش دا ناوی نەهاتووە چونكە چۆتە زمنی وەزیرە بێ وەزارەتەكانەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە یەعنی حەقی خۆمانە ئێمە قسە بكەین لەسەر ئەوە.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مەفهومە قسەكە، كاك د. أحمد، نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پێموایە ماڨ ئەندامانی پەرلەمانە كە موناقەشەی هەر پرۆژەیەك بكەن كە دێتە بەردەستیان بەڕاستی، ئێمە لە پرۆژە یاسای زیادكردنی لیژنەكانی پەرلەمان، هەموو لێرە موناقەشە كرا، ئەوەی كە پێشنیار كرابوو بۆ (18) لیژنە بوو، كە بوو بە (19) لیژنە، دیارە ماڨ ئەندامانی پەرلەمان بوو كە قسەیان لەسەر كرد و لیژنەكانیشیان زیاد كرد، ئەم پرۆژەیەش ماڨ ئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر دەنگی بە دەست نەهێنا زیاد و كەمەكە ناكرێ، بەڵام حەقی ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر نا هیچ حیكمەتێك نیە لەوەی كە بێتە بەردەمیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كە باس كراوە ئیزافە بكرێ تەنها وەزارەتی ژنانە، وەزارەتی ژنان پێشتر وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان، هەیئەیەكی هەیە جگە لەوە كۆمەڵێك پرۆژەیان ئامادە كردووە، ڕاستە لەبەر ئەوەی كە بودجەیان نەبووە و كارەكانیان نەچۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەڵام ئەساسێكی هەیە، لەبەر ئەوە ئەمە قوڕس كردنی بار نیە لەسەر حكومەت و، ئەمە مەسەلەیەكە یەعنی بەڕاستی گرنگی هەیە، ئێمە هەر هەموومان هاواری ئەوە بكەین ژن كێشەی هەیە و ژن پێویستی بەوە هەیە هاوكاری بكرێ، یەعنی ناكرێ لە مەسەلەیەكی وادا ئێمە وابزانین ئەمە ئەرك خستنە سەر حكومەتە، بە مەرجێك شتە ئەساسێكی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە مابەینی ئیدیعا كردنی تەرشیقی حكومەت و قەڵەو كردنی حكومەت سەرمان لێ شێوا، ئێستا نازانین قەڵەوی بكەین یان زەعیفی بكەین، ئەوەی كە هەیە ئێستا بە صەراحەت جاری پێشووش وەزیری هەرێم هەبوو، لە پاش ماوەیەكی زۆر كرا بە وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان، پاش مودەتێكی زۆر و، لە ناو ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە هەیئەتێكی باڵا هەبوو، ئەو هەیئەتە باڵایە سیاسەتی دائەڕشت بۆ بەرەو پێش بردن و چاكردنی وەزعی ژنان، ئێستاش جارێكی تر داواكاری من لەو خوشكانەی كە لەگەڵمانن لە ناو پەرلەمان

دا، ئێمە پرۆژەیەك پێشكەش بكەین، چ بە وەزارەت بێ، چ بە دەستەیەكی باڵا بێت، وەكو چۆن مـافی مـرۆڤ، داوا ئەكـەین ئـەڵێن ئـەبێ دەسـتەیەك هـەبێ ڕەقـابی بێـت، كاروبارەكـان ئاگـادار بێـت، بەهـەمان شـێوە داوا ئەكەین كە دەسـتەیەك هـەبێ، كاروبارەكـان ڕەقـابی بـێ، لـە گەڵێـدا ئـەو ڕەوشـەی كـە ژن ئـەمڕۆ تیایـەتی، چاودێری بكات و حلولی بۆ بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە ئەتوانین بە شـێوازی دەسـتە ئێمـە چارەسـەری بكـەین، یاخود هەیئەی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەرەمكە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانمان دەركردووە، بە پێی ئەم پرۆژە یاسایە ئاسایش نـاوی نیـە، باشـە ئاسایش كە ناوی نیە، كەواتە ناقانونیە، ئەی كێ ڕێگەی پێداوە بیكاتـەوە؟ ئەگـەر ناقانونیـە و ئەكرێتـەوە، كەواتـە منـیش سـبەینێ حزبێـك دروسـت دەكـەم ئەچـم ئاسـایش ئەكـەم و كەسـیش بـۆی نیـە قسـە بكـات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، كەرەمكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستاش لەگەڵ تەرشیقی حكومەتداین و، پێموا نیە (29) بـۆ (19)، ئەمـە شـتێكی زۆر هینـە، ئێمـە داوامـان كـردووە كۆمـەڵێك وەزارەت لابـبرێ، دیـارە لـە دەنگـدان دا سـەركەوتوو نـەبووین، داوامـان كـردووە كۆمەڵێك وەزارەت دەمج بكرێ، دیارە لە دەنگدان دا سەركەوتوو نـەبووین، بـەڵام كـە (19) وەزارەت هەیـە، بە وەزارەتێكی دیكەش حكومەت قەڵەو نابێ و تەرشیق نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو نوقتە نیزامیانەی كە ووترا، ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئاسایش من جوابم داوە، تەبعـەن ئێمـە ئەگـەر هەیكەلیـەتی وەزارەتـی داخلیـە هاتـە ئێـرە، ئێمـە دەتوانین لە زمنی هەیكەلیەتەكە موناقەشە بكـەین، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە لەسـەر نـاوی وەزارەتەكەینـە، ئـەوە یەك، دوو: بە نیسبەت خاڵەكانی تر كە ئیسارە كرا هەمووومان وەڵام داوەتـەوە ، بـە نیسـبەت وەزارەتـەكانی تریش، یەعنی من نازانم دەمەوێ ئەوە بڵێم، یەعنی ئەمە ڕەئی حكومەتـە لـە لایـەن پەرلەمانـەوە تەبـەنی كرایە بەو پرۆژەی كە ئێستا لەبەردەممانە، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر پرۆژەیەكی تر هەیە تەقدیم بكـرێ، بـا

بۆ حکومەت بنێردرێ، ڕەئی چیە؟ نەك ئێستا ئێمە باری حکومەت قوڕس بکەین، وەزارەتێکی تری لەسەر زیاد بکەین، بەڵام ئیمکان هەیە ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، فلان وەزارەتیان دەوێ یان فیسکە وەزارەتیان دەوێ، بنێرین بۆ حکومەت، بزانین حکومەت دەتوانێ موستەلزەماتی ئەو وەزارەتانە جێبەجێ بکات، کەی ڕەئی هاتەوە ئەوجا، ئەمما بە بێ ڕئی حکومەت، بەڕاستی چ مەنتیقە و چ مەعقولیشە ئێمە موناقەشەی وەزارەتێك بکەین کە ڕەئی حکومەتیشمان وەرنەگرتبێ و، ئەوە پێشتریش وا ڕۆیشتینە و، لە دەوراتی پێشتریش هەر بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، چونکە ئێمە خۆمان دەڵێین مەسەلەی زیادکردنی هەیئات، مەسەلەی داراییەکانی دەوێ، بزانین حکومەت لە ڕووی داراییەوە دەتوانێ ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکات، یان ئەم ئیحداسیە تازەیە جێبەجێ بکات، یان نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە قسەکان دا وا دەرئەکەوێ حکومەت هەرچیەك بڵێ، ئێمە بڵێین (لبیك)، چونکە ئێمە لێرەدا موناقەشە ئەکەین.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن حکومەت لێرە نیە، پرۆژەیەك تەقدیم کراوە خوشکی من، ڕەئی خۆت بە وزووح بدە، بەڵام هێشتا حکومەتی قوڕبەسەر دانەندراوە، هجوم مەکە سەری، ئەمە لیژنەیەکە، جەماعەتێکە، ئەندامی پەرلەمانن، ڕەفیقی جەنابتانن، پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە، بۆ تەعدیلی ئەو قانونەی پێش ئێستا هەبوو، بۆ ئەوەی حکومەتمان دەست بە کار بێ، تەصریف ئەعمال نەبێ، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو من قەصدم ئەوە نیە حکومەت ئیتیهام بکەم، بەڵام قسەکانی کاك شێروان ئەوە دەردەخا کە حکومەت ئەو پرۆژیەی هێناوە ئێمە ئەبێ هەر ئەوە موناقەشە بکەین و لە دەرەوەی ئەو مەوزووعە دەرنەچین، بەڵام وەزارەتی ژنان کە ئێمە ئێستا باسی لێ دەکەین، ئەم وەزارەتە وەکو خوشکان باسیان کرد کوێستان خان و سۆزان خان ئەم وەزارەتە بە ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان بووە، یەعنی ئێستا تۆ کێشەت نیە میزانیەی بۆدائەنێیت و شتی بۆ دابنێی، بەڵام من داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە و کۆتایی پێ بێ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە داخەوە، خاڵی پێشوو نیزامی نەبوو، نوقتەی پێشوو نیزامی نەبوو، بۆ ئەوە دەستم بەرز كردەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەفسیر بۆ ئەم مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانیەكە لە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە بە جۆرێكی تر، تەنها حەصركرا لە وشەی ئاسایشدا، من مەبەستم ئاسایشی نیشتمانی بوو كە ئاسایشی ئاو دەگرێتەوە، ئاسایشی ئیقتیصادی دەگرێتەوە، هەموو ئاسایشەكانی هەرێم دەگرێتەوە، بۆیە من ویستم دەسەڵاتەكانی وەزارەتی ناوخۆ بەڕاستی زیاتر بكەن، نەك تەنها مەبەستم بەس لە وشەی ئاسایش بێ، یان ئەجانسێك بێ، یان هەواڵگری بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەصەور ئەكەم باس كردن لەسەرمەسەلەی ژنان هەندێ جار بووە بە ئەركی سەر شانی خۆم، ئێمە ئەو قسانەی كە كاك شێروان كردی لە مەسەلەی خەلفیات و مولابەساتی ئەم قانونە وازحن، بەڵام من دەنگم دەخەمە سەر دەنگی سۆزان خان و كاك گۆران، بەوەی كە ئێمە ئەگەر بكرێت لەو قانونە بڕگەیەكی تر ئیزافە بكەین، بڵێت ئەو بوارانەی كە كاری وەزارات بوون و ئەو وەزارەتانە دەمج بوون، یان ئیلغابوون، بە ڕێگای كۆمسیۆنی باڵا، دەستەی باڵای سەربەخۆ ڕێك ئەخرێن، ئەگەر پێویست بوو لەبەر زەروورەت، تاوەكو هەموو سوئالەكان وەڵام بدرێن، باسی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگای مەدەنی و كاروباری ژنان و ژینگە بكەین، من تەصەور ئەكەم بەوە ئەم ئیشكالیەتە حەل ئەكەین و، وا دیار نابی یەك لە ئێمە لەگەڵ مافی ئافرەتن و گرنگی ئەوە و، هەندێك لە ئێمە چونكە لەگەڵ ئەوە نین وەزارەتێك بە ناوی ئافرەت نەبێت، واتا ئێمە گرنگی نادەین بە ئەوەی ئافرەت، بۆیە پێشنیار ئەكەم ئەگەر بكرێ تەئیدی، هەر باسیان كرد هەردوو ئەو بەڕێزانەش، وەكو پێشنیارێك ئەگەر ئێمە بڕگەیەك لە ئەو مەشرووعە یاساییە ئیزافە بكەین، بزەبت ئەو ئەركانەی كە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنی چەند وەزارەت، یان لكاندنی بە وەزارەتی تر، ڕێك ئەخرێن بە هۆی كۆمسۆنێكی باڵا، یان دەستەیەك و، ناوەكان بڵێن یان نەڵێن، پێشنیارەكەم ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان موناقەشەیەكی دوور و درێژ كرا، بۆ هەمووتان ڕوون بوو، ئێستا ئەو موقتەرەحاتانەی لەبەر دەستمانە، چوار موقتەرەحە، هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، ئێوە قەرار ئەدەن و، دەرگاش

دانەخراوە، چوار ساڵتان لە پێشە، ئەتوانن پێشنیارو مەشاریعی تر بێنن، شت ئیلغا بکەن، شت دابنێن، بەڵام ئێستا پێشنیارێك کە تەسمیەی لەسەر کرابێ، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانانی سیاسی، وەزارەتی ژنان، ئەم چوارە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرمووو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە، من و سۆزان خان و کاك عبدالسلام، ڕەئیەکمان هەبوو، پێشنیارەکمان هەبوو، کە سێ کەسین حەقە ئەویش بکرێتە ڕەئیەك، کەوا ئەوەی ژنان و مافی مرۆڤ کە ناویان نەهاتووە، لە ماددەیەکی سەربەخۆ لە شێوەی هەیئەی موستەقیل لە ئایندە دا دابمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆزگە ئەوە لە قانونەکەی پێش ئێستا وترا، بتانوتبایە، ئەو دەرباز بوو چاوەکەم، ئەتوانن پاشان پرۆژەیەك حازر بکەن، وەکو ئەم پرۆژەیەی ئێستا هێناوتانە، ئەوەی لە مێشکتانە بینێرن، بۆ ئەوەی لێرە موناقەشە بکرێ، ناکرێ، سوپاس، بەڕێزان ئێستا پێشنیاری یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە، کە زۆر وازح بوو پێویست ناکات جارێکی تر قسەی لەسەر بکەین، پێشنیارێك هات، وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی، بەو شکلە بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە (وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی) تکایە دەستی بەرز بکات؟ (33) کەس لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارە وەربگیرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەنها وەزارەتی ناوخۆ بمێنێت، وەك خۆی کە لە پرۆژەکە هاتووە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا وەك خۆی بمێنێت، پێشنیاری دووەم: کۆمەڵایەتی بخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (23) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ زۆرینەی دەنگ لەگەڵ دا نیە، بۆیە ئەوەش قبوڵ نەکرا، پێشنیاری سێیەم: وەزارەتێك بۆ ژنان ئیزافە بکرێت، نوقتەی نیزامی کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرسە من پێم وایە جەنابت ئیجازە بدەی ئەوەی پێی باشە ببێ و ئەوەی پێی باشە نەبێت، چونکە کاتێك ئەگەر ئێمە لەوانەیە من لەگەڵ ئەوە بم وەزارەتێك نەبێت، بەڵام بەو مانایە نیە کە من دژایەتی مافی ئافرەت دەکەم.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئێستا ڕوونکردنەوە بۆ ئەم خاڵە ئەیدەینە دوو برادەر، دوو خوشك، ئەوەی کە لەگەڵە ببێت و ئەوەی لەگەڵە نەبێت و بۆ نەبێت؟ ڕوونی بکاتەوە، خوشك بێ یان برا بێت، پێش ئەوەی ڕەئیتان بڵێن، کاك عمر نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەو بابەتە نەخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر چەند هۆكارێك، یەك: وەكو بەڕێزانی لیژنەی یاسایی ئاماژەیان پێدا كاك فرسەتیش ئاماژەی پێدا، ئەو پرۆژەیە دەبێت لەلایەن (10) ئەندام پەرلەمانەوە، ئەو وەزارەتە، وەكو پرۆژە بێتە بەردەم سەرۆكایەتی پەرلەمان دواتر دەڕواتە سەر لیژنەی یاسایی و مونافەشەی تێری لەسەر بكرێت، خاڵی دووەم: ئەوەی پەیوەستە بە ئەو وەزارەتە و ئەو كابینەی كە پێشكەش كراوە، ئێمە (10) ئەندام پەرلەمانی بەڕێز، پێشكەشمان كردووە پرۆژە یاساكە و، لەسەر ئەو ئەساسەش بووە كە بە پێی ئیستحقاقی ئینتخابی لیستی كوردستانی و چەند لیستێكی تر موكەلەفن، دوو كەس تەكلیف كراون بەوەی كەوا حكومەتی ئایندە پێك بێنن، كابینەی شەش، ئەو دوو بەڕێزە داوایان كردووە و لە ڕێگەی ئێمەوە ئەو پرۆژەیە پێشكەش كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بڕیارمان دا بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ئەتوانن هەموو پرۆژەكە رەفز بكەن، ئەتوانن قبوڵی بكەن، ئەتوانن گۆڕانكاری تێدا بكەن، ئەتوانن پێشنیاری تازەش بكەن، ڕێزدار سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، جارێكی تر ئەیخەمە ئەو بابەتە، كە نەوەكو وا تەصەور بكرێت، خاصەتەن من خۆم ژنم و دژی مەوزوعی ژنان بم، یەعنی حەز ناكەم ئەو تەفسیرەی بۆ بكرێت، داكۆكی كردن لە مافی ژنان و لەو قوربەسەریانەی كە ژنی كورد هەیەتی، واجبی بە ژن و پیاوەوە هەیە، یەعنی ئەركێكە لەسەر ژن و پیاوی ئەم كۆمەڵگایەیە كە بیكات، بەڵام ئێستا جارێكی تر قسەكانی كاك بەڕێز عمر صدیق دەكەمەوە، ئەم پرۆژەیە ئێمە (10) ئەندامی پەرلەمان ئیمزامان كردووە، وەكو لیستی كوردستانی وجهەت نەزەری ئەو دوو كەسەیە كە تەكلیف كراون بە دروست كردنی حكومەت، تۆ ئیستیحداسی وەزارەتێكی تازەیە، چونكە ئێمە وەزارەتی هەرێممان هەبووە بۆ كاروباری ژنان، ئەصڵەن خۆی وەزارەتی هەرێم بووە و دوایی كراوە بە وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ژنان، لەبەرئەوە من داواكارم لە بەڕێزت كە ئەمە نەخرێتە دەنگدانەوە، پرۆژەیەك پێشكەش بكرێت بە (10) ئەندام ئیمزا بكرێت، من لە پێش هەموانەوە ئیمزای ئەكەم، بەشەرتێك پرۆژەكە حازر بێت، بەڕێزێك باسی ئەوەی كرد وتی: بۆ دانیشتین موناقەشەمان كرد (18) لیژنەمان كرد بە (19)، لیجانی ناو پەرلەمان كاری نیزامی داخلی خۆمان بووە، ڕێكخستنی كاروبارەكانی خۆمان بووە، ئەمە هی حكومەتە و نوێنەری حكومەت لێرە نیە، تاوەكو دابنیشێت قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بكات، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم، من خۆم یەكەم كەس دەبم كە تەقدیمی پرۆژەی وەزارەتی ژنان دەكەم، یەكەم كەسیش دەبم ئیمزای دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نوقتەی نیزامی هەیە كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەوە نەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە کەسێك ئەگەر موافق نەبوو یەعنی دژی ژنان دەوەستێت، ئێمە لە پێش هەمووانەوە لەگەڵ پرۆژەیەك داین کە لە مەصلەحەتیان دابێت، بەڵام لێرەدا دەپرسم ئەگەر دەمانەوێ وەزارەتێکی تر بە ناوی ژنان ئیستحداس بکەین، دوو وەزارەتمان ئیلغا کردووە، یەکیان وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان و یەکیان وەزارەتی مافی مرۆڤە، ئایا ژنان و پیاوان هەردووکیان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ دا موشتەرەك نین؟ ئەمە بۆ ئیلغا دەکەین؟ بۆ یەکێکی تر ئیستیحداس دەکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعقیبم لەسەر قسەی ئەو سێ بەڕێزەیە کە دەڵێن نەخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە موناقەشەی ماددەیەکمان کردووە، بە پێی نیزامی داخلی هەر چ پێشنیارێك کە دەکرێت دوو کەس پشتگیری بکات ئەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ناکرێت تەفسیری ماددەکان، تەفسیری ئەحکامەکانی قانونی هەڵبژاردن و نیزام داخلی بە پێی مەصالح بکرێت، ئەوە لە نیزام داخلی دا تەسبیت کراوە، ئێمە یەك ماددەیە باسی دەکەین، ماددەکە بووە بە چەند بڕگە و فەقەرەیەك، هەرچ کەسێك پێشنیار دەکات دوو کەس بە پێی نیزامی داخلی پشتگیری بکات دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ئەگەر بە خیلافی ئەوە ئیش بکرێت، یەعنی ئێمە خۆمان لەناو خۆماندا نیزام داخلیمان شکاندووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کە شتێك بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە موناقەشە هەڵناگرێ، جەنابت بڕیارت دا مەسەلەی وەزارەتی ژنان بخرێتە دەنگدانەوە و، گفتوگۆی لەسەر بکرێ، دوو کەس لەو بەرەدا قسە بکەن، دوو کەسی بەرەکەی تر قسە بکەن و، ئەوەیشی......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر نورەدینی، دیفاع بکە، چونکە ئێمە سێ کەس قسەی کرد لەسەری، پاش ئەوە پێشنیارێك هات، ئەوەی لەگەڵ بوو، دوو کەس لەگەڵ بوو، دژی نیە، نا، نا، دژی وەزارەتیش نیە، ئیحتیماڵە بە شێوەیەکی تر بیەوێ، کەرەمکە فەرموو، پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەکردن لەسەر بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان، با ئێمە نەیگێڕینەوە بۆ ئەوەی کێمان لەبەرەی داکۆکی کردنین لە ژنان؟ کێمان لەبەرەی داکۆکی نەکردنین لە ژنان؟ ئێمە قسە لەسەر کرۆکی مەسەلەکە بکەین، مەسەلەی ژنان، یەعنی ئەبێ ئێمە ئەو واقیعە بزانین، ژن لەم کۆمەڵگایە دا ئەوەی کە وەکو مرۆڤ، وەکو پیاو ئەچەوسێنرێتەوە، ئەمە جۆرێکە لە چەوسانەوەکەی کە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و لە وەزارەتی پێشوو تر، لە وەزارەتی تەندروستی و لە وەزارەتی ناوخۆ و وەکو هەموو تاکێکی کورد چەوسانەوەی لەسەرە، بەڵام جۆرێکی تر چەوسانەوە لەسەر ژنە بە تەنیا لەبەر ئەوەی ژنە، لەبەر ئەوەی کە ڕەگەزی مێیە ئەچەوسێتەوە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، قانونی ژنان کە دەرئەکەن، چی ئەنووسی بنووسە، ئێستا وەکو خوشکێکی باش، ئەندامی پەرلەمان، ئەتەوێ وەزارەکە هەبێ؟ دیفاع لە وەزارەکە بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، دیفاع لەو وەزارەتە ئەکەم کە بمێنێ، چونکە وەکو باسم کرد، ئێمە وەختی خۆی لە کابینەی پێشووتر گلەییمان ئەوەبوو کە وەزارەتی هەرێم بوو، ئینجا ئەگەر بیکەیتە هەیئە، بچووکتر ئەبێتەوە لە ڕووی دەسەڵاتەوە، نەك لە ڕووی فەزییەکەوە، ، کۆمەڵێ مەسائیلی یاسایی هەیە، ئەگەر وەزارەتێکی نەبێ لە شوێنێکی تردا، بە بچووکی ئەمێنێتەوە، چارەسەری تەواو ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەکەم لە دروستکردنی وەزارەتێکی لەو شێوەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من خۆم بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ژنان بووم، لە هەرێمی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم بەڕێوەبەرایەتیش بووم، هەموو ئامارەکان و دۆکیومێنتەکان لە لامە، کە چی ڕوو دەدا لە وڵاتی ئێمە و چەند مافی ژنان پێشێل دەکرێ، بوونی وەزارەتێکی ئاوها بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ستراتیژ و بەرنامەی کارو پەنجە بخەنە سەر ئەنجامەکان، بەڕاستی کاریگەریەکی زۆری هەیە، بۆیە من پشتگیری لێ دەکەم و، هەروەها ئێمە تا نەتوانین ئازادی ژن دابین بکەین بەڕاستی ناتوانین ئازادییەکانی پیاویش بەرجەستە بکەین، دابینکردنی ئازادییەکان و مافەکانیش بۆ ژنان ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هەموو پیاوێکەوە هەیە، پەیوەندی بە هەموو منداڵ و خێزانێکەوە هەیە، کە بەڕاستی لە داهاتوودا ئێمە ئەمانەوێ کۆمەڵگایەکی

پێشکەوتوو دروست بکەین، پێویست ئەکات وەزارەتێك هەبێ کە بتوانێ لەو کێشانە بکۆڵێتەوە و خۆیان بۆ خۆیان حەلێك بۆ کێشەکانی خۆیان دابنێن لەو وەزارەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نورەددینی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمد أمین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی مافی ئافرەتان و ژنان، مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگای کوردەوارییە، هەمووەمان بڕوامان بەوە هەیە کە گرنگیان پێ بدرێ و مافە ڕاستەقینەکانی ئەوان دابین بکرێ لە هەرێمی کوردستان، لە ڕابردووشدا بەو ئاراستەیەدا، هەم لە ڕووی بوونی پرۆژە یاسا و بە یاسا کردنی مافەکانی ئافرەتان و ژنان، هەم لە داهێنانی موئەسەساتی تایبەت بە بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان و هەڵگرتنی ئەو ستەمە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەر ئەوان بووە، هەر داهێنان و بەرەو پێشەوەچوونی باش بووە، دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگرین و ناکرێ نادیدە بگیرێن، بوونی وەزارەتێك یان نەبوونی وەزارەتێك، بەڕەئی من ئەوە خاڵی جەوهەری نیە لە مەسەلەی بایەخدان بە مەسەلەی مافەکانی ژنان و ئافرەتان بەڵکو دەکرێ ئێمە ئەم پرسە بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕابردووش دا کە وەزیر هەبووە، نەك وەزارەت، ئێستا ئەوەی کە هەبووە وەزیر بووە، وەزیری هەرێم بووە نەك وەزارەتی هەرێم، چونکە تەسمیە و موصتەڵەحەکەش لێرە دا دەبێ لێکی جیابکەینەوە، ئێمە بەڕاستی وەکو لیستی کوردستانیش لە ناو بەرنامە و کارنامەی ئێمەدا پانتاییەکی باش، چەندین مادده و بڕگەی تایبەتی تەرخان کراوە بە مەسەلەی بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان و بایەخدان بە ئەم پرسە، بۆ ئەوەی ئەم پرسە بە شێوەیەکی وا چارەسەر بکرێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دیفاع لە مافەکانی ئافرەتان و ژنان بکرێ، ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێ هەیئەتێکی تایبەت دابمەزرێ وەکو دەستەیەکی باڵا کە لە لایەکەوە جۆرێك سەربەخۆیی هەبێ لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، لە بەرامبەر حکومەت دا، چونکە لەم مەسەلەیەدا هەندێ جاران مافەکانی ژنان و ئافرەتان دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، هەمیش ئالیەتێك، پەیوەندیەك دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە لە ژێر بایەخ و چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا پرسەکە بمێنێتەوە، واتا بوونی هەیئەتێك، دەستەیەکی باڵا تایبەت بە مافەکانی ژنان و ئافرەتان کە دەکرێ هەتا بەرپرسەکەی بە پلەی وەزیریش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر یەك تەوزیحم هەیە، ئێمە حەق نیە بە دروشم مامەڵە لەگەڵ پرسی ئافرەتان و ژنان بکەین، چ وەزارەت هەبووە و چ هەیکەلیش هەبووە، بە دەیان بڕیار لەو پەرلەمانە دەرچووە بۆ خزمەتکردنی پرسی ژنان، ئێمە دەبێ بچینە ناوەرۆکی مەسەلەکان، نەك لە دوای دروشم و لە دوای ناو بگەڕێین، ببێتە وەزارەت یان نەبێتە وەزارەت، ئەمە یەك، ئێستا ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادەیە لە خولی پێشوو و، هەموو ئەو ئەندامانەی خولی پێشتر دەزانن سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ئافرەتان، ئێمە محاوەلە بکەین ئەوە تەفعیل بکەین، لە پەرلەمان ئەو جۆرە پرۆژانە بڕوێنین نەك لە دوای ناوێك بگەڕێین لێرە و لەوێ، بتوانین کە گوایە خزمەتی پرسی ژنان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە نیزامی داخلی خۆمان دا نابێ بانگەشە بۆ هیچ لیستێك بکەین و، ئێمە هیچ دروشمیمان نەداوە بە دەستەوە، ئێمە تەنها داوا دەکەین کە وەزارەتی ژنان بخرێتە ناو دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا خوشکان، برایان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو وەزارەتەی کە پێشنیار کرا بۆ ژنان، ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم مەرحەلەیە وەزارەتی ژنان هەبێ دەستی بەرز بکات تکایە؟ (35) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (50) کەس لەگەڵدا نیە، بۆیە وەکو خۆی مایەوە، زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی کاك سلام، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە پێش ئێستاش، پاش تەصویت برادەرێك نوقتە نیزامیەکی وت، بەڵام منیش وەکو ئەو گلەییەکم هەیە لە ئێوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من بە شەرمەزارییەوە دەستی خۆم هەڵگرت بەو.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، باسی ئەو مەوزووعە مەکە، تکایە دانیشە، ڕجائەن.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

........سەرەکی دەنگدان ئەدەین، من حەز ناکەم وا تێ بگەیت ئەمانەی........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە مەگەڕێوە سەر ئەو نوقتەیە، ڕجائەن، ڕجائەن، لە ئیعلام، لە دەرەوە چی ئەڵێن، نەقدی من ئەکەن، باسی چۆن ئەکەن، لە ناو پەرلەمان موناقەشەیەکی تێر و تەسەل کرا، ئارائێك هەبوو، پێشنیاری کرد بە پێی پەیڕەو ئەیدەینە دەنگدانەوە، دەنگی نەهێنا لە مەرحەلەیەکی تر دەنگ دێنێ ئینشائەڵا، ئێستا خاڵێکی تر ماوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشنیار کرا زیندانە سیاسیەکانی بۆ زیاد بکرێ، داواکرا کە وشەی زیندانە سیاسیەکان بۆ خاڵی (14) ئیزافە بکرێ، کەرەمکە کاك حمە سعید.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەنگدانە (35) بوو لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەت هەبێ، (50) لەگەڵ ئەوەبوو کە نەبێ، ئایا نیوەی ئەندامان بۆ حزوور چەندە؟ چونکە ئەگەر نیوەی..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکسەریەتە کاکە، ئەکسەریەتی ئەوانەی کە لێرەن بۆ نیصابی دانیشتن ئەبێ لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بێ، بۆ دەنگدان ئەگەر یەك دەنگێك (36) بوایە، ئەوی (36)ەکە ئەیخوارد، ناچێتە سەر ئەوە، زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت، ئێستا لەگەڵ ئەوەین کە خاڵی (14)، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشنیارێك هات زیندانە سیاسیەکانی بۆ ئیزافە بکرێ و، چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانیش تەسمیەیان لەسەری کرد، کێ لەگەڵە زیندانە سیاسیەکانی بۆ ئیزافە بکرێت تکایە دەستی بەرز بکات؟ (39) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو ئەسڵی پرۆژەکە بمێنێتەوە، دەستی بەرز بکات؟ (56) لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە وەك خۆی مایەوە، بەڕێزان ئێستا ماددەی یەکەم بە گشتی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (69) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

المادة الثانية:

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مەلاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها ئەمەوێ دووبارەی قسەکەی خۆم بکەم، ئەم هەر سێ ماددانە هیچ نە موناقەشەی پێ ئەوێ، نە ڕەئی هەیە، تیکرار ئەبێت لەهەر پرۆژەیەك......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە سوپاس، بۆ جەنابت، ئەم ماددەیە نووسراوە، بۆ ئەوەی بەیانی، یەکێ هەڵئەستێ بڵێ: هەروەها ماددەیەکی قانونیان دەرباز کرد، ڕەئی خۆتان بدەن و تەواو ئەبێت، پەیمان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە کاك دکتۆر، لەسەر نوقتەی یەکەم بوو باسەکەم، لەسەر ئەمە نەبوو، ئەگەر گوێم لێ ڕادەگری..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی ڕابردوو نابێت ببوورە،.ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ سوپاس فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، سوپاس بۆ ماددەی سێیەم، لیژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس هەیە قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ نیە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القانون إعتبارا من تاريخ إصداره و ينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مەلاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ نیە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەسباب موجەبە بخوێننەوە تکایە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە. بە هۆی ڕێکخستن و کەم کردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا گشت پڕۆژەکە لە لەگەڵ ئەسباب موجەبە ئەدەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی سێ، خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عیراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی.**

**بەڕێز زانا ڕۆوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2009/10/26 بەرامبەر (4)ی گەلاڕێزانی 2709 ی کوردی بە ئامادەبوونی کۆی ئەندامانی لیژنە سەبارەت بە تاوتوێ کردنی پڕۆژەی یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عیراق ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیارکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممە بەرواری 2009/10/26، لیژنەکەمان دوای گفتوگۆکردن بەکۆی دەنگ ڕای وایە داڕشتنەوەی ماددەکان بەم شێوەیە بێت.**

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە حاڵەتێکدا کە پاڵێوراوی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی نەخوارد لە وادەی یاسایی دیاری کراودا، مافی ئەندامێتی نامێنێ لە پاش تێپەربوونی (90) ڕۆژ لە وادەی دیاری کراو و، پاڵێوراوێکی تر جێگەی دەگرێتەوە بە پێی یاسا، بە عەرەبیەکەی: (في حالة عدم أداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي تسعين يوما على التاريخ المذكور و يحل محله مرشح آخر وفق أحكام القانون)

دووەم: سەبارەت بە ماددەی (3)ی لیژنە ڕای وایە داڕشتنەوەکە بەم شێوەیە بێت: (پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن)، بەعەرەبی (على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون).

لەگەڵ ڕێزدا سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام صیاغەیەکی تازەمان بۆ کردووە، صیاغەکەش بەم شێوەیە: ( في حالة عدم أداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي تسعين يوما على التاريخ المذكور و يحل محله مرشح آخر وفق أحكام هذا القانون)، بەڕاستی ئەمەش بیرمان لە (45) ڕۆژەکە کردەوە، ئێمە (2009/8/20) دەست بەکار بووینە، (9/20) و (10/20) دەکاتە (2) مانگ، یەعنی ئەو قانونە ئەگەر بەو شکلەی 45 ڕۆژەکە دەربکرێ، ڕەنگە ئیعتیرازمان لێ بگیرێ، چونکە فەواتی موددەی تێدایە بە نیسبەت حەقەکی موکتەسەب کە عزووەکە وەریگرتووە، کەواتە ئەوە حەقەکی موکتەسەبە ئەبێ ئێمە مەتاتیەکی بدەینێ بۆ ئەوەی قانونەکە سەرەیانی لەسەر بکات، نەوەك سبەی ئیعتیرازێکمان لێرە و لەوێ لێبگرن، چۆن ئەو یاسایەتان دەرکرد؟ ئەسلەن ئێمە ئاگادار نەبووینە، ئەسلەن (45) ڕۆژەکە تێپەڕیوە، ئەسلەن ئێمە نەمانزانیوە ئەو یاسایە دەرچووە، بۆیە ئێمە کردمانە (90) ڕۆژ، بۆ ئەوەی سەقفی زەمەنی بیانگرێتەوە، چ بڵێین ئەسەر ڕەجعی هەیەو، چ بڵێین خروقاتی حەقێکی موکتەسەب کرایە، بۆیە کردمان بە (90) ڕۆژ و، ئەمەش کۆی دەنگی ئەندامانی لیژنەی یاسایی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز زانا ڕۆوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەکانی تریش دەستکارییەکی تێدا کرابوو، بەڕێزان یەکێك لەوانە کە نوسرابوو: (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات)، ئەم بڕگەیە زیاتر پەیوەندی هەیە بە پاڵێوراوانەوە، پەیوەندی نیە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەیان دەستکاری کراوە، لە هەمان کاتدا نووسرابوو بە نیسبەت ئەندام، ئێمە کاتێك بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان نووسراوە: ئەندام لە ڕۆژی سوێندخواردنی یاساییەوە دەبێت بە ئەندام، بۆیە تا ئەو کاتەی سوێندی یاسایی دەخوات پێی ئەوترێ پاڵێوراوی هەڵبژێردراو، پاڵێوراوە هەڵبژێردراوە، بۆیە دەستکاری لەو دوو دەستەواژەیەشدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، کاک د. بشیر کەرەمکە.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە لەو پرۆژە یاسایە، بەڕاستی دیارە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە بۆکسەکەی ئێمە دا هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستماندایە، بۆیە پێویستە ئێمە وەکو دیسان دووبارە کرایەوە، بەڕێزێکی تریش باسی کرد، هەر پرۆژە یاسایەك یان بەرنامەی کار پێویستە پێشی (48) سەعات لە بۆکسەکەی ئێمە دا بێ، ئێمە ئاگاداربین بیخوێنینەوە و، بۆ خۆمان مەعلومات و زانیاری لەسەر کۆبکەینەوە، خۆی ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئێمە باسی ئەوە نوێ و تازەیە، ئومێدەوارین بۆ جاری داهاتوو ئەم شتانە ڕوو نەداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو تەرحە نیم کەوا ماوەکەی بکرێ بە (90) ڕۆژ، بە ڕەئی من ئەو ماوەیە زۆرە، هەر کەسێك پاڵێوراو بوو، هەڵبژێردرا، تەصەور دەکەم بایی ئەوەندەی هەیە کە لە ماوەی مانگێك کەمتریش بتوانێ خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆ ئەوەی کە بڕیار بدا بێتە ناو پەرلەمان، کاری پەرلەمانتاری بکات یان نا؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو ماوەیە، (45) ڕۆژ حەددی زۆر زۆرێتی، ئەگەر نا یەك مانگ زۆریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە 45 ەکەمان لایە وەکو مامۆستا ئیشارەتی پێدا، من 45 کەشم پێ زۆر بوو، چونکە بەڕاستی نەوەد ڕۆژ زۆر زۆرە، یەعنی تەقریبەن خولێکە، ئینجا تۆ نەفەرێکت بسووتێ کە دەنگی زیاتر لە 15 و 17 هەزار کەس دەهێنێ، ناکرێت ئەو کورسیە خالی بێت کاتێك کە نوێنەری خەڵکێکە، نەوەد ڕۆژ زۆر زۆرە، سێ مانگ! لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو عەددە دەبێت کەم بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر 45 ڕۆژەکەم لایە و پێشم وایە، لەبەینی ئەوەی 45 ڕۆژ لەبەرئەوەی ماوەکە تێ پەڕیوە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە سوێندیان نەخواردووە ئەوانی تریش نەهاتوون، ئەگەر ماوەکە بەسەر چوو بێت مەرج نیە ئەلتەرناتیفەکە نەوەد ڕۆژ بێت، لەبەرئەوە بۆ ئەم حاڵەتە پێشنیاری 50 ڕۆژ دەکەم، ئەو بەڕێزانەی کە سوێندیان نەخواردووە دەکرێت بەیانی بفەرموون و دوو بەیانی بفەرموون، پێش ئەوەی 50 ڕۆژەکە تێ

بپەڕێت سوێندی یاسایی خۆیان بخۆن بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستا، ئەمما بۆ داهاتوو کەم تر بکرێتەوە بۆ ئەمەیان شتێکی ترە، خاڵی دووەم: من بەڕاستی وەکو کەسێك کە هەموو ژیانم لەگەڵ زمانی کوردی و مەسەلەی ڕۆشنبیری بەسەر بردووە، من هەست بە ئیبادە دەکەم لەو تەرجەمەیە و لەو کوردیەی کە لێرە ئێمە بەکاری دەهێنین، بۆیە تکا دەکەم تا ئەو کاتەی خەبیری زمان کە دەیدرێتێ بیدەن بە کەسانی وەرگێڕی لێ هاتوو و کوردی زان، بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە ئیستفزاز و هین نەکەین لە شێواندنی زمانەکەمان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە بەدڵنیایەوە چاك دەکرێت و هیچ تەرەدودی لێ مەکەن، کاك حاکم رزگار کەرەمکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دوو، سێ شت لێرە موراعات بکرێت باشە، یەکێکیان عوزری مەشروع، ئەوەی کە ئامادە نابێت بۆ سوێند خواردن، بۆچی بە موتڵەقی هاتووە، لەوانەیە عوزرێکی مەشروع هەیە لە ئامادە نەبوونەکەی، ئەو عوزرە موشروعەش کێ تەقییمی دەکات؟ بەرەئی من بە ئەغلەبیەی پەرلەمان بکرێت، کاتێك دێت و دەڵێت من عوزرێکی مەشروعم هەیە و حزوری ئەغلەبیەی پەرلەمان تەقیمی بکات کە ئەوە عوزری مەشروعی هەبووە لەو نەهاتنە یان نا؟ دووەم: ئەو مودەی 45 ڕۆژەکە زۆرە، نەوەدەکەش هەر لەو زۆر زۆر ترە، دەکرێت تەبلیغی تیا ببێت، یەعنی تەبلیغیش بکرێ و لە دوای تەبلیغەوە، بەڵام ئەو مودەیەی کە ئێستا ڕۆیوە ئێمە دەتوانین حیسابی نەکەین لەسەر ئەوانەی عیلاقەی بەم دەورە پەرلەمانیەوە هەیە، ئەوە ناگەڕێتەوە (لایسری علی الماضی)، بە نیسبەت ئەوانەوە ئەو مودەیە دەوەستێت، جا دەکرێت لە سیاغەکەیدا و ئەگەر بە سیاغەکەش نەبێت هەر ئاساییە کە تۆ نەی گەڕێنیتەوە ئەو مودەیەی کە لەوەیەوە دەست پێ دەکات کە ئەو نەسە جێ بەجێ دەکرێت، ئەو مودەیە لەوێوەحیساب دەکرێت لەسەر ئەو کەسانەی کەوا غائیبن، واتە دەبێت تەبلیغیشی تێدا بێت، چونکە تۆ دەبێت تەبلیغی بکەی، ئەو لەبەردەمی کێ سوێند دەخوات؟ دەبێت پەرلەمان کۆببێتەوە کە ئەو دێت سوێند دەخوات، بەڵکو لە فەترەی عوتڵەی پەرلەمان دایە ئەو کە نایەت سوێند ناخوات، تەبلیغ بکرێت بۆ ئەوەی علمی هەبێت ئەو دوو، سێ نوقتەیە لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی قسەکانی من د.رفیق کردی و بەشەکەی تری دیارە هەر کەسێك سوێند نەخوات نابێت بە ئەندام، بۆیە مافی ئەندامیەتی دەسووتێت و باشترە بڵێین مافی بوونی بە ئەندام دەسوتێت، چونکە نەبووەتە ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا سێ نوقتەی قانونی صرفم هەیە، یەکەم: ئەو عوزرە مەشروعەی کاك رزگار باسی دەکات ڕاست دەکات و عوزری مەشروع تەقادوم دەوەستێنێت و ئیسقات بە مودەی تەقادوم دەکات، ئەوە قسەی قانونی سرفە، دووەم: کە عزوی مونتەخەبەکە کراوە مورەشەح، ئەگەر ئێمە سەیری قانونی 92 رەقەم 1 بکەین لە قانونی ئینتخابات دەڵێت (اکتسابی حقوق و ئیمتیازات لەڕۆژی ئیعلانی نەتائیجی ئینتیخاباتەوەیە)، ئیعلانی نەتائیج هەمووتان دەزانن لە بیدایەتی مانگی 8 بووە، لەبەرئەوە من پێم باشە هەر عزوی مونتەخەب بێت مورەشەح، سێیەم: مەوزوعی 45 ڕۆژەکە کە هەندێك کەس دەڵێن زۆرە بکرێتە 90 ، دوو مەبدەئی قانونی هەیە یەکێکیان (مبدأ عدم رجعیە القوانین)، یەعنی من ناتوانم قانونێك دابنێم حوکمی ڕابردوو بکات، ماددەی 19 لە دەستووری دائیمی عیراقی 8 ە یان 9یە، وابزانم 9یە ئەمەی تیا تەسبیت کراوە دەڵێت کە (لیس للقوانن اثر رجعی)، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ماددەی 13ی دەستووری دائیمی عیراقی، دەڵێت ئەم دەستوورە (واجب التطبیق فی کافة انحاء العراق بما فیها الاقالیم والمحافظات) لەبەرئەوە ناکرێت 45 ڕۆژ بێت، بۆ ئەوەی ئەسەری رەجعی نەبێت، دووەم: نەزەری ئیکتسابی حقوقە کە لە قەوانینی هەموو دونیادا موعتەرەفە، کە یەکێ ئیکتسابی حەقێکی کردبێت ناکرێت 67 ڕۆژ تێ پەڕیوە و 45 ڕۆژ مودەی دەبێت، لەبەرئەوە نابێ 45 ڕۆژ بێت، دەبێت هەر لە 67 ڕۆژ بەرەو ژوور تر بێت، بم بوورن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە قسەكانی من كرا، یەكێك لەوانە كاك حاكم رزگار فەرمووی، بەڵام ئیزافەیەكم هەیە بۆ ئەوە، لەگەڵ ئەوەی كە بیانوویەكی ڕەوای نەبێت و لە خواستی خۆی بەدەر بێت، ئیحتمالی هەیە هەندێك لە ئەندامانی خەڵكانی تر بتوانن لە شوێنێك بیهێڵنەوەو نەتوانن بێن سوێند بخۆن، مافی ئەندامیەتی دەسوتێت، بكرێتە مافی ئەندامیەتی نامێنێت، سوتاندن وشەیەكی تۆزێ بە نەوعێكە (یان ئەگەریش لەو ماوەیەدا سوێندی نەخوارد) ئەو (یش)لەو شوێنەدا زیادەیە، ئەگەر لەو ماوەیەدا سوێندی نەخوارد ئەوا بە پێی حوكمەكانی یاسا ئەندامێكی تر جێگای دەگرێتەوە بە پێی زنجیرە، كێشەی 90 ڕۆژەكە بەڕاستی من پێم باشە هەر 30 ڕۆژ بێ، لەبەرئەوە ئەگەر بۆ ئێستای پەرلەمانە لە كۆتایی ماددەكە دەڵێین ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنی جێ بەجێ دەكرێت كەواتە پێشتر ئەم یاسایە نەبووە، بۆیە ئێمە عوزری قانونیمان هەیە كە ئەوە ئیشێكی قانونیە كە 90 ڕۆژەكەش تێ پەڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو رەئیەم كە ماوەكەی هەر بە 45 ڕۆژ بمێنێتەوە، زیاد نەكرێت، لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا كە لە ماددەی 4 هاتووە ئەم یاسایە لەڕۆژی (ینفذ هذا القانون اعتبار من تاریخ اصداره)، كەواتە ئەم یاسایە ئەسەری رەجعی نیە، جا بۆ ئێمە بۆچی بیكەین بە 90 ڕۆژ هەر 45 ڕۆژەكە بێت، كە لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەكات كەواتە پێویست ناكات جارێكی تر بیگەڕێنینەوەو بیكەین بە 90 ڕۆژ و لەو ڕۆژەوە دەكاتە 3 مانگی تر ئێمە ئیزافەی دەكەینە سەر ئەو ماوەیە، هەروەها من لەگەڵ ئەوەدام كە ماددەی دووەم نەمێنێت لەبەرئەوەی كە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەكرێت و حەسەب ماددەی چوارەم وای لێ ئەكات كە خۆی شەملی ئەو خولە دەكات، كەواتە بۆخولەكانی پێشوو تر نیە، بەڵام ئەگەر تەحدیدی نەكەین بۆ ئەم خولە دەتوانین بۆ خولەكانی تریش ئیستیفادەی لێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەریەكێك لە ئێمە نوێنەری چەندین هەزار كەسین، دەكرێ ئێمە ئەگەر عوزرێكی مەشروعمان هەبێت نەیەین سوێند نەخۆین، بەڵام كە عوزری مەشروعمان نەبوو ناكرێت ئێمە دەورەیەكی پەرلەمانی كامیل وەكو ئەندامێكی پەرلەمان سوێند نەخۆین، ئەی نوێنەرایەتی ئەو خەڵكەی كە چەندین هەزار كەسن و دەنگی داوە بە تۆ كێ مومارەسەی ئەو حەقە دەكات؟ لەبەرئەوە من پێم وایە دەبێت لێرە قەرارێكی جدی بدەین بۆ ئەوەی ئیحترامان بۆ هەموو ئەو خوشك و برایانە هەیە كە نایەن،

ئەگەر نیەتیان هاتن بایە دەهاتن تا ئێستا، بەڵام دیارە نایەن بۆ ئایینـدەش هەروایە تەبعەن، ئەنـدام پەرلەمانێك كە هەڵبژێردرێت كە خەڵك دەنگی بداتێ مانگێك و دوو مانگ و سێ مانگ نەیەت، سوێند نەخوات و دەوام نەكات دیارە نیەتی هەیە نەیەت، ئەوەش هیچ شتێكی ئەوتۆی تێدا نیە، بەڕاستی ئەوە حەقە هەر لە هەمان لیستی خۆی یەكێك بێت شوێنەكەی پڕبكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری موختەلف هات، ئەو ئارایە هەبوو كەم بكرێتەوە و بكرێتە 45 ڕۆژ، هەندێك بە 30 ڕۆژ و هەندێك بە 25 ڕۆژ، یەعنی پێشنیار هەبوو لەوەی كەم بكرێتەوە، هەندێك لە بەڕێزان لەگەڵ ئەوە بوون كە ئەو 90 ڕۆژە بمێنێت، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بەو پێشنیازانەی كە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە كراوە، ئەو تێبینیانەی كە بەڕێزتان گوتتان، ئەگەر ئەو شتانە لەبەرچاو بگرین هیوادارم ڕاتان بگۆڕن لەسەر ئەو حاڵەتە، یەكەم: ئەوەی كە پەیوەندی هەیە بە ئەسەری رەجعیەوە، ئەوەی كە بە جدی قسەی لەسەر بكەین لەم قانونە كە ئەسەری رەجعی تەبیعی دەبێت ئەسەری رەجعی نەبێت، ئێمە دەزانین لە 2009/8/20 ئەندامانی پەرلەمان سوێندی یاساییان خواردووە، لەماددەی دووەم دەڵێت ئەحكامی ئەم قانونە بەسەر كێ تەتبیق دەكرێت؟ بەسەر ئەندامانی پەرلەمان لە خولی سێیەمەوە، ئەگەر ئەو 45 ڕۆژە بەوە حیساب بكەین، یەعنی مودە قانونیەكەمان تەواو كردووە، ئێستا 65 ڕۆژ تێ پەڕیوە، ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری بكەین و بەو مانایەش سەیری بكەین، بۆیە تەحدید كردنی مودەكە، ئێمە لەلایەكەوە دەتوانین مەوعیدی قانونی خۆشی جێ بەجێ بكەین، یەعنی ئەسەرە رەجعیەكە بۆ ئەوە نیە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ ڕابردوو، ئێستاش مەجالی جێ بەجێ كردنەكەی ماوە، دووەم: لەناو پەیڕەوی ناوخۆ دا هاتووە و دەڵێت هەر كەسێك ببێت بە ئەندام پەرلەمان دانانرێت لەڕۆژی خواردنی سوێندی یاساییەوە بۆی، یەعنی یەومی ئەدائی سوێند، ئەو پێشنیازەشی كە هەیە تایبەتە بەوەی كە (بدون عذر مشروع) ئەوە لە جێی خۆیەتی باس لەوە بكەین وەكو عوزرێكی مەشروع، بەڵام دەبێت هەندێ حاڵەت هەیە بە نەزەری ئیعتبار وەری بگرین، مەرج نیە ئەو ئەندام پەرلەمانە، بۆ نموونە لەگەڵ سوێند خواردنی هەموو ئەندامەكاندا ئەندامەكە لەوێ ئامادە نابێت، دوای ئەوە ڕەنگە ئەندامەكەی دوای ئەویش ڕەنگە لە قائیمەكەی ئەویش جێگای دەگرێتەوە ڕەنگە ئەویش نەیەت، بۆیە لێرە نووسراوە (فی موعدە المحدد)عادەتەن مودەیەكی بۆ تەحدید دەكرێت، یەعنی هەموو جارێك سەیری ئەوە نەكەین كە ئەندام پەرلەمانێك لەگەڵ هەموو ئەندام پەرلەمانێك سوێندی یاسایی دەخوات دوای مودەیەكی تر ئەندامێكی تریش دێتە پێشەوە، لەوانەیە ئەویش نەیەت، بۆیە دەبێت سەقفێكی زەمەنی بۆ ئەویش هەبێت، بۆیە ئەگەر ئیستسنای ئەوەی كە عوزرێكی مەشروع بۆی ئیزافە بكرێت تەسەور دەكەم دەبێت مودەیەكی زەمەنی هەبێت، بەڵام مادام وایە ئێمە لە

خولی سێیەمەوە دەست دەکەین بەو ئیشە، یەعنی دەبووایە بۆ ئەوەی مەشمولیش بێت بەو حاڵەتەوە دەبێت ئەو ماددەیە وا تەعامول بکات لەوەی کە ئێمە لەسەر قانونێك ئیش نەکەین کە بۆ ڕابردوو بێت و خەڵك پێوەی مەشمول بێت، چونکە ڕەنگە دوایی گلەیی بۆ هەموو پەرلەمان بێت لەو حاڵەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەسڵی مەشروع 45 ڕۆژە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی 90 ڕۆژە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە، سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو قسانەی کە کرا، کە دەڵێن ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت، یەعنی تۆ لە ئەمڕۆوە دەری دەچوێنی تا 45 ڕۆژ دەوەستیت، هاتاوەکو جارێکی تر ئەم خەڵکانە ئەو مەجالەیان بۆ دادەنێیتەوە، ئەگەر هاتو، سوێندی یاسایی بخۆن یاخود نەیخۆن، لێرەو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە دوایی دا کە ئەمە دەچێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆییەوە، خۆ بەم نەسەوە ناچێت، هەر تەنها ماددەی یەکەمی دەچێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆییەوە، بەس ئێستا ئێمە مەجبورین خەڵکێك هەیە و دەنگی پێدراوە نایەتە ناو پەرلەمانەوە، دەبێت حەلێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر نا خۆ ئێمە بە نەسێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ناکەین، لە نەسێك دا مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین کە دەچێتە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانەوە، زۆر سوپاس، کەسێکیش 45 ڕۆژ نەتوانێ بێت خۆ مەگەر کارەساتی سروشتی هەبێت هەر دەتوانێ بە 45 ڕۆژ بگاتە ئەو وڵاتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ڕوون کردنەوەم هەیە، ئەو 45 ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی یاسایەکەوەیە، بڵاوکردنەوەی نیە، ئەو 90 ڕۆژەی لیژنە پێشنیاری کردووە، یاخود ئەو 45 ڕۆژەی کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە، ئەو ماوەیە لەوە دەست پێ دەکات لەڕۆژی سوێند خواردنەوە ئەوجا ماوەکە حیساب دەکرێت بە 90 ڕۆژ، لەو 90 ڕۆژەی هەر ڕۆژەك ئامادە بوو پێی کرا بێت ئەو دەتوانێ سوێندی یاسایی بخوات و پەرلەمان ڕۆژەکەی بۆ دیاری دەکات، بەڵام ئەگەر ماوەکە بەسەر چوو ئێمەش ناچارین، چونکە کێشەیەکمان هەیە ئێستا ئەوە لە 8/20 ەوە سوێندی یاسایی خوراوە، دەبێ کێشەکە چارەسەر بکەین، بۆیە پێمان باشە ماوەکە 90 ڕۆژ بێت، نەك 45 ڕۆژ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەك ئەوەی کاك حاکم رزگار و ئەوانی تر باسیان کرد بەڕاستی 45 ڕۆژیش زۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی کە نازانم لەڕووی قانونیەوە کاك شێروان و ئەوان باشی لێ دەزانن، دیارە 90 ڕۆژەکەیان لەبەرئەوە داناوە کە مودەکە تێ پەڕیوە، ئەوەی من تێی گەیشتووم، دەکرێت 90 ڕۆژ نەبێ و 45 ڕۆژ بێت بۆ ئەوەی بگەینە حاڵەتێك حیسابی ئەو مودە قانونیەش بکەین کە تێ پەڕیوە و کاتەکەش زۆری بەسەردا نەچێت، بڵێین 75 ڕۆژ بۆ نموونە، یەعنی ئەمە ئەگەر حەلێکی وەسەت بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێزم هەیە بۆ دەنگدان، دائیمەن ئیحترامی رەئی ئەکسەریەت دەگرم، دەنگدان شتێکی پیرۆزە، بەڵام ناکرێت پێشنیارێکی نادەستووری و نا قانونی بخرێتە دەنگدانەوە، خەڵك 45 هەڵدەبژێرێ یان نا؟ لەبەرئەوەی ڕوونم کردەوە کە دەستوور مەنعی کردووە بە مەبدەئی عەدەم رەجعیەت قانون دەرچێت، تەعدیلات بکرێت، 45 ڕۆژ! 8/20 ئێمە سوێندمان خواردووە، 8/20 ـ 9/20 ـ 10/20 ئەوە 26 و ئێمە 65 ڕۆژە سوێندمان خواردووە، تۆ چۆن 45 ڕۆژ تەسبیت دەکەی؟ دەبێت کە قانونەکە دەردەکەی ئەسەری رەجعی نەبێ و مودەتێك بهێڵیتەوە، ئەگەر بیدایەتی 8/25 بوایە بۆ 15 ڕۆژ مودەمان دادەنا، نەمان دەکرد بە 90، بەڵام ئێمە حیسابی ئەوەمان کردووە و 45 ڕۆژەکە تێ پەڕیوە، 66 ڕۆژ تێ پەڕیوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری ئەخیر دەخەینە دەنگدانەوە، بیخوێنەوە کاك عونی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فی حالة عدم اداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين فی موعده المحدد، بدون عذر مشروع يسقط حقه فی العضوية بعد مضی تسعين يوما على التاريخ المذكور ويحل محله مرشح اخر وفق احكام القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزداران گوێتان لێی بوو ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تسرى احكام هذا القانون على المرشحين لعضوية البرلمان للدورة الانتخابية الثالثة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەیەكمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بكەن؟ سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخوا ئیجبارت كردم، ئەگینا پرسیارێك لە مێشكی من دا هەبوو، دەڵێ حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەوانە دەگرێتەوە كە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان پاڵێوراون، من لێرە پرسیار دەكەم تۆ دەڵێی حەقی ئەندامیەتەكەی سقوت دەكات، ئالیەتەكەی ئەوەی كە دێتەوە جێگەی نابێت باس بكرێت لەم ماددەیە، یان لە هەرچی ماددەیەكی تردا، ئایا پەرلەمان خۆی بانگهێشتیان دەكات و ئەوانەی كە لە تەسەلسول دان یاخود ئەوە چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان؟ د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی باسی كرد ڕاستە، بەڵام ئەوە لە یاسای هەڵبژاردن چارەسەر كراوە، ئەوەی ئێمە لێرە پێشنیار كراوە، تەنها هەمواكردنی بڕگەیەكە لەو ماددەیە و زیادكردنی ئەو بڕگەیە بەناوی بڕگەی (خامسا) ئەوە باسكراوە كە بە چ شێوەیەك كام پاڵێوراو دێتە شوێن ئەو كەسەی كەوا نایە و سوێند ناخوات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە وەكو ئەوەی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر كاك كاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ماددەیەین کە کاك کاردۆ خوێندیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاکم رزگار نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەم تەقیمە بەس پەرلەمان بۆ خۆی دەیکات، یەعنی جێ بەجێ کردنی ئەم مەسەلەیە بەس عیلاقەی بە پەرلەمانەوە هەیە، ئەو دەڵێ ئەندامە قبوڵ نیە یان نا، بۆچی جیهات عیلاقەی بە جیهاتەکانی ترەوە چیە؟ هەر پەرلەمان بێت و تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من ناتوانم بڵێم نوقتەکە نیزامیە یان نا، بەڵام دەیخەمە بەرچاو، بەڕاستی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماددەی دووەمە کە تێش پەڕیوە بەداخەوە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، کەواتە ئێمە ئەم خولەمان چارەسەرکردووە، لە خولی چوارەمیش هەمان کێشە ڕوو دەدات کە ئێمە تووشی بووینە، کەواتە دەبووایە ئەمەمان زیاد بکردایە بەڕاستی بمان گوتبایە سێیەم و دواتر، بۆ ئەوەی ئەوان تووشی ئەو کێشەیە نەبنەوە کە ئێمە ئێستا تووشی بووینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە پرۆژەکە دەڵێین (اعتبارا من الدورة الانتخابية الثالثة) یەعنی لەم دەورەوەیە، نەك تەنها ئەو دەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ دوو کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس بۆ ماددەیەکی تر کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەو ماددەیە؟ كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام 90 ڕۆژ وە ئیعتبارە ژ تاریخە جەلسە یەكێ یە پەرلەمانی گرێدان، لازمە نەسەكە بەو شكلە بێتن، (تنفذ هذا القانون اعتبار من تاريخ الجلسة الاولى للبرلمان المنعقد فى 8/20) ئەو 90 ڕۆژەكە لەبەر چ بوو؟ ئەگەر لە تاریخی ئێستا بێت مەعنای 90 ڕۆژی تر ئێمە دەبێت ئینتزار بكەین، مە گۆتن 90 ڕۆژ بن ئیعتبارە ژ تاریخە جەلسە یەكێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر وەكو پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەكەم و لە جەنابیشتان، لە دوای ئەوەی ئەو بڕیارە كە ئێستاكە پەسەند كراوەو بە كۆی دەنگ دەرچوو بۆ ئەو كەسانەی كە لە دواییدا كە ماوەكەیان پێدا ڕۆیشت دەركەوت بە بێ هیچ عوزرێكی قانونی نەهاتوون بۆ ناو پەرلەمان، ئایا ئەو كەسانەی كە لە بری ئەوان دێنە جێیان سێ مانگیان لێ ڕۆیشتووە لە هەموو بارێكەوە مەعنەوی و قانونەكە و یاسا و ئەو خەڵكانەی كە دەنگیان پێداون و ماندوو بوونیان لە بانگەشەكە دا و قەرەبووی ئەم كەسانە بە بێ زەنب چیە؟ حەز دەكەم لە ڕووی یاساییەوە وەڵامی ئەوەم بدەنەوە سوپاسی هەمووتان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان چیە بۆ ئەمە؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە قەرەبوو كردنەوە! هیچ قەرەبووكردنەوەیەك لە یاسا نیە، چونكە لەبەرئەوەی ئەوەی پاڵێوراوە تا ئێستا نەبووەتە ئەندام پەرلەمان لەڕۆژی سوێند خواردنیەوە تا ئێستا سوێندی نەخواردووە، ئەوەی پێشتر كە پاڵێوراوە ئەویش

سوێندی یاسایی نەخواردو ماوەکەی بەسەر چوو، ئەوە مافی ئەندامیەتی نامێنێ، بەڵام پاڵێوراو بە پێی ئەو لیستەی لە کۆمسیۆن پەسەند کراوە، ئەوا ئەو دەتوانی بێت کە پەرلەمان بانگەشەی کرد سوێندی یاسایی خوارد دەبێتە ئەندام پەرلەمان و هەموو ماف و بەرپرسیاریەتەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی کاك خورشید کە دەڵێت مەسەلەی تاریخی ئیسدار، تەبعەن ئێمە لە تاریخی ئیسدار یاسایەکە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردن، کە چووە بواری جێ بەجێ کردن ئیتر شمولی ئەو حاڵەتانە دەکات، ئێمە زۆر جار لەو پەرلەمانە یاسامان دەرهێناوە بە عەینی شێوە و ئیسدارمان کردووەتە معیارێك بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، مومکینە ئەسەری رەجعیشی هەبێت لەبۆ هەندێ حاڵەتی پێشوو، بۆیە تاریخی جێ بەجێ کردنی یاسایەکە تاریخی دەرچوواندنیەتی لێرە کە بە شێوەیەکی تایبەتی موعامەلەی کراوە، وەکو برای بەڕێزم کاك فرست ئیشارەتی پێیدا، ئەسڵەن نەشرە لە جەریدەی رەسمی، ئیستسنائەن ئیمکان هەیە لە حاڵاتی ئیستعجال ئیسداریش بەکاربهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسەری رەجعی لە حاڵەتی جەزائی و زەریبە نابێت، لە بوارەکانی تر دەبێت بۆ ئاگاداری، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا گشت پرۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس رۆژی چوار شەممە سەعات 11 دانیشتنی داهاتوومان دەبێت، خوا ئاگادارتان بێت، دانیشتنی داهاتوومان سیقە دانە بە کابینەی 6 کە سەرۆك و جێگرەکەی و سوێند خواردنیان لە پێش پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئاگاداریتان بەرنامەی کارمان ئەوەیە، خوا ئاگادارتان بێت، خوا حافیز.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 28\10\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## چوارشەممە رێكەوتی 2009/10/28

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/10/28 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2009/10/28 دا بەم شێوەیە بێت:

کۆبوونەوەی یەکەم:

1. سەرۆکی پەرلەمان هەر یەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە بڕیاری ژمارە 12 لە دانیشتنی ژمارە 4ی ڕۆژی 2009/9/16 بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی کابینەی شەشەم ناونران بۆ متمانە پێدان، پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکات.

2. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتە ڕوو، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان یەکە یەکە پێشکەش بە پەرلەمانیان دەکات تا متمانەیان پێ بدرێت.

کۆبوونەوەی دووەم:

1. وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

2. سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات، بۆ سوێند خواردنی یاسایی و پاشانیش جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

3. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات کە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێند خواردنی یاسایی پێشکەش بکات.

4. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی 6، د.بەرهەم صالح دەکات ( ئەگەر متمانەی بە دەست هێنا) بۆ پێشکەش کردنی وتاری بەڕێزیان.

5. وتاری بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراقی فیدڕاڵ بە بۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ کابینەی شەشەم.

6. وتاری ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ کابینەی شەشەم.

7. کۆتایی هێنانی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 9، ڕۆژی دانیشتن 2009/10/28 ، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بە پێی حوکمەکانی برگە 1ی ماددەی 20 لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە

9ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 2009/10/28 بەم شێوەیە بێت.

کۆبوونەوەی یەکەم:

1. سەرۆکی پەرلەمان هەر یەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە بڕیاری ژمارە 12 لە دانیشتنی ژمارە 4ی ڕۆژی 2009/9/16 بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی کابینەی شەشەم ناونران بۆ متمانە پێدان، پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکات.

2. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتە ڕوو، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان یەکە یەکە پێشکەش بە پەرلەمانیان دەکات تا متمانەیان پێ بدرێت.

کۆبوونەوەی دووەم:

1. وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

2. سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات، بۆ سوێند خواردنی یاسایی و پاشانیش جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

3. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات کە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێند خواردنی یاسایی پێشکەش بکات.

4. سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی 6، د.بەرهەم صالح دەکات ( ئەگەر متمانەی بە دەست هێنا) بۆ پێشکەش کردنی وتاری بەڕێزیان.

5. وتاری بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراقی فیدڕاڵ بە بۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ کابینەی شەشەم.

6. وتاری ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ کابینەی شەشەم.

7. کۆتایی هێنانی دانیشتنی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوو خاڵدا دەمەوێت لاوازی لایەنی یاسایی ئەو کۆبوونەوەیە بخەمە بەردەستی بەڕێزتان، یەکەم: بە گوێرەی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە بەرنامەی کار 48 سەعات پێش کۆبوونەوە بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، خاڵی یەکەم لەو ماددەیە کە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی دەکات دەڵێت (دانانی بەرنامەی کاری هەریەکێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن کە دەبێت لەگەڵ ئەو پرۆژە

و پێشـنیاز و راپۆرتانـەی گفتوگۆیـان لەسـەر دەکرێـت بەلایـەنی کەمـەوە پـێش دوو ڕۆژ لـە بەسـتنی کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ڕابگەبەندرێت)، ئەمە لە حاڵەتێك دا ئێمە دوێنێ تا عەسر پێمان نەگەیشتووە و ئەمڕۆ ناوی وەزیرە بـەڕێزەکانمان پـێ گەیشـتووە و کە من بە خەرقی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەزانم، بۆیە پێویست بوو کارنامەی ئەم دانیشتنە هـاوپێچ لەگەڵ هەر وتار یان دۆکیومێنتێکی تر کە بڕیارە ئەمڕۆ بخرێتە ڕوو و جەنابتان باستان کـرد لـە هینەکـە، پێش دوو ڕۆژ دەبوو بە ئێمە بگەیشتایە، بەڵام دوێنێ وەك باسم کـرد بـە دەسـتی کـەسمان نەگەیشت بـوو، دووەم: بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە دەمانەوێ قسە لەسەرکابینەیەکی نوێ بکەین کە سەرجەم کایەکانی کۆمـەڵگا و لایەنـە گرنگـەکان و چارەنووسـی میللەتەکـەمان لـەڕووی سیاسـی و ئابووریـەوە لەبەردەسـتی دان............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نوقتەی نیزامی هەیە لە دوو شوێنەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای تەئکید کردنەوە لە قسەکانی کاك عدنان........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نیە برای من، دانیشە با کاك عدنان هەڵسێ قسەکەی تەواو بکات، کاك عدنان قسەکانت تـەواو بکە و فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ قسـە کـردن لەسـەر بـەڕێزانی سـەرۆك و ئەنـدامانی کابینەکـە و بەرنامـەی کـارو سیاسـەتی حکومـەت مەفروز وابوو بەلایەنی کەم یەك هەفتە پێشتر پەرلـەمان لـە هـەموو ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا لـە خاڵەکانـدا هـاتووە ئەنـدامانی ئاگـادار بکردبایـەوە، ئەگـەر کۆبوونـەوەی ئـەمڕۆمان تـەنها ناسـاندن و گـوێ گـرتن و بەرنامەی حکومەتی نوێ بـێ کابینـەی شەشـەم مـن هـیچ کێشـەیەکی یاسایی لـەوەدا نـابینم، بـەڵام ئەگـەر متمانە بەخشینە وەکو ئەوەی لە خاڵی دووەمدا هاتووە بەسەرجەم کابینەکە، ئەوا بـە پێویسـتی دەزانم لـە بەڕێزتان داوا بکەم، یەکـەم: ئـەم دانیشـتنە بـۆ مـاوەی هەفتەیـەك دوابخرێـت بـۆ ئـەوەی بـوار بـە ئەندامـە بەڕێزەکانی پەرلەمان و بە تایبەت ئۆپۆزسیۆن بـدرێت بـە وردی لـە کارنامـەی حکومـەت و کارایی وەزیـرە پێشنیارکراوە بەڕێزەکان بکۆڵێتەوە، چونکە بەم پەلەییە ناتوانرێت هیچ شتێکی گـرنگ بوترێـت کـە ئێمـە ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانە دەبیستین، دووەم: سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێك یان تـەعمیمێك بـۆ دیـوانی چاودێری دارایـی بکـات، بـۆ ئـەوەی هـەر زانیاریـەك کـە پەرلـەمان پێویسـتی پێـی دەبێـت و بـە پێویسـتی دەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەو بەڕێزانەی کە کاندید کراون بۆ سەرۆکایەتی و ئەندامانی کابینـەی

**نویٚ بخریٚته بەردەم ئەندامانی پەرلەمان وە یان لیژنەیەکی تایبەت کە بەڕێزتان بە باشی بزانن پێك بێنن بۆ ئەم مەبەستە، بەمەش دەتوانین قسە لەسەر پەرلەمانێکی چالاك و ئەکتیڤ بکەین، لەگەڵ سوپاسم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بۆ وەڵام دانەوەی، ئێمە لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممە ئیعلانمان کرد و گوتمان ڕۆژی چوار شەممە دانیشتن دەکەین و دانیشتنەکەش بۆ متمانە دانە بە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیعلانمان کرد لێرە من خۆم ئەو قسەیەم کرد، بە بەڕێزتانیشمان ڕاگەیاند ئەم دانیشتنەی داهاتوومان بۆ ئەوەیە هەتا وەکو تەئکیدیشم کردگوتم نەڵێن 48 سەعات بەسەریان دا ڕۆیشتووە لە ئێستاوە دەیزانن بۆ ئاگاداریتان، ناوی وەزیرەکان تاخیر هات، ڕاستە، بەڵام ئەو بەڕێزانە هەموویان ناسراون و ئەو بەڕێزانەی کە موتمەئین نیە لەوەی کە ئەو وەزیرە بەڕێزە متمانەی پێ بدات، دەتوانێ دەنگی پێ نەدات، نوقتەی نیزامیت هەیە، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی ڕوون کردنەوەکەت دەکەین، بەڵام کاك عدنان شتێکی لەبیر چوو، لە ماددەی 54ی نیزام داخلی ئێمە هاتووە کە قانونی ئێمە حوکمی عیلاقاتی ناو ئەنجومەنەکان سەرۆك و جێگر و سکرتێر و هەموو ئەندامان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لە ماددەی 54 لە بڕگەی 1 داهاتووە (هیچ دانیشتنێك بە بێ بەرنامەی کاری پێش وەخت نابەسترێت)، بڕگەی سێیەمی دەڵێت (نابێت هیچ بابەتێك (مەنعی کردووە یەعنی) بخرێتە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکرێت کە لە بەرنامەی کاردا ناوی نەهاتبێت، یەعنی بە پێی نیزام داخلی ئەم کۆبوونەوەیە نابێت بکرێت، تاوەکو ئێمە ئاگادار بین، بەڕاستی من نازانم وەزیرەکان کێ و کێ یە؟ وەکو ئەندام پەرلەمانێك پێم خۆشە دەستی بۆ بەرز بکەمەوە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**برای عەزیز سوپاس بۆ ڕوون کردنەوەکەت، بەرنامەی کارمان ئیعلان کرد، گوتمان لە پێش ئێوە و لە پێش میدیاکان، ئەوە لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیلە، گوتمان ئێمە ڕۆژی چوار شەممە دانیشتن دەکەین، دانیشتنی ئاساییە و بۆ متمانە دانە بە کابینەکە، ئەوە ئیعلان کرا موسبەقەن، کاك د.زانا فەرمووو.**

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی بەڕێزت وایە منیش لە کۆبوونەوەکە ئامادە بووم، بەڕێزت گوتت بەرنامەی کاری ڕۆژی چوارشەممەمان کە متمانە بەخشینە بە کابینەی شەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ سەعات 9 ناوی وەزیرە بەڕێزەکانمان پێ گەیشت، ئێمە لەسەر چ بنچینەیەك متمانە دەبەخشین بە کابینەیەك کە ئێمە ئێستا کارنامەکەی گەیشتووەتە بەردەستی ئێمە، ئێمەش مافی خۆمانە وەکو ئەندامانی پەرلەمان داوا بکەین مۆڵەتێکمان بدرێتێ، ئەگەر خوێندکارێك بێت پێویستت بە کاتێك هەیە بۆ ئەوەی ئەمە بخوێنێتەوە، بێ گومان متمانە بەخشین لەسەر بنچینەیەك دەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە، کاك فرست فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی جەنات ئاگاداری برادەرانت کرد کو پێش وەخت ئێمە ئاگاداری پەرلەمانمان کردووە جەلسەی ئەمڕۆ بۆ متمانە دانە، بەرنامەی کار هیچ خیلافی لەگەڵ نیە ئەوی تەحریری هاتبیتە تەوزیع کرن، یان ئەوی شەفەوی هاتبیتە ئیعلان کرن، دوو: ئەوە چار، پێنج ڕۆژە لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان و بزات لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنی گۆڕان ئێمە باسی ئەوە دەکەین ڕێو شوێنی رەسمیاتی ئەو جەلسەیە چۆن بێت؟ مەعنای لەو ناحیەوە ئاگادارن، مەوزوعی سیقەدان، من حەز دەکەم برادەران تەماشای قانونی رەقەم 1 بکەن و قانونی ئەنجومەنی وەزیران بکەن، سیقەت دان نە لەسەر ئەساسی بەرنامجی کارە، لەسەر ئەساسی شەخسیە، وەزیر بە وەزیر سیقەتی پێ دەدرێت، بەرنامجی کار پاش تەشکیل کردنی حکومەت، ئەو وەختەیە کە بەرنامجی کاری هەبێت و بێت عەرزی پەرلەمان بکات تەسویتەك لەسە ردەکەین و سیقەت بەو بەرنامجە دەدەی یان سیقەتی پێ نادەی، ئەوەی هاتیە تەوزیع کرن هەر بۆ ئەوەیە پێش وەخت وەك مسوەدەیەك، وەکو ڕەشنووسەکە، برادەران ئاگادار بن، چونکە بەرنامجی کارەو ئەهمیەتی خۆی هەیە و موحتاجی دیراسەتە، سبەی یەکێك بە ئێمە نەڵێت وەڵلا پێش 24 سەعات کیفایەت نیە من بەرنامجی کاری حکومەتێك بۆ چار ساڵ دیراسەتی بکەم و رەئی خۆمی لەسەر بدەم، لەبەرئەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەوزیعی کردیە و هەتا سەرۆکایەتی پەرلەمان تەوزیعی نەکردووە بۆ مەعلوماتتان، بە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان رەئیان داوە پێش وەخت کو ئاگاداربن سبەی یەکی تر حجەتێك پیشان نەدات و بلێت وەڵلا خیلالی دوو ڕۆژ من ئاگادار بوومە، هەر لە ئێستاوە دیراسەتی بکەن هەتا ئەو ڕۆژەی بێت بەڕەسمی پێشکەشی پەرلەمان بکرێت ئەو وەختە رەئی خۆتان لەسەر بدەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامم نیە، بەڵام ئەگەر روخسەتم بدەی دوو دەقیقەیەك قسە بکەم......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە پاشان قسەت پێ دەدەم، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان ڕوون کردنەوەت هەبێت بەسەر چاو مەجالت دەدەمێ، بەڵام ئێستا لەسەر ئەو قسانە نیە، نوقتەی نیزامی هەبوو جواب درایەوە، کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من نوقتەی نیزامەیەکەم لەسەر ئەوەیە کە ناوی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان هات، ئێمە دوێنێ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەم نوقتە نیزامیەی ئێستا بە نووسراو ئاراستەی بەڕێزتانمان کرد، موناقەشەی ئەم حاڵەتەشمان کرد دوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕاستە، کاك عدنان تەواو بووی، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە قسە لەسەر حاڵەتێك دەکەین کە خەلەلە لە ئیدارەی جەلسەکەدا، لەبەرئەوە حەقە وورد تر لەسەری بڕۆین، لە قسەکانی کاك فرست دا گوتی ئیعلانمان کردووە کە لەسەر متمانەدانە، متمانەدان بە شەفەهی نابێت، متمانە دانیش بە نەزەری نابێت، ئێمە ئەمڕۆ کارنامەی کابینەی حکومەتی هەرێم کراوەتە بۆکسەکانمانەوە کە تەحەدای ئەوە دەکەین کە حەز دەکەین پرسیار لە هەموویان بکە، ئەگەر کەسمان ئەمەمان بە وردی خوێندبێتەوە............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ئەوە مەوزوع نیە بۆ ئێستا، ئەوە بۆ هەفتەیەکی ترە، دوو هەفتەی تر و بۆ مانگێکی ترە لەلات دەمێنێ و دەیخوێنیتەوە، بۆ ئەمڕۆ نیە، ئەمڕۆ فەقەت بۆ متمانە دانە، ئەوجا دەتوانی دەنگ بدەی یان دەنگ نەدەی، کەرەمکە کاك جعفر.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی کاك فرست دەڵێت ئەم متمانەیە تەنها متمانە دانە بە وەزیرەکان، دواتر کارنامەی خۆیان دێننە ناو پەرلەمانەوە، بەڵام کارنامەکە ئەو کاتە بڕیاری لێ دەدرێت کە دەنگی لەسەر دەدرێت، پەسەند دەکرێت یان پەسەند ناکرێت، لە حاڵەتی پەسەند نەکردنی ئێمە ئەگەر متمانەمان دا بەو بەڕێزانە و بەو وەزیرانە ئایا لەکاتێك کە کارنامەکەی پەسەند ناکرێت ئەم متمانەیەی لێ دەسەندرێتەوە، وە ئەگەر لێی ناسەندرێتەوە چ سوودێکی هەیە کارنامە بهێنی یان نەیهێنی لە کاتێك دا ئەو پێش وەخت متمانەی پێدراوە لە کۆبوونەوەیەك کە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوە لە کاتی خۆیدا ئەو نوقتەی نیزامیە بگرە و موناقەشەی بکە و یان ڕەئیت لەسەری دەدەی، ئێستا چونکە ئەوە لە بەرنامەی کار نیە و مەوزوعی کار نیە، کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە قسەکە لەسەر ئەوەیە کە تۆ ناوی وەزیرەکان دیاری ناکەی هەریەکێ لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر چ ئەساسێك دەنگ بەم وەزیرە دەدات، یەعنی تۆ نازانی باکگراوندی ئەم وەزیرە و مێژووی ئەم وەزیرە چیە و چۆن دەنگی پێ دەدەی و دەیکەی بە وەزیری حکومەت کە کارێکی گەورەی لەبەردەستە، دوای ئەوە قسەم لەسەر ئەوەیە لەم کارنامەی ئەمڕۆ هیچ بەندێکی تیا نیە باسی ئەوە بکات ئەندامانی پەرلەمان دەبێت گفتوگۆ لەسەر تاك بەتاکی ئەو وەزیرانە بکەن و ئەو وەزیرانە کارنامەیان بۆ هەر وەزارەتێك چیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گفتوگۆ ناکرێت، دەنگ دەدرێت، بەڵام فراکسیۆنەکەت سەرۆکی یان جێگرەکەی دەتوانێت قسە بکات و وەقتێکی کافی دەدەینێ بە عام لەسەر سەرۆك و جێگر و ئەندامەکان رەئی تەواوی خۆی بدات، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا هەر کەسێك یان ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز کە هەڵدەستێت بەناوی نوقتەی نیزامیەوە حەقە .............. .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشە رجائەن عیلاقەت نیە، حەقی خۆمە دەیدەمێ، تەدەخول لە ئیشی ئێمە مەکەن، بە غەیری نیزامی، ئەندامی پەرلەمانە، حەقی خۆی هەیە نوقتەی نیزامی بگرێت، ئێمە قەرار دەدەین، باسی خۆت بکە و نوقتەی نیزامیت هەیە لەسەر من بیلێ، بەڵام لەسەر ئەندامی پەرلەمان ڕێت پێ نادەم، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا حاڵەتێك نیە بۆ موناقەشە کردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و لەسەر کاندیدە بەڕێزەکانی وەزارەتەکان، ئەوەی عورفە ئێمە 5 کابینەی حکومەتمان تێ پەڕاندووە بە دەنگ دان بووە و کێ متمانە دەدا یان هەر ئەندام پەرلەمانێك متمانە نادات ئارەزووی خۆیەتی و لە دوو کابینەی حکومەتی ئیتحادی عیراقیش دا هەر بەو جۆرە بووە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن دانیشە لە نیزامی دەرچووی، ماددەی 5 لە پەیڕەوی ناوخۆ لە قانونی مەجلس وزەرا (یکون منح الثقة باعضاء المجلس فردا فردا بطلب من الرئیس) ئەوە وازحە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فرست فەرمووی لەسەر بەرنامە متمانە نادرێت یان دەنگ نادرێت، لەسەر یەکە یەکەی وەزیرەکانە............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن دانیشە، نیزامی نیە، سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد، نوقتەی نیزامیان هەبوو، حەقی خۆیانە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هەریەك لە بەڕێزان د.بەرهەم احمد صالح و د.ئازاد محمد نجیب محمد بەرواری، لە دانیشتنی ژمارە 4ی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/9/16 بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەسمیە کران بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە 2009/9/30 بە فەرمی ڕێزادار سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بڕیاری ژمارە 12ی پەرلەمانی کوردستان بە فەرمانی هەرێمی 194 هەردوو ڕێزداران کاك د.بەرهەم احمد صالح و د.ئازاد محمد نجیب محمد بەرواری تەکلیف کرد بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئێستا دەست بە مەراسیمی متمانە پێدان بە د.بەرهەم احمد صالح بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان و د.ئازاد محمد نجیب محمد بەرواری بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەر لەوەی متمانە ببەخشرێت بەو دوو بەڕێزە هەر کەسێك هەر تێبینیەکی بەرامبەر بەو دوو بەڕێزە هەیە ڕێگەی پێ بدرێت دەربارەیان قسە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرکەسێك نا، بە پێی عورف و قانون لێرەو لە هەموو شوێنێك، من هەر دوێنێ ئیحترامم بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە هاتن لەو بارەیەوە قسەیان کرد، لەگەڵ زۆر لەو کەسانەی کە لە پەرلەمانەکانی دەرەون بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵیان کرد، هەندێکیشیان لێرەن کە زیاتر لە 21 ساڵ خیبرەیان هەیە لە کاری پەرلەمانی، لای ئەوانیش وایە لە حاڵەتی دەنگدان بە کابینە بۆ سەرۆك و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتانەش سەرۆکی فراکسیۆنێك دەتوانێت بە عام گشت ناوەڕۆکی بیروبۆچوونی خۆی و براو خوشکەکانی داوا بکات و ڕوونی بکاتەوە، منیش لەو حاڵەتە بە هەموو سەرۆکی فراکسیۆنەکان مەجال دەدەم، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عزیز بهاوالدین صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من نوقتەی نیزامیم هەیە، بۆ ئەم خاڵەیان من بەڕاستی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ وا نابینم هیچ تەحدیدێك جائیز بێت بۆ پەرلەمانتاران کە قسە بکەن، ئەو ڕێککەوتنەش کە کراوە بەڕێزتان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان، من وەکو سەرۆك فراکسیۆن ئاگام لە شتێکی ئاوا نیە، ئەگەر بش بێت بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەبینم، لەبەرئەوە ئێمە پێمان ئەگەر مەجال نەدرێت بە پەرلەمانتاران لەسەر کابینە و لەسەر کارنامەی حکومەت خاڵ بە خاڵ قسە بکرێت، بەڕاستی ئەمە پێشێل کردنێکی زەقی پەیڕەوی ناوخۆیە و ئێمە ناچار دەبین کە موقاتەعەی کۆبوونەوەکان بکەین و لەگەڵ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەرنامەی ئەمڕۆمان کارنامە نیە و مەسەلە کارنامـە نیـە، ئـەمڕۆ نـە موناقەشـە دەکـەین و نـە ڕەئـی دەدەین، جەلسەی تری بۆ دەکەین کە بە فەرمی و ڕەسمی هاتە پەرلەمانی کوردسـتان دەیخەینـە بەرنامـەی کارەوەو پێش وەخت پێتان دەدەین لەسەری گفتوگۆ بکەن، بەڵام ئەم دانیشـتنە بـۆ متمانـە پێـدان زۆر بـە تەبیعی و زۆر بە ئیسوڵیە و موخـالفی یاسـا نیـە، وە لـە سـەرۆکایەتی بڕیـاری لەسـەر دراوە، کـاك اسماعیـل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت لەسەرەتادا نەدەبوو ڕێگات بە ئەوە بدابایە ئەو گفتوگۆیە بکرێت، چونکە بە پێی مـاددەی 75 لـە پەیڕەوی ناوخۆ دا دەڵێت دەنگدان بە ئاشکراو بە دەست بەرز کردنەوە دەبێت، هیچ گفتوگۆیەکی تێدا نیە، حەقی سەرۆکایەتی نیە بە هیچ شێوەیەك مەجالی ئەو گفتوگۆیە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش مەخالەفەی وانیە، ئیحترامم بۆ ڕەئی جـەنابت، ئەنـدامی پەرلـەمان حـەقی هەیـە نوقتـەی نیزامـی بگرێت، ئەندامی پەرلەمان فراکسیۆنەکەی حەقی هەیە ڕوونکردنەوەیەك بدات، ڕوونکردنـەوەی تـەرەفێکی سیاسیە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەکەین کە گفتوگۆکان ئازاد بێت، ڕێ بە ئەندامانی پەرلەمان بدەن، ئەمڕۆ ئازادانـە بـیرو ڕاکـانی خۆیان بخەنە ڕوو ئەگەر ناچار دەبین ئێمە کۆبوونەوەکە جێ بێڵین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیحترامم بـۆ جەنابیشـت هەیـە، نـاڵێم بـە جێـی بهێڵـە، بـەڵام ئـسوڵی نیزامـی و یاسـایی دانیشـتنەکان بـەو شکڵەیە، دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی بڕوات، ئاخر کەس و نوقتەی نیزامی بێت، فەرموو کاك شاهۆ.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لای خۆمانەوە بڕیاری پێش وەختمان نەداوە، کە ئایا متمانە ببەخشین یان نەیبەخشین، ڕەنگـە ئێمـە هەندێك پرسیار بە جۆرێك لە جۆرەکان تەقیمی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە ڕاسـپێردراون بـۆ ئـەو پۆسـتانە، ئەگەر بە شێوازێکی یاسایی وە موقنع کـەر بتـوانن بـەرگری لـە خۆیـان بکـەن، ڕەنگـە ئێمـە متمانـەیان پـێ ببەخشین، وە عەکسەکەشـی ڕاسـتە، ئەگـەر ئێمـە هەنـدێ پرسـیار بکـەین، هەنـدێ تـەقیمی ئـەو بەڕێزانـە بکەین، ئەگەر نەتوانن بەرگری لە خۆیـان بکـەن، ڕەنگـە ئەوانـەی کـە بڕیاریشـیان داوە دەنگیـان پـێ بـدەن دەنگیان نادەنێ، واتە ئەمە پرۆسەیەکی دیمەکراتیە، پرۆسـەیەکی مەنتقیـە لەسـەر ئەساسـی قەناعـەت پـێ هێنانە، نەك لەسەر ئەساسـی جـەبری، مـن داوا لـە بـەڕێزت دەکـەم ئایـا ڕێگـەمان پـێ دەدەیـت، بـە هـەموو

ئەندام پەرلەمانێ بە ئازادی خۆی تەقیمی وەزیر و ئەو بەڕێزانە بکات کە ڕاسپێردراون بۆ ئەو پۆستانە یان نا، حەز دەکەم زۆر بە وازحی رای جەنابت و هەڵوێستتان بزانین، بۆ ئەوەی ئێمەش هەڵوێستی خۆمان لەو بارەیەوە ڕابگەیەنین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێمە لە ئسوڵی دانیشتن دەرناچین و موخالەفەی یاسا ناکەین، بۆ متمانە دان بەو ئسوڵەیە کە پێشکەشی جەنابتمان کرد لەوە زیاتر دەرنەچووین، سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان ڕوون و ئاشکرایە شێوازی پرسیار کردن چۆنە؟ دەبێت بە نووسراو بێت، لە دوای ئەوەدا ئەو کەسەی ئاراستەی حکومەت دەکرێت و حکومەت بە فەرمی جواب دەداتەوە پاش 15 ڕۆژ، لەبەرئەوە زۆر نانیزامی بوو ئەو نوقتە نیزامیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی بەڕێزت دەکەم مەسەلن حەق دەدەی، بەڵام ئەگەر جار جارێك سەیری ئەو لایەش بکەی باشە، من دەڵێم ئەو پەرلەمانە لە خولێکی نوێدایە بەڕاستی جاری پێشووش من گوتم مەفروزە 48 سەعات پێشتر بەرنامە بگات، من حەز ناکەم وەزیرێك ببێتە وەزیر بە بێ ئەوەی متمانەی منی پێ نەبێت، ئەگەر لایەقی بێت، من پێم وایە ئەم جەلسەیە پێویستە تەئخیر بکرێت، ئەمە تەنها بۆ خوێندنەوەی کارنامە وناساندنی وەزیرەکان بێت، من لەوانەیە دەنگ نەدەم بە کابینەی حکومەت لەبەرئەوەی نایناسم، بەڵام کەسێکی تر لەوانەیە دەنگی پێ بدات لەبەرئەوەیە کە دەیناسێت، بۆیە من پێم وایە ئەگەر بکرێت ئەم جەلەسەیە تەنها بۆ ناساندنی وەزیرەکان و خوێندنەوەی کارنامەیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت تەعەدا لە حقوقی ئەندامێکی تری پەرلەمان مەکە، خوشکی من یەکێك ناناسی متمانەت پێ نیە، دەنگی پێ مەدە، یەکێکی تر دەیناسێ ئازادە لەبیرو ڕای دەتوانێت دەنگی پێ بدات، ئێمە پێمان زەرورە بۆ کوردستان کابینەی شەشی ئەنجومەنی وەزیران دەست بەکاربێت، چونکە کابینەی پێشتر ماوەیەکە لە تەسریفی ئەعمالە، ناتوانێ بڕیار بدات، میزانیەمان لە پێشە، ناتوانن هەڵی سەنگێنن، ناتوانن ئامادەی بکەن و بۆمان بنێرن، ئەم بەڕێزانەش هێشتا سوێندی یاساییان نەخواردووە، متمانەیان پێ نەدراوە، ناتوانن میزانیە بکەن، لەلایەکی ترەوە میزانیە تەواو بێت حەشر دەکەن لەسەرمان، تەواو موناقەشە، دێینە سەر کارەکانمان، ئێستا داوا لە ڕێزدار د.بەرهەم احمد صالح و ڕێزدار محمد نجیب

بەرواری بۆ سەر سەکۆی دانیشتن کە سەرۆکی پێشنیار کراو بۆ پێکهێنانی کابینەی شەش کاك د.بەرهەم دەکەین بۆ ئەوەی ناوەکان بخاتە ڕوو، ئێستا دەست بە مەراسیمی متمانە پێدان بە بەڕێز (د.بەرهەم احمد صالح بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و بەڕێز ئازاد محمد نجیب بەرواری بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، یەکەم: بۆ بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح، ئێوەی بەڕێز پەرلەمانتارانی کوردستان ئازادن کێ متمانەی پێ دەدات، تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 9 کەس لەگەڵ نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح دەکەین کە بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس، ئێستا بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێزدار کاك ئازاد محمد نجیب بەرواری، بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کێ لەگەڵە متمانەی پێ دەدات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 7 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ کاك ئازاد محمد نجیب بەرواری بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕێزدار کاك د.بەرهەم صالح کە ئێوەی بەڕێز متمانەتان پێیدا ناوی ئەو ڕێزدارانەی پێشنیار کراون کە ببنە وەزیر لە کابینەی شەشەمی هەرێمی کوردستان، داوا لە ڕێزدار کاك د.بەرهەم دەکەین کە یەك، یەك ناوەکانیان بخاتەڕوو بۆ ئەوەی پاشان داوای دەنگدانیان بۆ بکەین، زۆر سوپاس، نوقتەیەکی نیزامی هەیە کاك عمر عبدالعزیز کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرمووت ڕێگا دەدرێت بە سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسە بکەن!

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوات نەکرد، ئێستا دەتوانی داوا بکەی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمنتارانی بەڕێز، وەکو بەڕێزتان دەزانن ئێمە بە ئەزمونێکی تازە تێ پەڕ دەبین، حاڵەتێکی سیاسی تازە لە کوردستان وە هەنگاونانێکی جدی هەیە بەرەو ئەوەی کە هەموومان باسی ئەوە دەکەین کە مومارەسەی دیموکراسی بکەین، بەڵام زۆر بەداخەوە لەسەرەتای دەست نیشان کردنی کابینەی حکومەتی هەرێم کە شەخسی بەڕێز د.بەرهەم و هاوکارانی بەڕێزی باس لەوە دەکەن کە بەرەو گۆڕانکاری هەنگاوی جدی بنێن، تازە یەك لە کارەکان نابینین بە تایبەتی لە دەستپێکی کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆ کە تەحدیدی قسە کردن و وتوێژی پەرلەمانتاران کرا کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ مافی هەموو پەرلەمانتارێکە کە قسە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە حەقیقەت نوقتەکەت! باشە قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمانەوێ خزمەتێکی تازە بە حاڵەتی سیاسی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەو خزمەتەیە ئەوەیەکە موعارەزە دەورێکی جدی بدرێتێ، وا دەزانم شەنسێکی باشیان هەیە کە موعارەزەیەك لە کوردستان هەیە و لە ناو پەرلەمانە، چونکە بەڕاستی دەورێکی تەواوکاری دەبینێ و وانازانم دەوری روخێنەر ببینێ، وڵاتە زۆر پێشکەوتوەکان بەوە پێش دەکەون کە موعارەزەیەك لە پەرلەمانیان دا هەبێت، بە چاك بڵێ چاك، بە خراپ بڵێ خراپ، چاودێری حاڵەتی ئە داء و ئیجرائات و هەنگاوەکانی ئەو حکومەتە بکات، ئەم حکومەتە بەداخەوە درێژە پێدانی ڕێکەوتنی نێوان برادەرانی یەکێتی و پارتیە، بە ئیسرار لەسەر ئەوەی کە بکرێتە بنکە فراوان لەگەڵ هەندێ حیزب و لایەنی تر قسە کراوە، ئێمە جەدیدێکی تیا نابینین، وادەزانم بەرنامەی حکومەت کە ئەمڕۆ پێشکەش کراوە زۆر بەلاوازی پێشکەش کراوەو بەعزێ ئینشا، شتێکی وای تیا نیە، کە بە داخەوە نە کات و نە پلان و نە هەنگاوی عەمەلی بۆ دانەنراوە، ئێمە هیچ مۆڵەتێکمان نەدراوەتێ کە کابینەی بەڕێزی حکومەتی هەرێم بناسین، بەڕاستی دەبووایە سیڤی ئەم بەڕێزانە پێشتر ئامادە بکرابایە، دەبووایە پێش هەفتەیەك بەرنامەی حکومەت بخرایەتە بەردەست....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەمکە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

بەڕێز لە بەرنامە دەرچووی، چونکە ئەوە ڕوون کردنەوە بوو ئێستا ئەو باسی ئەوە دەکات، باسی بەرنامەی کابینەی حکومەت دەکات، بەرنامەی کابینەی حکومەت........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە من جوابی دەدەمەوە، رجائەن نیزامی نەبوو نوقتەکەت، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ من نازانم کە سەرۆکایەتی بەڕێز هەموو جارێك بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان حەقە وەڵامی پەرلەمانتاران بدەنەوە، نەك هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز، من بۆیە ویستم نیزامی قسە بکەم، چونکە بە فعلی موداخەلەکەی خۆمم بە نوقتەی نیزامی نەدەزانی و جەنابت مۆڵەتت نەدام، زیاد لە پەرلەمانتارێك قسەی کرد کە نوقتەی  نیزامی نەبوو، ڕەنگی نوقتەی نیزامی پێدرا، داوای لێ بوردن دەکەم، ئێمە ئاوا بڕۆین بەڕێز کاك دکتۆر و سەرۆکایەتی بەڕێز و وەزیرانی بەڕێز وا نازانم حاڵەتێکی ئیجابی بێت، دەبووایە ئەمڕۆ وێنایەکی جوانی بدرایەتە میدیاکان، ئەمڕۆ مۆڵەت بدرایە بۆ باسی کەرکووك، ئێمە چەند

سەعات لەسەر یەك قسەمان كرد، ئەمڕۆ ئەوەی ئەهێنا كە هەموو پەرلەمانتاران قسە بكەن، بە دڵنیاییەوە نەدەگەیشتە حدودی 20ـ 30 پەرلەمانتار، بەڵام بەداخەوە من لە خیلالی پێنج دەقیقە ناتوانم هەموو ئەو قسانەی كە پێوستە عەرزیان بكەم، ئەوەندە دەڵێم كە. ............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەقتی زیادت دەدەمێ و حەوت دەقیقە و دە دەقیقەش قسە بكە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە هەشتەمین و نۆهەمین كۆبوونەوەیە هەموو جارێك پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشێل دەكرێت، هیچ كاتێك وەڵامێكی رەسمیمان نەدرایەوە، كە ئەمە لەبەر فلان هۆ و فلان هۆیە كە مەقبول و مەعقول بێت لەلای ئێمە، هەشتەمین و دەهەمین كۆبوونەوەیە كە جەدوەل عەمەل پێش دوو ڕۆژ نەدراوە و ڕاستەوخۆ لەناو پەیڕەوی ناوخۆ نووسراوە كە ڕاستەوخۆ بدرێت بە پەرلەمانتاران، جەنابت دەفەرمووی لێرە ئیعلانمان كردووە، خەڵكێك هەبووە غائیب بووە و خەڵكێك هەبووە لەسەفەر بووە، لە هیچ شوێنێكی پەیڕەوی ناوخۆش نیە ئەوە بە تەبلیغ وەرگیرێ، قسەكەمان لەسەر ئەوەیە كە ئێمە ئەگەر بەو حاڵەتەدا بڕۆین هەر لە سەرەتاوە دەنگی موعارەزە كپ بكرێت، تەحدید بۆ ئەو حاڵەتەی كە داهێنراوە لەلایەن جەنابتانەوە كە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان ڕێك دەكەون گوایە تەنها سەرۆك فراكسیۆن بۆی هەبێت قسە بكات، بەڕاستی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، من لێرەوە ڕای دەگەیەنم و هیوادارن بە پەیڕەوی ناوخۆ وەڵامم بدەنەوە، نەك بەڕاوبۆچوونی خۆتان، چونكە لەناو پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە كراوە بەوەی كە پەرلەمانتاران مافی خۆیانە قسە بكەن، لەوانەیە هەر ئەندامێك لە ئێمە لە گۆشە نیگایەكی خۆیەوە بیەوێت خەلەلەكان دەست نیشان بكات، بیەوێ پێشنیاری بەهێز بخاتەڕوو، لەوانەیە من نەتوانم تەعبیر لە هەموو ئەو ڕاوبۆچوونانە بكەم كە لە مێشكی پەرلەمانتاران یان لیستی خۆمان هەیە، قەوارەی خۆمانە، یان حیزبی خۆماندا هەیە، ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین لەو كۆبوونەوەیە هیواخوازین لەمەولاو لەم كۆبوونەوە بەدواوە ڕێڕەو و شێوازی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بەم شێوەیە نەبێت، بەڵكو با پەرلەمانتاران قسەی خۆیان بكەن، ئێمە ئەمڕۆ داوا دەكەین كەچەند پەرلەمانتارێك وتوێژ بكەن لەسەر كابینەی نوێی بەڕێزی حكومەتی هەرێم، وە ئەگەر نا ناچار دەبن ئەو برادەرانە موقاتەعەی كۆبوونەوەكە بكەن، چونكە قسەیان هەیە لەگەڵ سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەوەڵەن لەسەر بەرنامە لێرە موناقەشە ناكرێت، بە نیسبەت بەرنامەی ئەو جەلسەیەمان، ئێمە ڕۆژی چوار شەممە لەم مینبەرەوە ئیعلانمان كردو براو خوشكەكانی حازری ئێستا و

ئەوانەی چوونە دەرەوەش هەموو لێرە بوون و دڵنیاشم جەنابیشت دەتزانی کە ئەمڕۆ ئەو جەلسەیە بۆ دەنگد پێدانە، بە ئسوڵی یاسایی و عورفی کوردستان و دەرەوەش لەم جەلسەیە بەم شێوەیەیە، چونکە ئەمە مەشروع نیە موناقەشە بکرێت و بیکەینە قانون، ئەمە دەنگدانە لەسەر ئەو بەڕێزانە جەنابت یان خوشکێك یان برایەك لەگشت لیستەکان پێی ڕازی نین، دەنگی بۆ مەدەن کەس بە زۆر ناڵێت فەرموو دەنگی بۆ بدە، بەڵام لە عەینی کات حەقی خۆتە کە ئەو ڕوونکردنەوەیەت کرد، ئێمە دانیشتنەکەمان وەکو لە بەرنامەی کار بەردەوام دەبین، پێشمان خۆشە جەنابت و ئەوانەی چوونە دەرەوەش ئامادە بن، چونکە ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، شتێکی پیرۆزە و هی پارتێك نیە، هی گشت میللەتی کوردستانە، حەقە زۆر بە پیرۆزی و بە جوانیەوە ڕێزی لێ بگرین و نەقدێك، موشکیلەیەك و ناخۆشیەك و دلگارنیەك کە هەیە دەتوانین وەکو یەك تیم لە داهاتوو موناقەشەی بکەین و هەڵەکانمان چاك بکەین، بۆ ئەوەی بەرنامەکانیشمان زیاتر بەو شێوەیە بێت کە جەنابت فەرمووت انشاللە وابێت، زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز د.بەرهەم دەکەین ناوی ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیار کراون بۆ ئەوەی ببنە وەزیر لە کابینەی شەشەم ناوەکان بخەنە ڕوو لە پێش ئەندامانی پەرلەمان بۆ وەرگرتنی دەنگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم شەرەفەی کە بە من و کاك ئازادتان سپارد سەبارەت بە سەرۆکایەتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی شەشەم، ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بوارم پێ بدات بە کورتی دەمەوێت باسێك لە پێکهاتەی حکومەت بکەم، چونکە لە جەلسەی ڕابردوو دا لە سیاقی هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دا کۆمەڵێك پرسیار کرابوو لەلایەن ئەندامانی بەڕێزەوە من حەزدەکەم لەم دەرفەتەدا هەندێ باسی مەسەلە سەرەکیەکانی پێکهاتەی حکومەتی هەرێم یان کابینەی شەشەمتان بۆ بکەم، ئەم کابینەیە بە 19 وەزارەت پێك دێت، وەکو ئەوەی دەست نیشان کرابوو، وەزارەتی مافی مرۆڤ و ژینگە، وەزیری هەرێم بۆ ژن، نەماوە لە ناو کابینە، بەڵام دەمەوێت دڵنیاتان بکەم دەزگای مافی مرۆڤ وەکو هەیئەتێکی سەربەخۆ بە پلەی وەزیر دادەمەزرێ و ئەوە وەك دەزگایەکی گرنگە بۆ چاودێری کردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەماندا و پەرەپێدانی بەهاکانی مرۆڤ، هەروەها مەسەلەی ژینگە، سەبارەت بە مەسەلەی پرسی ژن و ئافرەت کە پرسێکی هەرە هەستیاری کۆمەڵگاکەمانە، بە دڵنیایەوە پێتان دەڵێم ئێمە وەکو ئەنجومەنێکی باڵای پرسی ژن و پرسی کێشەکانی جەندەر لە وڵاتەکاماندا دادەمەزرێنین، هیوادارم بایەخی کابینەی شەشەم بەو بوارە بسەلمێنێ بۆ هەموو لایەك، دەمەوێت ئەوەش بڵێم لە مانگی ڕابردوو دا لە دوای تەکلیفی ڕەسمی لەلایەن جەنابی سەرۆکی

هەرێمەوە لەگەڵ کاك ئازاد دا بە شێوەیەکی مەنهەجی لەگەڵ هەموو کوتلەکاندا قسەمان کردووە، لەگەڵ هەموو لیستەکانی پەرلەماندا بە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە ڕاوبۆچوونیانمان وەرگرتووە، سوپاسی ئەو لیستانە دەکەین بۆ ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە، ئەم کابینەیە ئەم لایەنانەی خوارەوەی تێدا بەشداری پێ کراوە هەر بۆ بەبیرهێنانەوە، بێجگە لە لیستی کوردستانی هەڵبەتە نوێنەری برا تورکمانەکانمان و برا مەسیحیەکانمان، نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، نوێنەری حیزبی شیوعی کوردستان، برایانی حیزبی سۆسیالیست هاوکارمانن و لەگەڵمان لەم کابینەیە، بەڵام ڕێك نەکەوتووین لەسەر پێشنیازەکەیان بۆ کابینە، من هیوادارم زۆر نەبا کە بتوانن کاندیدکراوێکی گونجاومان بۆ بنێرن و بیهێنینەوە بەردەمی ئێوەی بەڕێز، برایانی حیزبی زەحمەتکێشان هاوکارن لەگەڵمانا لەبواری دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێم دا بەشدار دەبن، ئێمە بە کراوەیی لەگەڵ برایانی کۆمەڵدا قسەمان کرد، هەتا دوێنێش لەگەڵ وەفدێکی کۆمەڵ لەو برایانە هەندێ گەرچی دەنگیشیان نەدا بە ئێمە ئەمڕۆماڵیان ئاوا بێ، بەڵام بۆچوونمان وایە کە لە قسە و پەیوەندیەکانمان دا بەردەوام بین، گرنگ کارنامەی حکومەتە، گرنگ بەرنامەی حکومەتە، ئەو کارنامەیەی کە دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان تەنها ڕەشنووسێکە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی هەستیار و گرنگە، لامان باش بوو، لەگەڵ کاك ئازاد دا کە ئێوە ببینن، وەختان هەبێت لەسەری قسە بکەن، لە فرسەتێکیش دا لەگەڵ هەڤاڵەکانمان لە ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر هاتوو متمانەتان پێدان بێین باسی لێ بکەین و بڕیاری پەرلەمانی بۆ وەربگرین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من سەربەرزم بەم هەڤاڵانەی کە لەگەڵماندا کۆبوونەتەوە لەم کابینەیە هەوڵمان داوە، کۆمەڵێ خەڵکی بە توانا و کۆمەڵێ خەڵکی لێهاتوو، کۆمەڵێ خەڵکی خاوەن ڕابردوویەکی ئەوتۆ کە جێگەی متمانەی کۆمەڵانی خەڵك بن، من داوا دەکەم یەك بەیەکی ئەو هەڤاڵانە و ئەو برایانە و خوشکانە بخەینە بەردەمی پەرلەمان وهیوادارم پەرلەمانی بەڕێزیش دەنگ و متمانەیان پێ بدەن، یەکەم، رؤوف رشید عبدالرحمن بۆ وەزارەتی داد........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت هەموو ناوەکان بخوێنە پاشان یەکە یەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك د.بەرهەم فەرموو، بەڵام جارێ نوقتەی نیزامی هەیە کەرەمکە بەیان خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەم حکومەتە حکومەتی کوردیە و بە حکومەتی خۆمی دەزانم...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوەن حکومەتی کوردستانە، حکومەتی کوردی نیە.

**بەڕێزناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئـەوەی پـێم خـۆش نیـە متمانـەی پـێ نـەدەم و دەسـت بەرزنەکەمـەوە لەبەرئـەوەی ناینـاسـم، دیسـان جارێکی تر دەیڵێمەوە مانایەك بۆ دانیشتنی من نامێنێت لێرە، لەبەرئـەوەی سـیفی ئـەو بەڕێزانـە درەنـگ گەیشتووەتە دەستی من، زائیدەن من تێ ناگەم ئەگەر مـن لەبەرنامـەی کابینـەی وەزارەتـەکان و کابینـەی حکومەتی نوێ نەزانم، چۆن متمانەی پێ ببەخشم لەبەرئـەوە مـن پـێم وایـە وەکـو خـۆم و شەخسـی خـۆم مانایێ بۆ دانیشتنم نامێنێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك د.بەرهەم بەردەوام بە.**

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1. بەڕێز رؤوف رشید عبدالرحمن/ بۆ وەزیری داد.
2. بەڕێز جعفر مصطفی علی/ بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
3. بەڕێز عبدالکریم سلطان عبدالله / بۆ وەزیری ناوخۆ.
4. بەڕێز باییز سعید محمد / بۆ وەزیری دارایی و ئابووری.
5. بەڕێز د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله / بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان.
6. بەڕێز د.طاهر عبدالله حسین / بۆ وەزیری تەندروستی.
7. بەڕێز سفین محسن حمدامین / بۆ وەزیری پەروەدە.
8. بەڕێز کامەران احمد عبدالله / بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.
9. بەڕێز سمیر عبدالله مصطفی / بۆ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.
10. بەڕێز د.دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین/ بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
11. بەڕێز د.علی عثمان حاجی بدری / بۆ وەزیری پلاندانان.
12. بەڕێز ئاسۆس نجیب عبدالله / بۆ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
13. بەڕێز کاوە محمود شاکر / بۆ وەزیری رۆشنبیری و لاوان.
14. بەڕێز د. مجید محمد امین جمیل/ بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان.
15. بەڕێز جمیل سلێمان حیدر سلێمان / بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
16. بەڕێز سینان عبدالخالق احمد چلبی / بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.
17. بەڕێز انور سابۆ جبلی / بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.
18. بەڕێز کامل علی عزیز / بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان، تـا ئێسـتا لەسـەر کانـدیـدێك بـۆ وەزارەتـی کارەبـا سـاغ نەبـووینـەتـەوە، بـە وەکالـەت لـە ئەنجومـەنی وەزیـران وەزیرێـك تـەکلیف دەکـەین بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـەم وەزارەتـە، تـاوەکو

وەزیرێکی گونجاو دەست نیشان بکەین، بێتەوە بەردەمی پەرلەمان و هیوادارم ئەو کات جێگەی ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.بەرهەم، ئێستاش بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناویانی خوێندەوە پێشنیاری کردن بۆ ئەوەی ببن بە وەزیر لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەك یەکەیان دەخەمە پێش ئێوەی بەڕێز بۆ وەرگرتنی متمانەدان پێیان.

1. بەڕێز رؤوف رشید عبدالرحمن/ بۆ وەزیری داد.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك رؤوف.

2. بەڕێز جعفر مصطفى على/ بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك جعفر.

3. بەڕێز عبدالكريم سلطان عبدالله (ناسراو بە کریم سنجاری) / بۆ وەزیری ناوخۆ.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 5 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك کریم.

4. بەڕێز بایز سعید محمد / بۆ وەزیری دارایی و ئابووری.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك بایز.

5. بەڕێز د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ناسراو بە د.ئاشتی هەورامی)/ بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك ئاشتی.

6. بەڕێز د.طاهر عبدالله حسين / بۆ وەزیری تەندروستی.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك د.طاهر.

7. بەڕێز سەفین محسن حمدامين (ناسراو بە سەفین دزەیی) / بۆ وەزیری پەروەدە.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك سەفین.

8. بەڕێز کامەران احمد عبدالله / بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك کامەران.

9. بەڕێز سمیر عبداللە مصطفى / بۆ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك سمیر.
10. بەڕێز د.دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك د.دلاوەر.
11. بەڕێز د.علی عثمان حاجی بدری / بۆ وەزیری پلاندانان.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك د.علی.
12. بەڕێز ئاسۆس نجیب عبداللە / بۆ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت ئاسۆس خان.
13. بەڕێز کاوە محمود شاکر / بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك کاوە.
14. بەڕێز د. مجید محمد امین جمیل/ بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك د.مجید.
15. بەڕێز جمیل سلێمان حیدر سلێمان / بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك جمیل.
16. بەڕێز سینان عبدالخالق احمد چەلەبی / بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك سینان.
17. بەڕێز انور سابۆ جبلی / بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك انور.
18. بەڕێز کامل علی عزیز / بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت کاك کامل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پیرۆزە لە هەمووتان، ئێستا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، قسەیەکی کورتی پیرۆزبایی هەیە و پاشان سەعات 12,30 دەچینە کۆبوونەوەکەی تر، کەرەمکە کاك د.بەرهەم.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم متمانەیە، سوپاس بۆ ئەوانەی کە دەنگیان پێداین، بەڕێزیشەوە ئەو کەسانەی کە دەنگیان پێ نەداین، هیوادارین بە کارمان و بە کردەوەمان بتوانین متمانەیان ڕابکێشین و ببینن بە کردەوە ئەم حکومەتە حکومەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بەبێ جیاوازی، ئەو ئەرکەی لە پێشمانە ئەرکێکی قورسە، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم ئێمە لە سفرەوە دەست پێ ناکەین، لەئەزمونێکی کەڵەکە بووی حەکمڕانی خۆبەخۆی خەڵکی کوردستانەوە کار دەکەین، لێرەوە دەمەوێت دەست خۆشی لە هەڤاڵانی پێش خۆمان بە تایبەتی برای خۆشەویستم کاك نێچیرڤان بارزانی بکەم کە لە کاتێکی زۆر هەستیار داو لە قۆناغێکی زۆر زەحمەتدا ئەرکی سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستانی گرتە ئەستۆ و کە یەکخستنەوەی حکومەتی کوردستانی گرتەبەر، سوپاس بۆ کاك نێچیر و سوپاس بۆ هاوەڵەکانی لە حکومەتی هەرێم، هیوادارم ئێمە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی کە متمانەتان پێدان بتوانین برەو بە ڕەوتی کارو خزمەتگوزاریەکانیان بدەین و دەسکەوتەکانیان بپارێزین و پەرەی پێ بدەین، ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە هەشن بە هیمەتی ئێوە و بە پشتیوانی ئێوە بتوانین چارەسەریان بکەین، من لەگەڵ هەڤاڵانی هاوڕێم لە ئەنجومەنی وەزیران دوێنێ شەو دانیشتبووین گوتم ئەو ڕۆژە موهیم نیە کە دەست بەکار دەبین، ئەو ڕۆژە گرنگە کە کار بەجێ دێڵین، هیوادارین ئەو ڕۆژەی کە کار بەجێ دەهێڵین ئێوە لێمان ڕازی بن، خەڵك لێمان ڕازی بێت، ویژدانی خۆمان ئاسوودە بێ و خزمەتمان بە خەڵك گەیاندبێ و لە کارەکانمان دا سەرکەوتوو ببین، دووبارە زۆر زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە ڕۆژێکی مێژووییە بۆ هەریەکێك لە ئێمە هیوادارم جێگەی متمانەی ئێوەی بەڕێز بین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دووبارە لە هەمووتان پیرۆز بێت، سەعات 12,30 لە هۆڵی خوارەوە بۆ کۆبوونەوەی دوایی و سوێند خواردن و وتاری ڕێزداران کە بەشدار دەبن، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کارمان دانیشتنی دووەم.

1- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2- سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێندخواردنی یاسایی و پاشانیش جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

3- سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات کە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێندخواردنی یاسایی پێشکەش بکات.

4- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی(6) ڕێزدار(د.بەرهەم صالح)دەکات بۆ پێشکەشکردنی وتاری بەڕێزیان.

5- وتاری بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بە بۆنەی پێکهێنانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان – کابینەی شەشەم)، کە بەداخەوە نەیتوانی ئامادە ببێت.

6- وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – کابینەی شەشەم.

7- کۆتایی هێنانی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.

پێشەکی زۆر زۆر بەخێرهاتنی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین و بە دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و هەموو ئازادی خوازێك، فەرموون، زۆر سوپاس. بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مەسعود بارزانی زۆر بەخێرهاتن، بەڕێز جەنابی کاك کۆسرەت، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم کاك نێچیرڤان بارزانی، بەڕێز خاتوو هێرۆ ابراهیم خانمی یەکەمی عێراق زۆر زۆر بەخێرهاتن، بەڕێز کاك عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان خولی دووەم زۆر بەخێرهاتی، بەڕێزان سەرۆك و سکرتێرو نوێنەری حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقیەکان، یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێزیش بەخێرهاتن، بەڕێزان باڵیۆزو دبلۆمات ونوێنەرانی باڵیۆزخانە و قونسوڵخانەکان لەعێراق و لە هەرێمی کوردستان هەموو لایەکتان بەخێرهاتن، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت کابینەی پێنجەم کاك عماد احمد زۆر بەخێرهاتی، میوانانی بەڕێز ئەزموونی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر ئەبێت و بەرەو پێشتر ئەچێت، ئەمەش لەئەنجامی خەباتی پێکەوە گرێدراوی جەماوەری گەلی کوردستان و سەرکردایەتیە سیاسیەکەیەتی بەهەموو تێکۆشانیەوە، بەرهەمی خەباتی برا پێشمەرگەکانمان و خوێن و عارەقەی شەهیدە سەربەرزەکانمانە، بەرهەمی خەباتی نەتەوەکەمان و گەلی کوردستان کە چەند لەدوای چووین و ئەم خەباتەیان داوە، ئەمرۆ ئێمە لێرەدا یەکتری ئەبینین، بەرهەمی خەباتی ئەو سەربەرزانەیەو ئەرکێکی مێژووییە لەسەر شانمان کە ئەو ئەمانەتە بەپاکی و دڵسۆزی بەرەو پێش بەرین، بەڕێزان ئەمرۆ کابینەی شەشەم کەلێرە پێکهات، ناکرێت ئاوڕێك لە کابینەی پێنجەم

نەدەینەوە، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەیەکی زۆر کاراو چالاك بوو، ئەرکەکانی زۆر زۆر قورس بوو، بەحەقیقەت لە مێژوودا تۆماریان کرد، بەتایبەتی بەسەرۆکایەتی سەرۆکە سەربەرزەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی و هەردوو جێگرەکەی، کەتوانیان کوردستان بۆ دانیشتوانی و بۆ خەڵکەکەی، لەدوو هەرێمی و چەند بەرەکی ڕزگار بکەن، حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی حزب و دوو هەرێمی بوو، یەکخرایەوە بۆ حکومەتی گەل، حکومەتی ڕۆڵەکانی کوردستان، دوو میزانییە و چەند وەزارەتی لێکدرایەوە، شاراوە نیە لەئێوەی بەڕێز، هەمووومان ئەوانەی لێرەین ئەوانی لەلایەنەکانی تری سیاسی، لە دوو بلۆکی جیا جێگامان گرتبوو، یاساکان جیابوون، بڕیارەکان جیابوون، میزانیە جیابوو، میزانیەی هەولێرو سلێمانی هەبوو، هەولێر ودهۆك هەبوو، میزانیەی گەرمیان و سلێمانی هەبوو، ئەمانە ئەرکێکی زۆر قورس بوون و هەر بەوتن ئاسانە، بەڵام ئەو ڕێزدارانە لەو کابینەیە، وەکو تیم کاریان کردو ئیمانیان بەئیشەکەو بەخۆیان هەبوو، بەپاکی و دڵسۆزی کاریان ئەنجامدا، بۆیە توانیان هەرێمەکە بهێننە ئەم حاڵەتە کە ئەمڕۆ ئێمە هەموومان تێیدا سەربەرزین و ڕێگایەکی باشیان بۆ کابینەی شەشەم خۆش کردووە، کە بتوانن لەسەری بەردەوام بن و باشتر ئاواتەکانی گەلەکەمان بەدی بهێنن، ڕاستە ناتوانین بڵێین هەموو شتەکان ئیدیاڵ بوو، بێ کەموکورتی نەبوو، لەهەموو شوێن وکاتێك کەمووکورتی ئەبێت، بەڵام ئیجابیاتەکانی ئەوەندە زۆرە زۆر مرۆڤ زۆر پێی سەربەرزە، پەیوەندی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم زۆر زۆر تەبا بوون، زۆر بەشەفافی و بەدڵسۆزی کارەکان دیراسە ئەکران، ئەوانەی کەتەواو نەبوون هەوڵی چاککردنی ئەدراو هەوڵ دەدرا لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت، نەك لەبەرژەوەندی ئەم لایەن یان ئەو لایەنی تر بێت، بەڵکو ئەو سەقامگیرییە ئەمڕۆ هەیە هەموومان پێی سەربەرزین، ئەمڕۆ سەقامگیری ناو هەرێمی کوردستان موقارەنە ناکرێت، لەگەڵ هیچ شوێنێکی تری عێراق لە باشیدا، بۆیە ئەو کابینەیە ئەو کارە پیرۆزانەیان کردووە، دەستخۆشی لەیەکە یەکەی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، و وەزیرەکانی هەرێمیش، هەردوو جێگرە بەڕێزەکە و سەرۆکی کابینەکەش ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی و گشت ئەو خوشك و برایانەی کە کاریان لەگەڵی کردووە، ئومێدیشمان زۆر هەیە بەکابینەی تازە و پیرۆزبایی لە وەزیرە بەڕێزەکانیش دەکەین کە ئەمڕۆ متمانەی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیان وەرگرت، پیرۆزبایی لەجێگرەکەی دەکەین و پیرۆزبایی لە کاك (د. بەرهەم) دەکەین، کە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە ئیدارەدا، زۆر دەوری هەبووە، دڵنیاشین کە ئەتوانێت، لەگەڵ پەرلەمانیش ئێمە ڕەقیبی یەکترین، بەڵام تەوەقوع دەکەین و هەمووشمان نیەتمان سافە بۆ ئەوەی ئیشەکانمان زۆر بەڕێك و پێکی بەرەوپێش بڕوات، کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێت لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، بەڕێزان ئەبینین ئەمڕۆ لەناو هەرێمەکەمان بواری ئافرەت لەحاڵەتێکی زۆر خراپ، بەرەو باش و زۆر باشتر ڕۆیشت، وەپێویستە زۆر باشتریش بکرێت، گرنگی زۆر بدرێت بەمنداڵ ولاوو پیرو و گەنجی ئەم هەرێمە، ئەو وەزارەتانەی بەبڕیاری پەرلەمان لابراون بەتایبەتی وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکان دڵنیاین سەرکردایەتی کوردستان لەسەرووبەنانەوە ڕێزادر سەرۆکی هەریمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی و ئەو

بەرێزانەی کە لەگەڵی کاردەکەن لەگەڵ کابینەی تازە شێوازێکی تری گونجاو و زۆر کاراتر، زۆر ئەکتیڤتر دادەرێژن بۆ ئەوەی ماددەی 140 بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە داوا لەکابینەی شەش دەکەین کە زۆر بەپەلە هەوڵبدات ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە هەروەها داوایان لێدەکەین گرینگیەکی تەواو بە باری ئافرەتان و ژنان بدرێت و ببێتە شێوازێك بۆ ئەوەی ڕەوشی ئافرەتان باشتر بکرێت لەگەڵ گەنجان و منداڵان، هەروەها داوایان لێدەکەین لێرەوە ئەمڕۆ لەپێش ئێوەی بەرێز گرنگیەکی تەواو بەخوشك و براکانمان بدەن لە هەندەران کە سەرمایەیەکی یەکجار گەورەو بەهێزن بۆ خەڵکی کوردستان و خاوەنی ئەم هەرێمەن، خاوەنی ئەم ئەزموونەن، خەباتیان کردووە، قوربانیان داوە، لە رۆژە سەختەکاندا لەگەڵ ئێمە لەگەڵ میللەتەکەیان بوونە و پشتیوانیان لێکردووە، پێویستە شێوازێکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ڕۆڵیان کارابێت.

بۆ ئەو مادده دەستوریانەی کە لەدەستوری عێراق هەیە و بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پێویستە زۆر کاراتر کار بکەین بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت پێویستە شوێنە کێشە دارەکان کە ئەو شوێنانەیە لەخەبات بەشداربوون، قوربانیان داوە، خوێنیان رشتووە، ئەمڕۆ لەبەرهەمی ئەو حکومەتەی کە پێی ئەڵێن حکومەتی تازە، حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی دیموکراتی بێبەشن ، ئێمە زیاتر پێداگیری بکەین بۆ ئەوەی چارەیان یەك لا بێتەوە لەو دڵە راوکێیە نەجاتیان ببێت، خۆیان ببنە خاوەنی بڕیار، ئێمە کە ئەڵێین ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت ، ئەگەر ناوەرۆکی ماددەکە روون بکەینەوە ئەڵێت بەخەڵکی ئەو شوێنە ماف بدە خۆی بریار بدات بۆ ئایندەی ئیدارەکەی خۆی چی بکات ، زۆر ئاسانە، بەلاَم ئەو تەعقیداتەی کە دائەنرێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر کاراتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بە زووترین کات جێبەجێ ببێت.

خاڵێکی تر کە نامەوێت سەرتان بیەشێنم زۆر هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی مەرکەزی لەبەغدا دروست بێت، حکومەتێکی مەرکەزی بە هێز، دوو بۆچوونی جیاواز بۆ ئەو حکومەتە هەیە ئێمە پێمانوایە حکومەتی عێراقی بەهێز لەگەڵ ئەوەین هەبێت، ئەوەیە فیدراڵیەکان بەهێز بێت، سەروەت و سامان دابەش بکرێت، ئیلتزام بەدەستور بکرێت، ئیلتزام بە قانون بکرێت رێز لەمافی مرۆڤ و تاك بگیرێت، بەلاَم ئەو سوڵتە مەرکەزیەی وەك ئەوەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە دروست بوو، کلیلی ئابووری لەدەست بوو، کوردیش پلەو پایەی بەرزی لەو حکومەتە هەبوو، بەلاَم بە تەدریج خۆمان لەناو گۆری بە کۆمەڵ و گازی کیمیاوی بینیەوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە سەنتراڵێکی نۆرماڵ و فیدراڵیەکانی بەهێز ، منافسە ببێت بۆ ئەوەی کێ باشتر خزمەت بکات، نەك ئەوەی کێ زۆر تر بکوژێت ، ئێمە لێرە دڵنیاین کە پەرلەمانی کوردستان و ئەو خوشك و برایانەی تێیدا ئۆپۆزسیۆنیشن کە بە خۆیان ئەڵێن ئۆپۆزسیۆن ئەوانیش بە دڵسۆزی خزمەت بەم هەرێمە دەکەن بۆئەوەی حکومەت زیاتر کارا بێت و داوا لەحکومەتیش ئەکەین کە رێزیان لێبگرن لەهەموو تەرەفێکی سیاسی ناو کوردستان کە بتوانێت خزمەتی خەڵکی

کوردستان بکات، بۆ ئەوەی نموونەی دیموکراتی موتەکامل لە هەموو جێگەیەکەوە بە سەربەرزی بتوانێت وەڵامی هەموو ناحەزێك بدەینەوە.

کۆتایی بەوتەکەم دەهێنم دووبارە هەمووتان بەخێر بێن بەسەرچاو، هەر سەربەرز و سەرکەوتوو بن و کوردستانێکی ئاوەدان و سەقامگیر و پر لە ئاشتی.

ئێستاش داوا لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك (د. بەرهەم صالح) دەکەین کە ئەمڕۆ زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت، بۆ سوێندخواردنی یاسایی لەگەڵ ڕێزدار( ئازاد بەرواری) کە ئەویش زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی وەرگرتووە، ئەمڕۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، کاك دکتۆر بەرهەم، فەرموو بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح( سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من( بەرهەم احمد صالح) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لە ڕێزدار کاك (ئازاد بەرواری) دەکەین کە بفەرمووێت بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

**بەڕێز ئازاد محمد نجیب(ئازاد بەرواری) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من( ئازاد محمد نجیب بەرواری) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لەڕێزدار سکرتێری پەرلەمان کاك فرسەت دەکەین کەوا یەکە یەکە وەزیرە بەڕێزەکان بانگ بکات بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز رووف رشید عبدالرحمن (وەزیری داد).

بەڕێز جعفر مصطفى علی( وەزیری پێشمەرگە).

بەڕێز عبدالکریم سلطان عبداللە(وەزیری ناوخۆ).

**بەڕێز رووف رشید عبدالرحمن (وەزیری داد).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(رووٴف رشید عبدالرحمن)وەزیری داد، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە، پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز جعفر مصطفى علي( وەزیری پێشمەرگە).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(جعفر مصطفى علي) وەزیری پێشمەرگە،
بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز عبدالکریم سلطان عبدالله(وەزیری ناوخۆ).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(عبدالکریم سلطان عبدالله)وەزیری ناوخۆ،
،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز بایز سعید محمد(وەزیری دارایی).

بەڕێز د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان.

بەڕێز د. طاهر عبدالله حسین (وەزیری تەندروستی).

**بەڕێز بایز سعید محمد(وەزیری دارایی).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(بایز سعید محمد)وەزیری دارایی و ئابووری ،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز د. طاهر عبدالله حسین (وەزیری تەندروستی).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(د. طاهر عبدالله حسين )وەزیری تەندروستی.

،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سفين محسن محمد(وەزیری پەروەردە).

بەڕێز کامەران احمد عبدالله(وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن).

بەڕێز سمير عبدالله مصطفى(وەزیری شارەوانیەکان و گەشتوگوزار).

**بەڕێز سەفین محسن محمد(وەزیری پەروەردە).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من( سەفین محسن محمد)وەزیری پەروەردە.

،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز کامەران احمد عبدالله(وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من (کامەران احمد عبدالله)وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سمير عبدالله مصطفى(وەزیری شارەوانیەکان و گەشتوگوزار).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(سمير عبدالله مصطفى)وەزیری شارەوانیەکان و گەشتوگوزار.

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (دلاوەر عبدالعزيز علاءالدين)وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی).

بەڕێز د. علی عثمان حاجي بدری(علی سندی)(وەزیری پلاندانان).

بەڕێز ئاسۆس نجيب عبدالله(وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی).

**بەڕێز دلاوەر عبدالعزيز علاءالدين(وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین)وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی. بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، كە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز د. علی عثمان حاجی بدری(د.علی سندی)(وەزیری پلاندانان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(د. علی عثمان حاجی بدری)(علی سندی) وەزیری پلاندانان. بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، كە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب عبدالله(وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(ئاسۆس نجیب عبدالله) وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی. بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، كە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاوە محمود شاكر(وەزیری رۆشنبیری ولاوان).

بەڕێز د. مجید حمد امین(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان).

بەڕێز جمیل سلیمان حیدر(وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو).

**بەڕێز كاوە محمود شاكر(وەزیری رۆشنبیری ولاوان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من( كاوە محمود شاكر) وەزیری رۆشنبیری ولاوان.

،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، كە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز د. مجید حمد امین(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(د. مجید حمد امین(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان). ،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، كە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەكانی گەل بكەم.

**بەڕێز جمیل سلیمان حیدر(وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(جمیل سلیمان حیدر)وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

بەڕێز سینان عبدالخالق احمد(وەزیری پیشەسازی وبازرگانی).

بەڕێز انور جبلی شابۆ(وەزیری گواستنەوەو گەیاندن).

بەڕێز کامل علی عزیز(وەزیری ئەوقاف).

**بەڕێز سینان عبدالخالق احمد چەلەبی(وەزیری پیشەسازی وبازرگانی).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من(سینان عبدالخالق احمد)وەزیری پیشەسازی وبازرگانی. بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز انور جبلی شابۆ(وەزیری گواستنەوەو گەیاندن).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من( انور جبلی شابۆ)وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.
،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز کامل علی عزیز(وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان من ( کامل علی عزیز(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی).،بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم، وەڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەو بەڕێزانەی کەوا سوێندیان خوارد، فەرموو بچنە جێگای خۆتان، ڕێزدار (د. بەرهەم) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، فەرموو بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەت.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح( سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جەنابی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێز کاک کۆسرەت**

**بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی**

**خوشكی بەڕێزمان خاتوو هێرۆ خان خانمی یەكەمی عێراق**

**میوانە بەڕێزەكان، زۆر زۆر سوپاس بۆ ئامادە بوونتان لەم مەراسیمەدا،**

**ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان**

بە سوپاسێكی زۆرەوە، بۆ پشتیوانیو بەدەنگەوەهاتنی ئێوەی بەڕێز، كە پێكهاتەی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانتان پەسندكردو دەنگتان بۆ دا. ئەم پشتیوانیو متمانە پێ بەخشینە بۆ خۆمو برای خۆشەویست كاك ئازاد بەرواریو وەزیرە بەڕێزەكانی كابینەكەمان، ئەمانەتێكی سەنگینە ، بێگومان هاندەرمان دەبێت بۆ خزمەتو كار، بۆ ئەوەی بە هەمووولایەك قۆڵی لێ هەڵماڵینو كارنامەی حكومەت، بەرنامەی نوێبوونەوەو ئاوەدانی، جێبەجێ بكەینو حكومەتی نوێ لە ئاستی ئومێدو چاوەڕوانییەكانی خەڵكی كوردستاندا بێت.

كابینەی شەشەم، ئەزموونی كەڵەكەبووی چەندین دەورانی حوكمڕانی كوردستانی لەبەردەستدایە، هەروا لێرە جەنابی كاك دكتۆر فؤاد مەعسوم، سەروكی یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێمو جەنابی كاك كۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆكی كابینەی دووەم و جەنابی كاك دكتۆر ڕۆژ سەرۆكی كابینەی پێشوو لەگەڵمانن، بۆ ئەوانو هەموو سەركردەكانی كابینەكانی پێشوو بە ڕێزو تەقدیرەوە دەڕوانینە هیمەتو دەورتان، لەخزمەتی وڵاتەكەماندا، خوشك وبرایان ئەم كابینەیەش دەورو تەسلیم، لەگەڵ كابینەیەكی كارا دەكات، بە سەرۆكایەتی برای خۆشەویستم كاك نێچیرڤان بارزانی، كە سەرۆكایەتی كابینەی یەكگرتنەوەی ئیدارەو ئاوەدانیی كردو لە وێستگەیەكی لەبارو قۆناغێكی تازەی ژیانی سیاسیی كوردستاندا سەربەرزانە حكومەت بەجێدێڵێت. كاك نێچیرڤانو كاك عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆكی حكومەتو هاوەڵەكانیان، جێگەی ڕێزو تەقدیری هەموومانن بەتایبەتی لای من و كاك ئازاد و هاوەڵانی ئێستای كابینەی شەشەم، سوپاس كاك نێچیرڤان بۆ دەورو هیمەتت بۆ سەرۆكایەتی كردنی ئەو كابینەیە، لەهەلوبارێكی پڕ زەحمەت و ناخۆشیدا، سوپاس بۆ هیمەتەكانت، بۆ سەركەوتنەكانیان لە بوارەكانی خزمەتگوزاریو دابینكردنی كارەباو ئاو و سووتەمەنی، بۆ وەبەرهەمهێنانی نەوتو گەشەپیدانی ئابووریو ئاوەدانیی هەمەجۆر. دووبارە بەناوی خۆمو كاك ئازادو هەڤاڵەكانم لەم كابینەیەدا سوپاس بۆ كاك نێچیرڤان، سوپاس بۆ كاك عیمادو هاوەڵەكانتان. كاكە نێچیرڤان، لەلای خۆشمەوە وەكو هەمیشە وەكو برایەك و هاوڕێیەك چاوەڕوانی پشتیوانیو ڕاوێژی بەردەوامی تۆم ودڵنیام بەهەمان نەفەسی برایەتیو پەرۆشی بۆ حكومەتی كوردستان هاوكارو پشتیوانمان دەبن.

بەرێزان:

ئەم كابینەیە لە ژینگەیەكی سیاسیی تازەدا دەستبەكاردەبێت، لە چوارچێوەی كارنامەی ئامادەكراوی حكومەتی نوێدا، ئەركی گەورەمان ڕووبەڕوودەبێتەوە: ئەركی پاراستنی دەستكەوتەكانو پەرەپێدانیان، ئەركی درێژەپێدانی چەند دەستپێشكەرییەكی گرنگی كابینەی پێنجەم لە بواری چاكسازیی ئیداریو داراییدا. هەروەها ئەركی چارەسەركردنی ئەو كەموكورتیانەی تا ئێستا نەپەرژاوینەتە سەر چارەكردنیان.

ئێمـه دەزانــین کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتان، بــه چــینو توێــژه جیاجیاکانــەوه، کەســوکاری ســەربەرزی شەهیدانو ئەنفالەکان، بەچاوی ئومێـدێکی زۆره   لێمـان دەڕوانـن.  گـەرمیانو هەڵەبجه بەتـەمان دەسـتی ئــاوەدانی زیاتریــان بگاتــێ، بادینــان گەشــەپێدانی زیــاتر، هــەولێرو ســلێمانیو دهــۆکیش چــاوەڕوانی خزمـەتگوزاری باشـترن، لادێکانمـان خوێندنگـەو بنکـەی تەندروسـتیو ڕێگاوبـانی زیاتریـان گەرەکـه.. بۆیـه بەڵێن دەدەین که به دڵو به گیان کاربکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەی پێشکەشمان کردووه. ئێمـه پابەندین به جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێبوونەوەو ئاوەدانییەوەو دەمانەوێت دروشمـەکان بکەینـه کـردار. هەموو لایەکیشمان ئەو ڕاسـتییه دەزانـین، کـه گللـەیی لـه ئـەدائی حـوکمڕانیو شـێوازی خۆبـەڕێوەبردنمان هەیەو حکومەتەکەمان نەیتوانیوه سەرجەم خواسـتو ویسـتی خـەڵکی کوردسـتان دابـین بکـات، گوێمـان لـه ڕەخنەو سەرنجەکانەو خۆمانی لێ نادزینـەوه، بـەڵام نابـێ ئـەو ڕاسـتییەش فـەرامۆش بکرێـت کـه بەشـێکی بەرچاوی کەموکورتییـەکان، کەڵەکـەبووی کێشـەکانی دوو ئیـدارەییو واقیعـی سیاسـیی ڕابـردووی هـەرێمی کوردستان بوون.

بەڵێ! ئەمڕۆ، دوای 18 ساڵ له حوکمڕانیی خۆبەخۆی خەڵکی کوردستانو لەگەڵ ئەو هەموو دەسـتکەوتو سەروەریانەماندا، دەبێت بیسەلمێنین که گۆرانکاریو نوێبوونەوەو چاکسازیشمان پێویسـتەو ناکرێـت تـەنهاو تەنها  لەسەر تاجه گوڵێنەی سەرکەوتنەکانمان ڕابوەستین. له دواهەڵبژاردنـدا زۆرینـەی خـەڵکی کوردسـتان دەنگیان به لیستی کوردستانی دا،  متمانەیان به یـەکیتیو پـارتی نـوێکردەوه، بـەڵام ژمـارەیکی بەرچـاویش دەنگیـان پـێ نـەداین... سوپاسـی متمانـەی ئـەو هاوڵاتیانـەین کـه دەنگیـان پێـداوینو گوێبیسـتی ڕەخنـەی ئەوانەشین که دەنگیان پێ نەداوین، هەوڵدەدەین لەئاستی متمانەی لایەنگیرەکانمان بـینو متمانـەی ئـەوانی تریش بۆ خۆمان بگێرینەوه.

خەڵکی چاوەڕوانیی زیـاتری لێمانـەو شایسـتەی باشـتریشـن، بـەڵام  دەمانـەوێ لەگـەڵ میللەتەکـەی خۆمانـدا راسـتگۆبین، ڕاشـکاوانه دەیڵێـێن کـه چارەسـەرکردنی کێشـەو کەموکورتیـەکان بـه شـەوو ڕۆژێـك نابێـت. بەرەنگاری  کێشـەکانی ئـەمڕۆ، بەتایبـەتی گەنـدەڵی،  لێدانی بەرژەوەنـدیی گەندەڵکارانـه، ئەمـەش کۆسـپ دێنێته ڕێمان، زامنی سەرکەوتن له شەڕی دژه گەندەڵیو سەروەریی یاساو شەفافیەته له کـاری حکومەتـدا. لەم ڕووەوه جـەنابی سـەرۆکی هـەرێم پێشـنیازێکی بـه جێـی بـۆ کـردووین دەربـارەی  بـەهێزکردنی پێگـەی (داواکـاری گشـتی)، بۆیـه لـەم کابینەیـەدا وەزیـری داد، کـاك حـاکم رەئـووف ئـەرکی داواکـاری گشتیشـی ڕووبەڕوودەکرێتەوه، تاوەکو بەپێی پێویست دۆسییەکانی گەندەڵیو یاریکردن به پارەی گشـتی ڕووبـەڕووی دادگا بکاتەوه.

خوشك و برایان:

دەمانەوێت دەزگاکانی ئاسایشو  پێشمەرگەو دارایی بەیەکجارەکی یەکبخەینەوەو به کردار شوێنەواری دوو ئیـدارەیی کۆتـایی پـێ بێـنین، بـه بەرنامـەو بـه کـردەوه  دەسـتێوەردانی حیزبـی لـه کاروبـاری حکومـەت نەهێڵینو له سایەی پەرلەمانێکی کارادا حکومەتی هاووڵاتیان بین، بەبێ جیاوازی. شـان بەشـانی کـارکردن

بۆ پێکەوەژیانێکی مەدەنیانەی ئاین‌و ئاینزاکانی کوردستان، لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون. کاردەکەین بۆ ڕەخساندنی زەمینەی پێویست بۆ کاری سیاسی‌و پەرەپێدانی ژیانی فرەحیزبی، لە ڕێی هەموارکردنی یاسای حیزب‌و کۆمەڵەکان‌و دەرکردنی یاسای تەمویلی حزبەکانەوە. ئازادییە سیاسیەکان‌و سەربەستیە گشتییەکانیش پەرەپێدەدەین‌و دەمانەوێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ناوەندەکانی میدیاو ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی زیاتریان لە پەرەپێدانی ڕای گشتی‌و فراوانکردنی بازنەی دیموکراسیدا بگێڕن. دەمانەوێ گەنجان‌و ژنان بواری چالاکی‌و ئازادیی کارکردن‌و بەشداریی فراوانیان لە بڕیاری سیاسی وڵاتدا هەبێ. بە لاوانی کوردستان دەڵێین: ئێوە سەرمایەیەکی مرۆیی بەنرخن‌و داهاتووی کوردستان بە پێگەیاندن‌و هەل بۆ ڕەخساندنی ئێوە مسۆگەرتردەبێت، چ لە حکومەت‌و چ لە ناو کۆمەڵدا. یەکێك لە ڕێگەکانی بەدیهاتنی ئەو ئامانجەش، سەرلەنوێ هەیکەلەکردنەوەی دامودەزگاکانی حکومەتە، بە جۆرێك کە جێی تواناسازیی گەنجانی لێوەشاوەی تێدا ببێتەوە.

بێگومان ڕەوتی ئابووری، بە هەموو بوارەکانیەوە، پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوەو باری گوزەران لەچاو ڕابردوو و بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراقدا زۆر پیشکەوتووە. ئێمەش لە کارنامەی دارێژراوی خۆماندا، نەخشەی پەرەپێدانی زیاترمان بۆ هەموو کایەکانی گەشەی ئابووری‌و خزمەتگوزاری داڕشتووە، وەك بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا، تەندروستی، کشتوکاڵ‌و ئاودێری، ڕێگاوبان، چارسەرکردنی گیروگرفتی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت‌و بەرزکردنەوەی داهاتی تاك‌و ئاستی گوزەرانی توێژەکانی خوارەوە.

لە مامەڵەمان لەگەڵ بودجەی گشتی هەرێمدا، سیاسەتێکی کوردستانی هاوسەنگ پەیڕەودەکەین، کە ویست‌و داخوازیی هەموو ناوچەکانی کوردستان، بێ جیاوازی، بگرێتەخۆ. کاردەکەین بۆ چاودێریکردنێکی شەفافانەی ورد، لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری پەرلەمانەوەو کاردەکەین بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات‌و ئاشکراکردنی چۆنێتی سەرفکردنی. دەمانەوێت دەزگای نەزاهە بۆ چاودێریکردن‌و لێپرسینەوە دابمەزرێت‌و یاسایەك دەربکرێت بۆ ئاشکراکردنی سەروەت‌و سامانی بەرپرسان. ئەمانە بەرنامەی پێویستن بۆ چاککردنی سیاسەتی دارایی‌و ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەی گەندەڵی‌و چەسپاندنی شەفافیەتی زیاتر لە کاروباری حکومەتدا.

هەماهەنگی نێوان کوتلەکانی پەرلەمان‌و حکومەت مەرجی سەرکەوتنمان دەبێت، با ئۆپۆزسیۆن وەك دیاردەیەکی نوێی پەرلەمانی، حکومەت سەرقاڵ نەکات بە کاری لابەلاوە، بەڵکو مۆدێلێك بێت بۆ چاکسازیی ئیداری‌و ئیسلاحی حەقیقی لەپێناو گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی‌و دیموکراسیدا. ئەم ویستەش بەرپرسیارێتیەکی دوولایەنە دەخاتە ئەستۆی حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن. هەلومەرجی سیاسیی هەرێم‌و ئەو تەحەدایانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە وادەخوازێ هەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان‌و گەشەپێدان‌و بەرەوپێشبردنی تێبکۆشین، پێکەوە خەبات بکەین بۆ بەدەستهێنانەوەی

مافەکانی تری خەڵکی کوردستان و زامنکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ ئەزموونی دیموکراتیو دەستووریی عیراق.

ناکرێت ئێمە پێمان وابێ پێشهاتەکانی عیراقو ناوچەکەو جیهان کاریگەریان لەسەرمان نابێ. چونکە چوار ساڵی داهاتوو، پرۆسەی سیاسی لە عیراق سەختو ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە یەکریزی نێومالی خۆمانو پاڵپشتی هێزو و کوتلە سیاسیەکان لە بەهێزکردنی حوکمڕانی کوردستاندا، پایەمان بەهێزدەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ هەر پێشهاتو ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا. ئەمەش شان بەشانی چاوەڕوانیی خەڵك لە حکومەت، چاوەڕوانیی گەنجانو چینو توێژە جیاجیاکان لە بەدیهێنانی خواستو ئاواتەکانیان، ئەوانیش دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریێتی ئەوەی چی دەکەن بۆ بەهێزکردنی پایەی حوکمڕانیمانو جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێبوونەوەو ئاوەدانی.

کێشە هەڵپەسێردراوکانی نێوان بەغداو هەولێر:

دەستوور زامنی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکانی عیراقە. ئەم دەستووورە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی عیراق دەنگیان پێ داوە. کێشەکانی کەرکووكو خانەقینو شنگارو ناوچە جێ ناکوکەکانی تر، کێشەی نەوتو غازو داهات، کێشەی بەشداریی لە دەسەلات تەنها بە پابەندبوون بە دەستوور چارەسەردەکرێن. ئەمڕۆ لەم بۆنەیەدا ، هەروەك بە بۆنەی خەمناکی تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بەغداوە، وێرای هاوخەمیمان لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان و بە هاووڵاتیانی خۆمان لە عیراق دەڵێین: دوژمنی ئێوە کوردو داخوازییەکانی کورد نین، بێگومان دوژمنی کوردیش عەرەب یا هەر پێکهاتەیەکی تری ئەم وڵاتە نییە، بەڵکو دوژمنی هاوبەشی هەمووومان ئیرهابو توندڕەویو ئەو تاوانانەیە کە دەرهەق بە خەڵکی بێتاوانی عیراق دەکرێن. لەبەرئەوە دووپاتیدەکەینەوە کە چۆن جاران کوردستان قەڵای ئازادیخوازانی عیراق بوو، ئێستاش کۆڵەکەو پشتوپەنای ئەزموونی دیموکراسی عیراقو هەموو دیموکراتخوازو خێرخوازەکانی ئەم وڵاتەیە. ئەوە نەیارەکانی دیموکراسیو فیدرالین لە عیراقدا کە دەیانەوێت ئەم کێشانە بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە. داواکاریی ڕەوای ئێمەش، تەنها پابەندبوونە بە دەستوورو کارکردنە بۆ جێبەجێکردنی ئیستحقاقەکانی.

خەڵکی کوردستان ڕێوشوێنی دەستوری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان گرتۆتەبەر، لە دەستوری هەمیشەی عیراقو مادەی 140دا چارەسەری دەستوریو ڕێوشوێنی یاسایی دانراوە بۆ کێشەی کەرکووكو ناوچە کوردستانیەکانی تری دەرەوەی هەرێم و ئەرکی هەموو دیموکراتخوازانی عیراقە هاوکار بن بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی پاکتاوی رەگەزی وجێبەجێکردنی ماددەی 140 و با پێکیشەوە هەموو هاوکاربین بۆ قەرەبووی فەرامۆشکردنی پێشووی ئەو ناوچانە و مەبەستمانە بایەخ بە ئاوەدانکردنەوەیان بدەین، هاوکاریی دامودەزگا ئەمنیو ئیدارییەکانیان دەبین، بۆ سەقامگیری سیاسیو ئاسایشی ژیانی هاووڵاتیان.

پەیوەندیی هەرێم بە دراوسێکانەوە:

کوردستان، ئەگەرچی هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، بەڵام حوکمی مێژوو پێشینەی دراوسێیەتی تایبەتمەندی داوە بە پەیوەندیی ئێمەو دراوسێکانمان. مەبەستمانە کوردستان پیگەی ئارامیو

هاوسـێتی بـاش لەگـەڵ دراوسـێکانمان بێـت. بێگومـان ئەمـەش لەسـەر بنچـینەی بەرژەوەنـدیی هاوبـەش دامەزرابێت. لەگەڵ تورکیـا پەیوەنـدیو هاوکـاریی ئـابووریو بازرگانیمـان هەیـە، کـە بـەقازانجی هـەردوولا شکاوەتەوەو کاریگەریی ئیجابیشی بووە دەبێت لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانیشمان. لەو ڕووەوە پشتگیریی لە کرانەوەی دیموکراتیانە لە ناوخۆی تورکیا بە ڕووی کورددا دەکەین.
بێگومـان لەگـەڵ کۆمـاری ئیسلامی ئێـرانیش، کـە پەیوەنـدیی دێـرین لەنێوانمانـدا هەیـەو لـە لێقەومانـدا هاوکـاری خـەڵکی مـەزڵومی کوردسـتان بـووە. بۆیـە دەمانـەوێ بـەلێك تێگەیشـتنی هاوبـەش پـەرە بـە پەیوەندییە ئابووری وکەلتوریی وبوارەکانی تری پەیوەندی بدەین.
گەلی کوردستان گەلێکی بەوەفایەو دۆستو پشتیوانەکانی خۆی لـەبیرناکات، بەتایبـەتی هاوپەیمانـەکانمان، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەو دەوڵەتانەی هاوکاری عیراقیـەکان بـوون لـە پرۆسـەی ڕزگاریی عیراقدا. ئێمــە ئــەو پشــتیوانیە بــەرز دەنــرخێنینو مەبەســتمانە چ وەك هــەرێمو چ وەك عــیراق پــەرە بــە پەیوەندییـەکانمان بـدەینو بـەقازانجی پێگـەمان لـە کـۆڕو کۆمـەڵی نێودەوڵەتیـدا، بـە قـازانجی پتـەوکردنی ئامانجە هاوبەشەکانمان.
یەکێکی تر لەو مەسەلانەی دەمانەوێ کابینەی شەشەم بایەخو گرنگیی زیاتری پـێ بـدات وەکو لەکابینـەی پێنجەم تەئکیدی لەسـەر کـرا، مەسـەلەی ئـەنفالو هەڵەبجەیـە، کـە لـە مـاوەی کـەمتر لـە بیست سـاڵ دوای ئەنجامـدانی ئـەم تاوانـە، بەهـەوڵو کۆششـێکی زۆر تـوانرا لـە دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی عـیراق سـزای ئەنجامدەرانی بدرێتو ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید بناسێنرێت، ئێمە کاردەکەین لە نێوەندەکانی بڕیـاری نێودەوڵەتیـدا ئـەم بڕیـارەی دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی عـیراق بـەڕەسمی بناسـێنرێت و کۆششـدەکەین بـۆ جێبـەجێکردنی بڕیـاری قەرەبووکردنـەوەی زیانلێکـەوتووانی ئـەنفالو بەرکـەوتووانی چـەکی کیمیـاییو دەمانەوێ پاشماوە و کەسوکارە سەربەرزەکانیان بخەینەوە سەر ڕەوتی ژیانی ئاسایی. هەوڵدەدەین رووفـاتی ئەنفالکراوەکان لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق بهێنرێنەوە کوردسـتانو مۆنـۆمێنتی شایستەیان بۆ دروستبکرێت.
لەکۆتایدا جارێکی تر لەگەڵ سوپاسماندا بۆ جەنابی مام جەلال بۆ پشیتوانی بەردەوامی لێمان.. سوپاس بـۆ جـەنابی کـاك مەسـعود سـەرۆکی هـەرێم کـە هاوکـارو پشـتیوانمان بـووە.. داوای هاوکـاریو پشـتیوانیتان لێدەکـەین و بـەڵێن دەدەیـن هەوڵبـدەین لـە ئاسـتی چـاوەڕوانیو متمانـەی میللەتەکەمانـدا بـین بـۆ بەرەوپێشبردنو گەشەپێدانی ئـەزمونی هـەرێمی کوردسـتان، بـۆ ئاسـوودەکردنی گیـانی پـاکی شـەهیدەکانو دڵنـەوایی کەسـوکاری ئـەنفالو هەڵەبجـەو قوربانیـانی جێنۆسـاید، بـۆ داهاتوویـەکی گەشـتر بـۆ نـەوەکانی ئایندەمان، بۆ کچانو کوڕانی کوردەواری.
پشت بە خوا و بە هەیمەتی دڵسۆزانی، بەپشتیوانی ئێوە، هیواداریـن ئـەو ڕۆژەی پۆسـتەکانمان بەجێـدێڵین، سەربەرزبین لەبەردەم ئێـوە، ویـژدانمان ئاسـوودە بێـت، خـەڵکی ئـەم کوردسـتانە، ئاسـوودەتر وسـەرفرازتر وخۆشگوزەرانتر بن.

زۆر زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ كاك دكتۆر بەرهەم، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ وتە بەنرخەكەی، ئێستاش وتاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مسعود بارزانی، بەبۆنەی پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، باجەنابیان بفەرموون.

**بەڕێز مەسعود بارزانی( سەرۆكی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان دوا هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان لە ڕۆژی بیست و پێنجی تەمموزی ڕابردوو بەڕێوەچوو، بەشێوەیەكی سەركەوتوو بە بەشداریی ڕێژەیەكی زۆری هاووڵاتیانی كوردستان كۆتایی پێهات و ڕوویەكی تازەو شارستانی پێشكەش بەجیهان كرد، لەناوخۆشدا پرۆسەكە بەشێوەیەكی نوێ پێشكەوتنی كۆمەڵگای كوردستانی بەخۆوە بینی، ئەویش بە پشت بەستن بە بەنەماكانی دیموكراسی و ئازادی ڕادەربڕین، لەم پرۆسەیەدا دەرفەتێكی باش خرایە بەردەم هەموو لیست و قەوارە جیاجیاكان، تا بتوانن ئازادانە و بێ هیچ سانسۆرێك بەشداری بكەن و دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانیشی دەرفەتێكی باشیان بۆ ڕەخسێنرا تا هەرچی سكاڵایان هەیە بەو پەڕی ئازادییەوە تۆماری بكەن، بەدەنگەوەهاتنی ئەو لیست و قەوارانە و هەروەها سەرجەم خەڵكی كوردستان بۆ ئەو پرۆسەیە نیشانەی دڵسۆزی و وەفادارییان بوو بەرامبەر بەو دەستكەوتانەی كە بەخوێنی هەزاران شەهید و خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگە قارەمانەكان هاتۆتە دی، كە ئەویش خۆی لەخۆیدا دووپاتكردنەوە و سووربوونی گەلەكەمانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواكانی و هەنگاونان بەرەو ئایندەیەكی گەشتر، پێكهێنانی پەرلەمانی كوردستان لەو لیست و قەوارانەی كە دەنگی پێویستیان هێنابوو، دەستكەوتێكی دیكەی هەرێمی كوردستان بوو، ئەركەكانی ئەو پەرلەمانە تا ئێستا بەشێوەیەكی ڕێكوپێك بەڕێوە دەچێت و ئومێدەوارم ئەندامانی بەهەستكردن بە بەرپرسێتی مێژوویی خۆیان بەردەوام بن لە ئەنجامدانی ئەركەكانیان بۆ بەرژەوەندی گەل و نیشتمان.

خوشكان و برایان.........

بەپێی ڕاسپاردەی پەرلەمانی كوردستان، ڕۆژی بیست ونۆی ئەیلولی ڕابردوو، وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بەڕێزان (د.بەرهەم احمەد صالح) و (ئازاد بەرواری)م بە فەرمانێكی فەرمی ڕاسپارد بۆ پێكهێنانی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەپێی هەمان فەرمان دەبووایە ئەو دوو برایە لەماوەی (30)ڕۆژدا كابینە نوێیەكەی حكومەت پێك بهێنن، كە ئەمڕۆ خۆشبەختانە و بەر لە تەواو بوونی ئەو ماوەیە پێكهاتەی حكومەتیان پێشكەش كردووە كە هیوادارم جێی متمانەی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان بن، و پاش متمانەكەش بەوپەڕی توانای خۆیانەوە خزمەتی گەلی كوردستان بكەن و درێژە بە كارو دەستكەوتە گەورەكانی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بدەن، پرۆسەی ئاڵوگۆڕكردنی دەستەڵات ولای ئێمە پرەنسیپە، پێكهێنانی كابینەی شەشەمیش تەئكید لەوە

دەكاتـەوە كـە ئێمـە هەمیشـە پابەنـد بـووین بـە قسـەو بەڵێنـەكانی خۆمـان، كـە ئـەویش ڕاسـتگۆیی ئێمـە دەسـەلمێنێ لەبەرامبـەر هـەر بـەڵێنێك دەیـدەین، ئـەو ڕاسـتگۆییەش لای ئێمـە لـە هـەموو شـتێك گـرنگترە، چونكە متمانە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا دروست دەكات، لێرە حەز دەكەم سوپاسگوزاری خۆم و گەلی كوردسـتان ئاراسـتەی سـەرۆك و هـەردوو جێگرەكـەی و وەزیـرە بـەڕێزەكانی كابینـەی پێنجـەم بكـەم كـە بەڕاسـتی كـارو دەسـتكەوتەكانیان مێـژوویی بـوون و لەسـەردەمی ئـەو كابینەیـەدا هـەرێمی كوردسـتان گوێزانەوەیـەكی جۆرەكی بەخۆیـەوە بـینی، كـە حەقـە هـەموومان شـانازی پێـوە بكـەین، بەتایبـەتی ڕۆڵـی بەرچاوی بـەڕێز (نێچیرڤان بـارزانی)سـەرۆك وەزیرانـی كابینـەی پێنجـەم جێـی ڕێـز و پێزانینـە، چـونكە لەكاتێكی زۆر هەستیاردا سەرۆكایەتی ئـەو كابینەیـەی وەرگـرت و سـەركەوتووانە تـوانی ئـەو كابینەیـە بـە حـەق بكاتـە كابینـەی خزمـەتگوزاری و گەشـەی ئـابووری و كۆمەڵایـەتی و بەرژەوەنـدی میللـەتی خسـتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەكان و حكومەتی كردە حكومـەتی هـەموو پێكهاتـەكانی گـەلی كوردسـتان، كـە ئەمـەش جێـی شـانازی ئێمەیـە و هیـوادارم كابینـەی شەشـەم بەهـەمان نەفەسـی كابینـەی پێنجـەم كـارو ئەركەكانی خۆی ئەنجام بدات و بە ڕێكوپێكی هەوڵی جێبەجێكردنی بەرنامەی كاری ئایندەی خـۆی بـدات، كە دەكرێ ئاماژە بە هەندێكیان بكەین:

یەك: كابینەی پێنجەم چەند دەستپێشخەرییەكی هەبووە، بۆیە پێویستە كابینەی شەشەم ئەو پرسە بە یـەكێك لـە ئەولەویاتـەكانی دابنێـت و كـاری جـددی بـۆ بكـات، پێویسـتە لـە جێبـەجێكردنی بەرنامـەی ستراتیجییەتی حكومەت بـۆ شـەفافییەت و حـوكمڕانی، پاش ریفـۆرمی ئیـداری، درێغـی نـەكات و هـەنگاوی جددی بهاوێژێ بۆ جێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیە.

دوو: ئێمە بڕوای تەواومان وایە كـە سیسـتەمی دادوەریـی دەبـێ سیسـتەمێكی پیشـەیی سـەربەخۆ و بـەهێز بێـت و دەبـێ كۆمـەڵگا بـە شـێوەیەكی ئاشـكرا هەسـتی پێبكـات، دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی دادوەریـی دەسـتكەوتێكی گـرنگ بـوو لـەم پێنـاوەدا، دەبـێ ئـەم كابینەیـە كـار بـۆ یاسـاپەروەریی و مسـۆگەركردنی یەكسانیی لە نێو تاكەكانی كۆمـەڵگادا بكات، هـەروەها كـار بـۆ دامەزرانـدنی داواكارییـەكی بـەهێز بكـات لـە هەرێمی كوردستان، كە خۆشبەختانە من پێموایە ئختیارێكی زۆر باشمان كردووە.

سێ: ئـەمڕۆ ئێمـە بـەقۆناغێكی سـەخت و ناسكدا تێدەپـەڕین و لەهـەموو كاتێـك زیـاتر پێویسـتیمان بـە پاراستنی یەكڕیزیی و برایەتی و یەكێتی هەیە لەسەر پرسە هەستیارەكان، بڕوای تەواومان بـەوە هەیـە لـە دیموكراسیدا دەبێ بیروڕای جیاواز هەبێ، و ڕێز لە بۆچوونی یەكتر بگیرێت، بـەڵام بۆچـوونی جیـاواز نـابێ كاریگـەری سـەلبی هـەبێ لەسـەر پرسـە نەتـەوەیی و نیشـتمانییەكان، یـەكڕیزیی و یەكهەڵوێسـتی كلیلـی سەركەوتنی ئایندەمانە.

چوار: كابینەی پێنجەم وەك چۆن پێشتر لـە ئاست خواسـت و داخوازییـەكانی خـەڵك بـوو، دەبـێ بەهـەمان شێوە لەسـەردەمی كابینـەی شەشـەم لەخـەمی جێبـەجێكردنی داخوازییـەكانی هاووڵاتیانـدا بێـت و دەبـێ حكومـــەت هـــەوڵی دامەزرانـــدنی كۆمەڵگایـــەكی دروســـت و خوێنـــدەوار و دیمـــوكراس بـــدات و

خزمەتگوزارییەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ دابین بکات، ئێمە جەخت لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو دەکەینەوە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر بۆ بوونی تێگەیشتنی زیاتر، تاوەکو بەرنامەکان ڕەنگدانەوەی خواستی هاووڵاتیان بێ.

پێنج: یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان هەمیشە شانازی پێوە دەکەن باری ئارام و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو قورسترین ئەرکی دەسەڵاتی هەرێم بەرقەرارکردنی ئاسایش و پاراستنی سەر وماڵی هاووڵاتیان بووە، هیوادارم کابینەی شەشەم لەسەر هەمان ڕێچکە گرنگی بە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و ئارامی و سەقامگیریی بدات، چونکە ئاشتی و سەقامگیریی کلیلی هەنگاونانە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکانی پەرەپێدان.

شەش: سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادی عێراق توانی هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی فەرمی و نیزامی لەدەستووری عێراق بچەسپێنێ بۆ پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان، ئەرکی هەرێمە گرنگیی بە یەکخستن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی پێشمەرگە بدات و ژیان و گوزەرانیان باشتر بکات، دەبێ ژیانێکی شایستەیان بۆ مسۆگەر بکات، چونکە ئەوەی پێشمەرگە کردوویەتی لەقۆناغە سەخت و دژوارەکان ناکرێ لەیاد بکرێت، ئەرکی هەرە گەورەی هەرێم ئەوەیە یەك لەشکر بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، و بەهیچ جۆرێك نابێ لەمەودوا لەشکری سەر بەحزبەکان بمێنێ، هەروەها دەزگایەکانی تری ئەمنی بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی بێنە ڕێکخستن، ئێمە دەوڵەتی موئەسەسات دادەمەزرێنین، و دڵنیام گەلی کوردستان هەمووی لەپشتمانە بۆ ئەوەی ئەو هەدەفە تەحقیق بکەین، و بەڵێن بەگەلی کوردستان دەدەین حەتمەن ئەم ئامانجە دەبێ جێبەجێ بکرێ، و ئەگەر جێبەجێ نەکرا دیسان بەڵێنی ئەوە بەگەلی کوردستان دەدەم پێیان بڵێین بۆ جێبەجێ نەکراو کێ سەبەبە؟.

حەوت: نوێنەرایەتی هەرێم لەدەرەوە ڕێك بخرێت و لەمەودواش نابێ حزبەکان پەیوەندییان بە حکومەتی وڵاتانی ترەوە هەبێ، و من ئەم قسەیە ئاراستەی حزبەکانی تری هاوپەیمان دەکەم یەکەمجار مەبەستم پارتی و یەکێتییە، ئەمە نەك لەسەر حزبەکانی تر تەتبیق دەبێ وپارتی و یەکێتیش بە ئارەزووی خۆیان مەکاتب بکەنەوە، عیلاقات دروست بکەن، عیلاقاتی ڕەسمی لە ڕێگەی هەرێمەوە دەبێ.

هەشت: دیارە حکومەتی هەرێم هەمیشە ڕێزی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان گرتووە، ئەو شەهیدانەی ئازادییان بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، دەبێ خانەوادەی ئەنفالکراوەکان و منداڵ و بنەماڵەی شەهیدان زیاتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لە هەموو بەرنامە و پرۆژەیەك بەشی شیاوی خۆیان بۆ دابین بکرێت.

نۆ: حکومەتی هەرێم توانی ڕێ لە هەموو ئەو هەوڵانە بگرێت کە دەیانویست درز بخەنە نێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان و بگرە عیراقیش، بۆ ئەوەی ئەو نەریتە جوانە بشێوێنن، کە تا ئێستا شانازی بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان ئاین و نەتەوە جیاوازەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان،

بۆیە پاراستنی کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەبێ لە سەرووی هەموو بەرنامە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانمان بێت.

دە: وەك دەزانن چەند پرسێکی گرنگ بە هەلواسراوی مانەتەوە لە نێوان هەرێم و بەغدا، وەك پرسی مادەی 140 ی دەستوورو پێشمەرگە و نەوت و غاز و هاوبەشی لە دەسەلات لە ئاستی فیدرالّ، و لە پالّ پرسی فیدرالّیزم دیموکراسی بۆ عیراق، دیارە هەموو ئەمانەش بە ڕێگای دایەلۆگ و پشت بەستن بە دەستووردێنە دی، هەرێم هەولّی زۆری دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەو کێشانە ئەمڕۆ گرنگن بۆ ئایندەی گەلەکەمان، ئێمە بە هیچ شێوەیەك سازش لەسەر مافی گەلەکەمان ناکەین و پشت ئەستورین بە دەستوور.

یازدە: ئێمە پشت لە بەغدا ناکەین و بە پێچەوانەوە ڕوو لە بەغدا دەکەین، پێگەی خۆمان لە بەغدا بە هێزتر دەکەین، ئێمە هاوبەشی سەرەکین لە پرۆسەی سیاسی و بنیاتنانەوەی عیراق، چەکی کاریگەریشمان دەستوورە کە زۆرینەی عیراقیەکان دەنگیان بۆ داوە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقیش ئێمە بە کردەوە سەلماندمان کە بەشێکین لە پرۆسەی سیاسی عیراق و ئێمە یەکێتی عیراقمان پاراست، لە هەولّەکانمان پاشگەز نابینەوە بۆ بنیاتنانی عیراقێکی فیدرالّی دیموکراتی فرە حیزبی.

دوازدە: پەرلەمانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عیراقدا یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، سیاسەتی کابینەی پێنجەمی حکومەت لە چوارچێوەی ئەو یاسایە داڕێژرا و پیادەکرا، سیاسەتی سەرکەوتووی نەوت و غازمان، پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستانی بەهێزکرد، لەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووری جیهان پاراستن و گەشەپێدانی دەستکەوتەکانمان لە بواری نەوت و غازدا دەبێ ئەرکی سەرەکی کابینەی شەشەم بێ، و تەئکید دەکەمەوە کە ئەم سیاسەتەی نەوت و غاز بەردەوام دەبێت و هیچ فشار و پلانێکیش تەئسیر ناکات.

سێزدە: پێوەرمان بۆ ئامادەکارییەکانی هەلّبژاردنە سەرتاسەریەکانی عیراق پابەندبوونە بە دەستوور و دیموکراسی و چەسپاندنی سیستەمی فیدرالّی و چارەسەرکردنی کێشەکانە بە ڕێگای دیالۆگ، لێرەدا بۆ هەرێمی کوردستان داوای یەك هەلّوێستی دەکەم بەرامبەر بە پرسە نەتەوەییەکان، سازدانی هەلّبژاردنیش لە کاتی خۆیدا بە پێویستیەکی گرنگ دەزانین.

لێرەدا دەمەوێ بەڕێزتان ئاگاداربن، کە لە ڕاستی تێکەلّکردنی کەرکوك بە شێوەیەکی تایبەتی لە مەسەلەی هەلّبژاردنی عیراق، راکردنە لە حەقیقەت، راکردنە لە واقیع، هەر رۆژە بەزمێکی تازەمان بۆ دێنن، رەئی ئێمە زۆر روون و ئاشکرایە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە راشکاوی رەئی خۆی دا، ئەو رۆژە لەگەلّ حزبە سیاسیەکان هەموو رەئی خۆیان بەراشکاوی داوە و یەك هەلّوێستین، ئێمە وەکو خەلّکی کوردستان و وەکو هێزە سیاسیەکان، ئێمە لەگەلّ ئەوەین هەلّبژاردن لە کاتی خۆیدا ببێ، ئێمە دەمانەوێ کەرکووکیش وەکو هەر پارێزگایەکی تر هەلّبژاردنی تێدا بکرێ، ئەگەر خەلّکانێك هەن بوختان دەکەن دەلّێن تەزویر کراوە لە کەرکوك یان هەندێ جار دەلّێن شەش سەد هەزار، لە هەندێ شوێن لای

ئەمریکیەکان و لای ئەوروپیەکان دەڵێن هەشت سەد هەزار کوردمان هێناوە لە تورکیا و ئێران، چونکە کوردی عیراق بەشی نەکردووە بۆ ئەوەی ئێمە دیموگرافی کەرکووك بگۆڕین، باشە ئەگەر بۆختانیش بکەن بە شێوەیەك بیکەن بچێتە عەقڵ، توخوا ئێوە و ویژدانتان شەش سەد هەزار یان هەشت سەد هەزار پێشکەش لە شارێکی ئەوها نەوەك ئینسان بزر دەبێت؟! لەبەر ئەوە ئێمەش دەڵێین زۆر تەزویر کراوە، چۆن موسڵ یەك ملیۆن کەسی زیاد کرد؟ خۆ ماشەڵڵا کورد زۆرترە لە خەڵکی تر زووتر زیاد دەکات، چۆن موسڵ ملیۆنێك زیادی کرد؟!، گوتمان ئێمە مانعمان نیە ئەگەر حەز بکەن تەدقیق لە سجلات بکرێ با لە هەموو عیراق بکرێ، لەهەر کوێ شکی لەسەر هەیە، بەڵام تەحدیدەن بۆ کەرکووك ئەمە مەبەستێکی لە پشتە!، غەرەزێکی تری لە پشتەوەیە، ئێمە حازرین با تەدقیق بکرێ لە سجلات، ئینتیخابات با ببێ، تەزویر کرابێ فەرموو با ئەو نسبەتە لەغو بکرێ، بەڵام هەموو عیراق تەواوە تەنیا کەرکووك؟، خۆ قەدەری کەرکوك و کەرکوکیەکان هەر ئەوە نیە غەدریان لێ بکرێ، هەر لە ژێر زوڵمدا بژین، هەر غەدریان لێ بکرێ، بڕیاری کوردستانە با هەموو دنیاش تێبگات ئێمە ڕازی نابین هیچ خسووسیەتێك بۆ کەرکووك دابنێن و کەرکووك جیابکرێتەوە لە هەڵبژاردن، یا وەکو پارێزگایەکانی تر دەکرێ، یان ئێمە رازی نابین و چش دەبێ با ببێ.

ولێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی نوێنەرانی گەلی کوردستان بکەم لە پەرلەمانی عیراق، چونکە بەراستی لەم شەڕەدا زۆر زۆر رۆڵێکی کاریگەریان بینیوە و سوپاسیان دەکەین.

چواردە: کابینەی شەشەم دەبێ سوود لەو پەیوەندییە فراوانە وەربگرێ کە لەماوەی ساڵانی رابردوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان و دۆستانمان لەسەرتاسەری دنیا دروستمان کردووە، تا ئێستا شازدە وڵات نووسینگەی دبلۆماسییان هەیە لە هەولێر لە هەرێمی کوردستان، دەبێ کار بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و جیهان بکەین بۆ مسۆگەرکردنی تێگەیشتنی باشتر و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکان.

پازدە: شان بەشانی کارکردن لە کەرتەکانی دیکە، دەبێ بایەخ بە کەرتی ئابووری بدرێ و پێویستە کابینەی شەشەم لەسەر هەمان ڕێگەی کابینەی پێنجەم بەردەوام بێت و بایەخێکی زۆریش بە کشتوکاڵ بدرێ، وەکو بڕبڕەی پشتی ئەو کەرتە ئابوورییە، ئەویش بە هاوچەرخکردنی کشتوکاڵ لە رووی هێنانی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی شێوازی سەردەمیانە، بە شێوەیەك بگاتە ئەو ئاستەی هەرێم پێویستی بە بەرهەمی هاوردە نەمێنێ و پشت بە بەرهەمی خۆماڵی ببەستێ و لەم رووەوەش گرنگیدان بە کۆچکردنی پێچەوانە واتە لە شارەوە بۆ دێهاتەکان، دەبێ لە ئەولەوییاتی ئەو کابینەیە بێت.

شازدە: بایەخدان بە کەرتی پیشەسازی و دروستکردنی کارگەی بەرهەمهێنی هەمەجۆر بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان زیاتر بێ لە رووی پێداویستی بیناسازی و خزمەتگوزاری بتوانین پشت بە بەرهەمی ناخۆ ببەستین، هەرێمی کوردستان لە رووی دامەزراندنی پیشەسازی گەورە و بەرهەمهێنی لە ئاستی پێویست نیە و دەبێ زیاتر کاری بۆ بکرێ.

هەڤدە: بایەخدان بە دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان و پێشخستنی بواری پەروەردە و تەندروستی بۆ هێنانە ئارای نەوەیەکی هۆشیار و خوێندەوار و تەندروست، پەروەردە و تەندروستی دوو کۆڵەگەی سەرەکی هەر کۆمەڵگایەکن، بۆیە دەبێ بایەخ بەو دوو بوارە بدرێ.

هەژدە: بەردەوامبوون لە هەوڵەکانی کابینەی پێنجەم لە رووی داکۆکیکردن و پاراستنی مافی ئافرەتان و دەستەڵات دان بە ژنان و بە هێزکردنی پێگەیان لەناو کۆمەڵگا و هەروەها بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی.

نۆزدە: پەرەپێدان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە کەش و هەوای سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

بیست: بڕوای تەواو بە ڕۆژنامەگەری ئازاد و ئازادی رادەربڕین، پێویستە کوردستان ببێتە نمونەیەکی سەرکەوتوو لە رووی پەیڕەوکردن و پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی، دەرکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری و رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ ڕۆژنامەنووسان تا ئازادانە راستیەکان بخەنە روو، هەنگاوێکی مەزن بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ ئەو ڕۆژنامەگەرییە پابەندی پەیمانی شەرەفی راگەیاندن بێت.

هەرێمی کوردستان توانی بناغەیەك بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار دابنێ و گرنگیش بە شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیەکان بدات، بەڵام لە کابینەی شەشەم پێویستە زیاتر هانی گەشتوگوزار بدرێ و سوود لە سروشتی سەرنجڕاکێشی هەرێمی کوردستان وەربگیرێ، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە شارەزایی ئەو وڵاتانەی کە لەو بوارەدا خاوەن ئەزموونن.

پاراستنی ژینگە دەبێ زۆر بایەخی پێ بدرێ و پێویستیشە زیاتر پەرە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بدەین لەناو هاووڵاتیانـدا بۆ فراوانکردنی پانتایی سەوزایی و دارستان و ناشبێ کارگە و دامەزراوەکان ببنە فاکتەرێك بۆ پیسکردنی ژینگە.

دامەزراندن و بایەخدان بە دەزگای دەستپاکی و بەهێزکردنی دەزگای چاودێری دارایی، داوا دەکەم هەموو وەزارەت و فەرمانگەکان پابەندی یاسا بن و بە هیچ شێوەیەك کاری نایاسایی ئەنجام نەدەن و نەچنە ژێر فشاری هیچ کەسێك، و لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر کەوتنە ژێرباری فشاری هەر کەسێك یان بەرپرسێك لەهەر پلە و پایەییێکدا بێ، بۆیان هەیە بێنە لام و ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی بەپێی یاسا ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ.

داوا لە فەرمانگەکانی حکومەت دەکەم کە بەرووییەکی خۆش پێشوازی لە هاووڵاتیان بکەن و دوور لە رۆتین کارەکانیان بۆ ڕاپەڕێنن، لەهەمان کاتیشدا داوا لە هاووڵاتیانی بەڕێز دەکەم ئەگەر لە فەرمانگەکانی حکومەت کۆسپ خرایە سەر ڕێگەی کارەکانیان یان داوایەکی نایاساییان لێ کرا بەپەلە ئاگاداری دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بکەن.

لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم، ئینشائەڵلا بە پشت بەستن بە خوای گەورە و بە ئومێدێکی زۆر و بە بڕوایەکی بە هێزەوە، پێکەوە هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش و خۆش دەنێین، جارێکی تر سوپاس بۆ کابینەی پێنجەم و داوای سەرکەوتن بۆ کابینەی شەشەم دەکەم و ئومێدم زۆرە بەرنامەی لیستی کوردستانی سەرکەوتوانە جێبەجێ بکەن و لە کۆتاییدا هەزارەها سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد وکوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێم، ئێستاش پەیامی ڕێزدار (مام جەلال) کە پیرۆزباییە و بۆ کابینەی شەشەمی ناردووە، بەڕێز کاك دکتۆر ئەرسەلان باییز، دەیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئەرسەلان باییز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**دەقی نامەی سەرۆك تالەبانی بەبۆنەی پێدانی متمانەی پەرلەمانی کوردستان بەکابینەی شەشەم**

برای بەرێز وئازیز کاك دکتۆر بەرهەم ی خۆشەویست

بە بۆنەی پێدانی متمانەی پەرلەمانی کوردستان بە ئێوەو حکومەتەکەتان ، خۆم بەشادو بەختەوەر دەزانم کە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە بکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات بخوازم لەبەدیهێنانی ئەرکە چارەنووسسازەکانی کەدەکەونە سەرشانی کابینەی شەشەم کە جەنابتان شەرەفی سەرۆکایەتیکردنەکەتان پێبڕاوە .

من لەکاتێکدا پیرۆزبایی لە جەنابتان و کابینەکەتان دەکەم ، دەمەوێ دەستخۆشی لە بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێشووش بکەم کە دڵسۆزانە و لەخۆبوردووانە کاری جددی و شەونخوونی زۆری کرد بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەشەپێدانی هەرێمەکەمان لەهەموو رووەکانەوەو لەو بارەیەشەوە جێ پەنجەیان دیارو بەرچاوەو مێژووش ئەو راستییە لە بیرناکات.

برای بەرێز ..

کابینەی شەشەم ئەرکی زۆر گرنگ و مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی کە دەبێت بە پێی پلان و بەرنامەیەکی گونجاوو تۆکمە کار بۆ راپەراندنیان بکات، لەپێشەوەی ئەو ئەرکانەش دیارە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و پەیامانەیە کە لەلیستی کوردستانی دا بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دراون، بەتایبەتی کەکۆمەڵانی خەڵك سەرچاوەن و دەبێت حکومەتەکەی ئێوەش خۆی بەخزمەتکاری گەلی کوردستان بزانێت بەجیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیی و ئایینی و مەزهەبییانەوە. ئەرکێکی تری کابینەی شەشەم خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششی جددییە بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و خاووخلیچکی لە کایەو جومگە جیاجیاکانی حکومەتدا، هەروەها کارکردنیشە بۆ پتەوترکردنی ئەداو لێهاتوویی حکومەت بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە لەئاست ئەو ئەرکە هەستیارو مێژووییانەدا بێت کە دەکەونە سەرشانی و ، هەروەها وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی میللەتەکەشمان بێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

من لەلای خۆمەوە گەشبینم بەسەرکەوتنی کابینەکەتان، چونکە ئەو کابینەیە پشتیوانی بەندەو سەرۆك مەسعود بارزانی هەیەو هەڵقولاوی ناو پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکەو متمانەی ئەوانیشی لەپشتەو، لەلایەکی تریشەوە خۆشتان سەرکردەو هەڤاڵێکی چوستو چالاك و خاوەن ئەزموونێکی باش و سەرکەوتوون لەکاری حکومەتایەتی دا.

من زۆرم پێخۆشبوو کە بوارم هەبووایە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەشداری مەراسیمی سوێندخوادن و متمانە پێبەخشین بە خۆتان و کابینەکەتان بوومایە، هەرچۆنێك بێت جارێکی تریش هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوون بۆ خۆتان و کابینەی شەشەم دەخوازم. هەروەها پیرۆزبایی گەرمیش لە کاك ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەت و خوشك برا وەزیرەکان دەکەم و دەستخۆشی لە خوشك و برا وەزیرەکانی کابینەی پێشوو دەکەم کە دڵێرانەو خۆنەویستانە کاریان کرد بۆ سەرخستنی بەرنامەی کابینەی پێنجەم کە بەهەق کابینەیەکی چالاك و بەبەرهەم بوو .

دووبارە ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئێوەو کابینەی شەشەم دەخوازم کە دڵنیام کابینەی خزمەتگوزارو خزمەتکاری تێکرای خەڵکی کوردستان دەبێت و لەئاست ئەو متمانەیەشدا دەبێت کە میللەتەکەمان پێیان بەخشیوە و شەوو رۆژیش دەخاتە سەر یەك بۆ درێژەدان بەکاروانی خزمەتگوزارییەکان و دانانی بەرنامەی گونجاو بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و لادێکانی کوردستان و هەروەها بوارەکانی پیشەسازیی و نەوت و کانزاکان و گرنگیدانی پێویست بە پەروەردەو تەندروستی و کارەباو رێگاوبان و ئاوو ئاوەرۆ و پێویستییەکانی تری کۆمەڵانی خەڵك .

هەرشادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن .

**برای دڵسۆزتان**

**مام جەلال**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستاش پەیامێکی بەڕێز (ئەیاد سامەڕائی) هاتووە لەگەڵ (عادل عبدالمهدی، تارق هاشمی، نوری مالکی، ئەیاد عەلاوی)کە موختەسەرن ڕێزدار کاك فرسەت سکرتێری پەرلەمان دەیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

معالي الدكتور برهم احمد صالح، رئيس وزراء اقليم كوردستان ـ العراق، يسعدني ان اعرب لمعاليكم ان اعرب عن اصدق عبارات التهاني بمناسبة تسلمكم منصب رئيس وزراء اقليم كوردستان العراق، واننا بهذه المناسبة نتطلع بثقة كبيرة الى ما تقدمون به من دور مهم يرسي دعائم التعاون المشترك لخدمة العراق، سائلين المولى

عـز و جـل ان يـوفقكم في اداء مهـامكم لتحقيـق مصـالح و تطلعـات الشـعب الكوردسـتاني،متمنين لمعـاليكم و الحكومة بالموفقية و النجاح و تقبلوا اسمى اعتباري.

**اياد السامرائي**

**رئيس مجلس النواب - بغداد**

**2009/10/28**

**حضرة الاستاذ برهم صالح رئيس وزراء حكومة اقليم كوردستان المحترم**

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته:

ان اختياركم من قبل رئيس الاقليم المحترم و كسبكم ثقة البرلمان لرئاسة الاقليم لهو شرف عظيم وشهادة اعتزاز وضعت في مكانها المناسب من قبل فخامة الرئيس وممثلي شعب الاقليم لما عرف عنكم من جدية وخبرة وكفاءة ومسؤولية ونزاهة وحيوية عالية في العمل والاداء.. واننا على يقين بانكم ستضيفون لانجازات حكومة الاستاذ نيچرڤان بارزاني انجازات اخرى ينعم بها شعب الاقليم والشعب العراقي كله، فأي نجاح وتقدم لكوردستان هو نجاح وتقدم للعراق كله، واننا على ثقة بان خبرتكم وعملكم الطويل في مسؤولياتكم السابقة، في المعارضة وفي مواقع المسؤوليات في المناصب الرفيعة في الاقليم والحكومة الاتحادية ودوركم القيادي كوردستانياً وعراقياً، بل على صعيد المنطقة والعلاقات الدولية، قد اعطاكم معرفة مفصلة بدقائق الامور والقضايا التي تتطلب حلاً وفهماً عميقاً سيكون سلاحكم في تنفيذ البرنامج الطموح الذي يحظى بقبول البرلمان الكوردستاني، كما سيساعدكم في الوصول الي افضل العلاقات واكثرها دستورية وعدالة وانسجاماً وتوافقاً مع الحكومة الاتحادية وهو امر في غاية الاهمية سواء لحسن وعمل حكومة الاقليم او الحكومة الاتحادية.

**وفقكم الله في مهمتكم لخدمة شعبنا والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

**اخوكم**

**عادل عبدالمهدي**

**نائب رئيس جمهورية العراق**

**بغداد 27 تشرين الاول 2009**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الاخ العزيز الدكتور برهم صالح المحترم**

**رئيس وزراء اقليم كوردستان**

**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

انتهز مناسبة اعلانكم تشكيل حكومة اقليم كوردستان برئاستكم لأعبر عن تبريكاتي وتهانيي العطرة للثقة الغالية التي أولاكم اياها شعبنا في كوردستان متمنياً لكم ولاخوانكم في مجلس الوزراء التوفيق والسداد.

لاشك لدي ان نقلة نوعية سوف تتحقق في كوردستان خلال السنوات القادمة تضيف للنجاحات الكبيرة التي حققها سلفكم السيد نيجرفان البرزاني.

كما اتطلع الى علاقات افضل بين الاقليم والمركز تستهدف المصلحة المشتركة في ازدهار واعمار بلدنا العزيز.

تقبلو من اخيكم تحياته وتمنياته لقيادة الاقليم برئاسة الاخ سيادة مسعود البرزاني والحكومة والشعب في كوردستان.

**مع اسمى اعتباري**

**المخلص**

**طارق الهاشمي**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الأخ الدكتور برهم صالح رئيس حكومة اقليم كوردستان العراق المحترم..**

يسعدني ان اتقدم لكم بإسمي ونيابة عن اخواني في مجلس الوزراء بأصدق التهاني والتبريكات بمناسبة تشكيل الحكومة الجديدة لاقليم كوردستان ـ العراق العزيز على قلوبنا.

نتطلع في مثل هذا اليوم الذي يشهد تشكيل حكومة رئاستكم الى بداية مرحلة جديدة يسودها التعاون والتفاهم والتنسيق بين الحكومة الاتحادية وحكومة الاقليم بما يعزز وحدة العراق وسعادة شعبه وترسيخ العلاقات التي تعزز الوحدة الوطنية وإزالة كل العقبات عبر الحوار والدستور والعمل على كل ما يحفظ المصالح العليا للبلاد ويثبت الأمن والاستقرار ويحقق الرفاه والازدهار لعموم ابناء شعبنا العزيز.

كما نتطلع لأن يعكس التعاون بين الحكومة الاتحادية وحكومة الاقليم صورة مشرقة تليق بالعراق وتجربته الديمقراطية في ظل نظام اتحادي تعددي.

أخي العزيز الدكتور برهم صالح...

لقد عملنا على مدى ثلاث سنوات في حكومة الوحدة الوطنية بروح الفريق الواحد واجهنا خلالها تحديات كبيرة كانت الأخطر في تاريخ العراق الجديد، وكنت فيها أخاً وصديقاً وسنداً وقدمت من خبرتك وجهودك الكثير لخدمة العراق وشعبه.

وعلى الرغم من مرارة المواجهة فان علاقتنا الاخوية ستبقى مما نعتز به لأنها تعبير عن علو الهمة التي ذللت الكثير من الصعوبات، لا نقول خسرنا جهدك في بغداد فهو سيكون بكل تأكيد في خدمة عموم شعبنا في إطار الرؤية الوطنية، وان شعب كوردستان العزيز سيبقى أمانة باعناقنا.

إننا على ثقة تامة بانكم ستواصلون العطاء بنفس الهمة والاخلاص والمسؤولية، وان وجودكم على رأس حكومة إقليم كوردستان يعطي زخماً قوياً للأخوة العربية ـ الكردية ويعزز وحدتنا الوطنية.

نجدد التهنئة لكم وللأخوة الوزراء في حكومة الاقليم سائلين الله ان يحفظكم بما فيه الخير للعراق وشعبه وتعزيز العملية السياسية والتجربة الديمقراطية ويحفظ شعبنا الكريم بكل قومياته ومذاهبه وطوائفه من كيد الاعداء وينعم على الجميع بالأمن والخير والسلام.

كما احيي الاخوة رئيس برلمان كوردستان الاستاذ كمال كركوكي والسادة اعضاء البرلمان وابارك لهم هذا الانجاز متمنياً ان تشهد ساحة كوردستان تعاوناً وثيقاً بين البرلمان وحكومة الاقليم لتحقيق صالح شعبه ورفاهيته.

دمتم أخاً عزيزاً وتقبل منا وافر التقدير والاحترام واخلص التمنيات بالنجاح والتوفيق

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**اخوكم**

**نوري كامل المالكي**

**رئيس وزراء جمهورية العراق**

**2009/10/27**

**الى الاخ الدكتور برهم صالح رئيس وزراء اقليم كوردستان المحترم**

اتقدم بأحر التبريكات بمناسبة تشكيلكم حكومة اقليم كوردستان الحبيب.

ان كفاحكم و المسؤوليات التي قمتم بها في مهامكم الاساسية في مجلس الوزراء العراقي وما قدمتموه من افكار نيرة ستكون بالتاكيد تكريساً لما ستقدمونه في تطوير مجال الخدمات وتحقيق التنمية والامن والاستقرار في كوردستان، كما وانني ارى ان وجودكم كرئيس لوزراء اقليم كوردستان سيكون جسراً متيناً لتوثيق العلاقة مابين كوردستان والحكومة الاتحادية لتصب في علاقة صحية انسيابية خالية من التوترات تقوم على مبادىء واضحة واسس تم اقرارها وتبتعد عن التوترات.

ولعلي بهذه المناسبة المهمة ادعو الحكومة العراقية الى بذل كل مايمكن لتجاوز اي بذور التوتر وان تكون لغة الحوار والبناء والمحبة هي اللغة السائدة لينهض بالتالي العراق كله من الكبوة التي يمر بها ويكون العراق من العراقيين والى العراقيين.

وسأزوركم بإذن الله لتقديم التبريكات الى اخي العزيز ورفيق المسيرة مسعود البارزاني رئيس اقليم كردستان.

**لكم ولزملائكم كل التقدير والتمنيات بالتقدم**

**وفقكم الله ودمتم اخوه اعزاء**

**اخوكم**

**اياد علاوي**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەموولایەکتان، پیرۆزبایی لەهەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە متمانەیان وەرگرت، زۆر سوپاس بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاك مەسعود و ڕێزدار سەرۆکی کابینەی پێنجەم کاك نێچیرڤان بارزانی، خاتوونی یەکەمی عێراق خاتوو هێرۆ، میوانە بەڕێزەکان زۆر سوپاستان دەکەین، سەرکەوتو و سەرفراز بن، خوا ئاگادارتان بێ

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 15\11\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)نائاسایی

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2009/11/15

كاتـژمێر (3)ی پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2009/11/15 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمـارەی (1)ی نائاسـایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شـەممە ڕێكـەوتی 2009/11/15 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ كردن دەربارەی یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق و زیـاد بـوونی ناسروشـتی دەنگدەران بەپێی ڕاگەیاندنی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لە عێراقی فیدراڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەكـەم، خـولی گرێدانی یەكەم، ژمـارەی دانیشـتن (1)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشـتن 2009/11/15، بـەپێی حـوكمی بڕگـە (1)ی ماددە (56) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (1)ی نائاسـایی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (3)ی پـاش نیـوەڕۆ ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 15/11/ 2009دا بـەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆ كردن دەربارەی یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق و زیـاد بـوونی ناسروشـتی دەنگدەران بەپێی ڕاگەیاندنی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لە عێراقی فیدراڵ.

بەڕێزان، دوای دەرچوونی یاسای هەموار كردنی یاسـای هەڵبژاردنـەكانی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق بـۆ ساڵی 2009 و تاوتۆ كردنی ماددە هەموار كراوەكانی یەك بە یەك و ورد بوونـەوە لـە ڕێـژەی زیـاد بـوونی دانیشتوان لـە هـەر هـەژدە پارێزگاكـانی عێـراق و دابـەش كردنـی كورسـیەكانی بـەپێی زیـاد بـوونی ڕێـژەی دانیشتوان لە هەر پارێزگایەك بۆمان دەركەوت كە نایاسایی و ناعەدالەتی و جیاوازی بەرچاوی پێوە دیـارە، هەرێمی كوردستانی عێراق تێدا زەرەرمەند دەبێت، بۆ ئـەوەی هەڵبژاردنـەكان بـە یاسـایی و بـە عەدالـەت ئەنجام بدرێت غەدر لە دانیشتوانی هیچ پارێزگایەك و هیچ تاكێكی ئەم عێراقە نەكرێت ئەم دانیشـتنەمان

ئەنجامدا، لەگەڵ سەرۆك لیست و فراكسیۆن و نوێنەرەكانی ئێوە دانیشتبووین، پێشنیاری ئەوەمان كرد كە ئەم دانیشتنە ئەنجام بدرێت، هەروەها لەو رۆژەش نوێنەری لیستی گۆڕانیش هەمان كات پرۆژەیەكی هێنا بوو كە داوای كرد كە ئەم كۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێتن، بۆیە ئێمە ئەم كۆبوونەوەیەمان ئەنجامداو نامەیەكیش سەرۆكی پەرلەمان ئاراستەی رێزدار سەرۆك كۆماری عێراقی ئیتیحادی كرد لەگەڵ روون كردنەوەیەكی تەواو لەسەر كەموكورتیەكانی یاساكە، بۆ پێداچوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە یاسای هەمواركراوی یاسای هەڵبژاردنەكان تا نایاسایی و نا عەدالەتی لابچێت، ئێستاش دەقی نامەكە بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوێنمەوە لەگەڵ ئەو روونكردنەوانەی كە بۆ بەڕێزی سەرۆك كۆمارمان نارد بوو.

**بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال/ سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ.**

سلاو و رێز...

دوای هەڵسەنگاندنی یاسای هەموار كردنی یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دیاری كردنی ژمارەی كورسیە زیاد كراوەكان و چۆنیەتی دابەش كردنیان كە نایاسایی و نا عەدالەتی پێوە دیارەو هەرێمی كوردستانی عێراق تێدا زەرەرمەند دەبێت، بۆ راست كردنەوەی ئەو هەڵە نایاساییانەو لابردنی ئەم زوڵمە ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان دەنێرین تا ئەمر بفەرموون بە:

1- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دووبارە پێداچوونەوە بە ماددەی یەك بكات.

2- پێشنیازمان ئەوەیە كە رێژەی 5٪ لەماددەی یەكدا زیاد بكرێت بۆ 18٪.

3- لەبەر ئەوەی سەرژمێری گشتی ئەنجام نەدراوە، هیچ ئامارێك جێگای متمانە نییە پشتی پێ ببەسترێت، بۆیە بۆ پاراستنی دادپەروەری لەنێوان هەر هەژدە پارێزگاكانی عێراقدا رێژەی 3٪ كە پێوەرێكی پەسند كراوە لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان و بۆ زیاد بوونی دانیشتوان لە عێراق بكرێت بە بنەمایەك بۆ سەر لەنوێ دابەش كردنەوەی كورسیە زیاد كراوەكان، ئیتر هەر ساغ و سەركەوتوو بن.

**محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی)**

**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**

ئەوە ئەو نامەیە گەیشتە دەست بەڕێزیان، بۆ ئەوەی وردەكارییەكانی تر ئێمە لەگەڵ راوێژكارەكان و لەگەڵ سەرۆكی لیستەكانی ناو پەرلەمانی كوردستان كە پێكەوە بە وردی لە هەموو لایەكەوە تاوتۆمان كردو بیرمان لێ كردەوە، دەبینین بەم شێوەیەو ئەم روون كردنەوەیەش لێرە دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی هەم بەرچاوی ئەو بەڕێزانەی كە گوێیان لێمان دەبێت و دەمانبینن و ئێوەی بەڕێزیش زیاتر روون بێت.

**بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ.**

سلاو و رێز..

دوا بە دوای زیاد بوونی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (323) كورسی، (307) كورسی بۆ پارێزگاكان تەرخان كراوە، (16) كورسی وەك كورسی تەعویزی دەمێنێتەوە، لەو (16) كورسیە

تەعویزییە (8)یان بۆ کۆتا دەچێت، بۆیە تەنها (8) کورسی دەمێنێتەوە بۆ تەعویزی، ڕێژەی زیاد کردنی دانیشتوان لە هەر پارێزگایەك بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق زوڵمێکی گەورەو ناحەقیەکی زۆر بەرامبەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کراوە، بەشێوەیەك کە پارێزگایەکی وەك سلێمانی لە 2005ەوە تا 2009 ڕێژەی دانیشتوانی بایی یەك کورسی زیادی نەکردووە، لەکاتێکدا لە مووسڵ (12) کورسی، لە بەسرە (8) کورسی، لە بەغدا (9) کورسی زیاد کراوە، کەچی لە هەولێر تەنها یەك کورسی زیادی کردووە، لە دهۆکیش دوو کورسی، لە کەرکووکیش (3) کورسی، ئەمەش پێچەوانەی زیاد کردنی سروشتی ڕێژەی دانیشتوان و نادادپەروەری پێوە دیارە، چونکە بەپێی ئەو لیستەی کۆمسیۆنی باڵا رایگەیاندووە دەردەکەوێت هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم هەولێرو دهۆك و سلێمانی، ئەوەی کە ئەمڕۆ لەبن ئیرادەی ئیدارەی سیاسی هەرێمی کوردستانە تەنها سێ کورسیان زیادی کردووە لە کۆی ئەو (77) کورسیەی کە بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق تەرخان کراوە، بەمەش ڕێگەی زیاد بوونی هەرێمی کوردستان ئێستا تەنها (3،89)یە، ئەو پارێزگایانەی زۆرینەی برا سوننەکان پێك دێنن وەکو نەینەوا، دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار (24) کورسییان زیادی کردووە، ڕێژەی زیاد بوونەکە دەکاتە (31،17)، جگە لەو زیادەیەی بەغداش بەسەریان دەکەوێت کە ڕێژەی زیاد بوون لە بەغدا (11،7)ە، ئەو پارێزگایانەی زۆرینەی برایانی شیعە پێك دێنن، بەسرە، زیقار، بابل، نەجەف، واسیت، قادسیە، میسان، کەربەلا، موسنا (38) کورسییان زیادی کردووە، ڕێژەی زیاد بوونیان دەکاتە (49،35)، جگە لەو زیادەی لە بەغدا بەریان دەکەوێت، کە ڕێژەکەی دەکاتە (11،7)، بۆ سوننەو شیعە، بۆ کەرکووکیش زیاد بوون (3،89)یە لەو ڕێژەیەش بەشێکی بۆ برا شیعەو برا سوننەکانمان دەچێتن، بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەو ڕێژانە لەگەڵ عەقڵ و مەنتقدا ناگونجێت، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بە سنووری ئیداری ئێستای تەنها (3،89) زیادی کردووە، کەچی پارێزگای نەینەوا (15،585) زیادی کردووە، لەگەڵ ئەوەش برگەی چواری ماددەی شەش لە یاسای هەڵبژاردنەکان تەواو ناکۆکە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەتی دژە بە ماددەی (140)ی دەستوورەوە، ئەگەر ئەو ڕێژانەی کە باسمان کرد بەراوردی پارێزگاکانی تریش بکەین بە بەغداشەوە لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە دەبینین کە زیاد بوون بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد لە سنووری سروشتیدا، ئەوە دیار دەخات کە دەستکارییەکی بە ئەنقەست لە بەرزکردنەوەی ڕێژەکاندا کرا بێت، بەدەنگ بەرز کردنەوەو دروست کردنی کێشە هەوڵی ئەوە دەدەن کارەکانی خۆیان بشارنەوە، لەگەڵ ئەم نامەیەش هاوپێچ خشتەی دابەش کردنی کورسیەکان بەسەر پارێزگاکاندا بۆ بەڕێزتان دەنێرین، ئیتر هەر ساغ و سەرکەوتوو بن، ڕێژەی کورسیەکانیش لەسەرتانسەری عێراق، لە هەر هەژدە پارێزگاکاندا بەم شێوەیە دابەش کراوە:

بەغدا/ (9) کورسی زیادی کردووە.

نەینەوا/ (12) کورسی زیادی کردووە.

بەسرە/ (8) کورسی زیادی کردووە.

**زیقار/ (6) کورسی زیادی کردووه.**

**بابل/ (5) کورسی زیادی کردووه.**

**ئەنبار/ (5) کورسی زیادی کردووه.**

**دیالە/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**کەرکووك/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**سەلاحەددین/ (4) کورسی زیادی کردووه.**

**نەجەف/ (4) کورسی زیادی کردووه.**

**واسیت/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**قادسیە/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**میسان/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**کەربەلا/ (4) کورسی زیادی کردووه.**

**موسەنا/ (3) کورسی زیادی کردووه.**

**هەولێر/ (1) کورسی زیادی کردووه.**

**سلێمانی/ (سفر). ئەمە جێگەی سەرسورمانە، لێرەوە دەبینیت ئەم ناحەقیە لە خەڵکی کوردستان کراوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان واجبە لەسەری بێتە دەنگ.**

**دهۆك/ (2) کورسی زیادی کردووه.**

**بەڕێزان، ئێستا یاسای هەڵبژاردن دەرچوو، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر هەڵوێستی خۆمان هەبوو، پاشان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆن و لیستەکان پێشنیارمان بۆ لیستی تەحالوفی کوردستانی کرد، دەستخۆشیمان لێ کرد، سوپاسیان دەکەین کە هەوڵیاندا، بەلاَم دوای دەرچوونی یاساکە فێڵەکە لێرە بوو، لە ڕێژەی دابەش کردنی کورسیەکان، پاشان کۆمسیۆن ئیعلانی کردو بلاَو بۆوەو ئەوجا بەدەستی ئێمە کەوت، پێشتر لە دەستمان نەبوو، ئەمڕۆ لە هەموو کوردستان و لەگەڵ تەحالوفی کوردستانی و گشت لایەنە سیاسیەکانی ناو هەرێمی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆن و لیستی زۆرینەو لیستی برا ئیسلامیەکان و شیوعی و تورکمان و کلدان و ئاشووری و هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە، هەموومان یەك هەڵوێستین، ئەوەی پەیوەندی بە گشت لایەنەکانەوە کراوە، ئێستا گوێ لە یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێز دەگرین، بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستی هەموومان بەرامبەر ئەو ناحەقیەو ئەو زوڵمەی لێمان دەکرێت و دەنگمان بەرز دەکەینەوە بەو شوێنە پەیوەندیدارانەو لەو منبەرەشەوە داوا لە ڕێزدار سەرۆك کۆمار دەکەین، کە ئەویش بە دڵنیایی و دڵسۆزانەوە وەکو ئێوەی بەڕێز، ئێستا خەبەرێکمان پێگەیشت، کە سەرۆك کۆمار ئیمزای نەکردووە، چونکە بەیانی خەبەرێك بلاَو کرایەوە کە ئیمزای کردووە، ئێستا خەبەرێکمان پێ گەیشت کەوا دیراسەی دەکات و نامەکان دوێنێ بە دەستیان گەیشتووە، ئومێدەوارین بە هەموومان شتێك بکەین، کە نەهێڵین لە خەڵکی**

کوردستان زوڵم بکرێت، ئێمە نامەوێت زوڵم لە خەڵك بکەین، پێمان ناخۆش نییە خەڵك زیاد دەکات، بەڵام دەمانەوێت زیادێکی سروشتی بێت، بۆ هەموو وەك یەك بێت، ئێمەش پەراوێز نەخرێین.
ئێستا گفتوگۆیەکان دەکەینەوە، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن، دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەین، تکایە هەر کەسێك دەیەوێت قسە بکات ناوی خۆی بڵێت، ڕێزدار سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم حمە بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە موناقەشەو گفتوگۆکانمان تەنها لە روانگەی ژمارە زیاد کراوەکان و کورسیەکانەوە نەبێت، لەڕاستیدا یاسای هەڵبژاردن پەیوەندی بە نەخشەی سیاسی ئایندەی عێراقەوە هەیەو جێکەوتەی هێزەکان لەسەر نەخشەی سیاسی دیاری دەکات، کێشەو قەبارەی هێزەکان لە ئایندەی عێراقدا دیاری دەکات، هەر لە سەرەتاوە کە سەیری دەکەین بەپێی ئەو کورسیانەی کە دابەش کراوە پاشەکشەیەکی گەورە لە وجودی کورد، لە قەبارەی کورد، لە کێشی سیاسی کورد لە بەغدادا دیاری دەکرێت، دەبینین لە قۆناغی پێشوودا، لە خولی پێشوودا لە 21٪و پۆینت شتێك وجودی کورد بووە لەناو پەرلەمانی بەغدادا، بەس ئێستا لە 18٪و پۆینت شتێکە، هەر بە یاسایەکە تەنها بەدەرکردنی یاسایەکە کورد لە 3٪ زیاتری پاشەکشەی کردووە لە رووی سیاسییەوە، ئەمە کاردانەوەو ئاسەواری دەبێت لەسەر بودجەی هەرێم، کاردانەوەو ئاسەواری دەبێت لەسەر دەسەڵاتی هەرێم، کاردانەوەو ئاسەواری دەبێت لەسەر قورسایی هەرێم لە ئایندەی عێراقدا، لەبەر ئەوە پێم باشە گفتوگۆیەکان تەرکیز نەکرێتە تەنها سەر زیاد بوون، یان کەم بوونی کورسیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە گفتوگۆ هەر کەس رەئی خۆی دەدات، رجائەن رەئی خۆت بدە لەبەرامبەر یاسایەکە، بەرامبەر زیاد بوونەکەی چیت لەلا پەسندە ئەوە بدە، تکایە بەڕێزانیش وەکو جەنابت، وەکو من ئازاد بن لە قسە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی هەرێم بێتە ناو ئەم مەوزوعەوە، چونکە بەپێی دەستوور کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم لەڕێگای سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەبێت، سەرۆکایەتی هەرێم هاوتا لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بێنە سەر خەت لەسەر ئەم مەوزوعە، چونکە تەنها و تەنها بە پەرلەمان وانازانم مەوزوعەکە چارەسەر بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر لە رێگای جەنابتانەوە، لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە یاداشتێك، داواکارییەك بە سەرۆکایەتی هەرێم بدرێت، بۆیە ئەوەی ئەوانیش چونکە رایەڵی دەستووری نێوان هەرێم و بەغدا، سەرۆکایەتی هەرێمە.

خاڵێکی تر، ئێمە یاداشتماندا لە قۆناغی پێشوودا، لە کۆبوونەوەی پێشوودا یاداشتێکماندا بە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، ئیلتیزامی پێوە نەکرا تا حەددێکی زۆر، ئێستا ئێمە جارێکی تر دادەنیشینەوە موناقەشەی لەسەر دەکەین، ئەگەر ئیلتیزام نەکرا هەڵوێست چیە؟ پەرلەمان هەڵوێستی چی دەبێت لەبەرامبەر ئەو ئیلتیزام نەکردنەی نوێنەرانی کورد لە بەغدادا بەرامبەر ئەو یاداشت و داواکارییانەی کە پەرلەمان ئاراستەی دەکات؟

خاڵێکی تر، حەز دەکەم قسەی جددی لەسەر بکرێت پاڵنەرە سیاسیەکانی پشت رەزامەندی هاوپەیمانی لە بەغدادا لەسەر ئەم یاسایە چیە؟ ئێستا دەیبینین یاساکە کەلێنی گەورە گەورەی تیایە، کەموکورتی زۆری تیایە، وەزنی کوردو کێشی کورد لە بەغدا بەرەو لاواز بوون دەبات، کەرکووك خستۆتیە بەردەم ئەگەرێکی مەترسیدارەوەو رەوتی دیموکراسی و ئاراستەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقیدا کە تاقە سەرمایەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بریتییە بە دیموکراسیەت کردنی عێراق، بۆ ئەوەی بتوانێت قورسایی خۆی بخاتە سەر مەرکەز، ئێمە خەریکە لە رێگەی یاساکەوە رەوتی دیموکراسی جارێکی تر پاشەکشەی کردووەو بە ئاراستەیەکی مەترسیدارەوە دەڕوات، بە نموونە دەڵێم لەناو یاساکەدا هاتووە دابەش کردنی کورسیەکان جارێ (16) کورسی کە دانراوە بۆ مەقعەدی تەعویزی لە سەرتانسەری عێراقەوە بە ئەورووپاشەوە (8)ی دانراوە بۆ کۆتا، (8)ی دەمێنێتەوە، ئەم (8)ە لە ئەورووپادا کورد دوو سەد تا سێ سەد دەنگی دەبێت، لێرەوە دەنگی کورد بەرەو فەوتان دەڕوات، چونکە توانای مونافەسەی نییە، حزبە گەورەکان و کوتلە گەورەکان دەتوانن مونافەسە ببەنەوە لەوێ کە دەکەوێتە بەردەم بەغداو ئەوانە، لە دابەش کردنی کورسیەکاندا لە دائیرە ئینتیخابیەکاندا، هەر دائیرەیەکی ئینتیخابی کورسی تەنها بۆ حزبە گەورەکان ئەوەی کە دەمێنێتەوە کەسرەکان مەقاعیدی شاغیر دەدرێت بە کوتلە فایزەکان، لێرەوە دەکرێت ئەمە وەکو ئینقیلابێك وایە بەسەر تەعدودیەتدا دەکرێت لە عێراقدا کامە سوود بۆ کورد دەبێت، ئەگەر تەعدودیەتی سیاسی حاصل بکرێت لە حزبە گەورەکاندا، ئەگەرەکانی ئایندە روو لە کوێ دەکات؟ لەبەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردن بڕگەیەکی تیایە کە باسی دابەش کردنی مەقاعیدی شاغیر دەکات بەسەر کوتلەکاندا، کوتلەی فائیزە ئەگەر ئەمڕۆ لە کوردستاندا، یان لە عێراقدا حزبە بچووکەکان زەرەری لێ دەکەن، پێموایە لە قۆناغی داهاتوودا ئەگەرێکی مەترسیدار چاوەڕێی ئەزموونی سیاسی هەرێم دەکات لەگەڵ بەغدادا.

خاڵێکی تر، ئێمە داتاو زانیاریەکان لەبەردەستماندابوونایە بەتایبەتی لە رێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە، ئەم کورسیانە ئێمە دەڵێین زوڵممان لێ کراوە، داتاو زانیاریەکان چین کە ئەو زوڵمەیان کردووە؟ لەسەر ئێمە دەبوو وەکو حکومەت، وەکو وەزارەتی پلاندانان ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستماندابوونایە عەرزمان بکردایە، بۆ ئەوەی جەماوەر، بۆ ئەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان هەموو بیانزانیبوایە، ئێمە مەبنا لەسەر ئەم مەعلوماتەی کە هەمانەو لەبەردەستماندایەو لەبەردەستی حکومەتی مەرکەزیشدایە هەمان داتا هەیە، نوێنەرانی کورد دەبوو لە بەغدادا ئەم داتایانە لەبەردەستیان بوونایە، بۆ ئەوەی بەسەریاندا تێ نەپەڕێت،

من لێرەوە قسەیەك دەكەم، یەعنی پرسیارێك دەكەم، ئایا ئەگەر ئێمە وەكو پەرلەمان یاداشتێكماندا بە نوێنەرانی كورد لە بەغدا ئیلتیزامی پێوە نەكرا، ئەگەری ئەوە ناكرێت پاڵنەری سیاسی تر هەبێت لەوەی هاوپەیمانی لە بەغدا بەسەریان تێپەڕیوە ئەم یاسایە؟

ئاخیر پرسیارم ئەوەیە ئاراستەی جەنابتان دەكەم خیاری دوای نامە ناردن بۆ سەرۆكایەتی كۆمار لەبەردەم پەرلەماندا چیە؟ سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز پێویستە هەندێك پرسیاری هەبوو وەڵام بدەینەوە، پێش ئەوەی بڕۆین، تكایە یەكەم تەركیز بكەنە سەر هەموار كردنی یاساكەو رێژەی زیاد بوونەكە، بیروبۆچوونتان ئەگەر كۆنكرێتیش هەبێت، بەنووسراویش هەبێت پێمان بڵێن سوپاستان دەكەین، بەنیسبەت فەرمووت سەرۆكی هەرێم ئەم هەڵوێستە وەربگرێت، بۆ معلوماتی هەمووتان من پەیوەندیم لەگەڵ رێزدار سەرۆكی هەرێم لە دەرەوەیە، لەگەڵ تەحالوفی كوردستانیش لە بەغداش لە پەیوەندیداین و پێش یاسایەكەش دەربچێت تەئكیدی كردۆتەوە، گوتی نەهێڵن زوڵم لە كوردستان بكرێت، نەهێڵن فێڵتان لێ بكرێت، نەهێڵن وەزعێكی ئیستیسنائی بۆ كەركووك بێتە كایەوە، ئەوانی تر خۆتان چۆن موتەفیقن ئێمە مانعیمان نییە، بەلام نابێ زوڵم لە كوردستان بكرێت، نابێت وەزعێكی نالەبار بۆ كەركووك دابنرێت، ئەوە رەئی ئەو بەڕێزەیە، بەنیسبەت هەڵوێستمان بەرامبەر ئەوەی بۆ جەنابی سەرۆك كۆمار ئەو نامەیەمان ناردووە، سەرۆك كۆمار سەرۆكی لایەنێكی سیاسی بەهێزە لەناو كوردستان و هەڵوێستەكەمان خستۆتە بەر دەستی، ئەویش دیراسەی دەكات، باوەڕ ناكەین هەڵوێستی نەبێت، چونكە هەڵوێستی پەرلەمانی كوردستان بۆ هەموو كوردستانیەك موهیمە، بۆ پرسە هەستیارەكان لێرەوە بڕیار دەدرێتن، تەحالوفی كوردستانیش برای ئێمەن، لەوێ هەوڵ دەدەن تەوەقوع دەكەن، ئەوانیش لەبن زەختێكی زۆرن، كەموكورتی لە هەموو شوێنێك هەیە، لێرەش هەیە، لەوێش هەیە، لە جێگایەكی تریش هەیە، بەلام ئێمە ئەمڕۆ، ئێستا وەكو تیمێك هەمووومان حەرەكەت دەكەین، چۆن ئەو نەقصانە چاك بكەین؟ ئەوەی بووە، هێشتا مەجال ماوەو یاسایەكە پەسند نەكراوە، ئەگەر رێزدار سەرۆك كۆمار دەتوانێت ڤیتۆی بكاتن، ئەو خاڵانەی كە پەرلەمانی كوردستان داوای دەكات، دووبارە دەچێتەوە پەرلەمان، یەعنی بە هەمووومان دەتوانین، عێراق عێراقێكی تەوافوقییە، تەنها بە یەك لایەن، یان دوو لایەن ناچێتە سەر، بەپێی دەستووری عێراقی، كوردیش وەزنی خۆی هەیە، لەبن زەختیش بوون، ئێمە دەبێت زەخت قەبول نەكەین، زەختی هیچ لایەنێكی دەرەكی قەبول نەكەین، ئەگەر بزانین ناقانونییەو زوڵممان لێ دەكرێت، ئەگەر قەبولی نەكەین، رێزدار كاك صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەڤە كو هاتە كرن نیسبەتا میللەتا كورد، كۆدەتایەك دژ میللەتا كورد هاتیە كرن، بەس خودێ تە ئەلبەنا نابێ دیموكراسیە، جارێكی وان سەر چ ئەساسێكی وان ئەڤ رێژە دانێ گشت ئیحصا لە عێراقێ

نەهاتیە کرن و ئەڤ نسبە بۆ ئەژمارێ هاتیە دانان، ئەگەر بەرێ خۆ بکەینە عەدالیەتیا بەنیسبەت ئەژمارێ کورسیا هاتیە دانان پارێزگا سلێمانێ و دهۆك و کەرکووك هەرسێت بنا سێ کورسی، بـاژێری مووسـڵ (19) کورسیا بویا (31) کورسی، ئایا ئەوە چ عقلیەتێك دێ قەبیل دکاتن لـە سێ موحافـەزە، سێ کورسـی بێنـە زێدە کرن، ئول باژێرێکی وەکی مووسڵ کە دیبا خەلکی وێش هاتیا دەربـەدەر کـرن و هاتیـە کوردسـتانێ و یەکیا دەرڤا (12) کورسی بۆ بێنە زێدە کرن، ئـەز پێشـنیار دکـەم ئەگـەر عەدالـەتی هەیـە و بەڕاسـتی ئـەڤ زوڵمە کو بێ دەرهەقێ میللەتا کوردە کرن، دەبێ ئەوە ئاشکرا کـرن ئـەڤ ئەعقلیـەتا شـۆڤێنی و راهپەرسـتیا عەرەبی بەرامبەرێ کورد هێشتا یا خویەو ئاشکرایە، ئەگەر راسـتە عەدالـەتیـەك، یـا دادپەروەرییـەك هەیـە بلا سێ کۆما پێنج لە سەدێ بۆ هەر هەژدە موحافەزاتێ عێراقێ بێتە دەست نیشان کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ لەسەر یاسایەکە، من پێشنیار دەکەم یەك لەو پێشنیارانەی کە ڕەوانـەی دەکـەین بـۆ سـەرۆکایەتی کۆمـاری عێـراق، هـەموار کردنـی، یـا بـابڵێین گـۆڕینی مـاددەی یەکـەم ئـەوەی کـە تایبەتە بە کورسییە تەعویزییەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی کەم کردنەوەی کورسی تەعویزی لە عێراق، واتـا کەم کردنەوەی فراوانی بەشداری سیاسی لە عێـراق، ئەمـە رێگـرە بـۆ گەشـەی دیموکراسـی لـە عێـراق، واتـا ئەمە رێگر دەبێت لەوەی کە موشارەکەی سیاسی لە عێراقدا کەم بێتـەوەو تـەنافوس لەموشـارەکەی سیاسـی لەنێوان پارێزگاکاندا، لەنێوان کوتلە سیاسیەکاندا کـەم بێتـەوە بـۆ زیـاتر روونـی و بەرچاوی، ئەگـەر ئێمـە بەراوردێك بکەین لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دەبینین لەبەر ئەوەی موشـارەکەی سیاسـی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا زیـاد بـوو، هـەرێمی کوردسـتان خـۆی کوتلـە سیاسـیەکانی تـوانی لـە کورسـییە تەعویزییـەکان ژمارەیەکی زۆری بەرچاوی ئەو کورسیانە بەدەست بهێنێت، بەڵام کەم کردنەوەی کورسـییە تەعویزییـەکان بە رێژەی (37) کورسی، واتـا لـە (45) کورسـی کـەم کراوەتـەوە بـۆ (8) کورسـی، ئەمـە مانـای بـەر تەسـك کردنـەوەی دیموکراتییـە، مانـای ئەوەیـە کـەوا هـەل نارەخسـێنرێت بـۆ ئـەوەی کـەوا عەمەلیـەی سیاسـی، بەشداری سیاسی لە عێراقدا وەکو یەك بە یەك ئاست گەشە بکات. ئەگـەر یاسـاکە تێپـەڕێنرا مـن پێشـنیار دەکەم کەوا کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان و نوێنەرانی کوردو کوتلەی یـەکگرتووی ئیسـلامی لـە کوردسـتان لە پەرلەمانی عێراق هەردوولا پێکەوە لەسەر چەند خاڵێك کار بکەن:

یەکەم/ بانگهێشت کردنی وەزیری بازرگانی عێراق، بۆ ئەوەی وردەکاری زیـاتر بخاتـە بەرچـاوی ئەنـدامانی پەرلەمانی عێراقیەوە سەبارەت بەو ئامارەی کە داویەتی بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

دووەم/ ئێمە هەمووومان دەزانین لەماوەی چوار سـاڵی رابـردوو، لـە باشـوورو ناوەڕاسـتی عێراقـدا کۆمـەڵێك پرۆسە هەبوون بوونە هۆی راگواستنەوەو کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك، لە کاتێکدا دەبیـنین ئێسـتا

ئەو ئامارەی لەبەردەستدایەو ئەو ئامارەی کەوا خراوەتە بەردەستی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئارامی لەو مەنتیقەیە هەبووە، بەپێچەوانەوە کێشەی کۆچکردن نەبووە، کێشەی کوشتنی بە کۆمەڵ نەبووە، لەکاتێکدا واقیعەکە وا ناڵێت، بەپێچەوانەوە لە هەرێمی کوردستان ئارامی سیاسی هەبووەو ئاسایش هەبووە لەبەرامبەردا دەبینین زیاد بوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە هیچ جۆرێك ئاماژەی پێ نەکراوە، بەواتای ئەوەی کەوا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاد نەبووە، لەکاتێکدا بەشێك لەو کەسانەی کەوا کۆچیان کردووە لەناو عێراق بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشوور بەشێکی زۆرییان بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە ماوەی رابردوو خرابوونە روو لە وەسائیلی ئیعلامدا، زۆربەیان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان کۆچیان کردووە، ئەمە نیشانەیەکی پرسی زۆر گەورەیە بەرامبەر بە ئەو ئامارەی کە خراوەتە بەردەست کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان. هەر تایبەت بە ئەو کۆتایەی کە پێشنیار کراوە، من پێشنیار دەکەم کەوا کۆتای برا مەسیحیەکان لە هەولێر زیاد بکرێت لە کورسیەکەوە بۆ دوو کورسی، چونکە برا مەسیحیەکانمان لە بەغدا، لە مووسڵ، لەو شوێنانە هەموویان بەزۆرە ملێ راگوێزراون و کۆچیان پێ کراوە، تووشی کوشتن و بڕین هاتوون، زۆربەی ئەو برا مەسیحیانە لە کوردستان نیشتەجێ بوون، بۆیە من داوا دەکەم یەکێك لەو پێشنیارەی کە دەیکەین ئەو بابەتە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە دەزانین لە بەغدا نوێنەرانمان هەم فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی و فراکسیۆنی یەکگرتوو ئەو ماوەیە زۆر بە دڵسۆزانە کاریان کرد، لە یاسایەکەش هەندێك بڕگەو بابەتیان لادا، ئەگەر بمابایەوە وەزعەکە خراپتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری یاسایەکە بکەین دەبینین جگە لەوەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا سەبارەت بە مەسەلەی زیاد بوونی نائاسایی رێژەی دانیشتوان لە خوارووو ناوەڕاستی عێراق، هەروەها مەسەلەی کورسی تەعویزی، دەبینین سەبارەت بە مەسەلەی دانانی کۆتاش بۆ ئێزیدییەکان، دیسان بە رەئی من لەوێشدا زوڵمێك لە ئەوان کراوە، هەروەها جیا کردنەوەیان بۆ خۆی لەوەی کە تایبەتمەندیان پێدراو لەگەڵ کورد لە رووی ستراتیجیەوە مەسەلەیەکی حەساسە، دەبێت ئێمە هەڵوێستی زیاتری لەسەر وەربگرین، ئیتر چەند ساڵ ئێمە کارمان لەسەر کردووەو خۆشیان بە شانازییەوە باسی کورد بوونی خۆیان دەکەن، بەڵام لەوێ ئەو جیاکارییە لە رووی نەتەوەییەوە پرسێکی هێناوەتە گۆڕێ، کە لەڕووی ستراتیجیەوە بۆ ئێمە مەسەلەیەکە لە زۆر لایەنەوە پێویستە لەسەری بوەستین و لە ئایندەدا رەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، جگە لەوەش ئەوان لەوانەیە لەڕووی رێژەی ژمارەی دانیشتوانی ئەوان، هەروەها ئەو زوڵمە تاریخیەی لێیان کراوە دەبوو لە کورسییەك زیاتر بۆیان تەرخان کرا بوایە، ئەگەر جیاش کرابوو، کە نەدەکرا جیا کرابوایە.

خاڵێکی تر، ئەوەی پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەیە، ئەگەر سەیری یاساکە بکەین دەبینین لە ماددەی شەش بڕگەی یەکدا، بۆ دروست کردنی گومانەکە، کە لە هەر پارێزگایەك گومان هەبێت لە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، هەر لەوێ کەرکووك ناوی بە وازیحی هاتووە، بەس لە بڕگەی دووەمدا بۆ ئەو پارێزگایانەی کە دەڵێ گومان هەیە کۆمەڵێك ئیجرائات و ڕێکاری یاسایی دانراوە، کە هەموویان ئیجرائات و ڕێکاری تەعجیزین، بۆ ئەوەی دوای هەڵبژاردن بۆ سەلماندنی ئەم شك و گومانە لە پارێزگاکان کە لەوێ ناوی کەرکووك نەهاتووە، دیسان بە مانا سلبیەکەی بۆ ئێمە هەلاوێردراوەو ئیستیسنا کراوە، لەوێدا دەبینین ئەو ڕێکارانە بەشێوەیەك داڕێژراوە، کە زەحمەتە لەسەر زەمینی واقیع جێ بەجێ ببن، لە بڕگەی سێیەمدا دیسان باسی ئەوە کراوە کە لیژنەیەك پێك دەهێنرێت، ئەم لیژنەیە ئەگەر سەرەنجام هەموو لایەنەکان کۆ بکەیتەوە پێك دێت لە حەوت کەس، لەوێدا تەنها یەك نوێنەرمان دەبێت وەکو کورد، لەوێشدا باسی ئەوە نەکراوە کە کاری لیژنەکە بە تەوافوقی دەبێت، کە بە تەوافوقی نەبوو، کەواتە بە ئەکسەریەت و ئەقلیەت دەبێت، دیسان لەوێش هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە، لە بڕگەی چوارەمدا ئەوەی کە زۆر گرنگە لەسەری بوەستین، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت ئەو هەڵبژاردنەی لە کەرکووك دەکرێت، نابێتە سابیقەو پێشینە لە روو بۆ هەڵبژاردنی ئایندە، بۆ حوکمدانی سیاسی و یاسایی لە ئاییندەدا، کە ئێمە دەزانین لە رابردوودا، هەتا لەسەردەمی دیمستۆراشدا کاری لەسەر مەسەلەی کەرکووك و ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەر هەیە کرد، تێگەیشتنێکی وای هەبوو کە هەڵبژاردنی ئەو ناوچانە بکرێت بە بنەمایەك شەرعیەت دروست بکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا مەسەلەکە چۆن یەکلا دەبێتەوە، ئەمەش دیسان خاڵێکە بەڕاستی پێویستی لەسەر وەستانە، من پێموایە برادەرانی ئێمە لە بەغدا مولتەزیم بوون بە پەیامە سیاسیەکەی سەرکردایەتی، یان بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی، لە رووی نەتەوەیی، لە رووی یاساییشەوە، بەڵام لەوێدا خەلەلی گەورە بە رەئی من ئەوەیە، تا ئێستا بەتایبەتی لە پەرلەمان، لە عێراقدا لەسەر ئاستی دەرکردنی بڕیار، وەرگرتنی یاساکان و دەرکردنی یاساکان، تا ئێستاش لەسەر بنەماو مەبدەئی زۆرینەو کەمینەیە، لە وڵاتێکدا کە ئەزمەی سیقەی سیاسی هەیە، کە بێ متمانەیی هەیە، کە تەعدودیەت هەیە، بەتایبەتی کە ئەزمەی سیقە هەبوو لەنێوان لایەنەکاندا مەجال دەڕەخسێت، بۆ ئەوەی فرتوفێڵ و موراوەغەو تەکتیك کردن بچێتە ناو یاساوە، لەوێشەوە لە ڕێگای زۆرینەو کەمینە تێپەڕێنرێت، بۆیە بە رەئی من خەلەلی گەورە لەوەدایە کە لەناو پەرلەمانی عێراقیدا مەسەلەکان بەتایبەتی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی باڵای هەموو لایەنەکانەوە هەیە، پێویستە پێشینە بە تەوافوق بکرێت، بەڵام لە هەموار کردنی ئەم یاسایەدا، من پێموایە مەسەلەی تەوافوق دەبوایە زیاتر بایەخی پێدرا بوایە، جددی تر کاری لەسەر کرا بوایە، مەسەلەکە نەهێڵرا بوایە بۆ زۆرینەو کەمینە، بەهەر حاڵ ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە لەسەر شتی عەمەلی بکەین، کە لە ئێستاو لە ئاییندەدا چی بکەین؟ بە رەئی من هەوڵدان بۆ ئەوەی سکاڵای خۆمان بگەیەنین بە دادگایی دەستووری یەکێکە لەو ڕێکارە یاساییانەی کە دەبێت ئێمە بیری لێ بکەینەوە.

خاڵێكی تر، ئەوەیە ئێمە لە ئاییندەدا پێویستیمان بە دەزگایەكی لە رووی پێكهاتەوە فەعال و چوست و چالاك بێت، كۆمەڵێك خەڵكی موختەسی تێدا كۆ بكرێتەوە، بۆ ئەوەی لە بەغدا كار بكات لەسەر ئەم مەسەلانە، دیراسەیان بكاتن لە كاتی پێویستدا هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان و لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێم و لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بكات.

خاڵێكی تر، لەوانەیە بۆ ئاییندە باش بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەو ئاراستەیە باشتر كار بكەین، پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە لە پەرلەمانی بەغدا لیژنەیەكی تەنسیقی هاوبەش پێك بهێنرێت، كۆمەڵێك ئەندام پەرلەمانی خۆمان لەگەڵ كۆمەڵێك ئەندام پەرلەمانی خۆمان لە نوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان لە پەرلەمانی بەغدا بە یەكەوە لیژنەیەكی تەنسیق و هاوبەش دروست بكەن، كە بڕیار بدەن ماوە ماوە....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كاك عومەر زۆر سوپاس، ئێستا چی بكەین؟ نەك بۆ موستەقبەل، لەسەر ئەم یاسایە، لەسەر ئەم زیادەیە، هەڵوێستی ئەم بەڕێزانە چی بێتن، بۆ ئەوەی وەختێكی تر دادەنیشین بیرو رای خۆمان ئاڵوگۆڕ دەكەین، سوپاس، كاك فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم جۆرە حەرەكاتانەی لە ناوەندی بەغداو، لە پەرلەمانی بەغدا هەر ساڵ و بە نەوعێك، هەر جارەو بەشێوازێك بەدەردەكەون، ئێمەی گەلی كوردستان وا لێ دەكات كە بیر لە مەسەلە ئەساسیەكانی خۆمان نەكەینەوە، هەمیشە بیر لە پووچەڵ كردنەوەی ئەو موئامەرانە بكەینەوە كە لێمان دەكرێت، جارێك دەبێت رەدی راپۆرتی بێكەر - هاملتۆن بدەینەوە، رۆژێك دەبێت رەدی گروپی 22ی تەمموز بدەینەوە، ئەوانە بەڕاستیەكەی شتی سەیرو سەمەرەن، هەتاكو ئێستا ئێمە نەخۆمان، نە خەڵكی كوردستانیشمان تێ نەگەیاندووە، ئایا عێراق عێراقی شەراكەتە؟ عێراقی كوردو عەرەبە؟ عێراقی فیدراڵە؟ یان عێراقی دەسەڵاتی ناوەندییە لە بەغداو بڕیار دەربكەن وەكو جاران ئێمە تەنفیزی بكەین، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەكەم ئێمەی گەلی كوردستان، ئێمەی پەرلەمانی كوردستان داوا بكەین كە سیاسەتێكی وازیح، سیاسەتێكی روون لە عێراق هەبێت، كە ئێمە هەمیشە لە رەت كردنەوەو لە پووچەڵ كردنەوەی ئەو موئامەرانە نەبین، كەوا لەسەرمان دەكرێت لەناوەندی بەغدا، دیارە زۆر لە هەڤاڵان و لە برادەران بینویانە، ئەمشەو یەكێك لە پەرلەمانتارانی عێراقی داوای ئەوەی دەكرد كەوا هەموو دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان رەفز بكرێت، ئەمانە بەڕاستیەكەی شتی سەیرو سەمەرن، چونكە عێراق كورد بنیاتی ناوەتەوە، بۆیە من هیوادارم ئێمە بتوانین سیاسەتێك لە عێراق سابت بێت و دابمەزرێ، كەوا ئیتر ئێمە هەمیشە رەدی ئەو موئامەراتانەو پلانانە نەدەینەوە، كەوا لە عێراقە، چونكە لە عێراق هەتاوەكو ئێستاش ئەگەر بێتە عێراق زۆرینەو كەمینە بە حەقیقەت ئێمە زەرەری تیا دەكەین، چونكە

عێراق عێراقی کوردو عەرەبە، ئێمە نەتەوەیەکین لە عێراق تایبەتمەندی خۆمان و خصوصیاتی خۆمان و وەزعی خۆمانمان هەیە لە عێراقدا، بۆیە هیوادارم بتوانین، چونکە ئەو یاسایە کە لە بەغدا دەرچووە پێچەوانەی هەموو یاسای هەڵبژاردنە، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین ئەوانەی کە یاسایەکەشیان تەصدیق کردووە لە بەغدا زۆر باش دەزانن لە هەرێمی کوردستان بە سەدان هەزار ئاوارە لەکۆماری ئیسلامی ئێران و لەناوچەکانی ترەوە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ناوچەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق بە هەزارەها کوژراون و بە سەدان هەزاریش چوونەتە دەرەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر، لەهەمان کاتدا ڕێژەی کورسییەکانی ئەوان زۆر زیادی کردووە، ڕێژەی کورسی لە هەرێمی کوردستان زیادی نەکردووە، بۆیە ئەمانە کۆمەڵێك موئامەرەی روونن بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێت، هیوادارین ئێمە بتوانین هەڵوێستێکی سابت و دیراسەتێکی سابت دروست بکەین لەناوەندی بەغداو خەڵکی کوردستان چیتر چاوەڕێی ئەو هەموو موئامەرەو پلانانە نەکەن کە لێی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەو کەسانەم کە بەرامبەر ئەو ناعەدالەتی و ناسروشتیەی کە دەیبنین لە ڕێژەکاندا هەر ئەوە بوو هۆیەکەی کە بە پەلە کوردستان وای بڕیاردا کە پەرلەمان کۆ ببێتەوەو قسە لەو بارەیەوە بکات، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین لەو (48) کورسیەی کە زیاد بووە، بەڕاستی پێنج کورسی، یان شەش کورسی بەر هەرێم کەوتووەو، ئەگەر سێی بۆ کەرکووکیش لەگەڵ خۆمان حیساب بکەین و دوو بۆ دهۆك و یەك بۆ هەولێر، سلێمانیش هەر هیچ، ئەوە هەر بە وازیحی دیارە، ئەگەر هەر کەسێك تەماشا بکات دەزانێ ناعەدالەتی تیایدا، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر لەو بارەیەوە زۆر لە ڕۆژنامەکان و دنیا هەمووی باسی دەکات ئەو شتە ئێمە زۆر لەسەری ناڕۆین، بەس من چەند پێشنیازێکم هەیە بە چەند خاڵێکی کورت، ئەگەر تەماشا بکرێت:

یەکەمیان/ بەرپرسیەتی ئەو کەموکورییەو ئەو دنیا شڵەژاندنەی کە ئێستا بووەو نیگەرانی هزری هەموو کوردێکی پاکە لەناو کوردستاندا دەگەڕێتەوە مەسئوولیەتەکەو بەرپرسیەتیەکەی بۆ وەزارەتی بازرگانی، لەبەر ئەوە بە پەلە هەروەکو لێرەدا برای بەڕێز کاك عومەر فەرمووی بەدواچوونێك هەبێت بۆ ئەو کارە.

دووەم/ لیژنەیەك دروست بکرێت، ئەو لیژنەیە تەماشا بکات خەلەلەکە لە چیدایە، لەچیدایە ئەو خەلەلانە وای کرد ئەو ڕێژانە بەم شێوە سەیرو سەمەرانە بێتە کایەوە، کە ئەگەر پێنج ملیۆن کەس زیاد بووە، هەروەکو عەقل دەیڵێت دیارە هەموو بە گەورەیی لە دایك بوون و خەڵك نەبووە لە دایك ببێت وەکو لە شارێکی سلێمانی کە ڕێژەی دانیشتوانی لە هەرێمی کوردستان ئەگەر تەماشا بکەین ئێستا وابزانم ڕێژەکەی لە هەمووی زیاترە، ئینجا سفرێکی لێدراوە، جا وشەی ئیستیسنا لە کەرکووك لابرێت هەروەکو

ئەوانی تر، ئێمە لەگەڵ ئەو خاڵەین، ئەوەی کە دیاریشە برایانی مەسیحی لە دەرەوەی وڵات زۆر حیسابیان بۆ نەکراوەو وردبینیەکی تر بکرێتەوە بەوانەی کە هەشە، من ئەوەی تێدا تێبینیم هەیە لەبارەیەوە، ئەوە خاڵەکان بوو کە من لەلام گرنگ بوو، هەتا ئەو رۆژەی کە کوردستان تیایدایەو دنیا تیایدایە، بەڕاستی بەرپرسیەتیەکی گەورە هەیە بەرامبەر پێشێل کردنی مافەکانمان، جارێکی تر دووەم و سێیەم جار لە بەغدا، لەبەر ئەوە هەموومان وا تەسەور دەکەم من بەناوی هەمووان قسە ناکەم، بەس وەکو کوردێك قسە دەکەم کە مێژوو لەگەڵمان حیساب دەکات، ئەگەر ئێمە هەڵوێستمان نەبێت بەرامبەر ئەو نا عەدالەتیەی کە بەرامبەر دڵسۆزترین بەشی دووەم لەناو عێراقدا کراوە کە کوردە، ئەگەر کورد نەبوایە، ئێستا عێراق لەو رێژەیە نەبوو، لەو کارە نەبوو کە ئێستا تیایەتی هەموو دنیا حیسابی بۆ دەکات، کاتێك عەرەبە شۆڤێنیەکان ئیشیان پێمان دەبێت لەناو هەڵبژاردندا جوان دەنگمان دەدەنێ و لەگەڵمان دەستکاری بەو دەرەجەیە ناتوانن بیکەن، کاتێك کە ئیشیان پێمان نەبوو بە کەیفی خۆیان دەتوانن رێژەکان زیاد بکەن و کەمی بکەن لە ژێر دەستیان، وابزانم ئەوە هیچ مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست ئەمە قەبول ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك دکتۆر جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت تەنها لەسەر جانبە سیاسی و نەتەوەییەکە زیاتر قسە بکەم، کەمتر بگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی نسبەو رێژەو ژمارەی کورسیەکان، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێت کە قسە کردنەکە پێویست دەکات ئاماژەیان پێ بکەم، ئێمە وەکو کورد لە ساڵی 2005ەوە دەزانین لەو هەڵبژاردنانەی ساڵی 2005ەوە تاوەکو ئەم لەحەزەیە لەکۆی (275) کورسی (58) کورسیمان بە کۆی لیستە جیاوازەکانی کوردەوە هەبووە لە بەغدا، واتا لەنێوان بە نیسبە یەك لەسەر سێ بۆ یەك لەسەر چواری کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشی کورد بووە، لەسەر ئەو بنچینەیەش، ئێمە لەسەر ئەساسی ژمارەی ئەو کورسیانە پۆستە سیادییەکانمان لە عێراق وەرگرتووە، وەزارەتی سیادیمان وەرگرتووە، جگە لەوە لە باڵیۆزخانەکان و سەفارەکانی دنیاشدا نوێنەرانمان موشارەکەیان پێ کراوە، بەلام ئێستا لە کۆی ئەو (325) کورسیەی ئێستا بەپێی هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەصدیق کراوە، بەپێی ئەم هەموار کردنە لە باشترین حاڵەتدا ئێمە یەك لەسەر سێ و نزیکترین یەك لەسەر چوارەوە لەباشترین حاڵەتدا دەگەینە نزیکەی یەك لەسەر شەش، کە ئەمە نسبەیەکە بەڕاستی غەدرێکی گەورەیە لە رووی نەتەوەیی و لە رووی سیاسی و لە رووی دیموکراسیشەوە دەرهەق بە مافە نەتەوەییەکانی ئێمە دەکرێت وەکو گەلی کوردستان، پەسند کردنی هەموار کردنی ئەم یاسایە لە بڕوای مندا غەدرێکی نەتەوەییە دەرهەق بە مافە نەتەوەییەکانی ئێمە دەکرێت، پێویستە ئێمە بپرسین، بەرپرسیار کێیە لە و ناحەقیەی دەرهەق بە کورد کراوە؟ ئێمە هیچمان رەنگە ئەو پەرلەمانتارەی سەرجەمیان کە لێرە دانیشتوون هیچمان

لەوەدا ناکۆك نەبین کە هەر هەموومان لە هەر حاڵەتێکی کە قسە بێتە سەر بەدیهێنانی مافەکانی کوردو نسبەی زۆری ژمارەی کورسیەکانی کورد لەناو هەر ناوەندو دامودەزگایەك بێت لەعێراقدا، عەرەبی شۆڤێنی و سوننە پەرجیرو بەشێکی گەورە لە شیعەکانیش دژمان دەوەستنەوە، بەڵام ناکرێت ئێمە تا ئەبەد دانیشین عەرەبی شۆڤینی و سوننەی پەرجیرو شیعەی موتەتەریف تۆمەتبار بکەین و ئۆباڵی ئەم کەمتەرخەمی و کەموکورتیانە لە شانی خۆمان دابماڵین، ئەمە جۆرێك لە ئسلوب و سلوکی سیاسی و کارکردنە کە لە هیچ شوێنێك لەگەڵ ئەلف و بێی سیاسی و ئەلف و بێی موعاسیرو مەدەنیدا ناگونجێت، بۆیە پێویستە ئێمە جار جارەش ئاوەڕێکیش لە بەژن و باڵای خۆمان بدەینەوە بزانین کەموکورتیەکانمان لەکوێیە؟ ئیعادەی نەزەرێك لەخۆمان بکەینەوە، زۆر جاریش برادەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا بگەڕێنەوە بۆ پرس و را کردن بە کوردستان، راستە تەنسیق هەیە، بەڵام تەنسیق لەسەر ئاستی حزبی و رەنگە تەنها سیاسی هەبێت، با تەنسیق و پرس پێ کردنەکە زۆر جار بگەڕێتەوە بۆ باڵاترین دەزگای تەشریعی وڵاتەکەیان کە پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە پێویستە لەخۆمان بپرسین گوناحی ئێمە لەو غەدرە نەتەوەییە لەکوێ دایە؟ ئایا ئێمە دەکرێت تا ئەبەد ئەمە نەریتێکی خراپە، من پێموایە جوڵانەوەی سیاسی کوردە بە درێژایی مێژووی خۆی، هەمیشە لەو کاتانەی دەستکەوتی گەورە بە دەست دێنین بەزووترین کات پیرۆزبایی ئاراستەی خەڵکی وڵاتەکەی خۆمان دەکەین وەکو دەستکەوت، وەکو پیرۆزبایی، بەڵام کاتێك غەدرێکمان لێ دەکرێت یەکسەر شانی خۆمان لە غەدرەکە رادەماڵین و پێمانوایە ئەمە دەستێکی دەرەکییە، یەعنی هەمیشە کەموکورتیەکانی خۆمان بە یاخەی دەرەوە هەڵدەواسین، نەك پێمان وابێت خۆمان بەشێکین لەو کەموکورتیانە، کە ئەمە شەرفێکی گەورەیە ئینسان دان بە کەموکورتی و هەڵەکانی خۆیدا بنێت، بۆ ئەوەی بتوانین چاکی بکەین.

پرسیارێکی تری من ئەوەیە بۆچی ئێمە تەنها لەو کاتانەی کە غەدری نەتەوەییمان لێ دەکرێت بەئاگا دێینەوە؟ بۆچی ئەو کاتانەی ئەمە نزیك بە دوو مانگە مشتومڕو موناقەشات و گفتوگۆیەکی توندو چڕوپڕ لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی 2005ی عێراقی دەکرێت؟ بۆچی لەو ماوە دوورو درێژەدا ئێمە دوای ئەوەی کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان وەکو کورد جگە لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی دەنگیان بە هەموار کردنی یاساکەدا؟ بۆچی دوای ئەوەی کە ئیعلان دەکرێت و خەڵك قسەی لەسەر دەکات و کەناڵەکان قسەی لەسەر دەکەن پێمانوایە غەدرمان لێ کراوە؟ ئەی بۆ پێشتر ئاگاداری ئەم غەدرە نەبووین؟ بۆچی خۆ پێشتریش لە پۆستە سیادییەکانی عێراق و لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش سەرجەم ئەو بڕگەو بابەتانە لەبەردەستی هەمووان دابووە؟ بۆچی بۆ خەڵکیان روون نەدەکردەوە؟ من پێموایە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم غەدرەی کە ئێستا رووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە وەکو کورد بریتییە لەوەی وەکو سەرژمێری کردنی عێراق لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرا، بۆیە پێویستە بپرسین لە هۆکاری ئەنجام نەدانی سەرژمێری عێراقدا کێ بەرپرسیارە؟ دیسان ئایا دەکرێت ئێمە پەلاماری ئەم هێزە شۆڤێنی و توندڕەو ناسۆلیستیانە بدەینەوە کە لە عێراقدا

یاری سیاسیانە لەگەڵ ئێمەدا دەکەن؟ یان خۆشمان بشکێکمان لەوەدا بەر دەکەوێت، ئەگەر بەرمان دەکەوێت بۆچی دان بەو راستیانە دانانێین و بۆ خەڵکی ولاتەکەی خۆمانی روون ناکەینەوە؟ من پێشنیار دەکەم کار بۆ زیاد کردنی کورسیەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمە زۆر قسەی لەسەر کرا نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، کە چ غەدرێك لە ژمارەی کورسیەکان و زیاد کردن کراوە. یەك مولاحەزەی بچووکم هەیە دەمەوێت بڵێم بەپێی معیاری نێودەوڵەتی نسبەی نموی سوکانی لەسەرتانسەری دنیادا لە 2،5٪ بۆ 3،5٪ لە باشترین حاڵەتدا لە 4٪ تێناپەڕێنێت، لێرە مووسڵ لە (19) کورسیەوە دەبێت بە (31) کورسی، بەلاًم سلێمانی لە 2005 (15) کورسی هەیە، لە ساڵی 2009 هەر (15) کورسی دەبێت، ئەمە حاڵەتێکە ئینسان عەقلی لە ئاستیدا دەوەستێت، چۆن قەبول دەکرێت؟ چۆن ئیمزای لەسەر دەکرێت؟

خاڵێکی تری جەوهەری هەست دەکەم ئاماژەی پێ نەدراوە، یان من رەنگە زۆر بە ئاگا نەبووم لەوەدا میکانیزمی دەنگدانی خەڵکی عێراق، کوردانی تاراوگە، مەنفا لەسەر چ بنچینەیەکە؟ ئەمە بەپێی ئەم هەموار کردنی یاسایە دەسەلاًتی موتلەق دراوەتە ئەو تەعلیماتانەی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق دەریدەکات، کێ دەتوانێت زەمانەتی ئەوە بکات کە بەرەهایی دەتوانێت بێ لایەنانە لەوە کار بکات، لە کاتێکدا ئێمە ئێستا بەشێکی گەورەی ئەم حاڵەتە رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەم پەلاماریەی کە لەلایەن سوننەو شیعەوە لەسەر دەستی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە رووبەڕوومان بۆتەوە، چۆن جارێکی تر دەکرێت ئەمە بکەینەوە؟ ئەمەش بە بڕوای من دیاری بکرێت، ئالیەتەکەی دیاری بکرێت و روون بکرێتەوە باشترە لەوەی کە بەم شێوەیە بێت، لەکۆتاییدا من دوو پێشنیار دەکەم، پێشنیار دەکەم نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکەن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا روون و ئاشکرا بۆمان روون بکەنەوە کە هۆی چی بوو؟

1- سەرژمێری لە عێراق لە کاتی خۆیدا بەڕێوە نەچوو؟ کە ئەم حاڵەتەی ئەمڕۆ لەم هەموار کردنی یاسایە رووبەڕووی کورد دەبێتەوە تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی نەبوونی ئەم سەرژمێرییە لە عێراقدا.

2- بۆ ئیمزای ئەم هەموار کردنەیان کرد؟ ئەو فشارانە چی بوون کە لەسەریان بوو؟ ئایا فشارەکان ئەگەر هەبووبن بایی ئەوە هەبوو، یاخود ئەوە دەهێنێت سازش بە مەسەلەی نەتەوەیی کوردو مافی رەوای خەڵکی کوردستان بکرێت؟ با بێن لەناو هۆڵی پەرلەمان ئەو فشارانەمان بۆ روون بکەنەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ چیە؟ لەسەر ئاستی ئیقیلمی چی بوو؟ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چی بووە؟ ئەوەش دووبارە دەکەمەوە وەکو لە نامەکەی بەڕێزیشتاندا هاتبوو لەڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە زەخت بکرێت کە سەرۆکایەتی کۆمار بەهیچ جۆرێك ئەم هەموار کردنی یاسایە ئیمزا نەکات، چونکە لە زۆربەی شوێنەکان غەدرێکی گەورەیە بە مافی نەتەوایەتی ئێمە گەیەندراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تێبینییەکم هەیە، ئێمە لەبەردەم پرسێکی زۆر گرنگی نەتەوەیی، مێژوویی ئەمڕۆ دادەنیشین، بۆ ئەوەی بتوانین کارێك بکەین، ئەو غەدرەی کە لە ئاستی نەتەوایەتی گەلەکەمان تەدبیر کراوەو بەسەرماندا تێپەڕیوە، لەسەر نوێنەرەکانمان تێپەڕیوە قسەی لێ بکەین، بەڕاستی دەکرا ئەم کۆبوونەوەیە بەرفراوانتر بێت، کە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و بەڕاستی نوێنەرانی کورد لەبەغدا حزوریان هەبوایە، بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆمان بکردایە، بتوانین پەنجەمان بخستایە سەر ئەو هەڵانەی کە روویداوەو بەسەرماندا تێپەڕیوە، لەکاتێکدا ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیاریکی تر دروست ئەکات لە سەر ئێمە وەکو نوێنەرانی کوردستان، ئەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو خاڵەی نەبوونی کارێکی ئیستراتیژی سیاسی دەستووری یاسایی، لەنێوان لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان بەسەرۆکایەتی هەریم ، پەرلەمان ،حکومەتی هەرێم ،نوێنەرانمان لەبەغداد، بەراستی ئەمە یەکێکە لەفاکتەرە گرنگەکان لەچوارچێوەی ستراتیژیەکی دیاریکراوە، کە نەمانتوانیوە کارەکان بکەین، لەزۆربەی کاتەکاندا ئیمە لەسەر ئەساسی رەدی فعل دێینە سەر کێشەکان وچارەسەری بۆ بدۆزینەوە، هەندێجاریش بەڕاستی لەکاتێکدا پێی ئەزانین کە ئێمە چوینەتە مەرحەلە یان قۆناغی کاتی زایعەوە کە کاتەکە بەسەر چووبێ، من هیوام وایە کە کاتەکە بەسەر نەچووبێ، ئەگەر هات و ئێمە بتوانین هەنگاوەکانمان یەك بخەین، لەڕاستیدا پێویست ئەکات ئێمە لەداهاتوودا لیژنەیەکی تایبەت دروست ببێت لەنێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانمان لەبەغداد، بۆ ئەوەی ئاگامان لەیەکتر بێت لەشێوەی کارکردنمان، بۆ نموونە جەنابت ئاماژەت بە شایەتیەکی نوێنەرانی کورد دا لەبەغداد کە بەڕاستی بەفێڵێك ناوی ئەبەن کە ئەو یاسایەیان بەسەردا تێپەڕیوە، پاش واژوو کردنی یاساکە پێیان زانیوە کە ژمارەی کورسیەکان بەچ شێوەیەك دابەشکراوە لەنێوان پارێزگاکاندا، لەڕاستیدا من خۆم گومانم هەیە لەوەی کە ئاوا بێت، لەبەر ئەوە پێم وایە زیاتر لەچەند مانگێکە باس و خواست و بڵاوکراوەکان کە هەیە، لە ڕاگەیاندنەکان و لە دەمی لێپرسراوانەوە، باس لەوە ئەکرێت کە موصڵ ژمارەی کورسیەکانی بەشێوەیەکی خەیاڵی زیادی کردووە، لەگەڵ پارێزگاکانی تردا، لەکاتێکدا کە ئێمە وەکیلی وەزیری بازرگانیمان کوردە کە سۆیبە خانە، بەڕاستی هۆکاری نەبوونی ئەو تەنسیقەی کە باسم کرد، لەنێوان نوێنەرانی ئێمەو نوێنەرانی کورد لەبەغداد بۆ پەنجە خستنە سەر ئەو فێڵ و تەڵەکانەی کە دژ بەگەلەکەمان دەکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو نوێنەرانی ئێمە لە بەغداد تەنسیقێکیان هەبوایە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی یان ئەو لێپرسراوانەی کە ئێمە دایان ئەنێین بەهۆی نەبوونی ئەو ئیستراتیژییەی کەباسم کرد لەسەرەتاوە، بەڕاستی بێئاگایی و دابڕانێکی زۆر هەیە، هەریەکەو بەشێوەیەکی فەردی، یان بەشێوەیەکی حزبی کار ئەکات، ئەمڕۆ ئێمە باس لە قۆناغێکی نوێ ئەکەین، قۆناغێکی زۆر مەترسیدار، قۆناغێك کە ئەگەر بێت و بەسەرماندا تێبپەڕێت و ئەنجام بگرێت بۆ دوو مانگ یان سێ مانگی تر، بەڕاستی ئەچینە قۆناغێکی تر کە مەترسیەکی زۆری لەسەر گەلەکەمانە ، ئەگەر بێت و بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی من ئەمە باشترین حاڵەتەکانە کە کورسیەکانی کورد لە 50 بۆ 55

کورسی تیناپەڕێت، کە یەك لەسەر شەشی کورسیەکان ئـەکات، ئەگـەر بیشی کـات، ئەمـە بەراسـتی خـاڵێکی زۆر گرنگە کە هەڵویستەی لەسەر بکەین، کە ڕەنگرێژییـەکی نـوێ، هەڵوەشـاندنەوەیەکی نـوێی دەسـتووری، سیاسی، سیستەمی سیاسی لەعێراقدا ڕوو ئەدات، بەهۆی ئەو ڕێژەیەوە، کە ئەبیتە هـۆی بەڕاسـتی خسـتنە مەترسی بنەماکانی دیموکراتی کە ئەبێـتە هۆی بەهێزکردنی مەرکەز، کە ترسـیکی مێژینـەیی لەبنچینـەی گەلەکەمانـە هەیـە کـە ئێمـە لیـی ترسـاوین، بەراسـتیش کاریگـەری خرابـی هـەبووە لەسـەر ژیـان و ئـارامی وڵاتەکـەمان، دوو: بەڕاسـتی یـەکیك لەخاڵـەکانی تـر کـە گـەورەترین مەترسـیە کـە فیـدڕالی لەبـەردەم مەترسیەکی زۆر گەورەدایە، هەروەها مەبدەئی تەوافوق لەم وڵاتەدا بەندێکی دەستووری نیە کە بیپارێزێت وئیمە ئیستینادی بۆ بکەین، هەروەها گۆڕانکاری لەدەستووری عێراقیدا بەڕاسـتی پێویسـتی بـە دوو لەسـەر سێی دەنگەکانە، لەکاتێکدا کە ئێمە بەم حاڵەتانە ئەبینە یەك لەسەر شەشـی دەنگـەکان، کـە نـاتوانین هـیچ کاریگەرییەکمان هەبێت، بۆ مەبدەئی تەواوفوق ئێمـە تـەنها چـەند زەمانـەتێکمان هـەبوو کـەبتوانین کـاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین هیچ نەبی بەلانی کەمی مافەکانمان دابین بکەین، ئەوەشی کە بەدەسـتمان هێناوە لەدەستمان نەچێت، بۆ نموونە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارمان هەبوو، کەحـەقی ڤیـتۆی هـەبوو، بۆ هەر نەتەوەیەك حەقی ڤیتۆ هەبوو، وەکو کورد، شیعە، سونە، لەدوای ئەم هەڵبژاردنە بەڕاستی ئەچـینە قۆناغێکی نوێوە سەرۆکایەتی بەئەنجومەن نامێنێ، ئەبوایـە بـەپێی دەسـتوور، لـەدوای نـەمانی ئەنجومـەنی سەرۆکایەتی ئەبێ ئەنجومـەنی هەرێمـەکان دروسـت ببێـت، لەکاتێکـدا ئەنجومـەنی هەرێمـەکان، هـەموومان ئەزانین ئەنجومەنی هەرێمەکان لەعێراقدا، فەشەلی هێنا، ئەوە ئیحتیمالیك بوو بۆ دروست بوونی هەرێمی ناوەڕاست وخوارووی عێراق لەکاتێکدا ئەو ئەنجومەنە، موستەحیلە دروست ببێتەوە لەبەر ئەوەی فەشـەلی هێنا، کەواتە ئێمە بۆ پارێزگاری کردنی مەبدەئی تەوافوقەکە کە ئەو ڤیتۆیە بوو لەدەستمان داوە، هەروەها زۆریك لە یاساکان کە لەناو پەرلەمانی عێراقیدا بـەڕێ ئـەکرێت، پێویسـتی بـە دوو لەسـەر سـێی دەنگـەکان هەبوو، کە ئەوەش ئێستا ئێمە لەدەستمان ئەچێت، کەواتە هەموار کردنی دەستوور لەلایەن ئـەو کەسـانەی کە مەبەستیانە بەڕاستی ئەو مافانـەی کـە بەدەسـت هـاتووە، لـەکوردی بسـێننەوە، ئێسـتا بەئاشـکرا یـەکێك لەبـەڕێزان ئامـاژەی پێکـرد، کـە یـەکێك لـەو سـەرۆك لیسـتانەی جـاران بـەجۆرێکی تـر دیفـاع کـەر بـوو لەمافـەکانی گـەلی کـورد ئێسـتا هەڕەشـەی لێسـەندنەوەی دەسـەڵاتەکان دەکـات، تەنانـەت سـەرۆکایەتی هەرێمیش لەگەڵ بوونی سوپایەکی جیاواز، ئەم گۆڕانکارییەی کە لەئاینـدە لەدەسـتووردا دەکرێـت و دێـتە کایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە باسی دەستوور مەکە وەرەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، ئەمەی کە ئێستا ئێمە دانیشتنێکی نائاساییمان بۆ کردووە، یاسای هەڵبژاردنەکانە، تکایە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەپای دەسـەڵاتەکانی هـەرێم لـەدوای ئـەم هەڵبژاردنـە، ئەگـەر بەسـەرماندا تێبپـەڕێت بەڕاسـتی لەمەترسیەکی زۆر گەورەدایە، من نامەوێت لەوەزیاتر درێژەی پێ بدەم، دێمەوە سەر داواکارییەکانی ئێمـە، ئەو هەڵبژاردنە دوابخرێـت تـا سـەرژمێری تـەواو لـە عێراقدا ئـەکرێت، بـۆ ئـەوەی بتـوانین لەڕاسـتی زیـاد بـوونی کورسـیەکانی هـەر پارێزگایـەك تێبگـەین و هـەر پارێزگایـەك حـەقی خـۆی بەربکـەوێت، ئـەو سەرژمێرییەی کە ئەبوایە بکرایە نەکرا، دیارە بەڕاستی ئەمـە یەکێکـە لـە نەخشـەکان کـە ڕێگریـەکی زۆر هـەبوو لەلایـەن خـەڵکانی شـۆڤێنیەوە کـە سـەرژمێرییەکە نـەکرا، دیـارە ئـەم مەرامـەی لەپشـتەوە بـوو کـە بەسەر ئێمەدا تێپەڕیوە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری گەلی کوردستان، ئەگەر بکرێ داوا بکـەین، هەڵوێسـتی فـەرمی پەرلـەمان بـەڕوون وئاشـکرا بـدەین، بـۆ هـەموو لایەنـەکان کـە نوێنەرایـەتی گەلەکـەمان دەکـەین، هـەروەها سـەرۆکایەتی هـەرێم وحکومـەتی هـەرێمیش بـەپێی خۆیـان مەسـئولیەتیان دەکەوێتـە سـەر کـە ئەوانـە هەڵوێسـتی خۆیـان ڕابگەیـەنن وداوای دواخسـتنی هەڵبژاردنـەکان بکرێـت، تـا بەئـەنجام گەیانـدنی سـەرژمێری و ژمـارەی کورسـیەکان و ڕاسـتی زیـاد کردنـەکان ڕوون دەبێتـەوە، کـە بەشیوەیەکی ناڕەواو ناداد پەروەرانە دابەشکراوە، هـەروەها داوا بکرێت لەسـەرۆك کۆمـار کـە دوای ئیمـزای ڕەد کردنەوەی ئەو پرۆژەیە قبـوڵ نـەکات، بێگەڕێنێتـەوە تـا هـەموار بکرێـت و جیگـای ڕەزامەنـدی گـەلی کوردسـتان بێـت، هـەروەها داواش بکرێـت لەئاسـتی جـەماوەری و حزبـی بەڕاسـتی قـەوارە سیاسـیەکانی کوردسـتان هـەموو لایـەك بەیـەك هەڵوێسـت بتـوانین هەڵوێسـتیش وەبگـرین، ئاسـتی ئـەم کێشـە گەورەیـە کەبەڕاستی لەبەرامبەر بە مێژوو هەمووومان بەرپرسیار ئەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو قسانە دووبارە ناکەمەوە کە هاوڕێکانم جـەختیان لەسـەر کـردەوە، تـەنها ئـەوە ئـەڵێم کـە بەڕاسـتی ئێمـە لەبـەردەم هەڕەشـەداین، هـەرێمی کورسـتان و ئـەزموونی هـەرێمی کوردسـتان و گـەلی کوردسـتانیش لەبەردەم هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەدایە، کە ئـەبێ زۆر بەجدی لەبـەردەم ئـەم پرسـەدا بوەسـتین، چ لەسـەر ئاسـتی پەرلـەمانی کوردسـتان، چ لەسـەر ئاسـتی سـەرۆکایەتی هـەرێم، چ لەسـەر ئاسـتی خـەڵکی کوردسـتان، گەورەترین هەڕەشـە لەسـەر مەبـدەئی تەوافوقـە کـە لـەدوای 2003 وە، پرۆسـەی بنیـات نانـەوەی عێـراق، پرۆسەی بنیات نانی سیستەمی سیاسی لەعێراقدا لەسەر مەبدەئی تەوافوق بووە، ئێستا ئەگەر ئـەم یاسایە بەم جۆرە تێبپەڕێت ئەوە تـەوافوق ئەکەوێتـە بـەر مەترسی، وەك بڕێـك لـە هاوڕێکـانم جـەختیان لەسـەر کردەوە، چیـتر نوێنـەرانی خـەڵکی کوردسـتان لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق نـاتوانن ڕێژەیـەکی ئـەوتۆ بەدەست بهێنن کە پۆستە سیادییەکان وەکو مافی خۆیان بەدەست بهێـنن، ڕەنگـە چـی تـر پۆسـتێکی سـیادی بەکورد نەدرێت، یان لەوانەیە وەکو خێر و صەدەقە بەکورد بدرێت، وەکو هاوڕێکانیشم وتیان مافی ڤیتۆ کە

کوردێك لـه ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی عێراقـەو نوێنەرایـەتی کـردووە و ئـەو مافـەی بـەکار هێنـاوە، ئـەوە ئەکەوێتـە بـەر مەترسـی، ئێمـە لەبـەردەم هەڕەشـەیەکداین کـە لـە سـێ خـاڵی سـەرەکیدا کـورت ئەبێتـەوە، یەکەم: بەکەمینە بوونی کورد، چی تر کورد وەکو کەمینەیەکی سیاسی وەکو کەمینەیـەکی نەتـەوەیی لـە عێراقدا مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت، کە ناتوانێ ببێتە شەریکێکی ڕاستەقینە لە بونیات نانی عێراق، بەمـەش سیستەمی فیدڕالی ئەکەوێتە بەر مەترسی، دوو: لەدەست دانی مافی ڤیتۆ، بەتایبـەتی لـە دەورەی داهـاتوودا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی چی تر ڕۆڵی نامێنێ و سەرۆك کۆمار ئەو ڕۆڵە ئەگرێتە دەست بەتەنها، لەکاتێکدا کە تا ئیستا ئەنجومـەنی ئـەقالیم یـاخود بڵێین ئەنجومـەنی ئیتیحادی، لـە عێراقـدا دانەمـەزراوە، سـێیەم: نەبوونی هیچ ئاسۆیەك، بۆ دامەزراندنی ئەو مەجلیسە وا ئەکات کە فیدڕالیزم ببێت بەناوێکی بێ ناوەڕۆك لە عێراقدا، ئەم سێ مەترسیە لەسەر سێ جومگەی سەرەکی ڕەنگ ئەداتەوە، یەکەمیان: جومگەی ئابووری، دووەم: جومگەی سـەربازی، سـێیەم: جومگـەی دیبلۆمـاتی، لەجومگـەی ئابووریـدا، چـی تـر مەرکـەز وەکـو پاریزگایـە مامەلـە لەگـەڵ هـەریمی کوردسـتاندا ئـەکات، لـە جومگـەی سـەربازیدا ئیمـە نـاتوانین ئـەو مافـە دەستووریانەی خۆمان هێندە بەئاسانی بەکار بهێنین بۆ ئەوەی ببین بەخاوەنی سـوپای هـەریم، سـوپایەکی یـەکگرتووی هـەریم،ئیتر ئـەتوانن ئـەو سـوپایە وەکـو میلیشـیا حساب بکـەن، لەسـەر ئاسـتی دیبلۆمـاتیش، نوێنەرایەتی ئێمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە وەزارەتی خاریجیدا هێندە کاڵ ئەبێتەوە کە ئەبێت هـەموو پەیوەندییەکانمان بەفیلتەری وەزارەتی خارجی عێراقیدا تێپەڕێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمـە لـە ئـەوجی هێزی خۆماندا لـە 2003 نـەمانتوانی کێشـەی کـەرکووك وناوچـە جـێ ناکۆکـەکان لەبەرژەوەنـدی خـەڵکی کوردستان یەکلایی بکەینەوە لـە حاڵـەتێکی وادا ئاسـۆی ئـەو چارەسـەرەش بـەرەو تـەم ومـژی وتـەم تومـان ئـەڕوات، بـەڕێزان بەڕاسـتی ئێمـە لەبـەردەم ئەنفالـداین، لەبـەردەم ئـەنفالێکی نوێـداین، ئەگـەر لـەکۆتایی هەشتاکاندا مرۆڤی کورد ئەنفال کرابێ، ئیستا دەنگدەری خەڵکی کوردستان ئەنفال ئەکرێت، ئەگەر ئیمە لە کۆتایی هەشتاکاندا لەسـەر زەوی کوردسـتان ئـەنفالکرابین ئێسـتا لـەناو سـجلاتی وەزارەتـی تجارەدا ئـەنفال ئەکرێین، خۆ من هاوڕای ئەو هاوڕییانەم کە ئەڵێن نوێنەرانی کورد ئەبوایە پەیان بەم مەترسیانە ببردایـە، من لەهەمان کاتیشدا ئـەڵێم نوێنـەرانی کـورد لـە ئەنجومـەنی وەزیرانیشدا ئەبوایـە پـەیان بـەم مەترسیە ببردایە، چونکە خۆتان ئەزانن سەرۆکی ئەنجومەنی مالی لەعێراقدا بـەڕێز جێگـری سـەرۆکی وەزیرانـە کـە بەدەست کوردەوە بووە، بەس ئاگای لەم هـەموو تەلاعوبـە نـەبووە کـە لـەوەزارەتی بازرگانیـدا کـراوە، ئێمـە لەفراکسـیۆنی گـۆڕان لەکاتێکـدا لەکوردسـتاندا داوای فـەرەیی ئەکـەین، لـەم کێشـەیەدا داوای یـەك خیتـابی ئەکەین، داوای ئەوە ئەکەین کە ئیجماعێکی نیشتمانی بێتە ئاراوە، بۆ دەرباز بـوونی خـەڵکی کوردسـتان بـۆ دەرباز بوونی ئـەزموونی کوردسـتان لـەم تەڵەزگەیـە، ئێمـە داوا ئەکـەین کـە بـەڕێزتان نامەیـەك ئاراسـتەی سەرۆك کۆمار بکەن بۆ ڤیتۆ کردنی ئەو یاسایە، بەتایبـەتی هـەردوو مـاددەی (1و 6) بـۆ ئـەوەی تەعـدیل بکرێت بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت، تا غەدر لە خەڵکی کوردستان نەکرێت، ئەگـەر نـا داوا ئەکـەین کـە هەڵبـژاردن نـەکرێت تـاوەکو ئیحسایەکی عادیلانـە بـۆ هـەموو خـەڵکی عێـراق ئـەنجام

ئەدرێت، لەگەڵ ئەوەشداین کەماڤی هەموو کەمینەکان برا ئیزیدییەکانمان، مەسیحیەکان، تورکمانەکان، لەو یاسـایەدا بـەجۆریك لەبەرچـاو بگیرێـت کـە غـەدریان لـی نـەکرێت، ئێمـەش لەگـەڵ هـەر ئیجمـاعێکی نیشتمانیداین کە پەرلەمانی کوردستان وەری بگرێت، یـان چ بەرێزسـەرۆکی هـەرێم وەری بگرێـت، لەپیناو دەرباز بوونمان لە هەڕەشە مەترسیدارەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوباس بۆ جەنابت، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە برادەرکانی من بەتایبەت دکتـۆر شاهۆ، شـتەکانی هـەموو باسـکرد، زۆر بـەجوانی ڕوونـی کـردەوەِ کـە ئیمە لەبەردەم ئەو سێ مەترسیەداین، کە ئەبێت ئێمە وەکو ئەنـدامانی پەرلـەمان لێـرەدا بوەسـتین، ئێمـە بەپێی ئەو داتایەی کەخۆشت باست کرد، وتت ئەو سێ پارێزگایـەی هـەرێمی کوردسـتان کـە سـێ مەقعـەدی بەرکەوتووە، کەچی پارێزگاکانی تری خوارووی و عێراق و ناوەڕاستی عێراق زۆر بەرێژەیـەکی بـاش زیـادی کردووە، هەروەها ئەگەر لە ئەنجومەنی بەغدادیش باسی ئـەوەیان کـرد و هەرایـەکیان دروسـت کـرد لەسـەر کەرکوك کە سی مەقعەد زیادی کـردووە، بـەس هـیچ قسـەیەکیان نـەکرد لەسـەر نەینـەوا کـە 12 مەقعـەد زیادی کردووە، ئەمە خۆی لەخۆیدا جێگای گومانمان لا دروست ئەکات، دواتر ئـەو کورسـیە تەعویزیانـە لـە 2005 (45) مەقعـەدی تـەعویزی بـووە، ئیسـتابووە بـە (16) مەقعـەدی تـەعویزی، کـە ئـەو (16) (8)ی ئەڕوات بۆ ئەقەلیاتەکان و(8)ەکەی تریش بۆ قەوارە سیاسیەکان، لێرەدا بەتەسـەوری مـن ئەمـە هیچـی بـۆ کورد تێدا نامێنێتەوە، ئەگەر بێت و ئێمە باسی ئـەو ئامـارەی وەزارەتـی بازرگـانی بکـەین، ئەگـەر لـە نمـوی دانیشتوانی دانرابێت، وەکو نیسبەیەك ئەوە بیرکارییە، 1+1 =2، ئەوە ناکرێت، ناتواندرێت ئینکاری لـەوەدا بکرێت، ئەبینین لە عێراقدا گەشەکردنی دانیشـتوان، 4,1 ئەمـە هـیچ مـەعقول نیـە، ئەگـەر لـەباتی بـاران بارین منالْ ببارێت، ئینجا ئەگەینە ئەو ڕێژەیە، کە ئەکرێت ئێمە لەسـەر ئـەوەی کـە لـەخوارووی عێـراق و ناوەڕاستی عێـراق، ئـەو تەقینـەوەو کـۆچ کـردن و مـردن و نەخۆشیەی بلاوبووەتـەوە ئەوانـەش هەیـە، کـە ئەمەش وا ئەکات ڕێژەکە 2,2 بوایە، نەك لە 4 زیاتر بوایە، ئەمـە خـۆی ئـەو موعادەلەیـە لەسـەر نفوسـی سکان زیاد ئەکات، کە پێشتر نفوسی عێراق 30 ملیۆن بووە، کەبـەپێی ئـەو ئامارانـەی لـە سایتەکانی بـاوەڕ پێکراو هەیە، ئیسـتاش نفوسـی عێـراق 29 ملیـۆن ونیـو ئـەبێت، کەچـی بـەپێی ئـەم ئامـارەی کـەوەزارەتی بازرگـانی خسـتوویەتیە بەدەرسـتمان 32 ملیـۆن و سـێ سـەدە، کـە ئەمـە وەکـو وتم ئـەبی موعجیزەیـەکی ئیلاهی بێت، ئەگینا ئەو نیسبەتە قەت روونادات، ئەگەر گریمان ئـەو نیسـبەتە ڕوویـدا و واش زیـادی کـرد، ئەی باشە لە مەنتقەوە مەعقولە هەرێمی کوردستان کـە سـێ پارێزگـای ئـارام و ئـاسایش ونەخۆشـیەکانیش بەو شێوەیە نیە، کۆچ کردنەکـەش لـەجیاتی ئـەوەی خـەڵك کـۆچ بکـات بـۆ دەرەوە خەڵکەکان دەگەڕێنـەوە، کەچی لە سلێمانی لەجیاتی ئەوەی کە یەك کەس زیاد بکات، 100 هەزار کەس کەمی کـردووە، ئەمـە هـیچ

مەنتقێك قبوڵی ناكات، ئەمە دیارە فرت و فێڵێكی ئاشكرایە كە بەرامبەری ئێمە كراوە، كە سلێمانی بۆ خۆی ملیۆنێك و حەوسەد و بیست ونۆ هەزار بووە، ئێستا نفوسی سلێمانی بوەتە ملیۆنێك و شەسەد و سی هەزار، بەپێی ئەم ئامارەی كەئێستا لەبەردەستماندایە، دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا ناعەدالەتیەكە كە 15%ی كورسیەكان دەبوایە بۆ ئێمە بوایە، كەچی ئێستا ئەبێت بە 12%، ئەمەش چۆن بووە خوا نەبێ كەس نازانێت، جگە لەوە ئێمە ئەبێ لێرەدا بوەستین و گرنگی بدەین بەدەنگەكانی هەندەران، واتە ئەوانەی كە لە هەندەرانن و دەنگیان هەیە، ئەو كوردانەی كەوا لەوێ دەنگیان هەیە، بەپێی ئەم یاسایە بێت ئەو كوردانە هەموویان دەنگیان ئەفەوتێ، بۆیە ئەكرێ لێرەدا ئێمە ئەگەر هەندەران بكەین بە دائیرەیەكی ئینتیخابی دوایی مەقعەدەكان زیاد بكرێت، مەقعەدە تەعویزییەكان بۆ ئەوەی ئەوان كەم نەبنەوە، بەپێی ئەو یاسایەی كە هاتووە ئەو دەنگانەی كە لە هەندەران ئەدرێت ئەخرێتە بەردەستی كۆمیسیۆنی باڵا ئەو خۆی تەوزیعی ئەكات، ئێمە لێرەدا لەسەرەتای مەسەلەكەدا فێڵمان لێ كراوە، ئەی ئایا لە كۆتاییدا چیمان لەگەڵ ئەكرێت؟، دیارە ئەمانە هەیەو حەق وایە ئێمە وەكو كورد وەكو پەرلەمانی كوردستان، داوای ئەوە بكەین كە ئەم یاسایە هەموار بكرێت، وەكو برادەران باسیان كرد ئەو پێشنیارانەی كە برادەران باسیان كرد، بەرزبكرێتەوە بۆ سەرۆكی كۆمار بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە هەر ئاوا بەسەرماندا تێنەپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت تەئكید لەمەسەلەیەك بكەمەوە كە ئێمە پێشتر دانیشتنمان بۆ ئەم پرسە كرد بەتایبەتی، چونكە تەوەری هەموار كردنی یاسای هەڵبژاردن یەكێك لە كێشەكان پرسی كەركووك بوو، ئێمەش دانیشتنمان بۆكرد لەدانیشتنەكەشدا بە خیتابێكی یەكگرتوو پەرلەمان ڕاگەیاندن وهەڵوێستی خۆی سەبارەت بەم پرسە ڕاگەیاند، پەرلەمان وەك تاكە مەرجەعی سیاسی و دەستووری خاوەنی بڕیار دانە لە پرسە چارەنووس سازەكان، لەبەر ئەوە پێویستە بەدواداچوون بۆ هەڵوێست و ڕاگەیاندنەكانی خۆی بكات، كاتێ ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی وسەرۆكی فراكسیۆنەكان لەنامەیەكدا وەڵامی لیستی هاوپەیمانی دراوەتەوە، تەئكید كراوە كە دەبێ دۆزی كەركووك تایبەتمەندی نەدرێتێ، ئەم ئیستیسنائەی تێدا نەبێت، وە مەشكوكیەت نەكەوێتە سەر كەركووك كە ئێستا تێیدایە، تەنها شت كە كرابێت ئەم دوو مەقعەدەی دوایی بوو كە دانرابوو، ئەمەیان لابردووە، ئەگینا هەموو ئەو خاڵانەی پێشوو پێشنیاركرابوون و كێشەی لەسەر بوو، ئەمجارە قبوڵ كراوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە تەئكید لەسەر ئەوە بكەینەوە كە پێویستە كورد لەم یاسایە بەبەراورد لەگەڵ یاسای ساڵی 2005 هەمواركردنەكە لە قازانجی بەرژەوەندی كورد نیە لە مەوقیعیەتی عێراقدا، ئەو لەقازانج نەبوونەی كە بەم هەمواركردنە ئەنجامی داوە بەرنامەیەكی سیاسی لە پشتە، ئەم بەرنامە سیاسیە كە پەیوەندی بەوە هەیە كەهاوڕێكانمان باسیان كرد ئەم گەشەی كە

بەئیعتیماد بە وەزارەتی بازرگانی کە ئێمە نوێنەرمان لەوێ هەیە تا موتابەعەی بکات، خۆمان لێرە وەزارەتمان هەیە وەزارەتی پلاندانانمان هەیە، هەموو ئەو بەڵگانەی کە هەمانە ئەبوایە لەبەردەست بوایە، بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە نموی سکانی دانراوە کە ئەمە مەوقیعی کورد لاواز ئەکات، بەبەراورد لەگەڵ یاسای ساڵی 2005 ئەمە خاڵێکە کە پێویستە ئێمە قبوڵی نەکەین، خاڵێکی تر کە مەسەلەی کورسی تەعویزییە، ئەو یاسایەی پێش کە هەشت کورسی بۆ کۆتا دانراوە، هەشت کورسی تریش بۆ تەعویزی دانراوە، لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەمە زۆر روون و ئاشکرایە، کە زیاتر پەیوەندی بە ڕەوەندی دەنگدەرەوە هەیە لەدەرەوەی عێراق، کە پێم وایە کورد شوێنێکی دیاری هەیە، ئەم تێپەڕینەش زۆر زەقە، بەزەرەردان لە مەوقیعی کورد لەبەدەست هێنانی کورسی کە دەبێت ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئەم کۆتایەمان قبوڵ نەکردایە، ئەگەر ئێمە موتابەعە بکەین حەسەن جبوری لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراقیە ئەڵێت من داوا لە کۆمیسیۆن دەکەم، ئەم هەشت کورسی کۆتایەش بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بکات، من پێم وایە ئەمە زەرەری دەبێت، ئەگەر بدرێتە دەست کۆمیسیۆن وئەم هەشت کورسی کۆتایە وا لێ بکەن بەسەر پارێزگاکانی تر کە زیاتر نەینەواو، کەرکووك و دهۆکە کۆتایەکان، ئەبێت دابەشی بکەن، ئەمە پێشنیاری جێگری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراقە، لەبەر ئەوە ئەم تایبەتی دانە بەکەرکووك کۆتایی تەعویزییە کە مەوقیعی کورد لە نەخشەی سیاسی عێراق لاواز دەبێت، بەلاواز بوونیشی وەکو دکتۆر شاهۆ باسی کرد لەهەموو دامەزراوە یاسایی ودەستووری وئەمنی وئابووریەکان ئێمە نوێنەرایەتیمان زەعیف دەبێت، بەمەش زەرەرێکی گەورە ئەکەین، لەکاتێکدا ململانێکە یان وەزعەکە ئەتوانم بڵێم هاوسەنگی هێزەکان بەرەو بەهێزی نەیارەکانمان دەڕوات و بەرەو زەعیفی ئێمەش دەڕوات، لەبەر ئەوە پەرۆشی ئێمە بەوەی کە ڕێگە نەدان یان موتابەعە نەکردنی ئەم یاسای هەموارکردنە کە بەم شێوەیە بچێتەڕێوە، زۆر گرنگەو ئەمەش پەرلەمانە کە حەق بەنوێنەرانی کورد دەدات لەوێ بڕیار بدەن لەسەر ئەم یاسایە یان نایدەین، بەمەش ئیختیار لەبەردەستی خۆیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ئەمەوێت ئیشارەت بە هەندێ ئەشکالیاتی یاسایی بدەم کە لەخودی یاسای هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە(16)ی ساڵی 2005دا هەیە، سەرەتا وەکو شەخصێك پێم خۆش بوو کە گفتوگۆ دەربارەی ئەم یاسایە کرا، من بەش بەحاڵی خۆم وەکو دەستکەوتێك سەیرم کرد، بەڵام کە دوایی سەیری پرۆژەکە ئەکەم بەڕاستی لێرەوە کارەساتەکان ئەخولقێن، لەئیستاوە هەست بە مەترسی ئەم یاسایە ئەکرێت، کە لە ئایندەدا بەپلانێك و بەپلانێکی پێش وەخت داڕێژراو کەئێمە بەراستی ئاگادار نەبووین، کە ئەم پلانە دائەڕێژرێت بۆ کەم کردنەوەی سەنگی کورد، بەس پێش ئەوەی داخلی ئەو مادانە بین کە

ئیشکالیات هەیـە، چـونکە شـتەکە لێـرەوە ئـەخولقێت، چـونکە ئێمـە هەمیشـە ئـیش لەسـەر پلانـەکانی بەرامبەرمان ئەکەین، ئێمە پیش وەخت ئەمانزانی کە ئەم یاسایە لەبـەردەم پەرلـەمان گفتوگۆی لـەبارەوە ئەکرێت، خۆزگە پلانێکی ئەوەنە تۆکمەمان لەبەردەم بوایە، ئێمە لەوەسائیلی ئـیعلام ئـەوەمان ئـەزانی کـە ئەڵێن تەنها پرسی کورد یاخود تەحالوفی کوردستانی یان بەشێوەیەکی گشتی نوێنەری کورد تـەنها قسـەکان لەسەر ئەوە بووە، کەئایا یەك بازنەیی بێت یاخود فرە بازنەیی بێت، یاخود لیستی کراوە یان داخراو بێت، ئێمـە هەوڵمانـدا لەپەنجـەرەوە شـتە خراپـەکان دەر بکـەین، بـەڵام ئـەوان لـەدەرگاوە جـارێکی تـر هاتنـەوە ژوورەوە، کە کۆمەڵێك ئیشکالیاتی سەرەکی هەیە لە یاساکەدا، من لێـرەدا ئامـاژە بەهەنـدێك لـەو خەلەلانـە دەدەم، کە پێویستە بەڕاستی چاك بکرێن، فـەرامۆش کردنـی ئـەم حاڵەتـە ئاسـەوارە سلبیەکانی ڕاستەوخۆ تەئسیر لەسـەر هەیبـەت و هەیمەنـەتی سـەرجەم دامـەزراوەکان ئـەبێت لـە هـەرێمی کوردسـتان، ڕاسـتە لـە بڕگەی یەکەم لەماددەی (1)ی یاساکە کە لەدەستووری عێراقیدا لەماددەی(49) ئاماژە ئـەدرێت بـەوەی کـە پەرلەمانی عێراقی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لەژمارەیەك پێـك دێـت کـە بـۆ (100) هـەزار هـاووڵاتی یەك نوێنەریان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەبێ ئیعتراف کردنێکی زمـنی هـەبێت کـە تـەنها جیهـەتێك بـۆ تەحدید کردنی ئەم ژمارەیە وەزارەتی پلاندانانـە، نـەك وەزارەتـی بازرگـانی یـەعنی بەنموونـە لەسـەر ئـەم حاڵەتـە، ماوەیـەك لەمـەوپێش حکومـەتی عێـراق بڕیاریـدا کـە هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە مووچـەکەیان ملیۆنێك و پێنج سەد هەزارە، کۆبوونی خۆراکیان نادرێتێ، یەعنی ئەم حاڵەتانـە ئەگـەر بـەو حسابە بێـت، ژمارەیـەك خـەڵك نیسبەیان کـەم ئـەکات و ژمارەیـەکی تـریش نسبەیان زیـاد ئـەکات، پاشـان کـێ چـاودێرە بەسەر ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە وەزارەتـی بازرگـانی پێشکەشـی کـردوون، ئـەو ئـاخر ئیحسائەی کـە تەحدیـدی کردوون، کـێ تـەدقیقی ئـەم ئیحسائەی کـردووە؟، مـن ئـەزانم پێشـتر لـەناو ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق دەنگۆی ئەوە هەبوو، کەئایا لەماددەی (15)ی یاساکەیا، هی یاسای پێشـوو، یاسـای ژمـارە(16)ی 2005 کـە ئاماژە درابوو بەوەی کە کورسیەکانی پەرلەمان لە (275) کورسی پێك دێت، دەنگێـك هـەبوو کـە بەڕەقـەم تەحدید بکرێت لەناو یاساکەدا، دەنگێکی زۆر ناڕەزایش هەبوو کە با تەحدید نەکرێت، بەڵام لە دەرئـەنجام هـەمان شت خولقایـەوە، ئـەیان وت بـا (310) یـان(311) بێـت، بـەڵام دوایـی بینیمـان، خۆزگـە تەحدیـد بکرایە، چونکە بوو بە(323) کەئەمەش ئیشکالاتی گەورەی دروست کرد، بێگومان قانونی کۆن، یاخود یاسا بنچینەییەکە کەبریتی بوو لە یاسای ژمـارە(16)ی سـاڵی 2005، سـەرەڕای بـەعزێك کـەمو کـورتی، بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا کۆمـەڵێك ئیجابیـاتی تێـدا بـوو، بەڵگـەش لەسـەر ئەمـە ئـەوە بـوو کـە کورسـیەکانی پەرلەمانیان دابەش کردبوو بۆ (230) کورسی بەسـەر 18 پارێزگاکـەدا دابەشـی ئـەکرد، 8 کورسـیش پێـی ئەوترا مەقعەدی تەعویزی، کورد سەرەڕای هەندێ ناڕەزایی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کۆمـەڵێك دەسـتکەوتی باشی تێدا هەبوو، بەلانی کەم ئێمە ئەمانتوانی سوودێك وەربگرین لـەو ئیتیفاقـە، ئینکـاری بکـەین لەسـەر ئەوەی کە بەعزێك لەو برگانە بگۆڕدرێن، یـاخود داکـۆکی بکـەین لـە هەنـدێك لـەو برگـەو بابەتانـە، بـەڵام بەداخـەوە وەکـو پێویسـت کـاری لەسـەر نـەکرا، بێگومـان لـە مـاددەی (2) بەهـەمان شـێوە دیسـان تەئکیـد

ئەکاتەوە لەسەر هەمان ئامار کەلەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە پێشکەش ئەکرێت، کەمن ئەڵێم ئیعتیماد کردنە سەر ئەو داتایانەی کەلەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە پێشکەش ئەکرێت بەهەموو شێوەیەك بە موتڵەقی هەڵەیە، ڕەنگە ئەم ڕەئیانم تۆزێك توند بێت، بەڵام بەهەموو شێوەیەك زیاد کردنی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراقی، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بەهەموو شیوەیەك بەزیان بەسەر کورد ئەشکێتەوە، دەبوایە پێداگرییەکە لەسەر ئەوە بوایە، هەتاوەکو ئیحصاییەکی دەقیقمان نەبێت لەناو یاساکەدا، کە بەپێی باوەڕ پێکراو لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دانانرابێت هەموو زیاد کردنێك، ئەوان پێمان دەڵێن ئێوە حجمی تەبیعی خۆتان ئەوەیە، بەڵام ئێمەش دەڵێین با حجمی تەبیعی خۆمان وەکو کورد پشت بەست بێت بەرامبەر بە زانیارییەکی دروست لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە پێشکەشمان دەکرێت، بێگومان لە یاسایەکەدا لە ماددەی سێیەمدا باس لە قائیمەی مەفتوح دەکات، بە دڵنیاییەوە دەڵێم قائیمەی مەفتوح دیسان بە غەڵەت باس کراوە، باس کردن لە لیستی کراوە بەم شێوازە ناکرێت، دەکرێت ئەم یاسایە باسی لەوە کردبوایە، راستە لە مەقاعیدە تەعویزەکان کە دێمە سەر باس کردنی، لە مەقاعیدە تەعویزەکاندا داوا دەکات لە هەموو لیست و قەوارەکان کە بە دوو لیست بەشداری بکەن، لیستێك مەسەلەن ئاستی پارێزگاکان، لیستێکیش پێیان بگوترێت مەقاعیدی وەتەنی، ئەم قائیمەیە ئایا دەنگدەرێك لە دەرەوەی وڵاتە چۆن دەنگ دەدات؟ ئەو کەسەی کە خۆی دەپاڵێوێت، خۆی تەرشیح دەکات لە دەستی مەقاعیدە تەعویزەکان، ئەوانەی کە لە دەرەوەی عێراقن، دوایی ئەو دەنگە لەسەر پارێزگایەك حیساب ناکرێت، چونکە تۆ لە پارێزگای سلێمانی پانزدە کورسیەو بڕیاوە، لەناو پارێزگاکەی خۆیدا دەنگ بێنێ، ئەو یاسایە کەموکوڕتیەکی هەیە لە تەحدید کردنی لیستی کراوە، بە تەواوەتی تایبەت بەوانەی کە پێیان دەگوترێت مەعاقیدی تەعویزی، لە بڕگەی چوارەمی ماددەی سێیەمدا تایبەت بە قسە کردن لەسەر سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی، بەرێزان، وەکو زانیارییەکیش بەڕاستی کاتی خۆی کە نیزامێك هەبوو پێی دەگوترا نیزامی ئەغلەبیە، سیستەمی زۆرینە، نیزامی ئەغلەبیە یەکێك لە مەترسیەکانی ئەوە بووە، کە هەمیشە لە بەرژەوەندی حزبە گەورەکاندایە، بۆیە کاتێك بیرۆکەی سیستەمی نوێنەرایەتی کردنی رێژەیی هاتە ئاراوە، نوێنەرایەتی کردنی رێژەیی وەك رەد فعلێك هاتووە، ئەو کەموکورتیانەی لە نیزامی زۆرینە هاتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم یاسایە بکەین سیستەمی نوێنەرایەتی کردنی رێژەیی دیسانەوە لە بەرژەوەندی حزبە گەورەکان دروست دەبێتەوە، کە ئەمەش دیسانەوە بە پێچەوانەوە لەگەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی دەستووریدا، چونکە دەڵێت ئەو کورسیانەی کە پڕ نەکراوەتەوە لە پارێزگاکاندا دەدرێت بەو لیستانەی کە بردوویانەتەوە بەپێی رێژەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستیان هێناوە، یەعنی بۆ نموونە کورد لە پارێزگای سەلاحەددیندا بە ژمارە، بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا کەمە، رێژەیەکی بەرچاو دەنگ بەدەست دەهێنێت لەبەرامبەردا لیستێکی تر هەیە کە لەوانەیە بڵێین لە کۆی پازدە کورسی، سێزدە کورسی بە دەست دێنێت، کورد هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی کە کورسییەك بەدەست بێنێت، ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە سەرەتا دەدرێت بەو حزبانەی، یاخود بەو قەوارەو لایەنە سیاسیانەی کە پێشتر

کورسیەکانیشیان بردۆتەوە، کەواتە دیسان ڕەد فعلێکی تریش لێمان دەکرێت ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی لەبەرچاو دەگیرێت، بەلاَم بە ئامانج سیستەمێکە لە بەرژەوەندی حزبە گەورەکاندایە، کە ئەمە تەواو پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ بیرۆکەی دروستی بوونی سیستەمی نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی، پاشان لە برگەی پێنجەمی ماددەی چوارەمدا کاتێك کە باس لە سەلاَحیەتی کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات، بەداخەوە دیسانەوە ئەمەش یەکێکی ترە لەو فێلاَنەی کە کراوە، تۆ مەقاعیدی تەعویزی کە پێشتر (45) کورسیت هەبووە، بەلاَم دوایی کەم دەکرێتەوە، دەکرێت بە شازدە، لە شازدە دیسانەوە کۆتاکان لەوە دەردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوە سەلاَحیەتێکی تەواو دەدرێت بە کۆمسیۆنی بالاَی سەربە خۆی هەڵبژاردنەکان، خۆی ئەو جێگایانە دەست نیشان بکات، کە دەکرێت سندوقی دەنگدانی تیا دەست نیشان دەکرێت، من زانیارییەکم بیستووە هیوادارم ئەمە ڕاست نەبێت، دەڵێت کۆمسیۆنی بالاَ، کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان تەنها بیر لەوە دەکاتەوە لە حەوت ولاَت دایبنێ، ئەگەر ڕێژەی ئەو موهەجیرانە و ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ولاَتن، ڕێژەیان لە 200 هەزار کەمتر بێت ئەسڵەن سندوقیشی لێ دانانرێت، بڕواش ناکەم هاوولاَتیەك بێت چەند هەزار کیلۆمەترێك ببڕێت بەس لەبەرئەوەی بەشداری بکات، ڕەنگە ئەمە قورسیەك لەسەر شانی ئەو دروست بکات، من نابێت لۆمەی ئەو بکەم، دەبێت لۆمەی ئەو یاسایە بکەم کە سەلاَحیەتێکی تەواو بدات بە کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئێمە لە چەند هەڵوێستێکی تردا بەڕاستی بینیمان کۆمسیۆنی بالاَ تاڕادەیەکی زۆر وەکو پێویست موحاید نیە و لەژێر کاریگەری دۆخە سیاسیەکاندا کار دەکات، کەواتە دیسانەوە لێرە ئەشکالیەتێکی ترمان بۆ دروست دەکات، هەموو ئەو دەنگانەی کە لە دەرەوەن بە شێوەیەك لە شێوەکان ئێمە بە زیان بەسەرماندا دەشکێتەوە، بە تایبەتی ئێمە دەزانین ڕەوەندێکی زۆری کورد هەیە لە دەرەوەی ولاَتە، سەبارەت بە ماددەی 6 باوەڕ بکەن بەڕێزان ئەو ماددەی شەشەمە باسی موحافەزاتی مەشکوك دەکات، بەلاَم ئەو ماددەیە هەمووی گوماناویە، من بە نموونە دەیهێنمەوە کە خودی یاساکە چۆتە تەعاروزێکەوە لەناو خۆیا، پێشتر ئەو یاسایە باس لەوە دەکات دەڵێت پارێزگای کەرکوك و ئەو موحافەزاتانەی کە گومانیان تیا هەیە بە ئیستسنا هەڵبژاردنیان تیا دەکرێت، دەڵێت ئەو موحافەزەیەی کە مەشکوکە تیایە ئەوەیە کە موعەدەلی نموی سوکانی بەڕێژەی 5٪ ە، ئێمە نموونەی پارێزگای کەرکوك دەهێنینەوە، بۆ ناوی کەرکووك هاتووەتە ئەم ماددەیەوە، کەرکووك لە 2004 ەوە حیساب بکەین هەتا 2009 ، 900 هەزار بووە، ئێستا بە پێی ئەو ئیحسائیە 12 کورسی بۆ تەرخان دەکرێت، واتە وای دابنێین (1000200 )ملیۆنێك و دوو سەد هەزارە، موعەدەلی نموی سوکانی لە کەرکووك، ئەگەر حیسابی بکەی لە 2004 ەوە بۆ 2009 دەبێت 300 هەزار زیاد بکرێت، بە پێی ئیحسائیەکەی وەزارەتی بازرگانی 270 هەزار دەکات، کەواتە پارێزگای کەرکووك خۆی لە بنچینەیا پارێزگایەك نیە کە مەشکوك بێت، تۆ بەزۆر تێوەیدەگلێنی، لەلایەکەوە 5٪ دادەندرێت و لە لایەکی ترەوە کەرکووك نەچووەتە ژێر ئەو بارەی 5٪ زیاتر بوو بێت، بەڵکو لە 5٪ کەمترە،چونکە 5٪ی 900 هەزار ، 45 هەزار دەکات، زەربی 6 ساڵی بکەی دەکاتە

270 هەزار، لە کاتێك 5٪ دەگەڕێتەوە خۆی بە موعەدەل حیسابی بکەی 100 هەزار زیادی کردبێت، بەڵام ئەمە دیسانەوە خۆی لە خۆیدا بە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسایەکە، بەڵام تەنها بە مەبەست هاتوون ئەمەیان دەست نیشان کردووە، خۆی لە خۆیدا ئیزافە کردنی پارێزگای کەرکووك لەناو ئەم یاسایە واتە دیسانەوە تۆ دەزانیت لەناو پارێزگای کەرکوك دا بە شێوازێکی تەبیعی نموی کردووە، لە پارێزگاکانی تر مەشکوکە، بەڵام بە زۆر وەزعێکی ئیستسنایی دراوە بە کەرکووك کە ئەمە بە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ خودی یاسایەکەدا، یان دەبێت 5٪ لابرێت یاخود دەبێت ناوی کەرکووك لەو تێبینیە لابرێت، دواهەمین وتەم بەڕاستی ئەو قسە کردنەیە کە پێشتریش ئاماژەی پێدرا، ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە ئەگەر لە کەرکووك بێت یاخود لەهەر پارێزگایەکی تر بێت هیچ کاریگەریەکی تری نابێت، ئەمە دیسانەوە پلانێکی پێش وەختە، لە پێشدا سەنگی تۆ کەم دەکرێتەوە لەناو بەغدا دا لە پاشان بە پلانێك بە 3/2 و بە 4/3 کە من دڵنیام لەم حاڵەتەیە، ئەمە دەستووری عیراقیە و لە 2005 دا پەسەند کراوەو 5 جار لە ناو هەموو دەستوورەکەدا لە کۆی 144 ماددەیە، 5 جار باسی کەلیمەی دیمەکراسیەت کراوەو لەو 5 جارەیە لە هیچ حاڵەتێك باسی دیموکراسیەتی تەوافوقی ناکرێت، ئەمە دیموکراسیەتی تەوافوقی ئیرادەیەکی سیاسی هەبووە لە پشتیەوە وەستاوە کەوای کردووە کۆك بین لەسەری، بەڵام ئێستا ئەو ئیرادە سیاسیە بەرەبەرە بەرەو کاڵ بوونەوە ئەچێت کە هەموویان لەسەری کۆك بن، بۆیە سەرۆکایەتیەکانی عیراق، لەسەرۆکایەتی کۆمار، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەمووی لەژێر هەڕەشە دان بۆ ئەوەی کە بڵێی کورد تیایا بەشدار ئەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی پرسە گرنگەکانی تۆ لەناو پەرلەمانی عیراقی و لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی کە تۆ لە کۆی 323 کورسی نزیکەی 50 تا ئەوپەڕی 60 کورسی بهێنی کە وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێیدا تۆ 6/1 ی ئەندامانی پەرلەمان پێك دەهێنی کە هیچ ڕۆڵێکت نابێت لەناو پەرلەمان دا، کە موقاتەعە بکەی یاخود موقاتەعە نەکەی، هەر کارێکی دەیکە بە ئاسەوارێکی سلبی بەسەرتا ئەشکێتەوە، من دڵنیاشم ئەگەر هەموو کاتێك بڵێین تەنها پابەند دەبین بە دەستووری عیراقیەوە ، بەڕێزان بەشێکی زۆری ئەو ماددە دەستووریانە تەعتیڵ کراون بە فعلی، چ مانعێکیش هەیە سبەینێ ئەم دەستوورە بخرێتە بەردەمی ڕاپرسیەوە 3/2 لە سێ پارێزگاش ڕازی نەبێت، بەڵام ئەو ئەو ماددە دەستووریەت بۆ تەعتیڵ بکات، چۆن ماددەی 140 یان تەعتێڵ کرد، هەورەها ماددەی 58ی پێشوو تریان تەعتیڵ کراوەو بەهەمان شێوە ئەو فێڵەمان لێ بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هاوڕێیان گوتیان من نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، مـن زیـاتر لەسـەر مـاددەی 6 قسـە دەکـەم کـە لـە یاسایەکە هاتووە، ئێمە ئەگەر سەیرێکی تەئریخ بکەین، بۆ تەئریخێکی نزیکی خۆمان، بـە درێـژایی مێـژوو کێشەی ئێمە لەگەڵ ناوەند لەسەر مەسەلەی کەرکوك بووە، ئێمە لە ساڵی 2003 فرسەتێکی زێڕینمان بۆ هەڵکەوت کە لە دەستمان دا بۆ گێڕانەوەی کەرکووك، دواتر لە کاتی دانانی یاسای کاتی بـۆ عـیراق ئێمـە لـە ماددەی 58 دا دۆخێك داندرا بۆ کەرکووك، دواتر ئەو ماددەیە خرایە ناو دەستووری هەمیشـەیی عیراقـەوە لـە مـادددەی 140، ئـەوەش نـەتوانرا لـە کـاتی خۆیـدا بـە پـلان جـێ بـەجێ بکـرێ و ئـەوەش بـووە هـۆی دواخستنی گێڕانـەوەی ئـەو ناوچانە و بـە بـەردەوامی تـەرکیزی دەوروبـەری ئێمـە و تـەرکیزی ئیقلیمـی، تەرکیزی ئەو هێزە شۆڤێنیانەی لەناو عیراق دا هەیە لەسەر دۆزی کەرکووك بووە، ئـەم جارە زۆر محاوەلـە کرا کە بارودۆخی کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی پێ نەدرێت، فعلەن ئەو برادەرانە و بەڕێزانەی خۆشمان لە هاوپەیمانی کوردستانی زۆر تەئکیدیان لەسەر ئەو حاڵەتە کردەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دەیبینیت لە ماددەی 6ی یاسایەکە پێدانی دۆخێکی تایبەتە بە کەرکووك وەك ئـەوەی کـەرکووك موسـبەقەن بڕیـاری لێ دراوە کە پارێزگایەکی مەشکوکە، لەکاتێك دا کاك زانا زۆر بەوردی شـی کـردەوە نامـەوێت قسـەکانی ئـەو دووبارە بکەمەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمە بۆ نموونە زیادبوونێکی ناتەبیعی لە ڕێژەی دانیشتوانی موسـڵ و بەغـدا و بەسـرەش دەبیـنین، بـەڵام تـۆ وەختێـك بتـەوێت قسـە لەسـەر ئـەو زیادبوونـە ناتەبیعیـەی ئـەو پارێزگایانەی تر بکەی پێویستت بەوە هەیە کە تەڵەبێك لەلایەن 50 ئەندام پەرلەمانـەوە بـەرز بکرێتـەوە و بە ئەغلەبیەی بەسیت لەناو پەرلەمانی عیراقی دا تۆ بتوانی ئەو لیژنەیە دروست بکەی کە پێك دێت لـە کیاناتی سیاسی، لە نوێنەری وەزارەتی تیجارە و، لـە نوێنـەری وەزارەتـی نـاوخۆ، لـە مفەوەزیـەی عولیـا بـۆ پێداچوونەوە بە سجلی ئەو موحافەزانە، لەکاتێك دا بۆ کەرکووك تەحسیلێ حاسڵە و قەراری لێ دراوە، ئەمە ئەشـکالیەتێکی زۆر گەورەیـە بەڕاسـتی کـە نابێـت بـە هـیچ شـێوەیەك لـەم یاسـایە شـتی وا قبـوڵ بکرێـت بەداخەوە، دواتر بـە سـەریحی لـە مـاددەی 6 لەبڕگـەی 4 دا هـاتووە دەڵێـت (لاتعتـبر نتـائج الانتخابـات فـی محافظة كركوك او ای محافظة مشكوك فی سجلاتها قبل اتمام عملیة تدقیق سـجلات النـاخبین فیهـا كاساس عملیـة انتخابیـة مسـتقبلیة او سـابقة لای وضـع سیاسـی او اداری) بەڕاسـتی ئەشـکالەکە لێرەیـە، ئەمـە ئەشکالێکی زۆر زۆر گەورەیە کە بە هەڵبژاردن لە کەکووك بـە هـیچ شـێوەیەك ناکرێـت بکرێتـە بنەمایـەك یان بکرێتە سابیقەیەك بۆ وەزعێکی سیاسی و ئیداری، دواتر لەسەر مەسـەلەی کورسیەکان زۆر قسـە کـرا ، بە تایبەتی کورسیەکانی سلێمانی، یەعنی مومکینە محافەزەیەکی وەکو سلێمانی کە لە ڕێژەی دانیشـتوان دا بـە چوارەم موحافـەزەی عـیراق دێـت، هـیچ کورسـیەکی بـۆ زیـاد نـەکرابێ؟! یـەعنی گەشـەی سـوکانی تیـا نەکرابێ؟! ئەوە مومکین نیە، یان هەولێر کورسیەکی بۆ زیادکرا بێ یان دهۆك دوو کورسی بۆ زیـاد کرابـێ، لەکاتێك وەکو ئەوەی بـەڕێزان باسـیان کـرد، موقارەنـەی بـاری ئاسایش بکـەی لـە هـەرێمی کوردسـتان و لـە بەغدا هەمووومان دەزانین چی ڕووی داوە کە ئەو 5 ساڵە لە جنوب و لە هەرێمی کوردستانیش چ ئارامیەك هەبووە، من ئەوەی کە دەیبینم بەڕاستی برای بەڕێزم کاك سمیر زۆر جوان پەنجەی لەسەر دانا و ئەمـە بـۆ

لاوازکردنی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانە، لە دیوێکی تردا ئەمە بە مانای لاوازکردنی پاڵپشت و پشتیوانانی ناوچە دابڕاوەکانە بە کەرکووکیشەوە، بەڕاستی، هەموو لاوازیەکی هەرێمی کوردستان واتە لاوازی پاڵپشت و پشتیوانانی ناوچە دابڕاوەکان، بۆیە ئەم یاسایە بەڕاستی مومکین نیە قبوڵ بکرێت، ڕەئی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانە کە پێشنیاز بکرێت پەرلەمان بە زووترین کات نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆمار بکات بۆ ڤیتۆ کردنی، زۆر تەبیعیە با هەڵبژاردن لە عیراق دوابخرێت، بەڵام چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئیحسایەکی ورد لە عیراق بکرێت لەسەر زەوئی ئەو ئیحسائیە قانونێك دابندرێت و هەڵبژاردن بکرێت، دوا نوقتەم ئەوەیە کە بیرم چوو باسی بکەم، ئەوەیە کەس نازانێ ئەم یاسایە تەحدید نەکراوە لەسەر ناوەکانی ساڵی 2004 و 2005 و 2006 و 2007 و 2008 و 2009 یەعنی لەسەر کام ناوی ژمارەی دانیشتوانی ئینتخابات دەکرێت ئەوە بە غامزی ماوەتەوەو شەڕێکی قورسیشی لەسەر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی عیراقی لەسەر حیسابی کوردو پێکهاتەکانی ترە، تەحدیدەن کورد و ئێمە، من ناومەوێ زیاتر بڵێم، بەس هاوکارانم زیاتر باسیان کرد، بە تەفسیلی لە ڕۆژی 11/7 باسمان کرد، موزەکەرەیەکی موەحەدمان دەرهێنا و ئاراستەی برادەرانمان کرد لە بەغدا و ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی کۆمارمان کرد کە تا حەدێك پێی وەرگیراو بەشێکی زۆریشی پێ وەرنەگیراوە، من پشتگیری هاوکارانم دەکەم لە هەموو موداخەلەکانیان و لە هەموو مولاحەزەکانیان، دوایی دێمە سەر بەشێك لەو هەموارکردنە پەیوەندی بە میللەتی ئێمە هەیە وەکو کلدانی و سریانی و ئاشوری و ئەوجا دێمەوە سەر موقتەرەحەکانم، بە نیسبەت ئێمەوە کە 5 کورسی تەرخان کراوە، بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و کەرکووك و بەغدا، سلێمانی و بەسرە فەرامۆش کراوە، ئەوە یەك، دووەم: 60٪ ـ 70٪ی میللەتی ئێمە دەنگی دەچێتە ناو دەنگی مەقاعەدی تەعویزی کە دەنگی میللەتی ئێمە لەدەست دەدرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو شتە بەڕاستی دوو موقتەرەحم هەیە، موقتەرەحێکی عامم هەیە و هەروەکو باسمان کرد ئەو ڕۆژە، برادەرانیش باسیان کرد، یەکەمیان بەکارهێنانی گشت کارتەکان کە نەکرێت ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێ پەڕی، ئەو خاڵانەی کە باسمان کردبوو لە یاداشتنامەکەمان ڕەچاوبگیرێ، داوا بکرێت لەبەڕێز سەرۆکی کۆمار کە پەسەندی نەکات، ئەمجا بە نیسبەت ئێمەوە کە کۆتاکەی بکرێتە قائیمەیەکی موەحەد و قائیمەیەکی یەك بازنەیی بۆ هەموو میللەتی ئێمە بەڕێوە بچێت لە عیراق و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەو یاسایەی کە تەعدیل کراوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، هەست بە زۆر مەترسی دەکرێت لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە دابەشکردنی کورسیەکان بە تایبەت ئەو کورسیانەی کە ڕاگەیەنراوە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عیراقەوە کە جێگەی سەرسوڕمانیە ئەو ڕێژەیەی کە لە پارێزگاکانی تر زیادکراوە، بەڵام کاتێك بەراوردی دەکەین لەو زیادەیەی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانا هەیە، ئینسان تووشی سەرسوڕمان دەبێت بە تایبەت ئەوەی لە پارێزگای سلێمانی و هیچ پارێزگایەکی تر لە عیراق سفری نیە، تەنها یەك پارێزگا لە عیراق دا ئەویش پارێزگای سلێمانیە، لە کاتێك دا پارێزگای سلێمانی گەورەترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە لەڕووی ڕێژەی دانیشتوانەوە کە هیچ کورسی بۆ زیاد نەبووە، ئەمە بەڕاستی قابیلی قبوڵ کردن نیە، لە ئاییندەدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەمێنێت و کورد ڤیتۆی نەبێت وەکو ئێستا کە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دا هەیەتی، دوای ئەوە ئەم هەڵبژاردنە بەڕاستی هەموو شتەکان بە زۆرینە و کەمینە جیادەکرێنەوە، ئەو کاتە هەموو بڕیارەکان و یاساکان زۆر بە ئاسانی بەسەر کورد دا تێ ئەپەڕێ و ئەمەش دیارە مەترسیەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر سیستەمی تەوافوقی کە ئێستا لە عیراق دا بەرەو ئەوەوە دەچێت، وە هیچ حیسابێك بۆ کورد ناکرێت، چونکە بە شێوەی تەوافوقی نابێت ئەو کاتە، بە زۆرینە و کەمینە شتەکان یەکلا دەکرێنەوە، زۆربەی ماددەکانی ئەو یاسایە بەڕاستی پێویستیان بە هەموارکردن هەیە بە تایبەتی ماددەی یەکەم و ماددەی سێیەم و ماددەی شەشەم، ئەوانە هەمووی بەڕاستی پێویستیان بە هەموار کردن هەیە و پێویست دەکات زیاتر کاریان لەسەر بکرێت، ئەو سیستەمە تەوافوقیەی کە تا ئێستا لە عیراق دا بووە بە هیچ شێوەیەك لە یاساکەدا هەستی پێ ناکرێت بوونی هەبێت، ئەو داواکردنەی کە پەرلەمانی کوردستان ئەو یاداشتەی کە دای بە ئەنجومەنی نوێنەران، چ لە کۆبوونەوە فراوانەکەی پەرلەمانی کوردستان و چ لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پاشانیش فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو یاداشتە بەڕاستی بەداخەوە وەکو پێویست کاری لەسەر نەکرا لەلایەن نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە تایبەتی لەلایەن لیستی هاوپەیمانیەوە، تەنها ئەوە نەبێت ئەو مەقعەدەی کە دیاری کرابوو لە پێشا بۆ عەرەب و تورکمان، ڕاستە ئەوە نەما، بەڵام زۆربەی ماددەکانی تر وەکو خۆیان هاتنەوە، تەنانەت ئەوەی کە ئێمە لە ماددەی شەشەم لە مەسەلەی کەرکووك ئێمە هەمووومان موتەفق بووین کە لابرێت و وشەی (استثناء) نەمێنێ لە قانونەکەدا، ئەمە وەکو خۆی هاتەوە بە بێ ئەوەی کە نوێنەرانی کورد جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و جارێکی تر ڕەئی پەرلەمانی کوردستان وەربگرنەوە، چونکە ئەمە بەڕاستی ئێمە وەکو هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێمان وایە تووشی شۆك بووین لەوەی کە بەو شێوەیە پەسەند کرا، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت ئێمە دەست خۆشی بکەین لە نوێنەرانمان لە پەرلەمانی عیراق بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە کردیان، لایەنە سیاسیەکانیش بە تایبەت سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی

پەرلـەمان، کـە ئـەو هەڵوێسـتە یـەکگرتووەیان هـەبوو لەبەرامبـەری ئـەو یاسـایەدا، بـە تایبـەت پێـدانی بارودۆخی تایبەت بە شاری کەرکووك، بەڵام لە یاسایەکەدا هێشتا دیارە بـارودۆخی تایبـەت دراوە بـە شـاری کـەرکووك، چـونکە بـە پێـی ئـەو ڕێژەیـەی کـە ئێسـتا وەزارەتـی تیجارەی عـیراق ڕای گەیانـدووە دیـارە کـە نیسبەی نموی سوکانی نەگەیشتووەتە 5٪ کە لـە یاسـاکەدا ئامـاژەی پـێ کـراوە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا ئـەم تایبەتەمەندییە بۆ کەرکوك هەر ماوەتەوە، چونکە دەبێت ئینتخابات لە کەرکووك (المحافظات المشكوك فی سجلاتها)، واتە ئەوە بڕاوەتەوە لە کەرکووك ئەگەر شکیش نەبێت لە سجلاتی دەبێت حیسابی تایبـەتی بـۆ بکرێت، کەواتە بە شێوەی ئیستسنا دەکرێت، ئینجا پاشان هـەروەك لـە بـڕادەران ئاماژەیـان پێیـدا ئەمـەش دیسانەوە هەڵبژاردن لە کەرکووك دا بەو حاڵەشەوە کە نیسبەتەکە ڕاگەیەنراوە لەلایەن وەزارەتی تیجارەوە ئەو خەتـەرە گەورەیـە نـەبوو وەکـو ئـەوەی پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا، بـەڵام لـە هـەمان کـاتیش دا هەڵبـژاردن نەتیجەی هەڵبژاردن لە کەرکووك دا دیسانەوە نابێتە (اساس لایـة انتخابـات مسـتقبلیة او سـابقة لای وضـع سیاسی او اداری) کە ئەمەش بەڕاستی خەتەرێکی گەورەیە لەگەڵ هەموو ئەوەدا کە کـراوە و ڕاشـگەیەنراوە لەلایەن وەزارەتی تیجارەی عیراقیەوە تەنها سێ کورسی زیاد بووە لەو پارێزگایە، بەڵام نابێـتە سـابیقەیەك بۆ هیچ وەزعێکی سیاسی و ئیداری یان موستەقەبەلی لە پارێزگای کەرکووك دا، لێرەدا من وا دەزانم کە ئەم یاسایە خەتەرێکە لەسەر ماددەی 140یش خۆی ئەوە ئیلغای ماددەی 140 بێت بەڕاسـتی، چـونکە نابێتـە ئەساس بۆ هیچ وەزعێکی سیاسی ئینتخابی لە داهاتوو دا کە ئاماژەم پێیدا، ناکرێت ئەو ئیحسائیەی کـە لـە مەراحلی ماددەی 140 داهاتووە، ناکرێت پشتی پـێ ببەسـترێت وە لـە نەتیجـەدا سـەرژمێریش ناکرێـت لـە کەرکووك دا لەبەرئەوەی لەسـەر ئەساسـێکی مەشکوك هـاتووە مـادام گومانـە، چـونکە ئـەوان بەڕاسـتی کـار لەسەر گومان دەکەن وەکو بڵێـی بەڕاسـتی هـەموو شـتێك لـە کـەرکووك یـان هـەر شـتێك کـە پەیوەنـدی لـە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت گومانی لەسەرە، ئینجا ئەو تەڵەبەی کـە لەلایـەن 50 ئەنـدامی پەرلەمانـەوە تەقـدیم دەکرێت پاشـان بـە ئەغلەبیـەی بەسـیتە ئەگـەر 323 ئەنـدامیش بێـت لـە پەرلـەمانی داهـاتوو وا ئـەزانم بـە 81 دەنـگ دەتـوانن ئەغلەبیـەی بەسـیتە مسـۆگەر بکـەن، ئـەوەش بەڕاسـتی خەتـەرە لەسـەر دەسکەوتەکانی کورد کە بە دەستی هێناوە، مەسەلەی فرە بازنەیی بەڕاستی دەبوایە لێـرە یـەك خسوسـیەت بە هەرێمی کوردستان بدرابایـە کـە تـەنها هـەرێمێك کـە لـە عـیراق دا هەیـە وەکـو هـەرێمێکی فیـدراڵی کـە هەرێمی کوردستانە لە یاسایەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە خسوسیەتی هەرێمی کوردستان لە ئارادانیـە، ئـەوەش هەست دەکرێت کە ئەوە جارێکی تر ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوەی کە پێی دەڵێن فیدراڵەیەتی موحافەزات کە تەنها هەموو محافەزەیەك بە جیا مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەن لـە کاتێـك دا فیدراڵیـەتی موحافـەزات ئەسـڵەن هەر خۆی وجودی نیەلە هیچ سیستەمێکی فیدراڵی لە جیهاندا دەبوایە لایەنی کەم هەرێمی کوردستان یەك بازنەی ئینتخابی بوایە، نەك هەر پارێزگایەك سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دا بکـەن کـە ئەمـەش بـۆ داهـاتوو دیسانەوە هەر خەتەری هەیە بەڕاستی، سەبارەت بە کورسـی تـەعویزی زیـاتر لـە یـەك ملیـۆن دەنگـدەر لـە دەرەوە هەیە، ئەگەر ئەم کورسیە تەعویزیانە هەمووی بۆ دەرەوە بڕوات هیچی بۆ موحافەزات نامێنێتەوە،

ئەمەش خەتەرێکە لەسەر لیستە بچووکەکان بە تایبەتی لیستە گەورەکان قازانجی گەورە دەکەن، هەموو ئەو کورسیە تەعویزیانە بۆ لیستە براوەکان دەڕوات کە ئەمەش بەڕاستی فێڵێکی دیکەیە کە کراوە و مەترسیە لەسەر داهاتووی حیزبەکانی تریش و لیستە بچووکەکان، جەنابتان ئاگادارن ئێمە لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان و کۆبوونەوەی پەرلەمان ئاماژەمان بەوە دا کە ئەوان خەڵکی قانونیان زۆرە و ئەزموونێکی زۆریشیان هەیە بەڕاستی لە کاری یاسایی و قانونی کە دەزانن چۆن هەنگاو هەڵدێنن، کورد لەو ماوەیەدا بەڕاستی زۆر سەرقاڵ کرا وەکو بڵێی تەنها مەسەلەی کەرکووك لە ئارادا بێت، زۆر تەرکیز کرایەوە لەسەر کەرکووك بۆ مساوەمەی لەسەر هەندێك بابەت و هەندێك ماددەی تری یاساکە بکرێت و یاسایەکە بەو شێوەیە تێ پەڕێنن، چونکە تەنها مەسەلەکە کەرکووك نیە، یەعنی کۆی پرۆسەی سیاسی لە عیراق دا بکەوێتە بەر مەترسی کە ئەویش هەر بە ئیستسنا هاتەوە کۆتاییی دا کەرکووکیش بە داخەوە، من لە کۆتایی دا هەندێك پرسیار دەکەم، بۆچی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە سەرۆکی ئەو کۆمسیۆنە کوردە، بۆچی پێشتر داوای ئەو نیسبە زیادەی نەکرد لە زیادەی پارێزگاکان بەرلەوەی کە یاساکە دەربچێت؟ بۆ نوێنەرانی کورد هەستیان بەوە نەکرد؟ یان قانون زانەکان کە داوای ئەو نیسبەیە بکەین کە ئەمە کاریگەری نەبێت لەسەر یان کارێگەری ببێت بەڕاستی لەسەر دەرکردنی یاساکە، ئەمە یەکەم، بۆچی ئەو یاداشتەی پەرلەمان درایە نوێنەرانی کورد لەبەغدا ؟ بۆچی کاریان لەسەر نەکرد؟ بۆچی ئیمزایان کردو جارێکی تر نەیانگەڕاندەوە بۆ ڕای پەرلەمانی کوردستان؟ بۆچی سەرژمێری نەکرا پێشتر؟ یاخود نوێنەرانمان لە حکومەتی عیراقی داکۆکیان لەسەر ئەوە نەکرد کە بەر لە هەڵبژاردن سەرژمێری بکرێت، دیارە پەرلەمانی کوردستان وەکو مەرجعێکی سیاسی و دەستووری کە هاتووە بەڕاستی دەبێت بۆ هەموو شتێك بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر ئێمە تەنها کۆبوونەوەکانمان ئەنجام بدەین، بەڵام نوێنەرانمان هیچ کاتێك نەگەڕێنەوە بۆ ڕای پەرلەمانی کوردستان، بێ گومان حاڵمان لەمەی ئێستا چاکتر نابێت لە داهاتوو دا، من بەڕاستی ئەوەی سەرنجم دا هەر ئەندام پەرلەمانێکی عیراقی کە ئەمەی بە سەرکەوتن زانی بێت واتە لە نوێنەرانی کورد یەك ئیشادەشیان نەکرد بە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان لەوەی کە لەگەڵیان بوو لەو ماوەیە، من چەند پێشنیارێکم هەیە کە یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو یاسایە ڤیتۆ بکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە، ئەگەر ئیمزا نەکرابێ، چونکە دەنگوباسی ئەوە هەیە کە سەرۆك کۆمار ئیمزای کردبێت و پەسەندی کردبێت، ئەگەر پەسەند نەکرابێ با پەسەندی نەکات، دووەم: کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکرێت لە لە نێوان نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراقی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە و یەکخستنی هەڵوێست لەو بارەیەوە، سێیەم: سەرۆکایەتی هەرێم و حیزب و لایەنە سیاسیەکان جارێکی تر هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی هەڵوێستی کورد ببێتە هەڵوێستێکی یەکگرتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێ لە درەفەتەکانی کە پێویستە گەلی کوردستان خۆی بۆ ئامادە بکات بەشداری کردنە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق وەکو لای هەمووتان ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی لەم مەرکەزی قەرار دانەی یاسادانەی عیراق گەلی کوردستان بتوانێ مافەکانی خۆی دابین بکات، دیارە بەشداری کردنیش چارەنووسی گەلی کوردستان دیاری دەکات، بە پێی ڕێژەی دەنگدان و ڕێژەی ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەچێت بۆ پەرلەمان، یان نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە پێی ئەو ڕێژەیە حەق و مافەکانی گەلی کوردستان دیاری دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لەو یاسایەی کە تەعدیل کراوە قانونی ئینتخاباتی رەقەم 16ی ساڵی 2005 کە تەعدیل کراوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا کۆمەڵێك تێبینی هاتۆتە پێش کە بەڕاستی جێی نیگەرانی هەموو خەڵکی کوردستانە پێم وایە، من لای خۆمەوە چەند تێبینیەك هەیە کە دەمەوێت بیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، دیارە لە ماددەی یەکەم باسی نیسبە دەکات بۆ هەر 100 هەزار کەس لە نفوسی عیراق یەك ئەندامی پەرلەمان دیاری کراوە، من پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر نامەنتقیە، چونکە لەماوەی چوار ساڵدا وەکو لە پرۆژە یاساکە داهاتووە لەماوەی چوار ساڵدا (77)ـە کورسی زیاد بووە بۆ پەرلەمانی عیراق، ئەی خۆ لە چوار ساڵی دیکەشدا بە تەئکید ئەو 77 دەبێتە 100 ، چونکە بەو ڕێژەیەی کە دیاری کراوە زیاد بووە، دەبێت لە داهاتوو دا هۆڵی پەرلەمانی عیراق بەقەدەر ئەوە بێت مەگەر بە دووربین سەیری یەکتر بکەن، بۆیە بەڕاستی پێم وایە شتێکی مەنتقی نیە دەوایە تەعدیل بکرێت ئەو یاسایە، وە زیاتر ئەو ئامارەی کە باس دەکرێت وەزارەتی تیجارە داویەتی بە کۆمسیۆنی باڵا، بەڕاستی ئەوەش جێگەی سەرسوڕمانە لە هەرێمی کوردستان وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد ئەو نیسبە کەمە زیاد بکرێت بۆ ئەو شوێنانە، بەعزێ شوێن 49٪ زیاد بکات، من پێم وایە ئەگەر هەموو ماڵێك هەموو ساڵێك منداڵێکیان ببێت بەو ڕێژەیە زیاد ناکات، شتێکی زۆر نامەنتقیە، بە تایبەتی لە موسڵ، دیارە باس لە کورسی کۆتا یان تەعویزی دەکرێت کە لە 5٪ داندراوە، پێم وایە دیسانەوە ئەوەش زوڵمێکی ترە بە تایبەتی کە لە کورد دەکرێت بەهۆی ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەری دا هاتووە، ئەو موشکیلانەی کە بەسەری هاتووە و ئاوارەو دەربەدەر بووە بۆ دەرەوە، چونکە خەڵکی کورد زۆر لە دەرەوەیە، پێم وایە ئەو ڕێژەیە کە 8 کورسی بۆ تەعویزی دەبێت، ئەمەش دیسانەوە زۆر کەمە دەبوایە پێداگرای بکرابا لەسەری، ئەم 5٪ بکرابا بە 18٪ بەلای کەمی، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکانەش وەکو حەق خۆیان بتوانن نوێنەری خۆان دیاری کردبا لە پەرلەمانی عیراق، دیارە لە ماددەی 2 بڕگەی 4 لەوێش دیسان ناعەدالەتیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارە کە کورسی بەتاڵ یان خاڵی بدرێت بەو لیستانەی کە زۆرترین کورسیان بە دەست هێناوە، ئەم بڕگەیە پێویستی بە تەعدیل کردنە، چون بەڕاستی شتێکی زۆر ناحەقە، ئەگەر لیستی کوردی لە شوێنێکی وەکو نەینەوا لەبەر ئەوەی لیستی بچووکە و ئەندامێکی لیستی کوردستانی (بۆ نموونە) ئەگەر پێویست بوو لە 50 هەزار دەنگ کورسیەك بێت لیستی کوردستانی

ئەندامەکەی 49 هەزاری هێنابێت، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێژەی کورسیەکانی کەمە ئەو 49 هەزار دەنگەی ئەندامەکەی لیستی کوردستانی دەفەوتێت لەبەرئەوەی لیستی بەرامبەر زۆرترین کورسی بەدەست هێناوە، لەوانەیە ئەو کەسەی بەرامبەر ببێتە ئەندام پەرلەمان 10 هەزار دەنگی هێنابێت، بەڵام 49 هەزارەکە ناچێتە پەرلەمان و 10 هەزار دەنگەکە دەبێت بە ئەندامی پەرلەمان، ئەوەش ناعەدالەتیەکی زۆر ڕوونە، بەڕاستی کە لە ماددەکە دا هاتووە، ماددەی 6 بەڕاستی ئەگەر بکرێت هەر لابرێت من پێم وایە، بەڵام ئەگەر ناکرێت ئەوە پێویستە تەعدیل بکرێت، ناوی کەرکوك بە ئیستسنا هاتووە کە ناچمەوە سەر ئەوەی کە بەڕێزان باسیان کردو ئێمە پێشتریش لە یاداشتێك دابوومان بە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بەڵام بەداخەوە دیارە ئەوان بێجگە لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە دەنگ ئەو داوایەی پەرلەمانەوە نەهات کە داوای کردبوو ئەو ئیستسنایە لابردرێت، کە ئەوان دیارە بەڕێزەوەو دەست خۆشیان لێ دەکەم کە هۆڵی پەرلەمانیان بەجێ هێشت و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، دیارە هەر بۆ ئەو ماددەیە لە ئێستاوە ئینتخابات لە کەرکووك هەرچی بکرێت ئینتخابات مەشکوکە و جێگەی گومانە، بەڵام لە شارەکانی تر کە لە شوێنێکی وەکو موسڵ کە ڕێژەکە بە شێوەیەکی خەیاڵی زیادی کردووە جێی گومان نیە هەرچی بکرێت، بۆیە بەڕاستی ئەوەش دیسان زوڵمێکە لە کەرکووك و کەرکووکیان دەکرێت و بەعام لە کوردیش دەکرێت، دیسانەوە لە ماددەی 6 بڕگەی 4 من پێم وایە بەڕاستی پێویستە داکۆکی بکرێت بە تەواوی بەلای کەمی بە داکۆکی ئەو بڕگەیە لابرێت، چونکە ئەو بڕگەیە دیسانەوە زوڵمێکی ترە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزتان، یەکەم: دەرکردنی بەیانێك لە پەرلەمانی کوردستان کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

1ـ داوا دەکەین لەبەڕێز سەرۆك کۆماری عیراق مافی ڤیتۆ بەکاربهێنێت و ئەو یاسایە ڕەد بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

2ـ داوا دەکەین لیژنەیەك دروست بکرێت لە پەرلەمانی عیراق بەدواداچوون و تەحقیق لەم ڕێژە دانیشتوانەی کە وەزارەتی تیجارە ڕای گەیاندووە بۆ کۆمسیۆنی باڵا بکات.

3ـ داوای ڕوون کردنەوەی هۆکاری دواکەوتنی سەرژمێری ئێستا عیراق بکرێت کە بۆ دوا کەوت، هۆکاری سەرەکی ئەم جۆرە شتە خەیاڵیانەی کە دێتە پێشەوە ئەو ئیحسائیە بێت، ئەگەر ئیحسا بکرێت شتەکە زۆر ڕوون تر و ئاشکرا تر دەبێت، پێویست بەوەش ناکات بگوترێت فلان شارو فلان موحافەزە جێی گومانە.

4ـ ڕاستەوخۆ گلەیی لە ئەو وڵاتانە بکرێت کە دەست دەخەنە ناو ئیش وکارەکانی عیراقەوەو بە قازانجی لایەك دژایەتی لای تەرەفی دیکە بە تایبەتی ئەمریکا و تورکیا و یۆنامی، کە تەدەخولەکانیان زۆر بە زەقی و بە ئاشکرا دیارە، ئەمە لە بایەنەکەدا بنووسرێت، بەڵام پێشنیاری دیکەم بۆ ئەوە داوا دەکەم وپێشنیار دەکەم کەڕێپێوانێکی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ پشتیوانی لەو بەیانەی پەرلەمانی کوردستان و ڕەد کردنەوەی ئەم پرۆژە یاسایەی کە پەسەند کراوە لەلایەن نوێنەرانی عیراق، دواجار ئەگەر ئەم داوایەی ئێمەی قبوڵ نەکرا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە، ئێمە بە موقاتەعە کردنی

ئینتخابات هەڵبەتە ئەوە دەڵێم بۆ دواجار بۆ ئاخیر وەرەقە کە بە دەستمانەوە بێت، هەڕەشە بکەین بەوەی کە ئەگەر ئەم داوایانەی ئێمە قبوڵ نەکرێت، ئێمە بە تەواوی هەموو کوردستانیەکان بە هەموو نەتەوەکانەوە موقاتەعەی کولی بکەین لە ئینتخابات و بەشداری نەکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆ داهاتووش پێشنیار دەکەم کە پردێکی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق هەبێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کێشانە وا بە ئاسانی بەسەردا تێ نەپەڕێت و ئەوانیش زیاترحیساب بۆ پێشنیارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدارکاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لە ساتە وەختی موفارەقەیەکی سیاسی زۆر سەیردا بەسەر دەبەین، لەکاتێك دا کورد لە تورکیا هەڕەشە لە بوون و پێناسی دەکرا، ئێستا ئەو هەموو کرانەوەیە بەسەر کوردا دەکرێ، ئێمەش دوای 50 ساڵ و دەیان ساڵ خەبات، 17 ساڵ ئەزموون و ئەو جۆرە قەیرانانە ڕوومان تێ دەکات، من ئەو تێبینیەی کاك کمالم زۆر پێ باشە، کە د.کمال سەرۆکی پەلەمان کە دەڵێت هەڵوێست بکەین و قسە لەسەر ئەوە بکەین و چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، بەڵام پێش ئەوە دەمەوێت چەند پێشنیارێك عەرز بکەم، ئەوە بیری بەڕێزتان دەخەمەوە کە ئەمە دووەم کۆبوونەوەی پەرلەمانە بۆ ئەم مەوزوعە و کۆبوونەوەی 10/21 کە بەڕاستی زۆر چڕ و پڕ بوو، زۆر شت باسکرا، ڕەنگە زۆربەی ئەو قسانە ئەو کاتەش کران کە کورتەکەی ئەوە بوو ڕازی نەبین بە ئیستسنا کردنی کەرکووك، بەڵام بەشێوەیەك لە شێوەکان کەرکووك ئیستسنا کراوەتەوە بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین یان نەزانین، جگە لەمە 11/7 کە کرا لە سەعات 9ی بەیانیەوە هەتا 6ی ئێوارە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بەردەوام لەسەر خەت بووین، جەنابی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی هەرێم و لەگەڵ بەغدا لەگەڵ نوێنەران، بەداخەوە ئێمە ناچارین بڵێین کە بە گوێی ئەو هەموو راسپاردەو تەئکیداتە نەکرا، بە تایبەتی لە نوقتەیەکی جەوهەری دا کە باسی ماددەی 6 هەموو یەك دەنگ بووین لەوەی کە تەنازول لەو مەسەلەیە نەکرێ و موساوەمەی تیا نەکەین، ئەم خەم ساردیە جێگەی پرسیارە و نابێت بەسەریدا تێ پەڕین، چونکە بە بێ چارەسەری گرفتەکان لە ڕیشەوە ئێمە ناتوانین بۆ نەتیجەکان و ئاکامەکان قسە بکەین، هەموو جارێك دەبێت دوای نەتیجە قسان بکەین، باس لە هۆکارەکان ناکەین کە دووبارەش دەبنەوە، بۆیە ئێمە لە خاڵێکی تردا وا عەرز دەکەین، ئێستا پرسیارێکی جدی لە شەقامی کوردستانی سەری هەڵداوە ئەویش ئەوەیە مەرجەعیەتی سیاسی خەڵکی کوردستان لە کوێیەو کێیە؟ ڕوون نیە لەلامان، ئەگەر مەرجەعیەتی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە هەموو یەك دەنگ بووین لەسەر ئەوەی کە ئەم قەیرانە ڕوونەدات و ڕووی دا، کێ بەرپرسە لەمەی ڕێز لەو مەرجەعیەتە نەگیرا! من نامەوێ دڵ

بەوە خۆشکەین بەڕێزیان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەڵێن لە هەندێ داواکاریەکان جێ بەجێ کران، بەڕێزان جەوهەری داواکاریەکان جێ بەجێ نەکراوە، مەسەلەی دوو مەقعەد هیچ نیە، دەیان مەقعەدمان لێ سەندراوەو لەو لاوە دەوترێت دوو مەقعەدتان دراوەتەوە یان دراوەتەوە بە هەموو عیراق، لەبەرئەوە لە خاڵێکی تردا من ئەوە عەرز دەکەم، پێمان وایە دەبێت موراجەعەیەکی جدی لە جۆری پەیوەندیەکانیشمان بکەین لەگەڵ هێزە نێو نەتەوەیی و هێزە ئیقلیمیەکان کە ئەمڕۆ هەموو خەڵکی کوردستان نیگەرانە لەوەی کە هەڵوێستی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش و هاوپەیمانانیش بە تایبەتی ئەمریکا و بریتانیا لەم مەوزوعە هاوجووت نەبوو لەگەڵ لیستی کوردستانی دا، کە ئەوە جێگەی پرسیارەو موراجەعەیەکی دەوێت، بەهەرحاڵ وەکو چارەسەرێك کە کاك د.کمال تەئکید دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە بۆ چارەسەر چی بکەین، من پێم وایە ئەمڕۆ هەموو ئەو برادەرانە باسیان کرد ئەو برا و خوشکانە دووبارەی ناکەمەوە، تەئکید دەکەم لەوەی کە ڕاگەیندراوێك بنووسرێت لە نەتیجەی ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆمان کە ئەم خاڵەی تیا بێت، بە ئاشکرا دەربڕینی ناڕەزایی دژی هەندێ لە ماددەکانی یاساکە بە تایبەتی ماددەی 1 و ماددەی 6 و ئەو ماددانەی کە هاوڕێیان ئیشارەیان پێی کرد مەسەلەی برگەی ڕێژەی گەشەکردن لە مەسەلەی لابردنی نوێنەری ماددەی 140 کە ئێمە تەئکیدمان لێی کردو هێنانی وشەی ئیستسنا و مەسەلەی لیژنە لە لیژنەی تەدقیق دا حیسابێ بۆ ئێمە نەکراوە کە کۆی ئەمە دەکاتە ئیستسناکردنی کەرکوك، ئەمە برگەیەکی هەبێت یەعنی بە دەربڕینێکی ناڕەزایی وە تەئکیدیش بکرێتەوە لە داواکاریەکانی پەرلەمان لە 10/21 و 11/7 لەگەڵ داواکاری سەرۆکایەتی هەرێم و هەموو هێزە سیاسیەکان لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەی کە کرا پێش وەخت، خاڵی دووەم: بەجدی دەبێت داوای لێکۆڵینەوە بکەین لە وەزارەتی بازرگانی و لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لەسەر هۆکاری کەم بوونەوەی ئەو ڕێژەی دانیشتوانەی هەرێم و لە گۆڕانی ژمارەی دەنگدەران لە پارێزگای سلێمانی، خاڵی سێیەم: بەڕاستی دەبێت داوای زیندوو کردنەوەی یان نەمراندنی پرەنسیپی تەوافوقی سیاسی بکەین کە هەر لە ئێستاوە دەخوازرێ بمرێنرێت بەمەرجێك ئیتیفاقێکی ئەخلاقی لەنێوان هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی عیراق دا لەسەر ئەم مەبدەئە بووە، ئێستا کەم کەمە فەرامۆش دەکرێت، دەبێت خاڵێك بێت لە ڕاگەیەندراوەکە، جگە لەو خاڵی چوارەمە کە هەموو هاوڕێیان تەئکیدیان لێی کرد، داوا لە سەرۆکایەتی کۆمار بکەین کە ڤیتۆی یاساکە بکات کە خۆش بەختانە پێش دوو، سێ سەعات هەواڵمان بیست کە تەحەفوزی هەیە لەسەری و ڕای گرتووە وەکو ڕاگەیەندراوێکی مەکتەبی سەرۆکایەتی کۆمار ڕای گەیاند ئیمزای نەکات، بە تایبەتی کە ئەو چەند موزەکەرەشی پێ گەیشتووە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانیش و لەلایەن هەندێ لە هێزە سیاسیە کوردستانیەکانیشەوە، لەوانەیە بیستبتان کە دوێنێ یاداشتنامەیەکی بەپەلەی بۆ هەرسێ بەڕێزان لە سەرۆکایەتی کۆمار ناردووە، خاڵی پێنجەم: پێم باشە لەو ڕاگەیندراوە ئاماژە بەوە بکرێت کە خیارات لەبەردەم گەلی کوردستان دا مەفتوحە، خیار تەنها بەشداری ئەم هەڵبژاردنە شەق و شوڕە نیە بەم شێوەیە، بەڵکو خیارات لەبەردەمماندا مەفتوحە، هەر لە ڤیتۆ کردنەوە تا ئەگاتە مەسەلەی ئەوەی کە پەنابردنە بۆ دادگای

فیدڕاڵی کە برایان باسیان لێی کرد، ئەگەر بۆ تۆمارکردنی هەڵوێستیش بێت لەوانەیە نەتوانرێ شتێ بکرێت لە دادگای فیدڕاڵیەوە، چونکە ئاگامان لێیە شتێکی ئەوتۆ ناتوانێ بکات لە کێشەکاندا موماتەڵات دەکات، خاڵێکی تر لە مەسەلەی خیارات مەسەلەی کۆکردنەوەی ئیمزا وموزەکەرەو یاداشت نووسینە لەلایەن هەموو ڕێکخراوە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانەوەو هەموو حیزبە سیاسیەکانەوە هەرکەس بۆ خۆی بێ دەنگ نەبێت لەم مەوقفە ڕایەکی گشتی کوردستانی جارێك دروست بکەین و بیخەینە سەر کاغەز و ئەوە نابێت تەنها لەچوارچێوەی پەرلەماندا قسەی لێ بکەین، بەڵکو هەموومان هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە جوڵەیەك بکات بۆ ئەم مەوزوعە، تا دەگاتە مەسەلەی ڕێپێوان و ئەو شتانەش کە برایانی تر ئاماژەیان پێی کرد، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە و دەبێت لەو ڕاگەیەندراوە بینووسین کە ئاماژەی پێ نەکرا ئەویش ئەوەیە مەسئولیەتی دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عیراق یان مەسئولیەتی تێکدانی کەش و هەوای هەڵبژاردن لە عیراق بخرێتە ئەستۆی موشەرعی ئەو یاسایە کە ئەم وەزعەی دروست کردووە تا نەوترێت گەلی کوردستان بوونە تێکدەر لەمەسەلەی هەڵبژاردن، کە ئەم هەموو بەزمە بۆ ئەوە دەکرێت دوایی گەلی کوردستان تۆمەتبار بکرێت و نوێنەرانی کورد تۆمەتبار بکرێت، لەدوا خاڵدا من دووبارەی دەکەمەوە کە لە $10/21$ یش دا ئەم پێشنیارەم کرد، ئەگەر بەڕێزتان بتان خستایەتە دەنگدان لایەکتان لەو پێشنیارە بکردایەتەوە ئەمڕۆ ڕایەکی گشتی دروست دەبوو دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە کە یاداشتنامەیەکی بەپەلە و خێرا دەبێت بنووسرێت، بدرێت بە ئەوساتی دوەلی، بدرێت بە موئەسەساتی عەرەبی و بدرێت بە موئتەمەراتی ئیسلامی و بدرێت بە لایەنە سیاسیە عیراقیەکان و سەفارەتەکان و ڕایەکی گشتی و جیهانی و دروست بکەین، هەر خۆمان دەنگی خۆمان کافی نیە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ ئەم تێبینیانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تێبینی زۆر دەنووسی جەنابت و یاداشتی هەموو شتەکان دەکەی ئاگامان لێیە، بەڵام تکامان وایە کە ئەو شتانەی کە لەبەرژەوەندی ئەسڵی پرۆسەکەیە هەڵوێستی گەلی کوردستان و هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانە لە ڕاگەیەندراوەکە ڕەچاوبکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نیشتمان خان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێت زۆر درێژە بە قسەکانم بدەم، لەبەرئەوەی برادەران هەموو شتەکانیان باس کرد، بەس من دەمەوێت تەنها ئەوە بڵێم دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوکارانم لەپەرلەمان و ئەوانەی ناڕازین بەرامبەر بەو ناعەدالەتیە و نادروستیەی بەرامبەر بە کورد کراوە، وە داواکارم بەیەك دەنگ و بەیەك هەڵوێست ئەمە قبوڵ نەکەین و نووسراوێك بە زووترین کات بەرزبکەینەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پیلانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە كوردستان بە گشتی لەبەرامبەر مەسەلەیەكی چارەنووسساز دایە، ئێمە نەتەوەی توركمان بەشێكی كوردستانین، هەڵبەتە هەڵوێستمان هەیە و ڕاوبۆچوونمان هەیە، نامەوێت باسی داتاو تەفاسیلی ئەو خاڵانە بكەین كە برایانمان ئەندامانی پەرلەمان بە تێروتەسەلی باسیان كرد، بەڵام ئێمە دەمانەوێ وەكو توركمان ڕاو و هەڵوێستی خۆمان لە پەرلەماندا بە ڕاشكاوانە دەربڕین، ئێمە وەكو گشت لیستەكانی توركمان لە پەرلەمانی كوردستان ڕای دەگەیەنین كەوا لە ئەنجامی ئەو كۆبوونەوەیە دا پەرلەمانی كوردستان هەر هەڵوێستێك وەربگرێت، هەڵوێستەكە هەرچیەك بێت ئێمە وەكو توركمان ئامادەی هەر كاروچالاكیەكین ئەنجامی بدەین و هەڵوێستمان هەڵوێستی پەرلەمانی كوردستانە، لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواكانی گشت نەتەوەكانی كوردستان و بەرژەوەندیە باڵاكانیشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی سوپاسی هەڤاڵێت خۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دكەم كو هەستێ وان بەرزە كو ئەو ڕێژە مەسیحیا هاتیە دیار كردن هەڵبژاردنا ئەو ژی كو پێنجن، بڕاستی ئەم سەیركەین تەنیا لپارێزگاها میسڵ پتر 350 خەڵكی یان 400 هەزار دانیشتنێت خەڵكێت میسڵ ژ مەسیحی و كلدان و سریانی و ئاشووری یەك كورسی بۆ ئەوان هاتیە تەرخان كرن، ئەڤە ژی ئەم سەیركەین تشتەكی گەلەك زۆر سەیرە، هەروەسا نزیكی 12 كورسی بۆ خەڵكێ دی لە میسڵێ كو تەعویزی هاتنە دان میسڵ، ئایا 300 تا 400 هەزاری دی خەڵكە كلدانی و سریانی ئاشووری لپارێزگاها میسڵ چینە؟ ئەڤە یەكێ، دووهێ: وەكی كاك سالم ژی ئیشارەت پێدای هەندەك جهێت ناڤێت وان نەهاتینە وەكو سلێمانی وەكو بەسرا زۆر خەڵكی مەیی مەسیحی كلدانی سریانی یان ئاشووری دانیشتینە وان جیهاتێ بەس بەحسێ ئەوان نەهاتیە كرن، خاڵا دی كو ئەو ژی ئاوارەیێت كلدانی سریانی یا كو ژ دەرڤەی عیراقێت دژین، ئەو ژی ژمارا وان نە كەمی، دەورێ 800 هەزار مرۆڤە، ئایا ئەڤە دەنگێت وانە و بۆچینە چەوا دێتە دن؟ دەنگدانا وان دێ چەوا بت؟ چەوا ژمارەن نزیكی 700ـ800 هەزار كەسا هەبیت و ئیشارەت پێنەهات بێتە كرن، دووماهی ئەم ژی وەكی لیستا كلدانی، سریانی، ئاشووری دەنگێ خۆ دەدەین دگەل دەنگێ هەڤاڵێت مەیێ ئەندامێت پەرلەمانی كو هەر هەڵوێستەكی بێتە وەرگرتن ئەم ژی دگەل وی هەڵوێستێنە كو ئەو زوڵم لخەڵكێ مەیێ كوردستانێ هاتیە كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن زۆر قسە و باسی لەسەر کرا، من تەنها چەند خاڵێکم هەیە کە گرنگە باسی لێوە بکەین، بێ گومان هەموار کردنی ئەو یاسایە خۆ سەپاندنی هێزە گەورەکانە و بەرتەسك کردنەوەی پرۆسەی دیموکراسیە لە هەموو عیراقدا، یەکێك لەو خاڵانەی کە زۆر گرنگە لە ماددەی یەکەم دا کە دەربارەی کورسیە تەعویزیەکانە کە لە پێشتر 45 کورسی بوو کرا بە 16 کورسی کە ئێستاکە بێ گومان ئەوە زەرەر بە هەموو ئەو پێکهاتانە دەگەیەنێ کە لە عیراق و بەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی عیراقن دەگەیەنێ، دەربارەی ماددەی 3 بڕی ئەو کورسیانەی کە کورسی ماوە، بێ گومان ئەو دەنگانەی کە دەمێننەوە زیاتر هێزە گەورەکان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، پێشتر وانەبوو کە دەتوانرا ئەو دەنگانەی کە دەمێننەوە ئەو لایەنەی کە زیاتر براوەیە بۆ خۆی مسۆگەری بکات، بەڵام ئێستا ئەوەی تێدا نەماوە و هەموار کرا، دەربارەی لیستی کراوەو بازنەی بچووك، تەبعەن ئەوە ڕێگا نادات بەو توێژانە وەکو توێژی لاوان یان خەڵکێکی بێ لایەن بەرامبەر ئەو هێزە گەورانەی کە لە عیراق دا هەن کە خۆیان بگەنە ئەو کورسیانەی کە لە پەرلەماندا هەن، بێ گومان ڕێژەیەکی گەلێك زۆرە 100 هەزار دەنگ مسۆگەر ناکرێت بەو توێژانە، هەروەها دەربارەی ئەوەی ڕیژەی ژنان لە ناو پەرلەماندا بێ گومان کە ئەوە یاسایەکە دژ بە دەستوورە، لەبەرئەوەی پێشتر ڕێژەی ژنان 25٪ دانداربوو لە دەستووردا ئێستا باوەڕناکەم، یەعنی لە وڵاتێکی وەکو عیراق کە ژن بتوانێ ئەو ڕێژەیە بە دەست بهێنێ بگاتە ڕێژەی 25٪ لەناو پەرلەماندا، بۆیە پێشبینی دەکرێت بە پێی ئەو خاڵانەی کە باسم کرد کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان زیاتر لە 8_11 کورسی لە دەست بدات بە پێی ئەو خاڵانەی کە باسکرا، دەربارەی زیادبوونی کورسیەکان بێ گومان زیادبوونەکە زیادبوونێکی زۆر نامەعقولانەیە، چونکە لە زۆر لە پارێزگاکان زیادبوونێکی بەچاو دەبیندرێت و لە هەندێ لە پارێزگاکان کەم بوونەوە دەبیندرێت، وەکو باسیان کرد لە سلێمانی، من پێشنیار دەکەم کە سکاڵایەك پێشکەش بکرێت، چونکە بە پێی لێدوانی دادوەر قاسم عبودی سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردن لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کە لە لێدوانەکەی دا دەڵێت قەوارەی سیاسی دەتوانێ سکاڵا تۆمار بکات بۆ ئەنجومەن، دەتوانرێ ئێمە سکاڵایەك تۆماربکەین لەسەر ئەو ناهەقیەی کە دەرهەق بە ئێمە کراوە، دەتوانرێ لەسەر سەرۆك کۆمار کە ئیمزا نەکات لەسەر ئەو یاسایە بۆ ئەوەی پەسەند نەبێت لە یاساکە، هەروەها وەکو ئەوەی برادەران ئاماژەیان پێی کرد کە ڕێپێوانێکی سەرتاسەری لە کوردستان بکرێت دژی ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاراس فەرموو.

**بەڕێز ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆکی پەرلەمان قسەکانی من هەمووی کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، امینه خان فەرموو.

**بەڕێز امینه ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت دیڤ ئەو ڕێژا 5٪ كورسی كه بۆ تەعویزیا هاتینه دانان، ئاریشەیەك كو مەچێ بن، كو مە ئەو خەسارەتێت تێت ئەڤەلیات تێدا دبینم تایبەت بۆ هەرێما كوردستانێ، ژ لایەكی دیا بەشداریا هەڵبژاردنا دیڤ ئەو هەڵبژاردنێت چوو یەت كرن بەشداریا خەڵكی كوردستانێ ژ هەمی مەنتقەیەت عیراقێ ڕێژا بەشداریا وان زێدە تر بوویە، ئەڤە ژی چەند تشتەك بۆمە لێرە چكەتەڤەوە، ژ لەلایەكی تر بەهایێ كورسی كوردستانێ دێ گران تر ژ بەهایێت جنوب و وەسەتی عیراقی بویت، ژ لایەكی تر ژی دەنگێ زێدە تر كورسی تەعویزی لكوردستانێ دێ كەمتر بیتن، یەعنی ئەڤ ڕێژە 5٪ دێ كەمتر بیت، كورسی تەعویزی گەلەك گران كرن، ئەم ببێین حاڵەتێك دا كو دەست نیشان كرنا یان ئیستسنائا یا كەركووكێ كو جهەكی گومان لێ كریە، وەك هەڤاڵێ من كاك زاناش ئیشارەت پێدا لوێ یاسایەدا ئاماژە هندێ دات كو ئەو پارێزگاهێت پتر 5٪ یەعنی دەسكاری پارێزگاهێ بێتە كرن ئەو دبێتە جهێ گومان لێ كری، ئایا لێرە ئیستسنا لناڤێ كەركووكێ ئینان نەدان پێدانەكا یاساییە لسەر هندێ بەلێ كەركووك جهەكی هندێیە كو تەزویریا تێدا هاتە كرن، ئەم بهێین بەراوردە مابەینی كەركووكێ و پارێزگاهێ تردا بكەین، جنوبێ عێراقێ ئەم زانین تیرۆر هەبوویە، كوشتن گەلەك زێدە بوویە، ژلایەكی تر مشەغ بوون ژ بۆ دەرەوەی ولاتیش جنوبێ عێراقێ گەلەك پتر بوویە ژ هەرێمێ كوردستانێ دا، ئەگەر ئەم ڤێ ڕێژە بهێین بەراورد بكەینەڤەوە چۆن دبینم محافزەكا وەكی میسلێ 19 كورسی 15٪ دان 32 كورسی لێ هەبیتن، یان ئەگەر موحافەزەیەكی وەكی بەسرا بەرچاڤ بگری 16 كورسی بۆ 15 دان24 كورسی هەبیتن، ئەڤە هەمی ئەو مەنتقانە كو ئەگەر ئیعلامیش گەر سەح كەینێ پەڕانیا جاران تیرۆر تێدا هاتە كرن، پەڤین و ئینفجارات و كوشتن و هەروەسا موشاخ بونەكی یەكجار زێدە ژ وان مەنتیقان دا هاتیە كرن، یەعنی عەقڵیەتا یا مرۆڤێ قابیل ناكاتن یەكسەر یەك ملیۆن و سێ سەد هەزار كەس تێدا هاتبنە زێدە كرن، ئەگەر ئەم سەح كەینێ هەڵبژاردنێ چوویدا بیت حەفت ملیۆن و پێنج سەد سەرجەم ئاركنجێ عیراقێ بوینە، لگور ژێدەرێت كو بلاڤ بوی، ڕێژا ئاركنجییێت عیراقێ 31 ملیۆنە، یەعنی ئەڤە دكەوێتە 311 كورسی، لەراگەهاندا بەری دەمەكی دیار بوو كو 323 كورسی دێ بۆ عیراقێ دێتە دەست نیشان كرن، ئان كو سی ودوو ملیۆن و سێ سەد هەزار كەسیت عیراقێ دژیەت، ئەرێ ئەڤە چوار ملیۆن و سەد كەسە تەنێ جنوبێ عیراقێ دگریتەوە؟ یەعنی ئەڤ زێدەبوونە بەس محافەزاتێت جنوبێ عیراقێ دگریتەڤە، ئەی پارێزگاها سلێمانێ و دهۆك و هەولێر، ئەڤ زێدە بوونە یەعنی چەوا چێ دبێت ئەڤ زێدە بوونە بۆ مناتقانە نەگریتەڤەوە، باوەڕا م ژی یەعنی دیڤ

کیش سەرژمێریێ، چ سەرژمێری نەهاتینە کرن، کو ئەڤە ژی ئەو سەرژمێریا گشتی کو بڕیار بوو لە هەیڤا دەھ بێتە کرن بوو سەبەبی هەندێ کو زێدەکردنەکا عەشوائی بوو بهێتە کرن کو یا وەزارەتا یا بازرگانیات موکەلەفە، ئەگەر هەم بەرگە ژی بکەین ئەو 38 کورسیکێ کو پارێزگاها دهۆك و سلێمانی و هەڤلێریش بهێین بەراوردەکی بکەین هەمبەر ئەو راخەکێ کو یت موحافەزایا نینە و وەکو کەڤیتە 34 کورسی، یەعنی ئەڤە ناهێتە بەراورد کردن کو ڕاستیانەکە زێدە لسەر هەیە، ئەگەر ئەم بهێین دیڤ ئەو هەڵبژاردنێ چویت کو ڕێژا بەشداری خەلکێ کوردستانێ هەڵبژاردنێت دێ ئەگەر بێتو بەشداریا خەلکی زێدە بیت، ئەگەر هەتا بەغداد، دیالە، صلاح الدین ژی ئەم دەنگا بینی مومکین نینە ئەم بگەهینە ڕێژا 16٪ هەتا 17٪، یەعنی ئەڤە پێگەها سیاسیەت مە لعیراقێ دهێت بەرەڤ لەوە زێدە تر، ئەنجامێت یەت سلبی لەسەر ئێمە دبیت، لەلایەکی ترڤە برگە ماددەی 4 ژ برگا 5ی ئەو هەڵبژاردنێت کو دەرەڤەی ولاتێت دهێنە کرن، هەڵبژاردنێت چووی یان پرۆژەی یاسا چوویە دیار کرد بۆ هەر ولاتەکی 20 هەزار عیراقی تێدا هەبن دەیەوێ ببیتە دائیرەکا یا ئینتخابی، لسەر قائیمەیا موغلەق تێدا عیراق لهەمی یەك دائیرە هەڵبژاردنێت بیتن، ئەڤە ژی پرۆژەیەکا باش بو تێدا ڕوون کردنەك هەبوو بەس ئەو یاسایە نوکە هەیە دیار نەکاتن کو ئەو هەڵبژاردنە یێت دەرڤەیێ ولاتێ دا چ شێوازی بیتن، چ ئالیەك کۆمسیۆن دەیدات ئایا ئەو ئالیاتە چەندە پاقژ بیتن؟ ژ لایەکی تر ڤە ئەڤ قانونە یەشمل بوو بە حەماسەتا خەلکی بەشداری کەم بکاتن، ئەگەر ڕێژا بەشداریا خەلکی کەم بیت ئان زێدە بیت، چ کەم بیت چ زێدە بیتن هەر ئەو کورسیکێت موحەدەد بیتن تەعویزی بووتە یا کەم بیتن، لەو حالەتێ دا هەڵوەستا خەلکی بۆ بەشداریا خەلکێ دێ گەلەکی کەم بیتن، ماددەکا دوویێ قانونی هەر لوێ یاسایێ ماددەی چاریا برگەی 4 سەبارەت بە موهەجەرە، ئەو موشەغ بووێ کو دەڤەرەکی هاتینە ڤە گواستن کو پەیتڤیا بە یەکتری بدەن، باشە ئینتخاباتێت چوویێ سەر ئالیاتێ بیتاقە ئەرزاقێ بوویە، ئەگەر هاتبیتە مەنتیقەیەکی سندوق بۆتە نەهاتنە دانان، بەس ئالیاتێ هەڵبژاردنێت نوکە، یەعنی قانونا نوکە چ ئالیەت بۆ نەهاتینە دانان، و دەنگێ وان ژی نە بۆ موحافەزان دهێتە حیسێب کرن، ئەگەر سەرژمێری نەهاتبیتە کرن دەنگێ تە بۆ کیرێ دچیت، سەر چ موحافەزەیێ دێت حیسێب کرن؟ ژ بەر هەندێ ژی چار سالێت لە ئەم تووشی کارەساتێت گەلەك مەزن بین، ئەگەر ئەم بەشداریا بین چەند پێشنیار هەنە یا یەکێ ئەو تەزویرا ئارکەنجێیت گەلەك موحافەزا هاتینە کرن بهێتە ئاشکرا کرن، و بەشی ڕاستەقینە هەرێمێ ژ ڕێژا ئارکەنجیێت عیراقێ بهێتە تەعدیل کرن، ژ لایەکی تر ڤە داخازا لسەرۆك کۆمارێت دکەین کو ئەڤ تەزویرێت هاتینە کرن پێداچوونەکی بکەن و دگەل وەزارەتا بازرگانی و راست ڤە کرن تێدا هەبیتن، ڤیتۆیە ژی بکاربهێنیت، ئەگەر هاتوو ئەم نەشیاین ڕاست ڤەکرنا ڤان یاسایێ کارەکی بکەین و ئەو تشتێ ڤە دەست مەدا نەهات یاشما بەشدار نەبوونا مە گەلەك باشترە کو ئەم شکەستنەکا ڤان ئەو پلانە کو بۆ مە هاتیە دانان بهتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت لەسەرەتا دا مەسەلەكەت بە دوورودرێژی باس كرد بۆ هەموو ئەو ناحەقیانەی سەبارەت بە خەڵكی كوردستان و بە سەرژمێریەكەی و بە یاسایەكان كرا من نامەوێ دووبارەی بكەمەوە و خوشك و برایانیش لە پەرلەمان هەموویان باس كرد، بەداخەوە برادەرانمان كە لە بەغدان یان برامان كاك فؤاد معصوم یان كاك عارف تەیفور لەو كۆبوونەوەیە ئامادە بونایە، چونكە ئێمە ڕەنگە وەك پێویست مەعلوماتمان نەبێت لەسەر یاساكانی عیراق و لەسەر گشتی گفتوگۆكانی كە لە عیراق دا دەكرێن، دەبووایە ئەو برادەرانە لێرە مەوجود بان ئەمڕۆ دەیانتوانی وەڵامی زۆر لە برادەرانی پەرلەمان بدەنەوە كە ئەوان چەند خەریكی ئەو هەموو مشتومڕەو ئەو هەموو شەڕە زۆرانەی كە لە پەرلەمانی عیراق دا دەكرێت لەسەر یاساكان و لەسەر هەموو ئەو تەوەرانەی كە ڕۆژانە دێتە پێش لە عیراقدا بەداخەوە دەبوایە ئەوان لێرەن بن، پێشنیار دەكەم ڕەنگە كاتەكە زۆر درەنگ بێت و زۆر لە هاوڕێیانیشمان كە دەیانەوێ قسە بكەن، ئەگەر بكرێ و تەئجیل بكرێتەوە بۆ بەیانی یەك لەو برادەرانە تەكلیف بكرێت چ كاك عارف بێت یان د.فؤاد بێت لێرە بن و بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە، پێم وابێ كارێكی باشە، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ وەڵامدانەوەت كاك عارف لە عەممانە، كاك فؤادیش ئیجتماعی مەكتەب سیاسی هەیە لەگەڵ هەردووكیان محاوەلەم كردووە، بۆیە ئێمە ئیشكەی خۆمان دەكەین، یاداشتەكەی خۆشمان بەڕەسمی ئەنێرین، كە ئێستا خەلاسمان كرد نەختێك ڕادەوەستین، یاداشتەكە حازر دەكەین، هەڵوێستی ئەو بەڕێزانە ئەنێرین بۆ ڕێزدار مام جلال و لە فرسەتێكی تر نەك لە جەلسەی ڕەسمی، بەڵام لە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و لیژنەكان و لەگەڵ ئەو ڕێزدارانە دادەنیشین و ئەو ڕوون كردنەوەیە دەدەین، سوپاس، كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی ئێمە لەسەر دوو مەسەلەیە، یەكەمیان: لەسەر مەسەلەی یاسای هەڵبژاردنەكانە و دووەمیان: لەسەر وەزارەتی بازرگانی و سەرژمێریە، لەسەر مەسەلەی یاسایەكە خۆتان دەزانن من ناڵێم یاسایەكە بێ كەموكورتیە، بەڵام ناشڵێین برادەرانمان لە هاوپەیمانی كوردستانی هیچیان نەكردووە، پێم وایە كاری زۆر باشیان كردووە، ڕەنگە هەزار و یەك شەڕیان لەسەر ئەو مەسەلەیە كردووە، بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی كەركووك، ئەوەڵ جار كە ویستیان ئیستسنای بكەن كەركووكیان لێ دەركردو قبوڵ نەكرا، دووەمیان: ویستیان كۆتا بۆ توركمان و عەرەب دابنێن ئەوەشیان قبوڵ نەكرد، ئەخیر جار هاتنە سەر ئەوەی كە بە ئیتیفاقات ڕێك بكەون لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئێمە لێرەوە دەست خۆشیمان لێ كردن وەكو پەرلەمانی كوردستان، ئەوە كارەكە لە ئیتیفاقاتە، هەركارێكیش بە ئیتیفاقات بێت بەڕاستی هەموو شت بە دڵی ئێمە

نابێت، ئێمە لە كوردستان ئەو لایەنە سیاسیانە نوێنەریان، بەداخەوە دەڵێم كە لە پەرلەمانی كوردستان ڕەنگە زۆر جار كوتلە سیاسیەكان هەموومان كوردین لەسەر یەك مەسەلە و چەند مەسەلەیەك ڕێك ناكەوین، بۆ نموونە جەنابت و كاك فرست سكرتێری پەرلەمان سەرۆكی پرۆژەی دەستوور بوو، ئێمە لە كوردستاندا كە ڕێككەوتین بە تەوافوقات ڕێككەوتین لەبەینی برادەرانی ئیسلامی و لەبەینی برادەرانی حیزبی شیوعی و ئەگەر ئێمە خۆمان بە خۆمان نووسیبا ڕەنگە بە دڵی خۆمان دەمانووسی، بەداخەوە ڕەنگە هەموو شتێك لە عیراق بە دەستی ئێمە نەبێت، برادەرانمان لە پەرلەمانی كوردستاندا نەتوانن ئەوەی كە لە پەرلەمانی عیراق نەتوانن ئەوەی كە مەبەستیانە بیكەن، چونكە زەختێكی یەكجار زۆریان لەسەرە، ئەو زەختەی كە هەیە هەر تەنها شیعە و سوونە نیە، حەزدەكەم ئەوە بزانن با برادەران ئەو حەقیقەتە زۆر باش بزانن، ئەمریكا لەسەر خەتە و تەدەخول دەكات و ئینگلیز لەسەر خەتە و تەدەخول دەكات، توركیا وئێران تەدەخول دەكەن، لە هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی كە لە عیراق دەردەچن ئیقلیم و سوریاش تەدەخولی تێدا دەكەن، هەموو جیرانەكان تەدەخول دەكەن، بەشیان هەیە لە پرۆژە یاساكان و دەیانەوێ مسۆگەری بكەن، لەسەرووی هەمووشیانەوە نەتەوە یەكگرتووەكان، حەقە بەڕاستی ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان داوا لە نەتەوە یەكگرتووەكان بكەین، كە نەتەوە یەكگرتووەكان پرۆژەیەكیان تەقدیم كرد سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەڵبژادنەكان كە موخالفی دەستووری عیراقیە، ئێمە بەڕاستی حەقە گلەیی لە ئەوانە بكەین كە تەدەخول لە شئونی ناو عیراق نەكەن، تەدەخول لە دەستوری عیراق دا نەكەن، كە بەداخەوە برادەران هەر دەڵێن هاوپەیمانی كوردستانی هیچی نەكردووە، مەسەلەكی كوردی هەیە دەڵێت (ئەوەی لە شەڕی نیە شیری تیژە)، بۆیە ئەو پێشنیارەم كرد كە برادەران لێرە بان ئەوان دەزانن چ زەختێكیان لەسەر هەیە و بەچ جۆرێك تەعامول لەگەڵ ئەو برادەرانە دەكرێت، بە چ شێوەیەك لەسەر یاساكان مشتومڕی لەسەر دەكرێت، خۆتان دەبینن ئەو پرۆسەیەی كە ئێستا لە عیراق دا هەیە، نەك هەر مەسەلەی كوردە، حەز دەكەم ئەوە بزانن ئێستا دەستێكی بەهێز دروست بووە ئەو دەستە بەهێزە پشتیوانیەكی بەهێزیشی هەیە كە دەیانەوێ پەكی پرۆسەی سیاسی لە عیراق بخەن، دەیانەوێ حكومەتەكەی بڕووخێنن، دەیانەوێ پەرلەمانەكەی بڕووخێنن، حەقە ئێمە ئەو مەجالانە نەدەین، بە تایبەتی كورد با نەبێتە سەبەبێك لەو سەبابەی ئێستا لە عیراق دا كە هەموویان پەنجە بۆكورد درێژ دەكەن و دەڵێن كورد سەبەبی تێكدانی هەموو پرۆسەكانە، كورد سەبەبی هەڵنەبژاردنە، كورد سەبەبی جێ بەجێ نەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە عیراق، مەعقول نیە مەهانە بدەینە دەستی هیچ لایەنێك لەوانە، ناحەقیەكی گەورەیان بەرامبەر بە خەڵكی كوردستان كردووە، زۆر ڕاستە و هەمومان دەزانین ناحەقیەكە با ئەوان بیكەن، ئێمە نەكەین، ئێمەش دەمانتوانی ئەمڕۆ لە كوردستان و لە هەرێمەكەی خۆمان دا لە وەزارەتی بازرگانی دەمانتوانی چەند ئەوان لە موسڵ خەڵكیان زیاد كردووە، چونكە ئیعتماد دەكرێتە سەر پسولەی خۆراكی، ئێمەش دەمانتوانی لە لای خۆمانەوە پسولەی خۆراكمان بۆ هەموو خەڵك دروست بكردبایە، ڕێژەكەمان زۆر لەوە زیاتر بكردبایە، بەڵام ئەوان تەزویریان كرد، ئێمە بۆ تەزویر بكەین! ئێمە

نایکەین، کەوا ئێستا نوێنەرانمان لە عیراق بە سەرۆك کۆمـار کـە جـەنابی مـام جـەلال هـەموو بـرادەران لـە پەرلەمانی عیراق قسەیان هەیە لەگەڵ لایەنەکان و قسەیان هەیە لەگەڵ هـەموو ئـەو تەرەفانـەی بەشـداری لە یاساکان و مەسەلەکانی کەرکووك و هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بـە مەسـەلەی کـورد و شـیعەو سونەوە هەیە تەدەخول بکەن، ئەوان قسەیان باشتر دێت، ئەگـەر نـا ئێمـەش دەمـانتوانی ئـەو ڕێـژە زۆرەی هەیە بیکەین، ئێمە زۆر جار هەوڵمان داوە کە سەرژمێری لە عیراق دا بکرێت، ئـەوان رەتیـان کردووەتـەوە، ئەو هەموو سەرژمێریانەی کە لە عیراق کراون ئێمە پێی ڕازی بووین تا ئێستا نازانم حەوتە هەشتە چەند سەرژمێری کە لە عیراق دا کراوە، هەموو سەرژمێریەکان ئێمە کە پێی ڕازی بووین بکرێت و ئەوان قبوڵیان نەکردووە، پێم وایە حەوت تا هەشت سەرژمێری کە لە عیراق دا کراوە سـاڵی 1934 و 1947 و 1957 و کە جێگای باوەڕەو ئێمە پێی ڕازینە پێی، خۆ ئەو کات چ دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نـەبووە، ئـەوان ڕازی نـین، ئەوان تەنها دەیانەوێ کورد ئەمڕۆ مەهانەیەك بدات بەس بۆ ئەوەی خەڵکی کوردی تێدا تاوانبار بکەن، لـە ساڵی 1965 کە کراوە و کاری پـێ نـەکراوە، لـە سـاڵی 1977 کـە لـە هـەمووی باشـترە، چـونکە لـەو کاتـەدا عیراق ئیستقراری هەبوو و سەرژمێریەکی زۆر باش بوو و کورد پێـی ڕازیـە، نوێنـەرانی کـورد لـە عـیراق وا بکەن کار بەو سەرژمێریانە بکرێت، بەداخەوە نایکەن، هەموو مەبەستیان ئەوەیە کـە لێـرەدا کـورد بێننـە سەر خەت و بەهانەیـەك بێننـەوە بڵێن کورد سـەبەبە، قسە لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـەوا تـەوافوقات هەیـە، تەوافوقات ڕەنگە خەتەری لەسەرە، خەتەری چی لەسەر تەوافوقات هەیە! ئەگەر خەتەر لەسەر تـەوافوقات بێت ئێمە دەستوورمان هەیە و هەوڵ دەدەین هـەموو کارە یاسـاییەکانمان بـە دەسـتوور بکرێـت کـە 80٪ی خەڵکی عیراق دەنگی بۆ دەستوور داوە، ئەگـەر کـار بـە دەسـتوور کـرا زۆر باشـە، ئەگـەر نـا ئـەو کاتـە ئێمـە دەتوانین کارتەکانی خۆمـان ڕابکێشـین، خـۆ خـەڵك بـە زۆری ئێمـەی نەبردووەتـە بەغـدا، بـە پێـی خۆمـان چووین و دەتوانین بڕیاری خۆمان بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من برادەران کاك شاهۆ، جەماعەت کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەندێك قسەم هەیە کـە دەمـەوێت بـە خـاڵ بیکـەم، خـاڵی یەکـەم: ڕەخنەیـە لەسـەر خـودی ئـەو یاسایە، ئەو یاسایە لە مـاددەی 2 دا باسـی ئیحسـائیات دەکـات، کـە دەڵێـت بـە پێـی عهـد ئیحسـائیات کـە بـە

بیتاقەی تەموینی پاڵپشت دەكرێت، بەڕاستی لەمەیا گلەییم لە نوێنەرەكانی كورد هەیە لە بەغدا كە دەبووایە سەیرێكی بیتاقەی تەموینی 2007 و 2008 یشیان بكردایە، بیان زانیایە مەحاسەڵەی نیهائی كامیان لە مەسڵەحەتی میللەتی كوردە، ئێستا كە 79 كورسی زیاد دەكات و سیپانی بۆ كورد دەبێت، ڕەنگە لە 2007 و 2008 دا وانەبێت، دووەم: بڕگەی 4 كە باس لە مەقاعدی شاغیر دەكات كە برای بەڕێزم كاك رزگار ڕوونی كردەوە پێویست ناكات سەرتان بئێشێنم، ئەوەش بە شێوەیەكە هەمووی بۆ مەسڵەحەتی یەك، دوو قائیمەی گەورەی عیراقە، لە ماددەی 4 خاڵی 5 باسی وەزعی تەعلیماتی خاسەی تەسویتی خارج دەكات، بەڕاستی ناكرێت ئێمە ئەمەمان بۆ ڕوون نەكرابێتەوە خۆمان بدەینە دەست ڕەشەبا و قەزا و قەدەر، ڕەنگە كوردی خارج هەر خۆیان بتوانن شەش تا حەوت كورسی بتوانن كامڵ بكەن، لە كاتێك دا كە كورسی تەعویزیی هەمووی 16 یە و هەشتی لایەنی كەمە نەتەوەكانە و ئەی هەشتەكەی تری بەس بەشی عەرەبی سوننەی ڕاكردووی عیراق دەكات لە سوریا و لوبنان، دەربارەی ماددەی 6 بەڕاستی بەداخەوە ئێمە لە كۆبوونەوەكانی 10/21 و 11/7 دا بڕیارێكی پەرلەمان دەرچوو  كە باسی ئەوەی كرد نابێت كەركووك ئیستسنا بكرێت، بەڵام بەداخەوە لەم ماددەیەدا دووجار ئیستسنا كراوە، جارێكیان وەكو مەناتقی مەشكوكە، جارێكیان بە نەس ناوی هێناوە، ناوی كەركووكی هێناوە، ئەگەر سەیری بڕگەی 3ی ماددەی 6 بكەین بۆ مەناتقی مەحافەزاتی مەشكوكە ئیمزای 50 ئەندام پەرلەمانی دەوێت لەگەڵ ئەكسەریەتی ئەسوات كە لیژنەی تەحقیق بۆی تەشكیل بكرێت، كە ئەوە بە پێی نەتیجەی ئەو ئینتخاباتە بێت، ئێمە ئەگەر 50 كورسیەكە ئەگەر بهێنین باشە، ئەگەر ئەكسەریەتی ئەسواتی پەرلەمانیش بێنین بۆ ئەوەی لیژنەی تەقەسی حەقائیق و لیژنەی تەحقیق چی ناو ئەنێی بچێتە موسڵ هین بكات، ئێمە ئەو ئەكسەریەتە بە دەست ناهێنین، یەعنی ئێمە چووینەتە لوعبەیەكەوە لە بیدایەتەوە دۆڕاوین، زۆر وازحە شتەكە، دوای ئەوەی ئەم ماددەیە نووسراوە بەڕاستی حەقە پەرلەمانی كوردستان قبوڵی نەكات، دووجار ئیستسنا كردنی كەركوك، شكاندنی قەراری پەرلەمانە لە 10/21 و 11/7، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەمە بڕیاری ژمارە 1ی ساڵی 2005 ی بەڕێزی ئێستانە كە مەرجەعی سیاسی هەموو مەسڵەحەتێكین نەك موباشر، بە غەیرە موباشری میللەتی كوردیشین، تاكە نوێنەری ڕەسمی میللەتی كوردین لێرە، ئەو بڕگەیەی كە دانراوە لێرە دژی جەوهەری قانونەكەیە كە قانون دەبێت عام و موجرد بێت، بۆچی كەركووك جیاكراوەتەوە، سیفەتی عام و موجەرەدی قانونەكە لەویا لە دەستی داوە، كە سیفەتی جەوهەری هەموو یاسایەكە، دوای ئەوە لە بڕگە 1ی سێیەمیان باسی ئەوە ئەگەر ئێمە ئەوەشمان تێ پەڕاند 50 دەنگ بێنین و بڵێین توخوا گلەییمان لە مەوزوعی موسڵ هەیە و ئەكسەریەتی دەنگمان هێناو لێژنەی تەقەسی حەقائیق بچێت و لێژنەی تەحقیقی بچێت و دەبێ لیژنەیەك دروست بێت لە چوار عزوی مكەونات، ئەگەر كەركووك بێ و نوێنەری تەختیت و داخلیە و تیجارەو مفەوەزیەی عولیا و بە معونەی ئومەمی موتەحیدە، بۆ ئومەمی موتەحیدە 32 ساڵە قەزیەی پۆلیساری گرتۆتە دەست و توانیویەتی هەنگاوێك بچێتە پێشەوە، بۆ تا ئێستا تەرحێكی چاكی كردووە بۆ ئێمە تا ئێمە خۆمان بدەینە دەست قەزا و قەدەر و ڕەشەبای ئومەمی موتەحیدە؟ بڕگەی

4ی هەمان مادده ئەمە دەڵێت نابێتە سابیقەیەك (لای وضع سیاسی او اداری) ئـەی كاكـە یـەعنی ئێمـە 87 ساڵە فیشەك دەنێین بە دەوڵەتی عیراقیەوە و چیمان كـردووە! ئەگـەر لەسـەر سلێمانی و هـەولێر و دهۆك بووەو سەرچاو و سەر سەرم، ئەگەر لەسەر ئەوە نیە ئێمە ئەنفالمان بەچی بەسەرهات و كیمیایمـان بەسـەر هات و كەركووك لەسەر چی وێران كرا و ئـەو خەڵكە لەسـەر چی مـاڵی وێـران بـوو! چۆن نوێنـەری ئێمـە موافەقەیان لەسەر كردووە؟ ئەگەر ئیحسا ئەگەر دەنگدان و دەرچوونی نیسبەی دەنگدان سابیقەی وەزعی سیاسی و ئیداری نەبێت چی سابیقەیە؟! من نازانم لە دنیایا چی سابیقەیە، لە بۆسنە و هەرسك و كۆسۆڤۆ و جەبەل ئەسوەد و ئەمانە بوو بە سابیقە، بۆ لە وڵاتی ئێمە شازە!؟ ئەمە تەحەفوزەكانم بوو لەسەر نەسی قانونەكە، نوقتەیەكی تر هەیە دەبێت ئێمە بیر لەوە بكەینەوە ئەمڕۆ لەم پەرلـەمانی كوردسـتانە بەرنامـە چیە لە پشت ئەمەوە؟ بەڕێزان ئەمە بەچەند مەرحەلەیەك دەستی پێ كـرد، مەرحەلـەی یەكـەم عـەدەدی پێشمەرگە بوو، بیدایەت 240 هەزار كەسیان قبوڵ كردو، ئێستا دەڵێت 20 هەزار كـەس، 3 ملیـار و نیـوی مەعاشی پێشمەرگە قەرزارە و نایدەن، ماددەی 140 جێ بەجێ ناكات، پێشمەرگە بە مەرحەلەی دووەم لـە قەرتەپەو جەلەولا ڕادەپەڕێنێ و تەوقی خانەقین دەكات و لەوێوە لە سـەدی موسڵ كردوویەتـە سـەرمان و لـە موسـڵ دەرمـان دەكـەن، لێـرەوە ئامـادە نیـە مـەخمور بخاتـەوە سـەر هـەرێمی كوردسـتان، ئێسـتا بۆیـان دەركەوتووە ئێمە تا ئەو نیسبەتەمان هـەبێت لـە پەرلـەمانی عیراقـدا مشكیلەین بـۆ ئـەوە عیلاجێكی زۆر باشیان دۆزیوەتەوە بە بۆچوونی خۆیان كە ئێمە ئەو نیسبەتەمان كـەم بێتـەوە، بـۆ نموونـە ئێمـە بـە پێـی ئینتخابـاتی 2005 لـە 21٪ی مەقاعـدی پەرلـەمانی عیراقیمـان هـەبووە، بـە پێـی ئـەم ئینتخاباتـە ئەگـەر بكرێت نیسبەمان دەبێت بە 16٪ ، پێم ناڵێی 16٪ چی پێ ئەكرێت؟؟ ئەمە ئەگەر ئەو پرۆژە یاسایە سەر بگرێت، سیاسیەن ئێمە هیچ مەناسبێكی سیادیمان نابێت، با لەسەری نەرۆم دەست ناكەوێ، قانونیـەن ئێمـە ڕێژەمان وەك گوتم لە پەرلەماندا وەك گوتم 21٪ ەوە دەبێت بە 16٪ ، ئەمـە ئیحسـائیاتی مـن نیـە هینـی خەڵكی خەبیرە بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، ڕێژەی دەنگدەرمان 15٪ ەوە دادەبەزێ بـۆ 12٪ ، بـەڕێزان ئەمـە كتێبەكەی فازڵ حسینە ئیحسائییاتی ئومەمی موتەحیدەی تیایە لە بیستەكان دا ، ئەگـەر ئـەم مەناتقانـەی ئەم حیسابی دەكات كە ئێمە بە پێی ئەم دەنگدانە نیوەی سەوتین، وەختی خـۆی ئێمـە 4/3 زیـاتر بـووین، ئەمـە ریسالەی دكتۆرایـە لـە جامیعـەی ئینـدیانـە هێناویـەتی، تـۆ ڕۆژ بـەڕۆژ بچووكم دەكەیتـەوە، حەقـە قیادەی كوردی سنووری بۆ ئەوە دابنێت، حەقە نوێنەری میللەتی كورد سنوورێك بۆ ئەو زوڵمە دابنێت ئەو زوڵمـە تەریخیـەی 1000 سـاڵە لەسـەر ئێمەیـە، مـەوزوعی قـانونی ئێمـە ئەگـەر ئەمـە سـەر بگـرێ بۆیـان بەڕاستی شتێكی زۆر موهیم هەیە لە دەستووری عیراقی دا مەجلسی ئیتیحادە، مەجلسی ئیتیحـاد بـەیانی ئـەو قانونـە بـە ئـارەزوی خـۆی دایـدەنێت، مەسـائیلی عالیقەیـە مـاوە، تەعـدیلی دەسـتوورە، ئێمـە لەوانـە هەمووی زەرەرمانە حەقە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەمانە بە نـەزەری ئیعتبـار وەربگرێـت، بـەیانی ئێمـە لـە پەرلـەمانێ 16٪ مـان هـەبێت، دەتـوانین چـی بكـەین بـۆ مەجلسـی ئیتیحـاد كـە دەبێتـە جێگـرەوەی ئـەم مەجلسی ریئاسەیە تەسدیقی قەراراتی مەجلسی نەواب دەكات، تەعدیلی دەستوور چ لێ بكەین، ئەگـەر ئـەو

وەختە هەموو ئیمکانیاتی خۆمان بخەینە سەر ڕەفزی سێ موحافەزەکە، جا بەڕێزان ئێستا بۆ ئەوەی زۆر سەری بەڕێزتان نەئێشێنم ئەوە موهیمە ئێستا ئێمە چی بکەین، تەرحی بەدیلمان چیە؟ تەرحی بەدیلمان چەند شتێکە، بە ڕەسمی وەك پەرلەمان کە مەرجەعین بە پێی بڕیاری ژمارە 1ی ساڵی 2005 کە پێویستە ئێمە ڕەدی ئەو یاسایە بکەینەوە، پێشیان بڵێین ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات بەسەراحەت هەڵبژاردن نەك نایکەین، بەڵکو هەڵبژاردنیش ناکەین و سەحبی سیقە و سەحبی ئیعتراف لەهەر حکومەتێك ناکەین کە لە بەغدا بێتە سەر کار، لەهەر تەعدیلێکیش ئەو مەجلسی نەوابە دەیکات، (شەڕەو قاپی پێ گرتووین)، دووەم: یا ئەوەتانێ دەبێت ئەم پەرلەمانە یەکێکی تر لەو نوقاتانەی کە ئەم تەرحە بەدیلی بکەین، دەبێت داوای تەئجیلی ئەم ئینتخاباتە بکەین تاوەکو ئیحسا دەکرێ، ئەگەر ئیحسا ناکرێت با لیژنەیەك لە موختەسین پێك بێت بزانین ئێمە بە پێی ئیحسای فۆرمی خۆراکی 2007 و 2008 مەحسەڵەی نیهائی ئێمە چەندە وەك میللەتی کورد، ئێستا 79 کورسی زیادی کردووە، بە 2007 چەند زیاد دەکات 2008 چەند زیاد دەکات؟ ئێمە لە 2007دا چەندمان دەکەوێ و لە 2008دا چەندمان دەکەوێ؟ داوای ئەوە بکەین، کامە لە مەسڵەحەت و بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمانە؟ من داواکارم سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی شەرعی و قانونی خۆی بەکاربهێنێت و تەداخول بکات لەم قەزیەیە، بەڕاستی ڕەفزی ئەوە بکات و بڵێت ئەمەم قبوڵ نیە، نوقتەی چوارەم: بە ریئاسەی جمهوری ڕابگەیەندرێت کە ڤیتۆی ئەم یاسایە بکات، هەرچەندە من دوێنێ شەو لە وەسائیلی ئیعلامەوە گوێم لێ بوو کە گوایە ئەم یاسایە قبوڵ کراوە، من ئێستا وەکو شەخسی خۆم موحەیر ماوم نازانم قبوڵ کراوە یان نەکراوە؟ لە تەلەفزیۆنی کوردسات گوێم لێ بوو گوایە کراوە، بەڵام ئەگەر نەکراوە داوا لە ریئاسەی جمهوری بکەن ڕەدی بکاتەوە و ڤیتۆی بکات، ئەگەر کراویشە بەڕاستی ئەمە تەعبیر لە خواستی ئێمە ناکات، پێویستە ئێمە موقاتەعەی بکەین، ئەگەر نەتیجەی تاریق هاشمیش تەئسیری نیە، مەوزوعی کورسی تەعویز و کورسی خارج، لە 5٪، کەی نیسبەیە، با بکرێت بە 15٪ بەڕاستی ئێمە بە سەدەها هەزار کوردمان هەیە، بەسەدەها هەزار عەرەب هەیە، شتێکی تر هەیە و پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، من ئەمە هەمووی ژمارەی ڕۆژنامەیە لەلامە کە ئەمڕۆ سەیری ئەم قانونەمان کردووە چەندی خەلەل تیایە، بەداخەوە حەوت عەدەدی ڕۆژنامەیەکم لەلایە ئەمەی کە کراوە بە نەبەردی و شتی تر بە مانشێت نووسراوە، تۆمارکردنی نەبەردیەکی تر لە بەغدا، هەتا دوایە، جۆزێف بایدن بۆ ریئاسەی جمهوری بە تەریخی 11/10 ئیتیساڵی کردووە و پیرۆزبایی لێ کردووە و دەست خۆشی لێ کردووە، بەڕاستی ئەمە نەبەردی تر نیە، حەقە پەرلەمان کە ئێمە تاقە مەرجەعین هەڵوێستی خۆمانمان هەبێت، شتێکی تر هەیە ئێمە بزانین دەبێت داوای ڕوونکردنەوە لە ریئاسەتی جمهوری و پەرلەمانتارانی عیراقی بکەین، مەوزوع چیە هەموویان و پەرلەمانتارانی یەکگرتوو نەچوونەتە ژوورەوە بۆ دەنگدان، ئەوان هەموویان چوونە، ئەگەر شتێکی پشت پەردە هەیە؟ بەڕاستی مەسیری میللەتەکەمان لەهەر کورسیەیەك ئایا ریئاسەی جمهوریە؟ ئایا ریئاسەی پەرلەمانە؟ ئایا 10 وەزارەتە؟ ئایا هەر وەعدێکە بۆ چارەسەر کردنی مەسائیلی عالیقە تاکە زەمانی ئێمە ئەو نیسبە

تەزویریەیە کە ئێمە نیسبەتێکی زۆر کورسی بێنین جا هەر کەس و لایەنێك بیهێنی ئەلوهیم لایەنێکی کوردی بێت لە پەرلەمانی عیراقی قابیلی موساوەمە نیە مەسیری میللەتەکەمان، من هەر ئەمەندەم هەبوو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت،عظیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم برادەران زۆربەیان دەستیان خستە سەر کێشەکان و باسی ئەوە کرا ئەم ڕێژەیەی ژمارەی کورسیانەی کە زیادکراون لە پارێزگاکانی عیراق دا دیارە بۆ خۆی کۆمەڵێك گرفت و ناعەدالەتی و دابەش کردنێکی ناسروشتیە، هەموومان پێی ناڕازین و ئەگەر بێینە سەر ئەوە، بەڵام من حەز ناکەم لەسەر ئەو ڕێژەیە و ئەو کورسیانە و زیادانە و ئەو شتانە قسە بکەم، حەزدەکەم یەك حاڵەتی زۆر گرنگ لێرەدا باس بکەم کە ئەویش بوونی دەسەڵاتدارانی کورد لە ناوەند، تیشك دەخەمە سەر قسەیەکی کاك اسماعیل محمود گوتی ئێمە زەختی دەرەوە و ناوەوەمان لەسەر بووە کە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەو یاسایانەی کە دەردەکرێت، ئێمە بە پێی ئەو بڕیارانە بێت کە زەختی دەرەوەو زەختی ناوەوەمان لەسەر بێت بە زەختیش چوونە ناو حکومەتی عیراقی و ئێمەش دەبێت زەختمان لەسەر ئەوان هەبێت کە مافەکانمان جێ بەجێ بکرێ و بڕیارەکانمان بە ویستی خۆمان بێت، دیارە بۆ خۆی ئەم حاڵەتانە حاڵەتی ناسروشتین، من پێم وایە حکومەتی کوردی و دەسەڵاتی کوردی ئەم کارە یان ئەو پرۆژا نە و ئەو یاسایانە هەروا بە ئاسانی وەرنەگرین، ئەمە کارێکی چارەنوسسازە، ئەم بڕیارانە بڕیاری چارەنوسسازن لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، پێم وایە دەبێت سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمیش و پەرلەمانی کوردستانی و پەرلەمانی عیراقیش هەڵوێستی جدی وەربگرن لەسەر ئەم بڕیارانە، نەك دەسەڵات، پێم وایە شارعی کوردی دەبێت هەڵویست وەرگرێت لە ئاستی ئەم کێشانە کە ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە، یەك خاڵی تر کە زۆر گرنگە بەلامەوە من پێشنیار دەکەم کە کورد سیاسەت و ستراتیژی خۆی بگۆڕێ لە عیراق دا پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە کارو بەرنامەو شەتەکانیان بەڕوونی و شەفافیەت هەبێت لە سیاسەت کردنیان دا، لە کارکردنیان دا، ئێمە چەند ڕۆژ پێش ئێستا باس لە هەڵبژاردنەکان دەکرا، ئێمە لیستی کراوەو لیستی داخراو و باس لەوە کرا کە کەرکووك تایبەتمەندی نەدرێتێ ئەوە پەرلەمان کۆبوونەوەی لەسەر کردو ئێمە لەسەر ئەو حاڵەتانە قسەمان دەکرد، من پێم وایە دیارە لەم حاڵەتانە دا کە ئەمە ڕووبەڕووی کورد بۆوە ئەم ڕێژەیەی دابەشکردنی کورسیانە کورد بێ ئاگا بووبێ لە بەغدا، دیارە ئەم حاڵەتە لە پڕێك دا بوو، ئەمە تووشی شۆکمانی کرد کە ئەم دابەشکردنەی ڕێژەی ناسروشتیەی کە بەسەرماندا هات، دەبووایە کورد لە بەغدا پێشبینی ئەم حاڵەتانەشی بکردبایە، پێویستە کار وسیاسەت و ستراتیژیەتمان لە بەغدا بگۆڕین و بە ئادایەکی باشتر ئیش بکەین، پەرلەمانی کوردستانیش لەگەڵ پەرلەمانی بەغدا هەڵوێستێکی جدی وەربگرێت لەسەر ئەم حاڵەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەریهان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەران باسیان کرد ناچمەوە سەر عەینی مەوزوع، بەس دیارە ئەمە سیاسەتی عەرەب هەروا بووە بەرامبەر بە کورد، بۆ کەم کردنەوەی نەتەوایەتی کورد، وردە وردە ئەمە سیاسەتێکی زۆر مەترسی دارە،

من پێشنیار دەکەم کە تەعدیلی یاسای هەڵبـژاردن بکرێـت، هـەروەها نوێنـەرانمان لـە بەغـدا کـە بانگێشـتی پەرلەمان بکرێت بۆمان ڕوون بکەنەوە بۆچی ئاوا کەم تەرخەم بوون بەرامبەر ئەمە و هـەتا وەزع گەیشـتە ئەمـە، لەبەرئـەوە بۆمـان ڕوون بکەنـەوە ئێمـە پێویسـتمان بەوەیـە، هـەروەها سـەرۆکی کۆمـاری عـێراق و سـەرۆکی هـەرێم و هـەروەها سـەرۆکی پەرلـەمان هەڵویسـتێکمان هـەبێت کـە بـە تونـدی ڕەدی ئـەم یاسـایە بدەینەوە، ئێمە داوا دەکەین کورسی تەعویزی زیادبکرێت کە وای دەبینم کەم کردنەوەی کورسی تـەعویزی هـەروەها کـەم کردنـەوەی کـوردە لـە دەرەوەی وڵات کـە ئێمـە ڕێژەیـەکی زۆر زۆرمـان لەوانـە هەیـە کـە لـە دەرەوەی وڵاتن، کەم کردنەوەیان مەترسیەکی زۆر دەهێنێت کە ئەوان بەشدار بـن لـە پرۆسـەی داهـاتوو دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاک ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەران زۆربەی شتەکانیان باس کـرد مـن نامـەوێ کـاتێکی زۆر بکـوژین بـە بـاس کردنـی ئـەم مەوزوعانـە بەڵام تەنها وەکو چارەسەر منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە داوایان کرد داوا لە سـەرۆکایەتی کۆمـار بکرێت کە بە ڤیتۆ کردنی یاساکە، لە دوایی دا هەروەك کاك د.جعفر و کاك اسماعیلیش باسی ئەوەیان کرد، بانگی برادەرانی هاوپەیمانی کوردستان و هەموو نوێنەرانی کورد لە بەغدا بکرێت و لێرە پێکەوە دابنیشین و لەسەر تەواوی یاساکە و خاڵ بە خـاڵی قسـە بکـەین باشـترە لـەوەی کـە ئێمـە لێـرەوە بـۆ خۆمـان بەتـەنها قسەی لەسەر بکەین، سەبارەت بە ڕێژەی دانیشتوانیش من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمانی کوردسـتان بۆ خۆی تەداخول لەو مەوزوعە بکات لەگەڵ وەزارەتی بازرگـانی، یـاخود هـەر لایـەنێکی تـر کـە پەیوەنـدی بەوەوە هەیە، خۆ ئەگەر چاوەڕێ بکرێت هەتا وەکو ئیحسائیەك بکرێت، پێم وایە کارێکی قورسە و باشترە، بەڵام ئەگەر نەشکرا باشترە ئێمە وەکو پەرلـەمان بەدواداچـوون بـۆ ئـەو کێشـەیە بکـەین و بـزانین هۆکـاری زیاد نەکردنی هەندێ پارێزگا و زیادکردنی هەندێ لە پارێزگاکانی تر چیە؟ هـەروەها هەنـدێ لـە بـەڕێزان کاك عمـر و هەنـدێ لـە برادەرانـی تـریش باسـی ئـەوەیان کـرد کـە چـارە چیـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم کێشـانە دووبارە نەبێتەوە، یەعنی ئێمە هەموو جارێك نوێنەرانیکورد لە بەغدا بڕیارێك دەربکات و لەدوای ئەوەی بڕیارەکە دەرچوو و ئێمەش بێینەوە باسی بکەین، بۆ خۆی بۆ کـورد ئەمـە ئیحراجیەکـە تـۆ قـەرارت داوەو ئیمزات کردووە و دەنگیشت داوە لەسەری لە پەرلەماندا، دووبارە هەر خۆی بچێتەوە و داوا بکـات کـە ئـەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوە پێم باشە چارەسەرێك بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزرێتەوە کە هاوکاریەك یـاخود تەنسیقێك لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا بکرێت کـە هـەر بڕیارێـك پەرلـەمان وەکو ئـەوەی کـە مەرجـەعی سیاسـی کوردە، هـەر بڕیارێـك کـە لـە عـێراق دەدرێـت پـێش ئـەوە پەرلـەمانی کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆ كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پاش پەسەند كردنی قانونەكە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دوای ئەوە كۆمسیۆنی باڵا ژمارەی ئەنـدامانی ئەنجومەن و چۆنیەتی دابەش كردنی بەسەر پارێزگاكان بڵاوكردەوە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتەكەی لێرە دابوو كە ئیرباكەكەی دروست كرد، بە كورتی من ئاماژە بۆ چەند خاڵێك دەكەم دیارە پاش چەند رۆژێكی تر ئەگەر سەرۆكایەتی كۆمار ڤیتۆی قانونەكە بكات، یان ئەگەر موسادەقەی لەسەر نەكات بۆ خۆی پاش چەند رۆژێكی دیكە دەبێتە موسادەقە لەسەر كراو، لەبەرئەوە پێویستە سەرۆكایەتی كۆمار ڤیتۆی ئەو مادده و بڕگانە بكات كە بەڕێزتان لە موداخەلەكەتان ئاماژەتان بۆی كرد، من نامەوێ یەكە یەكە باسی ئەو بڕگە و ماددانە بكەم، تەوسیەی كوتلەی تەحالفی كوردستانی بكرێت كە داوای ڕوونكردنەوە لە وەزارەتی بازرگانی بكەن سەبارەت بەو تەجاوزەی كە كراوە لە تۆماری دەنگدەراندا، ئەگەر ئەوەش دادی نەدا پەنا بۆ مەحكەمەی فیدراڵی ببردرێت، چوارەم: سەبارەت بە بڕگە 3 ی ماددەی 6 قانونەكە لە جیاتی ئەوەی ئەو ووردبینیەو ئەو پێداچوونەوەی كە ئەو لیژنەیەی بە پێداچوونەوەی ئەو بڕگەیە دروست دەبێت ئەوە بكرێتە پێوەر، پێویستە سەرژمێریە گشتیەكە بكرێتە پێوەر، دیارە ئاخیر مەتاف بە بڕوای من ئەوەیە كە ئەوە پێویستە زۆر بە وردیەوە لێی بكۆڵدرێتەوە ئەگەر ویستیان بەسەر كوردی دا فەرز بكەن، شتێكی دیكە ئەوەیە تاكە ڕێگا دەمێنێتەوە موقاتەعەی هەڵبژاردن بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمویست بیڵێم زۆری كرا، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئێمە دەبێت پشت بە هاوپەیمانی كوردستانی ببەستین لە بەغدا، چونكە ماوەیەك پێش ئێستا لە كێشەیەكی زۆر گەورە دابوون، توانیان كێشەكە حەل بكەن، وەكو باسیش كرا یاساكە دەرچوو نەمانزانی كە فێڵی تێدا دەكرێت، بەڵام ئێستا ئێمە لەناو كێشەكەین و دەتوانین ئەو كێشەیە بە پاڵپشتی پەرلەمانی كوردستان و هاوپەیمانی كوردستانی لە بەغدا و سەرۆك كۆمار و سەرۆكی هەرێم دەتوانین ئەو كێشەیە بتوانین حەل بكەین بەو شێوەیە نابێت ڕەشبین بین، بە رەئی من تەبعەن ئەو یاسایە عەدالەتی تیا نیە، چونكە ژیان ڕانەوەستاوە لە شارێك وژیان زۆر

بەرزە لە شارێکی تر، ژیان لە حەرەکەیە و لە بوون دایە، ئەگەر بزانن ئینسان چۆن دروست دەبێ و دونیای ئێستا چۆنە، کە لەوپەڕی پێشکەوتنە لە بواری تەندروستی، زۆربەی نەخۆشی چارەسەری پەیدا بووە، تەمەن ئێستا درێژترە، ئێستا لە جاران نیسبەی مردن کەمترە، کیمیاباران نەماوەو شەڕی ناوخۆ نەماوە و تەقینەوە نیە، چۆن زیادبوون نیە لە شارەکانی کوردستان، بۆ زیادبوون هەیە لە شارە عەرەب نیشینەکان، بۆیە دەڵێم ئەو یاسایە بە هیچ شێوەیەك نابێت قبوڵ بکرێت، دەبێ هەڵویستمان هەبێت، دەبێت پێداچوونەوەش هەبێت لەو شارانەی کە ئێمە گومانمان لێی هەیە، بۆ نیسبەی زیادبوونیان یەکجار زۆرە، یەك شتی تر دەڵێم کە تا ئێستا لەوانەیە کەس باسی نەکردبێت لە برادەران، ئێمە دەبێت هاوڕێی خۆمان بناسین بۆ ئەو کەسانەی کە وەکو موعارەزە لەگەڵمان ئیشیان دەکرد کە مالیکی و چەلەبی و عەلاوی بوو، زۆر یەکگرتوو بووین لە ئیشەکانمان هەموومان موعارەزە بووین بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە بڕوخێنین، ئەو ڕژێمە دکتاتۆریە، بۆ ئێستا عەینەن موعارەزەکان بوونە بە موعارەزەی خۆمان، بۆ لەگەڵیان پێداچوون ناکەین، بۆ ڕێزیان بگرین! بۆ ئیهتمامیان پێ بدەین کە دێنە کوردستان و وایان لێ بکەین، دەبێت لێیان تێ بگەین، ناوەڕۆکیان بزانین کە نیەتیان چۆنە بەرامبەرمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وەك برادەرانی ترە، زۆربەی قسەکانم کراوە، بەس داوا دەکەم ڤیتۆ بەکاربهێندرێت لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بۆ ڕەد کردنەوەی ئەم یاسایە، چونکە ئەوە ناحەقیەکی گەورەیە کە بەرامبەر بە کورد دەکرێت، بۆیە دەنگی منیش وەك ئەندامانی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پروین خان فەرموو.

**بەڕێز پروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشی ئەو دانیشتنەتان لێ دەکەم بەڕاستی لە جێی خۆیەتی و دیارە ئەم دانیشتنە لە چاو دانیشتنەکانی تر جیاوازیەکی جۆرایەتی بەخۆیەوە بینیوە، لەبەرامبەر کارلێکردنی ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی پراکتیك تر و باشتر، ئێمە ئەگەر تەماشا و سەیری هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین بەهۆی جوڵەیەکی سیاسی شۆڤینیانە ڕووبەڕووی مەترسیەك و جووڵەیەکی زۆر گەورە بووینەتەوە بەهۆی ئەو ڕووداوانە، بۆیە دەبینین بە هۆی ئەو ڕێژە زیادبوون هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ باشوور و ناوەڕاستی عیراق ئێمە ئەگەر تەماشای هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین لە کەش و هەوایەکی زۆر ئارامتر دەژین لەوەی لە ناوەڕاست و باشووری عیراق بەهۆی ئەو تەقینەوانەی کە تێیدا ڕوودەدەن، لەبەرچی ئەو ڕێژە کەمە لە هەرێمی کوردستان چەندەیە و کەچی بە پێچەوانەوە لە

باشوور و ناوەڕاست بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و یەکەم شت داوا لە سەرۆکی کۆمار بکرێت کە پەسەندی ئەو یاسایە نەکات و ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، دووەم: سەرژمێری بکرێت بۆ دەرخستنی پێچەوانەی ئەو ڕێژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك حازم فەرمووو.

**بەڕێز حازم تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە سەراحەت من زۆر بە غەریبی دەزانم دوای دەرچوونی قانونی ئینتخاباتی عیراق بە شکلەکی گشتی تەحدیدی کۆتا بە شکلێکی تایبەت، چونکە لە قانونی ئەوان مەوجودە و هەر 100 هەزارەکی مەقعەدەك هەیە، ئەم وەکو ئێزدیەکانی کوردستان شانازی بە قەومیەتی خۆمان دەکەین، کە قەومیەتی کوردیە، هیچ موساوەمەتێکی لەسەر ناکەین، بەڵام ئێمە خسوسیەتی خۆمان هەیە، مادام تەحدیدی کۆتای کردیە، ئەرێ بۆچی لەسەر حیسابی ئێزیدیان نەکراوە؟ ئەمڕۆ ئێزیدیانی کوردستان 500 هەزارن، بەحەسەبی بیتاقەی تەموینی و چونکە دەزانن ئەگەر ئەو مەقعەدانە بدەن بۆ ئێزیدیەکان، مەحسوبە و لەسەر تەحالفی کوردستانی دەبن، ئەمە بە رەئی من موئامەرەیە دژی میللەتی کورد، عەدەدی لیستی کوردستانی لە بەغدا کەم دەکەن، ئەوە وەکو کاك عمر نورەدینی و کاك شاهۆ ئیشارەتیان پێیدا ئەوە زۆر موهیمە لەڕووی سیاسی دیراسەی لەسەر بکرێت، مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حسن فەرمووو.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر تۆزێك بگەڕێینەوە بۆ دانیشتنەکانی پێشووی عیراقی، تاکو دەرکردنی یاسایەکەش لایەنی شۆڤینی عەرەبی هەر خەریکی پلان بوون لە دژی کورد و کوردستان، بەڕای من خۆی لەچەند خاڵێك دا دەبینێتەوە، خاڵی یەکەم گەڕانەوەی عیراقە بۆ باری شۆڤینی، خۆی هەر لەسەرەتاوە موماتەڵە درێژ دەکرایەوەو لەلایەکیش ئیتیهامی کورد دەکرا بەوەی کورد دەیەوێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا نەکرێت و کورد ئینتخاباتی عیراقی تەئجیل دەکات، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو کە فشارێکی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر سەرکردایەتی کورد و پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بکەن بۆ ئەوەی تا حەدێك بگەنە حاڵەتێکی تەوافوقی لەگەڵ یاساکە، خاڵێکی تر هێنانی چەند پێشنیارێکی نادەستووری بوو لە دانیشتنەکان کە هەموومان دەزانین هەر خۆی لەخۆیدا مەهانەیەك بوو ئەویش وەکو دواخستنی هەڵبژاردنی شاری کەرکووك و حاڵەتی پێدانی تایبەتمەندیەك بە شاری کەرکووك، یان دانانی دوو مەقعەدی تەعویزی بۆ شاری کەرکووك، هەر دوو ئەم خاڵە بەڕاستی بۆ ئەوە بوو کە برادەرانی ئێمە، نوێنەرانی کوردستان

مەشغوڵ بکەن بەرەد کردنەوەی ئەو بارە یاخود ئـەو خاڵە نادەسـتووریە، خۆشـیان لەلایـەکی تـر خـەریکی ئەوە بوون کە کۆمەڵێك وردەکاری بێننە ناو یاساکەوە کە بەڕاستی ڕێژەی گـەلی کـورد و خـەڵکی کوردسـتان کەم بکەنەوە، بەمەش غەدرێکی نەتەوەیی و هەروەها زەبرێکی شـۆڤینانە لـە خـەڵکی کوردسـتان بـدەن کـە بەڕاستی پێویستە قبوڵ نەکرێت، خاڵێکی تر پاشگەز بوونەوەیە لە دیموکراسـیەت، هـەمووومان دەزانـین کـە دیموکراسیەت بە چیەوە دیارە، بەوە دیـارە کـە کۆمـەڵێك داواکـاری نوێنـەرانی کوردسـتان رەد کرایـەوە، لـە کلدان، سریان، ئاشوری ڕەتکرایەوە، داواکاری یەزیدیەکان ڕەتکرایەوە، داواکاری شەبەك ڕەتکرایـەوە، کەواتـە دەتوانین بڵێین یاسایەك بەسەر عیراقیەکاندا سەپێندرا، کە نە کورد، نە کلدان، سریان، ئاشور، نـە یەزیـدی، نە شەبەك پێی ڕازی نیە، کەواتە دیموکراسیەتی ئەم یاسایە لە کوێدایە؟ هەردوو خاڵی سەرەوە شـۆفینیەت و، هەروەها نەبوونی دیموکراسیەت لە عیراق، هەر لە سەرەتای دروستبوونی عیراق دوو سـیمای دەسـەڵاتدار و ڕژێمەکانی عیراق بوون، کە بەڕاستی نەهامەتیان بۆ گەلی عیراق هێنا و، گەڕانەوە بۆ ئەم شۆفینیەتە، بۆ ئـەم نادیمکراسـیەتە، دیسـان لێکترازانـی عیراقیـەکان و هـەروەها گەڕانـەوەی نەهامەتیەکانـە، کـە لـە پـێش هەمووان گەلی عەرەب زەرەرمەند دەبێ، هەموو گەلانی عـیراق زەرەرمەنـد دەبـن و، بەرپرسـیارێتی یەکـەم دەگەرێتەوە بۆ لایەنی شۆفینیەتی عەرەبی، خاڵەکانی تـرم، دووەم و سـێیەم: نایاسـایی و ناعەدالەتیـە، کـە بەڕاستی من نامەوێ درێژەی پێبدەم، چونکە برادەران زۆر بەڕاشکاوی و بـە درێـژی ئیشارەتیان پێدا، ئـەم باری نایاسایی و ناعەدالەتییەی کە باس کرا، هەمووی بـۆ ئەوەیـە کـە ئـەنجامی هەڵبـژاردن لـە کوردستانـدا بگۆڕن، خاڵێکی لاواز لەسەر کورد تۆمار بکەن، بارێکی سیاسی لاوازیش جێگای ئـەم بـارە سیاسـیەی ئـەمڕۆ بگرێتەوە، کە بەڕاستی ئەمە لە پێش هەموو شتێك دژی دەستکەوتەکانی خـەڵکی کوردسـتان دەوەسـتێتەوە و، کوردســـتان لـــە هـــەموو بارەکانـــەوە وەکـــو بـــرادەران ئیشـــارەتیان پێـــدا دەگێڕێتـــەوە بـــۆ دواوە، چارەسەرکردنەکەی بەڕای مـن هـەموو ئەگـەرەکان حیساب بکـەین، یەکـەم: ڤیتـۆکردنی یاسـاکەیە، ئەگـەر بکرێ، چونکە هەر وەکو لە سەرەتا باسم کرد فشارێکی زۆر دەرەکی و ناوەکی دروسـت بـووە، لـە حاڵەتێکـدا ئەگەر ڤیتۆکە کرا، ئەبێ ئێمە بە دوای ئەوە دا بگەڕێین، دوای ڤیتۆکە چی بکەین؟ بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر تووشی یاسایەکی، یان پیلانێکی تری لەو شێوەیە نەبین، ئەگەر ڤیتۆکە نەکرا یاساکە قابیلی هەندێ گۆڕان بوو، ئەبێ ئێمە ئیش لەسەر دوو شت بکەین، یەکەم: ئیش لەسەر مـەقاعیـدی تـەعویزی بکـەین و، بتـوانین چەند مەقعەدێك بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە ناڕازین دەستەبەر بکرێ و، بەوە عیلاجـی زۆر لـە کێشـەکان بکرێ، خاڵی دووەم: ئەوەیە کە بەڕاستی ئەبێ یەك هەڵوێستی، یـەك مـەوقیفی خـەڵکی کوردسـتان، چ وەك پەرلـەمان، چ وەك سـەرۆکایەتی هـەرێم، چ وەك خـەڵکی کوردسـتان، چ وەك حیزبـەکانی کوردسـتان، یـەك هەڵوێستی باشترین ڕەتکردنـەوەی ئـەم جۆرە یاسایانەیە، ئەگـەر هـیچ کامێکیش لەوانـە لـە مەصلەحەتی میللەتی کورد نەبوو، پێویستە هەڵبژاردن موقاتەعە بکرێ بۆ ئەوەی ئەم بارە بەهێزەی ئەمڕۆ کە ئێستا تا حەدێك بەهێزە لە کوردستان، لە دەستی نەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خلیل عثمان، فەرمووە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم کێشەیە لە سەرەتاوە لە مادده (49)ی دەستوری عیراقییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بۆ هەر نوێنەرێك بۆ سەد هەزار کەس دیاری کراوە، هەروەکو زۆر لە هاوکارانیشم باسیان کرد، کە بەڕاستی پێویست بوو ئێمە کە وڵاتێکین تازە ڕزگارمان بووە، بە حاڵەتێکی ناجێگیری سیاسی کە ئیستیقراری سیاسی تیا نیە، حەق بوو ئەمە بە نەصێکی دەستوری بۆ مەرحەلەیەکی دیاری کراویش بوایە ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاری بکرایە، کە لە زۆر وڵاتانی دنیا کە تازە لە قۆناغی ئینتیقالیدان، ئەمە باو بووە و بۆ ئەوەی ئەو یاسایە وا بە ئاسانی دەستکاری نەکرێ و نەگۆڕێ، خاڵێکی تر کە بەڕاستی من دێمە سەری، مەسەلەی تەقسیم و تەحدیدی دەوائیری ئینتیخابی و دانانی کورسیەکانە، کە تا ئێستا لە هەموو دونیا دا لەسەر ئیختیصاصی ئەم تەقسیمە بیرو بۆچوونی جیاجیای هەیە، ئایا لە ئیختیصاصی دەسەڵاتی تەشریعیە، تەنفیزییە، کە هەموو هینەکان ئەم بۆچوونە ڕەت ئەکەنەوە، ئێمە کۆمسیۆنێکمان هەیە کە بەداخەوە ئەتوانم بڵێم ئەم کۆمسیۆنەش کەوتۆتە ژێر کاریگەری و موشاحەناتی سیاسیەوە، نەیتوانیوە وەك پێویست ئەرکی خۆی ببینێ، بۆیە پەنا بردراوە بۆ بیتاقەی تەموینی، بۆ فۆرمی بایعی، ئەو ئیحصائیانەی کە لەبەردەم وەزارەتی تیجارە، ئەوەی دەرەوەش لەبەردەم وەزارەتی موهاجیرین و هیجرە و موهەجیرینداییە، کە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تەنفیزیی، ئەو دەسەڵاتەش من پێموایە جۆرێ لەتەحەیوزی کردووە، بە تایبەتیش کە ئەو بە پێی هەندێ لە مەعلوماتەکان، ئەو ئیحصائیانەی کە وەریگرتووە، لە موحافەزەکان وەریگرتووە، موحافەزەکان ئەو مەعلوماتەیان داوە، کاك إسماعیل وتی: ئەوان تەزویریان کردووە، ئێمە نەمانکردووە، لەوێوە کێشەکە سەرچاوەی گرتووە کە حەق بوو کۆمسیۆنی باڵا هەیئەتێکی سەربەخۆی هەبوایە بۆ تەئکید کردنەوە لە ڕاستی و ناڕاستی ئەم کێشەیە لە ئەم ئیحصائیانە، ئەمە بخرایەتە پێشەوە، پێش ئەوەی هەڵبژاردن بکرێ، نەك بخرێتە دوای هەڵبژاردنەوە، کە من پێموایە لە هەموو دونیا، هەر وەك قاعیدەیەکی فەرەنسیش هەیە: (تەقسیمەکە دەبێ تەناسوبی تیا بێ لەگەڵ زیادەی عەدەدی سوکان لە هەر موحافەزەیەك دا)، بۆیە من پێشنیار دەکەم، هەر وەکو ئەو هەڤاڵانە وتیان، پەنا ببردرێتە بەر مەحکەمەی دەستوری بۆ حەسمکردنی ئەم کێشەیە و جەختکردنەوە لەسەر تەوافوقی سیاسی، کە ئەمە کارێکی گرنگە، داواش دەکەین لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێندرێ لە پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی تیابێ بۆ موتابەعەکردنی ئەم کێشەیە، یەعنی ئێمە هەر بۆ ئەوە لێنەگەڕێین کە پەیامێك دەرکەین، هەروەها پەیامێکیش دەربکەین کە ئاراستەی UN و پەرلەمانی بەغدا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، لە ماوەدای دووریشدا، جەنابی سەرۆك من پێشنیار ئەکەم کە دەزگایەکی ستراتیژی کوردستانی دروست بکرێت بۆ هەموو ئەو پرسانەی ئێمە لە بەغدا، ئێمە زۆرجار تووشی پرسی ئابووری، پرسی سیاسی، پرسی هەڵبژاردن دەبینەوە، کە بەڕاستی ئێمە پێویستمان

بە دەزگاییێکە لە وەرا کەوالیس، لەپاڵ نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا ئیستیشارەی هەندێ خەڵکی بەغدا، نوێنەرانی ئێمە بکەن لە بەغدا، بتوانن ئەمانە کاریگەریان هەبێ لەسەر ئەوان، ئێمە تاوەکو ئێستا کە لە دەستوردا، لە دەستوری عیراقیدا چەندین مادده هاتووە کە ئەبێ بە یاسا ڕێك بخرێ، حەق بوو ئێستا کە ئێمە دەزگاییێکی موختەص، چ لە ڕووی تەشریعی، چ لە ڕووی تەنفیزی، چ لە ڕووی قەزائیەوە هەبوایە کە ئیستیشارەی ئەو برادەرانەی بەغدای بکردایە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم کە لەمەودای دووردا ئەم دەزگایە پێك بهێندرێ بۆ پشتیوانی کردن لە پرسەکانی بەغدامان، بۆ ڕێنوینی کردنی نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا، حاڵەتێکی تر، داوا دەکەین کە هەموو ئەگەرەکان بۆ ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن لەبەردەم خۆمان و خەڵکی کوردستان واڵا بکەین، هەتا بە موقاتەعەکردنی ئینتیخاباتیش بێت، خاڵێکی تر، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی ئەم جەلسەیە حەقی خۆمان بوو کە هەر یەکە بە ئازادی قسەی خۆمان بکەین و ڕەخنە بگرین، زۆر لە برادەران، من لەگەڵ هەموو لیستەکان دا، لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانیان دا هاوڕام، بەڵان نەچێتە قابیلی ئەوەی کە ئەو حەقە بەکاربهێنرێت، بە موباشیر، بە غێر موباشیر، تەعەصوب لە بەکارهێنانی ئەو حەقەدا بکرێ، تا بچێتە قاڵبی تەشهیری (غیر مباشر)، وەکو ئەوەی کە بڵێن موسبەقەن مەسەلەی کورد لە پێناوی کورسی ڕەئیس جمهورییەدا، ئەم هینە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس وای نەوتووە، مەیبە ئەم بارەوە، تکایە حەساسیەت دروست مەکەن، ئەمڕۆ هەمووومان یەك هەڵوێستین، هەموو بۆ قەزیەیەکی پیرۆز کار دەکەین، بە یەك دەنگی ئەوانیش کە باسی پۆستی ئەو بەڕێزە ئەکەن، بۆ ئەوەی پۆستەکەی بەکار بهێنێت، کە نا حەقیەکەمان لێ نەکرێت، نا عەدالەتیەك ئەکرێ، ناعەدالەتیەکە یەکجار زۆر و زەقە، ئێمە داوایان لێ دەکەین، برادەرانیشمان هیلاك بوونە لە بەغدا، کەس نەیوتووە هیلاك نەبوونە، لە ناو وەزعێکی زۆر خراپیشن، لەگەڵ چیە نامەوێ بڵێم کەوتوونەتە چاڵێك، بۆیە وەزعیان زۆر زۆر زەحمەتە، ئاسان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هیچ نەتوانن بکەن، بڵێن نایکەین تەواو، خۆ سەریان نابڕین، یەعنی ئەو نوقتەیەش هەیە، بەڵام ئێستا براکانتان، خوشکەکانتان، لە تەحالوفی کوردستانی هەموویان یەك هەڵوێستن، هەموویان داوا لە ئێمە دەکەن، داوا لە هەموو بەرپرسێکی ئێمە ئەکەن، ئەڵێن ئەم قانونە موئامەرەیەکی لە دوا بووە، کورسیەکان پاشان ئیعلان کراوە، فێڵ کراوە، لە تەعویزیان کەم کردووە، کورسیەکانی تەرخانکراوی زیادە بۆ گشت پارێزگاکان (77)ە، تەعویزیان زۆر کەم کردووە، ناعەدالەتیشی تیایە، برا مەسیحیەکان لە دەرەوە بە ملیۆن هەن، پێنج مەقعەدیان بۆ داناوە، یەزیدی بەس لە کوردستان پێنج سەد هەزار هەن، یەك کورسیان بۆ داناوە، ئەمە هەمووی ناعەدالەتیە، بۆیە ئێمە بە نوێنەرەکانمان، بە براکانمان، خوشکەکانمان ئەڵێین: ئەم ناعەدالیەتە قبوڵ نەکەن، بۆ مانیان کرد، کرد، نەیان کرد، مەجبوورین لەگەڵ خەڵکی ڕەش و ڕووتی ئەم کوردستانە، ئەوجا بزانین چی لە بەرژەوەندی کوردستانە بەیەکەوە وا دەکەین، هەموو بەرپرسێکیش لە بەغدا، لێرە و

لە هەموو شوێنێك كە جێگەی ڕێز و ئیحتیرامن، خوشك و برا و گەورەی ئێمەن، ئێمەش پشتیوانیانین، پشتیوانیانین بۆ ئەوەی ئیشی باش بكەن، بەڕێز دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەوشتانەی كە من ویستم باس كرا، بەڵام چەند ڕوونكردنەوەیەكم هەیە، بەڕاستی بە نیسبەت شۆفینیەتی عەرەبی، ئەوە هەر لە زووەوە هەوڵی ئەوەی داوە، بە هەر چ شێوەیەك بێت ئەم میللەتە سەركوت بكات، ئەمڕۆش شۆفینیەتی عەرەبی ویستویەتی لە ڕێگەیەكی ترەوە كە بەشێكن لە عەرەب، لەڕێگەی ترەوە كە كورسیەكانی پەرلەمانی ئێمە كەم بكاتەوە، ئەویش ئیتر بۆ ئەم مەبەستە هەرچی میكانیزمێك بێ، ئەیگرێتەبەر، ئەو میكانیزمەش كە ئەیگرێتەبەر بۆ هەرچی مەبەستێك بێت، یەكێك لەو میكانیزمانەی گرتوویەتەبەر، مەسەلەی فۆرمی بایعیە، كە فۆرمی بایعی بەڕاستی ئێمە لە ناوچەكانی خۆماندا، ئەم چوار ساڵەی پێشتر قەرارێك دەرچوو لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە، ئەڵێ: هەر چ كەسێك دوو فۆرمی بایعی هەبێت، یان هەر چ كەسێك لە دەرەوەی وڵات بێت و فۆرمی بایعی هەبێت، ئەوە ئەو چی وەرگرتووە، خواردنەكە لێی ئەسەندرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە ناوچەكانی جنوبی عیراق و ناوەڕاستی عیراق دا، ئەو فۆرمە لەلایەن خەڵكەوە ئەفرۆشرا، هەر ئەمەش بوو وایكرد كە وەزیری بازرگانی عیراق عبدالفلاح سودانی، كە هەموو كەسێك وابزانم هەستی پێ دەكرد، لەم سەری كوردستانەوە بۆ ئەو سەری جنوب هەستی پێ دەكرد كە ئەو خواردنانە چەند خراپ بوو، بەڵام نەدرا بە مەحكەمە، لەبەر ئەوەی ئەم شتە هەمووی مەدروس بوو لەلایەن چ شیعەوە بێ، چ سوننەوە بێ، بۆ ئەوەی بتوانن كورسیەكانی كورد لە پەرلەمان كەم بكەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئەوەی كورد ببێت بە كەمینە، لیستی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم بێت، كە بوو بە لیستی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، هەڵبەتە مەبدەئی تەوافوقەكەش ئەگۆڕێ، كە مەبدەئی تەوافوقیش گۆڕا، بە كەمینە مامەڵە لە گەڵمان دا دەكات، لەبەر ئەوە من چەند داواكارییێكم هەیە، یەكێك لەو داواكاریانە: من وای بە باش دەزانم بە نیسبەت داواكاری كوردەوە ئەوە بێت، چۆن لە كوردستاندا بڕیارێك دەركات لە لایەن وەزارەتی بازرگانیەوە، لەوێش بڕیارێكی وا دەربكرێ نەوەكو بۆ لیژنە و لیژنەكاری بێت، لەوە تەخسیر ناكات، بەیانێكی وا دەربكرێت هەر چ كەسێك لە دوو فۆرمی بایعی خۆراك دا ناوی هەبوو، بتوانرێت لە هەردوو فۆرمەكە ناوەكەی (سقوط) بكرێ و بێ بەش بكرێ، ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی ترەوە من وای بە باش دەزانم بە نیسبەت مەبدەئی تەوافوقەوە، بۆ ئەوەی كاڵ نەبێتەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئەوەی كە بەشێوەیەكی تربێت، چۆن لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، ئەو سێ پۆستە سیادیە كە هەیە، دابنرێت كە شیعە و سوننە و كورد هەیە لە عیراق دا، هەر پۆستێكی بۆ لایەكیان بێت، یاخود بۆ چەند ساڵێك بۆ لایەكیان بێت، پێش ئەوەی هەڵبژاردنەكە بكرێت، نەوەكو لە دوای ئەوەی كە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنەكە ئەدەین، ئینجا كۆمسیۆنی باڵا كۆمەڵێ شت ڕوون بكاتەوە، لەگەڵ ئەوە من وای بە باش ئەزانم بە نیسبەت كوردەوە ئەگەر هاتو زیاتر ئیعتیماد ببەستێ بەسەرژمێری، یەعنی

هەڵبژاردنەکە بکەوێتە دوای سەرژمێری، ئەگەر نەشکرا، بۆ ئەوەی لە دواییدا شێوەیەکی تر بدۆزێتەوە، نەکەوێتە ئەستۆی کورد، دواخستنی هەڵبژاردنەکە بخاتە ئەستۆی موشەرەعی یاساکە، نەوەکو وەك ئەوەی کورد تەنها خەتابار بێ، لەوەی کە کورد حەقی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو کورسیە زیادانەی کە هەیە لە دوای پەسندکردنی یاساکە کۆمسیۆنی باڵا ئیعلانی کردووە کە هەیە، ئینجا بەڕاستی شتێکی تر هەیە وەکو ڕوونکردنەوەیەکی ترم، بە نیسبەت ئێمە تەصەور ناکەم بەو شێوەیە بێ، قەزییەی کوردی هەر لەکۆنەوە ئاوا بەو شێوەیە بووبێت، وا بە حەماس و بە یەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ چارەسەر بکرێ، بەڕاستی ئەم کێشەیە کێشەیەکی کۆنە، کێشەی تەنها کورد و عەرەبیش نیە، کێشەی ناوچەکەیە، ئێمەش وەکو کورد هەموومان چاك دەزانین بە گەورە و بچوك و تێگەیشتوو، خەڵکی خوار تێنەگەیشتووشمان، ئەزانین کە کێشەکەی کێشەیەکە زۆر گرانە، ئێمە بێ پشت و پەناین لە جیهاندا، ئەوانەی کە بەرامبەرمانن بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیایە، لەبەر ئەوە کارەکەی ئێمە، ئەرکەکەی ئێمە زۆر گرانترە، پێویستی بە نەفەس درێژی هەیە، پێویستی بە مەنتیق هەیە، پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، پێویستی بە میکانیزمی عیلمیانە هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە تۆ چۆن بتوانی ئەم کیانە سیاسیەی کە ئێستا پێی ئەڵێین هەرێمی کوردستان، لە دەست نەدەین، نەوەکو بە کت و پڕی بڵێین وانا و وانا، ئەگەر وانەکەی، وا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان عمر، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم مەسئولیەتێکی گەورەی ئەخلاقی و مێژوویی و نیشتمانی و نەتەوەیین بەرامبەر بە نەوەکانی داهاتوومان، ئێمە ئەمڕۆ نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم میللەتەین، ڕاستە ئەمڕۆ ئێمە باس لە مەسەلەیەك دەکەین زۆر چارەنووس سازە، کە پەرلەمان مەرجەعی بڕیارە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێمە ئەمڕۆکە باس لەو مەسەلەیە ئەکەین، پەیوەندی هەیە بە بودجەوە، پەیوەندی هەیە بە باڵیۆزخانەکانەوە، پەیوەندی هەیە بە ئەندامانی ئێمە لە سوپای عیراقی، پەیوەندی هەیە بە زۆر مەسەلە کە ئێمە ئەبێ حیسابی بۆ بکەین، هەروەها ئێمە لە سلێمانی کە ببینین، کە بە پێی لێدوانی بەڕێز فەرەج حەیدەری کە خۆی ئەڵێ: لە 2007 تۆماری دەنگدەران لە ناو سلێمانیدا ملیۆنێك و شەش سەد هەزار کەس بووە، بەو پێیە ئەبێ (16) کورسی بەربکەوێ، بەڵام (15) کورسی بۆ دانراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای وایە کە غەدرێك لەو شارە کراوە و، بە نیسبەت شاری کەرکووکەوە کە ئێمە، وەکو خوشك و برایان باسیان کرد، وتمان نابێ تایبەتمەندی بدرێ بەو شارە، بەڵام لە یاساکە چوار، پێنج جار ناوی ئەو شارە هاتووە، ئەو ڕۆژەی کە یاساکە دەرچوو سەرۆکی بەرەی تورکمانی، کە ئەندام پەرلەمانە لە بەغدا، پیرۆزبایی لە تورکمانەکانی کەرکوك کرد، وتی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ئەصلیەکەی خۆی، مانای وایە بە سەرکەوتنێکی دانا بۆخۆیان، لە هەمان ڕۆژ.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوو، موقاتەعەت ئەکەم، سوپاسی ئەکەین بۆ خاوەنە ئەصلیەکەی، خاوەنە ئەصلیکەی خۆمانین، میللەتی ئێمەیە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە لە شاری كەركووك بكرێت، هەروەها ئەو عەرەبانەی كەركووكیش عەینەن شت كە ئەندامن لە پەرلەمانی بەغدا، عەینەن شت پیرۆزباییان لە عەرەبەكانی كەركووك كرد، وتیان: عەینەن قسەیان كرد، كەركووك ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ئەصلیەكەی خۆی، مانای وایە هەر چ كەسە و لە صالحی خۆی ئەم مەسەلەیەی لێكدایەوە، جا خوشك و برایانم زۆر باسی ئەو مەسەلەیان كرد، لەبەر ئەوە من حەز ناكەم درێژەی پێبدەم، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموویانەوە، داوا لە بەڕێز مام جەلال دەكەم كە ئەمڕۆ نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی كوردە لە بەغدا، كە ئەبێت ئەو یاسایە ڤیتۆ بكات، بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر هەر هیچیشمان بۆ نەكرا موقاتەعەی هەڵبژاردن بكەین تا سەرژمێرییەكی تەواوەتی ئەكرێ لە عیراق، ئەو كاتە ئێمە بەشداری هەڵبژاردن بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرگوڵ، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەكردن لەسەر ئەو تەعدیلانەی كە لەسەر یاسای هەڵبژاردن كراوە، خاڵێكی گرنگە، ئێمە وەكو مەرجەعێكی یاسایی لە كوردستان قسە لەسەر ئەو خاڵانە بكەین، بەڕاستی من وای ئەبینم سەر لەبەری ئەو تەعدیلانەی كە كراوە، بەجۆرێك لە جۆرەكان پیلانێكە دژی دەسەڵاتی كورد لە ناوەندا، چونكە هەمومان ئەزانین كە لەو ساڵانەی ڕابردوودا كە كورد دووەم دەسەڵات بووە لە ناوەندی حكومەتدا و لە هەموو ناوەندەكاندا، ئەمە شێوازێكە لە شێوازەكانی جینۆسایدكردنی كورد بەوەی كە بە شێوەیەكی یاسایی، لەڕێی قانونەوە، لەڕێی یاساوە نوێنەرانی ئێمە یان دەنگی ئێمە، یان كورسیەكانی ئێمە لە پەرلەمان دا كەم بكرێتەوە، ئەوەش خۆی بۆ خۆی لە دوای ئەوەی كە كورسیەكان كەم بۆوە، كاریگەری ئەبێ لەسەر سەرجەم ناوەندەكانی تر لە دەسەڵاتدا، بەڕاستی ئەگەر بڕگە بە بڕگە قسەی لەسەر نەكەین، وەكو پێشتر ئیشارەتی زۆر پێدرا، بەڵام ئێمە زۆر خاڵ هەیە كە گرنگە ئەبێ ئەوانە جەختی لێبكەینەوە، ئێمە وەكو مەرجەعێك وەكو وتم پەرلەمان ئەو ڕێگە یاساییانە بگرینە بەر كە ئێمە وەكو مەرجەعێك گرنگی ئەبێ، یان بڵێین نەتیجەیەكی ئەبێ، ئەوەی كە باس كرا ڕێ پێوان بكرێ، یاداشت بنێرێ، ئەمانە بەڕەئی من، وەكو كەسێكی یاسایی، كاریگەری نابێ، وەك چۆن ئەوەی ئێمە ڕێگە یاساییەكان بگرینە بەر كە ئێمە ئەو خاڵانەی كە لە یاساكەدا، لە تەعدیلەكە ئەیبینین كە خاڵی جەوهەریە و خەرقی قانونی تیایە یان ناعەدالەتیەكە كە بەرامبەر پێكهاتەیەكی گرنگی عیراق كراوە، هەمووی بەخاڵ بنووسین و لەڕێگەی دادگای فیدرالیەوە ئاراستەی ئەو دادگایەی بكەین، كە وەكو زوڵمێك، ناعەدالەتیەك بەرامبەر بە كورد كراوە، سەبارەت بەوەی كە لەڕێژەی دانیشتووانە، وەكو باس كرا بە تایبەتی كە شاری سلێمانی كە هیچ

کورسییەکی بۆ دانەنراوە یان ئەو ڕێژەیەی کە عیراق زیادی کردووە، کە شتێکی نامەنتیقی و ناواقیعیشە لە (2005)ەوە تا (2009) هیچ زیادییەك لەو پارێزگایە ڕووی نەدابێ، ئەوە خاڵێك لە ڕێگەی یاساکان، ڕێگەیەکی تر ئەگەر وەکو بڵێین ڕوون بێتەوە ئایا ڤیتۆ بەکار نەهاتووە لە سەرۆکایەتی کۆمار، وەکو پێشتر جەنابت باست کرد کە هەواڵمان پێگەیشتوە کە ئیمزای لەسەر نەکراوە، ئەگەر ئەو خاڵەمان بەدەستەوە مابێ، ئەو وەرەقەیەمان بە دەستەوە مابێ ، ئەوەش خاڵیکی دڵخۆشکەرە کە ئێمە موزەکەرە بنێرین بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کە تێیان بگەیێنین کە پێکهاتەیەکی گرنگی ناو عیراق زوڵمیان بەرامبەر کراوە لەم تەعدیلە، کە ئەمە مەصیری گەلێکە، ئێمە کە خۆمان بە نوێنەری ئەم گەلە دەزانین، پێویستە لەم خاڵەدا موساوەمە نەکەین، کە ئێمە هەر هەمومان ڕەتی ئەم خاڵانە بکەینەوە کە دژی دادپەروەرییە، کە ناعەدالەتی تیایە، ئەخیر خاڵیش کە ئێمە باسی بکەین و وەکو زۆر لەم خوشك و برایانە باسیان کرد، کە ئێمە بڕیاری ئەوە بدەین، کە ئەگەر ئەمانە جێ بەجێ نەکرا، کە ئەگەر ئەو ڕێگە یاسایانە نەچووە سەر بۆ ئێمە، بڕیاری ئەوە بدەین کە بەشداری لەو هەڵبژاردنە نەکەین، کە بایکۆتی بکەین وەکو گەلی کورد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەو خەبەرە کە بڵاو بووەوە کە ئیمزا کراوە لەلایەن دوو ڕێزدار لە سەرۆکایەتی، بەس من لە ئەخبار، لە ئینصات وەرمگرت کە مودیری دیوانی سەرۆکایەتی ئەڵێ: نەکراوە، یەعنی مەعلوماتی ئەکید نیە بزەبت کە ئەوە چۆنە؟ بۆ ئەوەی مەعلوم بێ لاتان، بەس خەبەری ڕۆژنامەیە، نەك خەبەری سیاسی، ڕێزدار بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان هەموویان بە شێوەیەکی زۆر جوان شیکردنەوەیان بۆ ئەم مەسەلەیە کرد، بەڵام ئەوە ماوەتەوە بڵێم کە سەبارەت بەو زیادکردنە ناسروشتیەی کەوا لە ڕێژەی دەنگدەرانی پارێزگاکانی عیراقدا کراوە و بە هەڵاوێردکردنی هەر سێ پارێزگای هەرێم بە تەنها بە سێ کورسی و زیادکردنی (77) کورسی بۆ پارێزگاکان، لەگەڵ ئەو زیادکردنە بەرچاوەی کە لە ڕێژەی دەنگدەران دا کراوە، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر نالۆژیکیە و قابیلی قبوڵ نیە، ئەتوانم بڵێم ئەمەش سیناریۆیەکی تری ناحەزانی میللەتی کوردە، ئەیانەوێت ئەو بەرهەمەی کە ئێمە هەمانە ، ئەو دیموکراسیەتەی کە ئێمە هەمانە بەو جۆرە لە نێوی بەرن، بۆیە تاکە چارەسەر ئەوەیە کە بتوانێ چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات، سەرژمێرییەکی ڕاست و دروستە بتوانێ لەسەر ئەساسی سەرژمێریەکی ڕاست و دروست کورسیەکانی پەرلەمان دەستنیشان بکرێ، بۆیە قابیلی قبوڵ نیە کە هەرێمی کوردستان نفوزی پێنج ملیۆن کەس بێت، سێ کورسی بۆ دەستنیشان بکرێت، پارێزگای سلێمانیش بە صفر، بۆیە هەروەکو کۆمسیۆنی باڵاش ڕایگەیاندووە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان لە دەستنیشان کردنی ئەو ڕێژەیەدا نیە، بەڵکو ئەوەندە هەیە داتا و زانیارییەکان تەنها لە

وەزارەتی بازرگانی وەرئەگرن، بۆیە وەك هەمووان ئەزانن کە ڕژێمی لە ناوچووی بەعس چەندین شەڕی لە ناوچەکانی عیراقدا هەڵگیرساندووە، شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عیراق، شەڕی خەلیج، لە کۆتاییەشدا شەڕی ئەمریکا، ئەبێ ئێمە بزانین کە قوربانییەکانی ئەم جەنگانە چەندێکن، قوربانی تەقینەوەکان، توندو تیژیەکان. ئایا ئێمە دڵنیا بین لەوەی کەوا ئەوە ئەو هەموو قوربانییە سەرجەمیان لە نێو فۆرمی خۆیان ڕەش کراوەنەتەوە، یان شەهادەی وەفاتیان بۆ دەرهاتووە؟ بۆیە لێرەوە ئێمە ئەڵێین کە پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم جەماوەری گەلی کوردستان، هەڵوێستی خۆیان هەبێت، جگە لەوەش ڤیتۆی ئەو یاسایە بکرێتەوە و لەبەر ئەوە ئەمەش زەنگێکی ترسناکە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و جگە لەوەش خەت هێنانە بەسەر قەزییەی میللەتێك دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك توفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من نیگەرانم کە لە (21-10) دانیشتنێکمان کرد لێرە، گلەییەکمان کرد وتمان: ئێمە تەنها لە کاتی قەیرانەکاندا مەرجەعی سیاسین، بەڵام (مع الاسف) ئەو یاداشتەی کە ئێمە بەرزمان کردەوە و ناردمانەوە ئەوێ، وەکو پێویست زۆر ڕەچاو نەکرا، جگە لەوەی کە ئەوە ڕەچاو نەکرا دیسان هەر بەو کەلتووری وەلاخستنە، گوێ نەدانە بە یەکتر، لەوێ گوێ نەدراوەتە ئەوەی، ئایا بۆچی کوتلەی یەکگرتوو لە ماددەی شەش دا بای کۆتی جەلسەکە دەکا، دەنگ نادا، دواتر بایکۆتی هەموو ماددەکە دەکات؟ خۆزگە لەوێ گوێ لەوان بگیرایە، بۆ ئەوەی ئێستا نەکەوتینایەتە ئەو وەزعە، جێی خۆیەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی دڵی یەکتر خۆش بکەین و، حەساسیەتی حیزبایەتی زەربە لە دۆزی نەتەوە نەدا، پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشییەك لە نوێنەرانی یەکگرتوو بکات، بۆ ئەوەی زیاتر گەرم و گوڕتربن لەسەر هەڵوێستەکانیان، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر: وەکو بەڕێز کاك سمیر ئیشارەتی پێدا، ڕایەڵی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عیراق، وابزانم سەرۆکی هەرێم بە پێی دەستوور، پێموایە ئێستا ئەو دەبوایە لێرە بوایە، لە ناو کوردستاندا بوایە، ئەگەر سەفەرەکەی سەبارەت بەم دۆزەیە، ئەوە جیایە، ئەگەر بۆ ئەوە نیە، پێموایە پەرلەمانی کوردستان حەقی خۆیەتی داوای لێبکات کە بگەڕێتەوە، چونکە بوونی لە ناوماندا لەو کاتە هیچ تەئسیرێکی نەبێ، تەئسیرێکی مەعنەوی زۆر بە قووەتی دەبێ کە لەکاتی ئاوا حەساسدا، لە ناو گەلی کوردستاندا بێ، خاڵێکی تر: ئیعتیراف کردن بە هەڵە شتێکی تەبیعیە، بەڕاستی ئێمە ناڵێین هیچ نەکراوە لە بەغدا، بەڵام بە پێی پێویست ئەدائی نوێنەرانمان وەکو پێویست نەبووە، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پۆستی سیادی وەزارەت، بەڵام نەمانتوانی ئیستیفادەی لێبکەین، تەنانەت بەرژەوەندی حیزبی زۆرجار تەئسیری لەو قەزییە کردووە، تا بۆ نزیکەی دوو مانگ دەچێت جێگری سەرۆکی وەزیران جێگەکەی چۆڵە و، جێگەیەکی حەساسە پڕ نەکراوەتەوە، من پێموایە ئەو خاڵانەی کە بەڕێز مامۆستا عمر

ئیشارەتی پێدا، ئەوە زۆر تەئکید بکەینەوە لێی، بەڵام ئەگەر بکرێ داوا بکەین لە سەرۆکی کۆمار کە حەقی ڤیتۆ بەکاربێنێ، ئینشائەڵلا بەکاری ئەهێنێ، هێشتا ئیمزای نەکردووە، دوای ئەوە شتێکی تر کە حەز ئەکەم بەڕاستی وڵاتانی تر کاتێك کە پلان دائەنێن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، پلانی ستراتیجی (50) ساڵە و (40) ساڵە دائەنێن، بەڵام ئێمە پلانمان نیە کە بەڕاستی ئێمە ئەگەر پێشتر شەڕمان بووبێ، پێویستمان بە نەفەری زۆر بووبێ، وابزانم ئێستاش لەمەولا نەك ئەم دەنگدانە، چەند خولی تر دەنگدان بێ، پێویستمان بە دەنگە، پێموایە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پلانێکی ستراتیجی بە قووەت دانێن، بۆ ئاسانکردنی گەنجان بۆ ژن هێنان و تەشجیعکردنی نەسل، یارمەتیدانی ئیجازەی حەمل، ئەو شتانە ئاسان بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێژەمان زیاد بێ، وابزانم کە ئێمە لەمەولا زۆر پێویستمان بەوەیە، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بەیان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی گەلەك ئاخافتنێت مەهاتنە گۆتنێ، بەس بڕاستی ئەم سەح کەینە عمومێ ڤێ یاسایێ هەڵبژاردنێ دبینین کو بڕاستی تەرەجوعەکا مەزنا یێ دیموقراتیەت دێتە کرنێ، یەعنی پاشاڕۆژا دیموقراتیەتێ لعمومێ عیراقێ ل مەترسیەکا مەزن دایە، ڕاستی ئەگەر ئەم سەح کەینێ تەعەدایەکا مەزن لسەر بیروبۆچوون و ڕەنگ و دەنگێت خەڵکی کوردستانێ و خەڵکی عیراقێ ژی بڕاستی ئەڤە هەنێ، لبەر هەندێ ئەم سەح کەین ئەڤ (ثغرات)ێ قانونێ هاتینە گۆتن و برادەران هەمیا دەست خۆشیا و بەحس لێ کری، ئیلتیفافەیەکە بڕاستی لسەر دەنگێ ناخبی عیراقی، یەعنی مەجبور دکاتن کو دەنگێ وی بۆ قائیمەیەکی بچیتن، کو دەنگ بۆ نەدایە ئەسڵەن، ئەڤە گەلەك (ثغرات)ن بڕاستی، ئەگەر ئەم سەح کەینێ ئەڤروکە محتاجین بڕاستی ئەم مراجەعاتا بکەین، موراجەعات ل مەواقفێت خۆ دا بکەین وەکو کورد لبەغدا موراجەعاتا د هەڵوێستێت خۆ دابکەین بڕاستی موراجەعەیا بۆ ستراتیژیەتا خۆ و روئیایا مە بۆ بەغدا بۆ ئەڤروکە و بۆ مەرحەلەیا دی، ل هەمی مەعایرا مەفروز بوو ئەڤرۆکە وجودامە بەرەڤ باشتر چوو بایە، ئەم ل زێدە بوونا باینە وەکو قەومەك و نەتەوا دویێ کورد لە عیراقێ، هێزەکا سیاسیا ڕاستەقینە وەکو شەریکەك لئاخا عیراقێ دا، بەس ئەڤروکە ئەم سەح دکەینێ یەعنی بەعەکسێ وێ چەندێ تێتە کرنێ، لبەر هەندێ ئێمە ئەڤروکە موحتاجین ستراتیژیەتەکا نوێ و روئیایەکا نوێ ئەم هەبیتن بۆ تەعامل دگەل بەغدا دا، تشتێ دی من دبێژم کو فعلەن ئەم محتاجین تەوزیحەك ژ وەزارەتا یا تیجارێ کو جهێ داخێیە نێنەری مە ژی لوێرێ بیتن و ئەڤە سەر وێڕا بوری بیتن، بڕاستی جهێ گومانێ یەو جهێ هەندێیە لسەر ڕاوەستین، ئەڤ (ثغرات)ێ ڤێ یاسایێ دا هاتینە گۆتنێ و وازحن بۆ هەمی لایێ، تەبعەن ئەڤە نە بەس بە عەکسی مەسڵەحەتا کوردا بتەنێ دایە، گەلەك ئەترافێ ژی هەنە تەبعەن ل بەرژەوەندیا وان دانینە، لەوما لڤێرێ

داخاز دکەم  کوزەختێ ئەم بکەین لسەر گەلەك لایەنێ ژی کە فعلەن ئەوانە ژی مەسڵەحەتا وان دانینە لەڤ یاسایە، زەختێ لسەر وانە بکەین لسەر سەرۆکێ کۆمارێ بکەین، لسەر گەلەك لایەنا مەشمول بکەین، قاعیدەیەکا ئیداریا هەیت دبێژێت (البقاء للأصلح) لە عالەما سیاسەتێ ژی دا پێویستە ئەم ئیستیفادەیا لێ بکەین، براستی ئەم موحتاجین لڤینەکا سەریع، حەرەکەکا سەریع ئەم بکەین، دێ ئەم بشێین، یەعنی تشتەکی بدەست خۆ بێنین و انشالله لصالحێ خەلکێ مەدابیتن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ أحمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێموایە دەبوایە لە ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغدا دەنگ بەو یاسایە نەدرابایە، چونکە ئەم یاسایە قبوڵکردنی غەدرێکی گەورەیە بە میللەتی ئێمە، ئەمە بە ئایندە و ئێستاش بەڕاستی غەدرێکی گەورەیە و داهاتوویەکی مەترسیدارە، داهاتوویەکە بەڕاستی ترسناکە، بە نیسبەت ئەو ماددەیە بەتایبەتی ماددەی (6)، من وادەزانم بە زیانی کورد تەواو دەبێ و زیانێکی گەورە لە ئێمە دەکەوێ، نازانم من ئەگەر بە پێی مەنتیق، هەرچی مەنتیق بێ، دەبوایە موصل لە شارە گومان لێکراوەکان بوایە، ئەو جیا کرابایەوە و ئینجا بەصرە و بەغدا و ئەوانە، تەنانەت زیقار و ئەوانە هەمووی ڕێژەی زۆریان زیاد کردووە لە دەنگەکان، کەرکوك کە سێ کورسی زیاد کردووە، ئەمە ئەبێتە جیاکردنەوە و دەبێتە (مشكوك فيە)، بەڕاستی سجلاتی ئەو شارە، نازانم شتێکی زۆر نامەنتیقی ئەبینم، چونکە ئەگەر تۆ تەماشا بکەیت هەر ئەم سێ شارە لە کەم شوێن هەیە خەڵکی بەغدا و خەڵکی موصل لەبەر ئەم وەزعە نائەمنیەی کە لە شارەکانی خۆیان هەیانە و بە ماڵ و حاڵ و خانوو لێرە نەبن، لێرە نەژین، ئەی ئەوە چی وایکرد ئەم زیادە زۆرە، خەیاڵیە کە قبوڵ نەکراوە لەوێ دا ڕوویدا؟ ئینجا کەرکوك بەو سێ کورسیە ببێتە شارێکی (مشكوك فيە)، من پێموایە بەڕاستی ئەوە شتێکە دەبێ لەسەری بوەستین، دەبوایە موصل (مشكوك فيە)بێ نەوەك کەرکوك، ئەگەر واشە بەڕاستی ئێمە دەبێ، یەعنی من وابزانم یاساکە خەتەر ناکە بۆ ئێمە ئەگەر قبوڵ کرابێ، من پێموایە بۆ ئەوە چەند شتێ بکەین باشە کە ئەو بەڕێزانەش باسیان کرد، ئەگەر قبوڵکردنی یاساکە بەسەر پەرلەمان دا تێپەڕیوە، با بەسەر سەرۆکی کۆماردا تێنەپەڕێ، ئەگەر ئیمزای نەکردبێ ئەوە ماڤ ڤیتۆ بەکار بێنێ، بەڕاستی من ئەو یاداشتنامەی مامۆستا عومەریشم زۆر پێ باشە، چونکە ئەوە هەنگاوێکە بۆ زیاتر ناساندن و زیاتر ئاگالێبوونی خەڵکی تر، ئەگەر ئەم یاسایەش ئیمزا کرابێت و هیچمان لەدەست نەمابێ، من پێموایە مەسەلەی ڕێپێوانەکە مەسەلەیەکە دەبێ لە پێشەوەی دابنێین و هەموو کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵسێتەوە، ئەگەر هەر ئەوەش ئەنجامی نەبوو، لەوانەیە زۆر نەتیجەدار نەبێ، من پێموایە ئەم مەسەلەیە کە زۆر گرنگە بەڕاستی ئێمە بای کۆتی هەڵبژاردنەکان بکەین و بەشداری هەڵبژاردن نەکەین، لەو کاتەدا بەڕاستی عیراقێکی بێ کورد مەحاڵە دروست بێ، لەبەر ئەوە هەر خۆمان دەبێ شتێکی وا بکەین کە بەڕاستی سەنگی خۆمان لەو شوێنەدا دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لەسەر هەڵوێستی خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان دەکەمەوە، کە لە دانیشتنی ڕۆژی (10/21) هەڵوێستمان ڕوونکردەوە، هەر جیاکارییەك لە نێو دەقەکانی ئەو یاسایە هەبێ ئەوە پێچەوانەی مادده (140)ی دەستووری عیراقە، سەبارەت بە بڕگە وماددەکانی ئەو یاسایە، نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە ئێمە نوێنەرانمان لە بەغدا هەوڵێکی زۆریان دا ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشیان کردبوو، یاخود ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کرا، بیچەسپێنن و بیکەنە بڕگە و مادده لە نێو دەقی ئەو یاسایە، بەڵام ئەوە پەرلەمانە و بڕیار بڕیاری زۆرینەیە، لەگەڵ هەوڵی زۆریان بەڵام یاساکە بەو شێوەیە پەسند کرا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا لە لایەن زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەوا ئیعتیراز بگیرێ لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی، تانەگرتن لەسەر ئەو یاسایە بەپێی مادده (138) بڕگەی (5) میکانیزمی بۆ دانراوە، کە دەبێ بە کۆی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بێت، لە ماوەی (10) ڕۆژ دوای ئەوەی یاساکە بە دەستیان دەگات و، لە حاڵەتێك ئەگەر یاساکە گەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، واتا ئیمزا نەکرا و دەستەی سەرۆکایەتی تێبینیان لەسەر هەبوو، ئەوە دووبارە ڕێژەیەکی تایبەت کە بڕیار بڕیاری زۆرینەیە، زۆرینەی ئەندامان دەبێت لەسەری ڕازی بن و، ئەگەر بۆ جاری دووەم دەستەی سەرۆکایەتی ڕازی نەبوون و تێبینیان لەسەر یاساکە هەبێ، ئەوە پێویستی بە ڕێژەیەکی دیاری کراو هەیە کە سێ لەسەر پێنجی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، ئایا ئەو ڕێژەیە پێمان مسۆگەر دەکرێ؟ ڕەزامەندی ئەو ڕێژەیە؟ کەوا ڕازی بن لەسەر ئەو تێبینیانەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی ڕوویدا، ئێمە تێئەگەین دۆخێکە، کە ئەچمەوە سەر قسەیەکی پێشووتری خۆم، کە لەسەر ئەم مەسەلەیە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەتی بۆ سازکرد، کە لام وایە ئایندەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا لە مەترسیدایە، ئێمە لە داهاتوودا تووشی کێبرکێی قوڵتر و کوشندەتر ئەبینەوە، چونکە ئێمە جگە لە داکۆکیکردن لەسەر مافە نەتەوەییەکانمان ئەرکێکی تریشمان لەسەرە، ئەویش داکۆکی کردنە لەسەر پرەنسیپ و مەسەلە دیموکراسیەکان، کە ئەمەش زەخیرەی قورس و گەورەی ئەوێ، لەڕاستیدا مەسەلەی ئەو ململانێیەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقدا ئەو چەند ڕۆژەی کە لە دانیشتنەکانیشدا موتابەعەمان کرد، من لای خۆمەوە تەنها وشەی کەرکووك ئەتوانم بە یەك شت بشوبهێنم، ئەویش ئەوەیە کەرکووك لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقدا لە ئاسکێك ئەچوو کە چەند دڕندەیەك، یان چەند شێرێك کە لە صەحرایەکدا، لە بیابانێکدا بیانەوێ وەکو نێچیرێك بیگرن، یان لە پەلوپۆی بخەن لەڕاستیدا، بۆیە ئەوەی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا کردیان تەنها و تەنها ئەوەی پێی پشت ئەستوور بوون مەسەلەی

مەبدەئی تەوافوق بوو، ئەگینا ئەوەشی کە ئێستاکە لە یاساکەدا تەسبیت کراوە، ئەگەر مەبدەئی تەوافوق نەبوایە ئەوەشیان پێ ڕەوا نەدەبینی، چونکە (10) دانیشتنی یەك لەدوای یەك و نەگەیشتن بە ئەنجامێك، هەروەها ڕەفزکردنی ئەوەی کە کەرکووك بکرێتە چوار بازنەی ئینتیخابی، قبوڵ نەکردنی ئەوەی کە کەرکووك، یەك ساڵ لە هەڵبژاردن دوابخرێ و بێ بەش بکرێ لە پرۆسە گشتیەکە، هەروەها قبوڵ نەکردنی تۆماری دەنگدەرانی ساڵی 2005 کە بکرێتە بنەما بۆ کەرکووك، هەروەها قبوڵ نەکردنی پێدانی (2) مەقعەدی تەعویزی بۆ پێکهاتەکانی تر، ئەمانە لە خۆوە نەبوو لەڕاستیدا، ئەمانە بە شەڕێکی دبلۆماسیانە قبوڵ نەکران، هەروەها ئەوەندەی دوور و نزیك ئاگاشمان لێبوو بەر لە ئەندامانی پەرلەمان، باڵوێزی وڵاتانی دەوروبەر لەناو پەرلەماندا حزووریان هەبوو، ئەمانە دەبێ خوێندنەوەی جددی بۆ بکرێ، بە تایبەتی بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز کە ئەبێ تێ بگەین، بەڕێزان نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا چەند فشاریان لەسەر بووە، ئەوەش لەوانەیە بۆ یاداشتی ئەوان و مێژوو بمێنێتەوە، کە دۆخەکە بەسەر ئەوانیشدا ئاسایی تێنەپەڕیوە، ئێمە ناتوانین گومان بخەینە سەر دڵسۆزی ئەوان لەڕاستیدا، لە دانیشتنێکی ئاوا دا، بۆیە تەنها ئەوە ئەڵێم پێویست ئەکا ئێمە تا کات لەبەر دەستدا ماوە، داوا بکەین لە بەڕێزان، زەمیلەکانی ئێمە لە پەرلەمانی عیراق، کە حزووریان هەبێ لێرە، بتوانن ڕوونکردنەوەیەکی دەقیق ترمان بدەنێ، بۆ ئەوەی تێبگەین، ئایا چۆن قبوڵیان کردووە دەنگ لەسەر ئەو یاسایە بدەن؟ دواجاریش بە جۆرێك لە سەرکەوتنی بهێننە ئەژمار؟ ئەگینا قسەکردن لەسەر ڤیتۆکردن، پازدانێکە لەسەر حەقی ئەو بەڕێزانە، دواجار ئەوان زەمیلی ئێمەن، ئەوان داکۆکی کارێکی ڕاستەقینەن لەسەر تەواوی ئەو مەسەلانە و ئەو مافانەی کە پەیوەستی پەیوەندە بە ئێمەوە، ئێمە چۆن حەریصین و، لە دانیشتنەکانیشدا حەریصی ئەوانیشمان بینی، بەڕاستی ئەتوانم بڵێم بە دیقەتتر لەسەر ئەو مەسەلانە داکۆکیان ئەکرد، بۆیە مەسەلەی ڤیتۆکردن کە ئێستا و ناوهێنانی ڤیتۆکردن مەسەلەیەکی ئاسان نیە تاوەکو ئێمە ڕای بەڕێزان لە هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا نەزانین، ئەمە مەسەلەیەکە حەقە بە جددی وەربگیرێ، ئێستا دێمە سەر مەسەلەیەکی فەنی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو کارنامەی کە جەنابت عەرزت کردووە بابێکی یاساییە پەیوەندی بە یاساکەوە هەیە، بابێکی فەنیە پەیوەندی بە مەقاعیدی پارێزگاکانەوە هەیە، لەڕاستیدا وەزارەتی تیجارە و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەم مەسەلەیەدا زۆر موقەصیرن، ئێمە ئەکرێ لە پەرلەمانی عیراقەوە، لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقەوە داوا بکرێ هەردوو جیهەت، هەم وەزارەتی بازرگانی، هەم وەزارەتی پلاندانان، هەم بکرێ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش لەم مەسەلەیە داوا بکرێن، بهێنرێنە بەردەم پەرلەمانەوە، تەوزیح لەسەر ئەو مەسەلانەدا بدەن، چونکە لەڕاستیدا ئەوە مەسەلەیەکە، من وای دەبینم ئەو نموونەی کە لە هەرێمی کوردستان دا بووە لە ڕووی مرۆییەوە، مەسەلەیەکی سروشتیە، ئێمە بە عەدالەتی خۆمان مامەڵەمان لەگەڵ ژمارە و قائیمە و لەگەڵ ناو کردووە، پێ ئەچێ ئەو مەسەلەیە لە شوێنی تر، بەجۆرێکی تر لێکدرابێتەوە، ئەمە دواجار وەزارەتی تیجارە و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەتوانن وەڵامی ئەم شکوکانەی ئێمە بدەنەوە، لەڕاستیدا من ئەمەوێ عەمەلی تر دوو، سێ نموونە بهێنمە

بەرچاو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێنج ساڵ دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە پارێزگای دیالەوە، بە تایبەتی لە خانەقین و دەوروبەری کاری سیاسیم کردووە، کاری روناکبیری و ئیعلامیشم کردووە، ئەوەندەی تێئەگەم خەڵکێکی زۆر لەوێ جیهەتی سیاسی لە کەمین دا بووە بۆ ئێمە، ئێمە وەکو بەڕێز د. شاهۆ ئاماژەی پێکرد کە ئێمە ئێستاکە لەبەردەم ئەنفالی دەنگداین، یان من هاودەنگ نیم لەگەڵ وشەی ئەنفال، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە دەنگێکی زۆرمان لە تەلاعوبێکی سیاسی دا لێ ئەڕوا، چۆن؟ ئێمە تا (2008/4/15) ئەو ئاوارانەی کە ناویان گواستۆتەوە بۆ پارێزگای دیالا و، ناوچەکانی مەندەلی، سەعدیە، جەلەولا، خانەقین، قەرەتەپە، جەبارە، پێنج هەزار خێزان کە فۆرمی نەقل کردووە، تا ئێستا ناوەکانیان ئیزافەی سجلی ناخیبین نەکراوە، بێگومان زیاد لە (10) هەزار و (15) هەزار ئاوارە فۆرمی خۆی نەقل کردووە، بەڵام تا ئەو ساتە وەختەی ئێمە قسەی تیا ئەکەین، پێنج هەزار عائیلە ناویان لە فۆرمی ناخبین دا تەسجیل نەکراوە، لە دوای (2008/4/15)ەوە تاوەکو ئەمڕۆ (2100) خێزانی تر بە هەمان شێوە ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار نەکراوە، واتا لە سلێمانی و لە شوێنەکانی تر فۆرمیان گواستۆتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە پێی دەووترێ (ناوچەکانی کێشە لەسەر)، لە شوێنی پێشتر خۆیان لێی بوون ناویان سڕاوەتەوە، لەوێش ناویان تەسجیل نەکراوە، کەواتە لە هیچ جێگایەك، لە هیچ بازنەیەکی ئینتیخابی، نە لە پارێزگای دیالا، نە لە پارێزگای سلێمانی بۆیان نیە دەنگ بدەن، دەلیلەن بۆ ئەوە، قەزای کەلار کە یەکێکە لە قەزا گەورەکانی گەرمیان، نفوسی دانیشتوانی (170) هەزار خەڵك ئەبێ، بەڵام بۆ دەنگدان (59) هەزار دەنگدەری هەیە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکەکانی ئەو مەنتیقە کاتی خۆی ئاوارەی خانەقین و دەوروبەر و لادێکانی بوون، کە خۆیان نەقل کردووە بۆ ئەوێ، سجل و فۆرمیان، لە حەقی خۆیان لە گەرمیان حەقی دەنگدانیان نەماوە، لەوێش ناویان تۆمار نەکراوە، (إذن) دووجار، لە دوو لاوە مافیان خوراوە، ئەمە خەلەلێکە، تا ئێستا ئێمە سێ ساڵە لە دوای ئەوەین، تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، موسەبیبی ڕەئیسیش وەزارەتی تیجارەیە، موسەبیبی لەو بەتەرتر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنە ئەڵێ: ئێمە سەربەخۆین و زۆر لەو وردەکاریانە ناچینە پێش، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیە، لەڕاستیدا ئەوەی خەڵکی کوردستان لێی تێبینی ئەکا، لە ڕووی پێکهاتەوە بەو جۆرەیە سەرۆکی پەرلەمان، کۆمسیارەکانیان کە سەرۆکایەتی هەموو دەزگاکانیان ئەکەن (9) کەسن، تەنها دووانیان کوردە، مودەرای عامیان (8) کەسن، یەك کەسیان لە خەڵکی کوردستانە، سەرۆکی بەشەکان (30) سەرۆکی بەشیان هەیە، یەك کەسیان خەڵکی کوردستانە، لە (6٪) مووەزەفینی دەزگاری کۆمسیۆن لە بەغدا خەڵکی کوردستانن، یان ئەتوانم بڵێم زۆرینە غەیری کوردە، لە کاتێدا ئەبوو لە (20٪) بوایە، ئەمانە لەڕووی فەنییەوە پێویستی بە موراجەعەکردن هەیە، چونکە ئێمە لە هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دا، بەڕاستی بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەمانە دواجار پارسەنگیەکان یەکلا ئەکەنەوە، بمانەوێ یان نەمانەوێ کە لەم تونێلی بەرەو دیموکراسیە ڕۆیشتنەی عیراق دا، ئەزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن دا دەکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دڵنیام لە ئاکامی کۆبوونەوەکانی کە لە بەغدا کراون لەسەر یاسای

هەڵبـژاردن، کـە سـەرکردایەتی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان و، بـەڕێزان کـە لـە هـەرێمی کوردسـتان خـاوەن بڕیـارن، بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان ئاگـادار کراونەتـەوە، پرسـیاری مـن لێـرەدا ئەوەیـە، ئایـا بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ئەو یاسـایە ئاگادار کرابـووەوە یـان نـا؟ مـن تەصەورم وایە دوای ئەم قۆناغەش کە دێتە پێش، نازانم ڤیتۆ ئەکرێ یان نا؟ ئەوەی لە بڕگە یەك و دووی مـاددەی (6)ی یاسـای هەڵبـژاردن دا هـاتووە، ئـەو لیژنانـە لـە لایـەن جیهـەتی تـرەوە زوو کـار ئـەکرێ بـۆ پێکهێنانی، لەوێشەوە جارێکی تر فشارەکانیان بەردەوام ئەبێ، ئێمەش ئەبێ جـارێکی تـر دەسـت پێشـخەری بکەین، فشارەکان چۆن ئەبێ؟ ئەوە ئەوەیە ئێمە بتوانین لەڕێگەی ئەو فشارانەی ئەخرێتـە سـەر وەزارەتـی تیجارە و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنـەوە، ئێمـەش لەسـەر ئـەو ڕێژانـەی کـە بـووە، بەڕاسـتی شـەکواکان بـۆ هـەموو جیهـەتێك بگەیـەنین، لەڕاسـتیدا مـن کۆمـەڵێ موراديـف و زاراوەم گـوێ لـێ دەبـێ لـە پەرلـەمانی کوردسـتانەوە، حەقـە لەڕاسـتیدا دقـەتی زیـاتر بکـرێ، ئەگـەر ئێمـە غـەدرمان لـێ کرابـێ، وەکـو خـەڵکی کوردستان غەدرمان لێ کراوە، وەکو کورد غەدرمان لێ نـەکراوە، چونکە هـەر لـەناو ئـەم هۆڵـەدا، جگـە لـە کورد خەڵکی تر هەیە، دەبێ موراعاتی ئەو موراديفانە بکەین، بەڕاسـتی خاوەنـکەی کـەرکووکیش، هـەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکووکن، نەك تەنیا کورد، ئەبێ ئەمە لەڕووی یاساییەوە ئێمـە کاتێـك دەربڕینێکـی ئاوا دەرئەبڕین، دیقەت بکەین لەڕاستیدا، ئەو بەڕێزانـەی کـە لـە هاوپـەیمانی کوردسـتان ئەگـەر بانگهێشـت دەکرێنە ئێرە، حەقە بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووشیان لەگەڵ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سميرة عبدالله ، فەرموو.

**بەڕێز سميره عبدالله إسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری هاوکارەکـانم دەکـەم کـە لـە بۆچـوون و هەڵوێسـتیان یـەك بـوون، زۆر سوپاسـیان دەکـەم، ڕێـژەی زۆربوونی دانیشتوان لە ناوچەکانی عیراق سەرانسەر ئەگەر بەراورد بکـەین لەگـەڵ کوردسـتان هەماهـەنگی نیە، یەعنی ئەوە دیارە سەختە و فێڵی زۆر تێدایە، پێویست دەکات ئێمـە داوا بکـەین لـە سـەرۆکی کۆمـار و کاربەدەسـتان، کـە پێداچـوونەوە و لێکۆڵینـەوە لـە وەزارەتـی بازرگـانی و کۆمسـیۆن بکـەن، منـیش وەکـو پەرلەمانتارێك پێم باشە کە لە دیالە، لە موصل، لە کەرکووك، لە صلاح الـدين کـە هەنـدێ کوردی تێدایـە، ئەوە پێویستیان بە هۆشیارییە، وەکو پرۆگرامێك یـان بەرنامەیـەکی ڕێـك و پێـك بۆیـان دابرێـژین، وەکـو سیمینار و کۆڕ هۆشیاریان بکەینەوە کە دەنگ بدەن بە لیستی کوردستانی، یان بـۆ هاوپـەیمانی کوردسـتانی لە مەجلیسی نواب لە بەغدا، تا مەوقیعی کورد بەهێز بێ لەوێ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وردەکاری قانونەکە زۆربەی باس کرا، مـن پـێش ئـەوەی بێمـە سـەر هەنـدێك سـەرنج و تێبینیـەکان، بـەگوێرەی بەرنامـەی کارەکـە قسـەکردنی ئێمـە لەسـەر یاسـای هەڵبـژاردن و ئـەو زیادەیـە کـە لـە لایـەن کۆمسـیۆنەوە ڕاگەیەنـدراوە، بـەڵام وا حـەوت ڕۆژ بەسـەر دەرچـوون، یـاخود تێپەڕانـدنی یاسـاکە لەلایـەن پەرلەمانی عێراقەوە ڕۆیشتووە، من پێم بـاش بـوو ئـەو کۆبوونەوەیـە لـە کـاتی زووتـر دا بکرابایـە، نـەوەك ئێستا وا ئێمە لەناو کۆبوونەوەداین، لە موناقەشەی ئەوەداین، ئایا یاساکە پەسـندکراوە لـە لایـەن سـەرۆکی کۆمار یاخود نا؟ ئەوە ئەو خاڵە، بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان، بـەگوێرەی ئـەو یاسـایەی کـە دەرچـووە و، ئـەو نیسـبە کورسـیانەی کـە دانـراوە و، بـەگوێرەی قـانونی و بـەگوێرەی دەسـتوری، ئێمـە لەبـەردەم دوو جـۆرە ئیقتیراعین، واتا دەنگداندایین، ئیقتیراعێك موقەیەدە و، جۆرێکیشیان ئامار لە ڕووی یاساییەوە، خـۆی وەك ڕوونـە مەسـەلەی موقەیـەد کـردن لـە هـەموو نیزامـە سیاسـیەکان و، لـە هـەموو نیزامـە دەسـتوریەکان، لەسەردەمی ئەمڕۆدا کاری پێ ناکرێ و مۆدێلی نەماوە، لەبەر ئەوەی بـێ بـەش کردنـی کۆمـەڵێ خەڵکـە لـە مافی دەنگدان، پێدانی حەقی زیـاترە بـە کۆمـەڵێکی تـر، مـن لـەناو یاسـای هەڵبـژاردن و، بـەگوێرەی دابـەش کردنی ئەو کورسیانە، ئەوە دەبینمەوە، کەوا ئەم ئیقتیراعـە بەڕاسـتی ئیقتیراعێکـی موقەیـەدە لـەوەی مـافی هـەرێمی کوردسـتان کەمکراوەتـەوە، مـافی زیـاتر دراوە بـە ناوچـە شـیعە و ناوچـە سـوننەکان، ئەمـەش پێچـەوانەی مـاددە پێنجـی دەسـتووری عێراقـە کـە شـەعبی عێراقـی سەرچـاوەی سـوڵتەنە، سەرچـاوەی شەرعیەتی مومارەسەکردنی سوڵتەنە، ئەمەش لەڕێگەی دەنگدانی شەعبی عێراقی ئەبێ، بەدەنگدانێکی، بـە ئیقتیراعێکی موباشیری عامی سری، بەڵام ئەگەر لەڕێی دەستووری و یاسایی لێـی وردببینـەوە، پێموایـە بـە (غیر مباشر) ئەمـە تەقـەیود کردنێکـە، کـە کـراوە بەرامبـەر بـە کـورد دا، ئەمـەش پێچـەوانەی دەسـتوورە، پێچەوانەی بنەماکانی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتییە لە مەسەلەی دەنگدان دا، ئێمە لێرەدا کە ئەمڕۆ موناقەشە دەکەین لەسەر یاسای هەڵبژاردن و لەسەر ڕێژەی ئەو کورسیانە لە بەغدا، بەڕاستی مـن پـێم باشـە، مـن نـە دەستخۆشیم هەیە، نە لە سەنگی نوێنەرانی کورد کەم دەکەمەوە لە بەغدا، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەوانیش لەبار و زرووفی تایبەتی خۆیان بـن، موبـەریراتیان هـەبێ بـۆ تێپەڕانـدنی ئـەو یاسایە، لەوانەیـە ئێمـەش و خەڵکیش و ئەندام پەرلەمانیش، حەقمان بێ و پەرۆشیشمان بێـت کـە گلـەیی دەکـەین، لەبـەر ئـەوەی مـافی هـەموومانی پێـوە بەنـدە لـە ئاینـدەدا، لـە کوردسـتاندا، سـەبەبەکەش ئەوەیـە بەڕاسـتی وردەکارییـەکانی و زغوتەکانی و تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، بە شێوەیەکی ڕوون ئاشکرا نەکراوە بـۆ ڕای گشـتی، تـاوەکو ئـەوانیش لە مەسئولیەتی خۆیان دا، یاخود خەڵك بەو شێوەیە گلەیی نەکرێ، ئێمە بەر لەوەی هەر قـەرارێك بـدەین، یاخود هەر پێشنیارێك بکـەین، مـن پـێم باشـە سـەنگی خۆمـان لـەناو موعادەلـە نێودەوڵەتیـەکان و لـە نـاو پەرلەمانی عێراق دا، لـەناو موعـادەلاتی چـوار دەورەی عێراقـی یـان ئیقلیمـدا ببینینـەوە، ئێمـە دەزانـین تـا ئەمڕۆش هێزی هاوپەیمانان، یاخود ئەمریکا، زۆربەی سیاسەتەکانی عـێراق بـەڕێوەدەبات، بۆیـە ئێمـە هـەر پێشنیارێك دەکەین من پێم باشە هەمووومان مەسئولیەتی ئـەو پێشـنیارە بگرینـە خـۆ، ئایـا سـەرۆك کۆمـار

ئیمزای بکات؟ یاخود سەرۆکی کۆمار ئیمزای نەکات؟ وەك د. ڕۆژان باسی کرد، ئاخیر نوقتەی ئەوەی کە سەرۆك کۆمار ئیمزای بکات یان ئیمزای نەکات، جاری دووەمیش بێتەوە پەرلەمان، ئەگەر جاری دووەمیش ئیمزای نەکرد، ئاخیر جار ئەو مەوزووعە، ئەو تۆپە دەگەڕێتەوە ساحەی ناو پەرلەمانی عیراقی، ئایا ئەو کاتە لە ناو پەرلەمانی عیراقی دا ئێمە وەك کورد تا چەند دەتوانین مافەکانی کە لێرە باسیان کرد، ئەو ڕەئیە مەنتیقیانەی کەوا باسیان کرد، ئێمە جێگیری بکەین؟ ئایا ئەگەر ئێمە کەمترمان هێنا لە ڕەفزکردنەوە و لە جاری دووەمدا کێ تەحەمولی مەسئولیەت دەکات؟ بۆیە بەڕاستی من پێم باشە لە موناقەشەکردنی ئیمزا کردن و ئیمزا نەکردن، من وەك ڕەئی خۆم، وەك ئەندام پەرلەمانێك پێم باشە سەرۆکایەتی کۆمار ئیمزای نەکات، بەڵام لە ئیمزاکردن و ئیمزانەکردن، بەر لەوە پێم باشە مەنتیقی تر، خوێندنەوە بۆ واقیعەکە بکرێ، ئەو بڕیارەش لێرەدا لە پەرلەمانی کوردستاندا بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرەکانی پەرلەمانی عیراقی، بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم، بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، موناقەشەیەکی تێر و تەسەل بکرێ، ئەوسا بڕیار بدرێ، بەدیلیش پێشکەش بکرێ، خۆش ئامادە بکرێ بۆ ئەو مەسئولیەتەی کە لە دواجاردا ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە کە ئەگەر ئێمە ئەو هەڵوێستەمان هەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر مەسەلەی کەرکووك، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەسەر مەسەلەی کەرکووك، هەموومان کۆ ببووین لەسەر ئەوەی کە ناکرێ لە کەرکووك حالەیەکی ئیستیسنائی پێ بدرێ، مافی دەنگدانمان لە کەرکووك لێ بسەنرێتەوە، کەرکووك بێ بەش بکرێ لە مەسەلەی ئینتیخابات دا، ئێمە ئەو شەڕەمان هەموو کرد و ئامادە بووین وەك پەرلەمان، ئەگەر غەڵەت نەبم، تا ئەو ڕادەی ئێمە ئامادە بووین موقاتەعەی ئینتیخاباتیش بکەین، ئەگەر مەترسی لەسەر کەرکووك بێ، چونکە ئێمە باسمان لەوەی کرد، هەموو شۆڕشەکانمان لەسەر ئەوە بووە کەرکووك بە دەست بێنین، ئەگەر بگاتە ئەوەی ئێمە کەرکووك لە دەست بدەین، ئێمە ئامادە نینە بچینە ناو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقیدا، بەڵام ئێمە ئەو ڕێژەیەی کەوا ئێستا هەمانە لە پەرلەمانی عیراقیدا، 21٪ ە، کەم دەبێتەوە بۆ 16٪ ، ئێمە ئەو شەڕەی کە کردوومانە بۆ پارێزگاریکردنی کەرکووك و بۆ وەرگرتنەوەی مافی کەرکووك، بەهۆی ماف و پێگەی سیاسیمان بووە لە ناو پەرلەمانی عیراقی، بەهۆی ئەو قورساییەی هەمانبووە لەناو هەرێمی کوردستانی خۆمان، ئێستا ئێمە وا لێرەدا مافمان پێشێل دەکرێ، کەواتە (غیر مباشر) ئەوە پێشێلکاریەکی ڕاستەوخۆیە لەبەرامبەر مافەکانی ئێمە، خەتەرێکی ڕاستەوخۆشە لەسەر خۆمان، بەهەمان شێوەش مەسجێکە کەوا دەدرێ بە ئێمە، کە ئێمە بە 21٪ نەمانتوانیوە مافەکانی لە کەرکووکدا بەدەست بێنین، بە تەئکید بە 16٪ ئەرك و شەڕکردنمان لە ناو پەرلەماندا، لەناو پرۆسەی سیاسی لە ئایندەدا قورس دەبێ، لەسەر ئیستینادی ئەو قسەیە من ئەوە دەڵێم کەئێمە مادام لە پێناو کەرکووك دا ئامادە بووین بەشداری هەڵبژاردنی عیراق نەکەین، موقاتەعە بکەین، من هەموو ئەو قسانەم دەڵێم دوای خوێندنەوەیەکی مەنتیقی و واقیعی بۆ بارودۆخەکە، ئەگەر ئێمە بۆ کەرکووك ئامادە بووین، کە ئەگەر ئەو یاسایە تێپەڕێ، ئێمە مادام پێگەمان زەعیف دەبێ، لێرەوە

هەڕەشەیەکی جددی تر دەکەوێتە سەر کەرکووك، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا زۆر سوپاس، بەڵام پشتیوانی لە قسەکەی خاتوو ناسك خان دەکەم، کە دەڵێ: پێویستە سەرۆکی هەرێم بە زووترین کات بگەڕێتەوە کوردستان، لەبەر ئەوەی مەصیری کوردستان وابزانم لە هەموو مەصیرێك باشترە، لە هەموو کارێك گرنگترە، نازانین بەهۆی چیەوە چوەتە دەرەوەی وڵات؟ بە ئیش و کاری تایبەتی خۆیەتی یان پابەندە بە کوردستانەوە؟ بەس پێمان باشە ئەو پرسە، ئەو مەسەلەیە زۆر زۆر مەصیریە، ئەگەر بکرابا بهاتبایەوە، لەگەڵ سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران گفتوگۆیان بکردبایە، پێم باش بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە دەعوەتێکی ڕەسمی لە پەرلەمانی ئەوروپی و ڕەئیس جمهوریەی نەمسا دەعوەت کراوە، بە ئیشی کوردستان چووە، ئێستاش بە ئیشی کوردستان بەندە، بۆ ئەو مەوزووعەش لە تەماسە، یەعنی ئێمەی تەخویل کردووە، فەرموون پەرلەمانی کوردستان، مەسەلەیەکی مەصیریە، هەڵوێستی خۆتان هەبێت، با فێربین، هەر فێر نەبین ئیللا پێمان بڵێن، با فێربین هەڵوێستێکی ڕووناك و پیرۆزمان هەبێ، بڵێن ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە، زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هیچ نەما لە ڕاستیەکان کە هاوکارانم باسیان نەکردبێ، بۆیە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێکانم لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ بەکارهێنانی بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراقی فیدرال بە حەقی ڤیتۆ بۆ ڕێگە گرتن لە جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، دواخستنی هەڵبژاردن تا دوای سازدانی

سەرژمێریەکی گشتی لە سەرانسەری عیراقدا، کە زۆر بە وردی و بە پاکی تاوەکو لەو هەڵبژاردنە چارەنووسیەدا پشتی پێ ببەسترێت، کارکردن بەم ڕاستیە دەستورییەی کە پەرلەمانی کوردستان دەکاتە مەرجەعی یەکەم بۆ پرسەکانی کورد، بۆیە داوا دەکەین کە ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمان و ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر جددی بدەن بۆ ڕێگە گرتن لە جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، ویست و ئیرادەی پەرلەمانی کوردستان بە هەموو لایەك بکەینە بەرەبەستێك لەبەردەم ویستی ناحەزان و بتوانین بە دەنگی ڕاستەقینەی هەموو لایەك، هەر کودەتایەك کە دژ بە ئێمەی خاوەن ئەزموونی ئەنفال و جینۆساید بکرێت پاشگەز بکەینەوە، هەرگیز لە ویستی ناحەزان بێ ئاگا نەبین و ڕێگا نەدەن ئیرادەیان فەرز بکەن بەسەر ئیرادەی ئێمەدا، هەڵوێستی هاوکارانمان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی بەغدا دەبێ زیاتر بێ، تەنها ئەوە نەبێ لە پرسە چارەنووسیەکان دا، تەنها ئەوە نەبێ لە کاتی تەنگانەدا داوای پشتیوانیمان لێ بکەن، بەڵکو پێویستە لە پرسە چارەنووسیەکان وتووێژمان لەگەڵ دا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ناچم تەحلیلاتی سیاسی بکەم، ئەو خوشك و برایانە دەوڵەمەندیان کرد، باسی ئامارەکانیش ناکەم، بە وردی لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان باسم کردووە ئەمڕۆ بەیانی، ناچمە تەفصیلی ماددەکانی یاساش، چونکە تەصەور دەکەم لەوێش هیچ بەدەست ناهێنین، من نیگەرانی دوو شتم، یەکێك: خەڵك ئەزانێ ئێمە ئەوە سەعاتی چوارەمە، سەعاتێکی تریش دادەنیشین، لێمان بپرسن پاش پێنج سەعات چیتان کرد، دەبێ وەڵامێکم هەبێ بڵێم: بڕیاری ئەوەمان دا ئەو هەنگاوەمان لە پێشە، ئەو هەنگاوە، من هیوادارام وێرای هەست دەربڕین و ئەو دڵسۆزییەی کە لە قسەکانی هەموومان دیار بوو، بە تەئکید هەر یەك بە شێوەی خۆی، ئێمە ئەو جۆرە دانیشتنانە کە بە تایبەتی بۆ ئەو جۆرە بابەتانەش بکەین، تەنها بۆ ئیعلام نەبێت و بۆ ڕا دەربڕین لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر یەك، ئازادن چۆن قسە دەکەن، بەڵام خەڵك چاوەڕوانە ئێمە لە پەرلەمان هەڵوێست وەرگرین بە بڕیاردان لەسەر چەند شتی عەمەلی، بۆیە لەو ئیتیجاهە تەنها ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن قسە ئەکەم، بەوەی کە مومکینە، وەکو سیاسیەکیش، ئەزانم ئێمە لە بەغدا چەند زەحمەتە بتوانین بگەینە ئەو صیغە نامەقبولە لە لای ئێمە کە (کرکوك و المحافظات الأخرى)ی تێدایە، ئەگەر بە تەنیا باین ئەمانزانی چی بکەین، لەبەینی بڵێین کەرکووك هەڵبژاردنێکی لێ ناکرێ، کەرکووك (بالذات) دەبێ شتێکی خصوصیاتی هەبێ و، بەینی ڕەفزی لایەنی کوردی (ضعيف) لەوێ، کە ناوی کەرکووك بە تەنیا بێت و تەئجیلی کەرکووك، چاوەڕوانی چی ئەکەی لە غەیری ئەوەی شتێکی تەوافوقی وای ببێت، کە نە ڕەفزی کەرکووکە، نە ڕەتکردنی مەتلەبی ئەوانە، نە چەسپاندنی مەتلەبی ئێمەیە،

ناچمە ئەو موناقەشەیە، مـن بـە دققـەت تەماشـام کـردووە، نووسـیم لای خـۆم، هـەموو ئـەو بەڕێزانـە بـەو ئاراسـتەیەی عەمـەلی، ئـەوەی پراکتیکـی ئـەوەی مـن ئـەڵێم، لـەو خاڵانـە کۆببـو، مـن نـازانم بـە پێشـنیار وەرئەگیرێ، یان حیساب ئەبێ چونکە من ئەو قسەیەم کـردووە، قسـەی زۆربـەی خوشـك و برایانـە، یـەکێك ئێمە بە حەقیقەت نـازانین تـا ئێسـتا غـەدر لـە ژمـارەی کورسـیەکانی (3) پارێزگـای کوردسـتان کـراوە یـان نەکراوە؟ من بەش بەحاڵی خۆم نازانم زیادەی دانیشتوانی کوردستان چەندە، بە مەنتیق بێت، بە ماتماتیك بێت، ئا، پێنج شەش ساڵە، پێش (10) ساڵە، بەڵام باشە چۆنە ئەگەر ئێمە ئالیەتێك بدۆزینەوە کە ئاگادار بین، وابزانم ئاسانترین مەتلەبە بچینە لای جیهاتی خۆمان لە هـەرێمی کوردسـتان، ژمارەکـە وەرگـرین ئـەو کاتە (على الأقل) دڵنیا ئەبین ئەو ژمارەی نووسراوە لێرە، ڕاستە یان ڕاسـت نیـە؟ ڕاسـت نـەبێت، ئـەو کاتـە گلەیی دەکەین، مەبەستم ئەوە یەکێکە، دووەمیان: ئێمە نازانین نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا ئاگاداربوون لـەو ڕێژە و ئەو ژمارە تازەیەی دانراوە بۆ پارێزگاکان، خۆ وابزانم وەکیلە؟ وەزیرە؟ دوو سێ مودیر عام کـوردن، ئایا ئەو برادەرانەی ئێمە لە لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا تا چەند لەگەڵ پرۆسەکە بـوون؟ مـن نازانم بۆچی ئێمە لە ئاخیر (ثانية) لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە هی عیراق، لە هی ئەو، هەمیشە لە ئـاخیر لەحزە ئاگاداری ئەوە دەبین کە غـەدرێکی گـەورەمان لێکـراوە و چـەند هـەزار دەنـگ و کورسـیمان لەدەسـت چووە. نازانم بۆ عیبرە وەرناگرین، ئێستا ئەگەر هاتو هیچمان پـێ نـەکرا بـۆ هەڵبژاردنـەکانی مـانگی (1)ی (2010)، ئایا ئەمە کافی نیە پاش شەش، شەوت هەڵبژاردن ئەم پەرلەمانـە، بـە هـەموو ئـەم ئینتیمائاتانـە، بە هەموو ئەو تەخەصوصاتانە بیر لە ئالیەتێك بکات پێشـنیاری بکـەین بـۆ حکومـەتی خۆمـان و نوێنـەری ئێمە، تاوەکو جارێکی تـر ئەمـەمان بەسـەر نەقـەومێ، بـۆ ئـەوەی ئێمـە بـە بڕیارێـك دەربچـین کـە فیعلـەن ئەتوانین دڵنیا بـین ڕەنگـە تـۆزێ تـەحریکی قەزییـە بکـەین، داوای هـەموارکردنی یاسـا و شـت بکـەین، مـن نازانم، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەم برادەرانەی باسیان کرد، ئایا کێ گەرەنتیم ئەداتێ کە یاساکە گـەراوە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا، ئەنجامەکانی باشتر ئەبێ؟ گەرەنتیم ئەدەیێ؟ منیش ئەتوانم، سیاسـییێکم (عمر من سياستها) قسەی بریقەدار سەرنج راکێش و دڵی خەڵك بکێشمە لای خۆم، چەند ساڵ پێشەی ئێمە بوو، بەس با واقیعی بین، من تەسەور دەکەم ئەگەر قەبول بکەن کۆی هەموو ئەو پێشنیارانەی کراوە لـەوە دەچێت ئەگەر بکرێت ئێمە لیژنەیەك پێك بهێـنین ئـەم کۆبوونەوەیـە بـە بڕیارێـك دەربچێت وێـڕای ئـەو موقەدیمەیەی هەڵوێسـتی ئـەم خوشـك و برایانـە بـە وازیحی کۆبکرێتـەوەو دیـار ببێـت، وابـزانم خیلافمـان نابێـت، ئـەوە مـەوقیفێکی وەتەنییـە، مـەوقیفێکی نیشـتمانییە، مـەوقیفێکی دەربـڕینی هەڵوێسـتی خـەڵکی کوردستانە، بەڵام وێڕای ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ جێ بەجێ کردنی هـەموو ئـەو وردە پێشـنیارانەی کـە باس کران، ئەگەر بە باشی بزانین موناقەشەی بکەین، ئێمە لیژنـەیەك پێك بهێنین بـە ڕێژەیـەکی مـەقبول ئێمە ئیتیفاقی لەسەر بکەین، ئینشـائەڵلا یـەك لـە فراکسـیۆنی زۆرینـە، یـەك، دوویـەك لـە فراکسیۆنەکان، ببوورن ئەو کەلیمەیە بەکار دەهێنم خۆیان ناساندووە، یەك، دوویەك لە برادەرانی موکەویناتی نەتـەوەیی و ئایینی کوردستان، ئـەم لیژنەیـە وەکو لیژنەیـەکی کـاتی بێت موناقەشـەی ئـەوە بکات ئێمـە چیمان پـێ

دەكرێت، زانیارییەكان وەربگرین لەسەر دروستی ژمارەكانی دانیشتوانی كوردستان، ئەوانی تر بەچ شێوەو بە چ شكل، ئایا چی بكەین تاكو بتوانین؟ ئەگەر ئێمە پێمان بكرێت، گریمان یاسایەكە تێپەڕ بووەو چەند زەرەر دەتوانین بگەڕێنینەوە؟ چەند دەتوانین سوود وەربگرین لە كەناڵەكانی تر؟ لە هەمووی گرنگتر رەنگە تەعامول كردنی ئەو لیژنە كاتییە لەگەڵ ئەم مەوزوعە هەستیارە، چەند رێنماییەك و چەند رێگایەكمان پیشان بدات، ئێمە ئالیەتێكی بەردەوام دانێین، بۆ ئەوەی لە ئاییندە بە حەقیقەت پێش سەعاتێك و دوو سەعات نا، بەڵكو لە دەستپێكی جوولانەوەی ئەم جۆرە پلان و موئامەرانەی كە باسی دەكەن ئێمە ئاگادار بین، تاكو نە تەعامول لەگەڵ ئەنجام بدەین، بۆیە من تەنها ئەو پێشنیارە دەخەمەڕوو، هیوادارم ئەوانەی پاش منیش قسە دەكەن هاوكارم بن، حەقی خۆمە داوای ئەوە بكەم، كە ئێمە بە بڕیارێكی عەمەلی بچین و هەنگاومان هەبێت لە دانیشتنێكی داهاتوو بتوانین لەو پەرلەمانە پیشانی خەڵكی خۆمان بدەین و پیشانی برادەران بدەین، كە ئێمە فیعلەن ئەو چوار سەعاتە بەلاش نەبوو، ئێمە گەیشتینە ئەم راستیانە، ئەمەش هەڵوێستمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبداللە عەلی فەرموو.

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەربڕینی هەستی دڵسۆزی هەموو برادەران و خوشكان بە شوێنێك هیچ بۆ ئێمە نەمایەوە باسی بكەین، سوپاسی هەموو لایەكیان دەكەین، هەرچەندە وەزیفەیەكی ئەخلاقی و نەتەوەیی خۆیانە كردیان، ئەوەی كە دەردەكەوێت لە درێژی تەمەنی دەسەڵاتداری شۆڤێنیزمی عەرەبی، هەموو یەك بەیەكی ئێمەش بە گەورەو بچووكەوە زانیمان كە ئەوان هەمیشە دەیانەوێت چ زوڵمێك لە هەر رۆژێك كە پێویست بێت چۆن دژایەتیمان بكەن، ئەمڕۆش نە یەكەم رۆژ بووە، نە ئاخیر رۆژیش دەبێت، پێویستە ئێمە پلان بۆ ئایندەكانی خۆمان ئامادە بكەین، ئەوەی ئێستا لە دەستمان دێت من لەگەڵ كاتی ئیمزا كردنی وەڵامێك بۆ ئەو برادەرانەی كە چۆن ئەم خاڵەی بەسەردا تێ پەڕی ئەو كاتە لەگەڵ برادەرانی پەرلەمانی عێراقدا قسەمان كرد، گوتیان ئەوان حوجەتێكیان هەبوو زۆرینەش لەگەڵ ئەوە بووە، ئەگەر ناوی كەركوك لەم فەقەرەیەدا نەهێنرێت، ئەوان ئامادەن بەبێ ئەوە بڕیارەكە بدەن بەزۆرینەی دەنگ و گوێ لە تەوافوقەكە نەگرن، یەعنی ئەمە مەرجێكی تەعجیزی بووە لەسەریان دانراین، لەسەر كەركوك و لەگەڵ ناوچەكانی تریش، ئەوەی ئێستا بەدەستمانەوە ماوەتەوە بەوە چارەسەر ناكرێت بە ئیمزای، بە ڤیتۆ كردنی جەنابی سەرۆك كۆماری، یان كەسێكی دیكە، تەنها زەخت كردنە سەر وەزارەتی تیجارەیە، كە ئەم دەنگانەیان لەكوێوە هێناوە؟ بە چ نیسبەتێك لە مووسڵ لە 12٪ زیادی كردووە، لە سلێمانی لە (0٪)ە، من داوایەكی ترم هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە بیكەینە بڕیار، بۆ هەموو ئێوە، بۆ هەموو سەركردە سیاسیەكان، چیتر گلەیی لە باوو باپیرانی خۆمان نەكەین، كە زۆر جار دەیانگوت كورد هەمیشە بەدوای عەرەبە بەناوی

نزیکایەتی لە دینی ئیسلام و لەزمانی قورئان، ئێمە ئەمجارەو جارێکی تر سیاسیەکان هەمیشە بەم زمانە نزیك ببنەوە، هەمیشە ئەوان بە زۆری برایەتی عەرەب بەسەر خۆمان دەسەپێنین، بەبێ ئەوەی ئەوان حیساب بۆ ئێمە بکەن، وەکو بێریڤان خانیش ئیشارەتی پێ کرد، ئێمە هەر کاتێك یەك لە مەسئوولەکانی کە هەمیشە بە درۆزنە لەگەڵماندا، بەڵام کە دێتە کوردستان جۆرە رێزێکیان لێ دەگرین، بەڵام هەر لە کاتی گەڕانەوەیان لە رێگا لێیان دەپرسن، بە جۆرێك قسە دەکەن، کە هەرگیز لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە، بۆیە ئەگەر بۆمان بکرێت لە رێگای وەزارەتی تیجارییەوە کەم کردنەوەی دەنگەکان، زەخت بکەینە سەر کۆمسیۆنی باڵا بەلایەنی کەم، یان هەر بۆ پارێزگاکان وەکو یەك رێژەیەکی زیاد بوون دابنێ، یان بەلایەنی کەم بیهێنینە بڕیارێك لە 3٪، یان 3،5٪، یان هەر شتێکی تر بۆیان دەکرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر سەباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر مایەی دڵخۆشییە کە ئەوا پەرلەمانی کوردستان یەك دەنگن لەسەر پرسێکی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانیی، ئەو قسەو باسانەی کە پێشکەش کران هەر هەمووی دەلالەت لەسەر گرنگی بابەتەکەو لەسەر هەڵوێستی روون و بێ پێچ و پەنای گەلی کوردستان دەکات، بەڕاستی چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەم:

یەکەمیان/ مەسەلەی کاتە، کە بەڕاستی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە، چونکە کات ئەوەندەی نەماوەو ئێمەش ئێستا کاتی زائیعە، خەریکی چارەسەر کردنی ئەو کێشە گرنگانەین، بۆیە من تەئکید دەکەم کە لیژنەیەکی یاسایی، یان لیژنەیەکی پەرلەمانی کاتی، ئەگەر هەڵستێت بەم کارە، بەڵام بەخێرایی بیکات، نەك بەشێوەیەکی وا کە کاتەکەمان لە دەست بچێت، لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەتوانێت ئەو کەلێنانەی کە لەم هەموارکردنی یاسایەدا هەیە دەست نیشانی بکات و بەرپرسانی کوردی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەوە هەر کەسێکیش ئەگەر بێت سەیری ئەم یاسا هەموارکراوە بکات، کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە، ئەو پەندە عەرەبیەم بیر دێتەوە کە دەڵێت (هذا امر دبر بليل)، یەعنی بە نەفەسێك نووسراوە، نەفەسی پلان، نەفەسی دوور لە عەدل و ئینصاف، بەڕاستی هەر یاسایەك کە دەردەچێت دەبێت عەدل و ئینصافی تیا بێت بەرامبەر هەر تاقەی ئینسانێك، ئێمە بە مەنتیقی ئینسانیش تەعامول بکەین لەگەڵ یاسایەکە، غەدرێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان کراوە، لە پارێزگاکانی کوردستان کراوە بەو رێژەیەی کە ئێستا دیاری کراوە، هیچ نەبێت تا شەشەمین پارێزگا بەشێوەیەکی ناسروشتی زیادیان کردووە، ئەگەر ئەوانەی موختەسن لە علیمی سوکان بێن تەماشای بکەن ئیسپات دەبێت کە ئەمە بە نەفەسێکی ناعەدیلانەو نا ئینصاف ئەو یاسایە دارێژراوە، فیعلەن زوڵم لە کورد کراوە، زوڵم لە پێکهاتەکانی تریش کراوە، تەنانەت زوڵم لە حزبە بچووکەکانیش کراوە، لە پێکهاتە نەتەوەییەکاندا کراوە، لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن کراوە، دەنگەکانیان بە فیڕۆ دەڕوات، بۆیە زاهیری ئەم یاسایە هەرچەندە بە تەوافوقێك کراوەو بە ئیعتیرافی

نوێنەرانمان لە بەغدا زەخت و فشارێکی زۆریان لەسەر بووە لە حاڵەتێکدا ئەو کەسەی کە تەرەفی زەعیفە لە موعادەلەکاندا نابێت زەخت و فشاری لەسەر بێت، یەعنی بۆ دەبێت زەخت و فشار لەسەر کورد دابنرێت، لەسەر نوێنەرانی کورد دابنرێت لە حاڵەتێکدا کە ئەوان دیفاع لە قەزییەکی عادیلانە دەکەن، بۆیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنەی داهاتووی عێراق لەسەر ئەساسی ئەم یاسایە بکرێت، پێموایە وەزعی سیاسی عێراق لە رووی دیموکراتییەوە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەچێت بەرەو دواوە، خراپتر لە رژێمی بەعس، چونکە ئەم نەفەسە نەفەسێکی زۆر خراپترە لە نەفەسی شۆڤینیزامیەکانی تر، بۆیە داوا دەکەم و دەنگی خۆم دەخەمە پاڵی دەنگی باقی هاوکارانم لە پەرلەمانی کوردستان تا نەچووە ڤیتۆ بکرێت لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە، چونکە ئەگەر هەر هیچ نەبێت وەکو مەوقیفێکی تاریخی تۆمار دەکرێت، کە لە پێناوی مەسەلەیەکی ئینسانی، مەسەلەیەکی رەوا، مەسەلەی گەلی کوردستانە، مەسەلەی پێکهاتەکانی ترە، کە زوڵمیان لێ نەکرێت، ئەو یاسایە ڤیتۆ کرا با جارێکی تر بچێتەوە پەرلەمان، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین لە رێگای نوێنەرەکانمانەوە قەناعەت بکەین بە پێکهێنەرەکانی تری پەرلەمان، کە ئەمە تەنها زوڵم نییە لە کورد، زوڵمە لە هەموو ئەو کەسەی کە مونصیفە بەنیسبەت بە ئینسان، زوڵمە لە هەموو دەنگێك، لەڕاستیدا ئەو یاسایە کە هەبێت هەموو دەنگەکان کۆ دەکاتەوە بۆ گیرفانی یەك، دوو دەسەڵات، یەك، دوو قائیمە، رەنگە بەنیسبەت کوردستانەوە دەنگەکان سابت بێت بۆ میللەتی کورد، بەڵام زۆر دەنگمان هەیە هی میللەتی کورد لە پارێزگاکانی تری عێراق، لە دەرەوەی وڵات بەڕاستی نایەتەوە بۆ حیسابی کورد، نایەتەوە بۆ حیسابی هەموو پێکهاتەکان، بۆیە ئەمە بەڕاستی زوڵمێکی گەورەیە، دەبێت قەبولی نەکەین لە مەنتیقێکی یاساییش ئەگەر مەعمەلەی لەگەڵدا بکەین ئینسانی مونصیف بێت تەماشای بکات، هەتا ئەگەر کوردیش نەبێت بۆی دەردەکەوێت کە ئەم یاسایە سەقەتە، سەغەراتەکانی روون و ئاشکران، ئیجابیاتەکانی ئەوەندە کەمە، کە رووەمان نایەت باسیان بکەین، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاك فازل حەسەن فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبداللە محمود فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە رێگەی یاساییەوە، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە تیشکیان خستە سەر مەسەلەکان، مەسەلەی کورسیەکان، دابەزینی نیسبەی رێژەی هەڵبژاردن لە ئاییندەدا، من نامەوێت بچمەوە سەر ئەو بابە، ئەگەر

سەیرێکی ڕێژەی کورسیەکان بکەین کە دابەش کراوە، دەبینین کە خۆی لە خۆیدا، یەعنی بەرنامە ڕێژەییەك کراوە، بۆ ئەوەی وەزعی سیاسی کوردستان لە عێراق بەرە بەرە بەرەو دواوە بێنن، ئەوەی کە من دەیبینم پلانێکە هەر لە سەرەتاوە روون بوو، کە تایبەتمەندییان بە کەرکووکدا، ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، دەیانەوێت مافی نەتەوەیی کورد پێشێل بکەن لە کوردستاندا، من کۆمەڵێك خاڵم هەیە، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانەی کە من ویستم ئەوان تیشکیان خستە سەری و روونیان کردەوە، نامەوێت لەسەریدا بڕۆمەوە:

خاڵی یەکەم/ کوردستان بە یەك دەنگی چۆن ئەم برا بەڕێزانەو خوشکە بەڕێزانە لێرە پێکەوە لەبەرامبەر مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا یەك دەست و یەك هەڵوێستین، ئەمە پەخش بکرێت بۆ شەقامی کوردی، کە هەمووومان پێکەوە بە یەکگرتوویی و بە یەك هەڵوێستی لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بوەستینەوە.

خاڵی دووەم/ پێکهاتەی عێراق تەوافوقیە، بە بۆچوونی من تەئکید لەسەر ئەو تەوافوقیە بکرێتەوە.

خاڵی سێەم/ روون کردنەوەیەك بدەینە کۆمسیۆنی باڵا، پێداچوونەوەیەك و راستکردنەوەیەك بۆ ئەو بارە ناسروشتییە بکات، کە خۆیان هێناویانەتە ئاراوە.

خاڵی چوارەم/ شەکوایەك لە مەحکمەی فیدراڵی دەستووری عێراق تەقدیم بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە.

خاڵی پێنجەم/ لەم هەلومەرجە ناجێگیریەی عێراقدا، پێویستە پەیوەندی سات بە ساتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کوتلەی کوردی، یان فراکسیۆنی کوردی بە هەموو بەشەکانیانەوە لە پەرلەمانی عێراق پەیوەندییەکی سات بە ساتی بێت، بۆ ئەو مەسەلەیە تا یەکلایی دەکرێتەوە.

خاڵی شەشەم/ ئەگەر بکرێت نووسراوی ڕەوانەی نوێنەرانی کوردستان بکرێت بە هەموو بەشەکانیەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەبارەت بە راستکردنەوەی ئەو بارە ناسروشتیە، بۆ ئەوەی بەجددی قسەی لەسەر بکرێت، ئەوەی کە برادەران قسەیان لەسەر کرد، هەندێکیان روونیان کردەوە، من نامەوێت بچمە تەفاسیلەوە، یەعنی ئەوانیش حەتمەن لەسەر ئەو مەسەلەیە مشتومڕیان کردووە، هەروا بە ئاسانی بەسەریاندا تێ نەپەڕیوە، لەبەر ئەوە ئەو حەقی ڤیتۆ بەکارهێنانە، یەعنی بهێڵینەوە لەلای ئەوانەوە، بتوانن ئەوە بهێڵنەوە بۆ کۆتایی، مشتومڕێکی تری لەسەر بکرێت، ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان کرد جەلسەیەکی دیکە، یان لیژنەیەکی یاسایی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم خاڵانە بەسەرماندا تێ نەپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر حەسەن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان ئـەوەی ئێسـتا لـە عێـراق دژ بـە کـورد دەکرێـت، ئەمـە شـەڕێکی گەورەیـە بەڕاسـتی، بـەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە ئەو شەڕە وەکو ساڵانی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی شەڕی چەکداری نییە، شەڕێکی سیاسی و پەرلەمانییە، ئەگەر شـەڕە چـەکدارییەکە بوایـە، لەوانەیـە ئێمـە ئەوەنـدە مەترسـیمان نەبوایـە، چونکە ئێمە دەمانگوت عەزمەو ئیرادەی کوردستان ئەوەندە بەهێزە، هەر یەکە بەرامبەر دە نەفەری هێزی داگیرکـەرە، بـەڵام ئێسـتا وانییـە، دەنگێـك قـابیلی دەنگێکـە، کورسـیەك موقـابیلی کورسـیەکە، ئێمـە ئەگـەر سەیری نەوایای ئەو خەڵکە بکەین، کە ئێستا دەسەڵاتیان لە عێراق لە دەستە، نیەتێکی خراپە، چونکە ئەو پەرلەمانەی ئێستا لە عێراق هەوڵ دەدات هەموو دەسەڵاتێکی کورد بەرتەسك بکاتەوە، ئـەوەی لـەبیر خـۆی بردۆتەوە بە عەمـدی کـە پـێش سـاڵی 2003 هـەرێمی کوردسـتان دەروازەیـەکی سـەرەکی بـوو بـۆ دروسـت کردنی عێراقی نوێ، بۆ رزگار کردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، ئەو پەرلەمانەی کە ئـەو لێـی دانیشـتووە لـە سایەی ئەو دەروازەیە، یەعنی بەشێکی زۆری دەتوانم بڵێم لـە 50٪ی هیمـەتی خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان بووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بەر لەوەی پەرلەمانێکی عێراقێکی نوێ دروست بکـات، ئـەم پەرلەمانـەی ئێستا کە لێی دانیشتووین، ئەم شوێنە پیرۆزە هەبووە، هەرێمی کوردستان هەبووە، دەسەڵاتی خۆی هەبووە، حکومەتیش هەبووە، لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن ئەگەر نیەتیان خراپ نەبێت، ئەمـە زیـاتر بکـەن، بـەرەو پێشـتری ببـەن لەسـایەی ئـازادی و دیموکراسـی کـە لـە عێـراق هاتۆتـە ئـاراوە، هـەوڵ بـدەن ئـەوەی هەیـە سنووورداری بکەن و هیچ حیسابێکی بـۆ نەکـەن، ئەمـە مەترسـییەکی گەورەیـە بەڕاسـتی، ئەگـەر ئێمـە ئـەم شەڕە بە ئێستاش کۆتایی نایەت، فەرەزن ئـەم خاڵـەش، ئـەم مەترسـیەشمان لابـرد، ئـەم شـەڕە شـەرێکە بـێ کۆتـایی، واتـا بەردەوامـە، ئێمـە لـە پەرلـەمانی عێـراق بمانـەوێت و نەمانـەوێت کەمینـەین، ئەگـەر هـەموو ئیعتیبارێك و ئیعتیمادێك لەسـەر ئـەوە بکـەین، کـە لـەوێ شـەڕی دەسـتووری بکـەین، یـان شـەڕی دەنگـدان بکەین، ئێمە کەمینەین هەموو جار شەڕمان دەبێت، بۆیە مـن پێشـنیار دەکـەم بگەڕێینـەوە سـەر مەبـدەئی تەوافوقی لە عێراق، کورد وەکو کەمینـە سـەیر نـەکرێت، هـەروەکو چـۆن لـە سـەرەتادا هـاتووە، پێکهاتـەی عێراق بەشێوەی سەرەکی لە کوردو عەرەب و ئەوجا نەتەوەکانی تر پێکهاتووە، لەسەر ئـەو مەبدەئـە ئێمـە ئیش بکەین و تەفعیلی بکەینەوە، ئێمە دەتوانین پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکەین و بەرەو پێشی ببەین، سـەبارەت بـەو مەوزوعـەی ئێسـتا بـراردەران هـەمووی بـە دوورو درێـژی قسـەیان کـردووە، منـیش دەنگـم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوان و داواکارم ئێمە هەمووومان زەخت بکەین، کە ئەم بڕیـارە هەڵبوەشـێتەوە، ئەگـەر مەجالی ئەوە مابێت بەڕێز سەرۆك کۆمار ڤیتۆی بکات هەر بڕیارێکی لە کۆتاییش دەدەین، من پێموایە بـە وردی و عاقڵانەو مەسئوولانە بێت، چـونکە ئێمـەش دەبێـت تەحـەمولی وەزعـی خۆمـان بکـەین ئێسـتا لـە کوردستاندا لەسەر ساحەی ناوچەو عالەمیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ دەستخۆشـیم و هاوسـۆزیم لەگـەڵ هـەموو ئـەو خوشـك و برایانـەی بـە پەرۆشـەوە باسـیان لـەو مەسەلەیە کرد، بەڵام من دوو تێبینیم هەیە حەقە لەسەری بوەستین:

یەکیان/ ئەوەیە ئێمە خۆمان ئیدیعای ئەوە دەکەین، یاخود پێداگیری لەسەر پابەند بوونمان، یاخود جێگیر بوونی ئەو سیستەمە، ئەو رژێمە سیاسییە، نیزامە سیاسییەی سیستەمی تـەوافوق پـەیڕەو دەکات، چونکە لەوە قازانجمان کردووە بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە کەمینـەین لـەناو عێـراق، رادەی زۆریمـان ئەگـەر بـڕوات رەنگە لە 20٪، یان لە 21٪ بین، ئەگەر ئیحصایەکی رێك و پێك بکرێت، بۆیە بـوونی سیسـتەمی تـەوافوق بەلای ئێمە کارێکی چارەنووسسازە، چونکە ئیتیجاهی موقابیلمان دەبینین لە شارعی عێراقی ئـەو حـزب و لایەنـە سیاسـیانەی کـە ئێسـتا کـار لەسـەر ئـەوە دەکـەن، کـە زۆرینـە لـە پەرلـەمان بـە دەسـت بێـنن، مەبەستەکەشـیان تـەنها گـۆڕینی ئـەو سیسـتەمەیە، ئـەویش لـە رێگـای دەسـتکاری کردنـی مـاددەو بڕگـەو فەقەراتەکانی دەستووری عێراقییە، ئەو یاسایەش کە دەرچووە بـە تـەوافوق داڕێـژراوە، راسـتە ئیستیسـنای نـاوی کـەرکووکی تێدایـە، وەکـو کەلیمـەی ئیستیسـنا کـەرکووکی تێدایـە، بـەڵام لـە موقـابیلی ئـەوە هـەموو پارێزگاکانی عێراقیشی لەگەڵ درا، لە موقابیلی ئەوە کۆتاکان، کورسیەکانی بۆ تورکمان و عەرەب دانرا بوو، ئەوە قەبول نییە، کۆمەڵێك شتی تریش کە لە یاسایەکەدا هەیە، بۆیە ئێمە وەکو یاسایەکە من پێمـوا نییـە بە رەئی شەخصی خۆم یاسایەکە شتێکی وای تێدا بێت، ئەو غەدرانـەی کـە کـراوە لـە شـوێنێکی تـر کـراوە، نـەك لـە یاسـایەکە، چـونکە لـە کـەلێنێك لـە کەلێنـەکانی ئـەو یاسـایە نەچـووینەتە ژوورێ و بـە تـەوافوق نووسراوە، هەموو شتێکی تەوافوقی لە 100٪ ئەوەی کە خۆت دەتەوێت ئەوەت بۆ جێ بەجێ نابێت، بۆیـە ئێمـە دەبێـت کـارێکی وا بکـەین کـە ئـەرکی ئـەو برادەرانـەی خۆمـان لـە پەرلـەمانی عێـراق، لـەوێ، لـە دەسەلاتدارەکانی خۆمان لـەوێ ئـەرکیان قورسـتر نەکـەین، چونکە ئـەوان لـە شـەڕێکی زۆر زەحمـەت و زۆر قـورس دان، کۆمـەڵێك مەعادەلـەی دوەلـی و سیاسـی و ئیقلیمـی لـەناو مەوزوعەکـەدا هەیـە، ئێمـە تـەنها بەرامبـەر بـە شیعەو عـەرەب لـە موقابیـل نـین، لـە سـەنگەر نـین، ئێمـە بەرامبـەر بـە کۆمـەڵێك جیهـاتی دەرەکیش لەسەر خەتین و لێمان لە پلان داڕێشتنن، وەکو ئەو برادەرانەی باسیان کـرد، دواجـاریش نابێـت، دەبێت چاوەڕێی چەندین پلانی تریش بکەین، ئەوە زنجیرەیەك پلانە یەك لە دوای یەك بێت، بەدوای یەك دەبێت زۆر بە مەنتقیانەو عاقلانە تەعامولی لەگەڵ بکەین، چونکە ئێمە چەند خەیارێکمان لەبـەر دەسـت نییـە، یـەعنی وەکو ئـەوەی وا پیشـان دراو هەنـدێك لـە بـرادەران قسـەیان کـرد، مـن لەگـەڵ بەشـی زۆری رەئیەکانم، بەڵام لەگەڵ هەندێکیان کە گوایە ئێمە کـارتێکی زۆرمـان لەبـەر دەسـت بـوو بێـت، کـارتێکی زۆر خراپمان بەکار هێنا لەو مەوزوعە، ئەو کارتەی کە لەبەر دەستی کوردە، تەنها یەکێتی ریزەکانی ناو خۆی و ئەو چەترەی کە خۆمان خستۆتە ژێربالێەوە، ئەویش چەتری دەستووری عێراقە، ئەو دەستووورە ئـالوگۆڕی تیـا بکرێـت خۆمـان دەزانـین ئیتیجاهەکـە بـەرەو کـوێ دەڕوات؟ تەوەجوهاتـەکانی ئـەحزاب و لایەنـە سیاسیەکان، بەتایبەتیش شۆفێنیەکان بە چ ئیتیجاهێك ئیش دەکەن، بۆ پەیدا کردنـی زۆرینـە بـە دەعمـی

دوەلی، بە دەعمی ئیقلیمی لەناو پەرلەمانی عێراقی بۆ دەستکاری کردنی دەستوور، بۆیە پێموایە، یەك/ ئەو راگەیاندنە دەکەین شتێك نەکەین، کە برادەرانمان ئیحراج بکەین لەوێ، چونکە ئەوان لە شەڕێکی قورس دان، بۆ سیستەمی تەوافوقی پێویستیمان بە دەنگی دۆست و لایەنگرەکانیشمان دەبێت، هەموویان دوژمن نین، بۆیە دەبێت دڵی دۆستەکانی خۆشمان را بگرین، بۆ ئەوەی هاوسۆزمان بن و پشتیوانیمان لێ بکەن، نەك ئێمە لێرە هەندێك شتی تەعجیزیان بەسەردا بسەپێنین، خەلەل لە وەزارەتی بازرگانی عێراقە، لەوێوە فێڵەکەمان لێ کراوە، لەوێوە ژمارە دانیشتوانی نموی گەشە کردنی ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی عێراق بە زیادەوە نووسراوە، لەلای خۆمان کەم تەرخەم بووینە، خەڵکی ئێمە زۆر موهتەم نەبووە بەو مەوزوعە، یاخود ئەو دامودەزگایەی پەیوەستە بەوە کەم تەرخەم بووە، لە هەندێك حاڵەتی تریشدا خۆمان لەوە خەڵکمان هانداوە، کە لە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم، یاخود لەو سێ موحافەزەیە کەم دەبێتەوە، خەڵکمان هانداوە بە سیاسیەتی خۆمان، بە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بووە، کە خەڵك بچێتەوە سنووره دابڕاوەکان، بۆ ئەوەی لەسەر ماددەی (140) بنووسرێن، ئەوە ژمارەیەکی کەم نین، بۆیە من تەئیدی قسەکەی بەڕێز کاك عبدالسلام دەکەم، ئێمە لیژنەیەك پێك بهێنین بە ئەرقام قسە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراقی بکەین، ئەگەر چووینە مەحکمەی فیدراڵی بە ئەرقام قسە بکەین، ئەوان چەندیان زیاد بۆ خۆیان نووسیووە، ئەوە دیارە لە یاسایەکە حەددی بۆ هەموو لایەك داناوە، ئەگەر لە 5٪ی ژمارەی دانیشتوانی زیادی کرد بوو، هەتا ئەگەر دوای هەڵبژاردنیش بێت، ئەوەی بۆ دوای هەڵبژاردنی هەڵگرتووە، ئەوە بە تەزویر حیساب دەکرێت، بە کەرکووك و بە هەموو پارێزگاکانیشەوە، ئێمە لەو دەرگایەوە دەتوانین عیلاجی ئەو مەوزوعە بکەین، بەڵام دیسان دەبێت بە دیکۆمێنت و بە موستەمسەکات بچینە بەردەمی ئەوە، جارێ لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، بزانین خەلەلەکەمان لەکوێیە؟ ئایا گەشەی ژمارەی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی ئێستا لەسەر هەرێمی کورستانە؟ راستە ئەوەندەیە؟ خەلەلەکە لەکوێیە؟ غەدرەکە لە کوێیە؟ خۆی هی ئەوانیش دەکەوێتە بەر ئەو یاسایە، کە دەتوانین ئیشی لەسەر بکەین، برادەرانمان لەوێ لە پەرلەمانی عێراقی پێداگیری لەسەر پێداچوونەوەی ئەو ئامارە، ئەو رێژەیە، یاخود ئەو نیسبەتەی کە دانراوە لەسەر ئەوە، لەوە زیاتر ئێمە نە خۆمان و نە برادەرانی تریش تووشی ئەو وەزعە نەبین، چونکە ئێستا ئەو دوو، سێ برادەرەی لە دواوە دانیشتووە، گوتمان برادەران وایان لێ کرد لێرە بچینە دەرەوە خۆمان ببەستین بچینە سەرشاخ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئەو خوشك و برایانەی موداخەلەیان کرد، بەڕێزان، بە حەقیقەت هیچ موبەریرێك نییە، ئەوەی فێڵمان لێ نەکات، گوناحە ئێمە خۆمان بگەڕێین بڵێین حیلەیان نەکردووە، شارێك وەك سلێمانی کورسیەکی زیاد نەکردبێت، ئەمە تەعدا نییە، ئەمە زوڵم نییە، ئەمە ناعەدالیەتیەو عونصریەت نییە، چۆن ئێوە وا بە ئاسانی وەکو ئەوانەی بە هەزار فروفێل و بە هەزار پلان کێشایان، بۆ ئەوەی تۆ بدەنە ئەرزەوە، بڵێین ئەگەر لەبەر ئەوەی رۆیشتۆتەوە، بۆ شوێنی کێشەدارەکان، لە کەرکووکیش ناهێڵن

دەنـگ بـدەن، ئاوارەكـان لـە مووسـڵیش نـاهێڵن دەنـگ بـدەن، ئـەوە بـاش بـزانن، فێڵێـك كـراوە دارێـژراوە، تەلەقەیەكی زۆر كامل، موكەمەلە، ئیتر كلاَو نەكەینە سەری خۆمان، تـەنها مووسـڵە ئـەوە وەكـو كەروێشـك بەچكەی دەبێت، ئەوە زیادی دەكاتن بەبێ سنوور.

بەڕێزان، لەقسەكانی ئێوەی بەڕێز كە كردتان، من مولاحەزەكانم نووسیووە، چەند خاڵێكمان ئـەوە كـردووە بۆتان بە موختەسەری بخوێنمەوە، پاشان ئێمە پێویست دەكات جارێكی تر دایڕێژینـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە هەڵوێستی پەرلەمان:

یەكەم/ زۆربەی زۆری ئێوەی بەڕێز داواتان كرد ڤیتۆ بكرێت، داواتان كـرد رێـزدار مـام جـەلال ڤیتـۆ بكـات، ئێمە دەڵێین سەرۆكایەتی مەجلیسی ریناسە، نایخەینە ملی كەسێك، چونكە سێ كـەس لەوێنـە، بۆچـی ئـیلا شەخصی مـام جـەلال تەشخیص بكـەین، دەڵێین داوا دەكـەین ئـەو قانونـە نایاساییە، ناعەدالەتـە، زوڵمـە، زوڵمەكان دەردەكەین بـە رێـژە، بـە ئـەرقام هـەمووی دەنووسـین، دەڵێین هەڵوێستی پەرلـەمانی كوردسـتان ئەوەیە مەجلیسی رینسی ئەوە نەقض بكات، یەعنی شەخصێكی موحەدەد تەحدید نەكەین.

دووەم/ دابەش كردنەوەی كورسیەكان لەسەر بنـەمای رێژەی زیـاد بـوون 3٪ لـە عێـراق، مەبەسـتمان لێـرە چیە؟ مەسەلەن پارێزگایەك وەكو مووسڵ دەڵێن زۆر كەسی زیادی كردووە، بەپێی نفوسی كە ئیسپات بێـت چـەندی هەیـە؟ 3٪ی بـۆ زیـاد بكرێـت، سلێمانی نفوسـەكەی چـەندە؟ بـەپێی ئـەو رێژەیـە 3٪ كـە ئەمـە ئیسـتاندادرێكە، نەتـەوە یـەكگرتووەكان بـۆ عێـراق پەسـەندیان كـردووە، هەرچـەند ئێمـە لـە كـەركووكیش زەرەر دەكـەین، چـونكە لـەوێ 3،8٪ زیـادی كـردووە، بـەلاَم مووسـڵ 15،58٪ زیـادی كـردووە، تەقریبـەن شەست دەكات، ئەمە بۆ ساڵی 2009، لە ساڵی 2004ەوە تا ساڵی 2009، چونكە سجلاتی ساڵی 2009 بـۆ هەڵبژاردن بەكار دەهێنرێت.

خاڵێكی تر/ برایەك گوتی لە یاسایەكە زوڵم نەكراوە، كاكە لە یاسایەكە فێڵیشمان لێ كـراوە، دەڵێـت پـەنجا ئەنـدام ئەگـەر شـك هـەبوو لـە شـارێك ناعەدالـەتی هەیـە، گەنـدەڵی هەیـە، پـەنجا ئەنـدامی ئەنجومـەنی نوێنەرانی عێراق داوا بكات، ئینجا پەرلەمان دەبێت بڕیاری لەسەر بدات بەزۆرینەی بەسیت، باشـە ئـەوەی بۆچیە؟ ئەوە حەسم كـراوە بـۆ كـەركوك لـە ئێسـتاوە، چـونكە لەبـەر ئـەوەی لـە پێـنج كـەمترە، گەندەڵـە، ئەوەی لە پێنج زیاترە ئەوە گەندەڵ نییە، پەنجا ئەندامی پەرلەمان دەبێت ئیمـزا بكـات و بـە ئەكسـەریەی بەسـیتیش قـەراری لەسـەر بـداتن، بەنیسـبەت كـەركووك داوا بكـەین لـە یاسـایەكە ئیسـتیسـنا نـەكرێت، تەدەخولی خارجی لەناو ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەلە كردن، داوا بكەین بە عام بڵێین نـەكرێتن، كـە هـەتا ئێستا بووەو هەموو دەنگیان داوە، پەرلەمانتارانی عێراق هەموو وتیان تەدەخول كـراوە، بڵـێن بابـە وازمـان لێ بێنن، ئەگەر دەعمان دەكەن لە رووی تەكنیكیەوە، بۆ ئەوەی بگەینە یەك باشـە، بـەلاَم چ ئیشـتان هەیـە كێشەمان بۆ دروست دەكەن، رێژەی كورسیەكانی تەعویزی، قەرەبوو كردنەكان زیاد بكرێت، بكرێتـە 18٪، داوا بكەین زیاد بكرێتن، داواكارییەكانمان ئەگەر جێ بەجێ نەكرا، بڵێین پەرلـەمانی كوردسـتان هەڵوێسـتی دەبێتن، نەڵێین چی دەبێتن، بەلاَم هەڵوێستمان هەبێتن، ئێمە وەكو پەرلـەمانی كوردسـتان ئـەم یاسـایە بـە

غەدرو زوڵم و ناحەقی دەزانین دژ بە هەرێمی کوردستان، ئاشکرای بکەین و بینووسین و لەگەڵیدا نین، کێشەکەمان کێشەیەکی دادپەروەرانەیەو ئەو ناحەقیە قەبول ناکرێت، داوا دەکەین چاك بکرێتەوە، بەهەر شێوەیەك چاك دەکرێتەوە چاك بکرێت، ئینشائەڵلا پێویستی بە ڤیتۆ نابێت، با چاك بکرێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، پێداچوونەوە لە زیاد بوونی رێژە داوا بکەین پێش هەڵبژاردنەکان بکرێت، راستە من ئەمانەی دەڵێم رەنگە قورس بێتن، ئەمە هەموو قسەی ئێوەی بەڕێزە کە گوتووتانە خاڵ بە خاڵ نووسیتمان، شەکواش بکرێتن هەر لە ئێستاوە داوا بکەین لە مەحکمەی ئیتیحادی بڵێین ئەمە تەعدایە کراوە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، ئەگەر ئەمانە جێ بەجێ نەکرا، پێویستە هەڵبژاردنەکە دوابخرێت، چونکە دەبێت هەڵوێستێکی روونمان هەبێت، ئەگەر نەکرا چی بکەین؟ چی بڕیار بدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڵێین هەڵوێستمان دەبێت، هەڵوێستەکەمان ئەو وەختە قەراری لێ دەدەین، ئەو خاڵەی جەنابیشت گوتت پەرلەمانتارێك داوای کردووە ئیشارەتی پێ دەدەین.

بەڕێزان، ئێمە ئێستا لێرەینە، ئەوە تەقریبەن چوار سەعات و نیوە، پێنج سەعات و نیوە لێرە لە هۆڵی پەرلەمانین، نازانین لە دەرەوە چی بووە، باسی کۆتای برا مەسیحیەکانیش کە کرا بوو، ئەویش ئیزافە دەکەینە سەری، لێرەدا دێینە کۆتایی دانیشتنەکەمان، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**سێ شەممە رێكەوتی 17\11\2009**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## سێ شەممە رێكەوتی 2009/11/17

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/11/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/10/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای قەدەغەكردنی رێكخستنە حیزبیەكان لەناو رێزەكانی پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایشی ناوەخۆدا.

3-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەو بریارانەی كە دەرهەق بە فەرمانبەران و كارمەندانی حكومەت دراوە.

4-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پشتگیری كردنی دارایی حیزب و قەوارە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان.

5-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناو ماڵ.

6-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بودجەی حیزبەكان.

7-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای رێكخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی كوردستان.

8-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای كێبڕكی لە هەرێمی كوردستاندا.

9-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگار بوونەوەی توند و تیژی خێزانی لە هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن 10، ڕۆژی دانیشتن 2009/11/17، بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمەكانی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە 10ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات 11ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی 2009/11/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای قەدەغەكردنی ڕێكخستنە حیزبیەكان لەناو ڕێزەكانی پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایشی ناوەخۆدا.

3-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەو بڕیارانەی كە دەرهەق بە فەرمانبەران و كارمەندانی حكومەت دراوە.

4-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پشتگیری كردنی دارایی حیزب و قەوارە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان.

5-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناو ماڵ.

6-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بودجەی حیزبەكان.

7-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان.

8-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای كێبڕكێ لە هەرێمی كوردستاندا.

9-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگار بوونەوەی توند و تیژی خێزانی لە هەرێمی كوردستاندا.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی بەڕێز دەكەین بۆ شوێنی خۆیان بفەرموون.

بەڕێزان ئێستا بۆ خاڵی یەكەم، خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن بۆ خوێندنەوەی بە هەردوو زمان كوردی و عەرەبی، فەرموون.

**بەڕێز زانا ڕؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژەی یەكەمیان، پرۆژەی یاسای پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستاندا، سەرەتا ئێمە ئەو یاداشتە ئەخوێنینەوە كە لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی كوردستان پێشكەش كراوە، تایبەت بە ئەم پرۆژە یاسایە،

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی عیراق**

**بابەت/پرۆژەی یاسایی**

سڵاو و ڕێزمان

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچمان گەلالە کردووە بە ناوی پرۆژەی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی داهاتوو، لەگەڵ ڕێزماندا.

1-شێروان حیدەری.

2-عەونی بەزاز.

3-ڕۆژان دزەیی.

4-عومەر نورەدینی.

5-سۆزان شهاب.

6-حسن محمد.

7-دڵشاد شهاب.

8-بکر کریم.

9-شۆڕش سید مەجید.

10-شڤان احمدعبدالقادر.

پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، سەرەتا ئێمە پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنینەوە و پاشان پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش ئیمزامان کرد لەسەر هەمان پرۆژە و ناومان نەخوێندراوە، هەر هەمان پرۆژە تەقدیم کراوە، تەقدیمی جەنابتمان کردووە، چونکە ئەم پرۆژەیە پێشتر حکومەت ناردبووی و پەرلەمانی پێشوو خوێندنەوەی یەکەمی کردووە، ئێمەش کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمانین ئیمزامان کردووە و تەقدیممان کردووە و ناویان نەخوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەم پرۆژەیە لە کاتی خۆی لە خولی دووەمی پەرلەمان پێشکەش کرا، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانیش ئیمزایان نەکردووە لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە بە ئەصڵەوە لە حکومەتەوە هاتووە، لە لایەن

ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش نەکرابوو، ئەوە یەك، دوو: لە دەورەی پێشتر ئەم پرۆژەیە نەدیترا، واتا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، هیچ گفتو و گۆیەکی لەسەر نەکردبوو بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگات، ئێستا زۆر تەبیعیە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان تەبەنی ئەو پرۆژەیە بکەن و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەن، لە خولی سێیەمدا بۆ ئەوەی بریاری گونجاوی لەسەر بدات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکەی کوێستان خان ئەوەبوو ئەڵێ: ئێمەش داوامان کردووە و ناومان ناردووە، بەلاَم نەخوێندراوەتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەمان نەدیتوە بەراستی، ئەوەی گەلاَلە کراوە بەو شێوەیە، ئێمە نەماندیوە لە لایەنێکی دیکە پێشکەش کرابێ و لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانی ئیمزا کرابێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژەکەت ئەگەر لە بەردەستە لەگەڵ ناوەکان بۆم بێنە، ئەگەر دەتوانی بەس ناوەکان بێنی زۆر سوپاست دەکەین، با ئێستا لێژنەی یاسایی بیخوێنێ و کە ناوەکانتان هێنا ئیزافەی دەخەینە سەری.

**بەڕێز زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای پاراستنی بەکاربەر**

**ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق**

**بەشی یەکەم**

**سەرەتا**

**ماددەی یەکەم: ناونیشان و دەستپێکی کارپێکردنی یاساکە.**

1- ئەم یاسایە پێی دەگوترێ ((یاسای پاراستنی بەکاربەر (مستهلك)ی ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق.

2- کار بەم یاسایە دەکرێ دوای سێ مانگ رەتبوون بەسەر بلاَوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی.

**ماددەی دووەم: پێناسەکان**

ئەم وشەو زاراوانە لەم یاسایەدا بەم جۆرە پێناسە دەکرێت:

یاسا: یاسای پاراستنی بەکاربەری ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق.

هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.

وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم.

وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.
جاڕنامە: هەرجۆرێك لە جاڕنامە بە ڕێكلامەوە:
أ - بە هەڵواسین و خستنەڕووی دروشمەكان.
ب- بە هۆی كەتەلۆك یا لیستی نرخەكان یاخود بڵاوكراوە و كەتەلۆكی لە دیوار دراو یاخود پلیت یان هەر بەڵگەنامەو ماددەی دیكە.
ج - بە خستنەڕووی فیلم یا وێنە یاخود وێنە فۆتۆگرافیەكان یاخود...
د - بە هۆی ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن یاخود پەیوەندی بەتەل و بێ تەل یان هەر هۆیەكی تر.
جاڕدەر: هەر كەسێك جاڕ بۆ كاڵایەك یا خزمەتگوزاریەك بدات یاخود بە هۆیەكی تر برەوەی پێ بدات.
دەزگا: دەزگای پاراستنی بەكاربەر بەپێی ماددەی نەوەدوحەوتەم لەم یاسایەدا.
مامەڵەی بازرگانی: پەیوەندییەك یان چەند پەیوەندییەك كە سیفەتی بازرگانی هەبێ، هەموو مەسەلەیەك دەگرێتەوە كە پەیوەندیدار بێ بە هاوردن یاخود ئاڵوگۆڕكردنی كاڵا یان خزمەتگوزاری بە پەیوەندیی كردنەوەش كەلە ڕێگەی تەلەفۆن و تەلكس یاخود بەبەریدی ئەلیكترۆنی یاخود لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.
بەكاربەر: ئەو كەسەیە كەوا:
(أ)- ئەو كەسەیە كە كاڵا یا خزمەتگوزاری بە شێوەیەكی ئاسایی چنگ دەكەوێ بۆ مەبەستی كەسی خۆی یاخودماڵەوەی بۆ بەكارهێنان یان لە كاركردن.
(ب)- ئەو كاڵایە یان ئەو خزمەتگوزاریانەی بەشێوەیەكی گشتی بۆ مەبەستی بازرگانی چنگ ناكەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا بە یارمەتیت، پێشنیارێك هەیە لە سەرۆكایەتی، ئەڵێن ئەم یاسایە زۆرە كوردی و عەرەبیەكەی، ئەگەر عینوانەكەی بخوێندرێ و بدرێتە لێژنەكان و پاشان بدرێتە ئەندامەكان، جێگری سەرۆكی پەرلەمان و سكرتێری پەرلەمان ئەم پێشنیارەیان كرد، من ئەیخەمە پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر موافق بن، ئەوە ئیكتیفا ئەكەین بە عینوانەكەی و پاشان ئەدرێتە لێژنەكان، ئەگەر نا ئەیخوێنینەوە، نوقتەی نیزامی كاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێ لە یاساكان زۆر فەنین و زۆر تەكنیكین و زۆر دەچێتە ناو تەفاصیلەوە كە پەیوەندیدارن بە كاروباری لێژنەكان، من لەگەڵ ئەوەم كە بە فیعلی ئەو پرۆژە یاسایانە وردەكاری زۆری تێدایە بە جێی بهێڵدرێ بۆ لێژنەكان، بەڵام ئەو یاسایەی كە هەمووومان پەیوەندیدارین پێوەی و جۆرێكە لە خەمی هەموو ئەندام پەرلەمانەكان و ناچێتە بواری ئیختیصاصەوە، پێشنیار دەكەم ئەو پرۆژە یاسایانە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەم پرۆژە یاسایە ڕەئیت چیە؟ بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەخەینە دەنگدان، کاك شێروان نوقتەی نیزامی کەرەم کە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر جار هەر عینوانی پرۆژەکەمان خوێندووتەوە، بە قەناعەتی ئێمە پێویست بە تەصویت ناکات، سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بە تەنها قەرار بدات، تەنها ناوی پرۆژەکە بخوێندرێتەوە و ئاراستەی لێژنەی موختەصی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لەو ڕوانگەیەوە ئەوەمان خوێندۆتەوە،کە زۆر بڵاوبێتەوە، بچێتە میدیاکان و بگاتە ڕێکخراوەکان، بەڵام بۆیە ئەمانەوێت ڕەئی پەرلەمانی لەسەر بێت، دەنگی بۆ بدەن، ئەگەر موافق بوون بەو شێوەیە ئەتوانین بە شێوازی تر بڵاوی بکەینەوەو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە پرۆژەکە ئیتیفا بە عینوانەکەی بکەین، نەخوێندرێتەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ بەسەند کرا، لیژنەی یاسایی ئیکتیفا بە عینوانەکەی بکە، ناوی ئەو بەڕێزانەی کە تەقدیمیان کردووە، پاشان تەحویلی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکە.

**بەڕێز زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاسایەکە، یاسایی پاراستنی بەکاربەر ژمارە(  ) ساڵی (   )

بۆ هەرێمی کوردستان-عیراق، وە یاسایەکە بە زمانی عەرەبی:

قانون حماية المستهلك رقم ( ) لسنة (  ) لاقليم كوردستان - العراق

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەم پڕۆژە یاسایە کە بەکوردی و عەرەبی هاتووە، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەم بڕیاردرا کە پڕۆژەکان هەمووی بەس بە عینوان بێت، بەرەئی من هەموو پڕۆژەکان بە عینوان بێت نەوەك هەر ئەو پڕۆژەیە، چونکە عەدالەتیش لە مەوزوعەکەی دەبێت، مادەم قەرار درا داخیلی سایتی پەرلەمان بێت، لە سایتی پەرلەمان مناقەشەمان کرد، لەوێ خەڵك ئیتیلاعی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە ئەو ئیختیارە بۆ سەرۆکایەتی دەمێنێتەوە، ئێوە ئێمەتان تەخویل کرد، هەموو یاسایەك پەیوەندی بە کۆمەڵگای ئێمە هەیە، بەڵام سەرۆکایەتی بڕیار دەدات کامەی بخوێندرێتەوەو کامەی تەحویل بکرێت، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی خوێندنەوەکە تەنها بۆ ئیعلان کردنە، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بزانن کە لە پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایانە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەس تەنها بۆ ئیعلان کردنە، چونکە مناقەشە ناکرێت لەویا دوایی لەناو سایتەکە بڵاو دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ کاك عەونی و کاك شێروان هاوڕام، تەنها عینوانەکەی بخوێندرێتەوە، چونکە ئێمە بەس خوێندنەوەی بۆ دەکەین، تەفاسیل قسەناکەین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە هەدەف لەوەی لەم مینبەرە دەخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە گشت میدیاکانەوە، هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە گوێی لێ بێت، ئەمە یەك، دوو ئێمە سایتی پەرلەمانمان هەیە، لەوێ دایدەنێین هەموو کەسێك دەتوانێت ڕای کێشێت، بەڵام هەموو کەسێك کۆمپیوتەری نیەو کۆمپیوتەر زان نیە، سایتی نیە، لەبەر ئەمە ئەم ڕێگایەمان گرت، ئێستا ڕەئی سەرۆکایەتی وایە ڕەئی ئێوەش کە ئێمەتان تەخویل کرد، ئێمە ئەم یاسایە لەسەر سایتی پەرلەمان دادەنێین بە کوردی و بە عەرەبی، ئیکتیفا بەوە دەکەین، کێشە نیە، بەڵام لە حالەتێك یاسایەك بە گرنگمان زانی ئەوجا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لیژنەی یاسایی ناوی ئەو بەڕێزانەش بخوێنەوە کە پێشتر لەسەر هینەکە لاکەوتن.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو بەڕێزانەی کە پێشتر واژوویان لەسەر کردووە کە جارێکی تر بخرێتەوە بەردەمی پەرلەمان، اسماعیل سعید گەلاڵی، برهان رشید، پەیام احمد امین، پەیمان عزالدین ، پەیمان عبدالکریم، پێشەوا تۆفیق، د. جعفر علی د. زانا رؤوف، سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل عثمان، شاهۆ سعید فتح الله، عدنان عثمان، عزیمە نجم الدین، بەیان عبدالرحیم، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، کاروان صالح، نەریمان عبدالله، د. پەریهان قوبلای.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم پڕۆژە یاسایە تەحویلی لیژنەیی یاسایی، لیژنەی بەکاربەر یەکە یەکە، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت و وێنەیەکیشی بۆ حکومەت دەنێرین، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداربن کە ئێمە یاسایەك

لەو شێوەیە دەردەکەین، ناردنیشی بۆ حکومەت ئەوەیە لە حاڵەتێك ئێمە لەسەر سایت دای بنێین، بدەینە لیژنەکان و کۆمەڵگای مەدەنیش بۆی هەیە رای بکێشێت، حکومەت مەسئولە لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، لەو ڕوانگەیەوە ئامادەکاریان هەبێت، کەلەوەقتی مناقەشەی نوێنەریان بانگ بکرێت، ئەگەر پەیوندیدار بێت بەم یاسایە، یاسایەکی تر لیژنەکان دیفاعی لێ بکەن، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی عینوانی پرۆژەکان پاشان تەحویلی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، عینوانەکان و ناوەکان، ئەوەی تەقدیم دەکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی داواکاری ژمارە یاسایی ئەندامانتان پێشکەش دەکەین، سەبارەت بە یاسایی قەدەغەکردنی ڕێکخستنە حزبیەکان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانیدا،

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ پێشنیازی پرۆژەیاسا**

سلاّوو ڕێز:

ئێمەی ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ نووسراوماندا پێشنیازی ئەم پرۆژە یاسایەمان گەلاڵە کردووە، کە بە ناوی ( قانون منع التنظيمات الحزبية داخل صفوف البيْشمەرگە وقوى الامن الداخلي)تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان. لەگەڵ ڕێزماندا

فراکسیۆنی گۆڕان

ناوی ئەو بەڕێزانەی کە پرۆژەکەیان ئیمزا کردووە.

عبداللە ملا نوری، جعفر علی، پێشەوا تۆفیق، سەرهەنگ فەرەج، کاردۆ محمد، اسماعیل گەلاڵی، ڕێباز فەتاح، پەیمان عبدالکریم، سیوەیل عثمان، نەریمان عبداللە قادر، عزیمە نجم الدین، برهان رشید، د.زانا رؤوف، شاهۆ سعید، پەریهان قوبلای محمد، نەسرین جمال مصطفی، ڤیان عبدالرحیم عبداللە، کاروان صالح احمد، پەیام احمد محمد امین، کوێستان محمد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پرۆژەیاسایە دەدرێتە لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی، لیژنەی مافی مرۆڤ، حکومەت، پەرلەمانتارە بەڕێزەکانیش وەریان گرتوە، ئێستا بۆ خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی پەرلەمانتاران، پڕۆژە بڕیارێك پێشکەشی پەرلەمان کرا لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ناوەکانیان دەخوێنمەوە، بە پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەرکردن و نانبڕینی فەرمانبەران وەکارمەندانی حکومەت، ئەو بەڕێزانەی کە واژووی پڕۆژەکەیان کردووە، اسماعیل سعید گەلاڵی، برهان

رشيد، د.پەریهان قوبلای، پەیمان عزالدین، پەیمان عبدالکریم، پێشەوا تۆفیق،د.ڕێباز فەتاح، د.زانا رؤوف، سەرهەنگ فرج، سیوەیل عثمان، د.شاهۆ سعید عدنان عثمان، عزیمە نجم الدین، ڤیان عبدالرحیم،کوێستان محمد، کاردۆ محمد پیرداود، کاروان صالح، نەسرین جمال مصطفی، نەریمان عبداللە، پڕۆژەکەش لە دوو خاڵی سەرەکی پێك هاتووە، وە چەند بڕگەیەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پڕۆژەیە دەدەینە لیژنەی یاسایی، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ، حکومەت، ئەندامانیش کە هەیانە، ئێستا بۆ خاڵی چوارەم بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پڕۆژە یاسا نیە، ئەمە پڕۆژە بڕیارێکە بەناوی ئێمە دەربچێت، ئەگەر بیخوێنینەوە لەسەرەتاوە، (بما انە) یەعنی هەندێك حەقایق نووسراوە، من وەکو ئەندامی پەرلەمان، چۆن ئیسپات بکەم ئەو بە دەلیل دەرچووە بڕیارێك هەیە،یان تەحقیقێك کە ئەم شتانە کراون، چونکە ئەوە بڕگەی یاسا نیە بچیتن لیژنەیەك باسی بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان مداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پڕۆژەیەك چ بڕیار بێت چ یاسا بێت، بێتە پەرلەمان لە خوێندنی یەکەم مناقەشە ناکرێت، هەر شێکی لەگەڵ بێت، هەر وەسیقەیەك، هەر مەعلوماتێك لە ناو لیژنەکان دێتە مناقەشە کردن، پاشان لیژنەکان رەئی خۆیان بدەن، لەناو پەرلەمان ئەو شتانە دێنە مناقەشە کردن، لە خوێندنی یەکەم هیچ مناقەشەیەك لەسەر ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار، نوقتەی نیزامی سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە ئەگەر نانیزامی بوو پێم ببڕە، سەبارەت هەر بەو پڕۆژە بڕیارە، لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژەنەیەکی هین کرد، ئەگەر ئێمە سەیری ئەنجامی لێکۆلینەوەی لیژنەکەی ئەوان بکەین، ئینجا لە دوایدا ئەو بڕیارە هین بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەمە پڕۆژەیە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە تاو توێ دەکرێت، ئەو مەعلوماتانەی کە پێویستیان پێیەتی چ لە سەرۆکایەتی هەرێم، چ لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی بگەینە حەقیقەت، نەتیجەی حەقیقەت لەم پەرلەمانەوە دەربچێت، زۆر سوپاس، بۆ خاڵی چوارەم لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسایی پێشنیار کراو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پێشنیازی پڕۆژە یاسا**

سڵاوو ڕێز ..

ئێمە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ نووسراوماندا پێشنیازی ئەم پڕۆژە یاسایەمان گەڵاڵە کردووە، کە بەناوی (قانون الدعم المالی للاحزاب والكيانات السياسيه فی اقليم كردستان) بە کوردیەکەشی پڕۆژە یاسای ( پشتگیری دارایی حزب و کیانە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان) کە لەلایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلە مان پێشکەش کراوە، ئەو ناوانە واژوویان لەسەر کردووە، یەکەم اسماعیل سعید گەڵاڵەیی ، برهان رشید، د.پەریهان، پەیمان عزالدین، پەیمان عبدالکریم، پێشەوا تۆفیق، د.ڕێباز، د.زانا، سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل عثمان، د.شاهۆ، عدنان عثمان، عزیمە نجم الدین، ڤیان عبدالرحیم، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، کاروان صالح، نەسرین جمال، نەریمان عبداللە، بە زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەش کراوە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی ، لیژنەی ناوخۆ، بۆ حکومەت، بۆ ئەندامانی بەڕێز کە لەبەر دەستانە، بۆ خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی کار، کەرەمکەن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، پڕۆژە یاسایی پێشکەش کراو،

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**بابەت/پێشنیازی پڕۆژە یاسا**

ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان، لەگەڵ نووسراویاندا پێشنیازی ئەم پڕۆژە یاساییەمان گەڵاڵە کردووە، بەناوی (قانون الضمان الاجتماعی للمرأة ربة البيت) تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، ئەم پڕۆژە یاسایە بە عەرەبی (مقترح قانون الضمان الاجتماعی للمرأة ربة البيت) کە پێهاتووە لە 11 ماددە بە کوردیەکەشی (پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوە) لەلایەن کۆمەڵێك

ئەندام پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، دەست پێ دەکات بە یەکەم اسماعیل سعید گەلاڵەیی ، برهان رشید، د.پەریهان، پەیمان عزالدین، پەیمان عبدالکریم، پێشەوا تۆفیق، د.جعفر علی رسول، د.ڕێباز، د.زانا، سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل عثمان، د.شاهۆ، عدنان عثمان، عزیمە نجم الدین، ڤیان عبدالرحیم، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، کاروان صالح، نەسرین جمال، نەریمان عبدالله، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پڕۆژە یاسایە تەحویلی لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی کۆمەڵایەتی، لیژنەی ئافرەتان و ژنان، حکومەت وئەندامانی بەڕێز کە لەبەر دەستانە، بۆ خاڵی شەشەمی بەرمانەی کار.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژەیە لەلایەن 10 ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانە کوردستان کراوە،

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**بابەت/ پڕۆژەیی یاسایی**

سلاو ڕێز..

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاو پێچمان گەلاڵە کردووە، بەناوی پڕۆژەی بڕیاری پێدانی بەخشیش مینحە بە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، تکابە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان لەگەڵ ڕێزماندا، ئەم ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمانی کوردستان ئیمزایان لەسەر کردووە، یەکەم دانا سعید سۆفی، عمر نورەدینی، سۆزان شهاب نوری، شۆرش سەید مەجید، عبدالسلام بەرواری، شڤان احمد عبدالقادر،حسن محمد سورە، د.سەروەر عبدالرحمن، عبدالبکر کریم محمد، ڕۆژان دزەیی، ناوی پڕۆژەکە بە کوردی پڕۆژەی ( بەخششەکانی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق بڕیاری ژمارە () لە ساڵی (2009) ناونیشانەکەی بە عەرەبی ( مشروع قرار من الاحزاب کردستان- العراق قرار رقم ( ) لسنە(2009) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پڕۆژە یاسایە، پڕۆژە یاسایی بودجەی حیزبەکان تەحویلی لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی ناوخۆ، حکومەت، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی حەوتەمی بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە خاڵی حەوتەمی ئەو پڕۆژە یاسایە، دوو پڕۆژە پێشکەش کراوە، بە دوو ناونیشانی جیاواز، ناوە ڕۆکەکەش جیاوازی هەیە، لە هەندێك خاڵ یەکدەگرنەوە، پڕۆژەی یەکەم

**به ناونیشانی پڕۆژه یاسایی خۆپیشاندان، که هەر دوو پڕۆژه له لایەن ژماره یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوه، پڕۆژەی یەکەم به ناونیشانی پڕۆژەی ڕێکخستنی خۆپیشاندان، که لەلایەن ئەو ئەندامانه پێشکەش کراوه، یەکەم سەرگوڵ رضا، ئارام قادر، د.صباح محمد، احمد سلیمان، حمه سەعید، سمیر سلیم، عمر عزیز، عبدالله محمود، هاوراز شێخ احمد، بەیان احمد، ناسك تۆفیق، بەفرین حسین، نەسرین جمال، ئەمه پڕۆژەی یەکەم بوو، هەروەها لەلایەن کوێستان محمد، ڤیان عبدالرحیم، عدنان عثمان، د.زانا رؤوف، سیوەیل عثمان،کاروان صالح، د.ڕێباز فەتاح، د.شاهۆ سعید، ئەوه به نیسبەت پڕۆژەی یەکەم، پڕۆژەی دووەم که بەناو نیشانی پڕۆژه یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوه گشتیەکان، که بەهامان شێوه لەلایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوه، لەلایەن ئەو ئەنداماوه پێشکەش کراوه، عمر نورەدینی، سۆزان شهاب، د.حسن محمد، دلشاد شهاب، ئەڤین عمر، ژیان عمر، تارا تحسین، سەبیحه احمد، شلێر محی الدین، بێریڤان سەرهەنگ، که داوا کرا لەلایەن هەردوو گروپ ئەوانەی که واژویان کردووه، بخرێته بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتوی پەلەمان، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان پڕۆژەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوه گشتیەکان، ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی کۆمەڵایەتی، حکومەت، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی هەشتەمی بەرنامەی کار، کەرەم کەن فەرموون.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامه بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان.

**پڕۆژه یاسایی کێبڕکێ ژماره (  ) ساڵی (  ) بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پڕۆژه یاسا**

**سلاو وریز..**

**ئێمه ئەندامانی پەرلەمانی کودستان، هاوپێچمان گەلاڵه کردووه بەناوی (پڕۆژه یاسای کێبڕکێ له هەرێمی کودستان، تکایه بخرێته بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتوو، لەگەڵ ڕێزماندا، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی که پێشکەشیان کردووه، یەکەم، شێروان حەیدەری، عەونی بەزاز، ئەحمەد سلیمان عبدالله، ڤشان محمد، سەبیحه احمد، زەکیه سەعید، ئامینه زکری، د. احمد ابراهیم، لانه احمد، جەلال علی، حمه سەعید، فاضل حسن، هاژه سلیمان، ئەم پڕۆژەیه که پێشکەش به پەرلەمان کراوه، بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان ئەندامه بەڕێزەکان، بریتیه له 41 مادده، به هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، به کوردی پڕۆژه یاسای کێبڕکێ به زمانی عەرەبی (قانون المنافسه رقم (  ) لسنه (  )، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەم پڕۆژه یاسایه، ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی پیشه سازی، لیژنەی مافی بەکاربەر، لیژنەی کشتوکاڵ، حکومەت، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین، کەرەمکەن بۆ خاڵی نۆیەمی بەرنامەی کار، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆیەم لە بەرنامەی کاری پەرلەمان، خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، بەناوی پڕۆژەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی، توندو تیژی خێزانی لە هەرێمی کودرستان، ( قانون مکافحه العنف الاسری فی اقلیم کردستان - العراق) ئەم پڕۆژەیە لە 19 مادده پێك هاتووە، لەلایەن پەرلەمانتاران کە واژوویان کردووە لەسەری، ناوەکانیان دەخوێنمەوە، یەکەم شێروان حەیدەری، عونی بەزاز، د.ڕۆژان دزەیی، عبدالسلام مصطفی، د. سەروەر عبدالرحمن، ئەڤین عمر احمد، د.بەشیر خلیل، سەبیحە احمد، شڤان احمد، عمر صدیق محمد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش کۆمەڵێك ئەندامانی پەرلەمان، پڕۆژە یاسایەکمان تەقدیم کردووە، بەناوی بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی، کە هێنامە لای جەنابت، من حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم، دیارە ئەو پڕۆژەیە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان، ئامادەی کردووە، دووساڵ پێوەی خەریك بووە، ئەو پڕۆژەی ئێمە ئەو پڕۆژەییە، دواتر ئەو پڕۆژەیە دراوە بە حکومەت، حکومەت پڕۆژەیەکی تری ناردووە، پێشتر خوێندرایەوە ئەوە هی حکومەتە، دوو پڕۆژەی تەواو جیاوازن، بۆیە داوا دەکەین ئەوەی ئێمەش بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلاَم ئەو پڕۆژەیەی کە ئێمە تەقدیمان کردووە، جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو پڕۆژەیەی کە لیستی گۆڕان تەقدیمی کردووە، تەقدیمی سەرۆکایەتی پەلەمانی کردووە، سوپاس، ناوی ئەندامە بەڕێزەکان، اسماعیل سعید، برهان رشید، پەیام احمد امین، پەیمان عزالدین، پەیمان عبدالکریم، پێشەوا تۆفیق، د.جعفر علی رسول، د.ڕێباز فەتاح ئەوە ئیمزای نەکردووە، د.زانا رؤوف، سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل عثمان، د.شاهۆ سعید، عدنان عیمان، عزیمە نجم الدین، ڤیان عبدالرحیم، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، کاروان صالح، نەسرین جمال، نەریمان عبدالله، پەریهان قوبلای.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پڕۆژە یاسایانە هەردووکی، ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژەنەی ئافرەتان و ژنان، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی کۆمەلأیەتی، لیژنەی ناوخۆ، بۆ حکومەت، بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، تەقدیم دەکرێت، بەڕێزان ئەو، کەرەمکەن نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەجموعەیەك پێشنیاری تر، پڕۆژە یاسایەك بوو، 37 پەرلەمانتاری بەڕێز ئیمزایان کردبوو، دەر بارەی هەموار کردنی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جێی پرسیار بوو لامان، کە چۆن خراوەتە کارنامەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە لەزمنی بەرنامە نیە، لە دانیشتنی داهاتوو دێتە بەرنامەو ئەخوێندرێتەوە، بەڕێزان 10 ئەندام پەرلەمان، ئەگەر پڕۆژەیەك تەقدیم کرا، تەقدیمی ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی لەوێ تۆمار دەکرێت، چونکە هەندێك جار دێتە لای من، لە شوێنێکی تر ڕێگەی ئسولی خۆی نەگرێت، دوا دەکەوێت، بۆ ئەوەی ئەو هەلأنە نەیێتە پێش، 10 ئەندامی پەرلەمان پڕۆژەیەکی یاسایی پێشکەشی کرد، پێشەشی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی دەکەن، بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە، ئەم پڕۆژانەشی کە ئەمڕۆ نەخوێندراوەتەوە، دیراسەی دەکەین، لە داهاتووی نزیك لە ڕێگەی خۆی وەری دەگرێت، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، نوقتەی نیزامیە، نا ئەگەر نیزامی نیە، لیژنەکان هەمووتان دەست بەکاربن، چونکە هەمووتان هەتانە، هەر لیژنەیەك ئەم پڕۆژەیەی تەحویل کراوە، ئێستا لای ئەندامانی پەرلەمان بووە، لە ئێستاوە دەست بەکار بن، بەرەسمی لەلایەنی سکرتێری پەرلەمانەوە تەحویلتان دەکرێت، نوقتەی نیزامی کەرەمکە.

**بەڕێز د.بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە پڕۆژە یاسای توندو تیژی ناوی لیژنەکان نەخوێندرایەوە، ناوی لیژنەکان ئەوانەی کە بۆیان تەحویل دەکرێت نەخوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا خوێندرایەوە، هەر دوو پێکەوە، دوو پڕۆژەیە، بۆ حەوت لیژنە تەحویل کران، کەرەمکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی بە لیژنەکانەوە هەیە، ئەگەر روخسەت بدەی، ئیجازەم بدەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نیزامیە باشە، ئەگەرنا کۆتایی بەدانیشتنەکە دێنین، تا دانیشتنێکی تر خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) |
| سكرتێرى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سەرۆكى پەرلەمانى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (11)**

**چوارشەممە رێكەوتى 2\12\2009**

**خولى سێيەمى هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

## چوارشەممە رێكەوتی 2009/12/2

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی رۆژی چوارشــەممە رێكــەوتی 2009/12/2 پەرلــەمانی كوردســتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارە (11)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/12/2 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: بەپێی حوكمەكانی ماددەی یەكەم لە یاسای هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلـەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (13) لە 2009/10/26 ئەم بەڕێزانەی خوارەوە سوێندی یاسایی دەخۆن:

1- سوێند خـواردنی یاسایی لەلایـەن پـاڵێوراوی لیسـتی كوردسـتانی بـەڕێز (ئـاواز عبدالواحـد خضـر علـی) لەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (محمود محمد محمود سعید) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

2- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بەڕێز (عبدالرحمن حسین ئەبابەكر) لـەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (نوشێروان مصطفی امین) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

3- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بـەڕێز (شـێرزاد عبـدالحافظ شـریف) لـەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (عثمان عبدالله قادر) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

4- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بەڕێز (ئاشتی عزیز صالح) لەجێگای پـاڵێوراوی بەڕێز (محمد تۆفیق رحیم) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

دووەم: داوای بەخشینی متمانە بە بەڕێز (یاسین شێخ ابوبكر محمد ماوەتی) بۆ پۆسـتی وەزیـری كارەبـا لـە حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق، بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (11)، ڕۆژی دانیشتن 2009/12/2، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2009/12/2دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەپێی حوکمەکانی ماددەی یەکەم لە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (13) لە 2009/10/26 ئەم بەڕێزانەی خوارەوە سوێندی یاسایی دەخۆن:

1- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی کوردستانی بەڕێز (ئاواز عبدالواحد خضر علی) لەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (محمود محمد محمود سعید) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

2- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بەڕێز (عبدالرحمن حسين ئەبابەکر) لەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (نوشێروان مصطفى امين) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

3- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بەڕێز (شێرزاد عبدالحافظ شريف) لەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (عثمان عبدالله قادر) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

4- سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بەڕێز (ئاشتی عزيز صالح) لەجێگای پاڵێوراوی بەڕێز (محمد تۆفيق رحيم) لە ئەندامێیەتی پەرلەماندا.

دووەم: داوای بەخشینی متمانە بە بەڕێز (یاسین شێخ ابوبکر محمد ماوەتی) بۆ پۆستی وەزیری کارەبا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

پێشەکی، جەژنتان پیرۆز بێت، پێشتریش بە بروسکە پیرۆزباییمان لە گشت موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، ڕۆژێکی خۆشە کە جارێکی تر ئێوەی بەڕێز دەبینینەوەو دەست بەکار دەبین، ئومێدەوار دەبین کارەکانمان سوود بەخش بێت.

بەڕێزان، وەك ئاماژەمان پێ کرد یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2009 یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992، ماددەی یەك/ بڕگەی پێنج لە حاڵەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لە ماوەی دیاری کراودا بەبێ هیچ هۆیەکی ڕەوا، ئەوە دوای (90) ڕۆژ لە مێژووی ناوبراو ماف ئەندامێیەتی نامێنێ و پاڵێوراوی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە، ئێمە پێشتر ئاگادار کرا بووینەوە هەم لە لیستی کوردستانی، هەم لە لیستی گۆڕان، کە ئەو بەڕێزانەی ناویان لە لیستەکە هاتبوو، لەبەر هۆی سیاسی و کاروباری تر ناتوانن دەوری خۆیان وەکو ئەندامی پەرلەمان ببینن، بۆیە پێشنیاریان کرد بوو کە بەڕێزانی تر بەپێی لیستەکە، یان بەپێی

تەسەلسول بێنە شوێنیان، پاش ئەوەی هەمواری یاساکە کرایەوە، ماوەی (90) ڕۆژ دیاری کرا، کە (90) ڕۆژەکە بەسەرچوو، ئێستا مافی ئەو بەڕێزانەیە کە لە لیستەکەی خۆیان کەسانی تری بەڕێز بێنە لیستەکەو جێگەیان بگرنەوە، ئێستاش ئەو بەڕێزانە هەرچواریان لێرە ئامادەن بانگیان بکەین، بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن.

یەکەم/ بەڕێز (ئاواز عبدالواحد خضر علی) کەرەم بکە بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (ئاواز عبدالواحد خضر علی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دووەم/ (بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر) کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (عبدالرحمن حسین ابابکر)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێیەم/ (بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف) کەرەم بکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (شێرزاد عبدالحافظ شریف)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چوارەم/ (بەڕێز ئاشتی عزیز صالح ) کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (ئاشتی عزیز صالح)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بڕگەی دووەم/ داوای بەخشینی متمانە بە بەڕێز (یاسین شێخ ابوبکر محمد ماوەتی) بۆ پۆستی وەزیری کارەبا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

بەپێی نووسراوی (3910) لە 2009/11/26 بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ پۆستی وەزیری کارەبا بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر محمد دەست نیشان کراوە، تکایە بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ بەخشینی متمانە پێدان بەناوبراو، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دکتۆر بەرهەم احمد صالح، سیڤیەکەشی لەناو سندوقەکان دانراوە، هەرچەندە زۆر درەنگ بوو، بەلأم نەمانویست فەرقی ئەم بەڕێزە بکەین لەگەڵ وەزیرەکانی پێشووی تر، چونکە ئەوانیش تاخیر ببوون، بۆیە ویستمان وەك یەك بێت، ئێستا داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، یەکەم/ بۆ متمانە پێدان ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت دەنگ بدەن بۆ رێزدار کاك یاسین شێخ ابوبکر ببێتە وەزیری کارەبا، تکایە دەستتان بەرز بکانەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا بووە وەزیری کارەبا، پیرۆزی بێت دەستخۆشی لێ دەکەین، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری کارەبا کاك یاسین شێخ ابوبکر محمد دەکەین کەرەم بکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر محمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (یاسین شێخ ابوبکر محمد ماوەتی وەزیری کارەبا) بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا داوا لە سەرۆك فراکسیۆن و جێگرەکانی دەکەین لە ژووری سەرۆکی پەرلەمان ئامادە بن بۆ گفتوگۆ و کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، پیرۆزبایی لە ئەندامە بەڕێزە تازەکان دەکەین لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارەبا هەر سەرکەوتوو بن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 15\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/12/15

كاتژمێر (11،15)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/12/15 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11،15)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2009/12/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغداو بەشدار بوونیان لە كۆنگرەی هلسنكی و ئایندەی كەركوك لە 19 تا 2009./11/21

2- پێشكەش كردنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغدا، دەربارەی گفتوگۆكانی پەیوەندار بە یاسای هەڵبژاردنەكان.

3- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕكردن لە لیژنەكانی پەرلەمان بە دەست لەكاركێشانەوەو دانانی ئەندامی نوێ.

ئێستا بۆ خاڵی یەك/ پێش چاوخستنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغداو بەشدار بوونیان لە كۆنگرەی هلسنكی و ئایندەی كەركووك لە 19 تا 2009/11/21.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (12)، ڕۆژی دانیشتن 2009/12/15، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژماره (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11،15)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2009/12/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغداو بەشدار بوونیان لە کۆنگرەی هلسنکی و ئایندەی کەرکووك لە 19 تا 2009./11/21

2- پێشکەش کردنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغدا، دەربارەی گفتوگۆکانی پەیوەندار بە یاسای هەڵبژاردنەکان.

3- ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردن لە لیژنەکانی پەرلەمان بە دەست لەکارکێشانەوەو دانانی ئەندامی نوێ.

ئێستا بۆ خاڵی یەك/ پێش چاوخستنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغداو بەشدار بوونیان لە کۆنگرەی هلسنکی و ئایندەی کەرکووك لە 19 تا 2009/11/21.

داوا لە بەڕێزان ئەندامەکانی وەفدەکە دەکەین کە تەشریف بێنن لێرە دانیشن، بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکانیان، فەرموون، بەڕێزان کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان.

بەیانیتان باش، فەرموون دەقی ئەو رێکەوتنەی کە کە لە کۆنگرەی هلسنکی کە بۆ ئایندەی کەرکووك رێکخرا بوو، وەفدی پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەوێ بوون، هەندێك دانیشتن و گفتوگۆ و کێشمە کێشی تێدا کەوتەوە، ئێمە تیایدا گەیشتینە ئاکامێك، فەرموون دەقەکەتان بۆ دەخوێنینەوە:

**کۆنگرەی بەغداد (رێکەوتننامەی هلسنکی و چارەنووسی کەرکوك 19-2009/11/21)**

سەرۆکی گروپی شارەزایانی نێودەوڵەتی پاتریك ئۆمالی بە فەرمیی بانگێشتی شاندێکی پەرلەمانی کوردستانی کرد، بە سەرۆکایەتی دکتۆر کەمال کەرکووکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی بەغدا بەناوی رێکەوتننامەی هلسنکی و دوارۆژی کەرکووك، کە بە سەرپەرشتی و پشتیوانی بەڕێز ئەیاد سامەڕائی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەنجام درا.

لەم بارەیەوە سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئۆمالی لەسەر ئەوە رێکەوتن کە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عیراق لەم کۆنفرانسە ئامادەبن و هەموو بەیەکەوە ئەجیندای کۆنفرانسەکە دابڕێژن، بە بۆچوونی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کێشەی کەرکووك نەخشە رێگای چارەسەرکردنی بۆ دانراوە، ئەویش ماددەی 140ی دەستوورییەو بۆ جێبەجێ کردنیشی لیژنە هەیە بە سەرۆکایەتی رائید فەهمی و نوێنەری گشت لایەنەکانی تێدایە.

بەلأم دوای ئامادە بوونی وەفدی پەرلەمانی کوردستان لە بەغداو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە دەرکەوت کە ئۆمالی خۆی بەرنامەی کۆنفرانسەکەی ئامادە کردووەو ناوەڕۆکەکەشی دوور بوو لەو ڕێکەوتنەی کە پێشتر لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کرد بووی. سەرەڕای ئەوەش لیژنەی بالأی جێبەجێ کردنی ماددەی140یش بانگێشتی کۆنفرانسەکە نەکرا بوون، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی و گومانی وەفدی پەرلەمانی کوردستان. ئەوە بوو وەفدی پەرلەمان بەرێکخەرانی کۆنفرانسەکەی راگەیاند، کە ئەگەر بەو شێوەیە بێ، ئەوە بەشداری لە کۆنفرانسەکە ناکەن، چونکە ئەجیندای لەو شێوەیە چارەسەری کێشەی کەرکوك ناکات و هەوڵی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی ماددەی 140 دەدات، ئەمەش لە لایەن هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان پەسەند ناکرێت و رەت دەکرێتەوە. هەر یەك لە ئۆمالی و هاشم ئەلتائی کە لە لایەن ئەیاد سامەڕائی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دانرا بوو، بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆنفرانس، زۆر هەوڵیاندا وەفدی پەرلەمان رازی بکەن بە وازهێنان لە داواکانی، بەلأم سوودی نەبوو، ئەوە بوو درەنگی شەو ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتاری هەبێت، هەر یەك لە شاندە بەشدار بووەکانیش بۆچوونی خۆی لە کۆنفرانسەکەدا روون بکاتەوە، دوای وتاری بەڕێز ئەیاد سامەڕائی وتاری وەفدی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان بە زمانی کوردی خوێندرایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە تورکمان و عەرەب خۆیان پێ رانەگیرێ و هۆڵەکە جێ بهێڵن، من لێرەدا دەمەوێت تەوزیحێك بدەم، دیارە سەرۆکی پەرلەمان سەرەتا بە زمانی عەرەبی قسەی کرد، تا ئەو کاتە نیگەرانەکەیان لەو روانگەوە پێ دیار بوو، کە سەرۆکی پەرلەمان چۆن لە ئەجیندایەکە وتاری هەبێت، بەلأم دواجار کە سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی وتارەکەی بەزمانی کوردی پێشکەش کرد، لەوێدا ئیتر هۆڵەکەیان بەجێ هێشت بە بیانووی ئەوەی ئەوە بەرنامەی کۆنفرانسەکە نەبووەو، ئەوان بە هیچ شێوەیەك رازی نین، بە باسکردنی ماددەی 140 لەو کۆنفرانسەدا.

وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی شاندەکەی روونکردەوە کە بریتی بوون لە:

1- پشت بەستن بە پرەنسیپی گفتوگۆ، بۆ نزیکخستنەوەی راوبۆچوونەکان بەپێی پرەنسیپەکانی دەستووریی.

2- ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عیراق، تەنها نەخشەی ڕێگای چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانە بە هەرسێ قۆناغەکەی، ئاسایی کردنەوە، سەرژمێر، دواتر ریفراندۆم.

3- رزگارکردنی خەڵکی کەرکوك لەو بارودۆخە ناهەموارەی کە تیایدا دەژین و ڕێگەیان بۆ خۆش بکرێت هاوشێوەی عیراقیە ئازادەکان بڕیار لەسەر دواڕۆژی ئیدارەی ناوچەکانیان بدەن.

4- کارەکانی دەستەی کێشەی موڵکایەتی کارا بکرێ، بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجام بدات و بۆ رایی کردنی کارەکانیان بودجەی تایبەتیان بۆ دابین بکرێ.

5- هەڵوەشاندنەوەی یاساو بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆرش سەردەمی بەعس دەربارەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان.

6- نابێ ولأتانی دەوروبەرو لایەنە دەرەکیەکان دەست لە کاروباری کەرکووك وەربدەن وماف بدرێتە دانیشتوانە رەسەنەکەی بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین و هیچ بۆچوونێکیان بەسەردا نەسەپێندرێ.

7-هەردواخستنێك بۆچارەسەری کێشەی کەرکووك بەپێی دەستوور، ئازاری دانیشتوانەکەی زیاتر دەکات و دەبێ پەنا ببرێتە بەر دادگای ئیتیحادی، بۆ روون کردنەوەی راستیەکان و سزادانی سەرپێچی کاران.

8- هەردوو لایەنی حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە لایەنی بەرپرسن بەرامبەر جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستوور.

9- گرنگی دان بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی کەرکووك لە هەموو لایەنەکانەوە.

10- ئەرکی ئەم کۆنگرەیەو هەر هەوڵێکی تر ئەوەیە پێشنیار بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بکات، نەوەك ببێتە بەدیل.

دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم دانیشتن کراو ئۆمالی و رێکخەرانی کۆنفرانس توانیان عەرەب و تورکمانەکان بەگەڕانەوە بۆ ناو هۆڵی کۆنفرانس رازی بکەن، بڕیار درا وۆرك شۆپ پێك بهێنرێ، هەر وەفدێك بە تەنیا لەگەڵ یەك لە پسپۆران دابنیشێ، بۆ دانانی بەرنامەو ئالیەت و گفتوگۆ لەسەر کێشەی کەرکووك.

وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پسپۆرێکی ئێرلەندی دانیشتن و ئەو پسپۆرە هەوڵی ئەوەی دەدا کە ماددەی 140 بەزەقی نەخرێتە ناو گفتوگۆ، چونکە خاڵی لێك ترازانە، پێی باش بوو کە باس لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك و چارەسەر کردنی کێشەی موڵکایەتی و خزمەتگوزاریەکان بکرێ، ئەوانەش بەشێکن لەماددەی 140و هەنگاوێکن بۆ جیێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە، بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە، بۆ گفتوگۆ بەڕای ئەو باسکردنی ماددەی 140 لێك ترازان دروست دەکات و ئەمەریکاش کە عیراق جێ دەهێڵێ ئەو کات چی دەکەین؟ بەلأم ئەو جۆرە هەڕەشانە لەگەڵ شاندی هەرێم بێ سوود بوو، چونکە گەلی کوردستان زوڵمی لێکراوەو مافی خوراوەو قوربانی لەپێناو کەرکووك دراوە، ئەو شێوازەی ئەو بەرێزەش بۆ گفتوگۆ سازش کردن بوو لەسەر مافەکانمان و ئەوەش ناگاتە رێککەوتن و لەیەکتر گەیشتن، بەم شێوەیە ئەو نەهامەتیانەو غەدرانەی لە گەلی کورد کراوە وەك تەعریب، جینۆساید، ئاوارەبوون، .......هتد کە هەندێك لەوانە بۆ نموونە:

کێشەی موڵکایەتی لە ساڵی 1975 تا 2003

1- 1,200,000 یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆنم لە زەویە کشتوکاڵیەکانی پارێزگای کەرکووك داگیر کران و درایە عەرەبەکان و رژێمی پێشوو بە تەعریب ناوزەدی کردن.

2- پێنچ بڕیار لە لایەن بەناو (سەرکردایەتی ئەنجومەنی شۆڕش)ی رژێمی بەعس بە ناوی (الاستملاك) دەرچوو، بۆ وەرگرتنەوەی زەوی کشتوکاڵی لە کوردو تورکمان و دەست بەسەرا گرتنی سێ سەد هەزار دۆنم زەوی،

3- به یەك بڕیار لە ساڵی 1995 نزیکەی نۆسەد هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی کە هەمووی موڵکی کورد بوو، لە ناوچەکانی (سەرگەڕان، دووبز، پردێ، شوان، قەرەهەنجیر) دەستی بەسەرداگیرا، ئەم بڕیارە بەناوی (الاطفاء) بەژمارە 931 لە لایەن لیژنەی (شؤون الشمال) ەوە، دەرچووە.

4- هەر لەساڵی 1995 بە بڕیاری 808ی سەرۆکایەتی کۆماری هەڵوەشاوە، دەست بەسەر 58000 پەنجاو هەشت هەزار دۆنم زەوی خەڵکی بشیر داگیرا کە هەموویان برایانی تورکمانی شیعە مەزەب بوون.

5- دوای ئەوەی دەست بەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان داگیرا، ئەم زەوییانە بەناوی چەندین وەزارەتی وەك شارەوانی، دارایی، کشتوکاڵ تۆمار کرا، پاشان بەگرێبەست بەسەر عەرەبی هاوردەو هەندێ عەرەبی کەرکووك دابەشکرا،

6- ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە بۆ عەرەبەکان ئەنجام درا، گەیشتە 5676 گرێ بەست.

7- کە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دەست بەکار بوو، پاش دەرکردنی بڕیاری ژمارە 4 لە لایەن لیژنەکەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێ بەستانە دەرچوو.

8-پاشان لەلایەن لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بڕیارێك دەرچوو بۆ چارەسەر کردنی ئاسەواری هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستەکان،

9-ئەو جوتیارە عەرەبانەی کە گرێ بەستیان هەبوو، خانوو، بیری ئیرتیوازیان لەسەر حیسابی خۆیان کرد بوو، لەگەڵ دەغڵەکانیان بڕیاری قەرەبوو کردنەوەیان درا، بۆ ئەمەش (3477) سێ هەزارو چوار سەدو حەفتاو حەوت جوتیاری عەرەب فۆرمی قەرەبوو کردنەوەیان پڕکردەوە، بە ئومێدی ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی ئەسلی خۆیان.

**10**-(3) سێ لێژنەی هونەری پسپۆری لە فەرمانگەکانی (تەسجیل عەقاری و سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکال) دانرا، بۆ خەملاندنی ئەو خانووبەرانەی کە بەناوی عەرەب تاپۆ کرا بوو، لەگەڵ ئەو بیرە ئیرتوازیانەی کە لە حیسابی خۆیان دروستیان کرد بوو، هەروەها دەغلەکانیان، کۆی گشتی ئەو پارەیەش گەیشتە (13) سیانزە ملیار دینار.

11-ئێستا لە 85٪ جوتیارە عەرەبە هاوردەکان بە ئارەزووی خۆیان ناوچەکانیان چۆڵ کردووە، زەویەکانیش بە دەستی خاوەنەکانی خۆیانەوەیە. ئێستا لە لایەن لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 داوا کراوە، هەموو ئەو بڕیارانەی بۆ وەرگرتنەوەی زەویەکان دەرچووە، لە لایەن لیژنەی کاروباری باکوور (شؤون الشمال)ی مەجلیسی قیادەی سەورەی رژێمی بەعسی رووخاو هەڵبوەشێتەوە.

12-نزیکەی (1000) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە. بەشێکی زۆریش لە خاوەن موڵکەکان لە دەستەی چارەسەرکردنی موڵکایەتی زەوییەکانیان بۆ گەڕاوەوتەوە، کە هەموویان بەئەسل نیشتەجێی ناوچەکانی (بەشیر- یایچی- داقوق)ن، کە زۆربەیان لەبرا تورکمانن، بەڵام ئەم عەرەبانە هاندەدرێن کە نەڕۆنەوە شوێنی ئەسڵی خویان.

13-ئەو عەرەبانەی کە کاتی خۆی لەجیاتی موڵکەکانیان بەدیلیان پێدراوە لە (دوبز) وەکو جەماعەتی (کازم ئەلهانی- منیف الحواس) بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت وخۆشیان چاوەڕوانن و پەلەیانەو نارەحەتن، کە کێشەکانیان دوا دەخرێت.

14-لێژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بەپشت بەستن بە پێشنیازەکانی لیژنەی سڕینەوەی ئاسەواری هەڵوەشاندنەوە. پێنج پێشنیازی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ بڕیاردان لەسەری. کە ئەمانەی خوارەوەن:

1-تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو جوتیارانەی گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، کە لە بڕگەی (5) سەرەوەدا داهاتووە.

2-موصادەقە کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە لایەن لیژنەی 140و ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ئامادەکراوە، کە هەلوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئیستیملاك لەخۆ دەگرێت، کە بەبڕیارەکانی مەجلیس قیادەی سەورەی هەڵوەشاوە دەرچووە. ئەم پرۆژەیەش لەلایەن ئەنجومەنی شورای دەوڵەت نێردراوە بۆ ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە 2237 لە 2008.\12\30

3- هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکووری هەڵوەشاوە، کە بۆ نووسینگەی سەرۆك وەزیران بەپێی نووسراوەکانی لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستوور بە ژمارەکانی 256 لە 30\5\2007و 358 لە 24\8\2008. لەبەر ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارانە لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانە، پێویستی بە ئامادە کردنی پرۆژەی یاسا نییە.

4-سڕینەوەی قەرزەکانی دەوڵەت کە لەسەر ئەو جوتیارانەیە کە گرێ بەستەکانیان هەڵوەشاتەوە، بۆ رەچاوکردنی باری داراییان.

5- دانانی چارەسەر بۆ ئەو موڵکانەی کە لەپارێزگای دیوانیە بەرووبەری (3500) دۆنم بۆ پارێزگای کەرکوك، هەروەها بەڕووبەری (1400) دۆنم کە لە پارێزگای مووسڵ گوازرایەوە سەر پارێزگای کەرکوك. لەرێی گێڕانەوەی ئەو موڵکانە بەهەمان رووبەرەکانیان لە پارێزگای کەرکوك بۆ هەردوو پارێزگای مووسڵ و دیوانیە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باس لەلایەنەکانی مەزلۆمیەت و مەغدووریەتی گەلی کوردستان کراو پسپۆرەکانیش هاوسۆزی خۆیان بەرامبەر کێشەکان نیشاندا، بەلاّم داوایان دەکرد کورد هێشتا نەرمیی بنوێنێ بۆ وەرگرتنی داواکانی و بە ئاشکرا دیار بوو هەوڵەکانی ئەو پسپۆرانە وەك رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی، وەك یۆنامی بۆ رازی کردنی عەرەب و دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بوو لەسەر حیسابی کورد، بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت عیراق بەبێ کێشە جێ بهێڵێ. بەلاّم هەموو هەوڵەکانیان بەفیڕۆ چوو، هەروەها ئەو بەشە لە عەرەب و تورکمانەکانیش تەواو بێ ئومێدبوون، نەیانتوانی بگەنە ئامانجەکانیان، وەفدی پەرلەمانی کوردستان هەڵ بخەڵەتێنن بەشێك لە هەوڵەکانیان ئەوە بوو کە بتوانن لە داهاتوودا

کۆبوونەوەو کۆنفرانسی تر لەنێوان وەفدی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و ئەنجومەنی نوێنەران رێکبخەن و وەفدی پەرلەمانی کوردستان تەنها وەك میوانێك ئامادە بێ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجومەنی کەرکووك بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەران رابکێشن، بۆ دۆزینەوەی رێگای بەدیل بۆ ماددەی 140، یان هەموارکردنی بڕگەکانی ماددەی 140و لەدەستی خەڵکی کوردستانی بهێننە دەرەوە، بەڵام جەختکردنەوەی وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەوەی کە پەرلەمان نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانەو لایەنێکی سەرەکییە لەهەر چارەسەرێکی کێشەی کەرکووك، ناچاری کردن کە فەشەل بە هەوڵەکانیان بهێندرێت، ئەوە بوو ئەیاد سامەڕائی هەوڵی ئەدا لیژنەیەك لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و ئەنجومەنی نوێنەران پێك بێت، وەفدی پەرلەمانی کوردستان قبوڵی نەکرد، پاشان بەڕێز سامەڕائی لەناکاو لەپریس کۆنفرانسێکدا باسی ئەوەی کرد کۆنفرانسەکە کۆتایی هات، کۆنفرانسیش هەر بەردەوام بوو، دوای گفتوگۆی زۆر لەنێوان سەرۆکی پەرلەمان و وەفدەکەو سەرپەرشتیاری کۆنفرانس کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی کرا، کە کۆنفرانس بەردەوامە و سبەی تەواو دەبێت.

بەیانی کۆتایی:

22ی تشرینی دووەم بەغدا - عیراق

ئێمەی بەشداربووان لەکۆنفرانسی رێکەوتنامەی هلسنکی و دواڕۆژی کەرکووك کە لە رۆژانی 19-2009/11/21 لە بەغدا بەسترا.

1- لەو مەترسیانە تێ دەگەین، کە بەشدار بووان دەربارەی دواڕۆژی کەرکووك و پەرەسەندنی خستیانەڕوو

2- جارێکی تر دووپات لە گرنگی بەردەوامی گفتوگۆکان دەکەینەوە، بەپێی پرەنسیپەکانی رێکەوتننامەی هیلسنکی لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو مەترسیانە.

3- رێککەوتین لەسەر بەردەوام بوونی وتوێژ لەگەڵ راوێژکارانی نێونەتەوەیی لە بەیەك گەیشتن کە لە 2010/4/1 تێپەڕ نەبێ، ئەویش بۆ چاوخشاندن بەو پێشکەوتنەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێ،

رۆژی دواتر کۆتایی بەکۆنفرانسەکە هات و کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەلایەن بەڕێزان دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هاشم الطائی و ئۆمالی ئەنجام دراو، دوای ئەوانیش هەندێك لەعەرەب و هەندێك لەتورکمانەکان نارەزایەتیان نیشاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش بۆ بۆچوونتان لەسەر وەفدەکەو دەوری وەفدەکە کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من چەند خاڵێکی بە گرنگ دەزانم، بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت لەم مەوزوعەدا، دیارە راپۆرتەکە زۆر تێروتەسەل بوو هەموو لایەنەکانی گرتبۆوە، ئەو خاڵە گرنگانەی من پێم باشە قسەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە بەشداری وەفدی پەرلەمانی کوردستان هەر لە یەکەم رۆژدا، لە یەکەم سەعاتدا هەموو بەرنامەی کۆنگرەکەی تێکدا، یەعنی لەو چەند رۆژەی ئێمە لەوێ بووین، کە کۆنگرەکە بەردەوام بوو لەڕاستیدا بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە ئیش نەکرا، چونکە دیارە پێشتر بەرنامەیەکی کامل و باش دانرا

بوو، بۆ ئەوەی تەجاوزی هەموو ئەو مەسائیلانە بکرێت، کە لەوانەیە وەفدی کوردستان ئیسارەی بکات، بەشداری ئێمە هەر لە یەکەم دەقیقە لەڕاستیدا ئەو بەرنامەیەی تێکدا، پێموایە وەفدی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە سەعاتی یەکەمدا تێگەیشتین لەوەی کە هەوڵێکی زۆر جددی هەیە، بۆ پشتگوێ خستن و بازدان لەسەر ماددەی 140، هەوڵێك هەیە بۆ پەراوێز خستنی پەرلەمانی کوردستان و رۆڵی پەرلەمانی کوردستان، رۆڵی هەرێم لە مەسەلەی کەرکووکدا، دواتریش دەرکەوت کە هەوڵێك هەیە وەفدی پەرلەمانی کوردستان، یان پەرلەمانی کوردستان وەکو میوانێك لە میوانەکان سەیر بکرێت، نەك وەکو یەکێك لە بەشدار بووە گرنگەکان، یان یەکێك لە لایەنەکانی کێشەکە، ئەمە لەڕاستیدا هەر لە هەنگاوی یەکەمدا روون بوو بۆ وەفدی کوردستان، خۆشبەختانەش سەرجەم وەفدەکە لەو مەترسیانە تێگەیشتوون، هەر لە هەنگاوی یەکەمیشدا چەند پرەنسیپێکی دانا، وەفدەکە بۆ خۆی کە لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە کار دەکات، کە بناغەی هینەکان ئەوە بوو، کە ئێمە بە هیچ شێوەیەك قەبوڵمان نییە، هیچ بەدیلێك بۆ ماددەی 140 دابنرێت بە هەر ناوێکەوە بێت، بە هەر عینوانێکەوە بێت، دیارە کوردو پەرلەمانی کوردستان و هەرێم زۆر لەگەڵ گفتوگۆن، زۆر لەگەڵ ئەوەن کە بەردەوام حیوار هەبێت لەنێوان هەموو پێکهاتەکان، ئەوەش بۆ گەلی کوردستان زۆر گرنگە، بەڵام بەناوی مەجلیسی حیوارەوە هەر شتێکی تر بۆ هەوڵدان بێت بۆ پشتگوێ خستنی ماددەی 140، ئەوە قابیلی قەبول نییە لەلایەن ئێمەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك قەبوڵمان نییە، کە مەسەلەی کەرکووك، چارەنووسی کەرکووك بێتە نێو هەر ئەجیندایەکی ترەوە بەدەر لە ئەجینداو ئیستیحقاقاتی دەستووری، کە ئەوە یەکێکە لە مافەکان و لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە دەستووری عێراقیدا، بەشێکە لە مەرجەکانی بەشداری کورد لە پێکهێنانەوەی عێراقی نوێدا، لەو رۆژانە کە کۆنفرانسەکە بوو وەفدی کوردستان بە تەنیا بەرامبەر سێ لایەن وەستا بۆوە لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی بەرچاوی ئێوە رۆشنتر بێت بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە لە ئایندەدا رووبەرووی دەبینەوە، وەفدی با بڵێین تیمی پسپۆڕانی بیانی کە بەناوی پسپۆڕایەتیەوە لەوە بەشدار بوون، دیارە شارەزاییان هەبوو لە مەسائیلی ناوچە ناکۆکەکان، کێشەلەسەرەکان لە زۆر شوێنی دنیادا، بەتایبەتی بەشدارییان کرد بوو لە کۆمەڵێك وەفدو بابڵێین لیژنەی چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، ئەمانە بۆ ئەوە هاتبوو، بەڕاستی بۆ ئەوەی بیر لە رێگا چارەیەکی تر بکرێتەوە، بیر لە هەنگاوی تر بکرێتەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك بەناوی گفتوگۆوە، پەرلەمانی عێراقیش دیارە بەهۆی سەرۆکایەتیەکەیەوە بەشێك لە پەرلەمانی عێراق هەر بەنیازی ئەوە بوون، کە مەلەفی کەرکوك هەم بچێتە ناو پەرلەمانی عێراقەوە، هەم پەرلەمانی عێراقیش تەرەفێك بێت لە مەسەلەکاندا، لایەنی تریش بەداخەوە لایەنی هەندێك لە تورکمانەکان و عەرەبەکان بوو لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و با بڵێین لە پەرلەمانی عێراقیدا، ئەم سێ لایەنە تەقریبەن جۆرێك کۆ دەنگی و هاودەنگیان هەبوو بە جیاوازی لە بیرو بۆچوونەکانیان بەوەی کە قسە لەسەر ماددەی 140 نەکرێت، بیر لە ئەجیندای تر بکرێتەوەو بیر لە رێگا چارەی تر بکرێتەوە، ئەمە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆنفرانسەکە لە وتاری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو

هەنگاوانە هەمووی تێکشاوە لە سەرەتای وتارەکەی باس لە ماددەی 140 بوو، باس لە ئیستیحقاقاتی دەستووری بوو، باس لە گفتوگۆو ئەوانە کرا، ئەمە خۆشبەختانە جارێکی تر کۆ دەنگی کورد بوو لەسەر ماددەی 140، لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەی 140، لەسەر ئەوەی کە کورد بە هیچ شێوەیەك لایەنی کوردستانی با بڵێین ئامادە نییە قەبولی هەر ئەجیندایەکی ترو هەر پلانێکی تر بکات بۆ ئەو مەوزوعە، ئەمە دیارە رەئی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگای کوردستانن، دیارە من لەو خاڵەوە لە بوونی سێ هێزو سێ لایەنەوە کە بەشێکیان پسپۆڕی بیانین لەوە تێگەیشتین، بۆ خۆم خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام ئەجیندایەکی تر هەیە، بەردەوام هەوڵدانێك هەیە بۆ تێپەڕاندن و بازدان بەسەر ماددەی 140دا، ئەمە بۆ لایەنی کوردستانی بوو، بۆ هێزەکانی کوردستان زۆر گرنگە، کە چیتر خاوە خاو وسیستی نەکرێت لە مەسەلەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140و ئیستیحقاقاتی دەستووری کورددا، پێگەی کورد وەکو باس دەکرێت لە بەغدا ئێستا لە چ قۆناغێك دایە، ماددەی 140 ئێستا بەناوی مەجلیسی حیوارو ئەوانەوە چ موئامەرەیەکی لەسەرە، ئەمانە هەمووی با بڵێین پاڵپشتێکی گرنگە، بۆ ئەوەی قسەی جددی بکرێت، یەعنی با بڵێین مەترسیەکان کەباس دەکرێن مەترسی لەسەر ماددەی 140و ئەوانە، لەواقیعدا ئێمە بە عەمەلی بینیمان، بە بەرجەستەیی بینیمان بەناوی خەبیرو، بەناوی با بڵێین دەست تێوەردانی پەرلەمانی عێراق و ئەوانەوە، وەفدی پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك قەبولی ئەوە نەبوو، کە مەلەفی کەرکوك بڕواتە ناو پەرلەمانەوە، ئەوە مەلەفی کەرکووك، ماددەی 140 نەخشەی رێگای بۆ داناوە، خەریتەی تەریقی بۆ داناوە، یاخود ئەو خەریتە تەریقە ئێستا لە ئەستۆی حکومەتی عێراقیدایە، ئەمە یەکێك لە خاڵەکان بوو.

خاڵێکی تر، کە من بە خاڵێکی زۆر گرنگی دەزانم ئەوەیە لەو چەند رۆژە هەوڵدانێکی زۆر هەبوو، بۆ تەجاوز کردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لە مەسەلەی ماددەی 140و مەسەلەی کەرکووکدا، تا حەددێك زۆر روودارانە باس لەوە کرا، کە ئێمە تەنها میوانێك بین، گوێگرێك بین، تەنها بەشدار بین لە قسەو باسەکان، لەڕاستیدا ئەو وەفدە توانی ئەوە بسەپێنێت، نەك بسەلمێنێت، بسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدار بوون پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان، کە ئێستا لە هەرێمدا کۆ کراونەتەوە بەشێکی گرنگن لە چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك و بێیە پەرلەمانی کوردستان و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، مومکین نییە قسە لەسەر چارەنووسی کەرکووك و لەسەر ئایندەی کەرکووك بکرێت، ئەمە خاڵێکی گرنگ و پێموایە توانرا لەوێ بچەسپێنیت، هەموو خەبیرە دوەلیەکانیش لەوە تێگەیشتن کە ناکرێت قسە لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە بکرێت بەبێ گەڕاندنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بەبێ گەڕاندنەوە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ نوێنەرەکانی خەڵکی کوردستان، کە ئێستا خۆی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەبینێتەوە، ئەمە تەقریبەن من بوار بە مامۆستا عومەر بدەم کورتەی سەرنجەکانی خۆم بوو لەسەر ئەو کۆنفرانسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر عبدالعزیز بۆ خوێندنەوەی ئەو یاداشتە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئینتیباعی خۆم لەسەر ئەو وەفدە، بەڕاستی منیش وا دەزانم ئامانجەکانی خۆی پێکا، تـوانی بـە لایەنـەکانی بەرامبـەر بسـەپێنێ، کـە نوێنـەرانی خـەڵکی کوردسـتان یـەك دەنگـن لـە مەسـەلە لـە چارەنووسسازەکاندا، ئەوان دەیانویست بەدیلێك بۆمان لە ماددەی 140 دانێن، تاوێك بەناوی مەجلیسی حیوار، تاوێك بەناوی ئەوەی کە موسەلەسێکیان دروست کرد بوو، کە پەیوەندی لەنێوان کەرکووك و بەغدا هەبێت، پەیوەندیش لەنێوان هەرێم و بەغدا هەبێت، بەڵام هیچ پەیوەندییەك لەنێوان کەرکووك و هەرێمدا نەبێت، کە ئەمە دەیانویست شەرعیەتێکی پێ بدەن، ئێمە هەموو ئەو ئالیاتانەمان ڕەتکردەوە، کە لە ڕۆڵو کاریگەری و دەوری پەرلەمانی کوردستان کەم بکاتەوە، سوپاس بۆ خوا وەفدەکە هاودەنگ بوو و سوور بوون لەسەر داواکارییەکان، پێمان وتن بە ڕاشکاوانە کە ئێمە ناتوانین موساوەمە لەسەر هیچ لەو مەسەلانە بکەین، کە چارەنووسسازن و پەیوەندییان بە ئایندەی میللەتەکەمانەوە هەیە، پەیوەندییان بە مەسەلە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکانەوە هەیە، من حەز دەکەم لێرە پەرلەمانی کوردستان لەوە ئاگادار بێت، کە بەڕاستی هەندێك ئەتراف هەن لە خوارەوەو وەسەتی عێراق کە ماددەی 140 بە ماددەیەکی تەواو بوو دەزانن، دەبێت ئێمە لە هەموو ناوەندەکان پێداگیری بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو ماددەیە ماددەیەکی دەستوورییە، ماددەییەکە تا ئێستا ئەوەی کە لەبەرچاو بێت، دەتوانێت چارەسەری کێشەی کەرکووك و ناوچەکانی تر بکات، بەڵام من لێرە دوو تێبینیم هەیە، چونکە هەموو ئەو تەوەرانە لەناو ڕاپۆرتەکەدا هەبوون، دوو تێبینی ئاراستەی بەڕێزان دەکەم:

یەکەم/ ئێمە بەڕاستی زۆر پێویستە خۆمان پشت بە خۆمان ببەستین، ئێمە لەو دوو سەفەرە بۆمان دەرکەوت کە بەڕاستی کەس وەکو خۆمان دڵسۆزی خۆمان نییە، وەکو عەرەب دەڵێت (مایحك ظهرك مثل ظفرك)، ئێمە هەموو جار وا دەزانین بە وەعدو بەڵێنی ئەملاو ئەولا دەتوانین هەندێك شت بکەین، ئەمە تەنها بۆ پشتیوانی کردن لە کێشەکانمان باشە کە پشت ببەستین بە خەڵکی تر، بەڵام بێ کەسی خۆمان لەم جۆرە سەفەرانە دەردەکەوێت، بێ کەسی بەو مانایە ناکات کە کەس نەبێت پشتیوانیمان لێ بکات، کەس هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان لاوازین، خۆمان بەپێی پێویست بەدەم کێشەکانمانەوە ناچین، ئەوە خاڵی یەکەم.

دووەم/ ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم یەك هەڵوێستیە بپارێزین زۆر باشە، لەو مەسەلانە کە چارەنووسسازن پەیوەندییان بە ئایندەی وڵات و گەل و نیشتمانمانەوە هەیە، ئەوەش دەخوازێت کە لە نرخی هەوڵی یەکتر کەم نەکەینەوە، ئەو دەستەواژانە لاببەین کە لە هەندێك ئینصاتی ئیعلامی بەڕاستی باس لە مزایەدات دەکرێت، هەر کەسێك لەو کوردستانە، لە هەر شوێنێکی دنیادا دڵسۆزە بۆ کوردو کوردستان، لە هەر لایەنێك، لە هەر ئیتیجاهێك بێت هەوڵی بنرخێنین، دەتوانین دەستخۆشی لێ بکەین و پشتیوانی لێ بکەین، بۆ ئەوەی ئەو یەك دەنگیە بپارێزێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك سالار موداخەلەت هەبوو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان.

لەڕاستیدا ئەو موئتەمەرەی كە بەناوی موئتەمەری هلسنكی هەبوو، من دەمەوێت تەوزیحی ئەوە بدەم، ئەمە یەكەم موئتەمەر نەبوو، ئەمە سێیەم موئتەمەر بوو، پێشتر ساڵی 2007 لە فلەندا جارێك موئتەمەری یەكەم بەستراوە بە بەشداری سەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان و هێزە سیاسیەكان و لە بەغداش هەروەها ساڵی2008 موئتەمەری دووەم بەستراوە، سێیەم جار بەو بەرنامەیە هێنرایە پەرلەمانی عێراق، دیارە ئەمە لەڕاستیدا لە ساڵی 2007ەوە دەتوانم بڵێم پێشتریش نەخشەیەكی رێگا بووە ئەم موئتەمەرە، بۆ ئەوەی بەدیلێكی راستەقینەو موبەرمەج بە پرەنسیپێكی زۆر دیبلۆماسیانە كار بكرێت، بۆ ئەوەی بەدیل بۆ ماددەی 140ی دەستووری بدۆزرێتەوە، بەشداری كردنی وەفدی پەرلەمانی كوردستان لە سێیەم موئتەمەردا لەڕاستیدا بووە مایەی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی موئتەمەری یەكەم و موئتەمەری دووەمیش، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگای سەرسورمان بوو، كە ئێمە وامان دەخوێندەوە، كە ئێمە دەچین لەوێ هەنگاوێكی خێرا بۆ چارەسەر كردنی ماددەی 140 و كێشەی كەركووك بەپشتیوانی ئەو عەقلیەتانەی كە لەبواری نێودەوڵەتی ئیش دەكەن دەدۆزرێتەوە، بەڵام دەركەوت ئێمە هەر بۆ دەفعی مەفسەدە ئەمجارەشیان لەوێ حزورمان هەبوو، بۆ ئەوەی بەلایەكی ناگەهانی تر دوور بخەینەوە، لەو موئتەمەرەدا ئێمە تێگەیشتین عەقلیەتێك لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق كە گوزارشت دەكات لە بەشێكی سەرەكی سیاسیەكانی عێراق، هێشتاكە باوەڕی بە پرەنسیپی دیموكراسی و پرەنسیپی دەستووری نییە بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی ئێمە لەگەڵ بەغدا، لەناو هۆڵی دەستووری لەناو پەرلەمانی عێراقدا ئێمە ووِرك شۆپەكانمان كرد، خەڵك هەبوو هەڵدەستا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە دەیگوت من تەمسیلی موقاوەمەی شەریف دەكەم، تۆ تەماشا بكە، دەبێت لەگەڵ خەڵكی لەو بابەتە لە گفتوگۆو حیواردا بی و لایەنی نێودەوڵەتی بەجۆرێك لە جۆرەكان بۆ تەوازون راگرتن موراعاتی ئەو بۆچوونانە بكات.

سێیەم/ مەسەلەیەك هەیە كە پەیوەندی بە رەسمیەت و نا رەسمیەت هەیە، زمانی كوردی رەسمییە لەپاڵ زمانی عەرەبی بەپێی دەستووری عێراقی، بەڵام دەبینی بەشێك لەم ئامادە بووانەی كە بە رەسمی لەناو موئتەمەرەكەدا بوون سڵ كردنەوەیان لە زمانی كوردی، یەعنی شتێكی زۆر سەیرو سەمەرە، یەعنی شتێكی زۆر سەرسورمان بوو، قەبولی بوو گوێ لەلایەنی بیانی، ئیرلەندی، كەندی، ئەمریكی بگرێت، ئیستیعدادی نییە گوێ لە زمانی هاوشارییەكەی خۆی بگرێت، هاونیشتمانی و هاوولاَتیەكەی خۆی بگرێت، ئەمە عەقلیەتێكە بەڕاستی جارێكی تر دەمانخاتەوە بەر ئەو دووریانەی كە ئێمە بۆ دۆزینەوە رێگا چارەكان، یان تەقوییە كردنی ئەو رێگا چارانەی بۆ مەسەلەی كەركوك و ناوچەكانی كێشە لەسەر هاتووە، دەبێت

هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە، ئێمەش نەخشە ڕێگایەکی پتەومان هەبێت، یان ئالیەتێکمان هەبێت تەقوییەی ئەو چارەسەرە دەستووریانەمان بکات.

چوارەم/ هەیئەی نیزاعەی مولکیە، ئێمە ڕاستە داوامان کرد کارەکانیان کارا بکرێت، بەلاّم لەپاڵ کارا کردنیان دەبێت موتابەعەیەکی جددی و بە ئینصاف هەبێت، چونکە من ئەگەر نموونەیەکی عەمەلی بێنمەوە دوێنێ لە خانەقین و سەعدیەو جەلەولا بڕیارێك هاتووە لەلایەن هەیئەی نیزاعەی مولکیەوە بۆ دەستەکانی ئەو مەنتیقەیە، دەڵێ ئەو خانووانەی کە تاپۆی هەیە هی ساڵەکانی هەشتایەکان، دەبێت بدرێتەوە صاحێبەکانیان، بێگومان خەڵکی ئەو مەنتیقەیە ساڵی حەفتاو پێنج و دوای حەفتاو پێنج هەموو ڕاو نراون، ئەو فەترەیە تاپۆ نەبووە، لە دوای ئەو فەترەیە لە ساڵی حەفتاو نۆ و هەشتاو سێ و ئەوانە، زۆربەی ئەو خانووانە تاپۆ کراون بەناوی ئەو عەرەبانەی کە بەناویانەوەیە، ئێستاکە مەحکمە تەبلیغی دەیان ماڵی لە سەعدییە کردووە، لە سەدان ماڵی جەلەولا کردووە، کە دەبێت لە ماوەی یەك مانگدا بەپێی بڕیاری هەیئەی نیزاعاتی مولکی خانووەکانیان چۆڵ بکەن، یەعنی ئێمە دەبێت بەڕاستی لەڕووی کارکردنیشمانەوە دەبێت نفوسی خۆمان لەناو ئەو هەیئاتانە لە پێگەمان لە بەغدا لە دامودەزگاکان زیاتر بکەین، ئەگینا تەفعیل کردنی ئەو هەیئاتانەش بەپێی دەستووری ئێمە قازانجمان پێ ناگەیەنێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خەلیل هیچت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دیارە زۆر لە سەرنج و تێبینیەکان باس کرا، کاك سالار هەندەی نەمابوو باسی کرد، برادەران باسیان کرد، بەلاّم ئەوەی کە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە بیلێم بەڕاستی یەعنی ئێمە بەسەر پلانێکی بەرنامەی داڕێژراوی دوور و درێژ کەوتین، کە بەڕاستی هەر لە سەرەتاوە وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەوە بە ئاگا بوو کە برادەران هەموو ئەبعادەکانیان باس کرد، نامەوێ بچمە سەری، بەلاّم ئەوەی کە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە و دەمەوێت لێرە بیلێم، لە کۆنفرانسەکەدا هەندێ لە برادەرانی هاوپەیمانی پەرلەمانی عیراقی و لیستی هاوپەیمانی ئامادە بوون بۆ مێژوو دەیلێم کە بەڕاستی ڕۆڵی باشیان بینی لە ئاشناکردنی ئێمە بە چۆنیەتی سروشتی ئەو شەخسانەی کە لە کۆنگرەکەدا بوون کە ئەوان پێشتر تەعامولی پێش وەختیان لەگەڵیانا هەبوو، لە سروشتی ئەو شەخسانە و لە چۆنیەتی دەرك ڕێنیشان دەر بووە بۆ ئێمە کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان و هەوڵی ئەو برادەرانەش بەڕاستی بنرخێندرێت بە تایبەتی هەریەك لە کاك خالید شوانی و هەروەها سیروان زەهاوی و برادەرانی یەکگرتوو مامۆستا زهیر و هەندێك لەو برادەرانە حەقە پەرلەمانی کوردستان ئەو هەڵوێستەیان بە بەرز بنرخێنن کە ڕێ نیشاندەرمان بوون و زۆر هاوکارمان بوون وسوپاسیشیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش هەرئیزافە دەکەین، من سەرۆکی وەفدەکە بووم و لەگەڵیان بووم لە حەقیقەت جوان شەرحیان کرد، دەست خۆشیان لێ ئەکەم، بەس ئەوەی بە موختەسەری بگوترێت دەست و پلان هەیە و بەردەوامیشە، بۆ ئەوەی لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 لەکاربخرێت و بەدیلی بۆ بدۆزرێتەوە، ئینجا بەناوی جۆراو جۆر، هەر ئەو خەبیرانەش کە لە دەرەوە هات بوون وا تێ گەیەندرابوون ئەگەر باسی ماددەی 140 بکەن قیامەت دەبێت، دووڕووش بوون، یەعنی لای ئێمە شتێکیان دەگوت و لای ئەوانیش شتێکی تریان دەگوت، ئەویش حەقیقەتێکە و حەقی هەموو ئێوەی بەڕێزیشە بیزانێ کە بۆ وفودی تر دەڕۆن، زۆر وریا بن لەو شتانە، ئەو خەبیرانەش دەیانەوێ بۆ خۆیان کار بکەن، لایان موهیم نیە تۆ حەقەکەت بۆ دێت یان نایە، دەیانەوێ بەردەوام بن و کاریان هەبێت و بێن موئتەمەرات بکەن و بۆ خۆیان ژیانی خۆیان دروست بکەن، یەعنی ئەوەش مولاحەزە دەکرا، یەعنی لایان موهیم نەبوو تۆ خاوەن حەقی یان خاوەن حەق نیت، موهیم ئەوەیە ئیشەکە بەردەوام بێت، ئەوەی ئێمە لەوێ زۆر تەرکیزمان لێی کرد، گوتمان ماددەی 140 ، نیهایەتی خەڵکی شارەکان، ئەو شوێنانە بە نیسبەت کەرکوك و کەرکووکیە ئەسڵیەکان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، ئەمە مانای ئەوە نیە ئێستا خەڵکی ئەوێ دابنیشێ لەگەڵ ئەو تەرەف و ئەو تەرەف چارەسەرێکی تازە بدۆزێتەوە، چارەسەری نیهائی ماددەی 140 ەو خەریتەی ڕێگایە و کێشەکە لەبەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی عیراقە، یەعنی ئەوە نیە ئەمڕۆ مەجموعەیەك لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك یان هەندێك حیزب کە ئەقەلیەتە یان عەشیرەتە بێت چارەسەرێکی تازە بدۆزێتەوە، ئەوە مەرفوزە نیهائیەن، خەڵکی کەرکووك دەتوانێ لە ڕۆژی ریفراندۆم بەشداری ڕیفراندۆم بێت و دەنگ بدات بە ئازادی کە لەگەڵە یان لەگەڵ نیە، چ شێوازێکی بوێت، بەڵام حەقی نیە ئێستا بێت ماددەیەکی دەستووری بنێتە قەبر و ماددەیەکی تر و ڕێگایەکی ترمان بۆ دروست بکات، ئەمە زۆر بە وردی لێیان تێ گەیەنرا، هەوڵێش هەبوو کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك وەکو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لیژنەیەك پێك بێت بۆ ئەوەی بڕیار بدەن لە چارەنووسی کەرکووك، ئەمە ئەوەڵەن ئەم موئتەمەرە ئەوە نیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و گشت عیراق بڵێیت تۆ دەبێت ئیللا وا بکەی، موئتەمەرێکی موتەوازعیە، واجبی ئەو موئتەمەرە ئەوەیە پێشنیار و وجهە نەزەری هەبێت بیداتە لیژنەی باڵای ماددەی 140، بڵێ ئێمە ئەمەمان پێ باشە، جا ئەوان دەیکەن یان نایکەن ئەوە ئیشی ئەوانە، بەڵام تۆ خۆت بکەیتە بەدیل، ئەم خەیاڵەیان خاوە و قەبوڵ ناکرێت، ویستیان بمان خەڵەتێنن لیژنەیەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك تەشکیل بکەن و لە دانوستان بن و لە گەڵ یەك قسە بکەن، گوتمان ئەمەش مەکروهە، ئەمە نابێت یەعنی ئەمە هەوڵ دانە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە ماددەی 140، بە موختەسەری وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا تێگەیەنران بەدیل بۆ ماددەی 140 نیە، خەیاڵتان ساغ بێت، قەناعەتیشیان هات کە ئەوە ئێستاش پەیوەندی دەکەن، نامە دەنێرن و ئیمێڵ دەنێرن دەیانەوێ بەردەوام بن لە گفتوگۆ کردن، مانع نیە گفتوگۆ، بەڵام باش تێگەیەنران کە ئەوە بۆ ماددەی

140 كـه ناكرێـت، ئێـستا ئـەو بەڕێزانـە بۆچـوونەكانیان ڕوون كـردەوەو منـیش پشـتیوانیان لێ دەكـەم، قسەكانیان زۆر لـە جێـی خـۆی بـوو و تـونرا پلانێكـی گـەورە پوچـەڵ بكرێتـەوە، هـەتاوەكو دوای ئـەوەی هەندێك سەحب بوون ئەو شارەزایانەشی كە زۆر هەوڵیان دەدا ئێمە قانع بكەن بۆ لایەنـەكانی تـر، گوتیـان غەریبە خەڵكێك لە عیراقی تازە، ئامادە نەبێت گوێ بگرێت لە كەسێك بـە زمـانی خـۆی قسە بكـات، لـەلای ئێمە هەركەس بە زمانی خۆی قسە دەكات، یـەعنی ئیسـتیفادەیەكی باشـی تێدا بـوو، سوپاسـی ئەنـدامانی وەفد یەكە یەكە دەكەین، هەڵوێستێك و رەفتارێكی زۆر پیرۆز و بـەرزیان هـەبوو، ئـەو یـەك هەڵوێستیەش ئێمە بەرەو سەركەوتن دەبات، كاك د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز/جێگری سەرۆك پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خۆی لە كۆنگرەكانی پێشوو تـر وەفـدی پەرلـەمانی كوردسـتانی تێـدا نـەبوو، بەڵام بـۆ تـەئریخ دەكـرێ بڵێین لـە ڕێگـای خوێنـدكارێكی كـوردی كـەركووكی كـە لـە جامیعـەی بۆسـتن لـە ئـەمریكا دەخوێنێـت، ئـەو دەورە ئیجابیەیـەی بینـی بـوو بـۆ ئـەوەی ئێمـە لەگـەڵ ئـەو پرۆفیسـۆرەی كـە سەرپەرشتی كۆنگرەكەی دەكرد بە ناوی (ئۆماڵی) كە لەوێ پرۆفیسۆرێكە لە جامیعـەی بۆسـتن، پەیوەنـدی بـۆ ئێمـە دروسـت كـرد بـۆ ئـەوەی پەرلـەمانی كوردسـتانیش وەكـو تـەرەفێك لـە تەرەفـەكان بچێتە ئـەو كۆنگرەیـەوە، ئیشـی ئەوانـەی كـە سەرپەرشـتی ئـەو جـۆرە كۆنگرانـە دەكـەن مەبەسـتەكەیان دیالۆگـە، مەبەستەكەیان لێكتر نزیك كردنەوەی لایەنە ناكۆكەكانە، ئەوانە دەوریان بینیوە لە ئـەفریقای جنـوبی، لـە شوێنەكانی تری وەكو ئایرلەندا، تەنانەت ئەو پرۆفیسۆرە خۆی ئایرلەندیە لە ئەسڵدا، لەبەرئـەوەی ئەوانـە كە ویستیان ئەو كۆنگرە ساز بكەن لە بەغدا و دەعوەتی وەفدی كوردستانی و پەرلەمانی كوردستانیان كرد، بەڕاسـتی ئەمـە دەورێكـی ئیجـابی بـوو، چونكە وەفـدی پەرلـەمانی كوردسـتان وەكـو تـەرەفێك چـوونە نـاو مەسەلەكان كە جاران پەرلەمانی كوردستان لەو كۆنگرەیەدا نەبوو، وەكو دكتـۆر باسـی كـرد ئـەوان ئیشـیان ئەوەیە كە لایەنە ناكۆكەكان لێكتر نزیك بكەنەوە، ئەوان مافیان بەسەر ئەوە نیە كە حەق بە كێیە و حەق بە كێ نیە، لەبەرئەوە من دەستخۆشی لەو هەڤاڵانەی خۆمـان دەكـەم كـە چـوونە ئـەو كۆنگرەیـە، مـن پـێم وابێ دەورێكی ئیجابیان بینی و توانرا كۆنگرەكە بە لایەنی ئیجابی و بە مەسـەلەحەتی كـەركووك و خـەڵكی كوردستان بشكێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئەگەر خوشكێك و برایەك كە موداخەلەی هەیـە یـان پرسـیارێك هەیـە ئـەوە مـەجالیان پـێ دەدەیـن ئەگەر نیە دەچینە خاڵی دووەمی بەرنامە، نوقتەی نیزامی هەیە كەرمكە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك لە بەرنامەی كاردا هاتووە خستنەڕوو، نەگوتراوە گفتوگۆ كردن لەسەری، یەعنی لەدوای خستنە ڕووەكە پێویست ناكات ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بكەن، چونكە ئێوە هەرواش پەیڕەوی ئەوە كراوە هەموو شاندێك كە دەچێتە دەرەوەی وڵات لە دوای گەڕانەوەی یان لەناو وڵاتیش دابێت بەشداری لەهەر چیەك بكات ڕاپۆرتێك ئامادە دەكات و دەیخوێنێتەوە و ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر ناكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ پێشنیارەكەت لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەگەر غموزێك هەبێت و پرسیارێك هەبێت مەجال دەدەین، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سوپاسی هاوكارانم سۆزان خان و ئەوانی تر دەكەم، بەڵام بە پێی ماددەكانی 20 و 26 لە نیزامی داخلی هەموو ئەندام پەرلەمانێك حوریەتی ڕادەربڕینی هەیە، من خۆم هیچ قسەم نیە لەسەر ئەم ڕاپۆرتەی پێشكەش كرا، بەڵام بەڕاستی زەمیلەكان حەقیان هەیە، با ئەوە شتێك نەبێت تێ پەڕ بێت، ئەوە حوریەتی ڕەئیە و لە پەرلەمان هەركەسە و ڕەئی خۆی هەیە وسوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەت ڕاستە، بەڵام نەك هەر وەختێك هەموو شتێكیش نیزامی خۆی هەیە، بەس ئێستا ئێمە مەجالمان دا بۆ ئەوەی ڕوون كردنەوەەك هەبێت و ئیستفسار هەبێت، غموزێك هەبێ، دوو برا و خوشكێكی تریش قسە بكەن، كەرمكە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو نوقتە نیزامیەی من وەكو جەنابت پرست كرد، نیزامیە، ناچێتە ناو چوارچێوەی ڕێگرتن لە ڕا دەربڕین، چونكە ئێمە ئەوە موتەبەعە ئێوە چوونە و وەكو وەفدێك ڕۆیشتوون ڕاپۆرتی خۆتان نووسیوە، ئێمە ئێستا لێرە هەرچی قسەیەك بكەین، من تێ ناگەم چ سوودێكی دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕاستە، بەڵام ئیستفسار یان غموزێك هەبێت حەقیانە بپرسن بۆ ئەوەی، تكایە بەسە واز لە نیزامیش بێنن وەری ناگرم، با بچینە سەر مەوزوعەكان، شتی ترمان زۆر لە پێشە ئەوەی پرسیارێكی هەیە یان غموزێكی هەیە جوابی دەدەینەوە، بیل فعل پاشان ئەم ڕاپۆرتە بە تەفسیڵ و بە وردەكاریەكانەوە یەكە یەكە دێتە بەردەستان ئەوجا دەتوانن بە نووسراویش لەگەڵمان یان خۆتان یان لە وەختێكی تر موناقەشەی بكەین، كاك سمیر كەرەمكە.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پێشنیارم هەیە لە كۆی ڕاپۆرتەكە كە خوێنرایەوە، لەگەڵ دەستخۆشی و سوپاسم بۆ وەفدی پەرلەمان، ئەم ماددەی 140 هەموو جارێك پیلان دادەنێین، من پێشنیارێك دەكەم بۆ ئەوەی بچێتە قاڵبی جێ بەجێ كردنەوە، ماددەی 140، ئێمەی كورد خۆمان بیكەینە پرۆژەی سیاسی خۆمان لە جێ بەجێ كردن دا، بە تایبەتی لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا داین و تەشكیلی حكومەت دوای ئەوە، بیكەینە پرۆژە یاسایەك، كە ئێمە پرۆژەمان نیە، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنفیز بە دەست ئێمە نیە، ئێمە لیژنەمان بۆی داناوە و ئیشمان بۆی كردووە، تكایە من گوتم غموزێك، شتێك هەبێت لەسەر ئیشی وەفدەكە بیكەن، موناقەشەی ماددەی 140 نیە، ....... .نوقتەی نیزامی كەرەمكە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی زەمیلێكم هەستا و باسی دوو ماددەی كرد، هیچیان عیلاقەی نیە بەسەر ڕادەربڕینەوە، بەس بۆ تەوزیح كردن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رجائەن لەو بابەتە دەرمەچن، دەتەوێ قسە بكەی؟ كاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ سوپاس و ڕێز دەست خۆشی بۆ وەفدەكە، من پرسیارێكم هەیە ژمارەو حەجمی ئەو عەرەب و كوردانەی كە چوونەتە دەرەوە چەند بوو و سەر بە چ لایەنێك بوون؟ ئەوە پرسیارێك، خاڵێكی تریش ئەكرا ئەو ڕاپۆرت و ئەو دەقی ڕێككەوتنەی كە خوێنرایەوە پێشتر ئێمە ئاگامان لێی بوایە، خاڵێكی تر پێم باشە ئەگەر شتی ئاوا چارەنوسساز و گرنگ هەیە، ئەگەر مومكین بێت پێشتر ڕاو سەرنجی پەرلەمانتارانی بۆ وەرگیرێ و كۆبوونەوەیەكی ئیستسنائی خێرای بۆ بكرێت، خاڵێكی تر ئەو هەموو موئامەرەیەی لەسەر كەركووك و ماددەی 140 هەیە، بەڕاستی لە كەناری ترسایە كە بەدیلی تری بۆ بدۆزرێتەوە، زەمانەت و ئالیەت چیە بۆ ئەوەی تەتبیقی بكەین و ڕێگە لەو موئامەراتە بگرین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من قسەم هەبوو، بەڵام ڕێگە نایەن قسە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، پرسیاری ئەوانەی کە دەرچوونە دەرەوە، لە وەڵامەکەی جەماعەتێك لە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پارێزگای کـەرکووك لە برا عەرەبەکان و برا تورکمانەکانی کە جاران سەر بە جەبهەی تورکمـانی بـوون، بـەس ئەقەلیـەت بـوون هـەردوولا لەگـەڵ یەکێك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، برایەکی عەرەب بوو ئەویش ئیتیجاهەکەی هەر بەردەوام دیارە، ئێستا کاك د.بشیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاش دەستخۆشی کردنم لە شاندەکە و خۆشحاڵیشم بەوەی کە بەم شێوە کگرتوویە لە هەموو لیستـەکان بۆ مەسەلەیەکی چارەنوسساز و ئەم شێوەیە، ئومێدەوارم بۆ ئەو مەسەلە چارەنوسسازانە و مەسەلەکانی تر ئاوا بەو شێوەیە بەیەك هەڵوێست و بەیەك رۆح و بەیەك گیان ئیشەکان ئەنجام بـدەین، ئـاوا سـەرکەوتوانە دەبین، من یەك پرسیارم هەیە، ئایا بڕیار و نەتائیجەکانی ئـەم کۆنگرەیـە و ئـەم سـەفەرە مولزمـە بەسـەر ئەوان و بەسەر بەغدا یان بەس ڕوونکردنەوەیەکە و ئاڵوگۆڕی مەعلوماتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەس پێشـنیارە و زیـاتر هیچـی تـر نیـە، ئـەوان محاوەلـەیان دەکـرد شـتێکی یاسـایی دروسـت بکـەن کـە پەرلەمانی عیراق ئەگەر بچێتە ئەوێ و بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە ئەقەلیەتین لەوێ، یەعنی محاوەلەی ئەوە هەبوو ئیتیفاق بکرێت بۆ ماددەی 140 و ئەو کێشانانە ببردرێتە ئەوێ و بەداخەوە تا حـەدێکیش خـەریك بوو ناجیح بن، بەڵام شاندی پەرلەمانی کوردستان دەورێکی ئەساسـی هـەبوو و ئـەو ڕێگەیـەی گـرت، تکایـە ئەگەر پرسیاری تر هەیە، کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە شاندەکە دەکەم و پـێم وایـە هـەموو لایـەك ئەهمیـەتی مـاددەی 140 دەزانـین و جـارێکی تریش لە پەرلەمان تەئکید لەوە کراوە کە پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی تایبەت لە پەرلەمان بۆ ماددەی 140 دابندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ پێشنیارەکەت دەست خۆشیت لێ دەکەم، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ناوی ئەو خوێندکارە کوردە ئەگەر بکرێت بۆ ڕێزگرتن لێی لە پرۆتۆکۆڵ بمێنێتـەوە، تەسـەور دەکـەم شتێکی باش بێت، ئەگەر لەلاتان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.ئەرسەلان فەرمووو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز/جێگری سەرۆك پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەمە خوشكێكە بەناوی شەهلا تەڵەبەی دكتۆرایە لە جامیعەی بۆستن، ئەو پرۆفیسۆرە سەرپەرشتیاریەتی، بەڵام هەم وەكو چاو ساغیەك و هەم وەكو كەركووكیەك دائیمەن لەگەڵیان بووە، بە تایبەتی بۆ ئەو مەسەلەیە، تەنانەت داوایان لێ كردووە لە پەرلەمانی عیراقی كە ببێت بە موستەشاری سەرۆكی پەرلەمانی عیراقی بۆ كاروبارەكانی كەركووك، بەڵام خۆی خەریكی خوێندنە و بۆیەش پێویست بوو ناوی بهێنین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ئێستا بۆ خاڵی دووەم، پێشكەش كردنی ڕاپۆرتی شاندی ........ . بەڕێزان پێش ئەوەی بچینە خاڵی دووەم، ئەم بەڕێزانە بچنەوە جێگەی خۆیان، ئەوەی كە لە شاندی دووەم نەبوو، شاندی تریش با كەرەمكەن و بێنە ئێرە، بەڕێزان تەفاسیلی ئەو وەفدە دێتەوە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، هەریەكێك بۆ ئەرشیفی خۆتان و لەسەر سایدی پەرلەمانی كوردستانیش بە دوورو درێژی بڵاودەكرێتەوە، خاڵی دووەم: پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغدا دەربارەی گفتوگۆكانی پەیوەندار بە یاسای هەڵبژاردنەكان، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەغدا، بۆ پشتیوانی نوێنەرانی كوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ڕۆژانی 5 – 7 /2009/12 .

یەكەم: یاسای هەڵبژاردنەكان لە 2009/11/8 پەسەند كرا، لێرە لە پەرلەمانی كوردستان هەڵەكان و ئەو ناهەقیانەی دەست نیشان كران كە بەرامبەر پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان كراون و داوا كرا كە گشت سەرۆك لیست و كتلەكان و نوێنەری نەتەوەكان كۆببنەوە، ئەوە بوو لە دانیشتنی سەرۆك لیستەكان دوو یاداشتنامە درایە هاوپەیمانی كوردستانی و لیستی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە بەغدا و دواتر پەرلەمانی كوردستان لە بەغدا دانیشتنی ئەنجام داو هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش كە لە دەرەوەی وڵات بوو بە بەیاننامەیەك هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند كە دەبێت ناحەقی لابیرێت و لە كوردستانیش بە گشتی لەلایەن تەواوی پێكهاتەكانی ناو پەرلەمان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە پشتیوانی لێكرا، دواتر ئەوە بوو لە بەغداش تارق هاشمی یاساكەی ڤیتۆ كرد، دووەم: یاساكە گەڕایەوە ئەنجومەنی نوێنەران و دووبارە هەموار كرایەوەو نێردرایەوە بۆ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، لەگەڵ ئەوەی یاساكە كەموكورتی، ناعەدالەتی تێدا بوو، بەڵام لە پرۆژە یاسای هەمواركراوی یەكەم باشتر بوو، خاڵی

سێیەم: هێشتا یاساکە لە ئەنجومەن و سەرۆکایەتی نەگەڕابوەوە دووبارە بەڕێز تارق هاشمی بە تەمای ڤیتۆ کردنی بوو، بەڵام ئەگەر پرۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار ڤیتۆ بکرابایەوە دەگەڕایەوە ئەنجومەن و پێویستی بە 168 دەنگ هەبوو تا ببێتە یاسا، خۆ ئەگەر 165 دەنگیان بە دەست نەهێنا با ئەوا یا دەبووە یاسا، یا گەڕانەوە بۆ یاسای ژمارە 16ی ساڵی 2005، خاڵی چوارەم: هێشتا تەواوی پرۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەگەڕابووەوە ڕێکەوتنێك لە نێوان  برا شیعە و سوننەکان و یۆنامی ئەنجام درا بۆ دابەش کردنی کورسیەکان، پاشان ڕێککەوتنامەیەکیان دا بووە نوێنەرایەتی هەرێم، ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە ڕێککەوتنەکەیان گەیاندە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لابەلاش گەیشتبووە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام نەك بە فەرمی، وە ناعەدالەتیشی تێدا بەرچاو بوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێم داوای کرد ئەو پرۆژە یاسایە بە وردی دیراسە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك پێکهات لەسەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و شارەزا لە بواری ئامار و کاروباری هەڵبژاردن، دوای دیراسەی وردبین دەرکەوت ئەو پرۆژەیە نادەستووری و  نایاساییە و لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دا نیە، وە لە کاتی ئامادەکردنیشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بە هەند وەرنەگیراوەو پێشتر ئامادە کراوەو ئینجا سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لێ ئاگادار کراوەتەوەو پەرلەمانی کوردستانیش داوای لە یۆنامی کرد پرۆژەکە بنێرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام نەی نارد، بۆیە داوا لە هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرا بە فەرمی ڕەدی بکەنەوەو بە نادەستووری و نایاسایی لە قەڵەمی بدەن، یا یاساکە ڕێگەی سروشتی خۆی بگرێتە بەر یان یاسا وەلاوە بنرێ و ڕێکەوتن بکرێت، دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ نوێنەرانمان لە بەغدا و دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر داوای ڕێزدار سەرۆکی هەرێم بە گرنگ زانرا وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بچێتە بەغدا و شارەزایانی ئاماریان لەگەڵ دابێت و لە بەغدا هەماهەنگی تەواو بکات لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەران، وە ڕێزدار سەرۆك کۆماریشی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ وەفدی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکرا و بە سەرۆکایەتی د.کمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی وەفدەکەش لەم بەڕێانە پێکهات بوون:

بەڕێز د.کمال کەرکووکی سەرۆکی شاند، سالار محمود لە لیستی کوردستانی، د.شاهۆ سعید لە لیستی گۆڕان، عمر عبدالعزیز لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، د.احمد وەرتی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی، عبدالله حاجی محمود لە لیستی سۆسیالیست، یشار ئاڵتی بەرماغ لە لیستی تورکمانی، شێردڵ تحسین لە لیستی تورکمانی، امیر گوگە لە لیستی کلدان، سریان، ئاشوور، وە هەروەها چوار ئەندام کە شارەزا بوون لە بواری ئامار و هەڵبژاردن، ئەوە پوختەی ڕاپۆرتەکەیە تەنها کاتی دوا بڕیار کە درا باقی تری وابزانم لای برادەرانی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاك شاهۆ فەرمووو.**

**بەڕێز د.شاهۆ سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە وەکو وەفدی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 12/6 هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانمان بە فەرمی دا بە یۆنامی و بە ئەمریکیەکان و بە هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەگەڵ لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئێمە ئەو هەڵویستەمان بە عەرەبی نووسی، مەبەستمان ئەوە بوو کە دەست بەجێ هەڵویستی پەرلەمانی کوردستان بگاتە یۆنامی و ئەمریکیەکان نەبادا بیانووی نەبوونی وەرگێڕی زمانی کوردی ببێتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستی ئێمە درەنگ بگاتە بەڕێز ئەدمێڵ کەرت و کریستۆفەر هێڵ سەفیری ئەمریکا لە بەغدا، ئێستا دەقی ئەو هەڵوێستەتان بۆ دەخوێنمەوە:**

**موقف برلمان كوردستان حول حصص المقاعد الموزعة حول المحافظات الثلاث (اربيل، السليمانية، دهوك) بالمقارنة مع الانتخابات 2005 ، استنادا الى جلسة البرلمان الكوردستانى فى 15 من تشرين الثانى 2009 حول تعديل القانون رقم 16 انتخابات مجلس النواب العراقى حيث اجمع ممثلي شعب كوردستان مع ضرورة توزيع المقاعد على جميع المحافظات العراقية بشكل عادل، يعلن وفد برلمان برئاسة السيد رئيس البرلمان وعضوية رؤساء ممثلى الكتل البرلمانية الى بغداد موقفه التوضيحى الاتى:**

**اولا: فى انتخابات 2005 و من مجموع 275 مقعد تم توزيع 230 مقعد على محافظات العراق، وكانت حصة محافظات الاقليم من هذا العدد 35 مقعدا والتى تعادل نسبة 15 فاصل من 22٪.**

**ثانيا: وبعد ذالك خصص 45 من المقاعد التعويضية كمقاعد وطنية على اساس ان العراق دائرة انتخابية واحدة وحصلت محافظات الاقليم على 7 مقاعد، النسبة التى تعادل 15 فاصل، 56٪ من المقاعد التعويضية. والان تتم اعادة توزيع 29 مقعدا من المقاعد التعويضية على المحافظات العراقية، ومن ضمنها يتم توزيع 7 مقاعد من المقاعد التى حصلت عليها محافظات الاقليم الثلاث، اذن فان مجموع مقاعد اقليم كوردستان فى سنة 2005 كان يعادل 42 مقعد من المجموع الكلى 275 مقعد، والذى يعادل نسبة 15 فاصل 27٪.**

**ثالثا: وفى حال اضافة نسبة 11 مقعد الى مجموع 275 مقعد والتى تم اضافتها لبعض المحافظات بقرار من المحكمة الاتحادية فى 2005 تكون حصة الاقليم من مجموع 286 مقعد هى 42 مقعد، ومن ضمنها المقاعد التعويضية وتبلغ نسبتها 41 فاصل 69٪.**

**عندها يجب تخصيص 48 مقعد على هذا الاساس لمحافظات الاقليم للاحتفاظ بالنسبة التى تم تخصيصها فى سنة 2005.**

**وفد برلمان كوردستان الى بغداد 16من كانون الاول 2009، الموقعون/عمر عبدالعزيز عن كتلة الاتحاد الاسلامى الكوردستانى، شێردل تحسين محمد عن قائمة اربيل التركمانية، الدكتور شاهۆ سعيد عن قائمة التغيير، عبدالله حاج محمود عن كتلة الحزب الاشتراكى، على قادر عبيد، يشار نجم الدين نورالدين عن قائمة الحركة الديمقراطية التركمانية، امير گوگە يوسف، عن قائمة مجلس الشعب السريانى، الاشورى، الدكتور احمد**

الورتى عن قائمة الحركة الاسلامية - كوردستان، سالار محمود عن القائمة الكوردستانية، الدكتور كمال كركوكى رئيس برلمان اقليم كوردستان، اللجنة المرافقة طارق جوهر عولا، كريم حسن رحمن، د. صاحب قارمان.

**بەرِیز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویستە لێرە ئیشارەت بکەین، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندیمان کرد بە بەرپرسەکەی کە لە دەرەوە بوو، بەڵام پاشان بەڕێزانی تر لە ڕوویەکی تەکنیکیەوە لەبیرمان چووە و ئەوە نەبوو عەمدی بێت، چونکە شەو بوو زۆر بەپەلە دوای سەعات 11 ئەندامی وەفدەکان ئامادە کران، بەیانی 6,30 دەبوو لە مەتار بین، لەوێش بیرمان هاتەوە کە ئەو فەراغە هەیە، محاوەلەمان کرد کە پەیوەندی بکەین، بەڵام بەم دەم و دەستە بڵێین بێن و کێ بێت، من بڕیارم دا خۆم ببمە نوێنەریان لەوێ، دڵنیایان دەکەینەوە هیچ مەسەلەیەك نەبووە و تەرەفێك نەبووە، زۆریش بەسوود دەبوو ئەگەر ئەو بەڕێزەش لە گەڵمان بایە، دوو بەڕێزی تر کە ئامادە نەبوون یەکێك دوور بوو و لە سلێمانی بوو و شەو درەنگ دوای 11 کە پەیوەندیمان پێیەوە کرد ئەویش فەرمووی ئێوە برایانە لە جیاتی منیش بن، بەڕێزێکی تریش گوتی کاك یونادم کنا لەوێیە پێویست ناکات من بێم، دەنا ئەوەی تر محاوەلەمان کرد بە عام لەوێ بن، وە تەواجودیان هەبوو، سوپاس، ئێستاش کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی، کاك احمد فەرمووو.

**بەڕێز احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئەوەی کە د.شاهۆ خوێندیەوە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان بوو لە بەغدا لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم کە ئێمە لەگەڵ سەفیری ئەمریکا و نوێنەری یۆنامی و هەروەها لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی و لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەران باسمان لێی کردن و سوور بووین لەسەر ئەو هەڵوێستە، دوای ئەو گفتوگۆیە چڕوپڕانەی کە وەفدی پەرلەمان لە بەغدا ئەنجامی دا، ئەو مشتومڕە زۆرەی کە لەسەر یاساکە هەبوو پاشان دواجار کە دەنگ درا لەسەر یاساکە بەو ڕێژەیە هات کە 43 مەقعەد بۆ هەرسێ پارێزگاکە هەڵبەتە بە دووی تەعویزیەوە، پاش گەڕانەوەی وەفدی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2009/12/9 وەفدەکە کۆبوونەوەی خۆی کرد لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان، هەڵوێستی خۆی لە سەردانەکە و پەسەند کردنی یاساکە دەربڕی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

وەفدی پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی پاڵپشتی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سەردانی بەغدایان کرد، بۆ ئەو مەبەستە پاش چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی و لیستی یەکگرتوو دواتر چەند دێدارێکی ڕەسمی کە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق، وەفدی پەرلەمانی کوردستان لە وەرەقەیەك دا سەرنجی خۆیان لەبارەی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش بە بەرامبەرەکان کرد، لایەنی کەم عەدالەتی تێدا پارێزراو بێت، وە بەشی

کورسی پارێزگاکانی هەرێم بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، لایەنی بەرامبەریش پرۆژە یاسای خۆیان خستە بەردەم وەفدەکەمان، بەڵام وەفدی پەرلەمان ڕازی نەبوون بە ناوەڕۆکی پرۆژەکەی ئەوان، لەبەرئەوەی لەگەڵ داواکانی ئێمە یەکی نەدەگرتەوە، دوای وتوێژێکی چڕوپڕ لە نێوان وەفدی پەرلەمان و لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی هاوسەنگی وا بە باش زانرا مرونەتێکی سنووردار بنوێنرێت بەرامبەر بە چەند داواکاریەك لەوانە: یەکەم: پشتیوانی لە دەستووری عیراق، دووەم: جەخت کردنەوە لەسەر جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 و چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، سێیەم: سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاری کراودا کە لە ساڵێك تێ پەڕ نەبێت، چوارەم: کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی، لایەنە پەیوەندارەکان داواکاریەکانیان قبوڵ کردو پاش پێداگیری وەفدی پەرلەمان بەڵێنی جێ بەجێ کردنیان بە نووسین داو وتەبێژی کۆشکی سپی لە ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمی دا ئاماژەی بەو خاڵانەی سەرەوە کرد، جیاوازی بۆچوون لە دەستەواژەی مرونەتی دیاری کراو دا هەبوو، بەڵام لە کاتی دەنگدان لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەرامبەر ئەو بەڵێنانە کە بە خەڵکی کوردستان دران، واتە لەلایەن ئەمریکاوە دەنگی بە پرۆژەکە داو ، هەرچەند لە ئاستی پێداگری وەفدی پەرلەمانی کوردستان دا نەبوو، سەبارەت بە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق کە لە 2010/3/6 دیاری کرابوو وەفدی پەرلەمانی کوردستان ڕەخنەی لەو بەرواره گرت و داوای کرد ئەو ڕۆژە بگۆڕدرێت، چونکە ڕۆژێکی تاڵە لە مێژووی گەلی کوردستان دا کە هاوکاتە لەگەڵ ڕێککەوتنامەی جزائیر، بۆیە لەسەر داوای وەفدەکان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار ڕۆژی 2010/3/7 ی وەك ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دیاری کرد، لەمیانەی سەردانەکانی وەفدی پەرلەمان بۆ لای سەرۆکایەتی کۆمار و هەردوو جێگرەکانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و سەرۆکایەتی پەرلەمانی عیراق و هەردوو جێگرەکانی نێگەرانی وەفدەکەیان بەرامبەر کەم بوونەوەی کورسی پارێزگاکانی هەرێم دەربڕی و داوایان کرد کە هەموو لا هەوڵ بدەن بۆ جێ بەجێ کردنی بەڵێنەکان، ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی کوردستان دراون، دیارە سەرۆکی پەرلەمان و شاندەکە کە پێشتر ناوەکانیان خوێندراوە تەوقیعیان لەسەر ئەم بەیانە کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی هاوکارانم ئاماژەیان پێکرد، تەواو و دروستە، بەڵام من ئەمەوێ چەند خاڵێك ڕوون بکەمەوە لە ڕاستیدا، دیارە ڕۆیشتنی وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە پەرلەمانی کوردستان لە (11/15) تایبەت بەو مەسەلەیەی سازی دابوو، لەسەر ئەساسی تێڕوانینی ئێوەی بەڕێز و بیرو بۆچوونەکانتان سەبارەت بەو یاسایە و گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان،

یان نەگەڕانەوەی، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کە ئاگادار کراینەوە، ڕۆیشتین، بە تێڕوانینێکی ڕوونەوە و هەموومان هاوکۆك بووین لەسەر ئەوەی کە ڕێگە نەدەین غەدر لە پێگەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، سەرەتا ئێمە کە ڕۆیشتین لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان کۆبوونەوەمان کرد، هەروەها بەڕێزانی لیستی یەکگرتووش، چونکە ڕاستە ئێمە وەك وەفدێکی ڕەسمی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ڕۆیشتووینەتە ئەوێ، بەڵام مەبەستی سەرەکیمان بۆ پشتیوانی بووە لە هەوڵەکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق، واتا دڵسۆزی، کارکردن، بیرکردنەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە دەستکەوتەوە ئەو یاسایە تێپەڕێندرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوانیش هاوکار و تەبا بووین، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە تێڕوانینێکی وازح هەبوو بۆ ئەوەی بتوانین بە یەك تیم کار بکەین، خاڵێکی تر، ئەوەی پەیوەندی بە وەفدەکەی ئێمە هەبوو، لەڕاستیدا ئێمە زیاد لە دانیشتنێك لەگەڵ سەفیری ئەمریکی کریستۆڤەر هێل و نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق دانیشتین، ئەوان ئیصراریان دەکردەوە لەسەر ئەوەی ئەو پرۆپۆزۆنەی کە ئامادە کراوە لەلایەن یۆنامی و لایەنەکانی ترەوە کە زۆربەی داواکارییەکان کە بۆ قبوڵکردنی لەسەر ئێمە وەستابوو، وەکو هاوپەیمانی کوردستان، وەك نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا، بەڵام وەکو بەڕێزان ئاماژەیان کرد ئێمەش پرۆژەی خۆمان هەبوو، خستمانە بەردەست، دیارە ئەوان نە بە پرۆژەی ئێمە ڕازی بوون، نە ئێمەش بەوە ڕازی بووین، دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ تێگەیشتین کە لەڕاستیدا فشار هەیە، فشار هەیە لە ئاستی باڵا بۆ ئەوەی یاساکە تێپەڕێندرێ، ئێمە تێگەیشتین لە لایەکی ترەوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەوەی پەیوەندی بە ڤیتۆکردنی بەڕێز طارق هاشمیەوە هەیە بەجۆرێك لە جۆرەکان زەمانێکیان وەرگرتبوو، بۆیە دەیانویست تۆپەکە لە ساحەی طارق هاشمیە لە ئەساسدا، بیخەنە ساحەی ئێمە، بۆ ئەوەی لە نەتیجەدا ئەو فشارەی بێتە سەر، لە ڕاستیشدا زەمەن بۆ کۆتایی پێهێنان لە تەوقیتی ڤیتۆکردن و ڤیتۆ نەکردنی تەوقی بۆچوونەکانی ئێمەی کردبوو، بۆیە دەرکەوت ئێمە توانیمان زەبتی نەفسی خۆمان بکەین، ڕاستە هەندێ جار کورت کردنەوەی زەمەن جۆرێك لە تەرحە عەقلانیەکان کورت دەکاتەوە، بەڵام ئێمە ئیصرارمان کرد لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەبێ لەسەر مافەکان بوەستین و نەهێڵین ناعەدالەتی هەبێ، بۆیە تەئکید دەکەمەوە کە فشار هەبووە لەسەر هەموو لایەنەکان و، ئایا ئێمە گوێمان داوەتە ئەو فشارانە؟ نەخێر، بۆیە لە نەتیجەدا یاساکە تێپەڕی و نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستانیش لەو مەسەلەیە نیگەران بوون، بەڵام وەکو ئاماژەم بۆ کرد، ئێمە بۆ ئەوەی نەبینە باعیسی تێنەپەڕاندنی یاساکە، چونکە ئەگەر یاسایەکە بگەڕایەتەوە، ئێمە هەوڵمان بدابایە ڕەتی ڤیتۆکەمان بکردبایە بە (125) دەنگ، بێگومان پەیدا دەبوو، بەڵام دواجار شتێك هەیە پێی ئەوترێ (خەرقی مەبدەئی تەوافوق)، دەبوو بە خەرقی مەبدەئی تەوافوق، چونکە ئێمە وای دەبینین کە مەبدەئی تەوافوقی سیاسی لە عیراقدا و لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراقدا، وایکردووە ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون لەسەر ئەو ئەساسە بێ نەك لەسەر ئەساسی ڕەقەم و ژمارە، ئەوە تەبریر بۆ ئەوە نیە کە ڕەقەم و ژمارە و پێگە و کورسی گرنگ نەبێ، بەڵێ رەقەم و کورسی و ژمارە گرنگن و تا زۆر بن تۆ ئەتوانی پێگەی

سیاسی خۆت لەناو مەبدەئی تەوافوقیش دا بپارێزی، هەروەها گەڕانەوە بۆ یاسا کۆنەکە، ئەو کات بە دڵی زۆر لایەن نەدەبوو، بە ئێمەشەوە، چونکە بە قائیمەی داخراو دەبوو، چونکە گەڕانەوە بوو بۆ ئەو کورسیانەی کە لەو پرۆژە کەمتر هاتبوو، خاڵێکی تر کە پێویست دەکات ئاماژەی پێبکەین، لەڕاستیدا بۆ ئەوەی دەچێتە بەغدا، لە ڕوو مەسەلەکان دەبینێت، تێڕوانینەکان دەبینێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان تێڕوانینی وازح تر دەبێ، چونکە دۆخەکە لەوێ دۆخێکی زۆر ناهەموارە، تۆ دواجار بەرامبەر عەقلیەتێك مامەڵە دەکەی، کە بەڕاستی عەقلیەتێکە کەمترین تەفەهومی دایەلۆگ و تێگەیشتن لەو مافانەی کە تۆ هەتە ئیستیعاب دەکات، بەڕێزانیش لەوێ ماندووبوونی خۆیان کردووە، ئێمە ناڵێین کەم تەرخەمی نەبووە، بەڵێ کەم تەرخەمی هەبووە، بەڵێ ئێمە فەراغی زۆرمان هەیە لە دام و دەزگاکانی تەنفیزی، دائیرەکان و ئەو هەیئاتانەی کە پەیوەندییان بە ماددەی (140) ی دەستورییەوە هەیە و، هەروەها حزووریش لەناو پەرلەمانی عیراق دا، ئێمە تێبینیمان لەسەر هەبوو لە شەڕێکی ئاوادا، یەکێك لە حەجە، یەك نازانم نەخۆشە، یەکێك لەماڵەوەیە، ئەم حیسابانە ئەبێ ئێمە بەڕوونی تیشکی بخەینە سەر، من ئەمەوێ خاڵێك بۆ مێژوو بهێڵمەوە، دوای ئەوەی کە یاساکە تێپەڕێندرا، ئێمە بۆ ئەوەی نیگەرانی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بگەیێنینە دەزگاکانی کۆمار، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی وەزیران، چووینە لای بەڕێز مام جلال، ئەو ڕۆژە کە دیارە زنجیرەیەك تەقینەوە کرا، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیدانەی ئەو تەقینەوەی کرد، نیگەرانی خۆی پێشان دا، چووینە لای جەنابی مام جەلال، ئەو لەحزەیەی لەوێ بووین تەقینەوەیەکی زۆر گەورە ڕووی دا، ماڵی سەرۆك کۆمار و پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار وەك شەقشەقە ئەلەرزی، بۆیە لەو تێڕوانینە، لەو لەحزەیەی کە کەسێك ئەچێتە بەغدا، تێدەگا کە خەڵك لە کۆشکی شاهانە دانەنیشتووە، ئەوان وەك پادشا لێی نەخەوتوون، بەڵکو لە پێناو مەسەلەیەك لەوێن، ئەگینا وەزعی بەغدا ئارام نیە، ئەگینا وەزعی بەغدا زۆر موهەیەء نیە بۆ ئەوەی بتواندرێ تەمەتوع بە هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتیەوە بکرێ، بۆیە من وای ئەبینم بوونی ئێمە، بەردەوامی ئێمە، چ وەکو پەرلەمانی کوردستان، چ وەکو حکومەت، چ وەکو سەرۆکایەتی هەرێم، چ وەکو هێزە سیاسیەکانی تر لە بەغدا زۆر زۆر گرنگە، بەڵگەی تر ناهێنمەوە، تەنها بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنمەوە کە ڕۆژی (3/6) کە هاوکاتە لەگەڵ ڕێککەوتنامەی جەزائیر، دانرابوو بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی تێدا بکرێ، بەڵام بە داواکاری و ئیصراری وەفدەکە تواندرا ئەو ڕۆژە بگۆڕدرێ بۆ (3/7) کە ڕۆژێکی گرنگە، ئەکەوێتە ناو یادەکانی ڕاپەڕین، بە تایبەتی شاری سلێمانی، بۆیە لەناو گفتوگۆکانیشدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەگەڵ وەفدەکە ئیقرار کرا کە نوسینگەیەك لەناو پەرلەمانی کوردستان دا بکرێتەوە، یان ژوورێکی عەمەلیات بکرێتەوە، پەیوەست بەهەر مەسەلەیەکی هاوشێوە یان مەسەلەی تر، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەماهەنگیمان هەبێ، وەکو یەك تیم کار بکەین، کاتێك وەفدێك دەچێتە جێگایەك بۆ داکۆکی کردن لە مافەکان، یان بەدەستهێنانی چەند مافێك، بەڕاستی کەرەستەی زانستی یان ئامار یان بەڵگەی پێویستی لەبەر دەستدابێ، بۆ ئەوەی بتوانی تۆ لە شەڕەکانت سەرکەوتوو تر بیت، ئێمە مرونەتمان نواند، لە چوارچێوەی گفتوگۆ و لە چوارچێوەی

دانوستان دا، شتێك نیه، یان هەموو، یان هیچ، ئەمە مەنتیقێکی کۆنە، هەندێ جاری مەنتیقی هێزی باڵاش لە دۆخێکی ناهەموار دا ئەوە ئەسەپێنێ، بەڵام ئێمە ئەو هێزەمان نەبوو کە هەمووی بسەلمێنین، بێ هێز نین، بەڵام هەر ئەوەندە ئەتواندرێ ئیصرار بکرێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە داکۆکی کردنەوە هەبوو هەموو ئەندامانی وەفدەکە لەگەڵ ئەوە بوون داکۆکی بکرێ، هەندێك لە ئەندامانی وەفدەکە ڕازی نەبوون ئەصڵەن هەر مروونەت بنوێندرێ، کە باس لە کورسی دەکرا دەیگوت من ئامادە نیم بە قاچە کورسیەك تەنازوول لەو مەسەلەیە بکرێ، بۆیە بڕیار درا کە مروونەتێك بنوێندرێ لە بەرامبەر ئەوەی کە سەفیری ئەمریکی، هەروەها نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێمەیان قبوڵ کرد، ئەویش داواکارییەکان بریتی بوون لەوەی کە بەڕێز د. أحمد لە وتارەکەی خۆی دا خوێندییەوە، بۆیە من لە دوا ئاکام دا، ئەوەی پەیوەندی بە یاسای هەڵبژاردنەکەوە هەبوو، خەلەلی گەورە ئەوە بوو لە عیراقدا ئامارێکی گشتی نیە، نەبوونی سەرژمێری گشتی وایکرد هەندێ خاڵ بە ناسروشتی لەڕێگەی کۆبۆنی خۆراك و لەڕێگەی ئیستیغلال کردنی پێگەی وەزارەتی تیجارە، هەندێ ژمارە لە پارێزگاکان بۆ خۆی زیاد بکات، ئێمەش بەڵگەیەکی ئەوتۆ، قوەتێکی ئەوتۆمان لەبەردەست نیە، ئەو داتا و ئامارانە ئیلغا بکەینەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، ئەو کورسیانەی بۆ دانرا و زیاد کران، حاڵەتێکی سروشتی بووە، ژمارەیەك بووە کە لە لایەن ئاماری سلێمانی و هەولێر و دهۆکەوە ڕەوانەی وەزارەتی تیجارە کراوە، دواجار من دەمەوێ سوپاسی یەك هەڵوێستی و یەك دەنگی وەفدەکە بکەم، هەرچەندە لە دڵسۆزی وای کرد هەندێك جار ئێمە هاوکۆك نەبین لە هەندێ محەتەدا بۆ دواجار ئیصرارکردنەوەکە لەسەر ئەساسی دڵسۆزی بوو، هەموومان هاوڕا بووین لەسەر ئەوەی کە مروونەت بنوێندرێ، بەڵام مروونەتەکەش مەحدود بێ، چونکە کات نەما، دواجار ئێمە کەوتینە بەر تەوقی زەمەن لەسەر ئەساسی ئەوە کە پەیوەندی کرا بە بەڕێز  سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بەڕێز کاك مەسعود خۆی بە بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی وەفدەکەی ئێمە هەبوو، ڕێنماییەکان و تێبینیەکانی، ئاراستەی کارکردنی وەفدەکەی ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە بووە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاگاداری ورد و درشتی دانیشتنەکان بووە، دوا نەتیجەش کە هاوپەیمانی کوردستان چوونەتە ژوورەوە، بە ئاگاداری بەڕێز سەرۆکی هەرێم و لایەنەکان بووە و ئەو یاسایە ئیقرار کراوە، جا کەمە؟ زۆرە؟ ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئەوەی پەیوەندی بە داکۆکی کردنەوە هەبووە ئێمە درێغیمان نەکردووە، لە نەتیجەش هەر ئەوە کەوتەوە، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، من سەرەتا زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەو هەڤاڵانە دەکەم لە وەفدەکە، کە بە گیانی برایەتی و مەسئولانە مامەلەیان لەگەڵ ئەو مەسەلەیە کرد، کە لە بەغدا بوو، من ناچمە سەر ئەو بابەتانەی کە لە ڕاپۆرتەکان دا تێپەڕین، بەس ئەوەندە عەرز دەکەم، باسی دوا ساتەکان دەکەم، چونکە ئەمە مەسئولیەتێکی تاریخیە، ئێمە لە دوا کۆبوونەوە کە لە نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و وەفدی پەرلەمانی کوردستان دا، تێبینی ئەوەمان هەبوو کە ئەو ڕاگەیەندراوەی کە لە لایەن کۆشکی سپییەوە هەیە، بەڕاستی ئەوە نەبوو کە پەرلەمانی کوردستان دەیویست، یان وەفدی پەرلەمانی کوردستان دەیویست، هەرچەند ئێمە بەڕاستی پێداگریمان وایکرد، سەرەتا بەڕێزان دەزانن کە دەیانویست لە سەفارەتەوە نووسراوێك بنووسن، ئێمە وتمان شتی وا قبوڵ نیە، دوایی وتیان لە خارجیەوە، وتمان هەر ناکرێ لە خارجیە، تا گەیشتە کۆشکی سپی، بەڵام کە ڕاگەیەندرا، بەڕاستی باسی ئەمە بۆ مێژوو پێویستە بوترێ، واقیع و ڕاستیەکان بۆ خەڵك ڕوون بکەینەوە، باس لە ڕابردوو دەکات کە دەڵێ: پشتیوانی لە گەلی عیراق کردووە، ڕێزی لە دەستوور و ماددەی (140) گرتووە، ڕێزی لە (142)ش گرتووە، دەڵێ باسی کەرکووکی کە تێدایە ماددەی (140)، هەروەها ئاماژەیەك دەکات کە بەردەوامن لە پشتیوانی لە گەل و حکومەتی عیراق، هاوکاری خەڵکی عیراقیش دەکەین، حکەمەتی عیراق بۆ سەرژمێری، هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، ئەوە هەموو ئەو ناوەڕۆکەیە کە لە لێدوانی ڕەسمی کۆشکی سپی هاتووە، بۆیە بۆ تەئریخ دەبێ ئەمە باس بکەین کە جیاوازییەکی ڕاو بۆچوون هەبوو لەسەر دەستەواژەی مرونەتی مەحدود، ئەصلی کێشەکە ئەمەیە کە ئێمە ئیتیفاقمان کردبوو لەسەر مرونەت، بەڵام سنووردار بێ، کە باس هاتە سەر ڕێژەی کورسی و یان ژمارەی کورسی، ئێمە داکۆکیمان کرد، ئێمە باسی وەفدی نوێنەری یەکگرتوو لە ناو وەفدەکە دەکەن لەگەڵ برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەغدا لەو مەجلیسە فراوانە کە هەر سێ لا کۆبببووینەوە، تەحەفوزمان دەربڕی لەسەر ئەو ژمارەیە، وتمان ئێمە لەگەڵ ئەو دابەزینە نین لە ڕێژەکە، ئەمە بۆ تەئریخ دەبێ بوترێ، ئەوەی کە صەدایشی لە ناو ئیعلام هەیە ئەو بەشەیەتی، وە ئیللا بەڕاستی وەفدەکە هەموو پێداگرییان کرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکیەکانیش، لەگەڵ عیراقیەکانیش، لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش، تەئکیدی کردەوە لێرەش لە کۆنگرە صەحافیەکەش ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو یاسایە نا دەستوریە، نا شەرعیە نا عادیلە، ئەم دەستەواژانە هەموو ئەوەی دەهێنا کە ئێمە پێداگری زیاتر بکەین، خاڵی دووەم و کۆتاییم ئەوەیە کە ئێمە ئینتیباعمان لەسەر وەزعی بەغدا، بەڕاستی پێویستە بۆ پەرلەمانی بەڕێز بڵێین، هەست دەکەین کە نا هەماهەنگییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەرێم و بەغدا، نوێنەرانمان لەوێ و لێرە، نا هەماهەنگیەکە لەو سەفەرانە دەردەکەوێ، پێویستە وەکو کاك سالار ئاماژەی پێکرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش لە سەردانێکی دا بۆ فراکسیۆنی یەکگرتوو لە بەغدا پێشنیار کرا کە نوسینگەمان هەبێ، ئۆفیسێك هەبێ، لەوێش هەبێ بۆ برادەرانی ئێرە کە دەچن، لێرەش هەبێ بۆ ئەوان کە دەگەڕێنەوە، ئەوەمان سەلماند، برادەران خۆیشیان خوا هەڵناگرێ ئەو ڕوحیەتەیان هەبوو کە پەرلەمانی

کوردستان به مەرجەعی خۆیان بزانن، لە هەندێ مەسەلەی چارەنوسساز کە پەیوەندیان بەوە هەیە، ئەوە ئالیەت و میکانیزمی ئەوێ، هەروەها بە ئەدەبیات تەواو نابێ، خاڵی دووەم، یەعنی لە مولاحەزەی ئەخیرم ئەوەیە کە بەڕاستی هەست دەکەی هەتا حەددێك خەم ساردی هەیە، من ئەوە ئەنرخێنم کە کاك سالاریش ئاماژەی پێکرد، برادەران لە بەغدا بەڕاستی ماندوون، لە وەزعێکی زۆر نا ئاساییدان، وەزعی ئەمنی تەواو نیە، زۆربەی ڕۆژ گیانیان لە خەتەرە، ئەوانە هەموویان ڕاستە، بەڵام مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، شتە چارەنوسسازەکان، گەورەترن لە گیان و ماڵ و شەخصەکان، لەبەر ئەوە کاری زیاتر، جوهدی زیاتر، هەوڵی زیاتری ئەوێ، بەو قەدەرە بەڕاستی ئیش بەڕێوە ناڕوا، ئێمە مەواقیعی حەساسمان لەبەر دەستە، ئێمە موەزەفی باش لە وەزارەتەکان دا هەن، لای بەڕێز د. کمال برادەرێك خۆی لێرە شاهێدە، کە مامۆستا زوهێر وتی: ئێمە پێنج، شەش جار تەلەفۆن لەگەڵ وەزیرێکی کورد دا دەکەین، وەڵامیشمان ناداتەوە، کە پەرلەمانتارێکی بەغدام، بەڵام وەزیرێکی تری غەیری خۆمان بە تەلەفۆنێك وەڵاممان دەداتەوە، پێویستە ئێمە لێپرسینەوە لەو حاڵەتانە بکەین، پێویستە ئەدائی برادەرانمان لەوێ مەحکەم تر بکەین، بە نیسبەت مەبدەئی تەوافوقەوە، فیعلەن مەبدەئی تەوافوق تێك دەچوو، بەڵام ئێمە قەناعەتمان وابوو لە دواساتەکان دا، تۆزێکی تر مقاوەمەمان بکردبایە، پێداگریمان بکردبایە، دڵنیام ئەمانتوانی دەستکەوتی باشترمان هەبێ، بەبەڵگەی ئەوەی کە لە چوار، پێنج قۆناغ دا هەر ئێمە بردمانەوە، هەر قسەی وەفدەکە سەری گرت، هەر لە نوێنەرێکی عادی سەفارەتێکی ئەمریکاوە کە لە عیراقە گەیشتە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، ئەو وڵاتە گەورەیە، لە نوێنەرێکی عادی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە ئەوەی کە خۆیان لەگەڵ خۆیان دا بچنە سەر خەت و موفاوەزات بکەن، ئەوە دریخست کە کورد ئەگەر پێداگری لەسەر داواکارییەکانی بکات، خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە داکۆکی لە داواکاریەکانیان بکەن سەرکەوتوو دەبن، کە مافەکانیان، داواکانیان ڕەوان، خەڵك ناتوانێ بەرامبەی مافی ڕەوا بێ دەنگ بێ، یان کەمتەرخەم بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێزعبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە برادەران ئیشارەیان پێ دا، چوونی ئەو وەفدەی ئێمە بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن بۆ بەغدا، بۆ پشتیوانی کردن لە داواکانی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی کردن لە هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەوێ، بەڕاستی کە ئێمە ڕۆیشتینە ئەوێ، تەقریبەن کات کەمی مابوو، دوو ڕێگا هەبوون، ڤیتۆکردنی هاشمی یان نەکردنی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و هاوپەیمانی کوردستانی و کوتلەی یەکگرتوو، لەگەڵ ئەو بەڕێزانە قسەمان لەسەر ئەوە کرد، ئەگەر ڤیتۆ کرا چی بکەین؟ ئەگەر ڤیتۆ نەکرا چی بکەین؟ دیارە بە حوکمی ئەوەی یۆنامی و ئەمریکا، زۆر مەبەستیان بوو ئەو یاسایە تێپەڕێنن، لە گفتوگۆ دا بوون لەگەڵ هەموو لایەك، دیارە هاشمی ڤیتۆکەی

بەكار نەهێنا، ئیستیحقاقی ئینتیخابی و تەوافوق دوو شتی تێكەڵن بە یەكتری لە عیراقدا، ڕاستە ئێمە ئەگەر بە پرۆسەی دیموكراسی و ئینتیخابی بیكەین، ڕەنگە ئەو پۆستە سیادیانە لە عیراق لەدەست بدەین، یان نەیبەینەوە، بەڵام مەبدەئی تەوافوق، وەكو ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، یەعنی لە عیراق دا بووە بە مەبدەء، كاری لەسەر دەكرێ، ئەو ئامارەی وەزارەتی تیجارە ئەوان بەدەستیانەوە بوو، بەڕاستی كردبوویان بە بنەما بۆ ئەو ئینتیخاباتە، ئێمە بەدەر لەوە شتێكی قانونیمان بە دەستەوە نەبوو كە قسەی لەسەر بكەین، ئێمە لێرە كە ڕۆیشتین، وەكو مامۆستا عمر و ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، تێڕوانینی ئێمە بۆ كورسیەكانی پەرلەمان ئەو سێ پارێزگایە لەگەڵ تێڕوانینی هەم هاوپەیمانی خۆمان لەوێ، هەم یۆنامی و ئەمریكا و لایەنەكانی تر جیاواز بوون، زۆرمان جیاواز بوو، گفتوگۆی زۆر كرا، چەند دانیشتنێك كرا، ئەتوانم بڵێم وەكو كۆنفرانسێك لە بەینی ئەم وەفدە و لەبەینی هاوپەیمانی كوردستان لەوێ، ئاخر دیراسە، یەعنی وردەكاری كرا، بیر و ڕای جیاواز هەبوو، بەڵام بەڕاستی لەبەر ئەوەی كە ئێمە لە بەغدا دەری بخەین كورد یەكگرتووە، بە یەكەوەین، یەك هەڵوێستین لە بەرامبەر داخوازییەكانی خەڵكی كوردستان، مرونەتمان نواند، بەڵام تێڕوانینی جیاواز لەو بارەوە هەبوو، ئاخیر بڕیار ئەوەبوو كە بڕیاری لەسەر درا، مەسەلەی ئەگەر ئەو یاسایە مەسەلەن كە تێپەڕی، ئەگەر ئێمە بەكەمی بزانین، لە ساڵی 2010 وا بڕیارە كە ڕاپرسیەك بكرێ، ئێمە ئەتوانین لە داهاتوو دا، ئەگەر غەدرێكمان لێ كرابێ حەقی خۆمان بیهێنینەوە، بەڕاستی جهودی ئەو وەفدە و هاوپەیمانی كوردستان و، خودی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، من بەڕاشكاوی لێرە ئەیلێم، بەرامبەر بە یۆنامی و ئەمریكا، بەرامبەر بە شیعە و سوننە، بە صەراحەت، بە جددی پێیان وتن كە خەڵكی كوردستان گەلێكی زیندووە، لە هەرێمی كوردستاندایە، ئەگەر عیراق بیانەوێ كوردی لێ بەدەر بكەن، سەركەوتوو نابن، ئێمە سازش ناكەین لەسەر داخوازییەكانی خۆمان بە هیچ عینوانێك، بەڕوونی و بە ئاشكرا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و ئەم وەفدە قسەمان لەگەڵ كردن، ڕەنگە لە زۆر لایەنیش كاریگەری هەبێ، هەتا گەیشتە بابی تەهدید، هەندێ زمانی لەهجەیی تر بەكار دەهێنن بەرامبەر بە ئێمە تاوەكو ئەوەی خۆیان دایان نابوو، كە ئێمە پاشگەز ببینەوە بەرامبەر داواكانی خەڵكی كوردستان، بەڵام پێداگری كرا، ئەوەی كە تێپەڕی و هەموومان قەناعاتمان وابوو، دوای دیراسە كردن، شتێكی قانونیمان بە دەستەوە نەبوو، لەوە زیاتر نەدەكرا، ئاخیر هەوڵ درا، ئاخیر محاوەلە كرا، بەڕاستی من بۆ تەئریخ ئەیلێم، جهودی زۆر سەرف كرا لە نێوان هەموو كوتلەكان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بە تایبەتی ڕۆڵی ئەو بەڕێزانە كە لەوێ بوون، ئەو ڕاوێژكارانە جهودی زۆریان سەرف كرد، یارمەتی ئێمەیان زۆر دا، تیمێكی باش بوون بۆ پشتیوانی و پشتگیری لە وەفدی كوردستان، من تەنها ئەوە دەڵێم: داوا دەكەم لە پەرلەمانی كوردستان كە هەماهەنگیەك دروست بكەین لە نێوان پەرلەمانی كوردستان و هاوپەیمانی كوردستان، بێ ئاگاییەك هەیە، جا كردنەوەی نوسینگە بێ، پەیوەندییەك چۆن دروست بكەین؟ من بە زەرووری دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن منیش نەختێ قسە بکەم، پاشان مەجالتان دەدەم، بەرێزان زۆر سوپاس بۆ ئەو بەرێزانەی کە وەزعەکەیان بە جوانی ڕوون کردەوە، پێویستە هەندێ شتی تریش بوترێ، چوونی ئێمە لێرە بۆ بەغدا، نەتیجەی ئەو ناعەدالەتیە بوو کە لە یاساکە بەدی کرا، ئێمە هەموو شەوانی جەژن لێرە ئێوەمان ئەزیەت نەدا، بەڵام تا یازدەی شەو، تا نۆ و نیو، 10ی شەو لێرە کارمان کردووە لەگەڵ هەندێك لە تەحالوفی کوردستانیشمان هێنایە ئێرە، ئەو خەبیرانەش لەگەڵمان بوون، یەکەم جار کە پرۆژەکە دەرچوو، ئێمە لێرە دیراسەتمان کرد، دەنگیشی بۆ درا، دەربازیش بوو، ئینسان لازمە حەقیقەت بڵێ، پاش ئەوەی بەراوردمان کرد لەگەڵ 2005 دیتمان 77 کورسی زیاد کرا، لەو 77 کورسیەی بۆعیراق کە دابەش بکرێتە سەرپارێزگاکان، (3) کورسی بەر کوردستان کەوت، دوانی بۆ دهۆك، یەکیان بۆ هەولێر، لێرە ئێمە کەوتینە جوولە، بە هەموو لایەکەوە، سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان ئاگادار کران، نامە بۆ ڕێزدار سەرۆك کۆمار و بۆ تەحالوفی کوردستانی نێردرا، هەموو دونیامان لێ ئاگادار کردەوە، ئەوەبوو ئاخیری هاتە سەر ئەوەی کە ئەو وەفدە بچینە بەغدا، یەکەم ڕۆژ گەیشتینە ئەوێ، سەرەتا برادەرانی خۆمان دیت، سەرۆکی کوتلەی تەحالوفی کوردستانی و کاك هوشیار زێباری، پاش ئەوە یۆنامی و ئەمریکیەکان خۆیان هاتنە ژوورەکەی من، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەرێز، لەگەڵ نوێنەرێکی فرە ڕەگەزەکان، زۆر زۆر لایان پەرۆش بوو کە ئەو ئینتیخابە بە هەر شکلێك بێ بکرێ، ئێمە وتمان: ئێمە هیچمان نیە، ئێمە دژی عەرەب نین، وتیان لەموصل کوردیش هەیە، وتمان مەسەلە کورد و عەرەب نیە، مەسەلە ناعەدالەتیە، نا حەقیە، دەتانەوێ (3) پارێزگا بچووك بکەنەوە بەرامبەر گشت عیراق، ئەو نیسبەیەی کە بەرامبەر گشت عیراق نیشانی دەدەی، بەراوردی دەکەین لەگەڵ 2005، گەلێك بە ناحەقی دروستتان کرد، سێ سەد هەزار کەسی غەیری عیراقی ناوی لە لیستی فۆرمی خۆراك هەیە، یەعنی بایی (3) مەقعەد کە لە مەنتیقەی موصل و شوێنەکانی تر دا، مەسەلە ئەوەیە، ڕەنگە لەو مەقعەدە بۆ کوردیش بڕوا، مەسەلە تەنها کورد نیە، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، هەولێر، دهۆك، سنورێکی ئیداری متەوازعە، ناوی فیدرالی هەرێمی کوردستانە، کە هێشتا شوێنە کێشەدارەکان یەکلا نەبۆتەوە، ئەوە لە لایەك، چی مردوو هەیە، زیندووە لەوێ، کێ چووە بۆ دەرەوە، زیندووە، لیست لەبەر دەستمانە، ماڵ هەیە بە یەك ڕۆژ هەشت منداڵی بووە، عائیلە هەیە لە موصل بە یەك ڕۆژ هەشت منداڵی بووە، عائیلەش هەیە لە ناو هەرێمی کوردستان کار دەکات، نان دەخوات، ئیش دەکات، قسە دەکات، ناوی لە هیچ لیستێك دا نیە، وتمان ئەوە ناعەدالەتیە، ئێمە قبوڵ ناکەین، شەو کە چووینە ماڵی (ئادملکێرت) نوێنەری بانکیمۆن، سەفیری ئەمریکا و گەورە ڕاوێژکارەکانیان لەوێ بوون، نوێنەری فرە ڕەگەزەکان لەوێ بوو، وەفدی پەرلەمانی کوردستانیش لەوێ بووین، یەکەم قسە پێیان وترا، وتمان ئێمە لە ماڵی نەتەوە یەکگرتووەکانین بەڵام ناتوانین بە کوردی قسە بکەین، ئەویش ناعەدالەتیە، بۆیە کەوتنە پەلە، ناردیان موتەرجیمێکی کوردی هات، تەوەقوع دەکەم هەموو جار و جارێکی تریش ئەوە بکەن، یەعنی بە کوردی بتواندرێ لەوێ زۆر بەڕاشکاوی قسە بکرێت، هەتا گەیشتە ئەوە پێیانمان وت: ئێوە باسی دیموقراتی دەکەن، وتمان ئەوەی ئێوە هێناوتانە، ئەوە دژی دەستورە، دژی یاسایە، دژی عەدالەتە،

ئێمە وەختێ دەمانەوێ فێری دیموکراسیەت بین، ئەمانوت دەچینە ئەمریکا، دەچینە ئەوروپا فێر بین، ئێستا نازانین، سەرمان لێ شێواوە بۆ کوێ بڕۆین، ناعەدالەتی لای ئێوە هەیە، لای کەس نیە، شارێك وەك سلێمانی (0٪) زیادی کردووە لە بن ئەوەش دوو سەد هەزار کەسی کەمە، موصل جیرانی ئێمەیە، عادات، تەقالید،حالەتی ئیجتیماعی، (63٪) زیادی کردووە، بۆ ئێوە ئەو ناعەدالەتیەتان قبوڵ کرد، أمم متحدة، ئەمریکا، ئێوە بە خۆتان دەڵێن عادیلین، کوا؟ بۆچی قبوڵتان کرد؟ ئێمە ئەوانەمان پێیان وت، زۆر لەوەش تەفاصیل بکەین زۆر وەقت دەبا، هیچ نەما، بە شاهێدی ئەو بەڕێزانە بەوان نەوترێ، ئەوان هەموو داکۆکیان، هەموو هەوڵیان ئەوە بوو، بە هەر شکلێك بێ، بەهەر شێوەیەك بێ ئەو هەڵبژاردنە بکرێ، پەلەیان بوو، هەتا قانیع بوون، وتمان ئیحصائیەی نفوسی عیراق لە (2005) تەقدیم کراوە، وەزارەی تیجارە تەقدیمی کردووە، موفەوەزییەی باڵای هەڵبژاردنەکان تەنقیحی کردووە، (27485170) کەس بووە، دوای ئەوەی فەلەستینیەکان، بیانیەکان، ئەوانی مردوونە، ئەوەی دەبڵی هەیە، قسمێکیان لێ لاداوە، ئەوە بۆتە ئەساس، ئێمە ئەوەمان قبوڵە، فەرموو وەرن (275) کورسیەکە وەکو جاران هەڵبژاردن بکەین، ئیحصا بکرێ، دوای ئیحصاکە هەڵبژاردنی تەکمیلی بکرێ، لە کوێ نوقصانی هەبێ، پڕ بکرێتەوە، قبوڵیان نەکرد، وتیان درەنگە، وتمان ئەوە بکرێتە ئەساس (2,8) ئیزافەی سەری بکرێ، ئەوەشیان قبوڵ نەکرد، ئێمەش وتمان: ئێمەش قبوڵ ناکەین، هەتا چاویان سوور دەکردەوە، وتیان ئێوە زەرەر دەکەن، وتمان: ئێمە ئێستا زەرەرمان کردووە، موسبەقەن (10) کورسیتان زیاد کردووە، ئێمە کە دەڵێین (10) کورسی، ئەو (10) کورسیەمان لە کوێوە هێناوە؟ حجمی ئەو سێ پارێزگایەی هەرێمی کوردستانی (2005)، بەراورد بە حجمی عیراقی (2005) ئەوەی لە خوارەوە زیادی کردووە، لای ئێمە لە شوێن خۆی ماوە، بایی (10) کورسیە، ئێمە ئەو (10) کورسیەمان دەوێ، ئێمە لەسەر ئەوە ئیسنادمان کرد، وتمان: ئێوە خۆتان وا زیاد کردووە، ناعادیلە، خۆشتان ئیعتیراف دەکەن، ئێمە دەزانین (50) کورسی بین، (100)یش بین، ئەو تەوازونە ڕاناگرین، چیە و چنە؟ کە دێتە مەسائیلی قەومی، مەنصەبیان لەبیر دەچێ، هەر دوو لایەن نەتەوەیەکن، ئێمەش نەتەوەیەکی ترین، ئێمە ئەوە دەزانین، بەڵام ئێمە شعور بە غوبن دەکەین، بەرامبەر ئەو غوبنە قبوڵ ناکەین، چی ئەڵێن بڵێن، نایکەین، ڕۆیشتینەوە، سبەی هاتنە ئوتێل، هەر هەموویان، سەفیر و أمم متحدة و کۆمپلیتیان هاتن، ئەو یاداشتەی کە بەڕێزان خوێندیانەوە، ئێمە تەقدیمیانمان کرد، دوای هەموو ئەو موقتەرەحانەی ئەو چوار خاڵەی کە باس کرا، ئێمە وتمان پڕۆژەکەتان نا دەستورییە، نا قانونیە، لێگەڕێن ئەوەی کە بە تەبیعی دێ، یان دەبێتە قانون یان نابێ، ئەگەر (165) دەنگی هێنا دەبێتە قانون، ئەگەر نەیهێنا دەچینەوە یاسا کۆنەکە، ئەیانوت: یاسا کۆنەکەش ئیحتیماله قبوڵ نەکرێ، یەعنی ئەوەش تەهدید بوو، بەڵام مەشاکیلیش زۆر بوو، ئینجا دەمایەوە سەر ئەوەی کە سەرژمێری بکرێ، قانیع بوون، وتیان: ئەوە موخەربەتە، من پێیانم وت: وتم ئێمە دەڵێین ئێمە زۆرین، سوننە دەڵێن ئێمە زۆرین، شیعە دەڵێن ئێمە زۆرین، هەمووشی غەڵەتە، کێ مەسئولە لەوەی سەرژمێری نەکرێ؟ ئێمە نەمانکرد؟ بچن یەقەی ئەوانە بگرن، دیار بوو سوننەکانیش پێیان قانیع نەدەکرا، یەعنی ئێمە لەوەش تێگەیشتین،

هاتن ئەو چوار پێشنیارەیان کرد، دانیشین ئیتیفاق بکەین، وتمان: ئیتیفاق، وەختی خۆی نیگرۆپۆنتی، سەفیری ئەمریکا، بە نووسین ئیتیفاقی کردووە، ناردوویەتی بۆ ڕێزدار مام جەلال، بۆ ڕێزدار کاك مەسعود بارزانی، بەڵام دوایی جێ بەجێی نەکردووە، من بەم شکلە تەرحم کرد، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز، وتم: ئەوەندە صەبرەکەتان درێژە، ئێمە تێی زەرەر دەکەین، وتم: من تەوەقوع دەکەم ئەمریکا دەوڵەتێکی ئەوەندە زلّ بێ، بڕیار بدا، وەعدێك بدا، هەر ڕۆژێك جێ بەجێی دەکات، بەڵام ئەوەندە درەنگ دەیکات، زەرەری ئێمەیە، ئەو صەبرە ئێمە فائیدەی لێ ناکەین، ئێمە ئێستا ئەمانەوێ ئەو ناحەقیە لەسەرمان لابچێ، وتیان وەزارەی خارجی، وتمان: دبلۆماسین، هەر ڕۆژێ قسەی خۆی گۆڕی، ئەیگۆڕێ، ئێمە هەرێمێکی متەوازیعین لە وڵاتێك لە (شرق الأوسط)، ناتوانین بەرامبەر ئەوە بکەین، ئاخیری هاتە سەر ئەوەی لە کۆشکی سپی بڵاو بکرێتەوە، پەیوەندیشیان بەردەوام لەگەڵ ڕێزدار کاك مەسعود بارزانی هەبوو، بۆ تاریخ ئەیڵێم، لە پێش ئێوەش، بە وەفدەکەشمان ڕاگەیاندووە، بەردەوام تەئکیدی دەکرد، دەیوت: ئێوە لەوێن، کامل دەسەڵاتتان هەیە، لەگەڵ تەحالوفی کوردستانی، لەگەڵ لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، لەگەڵ براکانتان لە ناو لیژنەکە، هەڵوێستی خۆتان نەهێڵن تێك بچێ، یەك هەڵوێست بن، بەرژەوەندی کوردستان لەبەر چاوتان بێ، ئێوە بڕیار دەدەن، کەسی تر بڕیار نادا، هەرچی دەکەن نەتیجەکەی بنێرن، بگاتە ڕێزدار مام جەلال و، بۆ ئێمەشی بنێرن، بەس ئێوە خاوەن بڕیارن، ئێوە بڕیار دەدەن، یەعنی ئێمە ئازاد بووین لەوەی کە بڵێین فشارێك لەسەرمانە، وانیە، بۆ تاریخیشی دەڵێم، مام جەلالیش هیچ پەیوەندیەکی نەکرد، یەعنی تەدەخولێکی موباشیر بۆ من تەلەفۆن بکات، نەیکرد، داواشمان کرد بیبینین، دوایی هەموو شتەکان تەواو بوو، ئاخیر ڕۆژ بینیمان، تەحالوفی کوردستانیش، دوای ئەوەی ئێمە ئەو هەڵوێستەمان تەسلیم کرد، هەڵوێستی یەکگرتووی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بوو، کە لە ئوتێلەکە نەهاتینە خوارەوە، هەرچیان کرد، قبوڵمان نەکرد، چووینە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەگەڵ نوێنەرانمان لەوێ، لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی، دوو بیروبۆچوون تەرح کرا، یەکێ: ئایا بەمە ڕازی بین؟ یان یا دابگرین؟ دوای موناقەشە خرایە دەنگدان، کۆمپلیت لەگەڵ ئەوە بوون کە یا دابگرین، ئەمە حەقیقەتێکە بە نووسراویش نووسراوە، ئەو بەڕێزانەش هەمووی شاهیدن، ئەو بەڕێزەی کە ڕەئیەکەشی تەرح کرد، ئەویش وتی: ئەوە ڕەئی هەموو کوردستانە و منیش لەگەڵم، وای لێهات، ئەوەی پێویستە لێرە بوترێ، بڵێن ئەو ئیتیفاقەی کردمان، ئێمە ئیتیفاقەکە دوای ئەوەی لە کۆشکی سپی، یەك: پشتیوانی مادده دەستوریەکان، من خۆم تەرحم کرد لەگەڵیان وتمان: مەسەلەی پێشمەرگەیە، مەسەلەی غاز و نەوتە، ئەو قانونانەی کە ڕەبتی بە کوردستانەوە هەیە، وتیان دەستوری عیراق و ماددەی (140)، لە ناو ماددەی (140) یش کێشەی کەرکووك و شوێنە کێشەدارەکان، بە حەقیقەتەوە بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە، چونکە من دەزانم لەوێ ئەوان نایێن جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەو غموزەی هەبوو، ئەو بیروبۆچوونەی هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە لاچوو، نەما، لە بەرزترین دەسەڵاتەوە، بۆیەش باشتر بوو لە کۆشکی سپی بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئیتیفاقی سڕی ناخوا، ئێمە هەرێمێکین، یان قاڕەیەك، باشترین شت ئەو مەنبەرە بوو لەوێوە

ئیعلان کرا، کورەی ئەرزی گوێی لێ بوو، بڵاو بوو، ئینجا نەیکا، هەر خۆی دیارە نەقزی وەعدەکەی خۆی کردووە، بشیکات سوپاسی دەکەین، یەعنی ئەگەر ئەو پشتگیریە بکات، پشتگیری هەرێمی کوردستانیش بکات بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسرێاوەکان تا 2010، هەڵبـژاردنیش بکرێتن پشتیوانی بکەن، خۆیان و ئومەم موتەحیدە، بۆ ئەوەی سەر ژمێریەکی باش و رێك و پێك پێك بێت، لە ساڵی 2010 تەواو بێت، بۆ مەسەلەی کەرکووك من داوام کرد وتم بنووسرێت، وتم کەی؟، وتیان ئەڵێین ئەی کەین، وتم نا بنووسن، بە زووترین کات، پێش ئەوەی جەیشی ئەمەریکی بگەڕێتەوە، وتیان باش، بە منیان وت باش، بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز، قەرار بوو بەیانی بەیانەکە دەربچێت، لە وایت هاوس، بەیانی ئەوان ئەکاتە عەسری ئێمە، شەویش لە پەرلەمان قەرارەکە دەردەچێت، ئینجا کەمێك تەئخیر بوو، من وتم ئەچینەوە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیێنین، با بشکرێت مقاتەعەی دەکەین، ئێستاش ناو مۆبایلەکەم هەیە، ئەڵێت واله وایت هاوس دیراسەتێك ئەکەین، بۆ ئەوەی ئەو ئیتیفاقەی کە کراوە، ئیعلان بکرێت، تکایە، تکایە کەمێك زیاتر وەقتمان بدەنێ، تەحەمولتان هەبێت، ئێستاش نەمان سریوەتەوە، لە سەفارەی ئەمریکیەوە هاتووە لەناو مۆبایلەکەم هەیە، ئەو فێڵەی کردیان، ئێستا لازمە بیڵێین بەڕێزان، فێڵیان کرد، ڕاستیان نەکرد لەگەڵمان لە خاڵێك، قەرار بوو 43 کورسی ئەسڵی تەوزیع بێت، لەوە دوو کورسی برا مەسیحیەکان، دهۆك و هەولێر ئەهاتە بانی دەبوو بە 45، لە تەعویزی یەکێك یا دوانمان بەر دەکەوت، ئەگەر قاسمی ئینتیخابیمان بۆ ئەبووە 46-47، مالکیش پەیوەندی بە شەخسی کاك مەسعودەوە کردبوو، وتی من وەعد ئەدەم، کەلام شەرەف، لە کورسیەکانی خۆمان دوو مەقعەد بۆ ئێوە تەرخان دەکەین،هەر چەند ئەوەمان بە هەند وەرنەگرت، ئێمە فەرقەکە 50 بوو، ئەگەر مەحکەمەی دەستوری لە کاتی خۆی بڕیاری داوە، 11 کورسی بە سەر سێ پارێزگا تەوزیع بکات، ئەوەمان لێی تەرح کرد 48 کورسی بەردەکەوت، لە هەقیقەت 42 تا 43 کورسی بەو نفوسە، بەو ئامارەی کە دائیرەکانی هەرێمی کوردستان تەقدیمی کردووە ئەوەندەیە، ئەوەندەیان تەقدیم کردووە، زۆر عائیلە هەیە فۆرمی خۆراکی نیە، ناوی نیە، نەکراوە، زۆر کەس هەیە لە دەرەوە هاتۆتەوە، فۆڕمی نەکردووە، ئەوەی کە ئێمە ئیسرارمان دەکرد، کە بە تەزویر زیاد کراوە لە خوارەوە، بەرامبەر ئەوە شتمان بۆ چاك بکات، بەرامبەر ئەو تەزویرە ئەو نسبەیەمان بۆ بەرز بکەن، ئێمە لەوێ ئەو بڕیارانەی هەڵوێستی کۆشکی سپی لە ڕووی سیاسیەوە بۆ ئێمە گرنگ بوو، لە ڕووی سیاسیەوە زۆر لامان مەبەست بوو، یەکەم ئەو شۆڤینیانەی دژی هەرێمی کوردستانن و ماددەی 140 و پێشمەرگەو یاسای غازو نەوت کاردەکەن، تۆ ئەبینیت گەورەترین دەوڵەت، پشتیوانی ئەکرد، ئەویش ڕاستی نەدەکرد ئەوە مەسەلەیەکی ترە، لەناو قاعە 41 کورسیان ئیعلان کرد، من تەئیدی کاك عمر عبدالعزیز دەکەم لەو خاڵە، ڕاست دەکاتن، لێرە سووء فەهمێك هەبوو، برایانی ئێمە لە تەحالفی کوردستانی لە قاعە ئەوان لەناو قاعە بوون، ئێمە نەچووینە ناو قاعە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە، کە ئیعلان کرا، وتیان دوو تەعویزیش 43، یەعنی ئەوان پێیان وابوو ئەو 43 یەش هەر ئەو 43 یە، بۆیە دەنگیان لێوە نەهێنا، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر دەنگیشیان لێوەی بهێنابایە، بەرەئی من ئێستاش

ئەیڵێم، ئەو هەڵوێستە سیاسیەی چونکە ئەوی تر هەمووی ئەیەوێت شەتبی لەسەری بکات، نا دەستوریە، نایاسایییە، بە فرو فێڵ ئەم شتانەیان دروست کردووە، بەرامبەر مەسەلەی کەرکوك و 140، موهیم بوو یەعنی دەسکەوتێکی موهیم بوو، ئەگەر خۆشمان نەبین، سەد بڕیاری تری وا بەڵێنی تری وا بدەن کەس جێبەجێی ناکات، ئێمە خۆمان دەبێت لەسەر عەرد ئەبێت پشتی یەك بین، پێکەوە کار بکەین، بتوانین ئەو شتانە جێبەجێ بکەین، تەحالفی کوردستانی لەوێنە، من زۆر زۆر ئیحتیرامم بۆیان هەیە، ئینسانی زۆر ڕێك بوون، وەکو ئێمە دڵسۆز بوون، یەعنی ئەوە هیچ شك و غموزێکی تیانیە، شایدی ئەم بەڕێزانەش کە لێرەن، بەس قسەکانیان هەماهەنگی نیە، ئەمە یەك، هەماهەنگیەکی باش لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان نیە، خوبەرای باش لەبەر دەستیان نیە، شارەزایی باشیان نیە لە ئیحساو ئەرقام و ئەوە، زۆر سەریان دەرناچێت، بەهەقیقەت لەوێ، ئومەمی موتەحیدە دێت لەگەڵیان دادەنیشێت، موهیم نیە بۆ توو چی دێت، بۆ تۆ چی نایەت، لای موهیم ئەوەیە ئەو مۆزەفەی بکات ئیشەکەی بکات و دەرباز بێت، حەقیقەتەکەی وایە، بێتن توو قانع بکات، ئەو قافع بکات، ئینجا کێ ئافەرین ئەوەی قانع نابێت، ئێمە ئەو خەلەلانە دەبێت چاك بکەین، بە تەنسیقێکی بە هێز ئەبێت لە بەینی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانمان لە وێنە، بێ جیاوازی من لە چ لایەنێکم، ئەو لە چ لایەنێکە، مەسائلی بەرزی هەرێمی کوردستان چین، بە نیسبەت من هەر لە دڵمە، زۆریش پێی موتەئەسیرم، بە ئێمەیان وت، پاشان با تەواوی بکەم، کە بە ئێمەیان وت 43 کورسیتان بۆ ئیعلان دەکەین، هەتا وەکو من بە ئینگلیزی وتم ئۆرگینالٚ، وتی ئۆرگینالٚ بە لەهجەی ئەڵمانیە، ئۆریجینالٚ، لەو کورسیە ئەسڵیەکان ئۆریجینالٚ، تەعویزی نا بەس کە ئیعلان کرا، وەکو تووش ئەمر واقیعێك دێن، هوقیقەتیش ئەمەیە، دوور لە ڕووی ئێوە لەم مەحفەلە جوان نیە بە وشەیەکی زۆر ناشیرین بڵێم، بەس ناراستە مەسەلە نیە، لەگەڵمان ناڕاست بوون، دڵمانیان داغ کرد، هەموو ئەندامانی وەفدەکەش بەناڕەحەتی، بە دڵ شکەستی ئەو شەوە چووینەوە، من ئێستاش لە مێشکم ئەخولێتەوە کە ئەوها بوون لەگەڵ ئێمە ڕاستیان نەکرد، یەعنی ئەگەر ئەو کەلیمەیان ڕاست بوایە، ئێستا من لەوەکانی تریش حازرم یەعنی ئەڵێم باشە بسم الله، مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە، لەوێ وایان کرد، بابزانین چی لێ دێت، دوای ئەوە ئێمە سەردانی گشت لایەنەکانمان کرد، سەرۆك و جێگرەکانیان، لای هەموو ئەو بەڕێزانە وەکو لێرە قسە دەکەین، لەگەڵیان قسەمان کرد، هاتینە سەر ڕۆژی هەڵبژاردن 3/6 ئێمە داوامان کرد ببێتە ناوەڕاستی مانگی سێ، وتیان فەراغی دەستووری ئەبێت، ئەگەرنا بیکەنە 11 ئازارە بیکەنە 14ی ئازار، بیکەنە 12 ی نەورۆز، وتیان نەورۆز فەراغی دەستوری دروست دەبێت، چونکە لە 16 وە فەراغی دەستوری دەبێت، لای ڕێزدار سەرۆك کۆمارو عادل عبدالمهدی باسمان کرد، دوایی 6 دانرابوو، ئێمە دووبارە پەیوەندیمان کرد، چاك کرایەوە، بووە 7، چونکە ڕۆژی 6، ڕۆژی ئیتیفاقەکەی جەزائیرە، ئەو ڕۆژە لە تاریخی کوردستان، ڕۆژێکی شومە، چۆن بیکەمە ڕۆژی هەڵبژاردن و جەژن و بچم دەنگ بدەم، من لێتان ناشارمەوە، ئەوە رەئی من بوو شەخسی، قەناعەتیشم هەبوو، ئێوەی دڵسۆزیش لێرە هەمان بیرو ڕاتان هەیە، وەفدەکەش هەمان بیرو ڕان، وتمان بەشداری ناکەین لە ئینتیخابات، چی دەبێت با ببێت، ئەچینەوە

پەرلەمانی کوردستان تەرحی دەکەین، بە یانێکیشمان دەرکرد، دڵنیاش بووم خەڵکی کوردستان لەگەڵمانە، بۆیە کە زانرا وەزعەکە وایە، هەتا بە بەڕێز طارق هاشمیم وت، وتم تۆ هەر فێریت ڤیتۆ بکەیت، دە ئەمەش ڤیتۆ بکە، چی ئەبێت، بووە پێکەنینیش لە ناو وەفدەکە، من جارێکی تر نامەوێ سەرتان بئێشێنم سوپاسی هەموو یەکە یەکە ئەندامانی وەفدەکە دەکەین، زۆر یەك هەڵوێست بوون، بە ئیحتیرام لە مستەوای بەرزیش بەڕێزەوە پێشوازی لە هەموویان کرا، وە لەخۆشیەکانیش لەگەڵ یەك بووین، لە دڵتەزێنەکەش هەمووومان یەك هەڵوێست بووین، من ناڵێم دڵمانیان نەتەزاند، لێرە یەك خەلەلێك روویدا، کاتێ ئێمە لەناو گفتوگۆ بووین، هەندێك شت تەسەروبی کردبوو بۆ ئیعلام کە گوایە ئیتیفاقمان کردووە، ئەو خراپ بوو، من زۆر لەوە نیگەران بووم، بەلام بۆ پاراستنی یەك هەڵوێستیەکە، وە بۆ موستەقبەلیش، موستەقبەل دەبێت حروف دابنێینە سەر کاغەز لەگەڵ یەك، لەگەڵ گشت ئەو بەڕێزانەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەبێت ئەجێندای موسبەقمان هەبێت، دەبێت لێرە دەزگایەکمان هەبێت، دەزگای ئامارمان هەبێت، دەزگای هەڵبژاردنمان هەبێت، ئەسڵەن دەبێت کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی خۆمان پەلەی لێ بکەین، بۆ ئەوەی ئەو ئامارانە لەبەر دەستی بێت، من زۆر سوپاسی کاك شاهۆ دەکەم، با سوزان خان بزانین چی هەیە؟، موداخەلەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەشتان ساغ بێت، زۆر سوپاس، بەلام لە ڕێژەی لە 33٪ ژنان، لە ناو پەرلەمانی کوردستان ئەم وەفدە پیاوانەیە بۆ؟، ئەی ئێمە مافی ئەوەمان نەبووە یان ئەبێت لەو بڕیارانە هەردەبێت پیاو بڕیار بدات، ئەی ئێمەی ژن دەنگمان کوا؟، ئێمە ڕاستە بە کۆتا هاتوینەتە ناو پەرلەمانەوە، بەلام هەموو یەکێکمان رەئی خۆمانمان هەیە، لە سیاسەتەکانا، جارێکی تریش قبوڵی ناکەین هیچ وەفدێك بڕوات بۆ هیچ شتێکی مەسیری، بەبێ بوونی ڕێژەی تەواوی ژن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرۆك کوتلەکان گوێتان لێ بوو، چونکە من سەرۆك کوتلەکانم ئاگادار کردبۆوە، ئیتربە هەقیقەتیش ئەم سەفەرە، سەفەری هاتو نەهات بوو، دڵمان نەهات خوشکەکانیش ئەزیەت بدەین، بۆ جارێکی تر بەسەر چاو، ئێستا کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ئەو قسانە دووبارە ناکەمەوە کە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی وەفدەکە جەختیان لەسەر کردەوە، من حەز دەکەم بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کە وەکو یەکتر ئیشمان کردووە، هەمووومان کە ڕۆیشتوینەتە ئەوێ خۆمان بە نوێنەری فراکسیۆن و ئەو لایەنە سیاسیانە نەزانیوە کە نوێنەرایەتیمان کردوون، بەڵکو خۆمان بە نوێنەری کوردستان زانیوە، بۆیە هەمیشە جەختمان لەسەر ئەوە

دەكردەوە كە پێویستە یەك رابین، پێویستە ئیجماعمان هەبێت، پێویستە هەموومان یەك بەرژەوەندی بین كە هەموومان كۆ دەكاتەوە، كە بەرژەوەندی بالاّی خەڵكی كوردستانە، من حەز دەكەم ئاماژە بە هەندێك لایەن بكەم كە بەڕێزان لەیادیان چوو ئاماژەی پێ بدەن، ڕۆژی چوارشەممە $12/2$ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان داوای لە سەرۆك یاخود نوێنەرانی سەرۆك فراكسیۆنەكان كرد كە كۆبوونەوەیەك لە ژووری بەڕێزی ساز بدەن، هەڵبەتە بەڕێزی دەست پێشخەری ئەوەی كرد، یەعنی باسی لەوە كرد، ئاماژەی بەوەدا كە تەبخەیەك هەیە لە پشتەوەدا بۆ غەدر كردن لە كورد، یاخود ڕاست تر بۆ غەدر كردن لە خەڵكی كوردستان، چونكە خەڵكی كوردستان تەنها كوردنین، بەڵكو پێكهاتەكانی تریشن توركمان كلدان و ئاشوری و سریانیشی تێدایە، كە دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت، وەئەندامانی وەفدەكە كە سەربەو مكەوییناتانە بوون، هەموویان وەكو خەڵكی كوردستان مامەڵەیان لەگەڵ كردووە، لە بەڕێزیمان پرسی جۆری ئەو تەبخەیە چۆنە كە لە ئارادایە؟، وتی منیش ئاگاداری نیم، هەر ئەوەندە ئەزانم كە لە بەغدا شتێك لە ئارادایە، ئەوە هەموومانی نیگەران كرد، پێشنیارمان كرد بۆ بەڕێزی كە ئاگادار بكرێتەوە پەرلەمان لەو سەفقانەی كەلە پشتی ئیرادەی خەڵكی كوردستانەوە، لە پشتی نوێنەرانی خەڵكی كوردستانەوە لە ئارادایە، ڕۆژی هەینی وابزانم هەموومان ئاگادارین، بەڕێز سەرۆك كۆماری عیراق داوای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق كرد كۆ ببێتەوە، بۆ تەفسیر كردنی تەعدیلی قانونە مەنقوزەكە دەكات، چونكە بۆ خۆتان دەزانن كە قانونەكە دەرچوو طارق هاشمی نقضی كرد، كاتێك كە نقضی كرد سەر لەنوێ تەعدیل كرایەوە، لەو ڕایەم كە زۆربەمان ئەوە تەعدیلەمان بە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان زانی، چونكە ئیحسائاتی $2008$ پەیڕەو كرا، بە ئیزافەی $2.8$لە گەشە كردنی دانیشتوانی پارێزگایەك، واتە زۆربەمان هەرچەندە بە دڵمان نەبوو، بەلاّم هەستمان كرد ئەو تەعدیلە باشتر بوو، لە قانونەكەی یەكەم جار، سەر لە نوێ طارق هاشمی تەهدیدی كردەوە كە سەرلەنوێ نقضی دەكاتەوە، دواتر كێشەیەك دروست بوو لە بەغدا، پێوستی سەرلەنوێ تەوافق بوو، مەبەستی وەفدەكە ئەوە بوو، كە ئەو جەلسەیەی كە بڕیار بوو، ڕۆژی شەممە ساز بدرێت سەعات 4 ئێوارە، كە تێیدا تەفسیری تەعدیلی قانونە منقضە كە بكرێت، تەفسیرەكە لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بێت، ئامانجی وەفدەكە ئەوەبوو، یەكەم ئەو تەفسیرەی كە بۆ ئەو بڕیارە دەكرێت، لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بێت، دووەم ئەگەر نقضی كرایەوە سەرلەنوێ لەلایەن هاشمیەوە ئێمە نقضی قانونە منقوزەكە بكەین، واتە سێ جار نقض، واتە كارێكی وا بكەین خەڵكی كوردستان كە نقضی قانونە منقوزەكە بكرێت، یاخود مقاتەعەی ئینتیخابات بكەین، ئێمە پشت بەست بە ڕاو بۆچوونی ئێوە، بەو یاداشتەی كە ئێوە لە $11/15$ كۆ بوونەوە لەسەری كە دەبێت عەدالەت پەیڕەو بكرێت، لە بڕی كورسی پارێزگای هەرێمی كوردستان، خەڵكی كوردستان بە گشتی لە دابەش كردنی كورسیەكان، بەلاّم كێشەیەك هەبوو، ئەو یاداشتەی ئێوە یاخود ئەو یاداشتەی ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان، یاداشتێكی سیاسی بوو تەفسیرێكی فەنی هەبوو، من ئەوەی هەستم پێی كردووە، ئێمە خەلەلێكی گەورەمان هەبوو، وەكو خەڵكی كوردستان، وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەكو دام و

دەزگای فەنی، واتە ئەوەتان لە یاد نەچێت، تەنها وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی بەس نیە، ئەگەر ئێمە پشت ئەستور نەبین بە دام و دەزگای ئاماری ورد، پشت ئەستور نەبین بەدام و دەزگای تەکنیکی ورد، بۆ ئەوەی پاڵپشت لە هەڵوێستی سیاسی خۆمان بکەین، هەمیشە لەسەر مێزی مفاوەزات، لەسەر مێزی دانوستاندن شکست دەخۆین، ئەوە بوو کە ڕۆژی یەکەم لە دانوستاندنمان لەگەڵ بەرێز کریستۆڤەرهێڵ، کە وجهی نەزەری خۆمان شەرح دەکرد ئەوان لە ئێمە تێنەدەگەیشتن، ئێمەش لە ئەوان تێنەدەگەیشتین، بۆیە پیشنیارمان کرد بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی وەفدەکە کە دید و بۆچوونی ئێمە بە وەرەقە بێت و نووسراو بێت، وە ئەو هەڵوێستە سیاسیەی کە پەرلەمانی کوردستان وەریگرتووە، تەرجەمە بکرێت بۆ هەڵوێستێکی تەکنیکی، تەرجەمە بکرێت بۆ ڕێژە، بۆ ڕێژەی کورسی، ئەوە بوو بەرێز سەرۆکی وەفدەکە دەست بەجێ لیژنەیەکی مسەغەری دروست کرد، لەناو وەفدەکە بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانی کوردستان بنووسین کە هەمووومان ئیمزامان کردووە، ئەوەی کە من هەستم پێی کرد، ئێمە دەکرێت بڵێین لەم سەردانی وەفدەدا، وەلەم پرۆسەی دوایەدا، چەند دەسکەوتێکمان بەدەست هێنا، وە چەند شکستێکیشمان ڕووبەڕوی کۆی ئەزمونی خەڵکی کوردستان بوویەوە، بەگشتی بۆ هەمووان، دەسکەوتەکان ئەوە بوو کە ئێمە بۆ یەکەمین جار کە پەیامێکمان دا، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان لە بەغدا، بۆ هەموو لایەنە جیاوازەکانی عیراق، کەچیتر لە مەودوا پەرلەمان مەرجەعی خەڵکی کوردستانە، وەهیچ بڕیارێك لە پشتی پەردەوە بە بێ پەرلەمان نابێت تێپەڕێندرێت، وەمن هەست دەکەم کاتی ئەوە هاتووە لە ئێستادا بڕیاری ئەوە وەربگرین، کە بڕیار لە کوردستان بە شێوەیەکی موئەسەساتی بێت، واتە چیتر لە پشتی پەردەوە مفاوەزاتی ناشەفاف نەکرێت، کەس جورئەتی ئەوە نەکات کە خۆی بە نوێنەری کوردستان بزانێت، وە سازش لەسەر مافی خەڵکی کوردستان بکات، واتە بڕیارەکان ئەبێت بە شەفافەوە وەربگیرێن، دەبێت دانوستاندنەکان بە شەفاف بێت، وە دەبێت نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کە ئێمە ئەوەی کردوومانە باشە یا خراپە، بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەکەم، بۆئەوەی ئێوەی بەڕێز ئەدای ئێمە هەڵسەنگێنن، بزانن ئیشێکی باشمان کردووە یان ئیشێکی خراپ، زۆر زۆر ئاساییە محاسەبەمان بکەن، وە زۆر ئاپاسیە کە ئەو هەڵانەی کە کردوومانە دووبارەیان نەکەینەوە، بەڵام ئەو شاهێدیەش دەبێت بدەین کە ئێمە خۆشمان لە 11/15 ەوە، کاتێ هەڵوێستمان ڕاگەیاند هەڵوێستەکەمان سیاسی بوو، کەمتر فەنی بوو، بۆیە دەبێت هەمیشە لە پشت هەر هەڵوێستێکی سیاسیەوە، وەفدێکی فەنی یان لیژنەیەکی فەنی کار بکات بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسیەکەمان تەرجەمە بکات بۆ هەڵوێستی فەنی، ئەوەش لە گرفتە فەنیەکانە، لە گرفتە تەکنیکیەکانە، نەبوونی ئیحسا گرفتێکی زۆر گەورە بوو، لەبەر ئەوەی هەریەکەو بە پێوەری خۆی قسەی دەکرد، وە کێشەیەکیش هەبوو، ئەگەر قانونەکە نەقز بکرایە، بگەرابایەنەوە بۆ قانونی 2005 کێشەیەکی یاسایی دروست نەدەبوو، لەبەر ئەوەی قانونی 2005 بەر لە دروست بوونی عیراق تێپەڕێندراوە، وە بە پێی قانونی 2005 ژمارەی کورسیەکان بە پێی ڕێژەی ناخبەوە تا بە پێی ڕێژەی دەنگدەر، بەڵام بە پێی دەستوری عیراق، ژمارەی کورسی بە پێی ڕێژەی 100000 کەس

به دانیشتوانی عیراق دەست نیشان دەکرێت، واتە تـەناقوزێك دروست دەبوولە نێوان ئـەو یاسایەی کە لـە 2005 دروست بووە، لەگەڵ دەستوری عیراقیا، بۆیە دەبـوو سـەرلەنوێ تەعـدیل بکرێتـەوە، وە تەعـدیلیش سەرلەنوێ پێویستی بـە تـەوافق دەبـوو، کـە ئـەوە کێشـەیەکی زۆر گـەورەبوو، ئێمـە لـەم سـەردانەماندا بـۆ بەغدا، هەمووومان کە گەڕاینەوە بە کەم و کورتیەکانی خۆماندا چووینەوە، وە تەجروبەیەکی باش بـوو بـۆ هەمووومان، بۆ ئەوەی بزانین لەمەو دوا بڕیار لە کوردستان چۆن دەدرێت، وە زۆر تەجروبەیەکی بـاش بـوو کە بۆ ئەوەی دەزگای پەرلەمان لـە کوردسـتان هێنـدە بـە هێـز بکرێـت، کـە کـەس چیـتر ئیحتیکاری دەست کەوت نەکات، وە کەسیش خۆی بێ بەری نەکات لە شکست، واتە ئـەوەی کـە هەیـە، دەبێـت هـەمووومان بـەر پرس بین لێی، ئەگەر شکستە، وە ئەگەر دەست کەوتێکیش هەیە هی هەمووومانە، من لەم بڕوایـەیام ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نزیکی خەڵکی کوردستان، مێـژووی شۆڕشـەکان، یـەکێك لـە هـەرە کێشـە گـەورەکان ئـەوە بـووە، کـە نیشـتیمان پـەروەری لـە کوردسـتان ئیحتیکـار کـراوە، واتـە دەسـت کەوتـەکان، شۆڕشـەکان، نەبەردیەکان خاوەنیان هەبووە، بەڵام شکستەکان بێ خـاوەن بـوون، هـەتیم بـوون، بـۆ ئـەوەی لـەم کێشـەیە نەجاتمان بێت، ئەبێت چیتر بڕیار لە کوردستانا لە ناو پەرلەمان بدرێت، وەکاتێك کـە بڕیـار لـە کوردسـتان لـە نـاو پەرلـەمان ئـەدرێت، ئەگـەر بڕیـارێکی ڕاسـت بـوو هـەمووومان لـە دەسـت کەوتـەکانی ئەچـنینەوە، هەمووومان بەر پرسیارین بەرامبەر شکستەکان، کەواتە ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بـە سیسـتەمی پەرلـەمانی وە بـە سیسـتەمی سیاسـی لـە کوردسـتان، سـەبارەت بـە ئیخفاقـەکان، ئێمـە وەکـو وەفـدی کوردسـتان، وەکـو پەرلـەمانی کوردسـتان، تـاوەکو ئێسـتا نیگـەرانین لـەو نەتیجەیـە، لـەو ڕایـەم ڕاو بۆچوونی هـەموو هاوڕێیەکانیشـمە نیگـەرانین لـەو ناشـەفافیەتیەو لـەو ناڕۆشـنیەی کـە لـەدوا سـاتەکاندا پەیڕەو کرا لەپەرلەمانی عێراقدا، چونکە بەر لەدوا دانیشتنی ئـەو شـەوەی کـە بڕیارەکـەی تێدا درا، ئێمـە وەکو وەفدی پەرلەمانی کوردستان کۆبووینەوە، لەگەڵ هەموو ئەندام پەرلەمانـە کوردسـتانیەکانی سـەر بـە هاوپەیمانی کوردسـتان و یـەکگرتووی کوردسـتان و هـەمووومان بڕیارمـان لەسـەر ئـەوەدا، کـە ئـەو وەرەقـەی پێشکەشمان کردووە دوا بڕیارە، هەرچەنـدە هەنـدێ لەبـەڕێزان لەهاوپـەیمانی کوردسـتان هەسـتیان کـرد کـە مرونەت پیشان بدەین، بەڵام هەمووومان بەیەکڕا ڕاشمان وابوو کە بەهیچ شێوەیەك مرونەت پیشان نادەین، ئەوە بوو گەڕاینەوە بۆ ئوتێل بۆ ئەوەی پـاش مانـدووبونێکی درێـژ پشوویەك بـدەین، بـەڵام ئێمـە لـەکاتی پشووداندا بووین کە هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە لەلایـەن بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمانـەوە کـە سـەرلەنوێ گوشار هەیە لەسەرمان بۆ ئەوەی جۆرێك لە مرونەت نیشان بدەین، ئێمە لەئوتێلەکەوە وتمان ئەگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین هیچ مرونەتێك نیشان بـدرێت، بـۆ ئـەوەی ڕێگـا نـەدەین هـیچ غەدرێك لەخەڵکی کوردستان بکرێت، کە گەڕاینەوە جۆرێك لە پشێوی لـەنێوان ڕاو بۆچوونەکاندا هـەبوو، ئەو گوشارو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی کە ئەکرا بەبەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، جۆن بایدن، ئۆبامـا گوشـاری زۆریان دروست ئەکرد، لەسەر بەڕێزان لە هاوپەیمانی کوردستان مـن ئـەو شـاهیدییە دەدەم کـە ژمارەیـەکی زۆر لە ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستان خەڵکی زۆر زۆر دڵسۆزن، کوردستانی ساغن، بەڵام کێشەکەی ئەوان

ئەوە نیە، کە ئەوان هەڵوێستیان چۆنە، بەڵام کێشەکەی ئەوان ئەوەیە کە چۆن بڕیار لەکوردستاندا وەربگیرێت، ئەوەی کەبڕیار دەدات لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان کێیە؟، نەك ئەوان واتە ئەگەر ئێمە بزانین لەکوردستاندا بڕیار بە موئەسەسات بکەین ئەوکاتە هەموومان بەس هێندەی خۆمان تەحەمولی مەسئولیەت دەکەین، ناڕۆشنیمان بەدی کرد بەتایبەتی لەدوا ساتەکاندا، دوای ئەوەی کەجۆرێك لەئیجماع دروست بوو لەنێوان وەفدی پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ یارمەتیدانی هاوپەیمانی کوردستان کە جۆرێك لەمرونەت بنوێنرێت، خیلاف هەبوو لەسەر ئەوەی کە مرونەتەکە چۆن بێت، ئیجماعێك هەبوو کە مرونەتەکە لەیەك کورسی زیاتر نەبێت، لەبەر یەك هۆ؟، لەبەر ئەوەش نا کە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە لە کورسیەکی خەڵکی کوردستان خۆش بین، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئیحسا نیە، لەبەر ئەوەی کە پیوەرێکی دەقیق نیە، بەڕێز سەرۆکی هاوپەیمانی کوردستان بەڕێز( د. فوئاد مەعسوم)هات بۆلای ئێمە وتی کە وەعدیان پێداوین، کە (43)کورسی ئەصلێمان بدەنێ، لەگەڵ (2) کورسی تەعویزی، وتیشی کە بەڕێز نوری مالکی وەعدی داوە، دوو کورسی بدات بەخەڵکی کوردستان من لێم پرسی وتم چ جۆرە وەعدێك وتی، وەعدی شەرەف، وتم شتیك نیە لە سیاسەتدا ناوی وەعدی شەرەف بێت، ناوی یاداشتی نووسراوە، یان ناوی لێك گەیشتنی نووسراوە، ئینجا وتم پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا ئەو دوو کورسیە چۆن ئەدرێت؟ ئایا ئەدرێت بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان؟ یاخود ئەدرێت بە هاوپەیمانێتی کوردستانی، یاخود یەکگرتوو، بەسوعبەتەوە وتی ئەکرێ دابەشی بکەین لەنێوان خۆماندا، واتە دوا ڕاوبۆچوون کە گەلاڵە بوو لەنێوان وەفدی پەرلەمانی کوردستان و لەنێوان تەحالوفی کوردستانی ئەوە بوو کە (43) کورسی صافی و لەگەڵ دوو کورسی تەعویزی لەگەڵ دوو کورسی کە نوری مالکی دابووی بەکورد لەکاتێکدا کە زۆربەمان تەحەفوزمان هەبوو سەبارەت بەو دوو کورسیە، سەبارەت بەقبوڵکردنی ئەو دوو کورسیە، پێداگرتنی زیاتر لەسەر ئەوەی کە ڕێژەمان ببێت بە(47)، کورسی لەم قسانەدا بووین وەکو وەفدی پەرلەمانی کوردستان کە ئایا چ جۆرە مرونەتێك بنوێنین، کە بە(47) کورسی ڕازی بین یاخود (46)کورسی لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە کە بەڕێز وتە بێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ئیتیفاقێك ڕوویداوە لەنێوان لایەنی کوردی ولایەنەکانی ترەوە کە ئەمە نیگەرانی کردین، بەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیشمان وت، کە ئەم تەسریحە ئێمەی نیگەران کردووە، چونکە ئێمە ئاگامان لەهیچ ئیتیفاقێك نیە کەکرابێت، بۆ ڕۆژی دواتر بەو نەفەسی نیگەرانیەوە، چووین بۆلای سەرۆك کۆماری عێراق، نیگەرانی خەڵکی کوردستانمان پێگەیاند، ئێمە وەکو نوێنەرانی پەرلەمان، وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، کە خەڵکی کوردستان زۆر نیگەرانن بەرامبەر بەو پێشهاتە، وە داواشمان لێکرد چی لەتوانایدا هەیە بکرێت بەو پێیەی کە بەڕێزی نوێنەری کوردە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، یاخود بۆ نەقز یاخود بۆ تەعدیل، بەڕێزی پێی وتین هیچ توانای نەقزی نەماوە، داوامان لێکرد کە تەعدیل بکرێت، ئەوە بوو بەڕێزی داوای ئەوەی کرد کە عێراق لەسەر ئەساسی تەوافوق دابمەزرێت، هیچ لایەنێك هەموو نەتیجەکەی بەدڵ نیە بەو شێوەی کەخۆی بەدڵیەتی، باسی لەوە کرد، کە نەخەڵکی کوردستان بەدڵیانە نە خەڵکی ناوچەکانی تر ئەوانەی کە ڕووی

داوە تەوافوقە، من بەبەڕێزیم وت کە ئەوەی لەیاد نەچێت تەوافوق لەمەودوا لەژێر مەترسیدایە، چونکە ئەوەی کە مەبدەئی تەوافوقی هەڵگرتووە لە عێراقدا نەسێکی دەستوری نیە، واتە نەصێکی دەستووری هەیە واتە لەعێراقدا لەسەر ئەساسی تەوافوق دامەزراوە، ئەوەی کەتەوافوقی دروست کردووە لەعێراقدا، دوو شتە یەکەم: نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە توانای نەقزی هەیە، دووەم: ڕێژەی کورسیەکانی کورد لە مەجلسی نەوابی عێراق، کەتوانای هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان تەعقیبی هەندێ قەرار بکات، بەڵام چی تر ئەو دوو مەسەلەیە لە دەست نەدەین، لەبەرئەوەی چتر مەجلسی ریئاسە نامێنێ و چیتر ڕێژەی کورسیەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێك کەم دەبێتەوە کە توانای تەعتیلی قەرارمان نەبێ و توانای ئەوەمان نابێت تەوافوق دروست بکەین، بەڵام بەڕێزی شایەنی باس کردنە باسی لەوە کرد کە تەوافوق قانونیە، چونکە بە پێی ئیتیفاقیەی صۆفیا، ڕێککەتوون لەسەر ئەوەی کە لە عیراق دا بڕیار بە تەوافوق بڕوات، ئەو بڕیارەش بە پێی ئیتیفاقیەی صۆفیا لەلایەن مەجلسی نوابی عیراقیەوە دەنگی لەسەر دراوە، کەواتە تەوافوق مەسەلەیەکی قانونیە لە عیراقدا، بەڕێزان من لێرەوە چەند پێشنیارێك دەکەم، یەکەمیان با بڕیار بدەین وە بڕیارەکە بڕیارێکی کۆنکرێتی بێت و کە چی تر بڕیار بە موئەسەساتی بکرێت لە کوردستان دا، ڕاستە ئێمە نوێنەرمان هەیە لە بەغدا، بەڵام با هەمیشە لە پشت نوێنەرانی بەغداوە مەرجەعیەتێکی وازح هەبێت، کە ئەو مەرجەعەیەتەش بە پلەی یەکەم پەرلەمانی کوردستانە، بەڕێزان با کەسمان سەروەریەکان بۆ خۆمان ئیحتکار نەکەین، کەسمان خۆمان بەدەر نەکەین لە شکست، چونکە کە شکست ڕووی دا یەخەی هەمووومان دەگرێتەوە، دڵنیا بن دەبێت هەموومان ئەو هۆشیاریەمان هەبێت کە خەڵکی کوردستانین، هەرچەندە سەر بە کوتلەی جیاواز و سەر بە حیزبی جیاوازین، بەڵام دواجار هەموومان خەڵکی کوردستانین، من شایەتی ئەوە دەدەم کە ئەم وەفدە وەفدێك بووە و بە بەرپرسیاریەتەوە ئەو کارەی کردووە، شایەتی ئەوە دەدەم بەڕێز سەرۆکی وەفد و سەرۆکی پەرلەمان بە بەرپرسیاریەتەوە کاری کردووە، تەنانەت کریستۆفەر هێڵ بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی گوت وتی تۆ مفاوزێکی عەنیدی، سەبرێکی ئستوریت هەیە، واتە نابێت کەسمان لە نرخی یەکتری کەم بکەینەوە، بەڵام دەبێت ئیعترافیش بەوە بکەین کە تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا بڕیار بە شێوازێکی ناشەفاف وەردەگیردرێت و تاوەکو ئێستا موئەسەسەیەکی وازحمان نیە بۆ دروست کردنی بڕیار لە کوردستاندا، پێشنیار دەکەم ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان نیگەرانی خۆمان دەربڕین بۆ هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا سەبارەت بە شێوازی بەڕێوە چوونی مفاوەزاتەکان لە دوا ساتەکان، نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بۆ کوتلەی یەکگرتوو، نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بۆ بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراق وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان لە مەجلسی نوابی عیراقی، نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە ئەوەی ڕوویدا غەدرێك بوو، نیگەرانیش بوو، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئێمە نیگەرانی دەردەربڕین دوا هەڵوێستە، هەموو کەشتیەکان دەسوتێنێت، با ئێمەش فێری ئەوە ببین کە هەمیشە ئەو شتانەی کە لە بەغدا ڕوودەدەن بە دەسکەوتی خۆمان تەماشای نەکەین بە شێوەیەك و شێوازی ناچاری کاتێ کە ئێمە لەگەڵ نوێنەارنی موکەونی شیعە و

موكەوینی سونە کۆبووینەوە هەموویان خۆیان بە مەغدور ئەزانی، ئێمە بۆ خەڵکی کوردستان خۆمان بە مەغدور نەزانین، بۆ ئەو شتەی کە ڕووی داوە بە دەسکەوتی بزانین، با ئێمە خۆمان بە مەغدور بزانین وە با فێری ئەوە ببین کە هەمیشە پێداگری بکەین، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم یاداشتێك بدرێت بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە پەلەی کرد لەوەی کە ئەو پاشهاتە وەکو دەسکەوتێك تەماشای کرد، ئەوەتان لە یاد نەچێت ئەوە پەرلەمانی کوردستانە بڕیار لەوە ئەدا کە ئەوەی ڕووی دا چۆن بوو، باش بوو یاخود خراپ بوو؟ واتە ئێمە ئەگەر بەم نەفەسە ئیش بکەین انشاللە یەکگرتووی ڕیزی خۆمان باش دەکەین و کارێکی وا دەکەین کە چیتر پەرلەمان و چیتر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان ببن بە دامودەزگای بڕیاری سیاسی و بڕیاری چارەنووسساز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووتان، ئەگەر غموزێك و پرسیارێك هەیە، ئەگەر نا قسە نادەین، بەس ئەوەی سوئالی هەبێت، چونکە با جارێکی تر نوقتەی نیزامیمان لێ نەگرن، چونکە هەقە لێرە نەمان نووسیوە ئەوە، کەرەمکە کاك د.زانا.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی ئیقتراحی خۆم لەسەر سەفەرەکە دەردەبڕم، لەبەرئەوەی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامان ئەنجامەکەیان ڕوون کردەوە، بەڵام ................ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێزدڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە لە پرۆگرامی جەلسەکە داهاتووە کەوا ڕاپۆرتی لیژنە دەخوێندرێتەوە، ئەمە نە ڕاپۆرتی لیژنەیە، ئەمە ڕای یەکە یەکەی ئەندامانی لیژنەیە وەکو ئەوەی کە تازە یەکتریان بینی بێت و لەسەر رەئی یەکتر موتەفق نەبووبن و کەوا چ تەقدیمی ئێمە بکرێت، مەفروز وابوو لیژنە بۆ خۆی تەقریرێك حازر بکات لەو مەواقفە شەخسیانە، یەعنی تەنها کار گەیشتە ئەوەی کە یەکێك بڵێت من دانیشتم و وام گوت و فلان وای بە من گوت بەڕاستی ئەمە نە لەگەڵ پرۆگرامی جەلسەکە یەك دەگرێتەوە و هەندێك شتی بووە خیتاباتی سیاسی و هەندێك شتیشی چووە قاڵبی موزایەدات و .............. .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشە رجائەن کاك دڵشاد، کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له یەك ڕوانگەوە دەچمە ناو مەسەلەكان، تەبعەن چ پێشتر و چ ئێستاش و چ لە ئاییندەش پەرلەمانی كوردستان ساحبی رەئی خۆی بووە بە پێی ئەو بڕیارەی كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە كە دەڵێت پەرلەمانی كوردستان مەرجەعیەتی سیاسی و دەستووری هەیە بۆ وەرگرتنی بڕیارەكان، باشترین بەڵگەشم ئەوەیە كە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاتێ كە چووە بەغدا بۆ دەستوور لێرەوە تەخویلی وەرگرت ئەوجا چووە بەغدا بۆ تاوتۆكردنی كە باشترین مافی بەدەست هێنا بۆ گەلی كوردستان، بۆیە بڕیارەكان لە ژووره تاریكەكان وەرناگیردرێت، بەڵكو لەو موئەسەسەیە وەردەگیردرێت، بەلام بە پێی ئەو بڕیارانەی كە ئەو موئەسەسەیە داویەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، من داوای لێبوردن دەكەم لەو تەسەروفەی خۆم، لەبەر ئەوەی من وامزانی لە جەلسەیەكی تر بووم، ناكرێت ئێمە تەشكێك بخەینە سەر موئەسەساتێك لە كوردستان، ئەویش سەرۆكایەتی هەرێمە، سەرۆكی هەرێم لە تەلەفزیۆن هەڵوێستی خۆی وەرگرتووە، ناچارم كاك شاهۆ منی ناچار كردووە، مەوقفی خۆی وەكو گۆڕان تەرحی كرد، نەوەكو وەكو ئەندامی لیژنە، جەنابی سەرۆك دەڵێت، لەو شەوە، بەلام پێم وتن ئێوە لەوێن، ئێوە تەقدیری ئەو بەرژەوەندیە دەكەن، ئێوە لەوێ تەقدیری ئەوە دەكەن تارادەیەك، ئەگەر تارادەیەك هاوسەنگی و داد پەروەری تێدا بێت، ئەوە فەرز كردنی ئیرادە نیە، ببورە دوو نوقتەیە، ئەگەر لەمن بپرسن كە ئەمە هەموو هەقی ئێمەیە، نەخێر من دەڵێم بەدڵی من نیە، بەلام ئەمە مەسەلەی دانوستاندنە، ئەگەر هاتو من لەسەر مەوزوعێكی تریش كاك عمر زۆر بە تەفسیلی بۆمان باسی كرد، ئەو مەسەلەی مرونە چۆنە چۆن نیە، كاك شاهۆ دەڵێت هەموومان لە دژی مرونیەت بووین هاوپەیمانی ئەبێت، كاك شاهۆ بەی هەقیقەت، هەقی هەر ئەندام پەرلەمانێكە كە رەئی خۆی بدات بە ئازادی ئەو توهمەم نەخەنەسەر، بەلام من حەزم دەكرد بزانم كێنە ئەوانەی جورئەت بە خۆیان دەدەن نوێنەرایەتی كوردستان بكەن، خۆیان بە نوێنەری كوردستان بزانێ، لە پشت پەردە بڕیار بدەن، من دەمەوێت بزانم كێیە ئیحتیكاری سەركەوتنەكان دەكات؟، من دەمەوێت كێیە ناشەفافیەت لە بەڵێنەكانی ئەمەریكا، كە هەمووی مەتبوعە لای من، من ئەمەوێت بزانم ئیشی ئێمە وەكو نوێنەری ئەو پەرلەمانە، نوێنەری ئێمە چۆنە؟، ئەمانە دەربڕی رەئی ئێمەنە، ئایا رەئی ئێمە نەقل كراوە یان لەوێش ئەوها بوو؟، من دەمەوێت بزانم بەشدار بم لە وەفدێكی پەرلەمان، بچم تاوەكو بۆ كاری سیاسی خۆم بەكاری بهێنم، یانیش بە تاپۆ ئیسپاتی بكەم كە من شایستەی ئەوەمە جارێكی تریش من لەو لیژنەیە بنێرن، من ئەپرسم ئایا من كەمینەمە لە

پەرلەمانێك كە من كێم ، تەنها تەشكيك بخەمە موئەسەسات و بچمە مەواقف و بە شێوەيەكەی چەواشە كاری عەرزی بكەم، يان من ئەكتيڤيم هەبێت، هەمووومان دەزانين هەقی ئێمە زۆر ترە، هەمووومان ئەزانين ئێمە لە عەمەليەكی زەحمەتين، كێ ئەنتەرنێتی هەيە، دەبوايە چی بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكايە رەجائەن تەواو دانيشە، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من بۆ ئەوەی روونی بكەمەوە بۆ جەنابتان، لێرە ئەوترێ، يەعنی بووە بەعادەت وای لێهاتووە، هەر سەرۆك كوتلەيەك قسە ئەكات، ئەبێت ئەوی تريش قسە بكات، ئەگەرنا ئێمە بەرەسمی گەڕاينەوە، هەڵوێستی ئێمە ئەوە بووە، ئيتر هەر شتێك ئەوترێت، مەسەلەن وای لێهاتووە، تەبعەن يەكێك قسە ئەكات دەبێت ئەوی تريش بيكات، ئەگينا ئێمە ڕێك كەوتووينە هەمووومان لەسەری، ئەمە هەلوێستی رەسميمان بووە لەسەری لە 12/9 قسەمان لەسەری كردووە، ئيمزامان كردووە، جەنابی سەرۆكی پەرلەمانيش لە كۆنگرە ڕۆژنامە نووسيەكەيا لەسەر ستايلی ئەم نووسينە قسەی كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان تكايە با هدوئێك بێتەوە ئێرانە، ئەو روونكردنەوەی كە دامان بەو شكلە بوو، ئەوەی ئەندامانی وەفدەكە كە قسەيان كرد، هەقی خۆيان بوو، چونكە لەناو وەفدەكە بوون ئێمە لە دانيشتنی خۆمان پێمان باش بوو، يەكە يەكە لە ئەندامانی وەفد وەزعەكە روون، بكەنەوە، كە چۆن بووە؟ چۆن بينيويانە؟ ڕاپۆرتەكەش موسبەقەن خوێندرايەوە، كۆتايی بە دانيشتنەكە دەهێنين تادانيشتنێكی تر خواتان لەگەڵ، ببورن فەقەرەی ليژنەكان بچنەوە جێگەی خۆيان، بۆ فەقەرەی سێيەم داوای لێبوردن دەكەم، ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕكردن لە ليژنەكانی پەرلەمان بە دەست لەكار كێشانەوەو دانانی ئەندامی نوێ زۆر سوپاس، بەس تەنها سەرۆك كوتلە كەرەمكە، كوێستان خان كەرەمكە، ئەگەر روون كردنەوەيەك لەباتی هەموو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەناوی كوتلەوە قسە ناكەم، من نا عەداليەتێكی سەيرم بينی بەراستی، كۆمەڵێك لە ئەندامان بەراستی ڕێيان پێدرا قسە بكەن، پێويستە ئەو برادەرانەش كە پرسياريان هەيە، وەخۆتان بەڵێنتان دا ئەوەی كە پرسياری هەيە بيكات، وەكومەڵێك پرسيار ئامادەكراوە، دەبێت ئێستا ڕێگايان پێ بدرێت، ئەگەر وانەبێت بەراستی ئەمە ناعەدالەتيە، ئەمە پێشێل كردنی مافی ئەو ئەندامانەيە كە پرسياريان هەيە، چونكە خەڵكی كە پرسياری كردووە، پێويستە ئەم بەڕێزانەش پرسياری خۆيان بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسيار بەسەر چاو، بەڵام تەفاسيل و وەكو بە هەقيقەت هەندێك شت چووە حەملەی ئينتيخابی، يەعنی من ئيحتيرامم بۆ ئەو بەڕێزانە هەيە، هەندێك شت دەرچوو لەوەی لە چوونی وەفدێكی پەرلەمانی كوردستان بچێتە بەغدا بۆ ئيشەكان،

دەرچوو کەوتە ئەوەی من قسە بکەم، ئەو بڵێت لایەنەکەی من باشترە، ئەم بڵێ لایەنەکەی من باشترە، لەبەر ئەوە ڕێگە نادەم، کاک کەرەمکە نوقتەی نیزامی فەرمووی.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ من پێم سەیرە کە ئەو برادەرە دەڵێت چەواشەکاری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی خۆت بکە کەرەمکە، کاکە ڕەجائەن، ڕەجائەن بەسە، قسەی خۆت بکە، تەواو فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 11/15 کۆبوونەوەمان کردووە، کە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئێمە نابێت سازش بکەین، ئەگەر ئێوە خۆتان وەکو لیژنەکە، لەوێ ڕازی بوون لەسەر ئەوەی لەوێ مرونەت بنوێنن، کە وەکو باس کرا، یەعنی ئیتیجاهی کۆبوونەوەکە بەو شێوەیەی کە ئەم لیژنەیە مرونەتی نواندووە، من هیچ کاتێك ئەو لیژنەیە بە نوێنەری خۆم نازانم، وەمن دەنگیشم لەسەری نەداوە، من دەنگم لەسەر ئەوە داوە کە لیژنەکە، بە نوێنەرایەتی پەرلەمان بڕوات داواکاری پەرلەمان لە 11/15 چی بوو ئەوە بگەیەنێت نەوەکو مرونەت هیچ کەسێکیش، من وەکو خۆم وەهیچ ئەندام پەرلەمانێکی ئەوە لیژنەیە ئەوەی نەکردووە کە مرونەت بنوێنێ کە چیە، بەلأم هەقە ئێوە وەکو کۆی لیژنەکە بگەنە ئەو ئیتیفاقەی کە بەگوێی ئێوە کراوە یان بەگوێتان نەکراوە؟، یەعنی ناڕۆشنی هەیە لەوە، ناشەفافیەتەکە لەوەیە کە ئایا ئێوە بە 41 کورسی ڕازی بوون، ئەگەر ڕازی بوون ئەوە ئێوەی لیژنەکە ئەو بڕیارەتان داوە، ئەوە پەرلەمانی کوردستان نیە ئەو تاوانەی بێتەسەر.

**سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاکە تەواو، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێ پێش هەموو شتێك لەگەڵ ئەو هەرات هەراتە نیم تکاتان لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ڕەجائەن، تۆ قسەکانی خۆت بکە، کە هەڵەیەکەت بینی خۆت قسەی جوان بکە ، منیش هەڵەم بینی بە هەقیقەت، ئەمە حەملەی ئینتیخابیە، نابێت وابێت.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی نوقتەی نیزامی پێش قسەکانم، ئەوەی کە خەڵك بۆی نیە قسە بکات، ماددەی 26 دەڵێت ئەندام لەسەر را درەبڕین و ئەو ڕووداوانەی لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی ، بەیارمەتیت، ئەری کاکە تۆ قسەی خۆت کرد با منیش قسەی خۆم بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چاوەکەم ئەمە ڕۆیی، ئەوە دوایی بە نووسراو بیهێنە من تەوزیعی ئەکەم، بەسەرچاوم باشە، کاك عەدنان عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو نوقتە نیزامی وەرگیرا، یەکیان نوقتەی نیزامی نەبوون، خیتابی سیاسی بوون، یەکێك لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بوو، کە نوقتە نیزامی نەبوو، ئەوە مداخەلەیەکی سیاسی بوو، من داوا لە جەنابتان دەکەم، یان قسەی ئەو دوو بەڕێزە لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، یان بوار بە هەموو ئەندامان بدرێت، ئەوانیش تێڕوانین و بیرو بۆچوونی سیاسی خۆیان لەسەر کۆی ئەو مەوزوعانەی کە باس کران بخەنەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشناز دەکەم بۆ بەڕێزتان، تۆزێك زیاتر لە یەکتری تێبگەین لەسەر ئەم تەوەرەیە، من پێشنیاز دەکەم لەمەو دوا، من دڵنیام تەفەهومی حاڵەتی بەڕێزتان دەکەم لەکاتی کۆبوونەوەکەدا، کاتیی کۆبوونەوەکە لە سەعات 11:30 شەوا بووە، بەڵام هیوادارم لەمەو دوا ئێمە پێش وەخت بێین لەم پەرلەمانە دانیشین کۆك بین لەسەر ئەوخاڵە هاو بەشانە، هەر نەبێت لە ئێستایە دووبارە دەبێتەوە، ئەمە خاڵی یەکەمیان گرنگترە، لێرە دەردەکەوێ ئەو وەفدە، لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو سەلاحیەتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم بوارە، بەڵام ئەمە بەنەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، لێرە لە پەرلەمان بۆ ئەوەی کۆك بین لە و حاڵەتانە. ئەمە یەکەمیان، دووەمیان بەراستی من پرسیارێکم هەبوو لەو بەڕێزانە کە لەوێ دانیشتبوون، حەزەکەم ئەوە رایەك لە گەڵیان بگۆڕینەوە، لە 11/15 لەو بەیانەی خۆیان خوێندیانەوە، ئاماژەی پێ دراوە لە 11/15 پاشان ئەو بەیاننامەی کە پێشتر هەموو بەڕێزەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، ئەوە دەکرێت 48 کورسی بێت، دوایی کە باس کراوە43 کورسی بێت، یەعنی هەڵوێستی دواترمان چی بێ، ئایا ئەمە خۆی جۆرێك لە دژیەکەی دروست ناکات، لە نێوان ئەم حاڵەتەدا، سێیەم پێشنیازی سێیەمیشم، هیوادارم لەمەو دوا ئێمە ئەگەر پشت بەست بە بڕیارەکەی پەرلەمان ژمارە 1 ساڵی 2005 بکەین، ئەگەر پەرلەمان مەرجەعە هیوادارم ئیتر لە پەرلەمانی کوردستان، بەیاننامە بێنین، کە ئیتر ئەمە ئیدانەیان بۆ ئەم دەست خۆشیە،

ئەمە ڕەنگە ئەوە بەیاننامەیەك بۆ ئیدانە كردن بۆ تەقینەوە دەكرێ، لە حلە لە شارێك لە پارێزگایەك كە خەڵك دەكوژرێت، بەیاننامەی ئیدانە، هیوادارم ئیتر وەزیفە ئەساسیەكانی خودی پەرلەمان، بە نەزەری ئیعتبار وەرگرین، بڕیاری پابەند كار دەربكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەراستی لە نەتیجەی ئەو ڕاپۆرتەدا كۆمەڵێك پرسیارم لەلا دروست بوو، كە حەز دەكەم وەلآمی ئەو پرسیارانەم لە ئێستا یان لەهەر كاتێكدا بێت بدرێتەوە، یەكەم پرسیارم ئەوەیە كە ئەم بابەتە بابەتێكی زۆر گرنگ بووە، پێشتر پەرلەمان دانیشتینی تایبەتی لەسەر كردووە، هۆكاری ئەوەی كە لە 11 شەو بڕیاردرا وەفدێكی پەرلەمان بچێتە بەغدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان چی بوو؟، ئەوە یەكێك لە پرسیارەكان، پرسیاری دووەم، دوای تێپەراندنی یاساكە، وەكو لە قسەی دوو بەڕێزی لیژنەكە ئاماژەی پێ كرا، تێكڕای وەفدەكە نیگەران بوون، دوای تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، وشەی نیگەرانی چ بەهایەكەی نەتەوایەتی یان یاسایی هەیە، لەگەڵ بابڵێین ئەو نیگەرانیەی ئێمە، هەڵوێست چی دەبێت، هەڵوێستی پەرلەمان چی دەبێت لەگەڵ نیگەرانیەكەیدا؟، پرسیارێكی ترم ئەوەیە، بابڵێین زۆر باس لەو زەمانەت و ئەوانە كرا كە لە كۆشكی سپی دراوە، كە كاك عبدالسلامیش وێنەی لایە، ئایا بابڵێین ئەو زەماناتانە ئاراستەی كێ كراوە لە هەرێمی كوردستان، وە پەرلەمانی كوردستان لە كوێی ئەو زەماناتانە دایە؟، ئەو بەڵێنانە تا چەند پەرلەمانی كوردستان تەرەفە لە قبوڵ كردنی یان بە یاسایی كردنی ئەو بەڵێنانە؟، پرسیارێكی ترم ئەوەیە كە قسە كردنی بابڵێین ئەوەی كە باس كرا، مرونەت نوێندراوە، وەكو لەسەرەتاشا جەنابت ئیشارەتت پێی كرد ولە میدیاكانیش بلآو كرایەوە، بەڕێز سەرۆكی هەرێم دەسەلآتی موتلەقی داوە بەم وەفدە، كە هەقی قەراریان هەبێت، لە ئێستاوە گرنگە بۆمن وەكو ئەندام پەرلەمان بزانم، دوابڕیاری وەفدی پەرلەمانی كوردستان لەسەر تێپەڕاندنی ئەو یاسایە چیە؟، ئایا پێتان وایە لە بەرژەوەندی كوردە؟، یان لە نواندنی مروونەتیش ئایا بە بەرپرسیاریەتی مرونەت، ئەكەوێتە ئەستۆی ئەم پەرلەمانە، یان دەكەوێتە ئەستۆی كێ لە هەرێمی كوردستان؟، پرسیارێكی تر كە بڵێین جەنابتان باستان لەوە كرد، قسەتان لەسەر ڕۆژی هەڵبژاردن كردووە، كە لە 6 ی مانگەوە بگوێزرێتەوە بۆ ڕۆژێكی تر، ئەو ڕۆژەی كە بەدیلیش داتان ناوە، كە پێشنیارتان كردووە، كە 7 ی مانگ یان 8 ی مانگ، كە دوو بۆنەی گرنگن لە مێژوو، بابڵێین كە ڕەبتی بە گەلی كوردستانەوە هەیە، ئایا پێشنیار كردنی ئێوە بۆ گۆڕینی ئەو ڕۆژە، خاڵی (أ) ئەوە ناگەیێنێت كە بەیاساكە ڕازی بوون، بۆیە هاتوونەتە سەر تەحدید كردنی ڕۆژ، خاڵی (ب) بڵێین بڕگەی (ب) ئایا ئێوە دەست نیشانكردنی ڕۆژێكی تایبەتمەند بە نەتەوەیی گەلی كورد، مانای ئەوە ناگەیێنێت كە ئێوە بڕواتان وایە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، بابڵێین لە بەرژەوەندی باڵاكانی نەتەوەیی كورد دایە، پەیوەندی

ئەكەنەوەو رەبتی ئەكەنەوە بە ڕۆژێكی مێژوویەوە، پرسیارێكی تر كە رەبتی بە مفاوەزاتەوە هەیە، كە جەنابتان نیگەران بوون لەوەی كە لە دوایدا، لە دوای دانیشتنەكانا بە پێی ئەو وعودانە نەبووە و ڕاستیان نەكردووە لەگەڵتانا، ئەوەی ئێمە ئەی زانین، بچووكترین بنەمای مفاوەزات ئەوەیە كە هەردوو تەرەفی مفاوەزات شتێكی نووسراو لە بەینیانا ئەبێت، ئایا شتێكی نووسراو لە بەینی ئێوەو ئەو لایەنانە هەبووە بۆ ئەو 43 مەقعەدە؟، بابڵێین ئەساسی و دووی ئیزافیە، ئەوەی كە قسە لەسەر ئەوە كرا، بڵێین ئەو هەڵوێستەی ئێمە نواندمان لە پەرلەمانە، هەڵوێستێكی سیاسی بوو، هەڵوێستێكی فەنی نەبوو، بۆ پەرلەمان یان سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەرلەوەی بڕواتە بەغدا ئەو هەڵوێستە بخاتە چوار چێوەی مەوقفی پەرلەمانی كوردستان، بە وازحی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پاشان جوابەكان بە تەفسیلْ دێت، كەسی تر قسەی نەما، دەچینە سەر خاڵی سێ، تەفسیل بە نووسین، نیە، تەواو، من قەرار دەدەم لێرە، بڕۆ خاڵی سێ، ئەنجامدانی ئاڵو گۆڕكردن لە لیژنەكانی پەرلەمان، دەست لەكار كێشانەوە دانانی ئەندامانی نوێ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند ڕێزدارەك ئەندامانی پەرلەمان، داوایان كردووە دەست لە كاری هەندێك لە لیژنەكان بكێشنەوە، یەكە یەكە دەخەینە دەنگ دانەوە، تاوەكو پەرلەمان رەئی خۆی لەسەری بدات، یەكەم بەڕێز عونی كمال سعید، دەست لە لیژنەی نەزاهە دەكێشێتەوە. بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ خاڵی دوو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

د.ڕۆژان عبدالقادر عمر، دەست كێشانەوەی لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان خاڵی یەكەم بە زۆرینەی دەنگ بوو، خاڵی دووەم دەخەینە دەنگ دانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ خاڵی سێ.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاووز خورشید عثمان، دەست لە لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی دەكێشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یاووز خورشید عثمان، دەست لە لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکێشێتەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی چوارەم، نەسرین جمال مصطفی، لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەستی لە کار دەکێشێتەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بەڕێزان ئێستا ئەم ناوانە ئەیانەوێت ئیزافە بکرێت، یەکەم جیهان اسماعیل بنیامین، بۆ لیژنەی ئەو قاف و کاروباری ئاینی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، دووەم، عبدالرحمن حسین ابابکر، بۆ لیژنەی ئەو قاف و کاروباری ئاینی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، سێیەم، ئاواز عبدالواحد، بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، چوارەم شێرزاد عبدالحافظ شەریف، بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، پێنجەم، ئاشتی عزیز احمد، بۆ لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، شەشەم، ئاواز عبدالواحد، بۆ لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، حەوت، بەیان احمد حسن، بۆ لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، هەشت، ئاشتی عزیز احمد، بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، نۆ، سەرگوڵ رەزا حەسەن، بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت و کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین و تا دانیشتنێکی تر خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله** **د. ارسلان بایز اسماعیل** **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**

| | | |
|---|---|---|
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمان** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

## سێ شەممە رێكەوتی 29\12\2009

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## سێ شەممە رێكەوتی 2009/12/29

كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/12/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (13)ی خولی سێیەم, سالّی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/12/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان-عیراق.

2 - خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی جێگە ناكۆكەكان لە هەرێمی كوردستان-عیراق.

3 - خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان-عیراق.

4 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

5 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 14 لە ساڵی 1993.

6 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی.

7 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بنچینەکانی رەوشتی پیشەیی دادوەر و جێگرانی داواکارانی گشتی.

8 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆلی جۆری لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

9 - داواکردنی درێژکردنەوە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 13، رۆژی دانیشتن 2009/12/29، بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی برگەی یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 13 خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 12ی پێش نیوەرۆ لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2009/12/29، بەم شێوەیە بێت:

1 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

2 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی جێگە ناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

3 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

4 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

5 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 14 لە ساڵی 1993.

6 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی.

7 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بنچینەکانی رەوشتی پیشەیی دادوەر و جێگرانی داواکارانی گشتی.

8 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆلی جۆری لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

9 - داواکردنی درێژکردنەوە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

ئێستا داوا دەکەین لە لێژنەی یاسایی کە سێ کەسیان تەشریف بیننە سەر مینەصە، فەرموون، بەڕێزان ئەم دانیشتنەمان لەسەر داوای سێ فراکسیۆن بوو کە خولەکە درێژ بکەینەوە، ئێمەش هەر بۆیە 48 سەعات نەبوو، چونکە سبەی ئیلتیزامێك هەبوو نەکرا و کە تەواو بوو، خوێندنەوەی ئەم پرۆژانەش کە بە فورسەتمان زانی کە ئیزافەی بکەین ئەوەی لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێزە، ئێستا یەك یەك بیخوێننەوە و عینوانی بکەن و تەحویلی لێژنەکانیان بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کاری ئەمرۆ لە 9 بڕگە پێك هاتووە:

1 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە لە 12 مادده پێك هاتووە، پرۆژەکەش بە زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەشی پەرلەمان کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی جێگە ناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان یەکەم تەحویل دەکرێتە لیژنەی ژینگە و تەندروستی و یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکان، بۆ خاڵی دووەم.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە 17 پەرلەمانتارین پرۆژە یاسای دەستەی باڵای ژینگەی هەرێمی کوردستانمان پێشکەش کردووە، پرسیارێکمان هەیە کە بۆچی ئەویش لەگەڵ ئەوە ئاوێتە نەکراوە و باسی لێ نەکراوە؟ ئێمە لە 22ی مانگەوە تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە .

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە ئەمڕۆ گەیشتە دەستم.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە 22ی مانگ تەقدیمی سەرۆکایەتیمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی جێگە ناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ئەم پرۆژەیە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێت، بۆ تاوتۆکردنی، بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی سێیەم لە سێ پرۆژە پێك هاتووە، لە ژمارە 3936 لە 12/3 2009 تەقدیم کراوە، لە حکومەتەوە بۆمان هاتووە، یەکەم پرۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عیراق، دوو:پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی جێگە ناکۆکەکان لە هرێمی کوردستان-عیراق، سێ: پرۆژەی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هرێمی کوردستان-عیراق، خاڵی سێیەم بۆ لێژنەی مافی مرۆڤ، لێژنەی یاسا تەقدیم دەکرێ، پاشان هەر لێژنەیەکی تر کە دیتی پەیوەندارە بەوە، داوا لە سەرۆکایەتی ئەکەن بۆ ئەوەی ئیزافەی بکەن، بچن لەگەڵ لێژنەکان دابنیشن بۆ ئیزافە کردنی، بۆ ئەوە و بۆ پرۆژەکانی تریش، هەر لێژنەیەك کە لێرە ئەمڕۆ ناوی نەهات، بە پێویستتان زانی کە بەشدار بن لە دانیشتنەکە، داوا لە سەرۆکایەتی ئەکەن و تەحویلتان ئەکەین و بەرەسمی ئەتوانن بەشدار بن و دوایی نوسخەشتان بۆ تەحویل ئەکرێ و پێتان ئەدرێ، بۆ خاڵی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، بە ژمارەی کیتابی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (17366) لە 24ی سەرماوەرزی 2709 ی کوردی، ئەم پرۆژەیە پێک هاتووە لە 4 مادده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە بۆ لێژنەی ناوخۆ و لێژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، بۆ خاڵی پێنجەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 14 لە ساڵی 1993، ئەم پرۆژەیە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە و پێک دێت لە سێ مادده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە پێشکەش بە لێژنەی پیشەسازی و بازرگانی و یاسا و ئەندامە بەڕێزەکان بکرێ، بۆ خاڵی شەشەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، پێك هاتووە لە شەش مادده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە پێشکەش دەکرێ بە لێژنەی ناوخۆ و لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسا و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان. بۆ خاڵی حەوتەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بنچینەکانی رەوشتی پیشەیی دادوەر و جێگرانی داواکاری گشتی، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لیستی گۆڕان، تێبینی ئەوەی دەکەم کە لە 44 مادده پێك هاتووە، بەڵام لە ماددەی 40دا عیبارەتەك هاتووە نازانم ئەوە لە کوێ گواستراوەتەوە، دەڵێ: على القاضي ان يكون مطلعاً على جميع القوانين و الانظمة الصادرة في المملكة الاردنية الهاشمية و على التعديلات الجارية عليها و عليه ايضاً الالمام بالشروع الفقهية المتعلقة بها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەكانیش بخوێنەوە ئەوانەی تەقدیمیان كردووە، پاشان یەك یەك قسە بكات.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە بە هەڵە ئەوەمان تەقدیم كردووە، نووسخەی پاكنووس دوو نووسخەیە، سوودمان لە یاساكانی ئوردن وەرگرتووە، بەڵام نووسخە چاككراوەكەمان داوە بە ئێوە، ئەو نووسخەیە بە هەڵە هاتووە، نووسخەی دوای ئەوە لە رێگای كاك فرسەتەوە، نووسخەی دوای ئەوەی تەنزیمان كردووە تەقدیمی ئەكەین، ئەوە هەڵەیە، دوو نووسخەیە، ئەوەی چاكمان كردووە لە جیاتی ئەوتان بدەینێ، ئەوەی ترمان داوەتە ئێوە، ئەمڕۆ ئەتان دەینێ ئینشاالله دوای كۆبوونەوەكە، سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیارە ئەم پرۆژەیە لە لایەن فراكسیۆنی گۆڕانەوە پێشكەش كراوە، بەڵام لە ناحیەی قانونیەوە بە پێی پەیڕەوی پەرلەمانی كوردستان دەبێ ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشی بكات، جا لە هەر لیستێك بێ، كە ناوی لیستەكانیان تێدانیە ژمارەی یاسایی لێرە مەعلوم نیە كێ پێشكەشی كردووە، واتا ئەو پرۆژەیە بەهای یاسایی نامێنێ كە وەك پرۆژە پێشكەشی پەرلەمان بكرێ، داوا دەكەم لە بەرنامەی كار بسڕێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ دانیشتنێكی تر، سەحبی دەكەین، دانیشتنی داهاتوو ئیمزای بكەن، كەرەم بكەن.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی لە خوێندنەوەی یەكەم وەكو بڕیاری خۆمان، بۆی نیە ئەم دەقە بخوێنێتەوە، ئەم دەقەی كە ئیشارەتی پێ كرد لە پرۆژەكە، لە رووی یاساییەوە لە خوێندنەوەی یەكەم، جەنابت وتووتە عینوان و ژمارەی ماددەكان بخوێنێتەوە، بۆ كاك عەونی نیە ئیشارەت بەو دەقەی ناو پرۆژەكە بدات، دەبێ ئەم قسەیە دەربهێندرێ لەناو قسەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە من تێبینیم كرد پرۆژەكە لە چەند ماددە پێك هاتووە، ئەو ماددەیە بە زەقی دیار بوو، بۆیە مەجبوور ئیشارەتی پێ بدەم، ئێمە قانونی بۆ كوردستان دەردێنین، نا قانونی ئوردن لێرە جێبەجێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ئەو بەڕێزانەی کە ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، نووسخە ئەصڵیەکەی لەگەڵ ئیمزا تەقدیمی بکەن و بەڕێزەوە لێیان وەردەگرین، بۆ خاڵی هەشتەم.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی هەشتەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆلی جۆری لە هەرێمی کوردستان-عیراق، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە کە ناویان هاوپێچ کراوە:**

**1-عمر عبدالرحمن علی.**

**2-شوان کەریم کابان.**

**3-محمەد شارەزووری.**

**4-سەردار رەشید.**

**5-جمال علی عبداللە.**

**6-خلیل عوسمان حمدامین.**

**7-دانا سەعید صوفی.**

**8-شەونم محمد غەریب.**

**9-شۆرش سید مەجید.**

**10-رەفیق صابر.**

**ئەم پرۆژەیە پێك هاتووە لە 27 مادده لەگەڵ ئەسبابی موجەبەی پرۆژەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە پێشکەش دەکرێ بە لێژنەی یاسایی و کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشە سازی و ژینگە و مافی بەکاربەر و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان، تکایە پرۆژەیەکی تر کە ئەندامان پێشکەشیان کردووە، کە ناوەکان نەخوێندراوەتەوە، ئەگەر کاك عەونی ئەو ناوانەش بخوێندرێتەوە لەگەڵی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە خاڵی شەشەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ناوی ئەندامە بەڕێزەکان:**

**1-احمد سلێمان بلال.**

**2-د.صباح محمد بەرزەنجی.**

3-سەرگوڵ رضا حسن.

4-ایوب نعمت قادر.

5-سمیر سلیم امین.

6-حەمە سەعید حەمەعلی.

7-ناسك توفیق عبدالحمید.

8-هاوڕاز شێخ احمد.

9-تارا اسعدی.

10-ئەڤین عمر احمد.

11-شلێر محی الدین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا بۆ خاڵی نۆ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەم: داواکردنی درێژکردنەوە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، خاڵی نۆ، سێ تەرەف پێشکەشیان کرد، ناوی لایەنەکان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی داواکاری فراکسیۆنی گۆڕان و فراکسیۆنی یەکگرتوو و فراکسیۆنی کۆمەڵ دەخوێنمەوە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

**بابەت/درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان**

ڕێز و سڵاو:

داواکارین لە بەڕێزتان ماوەی خولی ئێستای پەرلەمان بۆ 2010/1/15 درێژ بکرێتەوە، بە مەبەستی رایکردنی پرۆژە گرنگەکان لە راپۆرتیان کە لایەن لێژنە پەیوەندیدارەکانەوە بەرزکراوەتەوە، چونکە وەکو خۆتان ئاگادارن تا ئێستا لەم خولەدا پرۆژەی گرنگ نەخراوەتەوە ڕوو، چ جای بریاردان لە سەر بودجەی خەملێنراو.

کوێستان محمد عبداللە/سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان

عومەر عبدالعزیز/سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو

ایوب نعمەت/سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامی کەرەم کە.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتێبینی لەم ماوەیەی پێشوودا، لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بەداخەوە هەندێ حاڵەتمان هەیە لەناو دانیشتنەکانی پەرلەماندا کە پشبەست بە پەیڕەوی ناوەخۆ بە ئەنجام ناگەینێ، ئێوەی بەڕێز بە ئاگادێنمەوە کە لەسەر ئەوەی ئەو پەیڕەوی ناوەخۆیە تاوەکو هەموار دەکرێ ناچار دەبین پابەند بین پێوەی، یەکێك لەوانەی کەوا هەست دەکەم پێشێلّ کردنی پەیڕەوی ناوەخۆیە ئەوەیە، هەموو جارێك کە بیدایەت دەستپێکردن بە دانیشتنەکانی پەرلەمان کۆنووسی دوامینی خولی پێشوو ناخوێندرێتەوە، بەڕاستی ئەوە ئەبێ قسەیەکی لەسەر بکەین، ئەوە یەکەم، دووەم: ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پرسیار ئاراستە دەکەن بۆ هەر یەکێك لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان وەکو مافێکی خۆی کە لە پەیڕەوی ناوەخۆ ئاماژەی پێکراوە، هیچ کاتێك لەناو دانیشتنەکانی پەرلەماندا پوختەکەی ئاماژەی پێ نادرێ، ئەمەش جارێکی تر مەفروزە لە بیدایەتەکەیەوە پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، پوختەکەی بچێتە ناو کارنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، سێ: بەداخەوە، دووبارە بوونەوەی درەنگ گەیشتنی کارنامە دیسان کێشەیەکە کە هەموو جارێك دووبارە دەبێتەوە، هیوادارم چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، چوارەم و ئەخیری، پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئایا کاتێك کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکان دەکەین، ئایا ئەمە بابەتێکی پرۆتۆکۆلیە ئێمە تەنها عینوانی بابەتەکان ئەخوێنینەوە؟ یان دەبێ قانونەکە بخوێنینەوە، چونکە ئەو قانونە بۆ خەڵکە، ئەگەر خەڵك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رەجائەن دانیشە، ئەوەی لەسەر داوای پەرلەمانتاران بوو کە لە جەلسەیەکی ئاسایی موناقەشەی ئەم مەوزوعە کرا، داوا کرا کە پرۆژەکان نەخوێندرێتەوە، تەحویل لێژنەکان بکرێت، جەنابیشت ئەو کاتە لەگەڵ ئەو رەئیە بووی، بەڵام ئێستا بەداخەوە، رەخنەکانی ترت لە جێی خۆیەتی و بەسەر چاو، نوقتەی نیزامەیە؟ کەرەم کە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرۆژە یاسا، پرۆژە یاسای ئاوەدان کردنەوە گوندەکان و هاوچەرخکردنیان لەگەڵ پرۆژە یاسای پێشینەی خانووبەرە و لابردنی سوو پێشکەش کراوە پێش جەژن، ئێستا لە بەرنامە نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سەرۆکایەتی بریار ئەدات، ئەوەی کە ئێستاش نەهاتووە پاشان دێتن، ئێستا کۆمەڵێك پرۆژە یاسا و موفتەرەحی یاسا پێشتر کە تەقدیم کراوە و خوێندراوەتەوە، هەندێکی بۆ حکومەت ناردراوەتەوە، ئەمە

مەجموعەیەکی تری دێت، کاتی ئەوەش دێت، بەسەر چاو، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردبوو ماوەکە درێژ بکرێتەوە، کەس هەیە کە سەبەبێکی تری هەبێت؟ کاک شێروان کەرەم کە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشووی پەرلەمان لە هەموو پەرلەماناتی جیهان شتێکی سروشتیە، چ پشووی هاوینە بێ، چ پشووی زستانە بێ، پەرلەمانی کوردستانیش ئەم پشووانەی تەنزیم کردیە، مانگی 1 و 2 لە هەر ساڵێك پشووی زستانەیە، مانگی 7 و 8 یش پشووی هاوینەیە، بەڵام پشوو مانای ئەوە نیە کە پەرلەمان دەرگاکانی دابخات، ئەندامانی پەرلەمان دەوام نەکەن، لێژنەکانی پەرلەمان ئیش و کارەکانی خۆیان نەکەن، بەڵکو پشوو مانای ئەوەیە تەنها و تەنها جەلساتی ئاسایی گرێ نادرێ لە پەرلەمان، بەڵکو جەلساتی ئیستیسنائیش لەناو پەرلەمان گرێ ئەدرێ، کەواتە پێویست بەوە دەکات ئەندامی پەرلەمان لە پشووی پەرلەماندا دەوامی خۆی بکات، پێویست بەوە دەکات و دەرفەتێکیشە بۆ لێژنەکانی پەرلەمان، کە بتوانین بە زۆرترین کەمیە، پرۆژە و راپۆرت ئەنجام بدەن و پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەین، بۆیە لە جێی خۆیەتی کە بڵێم، بە پێی ماددەی 49 لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992، بە پێی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە ئیمکان هەیە ئەو مەسەلانە یەکلابکرێتەوە و بەتایبەتیش مەسەلەی موازەنە، مەسەلەی موازەنە لە بڕگە (4) هاتووە لە ماددە 49، دەڵێ: ئەگەر هات و موازەنە لە کاتی دەورەی ئینعیقادیدا هات، ئەوە ئەو دەورەیە ئۆتۆماتیکیەن تەمدید دەکرێت، تا وەکو میزانیەکە موصادەقەی لەسەر دەکرێ، کەواتە ئەگەر میزانیە نەهات، مانای وایە دوو ڕێگامان لە پێشە، یەکێکیان درێژکردنەوەی دەورەی ئینعیقادە، ئەوەی تریان جەلساتی پەرلەمانیە، بەڵام بە پێی ئەو تەجروبەیەی کە ئێمە هەمانە لێرە، درێژکردنەوەی دەورە زۆر عەمەلی نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین کەنگی میزانیە دێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی 15 رۆژی تر تەمدیدی بکەین، ئەگینا مانگێکیش تەمدید بکرێ موشکیلە نیە، لەبەر ئەوەی لە رووی عەملیەوە و لە رووی قانونیەوە وارید نیە، چونکە مومکینە ئەگەر هات و لە 7ی مانگ هات، کەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ و کەی ئیحالەی لوجان دەکرێ؟ و کەی 19 لێژنەکە راپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن و دەیدەنە لێژنەی مالی، بۆیە بە قەناعەتی من، من لەگەڵ درێژکردنەوەی فەترەی ئینعیقاد نیمە، لەبەر ئەوەی کە هێشتا میزانیە نەهاتووە، ئەم موصادەقەکردن لەسەر میزانیە و گفتوگۆکردن لەسەر میزانیە بە شێوەی جەلساتی ئیستیسنائی بڕوا نەك بە درێژکردنەوەی دەورەی ئینعیقادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تەئیدەن بۆ قسەکانی بەڕێز کاك شێروان، ئێمە وەکو لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، تەنانەت بلێی پرۆگرام و ئەوەی ئامادەکاریمان کردووە لەم دوو مانگەدا، ئەو چالاکیانەو ئەو پرۆژانەی کە پێویستە لە خوولی داهاتوودا ئامادە بکرێ و پێشکەش بکرێ و کاری بۆ بکەین لەماوەی ئەم دوو مانگەدا، هەموو لێژنەیەك بە پێی ئەو پەیڕەوەی بۆ خۆی دایناوە، ئەم دوو مانگە ئیستیغلال دەکات بۆ کارەکانی لێژنەی خۆی و بەدواداچوون و سەردانەکانی و ئامادکردنی پرۆژەکان، جارێکی تر ئەیلێینەوە، ئەگەر بودجە تەئخیر بوو، سوودی ئەم 15 رۆژە کەم دەبێتەوە، ئێمە هەتا ئێستا مەربووتین بەوەی کە بودجە لە عیراق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، پەسند بکرێت، ئەگەر هات و پەسندەکە لە 3ی مانگدا عەرز بکرێ، ئەگەر هات و لە 3ی مانگدا تەواو نەبوو موصادەقە لەسەر بودجە، تەئخیر بوو، بودجە ئەو 15 رۆژە ئێمە هیچ پێویست ناکات چاوەڕێی ئەو بودجەیە بین، ئێمە عادەتەن لە دانیشتنی ئیستیسنائیدا کە داوا دەکرێت، بلزات بۆ ئەو بابەتە داوا ئەکرێ، یەعنی ئێمە ئەوە سوودی زیاتر لێ وەرئەگرین کە کاتێك بانگ بکرێین بۆ دانیشتنێکی نا ئاسایی، ئەگینا ئێمە خۆمان وەکو لێژنەکان و پێم وایە زۆربەی لێژنەکان کارەکانی خۆیان وا رێکخستووە لەم دو مانگەدا ئێمە بەدواداچوون و ئامادەکاری بکەین بۆ خولی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو رەئی هەیە، رەئیەك تەقدیم کراوە ئەیانەوێت تەمدید بکرێ، دەنگی تریش هەیە دەڵێت کە نەکرێت، بۆیە دوو کەس قسە بکات کە بۆ ئەیەوێ تەمدید بکات، و دوو کەسی تریش روونی بکاتەوە کە بۆ ئەیەوێ تەمدید نەکرێ، ئەیخەینە تەصویتەوە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە باش ئەزانین کە لە کاتی پشووی پەرلەماندا لێژنەکان کۆبوونەوە ئەکەن، چوار ساڵی پێشووش کۆبوونەوەمان کردووە، دەرگای پەرلەمانیش کراوە بووە، بەڵام لەو روانگەیەوە کە ئێمە وەرزێکی پەرلەمانمان تێپەڕاند، تا ئێستا پەرلەمان تەنها یاسایەکی پەسند نەکردووە، کە ئەرکی یەکەم و سەرەکی پەرلەمان پەسندکردنی یاساکانە، لەگەڵ ئەوەی کە لە پەرلەمان کۆمەڵێك پرۆژە یاسا لە بەردەمی بەڕێزتاندایە و پێشکەش کراوە، لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە داوامان کردووە کە 15 رۆژ لە پشووەکە بکرێتە دەوامی ئاسایی، بۆئەوەی چەند پرۆژەیەکی یاسای گرنگ پەسند بکات، زەمان چیە کە لەماوەی ئەم دوو مانگەدا بودجە دێتە پەرلەمان؟ یا لە مانگی دوو بودجە بێت، ئەو کاتە جارێکی دیکە پەرلەمان کۆبوونەوە بکات و پشووەکەی رابگرێت و 15 رۆژیش تەرخان بکات بۆ بودجە، زۆر ئاساییە، ئەوەندەی ئێمە ئەیزانین، کۆبوونەوەی نا ئاسایی بۆ پەسندکردنی ئەم یاسایانە نیە کە ئێستا لەبەردەم بەڕێزتان دایە، بۆ

مەسەلەیەکی تازەیە کە دێتە پێشەوە، بۆ مەسەلەیەکی نائاسایيە کۆبوونەوەی نا ئاسایی دەکرێت نەك بۆ پەسند کردنی یاساکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمەد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە وەکو هاوکارم کوێستان خان باسی کرد، ئەم وەرزە تەشریعیەی کە چەندین خوێندنەوەمان بۆ یاساکان کردووە، هەتا ئێستا یاسایەکمان پەسند نەکردووە، کە بە زەروورییەتی دەزانین، ئەمە لایەك، دوو: یەکەمین جار لە لایەن وەزارەتی داراییەوە ئیعلانی کرد کە کابینە ئەم جارە بۆ یەکەمین جار لە کاتی خۆی بودجە دەنێرێت بە تایبەتی کە بڵێین موازەنەکە تا ئێستا نەناردراوە و لە کاتێکی تر کە بودجەی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، ئێستا لە پەرلەمانە و هاتووە و موناقەشەی لەسەرە لە لێژنەی دارایی و تەواویش کراوە، بۆیە پێمان وایە زەروورییەتی هەیە ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە و خۆشمان مولزەم نەکەین بە تەخمینەکانی عیراقی کە دیار نیە چۆنە، بۆیە درێژکردنەوەی ئەم ماوەیە بە تایبەتی بە هاتنی بودجەی دەسەڵاتی دادوەری، ئەهمیەتی خۆی هەیە کە گرنگی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی کە کاك شێروان باسی لەسەر کرد، دەقا و دەق ئەوە لەگەڵ پەیڕەو و پرۆگرامی پەرلەمان جووتە، بەو شێوەی کە ئێمە لە دەزگایەکی تەشریعیدا ئیش دەکەین، پێویستە لە هەموو کەس زیاتر ئێمە ئیلتیزاممان هەبێ بە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆمانەوە، پەیڕەو و پرۆگرامەکەشمان باسی لەوە کردووە، ئەگەر شتێکی نا ئاسایی هاتە پێش یاخود تەلەبی جەنابی سەرۆکی هەرێم، یاخود سەرۆکی وەزیران کرا لە پەرلەمان، هەتا ئەگەر لە عوتلەکانیشدا بێت کە ئێمە خۆمان ناومان ناوە پشوو، هەر چەندە پشوو نیە، کاك شێروان باسی کرد، ئەبێ پەرلەمان جەلسەکانی خۆی بەردەوام بکات، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکە ئەو مەسئەلەی میزانیە کە بە تەحدید لەناو پەیڕە و پرۆگرامدا هاتووە، ئێمە ئێستا مولزەمین بە تەنفیز کردنی پەیڕەوی خۆمان، هەر کاتێك کە میزانیە هات، ئەو دەورەیە بە بەردەوامی خۆی کاری خۆی لەسەر دەکات، هەتاوەکو کۆتایی بە موصادەقەی میزانیە دەکات، قانونی میزانیە لە لای ئێمە بە تەئکید بمانەوێ و نەمانەوێ شتێکی ئاشکەرایە و هەموو شتێکیش دەزانین مورتەبیتە بە چۆنیەتی تەصدیق کردنی میزانیە لە عیراقدا، ئەمە مەسەلەیەکی رەقەمی و حیسابیە، ئەم

مەسەلە رەقمیە و حیسابیە ئێمە نابێ لە خۆمانەوە هیچ بریارێکی لەسەر بدەین، هەتاوەکو تەصدیقی میزانیەی هەموو عیراق نەکرێ لە پەرلەمانی عیراقدا، ئیتر ئێمە میزانیەی خۆمان لەسەری تەصدیق ئەکەین، ئەمما بە نیسبەت ئەوەی کە پەرلەمان هەر یاساییەکی دەرنەکردووە لەم خولە تا ئێستا، ئەوە من پێم وانیە تا حەدێك نوقتەیەکی سەرەکی بێ کە پەرلەمان بتوانێ 15 رۆژ پشووی بخاتە سەر، ئەگەر نەك 15 رۆژ، مانگێکیشی بخاتە سەر بۆ جێبەجێ کردنی، خۆ یاسا ئەوە نیە ئێمە بە پەلە بیهێنین، هەر یاسایەك، هەر پرۆژەیەك بێت و خێرا لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەوری خۆی ببینێ، زوو ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێ، لە مانگی 11 سەرۆکایەتی پەرلەمان، نۆ پرۆژە یاسا، هەشت پرۆژە یاسا حەواڵە کراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە بۆ ئەوەی دید و بۆچوون و باوەڕی خۆیان لەسەر بدەن، لەبەر ئەوەی هەندێکیان مەسائیلی مالی لەسەرەو تەوزیع کراوە بەسەر لێژنەکاندا، من لەو بڕوایەم هیچ لێژنەیەك لە لێژنەکان تا ئێستا نەیتوانیوە بە کامیلی، هەر هەموو 19 لێژنەکان راپۆرتەکانی خۆیان لەسەر زەوئی ئەو لێژنانە حازر نەکردووە، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان یاخود قاعەی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان نکوڵیان نیە لە خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵك ، من پێم وایە درێژکردنەوەی ئەو خولە بۆ 15 رۆژ، وەکو برادەرانم باسیان لەسەر کرد، سۆزان خانیش ئیشارەتیان پێدا، ئەگەر یاسای میزانیە، چوار رۆژی دیکە، دە رۆژی دیکە لە بەغدا موصادەقەی لەسەر بکرێ، ئەم 15 رۆژە چ دەورێکی دەبێ بۆ ئێمە؟ ئێمە لەو کاتە هیچ نکوڵێکمان لەسەر ئەوە نیە، هەر کاتێك میزانیە هات یان هەر کاتێك شتێکی ئیستیسنائی هات، یان هەر کاتێك بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوەخۆی پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆکی وەزیران داوای کرد، پەرلەمان دەورەکەی خۆی بەردەوام دەکات، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات بۆ ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان درێژ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەکان خۆیان تکرار دەکەن، یەك: مەسەلەی بودجە، ئێمە بێگومان 17٪ لە بودجەی دەوڵەت وەردەگرین، مەعقول نیە ئەتو بودجەیەکی خەیاڵی دابنێی، بۆیە تەصەور دەکەم هێنانی مەوزوعی بودجە، یان موناقەشە کردن لەسەری وازیحە، راستە دەڵێت، لەو دەورەیە بودجە تاوتۆ ئەکرێت، تەمدید دەبێت، جارێ بودجەکە نەهاتووە، مەفهومی ئێمە وازیحە، تەصەور دەکەم ئێمە تەنها هەوڵ نەدەین و پێشان بدەین کەئەنەهوو ئێمە هیچ یاسامان دەرنەکردووە و ئەڕۆینە پشوو، برادەران و خوشکان وا بزانم شەرحیان کرد، مەسەلەی دەرکردنی یاسا، من خۆم لە دوو لێژنەمە، دوو یاسامان لە لایە، هێشتا ئێمە ئەصڵەن لە فەترەی گفتوگۆکردنی سەرەتایین و وەرگرتنی رای کۆمەڵگەی مەدەنین و ئەوانەی پەیوەندیدارن و لایەنە حکومیەکان، پێم وایە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەر پەرلەمانتارێك،

ئەگەر هات و پرۆژە یاسایەکان کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە لێژنەکان تەواو بوون، ئەصڵەن دێین و فشار دەخەینە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان کە جەلسەیەکی ئیستیسنائی یان عادی ببەسترێ، چونکە ئەو حاڵەتە نەهاتووە، ناتوانین ئەوە بکەینە بەهانە، بۆیە 15 رۆژ هیچمان بۆ نایێتە کایە، هەمووی 12 رۆژی ئیشە و هەموو 6 رۆژی پەرلەمانە، بۆیە تەوەقوع دەکەم لە نەبوونی ئەو بریارەش، پەرلەمان بەردەوام دەبێ لە ئیشی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبد العزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو تێبینیەکی سەرەتایی لە فراکسیۆن، یەك دەنگت وەربگرتبا باشتر بوو، ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە لەسەر ماوەی درێژ کردنەوەکە، بە نیسبەت من وا بزانم مافێکی سروشتیە کە پەرلەمانتاران داوای درێژکردنەوەی بکەن، ئەو موبەریرانەیان باس کرد خوشك و برایان، بەڵام من هاوسەنگیەك دەبێنم لە نێوان خوێندنەوەی سەرەتایی لە مەجموعەیەکی زۆر لە پرۆژە یاسا، لەگەڵ بریاردان لەسەر یاسایەکی موحەدەد کە خۆشتان دەزانن ئەمرۆ چەند پرۆژە یاسایەك بەسەریان چوون و ئەبوایە یەعنی ئەمرۆ کە چەند پرسیارێك لە لێژنەکان بکەین کە بۆچی نەیتوانیوە تا ئێستا یاسایەك حازر بکەین یان نا هاوسەنگیەك بەدی دەکرێ، من وا ئەزانم مەسەلە بودجە نیە بەتەنهایی، بەڵکو چەند خاڵێکی دیکە هەیە بە بیری پەرلەمانتارانی بەڕێز دێنمەوە، یەکێکیان مەسەلەی بەرنامەی کاری حکومەتە، کە ئێمە بەڵێنمان دا بە خەڵکی لە سەرەتای متمانە دانەوە بە کابینەی شەشەم کە ئێمە قسە بکەین لەسەر بەرنامەی حکومەت و هەموو وەزارەتەکان، و را و سەرەنجی پەرلەمانتاران وەربگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو پلان و بەرنامانەی کە وەزارەتەکان دایاناوە و دەکرێ لەو 15 رۆژەی، مەسەلەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەوە مەوزوعێکی ترە، دەکرێ قسەی لەسەر بکەین، لەگەڵ مەسەلەی پەیرەوی ناوەخۆی پەرلەمان، وا بزانم سێ، چوار خاڵی گرنگ لەبەردەممان ماوە، ئەگەر جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هیممەت بکەن، پەرلەمانتارانی بەڕێز ئامادە دەبن، خاڵێکی گرنگ هەیە کە لە کاتی پشووی وەرزیە، پەرلەمانتاران ئیحتیمالی ئەولا و ئەولاکردنیان هەیە، تەمەتوع بەو کاتی پشوویە بدەن، لەوانەیە کۆبوونەوەی نائاسایی گرفتێکی بێتە سەری گرفتێکی نائاسایی، مەسەلەی نیصابە، بۆیە بیری بەڕێزان دێنمەوە، من تەئکید دەکەمەوە کە ئیستیفادە دەکەینەوە لەو درێژکردنەوەیە، و بۆ ئەو دوو و سێ خاڵەی تریش و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت پرۆژەکە، ئەو بەڕێزانە کە داوایان لێ کرابوو و خوێندرایەوە، ناوەکانیش خوێندرایەوە، پاشان دەنگێکی تر هەبوو کە بە عەکسی ئەوە هەبوو، پاشانیش چەند برایەك و خوشکێك لەگەڵ ئەوە بوون کە ئەگەر ئەوەبوو باشە، بۆ باشە؟ چەندیش لەگەڵی بوو؟ ئەگەر عوتلەکە وەکو خۆی بێت، بەڵام وەکو شەرحیان کرد پەرلەمان بەردەوام دەبێ لە ئیش و کاری، رەئیەکانی خۆشتانە قەرار دەدەن، ئێمە بۆ ئێوە هێشتوومانە، ئێستا ئەیخەینە بەر دەنگدان، ئەو پێشنیارەی هاتووە کە پشووی پەرلەمان بۆ دەورەکە بۆ 15 رۆژ درێژ بکرێتەوە، یەعنی 15 رۆژ لە پشووەکە کەم بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حاجی شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەموو پەرلەمان پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە دانیشە، حیسابمان کرد، ڕەجائەن برای من، حیسابمان کرد، ئەوە لە نیزام دەردەچێ، 33 کەس لەگەڵ ئەوە بوون کە درێژ بکرێتەوە، بزانین چەند کەس لەگەڵی نیە، تەواو دەبێ، ئێمە ئەزانین، چەند موعاریزە و ئەیەوێ وەکو خۆی بڕوات، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، 64 کەس لەگەڵدایە کە وەکو خۆی بمێنێت، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتی بودجە هات، بە ئیستیسنائی جەلسەی بۆ دەکەین، خوا لەگەڵتان بێت، خوشك و برایانی بەڕێز بەیانی دەورەکە کۆتایی پێ دێت، بەڵام لیژنەکان و ئەندامەکان لەسەر ئیش و کاری خۆتان بەردەوامن بە میهەنی تر و جیددی تر بۆ ئەوەی خۆ حازر بکەن بۆ پاشتر، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |